# بەفر

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ئۆرهان پاموک

هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات ٢٠٠٦

# بەفر

بەکر شوانی

لە تورکییەوە وەری گێڕاوە

ناوی کتێب: بەفر – ڕۆمان
نووسینی: ئۆرهان پاموک
وەرگێڕانی لە تورکییەوە: بەکر شوانی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٠٦
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی دووەم: ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٣٤٦ی
ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

## پێرست

١- سەفەر بۆ قارس ........ ١٠
٢- کۆڵانە دوورەکان ........ ١٩
٣- هەژاری و مێژوو ........ ٣٢
٤- (کا) و ئیپەک لە شیرینیخانەی ژیانی نوێ ........ ٥٠
٥- دوایین گفتوگۆی نێوان بکوژ و کوژراو ........ ٦٠
٦- چیرۆکی خەمگینی موختا ........ ٧٢
٧- لە بارەگای پارتی، لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش و... ........ ٨٤
٨- بەسەرهاتی شینە و ڕۆستەم ........ ٩٧
٩- بێ باوەڕێک کە نایەوێت خۆی بکوژێت ........ ١١٤
١٠- بەفر و بەختەوەری ........ ١٢٤
١١- (کا) لای شێخ ئەفەند ........ ١٣٤
١٢- بەسەرهاتی خەمگینی نەجیب ........ ١٤٤
١٣- پیاسەیەک لەگەڵ قەدیفە بەژێر بەفرد ........ ١٥٦
١٤- بەدەوری خوانی ئێوارەوە سەبارەت بە ئەڤین،... ........ ١٦٦
١٥- لە هۆڵی شانۆی گەل ........ ١٨٥
١٦- ئەو دیمەنەی نەجیب دیبووی و شیعرەکەی (کا) ........ ١٩٨
١٧- پیەسێک سەبارەت بەو کچەی سەرپۆشەکەی خۆی دەسووتێنێت ........ ٢٠٧
١٨- شۆڕشی سەر شانۆ ........ ٢١٦
١٩- شەوی شۆڕش ........ ٢٢٩
٢٠- شەو، کاتێک (کا) نووست و، بەرەبەیان ........ ٢٣٨
٢١- (کا) لە ژوورە نسرم و تاریکەکاندا ........ ٢٥١
٢٢- پێگەی سونای زایم لە سەربازی و لە شانۆی هاوچەرخدا ........ ٢٦٤

٢٣- لە فەرماندەیی لەگەڵ سونایدا ........ ٢٨٢
٢٤- گەردیلەی شەشپاڵوویی بەفر ........ ٢٩٨
٢٥- (کا) و قەدیفە لە ژووری هۆتێلدا ........ ٣١٠
٢٦- لێدوانی شینە بۆ سەرانسەری ڕۆژئاوا ........ ٣١٩
٢٧- (کا) تێ دەکۆشێت تورگوت بەگ لە ڕاگەیەندراوەکەدا... ........ ٣٣٦
٢٨- (کا) و ئیپەک لە ژووری هۆتێلدا ........ ٣٤٨
٢٩- لە فرانکفورت ........ ٣٥٤
٣٠- شادییەکی کورتخایەن ........ ٣٧٢
٣١- کۆبوونەوەی نهێنیی هۆتێل ئاسیا ........ ٣٧٧
٣٢- سەبارەت بە ئەڤین، بێ بایەخبوون و ونبوونی شینە ........ ٤٠٢
٣٣- ترسی پەلاماردان ........ ٤١٦
٣٤- ناوبژیوانی ........ ٤٣٤
٣٥- (کا) و شینە لە ژووری زینداند ........ ٤٥١
٣٦- مامەڵەی نێوان ژیان و شانۆگەری، هونەر و سیاسەت ........ ٤٦٦
٣٧- سازدانی تەدارەک بۆ دوایین شانۆگەری ........ ٤٨٢
٣٨- مێوانداریيەکی زۆرەملێ ........ ٤٩٧
٣٩- (کا) و ئیپەک لە هۆتێلن ........ ٥٠٨
٤٠- بەشێکی نیوەناچڵ ........ ٥٢٦
٤١- دەفتەرە سەوزە ونبووەکە ........ ٥٣١
٤٢- لە چاوی ئیپەکەوە ........ ٥٤١
٤٣- پەردەی کۆتایی ........ ٥٥٤
٤٤- دوای چوار ساڵ لە قارس ........ ٥٧٤

## ئۆرهان پاموک

ساڵی ١٩٥٢له ئەستەنبوڵ له دایک بووه. له ماڵباتێکی هاوشێوەی ماڵباتەکانی ناو ڕۆمانەکانی "جەودەت بەگ و کوڕەکانی" و "کتێبی ڕەش"، له نیشانتاشی، بەشەشاری دەوڵەمەندنشین و بە ڕۆژئاواییبووی ئەستەنبوڵ پێ گەیشتووه. وەک خۆیشی له کتێبی ئۆتۆبیۆگرافی ئەستەنبوڵدا باسی کردووه، له منداڵییەوه تا تەمەنی ٢٢ ساڵی خووی داوەته نیگارکێشان و پێی وا بووه له داهاتوودا دەبێت بەنیگارکێش. قۆناغی ئامادەیی له قوتابخانەی (Robert College)ی ئەمریکایی له ئەستەنبوڵ خوێندووه. دوای سێ ساڵ خوێندنی نیگارکێشی و بیناسازی له زانکۆی تەکنەلۆجیی ئەستەنبوڵ، تێ دەگات نابێت بە بیناساز و نیگارکێش، بۆیە دەست له خوێندن هەڵدەگرێت. له زانکۆی ئەستەنبوڵ دەست دەکات به خوێندنی ڕۆژنامەگەری. پاموک له تەمەنی بیست و سێ ساڵییەوه بڕیار دەدات ببێت بە ڕۆماننووس، دەست له هەموو شتێکی تر هەڵدەگرێت، خۆی دەخزێنێته سووچی ماڵەوه و دەست دەداته نووسین.

ڕۆمانی یەکەمی، "جەودەت بەگ و کوڕەکانی"، ساڵی ١٩٨٢ بڵاو کرایەوه. ئەم ڕۆمانه خەڵاتی ئۆرهان کەمال و خەڵاتی ڕۆمانی ڕۆژنامەی میللیەتی وەرگرت. ساڵی دواتر، پاموک ڕۆمانی "ماڵی کپ"ی خستە بازاڕەوه. ئەم ڕۆمانه، پاش وەرگێڕانی بۆ زمانی فەڕەنسی، ساڵی ١٩٩١ خەڵاتی (Prix de la Découverte Européene)ی پێ درا. ڕۆمانی "قەڵای سپی"، چیرۆکی ناکۆکی و دۆستایەتیی نێوان کۆیلەیەکی ڤینیسیایی و زانایەکی عوسمانی دەگێڕێتەوه و نووسەر له ساڵی ١٩٨٥دا بە چاپی گەیاندووه. پاش ئەوەی ساڵی ١٩٩٠ بۆ زمانی ئینگلیزی و چەند زمانێکی تری ڕۆژئاوایی وەرگێڕدرا، یەکەم ڕۆمان بوو ناوبانگی پاموکی گەیاندە ئاستی نێودەوڵەتی. ساڵی ١٩٨٥

خۆی و هاوسەری چوونە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ماوەی سێ ساڵ لە زانکۆی کۆڵۆمبیا لە نیویۆرک وەک "زانای مێوان" کاری کرد. لەوێ، بەشێکی زۆری ڕۆمانی "کتێبی ڕەش"ی نووسی. نووسەر لەو ڕۆمانەدا، لە میانەی پارێزەرێکەوە کە بەدوای هاوسەری ونبووی خۆیدا دەگەڕێت، باسی کۆڵان و شەقامەکانی ئەستەنبوڵ، ڕابردووی شار، پێکهاتە و ڕایەڵەکانیمان بۆ دەگێڕێتەوە. "کتێبی ڕەش" ساڵی ١٩٩٠ لە تورکیا بڵاو کرایەوە و دوای وەرگێڕانی بۆ زمانی فەرەنسی، خەڵاتی (Prix France Culture)ی وەرگرت. "کتێبی ڕەش"، ئەزموونێکە باس و خواسی زۆری هەڵگرتووە و ناوبانگی پاموکی زیاتر بە تورکیا و جیهاندا بڵاو کردەوە.

"ژیانی نوێ" ڕۆمانێکی تری پاموکە و بەسەرهاتی فێرخوازێکی زانکۆ دەگێڕێتەوە کە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کتێبێکی جادوو ئامێزەوە. ئەم ڕۆمانە ساڵی ١٩٩٤ بڵاو کراوەیەوە و ژمارەیەکی پێوانەیی لە فرۆشتندا تۆمار کرد. نووسەر، ساڵی ١٩٩٨ ڕۆمانی "من ناوم سوورە"ی بڵاو کردەوە. ئەم ڕۆمانە چیرۆکی وەستایانی نیگارکێشی عوسمانی و ئێرانی و جیهانی ڕۆژئاوامان بۆ دەگێڕێتەوە. ساڵی ٢٠٠٢ لە فرەنسا خەڵاتی (Prix du Meilleur Livre étranger)، لە ئیتاڵیا خەڵاتی (Grinzane Cavour) و ساڵی ٢٠٠٣ لە ئیرلەندا خەڵاتی (International Impac-Dublin)ی وەرگرت.

پاموک لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدی سەدەی ڕابردووەوە دەستی دایە وتارنووسین لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و ئازادیی بیر و ڕا دەربڕیندا و کەوتە ڕەخنەگرتن لە دەوڵەتی تورکیا، بەڵام خۆی زۆر بە سیاسەتەوە سەرقاڵ نەکرد. گوڵبژێرێکی لە وتارە ئەدەبی و کولتوورییەکانی بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان کۆ کردەوە و ساڵی ١٩٩٩ لە دوو توێی کتێبێکدا بەناوی "ڕەنگەکانی تر" بە چاپی گەیاند.

ساڵی ٢٠٠٢ ڕۆمانی "بەفر"ی بڵاو کردەوە و نووسەر خۆی "بە یەکەمین و دوایین ڕۆمانی سیاسی"ی دادەنێت. ڕووداوەکانی "بەفر" لە شاری قارس دەقەومێن و ئیسلامی سیاسی، سوپا، لایست و توندوتیژی و ناکۆکییەکانی

نێوان نەتەوەپەرستانی کورد و تورک دەخاتە بەرچاوان. نووسەر بەم ڕۆمانە شێوازێکی نوێی نووسینی ڕۆمانی سیاسیی تاقی کردەوە. ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە ساڵی ٢٠٠٤دا ڕۆمانی "بەفر"ی خستە ڕیزی باشترین ١٠ کتێبی ساڵەوە لەسەر ئاستی جیهان. "ئەستەنبوڵ" کتێبێکی تری ئۆرهان پاموکە لە ساڵی ٢٠٠٣دا چاپ کراوە. نووسەر لەو کتێبەدا، بیرەوەرییەکانی خۆی تا تەمەنی ٢٢ ساڵی دەگێڕێتەوە. ئەو کتێبە شیعر ئامێزەی نووسەر بە وێنەی ئەلبومی تایبەتیی نووسەر خۆی، وێنەی هونەرمەندانی نیگارکێشی بیانی و ناوەخۆیی ڕازێندراوەتەوە و پۆلێنکردنیشی کارێکی دژوارە.

"مۆزەخانەی پاکیزەیی" نوێترین ڕۆمانی پاموکە لە هاوینی ٢٠٠٨دا کەوتە بازاڕەوە و مانگێک دوای بڵاوبوونەوەی بە زمانی تورکی، وەرگێڕدرایە سەر ٣٠ زمانی زیندووی جیهانی. یەکەم کاری نووسەرە لە دوای وەرگرتنی خەڵاتی ئەدەبیاتی نۆبڵ و سەرانسەریش بۆ ئەڤین و ڕۆمانسییەت تەرخان کراوە.

بە زمانی کوردی و بە کوردستانەوە، بەرهەمەکانی ئۆرهان پاموک بە زیاتر لە ٥٠ زمان لە ١٠٠ و هێندە وڵاتی جیهاندا دەخوێندرێنەوە. پاموک ساڵی ٢٠٠٥ خەڵاتی ئاشتیی کۆبەندی وەشانخانەکانی ئەڵمانیای وەرگرت. ئەمە دیارترین خەڵاتی بواری کولتووریی ئەڵمانیایە و لە ساڵی ١٩٥٠وە دابەش دەکرێت. خەڵاتی ساڵانەی (Le Prix Médicis étranger) بۆ باشترین ڕۆمانی بیانی لە فەرەنسا، ساڵی ٢٠٠٥ بە ڕۆمانی "بەفر" ڕەوا بیندرا. نووسەر لە هەمان ساڵدا خەڵاتی (Richarda Huch)ی وەرگرت. ئەو خەڵاتە هەر سێ ساڵ جارێک لە شاری دارمشتادتی ئەڵمانیا دەدرێت بە "کەسایەتیی خاوەن بیری ئازاد و هەڵوێستی بوێرانە." گۆڤاری (Time) لە ساڵی ٢٠٠٦دا ئۆرهان پاموکی وەک یەکێک لە ١٠٠ کەسایەتیی کاریگەری ساڵ هەڵبژارد. ڕۆمانی "بەفر" لە هەمان ساڵدا خەڵاتی (Le Prix Méditerranée étrang- er)ی پێ درا. پاموک ئەندامی شانازیی (American Academy of Arts and Lettes)ی ئەمەریکی و ئەندامی شانازیی ئەکادیمیای زانستی مرۆیی چینە. نووسەر ساڵی ٢٠٠٦ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرت و بوو بەدووەم لاوترین کەس لە مێژووی پێدانی خەڵاتی نۆبڵدا.

# ١
# کپیی بەفر
## سـەفـەر بۆ قارس

ئەو پیاوەی ڕاستەوخۆ لە پشت شۆفێری پاسـەکەوە دانیشتبوو، بیری لە کپیی بەفر دەکردەوە. خـۆزگەی دەخـواست ئەو کپیی بەفرەی لە ناخـیدا هـەسـتـی پێ دەکات، هـەوێنی هـەڵبەستێک بوایە.

لە دوایین چرکـەدا خـۆی گـەیاندبـووە ئەو پاسـەی لە ئەرزەڕوومـەوە بۆ قـارس دەردەچوو. دوای گـەشـتـێکی دوو ڕۆژە بە پاس، بەناو کـرێوەی بەفـر و بارێزەدا گەیشـتـبووە گەراجی ئەرزەڕووم. کاتێک بـە سـاکی دەسـتییـەوە بە ڕێڕەوی قرێژ و سـاردی گەراجـدا عـەوداڵی شـوێنـی وەسـتـانی پاسـەکانی قـارس بوو، یەکێک پێی گوت وا پاسێک خەریکە بەرەو قارس دەردەچێت.

لەبەر ئەوەی شـاگـردی کـۆنە پاسـەکـە، جـۆری (مـاگـیـروس)، ئامـادە نەبوو جـارێکی تر دەرگـای داخـراوی سـندووقی باوڵـەکـان بکاتەوە، پێـی گـوتبـوو: پەلەمانە. بۆیە جـانتا دەسـتییە گەورە و ڕەنگ گێلاسییەکەی، مـارکەی (بالی)، لەتەک خـۆیدا بردبووە سـەرێ و لە نێـوان لاقـەکـانـیـدا دای نابوو. ڕێبـواری دانیشـتـووی لای پەنجـەرەکە، پاڵتۆیەکـی خـۆڵەمێشی لە بەردابوو پێنج سـاڵ لەوەوبـەر لە بازاڕی (کـاوفـهـۆف) لە فـرانکفـورت کـڕیبـووی. دەبێت هـەر لە ئێسـتـاشـەوە بڵێم ئەم پاڵـتۆ جوان و تووک نەرمـەی، لە سـەرێکەوە دەبێت بە سـەرچاوەی شـەرم و نائارامـی بۆی و، لە سەرێکی تریشەوە، مـاوەی ئەو چەند ڕۆژەی لە قارس بەسـەری دەبات، دڵنیایی زیاتری دەداتێ.

ڕێبـواری دانیشـتـووی لای پەنجـەرەکـە، دوای وەگـەڕکـەوتنی پاسـەکـە و بە

ئومێدی بینینی شتێکی نوێ، پێڵووی چاوەکانی کردەوە. لە جامی پاسەکەوە نیگای بڕییە کۆڵانەکانی قەراغ شاری ئەرزەڕووم، دووکانی بچووک و هەژاری بەقاڵەکان، نانەواخانە و چایخانە شڕ و پەڕپووتەکان. بەفریش هەر کڕێوەی دەکرد و کلووەکانی زۆر گرانتر و گەورەتر بوون لەوەی بەدرێژاییی ڕێگەی نێوان ئەستەنبوڵ و ئەرزەڕووم باریبوو. ڕێبواری دانیشتووی لای پەنجەرەکە، ئەگەر ماندوو نەبوایە و کەمێک زیاتر سەرنجی ئەو کلووە بەفرانەی بدایە کە وەک پەڕی باڵندە لە ئاسمان دەهاتنە خوارێ، ئەوا دەیتوانی تێ بگات باهۆز و بارێزەیەکی بەهێز بەرێوەیە. لەوانەش بوو لە سەرەتاوە هەستی بکردایە ملی لە سەفەرێک ناوە دەشێت سەرلەبەری ژیانی بگۆڕێت، دووریش نەبوو بڕیاری گەڕانەوە بدات.

بەڵام ئەوەی بەخەیاڵیدا ڕانەدەبوورد، گەڕانەوە بوو. لەگەڵ هاتنی ئێوارەدا نیگای بڕییە قوڵاییی ئاسمان و سەیری کرد لە زەوی ڕووناکتر دێتە پێش چاو. ئەو، لە بارین و کەڵەکەبوونی کلووە بەفرەکان و بڵاوبوونەوەیان بەدەم (با)وە، نیشانەی نێزیکبوونەوەی کارەساتێکی بەدی نەدەکرد، بگرە وەک نیشانەی گەڕانەوەی پاشماوەی بەختەوەری، پاکیزەیی و بێگەردیی سەردەمی منداڵی لەو دیمەنەی دەڕوانی. ڕێبواری دانیشتووی لای پەنجەرەکە، دوای ئاوارەبوونێکی دوازدە ساڵە، هەفتەیەک لەمەوبەر و بەدوای مردنی دایکیدا گەڕابووەوە بۆ ئەستەنبوڵ، بۆ شوێنی بەسەربردنی تەمەنی منداڵی و بەختەوەری. چوار ڕۆژ لەوێ مابووەوە، دواتر، لەپڕ ئەم گەشتە پێشتر چاوەڕوان نەکراوەی قارسی بۆ پێشنیاز کرابوو. هەستی دەکرد جوانیی لە ڕادەبەدەری بەفر شادییەکی زۆر زیاتری دەداتێ بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی لە بینینەوەی ئەستەنبوڵدا دوای ئەو دابڕانە درێژە هەستی پێ کردبوو. ئەو شاعیر بوو، چەندین ساڵ لەمەوبەر لە هۆنراوەیەکدا کە زۆرینەی خوێنەرانی تورک پەیان پێ نەبردووە، گوتبووی: بەدرێژاییی ژیانمان تەنیا جارێک لە خەونەکانماندا بەفر دەبارێت.

بەدەم هاتنە خوارەوەی کلووی بەفرەوە بە کپی و بێ وچان وەک ئەوەی لە

خەونەکانیدا ببارێت، ڕێبواری دانیشتووی لای پەنجەرەکە خۆی بە بێ تاوانی و سادەییيەک سپارد سالآنێکی درێژ بوو بە پەرۆشەوە بەدوایدا وێڵ بوو، بە گەشبینییەوە باوەڕی بەوە هێنا هەست دەکات لەم دنیایە لە ماڵی خۆیدایە. پاش ساتەوەختێک چاوەکانی لێک نا و لە سەر کورسییەکە خەو بردیەوە.

با نووستنەکەی بقۆزینەوە و چەند زانیارییەک لە بارەیەوە بخەینە ڕوو. ماوەی دوازدە ساڵ بوو وەک پەنابەرێکی سیاسی لە ئەڵمانیا ژیانی بەسەردەبرد، بەڵام هیچ کاتێک خۆی نەهاویشتبووە ناو قوڵاییی سیاسەتەوە، تاکە ئەڤین و خولیای ئەو هەر شیعرە. تەمەنی چل و دوو ساڵە، زگورتییە و هەرگیز ژیانی هاوسەریی پێک نەهێناوە. لەسەر کورسییەکە بەجۆرێک خۆی گرمۆڵە کردووە هەست بە بەرزی باڵای ناکرێت، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ تورکەکاندا، ئەو باڵای بەرزترە. پێستێکی سپیی هەیە بەهۆی سەفەرەوە مەیلە و زەرد دیارە و قژی ماشوبرنجییە. حەز بەتەنیایی دەکات و زۆر شەرمنە، خۆ ئەگەر بیزانیبا بەدەم خەوەوە سەری بەرداوەتەوە سەر شانی ڕێبواری تەنیشتی و دواتریش سەری خستووەتە سەر سنگی، ئەوا هەر زۆر شەرمندە دەبوو. ئەو ڕێبوارەی سەری بەسەر ڕێبواری تەنیشتیدا لار بووەتەوە، مرۆڤێکی نیازپاک و سەرڕاستە، خۆی داوەتە دەستی چارەنووس و وەک پاڵەوانی چیرۆکەکانی چیخۆف لە ژیاندا سست و ژێرکەوتووە. دواتر، زۆر جاران دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتی چارەنووسە. ئەم ڕێبوارە کە بەهۆی دانیشتنی وەڕسکەرەوە ناتوانێت زیاتر بنوێت، ناوی (کەریم ئالآقوش ئۆغڵو)ە، بەڵام لەبەر ئەوەی حەزی لەم ناوە نییە، پێی خۆشە بەردەوام بە دوو پیتی یەکەمی ناوەکەی (Karim)، (کا–Ka) بانگ بکرێت. با هەر لە ئێستاوە پێتان بێژم منیش لەم کتێبەدا بەو ناوەوە ئاماژەی بۆ دەکەم. پاڵەوانەکەمان هەر لە قوتابخانەوە دەستی دابووە کەللەڕەقی لە نووسینەوەی ناویدا. ئەو بەردەوام لەسەر کاغەزی تاقیکردنەوە و ئەرکەکانی ماڵەوە (کا)ی دەنووسی، لە زانکۆش هەمان ناوی لە سەر دەفتەرەکانی تاقیکردنەوە دەنەخشاند. هەموو جارێکیش لەم هەڵایەدا ئەوەی لە بەرچاو دەگرت لەگەڵ مامۆستایان و فەرمانبەرانی

دەوڵەتدا تووشی دەمەقاڵە ببێت. دایکی و کەسوکار و هاوڕێکانی ناچار کرد بەم ناوەوە بانگی بکەن و شیعرەکانیشی هەر بەهەمان ناوەوە بڵاو دەکردەوە. ناوی (کا) لە تورکیا و لە ناو تورکەکانی ئەڵمانیادا ناوبانگێکی بچووک و پڕ لە ڕازی هەبوو. شۆفێری پاسەکە لەگەڵ دەرچوونیان لە ناوەندی شاری ئەرزەڕووم، هیوای سەفەرێکی دوور لە بەڵای بۆ ڕێبوارەکان خواست. منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی و دەڵێم: خوات لەگەڵ ئەی (کا)ی خۆشەویست. نەمگەرەکە فێڵتان لێ بکەم: من هاوڕێیەکی دێرینی (کا)م و بەر لەوەی دەست بە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتەش بکەم، دەزانم لە قارس چی بەسەر دێت.

لە دوای خۆراسان، پاسەکە بەرەو باکور ڕووی لە قارس کرد. لە یەکێک لە هەورازەکان گالیسکەیەک دەرکەوت. ڕاگرتنی پاسەکە لەلایەن یارۆی شۆفێرەوە هێندە بەهێز بوو (کا)ی لە خەو ڕاچڵەکاند، زۆری نەبرد تێکەڵ بە کەشی هاوئاهەنگ و یەکگرتووی ناو پاسەکە بوو. هەر جارێکیش شۆفێری پاسەکە لە کاتی پێچکردنەوە لە لۆفەکان و لە قەراغی هەڵدێرە بەردینەکان خێراییی کەم دەکردەوە، (کا)، سەرەڕای ئەوەی ڕاستەوخۆ لە دوای شۆفێرەوە دانیشتبوو، وەک ڕێبوارەکانی پشتەوەی پاسەکە هەڵدەسایە سەرپێ بۆ باشتر بینینی ڕێگە. یەکێک لە ڕێبوارەکان لە سۆنگەی یارمەتیدانی کابرای شۆفێرەوە جامی پێشەوەی پاسەکەی پاک دەکردەوە. ئەم بە قامکەکانی ئاماژەی کرد بۆ گۆشەی جامەکە (یارۆ هەستی بە ئاماژەکەی ئەم نەکرد). لەبەرەوە بەفر کەڵەکە دەبوو، جامسڕەکان فریا نەدەکەوتن جامی سپیبووی پێشەوەی پاسەکە پاک بکەنەوە. ئەویش وەک یارۆی شۆفێر چاوی بۆ ڕێگەیەکی لە هیچ لاوە بەدی نەکراو دەگێڕا .

بەفر تابلۆکانی هاتوچۆی ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگەی داپۆشیبوو، نووسینەکانی سەریان دیار نەمابوون و نەدەخوێندرانەوە. کابرای شۆفێر، لەگەڵ کەڵەکەبوونی بەفردا تیشکهاوێژە دوورەکانی دەکوژاندەوە. لە نیوە تاریکیدا ڕێگە باشتر دەردەکەوت، بەڵام تاریکی باڵی بەسەر ناو پاسەکەدا

دادەگرت. ڕێبواران بەدەم ترسەوە چاویان بڕیووە کۆڵانی گوندە هەژارەکانی بە بەفر داپۆشراو، گڵۆپی کزی خانووی پەڕپووت و یەک نهۆمی، ڕێگە و بانی گوندە دوورە دەستەکانی هەر لە ئێستاوە بە بەفر داپۆشراو و هەڵدێری بەر ڕۆشنایی تیشکهاوێژەکانی پاسەکە. لە نێوان خۆشیاندا قسەیان نەدەکرد، بشیانکردبایە، چپەدوان بوو.

ئەو ڕێبوارەی ئەم بەدەم خەوە نووچکەوە کەوتبووە باوەشییەوە، بەچرپە هۆی هاتنی بۆ قارس لێی پرسی، چونکە هێندە دژوار نەبوو مرۆڤ بزانێت (کا) خەڵکی قارس نییە.

(کا) چرپاندی بە گوێی کابرادا: "من ڕۆژنامەنووسم"... ئەمە ڕاست نەبوو. "بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی و دیاردەی خۆکوشتنی ژنان ڕووم لە قارس کردووە." ئەمەیان ڕاست بوو. کابرای تەنیشتی، بە هەستێکی هەڵچووەوە کە ئەم تێ نەگەیشت داخۆ هەستی بە خۆنازینە، یان شەرمکردن، گوتی: "هەموو ڕۆژنامەکانی ئەستەنبوڵ نووسیبوویان سەرۆکی شارەوانیی قارس کوژراوە و ژنانی شار خۆیان دەکوژن."

(کا) بەدرێژاییی ڕێگە جاروبار ئەو گوندییە باریکەڵە و ڕێکپۆشەی دواند. دوای سێ ڕۆژیش بەڕێککەوت بە چاوی پڕ لە گریانەوە لە شەقامی بە بەفر داپۆشراوی خالید پاشا چاوی پێ کەوتەوە. ئەوەی لێ حاڵی بوو لەبەر کەمیی نەخۆشخانە لە قارس، دایکی بۆ ئەرزەڕووم بردووە، بۆخۆیشی لە گوندێکی نێزیکی قارس ئاژەڵداری دەکات و بە کوللەمەرگی ژیان بەسەر دەبات. کەچی وەک خۆی دەیگوت، مەیلی بەلای یاخیبوونەوە نییە. لەبەر چەند هۆیەکی پڕ لە ڕازیش کە ئامادە نەبوو بۆ (کا) بیاندرکێنێت، خەمی خۆی نا، بگرە خەمی نیشتمانی لەبەر بوو. ئەوەشی لە بیر نەچوو سوپاسبژێریی خۆی بۆ مرۆڤێکی خوێندەواری وەک (کا) دەرببڕێت لە پای ئەوەی لە ئەستەنبوڵەوە هاتووە بۆ بەسەرکردنەوەی ئێش و ئازارەکانی قارس. هەستێکی خۆشەویستی و بەزەیی پێداهاتنەوە بەرامبەر بە یارۆی لادێیی، باڵی بەسەر (کا)دا کێشا.

(کا) هەستی کرد هەبوونی ئەم کەسە جۆرێک لە ئارامیی دەداتێ.

بەدرێژاییی دوازدە ساڵ مانەوەی لە ئەڵمانیا هەستی بە ئارامیی لەو جۆرە نەکردبوو، ئەو سەردەمانەی بیر دەخستەوە کاتێک چێژی لە تێگەیشتن لە کەسێکی لە خۆی لاوازتر و بەزەیی پێداهاتنەوەیدا وەردەگرت. ئەو کاتانە تێ دەکۆشا بە چاوی کەسێکی میهرەبان و خاوەن بەزەیی بۆ جیهان بڕوانێت، ئەم هەستەش وای لێ کرد ترسی لە کرێوەی بێ وچانی بەفر کەمتر ببێتەوە. لەوە گەیشت ئیدی پاسەکەیان بۆ ناو دۆڵەکان گل نابێتەوە و ئەگەر درەنگیشیان بەسەردا بێت، هەر دەگەنە قارس.

کاتێک پاسەکە دوای سێ کاتژمێر دواکەوتن لە سەعات "دە" دا گەیشتە کۆڵان و شەقامە بە بەفر داپۆشراوەکانی قارس، (کا) شاری بەهیچ جۆرێک نەناسییەوە. ئەو وێستگەی شەمەندەفەرەشی نەناسییەوە کە لە بەردەمیدا قیت بووەوە و بیست ساڵ لەمەوبەر و لە ڕۆژێکی بەهاریدا بە شەمەندەفەرێکی هەڵم پێی گەیشتبوو. ئەو کاتە بە سواری گالیسکە هەموو شار گەڕابوو بۆ دۆزینەوەی هۆتێلی جمهوریەت، چونکە لەوێ جێی گرتبوو، هەموو ژوورەکانیش هێڵی تەلەفۆنیان تێدا بوو، بەڵام نەیتوانیبوو بدۆزێتەوە، چونکە بەفر هەموو شتێکی داپۆشیبوو، وەک ئەوە وا بوو شتەکان نەمابن و ون بووبن. ڕاوەستانی یەک دوو گالیسکە لە گەراجی شاردا، ڕابردووی دەهێنایەوە بیری مرۆڤ، بەڵام شار لەوە خەمگین و هەژارتر دەهاتە پێش چاو وەک ئەوەی لە یادەوەری (کا)دا چەسپابوو. لە پەنجەرەی شەختەبەستووی پاسەکەوە باڵەخانەی چوونیەکی بینی لەوانەی لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا لە سەرانسەری شارەکانی تورکیا بە قولاییی ئاسماندا چووبوون. تابلۆکانی پلەکسی گلاس و پۆستەرە لە یەکچووەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی بینی بە پەت لەمبەرەوە بۆ ئەوبەری شەقامەکان هەڵواسرابوون.

هەر ئەوەندەی لە پاس هاتە خوارێ و پێی نایە سەر بەفرە نەرمەکە، شەپۆلێک هەوای ساردی گورچووبڕ لە دەرلینگی پانتۆڵەکەیەوە چووە لەشییەوە. لە ئەستەنبوڵەوە بە تەلەفۆن ژوورێکی لە هۆتێلی بەفرپالاس گرتبوو، بەدەم پرسیارکردنەوە بۆ زانینی ناونیشانی هۆتێلەکە، چەند

دەموچاوێکی ئاشنای لە ناو ڕێبوارانەدا دی کاتێک باوڵەکانیان لە شاگردی پاسەکە وەردەگرتەوە، بەڵام پێی نەکرا لەو بەفرەدا کەسەکان بناسێتەوە.

دوای خۆشکردنی شوێنی حەوانەوەی لە هۆتێل، خۆی گەیاندە ڕێستۆرانتی نیشتمانی سەوز و لەوێ جارێکی تر دەموچاوە ئاشناکانی دیتەوە. پیاوێک، زەمانە شوێنەواری خۆی لەسەر ڕووی بەجێ هێشتبوو، بەڵام هێشتا ڕێکپۆش و خۆشحاڵ دەینواند، ژنێکی قەڵەو، بەڵام لەشسووکی لەگەڵدا بوو پێ دەچوو هاوسەری بێت. (کا) بە شانۆگەرییە سیاسییە پڕ لە دروشمەکانی ساڵانی حەفتای ئەستەنبوڵدا ژن و پیاوەکەی ناسییەوە. پیاوەکە ناوی سونای زایم بوو. بەخەیاڵێکی بڵاوەوە بۆیانی ڕوانی و شێوەی ژنەکەی بردەوە سەر یەکێک لە هاوڕێکانی سەردەمی قوتابخانەی سەرەتایی. کۆمەڵێک پیاوی تریشی دی هەموویان بەشێوەی ئەکتەر و کارمەندگەلی بواری شانۆ ڕەنگ زەرد و پێست مردوو بوون. تۆ بڵێیت کاری ئەم تیپە بچووکەی شانۆ لەم شەوە شوباتییە پڕ وەیشومەیەدا و لەم شارە لە بیرکراوەدا چی بێت؟ ڕێستۆرانتی نیشتمانی سەوز بیست ساڵ لەمەوبەر شوێنی گردبوونەوەی پیاوە کراڤات لە ملەکان بوو. ئەم، پێش ئەوەی بڕواتە دەرێ، پێی وا بوو لە پشت مێزێکەوە پاڵەوانێکی چەپی بەدی کردووە لەوانەی لە ساڵانی حەفتادا چەکیان هەڵدەگرت. وێ دەچوو بیرەوەری ئەمیش، وەک قارس و ئەو ڕێستۆرانتە هەژار و ڕەنگ زەردە لە ژێر بەفردا سڕدرابێتەوە.

ئایا بەهۆی بەفرەوە بوو کەس بەسەر شەقامەکانەوە نەبوو، یان هیچ کاتێک کەس بەسەر ئەم شۆستە ڕچیوانەوە نەبووە؟ بەوردی کەوتە خوێندنەوەی پۆستەری هەڵبژاردنی سەر دیوارەکان و بانگەشەی خوولە زانستییەکان، تابلۆی ڕێستۆرانتەکان، پۆستەری دژ بە خۆکوژی کە لە لایەن پارێزگاوە هەڵواسرابوون و لە سەریان نووسرابوو: (مرۆڤ شاکاری خوایە و خۆکوشتن کفرە). لە پەنجەرەی بەفربەستووی چایخانەیەکی نیوە پڕەوە کۆمەڵێک لاوی بینی سەیری تەلەڤزیۆنیان دەکرد. بینینی ڕیزە باڵەخانەی بەردین و کۆنی دەستکردی ڕووسەکان، لەبەر ئەوەی لە یادەوەری ئەمدا شوێنێکی تایبەتیان

بە قـــارس دابوو، جــۆرێک لـە ئارامی، ئـەگـەرچـی کــەمــیش بێت، خـــســتــە هـەناوییەوە.

هۆتێلـی بەفـرپاڵاس باڵەخـانەیەکی نایابی دەسـتکردی ڕووسـان بـوو لەسـەر شـێـوەی بیناسـازیی باڵتـیکی بنیات نـرابوو. دەروازەی مێـوانخـانەکـە لە ژێر کـەوانەیەکـدا بوو دەیڕوانی بەسـەر هـەیوانێکدا. پەنجـەرەکـانی باڵەخـانە دوو نهـۆمـیـیـەکـە تەسـک و بڵند بوون. کـاتێک (کـا) بەژێر کـەوانەی بـە ئەندازەی تێپەڕبوونی گالیسکەیەک بەرز دروستکراودا تێ پەڕی، هـەستی بە هـەڵچوون و نیگەرانیـیـــەکی شـــاردراوە کــرد، بـەڵام لە تاو مـــاندوویی، نیگەرانیـی خـۆی فەرامـۆش کرد. با ئەوەشی بخەمـە سەر ئەم هـەڵچوونەی (کـا) پێوەندیی هـەبوو بە یەکـێک لە هۆیەکانی هـاتنییـەوە بـۆ قـارس. سێ ڕۆژ لەمـەوبەر لـە بارەگـای ڕۆژنامــەی جـمـهـورییـەت لە ئەسـتـەنبـوڵ چـاوی کـەوتبـوو بە تانـەری هـاوڕێی ســـــەردەمـی لاوێتـی. تـانـەر پێـی ڕاگـــــەیانـدبوو لـە قـــــارس هـەڵبـــــژاردنـی شـارەوانیـیـەکـان بەڕێوە دەچێت، جـگە لەوە، کـچـانی قـارسـیش وەک کـچـانی باتمـان تووشـی پەتایەکی ســەیری خــۆکـوشـتن بوون. تانـەر پێـشنیــازی بۆی کـردبوو ئەگـەر دەیەوێت لەسـەر ئەم بابـەتانە بنووسـێت، بخـوازێت تـورکیـای ڕاسـتـەقینە ببـینێت و بناسـێت، ئەوا دەبێت بچێت بۆ قـارس. ناسنامـەیەکی کاتیی ڕۆژنـامـەنووسیشی بۆ ئەم ئەرکە کە کەسی تر خۆی لـە قەرەی نەدابوو، دابوویێ. تـانەر پێـشی گـوتبـوو ئـیـپـەکی هـاوڕێی شـۆخ و شــەنگی سـەردەمی زانکۆیان لە قـارسـە، لە مـوختـار جیـا بووەتـەوە و لەگـەڵ باوک و خـوشکیـدا لە هۆتـێلی بەفــرپاڵاس دەژی. ئـەم بەدەم گـوێـڕاگـرتـنەوە بۆ قـســـەکـانی تـانـەری نووسـەری لێکۆڵینەوەی سیاسی بۆ ڕۆژنامـەی جـمـهورییـەت، بیری لە جوانیی و شۆخی ئیپەک کردبووەوە.

جـاویدی کـارمــەندی پێشـوازی لە هـۆڵی بـنمـیچ بەرزی پێشـوازیـی هـۆتێلدا تەماشـای تەلەڤزیۆنی دەکرد. (کـا)، کلیلی ژووری ٢٠٣ی لێـی وەرگرت و چووە ژووری خـۆی، دوای کلیلدانی دەرگـا، هـەسـتی بە حـەوانـەوە کـرد. زۆر بـەباشـی گـوێی بۆ هـەستی خـۆی ڕاگـرتبوو، بە پێچەوانەی ئـەوەی بەدرێژاییی ڕێگە لێی

سڵەمیبووەوە، هۆش و دڵی بایەخیان بە بوون و نەبوونی ئیپەک لە مێوانخانە نەدەدا. تا سنووری مردن لەوە دەترسا لە ئاکامی غەریزەیەکی بەهێزەوە، وەک ئەوانەی لە ژیانی کورتخایەنی سۆزدارییاندا تەنیا زنجیرەیەک ئازار و شەرمیان بە یادگاری بۆ دەمێنێتەوە، گرفتاری داوی ئەڤین بێت.

لە نیوەی شەودا بیجامەی لەبەر کرد و بەر لەوەی بچێتە جێگەوە، پەردەی پەنجەرەی کەمێک لادایە لاوە، نیگای لە کلووە گەورەکانی بەفر بڕی کە بێ هەدادان دەبارین.

٢

# شارەکەمان لە شوێنێکی ئارامدا هەڵکەوتووە

## کۆڵانە دوورەکان

بەفرەکە، بە قورِ و چڵپاو و تاریکی شارەوە هەستی پاکیزەییی خەوتووی لەکن (کا) بێدار کردەوە، بەڵام ئەو لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنییەوە بۆ قارس متمانەی بە پاکیزەییی بەفر نەما. بەفر لێرە شتێکی ماندووکەر، وەڕسکەر و خەمهێنەرە. دوێنێ شەو بێ بڕانەوە باریبوو. (کا) بەیانیان بە شەقامەکانی شاردا پیاسەی دەکرد، لەو چایخانانەکانی سیخناخ لە بێکارانی کورد وچانی دەدا، قەڵەم و کاغەزی بە دەستەوە دەگرت و وەک ڕۆژنامەنوسێکی پێوەست بە کاری خۆی، دەنگدەرانی دەدواند. ڕێگەی کۆڵانە سەخت و شەختەبەستووەکانی هەژارنشینانی دەگرتە بەر، بەدرێژاییی دیمانەی ئەم لەگەڵ سەرۆکی پێشووی شارەوانی، جێگری پارێزگار و خزم و کەسوکاری کچانی خۆکوشتوودا، بەفر بێ بڕانەوە دەباری. کاتێک لە تافی منداڵیدا لە پەنجەرەی ماڵە ئارامەکەیانەوە لە بەشەشاری نیشانتاشیی ئەستەنبوڵ سەیری دیمەنی شەقامی بەفراویی دەکرد، وەک بەشێک لە داستانێک دەهاتە پێش چاوی، بەڵام ئەمێستا جۆری سەرەتای ژیانێکی سادەی هاوشێوەی ئەوەی ساڵانێکی درێژ بوو وەک دوایین پەناگە لە خەیاڵی خۆیدا هەڵی گرتبوو، یان وەک هەژارییەکی بێ ئومێد کە نەیدەویست بەخەیاڵیش پێشبینیی ئاکامی بکات، خۆی دەنواند.

سەرلەبەیانی، ئەو دەمەی شار تازە لە خەو ڕابووبوو، (کا) بێ ئەوەی گوێ بە بەفر بدات، لە شەقامی ئەتاتورکەوە هاتە خوارەوە ، بە پەلەپڕووزێ ڕووی

کـردە کـۆڵانی کـوڵـیـتنشــینان و گـەڕەکی ژێر قـەڵای هەژارترین و نـەدارترین گــەڕەکی قــارس. بەتـاو بەژێر ڕیزە دار زەیتــوونی ڕووسـی و دار چنـاری لق بەسـتوودا دەهـاتە خـوارێ، بەدەم ڕۆیشـتنەوە نیـگای دەبڕییـە ڕیزە باڵەخـانەی ڕووسـیی کـۆن، داڕووخـاو و لوولەی سـۆپای پەنجـەرەکانیـان. سـەیری بارینی بەفری بەسـەر دێرێکی ئەرمەنیی هەزار ساڵەوە دەکرد لە نێوان کۆگای خەڵووز و وێسـتگەی کـارەبای شـاردا. سـەرنجـی دابووە وەڕینی سـەگـە دڕەکـان بەو ڕێبـوارانەی بەسـەر پردی بەردینی پێنج سـەدە لەمـەوبەر بـنیـاتنراوی سـەر ڕووباری بەسـتـووی قـارسدا دەپـەڕینەوە. تەمـاشـای بەرزبوونەوەی دووکـەڵی زراڤی کولـێـتـە بچـووکەکانی گـەڕەکی ژێر قـەڵای دەکـرد. کـوڵـیـتـەکـان لە ژێر بەفردا چۆڵ و بەجێـهێڵدراو دەهاتنە پێش چاو. ئەم دیمەنانە هـێندە دڵگرانی کـرد، بەجـۆرێک فـرمێـسک بە ڕوومـەتەکانیـدا هاتە خـوارێ. لەوبەری دۆڵەکەوە کچ و کــوڕێکـی بەدی کــرد ســـەرلەبەیانی زوو بـۆ نانەواخـــانە نێـــردرابوون، دەسـتـەیەک کـولێرەی گـەرمـیـان بە باوەشـەوە بوو، بە کـامـەرانی بەدەم یەکـەوە دەتریقانەوە، (کـا) لای خۆیەوە زەردەخـەنەیەکی بۆیان کرد. ئەو دڵگرانییەی لە ناخـــەوە هەســـتی پـێ دەکــرد، ســـەرچاوەکـــەی بـۆ هەژاری و بـێــچـــارەیی نەدەگـەڕایەوە، بگـرە هەسـتـێکی قـوڵ و نامـۆی تەنیـایی بوو. لە جـامـخـانەی خـاڵیی دووکـانی وێنەگـران، لەسـەر پەنجـەرەی ڕچیـوی چایخـانەکانی پڕ لە بێکارانی سـەرقـاڵی یاری کـاغەز و لە مـەیدانە چۆڵ و بـە بەفرداپۆشـراوەکـاندا نامۆیی و تەنیـاییی دەبینی و دواتریش بەردەوام دەیبینییەوە. وەک ئەوە وا بوو بە هەمـوو لایەک ئەم شـارەیـان لە بیـر کـردبێت و بەفـریش تا کـۆتـاییی ژیان بە کپی و بێ هەدادان هەر ببارێت.

سـپـێـدە تێ پـەڕی و بەخت یاوەری (کـا) بـوو، بە چاوی ڕۆژنامـەنووسـێکی بەناوبانـگی ئەسـتـەنبوڵی لێـیـان دەڕوانی، هەمـووان تێ دەکـۆشـان بـیناسن و تەوقـەی لەگـەڵدا بکەن. هەر لە جێگری پارێزگـارەوە بگـرە تا هـەژارترین کـەس، هەموو دەرگـایان بۆی دەخسـتە سـەرپشت و قسـەیان بۆی دەکرد. ئەو کـەسـەی (کـا)ی بە قـارسـیـیـەکـان ناسـاند، سـەردار بەگی سـەرنـووسـەر و خـاوەنی

(ڕۆژنامەی شاری سەرحەد) بوو. سێ سەد و بیست دانە لە ڕۆژنامەکەی دەفرۆشرا. بۆ خۆیشی سەردەمانێک هەواڵە ناوەخۆییەکانی قارسی بۆ ڕۆژنامەی جمهورییەت دەنارد، (بەڵام زۆربەیان بڵاو نەدەکرانەوە). (کا) دەمی بەیانی کاتێک لە مێوانخانە هاتە دەرێ، یەکەم کاری ئەوە بوو خۆی بگەیەنێتە بەر دەرگای ماڵی ڕۆژنامەنووسی دێرین. لە ئەستەنبوڵ ناوەکەیان دابوویێ و پێیان گوتبوو ئەمە (پەیامنێری هەرێمی)مانە. دەستبەجێ تێ گەیشت ئەم کابرایە سەرانسەری قارس دەناسێت. ئەو پرسیارەی سەدان جار لە ماوەی سێ ڕۆژ مانەوەیدا لە قارس ڕووبەڕووی کرایەوە، یەکەمجار لە سەردار بەگەوە هات:

"بەخێر بێن بۆ شاری سەرحەد ئوستادم، بەڵام چ کارێکتان هەیە لێرە؟"

(کا) لە وەڵامدا گوتی: "بۆ چاودێکردنی هەڵبژاردنەکان هاتووم و لەوانەیشە وتارێک لەسەر ژنانی خۆکوژ بنووسم."

یارۆی ڕۆژنامەنووس گوتی: "لێرەش وەک باتمان بەزیاد پێوەنانەوە باس لە خۆکوشتنی ژنان دەکرێت. با بچین سەرێک لە قاسم بەگی جێگری بەڕێوەبەری ئاسایش بدەین، کەس نازانێت چ دەقەومێت! با ئەویش لە هاتنتان ئاگادار بێت."

بەپێی نەریتێک کە مێژووەکەی بۆ سەرەتای ساڵانی ١٩٤٠ دەگەڕایەوە، هەر بیانییەک بگەیشتبایە ئەو شارە، با ڕۆژنامەنووسیش بوایە، پێویست بوو خۆی بە پۆلیس بناسێنێت. (کا) وەک سیاسییەکی دوورخراوەی دوای چەندین ساڵ گەڕاوە بۆ وڵات و لەبەر ئەوەی هەستی بە جموجووڵی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانیش کردبوو، ئەگەرچی بە ئاشکراش باس نەدەکرا، پێشنیازەکەی ڕەت نەکردەوە.

لە ماوەی پازدە خوولەکدا، بەشێوەیەکی نیوەبازنەیی و بەدەم بارینی بەفرەوە شاریان لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر تەی کرد. سەرەتا بە بازاڕی میوەفرۆشاندا، پاشان بە شەقامی نازم قەرەبەکر و بە بەردەمی ڕیزە دووکانی

ناڵبەند، پارچە فرۆش، شیر و ماستفرۆشاندا و بە پێش چایخانەگەلێکدا تێ پەڕین بێکارەکانی ناویان بە خەمگینی تەماشای تەلەڤزیۆن و بارینی بەفریان دەکرد.

سەردار بەگ هەڵوێستەیەکی کرد و بە ئاماژەی دەست شوێنی کوژرانی سەرۆکی پێشووی شارەوانیی پێشانی (کا) دا. بە گوتنی هەندێک کەس، کێشەکە زۆر سادە بووە، سەرۆکی شارەوانی لەبەر ئەوەی بڕیاری ڕووخاندنی باڵکۆنێکی بە نایاسایی بنیاتنراوی دابوو، درابووە بەر دەستڕێژی گوللە و کوژرابوو. کابرای بکوژ پەنای بردبووە بەر گوندی خۆیان و دوای سێ ڕۆژ لە ئەنجامدانی تاوانەکەی، لە کادانی ماڵەکەیاندا بە چەکەوە دەستگیر کرابوو. بەدرێژاییی ئەو سێ ڕۆژە ئەوەندە پروپاگەندە کرابوو، هێندە بە کێشەکەوە نرابوو، خەڵک باوەڕیان نەدەکرد ئەمە بکوژ بێت. هۆی سادە و ساکاری ئەم تاوانە جۆرێک لە خەیاڵشکێنیی لەکن دانیشتووان دروست کردبوو.

بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی قارس لە باڵەخانەیەکی درێژی سێ نهۆمیدا بوو، یەکێک بوو لەو باڵەخانە بەردینانەی بەدرێژاییی شەقامی فایەق بەگ پاڵیان دابوو بەیەکەوە. لە پاشماوەی دەوڵەمەندەکانی ڕووس و ئەرمەنەکان بوو. ئەو باڵەخانانە بە زۆری بۆ کاروباری دەوڵەت تەرخان کرابوون. کاتێک چاوەڕێی جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشیان دەکرد، سەردار بەگ ئاماژەی کرد بۆ بنمیچی نەخشێندراوی باڵەخانەکە و گوتی ئەم کۆشکە لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕووسەکان لە ١٨٧٧-١٩١٨دا کۆشکێکی چل ژووریی دەوڵەمەندێکی ئەرمەنی بووە و دواتر کراوە بە نەخۆشخانە.

قاسم بەگی جێگری بەڕێوەبەری ئاسایش بە ورگی دەرپەڕیوییەوە هاتە دالان و هەردووکیانی دایە پێش بۆ ژووری خۆی. (کا) دەستبەجێ بۆی ڕوون بووەوە قاسم بەگ ڕۆژنامەی جمهورییەت بە چەپ دەزانێت و نایخوێنێتەوە، حاڵیش بوو سەردار بەگ لە وتارێکدا بە شان و باڵی شاعیربوونی کەسێکیدا هەڵداوە و ئەمەش لای قاسم بەگ مایەی پەسەندکردن نەبووە. بەڵام (کا) سەرنجی دا قاسم بەگ بە شەرمەوە ئەم ڕازانە لە بەردەم سەردار بەگی

خاوەنی بەربڵاوترین ڕۆژنامەی قارسدا دەدرکێنێت. پاشان ڕووی پرسیاری لە (کا) کرد و گوتی:

"پاسەوانتان دەوێت؟"

"چۆن؟!"

"کەسێکی سڤیلی خۆمان دەخەینە تەکتان بۆ ئەوەی خەیاڵتان ئاسوودە بێت."

(کا) بە وەک ئەوەی نەخۆشێک بێت و پزیشک پێشنیازی بۆی کردبێت ئیدی بە دارشەق بڕوات بەڕێوە، پرسیاری کرد: "جا باشە پێویستم بەوە هەیە؟"

قاسم بەگ لە وەڵامدا گوتی:

"شارەکەمان لە شوێنێکی ئارامدا هەڵکەوتووە. تیرۆریستە جوداخوازەکانمان لەم ناوە وەدەرناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەس نازانێت چ دەقەومێت و چ ناقەومێت."

(کا) گوتی:

"ئەگەر قارس شارێکی ئارام بێت، پێویستم بە پاسەوان نابێت."

لە ناخی خۆیدا ویستی جێگری بەڕێوەبەری ئاسایش دووپاتی بکاتەوە قارس لە شوێنێکی ئارام هەڵکەوتووە، بەڵام قاسم بەگ ئەو دەستەواژەیەی دووبارە نەکردەوە.

سەرەتا ڕوویان کردە هەردوو گەڕەکی ژێر قەڵا و بایرام پاشای نموونەی هەژارترین گەڕەکەکانی شار. سەردار بەگ بەدەم بارینی بەفرەوە لە دەرگای خانووی بە چینکۆ و دار و پەردوو پێکەوەنراوی دەدا. ژنان دەرگایان دەکردەوە، ئەم پرسیاری پیاوەکانی لێیان دەکرد. بە بڕوایەکی پتەو بە خۆوە، خۆی بە خەڵکەکە دەناساند و دەیگوت: "ئەم هاوڕێ ڕۆژنامەنووسەم بەبۆنەی هەڵبژاردنەکانەوە لە ئەستەنبوڵەوە بۆ قارس هاتووە، بەڵام هەر هەڵبژاردنەکان نا، بگرە خوازیارە لەسەر کێشەکانی قارس و دەربارەی خۆکوشتنی ژنانیش بنووسێت، جا ئەگەر گرفتەکانی خۆتان بگێڕنەوە بۆی، ئەوا بۆ قارسیش باش

دەبێت." هەندێک لە ژنەکان بەبیستنی ئەم قسانە دڵخۆش دەبوون، چونکە وایان دەزانی مێوانەکان پاڵێوراوانی سەرۆکایەتیی شارەوانین و تەنەکە ڕۆنی گوڵەبەڕۆژە، سندووقی سابوون، یان بەستە پسکیت و هەڕەشتەیان لەگەڵ خۆیان هێناوە. ئەوانەشی لە ڕووی مێوانپەروەرییەوە مۆڵەتی چوونە ژوورەوەیان پێیان دەدا، بە (کا)یان دەگوت لە وەڕینی سەگەکان نەترسێت. هەندێکی دی لە ژنەکان پێیان وا بوو ئەمە بەسەرردادانێکە لەوانەی سالانێکی درێژ بوو بەردەوام دووبارە دەبوونەوە، بۆیە بە ترس و دڵەڕاوکێوە دەرگایان دەخستە سەرپشت، کاتێکیش حاڵی دەبوون مێوانەکان سەر بە پیاوەکانی دەوڵەت نین، پەنایان بۆ هونەری بێدەنگی دەبرد. سەبارەت بە کچە خۆکوشتووەکان، -(کا) توانیبووی لە ماوەیەکی کورتدا شەش ڕووداو دەستنیشان بکات-، کەسوکاریان دەیانگوت کچەکانیان هیچ گازندەیان دەرنەبڕیوە، سەریان لەم ڕەفتارانەیان سووڕماوە و بۆ لە دەستدانیشیان زۆر پەرێشان و ماتەمبارن.

(کا) و سەردار بەگی هاوڕێی، لە ژووری گلڕێژکراو، یان داپۆشراو بە ڕایەخی ماشینکردی بچووکی هێندەی لەپی دەست و ساردی وەک بەفردا، لەسەر کورسیی کۆن و شەقوشڕی لارەوەبوو، لە ناو ئاپۆڕەی منداڵاندا (لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی دی ژمارەیان زیادی دەکرد، بێ وچان تاویان دەدا، بەپارچە باغەی شکاوی وەک ئۆتۆمبیل و بووکەشووشەی یەک قۆڵ، شووشە و قوتووی بەتاڵی دەرمان و کارتۆنی خاڵیی چای گەمەیان دەکرد)، بەدیار سۆپای دار و کارەباییەوە (دەبوو ئەویان بۆ جۆشدان بەردەوام تێک بدرایە، ئەمی تریشیان بە کارەبای قاچاخ کاری دەکرد)، لە پێش تەلەڤزیۆنی بەردەوام داگیرساو و بێدەنگراودا گوێیان ڕاگرت بۆ خەمە نەبڕاوەکانی قارس، چیرۆکی هەژاری، لە کار دەرکردن و خۆکوشتنی کچان. خێزانە هەژارەکان چیرۆکی تایبەتیی خۆیان بەشێوەیەک بۆ (کا) دەگێڕایەوە وەک ئەوەی گرفتی وڵات و دەوڵەت بن. دایکان، گازندەی خۆیان لە بێکاریی کوڕانیان دەردەبڕی و بۆ کەوتنە زیندانی منداڵەکانیان دەگریان، بەداخ بوون بۆ کاری ڕۆژانەی

دوازده سەعاتیی گسکلێدەرییان لە گەرماوەکان، چونکە بە ناچاری بۆ تێرکردنی سکی چەندین سەر خێزان دەیانکرد. دایکان، گلەییان لە بەدبەختیی خۆیان لەگەڵ دەوڵەت و شارەوانیدا دەکرد و دەیانگوت منداڵەکانیان بێکارن و بەهۆی نەبوونی پارەی پیاڵە چایەکەوە، لە ڕۆیشتن بۆ چایخانەکان دەسڵەمێنەوە.

لە پنتێکی هەموو ئەو بەسەرهات و تووڕەیی و کەف و کوڵەدا و سەرباری تیشکی ئەو ڕووناکییەی لە پەنجەرەکانەوە دزەی دەکردە ژوورەکانەوە، (کا) هەستی دەکرد ئەو ماڵانەی ئەم ڕوویان تێ دەکات و لێیان دێتە دەرێ، تاریکی باڵی بەسەریاندا کێشاوە و ناتوانێت شتومەکەکانی ناویان لە یەک جیا بکاتەوە. لەوەش زیاتر، هەمان نەبینین ناچاری دەکرد نیگای بخاتە سەر کلووە بەفرەکانی دەرەوە کە وەک پەردەیەکی تەنک دەچوون، یان شێوەیەک لە شێوەکانی کپیی بەفر باڵێ بەسەر هۆشیدا دەکێشا و ئاوەز و بیرەوەریشی بەرپەرچی بەسەرهاتەکانی هەژاری و بێ نەواییی دەدایەوە.

(کا) دواتر تا لە ژیاندا بوو، نەیتوانی بەسەرهاتی هیچ یەکێک لە خۆکوشتنەکان لە بیر بکات. ئەوەی لە بەسەرهاتەکاندا ئەمی هەژاندبوو، هەژاری و کلۆڵی، یان تێنەگەیشتنی دایکان و باوکان و دارکاریکردنی کچان و کوڕەکانیان و ڕێگرتن لە چوونە دەرەوەیان، یان پاڵەپەستۆی پیاوە دڵپیسەکان بۆ سەر ژنەکانیان نەبوو، بگرە ئەوەی ترسی خستبووە دڵییەوە و سەرسامی کردبوو، ئەوە بوو دیاردەی خۆکوشتن، لەپڕ، بێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت و بێ تەدارەک خۆی بە ژیانی ڕۆژانەدا دەکرد.

بۆ نموونە، کچێک لەوەدا دەبێت بدرێت بە خاوەنی بەسالاچووی چایخانەیەک، وەک هەموو ڕۆژێک لە گەڵ باوکی، دایکی، سێ خوشک و برای و داپیرەیدا شیو دەخوات، پاشان بەدەم گاڵتە و بێنە و بەردەوە لەگەڵ خوشکەکانیدا قاپەکان کۆ دەکاتەوە، دواتر بەنیازی هێنانی شیرینی دەچێتە ئاشپەزخانە، لەوێوە دەچێتە حەوشە، لە پەنجەرەوە خۆی بە ژووری دایک و باوکیدا دەکات و بە تاپڕەکەی باوکی گوللەیەک بە خۆیەوە دەنێت. دایک و

باوکی پێیان وا دەبێت کچەکەیان لە ئاشپەزخانە شیرینیان بۆ دەهێنێت، بەڵام دەکەون بەسەر جەستەی لە خوێندا خەڵتانبوویدا و تێ ناگەن بۆچی لە ئاشپەزخانەوە چووەتە ژووری ئەوان و لە پای چی خۆی کوشتووە! کچێکی تری شازدە ساڵان، لەسەر ئەوەی سەیری کام کەناڵی تەلەڤزیۆن بکەن و کۆنترۆڵی تەلەڤزیۆن بە دەست کامیانەوە بێت، هەموو ئێوارانێک لەگەڵ خوشک و براکانیدا دەبێتە هەرایان، باوکیان بۆ جیاکردنەوەیان دێت و دوو زللەی توند لە بناگوێی دەسرەوێنێت، پاشان کچە دەچێتە ژووری خۆی، هەروەک ئەوەی بوتڵێک ئاوی کانزایی (مۆرتالین) بخواتەوە، شووشەیەک دەرمانی دژە مێرووی کشتوکاڵ بە سەرەوە دەنێت و دوای چەند ساتێک گیان لە دەست دەدات. کچێکی تری پازدە ساڵان لە ئەنجامی خۆشەویستییەوە شوو دەکات و شەش مانگ لەوەوبەر منداڵێکی دەبێت. پیاوە بێکار و چەوسێنەرەکەی بەردەوام لێی دەدات، ئەمیش بێزار دەبێت و ڕۆژێک، دوای دەمەقاڵەیەکی ئاسایی دەچێتە ئاشپەزخانە و لەو دیوەوە دەرگا لەسەر خۆی کڵۆم دەکات. مێردەکەی بەدەم هاوار و بانگکردنەوە دەرگا دەشکێنێت و دەبینێت ژنەکەی بە پەتێکی پێشتر بە قولاپێکەوە گرێدراو خۆی هەڵواسیوە و لە یەکەم هەوڵدا گیانی لە دەست داوە.

لە سەرجەم ئەم بەسەرهاتانەدا جۆرێک لە خێرایی و نائومێدی لە هاتوچۆی نێوان مەرگ و ڕەوتی ئاسایی ژیاندا هەبوو. ئەم دیاردەیەش (کا)ی خستبووە بەر ئەفسوونی خۆی. قولاپی قایمکراو لە بنمیچەکان، تفەنگە فیشەک لەبەرەکان و هێنانی شووشەی دەرمانی دژە مێرووی کشتوکاڵی لە ژوورە چەپەکانەوە بۆ ژووری نووستن، بەڵگە بوون بۆ ئەوەی تۆوی خۆکوشتن لە مێژ بووە لە سەری ئەو ژنانەدا چەکەرەی کردووە.

دیاردەی خۆکوشتنی کچان و ژنان، سەرەتا لە باتمانی چەند سەد کیلۆمەترێک لە قارسەوە دوور سەری هەڵدا. ڕێژەی خۆکوشتنی پیاوان لەسەر ئاستی جیهان سێ یان چوار بارتەقای ڕێژەی خۆکوشتنی ژنانە، بەڵام پێچەوانەبوونەوەی ئەم ڕێژەیە لە باتمان، سەرنجی کارمەندێکی لاوی دەزگای

ئامــار لە ئەنقــەرە ڕادەكـێـشــێت و هەواڵێكی بچــووک لەو بارەیەوە دەداتە ڕۆژنامەی جمهورییەت، کەچی سەرەتا هیچ کەس و لایەنێک لە تورکیا بایەخی پێ نادات. ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا و فرەنسا بەم هەواڵەیان زانی، بە دەمییەوە چوون و پەیامنێرەکانی خۆیان لە تورکیا ڕەوانەی باتمان کرد. دوای ئەوەی ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوا لە وڵاتەکانی خۆیان هەواڵی دیاردەی خۆکوشتنی ژنانی باتمانیان بڵاو کردەوە، ڕۆژنامەکانی تورکیاش ئاوڕیان لە دیاردەکە دایەوە و بەدوای ئەوەشدا ئاپۆڕەی ڕۆژنامەنووسان و هەواڵنێرانی ناوخۆیی و بیانی ڕوویان لە شارەکە کرد. بە بۆچوونی هەندێک لە فەرمانبەرانی پێوەندیداری دەوڵەت، ئەم بایەخ پێدان و بڵاوکردنەوەیە هانی هەندێک کچ و ژنی تری داوە بۆ خۆکوشتن. جێگری پارێزگار لە قسەکانیدا بە (کا)ی گوت ژمارەی ژنە خۆکوشتووەکانی قارس ناگات بەوانەی باتمان، گوتیشی لاریی نییە لەوەی (کا) "ئێستا" چاوی بکەوێت بەچەند بنەماڵەیەکی کچانی خۆکوشتوو، بەڵام تکای لێ کــرد لە وتوویژ لەگــەڵیــاندا دەست بە بەکــارهێنانی وشـــەی "خــۆکــوشـتن"ەوە بگرێت و لە نوســینەوەی بابەتەکــەشــدا بۆ ڕۆژنامـــەی جمهورییەت زیادی پێوە نەنێت. هەمان کات تەدارەک ساز درابوو بۆ هاتنی دەســتــەیەکی پێکهــاتوو لە شــارەزایەکی دەروونـی، پولیـســێک، نوێنەرێکی دادوەری و ئەندامـێکی دامــەزراوەی کـاروباری ئاینی لە باتمانەوە بۆ قــارس. پێشوەختیش دەست کرابوو بە هەڵواسینی پۆستەری دژ بە خۆکوشتن. پۆســتــەرەکــان بە فـەرمــانی دامــەزراوەی کـاروباری ئاینی چاپ کـرابوون و لەســەریان نوسـرابوو: (مـرۆڤ شـاکاری خـوایە و خـۆکـوشتن کـفـرە). چەند نامیلکەیەکیش بەهەمان ناوەڕۆک گەیشتبوونە پارێزگا و بەسەر دانیشتوواندا دابەش کرابوون. سەرەڕای ئەوەش، جێگری پارێزگار لەو بڕوایەدا نەبوو ئەو هەنگاوانە ڕێ لەو دیاردەی خۆکوشتنە بگرێت کە ماوەیەک بوو شاری قارسی گرتبووەوە، بگرە ترسی ئەوەی هەبوو ئەم تەگبیرانە ئەنجامی پێچەوانەیان هەبێت، چونکە زۆربەی کــچــان وەک کــاردانەوەیەک بەرامــبــەر بە دەوڵەتی دژبەری خۆکوشتن، دژ بە باوکان، پیاوان، مەلاکان و هەواڵەکانی خۆکوشتن

بڕیاری خۆکوشتنیان دەدا.

جێگری پارێزگار بە (کا)ی گوت: "بە دڵنیاییەوە هۆی خۆکوشتنی کچان و ژنانمان نائومێدیی لە ڕادەبەرە، هیچ گومان لەمەدا نییە، بەڵام خۆ ئەگەر بێ ئومێدی هۆکارێکی ڕاستەقینەی خۆکوشتن بێت، ئەوا دەبوایە نیوەی ژنانی تورکیا پەنایان بۆ خۆکوژی ببردایە." جێگری سمێڵ فلچەیی و دەموچاو سمۆرەیی پارێزگار بە لە خۆباییبوونەوە بە (کا)ی گوت ژنان بە بیستنی ئامۆژگاری (خۆت مەکوژە) لە دەوڵەت و خێزان و لە دەنگی نێرینەی ئاین پەستن، بۆیە نووسراوێکی بۆ ئەنقەرە ناردووە و تیایدا داوای کردووە ئەو دەستە و تاقمانەی بەمەبەستی هەڵمەتی دژ بە خۆکوشتن ڕوو لە ناوچەکە دەکەن، بەلایەنی کەمەوە ژنێکیان تێدا بێت.

بیرۆکەی خۆکوشتن، سەرەتا، دوای گەڕانەوەی کچێک لە باتمانەوە بۆ قارس بەنیازی خۆکوشتن، وەک پەتا تەشەنەی کردبوو. دوای نیوەڕۆ (کا) لە ژێر ڕیزە دار زەیتوونی ڕووسیی ناو حەوشەیەکی بە بەفر داپۆشراوی گەڕەکی ئەتاتورکدا (فەرموویان لێ نەکردبوو بۆ ژوورەوە) خاڵی ئەو کچەی دواند. کابرا بەدەم جگەرەکێشانەوە بە (کا)ی گوت خوشکەزاکەی پێش دوو ساڵ بە بووکی بۆ باتمان براوە، لەوێ سبەی تا ئێوارە لە کاروباری ناو ماڵدا کاری کردووە و لەبەر ئەوەی منداڵی نەبووە، بەردەوام لەلایەن خەسوویەوە سەرزەنشت کراوە. بەپێی قسەی کابرا، ئەم هۆکارانە بەس نین بۆ خۆکوشتن، بۆیە دەبێت کچەکەیان بیرۆکەی خۆکوشتنی لە ژنە خۆکوشتووەکانی باتمانەوە وەرگرتبێت، سەرباری ئەوەی خوا لێخۆشبوو لە ناو کەسوکاریدا لە قارس نیشانەی کامەرانی پێوە دیار بووە، کەچی سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژەی دەبوو بۆ باتمان بگەڕێتەوە، تەرمی کچەیان لە ناو جێگەدا دۆزیوەتەوە. نامەیەکیشی لە تەنیشت سەرینەکەیەوە دانابوو، و تیایدا نوسیبووی دوو پاکەت حەپی خەوی قووت داوە. خاڵەکەی باسی ئەوەی کرد ئەوان زۆر سەریان لەم ڕووداوە سووڕماوە.

ئەم ڕووداوە بیرۆکەی خۆکوشتنی لە باتمانەوە بۆ قارس گواستەوە. پاش

مانگێک پوورزای شازده ساڵیی ئەو ژنە هەمان چارەنووسی هەڵبژارد. (کا) بەڵێنی بە دایک و باوکی چاو بەگریانی دا بەسەرهاتەکەی بەهەموو وردەکارییەکانییەوە لە ڕۆژنامەدا بڵاو بکاتەوە. هۆی خۆکەشتنەکەی ئەوە بووە یەکێک لە مامۆستاکان لە پۆلدا پێی گوتووە پەردەی کچێنیی لە دەست داوە. ئەم قاودانە دوای ماوەیەکی کورت زۆر بە خێرایی بە سەرانسەری قارسدا بڵاو دەبێتەوە و هەر لەبەر ئەو هۆیە دەزگیرانەکەشی دەستی لێ هەڵدەگرێت. ئەو داخوازیکارە زۆرانەشی پێشتر ویستوویانە ئەم کچە شۆخە بخوازن، پێ لە ماڵیان دەبڕن. لەو سەروبەندەدا دایکی پێی دەڵێت ئیدی هەرگیز شووی دەست ناکەوێت. لە کاتێکدا ئەندامانی خێزان هەموو پێکەوە لە تەلەڤزیۆندا سەیری دیمەنی شایی و زەماوەند دەکەن، باوکە سەرخۆشەکەی دەست دەکات بەگریان، کچە قوتوویەک حەپی خەو لە سندووقی تفاقەکانی نەنکی دەدزێت، هەمووی قووت دەدات و دەنوێت. (شێوازەکانی خۆکوشتنیش بەهەمان خێراییی بیرۆکەی خۆکوشتن تەشەنەیان دەکرد.) کاتێکیش پزیشکی دادوەری ئاشکرای کرد کچەی خۆکوشتوو پەردەی کچێنیی لە دەست نەداوە، باوکی و ئەو مامۆستای تۆمەتی نەبوونی پەردەی کچێنیی دابووە پاڵی، تاوانی خۆکوشتنی کچەکەیان خستە ئەستۆی خزمە گەڕاوەکەی باتمانی. کەسوکاری کچە داوایان لە (کا) کرد لە هەواڵەکەدا باسی بێ تاوانیی کچەکەیان بنووسێت و ئەو مامۆستایەی تۆمەتی دابووە پاڵی، ڕیسوا بکات. بۆ ئەو مەبەستەش، بەوردی چیرۆکی خۆکوشتنی کچەکەیان گێڕایەوە.

ئەوەی لە سەرجەم بەسەرهاتەکاندا (کا)ی پەلکێشی ناو بێ ئومێدییەکی سەیر کرد، کچان توانیویانە تەنیا بۆ خۆکوشتن پەنا و کاتیان دەست بکەوێت. تەنانەت ئەو کچانەشی بەدزییەوە بە قووتدانی حەپی خەو خۆیان کوشتووە، ژووری تایبەت بە خۆیان نەبووە، بگرە ژووری هاوبەشیان لەگەڵ ئەندامانی تری خێزاندا هەبووە. (کا)ی دەرچووی بەشی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی و پەروەردەی نیشانتاشیی ئەستەنبوڵ کاتێک بیری لە کوشتنی خۆی دەکردەوە، پێی وا بوو کاتێکی درێژی بۆ ئەم کارە دەوێت و دەبێت لە ژوورێکدا بێت تا

چەندین ڕۆژ کەس لە دەرگا نەدات، وای دادەنا بە ئازادی، بە قوتدانی حەپی خەو و خواردنەوەی ویسکی ئەنجامی بدات، بەڵام تا زیاتر لە بیرۆکەی خۆکوشتندا قوڵ بوایەتەوە، لەو تەنیاییە بێ سنوورە دەترسا و هیچ کاتێک بیرۆکەی خۆکوشتنی بە هەند وەرنەدەگرت.

(کچی سەرپۆش بەسەر) تاقە کەسێک بوو ئەم هەستی تەنیاییەی لەکن (کا) زیندوو کردەوە. ئەو کچە، مانگێک و هەفتەیەک لەوەوبەر خۆی هەڵواسیبوو. یەکێک بوو لە کچانی پەیمانگەی پەروەردە، دەسپێک ڕێیان پێ نەدراوە بە سەرپۆشەوە بچنە پۆلەوە، دوای ئەوەش، لە ئەنقەرەوە بڕیار هاتووە و ڕێی چوونە ژوورەوەی پەیمانگەشیان لێ گیراوە. باری دارایی خێزانی کچەکە لە هەموو ئەو خێزانانەی تر باشتر بوو کە ئەم دواندبوونی. باوکی کۆستکەوتووی کچە لە یەخچاڵی دووکانی بەقاڵیی خۆی کۆکاکۆلایەکی بۆ (کا) دەرهێنابوو، ئەویش بەدەم خواردنەوەیەوە بۆی ئاشکرا بوو کچەکە ماوەیەک بەر لە خۆکوشتنی، بابەتەکەی لای خێزانەکەی و دەستە خوشکانی خۆی کردووەتەوە. ئەو کچە لە دایکی و خێزانەوە فێری سەرپۆش لە سەرکردن بووبوو، بەڵام دواتر لە ڕێی بەڕێوەبەرانی قەدەخەکاری پەیمانگە و دەستەخوشکانی بەرهەڵستکارەوە زانیبووی سەرپۆش نیشانەی ئیسلامی سیاسییە. کاتێک، سەرەڕای پاڵپەستۆی دایک و باوکیشی، ڕازی نابێت سەرپۆش فڕێ بدات، پۆلیس بەبیانووی پێوەست نەبوون بە مەرجەکانی دەوامەوە، ڕێگەی چوونەوە ژوورەوەی پەیمانگەی پێ نادەن و کات لەوە نێزیک دەبێتەوە لە خوێندن دەربکرێت. پاش ئەوەی بۆی دەردەکەوێت هەندێک لە دەستەخوشکانی لە بڕیاری خۆیان پاشگەز بوونەتەوە، سەریان ڕووت کردووە و بارۆکەیان لەسەر کردووە، بە باوک و هاوڕێکانی دەڵێت: "هیچ شتێک لە ژیاندا واتای نەماوە، من نامەوێت بژیم." ئیدی لەو ڕۆژانەدا دامەزراوەی کاروباری ئاینی سەر بە دەوڵەت و ئیسلامییەکان خۆکوشتن بە یەکێک لە تاوانە گەورەکان لە قەڵەم دەدەن، لەو پێناوەدا بە دەست و بە هەڵواسین نامیلکە و پۆستەر بڵاو دەکەنەوە، بەخەیاڵی کەسیشدا نایەت ئەم کچە

باوەڕمـەندە پەنا بۆ خـۆکوشـتن ببات. بەڵام بیـرۆکـەی خـۆکـوشـتن لە خـەیاڵی ئەمـدا چەکەرە دەکـات، لە دوایین شـەوی ژیانیـدا بە بێدەنگی لە تەلەڤـزیۆندا تەمـاشـای زنجـیـرەی مـاریـانا دەکات. چای لێ دەنێت و دەیخـاتە بەردەسـتی دایک و باوکی، دوایی خـۆی دەدزێتـەوە بۆ ژوورەوە، دەسـتنوێـژ دەشـوات، نوێژ دەکـات و پاش ئەوەی سـاتێکی درێژ بەخـەیاڵێکی پـەرش و بڵاوەوە لە خـوا دەپارێتەوە، بە لەچکی سەری، خۆی بە قولاپی گڵۆپی ژوورەوەدا هەڵدەواسێت.

٣

# دەنگ بدەن بە حزبی خوا

## هەژاری و مێژوو

لە تافی منداڵیدا، هەژاری بە لای (کا)وە سەرزەوینێک بوو سنوورەکانی ژیانی چینی ناوەڕاستی لە نیشانتاشی بەسەربردووی لێ دەگەیشتن بە خاڵی کۆتایی. ژیانێک بوو لە باوکێکی پارێزەر، دایکێکی خاتوونی ماڵەوە، خوشکێکی خوێنشیرین، خزمەتکارێکی دڵسۆز، چەند ڕایەخێک، ڕادیۆیەک و پەردەکان پێک دەهات. لەودیو سنووری ماڵیشەوە، تخووبی جیهانێکی تر دەستی پێ دەکرد. ئەو جیهانەی دی، لەبەر ئەوەی تاریکییەکی ترسناکی دەست پێ ڕانەگەیشتووی هەبوو، لە فانتازیای منداڵانەی (کا)دا ڕەهەندێکی میتافیزیکی هەبوو. هەرچەندە ئەم ڕەهەندە لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیدا هەر مابووەوە، بەڵام بۆی ڕوون نەبووەوە بۆچی کاتێک لە ئەستەنبوڵ بڕیاری سەفەری قارسی دا، یەکسەر تاسەی تافی منداڵیی کرد؟ (کا)، سەرەڕای دووربوونی لە تورکیا، دەیزانی قارس لەم ساڵانەی دواییدا هەژارترین و لە بیرکراوترین هەرێمی وڵاتە. کاتێک دوای بەسەربردنی دوازدە ساڵ ژیان لە فرانکفورت گەڕایەوە، لە گەشتێکدا لەگەڵ هاوڕێکانی سەردەمی منداڵی بە گەڕەکەکانی ئەستەنبوڵدا بۆی دەرکەوت سەرتاپا شەقام و دووکان و سینەماکانی ئەستەنبوڵ گۆڕانی زۆریان بەسەردا هاتووە، یان نەماون و ڕۆحیان گۆڕاوە، ئەمە وای کرد هەستێک لە ناوەوە پاڵی پێوە بنێت تا لە شوێنێکی تر هەڵوەدای سەردەمی منداڵی و پاکیزەیی بێت، بۆیە دەکرێت بڵێین (کا) بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ ئەو ژیانە مامناوەندییەی لە تافی منداڵیدا لە

دوای خۆی بەجێی هێشتبوو، ڕێگەی قارسی دابووە بەر. بەڕاستیش کاتێک لە جامخانەی دووکانەکانی ناو بازاڕدا پێڵاوی مارکەی گیسلاڤی دەبینی کە ئەم لە منداڵیی خۆیدا لە پێی دەکرد و ئێستا لە ئەستەنبوڵ باوی نەماوە، یان سۆپای مارکەی ڤەزویڤ، یاخۆ پەنیری شەشپاڵوویی ناو قوتووی دەبینی کە لە منداڵیدا ئەمی بە قارس ئاشنا کردبوو، هێندە مەست و کەیفساز دەبوو، بەجۆرێک تەنانەت کچانی خۆکوشتوویشی لە بیر دەکرد و لە قارس هەستی بە ئارامی دەکرد.

(کا)، دانی نیوەڕۆ خۆی لە سەردار بەگی ڕۆژنامەنووس دابڕی، پاش چاوکەوتنی بە سەرانی پارتی یەکسانیی گەلان و کەسانی ناوداری ئازەری، بەتەنیا بەژێر کلووە بەفرەکاندا کەوتە گەڕان بە شاردا. لە پیاسەیەکی خەمگیندا لە شەقامی ئەتاتورکەوە بەسەر پردەکاندا بەرەو هەژارترین گەڕەکەکانی شار ڕێگەی پێوا. کاتێک هەستی کرد لەو بێدەنگییەدا کە سەگوەڕ نەبێت هیچی دی نەیدەشڵەقاند، بەفر وەک ئەوەی بیەوێت زەمەنێکی بێ کۆتایی دابپۆشێت، بەسەر چیا دوورە نەبیندراوەکان، کوڵێتەکانی دانەبڕاو لە کارەساتە مێژووییەکان و قەڵای پاشماوەی سەلجوقییەکاندا دەبارێت، فرمێسک زایە چاوەکانی. سەیری دەستەیەک هەرزەکاری کرد هەموویان لە تەمەنی قوتابیانی قۆناغی ناوەندیدا بوون و لە گەڕەکی یوسف پاشا لە تەنیشت پارکێکی جۆلانە پچڕاو و خلیسکانێ شکاودا، لەبەر ڕووناکیی گڵۆپە بەرزەکانی کۆگای خەڵووزدا تۆپانێیان دەکرد. دەنگی منداڵەکان لە بەفرەکەدا کپتر دەگەیشتە بەرگوێی. بەدەم گوێگرتن لە هاوار و قیژە و شەڕە جنێوی ئەوانەوە، لەبەر ڕۆشنایی زەرد و لاوازی گڵۆپەکاندا و لە ژێر بارینی بەفردا هەستی کرد ئەم گۆشەیەی جیهان فرە تەنیایە و لە هەموو شتێک دوورە، بەڵام هەستێکی هێندە بەهێز بوو، بەجۆرێک بیری خوای لە سەریدا ورووژاند.

ئەم هەستە لە سەرەتادا زیاتر وێنەیەک بوو، نەک بیرۆکە، بەڵام وێنەیەکی تەڵخی ئەوتۆ وەک ئەوەی کەسێک بەپەلە بە ژوورەکانی مۆزەخانەیەکدا بسووڕێتەوە، بێ بیرکردنەوە بۆ شتومەکان بڕوانێت و دواتر هەوڵ بدات

ئەوەی دیویەتی، بیهێنێتەوە پێش چاوی خۆی و پێی نەکرێت. لە وێنەیەک زیاتر، هەستێک بوو چرکەساتێک بەدەردەکەوت و دواتر ون دەبوو. (کا)ش یەکەمجاری نەبوو ئەمەی بەسەردا دەهات.

ئەو لە ئەستەنبوڵ لە خێزانێکی لایستی کۆماریخوازدا پێ گەیشتبوو، لە قۆناغی سەرەتاییدا، جگە لە وانەکانی ئاین لە قوتابخانە، لە هیچ شوێنێکی تر وانەی ئاینی نەخوێندبوو. لەم ساڵانەی دواییشدا کاتێک گیرۆدەی هەستێکی لە جۆری ئەوەی ئێستا دەبوو، نە خۆی دەشڵەژاند و نە دوای هەستێکی شاعیرانەش دەکەوت بۆ پێش لێ گرتنی، بگرە هەرە زیاد، بیری ئەوەی جیهان شوێنێکی شایستەی تێڕامانە، بە گەشبینییەوە لە ناخیدا چەکەرەی دەکرد.

بەمەبەستی پشوودانێکی کورت گەڕایەوە بۆ هۆتێل، لە ژوورەکەی خۆیدا بەدەم هەستی بەختەوەرییەوە کەوتە هەڵگێڕانەوەی چەند کتێبێکی سەبارەت بە مێژووی قارس. کتێبەکانی لە ئەستەنبوڵەوە لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. ئەو بەسەرهاتانەی بەدرێژاییی ڕۆژ بۆیان گێڕابووەوە، لەگەڵ ئەم مێژووەی وەبیرهێنەرەوەی داستانەکانی سەردەمی منداڵی لە مێشکیدا ئاوێتەی یەکدی بوون.

سەردەمانێک توێژێکی ناوەندی دەوڵەمەند لە قارس ژیابوون، ئەوانە لە کۆشکەکاندا ئاهەنگیان دەگێڕا و زەماوەندی چەندین ڕۆژەیان سازدەکرد، ئەمە، ئەگەرچی لە دووریشەوە بوایە، ساڵانی منداڵیی دەهێنایەوە بیری (کا). سەرچاوەی هێز و دەوڵەمەندیی ئەم مرۆیانە دەگەڕایەوە بۆ هەڵکەوتنی قارس لە سەر شاڕێی نێوان گورجستان، تەبرێز، قەفقاسیا و تفلیس؛ بۆ بازرگانی؛ بۆ ئەوەی شارەکە خاڵی بەیەکگەیشتنی هەردوو ئیمپراتۆریای عوسمانی و قەیسەری ڕووسی بوو؛ بۆ هێزی لە چیا مۆڵدراوی ئیمپراتۆریاکان بەمەبەستی پاراستنی ئەم سەرزەمینە. لە سەردەمی عوسمانیدا، ئێرە شوێنی نیشتەجێی میللەت و نەتەوەی جۆراوجۆر بووە، بۆ نموونە ئەرمەنییەکان کە هەندێک لە کڵێسا بنیاتنراوەکانی هەزار ساڵ لەمەوبەریان هێشتا بەوپەڕی

شکۆوە بەرەو ئاسمان هەڵکشاون، عەجەمەکانی پەڕیوە و هەڵهاتوو لە دەستی مەغۆلەکان و سوپاکانی ئێران، ڕۆمەکانی پاشماوەی دەوڵەتی بیزانز، پۆنتوس، گورج، کورد و چەرکەز. کاتێک قەڵای پێنجسەد ساڵە لە ١٨٧٨دا ساڵە خۆی ڕادەستی ڕووسەکان دەکات، بەشێک لە موسڵمانەکان دەبنە ژێردەستە، بەڵام دەوڵەمەندی و ئاڵۆزیی شارەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە. لە سەردەمی ڕووسەکاندا، کۆشکی سەرانی سوپای عوسمانی، گەرماو و دامەزراوە عوسمانییەکانی گەڕەکی قەڵایچیی دامێنی قەڵا هەمووی تێک درا، بیناسازەکانی قەیسەر لە تەختاییی باشووری چەمی قارسەوە بە ڕاکێشانی پێنج شەقامی هاوتەریب لەگەڵ یەکتر و بە بنیاتنانی چەندین شەقامی ڕەپ و ڕاست، شارێکیان لە قارس دروست کرد هیچ سیمایەکی ڕۆژهەڵاتی پێوە دیار نەبوو. شار زۆر بەخێرایی دەوڵەمەند دەبوو. سەردەمانێک قەیسەر ئەلێکساندەری سێیەم بۆ بەسەربردنی کات لەگەڵ یاری نهێنیی خۆی و بۆ ڕاو و شکار ڕووی لە قارس دەکرد. شارەکە توانیبووی بە پشتیوانی داراییی گەورەی ڕووسەکان، گرێبەستی دەستبەسەرداگرتنی هەموو ڕێگە و بانە بازرگانییەکانی بەرەو باشوور و ڕووە و دەریای سپی، لە نووکەوە ڕێک بخاتەوە. (کا) بیست ساڵ لەمەوبەر هاتبووە قارس و پێی سەرسام بووبوو. ئێستا، بە شەقامەکانی، بەردی زەبەلاحی شەقامە بەردڕێژکراوەکانی، دار زەیتوونە ڕووسییەکانی و دار بەڕووی دەستچێنی کۆماری تورکیاوە ئەم شارە خەمگینەی لێ چێ بووبوو. قارس بەهۆی نەژادپەرستی و شەڕی نێوان هۆزەکانەوە، بناغەی تەختەییی کۆنی لە دەست داوە و ئیدی شارێکی عوسمانی نییە.

دوای سەردەمانێک لە شەڕی بەردەوام، وێرانکاری، بە کۆمەڵکوشتن، یاخیبوون، ڕۆژگارێک قارس کەوتە ژێر دەستی سوپاکانی ئەرمەنی و ڕووس و تەنانەت سەروەختێکیش ئینگلیزەکان، ماوەیەکیش دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو. پاشان سوپای تورکیا بە پێشەنگیی ئەو کازم قەرەبەکرەی کە ئێستا لە مەیدانی وێستگە پەیکەرێکی بۆ دانراوە، لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٠دا

چووه شارەوه. تورکەکان کاتێک دوای تێپەڕبوونی چل و سێ ساڵ جارێکی تر دەستیان بەسەر قارسدا گرتەوه، نەخشەی نوێی قەیسەریان پەسەند کرد و جێبەجێیان کرد، ئەو چاندەی قەیسەرەکان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان، چونکە لەگەڵ سەودای بە ڕۆژئاواییبوونی کۆماردا یەکی دەگرتەوه، تورکەکان هەر لە سەرەتاوه پەژراندیان. ناوی جەراڵی سەربازیشیان نا لە هەر پێنج شەقامەکەی دەستکردی ڕووسان. هۆیەکەشی ئەوه بوو تورکەکەکان کەسی گەورەتر لە سەرکردەکانی سوپایان نەدەناسی.

وەک موزەفەر بەگی سەرۆکی پێشووی شارەوانیی سەر بەپارتی گەل بە لە خۆباییبوون و هەڵچوونەوه دەیگێڕایەوه، ئەو ساڵانە ساڵانی بە ڕۆژئاواییبوون بوون. لە مەڵبەندە میللیەکاندا ئاهەنگی سەما سازدەکرا، لە ژێر ئەو پردەشدا کە (کا) ئەم بەیانیە بەسەریدا پەڕیەوه و لەزۆر لاوه ژەنگی گرتووه، پێشبڕکێی بەفرەخلیسکێ ساز دەکرا. گرووپی شانۆکارانیش لە ئەنقەرەوه دەهاتن بۆ پێشاندانی تراژیدیای (شا ئۆدیپوس) و سەرباری ئەوەی هێشتا بیست ساڵ بەسەر شەڕی یۆناندا تێ نەپەڕیبوو، لەلایەن چینی مامناوەندیی کۆماریخوازی قارسەوه بە چەپڵەڕێزان پێشوازییان لێ دەکرا. دەوڵەمەندە دێرینەکان پاڵتۆی تووکنیان دەپۆشی، پێ دەکەنین و بە سواری گالیسکەی ڕازاوه بە گوڵ و شتی بریقەدار بەدوای ئەسپی مەجەرستانیی ڕەسەنەوه بە شاردا دەگەڕان. لە ئاهەنگەکاندا، بەدەم ژەنینی پیانۆ و ئۆکۆردیۆن و کلارنێتەوه لە ژێر دار بەڕووه گەورەکانی باخچەی میللەتدا بەمەبەستی هاندانی تیپی تۆپی پێ، دوایین جۆرەکانی سەما دەکرا. کچانی قارس کراسی نیو قۆڵیان دەپۆشی و دەیانتوانی بە دووچەرخە بە شەقام و کۆڵانەکانی شاردا بگەڕێن. لاوان بە گالیسکەی سەر بەفر بۆ قوتابخانە دەچوون و وەک قوتابیانی ناوەندییەکانی تر بەدەم هەڵگرتنی جۆش و خرۆشی کۆمارەوه کراڤاتی پەپوولەییان دەبەست. پارێزەر موزەفەر بەگ دوای چەندین ساڵ لە گەرمەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی شارەوانیی قارسدا کراڤاتی پەپوولەیی سەردەمی خوێندنی ئامادەییی بەستبوو. هاوڕێکانی لە ناو حزبدا پێیان

گوتبوو ئەم شتە (مایەی گاڵتەجاڕییە) دەبێتە هۆی لە دەستدانی دەنگ، بەڵام ئەو گوێی بەم قسانە نەدابوو.

دەتگوت پێوەندییەک لە نێوان زستانی بێ کۆتایی، ڕۆچوونی شار و هەژاری و خەمگینیەکەیدا هەیە. سەرۆکی پێشووی شارەوانی دوای وەسپێکی زستانە جوانەکانی ڕابردوو، هاتە سەر باسی ژنانی شانۆکاری نیمچە ڕووت و دەموچاو بە پۆدرە داپۆشراوی لە ئەنقەرەوە هاتوو بۆ پێشاندانی شانۆنامە یۆنانییەکان دەهاتن. پاشان قسەی بردەوە سەر شانۆگەرییەکی شۆڕشگێڕانە گوتی خۆی و کۆمەڵێک لاوی تر لە کۆتاییی چلەکاندا لە مەڵبەندێکی میللیدا پێشکێشیان کردووە. "لەو شانۆیەدا هۆشیاربوونەوەی کچێکی سەرپۆش ڕەشی گەنجمان پێشان دەدا لە کۆتاییدا سەری ڕووت دەکرد و سەرپۆشەکەی دەسووتاند. سەرانسەری قارسمان دایە ژێر پێوە و لە گشت لایەک ئاگاداریمان بڵاو کردەوە بۆ پەیداکردنی سەرپۆشێکی ڕەش بۆ شانۆگەرییەکەمان، بەڵام دەستمان نەکەوت، بۆیە ناچار تەلەفۆنمان کرد بۆ ئەرزەڕووم و لەوێوە بۆمان هات." موزەفەر بەگ درێژەی دایێ و گوتی: "بەڵام ئێستا شەقام و کۆڵانەکانی قارس پڕن لە سەرپۆش، ڕووپۆش و لەچک، کچانیش، لەبەر ئەوەی ئاڵای نیشانەی ئیسلامی سیاسییان بە سەرەوەیە، ڕێی چوونە ژوورەوەی وانەیان پێ نادرێت و ئەوانیش خۆیان دەکوژن." (کا) وەک چۆن لە گشت دیمانەکانیدا خۆی لە وروژاندنی پرسیارەکانی هەناوی سەبارەت بە پەرەسەندنی دیاردەی ئیسلامی سیاسی و کچانی ڕووخسار داپۆشراو دەپاراست، لێرەش خۆی لە قەرەیان نەدا. بەهەمان شێوە هیچ بایەخی بەو شانۆیەش نەدا کە لاوانی ئاگرینی دژبەری سەرپۆش، سەرباری نەبوونی تەنانەت یەک ژنی سەرپۆش بەسەریش لە سالانی چلدا لە قارس پێشکێشیان کردووە. بەدرێژاییی ڕۆژ بە شەقام و کۆڵانەکانی شاردا سووڕایەوە و هیچ ئاوڕی لە ژنانی سەرپۆش بەسەر و لەچکداری سەر ڕێگە و بانەکانیش نەدایەوە، چونکە لە ماوەی هەفتەیەکدا هێندەی ڕۆشنبیرێکی لایست فێر نەبووبوو لە یەکەم ڕوانینەوە بۆ ژنانی سەرداپۆشراو، ئەنجامی

سیاسی هەڵێنجێنێت. ئەو هەر لە منداڵییەوە سەرنجی ژنانی لەچکداری نەدەدا، لە ناوەندە بە ڕۆژئاواییبووەکانی شوێنی بەسەربردنی ژیانی (کا) لە ئەستەنبوڵ، تاکە ژنی سەرداپۆشراو ژنێک بوو لە دەوروبەری ئەستەنبوڵەوە، بۆ نموونە لە کارتاڵەوە بۆ فرۆشتنی ترێ ڕووی لەو گەڕەکانە دەکرد، یان ژنی کابرای شیرفرۆش، یان کەسانی سەر بە چینە نزمەکان بوون.

دواتریش چەندین بەسەرهاتم دەربارەی خاوەنی پێشووتری هۆتێلی بەفرپالاسی شوێنی حەوانەوەی (کا) بیست: پرۆفیسۆرێکی زانکۆی شەیدای ڕۆژئاوا کە قەیسەر دووری دەخاتەوە بۆ تاراوگەیەکی نیانتر لە سیبیریا، ئەرمەنییەکی بازرگانی ڕەشەوڵاخ، هەتیوخانەی ڕۆمەکان... خاوەنی یەکەمی کێ دەبێت با ببێت، ئەم باڵەخانە تەمەن سەد و دە ساڵە وەک هەموو باڵەخانەکانی تری شاری قارس بەشێوەیەک بنیات نراوە ئەگەر سۆپایەک لە دیوارێکیدا دابنرێت، لە یەک کاتدا چوار ژوور گەرم دەکات، بەڵام تورکەکان لە سەردەمی کۆماردا نەیانتوانیبوو هیچ کام لەو سۆپایانە بخەنە کار، بۆیە کاتێک باڵەخانەکەیان گۆڕی بۆ هۆتێل، لە پشت دەروازەی هۆتێلەکەوە سۆپایەکی گەورەی لە جۆری مسیان دانا و دواتریش سیستەمی گەرمکردنی ناوەندی بۆ ژوورەکان دانرا.

لەو کاتەدا (کا) لەسەر چرپاکەی بە ڕاکشاوی نوقمی خەیاڵات بوو، لە دەرگا درا و ئەمیش بە پاڵتۆکەی بەرییەوە هەڵسا و دەرگای کردەوە. جاویدی کارمەندی هۆڵی پێشوازی بوو، هەموو ڕۆژی بە دیار سۆپا و بە سەیرکردنی تەلەڤزیۆنەوە بەسەر بردبوو، هاتبوو ڕاسپاردەیەکی پێ ڕابگەیەنێت، چونکە لە بیری چووبوو ئەو کاتەی کلیلەکەی دابوویێ، پێی بڵێت.

"پێش کەمێک لە بیرم چوو پێت بڵێم سەردار بەگی خاوەنی ڕۆژنامەی شاری سەرحەد چاوەڕێتە بۆ کارێکی بەپەلە."

پێکەوە دابەزین بۆ هۆڵی پێشوازی. بەر لە چوونە دەرەوە (کا) ئێستێکی کرد: ئیپەک لە دەرگای تەنیشت مێزی پێشوازیکردنەکەوە دەرکەوت، هاتە ژوورەوە و زۆریش لەوە شۆختر بوو وەک ئەم لە خەیاڵی خۆیدا لێکی دابووەوە.

(کا) دەستبەجێ جوانی و شۆخیی ئەم ژنەی لە سەردەمی زانکۆدا بیر کەوتەوە. دەسپێک، وەک دوو بۆرژوای ئەستەنبوڵی بە ڕۆژئاواییبوو دەستیان لە دەستی یەکتر نا، دوای تاوێک دوودڵی و بێ ئەوەی بەشی خوارەوەی لەشیان لەیەک نێزیک بخەنەوە، سەریان لارکردەوە و یەکدییان ماچ کرد. ئیپەک کەمێک خۆی کێشایەوە و بە ڕاشکاوییەکی وا کە ئەمی تووشی سەرسووڕمان کرد، گوتی:

"بە هاتنتم دەزانی."

لە کاتێکدا چاوی لە چاوی (کا) بڕیبوو، گوتی: "تانەر بە تەلەفۆن پێمی گوت."

"لە پێناوی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی و کچە خۆکوشتووەکاندا هاتووم."

ئیپەک لە وەڵامدا گوتی: "چەند دەمێنیتەوە؟ لە تەنیشت هۆتێل ئاسیاوە شیرینیخانەیەک هەیە بەناوی ژیانی نوێ. ئێستا لەگەڵ باوکمدا سەرقاڵم. با سەعات یەک و نیو لەوێ دابنیشین و بۆ خۆمان قسان بکەین."

(کا) سەری لە نامۆیی ئەم دیمەنە سووڕما، چونکە لە قارس ڕووی دا نەک لە ئەستەنبوڵ، (بۆ نموونە لە گەڕەکی بەیئۆغلو). نەشیزانی هۆی پەشێوییەکەی چەندی بۆ جوانیەکەی ئیپەک دەگەڕێتەوە. کاتێک لە هۆتێل هاتە دەرێ و بەژێر بەفردا ڕێی دەکرد، هەستی کرد چەند کارێکی باشی کردووە ئەم پاڵتۆیەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە.

لە ڕۆیشتنیدا بەرەو بارەگای ڕۆژنامەکەی سەردار بەگ، هەست و دڵی بەهەمان دڵنیایی دوو شتی تریان پێی گوت، بەڵام هۆشی بەهیچ جۆرێک ددانی پێیاندا نەدەنا: یەکەمیان: هاتنەوەی (کا) لە فرانکفورتەوە چەند بەمەبەستی خۆگەیاندنە تەدارەکی بەخاکسپاردنی دایکی بوو، هێندەش لە پێناوی دۆزینەوەی کچێکی تورکدا بوو دوای دوازدە ساڵ لە تەنیایی. دووەمیان: (کا) لە ئەستەنبوڵەوە هاتبوو بۆ قارس، چونکە لە ناخیدا باوەڕی وا بوو ئیپەک ئەو کچەیە کە ئەم زەماوەندی لەگەڵدا دەکات.

خـۆ ئەگـەر بهـاتایە و هـاوڕێیـەکی بـەپەی پێـبـردنێکی بەهێـزەوە بیـرۆکـەی دووەمی بە گـوێی ئەمـدا بچـرپاندایە، ئەوا نەک هـەرگـیـز لێی خـۆش نەدەبوو، بگرە ئەگەر ئەم شـیمانـەیە سەری بگرتایە، بەدرێژاییی ژیان شـەرمی بە خۆیدا دەهاتەوە. (کا) لە کـەسـانی بەڕەوشت بـوو، گـەیشـتـبـووە ئەو باوەڕەی ترۆپکی بەختیاری لەوەدایە مرۆڤ هـیچ شتێک لە پێناوی بەختەوەرییی خـۆیدا نـەکات. لەوەش زیـاتر، گـــەڕان بـەدوای کـــچـــێکی بە ئـەم نائـاشـنـادا بەمـــەبـەســـتی پێکەوەنانی ژیانی هـاوســەری، لەگـەڵ پەروەردەی خـواپێـداوانە و ڕۆژئـاواییی ئەودا یەکی نـەدەگرتەوە. سـەرەڕای گشـت ئەمـانە، کـاتێک گـەیشـتـە بـارەگـای ڕۆژنامــەی شـاری سـەرحـەد، هـەسـتی بە نائارامی نەدەکـرد، چونکە یـەکـەم دیمانەی لـەگـەڵ ئـیـپـەکـدا لەوە باشـتـر تـێ پەڕی وەک ئەوەی لە پاسـەکـەدا لە ئەستەنبوڵەوە بۆ قارس بیری لێ کردبووەوە.

بارەگـای ڕۆژنامـەی شـاری سـەرحـەد دەکـەوتـە سـەر شـەقـامی فـایـەق بەگ و شـەقـامـێک لە خـوار هـۆتێلـەکـەی (کـا)وە بـوو، ڕووبـەری ژووری سـەرنووسـەر و چاپخـانە شـتێک لە ژووری هـۆتێلەکـەی (کا) فـراوانتر بـوو. ژوورەکـە، بە پارچە تەختـەیـەک کـرابووە دوو بەشـەوە. وێنەی ئـەتاتورک، سـاڵنامـە، نموونـەی کـارتی زەمـاوەند، وێنـەی گـەورە پیـاوانی دەوڵەت و ناودارانی تورک لەوانـەی هـاتبـوونـە قـارس و سـەردار بەگ وێنـەی گـرتبـوون و وێنەیەکی چـوارچێـوەداری یـەکـەم ژمـارەی ڕۆژنامــەکــە کــە چل ســاڵ لـەمــەوبەر دەرچووبـوو، بە تەخــتــەکـەوە هـەڵواسـرابوون. لە پشـتیشـەوە دەزگـایەکی چاپی تیـپـۆی کـارەبایی بە دیمـەنی جـوانییـەوە کـاری دەکرد. ئـەم دەزگـایە سـەد و دە سـاڵ لەمەوبەر لـە کـارخـانـەی (باومـان) لـە شـاری لایـپـزیگـی ئەڵمـانیـا دروست کـرابوو، دوای بیـسـت و پێنج سـاڵ بەکـارهێنـانی لە شـاری هـامـبـورگ، سـاڵی ١٩١٠، لـە سـەردەمی ئـازادیی ڕۆژنامـەگەریدا لە دوای مەشـروتەی دووەم، بە ئەسـتـەنبوڵ فـرۆشـرابوو. چل و پێنج سـاڵی ڕەبەق لەوێ لە کاری بەردەوامدا دەبێت، پاش ئەوەی بڕیار دەدرێت لەبەریەک هـەڵبـوەشـێندرێت و فـڕێ بدرێت، باوکی خـوا لێخـۆشـبـووی سـەردار بەگ لە سـاڵی ١٩٥٥دا بە شـەمـەندەفـەر لە ئەسـتـەنبوڵـەوە دەیهێنێت بۆ قـارس.

سـەردار بەگ، نووکی پەنجـە کـەڵەی دەسـتی ڕاسـتی بە زمـانی تەڕ دەکـرد و کـاغـەزی دەخسـتـە دەزگـای چاپەکـەوە، کـوڕە بیـست و دوو سـاڵانەکـەشی بە دەسـتی چەپی و زۆر لێـهـاتووانە پەڕە چاپکراوەکـانی کـۆ دەکـردەوە، چونکە سـەبەتـەی کـۆکـردنەوەی پەڕەکـان یازدە سـاڵ لەمـەوبەر لە شـەڕێکی نێـوان براکاندا شکابوو. سەردار بەگ توانی هەمـان کات لە جووڵەیەکی نێوان چاو و برۆدا بـەخـێـرهاتنی (کـا)ش بکات. کـوڕی دووەمـیش بە دوو بـرۆی بەرز، دەموچاوێکی مانگ ئاسا، باڵایەکی کورت، لەشێکی گۆشتنەوە هاتە پێش چاو و (کـا) لە خـەیاڵی خـۆیدا شـێـوەی بـردەوە سـەر دایکی نەک باوکی، لـە پشت مێزێکی ڕەشداگەڕاوی خەڵتانی مەرەکەبەوە لە نێوان ژمارەیەکی زۆری کشاو، پیتی قورقوشمی گەورە و بچووک و قاڵب و کلێشەی جۆربەجۆردا بە ئارامیی خـۆشنووسـێکی دەست لە دنیـا بەرداو، بە دەست خـەریکی ڕێکخـسـتنی ئاگادارییەک بوو بۆ ڕۆژنامەکەیان و دەبوو دوای سێ ڕۆژی تر چاپ بکرایە.

سەردار بەگ بە (کا)ی گوت: "دەبینن ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لە چ هەلومەرجێکدا لە پێناوی مانەوەدا تێ دەکۆشێت." ڕێک لەو کـاتەدا کـارەبا بڕا. دەزگای چاپ لە کـار کـەوت و دووکـان نوقمی تاریکییـەکی ئەفسووناوی بوو، (کـا) چاوی لە دەرێ بڕی و دڵکێشی و جوانیی ڕەنگی سپیی بەفرەکەی بینی. سەردار بەگ مۆمێکی داگیرساند، (کا)ی لەسەر کورسییەکی پێشەوەی نوسینگە دانیشاند و لە کوڕەکەی پرسی:

"بوون بە چەند؟"

"سەد و شەست، بابە."

"دوای هاتنەوەی کـارەبا بیکە بە سێ سـەد و چل دانە، ئەمـڕۆ شـانۆکـاران مێوانمانن."

ڕۆژنامـەی شـاری سـەرحـەد تەنیـا لە شـوێنێک دەفرۆشـرا، ئەویش دەکـەوتە بەرامـبـەر هـۆڵی شـانۆی گـەل و بیـست کـەسـێک لەوانەی بەوێدا تێ دەپەڕین، دەیانکڕی. بـەڵام سـەردار بەگ بە شـانازییـەوە باسی دەکرد لە ڕێـی ئابوونەوە

سێ سەد و بیست دانە لە ڕۆژنامەکە دەفرۆشرێت، دوو سەد دانە لە ئابوونەمانەکان بریتین لە کۆگا و دەزگاکانی دەوڵەت لە شاری قارس و سەردار بەگ ناچارە بە شان و باڵیاندا هەڵبدات. هەشتا ئابوونەمانەکانی تر کەسانێکی (گرینگ و ئابڕوودارن)، لای دەوڵەت قسەیان دەڕوات، سەرەڕای دوورکەوتنەوەیان و گواستنەوەیان بۆ ئەستەنبوڵ، هێشتا پێوەندیی خۆیان لەگەڵ قارسدا نەبڕیوە.

کارەبا هاتەوە و (کا) ئارەقەی تووڕەبوونی بە ناوچەوانی سەردار بەگەوە بینی. سەردار بەگ گوتی: "دوای جیابوونەوەت لە من، چاوت بە چەند کەسێکی چەواشەکار کەوتووە و زانیاریی چەوتت لە بارەی شاری سەرحەدەوە دەست کەوتووە."

(کا) گوتی: چۆن زانیت بۆ کوێ چووم؟"

ڕۆژنامەنووسەکە گوتی: "بێگومان پۆلیس بە دواتەوەیە و ئێمەش لەبەر ئەوەی کارەکەمان وا دەخوازێت، بەهۆی ئەم بێتەلەوە گوێ لە گفتوگۆکانی پۆلیس دەگرین. لە سەدا هەشتای ئەو هەواڵانەی لە ڕۆژنامەکەماندا بڵاوی دەکەینەوە، لە پارێزگا و لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی وەردەگرین. سەرجەم کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش ئاگادارن کاتێک تۆ بە هەرکەسێک دەگەیت، پرسیاری هۆکارەکانی دواکەوتوویی قارس تا ئەم ئاستە و هۆی هەژاری و هۆیەکانی خۆکوشتنی کچانمان دەکەیت."

(کا) گوێی لە چەند وتوێژێک بووبوو سەبارەت بە هۆکارەکانی دابەزینی قارس بۆ ئەم ئاستی هەژارییە، لەوانە سستبوونی ئاستی بازرگانی لەگەڵ سۆڤیەت لە سەردەمی شەڕی ساردا، داخستنی دەروازەکانی گومرک، دەستگرتنی باندەکانی کۆمۆنیست لە ساڵانی ١٩٧٠دا بەسەر دەوڵەتدا، هەڕەشەکردنیان لە دەوڵەمەندەکان و فڕاندنیان، کۆچکردنی ئەو دەوڵەمەندانەی بڕێک پارەیان پاشەکەوت کردبوو بۆ ئەستەنبوڵ و ئەنقەرە و ناکۆکیی نەبڕاوەی نێوان تورکیا و ئەرمەنستان و ئەمەش قارسی لە بیری دەوڵەت و خواش بردبووەوە.

سەردار بەگ گوتی: "من بڕیارم داوە ڕاستیی مەسەلەکەت پێ بڵێم."

(کا) بە هۆشێکی بریسکەدار و بە گەشبینییەکی ئەوتۆ کە ساڵانێک بوو هەستی پێ نەکردبوو، یەکسەر تێ گەیشت مەسەلەکە لە بنەڕەتدا شەرمەزارییە. کرۆکی بابەتەکە لە ئەڵمانیاش هەر مایەی شەرم بوو بۆ ئەم، بەڵام ئەوە بوو ئەم شەرمەی لە خۆیدا دەشاردەوە. ئێستا، بەهۆی ئەو شادییەی لە ناخیدا هەستی پێ دەکات، ددان بەم ڕاستییەدا دەنێت.

سەردار بەگ وەک ئەوەی ڕازێک بدرکێنێت، گوتی: "ئێمە لێرە هەموومان وەک برا وا بووین، بەڵام ئەوە چەند ساڵێکە یەکێک دەڵێت من ئازەریم، یەکێکی تر دەڵێت کوردم و ئەوی دی دەڵێت من تەرەکەمەم. بێگومان لێرە لە هەموو جۆرە نەتەوەیەک هەن، دەڵێین تەرەکەمە و قەرەپاپاکیش هەن و ئەوانە برای ئازەریەکانن. ئێمە کوردەکان بە هۆز و عەشیرەت ناودەبەین، ئەوان لە ڕابردوودا بە کوردبوونی خۆیان نەدەزانی. هیچ کام لە خۆجێییەکانی پاشماوەی عوسمانییەکان بە سنگ دەرپەڕاندنەوە ناڵێت: من خۆجێییم. تورکمان و پۆسۆف و ئەو ئەڵمانانە هەبوون و قەیسەری ڕووسیا بۆ ئێرە دووری خستبوونەوە، بەڵام کەس لە بەرامبەر ئەوانی تردا شانازیی بە ڕەچەڵەکی خۆیەوە نەدەکرد. هەموو ئەم هەستی بەخۆنازینە لە لایەن ڕادیۆ کۆمۆنیستەکانی یەریڤان و باکۆوە بەمەبەستی هەڵوەشاندنی تورکیا و دابەشکردنی بڵاو دەکرانەوە. ئێستا خەڵکەکە هەژارتربوون، بەڵام بەخۆشانازترن."

سەردار بەگ دوای ئەوەی گەیشتە باوەڕێک بە قسەکانی باندۆری لەسەر (کا) داناوە، بایدایەوە سەر بابەتێکی تر. "گرووپە ئاینییەکان دەرگا بەدەرگا دەکوتن و ژنانیان سەر لە مالان دەدەن، قاپ و قاچاخ، دەزگای گوشینی پرتەقاڵ، سندووقە سابوون، کیسەی ساوەر و تایت بە ژنان دەبەخشن. بەخێرایی لە گەڕەکە هەژارەکاندا ڕایەڵەی دۆستایەتی و نێزیکبوونەوە لە نێوان ژناندا ڕادەکێشن، سنجاقی زێڕین لە شانی منداڵان دەدەن و دەڵێن: دەنگ بدەن بە پارتی خوا کە ئەوان پێی دەڵێن پارتی ڕەفا. دەڵێن بەهۆی

دووركەوتنەوەمانە لە خوا هەژاری و بێ نەوایی بەرۆكمانی گرتووە. پیاوانیان لەگەڵ پیاوان و ژنانیشیان لەگەڵ ژناندا دەدوێن. متمانەی پیاوانی بێكار و توورە و هەست بریندار بەدەست دەهێنن. شادی دەخەنە دڵی ئەو ژنانەوە كە لە ماڵەوە هیچ شك نابەن بۆ ئێوارێ بیخەنە سەر ئاگر. دواتر بەڵێنی دیاری زیاتریان پێ دەدەن و سوێندیان دەدەن دەنگ بدەن بەوان. دریغی ناكەن لە بەدەستهێنانی متمانەی هەژاران و ئەو بێكارانەی لە بەیانییەوە تا ئێوارە سووكایەتیان پێ دەكرێت، یان متمانەی قوتابیانی زانكۆكان، ئەوانەی ڕۆژی لە قاپێك شۆربا زیاتر هیچی تر ناچێتە گەروویانەوە. تەنانەت ڕێزی دووكاندارانیش بەدەست دەهێنن، چونكە ئەمان لە هەمووان چالاكتر، سەرڕاستتر و خاكیترن."

خاوەنی ڕۆژنامەی شاری سەرحەد گوتی: "سەرۆكی شارەوانی لەبەر ئەوە نەكوژرا گوایە كەسێكی -هاچەرخ- بووە و هەوڵی داوە گالیسكە لە شاردا نەهێڵێت -لەبەر كوژرانی، ئەم كارەی بە نیوەناچڵی مایەوە- ، بگرە بەهۆی بەرتیل و گەندەڵییەوە ڕقی هەمووانی لە خۆی هەڵساندبوو. پارتە كۆمارییەكانیش بەهۆی شەڕی كۆنەقین و جیاوازی نەژادی و لەبەر دابەشبوونی ڕووخێنەرانەیان بە سەر باڵەكانی چەپ و ڕاستدا، هیچ كامێكیان نەیانتوانی پاڵێوراوێكی بەهێز دەستنیشان بكەن." سەردار بەگ درێژەی دایێ و گوتی: "بە شكۆی پارتی خوا نەبێت، متمانە بە كەسی تر ناكرێت. ئەو پاڵێوراوەش موختار بەگی مێردی پێشووی ئیپەكی كچی تۆرگوت بەگی خاوەن هۆتێل بەفرپالاسە و خۆشیان هەر لەوێ دەژین. كەمێك بێ ئەقڵە، بەڵام كوردە. كوردەكان لە سەدا چلی دانیشتووانی ئێرە پێك دەهێنن، بۆیە پارتی خوا لە هەڵبژاردنەكاندا سەركەوتن بە دەست دەهێنێت."

بەفر بەچڕی دەباری و جارێكی تر هەستی تەنیاییی لە ناخی (كا)دا ژیاندەوە، هەستی ترسان لە بەكۆتاهاتنی ژیانی گۆڕان بەرەو بە ڕۆژئاواییبوون لە توركیا بووە سەرباری هەستكردنی بەتەنیایی. وای هاتە پێش چاو ئەو شەقامانەی سەردەمی منداڵی تیایاندا بەسەر بردووە، باڵەخانە

کۆن و نایابەکانی سەدەیەک لەمەوبەری شوێنی ژیانی هەندێک لە هاوڕێکانی، سەرلەبەریان ڕووخاون و وێران بوون. دارەکانی سەردەمی منداڵی وشک بوون و بڕدراونەتەوە، لە ماوەی دەیانساڵی ڕابردوودا سینەماکان داخراون و کراون بە دووکانی تەنگ و تاریک بە پەنای یەکترەوە بۆ فرۆشتنی جلوبەرگی ئامادە. ئەمەش نەک هەر بەواتای بەکۆتاهاتنی منداڵیی ئەو دێت، بگرە بڕانەوەی خەیاڵی سەرلەنوێ دەست پێکردنەوەی ژیان لە ئەستەنبوڵ دەگەیەنێت. وای بەخەیاڵدا هات ئەگەر ڕێژیمێکی بەهێزی شەریعەتخواز لە تورکیا ڕەگ دابکوتێت، ئەوا تەنانەت خوشکەکەشی ناتوانێت بێ سەرپۆش بێتە لە ماڵ دەرێ. (کا) لە میانەی تیشکی گڵۆپە نیۆنەکانی ڕۆژنامەی شاری سەرحەدەوە سەیرێکی کلووە بەفرە گەورەکانی کرد. کلووەکان بەهێمنی دەبارین و ئەم بەخەیاڵ لەگەڵ ئیپەکدا گەڕایەوە بۆ فرانکفورت، لە بەشی پێلاوفرۆشتن لە نهۆمی دووەمی بازاڕی کاوفهۆف، لەو شوێنەی پاڵتۆ بۆرەکەی لێ کڕیبوو، و ئێستا توند بە خۆیەوە نوساندووە، خەریکی کڕینی شتومەک بوون.

سەردار بەگ گوتی: "هەموو شتەکان بەشێکن لە بزووتنەوەی ئیسلامیی نێودەوڵەتی و خوازیارە تورکیا وەک ئێران لێ بکات."

(کا) گوتی: "کچە خۆکوژەکانیش بەهەمان شێوە؟"

سەردار بەگ گوتی: "بە داخێکی زۆرەوە هەواڵمان پێ دەگات ئەوانە لە خشتە دەبرێن، لەبەر ئەوەی کچان هەست ناسکترن و لە ترسی ئەوەی نەبادا ژمارەی کچانی خۆکوشتوو زیاد بکات، لێپرسراویی سەر شانیشمان وامان بەسەردا دەسەپێنێت لەم بارەیەوە نەنووسین. دەگوترێت تیرۆریستی ئیسلامیی ناسراو (شینە) لە شارەکەمانە و ئەو ڕێنوێنیی سەرپۆش بەسەران و کچانی خۆکوشتوومان دەکات."

(کا) گوتی: "مەگەر ئیسلامییەکان لە دژی دیاردەی خۆکوشتن نین؟"

سەردار بەگ لە ئاستی ئەم پرسیارەدا خۆی کپ کرد. کاتێک دەزگای چاپەکە لە کار ڕاوەستا و بێدەنگی باڵی بەسەر دەوروبەردا کێشا، (کا)

سەیری بەفری دەرەوەی کرد و بینی باوەڕ پێنەکراوانە دەباری. ئەو دوودڵی و ترسەی بەهۆی نێزیکبوونەوەی وادەی بینینی ئیپەکەوە هەستی پێ دەکرد، هاوتا بوو بە هەستکردنی بە خەم و ئازارەکانی قارس، بەڵام ئێستا تەنیا بیر لە ئیپەک دەکاتەوە و دەیەوێت خۆی بۆ ژوانی شیرینیخانە ساز بدات، چونکە سەعات وا یەک و بیست خوولەک پێشان دەدات.

سەردار بەگ پەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە تازە چاپکراوەکەی لە کوڕە گەورەکەی وەرگرت و وەک ئەوەی دیارییەک لە خشڵ و زیو پێشکێش بکات، خستییە بەردەم (کا). چاوانی ئەمیش کە ساڵانێکی درێژ بوو لە گەڕان بەدوای ناوی خۆیدا لە گۆڤارە ئەدەبییەکاندا ڕاهاتبوون، یەکسەر پەڕینە سەر هەواڵێکی چاپکراو لە کەناری پەڕەی ڕۆژنامەکەدا:

## شاعیری ناودارمان (کا) لە قارسە

"(کا)ی شاعیری ناسراومان لە سەرانسەری تورکیا، دوێنێ گەیشتە شارەکەمان، شاری سەرحەد. شاعیری لاومان بەهۆی کتێبەکانی ستوو، مەندەلینا و ڕۆژنامەکانی ئێوارانەوە جێی ڕێزی سەرانسەری وڵاتە و هەڵگری خەڵاتی (بەهجەت نەجاتیگل)ە. ئێستا لەسەر ناوی ڕۆژنامەی جمهورییەت بۆ بەدواداچوونی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی هاتووە. (کا)ی شاعیر ساڵانێکی درێژ لە شاری فرانکفورت لە ئەڵمانیا سەرقاڵی لێکدانەوەی شیعری ڕۆژئاوایی بووە."

(کا) گوتی: "ناوەکەم بەهەڵە نووسراوە، پێویست بوو پیتی A بچووک بنووسرایە". یەکسەر بەدوای ئەمەدا بە منەتبارییەوە گوتی: "جوان دەرچووە." سەردار بەگ گوتی: "ئوستاد، ئێمەش لەبەر ئەوەی لە ناوەکەت دڵنیا نەبووین، زۆر بە دواتدا گەڕاین." دواتر بە دەنگێکی دوور لە شڵەژان سەرزەنشتی کوڕەکانی کرد و گوتی: "کوڕم، بڕوانە کوڕم، ناوی شاعیرمانتان بەهەڵە چاپ کردووە. دەی، هەر ئێستا ڕاستی بکەنەوە."

کا هەستی کرد ئەمە یەکەم جار نییە لە چاپکردنی ناوەکەیدا هەڵە دەکرێت،

بۆیە گوتی: "پێویست ناکات." پاشان سەرنجی دا ناوەکەی لە دێڕی کۆتاییی گەورەترین هەواڵدا بەڕاستی نووسراوە.

## شەوی سەرکەوتنی تیپی شانۆی سونای زایم
## لە هۆڵی شانۆی گەل

"تیپی شانۆی سونای زایم کە لەسەر ئاستی تورکیا بە کارە میللی و ئەتاتورکچی و ڕۆشنگەرییەکانی ناسراوە، دوێنێ شانۆگەرییەکی لە هۆڵی شانۆی گەل پێشکێش کرد و لە لایەن ئامادەبووانەوە بەجۆش و خرۆشێکی بێ هاوتاوە پێشوازی لێ کرا. ئەم شانۆگەرییە تا نیوەی شەو درێژەی کێشا، بە ئامادەبوونی جێگری پارێزگار و جێگری سەرۆکی شارەوانی و کەسایەتییە ناسراوەکانی شاری قارس پێشکێش کرا، جاروبار بە چەپڵەڕێزان و دەربڕینی ڕەزامەندی، ڕادەگیرا. دانیشتووانی قارس ماوەیەکی درێژ بوو تینووی شانۆنامەیەکی لەو جۆرە بوون، بۆیە هۆڵی شانۆی گەلیان پڕ کردبوو، ئەوانەشی نەهاتبوون، توانیان لە ماڵیشەوە تەماشا بکەن، چونکە (تەلەڤزیۆنی سەرحەد قارس) لەوەتەی لە دوو ساڵ لەمەوبەرەوە دەست بەکار بووە، یەکەم وەشانی زیندووی خۆی ئەنجام دا و دەمودەست شانۆگەرییەکەی بۆ هەموو دانیشتووانی قارس گواستەوە. بەمجۆرە (تەلەڤزیۆنی سەرحەد قارس) یەکەم وەشانی ڕاستەوخۆی لە دەرەوەی ستۆدیۆکانیدا ئەنجام دا. ئەم تەلەڤزیۆنە لەبەر ئەوەی هێشتا ئۆتۆمبیلی وەشانی دەرەکیی نییە، کابڵێکی درێژی کامێرای لە مەڵبەندی خۆی لە شەقامی خالید پاشاوە بەدرێژاییی دوو شەقام تا هۆڵی شانۆی گەل ڕاکێشابوو. بەمەبەستی ئەوەی لە زیانی بەفر پارێزراو بێت، هەندێک لەو قارسیانەی گیانی هاوکارییان تێدایە، کابڵەکەیان بەناو ماڵەکانی خۆیاندا درێژ کردبووەوە. (بۆ نموونە، پزیشکی ددان فازیل بەگ کابڵەکەی لە باڵکۆنی پێشەوەی ماڵی خۆیەوە تا باخچەی پشتەوە ڕاکێشابوو.) قارسیەکان خوازیارن لە دەرفەتی تردا ئەم وەشانە زیندووە سەرکەوتووە دووبارە بکرێتەوە بۆیان. لێپرسراوانی (تەلەڤزیۆنی سەرحەد

قـارس) ڕایـان گـەیاند هەمـوو دووکـاندارەکـانی قـارس بـەهۆی ئەم وەشـانە زیندووەیانەوە ڕێکلامیان داوە بە تەلەڤزیۆن. لەم شانۆنایەدا کە هەموو خەڵکی شـاری سـەرحـەد بینییـان، تێکەڵەیەک لە تێکسـتـە ئەتاتورکییـەکـان، چەند دیمەنێکی جوانترین شـانۆنامـە بەناوبانگەکانی دەرهاویشـتـەی ڕۆشنگەریی ڕۆژئاوایی، هەندێک سکێچ بۆ ڕەخنەگـرتن لەو ڕێکلامـانەی کـولتـوورمـان دەشێـوێنن، سـەرکـێشـیـیـەکانی ڤـورالی گۆڵچـیی ناودارمـان، شـیعـرەکانی ئەتاتورک و نوێترین هەڵبەسـتی شـاعیرمـان (کا) بە ناوونیشـانی (بەفر) - بەدەنگی خۆی خوێندییەوە و بۆ خۆیشی ئێسـتا بە سەردان لە شارەکەمانە- و شـاکـاری ڕێ پێـشـاندەر (نیشـتمـان یان چارشێو) کە لە سـەرەتای سـاڵانی دامـەزراندنی کـۆمـاردا نـووسـراوە، سـەرلەنوێ ئـامـادە کـراوەتەوە و ناوەکـەی گۆڕدراوە بۆ (نیشتمان، یان سەرپۆش)، پێشکێش کرا."

(کا) گوتی: "نـە هەڵبـەسـتێکم هەیە بەناوی (بەفر) و نە ئێوارەش دەچم بۆ هۆڵی شانۆی گەل. دوایی دەردەکەوێت هەواڵەکەتان هەڵەیە."

سـەردار بەگ لـە وەڵامـدا گـوتی: "ئەوەندە بـە خـۆتدا مـەنازە و هێندەش بەکـەممان مـەزانە لەبەر ئەوەی هەواڵەکـەمـان پێش لە ڕووداوەکـان نوسـیـوە. زۆرێک پێیـان وا بوو ئەوەی ئێمە دەیکەین فڕی بەسـەر ڕۆژنامـەگەرییەوە نییە، بگرە جـۆرێکە لـە جـادووگـەری، بەڵام پاش ئەوەی ڕووداوەکـان کـتـومت وەک ئەوەی ئێمە نـووسیـومـانە، دەقەومـان، ئەو کـەسـانە سـەرسـام دەبوون. چەندین ڕووداو، تەنیـا لەبەر ئەوەی ئێـمـە هـەواڵەکـەیمان پێـشـوەخت چـاپ کـردووە، قەومـان و بوون بە ڕاسـتی. ئـا ئەمەیە ڕۆژنامـەگەریی هـاوچەرخ. ئێسـتا دڵنیام تۆیش بۆ ئەوەی دڵـمـان نەشکێنیت و مـافی نوێـخـوازیمان لە قـارسـدا لێ زەوت نەکـەیت، سـەرەتا هـەڵبـەسـتێک بە ناوی (بەفر) دەنووسـیت و دواتریش دەچیت لە شـانۆی گەل دەیخوێنیتەوە."

لە نێـوان هـەواڵەکـانی کۆبوونەوەی تایبـەت بە هـەڵبـژاردنەکـان، گـەیشـتـنی ئـامـپـول لە ئەرزەڕوومـەوە و تاقـیکردنەوەی لە قـوتابـخـانـە ئـامـادەییـیـەکـان و هـەواڵێک سـەبارەت بە دواخـسـتـنی پارەی ئـاو لەلایەن شـارەوانیی قـارسـەوە بۆ

دوو مانگی تر وەک یارمەتی بۆ دانیشتووان، (کا) هەواڵێکی تری خوێندەوە پێشتر لە نێوان ئەو هەموو هەواڵەدا هیچ سەرنجی ڕانەکێشابوو:

## بەفر ڕێگە و بانەکانی گرتووە

"ئەو بەفرەی ماوەی دوو ڕۆژە بێ ناوبەر دەبارێت، هەموو پێوەندییەکانی شارەکەمانی بە جیهانەوە پچڕاندووە. دوێنێ بەیانی ڕێگەی ئەردەهان بەسترا، دوانیوەڕۆش ڕێگەی ساریقامیش داخرا. بەهۆی بارین و کەڵەکەبوونی بەفرێکی زۆریشەوە لە ناوچەی یۆڵگەچمەز، ڕێگەی ئەرزەڕووم داخراوە و ئەمەش وای کردووە پاسێکی کۆمپانیای یەڵماز نەگاتە ئەرزەڕووم و بگەڕێتەوە بۆ قارس. بەڕێوەبەرایەتیی کەش و هەواش ڕای گەیاندووە شەپۆلی سەرما و کلووی گەورەی بەفری سەرچاوەگرتوو لە سیبریاوە هەتا سێ ڕۆژی تر درێژەی دەبێت، شاری قارس وەک زستانەکانی ڕابردوو ماوەی سێ ڕۆژ بەدەست گۆشەگیرییەوە دەناڵێنێت و ئەمەش هەلێک دەبێت بۆ بە خۆداچوونەوە و خۆڕێکخستنەوە."

(کا) ویستی بڕوات، سەردار بەگ بەرزەپێ ڕاپەڕی، دەستی گرت بە دەرگاکەوە تا دوایین قسەی خۆی پێ بڵێت:

"کێ دەزانێت تورگوت بەگ و کچەکانی بە بۆچوونی خۆیان چیت بۆ دەگێڕنەوە! ئەوانە خەڵکانێکی دڵگیرن لە دانیشتنی ئێواراندا، بەڵام لە بیرت نەچێت: پیاوی پێشووی ئیپەک خاتوون پاڵێوراوی پارتی خوایە بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی شارەوانی. قەدیفەی خوشکی ئیپەکیش، باوکی بەنیازی خوێندن لەتەک خۆیدا بۆ ئێرەی هێناوە و دەگوترێت سەردەستەی کچانی سەرپۆش بەسەرە. باوکیشیان کۆنە کۆمۆنیستە. ئەمڕۆ تاقە کەسێک لە قارسدا نییە بزانێت ئەمانە بۆچی چوار ساڵ لەمەوبەر لە خراپترین ڕۆژگارەکانی قارسدا هاتنە ئێرە؟"

(کا)، ئەگەرچی بەجارێک زۆر شتی مایەی نیگەرانبوونی خۆی بەر گوێ کەوت، بەڵام هیچیانی بەسەر خۆی نەهێنا.

٤

# بەڕاستی لەبەر هەڵبژاردن و خۆکوشتنەکان هاتوویت بۆ ئێرە؟

## (کا) و ئیپەک لە شیرینیخانەی ژیانی نوێ

ئەرێ سەرەڕای بیستنی ئەو هەموو هەواڵە خراپە، ئەو خەندە نادیارە چی بوو بە ڕووی (کا)وە کاتێک لە شەقامی فایەق بەگەوە بەرەو شیرینیخانەی ژیانی نوێ دەچوو؟ لە گوێیدا (ڕۆبێرتا)ی (پەپینۆ دی کاپری) زرنگایەوە، وەک پاڵەوانی ڕۆمانی (تورگەنیەڤ) لە کاتی چوونیدا بۆ ژوانی ئەو ژنەی چەندین ساڵە خەیاڵی لێ داوە، خۆی ڕۆمانتیک و خەمبار دەهاتە پێش چاو. (کا)، تورگەنیەڤ و ڕۆمانە زەریفەکانی خۆش دەویست. تورگەنیەڤ لە ئەوروپاوە خەون بە وڵاتی خۆیەوە دەبینێت، چونکە پێشتر بەهۆی کێشە لە بڕانەوە نەهاتووەکانییەوە ماندوو بووە، لە بەرچاوی کەوتووە و جێی هێشتووە. بەڵام ڕاستییەکیش هەیە با بیدرکێنم: (کا) بە پێچەوانەی ڕۆمانەکەی تورگەنیەڤەوە، ساڵانێکی درێژ خەونی بە ئیپەکەوە نەدیبوو. ئەوەندە هەبوو بیری لە ژنێکی وەک ئیپەک کردبووەوە و جاروباریش بەخەیاڵیدا هاتبوو، کاتێکیش زانیبووی لە مێردی جیا بووەتەوە، دیسان بیری لێ کردبووەوە. ئێستاش دەیەوێت بۆشاییی بیر نەکردنەوەی لە ئیپەک، بەو مۆزیکەی دەیشنەوێت و بە ڕۆمانسییەتی تورگەنیەڤ پڕ بکاتەوە تا بتوانێت پێوەندیەکی ڕاستەقینە و قوڵی لەگەڵدا دابنێت.

بەڵام کاتێک گەیشتە شیرینیخانەکە و لەسەر هەمان کورسی لە تەنیشت ئیپەکەوە دانیشت، هەستی ڕۆمانسییەتی تورگەنیەڤ لە خەیاڵیدا ڕەوییەوە. ئیپەکیش لەوە شۆختر دەینواند وەک ئەوەی ئەم یەکەمجار لە هۆتێل و

پێشتریش لە ساڵانی زانکۆدا دیبووی. کاریگەریی جوانییەکەی، لێوە سووک ڕەنگراوەکانی، ڕەنگی کەمێک زەرهەڵگەڕاوی پێستی دەموچاوی، بریقەی چاوەکانی و دڵگیرییەکەی یەکسەر هەستی نێزیکییان لە ناخی مرۆڤدا دەورووژاند و ئەمیان شڵەژاند. ئیپەک، ساتێک بەشێوەیەکی هێندە بەهێز دڵگیر هاتە پێش چاو، بەجۆرێک ئەم ترسی ئەوەی هەبوو سرووشتی نەبێت. ئەمەش، لە دوای ترسی لە نووسینی شیعری خراپ، ترسی دووەم بوو لە ژیانیدا.

(کا) بەخەیاڵی کردنەوەی بابەتێکەوە گوتی: "لە ڕێگەدا بەرەو ئێرە کۆمەڵێک کرێکارم دی بەشێوەی هەڵواسینی پەتی تەناف لە (تەلەڤزیۆنی قارس سەرحەد)ەوە کابڵ بۆ هۆڵی شانۆی گەل ڕادەکێشن. بەڵام بەدەم قسەکانی خۆیەوە پێ نەکەنی، چونکە نەیویست خۆی وا پێشان بدات وەک ئەوەی سووکایەتی بە ژیانی خەڵکی ناوچەکە بکات.

وەک جووتێکی نیازپاک و خاوەن بڕیار بەدوای چەند بابەتێکی هاوبەشدا گەڕان تا بەئارامی قسەی لەسەر بکەن. هەر کاتێک بابەتێک تەواو دەبوو، ئیپەک زۆر وەستایانە پێ دەکەنی و بابەتێکی تری دەدۆزییەوە؛ بەفر بارین، هەژاریی قارس، پاڵتۆکەی (کا)، ئەو گۆڕانانەی بەسەر هەردووکیاندا هاتووە، واز نەهێنان لە جگەرەکێشان، ئەو کەسانەی (کا) لە ئەستەنبوڵ دیبوونی... مردنی دایکی هەردووکیشیان و ناشتنیان لە گۆڕستانی فەریکۆی لە ئەستەنبوڵ لەسەر خواستی خۆیان، ئەمانی زیاتر لە یەکتر نێزیک کردەوە. کاتێک بۆیان ئاشکرا بوو هەردووکیان هەمان بورجیان هەیە، بە ئاسوودەییەکی کورتخایەنی دەرهاویشتەی هەستی لەیەک نێزیکبوونەوەی ژن و پیاوەوە، –ئەگەرچی دەستکردیش بێت– لە قسەکانیاندا چەندین بابەتیان هێنا و برد: ڕۆڵی دایک لە ژیانیاندا (بەکورتی)؛ وێستگەی کۆنی شەمەندەفەری قارس بۆ ڕووخێندرا (درێژتر)؛ شوێنی ئەم شیرینیخانەیەی ئەمانی لێ دانیشتوون هەتا ساڵی ١٩٦٧ کڵێسایەکی ئۆرتۆدۆکس بووە و ئێستا دەرگای کڵێسا ڕووخێنراوەکە لە مۆزەخانەدا شاردراوەتەوە؛ بەشی

تایبەت بە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان لە مۆزەخانەدا (هەندێک لە گەشتیاران لە سەرەتادا وا حاڵی بووبوون ئێرە جێگەیەک بێت سەبارەت بە کوشتنی ئەرمەنەکان لە لایەن تورکەوە، بەڵام دواتر پێچەوانەکەی تێ گەیشتبوون)؛ گارسۆنی گوێ گران و نیوە خەیاڵی؛ نەفرۆشتنی قاوە لە چایخانەکانی قارسدا بەهۆی ئەوەی بێکاران لە بەر گرانی نایخۆنەوە؛ بۆچوونی سیاسیی ئەو ڕۆژنامەنووسەی (کا) دەگەڕێنێت و ڕۆژنامەنووسانی تر (هەموویان پشتیوانی لە سوپا و حکوومەتی هەنووکەیی دەکەن)؛ ژمارەی سبەینێی ڕۆژنامەی شاری سەرحەد. (کا) لەو ساتەدا لە گیرفانیی دەرهێنا.

ئەو دەمەی ئیپەک بەوردی خەریکی خوێندنەوەی پەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکە بوو، (کا) ترسی ئەوەی لێ نیشت تاکە ڕاستی بەلای ئیپەک و بەلای هاوڕێ دێرینەکانیشییەوە، ئەوانەی لە ئەستەنبوڵ دیبوونی، ئازارە قوڵەکان و جیهانی سیاسیی پەرێشانی تورکیا بێت و بەهیچ جۆرێک بەخەیاڵی ئیپەکدا نەیەت لە ئەڵمانیا بژی. بەدرێژی سەیری دەستە بچووکەکانی ئیپەک و دەموچاوی شیرینی کرد و هێشتا بەلای ئەمەوە تا ڕادەی سەرسووڕمان بە جوانی مابوونەوە.

ئیپەک بە پێکەنینێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە لێی پرسی: "بە کام پەرەگراف و بۆ ماوەی چەند ساڵ سزا درایت؟" (کا) بەسەرهاتەکەی بۆی گێڕایەوە. لە کۆتاییی هەفتاکاندا لە تورکیا، دەکرا هەموو شتێک لە ڕۆژنامەیەکی سیاسیی بچووکدا بڵاو بکرێتەوە، هەموو کەسێک بۆی هەبوو دادگایی بکرێت، بەو پەرەگرافەی یاسای سزادان سزا بدرێت و شانازیشی پێوە بکات، بەڵام کەس نەدەچووە زیندانەوە، کاتێک نووسەر و سەرنووسیار و وەرگێڕەکان ناونیشانی خۆیان دەگۆڕی، پۆلیس ڕەشمەی زۆر ڕانەدەکێشا و بەدوایاندا نەدەگەڕا. بەڵام دواتر کاتێک کودەتای سەربازی ڕووی دا، لەبەرەوە دەست کرا بە دەستگیرکردنی ئەوانەی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان دەگۆڕی. (کا) لەسەر وتارێک کە خۆی نەینووسیبوو، بگرە نەیخوێندبووە و بەپەلە بڵاو کرابووەوە، سزا درابوو، بۆیە بۆ ئەڵمانیا هەڵهاتبوو.

ئیپەک پرسی: "ئەڵمانیا سەخت بوو بۆت؟"

(کا) گوتی: "ئەوەی لێی دەترسام، فێربوونی زمانی ئەڵمانی بوو. جەستەم لە بەرامبەر ئەڵمانیدا خۆی ڕاگرت و لە ئاکامیشدا سادەیی و ڕۆحی خۆم پاراست." (کا) لەپڕ هەموو شتێکی گێڕایەوە و لەوە ترسا خۆی دەم بەخەندە پێشان بدات، بەڵام شادمان بوو بەوەی ئیپەک گوێی بۆی ڕاگرتبوو. چیرۆکی خامۆش و نوقمبووی ناو هەناوی و نەبوونی توانای شیعرنووسینی لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا گێڕایەوە. ئەوە چیرۆکێک بوو کەسی تر پێی نەدەزانی.

"لە نێزیک وێستگەی شەمەندەفەر خانوویەکی بچووکم بەکرێم گرتووە پەنجەرەیەکی هەیە دەڕوانێت بەسەر سەربانەکانی فرانکفورتدا. ئێواران لە ماڵەوە لە جۆرێک بێدەنگیدا بیرم لە ڕۆژی بەسەربردوو دەکردەوە، ئەمەش هانی دەدام بۆ شیعر نووسین. دواتر کۆچبەرانی تورک، ئەوانەی بیستبوویان من وەک شاعیر کەمێک لە تورکیا ناسراوم و ئەو شارەوانییانەی دەیانویست تورکەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، کتێبخانەکان، قوتابخانەکانی پلە سێ و ئەو دەستە و تاقمانەی دەیانویست منداڵەکانیان بە شاعیرێکی تورکینووس ئاشنا بکەن، کەوتنە بانگهێشتکردنم بۆ شیعر خوێندنەوە."

(کا) شەیدای نەزمی کار شەمەندەفەرەکانی فرانکفورت و گەیشتنی لە ئان و ساتیاندا بوو. هەر جارێک سواری دانەیەکیان دەبوو، لە پەنجەرە هەڵمگرتووەکانەوە دەیڕوانییە بورجی نازداری کڵێساگەلی گەڕەکەکانی کەنار شار، تاریکاییی ناو جەرگەی دارستانی دارە ڕەشەکان، منداڵانی تەندروست کاتێک جانتای قوتابخانە بە کۆڵەوە بەرەو ماڵ دەگەڕانەوە، دیسانەوە هەستی بە بێدەنگی دەکرد و لەبەر ئەوەی هیچ لە زمانی ئەم وڵاتە نەدەگەیشت، هەستی دەکرد لە نیشتمانە و لەسەر شیعرنووسینی خۆی بەردەوام دەبوو. ئەگەر بۆ شیعر خوێندنەوە بۆ شارێکی تر سەفەری نەکردبایە، سەعات هەشتی بەیانی لە ماڵ دەهاتە دەرێ، بە شەقامی کایزەردا تێ دەپەڕی و دەچووە کتێبخانەی شارەوانی لە شەقامی تسایل و لەوێ کتێبی دەخوێندەوە. (ئەوێ، هێندە کتێبی ئینگلیزی لێ بوو بەشی بیست تەمەنی منی دەکرد.)

(کا)، وەک ئەو منداڵانەی حەزیان لە هەموو شتێکەوە و دەزانن چاوی مەرگیان لێ دوورە، بەئارامی ڕۆمانەکانی سەدەی نۆزدەیەم، بەرهەمی شاعیرە ڕۆمانسییەکانی ئینگلیز، کتێبی تایبەت بە مێژووی ئەندازیاری و کاتەلۆگی مۆزەخانەکانی دەخوێندەوە. بەتایبەتیش شەیدای ڕۆمانەکانی سەدەی نۆزدەیەم بوو. لە کتێبخانەی شارەوانی پەڕەکانی هەڵدەدایەوە، سەیری ئەنسکلۆپیدیا کۆنەکانی دەکرد و لە بەردەم پەڕە نەخشێندراوەکاندا ڕادەوەستا. سەرباری ئەوەی لەگەڵ سەرلەنوێ خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی تورگەنیەڤدا دەنگی ژاوەژاو و جەنجاڵی شارێکی لە گوێیەکانیدا دەبیست، کەچی لە ناخەوە هەستی بە بێدەنگیی ناو شەمەندەفەرەکە دەکرد. هەرچەندە ئێواران ڕاگوزەری خۆی دەگۆڕی، بەبەردەم مۆزەخانەی جوولەکاندا بەدرێژاییی کەناری ڕووباری ماین ڕێگەی دەبڕی و لە کۆتاییی هەفتەشدا لەمبەری شارەوە دەپێوا بۆ ئەوبەری، بەدەم ڕێکردنەوە هەستی بەهەمان بێدەنگی دەکرد. (کا) گوتی: "پاش ماوەیەک ئەم ساتانەی بێدەنگی ئەوەندەیان جێ لە ژیانمدا داگیر کرد، بەجۆرێک ئەو هەرا و هوریا نەسرەوتەم نەدەبیست کە پێویست بوو بۆ شیعر نووسین بەرەنگاری ببمەوە. خۆبەخۆ لەگەڵ ئەڵمانەکاندا نەدەدوام، نێوانیشم لەگەڵ هەندێک لە تورکەکاندا خۆش نەبوو، چونکە منیان بە لووتبەرز و ڕۆشنبیر، یان نیمچە شێت دەزانی. کەسم نەدەدی، لەگەڵ کەسدا قسەم نەدەکرد و شیعریشم نەدەنووسی."

ئیپەک گوتی: "بەڵام ڕۆژنامەکە نووسیویەتی تۆ ئەم ئێوارەیە نوێترین شیعری خۆت دەخوێنیتەوە."

(کا) لە وەڵامدا گوتی: "من نوێترین شیعر شک نابەم تا بیخوێنمەوە."

لە شیرینیخانەکەدا، جگە لەوان، لاوێکی باریکەڵە و تەن بچووک و پیاوێکی لاوازی تەمەن مامناوەندی و ماندوو لە دامێنی مێزێکی تاریکی بەردەم پەنجەرەیەکدا دانیشتبوون. پیاوەکە بە ئارامی شتێکی بۆ لاوەکە ڕوون دەکردەوە. تیشکێکی پەمەیی دەیدا لەو بەفرە زۆرەی لە تاریکاییی پەنجەرە گەورەکەی پشت سەریانەوە دەباری. لە سووچێکی پەڕی شیرینیخانەکەدا

کەوتبوونە گفتوگۆیەکی قوڵەوە، دوو کەسەکە وەک بەشێک لە فیلمێکی ڕەش و سپیی خراپ دەهاتنە پێش چاو.

ئیپەک گوتی: "قەدیفەی خوشکم لە تاقیکردنەوەکانی ساڵی یەکەمی زانکۆدا دەرنەچوو، بەڵام لە ساڵی دووەمدا توانی لە پەیمانگەی پەروەردەی ئێرە وەربگیردرێت. ئەو پیاوە لاوازەی لەو پەڕەوە لە پشتی منەوە دانیشتووە، بەڕێوەبەری پەیمانگەکەیە. بابم، خۆشکمی زۆر خۆش دەوێت، بۆیە دوای مردنی دایکم لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا، بڕیاری دا بگوازێتەوە ئێرە بۆ کن ئێمە. کاتێک ئەو پێش سێ ساڵ هاتە ئێرە، من لە موختار جیا بووبوومەوە. هەمووومان پێکەوە جێگیر بووین. لەگەڵ خزمەکانماندا لەو هۆتێلەی پڕ لە خێو و گیانی مردووواندا هاوبەشین. ئێمە لە سێ ژووردا دادەنیشین."

لە ساڵانی زانکۆ و ڕێکخراوە چەپەکاندا هیچ نێزیکبوونەوەیەک لە نێوان (کا) و ئیپەکدا نەبوو. کاتێک ئەم بە حەڤدە ساڵی بە ڕێڕەوەکانی کۆلێجی ئەدەبیاتدا تێ دەپەڕی، وەک زۆر کەسانی تر لە سایەی شۆخی و جوانییەکەیدا، یەکسەر هەستی بە هەبوونی ئیپەک کردبوو. ساڵی دواتر کاتێک ئیپەکی دیتەوە، شووی کردبوو بە موختاری شاعیر، ئەویش ئەندامی هەمان ڕێکخستنەکەی ئەم بوو، هەردووکیشیان قارسی بوون.

ئیپەک گوتی: "موختار لە باوکییەوە وەکالەتنامەی ئارچەلیک و ئای گازی بۆ مایەوە. لەبەر ئەوەی لە ساڵانی دوای گەڕانەوەماندا بۆ ئێرە منداڵم نەدەبوو، بەردەوام منی دەنارد بۆ لای پزیشکەکانی ئەرزەڕووم و ئەستەنبوڵ. هەر لە سۆنگەی منداڵ نەبوونیشەوە لە یەکتر جیا بووینەوە. بەڵام موختار لەبری ئەوەی دووبارە ژن بهێنێت، خووی دایە ئاین."

(کا) پرسی: "بۆچی لێرە هەموو کەسێک خوو دەداتە ئاین؟"

ئیپەک وەڵامێکی پێ نەبوو، هەردووکیان ساتێک نیگایان بڕییە تەلەڤزیۆنی ڕەش و سپیی سەر دیوارەکە.

(کا) پرسی: "بۆچی ئەو هەموو کەسە لەم شارەدا خۆیان دەکوژن؟"

ئیپەک لە وەڵامدا گوتی: "هەموو کەسێک نا، کچانی گەنج و ژنان خۆیان دەکوژن. پیاوان خوو دەدەنە ئاین و ژنانیش خۆیان دەکوژن."

"بۆچی؟"

ئیپەک بەجۆرێک سەیری کرد، (کا) هەستی کرد ڕەهەندێکی بێ ڕێزی و بێ شەرمی لە پرسیارەکەی و لە شێوازی گەڕانی بەدوای وەڵامێکی خێرادا هەیە. کەمێک بێدەنگ بوون.

(کا) گوتی: "بۆ ڕاپۆرتەکەم دەربارەی هەڵبژاردنەکان پێویستە موختار ببینم." ئیپەک هەڵسا، بەرەو قاسەی شیرینیخانە هەنگاوی نا، تەلەفۆنێکی کرد، گەڕایەوە و بەدەم دانیشتنەوە گوتی: "تا سەعات پێنج لە بارەگای لقی پارێزگای پارتی چاوەڕێت دەکات."

بێدەنگی باڵی بەسەر دانیشتەکەیاندا کێشا و (کا) خەم دای گرت. ئەگەر ڕێگەکان دانەخرابانەیە، ئێستا بە سواری یەکەم پاس لێرە هەڵدەهات. بەزەیییەکی قوڵی بە دەمەوئێوارانی قارس و دانیشتووانی لە بیرکراویدا هاتەوە. هەر لە خۆیەوە چاوی بڕیبووە بەفرەکە. هەردووکیان، وەک دوو کەسی خاوەن کات و گوێ نەدەر بە ژیان، ساتێکی درێژ سەیری بەفرەکەیان کرد. (کا) خۆی زۆر بێچارە دەهاتە پێش چاو.

ئیپەک لێی پرسی: "بەڕاستی لەبەر هەڵبژاردن و خۆکوشتنەکان هاتوویت بۆ ئێرە؟"

(کا) گوتی: "نەخێر، لە ئەستەنبوڵ بیستم تۆ لە موختار جیا بوویتەوە. بەمەبەستی زەماوەندکردن لەگەڵ تۆدا بۆ ئێرە هاتووم."

وەک ئەوەی ئەمە گاڵتەیەکی خۆش بێت، ئیپەک تاوێک پێ کەنی، لێ هێندەی نەبرد ڕووی سوور هەڵگەڕا. دوای بێدەنگییەکی درێژ، لە چاوی ئیپەکدا هەستی کرد ژنەکە شتەکان وەک ئەوەی هەیە، دەبینێت. چاوەکانی ئیپەک دەیانگوت: "هێندە بێ ئۆقرەیت، ناتوانیت ساتێکی کورتیش نیازی خۆت بشاریتەوە و بە وشەی شیرین ختووکەی هەستم بدەیت. هۆی هاتنەکەت بۆ

ئێره خۆشویستنی من و بەتایبەتی بیرکردنەوە لە من نییە، بگرە زانیوتە جیا بوومەتەوە، جوانییەکەمت بیر کەوتووەتەوە و نیشتەجێبوونی منت لە قارس بە خاڵی لاوازم داناوە، بۆیە هاتوویت."

(کا) بەمەبەستی سزادانی ئارەزووی بێ شەرمانەی خۆی لە پێناوی بەختەوەریدا کە ئیدی بەتەواوی بۆی بووبوو بە مایەی شەرم، پێشبینی کرد ئیپەک بێ بەزەییانە بیر لە شتێکی تریش دەکاتەوە سەبارەت بە هەردووکیان: "ئەوەی بەیەکمان دەگەیەنێت، کەمبوونەوەی ئەو شتانەیە کە لە ژیاندا چاوەڕێیان دەکەین." بەڵام ئیپەک شتێکی تری گوت تەواو پێچەوانەی پێشبینییەکانی (کا) بوو: "من بەردەوام ڕام وا بوو تۆ دەبیت بە شاعیرێکی باش. پیرۆزباییت لێ دەکەم بۆ کتێبەکانت."

لە شیرینیخانەکەش، وەک لە سەرجەم چایخانە، ڕێستۆرانت و هۆتێلەکانی قارس، لەبری دیمەنی چیاکانی قارس، دیمەنی چیاکانی ئالپی سویسرا هەڵواسرابوون، ئەگەرچی دانیشتووان شانازیشیان بە چیایەکانی خۆیانەوە دەکرد. گارسۆنی بەساڵاچوو، پێش کەمێک دوو چای بۆیان هێنابوو، ئێستا لە نێوان ڕیزە سینیی پڕ لە چۆرەک و شۆکۆلاتەدا کە کاغەزە چەور و زەرکەفتەکانیان لەبەر ڕۆشنایی لاوازی گڵۆپەکاندا دەبریسکانەوە، لە تەنیشت کاسەکەوە، ڕوو لەمان و پشت لە مێزەکانی دواوە، بە کامەرانی سەیری تەلەڤزیۆنی ڕەش و سپیی قەد دیوارەکەی دەکرد. (کا) ئامادە بوو، جگە لە چاوی ئیپەک، سەیری هەموو شتێکی تر بکات، بۆیە چاوی لە فیلمی ناو تەلەڤزیۆن بڕی. لەو فیلمەدا، ژنە ئەکتەرێکی چاوشین و قژزەردی تورک بە مایۆوە بەسەر لمی کەنار دەریادا ڕای دەکرد، دوو پیاوی سمێڵ بابڕ ڕاویان دەنا. لاوە باریکەڵە و تەن بچووکەکەی دەوری مێزێکی ئەوپەڕی شیرینیخانە لەو کاتەدا هەڵسایە سەرپێ، ڕووی دەمانچەی دەستی لە بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردە کرد و چەند شتێکی پێی گوت. (کا) بەباشی گوێی لە قسەکان نەبوو. دواتر تێ گەیشت لەگەڵ وەڵامدانەوەی بەڕێوەبەردا، زرمە لە دەمانچەکە هەڵسێندراوە. بە دەنگی ناڕوونی دەمانچەکەدا نا، بگرە بەوەدا

زانی تەقە کراوە، کاتێک بینی بەڕێوەبەر لە تاو ئازاری ئەو فیشەکانەی بەری کەوتبوون، لە کورسی کەوتە خوارەوە.

ئیپەکیش ڕووی خۆی وەرگێڕابوو، ئەویش سەیری هەمان دیمەنی دەکرد. یارۆی پیرە گارسۆن لە شوێنی کەمێک لەمەوبەری خۆی نەمابوو. لاوە باریکەڵە و تەن بچووکەکە لە شوێنی خۆی هەڵسابووە سەرپێ و ڕووی دەمانچەی دەستی لە بەڕێوەبەر کردبوو. بەڕێوەبەریش چەند شتێکی پێ دەگوت. لەبەر دەنگی تەلەڤزیۆنەکە نەدەزانرا چ دەڵێت. لاوی باریکەڵە و تەن بچووک، دوای ئەوەی سێ فیشەکی تری بە جەستەی بەڕێوەبەرەوە نا، لەپڕ لە دەرگایەکەوە چووە دەرێ و ون بوو. (کا) بەهیچ جۆرێک چارەی کابرای نەدی. ئیپەک گوتی: "با بڕۆین. با لێرە ڕانەوەستین."

ئەم بە دەنگێکی نووساوەوە گوتی: "فریا کەون!" دواتر گوتی: "با تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەین." بەڵام لە شوێنی خۆی نەجووڵا. پاشان بەدوای ئیپەکدا هەڵهات. نە لە نێوان دەرگای دوودەریی شیرینیخانە و نە لەسەر پلیکانەکان کەس بەدی نەدەکرا. ئەمان بەخێرایی بەسەر پلیکانەکاندا چوونە خوارێ.

لەپڕ خۆیان لەسەر شۆستە بە بەفر داپۆشراوەکان دیتەوە و بەپەلە دەستیان کرد بە ڕۆیشتن. (کا) بیری لەوە کردەوە کەس دەرچوونی ئەوانی لەوێوە نەدیوە، ئەمەش سووکنایی بە دڵیدا دەهێنا، چونکە وا هەستی دەکرد خۆی تاوانەکەی ئەنجام دابێت. وای دەزانی سزای پڕ بە پێستی دەربڕینی ئارەزووی خۆی بۆ زەماوەند وەرگرتووە، بۆیە ئێستا شەرمی بە خۆیدا دەهاتەوە و لە دەربڕینی ئەو ئارەزووە پەشیمان بوو. نەیدەویست چاوی بەهیچ کەسێک بکەوێت.

کاتێک گەیشتنە گۆشەی شەقامی کازم قەرەبەکر، (کا) لە زۆر شت دەترسا، بەڵام بەختەوەر بوو بەو کامەرانییە بێدەنگەی لە پای هەبوونی ڕازێکی هاوبەش لەگەڵ ئیپەکدا وەبەرهاتبوو. لەبەر ڕۆشناییی گڵۆپێکی ڕووتەڵەدا کە سندووقی پرتەقاڵ و سێوی پێش دەرگای خانی خالید پاشای ڕووناک دەکردەوە و لە جامخانەی سەرتاشخانەکەی ئەولاتردا دەشکایەوە،

فرمێسکی لە چاوەکانی ئیپەکدا دی و شڵەژا.

ئیپەک گوتی: "بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردە مۆڵەتی بە چوونە ژوورەوەی کچە قوتابیانی سەرپۆش بەسەر نەدەدا، بەستەزمانە لەبەر ئەو هۆیە کوژرا."

(کا) گوتی: "با پۆلیس ئاگادار بکەینەوە." دەستبەجێ ئەوەی بیر کەوتەوە چەپەکان سەردەمانێک نەفرەتیان لەم ڕستەیە دەکرد.

ئیپەک گوتی: "هەرچۆنێک بێت خۆیان تێ دەگەن. لەوانەیشە ئێستا بە هەموو شتێکیان زانیبێت." پاشان پەنجەی ڕاکێشا بۆ دەروازەی خانەکە و گوتی: "بارەگای لقی پارتی ڕەفا لە نهۆمی دووەمە لە سەرەوە. ئەوەی بینیت بۆ موختاری بگێڕەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر میت بەسەریاندا دا تووشی حەپەسان نەبێت. با ئەمەشت پێ بڵێم: موختار دەیەوێت سەرلەنوێ بمخوازێتەوە، کاتێک قسەی لەگەڵدا دەکەیت، ئەمەت لە بیر نەچێت."

٥

## مامۆستا بۆم هەیە پرسیارێکت لێ بکەم؟

## دوایین گفتوگۆی نێوان بکوژ و کوژراو

بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردە کە کوڕە لاواز و باریکەڵەکە لە شیرینیخانەی ژیانی نوێ بە پێش چاوی (کـا) و ئیپیەکەوە چەند فیشەکێکی بە سنگ و سەرییەوە نا، ئامێرێکی بچووکی دەنگ تۆمارکردن لە مارکەی (گروندیک) لەلایەن کارمەندە وردبین و شارەزاکانی سەر بە لقی قارسی دەزگای هەواڵگریی میللی -میت- بە پارچەیەک لەزگەی باریک لەسەر لەشی جێگیر کرابوو. بەڕێوەبەر، بەهۆی ئەوەی مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی کچانی سەرپۆش بەسەری بۆ پەیمانگە و پۆلەکان نەدەدا، هەم خۆی چەند هەڕەشەیەکی پێ گەیشتبوو، هەم فەرمانبەرانی سڤیلی دەزگای میت-یش لە قارس هەندێک هەواڵیان لەو بارەیەوە لە دەوروبەرە ئاینییەکانەوە کۆ کردبووەوە، بۆیە پێشنیازی پاراستنیان بۆی کردبوو، بەڵام بەڕێوەبەر، سەرباری ئەوەی پیاوێکی لایست بوو، هێندەی باوەڕمەندێکی خواپەرست باوەڕی بە چارەنووس هەبوو، حسێبی ئەوەی کردبوو لەبری ئەوەی پاسەوانێکی دێو ئاسا بخەنە هاوشانی، باشتر وایە دەنگی هەڕەشەکاران تۆمار بکات و دواتر بە گرتیان بدات. کاتێک بەمەبەستی خواردنی چۆرەکی گوێزدار چووە شیرینیخانەی ژیانی نوێ، سەیری کرد کەسێکی نەناسراو لێی نێزیک دەبێتەوە. ئەمیش ئەو کارەی کرد کە پێویست لەم جۆرە ڕەوشانەدا بیکات و تۆمارکەری ژێر جلوبەرگەکانی داگیرساند. ئامێری تۆمارکردن نەیتوانی ژیانی بەڕێوەبەر ڕزگار بکات، بەڵام سەرەڕای پێکانی بە دوو فیشەک لە کار

نەکەوتبوو. من دواتر لە ڕێی بێوەژنی دوای چەندین ساڵ هێشتا چاو بە فرمێسکی بەڕێوەبەری خوا لێخۆشبوو، و کچەکەیەوە کە فۆتۆمۆدێلێکی ناسراوی لێ دەرچووبوو، دەقی گفتوگۆی کاسێتی ناو ئامێری تۆمارکردنەکەم دەست کەوت.

"سڵاو مامۆستا، دەمناسنەوە" / "نا، نایەتەوە یادم." / "منیش هەروای بۆ چووبووم مامۆستام، چونکە پێشتر یەکترمان نەناسیوە. دوێنێ ئێوارە و ئەم بەیانییە دوو جار هەوڵم دا قسەتان لەگەڵدا بکەم. دوێنێ پۆلیس لە بەردەم دەرگای پەیمانگە گەڕاندمیانە دواوە. ئەم بەیانییە توانیم بێمە ژوورەوە، بەڵام سکرتێرەکەتان نەیهێشت بگەم بە دیدەنیتان. منیش ویستم بەر لەوەی بچنە پۆلەوە، لە بەردەم دەرگادا خۆمتان پێشان بدەم. لەو دەمەدا منتان بینی. ئەمەتان دێتەوە بیر مامۆستام؟" / "نا، بیرم نایەت." / "بیرتان نایەت منتان دیبێت؟" / "دەتانویست باسی چیم لەگەڵدا بکەن؟" / "ڕاستییەکەی، دەمەوێت چەندین سەعات و ڕۆژ لەگەڵ ئێوەدا قسە لەسەر هەموو شتێک بکەم. پرۆفیسۆرێکی شارەزا و مرۆڤێکی زۆر بەڕێز و خوێندەوار و رۆشنبیرن. ئێمە بەداخەوە نەمانخوێندووە، بەڵام لە بابەتێکدا زۆرمان خوێندووە، ئەویش مژارێکە دەمەوێت لەگەڵ ئێوەدا گفتوگۆی لەسەر بکەین. بمبوورن مامۆستام، خۆ لە کاتتان ناگرم، وا نییە؟" / "ئەستەغفیروڵا." / "بمبوورن، بە یارمەتیتان دەتوانم دانیشم؟ چونکە بابەتێکی هەمەلایەنە." / "فەرموون، تکا دەکەم." / "دەنگی ڕاکێشانی کورسی و دانیشتن دێت." / "چۆرەکی گوێزدار دەخۆن مامۆستام. لە تۆکاتی لای ئێمە دارگوێزی زۆر گەورە هەن. ئایا هیچ سەرتان لە تۆکات داوە؟" / "بە داخەوە، نەخێر. " / "زۆر بە داخەوە مامۆستام. ئەگەر بێن، دەبنە مێوانی من. هەموو تەمەنی خۆم، تەواوی سی و شەش ساڵەکەم لە تۆکات بەسەر بردبووە. تۆکات زۆر دڵگیرە. تورکیاش فرە شیرین و ڕەنگینە. (کەمێک بێدەنگی)، بەڵام جێی داخە وڵاتی خۆمان ناناسین و هاوڵاتیانی خۆمان خۆش ناوێت. تەنانەت بێ ڕێزی نواندن و ناپاکیکردن لەم میللەتە بە ماریفەت دادەنرێت. بمبوورن مامۆستام، مۆڵەتم دەدەن پرسیارێکتان لێ بکەم،

ئێوە خوانەناسن، وا نییە؟" / "نا، نیم. " / "وا دەڵێن، بەڵام منیش هیچ باوەڕ ناکەم کەسێکی خوێندەواری وەک ئێوە -دوور بێت- نکۆڵی لە هەبوونی خوا بکات. پێویست بە گوتنیش ناکات، بەڵام خۆ جوو نین، وا نییە؟" / "نا، نیم." / "موسڵمانن؟" / "سوپاس بۆ پەروەردگار، موسڵمانم." / "مامۆستام دەبینم بزەتان دێت، کەواتە تکایە ئەم پرسیارەم بەهەند وەربگرن و وەڵامم بدەنەوە، چونکە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەنەوە، بەم زستانە لە تۆکاتەوە بەناو بەفر و کرێوەدا گەیشتوومەتە ئێرە." / "لە تۆکات لە کوێوە ناوی منتان بیستووە؟" / "مامۆستا، ڕۆژنامەکانی ئەستەنبوڵ لەو بارەیەوە نانووسن ئێوە مۆڵەت نادەن کچانی ئێمەی سەرداپۆشراو و پێوەست بە ئاین و کتێبەوە بچنە ناو پەیمانگەوە. ئەوانە سەرقاڵی بێ ئابڕوویییەکانی کچگەلی مانکەنی ئەستەنبوڵن. بەڵام لە تۆکاتی دڵگیر ڕادیۆیەک هەیە بەناوی بایراق. لە هەر شوێنێکی وڵات نارەوایی بەرامبەر بە باوەڕمەندان بکرێت، ئەم هەواڵەکەی بە گوێگران دەگەیەنێت." / "من نارەوایی دەرهەق بە باوەڕمەندان ناکەم، منیش لە یەزدان دەترسم." / "مامۆستام، دوو ڕۆژە بە ڕێگە و بانی بەستەڵەک و تۆفەوەم؛ لە ناو پاسەکاندا هەر بیرم لە ئێوە دەکردەوە، باوەڕم پێ بکەن زۆر باشم دەزانی دەڵێن (من لە یەزدان دەترسم.) لەو کاتەدا لە خەیاڵی خۆمدا بیرم کردەوە ئەم پرسیارەتان لێ بکەم: ئەی پرۆفیسۆر نووری یەڵماز، ئەی مامۆستای بەڕێز، ئەگەر لە خوا دەترسن و باوەڕتان هەیە قورئانی پیرۆز فەرمایشتی یەزدانە، دە کەواتە پێم بڵێن بۆچوونتان سەبارەت بە ئایەتی سی و یەکەمی سورەتی نوور چییە؟" / "ئەم ئایەتە بە ئاشکرا داوا لە ژنان دەکات سەریان داپۆشن و تەنانەت ڕووی خۆشیان بشارنەوە." / "زۆر جوان و دروستتان فەرموو، سوپاس مامۆستام! کەواتە ئێستا دەتوانم پرسیارێک بکەم. باشە، ئەم فەرمانەی یەزدان چۆن گرێ دەدەنەوە بە ڕێگرتنتان لە چوونە ژوورەوەی کچانی سەرداپۆشراومان بۆ پۆلەکان؟" /"ڕێگرتن لە چوونە ژوورەوەی کچانی سەرداپۆشراو بۆ پۆلەکان و تەنانەت بۆ قوتابخانەکانیش، فەرمانی دەوڵەتی لایستمانە." / "بمبوورن مامۆستام، ئایا دەتوانم پرسیارێک

بکەم: مامۆستام، باشە فەرمانی دەوڵەت لە فەرمانی خوا گەورەترە؟" / "پرسیارێکی بەجێیە، بەڵام ئەم شتانە لە دەوڵەتێکی لایستدا لە یەکتر جیاوازن." / "زۆر ڕاستتان فەرموو مامۆستام، بهێنە با دەستتان ماچ بکەم، بهێنە مامۆستام، مەترسن، بڕوانن، تێر و پڕ دەستتانم ماچ کرد. ئۆهـ. خواتان لێ ڕازی بێت. ئێستا تێ گەیشتن چەند بەڕێزن لەکنم. مامۆستام، تکایە ئێستا دەتوانم پرسیارێک بکەم؟" / "فەرموون، تکا دەکەم." / "مامۆستام، باشە لایسیزیم واتای بێ ئاینی دەگەیەنێت؟" / "نەخێر." / "ئەی کەواتە کچانی سەرداپۆشراومان، ئەوانەی پەیڕەوی لە فەرمانەکانی ئاین دەکەن، بۆچی ڕێیان پێ نادرێت بچنە پۆلەکانەوە؟" / "بە خوا کوڕم، بە قسەکردن لەسەر ئەم بابەتانە ناگەینە ئەنجام. ئەوەتا ڕۆژ تا ئێوارە لە تەلەڤزیۆنەکانی ئەستەنبوڵدا قسە و باس لەسەر ئەم بابەتانە دەکرێت، بەڵام بە چی دەچێت؟ نە کچان سەرپۆشەکانیان فڕێ دەدەن و نە دەوڵەتیش مۆڵەتیان پێ دەدات بەو شێوەیە بچنە پۆلەکانەوە." / "باشە مامۆستام، دەتوانم پرسیارێک بکەم؟ توخوا بمبوورە، گەلۆ زەوتکردنی مافی خوێندنی کچانی سەرداپۆشراومان، ئەو کچە زیرەک و بەڕەوشت و خواپەرستانەی بەهەزار دەردی سەر پەروەردەمان کردوون، لەگەڵ دەستوور و ئازادیی پەروەردە و ئایندا یەک دەگرێتەوە؟ باشە بە ویژدانی ئێوە ڕەوایە؟ مامۆستام، تکایە وەڵامم بدەرەوە." / "ئەو کچانە ئەگەر ئەوەندە لە خواترس بوونایە، سەرپۆشەکانیان تووڕهەڵدەدا. کوڕم تۆ ناوت چییە و چ کارەیت؟" / "مامۆستام، لەسەر ئاگردانی چایخانەکەی خوار گەرماوی پەروانەوە لە تۆکات کاردەکەم. من لەوێ لێپرسراوی کتری و قۆری و ئاگردانم. ناوم ئەوەندە گرینگ نییە، ڕۆژ تا ئێوارەش گوێ لە ڕادیۆی بایراق دەگرم. هەندێک جار ئەنجامدانی ناڕەوایی لە دژی موسڵمانان لە کەللەم دەدات و جا مامۆستام، لەبەر ئەوەی من لە وڵاتێکی دیموکراتدا دەژیم، مرۆڤێکی ئازادم و بە ئارەزووی دڵی خۆم دەژیم، سواری پاس دەبم و خۆم دەگەیەنمە ئەو کەسەی لە کەللەمی داوە، جا لە هەر کوێیەکی تورکیا بێت، ڕووبەڕوو حسێبی ئەو ناڕەواییەی لێ

دەپرسم. لەبەر ئەوە تکایە مامۆستام وەڵامی پرسیارەکەم بدەرەوە. فەرمانی دەوڵەت گەورەترە، یان فەرموودەی خوا؟" / "کوڕم، ئەم گفتوگۆیە نامانگەیەنێتە هیچ شوێنێک. تۆ لە کام هۆتێل لات داوە؟" / "لای پۆلیس زمانم لێ دەدەیت؟ لە من مەترسە مامۆستام. ئەندامی هیچ ڕێکخراوێکی ئاینی نیم. نەفرەتیش لە تیرۆر دەکەم و بڕوام بە دانوستاندنی هزر و خۆشەویستی خوا هەیە. هەر لەبەر ئەوەشە من سەرەڕای ئەوەی کەسێکی خاوەن زانیاریی کەم و ئەزموونێکی سنووردارم لە ژیاندا، بەڵام لە دانوستانی هزردا هەموو کاتێک گوێڕایەڵ بووم. دەمەوێت تەنیا وەڵامی ئەو پرسیارەم بدەیتەوە. مامۆستام، بمبوورن، لە کاتێکدا لە سورەتەکانی ئەحزاب و نووری قورئانی پیرۆزی فەرموودەی خوادا ئەمە زۆر ئاشکرا ڕوون کراوەتەوە، باشە ئازاری ئەو کچانەی لە بەردەم پەیمانگە ڕێیان لێ دەگرن، بە ویژدانتانەوە نادات؟" / "کوڕم، قورئانی پیرۆز دەفەرموێت دەستی دزیش ببڕن، بەڵام دەوڵەتی ئێمە نایبڕێت. ئەی بۆچی لە دژی ئەمە ڕاناوەستیت؟" / "وەڵامێکی زۆر جوانە مامۆستام. دەستەکانتان ماچ دەکەم. بەڵام ئایا قوڵی دز و ئابڕووی ژنانی ئێمە دەخەنە هەمان تای تەرازووەوە؟ بەپێی ئامارێک کە لەلایەن موسڵمانی ئەمریکایی ڕەشپێست مارڤین گینگەوە ئەنجام دراوە، ڕووداوی دەستبردن بۆ ئابڕووی ژنان لەو وڵاتە ئیسلامییانەی ژنانیان سەرپۆش دەپۆشن، هێندە کەمە تا ڕادەی نەبوون و باسێکیش لە لاقەکردن نییە، چونکە ژنێکی سەرپۆش بەسەر، هەر لە سەرەتاوە لە ڕێی جەستەیەوە بە پیاوان دەڵێت: (تکایە دەست بۆ ئابڕووم مەبەن.) مامۆستام، تکایە دەتوانم پرسیارێک بکەم: ئایا دەمانەوێت بە بێ بەشکردنی ژنانی سەرداپۆشراو لە پەروەردە و تووڕدانیان بۆ دەرەوەی کۆمەڵگە و بە کردنی ژنانی سەر ڕووت بە تاجی سەر، ئابڕووی ژنانمان وەک سەردەمی دوای شۆڕشی سێکس لە ئەوروپا بە دوو ئانە بگۆڕینەوە و خۆیشمان، توخوا بمبوورن، ببین بە گەواد؟" / "کوڕم من چۆرەکەکەم تەواو کرد، بمبوورە، من دەڕۆم." / "دانیشە مامۆستام، دانیشە با ئەمە بەکار نەهێنم. ئەمە چییە مامۆستام، دەبینیت؟" / "دەمانچە." / "بەڵێ

مـامـۆسـتـام، بمبـوورن، من لەبەر ئێـوە ئەو هەمـوو ڕێگەیەم بڕیوە، کەسـێکی ئەوەنـدە دەبەنـگ و گـەوج نیم، گـوتم لـەوانەیـە گـوێم لـێ ڕانـەگـرن، بۆیـە ئەم تەگبیـرەم وەرگرت." / "کوڕم، ئێـوە ناوتـان چییـە؟" / "واحـید سـویزمـە، یان سـالم فـەشـمـەکـان، چ بایەخـێکی هەیە مـامـۆسـتـام. من لەم وڵاتـە لایست و ماتەریالیستەدا پارێزەرێکی بێ ناوی ئەو قارەمانە نەناسراوانەم کە لە پێناوی باوەڕی خـۆیاندا تێ دەکـوشـن و ڕووبەڕووی ناڕەوایی دەبنـەوە. ئەندامـی هیـچ ڕێکخـراوێک نیم. لایـەنگری مـافـەکـانی مـرۆڤم و خـۆشـیـم بە چارەی توند و تیـژیدا نایەت. لەبەر ئەوە دەمـانچەکـەم دەخەمـەوە گیرفـانم و لە ئێوە داواکارم تەنیـا وەڵامـی پرسـیـارێکم بدەنەوە." / "باشـە." / "مـامـۆسـتـام، ئەو کـچـانەی پەروەردەکردنیان چەندین ساڵی خایاندووە و هەریەکەیان سۆمای چاوی دایک و باوکـانیـانن، ئەو کـچـە زیرەک و هۆشـمـەندانەی هەمـوویان یەکـەمی پۆلەکانیـانن، بە فەرمـانێک کە لە ئەنقـەرەوە بۆتان هات، هەمـووتان فەرامـۆش کـردن. ئەوانەشـی ناویان لە تۆماری تاقیـکردنەوەکـاندا هەبوو، ئێوە بەبیـانووی ئەوەی لەچکدارن، ناوەکـانیـانتـان سڕییـەوە. کاتێک حـەوت قـوتابی، یەکێکیـان سـەرپۆش بەسـەر بوو، هاتنە کن مـامـۆسـتـاکـەیان، ئێـوە حسـێبی نەبووتان بۆ سـەرپۆش بەسـەرەکە کرد و داواتان لە چایچی کـرد شـەش چایان بۆ بهێنێت. حـسـێبـتـان بۆ ئەو کـچـانە نەکـرد و ئەوانتـان گـریاند. هەر بەوەنـدەشـەوە نەوەسـتـان. بە فـەرمـانێکی نوێ لە ئەنقـەرەوە، سـەرەتا دەروازەی پۆلەکـانتـان لێـیان گـرت و ئەوانتـان فـڕێدایە ڕێڕەوەکـانەوە، دواتریش دەرکـرانە دەرەوەی دەروازەی پەیمانگە. یەکێک لەو کـچـە قـارەمـانانەی کۆڵـی نەدا، سـەری ڕووت نەکـرد و بۆ پێـشـاندانی ناڕەزایی خـۆی، لە بەردەم دەرگـای پەیمانگەدا لە سەرمانـدا هەڵدەلەرزی، تەلەفۆنتان کرد و پۆلیستان بۆی بانگ کرد." / "ئێمە بانگی پۆلیسمـان نەکرد." / "مامۆسـتام، لە ترسـی دەمانچەکەی گیرفانم درۆم لەگـەڵدا مـەکـە. ئەو ڕۆژانەی پۆلیس کـچـانیـان دەدایە پێش خـۆیان و بۆ گرتووخـانە ڕاپێچیان دەکردن، ئێوە شەوان بە چ ویژدانێکەوە سـەرتان دەنایە سەر سەرین؟ ئەوەیە پرسیارەکەم." / "بێگومـان گۆڕینی سەرپۆش بۆ سیمبول

و بۆ گەمەیەکی سیاسی، کچانی ئێمەی زیاتر ناشاد کرد." / "گەمەی چی مامۆستام، یەکێک لەو کچانەی کەوتە نێوان بەرداشی خوێندن و ئابڕووەوە، چ جێی داخە خۆی کوشت. ئایا ئەوە گەمەیە؟" / "کوڕم، تۆ زۆر تووڕەیت، باشە هیچ بیرت لەوە کردووەتەوە هەندێک هێزی دەرەکی لە پشت گۆڕینی ئەم بابەتی سەرپۆشەوەن بۆ پرسێکی سیاسی بەمەبەستی پارچەکردن و لاوازکردنی تورکیا؟" / "مامۆستام، ئایا کچی سەرداپۆشراوی تر هەیە ئەگەر تۆ ئەمانە بکەیتە ژوورەوە؟" / "کوڕم، جا بە ویستی من دەبێت؟ ئەوە خواستی ئەنقەرەیە. هاوسەرەکەی منیش لەچکدارە." / "مامۆستام، چاپلووسیم لەگەڵدا مەکە و وەڵامی پرسیارەکەم بدەرەوە." / "کام پرسیار؟" / "ویژدانت ئازارت نادات؟" / "کوڕم، منیش باوکم، بێگومان منیش بۆ ئەو کچانە خەمگین دەبم." / "بڕوانە، من زۆر باش توانیم خۆم ڕابگرم، بەڵام من کەسێکی زۆر کەللەڕەقم، ئەگەر سەرم گەرم بێت، فیلم دەسازێنم. لە زینداندا لە زەلامێکم دا تەنیا لەبەر ئەوەی لە کاتی باوێشکداندا دەستی نەگرت بە دەمیەوە، هەموو قاوشەکەم پیاو کرد، سەرجەمیان دەستبەرداری خووە خراپەکانیان بوون و دەستیان دایە نوێژ. ئێستا تۆیش خۆتم لێ مەدزەوە و وەڵامی پرسیارەکەم بدەرەوە." / "چیت گوت کوڕم؟ ئەو دەمانچەیە داگرە." / "ئایا کچت هەیە، خەمگین دەبیت؟ ئەمەم نەپرسیبوو." / "ببوورە کوڕم، چیت پرسی؟" / "دەی، لە ترسی دەمانچەکەم ماستاوم بۆ سارد مەکەرەوە. بیهێنەوە بیری خۆت چیم لێت پرسیبوو." / (کەمێک بێدەنگی.) / "چیتان پرسیبوو؟ / "هەی بێ باوەڕ، پرسیم داخۆ ویژدانت ئازارت نادات؟" / "بێگومان ئازارم دەدات." / (کەواتە بۆ دەیکەیت هەی بێ ئابڕوو؟" / "کوڕم من مامۆستایەکم لە تەمەنی باوکی ئێوەدا. ئایا لە قورئانی پیرۆزدا فەرمانێک هەیە بفەرموێت دەمانچە هەڵکێشن و سووکایەتی بکەن؟" / "تۆ بۆت نییە ناوی قورئانی پیرۆز بهێنیت، باشە؟ بە ڕاست و چەپیشدا مەڕوانە بۆ گەڕان بەدوای یارمەتیدا. هاواریش بکەیت، تەختت دەکەم. ئێستا تێ گەیشتیت؟" / "تێ گەیشتم." / "کەواتە وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەرەوە: ڕووتکردنی سەری کچانی سەرداپۆشراو چی سوودێکی

دەبێت بۆ ئەم وڵاتە؟ هۆیەکم پێ بڵێ لە ناختەوە هەڵقوڵابێت و ویژدانت هەرسی کردبێت، بۆ نموونە بڵێ: ئەگەر سەریان ڕووت بکەن، ئەوا ئەوروپاییگەل زیاتر حسێبی مرۆڤیان بۆ دەکەن. هەر هیچ نەبێت لە مەبەستت تێ دەگەم، تەقەت لێ ناکەم و ئازادت دەکەم." / "کوڕی بەڕێزم، منیش کچێکم هەیە سەری ڕووتە. هەروەک چۆن کارم بەسەر دایکە سەرپۆش بەسەرەکەیەوە نییە، ئاواش کارم بەسەر ئەوەوە نییە." / "کچەکەت بۆچی سەری ڕووت کرد، دەیەوێت ببێت بە تیاترۆ؟" / "هیچ شتێکی لەو جۆرەی بە من نەگوتووە. لە ئەنقەرە بەشی زانستی پێوەندییە گشتییەکان دەخوێنێت. جێی داخە لەم مەسەلەی سەرپۆشەدا من بووم بە ئامانجی هەرە گەورە و داخ و ئازاری زۆرم چەشت. هەر کاتێکیش دووچاری بەدگۆیی، هەڕەشە، کەسانی تووڕە و مافداری وەک ئێوە و چاوسوورکردنەوەی دوژمنەکانم بووبم، کچەکەم پشتیوانی زۆری لێم کردووە. لە ئەنقەرەوە تەلەفۆنی کردووە و..." / "دەیگوت: ئەمان بابە، ددان بە خۆتدا بگرە، من دەمەوێت بچمە سەر شانۆ." / "نا کوڕم، وای نەدەگوت. دەیگوت: بابە، لە خۆم ڕانابینم بە سەری ڕووتەوە بچمە پۆلێکەوە گشت قوتابیانی ناوی سەرپۆش بەسەر بن و پێویستیش بێت من بە پێچەوانەی ویستی خۆمەوە سەرپۆش لە سەر بکەم." / "باشە چی ڕووی دەدا ئەگەر بە پێچەوانەی ویستی خۆیەوە سەرپۆشی لە سەر بکرایە؟" / "بە خوا کوڕم من لەم شتانە ناکۆڵمەوە. ئێوە داواتان کرد هۆیەکتان پێ بڵێم." / "کەواتە ئەی بێ ئابڕوو، تۆ بۆ ئەوەی کچەکەت لە سەفای خۆی نەکەوێت، کچانی باوەڕمەند و پەیڕەوکەری فەرمایشتەکانی خوا لە بەردەم دەروازەی پەیمانگە دەدەیتە دەم قامچیی پۆلیسەوە، دەیانچەوسێنیتەوە و زەمینە بۆ خۆکوشتنیان خۆش دەکەیت." / "هۆی کچەکەشم هەمان هۆی زۆربەی ژنانی تری تورکە." / "من تێ ناگەم سەماکەری تیاترۆخانەکان چ هۆیەکیان هەیە لە کاتێکدا لە سەدا نەوەدی ژنانی تورکیا لەچکدارن. شانازی بەخۆ ڕووتکردنەوەی کچەکەتەوە دەکەیت، تۆ ئەی بێ ئابڕووی زۆردار، ئەمە بخەرە مێشکتەوە، من پرۆفیسۆر نیم، بەڵام لەم بارەیەوە زۆر زیاتر لە تۆم

خـوێندووەتـەوە." / "بەڕێزم، تکایە ڕووی لوولەی چەکـەکـەتـان لە من مـەکـەن، ئەگـەر تـووڕە بن لە دەسـتـتـان دەردەچێت، دەیتـەقـێنن و لەوانـەیشـە دواجـار پەشـیـمـانی بچـێژن." / "بۆچی پەشـیـمـانی دەچێژم، من خـۆم دوو ڕۆژە بە ناو بەفـر و کـرێوەدا بەڕێـوەم بۆ ئەوەی سـەرزەمـین لە کـافـرێک پاک بکەمـەوە. قورئانی پیرۆز دەفەرموێت؛ کوشتنی زۆردارێکی چەوسێنەرەوەی باوەڕمەندان ئەرکە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەزەییم پێتدا دێتەوە، دوایین هەلت دەدەمێ: تەنیا یەک هۆم پـێ بڵـێ بە ویـژدانی تـۆ ڕەوا بێـت بۆ سـەر ڕووتـکـردنی کـچـانـی سـەرپۆش بەسـەر. ئەگـەر بە قـسـەم بکـەیت، سـوێندت بۆ دەخـۆم تەقـەت لێ ناکـەم." / "ئـەگـەر ژن سـەرپۆشـەکـەی لاداتە لاوە، پـایەیەکی گـونجـاوتر و سەنگینتر لە کۆمەڵدا بەدەست دەهێنێت." / "لەوانەیە بۆ کچەکەی تۆ وا بێت، چونکە دەیەوێت ببێت بە تیـاترۆجوو. بەڵام بە پێچەوانەوە، خـۆپێچانەوە، ژنانی لە پەلامـار و لاقـەکـردن پاراسـتـووە و هەڵسـووڕانیـانی لە کـۆمـەڵدا ئاسـانتـر کردووە. مـەلاحەت شـاندرای سـەماکەر و زۆرێکی تر لەو ژنانەی دواتر بڕیاری سـەرداپۆشـینیان داوە، ڕایان گـەیاندووە سـەرپۆش ژنی لەو ڕەوشـە دەرهێناوە لە پێناوی وەڵامـدانەوەی هـەوەسـە ئاژەڵییـەکانی لاوانی شـەقام و کـۆڵانەکاندا لەگـەڵ ژنانـی تردا بکەوێتـە ڕکـابـەری و هـەردەم هێنده سـووراو بـکات تا وەک دەعـبـایەکی بـەسـتـەزمـانـی بەسـەردێت. هـەروەک پرۆفـیـسـۆری ڕەشـپـێـسـتـی ئەمـریکایی مـاڤین گینگیش گوتوویەتـی، ئەگەر ئەکتـەری بەناوبانگ ئەلیـزابێت تـایلۆر لەم بیست ساڵەی دواییدا سـەرپۆشی لە سەر بکردایە، ئـەوا شـەرمی لە قـەڵەوییـەکـەی نەدەکـرد، نەدەکەوتە نـەخـۆشـخـانە و بەخـتـەوەر دەژیا. بمبـوورن مـامـۆسـتـام، دەتوانم پرسـیـارێک بکەم: بۆ پـێ دەکـەنیت مـامـۆسـتـام، بۆچی قسـەکانم هـێنده مـایەی پێکەنین؟ (کەمـێک بێـدەنگی.) کـوڕە هـەی بێ ئابڕووی خـوانەناس، قسـە بکە، بۆچی پێ دەکـەنیت؟" / "کـوڕی بەڕێزم، بڕوام پـێ بکەن پێ ناکەنم، ئەگەر پێکەنینیشم هاتبێت، ئـەوا لە تووڕەبوونمەوە بووە." / "نا، بە بـڕواوە پـێ کـــەنیت." / "کـــوڕی بـەڕێزم، مـنیش دڵم پـڕە لە ســـۆز و بەزەیی بەرامــبــەر بە کــەســانی وەک تۆ و هــەمــوو ئەوانەی لـەم وڵاتەدا لە ســۆنگەی

باوەڕمەندیاندا ئازار دەچێژن." / "بە خۆڕایی سالوسیم لەگەڵدا مەکە. من هیچ ئازار ناچێژم. بە پێکەنینەکەشتدا دیارە نیازی پەژیوانبوونەوەت نییە. بۆیە هەر ئێستا بارودۆخەکەت بۆ بەیان دەکەم. دادگای مجاهیدانی ئیسلامی لە مێژە سزای مەرگی بۆت بڕیوەتەوە، بڕیارەکەش پێنج ڕۆژ لەمەوبەر لە تۆکات بە کۆی دەنگ پەسەند کرا و منیشیان بۆ جێبەجێکردنی ناردووە. ئەگەر پێ نەکەنیبایت و پەشیمان بوویتایەوە، لەوانە بوو لێ ببوورم. ها ئەو کاغەزە بگرە و بڕیارەی کوشتنەکەت بخوێنەوە... (کەمێک بێدەنگی.) وەک ژن مەگری و بە دەنگی بەرز بیخوێنەوە، دەی بێ ئابڕوو، ئەگەر نا، هەر ئێستا ڕۆحت لەبەر دەبڕم." / "من پرۆفیسۆری خوانەناس نووری یەڵماز، کوڕی بەڕێزم، من خوانەناس نیم..." / "دەی بیخوێنەوە." / "کوڕم، لە کاتی خوێندنەوەدا تەقەم لێ ناکەن؟" / "ئەگەر نەیخوێنیتەوە، زرمەت لێ هەڵدەسێنم، بیخوێنەرەوە، دەی." / "وەک ئامێرێک بۆ کردنی موسڵمانانی کۆماری تورکیای لایست بە کۆیلەی ڕۆژئاوا و ئابڕووبردنیان و لە ئاین دەرکردنیان، ئەوەندە پاڵپەستۆم خستە سەر ئەو کچانەی پابەندی ئاین و سەریان ڕووت ناکەن و لە فەرموودەکانی قورئانی پیرۆز لانادەن، تا لە ئاکامدا کچێکی باوەڕمەند لە بەرامبەر ئێش و ئازارەکاندا خۆی پێ ڕانەگیرا و لە داخاندا خۆی کوشت... کوڕی بەڕێزم، ئەگەر مۆڵەتم بدەیت، لێرەدا ڕەخنەیەکم هەیە؛ تکایە بیگەیەنە ئەو دەستەیەی ئێوەی بۆ ئێرە ڕەوانە کردووە. ئەو کچە لەبەر نەکردنە ژوورەوەی بۆ خوێندنگا، یان لە ئەنجامی پاڵەپەستۆی باوکییەوە نا، بگرە وەک دەزگای هەوالگریی میللی ئێمەی لێ ئاگادار کردەوە، لە تاو ئاگری ئەڤین خۆی هەڵواسیبوو." / "لە نامەیەی بەجێماو لە پاش خۆیدا وا نالێت." / "لەگەڵ داوای لێبووردندا کوڕی خۆم؛ -تکایە ئەو دەمانچەیە دابگرە- ئەو کچە نەزانەمان بەر لەوەی شوو بکات، بێ بیرکردنەوە، پەردەی کچێنیی خۆی نایە بەردەستی پۆلیسێکی بیست و پێنج ساڵ لە خۆی بە تەمەنتر. کاتێک ئەم پۆلیسە پێی گوت ژنی هەیە و هیچ نیازی نییە بیخوازێت..." / "بێدەنگ بە هەی هیچ و پووچ. ئەو ڕەفتارە هەر لە کچە

قـەحـپـەکـەی تۆ دەوەشـێـتـەوە." / "نـەکـەیت کوڕم، نـەکـەی ڕۆڵەم. ئەگـەر من بکوژیت، دوارۆژی تۆیش تاریک دەبێت." / "بڵێ پەشـیـمـانم." / "پـەشـیـمـانم ڕۆڵەم، تەقــە مــەکــە." / "دەمت بکەرەوە با لوولەی دەمـانچــەکـەی تێ بـنێم... ئێستا تۆ پەنجـەم لەسـەر چەکوشـی دەمـانچـەکە هەڵبگرە. وەک بێ باوەڕێک، بەڵام هیچ نەبێت بە ئابڕووی خۆتەوە مردار دەبیتەوە." / "بێدەنگی" / "کوڕم، بڕوانە کەوتـوومەتە چ ڕەوشێکەوە، لەم تـەمەنەدا دەگریم، دەپاڕێمـەوە، بەزەییت بە مندا نایەتەوە، بەزەییت بـە خۆتدا بێتەوە. حـەیفە بـەو جوانییەتەوە ببیت بە پیاوکوژ." / "کەواتە خۆت چەکوشەکە ڕابکێشە! بۆ ئەوەی بزانیت خـۆکوشتن چەند تاڵ و بە ئازارە." / "کوڕم، من مـوسڵـمـانم، دژی خۆکوشـتنم." / "دەمت بکەرەوە. "بێدەنگی" مەگری ئاوا... باشـە هیچ بەخـەیاڵتدا نەهاتبـوو ڕۆژێک لە ڕۆژان بەمجۆرە لێت دەپێچرێتەوە؟ مەگری، ئەگـەر نا، زرمەت لێ هەڵدەسێنم." / "لە دوورەوە دەنگی پیرە گـارسۆن دێت"؛ "مامۆستـا دەتانەوێت چایەکەتان بۆ بهـێنمـە سـەر ئەم مـێـزە.؟" / "نا، نامـەوێت، ئێـسـتـا هـەڵدەسم." / "سـەیری گـارسـۆنەکە مـەکە، پاشـمـاوەی بڕیاری کـوشـتنەکـەت بخـوێنـەوە." / "کوڕم، بمبـوورن." / "دەڵێم بیـخـوێنـەوە." / "لە هـەمـوو کردەوەکـانم پەشـیـمـانم و بۆ ئەوەی خوای مـەزن لێم خۆش بێت..." / "دەی بیخـوێنـەوە..." / "کوڕی بەڕێزم، بهێڵە با ئەم پیاوە پیرە کەمێک بگری. لێم گەڕێ با بۆ دواجـار بیرێک لە ژن و کـچـەکـەم بکەمـەوە." / "بیـر لەو کـچـانە بکەرەوە کە سـتـەمت لێـیـان دەکـرد. یەکـێکیـان شـێت بوو، چواریـان لە قۆناغـی سـێـیـەمـدا لە پەیمانگە دەرکـران، یەکـێکیـان خـۆی کـوشت، ئەوانەی لـە بەردەم دەروازەی پەیمانگە چاوەڕێیـان دەکرد، هەموو لەرز و تایان گرت و لە جێگەدا لێی کەوتن، هەموویان ژیانیـان لێ شـێـوا." / "من زۆر پەشـیـمـانم کوڕی بەڕێزم. بەڵام بیر لەوە بکەرەوە داخـۆ ئەوە دەهێنێت بە کـوشـتنی کەسـێکی وەک من خـۆت بکەیت بـە پیـاوکـوژ؟" / "باشـە." / "بێدەنگی" / "مـامـۆسـتـام، من بیـرم لێ کردووەتـەوە، بزانن چیم بۆ هات." / "چی؟" / "من لە پێناوی دۆزینەوە و بە سزا گەیاندت دوو ڕۆژ بێ کار و کاسبی بەم شارە ڕیسوایەی قارسدا سووڕامەوە. گوتم وا دیارە قیسـمـەتی

تێدا نییە، بۆیە بلێتی گەڕانەوەم بۆ تۆکات کڕی و ڕووم لێرە کرد بۆ ئەوەی دوایین چای بخۆمەوە..." / "کوڕم، ئەگەر بیرت لەوە کردووەتەوە من بکوژیت و بە دوایین پاس لە قارس هەڵبێیت، ئەوا بەفر ڕێگە و بانەکانی گرتووە و پاسی سەعات شەش دەرناچێت، با دوایی پەشیمان نەبیتەوە." / "ئەگەر ئاوڕم دایەوە، بینیم وا خوا تۆی نارد بۆ ئەم شیرینیخانەی ژیانی نوێیە. ئێستا کاتێک خوا لێت خۆش نەبووبێت، چاوەڕوانیت من بتبوورم؟ دوایین قسەت بکە و شایتمان بهێنە." / "بگەڕێوە سەر کورسییەکە کوڕی خۆم، ئەم دەوڵەتە هەمووتان دەگرێت و هەڵتاندەواسێت." / "شایەتمان بهێنە." / "ئارام بە کوڕم، ڕاوەستە، دانیشە، جارێکی تر بە خۆتدا بچۆرەوە. تەقەم لێ مەکە." / "دەنگی چەک، تەقەتەقی کورسی." / "نەکەی کوڕم." / "دەنگی دوو تەقەی تر. بێدەنگی، ناڵەیەک، دەنگی تەلەڤزیۆنەکە. جارێکی تر دەنگی تەقە. بێدەنگی."

٦

# ئەڤین و ئاین و شیعر

## چیرۆکی خەمگینی موختار

پاش ئەوەی ئیپەک لە بەردەم دەروازەی خانی شەقامی خالید پاشا لێی جیا بووەوە و بۆ هۆتێل گەڕایەوە، (کا) لەبری ئەوەی بە پلیکانە دوو قاتییەکەدا بۆ بارەگای لقی پارتی ڕەفا سەربکەوێت، ڕووی لە بێکار و شاگرد و دەست بەتاڵەکانی ناو ڕێڕەوەکانی خانەکە کرد. هێشتا دیمەنی گیانکێشانی بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردەی بە زیندوویی لە بەرچاو بوو، هەستی بە پەشیمانی و تاوانباری دەکرد، لە ناخەوە ئارەزووی لێ بوو تەلەفۆنێک بکات بۆ یاریدەدەری بەڕێوەبەری ئاسایش، یاخۆ بۆ ڕۆژنامەی جمهورییەت لە ئەستەنبوڵ، یان بۆ هەر ناسیاوێکی تری بێت، بەڵام نەیتوانی لەو خانە پڕ لە چایخانە و سەرتاشخانەیەدا گۆشەیەک بۆ تەلەفۆنکردن بدۆزێتەوە.

بێ لێکدانەوە خۆی کرد بە شوێنێکدا لەسەر تابلۆی سەر دەرگاکەی نووسرابوو (یانەی ئاژەڵپەروەران). لەوێ تەلەفۆن هەبوو، بەڵام بە دەست کەسێکی ترەوە بوو تەلەفۆنی پێ دەکرد. ئیدی ئەوەندەش دڵنیا نەبوو داخۆ تەلەفۆن بکات، یان نەیکات. کاتێک لە دەرگای نیوەکراوەی ئەولاتری یانەکە چووە ژوورەوە، خۆی لە هۆڵێکدا بینییەوە وێنەی کەڵەشێر بە دیوارەکانیدا هەڵواسرابوون و لە ناوەڕاستیشدا مەیدانێکی بچووکی شەڕە کەڵەشێر دروست کرابوو. (کا) لە هۆڵی شەڕە کەڵەشێرەکەدا بە ترسەوە درکی کرد ئەڤینداری ئیپەک بووە و پاشماوەی ژیانی پێوەستە بەو ئەڤینەوە.

ئاژەڵدۆستێکی دەوڵەمەندی شەیدای شەڕە کەڵەشێر زۆر باشی لە بیرە

چۆن (کا) ئەو ڕۆژە لەو ساتەدا چووەتە یانەکەوە، لەسەر کورسییەکی جێی بینەرانی قەراغ مەیدانەکە دانیشتووە و نوقمی بیرکردنەوە بووە. (کا) لەوێ بەدەم چای خواردنەوەوە، مەرج و ڕێساکانی شەڕە کەڵەشێری خوێندەوە. مەرجەکان بە پیتی گەورە لەسەر تابلۆیەکی بەدیواردا هەڵواسراو نووسرابوون:

ئەو کەڵەشێرەی دێتە سەر سەکۆ، بێ مۆڵەتی خاوەنەکەی، دەستی بۆ نابرێت کەڵەشێری لارەوەبوو ئەگەر سێ جار بەدوای یەکدا دەنووک نەوەشێنێت، ئەوا بەتەواوی دۆڕاوە لە پاژنە شکاندا سێ خوولەک و لە نینۆک شکاندا یەک خوولەک کات بۆ تیمارکردن هەیە.

ئەو کەڵەشێرەی لە شەڕدا بکەوێت، ئەگەر پێ بەسەر سنگی بەرامبەرەکەیدا بنێت، شەڕ درێژەی دەبێت لە کاتی کارەبا بڕیندا ١٥ خوولەک چاوەڕێ دەکرێت، ئەگەر کارەبا نەهاتەوە، کۆتایی بە شەڕە کەڵەشێر دەهێندرێت.

(کا) سەعات دوو، و چارەک لە یانەی ئاژەڵدۆستان هاتە دەرەوە و بیری لەوە دەکردەوە چۆن ئیپەک بفڕێنێت و لەم شاری قارسە ڕابکات. نووسینگەی پارێزەر موزەفەر بەگی سەرۆکی پێشووی شارەوانی دوو دووکان لەولای بارەگای لقی پارتی ڕەفاوە بوو لە هەمان نهۆمدا، بەڵام گڵۆپەکانی کوژێندرابوونەوە. (چایخانەی دۆستان و بەرگدرووی سەوز کەوتبوونە نێوانیانەوە.) سەرباری ئەوەی سەرلەبەیانی هەمان ڕۆژ سەری لە پارێزەرەکە دابوو، کەچی سەردانەکەی وەک ڕابردوویەکی زۆر دوور خۆی دەنواند، بۆیە بە سەرسوورمانەوە بە ڕێڕەوی هەمان باڵەخانەدا خۆی کرد بە بارەگای پارتیدا.

(کا)، دواجار، دوازدە ساڵ لەمەوبەر موختاری دیبوو. دوای یەکدی ئامێزکردن و ماچ و مووچ، سەرنجی دا موختار ورگی پەیدا کردووە و قژی ڕووتاوەتەوە، بەڵام لای خۆیەوە پێشبینیی ئەم چارەنووسەی بۆی کردبوو.

موختار، بەجۆری سالآنی زانکۆ هیچ تایبەتمەندییەکی نەبوو، هەروەک لەو سەردەمانەشدا کردبووی بە خوو، بەردەوام جگەرەیەکی بەسەر لێوەوە بوو.

(کا) گوتی: "بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردەیان کوشت."

موختار لە وەڵامدا گوتی: "نەمردوە، ئێستا ڕادیۆ ڕای گەیاند. تۆ ئەمەت لە کوێوە بیست؟"

(کا) گوتی: "ئەویش وەک ئێمە لە شیرینیخانەی ژیانی نوێ دانیشتبوو، لەو شوێنەی ئیپەک لێیەوە تەلەفۆنی بۆت کرد." پاشان سەر لەبەری ڕووداوەکەی بۆی گێڕایەوە.

موختار گوتی: "تەلەفۆنتان بۆ پۆلیس کرد؟ ئەدی دواتر چیتان کرد؟"

(کا) گوتی ئیپەک بۆ ماڵ گەڕاوەتەوە و خۆیشی ڕاستەخۆ بۆ ئێرە هاتووە. موختار گوتی: "پێنج ڕۆژ ماوە بۆ هەڵبژاردنەکان، دەوڵەت زۆر باش لە بردنەوەمان دڵنیا بووە، هەموو شێوازێک تاقی دەکاتەوە بۆ ئەوەی کلآومان لەسەر بنێت. سیاسەتی پارتیمان ئەوەیە لە هەموو تورکیادا خوشکانی سەرپۆش بەسەرمان بپارێزین. ئێستاش ئەو بینەرەی لە شوێنی دەستوەشان لەو نامەردە بووە، ئەوەی نەیدەهێشت کچان بچنە ئەودیوی دەروازەی پەیمانگەوە، بێ ئەوەی پۆلیس ئاگادار بکاتەوە، یەکسەر هاتووە بۆ بارەگای لقی پارتیمان." جۆرێک لە جوانکاری بە قسەکانی بەخشی و درێژەی دایێ: "تکایە لێرەوە تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکە و هەموو ڕووداوەکەیان بۆ بگێڕەوە." وەک خاوەن ماڵێکی بەخۆدانازیو دەسکی تەلەفۆنەکەی بۆ (کا) درێژکرد. ئەویش دەسکەکەی بە دەستەوە گرت، موختاریش لە دەفتەرێکدا بەدوای ژمارەکاندا دەگەڕا.

(کا) گوتی: "قاسم بەگی جێگری بەڕێوەبەری ئاسایش دەناسم." موختار بە گومانێکەوە کە بووە هۆی تووڕەبونی (کا)، لێی پرسی: "لە کوێوە دەیناسیت؟"

(کا) لەوەدا بوو بڵێت: "ئەو بەیانییەی ڕۆژنامەنووس سەردار بەگ یەکەمجار منی بردە لای"، کچی سەر بگۆڕی تەلەفۆنەکە (کا)ی بەجێگری

بەڕێوەبەری ئاسایشەوە گرێ دا. ئەویش ئەوەی لە شیرینیخانەی ژیانی نوێ دیبووی، هەمووی وەک خۆی بۆی گێڕایەوە. موختار دوو شەقاوی خێرا و مندالآنەی سەیری نا، ناشیانە خۆی وەرگێڕا، گوێی نێزیک خستەوە و ویستی لەگەڵ (کا)دا گوێ لە گفتوگۆکە بگرێت. ئەویش بۆ ئەوەی موختار باشتر گوێی لە گفتوگۆکە بێت، دەسکی تەلەفۆنەکەی لە گوێی خۆی دوور خستەوە و لە گوێی ئەوی نێزیک خستەوە. هێندە لە یەکدی نێزیک کەوتبوونەوە، لەسەر ڕووی یەکتر هەستیان بە گەرمیی هەناسەی یەکدی دەکرد. (کا) نەیزانی بۆچی موختاری کرد بە هاوبەشی گفتوگۆی خۆی لەگەڵ جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشدا، بەڵام وای بۆچوو، باشترە وا بکات. دوو جار وەسپی شێوەی پیاوە هێرشکارە باریکەڵە و تەن بچووکەکەی بۆ جێگری بەڕێوەبەری ئاسایش کرد و گوتی ئەم دەموچاوی نەدیوە. کۆمیسەری ئاسایش بە دەنگێکی تێکەڵ بەنیازێکی باش گوتی: "یەکسەر وەرە بۆ ئێرە بۆ ئەوەی قسەکانت تۆمار بکەم."

(کا) گوتی: "من لە بارەگای پارتی ڕەفام. هێندەم پێ ناچێت، دێم." بێدەنگییەک باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا.

کۆمیسەر گوتی: "چرکەیەک."

(کا) و موختار گوێیان لێ بوو کۆمیسەر دەمی لە دەسکی تەلەفۆن دوور خستووەتەوە و بەچرپە لەگەڵ کەسێکی تردا دەدوێت.

کۆمیسەر گوتی: "بمبوورن، ئەوە پرسیاری ئۆتۆمبیلی ئێشککگرم کرد. ئەم بەفرە هیچ خۆشی ناکاتەوە. کەمێکی تر ئۆتۆمبیلێک دەنێرم بۆ ئەوەی لە بارەگای پارتییەوە بتانگەیەنێتە ئێرە."

موختار بەدەم داخستنەوەی تەلەفۆنەکەوە گوتی: "باشت کرد گوتت لێرەیت. هەر چۆنێک بێت هەر پەیان پێ دەبرد، چونکە گوێ لە هەموو شوێنێک دەگرن. تکایە بەهەڵە لێم تێ مەگە لە پای ئەوەی من لە سەرەتاوە وا قسەم کرد وەک ئەوەی تۆ تاوانبار بیت."

شەپۆلێکی توورەیی لە بابەتی ئەوەی سەردەمانی زوو لە بەرامبەر ئەوانەی خۆیان وەک بۆرژوای نیشانتاشی دەبینی و سەوداسەری سیاسەت بوون، بە ناخی (کا)دا تێ پەڕی. ئەمانە لە قۆناغی خوێندنی ئامادەییدا بەردەوام پەنجەیان بە قوونی یەکدیدا دەکرد، لە سالآنی دواتردا سیخوڕیکردن و زمان لێدان لای پۆلیس لە دژی یەکتر و بەتایبەتیش لە بەرامبەر نەیارانی سیاسی، جێی گەمەی سالآنی زوویانی گرتبووەوە. (کا) لە ترسی ئەوەی نەکەوێتە دۆخێکەوە سواری ئۆتۆمبیلی پۆلیس بێت و ئەو مالآنە دەستنیشان بکات کە پەلامار دەدرێن، بەردەوام خۆی لە سیاسەت بەدوور گرتبوو. کەچی دەبوو ئێستا خۆی لە دوای خواستی لێبووردن و دۆزینەوەی بیانوودا ماندوو بکات، ئەمە لە کاتێکدایە موختار لەسەر لیستی پارتێکی ئاینی و شەریعەتخواز خۆی بۆ هەڵبژاردن پالآوتووە، ئەگەرچی دە سال لەمەوبەر خۆی گالتەی بە کارێکی وا دەهات.

تەلەفۆن لێی دا، موختار بە فیزی بەرپرسێکەوە هەڵی گرت و لەگەڵ لێپرسراوێکی (تەلەڤزیۆنی سەرحەد فارس)دا دەستی کرد بە سەودا و مامەڵەیەکی سەختگیر لەسەر نرخی ئەو ڕێکلامەی لە بەرنامە ڕاستەخۆکەی ئەو ئێوارەیەدا بۆ کەرەسەی ناومال و کەلوپەلی کارەبایی ناو دووکانەکەی بلآو دەکرایەوە.

تەلەفۆنی داخستەوە. هەردووکیان نەیانزانی سەبارەت بە چی قسە بکەن، وەک دوو منداڵی لە یەکتر زیز قوڕ و قوپیان لێ کردبوو. بەلآم سەرجەم ئەو بابەتانەی لە ماوەی دوازدە ساڵی ڕابردوودا قسەیان لەسەر نەکردبوو، هەمووی لە خەیاڵی (کا)دا ڕوون بووەوە.

سەرەتا لە خەیاڵی خۆیاندا بەیەکدییان گوت: "ئێستا ئێمە هەردووکمان بەو پێیەی جۆرێک ژیانی ئاوارەییمان بەسەر بردووە و هێندە سەرکەوتوو نەبووین، بۆمان ئاشکرا بووە ژیان شتێکی سەختە! شاعیرییش دادی نەدا... بۆیە سێبەری سیاسەت ئەم چارەنووسەی لە ناوچەوانمان نووسی." پاشان، هەستێکی تریش بە خەیالیاندا هات و نەیاندەتوانی خۆیانی لێ ببوێرن:

"کاتێک شیعر بەختەوەرمانی نەکرد، پێویستیمان کەوتە سێبەری سیاسەت."
(کا) ئێستا بە چاوێکی نزمترەوە لە موختاری دەڕوانی.

بیری کردەوە موختار لەبەر ئەوەی لە چاوەڕوانی بردنەوەی هەڵبژاردنەکاندایە، لە خۆی ڕازییە. بۆ خۆیشی لە پای ئەوەی شاعیرێکی نیمچە ناسراوی تورکیایە -لە هیچ باشترە-، کەمێک ڕازی بوو. بەڵام هیچ کامیان ددانیان بەم ڕازیبوونەی خۆیاندا نەنا و چەرمەسەرییەکانی ژیانیان بۆ یەکدی نەدرکاند. بە واتایەکی تر، خراپیان لێ قەومابوو، شانیان بۆ دۆڕاندنی ژیان شل کردبوو، و لەسەر زۆرداری و ناڕەواییی بێ بەزەییانەی ژیان ڕاهاتبوون. (کا) ترسی ئەوەی لێ نیشت هەردووکیان بۆ دەرچوون لەم ڕەوشە، پێویستیان بە ئیپەک هەبێت.

موختار بە تەوسەوە گوتی: "بیستم ئەم ئێوارەیە نوێترین هەڵبەستی خۆت دەخوێنیتەوە."

(کا) بە چاوی دوژمنەوە سەیرێکی چاوە جوان و هەنگوینییەکانی موختاری کرد. سەرنجی دا لە ناوەوەڕا پێکەنینیان تێدا بەدی نەدەکرا و بە کابرایەکەوە بوون سەردەمانێک پیاوی ئیپەک بووە. دواتر موختار بە پێکەنینێکی ڕوونەوە گوتی: "لە ئەستەنبوڵ فاخیرت دی؟"

ئەمجاریان (کا) توانی لەگەڵ ئەودا پێ بکەنێت. لە پێکەنینەکەیدا جۆرێک لە بەزەیی و ڕێز بەدی دەکرا. فاخیر لە تەمەنی ئەواندا بوو؛ ماوەی بیست ساڵ بوو بێ ماندووبوون بەرگری لە شیعری نوێی ڕۆژئاوایی دەکرد. لە سانت جۆزێف خوێندبووی، بەو پارەیەی لە داپیری دەوڵەمەند و شێتی وەری دەگرت (دەگوترا لە ژنانی حەرەمسەرای عوسمانی بووە)، ساڵی جارێک دەچووە پاریس، لە کتێبخانەکانی سانت جێرمان چەندین باوڵ کتێبی شیعری دەکڕی و لەتەک خۆیدا دەیهێنایەوە بۆ ئەستەنبوڵ. شیعری ئەو کتێبانەی وەردەگێڕایە سەر زمانی تورکی و لەگەڵ شیعرەکانی خۆی و شیعری شاعیرە نوێخوازەکانی تری تورکدا، لەو گۆڤارانەدا کە خۆی دەری دەکردن و لە گۆڤاری شیعری دەزگاکانی تری چاپ و وەشاندا بڵاویانی دەکردەوە. بە

پێچەوانەی ئەم کارەیەوە لای هەمووان جێی ڕێز بوو، شیعرەکانی خۆی لە ژێر کاریگەریی وەرگێڕانی شیعرە بیانییەکاندا بۆ تورکی دەنووسی و زۆر بێ بەهرە، خراپ و ناڕەوان بوون.

(کا) گوتی لە ئەستەنبوڵ فاخیری نەدیووە. موختار گوتی: "سەردەمانێک زۆر بەپەرۆش بووم فاخیر ددانێکی خێر بە شیعرەکانمدا بنێت، بەڵام ئەو منی دادەگرت بۆ ئاستی ئەوانەی بەدوای فۆلکلۆر و جوانییەکانی سرووشتدا دەگەڕێن. ساڵ هات و ساڵ چوو، کودەتای سەربازی ڕووی دا، هەموو کەوتینە زیندان و دواتر ئازاد کراین. منیش وەک هەموو کەسێک جۆری گێژ بەملا و ئەولادا تووڕ هەڵدەدرام. ئەوانەی بۆ من پێشەنگ بوون، خۆیان لێ گۆڕا، ئەوانەی هەوڵم دا مایەی ڕەزامەندییان بم، ون بوون. لە ژیان و لە شیعریشدا هیچ کام لە ویستەکانم نەهاتنە دی. لە تاو ژیانی بێ ئومێدی و نائارامی و نەداری، لە ئەستەنبوڵەوە گەڕامەوە بۆ قارس. دووکانی باوکم هەڵگرتەوە، ئەگەرچی جاران بە مایەی شەرمم دەزانی. ئەمانەش نەیانتوانی بەختەوەرم بکەن. خەڵکی ئێرە بە چاوی سووک سەیری مرۆڤ دەکەن، وەک ئەوەی فاخیر لەگەڵ شیعرەکانی مندا دەیکرد، منیش کاتێک ئەمان دەیانبینم، چاو دەنووقێنم. لە قارس، شار و خەڵکیش لە ڕاستەقینە ناچن. لێرە هەموو کەسێک دەیەوێت بمرێت، یان خۆی بکێشێتەوە و لێرە بڕوا، بەڵام من هیچ جێگەیەکم نەبوو بۆی بچم. وەک ئەوە وا بوو فڕێ درابێتمە دەرەوەی شارستانی و مێژوو. شارستانی بەڕادەیەک دوور بوو لێمەوە، نەمدەتوانی تەنانەت لاسایی‌شی بکەمەوە. خواش منداڵێکی نەدامێ تا ئەوەی من پێی نەگەیشتم، ئەو بیکات و ڕۆژێک لە ڕۆژان و بێ دەردەسەری ببێتە خاوەن کەسایەتییەکی هاوچەرخ و ڕۆژئاوایی."

(کا) زۆری پێ خۆش بوو کاتێک بینی وا موختار لەپڕ بە سووکە خەندەیەکی هاوکات لەگەڵ تیشکێکدا، وەک ئەوەی لە ناخییەوە هەڵقوڵابێت، دڵنەوایی خۆی دەداتەوە. "ئێواران دەمخواردەوە و سەرخۆش دەبووم، بۆ ئەوەی ئیپەکی شۆخم لێ زویر نەبێت، درەنگانی شەو دەهاتمەوە ماڵێ.

شـەوێک کە هەمـوو شـتێک، تەنانەت باڵندەکانی ئاسـمـانیش بەسـتـبـووی، من دوایین کەس بـووم لە مەیخـانەی نیشـتمانی سـەوز هـاتمە دەرێ و گەڕامـەوە بۆ ماڵ. ئەو کاتە ماڵمان لە شەقامی ئۆردوو بوو. ئەو ڕێگەیە لە دە خوولەک زیاتر نییـە، بـەڵام ئەمـە مـەودایەکی درێژە بـۆ قـارس. لەبەر ئەوەی ئـارەقـێکی زۆرم خواردبووەوە، لەو ڕێگە دوو هەنگاوییەدا ون بووم. هیچ کەسێکیش بە کۆڵانەوە نەبوو. قارس لـە شـەوانی سارددا بەردەوام وەک ئەوە وا بوو چۆڵ کرابێت، ئەو دەرگایانەی کوتام، یان دەرگای ئەو خانووە ئەرمەنییانە بوون کە هەشـتا ساڵ بوو کـەسیـان تێدا نیشـتەجـێ نەدەبوو، یان دانیشـتـووانی لە ژێر چەندین چین پێخـەودا وەک ئاژەڵ نوقـمی خـەوی زسـتـان بوون و لە کونەکانیـان نەدەهاتنە دەرێ."

"ئەم چۆڵکراوی و بێکەسییەی شار لەپڕ چێژی دا پێم بەهـۆی سەرخۆشـی و سەرمـاوە حەزێکی شیـرینی خەو سـەرتاپای جەسـتـەمی داگرت. منیش بڕیارم دا بە بێـدەنگی مـاڵئـاوایی لەم ژیانە بکەم، سێ چوار شــەقـاوم نا و لەسـەر پلیکانـەی ڕچیـوی ژێر دارێکدا کـەوتمە چاوەڕێکردنی خـەو و مـەرگ. مـردن بە سـەرێکی مـەسـتـەوە لەو سـەرمـایەدا کـاری سێ چوار خـوولەکـە. لەگـەڵ بڵاوبوونەوەی خەوێکی سووک بە دەمارەکانمدا ئەو منداڵەم هاتە پێش چاو کە مـاوەیەک بوو هەر نەدەبـوو. زۆرم خـۆش ویست: کـوڕ بوو، پێ گـەیشـتـبـوو، کراڤـاتی بەستبوو، شێوەی لە فەرمانبەرە کراڤات لە ملەکانی ئێمە نەدەچوو، بگرە دەچووەوە سـەر ئەوروپاییگەل. لەوەدا بوو شـتـێکم پێ بڵـێت، ڕێک لەو ساتەدا دەستی پیاوێکی پیری ماچ کرد. ئەو پیاوە پیرە هەر چوار لای خـۆی ڕووناک کردبووەوە. لەو شوێنەی لێی ڕاکشابووم، تیشکێک لە ناو چاومی دا و بێدارمی کردەوە. بە پەشـیمـانی و ئومـێدەوە هەڵسـامـە سـەرپێ. سـەیرم کرد کـەمـێک لەولاترەوە دەرگـای مـاڵێکی ڕووناک کـرایەوە، هەندێکی لـێ دەچوونە ژووری و چـەندێکی لێ دەهـاتنـە دەرێ. گـــوێڕایەڵی ئـەو دەنگە بـووم کـــە لـە هەنـاومـــەوە دەهـات و کـــەوتمە دوای ئەوان. منیـــان لـەگـــەڵ خــۆیان برد و گەیاندمیانە ماڵێکی ڕووناک و گەرم. ئەوانەی لەوێ بوون، لە خەڵکە خەمگین و

دەست لە ژیان بەرداوەکـانی قـارس نەدەچوون و کەسـانێکی بەختـەوەر بوون، کەچی هەمووشـیـان قارسی بوون و تەنـانەت هـەندێکیان نـاسیـاویش بوون. تێ گـەیشـتـم ئەم مـاڵە، تەکـیـەی نـهـێنیی شـێـخی کـورد حـەرزەتی سـەعـادەدین ئەفـەندییە و پێشـتـریش ناوبانگیم بیسـتبوو. لە هاورێ فـەرمـانبـەرەکەمـانم بیستبوو شێخ لەسـەر داخوازیی موریدانی دەوڵەمەند و بەردەوام زیادکردوو لە گوندە چیاییـیەکەی هاتووەتە خوارەوە و خـەڵکە هەژار و بێکار و ناشادەکەی قـارس بەکێش دەکات بۆ کۆڕی زیکر لە تەکـیـەکەی، بەڵام پۆلیس بـەبیـانووی ڕێگرتن لە دوژمـنانی ئەم کۆمـارە، چیـتـر مـۆڵەتیـان پێ نـەدابوو. فرمـێسک بە چاومـدا دەهـاتە خـوارەوە و بە پلیکانـەکانـی تەکیەی ئـەو شێـخـەدا سـەرکـەوتم. شــتــێکم بینی ســاڵانـێکی درێژ بوو بەدزییــەوە لێی دەترســام و لـە ســاڵانی خـوانەناسـیمـدا بە نەزانی و دواکەوتوویم دەزانـی: بەرەو ئیسـلام دەگەڕامـەوە. ڕاسـتـیـیـەکی، من لـە کـاریکاتۆرەکـانی ئەو شـێـخــە ڕیشن و جـبـە لەبەر و دواکەوتـووانە دەترسـام، کەچی ئەوا ئێسـتا بە ویسـتی خۆم و چاو بەگـریان بە پلیکـانەی بەردەم تەکـیـەیەکـدا سـەردەکـەوم. شـێخ مـرۆیـەکی باش بوو. لێـمـی پرسی بۆچی دەگـریم. هەڵبـەت نەمگوت: "بۆیە دەگریم، چونکە کەوتوومـەتە ناو موریدانی شێخە دواکەوتووەکانەوە." زۆریش شەرمم بە خۆمدا هـاتەوە، چونکە بۆنێکی بەهێـزی ئارەق لە دەمم دەهات. گـوتم کلیـلم ون کـردووە. هـاتەوە یادم بەستـەی کلیلەکانم لەو شوێنە لێ کەوتبـوو کە بەنیازی مردن لێی ڕاکشـابووم. دەست و پێـوەنـدەکـانی شـێخ لەوەدا بوون لێکدانەوەی مـەجـازی بـۆ ونبـوونی کلیلەکانم بکەن، کەچـی شێخ ناردیانی لە کۆڵان بەدوای کلیلەکانمدا بگەڕێن. پاش ئەوەی دووبەدووی خۆمـان مـاینەوە، خەندەیەکی شیرینـی بۆم کرد. کاتێک تێ گەیشتم ئەمە هـەمـان ئەو پیاوە پیرە دەست و دڵ فراوانـەی خەونەکەی پێش کەمێک لەمەوبەرمە، لە ناخەوە هەستم بە ئاسوودەیی کرد."

"لە خـۆمــەوە دەسـتـی ئـەو زاتە پایەبەرزەم مـاچ کـرد و وەک پیـاوچـاک هاتە پێش چاوم. شـتـێکی کـرد زۆر سـەرم لێی سـووڕمـا. ئەویش دەسـتـی منـی مـاچ کرد. ئـاسوودەییـەکی وا بە جەسـتـەمـدا بڵاو بووەوە ساڵانێکی درێژبوو هـەسـتـم

پێی نەکردبوو. دەستبەجێ تێ گەیشتم دەتوانم باسی هەموو شتێکی لەگەڵدا بکەم و بەسەرهاتی ژیانی خۆمی بۆ بگێڕمەوە. ئەو ڕێی خوای گەورەی پێشانم دا، ئەگەرچی خۆیشم لە ساڵانی ئەتایستبوونمدا لە ناخەوە بە هەبوونیم دەزانی. ئەمەش هەر لە سەرەتاوە منی بەختەوەر دەکرد. کلیلەکانیان دۆزیبووەوە. ئەو شەوە گەڕامەوە ماڵێ و لێی خەوتم. دەمەوبەیانی ڕۆژی دواتر شەرمم بە سەرتاپای ئەو ئەزموونەمدا هاتەوە. ئەوەی بەسەرم هاتبوو بەخەیاڵ و مەیاڵم دەزانی و نەمدەویست بیرم بکەوێتەوە. سوێندم خوارد جارێکی تر نەچمەوە بەو تەکیەیەدا. بەترس و بە سەرێکی گرانەوە دەمگوت نەکا لە شوێنێک تووشم ببێت بە تووشی ئەو موریدانەوە کە دوێنێ ئێوارە منیان لە تەکیە دیبوو. وەلێ شەوێکی تر لە ڕێی گەڕانەوەمدا لە مەیخانەی نیشتمانی سەوزەوە بۆ ماڵ، لاقەکانم لە خۆیانەوە منیان بۆ ئەوێ بەکێش کرد. سەرەڕای ئەو پەشیمانییەی بە ڕۆژ دەمچێشت، کەچی هەمان شت شەوانی دواتریش درێژەی کێشا. شێخ منی لای خۆیەوە دادەنا، گوێی بۆ ئازارەکانم شل دەکرد و خۆشەویستیی خوای لە هەناومدا دەچاند. بەردەوام دەگریام و ئەمەش ئاسوودەیی دەدا پێم. بەڕۆژ، بۆ ئەوەی کۆڕی زیکری شەوانی تەکیە وەک ڕازێک بشارمەوە، دانەیەکم لە ڕۆژنامەی جمهورییەتم بەدەستەوە دەگرت، چونکە بە لایستترین ڕۆژنامەم دادەنا و گازندەی ئەوەم دەکرد گوایە پیاوانی ئاینیی دوژمن بە کۆمار بە هەموو لایەکدا بڵاو بوونەتەوە، بە ڕاست و چەپدا هاوارم دەکرد و دەمگوت بۆچی لە کۆمەڵەی هاوبیرانی ئەتاتورک کۆبوونەوە ساز ناکرێت."

"ئەم ژیانە دووڕووەم تا ئەو شەوەی ئیپەک لێمی پرسی: "ژنێکی ترت هەیە؟" درێژەی کێشا. بەدەم گریانەوە ددانم بە هەموو شتێکدا نا. ئەویش دەستی کرد بەگریان و گوتی: "خووت داوەتە ئاین و دەتەوێت سەرم پێ داپۆشیت؟". سوێندم بۆی خوارد داخوازێکی لەو جۆرەی لێ ناکەم. لەبەر ئەوەی هەستم وا بوو ئەوەی بەسەرمان هاتووە جۆرێکە لە خزان بەرەو هەژاری و بۆ ئەوەی ئیپەک ئارام بکەمەوە، پێم گوت کاری دووکان باش دەچێتە پێش و سەرەڕای

کارەبابڕینی بەردەوام، سۆپای کارەبایی ئارچەلیک فرە باش دێتە فرۆشتن. ڕاستییەکەی، بەختەوەر بووم لە پای ئەوەی دەمتوانی لە ماڵەوە نوێژ بکەم. کتێبێکی فێربوونی نوێژم لە کتێبخانەیەک کڕی. دەستم بە ژیانێکی نوێ کرد."

"هێشتا بەتەواوی نەهاتبوومەوە سەرخۆم شەوێک ئیلهامم بۆ هات و شیعرێکی گەورەم نووسی. لەو شیعرەدا هەموو تەنگژەکانم، شەرم و بەخۆداشکانەوەم، خۆشەویستیی هەڵکشاوی خوا لە هەناومدا، ئاسوودەیی، یەکەم سەرکەوتنم بەسەر پلیکانە پیرۆزەکانی شێخمدا و واتای ڕاستی و مەجازی کلیلەکانم دەگێڕایەوە. هیچ کەموکورتیی نەبوو. سوێند دەخۆم هیچی کەمتر نەبوو لەو نوێترین و هاچەرخترین شیعرانەی شاعیرانی ڕۆژئاوایی کە فاخیر وەریانی دەگێڕا. یەکسەر بە پۆستەدا بۆم نارد. شەش مانگ چاوەڕێم کرد، لە گۆڤاری (مەرەکەبی ئاخیلیۆس)ی ئەو سەردەمەدا بڵاو نەکرایەوە. لە ماوەی ئەو چاوەڕوانییەدا سێ شیعری ترم نووسی. ئەوانەشم بە مەودای دوو مانگ بەدوای یەکتردا بۆی نارد، بەڵام دیسان هیچیانی بڵاو نەکردەوە."

"هۆی ناشادیی ژیانم لەو سەردەمەدا نەخستنەوەی منداڵ نەبوو، یان ئەوە نەبوو بڵێم ئیپەک ئەرکەکانی ئیسلامی بەجێ نەدەهێنا، یان ترسم هەبێت هاوڕێ لایست و چەپەکانی زووم لەبەر بە ئیسلامیبوونم سووکایەتیم پێ بکەن. ئەوان هێندە بایەخیان بە من نەدەدا، چونکە کەسانێکی زۆری وەک من هەبوون بەشەوقەوە بۆ باوەشی ئیسلام گەڕابوونەوە. ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر منی هەراسان کرد، بڵاونەبوونەوەی ئەو شیعرانە بوو کە دەمناردن بۆ ئەستەنبوڵ. سەرەتای هەموو مانگێک، ڕۆژ و سەعات تێ نەدەپەڕین بۆ نێزیکبوونەوەی وادەی دەرچوونی ژمارەی نوێ، هەموو جارێک خۆم بەهیوای ئەوەوە هێور دەکردەوە هەر چۆنێک بێت لە ژمارەی ئەو مانگەدا یەکێک لە شیعرەکانم بڵاو دەکرێتەوە. ئەو ڕاستییانەی لەو شیعرانەدا باسم لێوە کردبوون، دەکرا تەنیا لەگەڵ ڕاستیی شیعرە ڕۆژئاواییەکاندا بەراورد بکرێن. پێشم وا بوو لە تورکیادا تەنیا فاخیر دەتوانێت بڵاوی بکاتەوە."

"تووڕەبوونم و ڕەهەندەکانی ئەو ناڕەواییەی بەرامبەرم دەکرا، ئەو بەختەوەرییەی ژەهراوی دەکرد کە ئیسلام بە منی دەدا. ئیدی کاتێک لە مزگەوت، ماوەیەک بوو ڕووم تێ دەکرد، لە کاتی نوێژدا بیرم لە فاخیر دەکردەوە؛ هەمدیسان خەمگین دەبووم. شەوێک بڕیارم دا گرێی خەمی خۆم بۆ شێخ بکەمەوە، بەڵام شێخ نەیزانی (شیعری هاوچەرخ، ڕێنێ کار، ڕستەی لە ناوەڕاستدا شکاو، مارالمە، ژۆبێرت و بێدەنگیی میراتی چۆڵم) چین."

"ئەمە متمانەی منی بە شێخ لەق کرد. ئێ ماوەیەکی درێژیش بوو جگە لە چەند بارەکردنەوەی هەشت نۆ ڕستەی لە جۆری "دڵت پاک ڕابگرە، خوا یار بێت بە خۆشەویستیی خوا لەو خەمە دەڕەخسێیت"، هیچی تری نەدەکرد. نامەوێ مافی بخۆم، پیاوێکی سادە نەبوو، بەڵام پیاوێکی خاوەن زانیاریی سادە بوو. ئەو ئیبلیسە نیوە ئاقڵ و نیوە سووخۆرەی لە سەردەمی خوانەناسیمەوە لە ناخمدا مابووەوە، خەریک بوو لە ڕێ دەرم بکات. کەسانی وەک من کاتێک دەتوانن هەست بە ئاسوودەیی بکەن ئەگەر لەگەڵ هاوبیرانی خۆیاندا لە پارتێکی سیاسیدا خۆیان بۆ دۆزێک تەرخان بکەن. بەمجۆرە تێ گەیشتم هاتوچۆکردنم بۆ پارتی، ژیانێکی مەعنەویی قوڵتر و واتادارترم لەوەی تەکیە دەداتێ. ئەزموونی کاری ڕێکخراوەیی سەردەمانی مارکسیبوونم لە پارتیدا لە ڕووی بایەخدان بە ئاین و مەعنەویاتەوە زۆر بەکەڵکم هات."

(کا) لێی پرسی: "وەک چی؟"

کارەبا بڕا. بێدەنگییەکی درێژ ئەو ناوەی داگرت.

پاشان موختار بە دەنگێکی پڕ لە ڕازەوە گوتی: "کارەبا بڕا."

(کا) بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە، بێ جووڵە لە تاریکییەکەدا دانیشت.

٧

## ئیسلامی سیاسی، ناوێکە ڕۆژئاوایی و لایستەکان لە ئێمەیان ناوە

## لـە بارەگای پارتی، لـە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسـایش و دیسـانەوە لەسـەر شـەقامـەکان

بە بێدەنگی دانیشـتنیـان لەو تاریکییـەدا شـتێک لە ترسناکی تێدابوو، بەڵام (کا) پێی باشـتربوو وەک دوو دۆستی دێرین لەگەڵ موختاردا دوو بەدوو باسی ئەم نیگەرانییە بکات. ئێستا تاکە شتێک کە ئەوی بە موختارەوە گرێ دەدا، ئیپەک بوو، (کا) لە سەرێکەوە فرە ئارەزووی بوو بەجۆرێک لە جۆرەکان لەو بارەیەوە بدوێت، لە ســەرێکی ترەوە، زۆر دەترســا لەوەی ئاشکرای بکات عاشقی ئیپەک بووە. ترسێکی تری ئەوە بوو ئەگەر موختار درێژە بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی بدات، ئەوا دەبەنگتر لەوەی هەیە بێتە پێش چاو، ئەمەش درزی دەخستە شەیدابوونی بە ئیپەک، لەبەر ئەوەی چۆن توانیویەتی ئەوەندە ساڵە ژنی پیاوێکی لەو تەرحە بێت.

بۆیە کاتێک موختار لە نەبوونی بابەتی گفتوگۆدا قسەی بردەوە سەر هاوڕێ کۆمۆنیستەکانی لەمەوبەری بۆ تاراوگەی سیاسی ئەڵمانیا هەڵهاتوو، (کا) هەستی بە ئاسوودەیی کرد. بە زەردەخەنەوە لە وەڵامی پرسیارێکی موختاردا گوتی بیستوویەتی تۆفان مەلاتیایی قژلول، (لە گۆڤارێکدا وتاری سەبارەت بە جیهانی سێیەم دەنووسی)، شێت بووە. گێڕایەوە و گوتی دواجار ئەوی لە وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەر لە شتوتگارت دیوە دارێکی درێژی بە دەستەوە بووە، پەڕۆیەکی تەڕی بە سەری دارەکەوە بەستووە و بەدەم ڕاکردنەوە زەویی سڕیوەتەوە. دواتر موختار پرسیاری ئەو مەحمودەی لێی

کرد کە لەبەر ئەوەی دەمی ڕانەدەوەستا، بەردەوام ئازاری دەگەیشتێ. (کا) لە وەڵامدا گوتی ئەو چووەتە پاڵ گرووپە شەریعەتخوازەکەی خەیروڵا ئەفەندی و ئەو دەمەدەمە توندانەی سەردەمانێک بۆ چەپی دەکرد، ئێستا تێکەڵی کردووە بەوەی کام دەستە و کۆمەڵ دەست بەسەر کام مزگەوتی ئەڵمانیادا بگرێت. سلێمانی خۆشەویست هاوڕێیەکی تریان بوو، (کا) بەدەم زەردەخەنەوە بیری کەوتەوە و گوتی ئەو لە شاری بچووکی تراونشتاین لە هەرێمی باڤاریا بە کۆمەکی کلێسایەک دەژیا کە باوەشی بۆ دوورخراوە سیاسییەکانی جیهانی سێیەم ئاوەڵا کردبوو، بەڵام لەبەر بێزاری خۆی پێ ڕانەگیرا و سەرەڕای ئەوەی سوور دەیزانی دەگیرێت و دەخرێتە زیندانەوە، بۆ تورکیا گەڕایەوە. موختار و (کا) یادی چەند دۆست و برادەرێکی تریشیان کردەوە؛ حیکمەت؛ لە بەرلین شۆفێر بوو، و لە رەوشێکی تەمومژاویدا کوژرا. فازیل؛ لەگەڵ بێوەژنێکی بەتەمەنی پێشتر ژنی ئەفسەرێکی نازی زەماوەندی کردووە و پێکەوە پانسیۆنێک بەڕێوە دەبن. تاریق بیردۆزە؛ لەگەڵ مافیای تورکیدا لە هامبورگ کار دەکات و زۆریش دەوڵەمەند بووە. سادقیش کە سەردەمانێک لەگەڵ موختار، (کا)، تانەر و ئیپەکدا گۆڤاری تازە چاپکراویان دەپێچایەوە، ڕابەرایەتیی دەستەیەک چەتە دەکات و لە چیاکانی ئەلپەوە کرێکاری نایاسایی دەگەیەننە ئەڵمانیا. موحەرەمی بەردەوام زویریش دەگوترێت خۆی و خێزانی لە یەکێک لە وێستگە خەیاڵییەکانی میترۆی بەرلیندا ژیانێکی ژێر زەمینیی بەختەوەر بەسەر دەبات. ئەو وێستگەیە بەهۆی شەڕی سارد و دیواری بەرلینەوە هیچ بەکار نەهێندرابوو. ئەو دەمەی شەمەندەفەری نێوان کرۆیتزبێرگ و ئەلەکساندەرپلاتز بەخێرایی تێ دەپەڕێت، تورکە سۆسیالیست و خانەنشینەکانی ناو واگۆنەکان، چۆن کۆنە چەقۆکێشەکانی ئەستەنبوڵ لە ئاستی ڕێژگەی ئەرناڤوتکۆی سڵاویان لە ڕێبڕی ئەفسانەیی خۆیان دەکرد، لەبەر ئەوەی لەوێدا بە ئۆتۆمبیلەوە لە ئاودا ون بووبوو، ئەمانیش بەهەمان شێوە سڵاو لە یەکدی دەکەن. دوورخراوە سیاسییەکانی ناو واگۆنەکان ئەگەر لە کاتی سڵاوکردندا یەکتریش نەناسن، ئەوا بە چاو سڵاوی هاوڕێیانی

قـارەمـانی ئەفـسـانـەیی دۆزێکی دۆڕاو دەسـێننـەوە. (کـا) لە واگـۆنێکی لەو جـۆرەدا لە بەرلـین ڕوحـیـی دیبـوو. ئـەم برادەرە بـەردەوام ڕەخنەی لـە هاوڕێ چەپەکـانی دەگـرت لە پای بـایەخ نەدانیـان بەباری دەروونیـی خـۆیان. ئـەم لێی حـــاڵی بـووبوو کـــراوە بـە نموونـەی تاقـــیکردنـەوە بۆ کـــاریگەریـی ڕێکلامی پیـــتـــزایەکـی نوێ بـە گـــۆشــــتـی گــــای تورکی. هـەوڵ دەدرا ئـەم پیـــتـــزایـە بۆ کـۆچبـەرانی تـورکی خـاوەن نزمـتـرین دەرامـەت بـەرهـەم بهـێنـدرێت. فـەرهـاد بەختـەوەرترین دوورخـراوەی سـیـاسی بوو (کـا) لە ئەڵمـانیـا ناسـیـبـێـتی، پێوەندییکردبـوو بە ڕیزەکانی پارتی کرێکارانی کـوردستانەوە و لـە تەلەڤزیۆنی CNNدا بیندرابوو چۆن بەخـرۆشـێکی نەتەوەییـیـەوە پەلاماری نووسـینگەکـانی هێڵی ئاسمـانی تورکیـا دەدات و بۆمـبی مۆلۆتۆڤ دەگرێتـە کۆنسـوڵخانەکانی تورکیـا. خۆی فێری کـوردی دەکرد بەو خـەیاڵەوە ڕۆژێـک لە ڕۆژان شیـعری پێ بنووسـێت. هـەندێک ناوی تریش لەوانەی مـوختـار بە پەرۆشـیـیـەکی سـەیرەوە پرسـیـاریانی دەکرد، (کا)، یان لە بیـریانی کردبوو، یان بیـستبـووی هـەندێکیان پێـوەندیان بە گـرووپی بچـووکی چەتـەوە کـردووە، بـەشـێکیـان بۆ دەزگـاکـانی هەواڵگری کـاریان کـردووە، تـاک و تەرایان خـوویان داوەتـە کـاری ڕەش و وەک زۆر کەسـی تـر تیـاچووبوون، یان بێ سـەروشـوێن بوون و بە ئـەگەری زۆریش، بێکەسکوژ کرابوون و فڕێ درابوونە ئاوەڕۆکانەوە.

(کـا) هـەر لـە زووەوە دەیزانـی لە تـورکـیـا واتـای باوەڕهـێنان بە خـوا ئەوەیە نییـە مـرۆڤ بەرزترین بیـر و گەورەترین داهێنەرە، بگـرە بەر لە هەمـوو شـتێک زیاتر واتـای پێوەنـدیکردنە بە دەسـتـەیەک، یان بە دەوروبەرێکی دیاریکراوەوە، بەڵام پێی سـەیر بوو ئەم پەتایە مـوختـاریشی گـرتووەتەوە، ئەوەتا کـابرا بـاسی خـوا و خـۆی نـاکـات، بگـرە لە بەرژەوەندیی دەسـتـە و تاقـمـەکـان قسـە دەکـات. هـەســـتی کـرد لـەم ڕووەوە مــوخـــتــاری بەکـــەم دێتــە پێش چاو. بـەڵام لەلای پەنجەرەکەوە سەیرێکی موختاری کرد و لەبەرخۆوە شتێکی پێی گوت:

"مـوختـار، پێم وایە ئەگەر باوەڕ بە خوا بهێنم، ئەوا تۆ تووشی خـەیاڵشکان دەبیت و دووریش نییە بە چاوێکی سووک بۆم بڕوانیت."

"بۆچی؟"

"باوەڕهێنانی تاکێکی بە ڕۆژئاواییبووی بێکەس و بێ شیرازە بە خوا، تۆ دەترسێنێت. کەسێکی بێ باوەڕی سەر بە دەستە و تاقمێک، زیاتر جێی متمانەی تۆیە وەک لە تاکێکی باوەڕمەند. بەلای تۆوە تاکی باوەڕمەند زۆر لە تاکی بێ باوەڕ دەبەنگ و خراپترە."

موختار گوتی: "من زۆر تەنیام."

لەبەر ئەوەی موختار توانیبووی زۆر لە ناخەوە و بە بڕواوە ئەم چەند وشەیە دەرببڕێت، (کا)، بەجارێک هەستی بە قین و بەزەیی کرد لە بەرامبەری. هەستی دەکرد تاریکیی شوێنەکە لای خۆی و لەکن موختاریش جۆرێک لە میهرەبانیی سەرخۆشبوونی خولّقاندووە. ڕووی لە موختار کرد و گوتی: "من نابم، بەڵام ئایا دەزانیت هۆی سەرەکیی مەترسیی تۆ چی دەبێت ئەگەر من ببم بەو باوەڕمەندەی کە ڕۆژی پێنج جار نوێژ دەکات؟ تۆ تەنیا ئەو کاتە دەتوانیت ئامێز بۆ ئاین بکەیتەوە ئەگەر کەسانی لایستی وەک من کاروباری دەوڵەت و بازرگانی بگرنە ئەستۆی خۆیان. مرۆڤ، ئەگەر متمانەی بە لێهاتوویی کەسانی لایست نەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەرەوەی ئاین و بازرگانی و سیاسیەت لەگەڵ ڕۆژئاوادا، ئەوا ناتوانێت بە ئارەزووی دڵ لەم وڵاتەدا خواپەرستی بکات."

موختار گوتی: "بەڵام تۆ ئەو پیاوەی دەوڵەت و بازرگانی نیت. هەر کاتێکیش گەرەکت بێت، دەتبەمە خزمەت جەنابی شێخ."

(کا) گوتی: "وا بزانم پۆلیسەکانمان گەیشتن."

هەردووکیان بە بێدەنگی لە پەنجەرە جام بەستبووەکانەوە سەیری پۆلیسە سڤیلەکانیان کرد چۆن ئۆتۆمبیلیان لە خوار خانەکەوە ڕاگرت و لەسەرخۆ لە بەفرەکەدا لێی دابەزین.

موختار گوتی: "من ئێستا شتێکم لە تۆ دەوێت. ئەو کەسانە کەمێکی تر دێنە سەرێ و دەمانبەن بۆ پۆلیسخانە. تۆ ناگرن، کۆمەڵێک زانیاریت لێ

وەردەگرن و ئازادت دەکەن. دوای ئەوەی گەڕایەوە بۆ هۆتێل، تورگوت بەگی خاوەن هوتێک بۆ خواردنی ئێوارە بانگهێشتت دەکات و تۆیش دەچیت، بێگومان کچە خۆ تێ هەڵقورتێنەرەکانیشی لەوێ دەبن. دەمەوێت ئەم شتانەم بۆ بگەیەنیت بە ئیپەک. گوێت لێمە؟ بە ئیپەک بڵێ دەمەوێت سەرلەنوێ بیخوازمەوە. پێی بڵێ ئەوەی داوام لێ کردبوو سەری داپۆشێت و بەشێوازی ئیسلام جلوبەرگ بپۆشێت، هەڵەیەک بوو کردم. ئیدی وەک پیاوێکی تەنگەتیلە و دڵڕەش ڕەفتاری لەگەڵدا ناکەم، پەشیمانیشم لەو پاڵەپەستۆیانەی لە ساڵانی پێکەوەبوونماندا خستبوومە سەری و زۆر شەرمم بە خۆمدا دێتەوە."

"تۆ پێشتر ئەمەت بە ئیپەک نەگوتووە؟"

"پێم گوتووە، بەڵام بێ کەڵک بوو. لەوانەیە لەبەر ئەوەی سەرۆکی لقی پارتی ڕەفام، بڕوام پێ نەکات. تۆ کەسێکی جیاوازیت، لە ئەستەنبوڵەوە، تەنانەت لە ئەڵمانیاوە هاتوویت. ئەگەر تۆ قسەی لەگەڵدا بکەیت، دەتوانیت وای لێ بکەیت بڕوا بکات."

"سەردانەپۆشینی هاوسەرەکەت، وەک سەرۆکی لقی پارتی ڕەفا لە ڕووی سیاسییەوە تەنگ و چەڵەمەت بۆ ناخوڵقێنێت؟"

موختار گوتی: "بەیارمەتی خوا دوای چوار ڕۆژی تر هەڵبژاردنەکان دەبەینەوە و دەبم بە سەرۆکی شارەوانی. بەڵام لەوە گرینگتر ئەوەیە تۆ پەشیمانی من بە ئیپەک بگەیەنیت. لەوانەیە لەو کاتەدا من هێشتا دەستبەسەر بم. براکەم، ئەمەم بۆ دەکەیت؟"

(کا) پاش کەمێک لە دوودڵی گوتی: "دەیکەم."

موختار (کا)ی لە ئامێز گرت و ڕوومەتەکانی ماچ کرد. (کا) هەستی بە تێکەڵەیەک لە بەزەیی و نەفرەت لە بەرامبەر موختاردا کرد و سەرکۆنەی خۆی کرد، چونکە هێندەی ئەو کراوە و دڵساف نییە.

موختار گوتی: "تکاشم وایە لە ئەستەنبوڵ ئەم شیعرەم بۆ بدەیتە دەستی فاخیر. ئەو شیعرەی باسم کرد. ناوی (پلیکانە)یە."

(کا) له تاریکییەکەدا شیعرەکەی خزاندە گیرفانییەوە، لەو کاتەدا سێ کەسی سڤیل هاتنە ژوورەوە بۆ ناو خانەکە. دووانیان لایتی گەورەیان بە دەستەوە بوو. ساز و خۆ تێ هەڵقورتێنەر بوون و بەڕوونی بە ڕەفتاریاندا دیار بوو زۆر باش دەزانن (کا) و موختار لەوێ چی دەکەن. (کا) حاڵی بوو ئەو کەسانە سەر بە دەزگای هەواڵگریی میللی -میت-ن. لەگەڵ ئەوەشدا چاوێکیان بە ناسنامەی (کا)دا گێڕا و لێیان پرسی چی دەکات لەم ناوە. (کا) گوتی لە ئەستەنبوڵەوە هاتووە بۆ نووسینی وتار لەسەر هەڵبژاردنەکان و خۆکوژیی ژنان بۆ ڕۆژنامەی جمهورییەت.

یەکێک لە کارمەندەکان گوتی: "جا ئەوانە بۆیە خۆیان دەکوژن بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکانی ئەستەنبوڵ لە سەریان بنووسن."

(کا) شێلگیرانە گوتی: "نا، لەبەر ئەوە نییە."

"ئەی لەبەر چییە؟"

"لە تاو چارەڕەشی و بەدبەختی خۆیان دەکوژن."

"ئێمە بەدبەختیشن، بەڵام خۆمان ناکوژین."

لەولاشەوە دووانەکەی دی لەبەر رۆشنایی لایتەکەی دەستیاندا دۆلابەکانی بارەگای پارتییان کردەوە، کشاوەکانیان ڕاکێشا، هەرچیان تێدابوو ڕۆیان کردە سەر مێزەکە و لە تۆمارەکانیشدا بەدوای چەند شتێکدا گەڕان. مێزەکەی موختاریان هەڵگێڕایەوە و لە ژێریدا بەدوای چەکدا گەڕان، یەکێک لە دۆلابەکانیان ڕاکێشایە پێشەوە و سەیری پشتەوەیان کرد. جۆری هەڵسوکەوتیان لەگەڵ (کا)دا باشتر بوو وەک لە مامەڵەیان لەتەک موختاردا.

"بۆچی لە دوای بینینی پەلاماردانی بەڕێوەبەر نەچوونە مەڵبەندی پۆلیس و هاتنە ئێرە؟"

"لێرە ژوانم هەبوو."

"بۆچی؟"

موختار بە دەنگێک کە بۆنی لێبووردنی لێ دەهات، گوتی: "ئێمە هاوڕێی

دێرینی سـەردەمی زانکۆین. کـچی خـاوەنی هۆتێلی بەفـرپالاسی شـوێنی حەوانەوەی ئەمیش هاوسەرمە. کەمێک بەر لە هێرشەکە تەلەفۆنیان کرد بۆ ئێرە، بۆ بارەگای پارتی و کاتی دیمانەیان لەگەڵمدا دەستنیشان کرد. لەبەر ئەوەی دەزگای هەواڵگری گوێ لە تەلەفۆنەکانمان دەگرێت، ئێوە دەتوانن لە ڕاستیی ئەم قسەیەم بکۆڵنەوە."

"تۆ لە کوێوە دەزانیت ئێمە گوێ لە تەلەفۆنەکانتان دەگرین؟"

موختار بێ ئەوەی خۆی تێک بدات، گوتی: "داوای لێبووردن دەکەم، نازانم، بگرە وای بۆچووبووم. لەوانەیشە بەهەڵەدا چووبم."

(کا) لە موختاردا خوێنساردی و چەوساوەیی کەسێکی بەدی کرد مامەڵەی خراپی پۆلیس بەهەند ناگرێت و سووکایەتی پێکردن ناکاتە مەسەلەی ئابڕوو، و بەشـێـوەیەکی خـۆڕسک لەسـەر بێ بەزەییـبـوونی پۆلیس و دەوڵەت، بڕینی کـارەبا و قـوڕ و چڵـپـاوی بەردەوامی ڕێگە و بانەکـان ڕاهاتووە. (کـا)، لە سۆنگەی ئەوەی توانا و تایبەتمەندییەکی لەو جۆرەی لە خۆیدا شک نەدەبرد، لە بەرامبەر موختاردا هەستی بە ڕێز کرد.

پاش پشکنینێکی درێژخایەنی بارەگای لقی پارتی، تێکدانی دۆلابەکان و تۆمارەکـان بەسـەریەکـدا، پێچانەوەی بەشـێکیـان و لە توورەکـە نـانیـان و تۆمـارکـردنی وردەکـارییـەکـانی پشکنین، خـزێنرانە دواوەی ئـۆتـۆمـبـیـلی پۆلیسەکانەوە و هەردووکیان وەک دوو کوڕی چەپی تاوانبارکراو بە بێدەنگی لە شانی یەکترەوە دانیشتبوون. (کـا)، چەوساوەیی موختـاری لە دەستە گەورە و سپییەکانیدا بەدی کرد و سەیری کرد ژیرانە وەک پیرەسەگی قەڵەو بەسـەر ئـەژنۆکـانیـدا شـۆڕی کـردبوونەوە. بەدەم بەرەو پێـشـەوەچوونی لەسەرخۆی ئۆتۆمبیلی پۆلیسەوە بە شەقامە بەفراوی و تاریکەکانی قارسدا، ئەمان بە خەمگینی چاویان بڕیبووە تیشکی کز و نارنجیی سەرهاویشتوو لە پەنجەرەی نیوەکراوەی کەونە مالانی ئەرمەنی، ڕۆیشتنی لەسەرخۆی پیر و پەککەوتەی کیسەی نایلۆن بەدەست بەسەر شۆستەکاندا و دەرک و حەوشەی مـاڵە تەنیـا و چۆڵ و کـۆن و بە(خـێـو)بووەکـان. پۆستـەرەکـانی شـانۆنامـەی

دەمەوئێوارە بە تابلۆی ئاگادارییەکانی هۆڵی شانۆی گەلەوە هەڵواسرابوون، ئەو کرێکارانەی کاریان بۆ ڕاکێشانی کابڵی وەشانی زیندووی تەلەڤزیۆن دەکرد، هێشتا لەسەر کارەکەیان بەردەوام بوون. بەهۆی بڕانی ڕێگە و بانەکانیشەوە کەشێکی تووڕە باڵی بەسەر گەراجەکانی پاسدا کێشابوو.

ئۆتۆمبیلی پۆلیسەکان هێدی هێدی بەسەر بەفرە ئەفسانەییەکەدا خل دەبووەوە. کلووە بەفرەکان لە چاوی (کا)دا لە کلووی ناو ئەو لەیستۆکە پڕ لە ئاوانە گەورەتر بوو کە منداڵان (تۆفانی بەفر)یان پێ دەگوت. ڕێگەکە کورت بوو، بەڵام بەهۆی لێخوڕینی لەسەرخۆی شۆفێرەکەوە حەوت هەشت خوولەکێکی خایەند. لەو ماوەیەدا نیگای (کا) جارێک لەگەڵ نیگای موختاری تەنیشتیدا یەکانگیر بووەوە، بە شەرمەوە و زۆر بە ئاسانی لە ڕوانینی خەمگین و ئارامبەخشی دۆستی دێرینییەوە حاڵی بوو موختار لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش دارکاری دەکرێت و خۆیشی دەستی بۆ نابرێت.

لە ڕوانینەکانی دۆستەکەیدا کە دەبوو چەندین ساڵ دوای ئەوەش لە بیری نەکات، ئەوەش حاڵی بوو ئێستا موختار بیر لەوە دەکاتەوە ئەو تێهەڵدانەی پاش کەمێکی تر دەیخوات، خۆی بەسەر خۆی هێناوە. موختار، سەرباری بڕوای تەواوی بە سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیدا لە دوای چوار ڕۆژی تر، کەچی ڕوانینێک لە ڕووخساریدا بەدی دەکرا وەک بڵێیت پێش قەومانی پێشهات ئامادەیە بۆ داوای لێبووردن. (کا) تێ گەیشت موختار چۆن بیر دەکاتەوە: "دەزانم لەبەر ئەوەی هێشتا لەسەر ژیان لەم گۆشەیەی جیهان سوورم و تەنانەت چاوم بڕیوەتە دەسەڵات، شایەنی ئەو تێهەڵدانەم کە دوای تاوێکی تر دەیخۆم و هەوڵ دەدەم بێ ئەوەی هەستی شانازیم بریندار بکات، لێی دەرباز ببم و هەر لەبەر ئەوەشە خۆم لە تۆ بە بچووکتر دەزانم. تۆیش تکایە هیچی تر چاومەبڕە ناو چاوەکانم، چونکە هەست بە شەرمەزاری دەکەم."

پاش ئەوەی ئۆتۆمبیلی پۆلیسەکان گەیشتە حەوشەی بە بەفرداپۆشراوی پشتەوەی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش، (کا) و موختاریان لە یەکدی جیا

نەکردەوە، بەڵام لەگەڵ هەریەکەیاندا مامەڵەیەکی جیاوازیان کرد. لەگەڵ (کا)دا مامەڵەی کەسێکی کاریگەر و بینەرێکی ئامادەی هاوکاریکردن و ڕۆژنامەنووسێکی بەناوبانگی لە ئەستەنبوڵەوە هاتوویان کرد، چونکە ئەگەر بهاتایە لە دژی ئەوانی بنووسیبایە، ئەوا تووشی سەرئێشەی زۆری دەکردن. لە ڕەفتار لەگەڵ موختاریشدا هەوایەکی سووکایەتی پێکردنی تێکەڵ بە "ها ئەوە دیسان خۆتیت!"، بەدی دەکرا؛ تەنانەت لەگەڵ (کا)دا گەیاندیانە ئەوەی پێی بێژن: "دەبێت کەسێکی وەک تۆ چ شتێکی لەگەڵ ئەم کابرایەدا هەبێت!" (کا) ساویلکانە بیری بۆ ئەوە چوو پۆلیسەکان بۆیە سووکایەتی بە موختار دەکەن، چونکە بە گەوج (پێت وایە ئەم دەوڵەتە ڕادەستی تۆ دەکرێت!) و بودەڵە (تۆ جارێ ئاوڕێک لە ژیانی خۆت بدەرەوە)ی دەزانن. بەڵام دواتر بە ئازارەوە بۆی ئاشکرا بوو ئەوان بەشێوازێکی زۆر جیاوازتر درێژەیان بە گەمەی خۆیان دا.

ماوەیەک (کا)یان بردە ژوورێکی تر، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی ئەو کوڕە باریکەڵە و تەن بچووکەی تەقەی لە بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردە کردبوو، نێزیکەی سەد وێنەی ڕەش و سپیی کۆکراوەی ناو ئەرشیڤیان پێشانی دا. هەموو ئەندامانی ڕێکخراوە ئیسلامییە سیاسییەکانی قارس و دەوروبەری، ئەوانەی تەنانەت جارێکیش لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیر کرابوون، لەوێ وێنەیان هەبوو. زۆربەیان لاو بوون، کورد بوون، گوندی، یان بێکار بوون، بەڵام لە نێوانیاندا فرۆشیاری گەڕۆک، ئیمامی مزگەوت، تەنانەت قوتابیی زانکۆ، مامۆستا و تورکی سونی مەزهەبیش هەبوون. لە ناو ئەو وێنانەدا کە خاوەنەکانیان بە ڕق و کەسەرەوە چاویان بڕیبووە کامێراکانی ئاسایش، (کا) سیمای دوو لاوی خوێنگەرمی ناسییەوە پێشتر لە کاتی پیاسەکردن بە شەقام و کۆڵانەکانی قارسدا ڕووی تەقیبوو بە ڕوویاندا. بەڵام کارێکی فرە دژوار بوو وێنەی هێرشکار لە ناو وێنە ڕەش و سپییەکاندا بدۆزرێتەوە. ئەم کابرای بکوژی بە کەسێکی بە تەمەنتر و لەڕ و باریکەڵەی دەزانی.

کاتێک هێندرایەوە بۆ ژووری پێشووتر، بینی موختار لەسەر هەمان کورسی خۆی کوڕکردووە، خوێن لە لووتی دێت و ژێر یەکێک لە چاوەکانیشی سوور بووەتەوە. موختار بە شەرمەوە یەک دوو جووڵەی کرد و بە دەسڕەکەی دەستی، ڕووی خۆی بەباشی شاردەوە. لەو بێدەنگییەدا (کا) خەیاڵی بۆ ئەوە چوو موختار لە سایەی ئەو دارکارییەدا، لە هەستی تاوانباریی سەرچاوەگرتوو لە هەژاری و بوودەڵەیی وڵاتەکەی و لە ئازاری دەروونی پاک بووەتەوە. (کا) دوای دوو ڕۆژ لەو ڕووداوە و بەر لەوەی ناشادترین هەواڵی ژیانی پێ بگات، کەوتە ئەم دۆخەی ئێستای موختارەوە و زۆر گەوجانە ئەم خەیاڵکردنەی بیر کەوتەوە.

دوای ئەوەی ماوەی خوولەکێک لەگەڵ موختاردا چاویان بەیەک کەوتەوە، جارێکی تر (کا)یان بردەوە ژوورەکەی ئەولا بۆ وەرگرتنی وتەکانی. ئەم دەستی کرد بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی تەقەکردن لە بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردە بۆ پۆلیسێکی لاو ئەویش بە داکتیلۆیەکی مارکەی (ڕەمینگتۆن) وتەکانی دەنووسییەوە. باوکی بە پیشە پارێزەری (کا)ش ئێواران داکتیلۆیەکی لە هەمان کارکەی دەیهێنایەوە بۆ ماڵ بەمەبەستی تەواوکردنی کارەکانی ڕۆژ. (کا) لەو کاتەدا بیری بۆ ئەوە چوو بۆیە موختاریان لەو بارەدا پێشان داوە، تا ئەمی پێ چاوترسێن بکەن.

دوای تاوێک ئازاد کرا، بەڵام تا ماوەیەکی درێژ نەیتوانی دەموچاوی خوێناویی موختار لە بیر بکات. لە ڕابردوودا تەنانەت کەسانی کۆنەپارێز لە شارە دوورەدەستەکانیش لەلایەن پۆلیسەوە بەو جۆرە ڕەفتاریان لەگەڵ نەدەکرا، بەڵام موختار سەر بە پارتێکی ڕاستڕەوی ناوەندی وەک (ئەناپ-پارتی نیشتمانی دایک) نەبوو، بگرە سەر بە ڕەوتێک بوو دەیویست ببێت بە ڕادیکاڵی ئیسلامی. سەربارى ئەوەش پێی وا بوو ئەم ڕەوشە تا ڕادەیەک پێوەندیی بە کەسایەتیی موختار خۆیەوە هەیە. (کا) بەژێر بەفرەکەدا ماوەیەکی درێژ ڕێی کرد، لە خوارەوەی شەقامی ئۆردوو لەسەر دیوارێک دانیشت، جگەرەیەکی داگیرساند و نیگای بڕییە بڕێک منداڵ لەبەر ڕۆشنایی

گـڵـۆپی دارتـەلەکـانـی کـارەبادا بـەفـرەخلیـسکێـیــان دەکـرد. ئـەو هـەژاری و توندوتـیـژییــەی بەدرێژاییی ڕۆژ دیبــووی، مــاندووی کـردبوو، بەڵام لە ناخـیـدا هیـوای دەست پێکردنی ژیـانێکی تەواو نویّ لـەگـەڵ خـۆشـەویسـتنی ئیـپـەکـدا چەکەرەی دەکرد.

(کا) لەســەر ڕۆیشـتن بەردەوام بوو، پاش مــاوەیەک دیسـانەوە خـۆی لەســەر شـۆسـتـەی پێش شـیـرینیخـانەی ژیانی نوێدا دیتـەوە. شـووشـەی پـەنجـەرەکـانی شیرینیخـانەکە شکابوون و گڵۆپی شینی تۆخی ئۆتۆمبیلی پۆلیسی ڕاگیراو لە بەردەمـیدا دادەگیرسـا و دەکوژایەوە. گڵۆپەکە بە تیشکێکی جوان بەفرەکە و ئاپۆڕەی پیر و منداڵان، ئەوانەی بۆ سەیرکـردنی پۆلیسـەکانی ناو شـیـرینیخـانە کـۆ بووبـوونەوە، ڕووناک دەکـردەوە. بـەفـریش بە پـشــوودرێژیی خــوایـی هـەر دەباری. (کا) خۆی کـرد بەناو ئاپۆڕەکەدا و تەماشای کـرد پۆلیسـەکان هێشتا لە شیرینیخانەکەدا چەند شتێک لە پیرە گارسۆن دەپرسن.

کەسێک بەنەرمی دەستی خستە سەر شانی: "ئێوە شاعیر (کا)ن، وا نییە؟"

جـوانخـاسـێکی چاوسـەوزی چاوگـەورە و خـاوەن دەموچـاوێکی منداڵانە بوو. لاوەکە گوتـی: "من ناوم نەجیب"ە. دەزانم بەمەبەستی نووسـینی وتار سـەبارەت بە هەڵبـژاردن و خـۆکـوژی کچـان ڕووتان لە قـارس کـردووە و دیمانەتان لەگەڵ چەندین کەس و دەوروبەردا ئەنجام داوە. بەڵام کەسێکی تری زۆر گرینگ هەیە لە قارس پێویستە بیبینن."

"کێ؟"

"کەمێک بچینە لاوە؟"

(کا) ڕەفـتـاری پڕ لە ڕازی لاوەکـەی پـێ خـۆش بوو. خـۆیان گـەیاندە بەردەم بۆفیەی هـاوچەرخی (بە شـەربەت و شیرینی لە هـەموو جیهاندا ناسـراو).

لاوەکـە گوتـی: "پـێم ڕاسـپـێـردراوە تەنـیـا کـاتێـک نـاوی ئـەو کەسـەتان پێ بڵـێم ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر بینینی دەرببڕن."

(کا) گوتـی: "جا چۆن ڕازی بم لەسەر چوون بۆ لای کەسێک نەزانم کێیە؟"

لاوەکـە گوتی: "ئیـدی ئاوایە. ئەو کـەسـە خـۆی شـاردووەتـەوە. هەتا ڕازیش نەبن لەسەر بینینی، پێتان ناڵێم لە کوێ و بۆچی خۆی شاردووەتەوە."

(کـا) گـوتـی: "باشــە، ڕازیم بە بینینی." دواتر بـە خـۆپێـشـاندانێکی وەک جـووڵەی ئەکتـەری ناو فـۆتۆڕۆمـانەکـانەوە گـوتی: "هـیوادارم ئـەمـە تـەڵەیەک نەبێت."

لاوەکەش بەهەمان جووڵەوە گوتی: "ئەگەر متمانەت بە کەسانی تر نەبێت، لە ژیانتدا هیچت پێ ناکرێت."

(کا) گوتی: "متمانەم پێتان هەیە. کێیە ئەو کەسەی دەبێت من ببینم؟"

لاوەکە گـوتی: "ئەگەر ناویتـان زانی، ئیدی دەبێت ببیـنن. بەڵام پێویسـتـە ڕازی شـوێنی خۆحەشـاردانی بپارێزیت. ئێستـا جـارێکی تریش بیـر بکەرەوە. ناوەکەی بڵێم؟"

(کا) گوتی: "بەڵێ. ئێوەش متمانەتان بە من هەبێت."

نەجــیب بـەخــرۆشــێکی وەهاوە وەک ئـەوەی ناوی قــارەمــانی یەکــێک لە ئەفسانەکان بهێنێت، گوتی: "ئەو کەسە ناوی شینەیە."

کــاتێک هیـچ کـاردنـەوەیەکی لە (کـا) نەبینی، تووشـی خـەیاڵشکاندن بوو. پاشان گوتـی: "ئەو دەمەی لە ئەڵمـانیا بوون، هیـچتـان لە بارەیەوە نەبیسـتووە؟ کەسێکی زۆر ناودارە."

(کا) بەدەم هێورکردنەوەوە گوتـی: "دەزانم. ئامادەم بۆ بینینی."

نـەجــیب گــوتـی: "بەڵام مـن نازانم لـە کــوێیــە. تـەنانـەت لە ژیـانمدا هـەر نەشمدیوە."

بە خـەنـدەیەکی پڕ لە گـومـانەوە مـاوەیەک لـە تەوقی سـەرەوە بۆ نـووکی پێ سەیری یەکدییان کرد.

نەجــیب گـوتـی: "کــەســێکی تر دەتبــات بۆ کن شــینە. ئـەرکی من ئـەوەیە بتگەیەنم بەو کەسەی بەوت دەگەیەنێت."

پێکەوە بەژێر ئاڵای بچـووک و پۆسـتـەرەکـانی هەڵبـژاردندا بـە شــەقــامی

کـوچووک کـازم بەگـدا بەرەو خـوار ڕۆیشـتن. (کـا) بـە جـووڵـەی شـپـرزەی لاوە مێرخاسـەکە و باڵا زراڤەکەیدا سەردەمی لاوێتیی خۆی هاتەوە یاد و هـەستی بۆی جـووڵا. سـاتێک وا هـەسـتی کـرد دەیەوێت لە چاوی ئەوەوە بۆ جـیـهـان بڕوانێت.

نەجیب پرسی: "لە ئەڵمانیا چیتان لە بارەی شینەوە بیستووە؟"

(کـا) گـوتی: "لـە ڕۆژنامـە تـورکـیـەکـانـدا ئـەوەم خـوێـندووەتەوە مـیلیـتـانێکی ئیسلامی سیاسییە. هەندێک شتی خراپی تریشم لە سەری خوێندووەتەوە."

نەجـیب بەپەلە قـسـەکـانی پێ بـڕی: "ئیسـلامی سـیاسـی نـاوێکە ڕۆژئاوا و چاپەمـەنیی لایست لە ئێمەیان نـاوە، لە ئێمـەی مـوسـڵمـانـی ئامادە بۆ شـەڕ لە پێناوی ئایندا. ئێـوە لایسـتن، بەڵام تکایە باوەڕ مـەکـەن بـەوەی چاپەمـەنیی لایست لەو بارەیەوە دەینووسـێت. شـینە کـەسی نەکـوشـتـووە. لە پێناوی بەرگریکردن لە برا موسـڵمانەکانیدا، چووەتە بۆسنە و تەنانەت لە گرۆزنی بە بۆمبی ڕووسـەکان بریندار بـووە." (کا)ی لە گۆشـەیەکدا ڕاگرت و گـوتی: "ئەو دووکانەی ئەوبەرەوە دەبینیت، کتێبخانەی تەبلیغ... ئەوە هی وەحدەتچییەکانە، بەڵام هەمـوو ئیسـلامـییـەکـانی قـارس لـەوێ یەکتـر دەبینن. پۆلیسـیش وەک هەمـووان بەمـە دەزانێت. ئەوان لـە ناو فرۆشـیـارەکاندا سـیـخـوڕیان هەیە. من قـوتابیی ئامـادەیی پێگەیانـدنی پێشنوێژ و وتارخـوێنانم. چوونی ئێمـە بۆ ئەو جۆرە شـوێنانە قەدەخەیە، سـزای بێ دیسیپلینی دەدرێین، بەڵام هەواڵ دەنێرم بۆ ناوەوە. دوای سێ خوولەکی تر لاوێکی بالابەرزی کلاوسوور و ڕیشدار دێتە دەرەوە. بکەوە دوای ئەو. پاش دوو کـۆڵان خـۆیت پێ دەگـەیەنێت و ئەگـەر پۆلیسی سڤیل بەدواتانەوە نەبێت، دەتبات بۆ شوێنی مەبەست. تێ گەیشتیت؟ خوا پشت و پەنات بێت." نەجیب لەپڕ لە ناو بەفـرە چڕەکەدا ون بوو. (کا) لە ناخی خۆیدا هەستی بە خۆشەویستی کرد لە بەرامبەری.

## ٨

# خۆكوژ گوناهباره

## بەسەرهاتی شینە و ڕۆستەم

(كا) لە بەرامبەر كتێبخانەی تەبلیغ چاوەڕێی دەكرد و بەفریش بە گوڕتر دەباری. لە تەكاندنی بەردەوامی بەفری بان سەری، سەر جلەكانی و لە چاوەڕێكردن بێزار بوو، لەوەدا بوو بۆ هۆتێل بگەڕێتەوە، لەو كاتەدا بینی وا لاوێكی بالابەرزی ڕیشن لەوبەرەوە بەژێر تیشكی زەردی گڵۆپی شەقامەكەی ئەوبەردا ڕێ دەكات و كڵاوە سوورەكەی سەری لە بەفردا سپی دەكاتەوە. لێدانی دڵی (كا) زیادی كرد و دوای لاوەكە كەوت.

بەدرێژاییی شەقامی كازم پاشا كە پاڵێوراوی پارتی نیشتمانی دایك-ئەناپ بۆ سەرۆكایەتیی شارەوانی بەڵێنی دابوو لەسەر شێوازی ئەستەنبوڵ بیگۆڕێت بۆ شەقامی پیادەڕۆیی، ملی ڕێیان گرت و دواتر بەلای شەقامی فایەق بەگدا بایاندایەوە. دوو شەقام لە خوارترەوە بەلای ڕاستدا گەڕانەوە و گەیشتنە مەیدانی وێستگەی شەمەندەفەر. بەفر، پەیكەری كازم قەرەبەكری ناوەڕاستی مەیدانەكەی داپۆشیبوو، بۆیە لە تاریكیدا شێوەی چلوورەیەكی گەورەی وەرگرتبوو. (كا) بینی لاوە ڕیشنەكە خۆی كرد بە باڵەخانەی وێستگەدا، ئەمیش تینی دایە خۆی و دوای كەوت. لە هۆڵەكانی چاوەڕوانیكردندا كەس بەدی نەدەكرا. هەستی كرد لاوەكە بەسەر شۆستەی وێستگەدا ملی ڕێگەی گرت و بەرەو ئەوسەر چوو. كاتێك گەیشتە كۆتاییی شۆستەكە، وەك ئەوەی تارماییی لاوەكە لە تاریكیدا ببینێت وا بوو، بە ترسەوە شان بەشانی هێڵی ئاسنینی وێستگە چووە پێشەوە. (كا) ئەوەی بە

بیردا هات ئەگەر لێرە دەستی لێ بوەشێنن و بیکوژن، ئەوا کەس ناتوانێت تا بەهار تەرمەکەی بدۆزێتەوە. لەو ساتەدا لووتی تەقی بە لووتی لاوی ڕیشن و کڵاو لەسەردا.

لاوەکە گوتی: "کەس لە دوامانەوە نییە، بەڵام ئەگەر بخوازیت، ئێستاش دەتوانیت پاشگەز بیتەوە. خۆ ئەگەر لەگەڵ منیشدا دێیت، ئەوا پێویستە لەمەودوا چەنەت دابخەیت. بەهیچ جۆرێک ئەوەت بەسەر زماندا نایەت چۆن گەیشتیتە ئێرە. ئاکامی ناپاکان کوشتنە."

بەڵام تەنانەت دوایین وشەی لاوەکەش (کا)ی نەترساند، چونکە دەنگێکی ئەوەندە ناسک و باریکی هەبوو کەسی باوک مردووشی دەخستە پێکەنین. بەدرێژاییی هێڵی ئاسنینی وێستگەدا ڕۆیشتن و بەلای سایلۆی شاردا تێ پەڕین. دوای ئەوەی گەیشتنە کۆڵانی یاخنیلەری تەنیشت ماڵە سەربازییەکان. لاوە دەنگ زراڤەکە باڵەخانەی جێی مەبەستی پێشانی (کا) دا، بۆی ڕوون کردەوە دەست بەکام زەنگدا بنێت و پێی گوت: " لە بەردەم وەستادا بێ ڕێزی نەنوێنیت! قسەی پێ مەبڕە، پاش ئەوەی کارەکەت تەواوبوو، یەکسەر و بێ خۆخەریک کردن بێرە دەرەوە."

بەو جۆرە (کا)حاڵی بوو (وەستا) ناسناوێکی تری شینەیە و لەلایەن هەوادرانییەوە بەسەریدا بڕدراوە. بۆ خۆیشی زانیاری زۆر کەمی هەبوو سەبارەت بەوەی شینە موسڵمانێکی سیاسی و کەسێکی بەناوبانگە. چەند ساڵێک لەمەوبەر، لەو ڕۆژنامە تورکییانەی لە ئەڵمانیا دەستی پێیان ڕادەگەیشت، وای خوێندبووەوە شینە لە تاوانێکەوە گلاوە. چەندین موسڵمانی پیاوکوژ هەبوون؛ بەڵام هیچیان ناوبانگی ئەویان نەبوو. ئەوەی شینەی بەناوبانگ کردبوو، دەنگۆی ئەوە بوو گوایە بێژەری بەرنامەی پێشبڕکێ و خەڵاتبەخشینی کەناڵێکی بچووکی تەلەڤزیۆنی کوشتووە. یارۆی بێژەر لە بەرنامەکەدا جلوبەرگی نەخشین و بریقەداری دەپۆشی و گاڵتەی بێ تام و بێ لەزەتی دەکرد، بە خۆنازینەوە و بە دەنگی مێینانەی خۆی، لە نرخ و بەهای (نەزانەکان)ی کەم دەکردەوە. ئەو بێژەرە قۆشمە و دەموچاو ئاوڵاوییە ناوی

گوینەر تەنەر بوو. لە بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی پێشبڕکێدا کەسێکی هەژار و دەبەنگ هەڵدەسێنێتە سەرپێ، بەدەم پێ ڕابواردنەوە زمانی دەترازێت و پلارێکی ناشایستە دەگرێتە حەزرەتی پەیامبەر. هەندێک بینەری باوەڕمەند لەوانەی بەدەم خەوەنووچکەوە سەیری پرۆگرامەکەیان کردبوو، بەو پلارتێگرتنە کەللەیی بووبوون. شتەکە خەریک بوو لە بەرەوە لە بیری خەڵک دەچووەوە. بەڵام شینە لەو سەروبەندەدا نامە بۆ سەرجەم ڕۆژنامەکانی ئەستەنبوڵ دەنووسێت و هەڕەشەی ئەوە لە کابرای بێژەر دەکات ئەگەر لە هەمان بەرنامەدا تۆبە نەکات و داوای لێبووردن نەکات، ئەوا دەیکوژێت. چاپەمەنیی ئەستەنبوڵ لەگەڵ ئەم جۆرە هەڕەشانەدا ڕاهاتبوون، لەوانەش بوو هیچ بایەخ بە نامەکانی شینە نەدەن و فەرامۆشی بکەن؛ بەڵام کەناڵێکی بچووکی تەلەڤزیۆنی خاوەن سیاسەتێکی لایستانە دەیویست بە پەیامێک لە ڕای گشتی بگەیەنێت کە مەترسیی ئیسلامی سیاسیی چەکدار تا چ ڕادەیەک پەرەی سەندووە، شینە دەهێنێتە سەر پەردەی تەلەڤزیۆن و ئەویش کۆمەڵێک هەڕەشەی تر بە هەڕەشەکانی پێشوویەوە دەنێت. دوای سەرکەوتنی ئەم پرۆگرامە، شینە بە ڕۆڵی (ئیسلامییەکی یاخیبووی تەور بەدەست) ڕازی دەبێت و لە کەناڵەکانی تریشدا دەبیندرێت. داواکاری گشتی بە تۆمەتی (هەڕەشەی کوشتن) فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەردەکات، ئەویش لەبەر ئەوەی لەو سەروبەندەدا تازە سووکە ناوبانگێکی پەیدا کردبوو، لە چاوان ون دەبێت و دەست دەکات بە خۆشاردنەوە. گوینەر تەنەریش کاتێک دەبینێت ڕای گشتی گرینگی بە ڕووداوەکە دەدات، هەموو ڕۆژێک لە بەرنامە ڕاستەوخۆکەیدا و بەشێوازێکی چاوەڕوان نەکراو مەیدانبازی دەکات و ڕادەگەیەنێت لە (شێت و نەزانەکانی دوژمنی ئەتاتورک و کۆمار ناترسێت.) ڕۆژی دواتر بۆ بەرنامەکەی دەچێتە ئەزمیر، لەوێ، لە ژووری خۆی لە هۆتێلێکی لوکسدا، بەو کراڤاتەی نیگاری تۆپی ئاوی بەسەرەوە بووە و لە بەرنامەکانیدا لە ملی گرێ دەدا، خنکێندرابوو. شینە سەرەڕای ئەوەی سەلماندبووی لەو ڕۆژەدا لە مانیسا بەشداریی لە کۆنفرانسێکدا کردووە بۆ

پشتیوانیکردن له کچانی سەرپۆش بەسەر، خۆی له ڕووداوەکه و له چاپەمەنی دزییەوە و درێژەی دا بە خۆشاردنەوە. چاپەمەنی ناوبانگی ئەویان بە هەموو گۆشەیەکی وڵاتدا بڵاو کردبووەوە. لەو ڕۆژانەدا بەشێک له چاپەمەنیی ئیسلامی سیاسیش له چاپەمەنیی لایست کەمتریان پێی نەکرد و بەبیانووی وەک ئەوەی ئیسلامی سیاسیی جۆری کەسانی دەست بە خوێن پێشان داوە، لەیستۆکی دەستی چاپەمەنیی لایستە، بەشێوەیەکی نەوەشاوە له ئیسلامییەکان شەیدای ناوبانگە، حەزی له خۆدەرخستنه له هۆیەکانی ڕاگەیاندندا و سیخوڕی (سی ئای ئەی)یە، پەلاماریان دەدا. لەبەر ئەو هۆیانه شینه ماوەیەکی درێژ خۆی شاردەوە. لەو سەروبەندەدا ئەو دەنگۆیه له ناو دەوروبەرە ئیسلامییەکاندا بڵاو بووەوە وەک قارەمانێک له بۆسنه دەست له سەربەکان و له گرۆزنی گورز له ڕووسەکان دەوەشێنێت، بەڵام هەندێک بۆچوونی تریش هەبوون ئەم دەنگۆیانەیان بەدرۆ دەخستەوە.

ئەوانەی بە پەرۆشن بۆ زانینی ڕای شینه لەسەر ئەم بابەتانە، دەتوانن له بەشی سی و پێنجەمی ئەم کتێبەماندا بە سەردێڕی (من سیخوڕی کەس نیم) و بە ژێردێڕی ((کا) و شینه له ژووری زیندانداا)، بڕواننه کورتەی بەسەرهاتی شینه کە بە دەستەواژەی (لەم ڕۆژی بیستی شوباتەدا، کاتێک شیمانەی بەهێزی له سێدارەدانی من له ئارادایە) دەست پێ دەکات، بەڵام بەتەواوی دڵنیا نیم لەوەی گشت گێڕانەوەکانی قارەمانەکەمان لەوێدا ڕاست بن. دۆری زۆری بۆ هەڵدەبەسترا و هەندێکیشیان دەگەیشتنه ئاستی ئەفسانە. شێوازی ژیانی پڕ له ڕازیشی سەرچاوەی زۆربەی درۆکان بوون. دەکرێت بێدەنگییەکەشی وا لێک بدرێتەوە شینه ڕەخنەکانی پێشووتری دەوروبەرە ئیسلامییەکانی لا پەسەند بووە، چونکه بەباشیان نەزانیبوو موسڵمانێک هێندە بەزۆری له ڕاگەیاندنی بۆرژوای زایۆنیدا ببیندرێت، بەڵام وەک لەم چیرۆکەماندا بۆمان دەردەکەوێت، شینه له ڕاستیدا زۆر حەزی دەکرد بۆ ڕاگەیاندن بدوێت.

ئەو شتانەشی دەربارەی هاتنی بۆ قارس دەگوتران –وەک هەموو ئەو

قسانەی یەکسەر بە شوێنە بچووکەکاندا بڵاو دەبنەوە–، هیچیان یەکتریان نەدەگرتەوە. هەندێک دەیانگوت شینە هاتووەتە قارس بۆ ئەوەی جەماوەر و نهێنییەکانی کەسانی سەر بە گرووپێکی ئیسلامیی کوردی بپارێزێت، چونکە دەنگۆی ئەوە هەبوو دەستەی سەرکردایەتیی ئەو تاقمە لە ئامەد لە ئاکامی هێرشەکانی دەوڵەتەوە درزی تێ کەوتبێت، بەڵام دەستەی ناوهێندراو لە قارس هەر دوو سێ لایەنگرێکی هەبوو. لایەنگرانی ئاشتیخواز و نیازپاکی سەر بە گرووپە کوردییە مارکسی و نەتەوەپەرستەکان و کوردە ئیسلامییەکانیش دەیانگوت بۆ ئارامکردنەوەی شەڕێک هاتووە پێش ماوەیەک لە شارەکانی ڕۆژهەڵات لە نێوان هەردوولایەندا هەڵگیرسابوو، و خەریک بوو تەشەنەی دەکرد. پێکاهەڵپرژانی گرووپە کوردییە مارکسی و نەتەوەپەرستەکان و کوردە ئیسلامییەکان سەرەتا بە دەمەقاڵە، جنێو بە یەکتردان، دارکاریکردنی ئەندامانی یەکدی و شەڕە کوڵان دەستی پێ کردبوو. پاشان لە زۆربەی شارەکاندا گەیشتبووە ئاستی چەقۆکێشی و تەوربازی، لەو مانگانەی دواییشدا لایەنەکان تەقەیان لە یەکتر دەکرد، یەکدییان دەکوشت، ئەندامەکانی یەکتریان دەفڕاند و ئەشکەنجەیان دەدان. (هەردوولایەنیش شێوازی ئەشکەنجەدانی لە جۆری تواندنەوەی نایلۆن بە سەر دەمارەکانی لەشدا و گوشینی گونیان پەیڕەو دەکرد.) دەگوترا کەسانێک پێیان وا بوو ئەو شەڕە (لە بەرژەوەندیی دەوڵەتە)، بۆیە شاندێکی ناوبژیوانی نهێنییان بۆ بەکۆتاهێنانی پێکەوە ناوە و ناوچە بەناوچە بەدوای شینەدا گەڕاون، بەڵام بە گوتەی دوژمنەکانیشی، لەبەر خاڵە ڕەشەکانی ژیانی ڕابردووی و کەمیی تەمەنی، بۆ ئەم ئەرکە قورس و بەدەربەستە دەستی نەدەدا. هەرچی لاوە ئیسلامییەکانیش بوون، دەیانگوت شینە هاتووە بۆ لەناوبردنی بێژەر و دیسکجۆکی کەناڵی ناوخۆی (تەلەڤزیۆنی سەرحەد قارس). ئەو بێژەرە لە بەرنامەکاندا جلوبەرگی بریقەداری دەپۆشی، گاڵتەی بێ تامی دەکرد و ناڕاستەوخۆش توانج و پلاری دەگرتە ئیسلام. بۆیە بێژەر حەقان ئۆیزگەی بە ڕەچەڵەک ئازەری لە پرۆگرامەکانی ئەم دواییەدا هەر جار ناجارێک ناوی

خـوای دەهێنا و کـاتەکـانی بانگ و نوێژی ڕادەگەیاند. هەندێکیش دەیانگوت شینە سەر بە باسکی تورکیای تۆڕێکی تیرۆریستیی ئیسلامیی نێودەوڵەتییە. تەنانەت هەواڵ گەیشـتبووە دەزگـای هەواڵگری و هێزەکانی ئاسایش لە قارس گوایە ئەم تۆڕە بە پشتیوانیی عەرەبستانی سعوودی نەخشەی دارِشتووە بۆ کـوشـتنی چەند ژنێک بـەمـەبەسـتی ترسـاندنی ئەو ژنانەی لـە کـۆمـارەکـانی سۆڤیـەتیی پێشووەوە بۆ سێکسـفرۆشتن دەهاتنە تورکیا. شینـە بانگەشـەکانی لە جۆری ئەوەی لە پێناوی ژنانی خۆکوشتوودا، یان بۆ پشتیـوانی لە کچانی سـەرداپۆشـراو، یان لەبەر هەڵبـژاردنەکـان بـۆ قـارس هـاتووە، وەک هەمـوو بانگەشـەکانی تر بە درۆ نەدەخستەوە. نەبینینی لە هیچ لایەک و بێدەنگبوون لە بـەرامــبــەر ئـەو شــتــانـەی دەدرانە پـاڵی، کــەشــێکی پڕ لە ڕازی ئـەوتۆی خـوڵقـانـدبوو. ئەم دۆخــەش بۆ قـوتـابیـانـی ئامـادەیـی پێگەیانـدنی پێـشنوێژ و وتارخـوێنان مـایەی چێژ لێ وەرگرتن بوو. خۆشاردنەوەی ئەو تەنیا لە چاوی پۆلیس نەبوو، بـگرە نەهاتنە دەرەوەی بۆ شـەقـام و کـۆڵانەکـانی قـارس، هەمـان کـات بۆ تێک نەدانی کـەشـی ئەفسـانـەییی خـوڵقـاوی نـاو خـەڵک بوو، ئەمـەش گومانی ئەوەی لە شارە یاخۆ نا، زیاتر دەکرد.

(کا) دەستی بەو زەنگەدا نا کە لاوە کڵاوی سوور پێشانی دابوو. کابرایەکی باڵاکورت دەرگـای کردەوە و فـەرمووی لێ کرد بۆ ژوورەوە. ئـەم سـەرەتا وا تێ گەیشت ئەو کابرایـەیە کە سـەعات و نیـوێک لەوەوبەر لە شـیرینیـخـانەی ژیانی نوێ بەڕێوەبـەری پەیمانگەی پەروەردەی بەر گولـلە دا. لەگەڵ بینینی کـابرادا لێـدانـی دڵی زیـادی کــرد. یارۆی کــورتـەباڵا دەســتــەکــانـی بەرز کــردەوە، ناولەپەکانی پێشان دا و گوتی: "ببوورن، لە ساڵی ڕابردوودا سێ جار هەوڵی کوشتنی وەستامان دراوە، دەبێت بتانپشکنم."

(کا) بەشـێوەی ئەوەی لە سـاڵانی زانکۆدا لـەسـەری ڕاهـاتبوو، باڵەکانی بۆ پشکنین ئاوەڵا کرد. کابرای کورتەباڵا بەوردی بۆ گەڕان بەدوای چەکدا دەستە بچووکـەکانی بەسـەر کراسـەکـەی و پشتیدا گێڕا. ئەم ترسـی ئەوەی لێ نیشت کابرا هەست بە لێدانی خێرای دڵی بکات. بەڵام یەکسەر لێدانی دڵی گەڕایەوە

سـەر ڕەوتی ئاسـایی و بۆی دەرکـەوت بەهەڵـەدا چووە. نەخـێـر، ئەم کـابرایە بەهیچ جۆرێک ئەو کەسە نییە کە بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردەی بەر گوللە دابوو. ئەم کـەسـە مـیـهرەبان و تەمـەن مـامناوەندییـە ئـەدوارد جی ڕۆبینسـۆنی هێنایەوە یادی (کا)، لەو بابەتە بوێر و پتەوانەش نەبوو بتوانێت کەسـانی تر بداتە بەر دەستڕێژی گوللە.

هـەنسکی پێش گریانی منداڵێک و دەنگی شـیرینی دایکێک هاتە بەر گوێی (کا). پرسـیـاری کـرد "پێـڵاوەکـانم دابکەنم؟" بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بکات، دەستی کرد بە داکەندنی پێڵاوەکانی و لەگەڵیشـیدا گوتی: "ئێمە لێرە مێوانین و نامانەوێت ببینە ئەرک بەسەر خاوەن ماڵەوە."

(کا) لەو ساتەدا هەسـتی کرد کەسـێکی تر لەسـەر قـەنەفەکـان دانیشـتـووە. ئەگـەرچی حاڵی بوو ئەوەی دیبـووی شینـەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لایەکی هۆشی بۆ بەرەنـگاربوونەوەیەکی کـاریگـەرتر جـۆش دابوو، کـەوتە گـومـانەوە. بەدوای شـــینـەدا چووە ژوورێکی پـەڕپووتـەوە. لەوێدا تەلـەڤـــزیۆنـێکی ڕەش و ســـپی داگـیـرسـێنرابـوو. کـۆرپەیەکی سـاواشی بینی دەسـتی تا مـەچەکی لە زاری نابوو، بەوپەڕی ئـاگـاهـی و دەربەسـتـەوە چاوی بڕیبـووە دایـکی، دایکەش بەدەم گـۆڕینی دەرپێکەیەوە وشـەی شـیـرینی کـوردیی دەگـوتەوە. نیگای کـۆرپەکـە سـەرەتا کەوتە سـەر شینە، بەدوای ئەویشـدا (کا) هاتە ژوورێ. مـاڵەکە، وەک مـاڵە ڕووسـیـیـە کۆنەکـان دالانی نەبوو، لە هـەنگاونـان بەردەوام بوون و چوونە ژوورێکی ترەوە.

ئەم تـەنیـا چاودێریـی شـینەی دەکـرد. پاشـان نیگای چووە سـەر نوێن و پێخەوێکی ڕێکخراو لەسەر شێوازی وردی سەربازی، بیجامەیەکی هێڵ شینی جـوان قـەدکـراو و دانراو لە تـەنیـشـت سـەرینەکـەوە، تەپڵـەکـێکی (ئـەرسێن ئەلـەکـتـریک) لەســەر نووسـراو، سـاڵنامــەیەک بە دیمەنی ڤـینیـسـیـاوە بە دیوارەکـەوە و دوو تاکی کـراوەی پـەنجـەرەیـەکی فـراوان کـە دەیڕوانی بەسـەر هەمـوو تیشکە خـەمبـارەکانی شـاری قـارسـیـی نوقـمـبـووی ناو بەفردا. شینە پەنجەرەکەی داخست و گەڕایەوە لای (کا).

چاوەکانی شینە، شینی تۆخ بوون و لە جۆرە ڕەنگی چاوە بەدەگمەن لە تورکەکاندا بەدی دەکرا. ڕەنگ کەژێکی بێ ڕدێن بوو، زۆریش لەوە کەم تەمەنتر بوو وەک ئەوەی (کا) بۆی چووبوو، پێستێکی سپی و زەردهەڵگەڕاوی مایەی سەرسووڕمان و لووتێکی چەماوەی پێوەبوو. تا بڵێیت ڕێکپۆش دیار بوو. سەنگینییەکی پێوە دیار بوو لە متمانە بە خۆبوونەوە سەرچاوەی دەگرت. چاپەمەنیی لایست شینەی وەک کەسێک وێنا کردبوو بە دەستێک تەزبیح و بە دەستەکەی تری چەکی هەڵگرتبێت. بە کەسێکی ڕیشن، لادێیی و شەریعەتخوازێکی شەڕانگێزی دادەنا، بەڵام هیچ کام لەم ئاکارانە لە ڕەوش و هەڵوێست و ڕواڵەتیدا نەدەبیندرا.

"تا سۆپاکە ژوورەوە گەرم نەکات، پاڵتۆکەتان دامەکەنن... پاڵتۆیەکی جوانە. لە کوێ کڕیوتانە؟"

"لە فرانکفورت."

شینە گوتی: "فرانکفورت... فرانکفورت." چاوی بڕییە بنمیچی ژوورەکە و نوقمی بیرکردنەوە بوو. پاشان گوتی (سەردەمانێک) بەهۆی بڵاوبوونەوەی بیری دامەزراندنی سیستەمی دەوڵەتێکی بنیاتنراو لەسەر بنەمای ئاین، ئەم بە پەرەگرافی ١٦٣ لە یاسای سزادان حکوم دراوە و لەبەر ئەوە بۆ ئەڵمانیا هەڵهاتووە.

بێدەنگییەک باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا. (کا) هەستی کرد دەبێت چەند شتێک بڵێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دۆستانە ڕەفتار بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچی بەخەیاڵدا نەهات بۆ گوتن، کەمێک شپرزە بوو. هەستی کرد شینە بۆ ئارامکردنەوەی ئەم دەستی کرد بە قسە.

"ئەو کاتانەی لە ئەڵمانیا بووم، لە هەر شارێک سەردانی کۆمەڵە ئیسلامییەکانم بکردایە، لە فرانکفورت، لە کۆڵن لە نێوان کڵێسای دۆم و وێستگەی شەمەندەفەردا، یان لە گەڕەکە دەوڵەمەندنشینەکانی هامبورگ، لە هەر کوێ پیاسەم بکردایە، دوای ماوەیەک ئەڵمانێکم دەبینی، لە خەیاڵی خۆمدا لەوانی تر جیام دەکردەوە و هەموو هزری خۆم دەخستە سەری. بەلای

منەوە گرینگ نەبوو من چۆن بیر لەو دەکەمەوە، بگرە خەیاڵم بۆ ئەوە دەچوو داخۆ ئەو چۆن بیر لە من دەکاتەوە، تێ دەکۆشام لە چاوی ئەوەوە بڕوانمە ڕواڵەت، قیافەت، هەڵسان، دانیشتن، هاتوچۆم، مێژووم، لە کوێوە هاتووم، بۆ کوێ دەچم و من کێم. ئەمە هەستێکی زۆر خراپ بوو، بەڵام خووم پێوە گرتبوو، بە چاوی سووک سەیرم نەدەکرد: تێ دەگەیشتم چۆن بە چاوی سووک سەیری براکانم دەکرێت... بەشێوەیەکی گشتی ئەوروپایی بە چاوی سووک سەیری ئەوانی تر ناکەن، بگرە ئێمە سەیری ئەوان دەکەین و خۆمان بەکەم دێتە پێش چاو. کۆچ تەنیا هەڵهاتن نییە لە دەست زۆردارەکانی نیشتمان، بگرە ڕێگەیەکیشە بۆ گەیشتن بە قوڵاییی ڕۆحمان. بێگۆمان کۆچکردووان ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر دەگەڕێنەوە بۆ ڕزگارکردنی ئەوانەی نەیانتوانیوە نیشتمان بەجێ بهێڵن و بوون بە هاوبەشی تاوانباران. تۆ بۆچی گەڕایتەوە؟"

(کا) بێدەنگ بوو. سادەیی و پەڕپووتیی ژوورەکە، دیوارە ڕەنگ نەکراو و دارووخاوەکانی ئۆقرەیان لەبەر بڕیبوو. تیشکی بەهێزی گڵۆپی ڕووتی سەر پێخەوەکەش ڕاستەوخۆ لە ناو چاوانی ئەمی دەدا.

شینە گوتی: "من نامەوێت بە پرسیارکردن دەربارەی کۆتایی و دنیای ئەودیو بێزارت بکەم. خوا لێخۆشبوو مەلا قاسم ئەنساری، هەر مێوانێک بچووبایە سەردانی بۆ ماڵەکەی لە ناو هۆزی خۆیدا لە کەناری دیجلە، بەر لە هەموو شتێک دەیگوت: خۆشحاڵ بووم بە ناسینتان، گەلۆ ئێوە سیخوڕی بۆ کێ دەکەن؟"

(کا) گوتی: "بۆ ڕۆژنامەی جمهورییەت..."

شینە لە وەڵامدا گوتی: "ئەوەندەی دەزانم. بەڵام گرینگیدانیان بە قارس تا ڕادەی ئەوەی بگاتە ناردنی کەسێک بۆ ئێرە، منی خستووەتە گومانەوە."

(کا) گوتی: "من خۆبەخشانە ئەم ئەرکەم لە ئەستۆ گرت. بیستبووشم دۆستی دێرینم موختار و خێزانەکەی لە قارس دادەنیشن."

شـینه چاوی بڕییـه ناو چاوی (کـا) و گـوتی: "له یەک جـیـا بوونەوە، نەتبیستبوو؟"

(کـا) گـوتی: "دەمـزانـی." بەتەواوی سـوورِ هەڵگەڕا. هەسـتـێکی وای لەکن دروست بوو شینه هزری ئەم بخوێنێتەوە، بۆیە ڕقی لێ بووەوە.

"له ئاسایش موختاریان دارکاری کرد؟"

"کردیان."

شینه به ڕیتمێکی ناجۆر گوتی: "جا باشه شایەنی دارکاریکردن بوو؟"

(کا) به پەشۆکاوییەوە گوتی: "نەخێر، بێگومان شایەنی لێدان نەبوو."

"ئەدی بۆ تۆیان دارکاری نەکرد، له خۆت ڕازیت؟"

"نازانم بۆچی له منیان نەدا."

شـینه گـوتی: "دەزانیت، به جـەسـتـه و نیـگاکـانتـدا دیاره بۆرژوایەکی ئەستەنبوڵیت. گوتوویانه هەبێت و نەبێت ئەمـه چەند ناسیـاوێکی له سـەرەوە هەیه و کـەس نازانێت چی دەقەومێت. دەشزانن سـەرتاپای جەسـتەی مـوخـتـار هاوار دەکات نه ناسیاوی هەیه و نه هێز. موختاریش بۆیە پێی نایە مەیدانی سیاسەتەوە بۆ ئەوەی وەک تۆ جێی متمانەی ئەوان بێت، بەڵام تەنانەت ئەگەر له هەڵبـژاردنەکـانیـشـدا سـەربکەوێت، بۆ ئـەوەی بتـوانێت لەسـەر کـورسی دەسـەڵات دابنیشێت، پێویستـه بۆیان بسەلمێنێت کەسێکە هەموو شەقەکانی دەوڵەتی به دڵفراوانییەوە پەسەند کردووه. بۆیه لەم سۆنگەیەوە زۆر شادمـانه به دارکاریکردنی."

شینه هیچ پێ نەدەکەنی، بگره تارمایی خەمێک به ڕوویەوە دیاربوو.

(کـا) گـوتی: "هـیچ کـەسـێک دڵـخـۆش نابێت به لێـدانی." دواتر لـه بەردەم شینەدا خۆی وەک کەسێکی ئاسایی و ڕووکەش هاته پێش چاو.

ڕووی شـینه وای دەنواند وەک ئـەوەی بڵـێت کـاتـی ئەوە هاتووه بێـینه سـەر کرۆکی مـەبەست. به (کا)ی گـوت: "چاوت کەوتووه به خـێزانی ئەو کـچـانەی خۆیان کوشتووه. بۆچی چوویته دیدەنی ئەوانە؟"

"گوتم لەوانەیە وتارێک لەسەر ئەو بابەتە بنووسم."

"لە ڕۆژنامەکانی رۆژئاوادا؟"

(کا) لەپڕ و بە فیزەوە گوتی: "بۆ رۆژنامەکانی ڕۆژئاوا." لە ڕاستیشدا هیچ ناسیاوێکی نەبوو بۆ ئەوەی وتارێکی لە ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانیدا بۆ بڵاو بکاتەوە. پاشان بە پەشیمانییەوە لێی زیاد کرد و گوتی: "لە تورکیاش بۆ ڕۆژنامەی جمهورییەت."

شینە گوتی: "هەتا ڕۆژئاواییەکان نەیەنە پێشەوە، ڕۆژنامە تورکییەکان بایەخ بە ئێش و ئازاری میللەتی خۆیان نادەن. نووسین لە بارەی هەژاری و دیاردەی خۆکوژییەوە بە شووورەیی دەزانن و وەک شتێکی ناهاوچەرخ مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. کەواتە تۆیش ناچار دەبیت وتارەکانت لە ئەوروپا بڵاو بکەیتەوە. منیش بۆ ئەم مەبەستە ویستم بتبینم: بە قوربانت بم نە لە ناوەخۆ و نە لە دەرەوە لەسەر ئەو کچانە مەنووسە کە خۆیان دەکوژن. خۆکوژی گوناهێکی گەورەیە! ئەم نەخۆشییە تا بایەخی پێ بدرێت، زیاتر تەشەنە دەکات. بەتایبەتیش بانگەشەی ئەوەی گوایە ئەو کچەی لەم دواییانەدا خۆی کوشتووە، خواپەرست بووە و لە پێناوی سەرپۆشدا تێ کۆشاوە، لە ژەهر کوشندەترە."

(کا) گوتی: "بەڵام ئەوە ڕاستە، کچە پێش ئەوەی خۆی بکوژێت، دەستنوێژی گرتووە و نوێژی کردووە. ئێستاش ئەو کچانەی لە پێناوی سەرپۆشدا تێ دەکۆشن، زۆر ڕێزی لێ دەگرن."

شینە گوتی: "کچێک خۆی بکوژێت، تەنانەت موسڵمانیش نییە! باوەڕیش ناکرێت لە پێناوی سەرداپۆشیندا تێ کۆشابێت. ئەگەر ئەم هەواڵە درۆیە بڵاو بکەیتەوە، ئەوا لە ناو کچانی تێکۆشەر لە پێناوی سەرپۆشدا بانگەشەی ئەوە بڵاو دەبێتەوە ئەوان لە لادەرانی نێوان خۆیان، دەبەنگە بارۆکە لەسەرەکان، لە پۆلیس و پاڵەپەستۆی دایکان و باوکانیان دەترسن. ئایا تۆ بۆ ئەمە هاتوویت بۆ ئێرە؟ هانی کەس مەدە بۆ خۆکوشتن. ئەم کچانە لە نێوان خۆشەویستی

خوا و خێزان و قوتابخانەدا گیریان خواردووە، هێندە بەدبەخت و تەنیان، بەجۆرێک هەموویان ئامادەن لاسایی ئەو خۆشەویستە خۆکوشتووەیان بکەنەوە."

"جێگری پارێزگاریش داوای لێم کرد لە بەسەرکردنەوەی دیاردەی خۆکوشتندا لە قارس زیادەڕۆیی نەکەم."

"جا بۆ چ مەبەستێک چاوت بە جێگری پارێزگار کەوت؟"

"لەگەڵ کاربەدەستانی پۆلیسیشدا قسەم کرد بۆ ئەوەی بە درێژایی ڕۆژ بێزارم نەکەن."

شینە گوتی: "ئەوانە بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لە هەواڵی (کچانی سەرداپۆشراوی دەرکراو لە قوتابخانە خۆیان دەکوژن) دەکەن."

(کا) لە وەڵامدا گوتی: "من ئەوەی دەیزانم، دەینووسم."

"ئەم قسەیەت تەنیا پارێزگارە لایستەکەی دەوڵەت ناگرێتەوە، بگرە ڕووی منیش دەگرێتەوە. سەرباری ئەوەش دەتەوێت پێم بڵێیت (نە پارێزگاری لایست و نە ئیسلامی سیاسی نایانەوێت تۆ لەسەر خۆکوشتنی کچان بنووسیت؟)"

"بەڵێ."

"ئەو کچە لەبەر دەرکردنی لە قوتابخانە نا، بگرە بەهۆی کێشەی ئەڤینداریییەوە خۆی کوشت. ئەگەر ڕووداوێکی ئاسایی خۆکوشتن لە پێناو ئەڤیندا وەک لاوازیی کچانی سەرداپۆشراو لە قەڵەم بدەیت، ئەوا ئیسلامییەکانی ئامادەیی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان لێتان زیز دەبن. قارس شارێکی بچووکە."

"من لای خۆمەوە ئەمە لەو کچانە دەپرسم."

شینە گوتی: "زۆر باش دەکەیت! ئادەی جارێک لەو کچانە بپرسە بزانە ئەوان ڕازی دەبن لە ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیادا بنووسرێت لە تێکۆشانیاندا بۆ سەرداپۆشین لە پێناوی ڕەزامەندیی خوادا بەرگە ناگرن و خۆیان دەکوژن و بە گوناهباری دەمرن؟"

(کا) کەللەڕەقانە گوتی: "دەپرسم." بەڵام ترسیشی لێ نیشتبوو.

شینە گوتی: "بۆیە ناردم بە دووتدا بۆ ئەوەی شتێکی تریشت پێ بڵێم، کەمێک لەمەوبەر بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردە درایە بەر گوللە... ئەوە ئەنجامی تووڕەیی موسڵمانانە لە بەرامبەر پاڵەپەستۆی دەوڵەت بۆ سەر کچانی سەرپۆش بەسەر. بەڵام هەڵبەتە ڕووداوەکە ڕەفتارێکی ئاژاوەگێڕانەی دەوڵەتە. لە سەرەتادا بەڕێوەبەری بەستەزمانیان وەک ئامێرێکی زۆرداری بەکار هێنا، پاشان بۆ ئەوەی تاوانەکە بە موسڵمانانەوە بلکێنن، بە دەستی شێتێک بە کوشتیان دا."

(کا) وەک ڕۆژنامەنووسێکی وردەکار لێی پرسی: "ڕووداوەکەتان پێ باشە، یان ڕیسوای دەکەن؟"

شینە گوتی: "من لە پێناوی سیاسەتدا بۆ قارس نەهاتووم، من هاتووم بۆ پێشگرتن لە دیاردەی خۆکوشتن لەم شارەدا." لەپڕ هەردوو شانی (کا)ی گرت، لە خۆی نێزیک کردەوە، ڕوومەتەکانی ماچ کرد و پێی گوت: "تۆ دەروێشێکیت تەمەنی خۆت بە شیعر بەخشیوە. نابیت بە ئامێری ئەوانەی خراپە دەرهەق بە موسڵمانان و لێقەوماوان دەکەن. هەروەک چۆن من متمانەم بە تۆ کرد، تۆیش بە منت کرد و بەناو ئەم بەفرەدا هاتی بۆ لام. دەمەوێت لەبری سوپاسکردن، بەسەرهاتێکی واتادارت بۆ بگێڕمەوە." بە ڕیتمێکی نیوە شانۆیی و نیوە ئاسایی نیگای بڕییە ناو چاوەکانی (کا) و گوتی: "بیگێڕمەوە؟"

"بیگێڕەوە."

"لە زەمانی زۆر کۆندا، لە ئێران قارەمانێکی بێ هاوتا و شەڕڤانێکی ماندوونەناس هەبوو. هەمووان دەیانناسی و خۆشیان دەویست. با ئێمەش وەک ئەو کەسانەی لەو سەردەمەدا خۆشیان دەویست، بڵێین ناوی ڕۆستەم بوو. ڕۆستەم ڕۆژێک لە کاتی ڕاودا ڕێی لێ وێڵ دەبێت، کاتێک شەویشی بەسەردا دێت و خەوی لێ دەکەوێت، ئەسپەکەی ون دەبێت. بەدەم گەڕانەوە

بەدوای ئەسپەکەیدا کە ناوی ڕەخش بوو، دەچێتە خاکی دوژمن، واتا خاکی توورانەوە. لەبەر ئەوەی ناوبانگی پێش خۆی گەیشتبووە ئەوێ، ناسرایەوە و هەڵسوکەتێکی باشی لەگەڵدا کرا. دوای نان خواردن دەچێتە ژووری حەسانەوە، لەو کاتەدا کچی شا دەچێتە کنی، ئەڤینی خۆی بەیان دەکات بۆی و پێی دەڵێت دەیەوێت منداڵێکی لێی ببێت. بە جوانی و زمانی لووسیی خۆی ڕۆستەم لە خشتە دەبات، پێکەوە دەنوون. بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر ڕۆستەم قۆڵبەستێک بۆ ناسینەوەی منداڵەکەی بەجێ دەهێڵێت و بۆ وڵاتی خۆی دەگەڕێتەوە. کوڕەکەی -ئەوان ناویان ناوە زۆراب و با ئێمەش هەروا ناوی بهێنین- کاتێک دوای ساڵانێکی درێژ تێ دەگات کوڕی ڕۆستەمی پاڵەوانی داستانە، دەڵێت: "ڕوو لە ئێران دەکەم، کەیکاوسی شای زۆردار لە تەخت دەهێنمە خوارەوە و باوکم دەخەمە جێی... پاشان دەگەڕێمەوە بۆ توووران، شا ئەفراسیابی شای زۆرداری توورانیش وەک کەیکاوس لە تەختی پاشایەتی دەهێنمە خوارەوە و خۆم تاجی پاشایەتی لەسەر دەکەم! ئەو کاتە ڕۆستەمی باوکم و خۆم، ئێران و توووران، واتا هەموو جیهان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەڕێوە دەبەین!" ئەمە گفت و بیرکردنەوەی زۆرابی سادە و نیازپاک دەبێت، بەڵام هێشتا تێ نەگیشتبوو دوژمنەکانی چەند قرێژ و تەڵەکەبازن. شای توووران شا ئەفراسیاب سەرەڕای ئەوەی نیازی زۆرابی بۆ ئاشکرا دەبێت، بەبیانووی شەڕی دژ بە ئێران پشتیوانی لێ دەکات، بەڵام کۆمەڵێک سیخوڕ دەخاتە ناو سوپاوە بۆ ئەوەی نەهێڵن زۆراب ڕۆستەمی باوکی بناسێتەوە. دوای فڕوفێڵ، دەسیسە، گەمەی چارەنووسی بەد و ڕێککەوتە نهێنییەکانی یەزدانی پەروەردگار، ڕۆستەمی داستان و زۆرابی کوڕی دێنە مەیدانی شەڕ و ڕیزی سوپا لە پشتیانەوە ڕادەوەستێت. ئەمان لەبەر ئەوەی زرێیان پۆشیوە، مەیدان لە یەکتری دەگرن و یەکدی ناناسنەوە. ڕۆستەم بۆ ئەوەی شەڕڤانی بەرامبەری فریا نەکەوێت هێزی خۆی کۆ بکاتەوە، بێ ئەوەی بزانێت کێیە، هەڵمەتی بۆ دەبات. زۆرابیش چاوەکانی لە دانانی باوکی لەسەر تەختی پاشایەتیی ئێران هیچ شتێکی تری نەدەبینی و باکی نەبوو لە بەرامبەر کێدا

شـەڕ دەکات. بەمجـۆرە ئەم دوو شـەڕڤـانە دڵفـراوان و گەورەیە، ئەم باوک و کـوڕە، لە یەکـتر دێنە پێشـێ، شمـشـێر هەڵدەکێـشن و سـەربازەکـانیش لە پشتیانەوە سەیریان دەکەن."

شـینە بێـدەنگ بوو. بێ ئەوەی سـەیری نـاو چاوی (کا) بکات، منداڵ ئاسـا گوتی: "هەرچەندە سـەدان جاریش ئەم داسـتـانەم خوێندووەتەوە، بەڵام ئەگەر دەگـاتـە ئەم شـوێنە، دڵم دەلەرزێت و لێـدانی زیاد دەکـات. بۆچـی؟ نازانم، سـەرەتا خـۆم لەگەڵ زۆرابدا بەراورد دەکەم لە کـاتێکدا خـەریکە باوکی خـۆی دەکـوژێت. کێ هـەیە بخـوازێت باوکـی خـۆی بکوژێت؟ کـام ڕۆح خـۆی لـەبەر ئازاری ئەم تاوانـە و باری ئەم گوناهەدا ڕادەگرێت؟ بە تایبـەتیش زۆرابی دڵ بچـووک کـە من جـاروبار خـۆم دەخـەمـە جـێی ئەو! ئەگـەر هەر بڕیار بێت بیکوژێت، باشـترین ڕێباز بۆ کوشـتنی باوکی ئەوەیە، بێ ئەوەی بیناسـێتـەوە، بیکوژێت."

"لە کـاتێکدا من لەم بیرکردنـەوانەدام، هەردوو شەڕڤـانی زرێپۆش دەست بە شـەڕ دەکـەن و دوای چەندین سـەعـات یەکـتـر هێنان و بردن، یەکـتـریان پێ نابەزێنـدرێت و بە بریـنداری پاشـەکشـە دەکەن. سـەرلەئێوارەی ڕۆژی یـەکەم بەقـەد ئـەوەی خـەیاڵم لەکن زۆرابە، هـێندەش لای بـاوکـیـەتـی و کـاتێکیش پاشـمـاوەی داسـتـانەکـە دەخـوێنمـەوە، هـەروەک ئەوەی یەکـەم جارم بێت، بە گەشـبـینییـەوە خـۆزگەی ئەوە دەخـوازم کورِ و بـاوک یەکـتر نـەبەزێنن، بگرە بە ئاشتی لەم کارە بێنە دەرێ."

"لە ڕۆژی دووەمـدا دیسـان سـوپاکـان لـە بەرامـبـەر یەکـتـر ڕادەوەستن، هەمـدیسـان کوڕ و بـاوکی زرێپـۆش لە یەکـتر دێنە پێـشـەوە و فـرە دڵڕەقـانە دەکـەونـە وێزەی یەکـدی. دوای هێنان و بردنێکی زۆر ئـەو ڕۆژە بەخت -جـا توخـوا ئەوە بەختە؟- بەدەم زۆرابـەوە پێ دەکەنێت، ڕۆستـەم لە ئەسپ دەخـاتە خـوارەوە و دەینێتـە ژێر. خەنجـەر هەڵدەکێشـێت و خـەریک دەبێت بەمەبەسـتی کـوشتن، لە دڵی بـاوکی بچـەقـێنێت. لەو سـاتەدا کـەسـێک دەگـاتە سـەریان و دەڵێت: "لە ئێـران بـاو نیـیــە لە یەکــەم جــاردا ســەری شــەڕڤــانی دوژمن

بپەڕێندرێت. مەیکوژە، با نەبێتە هۆڤییەتی." زۆرابیش باوکی ناکوژێت."

"کاتێک زیاتر دەخوێنمەوە و دەگەمە ئێرە، بەردەوام هۆشم ئاڵۆز دەبێت. دەروونم پڕ دەبێت لە خۆشەویستی بۆ زۆراب. لە خۆم دەپرسم گەلۆ واتای ئەو چارەنووسە چییە کە خوا بە گونجاوی دەزانێت بۆ باوک و کوڕ؟ ڕۆژی سێیەم بە پێچەوانەی چاوەڕوانی پڕ لە پەرۆشمەوە، مەیدانبازی لەپڕ کۆتایی پێ دێت. ڕۆستەم، زۆراب لە ئەسپ دەهێنێتە خوارێ، خەنجەر لە سینەی دەچەقێنێت و دەیکوژێت. ڕووداوەکە چەند خێرا و ترسناکە، ئەوەندەش سەرسووڕهێنەرە. کاتێک ڕۆستەم بە قۆڵبەستەکەدا بۆی دەردەکەوێت کوڕی خۆی کوشتووە، دەکەوێتە سەر ئەژنۆ، لاشەی خوێناویی زۆراب لە ئامێز دەگرێت و دەست بەگریان دەکات."

"ئەگەر دەگەمە ئەم بەشەی داستان، منیش دەست بەگریان دەکەم. لە هاوخەمی نواندن بۆ ڕۆستەم زیاتر، بۆ واتای مردنی زۆرابی داماو و ڕەبەن دەگریم. زۆراب بە هەوای خۆشەویستیی باوکی ملی ڕێ دەگرێت، کەچی بە دەستی باوکی دەکوژرێت. هەموو کاتێک بە ستایشەوە بۆ خۆشەویستیی زۆرابی دڵفراوان بۆ باوکی دەڕوانم، بەڵام لێرەدا هەستێکی قوڵتر و کاملتر بەرامبەر بە ئازاری پڕ ویقاری ڕۆستەمی پابەندی ڕێسا و دابونەریت بەسەر ئەو ستایشەمدا زاڵ دەبێت. بەدرێژاییی داستانەکە خۆسەویستی و ستایشم بۆ زۆرابی یاخی و تاکڕەو سەر دەکات و ڕۆستەمی بەهێز و خاوەن لێپرسراویش دەگرێتەوە."

شینە بۆ چرکەساتێک بێدەنگ بوو. (کا) ئیرەیی پێی برد لە پای ئەوەی بە بڕوایەکی هێندە بە تینەوە بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە، جا هەر بەسەرهاتێک بێت.

شینە گوتی: "من ئەم داستانەم لەبەر ئەوە بۆت نەگێڕایەوە تا پێشانت بدەم چ واتایەکی بە ژیانم بەخشیوە، بگرە لەبەر ئەوەی لە بیر کراوە. هەر نەبێت ئەم داستانە لە شانامەی فیردەوسیدا هەیە. سەردەمانێک ملیۆنان کەس لە تەبرێزەوە تا ئەستەنبوڵ، لە بۆسناوە هەتا ترابزۆن دەیانزانی، بە یادیان

دەهێنایەوە و لە واتای ژیانی خۆیان تێ دەگەیشتن، ڕێک وەک ئەوەی ئەمڕۆ چۆن لە ڕۆژئاوادا سەیری (کوشتنی باوک)ی ئۆدیب، یان (تەخت و مردن)ی ماکبێس دەکرێت. بەڵام ئێستا هەمووان، بەهۆی شەیداییی ڕۆژئاواوە ئەم داستانەیان لە بیرکردووە. داستانە کۆنەکان لە کتێبی قوتابخانەکان دەرهێندراون. ئەمڕۆ لە ئەستەنبوڵدا تەنانەت یەک کتێبخانەش نییە شانامە بفرۆشێت! بۆچی؟"

کەمێک بێدەنگ بوون.

شینە گوتی: "تۆ ئێستا وا بیر دەکەیتەوە داخۆ جوانیی ئەم داستانە ئەوە دەهێنێت مرۆڤی لە پێناودا بکوژرێت؟ وا نییە؟"

(کا) گوتی: "نازانم."

شینە گوتی: "کەواتە بیری لێ بکەرەوە." ئەمەی گوت و لە ژوورەکە چووە دەرێ.

## ٩

## بمبوورن، ئایا ئێوه ئەتایستن؟

## بێ باوەڕێک کە نایەوێت خۆی بکوژێت

دوای ئەوەی شینە لە ژوورەکە چووە دەرێ، (کا) ماوەیەک بە دوودڵی مایەوە. سەرەتا وای بۆچوو شینە هێندەی پێ ناچێت دەگەڕێتەوە و پرسیاری ئەو بابەتەی لێ دەکات کە داوای لێ کردبوو (بیری لێ بکاتەوە!) بەلام پاش کەمێک بۆی ڕوون بووەوە دۆخەکە بەو جۆرە نییە وەک ئەو بۆی چووە: کابرا پەیامێکی ئاڕاستەی کردووە، ئەگەرچی بۆ خۆدەرخستنە و کەمێکیش سەیرە. تۆ بڵێیت ئەمە هەڕەشەیەک بووبێت؟

ئەوەی ڕاستی بێت، (کا) لەو ماڵەدا لە کەسێکی هەڕەشەلێکراو زیاتر، هەستی بە نامۆیی دەکرد. لە ژوورەکەی ئەودیو منداڵی ساوا و دایکەکەی نەدیتەوە، بێ ئەوەی کەس چاوی پێوە بێت، لە دەرگای ماڵ چووە دەرەوە. لە دڵەوە ئارەزووی دەکرد بە پلیکانەکاندا ڕابکاتە خوارەوە.

بەفرەکە هێندە لەسەرخۆ و بە کپی دەباری، ئەم وای بۆچوو کلووەکان لە هەوادا هەڵواسرابن. ئەم کپییە هەستێکی وای لەکن خوڵقاند وەک ئەوەی کات لە شوێنی خۆی مەیی بێت، وای بە زەیندا هات زۆر شت گۆڕاوە و کاتێکی زۆر تێ پەڕیوە؛ ئەمە بەمەرجێک، دیمانەکەی لەگڵ شینەدا تەنیا بیست خوولەکی خایەندبوو.

بەهەمان ئەو ڕێگەیەی لێوەی هاتبوو، بەدرێژاییی هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر و بەلای سایلۆی شاردا کە لە ژێر بەفردا لە سێبەرێکی زەبەلاح و سپی دەچوو، گەڕایەوە بۆ وێستگە. ئەو دەمەی بەناو وێستگەی قرێژ و خاڵیدا

تێ دەپەڕی، سەرنجی دا وا سەگێک لێی نێزیک دەبێتەوە و دۆستانە کلک دەلەقێنێت بۆی. سەگێکی ڕەش بوو، بەڵام پەڵەیەکی سپی بە ناوچەوانییەوە بوو. (کا) سێ لاوی بینی لە هۆڵی چاوەڕوانی وێستگەدا سەموونیان فڕێ دەدایە بەردەم سەگەکە. یەکێکیان نەجیب بوو، بەر لە هاوڕێکانی پێی هەڵگرت، خۆی گەیاندە لای (کا) و پێی گوت: "دەستم دامێنتان با هاوڕێ قوتابییەکانم هەست نەکەن من چۆن زانیومە ئێوە لێرەوە تێ دەپەڕن. هاوڕێیەکی زۆر نێزیکم گەرەکیەتی پرسیارێکی فرە گرینگتان لێ بکات. ئەگەر کاتتان هەبێت و خوولەکێک بۆ فازیل تەرخان بکەن، ئەوا زۆر دڵخۆش دەبێت."

(کا) گوتی: "باشە." ڕووی لەو کورسییە کرد کە دوو لاوەکە لەسەری دانیشتبوون. لە پۆستەرەکانی پشت سەریانەوە ئەتاتورک گرینگی و بایەخی هێڵی شەمەندەفەری وەبیر دەهێنایەوە، دەوڵەتیش، کچانی هەڵگری بیری خۆکوشتنی دەترساند. لاوەکان هەڵسانە سەرپێ و دەستی (کا)یان گوشی. هەردووکیان شەرم دایانی گرت.

نەجیب گوتی: "پێش ئەوەی فازیل پرسیارەکەی بکات، مەسعوود دەیەوێت بەسەرهاتێک بگێڕێتەوە خۆی بیستوویەتی."

مەسعوود بە شڵەژانەوە گوتی: "نەخێر، نایگێڕمەوە. تکایە تۆ لەبری من بیگێڕەوە."

نەجیب دەستی کرد بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە و (کا)ش بەدەم گوێگرتنەوە سەیری سەگە ڕەشەکەی دەکرد بەدەم کلک بادانەوە لە وێستگەی پۆخڵ و بۆش و نیوە تاریک ڕای دەکرد.

"بەسەرهاتەکە لە یەکێک لە ئامادەییەکانی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنانی ئەستەنبوڵ ڕووی داوە و منیش هەروام بیستووە. "نەجیب بەمجۆرە دەستی کرد بە گێڕانەوە: "بەڕێوەبەرێکی ناقۆڵای یەکێک لە ئامادەییەکانی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنانی کەنار ئەستەنبوڵ بۆ کارێکی پێوەست بە پۆستەکەی، دەچێتە یەکێک لەو باڵەخانە بەرزانەی کە تازە بنیات نراون و ئێمە لە تەلەڤزیۆندا دەیانبینین. سواری ژوورکێشێکی

گـەورە دەبێت و دەچێـتـــە ســـەرەوە. کـەســێکی تری بـاڵابەرز و بەتەمـــەن لە بەڕێوەبەر بچـووکتر کتێبێکی بە دەستەوە دەبێت و لە ژوورکێشەکەدا دەبێت، لێی نێـزیک دەبێتـەوە و کـتێبـەکـەی پێشـان دەدات. بۆ کـردنـەوەی پەڕەکـانـی، چەقـۆیەکی دەسک گـەوهـەر لە گیـرفـانـی دەردەهێنێت و چەند شـتـێک دەڵێت. دەگەنە نهۆمـی نۆزدەیەم و بەرێوەبەر دادەبەزێت، بەڵام ڕۆژانی دواتر هـەست بە گۆڕانێکی ناجـۆر دەکـات لە خـۆیدا. لە مردن دەترسێت، نـایەوێت هیچ بکات و بەردەوام بیـر لە کـابرای نـاو ژوورکـێشـەکە دەکاتەوە. بـەڕێوەبەر، لەبەر ئەوەی پیـاوێکی زۆر باوەڕمـەند و ئاینپـەروەر دەبێت، بۆ گـەڕان بەدوای چارەیەکدا بۆ ئەم دەردەی، سەر لە تەکیەی (جەراحی) دەدات. شێخێکی ناودار، پاش ئەوەی تا بەرەبەیان گوێ لە ڕازی دڵی دەگرێت، دەردەکەی دەسـتنیشـان دەکات و پێی دەڵێت: "باوەڕت بە خــوا لە دەست داوە، خــۆت هـەســتی پێ ناکــەیت، کــەچی ســەرباری ئەوە لە خـۆت بـایی بوویت! ئەم بەڵایە لە کـابرای نـاو ژوورکـێشــەوە دەربازی تۆ بووە. تۆ بوویت بە ئەتایست." هەرچەندە بەڕێوەبەر بە چاوی پڕ لە گـریانەوە هـەوڵ دەدات نکـۆڵی بکـات، بەڵام بە بەشـێکی هێـشـتـا خـاوێنی دڵی حـاڵی دەبێت فـەرمـوودەکـانی جـەنابی شـێخ هـەمـوو ڕاستن. کـار گـەیشـتـە ڕادەیەک دەست بۆ کچە قوتابییە دڵگیرەکان درێژ بکات، تێ بکۆشێت بەتەنیا لەگەڵ دایکانی قـوتابیـاندا بمێنێتـەوە و پارەی مـامـۆسـتـایەکی جێـی ئیـرەیی پێـبردنی خـۆی بدزێت. بەڕێوەبەر سـەرەڕای تـاوانەکـانی، کـەچی شـانازی بە خۆیەوە دەکات: هەموو قـوتابیـان و مامۆسـتایان و کـارمەندانی قـوتابخـانـە کۆ دەکاتەوە و دەڵێت مرۆڤەکان بەهـۆی گیـرۆدەبوونیان بە بیـر و باوەڕی تاریک و دابونـەریتـی تووڕەهـات وەک ئەو ئـازاد نین، دەڵێت هـەمــوو شـــتــێک ئازادە، لێکدالێکدا وشـەی ڕۆژئاوایـی دەخـزێنێـتـە ناو قـسـەکـانییـەوە و پارەی دزراو جـوانتـریـن جلوبەرگـی ڕۆژئاوایی دەسـێنێت و دەیانپـۆشـێت. لە سـۆنگـەی هەڵوێستێکەوە کە خەڵکانـی تر بە کەم و دواکەوتوو دادەنێت، ئەم ڕەفتـارانەی لێ دەوەشێتـەوە. قوتابیان، لە ئاکامی ئەم ڕەفتارانەدا لاقەی کچە قـوتابییەکی هـاوپۆلی خـۆیان دەکـەن، مـامـۆسـتـای بەسـاڵاچووی وانـەی قـورئان دارکـاری

دەکەن و یاخی دەبن. لەلایەکی تر، بەڕێوەبەر لە ماڵەوە پەنا بۆ گریان دەبات و دەیەوێت خۆی بکوژێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوەندە بوێر نابێت کارێکی وای لە دەس بێت، چاوەڕێ دەکات خەڵکانی تر بیکوژن. بۆیە لای باوەڕمەندترین قوتابیی قوتابخانە -دوور بێت- قسەی سووک بە حەزرەتی پەیامبەر دەڵێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەقڵی لە دەست داوە، قوتابیان دەستی لێ ناوەشێنن. دەچێتە سەر شەقامەکان و بانگ دەکات -خوایە تۆبە- خوا نییە، پێویستە مزگەوتەکان بکرێن بە دیسکۆ، بانگ دەکات و دەڵێت ئێمە کاتێک وەک ڕۆژئاواییەکان دەوڵەمەند دەبین ئەگەر هەموومان ببین بە دیان. لاوانی ئیسلامی دەیانەوێت دەستی لێ بوەشێنن، بەڵام ئەم نیازەی خۆیان پەردەپۆش دەکەن. کاتێک چارەیەک بۆ بەدبەختی خۆی و خۆکوشتن نابینێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ هەمان باڵەخانە، لە ژوورکێشەکەدا هەمان کابرای باڵابەرزی لێ پەیدا دەبێتەوە. کابرا بە پێکەنینەوە لە بەڕێوەبەر دەگەیەنێت ئاگاداری هەموو بەسەرهاتەکانیەتی و بەرگی کتێبەکەی دەستی پێشان دەدات، دەرمانی دەردی خوانەناسیش هەر لەو کتێبەدا دەبێت. بەڕێوەبەر دەستی لەرزۆکی بۆ کتێبەکە درێژ دەکات، بەڵام کابرای باڵابەرز، پێش ڕاوەستانی ژوورکێشەکە، چەکۆ دەسک گەوهەرینەکەی دەکاتەوە و لە دڵی بەڕێوەبەری دەچەقەنێت."

پاش ئەوەی نەجیب لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە بووەوە، (کا) بیری کەوتەوە تورکە ئیسلامییەکانی ئەڵمانیاش لە ناو خۆیاندا بەسەرهاتێکی هاوشێوەی ئەمەیان دەگێڕایەوە. نەجیب، چیرۆکی کتێبە پڕ لە ڕازەکەی کۆتاییی بەسەرهاتەکەی بەداخراوی هێشتەوە، بەڵام مەسعوود ناوی چەند نووسەرێکی هێنا لەوانەی پێشتر بەر گوێی (کا) نەکەوتبوون و یەک دوو جووشیان تێدابوو -یەکێکیان دوای سێ ساڵ کوژرا- گوتی ئەوانە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێن بەرەو خوانەناسی و دوژمنی سەرەکیی ئیسلامی سیاسین.

مەسعوود گوتی: "چەندین ئەتایستی بەدبەختی وەک بەڕێوەبەری ناو ئەم بەسەرهاتە ئیبلیس لە خشتەیانی بردووە و لە ناوماندان، بەردەوام بەدوای بەختەوەری و سەقامگیریدا دەگەڕێن. ئایا ئێوەش ڕاتان وایە؟"

"نازانم."

مەسعوود کەمێک بە هەڵچوونەوە گوتی: "چۆن نازانن، مەگەر ئێوەش ئەتایست نین؟"

(کا) گوتی: "نازانم."

"دە کەواتە وەڵامم بدەنەوە: ئایا باوەڕتان بەوە هەیە سەرانسەری ئەم گەردوونە، هەموو شتێک، ئەو بەفرەی کلوو کلوو لە دەرەوە دەبارێت، خوڵقێندراوی یەزدانی بالانشینە؟ باوەڕتان پێ هەیە؟"

(کا) گوتی: "بەفر خوا دەهێنێتەوە بیرم."

مەسعوود بڕێکی تری نا بە پرسیارەکەیەوە گوتی: "بەڵێ، بەڵام باوەڕتان بەوە هەیە بەفر خوڵقێندراوی خوایە؟"

بێدەنگییەک هاتە گۆڕێ. (کا) تەماشای کرد وا سەگە ڕەشەکە لە دەروازەی وێستگە چووە دەرێ و لە ژێر تیشکی زەردی لامپاکاندا بەسەر بەفرەکەدا سەرمەستانە ڕادەکات.

مەسعوود گوتی: "وەڵام نادەیتەوە، مرۆڤ ئەگەر خوا بناسێت و خۆشی بوێت، هەرگیز لە بوونی ناکەوێتە گومانەوە. ئەمەش واتای ئەوەیە تۆ خوانەناسیت، بەڵام لەبەر ئەوەی شەرم دەکەیت، نایدرکێنیت. ئێمە خۆمان ئەمەمان دەزانی. دەمەوێت بەناوی فازیلەوە ئەمەت لێ بپرسم: ئایا تۆیش وەک ئەو ئەتایستە پەشێوحاڵەی ناو بەسەرهاتەکە ئازار دەچێژیت؟ دەتەوێت خۆت بکوژیت؟"

(کا) گوتی: "چەندە کەموکورتیشم هەبێت، من لە خۆکوشتن دەترسم."

فازیل گوتی: "لەبەر کام هۆ؟ لەبەر ئەوەی دەوڵەت دەڵێت مرۆڤ شاکاری داهێنانەکانی خوایە و خۆکوشتنی قەدەخە کردووە؟ ئەوان ئەوەش بەهەڵە تێ گەیشتوون کە مرۆڤ شاکارە. تکایە پێمان بڵێ بۆچی لە خۆکوشتن دەترسن؟"

نەجیب گوتی: "تکایە پێداگرتنی هاوڕێکانم بە سنگ فراوانییەوە پەسەند بکە. ئەم پرسیارە واتایەکی زۆر تایبەتی هەیە بۆ فازیل."

فـازیل گـوتی: "واتا ئەگـەر خـۆت لەبـەرامبـەر بەدبەخـتی و نائارامـیـدا پێ ڕانەگیرێت، خۆت دەکوژیت؟"

(کا) بە کەمێک تووڕەبوونەوە گوتی: "نەخێر."

مەسعوود گوتی: "تکایە هیچمان لێ مەشارنەوە، ئێمە نیازی خراپەکاریمان نییە لەگەڵتاندا لەبەر ئەوەی ئەتایستن."

بێدەنگییەکی ئاڵۆز ئەو ناوەی داگرت. (کا) هەڵسایە سەرپێ. نەیدەویست بەهیچ جۆرێک وا پێشان بدات ترسی لێ نیشتووە. کەوتە ڕێ.

فازیل گوتی: "ئەوە دەڕۆن، ڕاوەستن تکایە، مەڕۆن." (کا) ڕاوەستا، ئەویش دەنگی لێ بڕا و هیچی نەگوت.

نەجیب گوتی: "من لەبری ئەو دەیگێڕمەوە، ئێمە هەرسێکمان ئەڤینداری ئەو کـچانەیەن کـە ژیانی خـۆیان لە پێناوی بیـر و باوەڕیاندا خـسـتـووەتە مەترسییەوە. چاپەمەنیی لایست دەستەواژەی (کچانی سەرداپۆشراو) بۆ ئەو کچانە بەکار دەبات. ئەوان بەلای ئێمەوە کچانی موسڵمانن و پێویستە هەموو کچانی موسڵمانیش لە پێناوی بیر و باوەڕیاندا ژیانیان بخەنە مەترسییەوە."

فازیل گوتی: "کوڕانیش بەهەمان شێوە."

نەجیب گوتی: "بێگومـان، من ئەڤینداری هیـجرانم، مـەسعـوود، خـەندەی خـۆش دەوێت، فـازیلیش دڵی لە تەسلیمـە چووبوو، وەلێ ئـەو مرد، یان خـۆی کوشت، بەڵام ئێمـە باوەڕ ناکەین کچە موسڵـمانێک، لە کاتێکدا ئامادە بێت هەموو ژیانی قوربانی باوەڕەکەی بکات، خۆی بکوژێت."

(کـا) گـوتی: "لەوانەیە لە ژێر ئازارەکـانـدا خـۆی پێ ڕانەگـیـرابێت، خێـزانەکەشی زۆریان لێ کـردبوو سـەری ڕووت بکـات و لە قـوتابخـانەش قـاو درابوو."

نەجیب بە هەڵچوونەوە گوتی: "هیچ پاڵەپەستۆیەک پاساوی ئەوە ناداتەوە کەسێکی باوەڕمەند کاری خراپ بکات، ئێمـە لە ترسی ئـەوەی نەبادا نوێژی بەیانیـمان بفـەوتێت و گوناهبـار بین، شـەوان خـەو ناچێتـە چاومـان. هەمـوو

جارێک خێراتر لە جاری پێشوو ڕوو لە مزگەوت دەکەین. کەسێک بەم هەستەوە باوەڕی هێنابێت، گشت شتێک دەکات بۆ ئەوەی خۆی لە گوناهکاری بەدوور بگرێت، ئەگەر پێویست بکات، ئامادەیە ڕازی بێت لەو پێناوەدا بە زیندوویی پێستی بگروون."

فازیل هەندێکی خستە سەر قسەکانی نەجیب و گوتی: "ئاگادارین چاوتان بە خێزانی تەسلیمەش کەوتووە. ئەوان باوەڕیان وایە کچەکەیان خۆی کوشتبێت؟"

"باوەڕ دەکەن. لە پێشدا لەگەڵ دایک و باوکیدا سەیری (ماریانا)ی کردووە، پاشان دەستنوێژی گرتووە و نوێژی کردووە."

فازیل لەسەرخۆ گوتی: "تەسلیمە هەرگیز سەیری ئەڵقەی تەلەڤزیۆنیی نەدەکرد."

(کا) گوتی: "ئێوە دەتاناسی؟"

فازیل بە شەرمەوە گوتی: "وەک کەس، هیچ کاتێک یەکترمان نەناسی و پێکەوە نەدواین، جارێک لە دوورەوە بینیم، زۆر باش خۆی پێچابووەوە. بەڵام بێگومان وەک ڕۆح دەیناسم: مرۆڤ، ئەو کەسەی ئەڤینداری دەبێت، لە هەموو کەس باشتری دەناسێت. وەک خۆم لە ناخمدا هەست بەویش دەکەم. ئەو تەسلیمەیەی من دەمناسی، مەحاڵە خۆی بکوژێت."

"لەوانەیشە بەتەواوی نەتانناسیبێت."

مەسعوود بە سنگ دەرپەڕاندنەوە گوتی: "لەوانەیشە ڕۆژئاواییەکان تۆیان بۆ پەردەپۆشکردنی مەرگی تەسلیمە بۆ ئێرە ناردبێت."

نەجیب گوتی: "نەخێر، نەخێر، ئێمە متمانەمان پێتان هەیە. گەورەکانمان گوتویانە ئێوە دەروێش و شاعیرن. هەر لەبەر ئەوەی متمانەمان پێتان هەیە، پرسیاری بابەتێکتان لێ دەکەین کە ئێمەی زۆر خەمبار کردووە. فازیل بەناوی مەسعوودەوە داوای لێبووردنتان لێ دەکات."

فازیل گوتی: "داوای لێبووردن دەکەم." پاشان سوور هەڵگەڕا و فرمێسک

ڕژایە چاوی.

مەسعوود کارێکی وای کرد ساتی ئاشتبوونەوەکە بە بێدەنگی تێ پەڕێت.

نەجیب گوتی: "من و فازیل برای گیانی بە گیانی یەکترین، زۆرجاران هاوکات بیر لە یەک شت دەکەینەوە و هەریەکەمان دەزانێت ئەوی ترمان بیر لە چی دەکاتەوە. فازیل، بە پێچەوانەی منەوە، هیچ مەیلی بەلای سیاسەتدا ناچێت. ئێستا ئەو و منیش تکایەکمان لێتان هەیە. ڕاستییەکەی، هەردووکمان دەتوانین بڕوا بکەین تەسلیمە لە ژێر پاڵپەستۆی دایکی، باوکی و دەوڵەتدا گوناهی کردووە و خۆی کوشتووە. ئەمە زۆر تاڵ و سەختە. فازیل هەندێک جار وا بیر دەکاتەوە (ئەو کچەی خۆشی ویستووە، گوناهی کردووە و خۆی کوشتووە.) بەڵام ئەگەر تەسلیمە خوانەناسێکی نهێنی بووبێت، ئەگەر ئەتایستێکی بەدبەختی وەک کابرای ناو بەسەرهاتەکە بووبێت، بە خۆی نەزانیبێت و لەبەر ئەتایستبوونەکەی خۆی کوشتبێت، ئەوا ئەمە بەلای فازیلەوە کارەساتێک دەبێت بۆخۆی، چونکە ئەگەر وا بێت، واتای وایە فازیل ئەڤینداری ئەتایستێک بووە. تەنیا ئێوە دەتوانن ئەم گومانە قوڵەی هەناومان بڕەوێننەوە و فازیل ئاسوودە بکەن. تێ گەیشتن بیر لە چی دەکەینەوە؟"

فازیل بە چاوی پڕ لە پاڕانەوەوە لێی پرسی: "ئێوە ئەتایستن؟ ئەگەر ئەتایست بن، ئایا دەتانەوێت خۆتان بکوژن؟"

(کا) لە وەڵامدا گوتی: "بگرە ئەگەر ڕۆژگارێک تەواویش لە خوانەناسیی خۆم دڵنیا بم، بە پێویستی نازانم پەنا بۆ خۆکوشتن ببەم."

فازیل بە ئاسودەبوونەوە گوتی: "لە پای وەڵامدانەوەی دروستتان زۆر سوپاستان دەکەم. دڵتان پڕە لە میهرەبانی، بەڵام لە باوەڕهێنان بە خوا دەترسن."

(کا) بینی مەسعوود دوژمنکارانە بۆ پێش خۆی دەڕوانێت، وا دەهاتە پێش چاو وەک ئەوەی خەیاڵی لە دوور بێت. (کا) ویستی بڕوات. هەستی کرد ویستێکی قوڵ و خەیاڵێکی پێوەست بەو ویستە ناخی داگرتووە، بەڵام بەهۆی

جــووڵەی دەوروبـەرییــەوە نەیدەتوانی هـزری خـۆی لەســەر ئەو خــەیاڵە چڕ بکاتەوە. ماوەیەک دواتر زۆر بیری لەو ساتانە کردەوە و حاڵی بوو سەرچاوەی ئەو خـەیاڵەی سـەری، تاسەکردنی ئیپەک بووە، نەک مـردن و نەبوونی توانا بۆ باوەڕهێنان بە خـوا. مـەسعوودیش لە دوایین سـاتدا شـتێکی تری خسـتبـووە سەر.

نەجیب گوتی: "تکایە بەهەڵە لێمان تێ مـەگەن، ئێمە هیچ لاریمان لەوە نییە کەسێک ئەتایست بێت. خـوانەناسان لە کۆمەڵی ئیسلامیدا بەردەوام شـوێنی خۆیان هەبووە."

مـەسعوود گوتی: "بەڵام هـەمـوو کاتێک گۆڕستانەکانیان جیا بووە، ناشتنی ئەتایستێک لە هەمان گۆڕستاندا باوەڕمەندان هەراسان دەکات. هەندێک لەو ئەتایسـتانـەی بەدرێژاییی ژیانی خـۆیان لە شـاردنەوەی بێ باوەڕیی خـۆیاندا ســەرکــەوتـوو بوون، لەســەریان پێــویســتــە نەک هەر لـە ژیاندا، بگرە لە گۆڕستانەکانیشدا باوەڕمـەندان بێزار نەکەن. وەک ئەوەی ئازاری تا قیامـەت ڕاکشان لەپاڵ خوانەناسـان لە هەمـان گۆڕستاندا بەس نەبووبێت، پێویستە دوای هاتنە دەرەوەمان لە گۆڕ لە ڕۆژی قیامەتدا، تێ بکۆشین بۆ ڕەواندنەوەی ترسی قوتبوونەوەی ئەتایستێکی شـووم لە بەردەمماندا... شـاعیر (کا) بەگ، ئێوە ئیدی ناتوانن نکۆڵی لەوە بکەن کە سەردەمانێک ئەتایست بوون. لەوانەیە ئێستاش هەر وا بن. ئەگەر وایە پێم بڵێن ئەوەی ئەم بەفرە دەبارێنێت کێیە، ڕازی ئەم بەفرە چییە؟"

هەمـوویان لـە هەمـان چرکـەدا نیگایان بڕییـە ئـەو بەفـرەی لەبەر ڕۆشـنایی گـڵـۆپە نیـۆنـەکـاندا بەســەر هێـڵی ئاسنی چۆڵ و خـاڵیی شـەمـەندەفـەردا لە دەرەوەی وێستگە دەباری.

من لەم جیـهـانـەدا چی دەکـەم؟ (کا) ئەم پرسـیـارەی لە خـۆی کـرد. کلووە بەفــرەکــان لە دوورەوە چەند ســـەرلێــشــواو دیارن و ژیانـی منیش چەند پەرتەوازەیە؟ مرۆڤ دەژی، پیر دەبێت و دەمرێت. لە سەرێکەوە بیری دەکردەوە بوونی نییـە، لە ســەرێکیـشـەوە هەسـتی بە بوونی خـۆی دەکرد: خـۆی خـۆش

دەویست، وەک کلووە بەفرێک بە خۆشەویستی و خەمەوە بەو ڕێیەدا دەڕۆیشت کە ژیان بۆی دەستنیشان کردبوو. باوکی، بۆنێکی دوای تەراشی هەبوو، ئەوەی بیر کەوتەوە. ئەگەر یادی ئەو بۆنە لە کەللەی دا، بیرەوەریی گەڕایەوە بۆ پێیە ڕچیوەکانی دایکی کاتێک دەمپای لە پێ دەکرد و لە ئاشپەزخانە تاشتیی ئامادە دەکرد؛ بۆ شانەیەک، شرووبێکی کۆکەی شیرین و ڕەنگ پەمەیی لەو جۆرەی شەوانە دوای هۆشیاربوونەوەی بەدەم کۆکینەوە دەیانکرد بە قورگیدا؛ بۆ کەوچکی ناو دەمی؛ بۆ هەموو شتە بچووکەکانی پێکهێنەری ژیانیان؛ بۆ گشت شتە پێوەستەکان بەیەکەوە؛ بۆ کلووی بەفر...

بەو جۆرە (کا) بانگێکی قوڵی هاتە بەر گوێ: "شاعیرانی ڕاستەقینە لە ژیاندا تەنیا لە ساتەکانی ئیلهام بۆ هاتندا دەتوانن بەختەوەر بن". دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵ، یەکەمجار بیرۆکەی شیعرێکی بۆ هات: هێندە لە هەبوون، میلۆدی، لەرینەوە و هێزی ئەم شیعرەی دڵنیا بوو، بەجۆرێک سەرتاپای دەروونی پڕ بوو لە بەختەوەری. بە سێ لاوەکەی گوت پەلەیەتی و لە وێستگەی چۆڵ و نیمچە تاریک هاتە دەرەوە. بەدەم بیرکردنەوە لەو شیعرەی بەنیاز بوو دواتر بینووسێت، بە هەنگاوی خێرا و بەژێر بارینی بەفردا گەڕایەوە بۆ هۆتێل.

## ١٠

# بۆچی ئەم شیعرە جوانە؟

## بەفر و بەختەوەری

(کـا) هـەر ئەوەندەی گـەیشـتـە ژوورەکـەی لە هۆتێل، پاڵتـۆکـەی داکـەند. دەفتەرێکی سەوز و پەڕە هێڵداری لە فرانکفورت کڕدراوی کردەوە و دەستی کرد بە نووسینەوەی ئەو شیعرەی وشە بەوشە بە زەینیدا دەهات. شیعرەکەی هێندە بە ئاسوودەیی دەنووسی هەر دەتگوت کەسێکی تر وشەکان بە گوێیدا دەچرپێنێت، بەڵام هەموو هزری خۆیشی خستبووە سەر ئەو بابەتەی سەرقاڵی نووسینەوەی بوو. لەبەر ئەوەی پێشتر بەو جۆرە و بێ ناوبەر شیعری نەنووسیبوو، لە گۆشەیەکی هۆشیدا گومانێک لە بەرامبەر بەهای ئەو شتە دروست بوو کە دەینووسی، بەڵام لەگەڵ نووسینەوەی بەیتەکاندا، بەو لۆجیکەوە بۆ شیعرەکەی دەڕوانی وەک ئەوەی لە گشت ڕوویەکەوە بێ کەموکورتی و تۆکمە بێت، ئەمەش خرۆش و شادیی ناو دەروونی ئەوی زیاتر دەکرد. بەمجۆرە، چەند بۆشاییەکی بۆ هەندێک وشە، وەک ئەوەی باش بەر گوێی نەکەوتبن، بەجێ هێشت و بە ئێستێک، سەرجەم سی و چوار نیوە بەیتی نووسی.

شیعرەکەی لەسەر بنەمای چەند شتێک داڕشتبوو لەوانەی ماوەیەکی کورت لەوەوبەر لەپڕ بەخەیاڵیدا هاتبوو: بارینی بەفر، گۆڕستانەکان، ئەو سەگە ڕەشەی بەجۆشەوە بە وێستگەدا ڕای دەکرد، یادەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی و شێوەی ئیپەک کاتێک لە ڕێی گەڕانەوەیدا بەرەو هۆتێل بەدەم هەستێکی تێکەڵ لە شادمانی و شڵەژانەوە دەهاتە پێش چاوی. ناوی (بەفر)ی

له شیعرەکەی نا. ساڵانێک دواتر، هەر جارێک بیری لە چۆنیەتیی نووسینی ئەم شیعرەی دەکردەوە، نیگاری کلووە بەفرێکی بەخەیاڵدا دەهات، ئەگەر ئەو کلووە بەفـــرە گـــوزارەی لە ژیانی ئەم بکردایە، ئەوا بڕیاری دەدا لەســـەر پێویستیی دانانی ئەم شیعرە لە شوێنێکی نێزیک لە چەقی نیگاری کلوویەکی بەفر لە سەر خاڵێکی ڕوونکەرەوەی لۆجیکی ژیان. هەر کتومت وەک ئەم شـــیعـــرە، زۆر دژوارە بزانرێت تا چەند ئەو بڕیارەی لەو ســـاتەدا پێکاوە و چەندەشی ئەنجامی –هەوڵەکانی ئەم کتێبەیە بۆ شیکردنەوە–ی هاوشێوەی شاردراوەی ژیانی ئەو.

پێش ئەوەی لە نووسینەوەی شیعرەکەی ببێتەوە، هەڵسایە سەرپێ، بەرەو پەنجەرەکە هەنگاوی نا و بە بێدەنگی نیگای بڕییە کلووی گەورەی بەفر کە لە دەرەوە بە زەرافەتەوە دەباری. دەنگێک لە ناوەوە پێی دەگوت ئەگەر سەیری بەفـــرەکـــە بکات، ئەوا بەتەواوی وەک پێـــویست کـــۆتایی بە نووســـینەوەی شیعرەکەی دەهێنێت. لە دەرگا درا، (کا) لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکەدا دوایین دوو نیوە بەیتی شیعرەکەی لە بیر کرد و دواتریش بەدرێژاییی مانەوەی لە قارس نەکەوتەوە بیری. ئەو کەسەی لە دەرگای دا، ئیپەک بوو. بە (کا)ی گوت: "نامەیەکت بۆ هاتووە." دایە دەستی. ئەمیش نامەکەی لێ وەرگرت و بێ ئەوەی سەیری بکات، فڕێی دایە گۆشەیەکی ژوورەکە و گوتی:

"زۆر کامەرانم."

ئەو خـــۆی بڕوای وا بوو تەنیـــا کـــەســـێکی ئاســـایی دەتوانێت بڵـــێت "من کامەرانم!" بەڵام ئیدی لەو ساتەدا پەردەی شەرمی دڕاندبوو. بە ئیپەکی گوت: "وەرە ژوورەوە. زۆر جوانیت."

ئیپەکیش شێوەی کەسێکی شارەزا بەگشت ژوورەکانی هۆتێل وەک ماڵی خـۆی، چووە ژوورەوە. (کـا) وای بۆچوو ســەردەمی ڕابردوو ئەوانی زیاتر لە یەکدی نێزیک کردبێتەوە.

(کا) گوتی: "نازانم ئەمە چۆن ڕووی دا، لەوانەیە ئەم شیعرەم بەهۆی تۆوە بۆ هاتبێت."

ئیپەک گوتی: "باری تەندروستیی بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردە زۆر سەخت بووە."

"مانەوەی کەسێک لە ژیاندا کە مرۆڤ بە مردووی دانابێت، خۆی لە خۆیدا هەواڵێکی باشە."

"پۆلیس دەستیان کردووە بە هەڵمەتی پشکنین. بەشەکانی ناوەخۆییی زانکۆ و هۆتێلەکان دەگەڕێن. هاتنە ئێرەش، سەیری تۆمارەکانیان کرد و لە یەک بەیەکی مێوانەکانیان کۆڵییەوە."

"چیت گوت دەربارەی من؟ پێیانت گوت ئێمە ژیانی هاوسەری پێکەوە دەنێین؟"

"فرە شیرینیت. من هۆشم بەلای ئەو مەسەلەیەوە نەبوو. موختاریان دەستگیر کردووە، دارکارییان کردووە و دواتر مەرەخەسیان کردووە."

"موختار بە مندا پەیامێکی بۆت ناردوە: ئامادەیە هەموو شتێک بکات لە پێناوی دووبارە پێکەوەنانی ژیانی هاوسەری لەگەڵ تۆدا. هەزار جاریش پەشیمانە لەوەی کە بۆ سەرداپۆشین پاڵەپەستۆی خستووەتە سەرت."

ئیپەک گوتی: "جا موختار هەموو ڕۆژێک ئەمانە دەدات بە بەر گوێمدا. دوای ئازادکردنت لەلایەن پۆلیسەوە، چیت کرد؟"

(کا) گوتی: "بە شەقام و کۆڵانەکاندا گەڕام..." تاوێک دوودڵ بوو.

"بەڵێ، بڵێ."

"منیان برد بۆ لای شینە. دەبوو ئەمە نەدرکێنم."

ئیپەک گوتی: "نابێت بیدرکێنیت، لەکن ئەویش هیچ باسی ئێمە و باوکمان نەکەیت."

"پێشتر ناسیووتە؟"

"سەردەمانێک موختار شەیدای ئەو بوو، جاروبار لە ماڵەوە سەری لێمان دەدا، بەڵام موختار، دوای ئەوەی بڕیاری دا هێلێکی ئیسلامیی نەرم و دیموکراسییانەتر هەڵبژێرێت، لە شینە دوور کەوتەوە."

"له پێناوی ئەو کچانەدا هاتووە کە لێرە خۆیان دەکوژن."

ئیپەک گوتی: "لێی بترسە و هیچ قسەی لەگەڵدا مەکە، بەئەگەری زۆر، لە شوێنی حەوانەوەی، میکرۆفۆنی پۆلیس دانراوە."

"ئەدی کەواتە بۆ دەستگیری ناکەن؟"

"هەر کاتێک لە بەرژەوەندییاندا بێت، دەستگیری دەکەن."

(کا) گوتی: "با من و تۆ پێکەوە لەم شاری قارسە هەڵبێین."

لە سەردەمی منداڵی و تافی لاویدا هەر جارێک زیاد لە پێویست کامەران دەبوو، هەستی دەکرد بەدبەختی و نائومێدی لە شوێنێکی زۆر نێزیکن. ئێستا ترسی ئەو هەستە لە دەروونیدا بەرز دەبووەوە.

(کا) هەموو جارێک تێ دەکۆشا بە شڵەژانەوە ساتەکانی شادمانی بەکۆتا بهێنێت بۆ ئەوەی لە دواییدا ئازاری بەدبەختییەکەی زۆر کاریگەر نەبێت، بۆیە هاتە سەر ئەو باوەڕەی ئەگەر بەو شڵەژاوییەی خۆیەوە ئیپەک لە ئامێز بگرێت، مەیل و لە یەکتر نێزیکبوونەوەیان لە چاوتروکانێکدا تەفروتونا دەبێت، کامەرانیی پێ ڕەوانەبیندراوی، بە ڕەتکردنەوەیەکی پێ ڕەوابیندراو و بە چاوی نزم تێڕوانینەوە کۆتاییی پێ دێت، چونکە ئیپەک هێشتا بەتەواوی گرفتاری ئەڤینی ئەم نەبووبوو. ئەم بیرکردنەوەیە سەبووریی پێ دەبەخشی.

کەچی بارەکە تەواو پێچەوانە کەوتەوە. ئیپەک باوەشی بەمدا کرد. چێژیان لە گوشین و لە باوەشگرتنی یەکتر وەرگرت، بە پەرۆشەوە دەستیان کرد بە ڕاموسانی یەکتر و کەوتنە سەر دۆشەکەکە. (کا) بە ماوەیەکی کورت هەستی بەخرۆشێکی زۆر بەهێزی زایەند کرد، بە پێچەوانەی ڕەشبینییەکەی کەمێک لەمەوبەرەوە لە خەیاڵی خۆیدا وای بۆچوو هەر ئێستا بە ویستێکی بێ سنوور و بەوپەڕی گەشبینییەوە دەست بە ڕووتکردنەوەی یەکتر دەکەن، تێر و پڕ یەکتر دەگەوزێنن و کوڵ و کەفی دڵی یەکتر دادەمرکێننەوە، بەڵام ئیپەک هەڵسایە سەرپێ و گوتی: "زۆر خۆشباوەڕیت، منیش دەمەوێت لەتەکتدا بخەوم، بەڵام ماوەی سێ ساڵە لەگەڵ کەسدا نەبووم، ئامادە نیم."

(کـا)ش لـه ناخی خـــۆیدا گـوتـی: "منیش چوار ســاڵه لەگــەڵ کــەســدا نەخەوتووم." هـەستی کرد ئیپەک ئەمەی لە ڕووخساریدا خوێندەوە.

ئیپـەک گوتی: "تەنانەت ئەگەر ئامـادەش بم، باوکم لێمـەوە نێزیک بێت و لە هەمان ماڵدا بێت، لەگەڵ کەسدا ناچمە جێگەوە."

(کـا) گـوتی: "باشـــە بۆ ئەوەی بە ڕووتی لـەگـەڵ مندا بێـیـتـە نـاو جـێگەوە، پێویستە باوکت لە هۆتێل بچێتە دەرەوە؟"

"بەڵـێ. کـەمــجــاریش لە هۆتێل دەچێــتــە دەرەوە، چونکە حــەز لە کـۆڵان و شەقامە بەفراوییەکانی قارس ناکات."

(کا) گوتی: "باشە، با ئێستا سێکس نەکەین، بەڵام با چەند جارێک یەکتر ڕاموسینەوە."

"باشە."

ئیپـەک خـۆی بەسـەر قـەراغی نوێنەکەی (کا)دا لارکردەوە و بێ ئەوەی ڕێی پێ بدات لێی نێزیک بێتەوە، دەمی نایە ناو دەمی و تاوێکی درێژ ڕای مووسی.

دواتر کـاتێک (کـا) تـێ گـەیشت چیـتـر یەکـدی ڕانامــووسـن، گـوتـی: "با شیعرەکەمت بۆ بخوێنمەوە، بە پەرۆشی بزانیت چۆنە؟"

"سـەرەتا ئەو نامەیە بخوێنەوە. پیاوێکی گەنج هێنابووی."

(کا) نامەکەی کردەوە و بە دەنگی بەرز دەستی کرد بە خوێندنەوەی:

"کوڕم، (کـا) ئەفەندی بەگ. بمبوورن ئەگەر گوتەی -کوڕم- بۆ ئێوە لە جێی خۆیدا نەبێت. من دوێنـێ شـەو ئێوەم لە خـەونی خۆمدا بینی. لە خـەونمدا بەفر دەباری و هـەر کلوویەکی وەک تیشک بۆ جیـهان دەهاتە خـوارەوە. گوتم خـێرە، لە نیـوەڕۆ بەدواوە ئەو بەفـرە لەبەر پەنجەرەکەمدا دەستی کرد بە بارین. ئێـوە لە شـەقامی بایتارخانە بە بەردەم دەرگای هـەژارخانەکەماندا کە ژمارە (١٨)ی بەســەرەوەیە، تـێ پەڕین. مـوخـتـار بـەگ ئەفـەندیی تازە لـە تاقـیکردنـەوەیەکی خـــوای پەروەردگـــار دەرچوو بـۆمی گــێــڕایـەوە ئێــوە چ واتایـەک بەم بەفــرە دەبەخـــشن. ڕێگەمـــان هـەمـــان ڕێگەیە. ئەفـــەندیم، چاوەڕێ دەکـــەم. واژۆ:

سەعادەدین جەوهەر."

ئیپەک گوتی: "شێخ سەعادەدینە، بێ دواکەوتن بڕۆ لای. ئێوارەش لەگەڵ باوکمدا دێیتە کن ئێمە بۆ نان خواردن."

"بۆچی دەبێت چاوم بە هەموو شێتەکانی قارس بکەوێت؟"

"ڕاستە پێتم گوت لە شینە بترسە، بەڵام وا بەپەلە بە شێخ مەڵێ شێت. شێخ فێڵبازە، گەمژە نییە."

"دەمەوێت هەموویان لە بیر بکەم. ئێستا شیعرەکەمت بۆ بخوێنمەوە؟"

"بیخوێنەوە."

(کا) لەسەر مێزێکی بچووک دانیشت، بە متمانەوە و جۆشەوە دەستی کرد بە خوێندنەوەی شیعرە تازەکەی.

ئیپەک گوتی: "وەرە ئەملاوە، دەمەوێت لە کاتی خوێندنەوەدا دەموچاوت ببینم." بە تیلەی چاو ڕوانییە ئیپەک و کەوتەوە خوێندنەوەی شیعرەکە لە نووکەوە. پاش کەمێک پرسیاری کرد: "جوانە؟" ئیپەک گوتی: "بەڵێ، جوانە." (کا) زیاتری خوێندەوە و دیسان پرسی: "جوانە؟" ئیپەک گوتی: "جوانە." پاش ئەوەی لە خوێندنەوەی شیعرەکە بووەوە، لە ئیپەکی پرسی: "کوێیت بەلاوە جوان بوو؟" ئیپەک گوتی: "نازانم، بەڵام زۆر جوان بوو بەلامەوە." موختار بەم شێوەیە شیعری بۆت دەخوێندەوە؟" "نەیدەخوێندەوە." (کا) جارێکی تر شیعرەکەی بەخرۆشەوە خوێندەوە و هەمدیسان لە هەمان شوێندا پرسییەوە: "جوانە؟" چەند جارێکیش گوتی: "فرە جوانە، وا نییە؟" ئیپەک گوتی: "بەڵێ، زۆر جوانە!"

هێندە بەختەوەر بوو، بەجۆرێک وەک ئەوەی لە شیعرێکی سەردەمی زوویدا لەسەر منداڵێکی نووسیبوو، (تیشکێکی میهرەبان و نایاب)ی بە دەوری خۆیدا پەخشان دەکرد و شادمان دەبوو ئەگەر دەیدی بەشێک لەو تیشکە لە سەر ڕووخساری ئیپەک دەدرەوشێتەوە. جارێکی تر ئیپەکی لە ئامێز گرت، بەڵام ژنەکە زۆر میهرەبانانە خۆی کێشایە دواوە.

"گوێ بگرە ئێستا: یەکسەر برۆ بۆ لای شێخ ئەفەندی. ئەو کەسێکی زۆر گرینگی ئەم شوێنەیە، لەوە گرینگترە وەک تۆ بۆی چوویت: خەڵکێکی زۆری ئەم شارە دەچنە سەردانی، بە لایستەکانیشەوە. دەگوترێت کۆمیتانی هۆبەی سوپا و ژنەکەی پارێزگاریش چوونەتە لای، هەندێک لە دەستڕۆیشتووەکان و پلەدارانی سوپاش هاتوچۆی دەکەن. لایەنگری دەوڵەتە. کاتێک گوتی پێویستە کچانی قوتابیی زانکۆ و سەرداپۆشراوەکان لە پۆلەکاندا سەریان ڕووت بکەن، ئەندامەکانی پارتی ڕەفا هیچ کاردانەوەیەکیان لە بەرامبەری نەبوو. لە شوێنێکی وەک قارس، کەسێکی ئاوا بەهێز بانگت بکات، نابێت ڕەتی بکەیتەوە."

"موختاری بەلەنگازیش تۆ ناردبووتە کنی؟"

"خەمی ئەوەتە دەست بخاتە سەر ترسی خوا لە دڵتدا و دەترسیت بتکات بە باوەڕمەند؟"

(کا) گوتی: "ئێستا زۆر شادمانم، هیچ پێویستیم بە ئاین نییە، لەو پێناوەشدا بۆ تورکیا نەگەڕاومەتەوە. تەنیا شتێک دەمبات بۆ ئەوێ: ئەڤینی تۆ... پێم بڵێ من و تۆ زەماوەند دەکەین؟"

ئیپەک لەسەر کەناری جێگەکە دانیشت و گوتی: "دە کەواتە برۆ بۆ لای." بە نیگایەکی ئەفسووناوی و میهرەبانەوە سەیرێکی (کا)ی کرد و گوتی: "بەڵام وریاش بە. کەس نییە هێندەی ئەو خێرا خاڵێکی تێکشکاو و لاواز لە هەناوتدا بدۆزێتەوە و وەک جنۆکەش دەچێتە هەناوی مرۆڤەوە."

"چیم بەسەر دەهێنێت؟"

"لەگەڵتدا دەکەوێتە قسە و دوایی لەپڕ خۆی دەخاتە سەر زەوی. یەکێک لە وشەکانت دەگرێت و بانگەشەی ئەوە دەکات داناییەکی گەورەی تێدایە و خۆیشت بە جوامێر دادەنێت. تەنانەت هەندێک لە سەرەتاوە وا تێ دەگەن پێیان ڕادەبوێرێت! بەڵام قودرەتی حەزرەتی شێخ ئەفەندی لێرەدایە. ئەمە بەشێوازێک دەکات تۆ باوەڕ دەکەیت بە ڕاستی باوەڕی بە دانایی تۆ هێناوە

و له ناخی دڵیشەوە وا بڕوا دەکات. وا مامەڵە دەکات وەک ئەوەی کەسێکی له خۆت باڵاتر له هەناوی تۆدا هەبێت. پاش کەمێک تۆیش هەست بەو جوانییەی ناو هەناوی خۆت دەکەیت: سەرنج دەدەیت ئەو جوانییەی ناوەوەت که پێشتر پەیت پێ نەبردووە، جوانیی خوایە و شادمان دەبیت. له ڕاستیشدا کاتێک لای ئەویت، جیهانیش جوانە. له پای گەیاندنت بەم خۆشبەختییە، خۆشەویستیت دەچێتە سەر شێخ ئەفەندی. بەدرێژاییی ئەو ماوەیە ڕەهەندێکی تری هۆشت پێت دەڵێت هەمـوو ئەمانە گـەمـەی شـێـخن و تۆیش کـەسـێکی بەلەنگاز و بودەڵەیت. بەڵام ئەوەندەی له موختار تێ گەیشتووم، ئیتر هێزی ئەوەت تێدا نامێنێت گوێ لەو ڕەهەندە خراپەی مێشکت بگریت. بیر لەوە دەکەیتەوە بەڕادەیەک ڕەبەن و بەدبەختیت، مەگەر هەر خوا فریات بکەوێت. لەو کاتەدا ئەقڵت بەهیچ جۆرێک ئارەزووەکانی ڕۆحت ناناسێت و تاوێک بەرگری دەکات. بەو جۆرە، دەچیتە سەر ئەو ڕێگەیەی شێخ بۆت دەسانیشان دەکات، چونکە پێت وایە تەنیا بە گرتنەبەری ئەو ڕێگەیە دەتوانیت له ژیاندا لەسەر پێی خۆت ڕابوەستیت. گەورەترین هونەری حەزرەتی شێخ ئەوەیە هەستێکی وا دەخاتە دەروونی کەسی داماوی بەرامبەرییەوە، بەجۆرێک خۆی زۆر باڵاتر لەوەی کە هەیە دێتە پێش چاو، چونکە زۆربەی پیاوەکانی ئەم شاری قارسە فرە باش دەزانن له تورکیادا لەوان بەلەنگازتر، هەژارتر و دۆڕاوتر نییە. بەو جۆرە، سەرەتا باوەڕ بە خۆت و پاشان بە ئیسلامی پێشتر له بیربراوەت دەهێنیت. ئەمەش هێندە خراپ نییە وەک ئەوەی له ئەڵمانیاوە بۆی دەڕوانن و جۆری ئەوەی هەندێک له لایستە ڕووناکبیرەکان بانگەشەی بۆ دەکەن. ڕەنگی ئەوانی دی دەگریت، له خەڵک دەچیت و کەمێک له بەدبەختی ڕزگارت دەبێت."

(کا) گوتی: "من ناشاد نیم."

"ڕاستییەکەی، هیچ کەسێک نییە هێندە ناشاد بێت، چونکە خەڵکی ئێرە هیوا و دڵدانەوەیەکیان هەیە و خۆیان پێوە گرێ داوە. ئێرە لە بێ باوەڕە لێبووکەکانی ئەستەنبوڵی لێ نییە. شتەکان لێرە سادەترن."

"لەبەر ئەوەی تۆ وا ئارەزوو دەکەیت، من هەر ئێستا دەڕۆم. شەقامی

بایتارخانە لە کام لاوەیە، چەند لەوێ بمێنمەوە؟"

ئیپەک گوتی: "هەتا دەروونت ئاسوودە دەبێت، بمێنەوە! لە باوەڕهێنانیش بە خـوا مـەترسـە." بۆ لەبەرکردنی پاڵتـۆکـەی هاوکـاریی کـرد و لێی پرسی: "زانیـارییـەکـانی ئیسـلامت لە بیـر مـاوە؟ نـزاکـانـی سـەردەمی قـوتابخـانەی سەرەتاییت لە بیر ماوە؟ با دوایی شەرمەزار نەبیت."

(کا) گوتی: "لە کاتی منداڵیمدا کارەکەری ماڵمان منی دەبرد بۆ مزگەوتی تەشـویقـیـیـە. ئەو بۆ خـواپەرسـتی نەدەچوو، بگرە زیاتر بۆ بینینی ژنە خـاوێنکەرەوەکـانـی تر دەچوو. ئەوان هـەتا بۆیان دەکـرا بەدەم چاوەڕێکردنی هاتنی ساتی نوێژەوە لۆمەی خەڵکیان دەکرد، منیش لەگەڵ منداڵەکاندا بەسەر ڕایەخەکـاندا تەقڵـەم لێ دەدا و گەمەم دەکرد. لە قوتابخـانـەش، بۆ ئەوەی جێی ڕەزامـەندیی مـامـۆسـتـای وانەی ئاین بم، بەر زللەمـانـی دەدا، کـاکـۆڵمـانـی ڕادەکـێشـا و سـەرمـانـی دەخـسـتـە سـەر کـتـێبی -ئاین-ی سـەر مـێزەکـەی بەردەممـان بۆ ئـەوەی سـوورەتی فـاتیـحـامـان پـێ لەبـەر بکـات، هـەمـوو پاڕانەوەکانم لەبەر کردبوو. فێری گشت ئەو شتـانە بووم کە لە قـوتابخـانەدا لەسەر ئیسـلام دەگوترانەوە، بەڵام ئێستـا گشتیم لە بیرچووە. بە زەردەخەنەوە گوتی: "ئێسـتـا تاکە زانیـاریی من دەربارەی ئیسلام فیلمێکە بە ناوی (پەیام) ئەنتـۆنی کـوین ڕۆڵی سـەرەکی تێدا دەگـێـڕێت. مـاوەیەک پێش ئێـسـتـا لە کەناڵێکی تورکیدا لە ئەڵمـانیـا، جـا بۆ هەر مـەبەسـتێک بووبێت، بـە ئەڵمـانـی پێشان درا. ئێوارە لێرەیت، وا نییە؟"

"بەڵێ."

(کا) گـوتی: "چونکە دەمـەوێت جارێکی تر شـیـعرەکـەمت بۆ بخـوێنمـەوە." پاشـان دەفـتـەرەکـەی خـسـتـە گـیـرفـانی پاڵتـۆکـەیەوە و گـوتی: "بە ڕای تۆ شیعرەکەم جوانە؟"

"هەر بەڕاستی زۆر جوانە."

"کوێی جوانە؟"

ئیپەک، لەو دەمەیدا دەرگای خستبووە سەر پشت و دەیویست بڕوات، گوتی: "نازانم، زۆر جوانە."

(کا) بەپەلە باوەشی پێدا کرد و ناو دەمی ماچ کرد.

## ١١

# مەگەر لە ئەوروپا خوایەکی تر هەیە؟

## (کا) لای شێخ ئەفەندی

چەند کەسێک چاویان پێوە بووە چۆن (کا) لە هۆتێل هاتووەتە دەرێ و بەپڕتاو بەژێر بەفر و ئالاکانی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەرەو شەقامی بایتارخانە ملی ڕێی گرتووە. هێندە کامەران بوو، وەک ساتەکانی ترۆپکی شادمانی لە سەردەمی منداڵیدا، سینەمای هێزی خەیاڵی دەستی کرد بە پێشاندانی دوو فیلم لە هەمان کاتدا. لە یەکەمیاندا، لە شوێنێک لە ئەڵمانیا -لە ماڵەکەی فرانکفورتی نا-، لەگەڵ ئیپەکدا سێکسیان دەکرد. بەردەوام ئەم خەیاڵەی دەکرد و جاروباریش شوێنی پێکەوە خەوتنیان ژووری هۆتێلەکەی قارس بوو. لە سینەماکەی تری هۆشیدا، فیلمی وشە و خەیاڵەکانی تایبەت بە دوایین دوو بەیتی شیعرەکەی (کا) پێشان دەدرا.

بەنیازی ناونیشان پرسین خۆی کرد بە ڕێستۆرانتی نیشتمانی سەوزدا. دواتر بە وەرگرتنی ئیلهام لە ڕیزێک شووشەی ئارەقی ڕیزکراو لەسەر ڕەفەکانی تەنیشت وێنەی ئەتاتورک و پۆستەری دیمەنە بەفراوییەکانی سویسراوە، لەسەر مێزێک دانیشت و بەشێوەی کەسێک زۆر پەلەی بێت، داوای پێکێک ئارەق و پەنیری سپی و نۆکی کوڵاوی کرد. بێژەری ناو تەلەڤزیۆن دەیگوت سەرەڕای بارینی بەفر، تەدارەکی پێویست بۆ یەکەم وەشانی تەلەڤزیۆنی لە دەرەوەی ستۆدیۆ لە مێژووی قارسدا ڕوو لە تەواوبوونە. دواتر بێژەر کورتەی هەندێک لە ڕووداوەکانی ناوخۆیی و جیهانی پێشکێش کرد. جێگری پارێزگار بە تەلەفۆنێک بڵاوکردنەوەی هەواڵی

سەبارەت بە پەلاماردانی بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردەی قەدەخە کردبوو، مەبەستیشی لەم قەدەخەکردنە، خۆی گوتەنی، بۆ ئەوە بوو کارەکە گەورەتر نەبێتەوە و دوژمنان زیاتر هان نەدرێن. (کا) بەدەم سەرنجدان لە هەواڵەکانەوە، بەخێرایی ئاو خواردنەوە، دوو پێک ئارەقی خواردەوە. دوای خواردنەوەی پێکی سێیەم، بە ماوەی چوار خوولەک گەیشتە بەر دەروازەی تەکیەی شێخ، دەرگای تەکیە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کرایەوە. کاتێک بەسەر پلیکانە قیتەکاندا سەرکەوت، شیعری (پلیکانە)ی موختاری بیر کەوتەوە و هێشتا هەر لە گیرفانی پاڵتۆکەیدا بوو. دڵنیا بوو لەوەی هەموو شتێک باش دەبێت، بەڵام خۆی وەک منداڵێک هاتە پێش چاو سوور دڵنیایە دەرزی لێ نادرێت، کەچی مل نادات بۆ چوونە ژوورەوەی تیمارخانەی پزیشک. لەگەڵ سەرکەوتنی بە پلیکانەکاندا، لە هاتنی خۆی پەشیمان بووەوە: سەرباری ئارەق خواردنەوە، ترسێکی قوڵ هەناوی هەژاندبوو.

جەنابی شێخ دەستبەجێ لەگەڵ بینینی (کا)دا، شوێنەواری ئەو ترسەی لە ڕووخساریدا خوێندەوە. ئەمیش حاڵی بوو شێخ هەستی بە ترسەکەی کردووە، بەڵام ئاکارێکی وا لە شێخدا هەبوو، بەجۆرێک ئەم شەرمی لە ترسەکەی خۆی نەکرد. لە ڕێڕەوی کۆتایی پلیکانەکەدا ئاوێنەیەکی چوارچێوە هەڵکۆڵدراو بە بزمار بە دیوارەوە داکوترابوو. (کا) سەرەتا جەنابی شێخی لەو ئاوێنەیەدا بینی. ماڵەکە زۆر پڕ و جەنجاڵ بوو، دەتگوت مێوانەکان ماسین و لە قوتوودا ڕیز کراون. ژوورەکەش بە هەڵمی هەناسە و گەرمایی مرۆڤەکان گەرم داهاتبوو. (کا) هەر هێندەی زانی وا خەریکە دەستی جەنابی شێخ ماچ دەکات. هەموو ئەمانە لە چاوتروکانێکدا ڕوویان دا، ئاپۆڕەی دەوروبەر و ناو ژوورەکە هیچ سەرنجی(کا)ی ڕانەکێشابوو.

ئاپۆڕەیەکی بیست و چەند کەسی بۆ بەشداریکردن لە سرووتی سادەی ئاینی ڕۆژانی سێشەمە، بۆ گوێگرتن لە وتەکانی شێخ و بەیانکردنی دەردی دڵ لە ژوورەکەدا گرد بووبوونەوە. ئەمانە برێتی بوون لە چەند کەسێکی خاوەن کارگەی شیرەمەنی، پیشەکاران، پێنچ شەش کەسی چایچی، لاوێکی نیوە

ئیـفلیج، بەڕێوەبەرێکی خـێلی کـۆمـپـانیـای پاس و برادەرێکی، ئێـشـکگری شـــەوانی دامـــەزراوەی کــارەبا، کــابرایـەکی مـــاوەی چل ســاڵ دەرگـــەوانی نەخۆشخانەی قارس و چەند کەسێکی تر...

شـێخ، دوای ئەوەی دانە بەدانەی بێ ئۆقرەییـیـەکانی لە ڕووخساری (کا)دا خـوێندەوە، وەک ئەوەی ڕۆڵ بگێڕێت، دەستی مـاچ کـرد. ئەمـەی بەجۆرێک کـرد جـۆری ئەوەی دەســتی نازداری منداڵێکی سـاوای مـاچ کـردبێت، نەک ڕێزی نواندبێت. (کا) سـەرباری ئەوەی زۆر باش دەیزانی شـێخ بەمـجـۆرە ڕەفـتـار دەکات، کەچی سەری سوورمابوو. ئاگادار بوو لەوەی ئامادەبووان سـەیریان دەکەن و بەوردی گوێیان لێ دەگرن، دەستیان بە قسان کرد.

شـــێخ گـــوتی: "ڕووناکی خـــواتان لەســـەر بێت لە پـای وەڵامـــدانـەوەی بانگهێشتەکەم. تۆم لە خەونمدا بینی. بەفر دەباری."

(کـــا) گـــوتی: "حـــەزرەتی شـــێخ، منیش ئێـــوەم لـە خـــەونمدا بـینـی، بۆ بەدەستهێنانی شادمانی بۆ ئێرە هاتووم."

شێخ گوتی: "پەی بردنت بـەوەی لێرە بەختەوەر دەبیت، هەمووماني شادمان کرد."

(کـا) گـوتی: "لێـرە، لەم شـارەدا لـەم مـاڵە دەترسـم، چونکە ئێـوە بە من زۆر نامـۆن و من بەردەوام ترسم لەم شتـانە هەبووە. هەرگیـز نەمویسـتووە دەسـتی کەس ماچ بکەم و کەس دەستم ماچ بکات."

شێخ گوتی: "جوانیی دەروونی خۆت بۆ مـوختاری برامـان باس کردبوو، ئەم بەفرە پیرۆزە چی دەهێنێتەوە بیرت؟"

(کا) سـەرنجی دا ئەوەی لە قـەراغ پەنجـەرەی لای ڕاسـتی دیوانی شـێخـەوە دانیشتووە، موختارە. دوو پلاستـەر بە ناوچەوان و بەسـەر لووتییـەوە بوون. بەشـــێـــوەی ئەو بەســـاڵاچووانەی بـەهـۆی نـەخـــۆشـــیـی ئاوڵەوە کـــوێر دەبن، چاویلکەیەکی ڕەشی بۆ شاردنەوەی پەڵە مۆرەکانی دەورووبەری چاوی لە چاو کردبوو. بزەیەکی بۆ (کا) کرد، بەڵام هیچ دۆستانە نەدەهاتە پێش چاو.

(کـا) گـوتـی: "بـەفـر خـوای هێنـاوەتەوە بیـرم، ئەوەی هـێنـاوەتەوە یـادم ئەم جیهانە چ ئەفسووناوی و پڕ لە ڕازە و ژیانیش خۆی لە خۆیدا بەختەوەرییە."

پاش مـاوەیەک بێـدەنگی، بینی وا چاوی ئاپۆڕەی نـاو ژوورەکە لەسـەر ئەوە. خـۆشحـاڵبـوونی شـێخ بە ڕەوشـەکـە، ئەمی تووڕە کـرد و لێی پـرسی: "بۆچی منتان بانگ کردووە بۆ ئێرە؟"

شێخ گوتی: "ئەستەغفیروڵا، لە قسەکانی موختار بـەگەوە تێ گەیشتین ئێوە بەدوای دۆستێکدا دەگەڕێن لەگەڵیدا بدوێن و دڵی خۆتانی بۆ بکەنەوە."

(کا) گوتی: "باشـە، دە کەواتە با قسە بکەین، من پێش ئەوەی بێمە ئێرە، لە ترساندا سێ پێک ئارەقم هەڵداوە."

شـێخ وەک کـەسێکی سـەرسـووڕمـاو چاوەکـانی داچەقاند و گـوتی: "بۆچی لێمان دەترسن؟" شـێخ پیاوێکی تێکسمـڕاو و خوێنشیـرین بوو، (کا) هەسـتی کرد ئەوانەی دەوروبەریش لە ناخەوە بزە گرتوونی.

"دەتوانن پێمان بڵێن بۆ لێمان دەترسن؟"

(کا) گوتی: "دەیڵێم، بەڵام نامەوێت لێم زویر بن."

شـێخ لە وەڵامـدا گـوتی: "زویر نـابین، فـەرمـوون وەرن لە تەنیـشت منەوە دانیشن. بۆ ئێمە زۆر گرینگە بزانین هۆی ترسەکەت چییە."

شێخ، ڕەفتارێکی بەدیوێکدا بەدەربەستانە و بـەدیوێکی تردا گاڵتـەجاڕانەی ئەوتۆی هەبوو دەیتـوانی لە هەر ئان و سـاتێکدا موریدەکـان بهێنێتـە پێکەنین. (کـا) ئەم ڕەفتـارەی بە دڵ بوو، هـەر لـەگەڵ یەکـەم چرکـەی دانیشـتنیـشیـدا هەستی کرد مەیلی لە لاساییکردنەوەی ڕەفتارەکانی شێخە.

(کا) گوتی: "من وەک منداڵێکی باش بەردەوام بەنیـازێکی پاکەوە خـوازیار بووم وڵاتم گـەشـە بکات، مـرۆڤـەکـانی ئـازاد و هـاوچەرخ بن، بـەڵام بەردەوام ئاینەکـەمـانم وا هـاتووەتە پێش چـاو دژی ئەم خـواسـتـانە بێت. لەوانەیشـە بەهەڵەدا چووبم. بمبوورن. لـەوانەیە ئێسـتـا زۆر سـەرخـۆش بم، بۆیە ددان بـەم شتانەدا دەنێم."

"ئەستەغفیروڵا."

"لە خێزانێکی خانەدان لە بەشەشاری نیشانتاشیی ئەستەنبوڵ گەورە بووم. دەمویست کەسێکی وەک ئەوروپاییەکانم لێ دەربچێت. لەبەر ئەوەی تێ گەیشتم ناتوانم لە هەمان کاتدا باوەڕ بە خوایەک کە دەستوور دەدات ژنان سەریان داپۆشن و ڕوویان بشارنەوە و بە ئەوروپاییبوون بهێنم، ژیانم دوور لە ئاین بەسەرچوو. کاتێکیش چوومە ئەوروپا، وای بۆچووم خوایەکی تەواو جیاوازتر لەو خوایە هەبێت کە ڕیشدار و پاشڤەڕۆ و لادێنشینەکان باسی دەکەن."

شێخ دەستێکی بە پشتی (کا)دا هێنا و بەدەم گاڵتەوە گوتی: "مەگەر خوایەکی تر لە ئەوروپا هەیە؟"

"من ئارەزووی هەبوونی خوایەکم دەکرد پێویستی نەکردبایە بۆ چوونە بەردەمی پێڵاوەکانم دابکەنم، دەستی ماچ بکەم و بۆی بکەومە سەر ئەژنۆ. خوایەکی ئەوتۆ بوایە لە تەنیاییی من تێ بگەیشتایە."

شێخ گوتی: "خوا بە توانایە، هەموو شتێک دەبینێت، لە هەموو کەسێک تێ دەگات، لە تەنیاییی تۆیش. ئەگەر باوەڕت پێ هەبوایە و بتزانیبا تەنیاییی تۆ دەبینێت، هەستت بەتەنیایی نەدەکرد."

(کا) هەستی کرد قسە بۆ هەموو ئەوانەی ناو ژوورەکە دەکات و گوتی: "زۆر ڕاستە حەزرەتی شێخ، لەبەر ئەوەی تەنیام، ناتوانم باوەڕ بە خوا بهێنم، بەهۆی ئەوەش ناتوانم باوەڕ بە خوا بهێنم، هێزم نییە لە دەست تەنیاییی ڕزگارم بێت. چی بکەم؟"

لەلایەک، پێشبینیی نەدەکرد سەرباری سەرخۆشییەکەی، ئاوا بوێرانە و بە ئارەزووەوە گرێی دەروونی خۆی بۆ شێخێکی ڕاستەقینە بکاتەوە، لەلایەکی دی، بە بەشێکی تری هۆشی سوور دەیزانی کەوتووەتە هەرێمێکی ترسناکەوە، بۆیە بێدەنگیی شێخ ترساندی.

شێخ گوتی: "بەڕاستی ئەقڵت لێم دەوێت؟ وەک ئێوەش گوتتان، ئێمە

کەسانی ڕیشدار و پاشڤەڕۆ و دەشتەکین. ئەگەر تەنانەت ڕیشیشمان بتاشین، ئەوا چارەی لادێیبوونی خۆمان پێ ناکرێت."

(کا) گوتی: "منیش دەشتەکیم، بۆ ئەوەشی زیاتر دەشتەکی بم، دەمەوێت کاتێک بەفر بەسەر پەی پێ نەبراوترین گۆشەی جیهاندا دەبارێت، من لە بیر بکرێم." جارێکی تر دەستی شێخی ماچ کرد. پێی خۆش بوو بە ئاسانی ئەمەی کرد، بەڵام لایەکی هۆشی هێشتا ڕۆژئاوایی بوو، و بەشێوەیەکی تەواو جیاواز کاری دەکرد. ئەم بەشەی هۆشی، لە پای ئەو دۆخەی تێی کەوتبوو، بە چاوی سووک سەیری (کا)ی دەکرد.

(کا) هەمدیسان گوتی: "لە کەموکورتیم ببوورن، لەوەی پێش هاتنم بۆ ئێرە ئارەقم خواردەوە. لەبەر ئەوەی باوەڕم بە خوای هەژاران، بەو خوایە نەبووە کە نەخوێندەواران و پوورە سەرداپۆشراوەکان و مامە تەزبیح بەدەستەکان دەیپەرستن، بەدرێژاییی ژیانم هەستم بە تاوانباری کردووە. بێ بڕواییم بەشێکی لە لووتبەرزییەوە بوو، بەڵام ئێستا گەرەکمە باوەڕ بە خوای بارێنەری ئەو بەفرە جوانەی دەرەوە بهێنم. خوایەک هەیە ئاگای لە هاوشێوەی نهێنی و نادیاری جیهانە و مرۆڤەکان هاوچەرخانەتر و نیانتر دەکات."

شێخ گوتی: "بێگومان هەیە، کوڕی خۆم."

"بەڵام ئەو خوایە لێرە نییە لە نێو ئێوەدا. لە دەرەوەیە، لە شەوی ڕووت و لە تاریکی و لەو بەفرەدایە کە لە دڵی کەسانی ڕەبەن و بێکەسدا دەبارێت."

"ئەگەر دەتوانیت هەر خۆت خوا بدۆزیتەوە، بڕۆ، لە نیوەی شەودا بەفر دڵت پڕ بکات لە خۆشەویستیی خوا. با ئێمە ڕێت لێ نەگرین. بەڵام لە بیرت نەچێت، تەنیا کەسانی لە خۆبایی و بەخۆناز تەنیاباڵ دەمێننەوە. خوا بەهیچ جۆرێک لە خۆباییبووانی خۆش ناوێت. ئیبلیس لەبەر ئەوەی لە خۆی بایی بوو، لە بەهەشت دەرکرا."

(کا) هەمدیسان ترسێکی لێ نیشت، بەڵام سەردەمانێک دوای ئەو دیمانەیە لە بیری چووەوە. ترسی ئەوەی هەبوو لە پاشملە باسی بکرێت. هەرگیز حەزی نەدەکرد دوای ڕۆیشتنی لەوێ، بووختانی بۆ بکرێت: "چی بکەم حەزرەتی

شـێخ؟" ویسـتـی جـارێکی تر دەسـتـی شـێخ مـاچ بکات، بەڵام شـێخ دەسـتـی کێشایەوە. (کا) زۆر باش هەستی کرد بێ ئۆقرەیی و سەرخۆشیی پێوە دیارە و لەبەر ئـەوەش بە چاوی سـووک ســەیر دەکـرێت. "دەمــەوێت بڕوا بەو خــوایە بهـێنم کـە ئێـوە بـاوەڕتان پێی هـەیە، بەڵام بەهـۆی ڕۆژئاواییـبـوونەکـەی ناو ناخمەوە، سەرم گێژ دەخوات."

شـێخ گوتی: "ئەو ئەندازە نیازپاکییە سـەرەتایەکی باشـە. تۆ جـارێ فێری خاکی بوون بە."

(کا) گوتی: "بۆ ئەوە چی بکەم؟" دیسـان ئیبلیسێکی گاڵتەجـاڕ بە هەناویدا دەگەڕا.

شـێخ گوتی: "هەرکـەسێک ئارەزووی لە دەمـەتەقێ بێت، ئێواران لە کـەناری ئەم دیوانە کـە تۆم لێی دانیشـاندووە، دادەنیشـێت. هەمـوو ئەوانەی ئێرە برای یەکترن."

(کـا) دەستبەجێ تێ گەیشت ئەو ئاپۆڕەیەی لەسـەر کورسی و دۆشـەکەکان دانیـشـتـبوون، لـە ڕاسـتـیدا هەمـوویان ڕیزیـان گرتبـوو بۆ ئەوەی لە کـەناری دیوانەکە دابنیشن. هەسـتی کرد شـێخ ڕێزێکی زیاتری بـۆ ئەو ڕیزە خەیاڵییـە هەیە وەک لەوەی بۆ ئەمی هەبێت، بۆیە وای بۆچوو باشتـر وایە هەڵسێت، وەک ئەوروپیـیــەک لە هەرە دواوەی ڕیزەکــەدا جـێـی خـۆی بکاتەوە و بـە ددان بە خۆگرتنەوە چاوەڕێ بکات. جارێکی دی دەستی شـێخی ماچ کرد، کشایەوە و لەسەر قەراغی دۆشکەکەی هەرە دواوە دانیشت.

پیاوێکی باڵاکورت، شیرین ڕووخسـار، ڕیزە ددانی ڕاست و چەپی شەویلگە لە زێڕ گـرتوو، و هەڵسـووڕێنەری چایخـانەی شەقـامی ئینونو لە تـەنیشـتـییەوە دانیـشـتـبـوو. کـابرا بەڕادەیەک بچـووک و سـەری (کـا)ش هێندە شلۆق بوو، بەجـۆرێک لە خـەیاڵی خۆیدا وای دانـا هـەبێت و نەبێت ئەم کـابرایە بـۆ گـەڕان بەدوای چارەیەکـدا بۆ بـاڵا گـرگنەکــەی بۆ کن شــێخ هـاتووە. لـە ســەردەمی منداڵیی ئەودا، لە گـەڕەکی نیـشـانـتـاشی کـابرایەکی کورتە بـاڵای زۆر بەڕێز

هەبوو هەمـوو ئێوارانێک لە مـەیدانی نیشـانتـاشی گوڵە وەنەوشـە، یان گوڵە مێخـەکێکی لە قـەرەجـەکان دەکڕی. پیاوە لاواز و بچووکەکەی تەنیشـتی پێی گوت ئەمڕۆ کاتێک ئەم بەلای چایخانەکەدا تێ پەڕیوە، ئەو دیویەتی، بەڵام (کا) نەیتـوانیـبـوو لابداتە لای، کـابرا پێی گـوت سـبـەینێ چاوەڕێی دەکـات. بەڕێوەبەری خێلی کۆمپانیای پاس تێکەڵ بە گفتوگۆکان بوو؛ بەچرپە گوتی بەهـۆی مـەسـەلـەی کـچـێکەوە سـەردەمـانێک نـاشـاد بووە، خـووی داوەتە خواردنەوە و تا ڕادەی خوانەناسین یاخی بووە، بەڵام دواتر هەمووی ڕابردووە و گشت گرفـتـەکانی لە بیر کردووە. پێش ئەوەی (کا) بپـرسـێت "ئایا لەگەڵ کچـەدا ژیانی هاوسـەریتان پێکەوە نـا؟"، ئەو گوتی: "کـچـەکە بۆ مـن دەسـتی نەدەدا."

شێخ دواتر دەستی کرد بە قسە لە دژی خۆکوشـتن: هەمووان بە بێدەنگی، بەڵام هـەندێکیـان بـە سـەربادانەوە گـوێیـان بۆی ڕاگـرت. (کـا)ش لەگـەڵ دووانەکەی تەنیشتیدا دیسانەوە لە نێوان خۆیاندا کەوتنە فسکە فسک: پیاوە بچکۆلانەکـە گـوتی: "چەنـد حـاڵەتێکی تری خـۆکـوشـتن ڕوویان داوە، بەڵام هەروەک چۆن ناوەندی پێشـبـینیکردنی کـەش و هەوا بۆ ئەوەی ورەی مـیللەت نەڕوخـێت، هـەواڵی سـاردتربوونی هـەوا دەشـارێتـەوە، دەوڵەتیش هـەواڵی خۆکـوشـتنی کـچـەکـان پەردەپۆش دەکات: کـچانی خـۆیان بەرامبـەر بە پارە دەدەن بە کارمـەندانی پیـر و پیاوگەلێکی نابەدڵی کچان." بـەڕێوەبەری خێلی کۆمپانیای پاس گوتی: "ژنەکەی منیش لە سـەرەتای یەکترناسینماندا هیچ خۆشـیی بە چارەمـدا نەدەهات." بێکاری، گـرانی، بەدڕەوشـتی و بێ باوەڕی، خـرانـە خـانەی هـۆیەکـانی خـۆکـوشـتنەوە. (کـا)، لەبەر ئـەوەی هـەرچـیـیـەک دەگـوترا، ئـەم بەڵێی بـۆی دەکـرد، خـۆی وەک کـەسـێکی دووڕوو دەهاتـە پێش چاو. پیاوە پیرەکە خـەریک بوو خـەو بیبـاتەوە، بەڕێوەبەری خێلی کۆمپـانیـای پاس بێـداری کردەوە. بێدەنگییـەکی درێژ هـاتە ئاراوە، (کا) لە ناخـی خـۆیدا هەسـتی بە بەرزبوونەوەی شـەپۆلی ئارامی کـرد: ئـەوانە بەڕادەیەک لـە چەقی جیـهانەوە دوورن، وەک ئەوەی کـەس بەخـەیاڵیدا نەیەت ڕوو لەو شـوێنە بکات.

ئەمــە، لەگــەڵ بەفــر بارینەکــەی دەرەوەدا کــە دەتگوت کلووەکــانی لــە هــەوادا ڕاوەستاون، هەستێکی وای لەکن (کا) خوڵقاند وەک ئەوەی لە دەرەوەی هێزی کێشکردنی زەوی ژیان بەسەر ببات.

ئیــدی کــەس خــۆی پێــوە ســەرقــاڵ نەکــرد و شــیــعــرێکی تری بۆ هات. دەفتــەرەکەی پێ بوو، بە سوودوەرگـرتن لە ئەزمـوونـی نووسـینەوەی شـیـعری پێـشـووی، هەمـوو هـزری خـۆی خـسـتـە سـەر دەنگی بەرزەوەبوو لـە هـەناویدا، ئەمــجــار لە یەک هەڵـمـەتدا و بێ ئەوەی یەک وشــەی لێ تێ پەڕێنێت، سی و شــەش نیــوە بەیتی نـووسی. لەبەر ئەوەی ئارەق ســەری گــەرم کــردبوو، زۆر مـتمانەی بـە شیـعرەکەی نەبوو. بەڵام بە ئیلهـامێکی نوێوە هەڵسـایە سـەرپێ، دەستووری لە شێخ خواست و خۆی گەیاندە دەرێ، لەسەر پلیکانە بەرزەکانی تەکیە دانیشت، دەستی کرد بە خوێندنەوەی شیعرەکەی و بۆی دەرکەوت وەک شیعرەکەی پێشووی، نایاب و بێ کەموکورتییە.

شیـعرەکە بـە کەرەسـەیەک نووسرابـوو پێش کەمێک بەسـەر (کا) هـاتبـوو، و خۆی گەواهیدەری بوو: چوار نیوە بەیت تەرخـان کـرابوون بۆ گفتـوگۆ لەگەڵ شـێخـدا لە بارەی هەبوونی خـواوە. تێـڕوانینی پڕ لە تـاوانی (کـا) بۆ (خـوای هەژاران)، تەنیـایی و واتای نهێنیی جیـهـان، دەسـەڵاتی ئەقڵ بەسـەر ژیـاندا، پیـاوێکی ددان زێڕین، کابرایەکی خێل و کورتە باڵایەکی بەڕێزی گوڵەمێخـەک بەدەست کــە هــەمــوو ژیانی ڕابردووی هــێنابــووەوە یادی ئەم، لەم شــیــعــرەی (کـا)دا جێـیـان کـرابووەوە. بەدەم ســەرســووڕمـانەوە لـە جـوانیـی ئەو شـتــەی نووسـیــویەتی، لە هـزری خـۆیدا گـوتی: "گـەلۆ واتای گـشت ئەمـانە چـیـیـە؟" شـیــعـرەکــەی بەلاوە جـوان بوو، چـونکە دەیتــوانی وەک شـیــعـرێکی لەلایەن کەسێکی ترەوە نـووسراو بیخوێنێتەوە. هەر لە سۆنگەی جوانیی شیعرەکەوە، سەری لە کـەرەسـەی شیعرەکە و ژیانی خۆیشـی سـووڕمابوو. تۆ بڵـێیت واتای جوانیی شیعرەکەی چی بێت؟

کـارەبای گڵـۆپی ئۆتۆمـاتیکی سـەر پلیکانەکان کوژایەوە و ئەو ناوە نوقمی تاریکی بوو. دووگـمـەکەی دۆزییـەوە و گڵۆپـی داگیرسـاندەوە، چاوێکی تری بە

دەفتەرەکەدا گێڕا و ناوی شیعرەکەی بۆ هات. ناوونیشانی (هاوشێوەی شاردراوە)ی بۆ هۆنراوەکەی دانا. دوای تێپەڕبوونی ڕۆژگارێکی درێژ بەسەر ئەو ڕووداوانەدا، بەخێرایی دۆزینەوەی ئەم ناوەی بۆ شیعرەکەی بە نیشانەی ئەوە دادەنا سەرجەم شیعرەکانی -ڕێک وەک دنیا- لە دارِشتنی خۆی نین. ئەم شیعرەی وەک یەکەم هۆنراوە لەسەر تەوەرەی لۆجیکی نیگاری گەردیلەی بەفر دانا.

## ١٢

# ئەگەر خوا نەبێت، ئەدی واتای ئەو هەموو ئازارە چییە هەژاران دەیچێژن؟

## بەسەرهاتی خەمگینی نەجیب

(کا) لە ڕێی گەڕانەوەیدا لە تەکیەی جەنابی شێخەوە بۆ هۆتێل، لە ژێر بەفرەکەدا بیری لەوە دەکردەوە پاش کەمێکی تر ئیپەک دەبینێت. لە شەقامی خالید پاشا، سەرەتا تێکەڵ بە ئاپۆڕەی بانگەشەکەرانی هەڵبژاردنی پارتی میللەت و دواتر کەوتە ناو کۆمەڵێک قوتابییەوە لە هۆڵی تاقیکردنەوەی وەرگرتن لە زانکۆ دەهاتنە دەرێ: باسی سەیرکردنی تەلەڤزیۆن لە ئێوارەدا و چەپەڵیی مامۆستای کیمیایان دەکرد. ئەوانیش، وەک ئەوەی من و (کا)ش لەو تەمەنەدا دەمانکرد، ستەمکارانە یەکتریان دەرزی ئاژن دەکرد. لە بەردەم دەروازەی باڵەخانەیەکدا، کچێکی بچووکی چاو بەگریانی بەدەستی دایک و باوکییەوە بینی لە تیمارخانەی پزیشکی ددانی سەرەوەی باڵەخانەکە دەهاتنە دەرێ. (کا) یەکسەر بە جلوبەرگی بەریاندا حاڵی بوو بەدژواری ژیان بەسەردەبەن، سەرباری ئەوەش، بۆ ئەوەی کچە لەرزۆکەکەیان ئازاری زیاتر نەچێژێت، لەبری نەخۆشخانەی دەوڵەت، هێناویانە بۆ لای پزیشکی تایبەت. لە دەرگایەکی کراوەی دووکانێکی شوێنی فرۆشتنی گۆرەوی ژنان، دەرزی و دەزووی دروومان، قەڵەمی بۆیاخ و پاتری و کاسێتەوە گۆرانیی (ڕۆبێرتا)ی (پەپینۆ دی کاپری)ی کەوتە بەر گوێ. بە بیستنی ئەم گۆرانییە کە لە سەردەمی منداڵیدا کاتێک بە ئۆتۆمبیلی مامی دەچوون بۆ پیاسە لە بوسفۆر، لە ڕادیۆوە گوێی لێ دەبوو، وای بۆچوو هەڵچوونی سۆزی دەروونی، شیعرێکی

نوێ بێت، بۆیە خۆی کرد بە یەکەم چایخانەی بەردەمیدا، لەسەر یەکەم کورسیی خاڵی دانیشت و قەڵەم و دەفتەری دەرهێنا.

دوای ئەوەی قەڵەم بە دەستەوە و چاو بە فرمێسکەوە ماوەیەک سەیری پەڕەی بەردەمی کرد، بۆی ڕوون بووەوە شیعری بۆ نایەت، بەڵام گەشبینیی خۆی نەشێواند. بەسەر دیواری چایخانەی سیخناخ لە بێکاران و قوتابیان، چەند دیمەنێکی سویسرا، پۆستەری شانۆ، کاریکاتۆر و هەواڵی لە ڕۆژنامەکان بڕدراو، ئاگادارییەک سەبارەت بە مەرجەکانی تاقیکردنەوەی وەرگرتنی کارمەندان و خشتەی یارییەکانی ئەمساڵی هەڵبژاردەی تۆپی پێی قارسی بینی. ئەنجامی گەمەکان کە لەسەر خشتەکە بە قەڵەمی جۆربەجۆر دەستنیشان کرابوو. زۆربەی یارییەکانیش بە دۆڕان بەکۆتا هاتبوون. لە تەنیشت گەمەی بەرامبەر بە هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئەرزەڕووم کە بە شەش گۆڵ بۆ ئەوان بەرامبەر بە گۆڵێک بۆ هەڵبژاردەی قارس تەواو بووبوو، کەسێک ئەم چەند بەیتەی لای خوارەوەی نووسیبوو. (کا) ڕۆژێک دواتر لە چایخانەی -برایانی بەختەوەر- شیعرێکی بە ناوونیشانی (هەموو مرۆڤایەتی و ئەستێرەکان) نووسی و جێی ئەم شیعرەشی تێدا کردەوە:

**ئانامز چکپ گەلسە جەنەتتەن بزی کۆللاریلە سارسا**

**ئیمانسز بابامز ئۆنو بیر ئاکشامجک دایاکسز براکسا**

**گەنە دە پارا ئەتمەز، بۆکون دۆنار، ڕوحون کورور، ئوموت یۆک!**

**چەک سیفۆنو گیتسن کیشی دویشتویسە شەهری قارسا**

*******

**ئەگەر دایکمان لە بەهەشتەوە بێتە دەرێ و لە ئامێزمان بگرێت**

**ئەگەر باوکە بێ باوەڕەکەمان ئێوارەیەک بێ دارکاریکردن وازی لێ بهێنێت**

**دیسانیش پووڵێک ناکات، گووەکەت دەیبەستێت، ڕوحت وشک دەبێتەوە، ئومێد نییە!**

**ئەو کەسەی ڕێی بکەوێتە شاری قارس، با سیفۆنی ئاودەسەکە ڕاکێشێت و بڕوات**

لە کــاتێکدا (کــا) بە گــەشــبــینی و بەدەم گــاڵتــەوە ئەم چوارینەیەی دەنووسییەوە، نەجیب بە ڕوویەکی خۆشەوە کە (کا) هەرگیز بۆی نەچووبوو لەودا بیبینێت، لە یەکێک لە مێزەکانی پشتەوە هات و لە دەوری مێزەکەی ئەم دانیشت.

نەجیب گوتی: "زۆر خۆشحاڵ بووم بە بینینت، ئەوە شیعر دەنووسیت؟ داوای لێبووردن دەکەم لە پای ئەوەی هاوڕێکانم پێتیان گوت ئەتایست. یەکەمجاریانە لە ژیاندا ئەتایستێک دەبینن، بەڵام بەڕاستی ناکرێت تۆ ئەتایست بیت، چونکە مرۆیەکی زۆر باشیت." هەندێک شتی تریشی گوت، بەڵام (کا) لە سەرەتادا سەری لێیان دەرنەکرد: لەگەڵ هاوڕێکانیدا لە قوتابخانە هەڵهاتبوون بۆ بینینی شانۆگەرییەکەی ئەم ئێوارەیە، بەڵام بڕیاریان دابوو لە ڕیزی پشتەوە دابنیشن، چونکە نەیاندەویست لە وەشانی زیندووی تەلەڤزیۆندا پێشان بدرێن و بەڕێوەبەرەکەیان (پێیان بزانێت). زۆر شادمان بوو بە ڕاکردنیان لە قوتابخانە. لەگەڵ هاوڕێکانیدا وایان دانابوو لە هۆڵی شانۆی گەل یەک بگرنەوە. دەشیانزانی (کا) لەوێ شیعر دەخوێنێتەوە. لە قارس هەموو کەسێک شیعری دەنووسی، بەڵام (کا) تاکە شاعیر بوو شیعری بڵاو کرابێتەوە و ئەم بیناسێت. نەجیب پرسی ئایا دەتوانێت چایەکی بۆ بانگ بکات؟ (کا) گوتی پەلەیەتی.

نەجیب گوتی: "کەواتە پرسیارێک، دوایین پرسیارت لێ دەکەم، ئامانجم ئەوە نییە وەک برادەرەکانم بێ ڕێزیت بەرامبەر بنوێنم. زۆر بە پەرۆشم."

"بەڵێ."

دەسپێک بە دەستە تووڕەکانی جگەرەیەکی داگیرساند:

"ئەگەر خوا هەبوونی نەبێت، واتای وایە بەهەشتیش نییە. کەواتە ملیۆنان کەسی هەژار و نەدار و چەوساوە ناچنە بەهەشتەوە. ئەگەر وایە، ئەدی واتای ئەو هەموو ئازارە چییە هەژاران دەیچێژن؟ بۆچی دەژین و لەبەر چی بەلاش و حەلاش ئەم هەموو تالاوە دەنۆشین؟"

"خوا هەیە و بەهەشتیش هەیە."

"نەخـێـر، بۆ دڵدانـەوەی من وا دەڵێـیت، چونکە بـەزەییت پێـمـاندا دێتـەوە. کاتێکیش دەگـەڕێیتـەوە ئەڵمانیا، وەک ڕابردوو بیـر دەکەیتـەوە و پێت وایە خوا نییە."

(کا) گـوتی: "مـاوەی چەند سـاڵێکە ئەوە یەکـەمـجارە ئەوەندە شـادمـان بم، بۆچی باوەڕم نەبێت بەوەی تۆ باوەڕت پێی هەیە؟"

نەجیب گوتی: "چونکە تۆ بۆرژوایەکی ئەستـەنبـوڵیت، ئەوانە هـەرگـیز باوەڕ بە خـوا نـاهێـنن. لەبەر ئـەوەی باوەڕ بـەو شــتــانە دەهـێنن کــە ئەوروپـاییـگەل باوەڕیان پێی هەیە، خۆیان لە سەرووی میللەتەوە دەبینن."

(کـا) گـوتی: "لەوانەیە بـۆرژوایەکی ئەسـتـەنبـوڵی بوویم، بـەڵام لە ئەڵمـانیـا نامۆیەک بووم کەس پووڵێکی نەدەخستە مستم. لەوێ دەچەوسێندرامەوە."

نەجیب بەدەم داخستنی پێڵـووی چاوە جوانەکانییەوە سـەیرێکی کرد. (کا) سـەرنجی دا لاوەکە لە هزری خۆیدا بۆ سـاتێک چاو بە ڕەوشی تایبـەتی خۆیدا دەگـێـڕێتـەوە و وردی دەکاتەوە. دواتر نـەجـیب گـوتی: "کـەواتە بـۆچی دەوڵەتت تووڕە کرد و ڕاتکرد بۆ ئـەڵمـانیـا؟" کـاتێک (کـا)ی بە خـەمـبـاری بینی، گوتی: "دەی، گـوێی مـەدەرێ! خـۆ ئەگـەر دەوڵەمـەند بام، شـەرمم بـە ڕەوشی خـۆمـدا دەهـاتەوە و زیاتر باوەڕم بە خوا دەهێنا."

(کا) گوتی: "خوا یار بێت، ڕۆژێک دێت هەمووم‌ان دەوڵەمەند ببین."

"شتـەکان هێنـدە سادە نین وەک تۆ پێت وایە من بیـری لێ دەکەمـەوە. منیش ئەوەندە ساکار نیم و ناشمەوێت دەوڵەمەند بم. گەرەکیشم نییە ببم بە شـاعیر، یان نووسـەر. ڕۆمـانێکی خـەیاڵی زانسـتی دەنووسم. لەوانەیە لە یەکـێک لە ڕۆژنامەکانی قارسـدا بەنـاوی (ڕم) چاپ بکرێت، بەڵام من نـامەوێت ڕۆمـانەکەم لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاو بکرێتەوە کە تەنیـا حەفتا و پێنج دانەی لێ دەفرۆشرێت، بگرە خوازیارم لە یەکێک لە ڕۆژنامـەکانی ئەسـتـەنبـوڵدا، لەوانەی بە هـەزاران دانەیان لێ دەفرۆشـرێت، چاپ بکرێت. کـورتەی ڕۆمـانەکـەم پێیـە. ئەگـەر بۆت بخوێنمەوە، دەتوانیت پێم بڵێیت ئایا دەکرێت لە ئەستەنبوڵ بڵاو بکرێتەوە؟"

(کا) سەیرێکی سەعاتەکەی کرد.

نەجیب گوتی: "زۆر بە کورتی!"

ڕێک لەو کاتەدا کارەبا بڕا و سەرانسەری قارس نوقمی تاریکی بوو. نەجیب لەبەر ڕۆشنایی ئاگردانە تاوی دایە خۆی، مۆمێکی هەڵگرت و دایگیرساند، دڵۆپێکی بە سەر مێزەکەدا تواندەوە و مۆمەکەی لەسەر قایم کرد. چەند پارچە کاغەزێکی نووشتاوەی لە گیرفانی دەرهێنا و بە دەنگێکی لەرزۆک دەستی کرد بە خوێندنەوەی، جاروباریش لەگەڵیدا تفی قووت دەدایەوە.

"لە ساڵی (٣٥٧٩)دا، دانیشتووانی سەر هەسارەی غەزالی کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هێشتا نەدۆزراوەتەوە، زۆر دەوڵەمەند بوون. ژیانیشیان لەم ژیانەی ئەمڕۆی ئێمە فرە سادەتر بوو، بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونی ماتەرلیستەکانەوە، مرۆڤەکان بەهۆی ئەوەی (ئیدی دەوڵەمەند بوون)، مۆراڵ و ئاکاری خۆیان لە بیر نەکردبوو. تەواو بە پێچەوانەوە، دانیشتووان زۆر پەرۆشی بابەتگەلی هەبوون و نەبوون، مرۆڤ و گەردوون، خوا و ڕێساکانی بوون. لەو سۆنگەیەوە، لە دوورترین گۆشەی ئەم هەسارە سوورە، قوتابخانەیەکی زانستی ئیسلامی و وتاردان کرابووەوە و قوتابیی زیرەک و چاپوکی وەردەگرت. دوو برادەری گیانی بەگیانی لەم قوتابخایە دەیانخوێند: ئەم دووانە بە پەرۆشەوە کتێبە نووسراوەکانی (١٦٠٠) ساڵ لەمەوبەری نەجیب فازیلیان دەخوێندەوە و بابەتەکانی ناویان دەربارەی ناکۆکییەکانی ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوا، هێشتا تازە و هەنووکەیی بوون. دوو قوتابییەکە بە ئیلهام وەرگرتن لە نووسەر، ناوەکانی نەجیب و فازیلیان لە خۆیان نابوو. چەندین جار گەورەترین دانراوی گەورە مامۆستای بە ناوونیشانی ڕۆژهەڵاتی گەورە دەخوێننەوە، شەوانە بە دزیی ئەوانی ترەوە لە هۆڵێ نووستن، لە سەر چرپاکەی فازیل یەکتریان دەدی، لە ژێر لێفەدا ڕادەکشان و سەیری کلووی بەفری شینیان دەکرد چۆن بەسەر بنمیچی شووشەییدا دەباری و هەر دانەیەکی وەک هەسارەیەکی لەناوچوو دەچوو، لەگەڵ ئەوەدا واتای ژیان و ئەو

شتانەیان بە گوێی یەکدیدا دەچرپاند کە دەیانویست لە داهاتوودا ئەنجامی بدەن.

لە ئاکامی جەفەنگی پڕ لە ئیرەییی کەسانی دڵ قرێژدا، ئەم هاوڕێیەتییە بێگەردە ڕۆژێک لە ڕۆژان گەردی لێ نیشت. هەردووکیان لە هەمان کاتدا دڵیان لە کچێک چوو، لە شارێکی دوور کاری دەکرد و ناوی هیجران بوو. سەربارى ئەوەى بۆیان دەرکەوت باوکی هیجران ئەتایستە، بەڵام لەو ئەڤینە بێچارەیە ڕزگاریان نەبوو، بگرە گڕی ئەوینیان زیاتر تاوی سەند. بەمجۆرە هەریەکەیان هەبوونی ئەوی تری لەسەر هەسارەی سوور بە زیاد دەزانی و لە کانگای دڵەوە حاڵی بوون پێویستە یەکێکیان بمرێت. دەسپێک ئەم بەڵێنەیان بە یەکتر دا: هەرکامیان بمرێت، ماوەیەک لە دوای گەیشتنی بە دنیای ئەودیو، جا چەندین ساڵی تیشکیش دوور بێت، دەبێت بگەڕێتەوە و باسی ئەو شتە بۆ زیندووەکان بگێڕێتەوە کە زۆر بە پەرۆشن بۆ زانینی: باسی ژیانی دوای مردن.

بڕیاریشیان نەدا کێیان چۆن دەمرێت، چونکە هەریەکەیان دەیزانی بەختەوەری ڕاستەقینە لەوەدایە خۆی بە قوربانی بەختەوەریی ئەوی تر بکات. ئەگەر یەکێکیان، بۆ نموونە فازیل، بیگوتبایە با هەردووکمان لە هەمان کاتدا دەستمان بە ڕووتی بە پلاکی کارەبادا بکەین، ئەوا نەجیب تێ دەگەیشت ئەمە فێڵێکی پڕ لە تەڵەکەی فازیلە بۆ ئەوەی خۆی فیدای ئەم بکات و بمرێت، چونکە نەجیب دەیزانی پلاکی کارەباکەی لای خۆی، تەزوویەکی کەمتری پێدا دەڕوات. ئەم بڕیار نەدانە چەندین مانگ درێژەی خایەند و تاڵاوی زۆریشی کرد بە گەرووی هەردووکیاندا، بەڵام لە شەوێکدا لەپڕ بەکۆتا هات: نەجیب دوای ئەوەی لە وانەی شەو گەڕایەوە، کەوت بەسەر تەرمی برادەرە خۆشەویستەکەیدا و بۆی دەرکەوت لە پێخەوەکەیدا دڵڕەقانە گوللەباران کراوە.

ساڵی دواتر نەجیب لەگەڵ هیجراندا ژیانی هاوسەری پێکەوە نا، لە شەوی زەماوەندەکەیاندا سۆز و پەیمانی خۆی لەگەڵ هاوڕێکەیدا بۆ گێڕایەوە و پێی

گوت ڕۆژێک لە ڕۆژان تارمایی فازیل دەگەڕێتەوە. هیجرانیش بەوی گوت ئەو لە ڕاستیدا دڵی لە فازیل چووە و بەهۆی مردنیشیەوە چەندین ڕۆژ گریاوە تا چاوەکانی سوور هەڵگەڕاون. گوتیشی هەموو کاتێک نەجیبی هەر بە هاوڕێی خۆی داناوە، بەڵام لەبەر ئەوەی شێوەی لە فازیل دەچێت، ئێستا شووی پێ کردووە. بۆیە لەگەڵ یەکتریدا نەخەوتن و ئەڤینیان لە خۆیان قەدەخە کرد تا ئەو ڕۆژەی فازیل دەگەڕێتەوە.

بەڵام بە تێپەڕبوونی ساڵان، سەرەتا ڕۆحیان و پاشان جەستەیان زۆر بەتوندی ئارەزوویان چووە سەر یەکدی. لە شاری قارسی بچووکی سەر ڕووی زەوی ئەرکێکی پشکنینیان پێ سپێردرابوو. ئێوارانێک لەوێ خۆیان پێ ڕانەگیرا و وەک دێوانە لە یەک ئاڵان. وا دیار بوو فازیلیان لە بیر کردبوو، چونکە یادی ئەو بەردەوام وەک ئازاری ددان ویژدانی هەردووکیانی دەئێشاند. جۆرێک لە هەستکردن بە تاوان لە دڵیاندا چەکەرەی کرد، بە تێپەڕبوونی کات گەشەی دەکرد و دەیترساندن. بۆ ساتێک هەردووکیان وایان زانی هەستێکی سەیری تێکەڵ بە ترس دەیانخنکێنێت. پێکەوە چوونە جێگەوە. لەو ساتەدا پەردەی تەلەڤزیۆنی بەرامبەریان لە خۆیەوە ڕووناک بووەوە و بەشێوەیەکی ساف و بریقەدار دیمەنی فازیل هاتە سەری. برینی ئەو فیشەکانەی لە ڕۆژی کوشتنەکەیدا پێوەی نرابوو، هێشتا وەک خۆی بە ناوچەوان و چەناگەیەوە مابوون و خوێنیان لێ دەچۆڕا.

فازیل گوتی: "بە دەست ئازارەوە دەناڵێنم، شوێنێک نەماوە لە دنیای ئەودیو بۆی نەچووبم و نەمدیبێت. (لێرەدا نەجیب هەڵوێستەیەکی کرد و گوتی: بە وەرگرتنی ئیلهام لە غەزالی و ئیبنی عەرەبی وردەکارییەکانی ئەم گەشتە دەنووسمەوە.) گەیشتمە گەورەترین ڕێزنواندنی فریشتەکانی خوا، گەیشتمە ئەو شوێنانەی عەرش کە لە خانەی هەرگیز پێنەگەیشتندا دانراون، لە دۆزەخ سزای ترسناکی سەپێندراوی سەر خوانەناسە کراڤات لە ملەکان، لە خۆبایی و پۆزیتیڤیست و کۆلۆنیالیستانم بینی، ئەوانەی سووکایەتییان بە باوەڕی خەڵکی کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵخۆش نەبووم، چونکە هۆشم لێرە

لەگەڵ ئێوەدا بوو."

ژن و پیاوەکە بە سەرسوورِمانەوە سەیری ئەو تارماییە خەمگینەیان دەکرد. "ئەو شتەی چەندین ساڵە منی خەمگین کردووە، ئەوە نییە ئەمشەو هەردووکتانم بە شادی بینی. بگرە بە پێچەوانەوە، لە شادمانیی خۆم زیاتر، خوازیاری کامەرانیی نەجیبم. لەبەر ئەوەی وەک دوو هاورِێ یەکدیمان زۆر خۆش دەویست، نە خۆمان و نە یەکدیشمان پێ نەکوژرا. هەردووکمان زرێپۆشی نەمریمان پۆشیبوو، چونکە هەریەکەمان ژیانی ئەوی تری زۆر بەلاوە گرینگ بوو. ئای هەستێکی چ پرِ لە شادی بوو، بەڵام مردنەکەم دەستبەجێ بۆمی سەلماند بە باوەرِهێنانم بەو هەستە، هەڵەم کردووە."

نەجیب قیراندی و گوتی: "نەخێر، هیچ کاتێک هێندەی ژیانی تۆ، بایەخم بە ژیانی خۆم نەداوە."

تارماییەکەی فازیل گوتی: "ئەگەر ئەمە راست بوایە، من نەدەمردم و تۆیش لەگەڵ هیجرانی شۆخدا ژیانی هاوسەریت پێکەوە نەدەنا. من بۆیە مردم، چونکە تۆ ویستت مردنەکەم پەردەپۆش بکەیت و تەنانەت لە خۆیشتی بشاریتەوە."

نەجیب زۆر هەوڵی دا وەڵام بداتەوە، بەڵام تارماییەکەی سەر پەردەی تەلەڤزیۆن گوێی لێ نەبوو.

تارماییەکە گوتی: "نەک تەنیا گومانی ئەوەی تۆ مەرگی منت دەویست، بگرە ختورەی ئەوەی پەنجەت هەبێت لە لێدانی نامەردانەی ناوچەوانمدا کاتێک لە تاریکایی شەودا لە جێگەدا نووستبووم و ترسی ئەوەی لەگەڵ نەیارانی شەریعەتدا دەستت تێکەڵ کردبێت، لە دنیای ئەودیو هیچ ئارامیی پێم نەبەخشی و ئۆقرەی لێم برِیوە." نەجیب نقەی لە خۆی برِیبوو، هیچی تر نارِەزایی دەرنەدەبرِی.

تارماییەکە گوتی: "تەنیا رِێگەیەک هەیە بۆ ئەوەی من لەم نائارامییە رِزگارم بێت، بتوانم بچمە بەهەشتەوە و تۆیش ئەم گومانە سامناکەت لەکۆڵ بێتەوە!

بزانە بکوژم کێیە و بیدۆزەرەوە. ماوەی حەوت ساڵ و حەوت مانگ تێ پەڕی و تەنانەت گومانلێکراویشیان پێ نەدۆزراوەتەوە. دەمەوێت تۆڵە لەوانە بکەمەوە کە دەستیان لە کوشتنمدا هەبووە، یان تەنانەت نیازیان هەبووە. ئەگەر بکوژ نەدۆزرێتەوە و بە سزای خۆی نەگات، ئەوا من لەم دنیایە و ئێوەش لەو دنیا کاتییەی بە دنیای ڕاستەقینەی خۆتانی دەزانن، تامی ئارامی ناچێژن."

ژن و پیاوە سەرسووڕماوەکە بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە فریای دەربڕینی هیچ جۆرە نارەزاییەک نەکەوتن. تارماییەکە لەپڕ لەسەر پەردەی تەلەڤزیۆن نەما و ڕۆیشت.

(کا) پرسی: "ئێ، ئەدی دوایی چی ڕووی دا؟"

نەجیب گوتی: "هێشتا بڕیارم لەسەر کۆتاییی چیرۆکەکەم نەداوە. ئەگەر ئەم بەسەرهاتە بنووسمەوە، بە ڕای تۆ فرۆشی دەبێت؟" سەرنجی دا (کا) بێدەنگە، دەستبەجێ چەند وشەیەکی تری بۆ قسەکانی خۆی زیاد کرد: "بەڵام من تەنیا شتێک دەنووسم خۆم باوەڕم بە ڕستە بەڕستەی هەبێت. ئەم چیرۆکەی من دەمخوێندەوە، بە ڕای تۆ چ دەگەیەنێت، تۆ هەستت بە چی کرد؟"

"بە مچوڕک پێداهاتنەوە حاڵی بووم تۆ لە قوڵاییی دڵتەوە باوەڕت وایە ئەم ژیانە تەنیا تەدارەک سازدانە بۆ ژیانی دنیای ئەودیو."

نەجیب بەخرۆشەوە گوتی: "بەڵێ، باوەڕم وایە، بەڵام ئەمە بەس نییە. خوا دەیەوێت ئێمە لەم دنیایەشدا بەختەوەر بین، بەڵام ئای چ کارێکی دژوارە!"

هەردووکیان بەدەم بیرکردنەوە لەو دژوارییە، بێدەنگ بوون.

لەو کاتەدا کارەباش هاتەوە، بەڵام ئەوانەی ناو چایخانەکە هەروەک ئەوەی تاریکی درێژەی هەبێت، دەنگیان لێوە نەهات. خاوەنی چایخانەکە دەستی کرد بە کێشان بەسەر تەلەڤزیۆنەکەیدا بەمەبەستی ئەوەی بیخاتە کار.

نەجیب گوتی: "ماوەی بیست خولەکە دانیشتووین، ئێستا برادەران لە پەرۆشیدا شەقیان بردووە."

(کـا) گـوتـی: "برادەران کـێن؟ فـازیلیـیـشـیـان لەگـەڵدایە؟ ئـەمـانـە نـاوی ڕاستەقینەی خۆتانە؟"

نەجـیـب بەشـێـوەیەکی پڕ لە ڕاز وەڵامی دایـەوە و گـوتـی: "بێگومـان وەک نەجیبی ناو بەسـەرهاتەکە، ناوی منیش ناسناوە. وەک پۆلیس پرسیـار مەکە! فـازیلیش هەرگیز بۆ ئەم جۆرە شـوێنانە نایەت، فـازیل موسـڵـمانـترین کـەسـی ناو ئێمەیە و تاکە کەسیـشە لە ژیـانمدا من هێندە متـمـانەم پێی هەبێت. بەڵام ترسـی ئەوەی هەیە ئـەگـەر خـوو بداتە سیـاسـەت، ناوی بخـرێتـە لیـسـتـەوە و لە قـوتابخـانە تووڕە بدرێت. مـامێکی هەیە لە ئەڵمـانیا ئامـادەیە بیگرێتـە خـۆی. ئێـمـەش وەک ئەوانەی ناو بەسـەرهـاتەکە یەکدیمان زۆر خـۆش دەوێت و ئەگـەر کەسێک بمکوژێت، دڵنیـام ئەو تۆڵەم بۆ دەکاتەوە. ڕاستییەکەی، ئێمە زۆر لەوە لە یەکـدی نێـزیکـتـرین وەک لە بەسـەرهـاتەکـەدا گـێـڕاوەمـەتەوە. پێـوەندیمان بەجـۆرێکە، چەندیش لە یەکـدی دوور بین، هـەریەکـەمـان دەتـوانین بڵـێین ئەوی ترمان چی دەکات.!"

"فازیل ئێستا چی دەکات؟"

نەجیب بەدەم لێدانی پۆزێکی سـەیرەوە گوتـی: "هـم، لە هـۆڵـی نووسـتن کتـێب دەخوێنێتەوە."

"هیجران کێیە؟"

"ئەویش وەک ئێـمـە نـاوی ڕاسـتـەقـینەی شـتـێکی ترە. بـەڵام هیـجـران ناوێک نییـە ئەو لە خۆی نابێت، بگرە ئێـمە ئەم ناوەمـان بۆی داناوە. کـەسـانێک هەن بەردەوام نامــەی خـۆشـەویـسـتـی و شـیـعـری بۆ دەنووسن، بەڵام لـە ترسـانـدا ناوێرن بـۆی بینێـرن. ئەگـەر کـچـێکم هـەبوایە، خـۆزگـەم دەخـواست وەک ئەو جوان و ئاقڵ و بوێر بوایە. ئەو ڕابەری کچانی سـەرداپۆشراوە، لە هیـچ شتێک سڵ ناکاتەوە، کەسـایەتییـەکی بەهێـزی هەیە. ڕاسـتیـەکەی، دەسـپێک لە ژێر کـاریگـەرییی باوکـە ئەتایستـەکـەیدا ئەویش بێ باوەڕ بووە، لە ئەسـتـەنبـوڵ وەک مـانکەن کـاری کـردووە، لە تەلەڤزیۆن دەرچووە و پاشـەڵ و ڕانی خـۆی پێشـان داوە. بۆ ڕێکلامـێکی شـامـپـۆ بۆ تەلەڤـزیۆن دێتـە ئێـرە. بە شـەقـامـی غـازی

ئەحمەد موختاردا کە هەژارترین و پیس و پۆخڵترین، بەڵام جوانترین شەقامی قارسە، دەڕوات و لەپڕ لە بەردەم کامێرادا ڕادەوەستێت، بە جووڵەیەک سەری هەتا قەبرغەی درێژ دەکات و بەدەم لەرینەوەی قژە زەردباوە جوانەکەیەوە وەک ئالا، دەڵێت: (سەرەڕای پیس و پۆخڵیی شاری قارسی جوان، لە سایەی شامپۆی بلینداکسدا قژم بریسکەی دێت.) ڕێکلامەکە لە سەرانسەری جیهان پێشان دەدرێت، هەموو جیهانیش بە ئێمە پێ دەکەنێت. دوو کچی پەیمانگەی پەروەردە لەوانەی ئەو دەمە تازە دەستیان بە خەباتی لەچکداری کردبوو، لە ڕێی تەلەڤزیۆن و وێنەکانییەوە لە ڕۆژنامەکانی تایبەت بە قسە و قسەلۆکدا کە باسی درزێوکاریی ئەویان لەگەڵ لاوانی دەوڵەمەندی ئەستەنبوڵدا بڵاو کردبووەوە، هیجرانیان ناسیبووەوە، بەدزییەوە سەرسامیی خۆیان بۆی دەربڕیبوو، و بانگهێشتیان کردبوو بۆ چای خواردنەوە. هیجرانیش بۆ پێ ڕابواردنیان، ڕازی دەبێت و دەچێت. لەوێ دەستبەجێ لە کچەکان بێزار دەبێت و وایان پێ دەڵێت: (مادام ئاینەکەتان -بەڵێ، ناڵێت ئاینەکەمان، دەڵێت ئاینەکەی ئێوە- دەرخستنی قژتان و دەوڵەتیش داپۆشینی قەدەخە دەکات، ئەگەر وایە ئێوەش وەک فلان کەس -لێرەدا ناوی ئەستێرەیەکی بیانی ڕۆک دەهێنێت- قژتان لە کۆکەوە ببڕن و هەریەکەتان ئەڵقەیەکی ئاسن بکەنە لووتتان! ئەو کاتە هەموو جیهان بایەختان پێ دەدات! کچەکانمان لە گێلی و بەلەنگازیی خۆیاندا بەدەم قسە بێ تامەکانی هیجرانەوە پێ دەکەنن! هیجران لەمەوە بوێرتر دێتە گۆ و دەڵێت: "ئەم پارچە پەڕۆیە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە، لەسەری خۆتانی بکەنەوە." بەدەم قسەوە دەست بۆ سەرپۆشی پەشۆکاوترین کچیان دەبات و دەیەوێت لە سەری بکاتەوە، بەڵام ئەو دەستە لەو ساتەدا لە جووڵە دەکەوێت. دەستبەجێ خۆی دەخاتە زەوی و داوای لێبووردن لە کچەکە دەکات. برای ئەو کچە بێ ئەقڵترین کەسی ناو بێ ئەقڵانە و لە پۆلی ئێمەیە. ڕۆژی دواتر دەگەڕێتەوە بۆ لای کچەکان، چەند جارێک سەریان لێ دەداتەوە، ئیدی تێکەڵ بەوان دەبێت و ناگەڕێتەوە بۆ ئەستەنبوڵ. باوەڕم پێ بکە، وەک فریشتە سەرپۆشی کرد بە

ئالای سیاسیی ژنانی موسڵمانی چەوساوەی ئەنادۆڵ!"

(کا) پرسی: "ئەی کەوایە، بۆچی لە بەسەرهاتەکەتدا، جگە لەوەی کچێکی پەردەدارە، باسی هیچ شتێکی تریت نەکردووە؟ نەجیب و فازیل بەر لەوەی لە پێناوی ئەودا خۆیان بکوژن، بۆچی بەخەیاڵیاندا نەهات بزانن بۆچوونی هیجران چییە؟"

بێدەنگییەکی ئاڵۆز دایانی گرت. لەو دەمەدا نەجیب چاوە جوانەکانی کە دوای دوو کاتژمێر و سێ خوولەکی تر کەسێک بە فیشەک یەکێکیان پارچە پارچە دەکات، بۆ سەرەوە، بۆ ئاستی شەقام هەڵبڕی و بە ڕامانەوە نیگای بڕییە بەفری دەرەوە. بەفرەکە وەک شیعر نەرم و نیان دەهاتە خوارێ و لە تاریکیدا دەباری. پاشان بەچرپە گوتی: "ئا ئەوەتا. ئا ئەوەتا!"

"کێ؟"

"هیجران! ئەوەتا لەسەر شەقامە!"

## ١٣

# لەگەڵ خوانەناسێکدا ئاینەکەم تاوتوێ ناکەم

## پیاسـەیەک لـەگەڵ قـەدیفـە بەژێر بـەفـردا

شەقامەوە هاتە ژوورەوە. چاکەتێکی بارانیی مۆری لەبەردا بوو، چاویلکەیەکی ڕەشی لە چاو کردبوو شێوەی گۆڕیبووە سەر قارەمانی ناو فیلمە خەیاڵییەکان، سەرپۆشێکیشی لەسەر کردبوو هیچ هێمایەکی ئیسلامی سیاسیی پێوە دیار نەبوو، بگرە سەرپۆشێکی ئاسایی ئەوتۆ بوو لەوانەی (کا) هەر لە سەردەمی منداڵیی خۆیەوە بە سەری هەزاران ژنەوە دیبووی. هەستی کرد کچە لاوەکە بەرەو لای ئەم دێت، ئەمیش وەک چۆن قوتابی کاتی هاتنە ژورەوەی مامۆستا بۆ ناو پۆل هەڵدەسێتە سەرپێ، بەرزەپێ لە شوێنی خۆی ڕاپەڕی.

کچەکە بە نەرمە خەندەیەکەوە گوتی: "من قەدیفەی خوشکی ئیپەکم، هەمووان لەسەر خوانی ئێوارە چاوەڕێی ئێوە دەکەن. باوکم ویستی لەگەڵ خۆمدا بتانبەمەوە."

(کا) گوتی: "لە کوێوە زانیتان من لێرەم؟"

قەدیفە بێ ئەوەی پێ بکەنێت، گوتی: "لە قارسدا، هەموان بەردەوام ئاگاداری هەموو شتەکانن. بەس نییە ئەمەشمان هەیە لەم شارەدا."

هێمای خەمێک بەسەر ڕوویەوە دەرکەوتبوو، ئەم بەهیچ شێوەیەک سەری لێ دەرنەکرد. (کا) بەدەم ناساندنی (نەجیب)ەوە گوتی: "هاوڕێی شاعیر و ڕۆماننووسم!" سەیرێکی یەکدییان کرد، بەڵام دەستیان نەخستە دەستی یەکترەوە. (کا) هۆیەکەی گەڕاندەوە بۆ شڵەژانی هەردووکیان، بەڵام کاتێک

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ گەڕایەوە سەر ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە، بۆی ڕوون بووەوە دوو ئیسلامییەکە لە ڕووی "تەسەتوری ئیسلامی"یەوە تەوقەیان لەگەڵ یەکتردا نەکردووە. نەجیب بە ڕوویەکی سپیی داگەڕاوی ئەوتۆوە لێی دەڕوانی وەک ئەوەی هیجران لە ئاسمانی دەرەوەوە هاتبێت، بەڵام قەدیفە ئەوەندە ئاسایی دەینواند، تەنانەت هیچ پیاوێکی ئاپۆڕەی ناو چایخانەکە ئاوڕی نەدایەوە و سەیری نەکرد، بە ئەندازەی دادەشی جوان نەبوو.

بەڵام (کا) هەستی بە شادی کرد کاتێک لە ژێر بەفردا هاوشانی قەدیفە بە شەقامی ئەتاتورکدا پیاسەی دەکرد. لەبەر ئەوەی بە هاسانی لەتەکیدا دەدوا و دەیتوانی وەک خوشکە گەورەکەی چاو ببڕێتە قوڵاییی چاوە کاڵەکانی و دەموچاوی سادە و جوانی کە سەرپۆشەکەی شێوەیەکی چوارچێوەییی دابوویێ، سەرنجڕاکێش هاتە پێش چاوی. بیری بۆ ئەوە چوو هەر لە ئێستاوە ناپاکیی لە دادەی کردووە.

سەرەتا دەربارەی بارودۆخی کەش و هەوا قسەیان کرد، بەڵام (کا) هیچ چاوەڕێی ئەمەی نەدەکرد. قەدیفە تەنانەت ئاگاداری ئەو وردەکارییانەش بوو کە مەگەر تەنیا ئەو پیر و پەککەوتانەی ڕۆژی خۆیان بە گوێگرتن لە هەواڵی ڕادیۆکانەوە بەسەر دەبەن، بیزانن. بەردەوامبوونی شەپۆلی هەوای نزم و شەپۆلی سەرمای لە سیبریاوە هاتوو بۆ ماوەی دوو ڕۆژی تر، نەکردنەوەی ڕێگە و بانەکان تا دوو ڕۆژی تر ئەگەر بارینی بەفر بەردەوام بێت، بەرزبوونەوەی ڕادەی بەفر بارین لە ساریقامیش بۆ ١٦٠ سەنتیمەتر، بێ بڕواییی قارسییەکان بە دەزگای مەترۆلۆجی، بەردەوام پێشاندانی پلەی گەرما بە ٥-٦ پلە بەرزتر لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ ئەوەی ورەی دانیشتووان نەڕووخێت، بەربڵاوترین قسە و باسی ناو خەڵکی بوون کە قەدیفە گێڕایەوە. ڕاستییەکەی، کەس نەبوو بابەتێکی لەو جۆرە بۆ (کا) باس بکات. لە سەردەمی منداڵییاندا لە ئەستەنبوڵ، بەردەوام لەگەڵ ئیپەکی خوشکیدا دەیانویست بەفری زیاتر ببارێت: بەفر لە ناخی ئەودا هەستی جوانی و کورتیی ژیانی دەورووژاند، سەرنجی بۆ ئەوە ڕادەکێشا مرۆگەل سەرەڕای

دوژمنایەتیی نێوانیان، لە یەک دەچن، جیهان و زەمان زۆر بەرفراوانن و جیهانی مرۆڤیش زۆر تەنگە. بۆیە مرۆگەل لە کاتی بارینی بەفردا دەگەڕێنەوە لای یەکدی. بەفر وەک ئەوە وایە بەسەر دوژمنایەتی، تووڕەیی، ڕق و کینەدا ببارێت و مرۆڤەکان لە یەکدی نێزیک بخاتەوە.

کەمێک بێدەنگ بوون. بە شەقامی شەهید جەنگیز تۆپاڵدا تێ پەڕین، هەموو دووکانەکانی داخرابوون و تووشیان نەبوو بە تووشی کەسەوە. (کا) هەستی کرد هێندەی بە پیاسەی ژێر بەفر لەگەڵ قەدیفەدا خۆشحاڵە، ئەوەندەش شڵەژاوە. نیگای بڕییە ڕووناکیی جامخانەیەکی ئەوسەری شەقامەکە: ترسی ئەوەی هەبوو ئەگەر جارێکی تر چاو ببڕێتە ناو چاوی قەدیفە، بکەوێتە داوی ئەڤینی. لە خۆی دەپرسی تۆ بڵێیت گرفتاری ئەڤینی دادەی بووبێت؟ ئارەزوویەکی ژیرانە بۆ ئەڤینداربوونێکی دێوانەیی لە ناخیدا هەبوو، خۆیشی بەمەی دەزانی. گەیشتنە کۆتاییی شەقام و لەوێ پەڕەی دەفتەرێکیان بە جامخانەی بیرەخانەی بچووک و تەنگەبەری نەشئەوە بینی لەسەری نووسرابوو (کۆبوونەوەی بەڕێز زیهنی سەڤویکی پاڵێوراوی پارتی نیشتمانی ئازاد بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی شارەوانی، بەهۆی شانۆنامەی شانۆی ئەم ئێوارەیەوە دواخراوە.) لە بیرەخانەکەی ئەودیو ڕووناکیەکەشدا سونای زایم و سەرجەم ئەندامانی تیپی شانۆیان بینی بیست خوولەک بەر لە دەست پێکردنی شانۆنامەکەیان بە شەوق و چێژێکی ئەوتۆوە دەیانخواردەوە وەک ئەوەی دوایین خواردنەوەی ژیانیان بێت.

(کا) سەیری پۆستەرێکی لەسەر کاغەزی زەرد چاپکراوی کرد لە سەری نووسرابوو "مرۆڤ شاکاری خوایە و خۆکوشتن کفرە". ئەم پۆستەرەش لە نێوان پۆستەرەکانی هەڵبژاردندا بە جامخانەی بیرەخانەکەوە هەڵواسرابوو. بەدەم سەیرکردنەوە لە قەدیفەی پرسی داخۆ ڕای چییە لەسەر خۆکوشتنی تەسلیمە.

قەدیفە بە سووکە تووڕەبوونێکەوە گوتی: "ئیدی لە ڕۆژنامەکانی ئەستەنبوڵ و ئەڵمانیاشدا وەک بەسەرهاتێکی سەرنجڕاکێش لەسەر تەسلیمە دەنووسیت."

(کا) گوتی: "من تازە بەتازە وا خەریکم ئاشنای قارس دەبم، هەرچەند زیاتریش بیناسم، هەستی ئەوەم لەکن دروست دەبێت نەتوانم بەسەرهاتەکانی ئێرە بۆ هیچ کەسێکی تر لە دەرەوە بگێڕمەوە. گریانم دێت بۆ تێکشکانی مرۆڤەکان بەرامبەر بە ژیان و بێهودەیی ئەو ئازارانەی دەیچێژن."

قەدیفە گوتی: "تەنیا ئەتایستانی ئازار نەچێژ پێیان وایە ئازارچەشتن کارێکی بێهودەیە، چونکە ئەتایستگەلێک ئەگەر تەنانەت تۆزقاڵێکیش ئازاریان چەشتبێت، ماوەیەکی درێژ خۆیان لە بەرامبەر بێ باوەڕیدا پێ ڕاناگیرێت و لە ئاکامدا باوەڕ دەهێنن."

(کا) بە کەللەڕەقییەکی سەرچاوەگرتوو لە خواردنەوەی مەیەوە گوتی: "بەڵام تەسلیمە لە دوایین پنتی ئازاردا خۆی کوشت و بە بێ باوەڕی سەری نایەوە."

"بەڵێ، تەسلیمە ئەگەر بە خۆکوشتن کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنابێت، واتای ئەوەیە گوناهی کردووە، چونکە خۆکوشتن لە ئایەتی بیست و نۆیەمی سورەتی -النساء-دا بە ئاشکرا حەرام کراوە. بەڵام خۆکوشتن و خۆ گوناهبارکردنی ئەم هاوڕێیەمان، بە واتای کەمکردنەوەی خۆشەویستیی ناو دڵمان نایەت بەرامبەری. خۆشەویستیمان بۆ ئەو، خەریکە لە بەتینیدا دەگاتە ئاستی ئەڤین."

(کا) لە هەوڵێکدا بەمەبەستی ئەوەی کچەکە بخاتە ژێر باندۆری خۆیەوە، گوتی: "گەرەکتە بڵێیت، بەدبەختێک سەرباری ئەوەی کارێکی لەلایەن ئاینەوە نەفرەت لێ کراویشی ئەنجام دابێت، ئێمە دەتوانین بە دڵ خۆشمان بوێت. دەتەوێت وەک ئەو ڕۆژئاواییانەی پێویستیان بە خوا نەماوە، بڵێیت ئێمە بە دڵ نا، بگرە بە لۆجیک باوەڕ دەهێنین؟"

قەدیفە بە بڕوا بەخۆبوونەوە گوتی: "قورئانی پیرۆز فەرموودەی خوایە، ئێمەی بەندە بۆمان نییە فەرمووده ڕوون و یەکلاییکەرەوەکانی تاوتوێ بکەین. هەڵبەتە ئەمە بە واتای ئەوە نییە نەتوانین گفتوگۆ دەربارەی هیچ لایەنێکی ئاینەکەمان بکەین، بەڵام من ئامادە نیم ئاینەکەم لەگەڵ ئەتایستێکدا، تەنانەت لەگەڵ لایستێکیشدا تاوتوێ بکەم. تکایە لەم ڕووەوە لێم ببوورە."

"ڕاست دەکەن."

قەدیفە لەسەری ڕۆیشت و گوتی: "من لەو ئیسلامییە چەوتانەش نیم کە هەوڵ دەدەن لە لایستەکانی بگەیەنن ئیسلام ئاینێکی لایستە."

(کا) گوتی: "ڕاست دەکەن."

قەدیفە بەدەم زەردەخەنەوە گوتی: "بۆ هەردووکیان هەر دەڵێن –ڕاست دەکەن، بەڵام پێم وانییە بەڕاستی باوەڕتان بەم قسانە هەبێت."

(کا) بێ ئەوەی پێ بکەنێت، گوتی: "دیسان ڕاست دەکەن."

ماوەیەک بە بێدەنگی ڕێیان کرد. لە خۆی پرسی تۆ بڵێیت لەبری دادەی، دڵی لەم بچێت؟ زۆر باش دەیزانی ئارەزووی سێکسی ناچێتە سەر ژنی لەچکدار، بەڵام سەرباری ئەوەش بۆ تاوێک نەیتوانی پابەندی ئەو بۆچوونەی خۆی بێت.

لەگەڵ گەیشتنیاندا بە شەقامی قەرەداغ، سەرەتا قسەی بردەوە سەر شیعر و نەزانانە گوتی نەجیبیش شاعیرە. لە قەدیفەی پرسی داخۆ ئاگای لەو هەموو هەوادارەی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان هەیە کە بەناوی هیجرانەوە دەیپەرستن.

"بە چ ناوێکەوە؟"

(کا) بە کورتی باسی هەندێک لەو بەسەرهاتانەی تریشی کرد کە دەربارەی هیجران بڵاو بوونەتەوە.

قەدیفە گوتی: "ئەمانە هیچیان ڕاست نین، شتی واشم لە قوتابیانی پێشنوێژ و وتارخوێنان نەبیستوە." دوای چەند شەقاوێک بە زەردەخەنەوە گوتی: "بەڵام پێشتر بەسەرهاتی شامپۆکەم بیستوە." دوایی بۆ پێشاندانی سەرچاوەی ئەو شتەی دراوەتە پاڵی، بیری کەوتەوە یەکەمجار ڕۆژنامەنووسێکی دەوڵەمەند و نەفرات لێکراوی ئەستەنبوڵی پێشنیازی کردووە کچانی سەرداپۆشراو پرچی خۆیان لە کۆکەوە بتاشن تا لەو ڕێیەوە سەرنجی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوایی بۆ سەر خۆیان ڕابکێشن. "تەنیا

شتێک لەم بەسەرهاتەدا ڕاستە: بەڵێ، یەکەمجار بەنیازی پێ ڕابواردن چووم بۆ لای ئەو کچانەی برادەرم کە ناوی کچانی سەرداپۆشراویان لێ نراوە! هەندێکیش خۆ تێ هەڵقورتێنەر بووم. ئێ باشە: بە هەستێکی تێکەڵ لە پێ ڕابواردن و خۆ تێ هەڵقورتاندنەوە چووم بۆ لایان."

"دوایی چ قەوما؟"

"هۆی هاتنم بۆ ئێرە ئەبوو کۆی ژمارەکانم بۆ پەیمانگەی پەروەردە دەستی دەدا و ئێ ئیپەکی خوشکیشم ماوەیەک بوو لە قارس گیرسابووەوە. ئەو کچانە هەر چییەک بووبن، هاوڕێ و هاوپۆلی خۆم بوون و ئەگەر بۆ ماڵ بانگهێشتت بکەن، تۆ هەر دەچیت ئەگەر تەنانەت باوەڕمەندیش نەبیت. بگرە بەپێی بۆچوونی ئەوساشم هەستم کرد مافی خۆیانە سەرپۆش لە سەر بکەن، چونکە دایک و باوکیان بەو جۆرە پەروەردەیان کردبوون. تەنانەت دەوڵەت خۆیشی بە تەرخانکردنی وانەی ئاین پشتیوانیی لێیان دەکرد. ئەو کچانە ساڵانێکی درێژ پێیان گوترابوو (سەرتان داپۆشن)، کەچی دواتر پێیان دەگوترا (سەرتان ڕووت بکەن، چونکە دەوڵەت وای دەوێت.) منیش هەروا لە ڕووی پشتیوانیی سیاسییەوە بۆ ئەوان، ماوەی ڕۆژێک سەرپۆشم لە سەر کرد. لە سەرێکەوە لەوەی کردبووم، دەترسام و، لە سەرێکی ترەوە پێکەنینم پێدا دەهات. لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێت بیرم دەکەوتەوە من کچی باوکێکی ئەتایستی بەردەوام نەیار بە دەوڵەت بووم. ئەو دەمەی دەچووم بۆ ئەوێ، زۆر لەوە دڵنیا بووم ئەوەی دەیکەم تەنیا بۆ ماوەی ڕۆژێکە: وام دەزانی بیرەوەرییەکی سیاسیی تاڵ، یان -تاقیکردنەوەیەکی ئازادی-یە و مرۆڤ دوای چەندین ساڵ وەک گاڵتەیەک بیری دەکەوێتەوە. بەڵام دەوڵەت و پۆلیس و ڕۆژنامەکانی ئێرە بەشێوەیەکی ئەوتۆ دابەزینە سەرم، بەجۆرێک بوارم بۆ نەمایەوە لایەنی شۆخی و -سادەیی-ی ئەم ڕفتارەم بخەمە ڕوو، و خۆم لەم کارەم ڕزگار بکەم. ئێمەیان بە تۆمەتی سازدانی ڕێپێوانی بێ مۆڵەت لە گۆشەی گرتووخانە قایم کرد. ڕۆژی دواتر، پاش ئازادکردنمان، ئەگەر بمگوتبا -پاشگەز بوومەتەوە، خۆ من هەر لە سەرەتاشەوە باوەڕم بەم ڕەفتارە نەبوو،- ئەوا سەرجەم خەڵکی

قــارس منیــان تف باران دەکــرد. ئێــســتــا دەزانم خــوا بۆیە ئەو هەمــوو پاڵەپەســـــتــــۆیەی بۆ مـن نـارد، بـۆ ئەوەی ڕێـی ڕاست بدۆزمـــــەوە. منیش سەردەمانێک وەک تۆ ئەتایست بووم، ئاوا تێم مەڕوانە، هەست دەکەم بەزەییت پێمدا دێتەوە."

"من وا بۆ تۆ ناڕوانم."

"بەڵێ، وا تێم دەڕوانیت. باشیش بزانە خۆم لە تۆ بە گاڵتەجاڕتر نازانم و لە تۆیش زیاتر نیم."

"ڕای باوکت لەسەر گشت ئەو شتانە چییە؟"

"هەر چۆنێک بێت شـــانمان داوەتە بەری و دەیگوزەرێنین، بەڵام ڕەوش بە ئاڕاستەیەکدا دەبرێت بە کەڵکی گوزەراندن نەیەت و زۆریش دەترسین، چونکە ئێمــە یەکدیمان فـرە خـۆش دەوێت. باوکم لە سـەرەتاوە شـانازیی بـە منەوە دەکـرد، ئەو ڕۆژەی سـەرم داپۆشی و چووم بۆ پەیمانگە، باوکم وا ڕەفتــاری نواند ئەوەی من دەیکەم شێوازێکی زۆر تایبەتی سەرهەڵدان بێت. لەگەڵ مندا، لە ئاوێنەی چوارچێوە بە مس خـەمڵـێندراوی مـیـراتی دایکمـاندا، سـەیری وەستانی سەرپۆشەکەی بەسەر سـەرمـەوە کرد و مـاچمی کرد. ئەگەرچی زۆر کەمـیش لە نێـوان خـۆمـاندا لەو بارەیەوە دوابین، شـتێکی ڕوون و ئاشکرا لە گۆڕێدا بـوو: ئەوەی من دەمکرد، لەبەر ئەوە نا ڕەفتـارێکی ئیسـلامی بوو، بگرە لەبـەر ئەوەی دژ بە دەوڵـەت بوو، مـــایەی ڕێز لێنان بـوو. باوکــیــشم خــۆی وا پێشـان دەدا وەک ئەوەی بڵێت -کچی مـن ئەمـەی لێ دەوەشـێـتـەوە-، بەڵام لە ناخەوە ئـەویش وەک من دەترسا. دەزانم، دوای دەستگیرکردنمان ترسابوو، و پەشـیـمـانی نـواندبوو. بە قسـەی ئەو بێت، پۆلیـسی سیـاسی وازیان لە من هێناوە، بەڵام هێشتا بەدوای ئەوەوەن. کارمەندانی دەزگای هەواڵگریی میللی -میت- جـاران لێرە بێ هەدادان ڕاپۆرتیـان لە چەپ و دیموکـراتەکـان دەدا، بەڵام ئیدی چاودێریی ئیسـلامییەکانیـان دەکرد؛ کـاریان شتێک بوو لە بابەتی ئەوەی لە کچی تێکۆشـەرێکی دێرینەوە دەست پێ بکەن. هەمـوو ئەمانە هەنگاو هـاویشـتنی منی بۆ دواوە دژوارتـر کـرد و بـاوکـیـشم ناچار بوو پشـتـیـوانی لە

گشت هەنگاوەکانم بکات، بەڵام ئەمە تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو. هەروەک چۆن کەسانی بەساڵاچووی وا هەن دەنگ و خشەی ناو ماڵان، ترپەترپی سۆپا، بۆڵەبۆڵی نەبڕاوەی ژنەکانیان سەبارەت بە بابەتی جۆراوجۆر و جیڕەی قوڵفی دەرگای ماڵەوە ببیستن یان نەبیستن، بە لایەنەوە وەک یەک وایە و بەزانینەوە بەهەند وەری ناگرن: باوکیشم بەرامبەر بە تێکۆشانی من لەتەک کچانی سەرداپۆشراودا بەهەمان شێوە ڕەفتاری دەکرد. هەر جارێکیش یەکێک لەو کچانە لەگەڵمدا دەهاتەوە بۆ ماڵ، باوکم جۆری دەڵەبەراز خوانەناسیی دەنواند و بەو جۆرە تۆڵەی دەکردەوە، بەڵام دواجار کارەکە لەگەڵ ئەو کچانەدا وەرگەڕایە سەر جۆرێک لە دژایەتیکردنی دەوڵەت. کۆبوونەوەکانیشم لە ماڵەوە ساز دەکرد، چونکە بێدەنگ نەبوونی کچەکان و خۆڕاگرتنیان لە بەرامبەر بۆچوونەکانی باوکمدا، بۆ من واتای پێگەیشتن و کامڵبوونی ئەوانی دەگەیاند. خەندە یەکێکە لەو کچانە و ئەم ئێوارەیە دێت بۆ ماڵی ئێمە. لە دوای خۆکوشتنی تەسلیمە، خەندە بەهۆی پاڵەپەستۆی خێزانەکەیەوە بڕیاری دا سەرپۆش فڕێ بدات، بەڵام بڕیارەکەی بۆ جێبەجێ ناکرێت. باوکم دەڵێت ئەم ڕووداوانە جاروبار سەردەمی کۆمۆنیستیی خۆم بیر دەخەنەوە. دوو جۆر کۆمۆنیست هەن: ئەو لە خۆباییانەی بۆ پێگەیاندنی میللەت و پێشخستنی وڵات دەستیان داوەتە ئەو کارە؛ ئەو سادە و ساویلکانەی بە هەوای دادپەروەری و یەکسانییەوە ملی ئەو ڕێیەیان گرتووە. لە خۆباییەکان شەیدای دەسەڵاتن، ڕێ پێشانی هەموو کەسێک دەدەن، بەڵام تەنیا خراپەیان لێ دەوەشێتەوە. سادە و ساویلکەکانیش زیانیان تەنیا بۆ خۆیانە: ئەمەش تەواو ئەو شتەیە کە خۆیان گەرەکیانە. کاتێک لە ڕووی هەستکردن بە تاوانەوە خۆیان دەکەن بە هاوبەشی خەمی هەژاران، خۆیان ئازاری زیاتر دەچێژن. باوکم مامۆستا بوو، لە کار دووریان خستەوە، خستیانە ژێر ئەشکەنجەوە، نینۆکیان دەرهێنا و لە زیندان قایمیان کرد. ساڵانێکی درێژ لەگەڵ دایکمدا دووکانێکی پەڕاو و کەرەسەی نووسینیان بەڕێوە برد و فۆتۆکۆپییان کرد. تەنانەت لەو سەردەمانەدا دەرگا بەدەرگای ماڵانیان دەکوتا، ئینسکۆپیدیایان بە قیستی

مانگانە دەفرۆشت و لە فەرەنسیشەوە ڕۆمانیان وەردەگێڕا. ئەو کاتانە ناشاد و زۆر هەژار بووین، باوکم جاروبار لەپڕ باوەشی بە ئێمەدا دەکرد و دەگریا. زۆر دەترسا لەوەی شتێکی خراپمان بەسەر بێت. دوای تەقەکردن لە بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردەش پۆلیس هات بۆ هۆتێلەکەمان و باوکم دیسانەوە ترسی لێ نیشت. ئەمە بەوانیش گوترا. بەر گوێم کەوت شینەتان بینیوە. ئەمە بە باوکم نەڵێن."

(کا) گوتی: "نایڵێم." پاشان ڕاوەستا و بەفری سەر لەشی پاک کردەوە. "ئەرێ ئەوە ڕێی چوونەوە بۆ هۆتێل نییە؟"

"لێرەشەوە دەچێتەوە سەر ڕێگەی هۆتێل. نە بەفر ڕادەوەستێت و نە قسەش تەواو دەبێت. دەمەوێت شوێنی کوشتارگای ئاژەڵتان پێشان بدەم. شینە چی لێت دەویست؟"

"هیچ."

"هیچ باسی ئێمە، باوکم، یان دادەمی کرد؟"

(کا) گوزارەیەکی پڕ لە واتای لە ڕووخساری قەدیفەدا بینی و گوتی: نایەتەوە بیرم."

"هەموو کەسێک لێی دەترسێت. ئێمەش بەهەمان شێوە لێی دەترسین. ئەم دووکانانە هەمووی پاوانی قەسابە بەناوبانگەکانی ئێرەیە."

(کا) پرسی: "باوکتان چۆن ڕۆژ بەسەر دەبات؟ لە هۆتێل دەچێتە دەرێ؟"

"ئەو هۆتێل بەڕێوە دەبات. هەمووان، سەرکار، خاوێنکەرەوە، ژنی جلشۆر و شاگردەکان دەستوور لەو وەردەگرن. من و دادەشم چاومان بە کارەکانەوەیە. باوکم بەدەگمەن دەچێتە دەرێ. ئێوە لە چ بورجێکن؟"

(کا) گوتی: "بورجی دووانە، دەڵێن بورجی دووانە درۆی زۆر دەکەن، بەڵام من نازانم."

"نازانن بورجی دووانە زۆر درۆ دەکەن، یان نازانن خۆتان هیچ درۆتان کردبێت؟"

"ئەگەر باوەڕتان بە ئەستێرەکان هەبێت، ئەوا پێویستە بە شتێکدا بزانن ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆر تایبەتە بۆ من."

"بەڵێ، دادەم گوتی. ئەمڕۆ شیعرتان نووسیوە."

"دادەتان هەموو شتێکتان بۆ دەگێڕێتەوە؟"

"ئێمە لێرە دوو خۆشیمان هەیە. گوتنی هەموو شتێک و سەیرکردنی تەلەڤزیۆن. بەدەم سەیرکردنی تەلەڤزیۆنەوە قسە دەکەین، بەدەم قسەکردنیشەوە سەیری تەلەڤزیۆن دەکەین. دادەم زۆر جوانە، وا نییە؟"

(کا) بەڕێزەوە گوتی: "بەڵێ، زۆر جوانە." پاشان بە ئەدەبەوە درێژەی دایێ و گوتی: "بەڵام ئێوەش جوانن. ئەمەشی بۆ دەگێڕنەوە؟"

قەدیفە گوتی: "نایگێڕمەوە، با وەک ڕازێک لە نێوانماندا بمێنێتەوە. هاوڕازی باشترین سەرەتایە بۆ هاوڕێیەتییەکی باش."

بەفری کەڵەکەبووی سەر چاکەتە بارانییە مۆر و درێژەکەی تەکاند.

١٤

## ئێوە چۆن شیعر دەنووسن؟

### بەدەوری خوانی ئێوارەوە سەبارەت بە ئەڤین، خۆداپۆشین و خۆکوشتن

لە بەردەم هۆڵی شانۆی گەلدا ئاپۆڕەیەکیان بینی چاوەڕێی شانۆنامەکەی پاش کەمێکی تریان دەکرد. سەرباری ئەوەی بەفر بێ هەدادان دەباری، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بێکار، منداڵگەلی لە ماڵان هەڵهاتوو، قوتابیانی کراس و چاکەت لەبەری لە ماڵ و لە بەشە ناوەخۆییەکانەوە هاتوو بەمەبەستی ئاهەنگێڕان و کەش گۆڕین هاتبوون و لەسەر شۆستەی بەردەم باڵەخانەی تەمەن سەد و دە ساڵە گرد بووبوونەوە. خێزانی واشیان تێدا بوو بە ماڵ و منداڵەوە هاتبوون. (کا) بۆ یەکەمجار لە قارسدا چەترێکی ڕەشی کراوەی بینی. قەدیفە دەیزانی لە پرۆگرامەکەدا شیعرێکی (کا)ش هەیە، بەڵام (کا) گوتی، لەبەر ئەوەی کاتی نییە، ئامادە نابێت و بەو جۆرە ئەو بابەتەی داخست.

هەستی کردبوو وا شیعرێکی تر بەڕێوەیە. تینی دایە هەنگاوەکانی و تێ کۆشا بەپێی توانا تا دەگەنەوە هۆتێل، هیچی تر قسە نەکات. پێش خواردنی ئێوارە، بەبیانووی دەستهێنان بە جلوبەرگەکانی و خۆ پۆشتەکردنەوەدا، چووە ژووری خۆی، پاڵتۆکەی داکەند، لە بەردەم مێزە بچووکەکەدا دانیشت و بەپەلە دەستی کرد بە نووسین. شیعرەکەی ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە هاوڕێیەتی و هاوڕازییەوە هەبوو. بەفر، ئەستێرە، مۆتیڤەکانی ڕۆژی بەختەوەری و چەند دەستەواژەیەکی دەمی قەدیفە وەک خۆیان لە شیعرەکەدا جێگیر بوون. (کا) وەک ئەوەی سەیری تابلۆیەک بکات، بەجۆش و خرۆشەوە سەیری بەیتە لە

دوای یەک ڕیزکراوەکانی شیعرەکەی دەکرد. ئەو شتانەی لەگەڵ قەدیفەدا قسەیان لە بارەیانەوە کردبوو، هۆشی ئەم بەپێی لۆجیکێکی نادیار دایانی ڕشتبووەوە. سەردێڕی (هاوڕێیەتیی ئەستێرەکان)ی بۆ ئەم شیعرە نوێیەی دانا. هۆنراوەکە مامەڵەی لەگەڵ چەمکێکدا دەکرد کە هەر مرۆڤێک ئەستێرەیەک و هەر ئەستێرەیەک هاوڕێیەکی هەیە، ئەستێرەی هەر مرۆڤێکیش هاوشێوەیەکی لەوەی خۆی هەیە و ئەم هاوشێوەیەشی وەک هاوڕازێک لە ناو خۆیدا هەڵگرتووە. سەرەڕای ئەوەی لە ناخەوە هەستی بە ڕیتم و بێ هاوتاییی شیعرەکەی کرد، بەڵام دواتر لە هزری خۆیدا هۆی کەمبوونی چەند بەیت و وشەیەکی گەڕاندەوە بۆ دواکەوتن لە نانی ئێوارە و لە ئیپەک و بۆ شادمانیی لە ڕادەبەدەری خۆی.

دوای تەواوکردنی شیعرەکەی، بە هۆڵی پێشوازیدا خۆی گەیاندە خانەی بچووکی شوێنی حەوانەوەی خاوەنی هۆتێل. لەوێ، لە دەوری مێزێکی ناوەڕاستی ژوورێکی فراوانی بنمیچ بەرز، تورگوت بەگ و هەردوو کچەکەی، قەدیفە و ئیپەک، دانیشتبوون. لەو سەری مێزەکەش کچی سێیەم بە سەرپۆشێکی مۆری جوانەوە دانیشتبوو. (کا) یەکسەر حاڵی بوو ئەمە خەندەی دەستەخوشکی قەدیفەیە. لە بەرامبەر ئەویش سەردار بەگی ڕۆژنامەنووسی بینی. جوانیی بێ هاوتا و پەرش و بڵاویی ئەو مێزەی تاقمە بچووکەکە بە دەورییەوە دانیشتبوون و لە پای ئەم پێکەوە دانیشتنەشیان نیشانەی ئەوپەڕی ڕەزامەندییان پێوە دیاربوو، ڕەوتی شادیبەخش و پڕ لە هونەری زاهیدەی ژنە کوردی خزمەتکار کاتێک بەخێرایی دەچووە ئاشپەزخانەی پشتەوە و دەهاتەوە، (کا)یان هێنایە سەر باوەڕێک تورگوت بەگ و کچەکانی، وەک خوو ئێواران تا کاتێکی درەنگ لە دەوری ئەم مێزە کۆ ببنەوە.

تورگوت بەگ هەڵسایە سەرپێ و گوتی: "بەدرێژاییی ڕۆژ بیرم لە ئێوە دەکردەوە، خەمتانم بوو، لە کوێ بوون؟" لەپڕ لە (کا) نێزیک کەوتەوە و بەشێوەیەکی هێندە بەهێز لە ئامێزی گرت، بەجۆرێک وا هاتە پێش چاو وەک

ئەوەی پاش کەمێکی تر بداتە پرمەی گریان. بە خۆپێشاندانێکی تراژیدییانەوە گوتی: "دەشێت هەر ساتێک شتی زۆر خراپ بقەومێت."

تورگوت بەگ لەوبەری مێزەوە جێیەکی بۆ (کاک) دەستنیشان کرد، ئەمیش دانیشت و بەجۆشەوە دەستی کرد بە تێکدانی شۆربای نیسکی بەردەمی. دوای ئەوەی دوو پیاوەکەی تری سەر مێزەکە دەستیان بە ئارەق خواردنەوە کرد، سەرنجی ئامادەبووان چووە سەر پەردەی تەلەڤزیۆنەکەی پشت ئەمەوە. لەو ساتەدا (کا) شتێکی کرد ماوەیەکی درێژ بوو بە تاسەی کردنییەوە بوو، تێر و پڕ لە چاوە جوانەکانی ئیپەکی ڕوانی.

من زۆر باش دەزانم ئەو لەو ساتەدا هەستی بە چی کردووە، چونکە دواتر هەموو وردەکارییەکانی ئەو کامەرانییە بەرفراوان و بێ سنوورەی لە دەفتەرەکەیدا تۆمار کردبوو: باسک و ڕانەکانی وەک منداڵی بەختەوەر لە جووڵەی بەردەوامدا بوون، وەک ئەوەی دەبێت پاش تۆزێکی تر بگەنە ئەو شەمەندەفەرەی لەگەڵ ئیپەکدا بۆ فرانکفورت دەیانبات، نائارام دەلەرزین. خەیاڵی چوو بۆ ئەوەی تیشکێکی هاوشێوەی ئەوەی لە گڵۆپی سەر مێزە پڕ لە کتێب و ڕۆژنامە و تۆماری هۆتێل و پسوولەی شتومەکانی تورگوت بەگەوە بڵاو دەبێتەوە، لە داهاتوویەکی نێزیکدا و لە ماڵێکی بچکۆلانەی شوێنی ژیانی بەختەوەری خۆی و ئیپەک لە فرانکفورت ڕووی ئیپەک ڕووناک دەکاتەوە. دەستبەجێ بینی قەدیفە نیگای لەم بڕیوە. لە ڕووخساریدا کە هێندەی ڕووی دادەی جوان نەبوو، نیشانەی جۆرێک لە ئیرەیی پێبردن دەرکەوت، بەڵام قەدیفە خەندەیەکی پڕ لە ڕازی بۆی کرد و لە چاوتروکاندنێکدا هێمای سەر ڕووخساری خۆی شاردەوە.

ئەوانەی دەوروبەری خوانەکە جاروبار بە تیلەی چاو سەیری تەلەڤزیۆنیان دەکرد، تازە دەست کرابوو بە وەشانی ڕاستەوخۆی ئاهەنگی هۆڵی شانۆی گەل، ئەکتەرێکی شانۆیی بالابەرز و قوچی گۆچان ئاسای سەر بە تیپی شانۆ لەوانەی (کا) لە یەکەم ئێوارەی گەیشتنیدا لە کاتی دابەزین لە پاس دیبووی، بەدەم خۆ لارکردنەوە بە ڕاست و چەپدا، بەرنامەی ئاهەنگی دەخوێندەوە، لەو

کاتەدا تورگوت بەگیش بە کۆنترۆڵەکەی دەستی، کەناڵەکەی گۆڕی. تاوێکی درێژ سەیری دیمەنێکی ڕەش و سپی باراناوییان کرد و مرۆڤ هیچی لێ حاڵی نەدەبوو.

ئیپەک گوتی: "بابە، بۆچی ئێستا سەیری ئەوە دەکەن؟"

باوکی گوتی: "لێرە بەفر دەبارێت... خۆ هەر هیچ نەبێت، دیمەنێکی ڕاستەقینەیە و هەواڵێکی ڕاستە. دەشزانیت سەیرکردنی زۆرم بۆ هەر کەناڵێک هەستی شانازی بە خۆ کردنم بریندار دەکات."

قەدیفە گوتی: "بابە، کەوایە، دە تکایە تەلەڤزیۆنەکە بکوژێنەوە، لێرە شتێکی تر لە ئارادایە هەستی شانازیی هەموومانی بریندار کردووە."

باوکی بە لە ڕوودامانەوە گوتی: "بۆ مێوانەکەمانی بگێڕنەوە، بێ ئاگایی ئەو لەو بابەتە، من نائارام دەکات."

خەندە گوتی: "منیش." هەڵچوونی پێوە دیاربوو، لە ڕادەبەدەر جوان بوو، دوو چاوی ڕەش و گەورەی پێوە بوو. هەموویان لەپڕ قوڕ و قوپیان لێ کرد.

قەدیفە گوتی: "خەندە، تۆ بیگێڕەوە، ئەمە شتێکی تێدا نییە مایەی شەرم بێت."

خەندە گوتی: "تەواو بە پێچەوانەوە، زۆر شتی مایەی شەرمی تێدایە و هەر لەبەر ئەوەشە نامەوێت بیگێڕمەوە." وەک ئەوەی بیرەوەرییەکی خۆشی بیر کەوتبێتەوە، بۆ ساتێک شادییەکی ناباو ڕووخساری گەشاندەوە، بزە گرتی و گوتی: "ئەمڕۆ چلەی خۆکوشتنی تەسلیمەی دەستە خوشکمانە، تەسلیمە باوەڕمەندترین کچی ناو ئێمە بوو، بێ سڵکردنەوە لە پێناوی باوەڕی خۆی و فەرموودەکانی خوادا تێ دەکۆشا. سەردابۆشین بەلای ئەوەوە، تەنیا لەبەر خۆشەویستیی خوا نەبوو، بگرە واتای باوەڕ و سەربەرزیی ئەوی دەگەیاند. بەخەیاڵی کەسدا نەدەهات خۆی بکوژێت. لە قوتابخانە مامۆستاکانی و لە ماڵیشەوە باوکی، پاڵەپەستۆیەکی بێ بەزەییانەیان خستبووە سەری بۆ ئەوەی سەرپۆش فڕێ بدات، بەڵام ئەو بەرپەرچیانی دەدایەوە. دوای سێ ساڵ

خوێندن و نێزیکبوونەوە لە تەواوکردنی، خەریک بوو لە پەیمانگە وەدەر دەنرا. ڕۆژێک کارمەندانی ئاسایش باوکە بەقاڵەکەی وەگیر دەهێنن و پێی دەڵێن – ئەگەر کچەکەت سەرپۆش فڕێ نەدات و نەگەڕێتەوە بۆ پەیمانگە، ئەوا دووکانەکەت دادەخەین و لە قارس وەدەرت دەنێین.– لە سۆنگەی ئەمەوە، باوکی لە سەرەتادا هەڕەشەی لە ماڵ دەرکردنی لێ کرد. کاتێک ئەمە پارەی نەکرد، ئەمجار نەخشەی داڕشت بۆ بە شوودانی بە پۆلیسێکی بێوەپیاوی چل و پێنج ساڵە. کار گەیشتە ئەوەی پۆلیسەکە بە چەپکە گوڵەوە دەستی کردبوو بە هاموشۆی دووکانی باوکی تەسلیمە. تەسلیمە، وەک خۆی بۆمانی گێڕایەوە، زۆر ڕکی لەو پیاوە دەبێتەوە و ناوی نابوو پیاوی چاو کانزایی. بۆ ئەوەی شووی پێ نەکات، بڕیار دەدات سەری خۆی ڕووت بکات، بەڵام کردی و کۆشای ئەم بڕیارەی پێ نەچووە سەر. هەندێکمان پشتگیریمان لە بڕیاری شووکردنی بە پیاوی چاو کانزایی کرد، بڕێکیشمان پێمان گوت –هەڕەشەی خۆکوشتن لە باوکت بکە!. ئەم پێشنیازەش زیاتر لە منەوە بوو، چونکە بەهیچ جۆرێک نەمدەویست تەسلیمە سەری ڕووت بکات، چەندین جار پێم دەگوت تەسلیمە، خۆکوشتن باشترە لەوەی مرۆڤ سەری خۆی ڕووت بکات. هەروا لە خۆڕا ئەمەم گوت. باوەڕمان وا بوو هۆی خۆکوشتنی ئەو ژنانەی لە ڕۆژنامەکاندا دەمانخوێندەوە، بگەڕێتەوە بۆ بێ باوەڕی و پێوەست بوون بە ژیانی مادی و نائومێدبوونەوە و وامان‌دەزانی وشەی خۆکوشتن باوکی دەترسێنێت. تەسلیمە لەبەر ئەوەی کچێکی باوەڕمەند بوو، من هەرگیز باوەڕم نەدەکرد پەنا بۆ خۆکوژی ببات، بەڵام کاتێکیش بیستم خۆی هەڵواسیوە، من بەر لە هەموو کەسێکی تر بڕوام کرد. چونکە یەکسەر هەستم کرد ئەگەر منیش بام لە جێی ئەو، ئەوا بەهەمان شێوە خۆم دەکوشت."

خەندە دەستی کرد بەگریان. هەموو بێدەنگ بوون. ئیپەک چووە لای خەندەوە، ماچێکی کرد و دەستی هێنا بە سەریدا. قەدیفەش خۆی گەیاندە ئەوان: کچەکان باوەشیان بە یەکدا کردبوو، تورگوت بەگیش هێشتا کۆنترۆڵی تەلەڤزیۆنەکەی بەدەستەوە بوو، چەند وتەیەکی شیرینی لە دەم هاتە دەرێ، بۆ

بەرگرتنیش لە گریانی خەندە، هەموویان دەستیان کرد بە گاڵتە و جەفەنگ. تورگوت بەگ وەک ئەوەی بیەوێت منداڵێکی بچووک ژیر بکاتەوە، سەرنجی ڕاکێشا بۆ سەر چەند زەرافەیەک لە سەرپەردەی تەلەڤزیۆنەکە، لەوەش زیاتر، خەندە وەک منداڵێکی ئامادە بۆ ژیربوونەوە، بە چاوی پڕ لە گریانەوە سەیری تەلەڤزیۆنەکەی کرد: هەموویان، تاوێکی درێژ تا ڕادەی لە بیرکردنی ژیانی خۆیان، سەیری جووتێک زەرافەیان کرد لە شوێنێکی زۆر دوور، لەوانەیە ناوەڕاستی ئەفریکا بووبێت، وەک لە فیلمێکی خاوکراوەدا بن، بە لە خۆڕازیبوون و کەیفەوە بە سێبەری بێشەڵانێکدا ڕێیان دەکرد.

دواتر قەدیفە بە (کا)ی گوت: "خەندە، دوای خۆکوشتنی تەسلیمە، بۆ ئەوەی زیاتر خەفەت نەداتە دایک و باوکی، بڕیاری دا سەری ڕووت بکات و بگەڕێتەوە بۆ دەوام. ئەوان خەندەیان بە دژواری و نەداری، وەک ئەوەی کوڕێکی تاقانە بێت، پەروەردە کردووە. دایک و باوکی بەردەوام بیریان لەوە دەکردەوە کچەکەیان لە داهاتوودا کۆمەکیان پێ دەکات، چونکە خەندە زۆر ژیرە." ئەمەی زۆر بە شیرینی و بەچرپەوە گوت، بەڵام بەجۆرێک خەندە گوێی لێ بێت، کچەکە هێشتا بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە تەماشای پەردەی تەلەڤزیۆنی دەکرد و لە هەمان کاتدا گوێی بۆ قەدیفە ڕاگرتبوو: "ئێمەی کچانی سەرداپۆشراو، سەرەتا هەوڵمان دا قایلی بکەین لە تێکۆشان سارد نەبێتەوە، بەڵام پاش ئەوەی تێ گەیشتین سەر ڕووتکردن لە خۆکوشتن باشترە، بڕیارمان دا یارمەتی خەندە بدەین. کچێک لەچک بە دەستووری خوا بزانێت و وەک ئاڵایەک بۆ خۆی هەڵبژاردبێت، دواتر زۆر دژوارە فڕێی بدات و بچێتە ناو خەڵکەوە. خەندە ماوەی چەندین ڕۆژ خۆی لە سووچی ماڵەوە قایم کرد و لەم بڕیارە ورد دەبووەوە."

(کا)ش وەک ئەوانی تر بەدەم هەستکردن بە تاوانەوە لە خۆیدا نوقم بووبوو، بەڵام بە بەرکەوتنی باسکی لە باسکی ئیپەک شادییەک بە ناخیدا بڵاو بووەوە. لەو دەمەدا تورگوت بەگ بەپەلە خەریکی گۆڕینی کەناڵەکان بوو، (کا) بۆ گەڕان بەدوای هەمان شادمانیدا قۆڵی خستە سەر قۆڵی ئیپەک. ئەگەر

ئیپەکیش هەمان شتی کرد، (کا) خەمگینی دەوری خوانەکەی لە بیر کرد. لە پەردەی تەلەڤزیۆنەکەدا ئاهەنگی هۆڵی شانۆی گەل بەدیار کەوت. پیاوە باڵا بەرزە لە گۆچان چووەکە، لە سۆنگەی ئەوەی بەشێکە لە یەکەم وەشانی زیندووی شاری قارس، شانازیی بە خۆوە دەکرد. لەگەڵ خوێندنەوەی ناوەڕۆکی بەرنامەی ئاهەنگدا، (کا) لە نێوان (بەسەرهاتی پڕ لە پەند، ددان پێدانانەکانی گۆڵچیی تیپی نیشتمانی، ڕازە شەرمبەخشەکانی مێژووی سیاسیمان، چەند پارچە شانۆیەکی شکسپیر و ڤیکتۆر هۆگۆ، ددان پێدانانی چاوەڕوان نەکراو، بێ ئابڕوویی، چەند ناوێکی ڕەنجدەر و لە بیر نەکراوی مێژووی شانۆ و سینەمای تورکیا، گاڵتە و گەپ، گۆرانی و کتوپڕیی دڵ ڕاچڵەکێنەردا)، گوێی لە ناوی خۆی بوو وەک -گەورەترین شاعیرمان دوای ساڵانێکی درێژ بە بێدەنگی بۆ نیشتمان گەڕاوەتەوە- خوێندرایەوە. ئیپەک لە ژێر مێزەکەوە دەستی (کا)ی گوشی.

تورگوت بەگ گوتی: "دەتانەوێت ئێوارە بڕۆن بۆ ئەوێ؟"

(کا) باسکی خۆی زیاتر بە باسکی ئیپەکەوە نوساند و گوتی: "بەڕێزم، ڕاستییەکەی، لێرە زۆر خۆشحاڵ و فرە شادمانم."

خەندە گوتی: "ئەگەر ڕاستیتان دەوێت من نامەوێت شادیتان لێ تێک بدەم." بۆ ساتێک هەموو سڵیان لێ کردەوە. درێژەی دایێ و گوتی: "من لەبەر خاتری ئێوە بۆ ئێرە هاتووم. هیچ کتێبێکتانم نەخوێندووەتەوە، بەڵام ئەوە بۆ من بەسە ئێوە شاعیرێکن تا ئەڵمانیا چوون و جیهانتان دیوە. پێمان بڵێن تکایە، لەم دواییانەدا شیعرتان نووسیوە؟"

(کا) گوتی: "لە قارس شیعری زۆرم بۆ هاتووە."

"بیرم کردەوە ئێوە دەتوانن تێم بگەیەنن چۆن لە بابەتێک ورد ببمەوە. تکایە ئەوەم پێ بڵێن: چۆن شیعر دەنووسن؟ بە وردبوونەوەوە، وا نییە؟"

ئەمە پرسیارێک بوو ژنان بە زۆری لەو ئێوارانەی شیعر خوێندنەوەدا دەیانپرسی کە قوتابخانە تورکییەکان لە ئەڵمانیا سازیان دەکرد، بەڵام (کا) هەموو جارێک وەک ئەوەی پرسیارێکی زۆر تایبەتی لێ کرابێت، پێی قەڵس و

گرژ دەبوو. گوتی: "نازانم شیعر چۆن دەنووسرێت. شیعری باش وەک ئەوە وایە لە دەرەوە، لە جێیەکی دوورەوە بێت." بینی وا خەندە بە گومانەوە سەیری دەکات. "چی لە وردبوونەوە تێ دەگەن؟ تکایە پێم بڵێن."

خەندە گوتی: "بەدرێژاییی ڕۆژ هەوڵ دەدەم، بەڵام خۆم بێ سەرپۆش نایەتە پێش چاوم. لەبری ئەوە، ئەو شتانە دێنە پێش چاوم کە دەمەوێت لە بیریان بکەم."

"بۆ نموونە وەک چی؟"

"دوای زیادبوونی ژمارەی کچانی سەرداپۆشراو، ژنێکیان لە ئەنقەرەوە ناردبوو تا قایلمان بکات سەرپۆش فڕێ بدەین. ئەم ژنە –قایلکارە– چەندین کاتژمێر لە ژوورێکدا لەگەڵ یەک بەیەکماندا گفتوگۆی کرد. سەدان پرسیاری کرد: (باوکت لە دایکت دەدات؟ چەند خوشک و بران؟ باوکت لە مانگێکدا چەند لیرەی دەست دەکەوێت؟ بەر لەوەی سەرپۆش لە سەر بکەیت، چیت لە سەر دەنا؟ ئەتاتورکت خۆش دەوێت؟ وێنەی چی بە دیوارەکانی ماڵەوەتانەوە هەڵواسراوە؟ مانگی چەند جار بۆ سینەما دەچیت؟ بە ڕای تۆ ژن و پیاو یەکسانن؟ ئایا خوا گەورەترە یان دەوڵەت؟ دەتەوێت چەند منداڵت ببێت؟ لە ناو خێزانەکەتدا دەستدرێژی سێکسیت کراوەتە سەر؟) وەڵامەکانی لە سەر کاغەز نووسییەوە و چەند فۆرمێکی دەربارەمان پڕ کردەوە. لێوەکانی و قژی بۆیاخ کردبوو، سەری ڕووت بوو، وەک وێنەی ناو گۆڤارەکانی جلوبەرگ ڕێکپۆش بوو، بەڵام نازانم چۆنی بڵێم، ڕاستییەکەی، زۆر سادە و خاکی بوو. سەرباری ئەوەی پرسیارەکانی هەندێک لە ئێمەی هێنابووە گریان، بەڵام ئێمە خۆشمان ویست... هەمان بوو دەیگوت خوایە قوڕ و چڵپاوی قارس زەفەریان پێ نەبردبێت. دواتر من لە خەونەکانمدا دەستم کرد بە بینینی، بەڵام لە سەرەتاوە بایەخم پێ نەدا. ئێستاش هەر جارێک لە خەیاڵی خۆمدا سەرم ڕووت دەکەم و قژم بەو ناوەدا بەردەدەمەوە و بەناو خەڵکیدا دەگەڕێم، خۆم وەک ئەو –ژنە قایلکارە– دێتە پێش چاو. لە خەیاڵمدا منیش وەک ئەو ڕێکپۆشم، پێڵاوی پاژنە باریک لە پێ دەکەم و جلوبەرگی کراوەتر لەوانەی ئەو

لەبەر دەکەم. کوڕان ئاوڕم لێ دەدەنەوە، ئەمەم هەم پێ خۆشە و هەم زۆریش شەرمم بە خۆمدا دێتەوە."

قەدیفە گوتی: "خەندە، حەز دەکەیت باسی شەرمەکەت مەکە."

"نەخێر، باسی دەکەم، چونکە لە خەیاڵمدا شەرم دەکەم، بەڵام شەرم لە خەیاڵەکانم ناکەم. ڕاستییەکەی، هیچ باوەڕ ناکەم بە ڕووتکردنی سەرم ببم بە ژنێکی ئاڵۆشاوی و پیاوان بورووژێنم، چونکە ئەگەر وا بکەم، ئەوا بە پێچەوانەی باوەڕی خۆمەوە دەیکەم. وەلێ دەشزانم لەوانەیە مرۆڤ تووشی هەوەسی ئیرۆتیکی ببێت، جا با باوەڕیشی پێ نەبێت و تەنانەت وا هەست بکات پێویستیشی پێی نییە. چ ژن، چ پیاو، شەوانە لە خەونماندا لەگەڵ مرۆڤگەلێکدا، ئەوانەی بە ڕۆژ دەیانبینین، بێ ئەوەی بمانەوێت، گوناه ئەنجام دەدەین. ئایا ئەمە ڕاست نییە؟"

قەدیفە گوتی: "بەسە، خەندە."

"ئایا ڕاست نییە؟"

قەدیفە گوتی: "ڕاست نییە." پاشان ڕووی لە (کا) کرد و گوتی: "دوو ساڵ لەمەوبەر بڕیار بوو خەندە لەگەڵ لاوێکی زۆر جوانی کورددا ژیانی هاوسەری پێکەوە بنێن، بەڵام کوڕەکە لە سیاسەتەوە گلا و کوشتیان..."

خەندە بە هەڵچوونەوە گوتی: "سەر ڕووت نەکردنم هیچ پێوەندیی بەم مەسەلەیەوە نییە، هۆیەکەی ئەوەیە ناتوانم ورد ببمەوە و شێوەی خۆم بە سەری ڕووتەوە بهێنمە پێش چاوم. هەر جارێک هەوڵم دابێت ورد ببمەوە، لە خەیاڵمدا، یان دەبم بە نامۆیەکی وەک -ژنە قایلکارەکە-، یان دەبم بە ژنێکی سێکسفرۆش. ئەگەر تەنانەت بۆ جارێکیش بتوانم ئەوە بهێنمە پێش چاوی خۆم کە بە سەری ڕووتەوە لە دەروازەی قوتابخانە دەچمە ژوورەوە، بە ڕێڕەوەکاندا پیاسە دەکەم و دەچمە پۆلەوە، ئەوا خوا یار بێت هێزی ئەنجامدانی ئەم کارە لە خۆمدا دەدۆزمەوە و ئەو کاتە ئازاد دەبم، چونکە ئەگەر وا بێت، ئەوا بە ئارەزووی خۆم سەرم ڕووت دەکەم نەک بە زۆری

پۆلیس، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە ناتوانم ورد ببمەوە و ئەو ساتە بهێنمە پێش چاوی خۆم."

قەدیفە گوتی: "هێندە بایەخ بەو ساتە مەدە، ئەگەر لەو ساتەدا سەرکەوتوویش نەبیت، ئەوا وەک هەموو کاتێک هەر خەندە گیانەکەی ئێمەیت."

خەندە گوتی: "نەخێر نیم، ئەو کاتە لە ناخی خۆتاندا تاوانبارم دەکەن و گومانم دەخەنە سەر لەبەر ئەوەی خۆم لە ئێوە دابڕیوە و بڕیارم داوە سەرم ڕووت بکەم." پاشان ڕووی لە (کا) کرد و گوتی: "جاروبار کچێک دێتە پێش چاوم بە سەری ڕووتەوە بۆ قوتابخانە دەچێت، لە ڕێڕەوەکاندا دەچێتە پێشەوە، دەچێتە پۆلەکەمانەوە، ئەو پۆلەی کە من زۆر تاسەم کردووە، تەنانەت لەو کاتەدا بۆنی ڕێڕەوەکان و هەوای گرانی پۆلەکە دێت بە کەپوومدا. ڕێک لەو ساتەدا، ئەو کچە لە جامی نێوان ڕێڕەو و پۆلدا دەبینم، کاتێکیش بۆم ڕوون دەبێتەوە ئەوەی دیومە من نیم و کەسێکی ترە، دەست بەگریان دەکەم."

هەموو پێیان وا بوو خەندە دەست بەگریان دەکاتەوە.

خەندە گوتی: "هێندە لەوە ناترسم کەسێکی تر بم، ئەوەی دەمترسێنێت، ئەوەیە هەرگیز نەتوانم بۆ ئەم دۆخەی ئێستام بگەڕێمەوە و تەنانەت لە بیریشی بکەم. ڕاستییەکەی، مرۆڤ بۆی هەیە لەبەر ئەو هۆیە خۆی بکوژێت." پاشان ڕووی لە (کا) کرد و بە لێو داقرتاندەوە گوتی: "هیچ جارێک هەوڵتان داوە خۆتان بکوژن؟"

"نەخێر، بەڵام دوای ژنەکانی قارس مرۆڤ دێتە سەر ئەوەی بیر لەم بابەتە بکاتەوە."

"ویستی خۆکوشتن بەلای زۆر لەو کچانەوەی لەم ڕەوشەی ئێمەدان، بەواتای خۆ بەخاوەنکردنە لە هەبوونی خۆمان. ئەو کچانەی لە خشتە دەبرێن و پەردەی کچێنی دەدۆڕێنن، یان ئەو کچە عازەبانەی بەزۆر بە شوو دەدرێن، هەموویان لەو سۆنگەیەوە خۆیان دەکوژن. لە خۆکوشتندا بەدوای پاکیزەیی و

سـادەییـدا دەگـەڕێن. ئایا ڕێک کـەوتووە شـیـعـرتان دەربارەی خـۆکـوشتن نووسـیـبـێت؟" لەپڕ ڕووی لە ئیـپـەک کـرد و درێژەی بە قـسـەکـانی دا: "مێوانەکەتانم زۆر بێزار کرد؟ باشە، با پێم بڵێت ئەو شیعرانەی لە قارس بۆی -هاتوون- لە کوێوە دێن، ئەوسا وازی لێ دەهێنم."

"هەر کاتێک شیعرم بۆ دێت، زۆر سوپاسی سەرچاوە دەکەم، چونکە زۆر شادمانم دەکات."

"ئایا هەر ئەویشە واتان لێ دەکات لە شیعر ورد ببنەوە؟ ئەوە کێیە؟"

"تەنانەت ئەگەر باوەڕیش نەکەم، هەر هەست دەکەم ئەو ناردوویەتی."

"باوەڕ بە خوا دەکەن، یاخۆ بەوەی کە شیعرەکەی بۆتان ناردوە؟"

(کا)، وەک ئەوەی ئیلهامی بۆ هاتبێت، گوتی: "خوا شیعرم بۆ دەنێرێت."

تورگـوت بەگ گـوتی: "لێـرە بۆی ڕوون بووەوە بزووتنەوەی ئاینی لە هەڵکشاندایە، لەوانەیە چاویشیان لێ سوور کردبێتەوە... ترساوە و هاتووەتە سەر ڕێگەی باوەڕهێنان بە خوا."

(کـا) گـوتی: "نەخـێـر، لە هـەناومـەوە هەڵدەقـوڵێت، دەمـەوێت منیش وەک هەرکەسێکی ئێرەم لێ بێت."

"ترساون، ڕەخنەتان لێ دەگرم."

(کا) دەستبەجێ هاواری کرد و گوتی: "بەڵێ، دەترسم، زۆریش."

وەک ئەوەی ڕووی لوولەی دەمانچەیەکی ئاڕاستە کرابێت، هەڵسایە سەرپێ. ئەم ڕەفتارەی، دانیشتووانی دەوری خوانەکەی خستە گێژاوەوە. تورگوت بەگ وەک ئەوەی هەست بکات ڕووی چەکێکی تێ کراوە، هاواری کرد: "لە کوێ؟" خەندە لەبەر خۆیەوە گوتی: "ناترسم و هیچ شتێکیش نامهەژێنێت."

بەڵام ئەویش وەک ئەوانی تر بۆ ڕەواندنەوەی مـەترسـیـیـەکـە، سـەیری ڕووخسـاری (کـا)ی دەکـرد. دوای تێپـەڕبوونی چەند سـاڵێک، ڕۆژنامـەنووس سـەردار بەگ بۆمی گـێـڕایەوە ڕووخـسـاری (کـا) لەو کـاتەدا لە گـەچی سـپی دەچوو، بـەڵام هێـمـای کـەسـێکی تێکشکاو لـە ترس و گـێـژبووندا نا، بگرە

نیشانەی بەختەوەرییەکی قوڵ بە ڕوویەوە دیار بوو. ژنە خزمەتکارەکە زیاتری پێـوەنا و بـە سـووربوونەوە بۆمی گـێـڕایـەوە تیـشکێک لـە ژوورەکـەدا درەوشـاوەتەوە و هـەمـوو شـتـێکی لە ڕووناکی خـۆیدا نوقم کـردووە. هەر لەو ڕۆژەوە (کا) لە دیدی ئەودا پیاوچاکێک بوو. یەکێک لەوانەی ناو ژوورەکە لەو کـاتـەدا گـوتبـووی -شـیـعـر هـات-، هەریەکـەیان بەجـۆرێک شـڵـەژابوون و ترسابوون، وەک ئەوەی ڕووی چەکیان تێ کرابێت.

دواتر (کـا) لە تۆمـارکـردن و هەڵسـەنگاندنی ڕووداوەکـانی ئەو ڕۆژە لە دەفتەرێکدا، چاوەڕوانی پڕ لە شڵەژانی ناو ژوورەکەی لەگەڵ ساتەکانی ترس و چاوەڕوانییەکدا بەراورد کردبوو لە سەردەمی منداڵیماندا، لە دانیشتنەکانی بانگکردنی ڕۆحەکاندا دیبوومان. بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر، دایکی قەڵەو و پێشوەخت بێوەژن کەوتووی هاوڕێیەکمان لە کۆڵانێکی پشتەوەی نیشانتاشی ئاهەنگی بانگکردنی ڕۆحی ساز دەکـرد، ژنانی تری بەدبەخـتی مـاڵەوە؛ پیـانۆژەنێکی دواتر پەنجـە گـۆجـبـوو؛ ژنە ئەکتـەرێکی تووڕە و تەمـەن مامناوەندی، ئێمە هەموو جارێک دەمانپرسی -ئەویش دێت؟-؛ خوشکێکی ئەو ئەکتەرە، هەموو جارێک دەبوورایەوە و جەنەراڵێکی خانەنشین، بەردەوام چاوبڕکێی لەگەڵ ژنەی ئەکتەردا دەکرد؛ گشت ئەمانە لەو دانیشتنانەدا بەشـدار دەبوون. هاوڕێکەمـان، من و (کا)ی بە بێدەنگی لە هۆڵی پشـتەوە دەبردە ژووەوە و ئێـمـەش بەشـدار دەبووین. لە سـاتە پڕ خـورپەکـانی چاوەڕوانیدا یەکێک لە ئامادەبووان هاواری دەکرد: "ئەی ڕۆح، ئەگەر هاتوویت با دەنگت لێوە بێت!" بەدوای ئەوەدا بێدەنگییەکی درێژ باڵی بەسەر ژوورەکەدا دەکێشا. دواتر دەنگێک لە شێوەی کرتەیەک، جیڕەی کورسییەک، ناڵەیەک یان یەکێک جووتکەیەکی لە قاچی مێز دەسرەواند و یەکێک لە ئامادەبووان بە ترسەوە دەیگوت: "ڕۆح هاتووە."

بەڵام (کا) لەو کەسانە نەبوو ڕووبەڕووی ڕۆح ببێتەوە. هەڵسا و بەرەو دەرگای ئاشپەزخانە چوو. هێمایەکی شادیبەخش بە ڕووخسارییەوە دیار بوو.

تورگوت بەگ گوتی: "زۆری خواردەوە. بەڵێ، هاوکاری بکەن."

ئەمەی بەجۆرێک گوت وەک ئەوەی خۆی ئیپەکی ناردبێت، چونکە بەپەلە خۆی گەیاندبووە کنی. (کا) لەسەر کورسییەکی لای دەرگای ئاشپەزخانە دانیشت. دەفتەر و قەڵەمی لە گیرفانی دەرهێنا و گوتی: "من ناتوانم ئاوا بنووسم لە کاتێکدا ئێوە هەمووتان هەڵساونەتە سەرپێ و تەماشام دەکەن."

ئیپەک گوتی: "با بتبەمە ژوورەوە."

ئاشپەزخانە بەهۆی ئەو شیرینییەی زاهیدە بەسەر پاقلاوەی قەدایفدا ڕژاندبووی، بۆنێکی خۆشی گرتبوو. ئیپەک لە پێشەوە و (کا) بەدوایدا لەوێوە تێ پەڕین و چوونە ژوورێکی سارد و نیوە تاریکەوە.

ئیپەک گڵۆپی داگیرساند و گوتی: "لێرە بۆت دەنووسرێت؟"

(کا) ژوورێکی پاکژ و دوو پێخەوی ڕێکوپێکی بینی. لە سەر سێپایەک کە خوشکەکان وەک کۆمەد بەکاریان دەهێنا، تێکەڵەیەکی سادەی پێکهاتوو لە لوولەی کرێم، بۆیاخی لێو، کۆڵۆنیای بچووک، ڕۆنی بادەم، شووشەی ئەلکهول، کتێب، جانتایەکی زنجیرداری پڕ لە فلّچە، قەڵەم، میرووی چاوەزار، قوتوویەکی شۆکۆلاتەی سویسرایی پڕ لە گەردانە و بازنی بینی؛ لە سەر پێخەوی تەنیشت پەنجەرە شەختە بەستووەکەوە دانیشت. گوتی: "لێرە دەتوانم بنووسم، بەڵام مەڕۆ و بەجێم مەهێڵە."

"بۆچی؟"

(کا) لە سەرەتادا گوتی: "نازانم." دوایی گوتی: "دەترسم."

لەو کاتەدا دەستی کرد بە نووسینی شیعرەکەی. سەرەتای هۆنراوە وێناکردنی قوتوویەک شۆکۆلاتە بوو لەوانەی مامی لە کاتی منداڵیی ئەمدا لە سویسراوە بۆی هێنابوو. هەمان دیمەنەکانی سویسرای قەد دیواری چایخانەکانی قارس بەسەر قوتووەکەوە بوون. بەگوێرەی ئەو تێبینییانەی (کا) دواتر نووسیبوونی بۆ تێگەیشتن، پۆلینکردن و ڕیزکردنی ئەو شیعرانەی لە قارس بۆی هاتبوون، سەرەتا لە قوتووەکەدا کاتژمێرێکی گەمە دەرچووبوو.

دوای دوو ڕۆژ بۆی ڕوون بووەوە سەعاتەکە یادگارییەکی سەردەمی منداڵیی ئیپەکە. (کا) پێی وا بوو دەتوانێت لەم سەعاتەوە دەست پێ بکات و چەند شتێک دەربارەی سەردەمی منداڵی و ژیان بڵێت...

بە ئیپەکی گوت: "هەرگیز لێم دوور مەکەوەرەوە، چونکە دێوانە ئاسا گرفتاری داوی ئەڤینت بووم."

ئیپەک گوتی: "ئێ تەنانەت خۆ ناشمناسیت."

(کا) وەک ئەوەی وانە بڵێتەوە، گوتی: "دوو جۆر پیاو هەیە، جۆری یەکەمیان، بەر لەوەی عاشق بێت، دەزانێت کچەکە چۆن بابۆڵە دەخوات، قژی چۆن شانە دەکات، حەزی لە چ جۆرە تووڕەهاتێکە، باوکی لە چی تووڕە دەبێت و هەر بەسەرهات و ئەفسانەیەک سەبارەت بە کچە بگێڕدرێتەوە، ئەم دەیزانێت. جۆری دووەمیان، منیش یەکێکم لەوان، دەبێت زۆر بە دەگمەن لە بارەی کچەکەوە بزانێت بۆ ئەوەی بتوانێت عاشقی ببێت."

"واتا لەبەر ئەوەی هیچ نامناسیت، عاشقم بوویت؟ جا بەڕاستی ئەمە ئەڤینە؟"

(کا) گوتی: "ئەو ئەڤینەی مرۆڤ هەموو شتێکی خۆی لە پێناودا دەدات، بەو جۆرەیە."

"هەر کاتێک بینیت چۆن بابۆڵە دەخۆم و بە چی تووڕە دەبم، ئەڤینەکەت بە کۆتا دەگات."

"بەڵام ئەو کاتە پێوەندیی نێوانمان قوڵتر دەبێتەوە و دەگوڕدرێت سەر ئارەزوو، و سەرتاپای جەستەمان دادەگرێت، وەردەگەڕێتە سەر بەختەوەری و یادگار و پێکەوەمان گرێ دەدات."

ئیپەک گوتی: "هەڵمەسە، لە قەراغی چرپایەکە دابنیشە، من لە ژێر بنمیچێکدا بم لەگەڵ باوکمدا، کەس ماچ ناکەم." سەرەتا بەرپەرچی ماچەکانی (کا)ی نەدایەوە، بەڵام دواتر پاڵێکی پێوە نا بۆ دواوە و گوتی: "باوکم لە ماڵەوە بێت، پێم جوان نییە."

(کا) جارێکی تر زۆری بۆ هێنا، ناو دەمی ماچ کرد و لە کەناری پێخەوەکە دانیشتەوە. "پێویستە هەرچی زووترە زەماوەند بکەین و پێکەوە لێرە هەڵبێین. ئایا دەزانیت لە فرانکفورت چەند بەختەوەر دەبیت؟"

بێدەنگییەک هاتە ئاراوە.

"تۆ هیچ نامناسیت، چۆن ئەڤینداری من بوویت؟"

"لەبەر ئەوەی جوانیت... چونکە خەیاڵ دەکەمەوە لەگەڵ تۆدا بەختەوەر دەبم... لەبەر ئەوەی بێ ئەوەی شەرمت لێ بکەم، دەتوانم هەموو شتێکت بۆ بگێڕمەوە. بێ پسانەوە لە خەیاڵمدا پێکەوە دەنووین."

"لە ئەڵمانیا چیت دەکرد؟"

"خۆم بەو شیعرانەمەوە سەرقاڵ دەکرد کە پێم نەدەنووسران و بەردەوام دەسپەڕم لێ دەدا... تەنیایی پرسێکە تایبەت بە شانازی؛ مرۆڤ بە لە خۆباییبوونەوە خۆی لە تەپوتۆزی خۆیدا دەنێژێت. گرفتی شاعیری ڕاستەقینە بەردەوام هەمان شتە. ئەگەر ماوەیەکی درێژ بەختەوەر بێت، ئالوودە دەبێت. خۆ ئەگەر ماوەیەکی درێژ ناشاد بێت، هێزی تێدا نامێنێت بۆ ئەوەی شیعر زیندوو ڕابگرێت. دوای ماوەیەک، یان بەختەوەری شیعر و شاعیر ئالوودە دەکات، یان شیعری ڕاستەقینە بەختەوەری دەشێوێنێت. ئیدی زۆر لەوە دەترسم بگەڕێمەوە فرانکفورت و بەدبەختی یەخەم بمگرێت."

ئیپەک گوتی: "لە ئەستەنبوڵ بمێنەوە."

(کا) بەوردی تەماشای کرد و بە گوێیدا چرپاند. "دەتەوێت لە ئەستەنبوڵ ژیان بەسەر ببەیت؟" زۆر ئارەزووی دەکرد ئیپەک داوای شتێکی لێ بکات. ژنەکەش بەدوایدا گوتی: "هیچ شتێکم ناوێت."

(کا) هەستی بەپەلەکردنی خۆی کرد. ئەوەشی لە بەرچاو بوو ماوەیەکی کورت لە قارس دەمێنێتەوە و دوای چەندێکی تر لێرە هەناسە نادات، بۆیە لە پەلەکردن بترازێت، هیچ چارێکی تری نەبوو. گوێیان ڕاگرت بۆ دەنگی ناڕوونی قسەکردن لە ژوورەوە و دەنگی تایەکانی گالیسکەیەک بەسەر

بەفرەکەدا لە بەردەم پەنجەرەکەوە ڕەت دەبوو. ئیپەک لەپاڵ دەرگادا بە پێوە ڕاوەستابوو، شانەیەکی بە دەستەوە بوو، سەیری ئەمی دەکرد و لەسەرخۆ پرچی دادەهێنا.

(کا) گوتی: "لێرە شتەکان هێندە هەژار و ئومێد لێبڕاون، بەجۆرێک مرۆڤ وەک تۆ خواستنی هەموو شتێک لە بیر دەکات. لێرە مرۆڤ خەون بە مردنەوە دەبینێت نەک بە ژیانەوە... لەگەڵمدا دێیت؟" ئیپەک هیچ وەڵامی نەدایەوە. (کا) گوتی: "ئەگەر وەڵامێکی خراپ دەدەیتەوە، ئەوا هیچ مەڵێ."

ئیپەک چاوی بڕیبووە شانەکەی دەستی، گوتی: "نازانم، لە ژوورەوە چاوەڕێمان دەکەن."

(کا) گوتی: "لە ژوورەوە فرت و فێڵێک ئامادە دەکرێت، هەستی پێ دەکەم، بەڵام بەڕاستی نازانم چ دەقەومێت. تۆ بۆم باس بکە."

کارەبا کوژایەوە. ئیپەک لە جێی خۆی نەبزووت، (کا) ویستی باوەشی پێدا بکات، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەبادا دۆخەکە بشێوێنێت و بەتەنیا بۆ ئەڵمانیا بگەڕێتەوە؛ لە جێی خۆی نەجووڵا.

ئیپەک گوتی: "لەم تاریکییەدا شیعرت بۆ نانووسرێت، با بڕۆین."

"چ شتێکت دەوێت بیکەم بۆ ئەوەی منت خۆش بوێت؟"

"ببە بە خۆت." ئیپەک ئەمەی گوت و لە ژوورەکە دەرچوو.

(کا) بە دانیشتنی ئەوێ هێندە شادمان بوو، بەجۆرێک بەزۆر هەڵسایە سەرپێ. لە بەردەم تیشکی لەرزۆکی مۆمی ژوورە ساردەکەی پێش ئاشپەزخانە دانیشت و لە دەفتەرە سەوزەکەیدا شیعری (قوتووی شۆکۆلاتە)ی نووسییەوە.

کاتێک هەڵسایە سەرپێ بۆ ئەوەی بەدوای ئیپەکدا بچێت، لە ئامێزی بگرێت و ڕووی خۆی لە پرچیدا بشارێتەوە، هەموو شتەکانی ناو سەری وەک ئەوەی لە تاریکیدا بن، لەپڕ تێک چڕژان.

(کا) لەبەر ڕووناکی مۆمی ئاشپەزخانەدا لە ئامێزگرتنی ئیپەک و قەدیفەی

دی. باسکیان له ملی یەکدی ئاڵاندبوو، وەک دوو ئەڤیندار باوەشیان بەیەکتردا کردبوو.

قەدیفە گوتی: "باوکم داوای لێم کرد بێم بە دووتاندا."

"باشە گیانەکەم."

"شیعری نووسی؟"

(کا) لە تاریکیە هاتە دەرەوە و گوتی: "نووسیم، بەڵام ئێستا دەمەوێت هاوکاریی ئێوە بکەم."

ئەو دەمەی لەبەر ڕۆشنایی لەرزۆکی مۆمەکەدا چووە ئاشپەزخانەوە، کەسی نەبینی. لە چاوتروکاندنێکدا پەرداخێک ئارەقی تێ کرد و بێ ئەوەی ئاوی بەسەردا بکات، خواردییەوە. فرمێسک بە چاوانیدا هاتە خوارەوە، پەرداخێک ئاوی بۆ خۆی پڕ کرد، لە ئاشپەزخانە چووە دەرێ، خۆی لە تاریکییەکی نووتەک و ئەنگوستەچاودا دیتەوە. بەرەو مێزی نان خواردن چوو، مۆمێک سەر مێزەکەی ڕووناک کردبووەوە، ئەوانەی دەوروبەری مێز بە خۆیان و بە سێبەری زەبەلاحی پشتیانەوە بە سەر دیوارەکەوە، ڕووی خۆیان بەرەو (کا) وەرگەڕاند.

تورگوت بەگ گوتی: "توانیتان شیعر بنووسن؟" ڕاستییەکەی، لە سەرەتادا بۆ چەند ساتێک دەنگی نەکرد، ویستی وای پێشان بدات (کا) هێندە گرینگ نییە بەلایەوە.

"بەڵێ."

"پیرۆزباییت لێ دەکەم." پەرداخێکی دایە دەستی، بۆی پڕ کرد لە ئارەق و گوتی: "دەربارەی چی؟"

"لێرە چاوم بە هەرکەسێک بکەوێت و بیدوێنم، مافی دەدەمێ. ئەو ترسەی بە شەقامەکانی ئەڵمانیادا دەسووڕێتەوە، ئێستا چووە هەناومەوە."

خەندە خۆی وەک کەسێک پێشان دا کە زۆر بزانێت و گوتی: "زۆر باش لێتان دەگەم."

(کـا) بە سـوپاسـەوە بزەیەکی بۆی کـرد، لە ناخـەوە ئارەزووی دەکـرد پێی بڵێت: "سەرت ڕووت مەکە شۆخەکەم."

تورگوت بەگ گـوتی: "لەبەر ئەوەی دەڵێیت چاوت بە هەرکەسێک کـەوتبێت باوەڕت پێی کـردووە و لای شـێخ ئەفـەندی باوەڕت بە خـوا هێناوە، ئەوا من دەمەوێت شتێکت بۆ ڕاست بکەمـەوە. شێخ ئەفـەندی نوێنەری خـوا نییـە لە قارس."

خەندە بە هەڵچوونەوە گوتی: "ئەدی کێ لێرە نوێنەرایەتیی خوا دەکات؟"

بەڵام تورگـوت بەگ لێی زویر نەبوو. کەللەڕەق بوو، حـەزی بە شـەڕ دەکرد، بەڵام بۆ ئەوەی ئـەتایسـتێکی سازش نەکـەر بێت، دڵێکی نەرمی هەبوو. (کـا) هەسـتێکی وای لا دروست بوو تورگـوت بەگ ئەوەندەی خـەمی بەدبەختـیی کـچەکـانی لەبەر بوو، هەوقـاسـیش لە تێکشـان و تیـاچوونی شـتـە باوەکـانی جیهانی تایبەت بە خۆی دەترسا. ئەمە ترسێکی سیاسی نەبوو، بگرە خـەمی ئەوەی بوو شـوێنی خـۆی لە دەوری ئـەو مێـزە لە دەست بدات، چونکە هەمـوو ئێوارانێک خی کچ و مێوانەکانی بێ ئەوەی بەیەکدا هەڵپرژێن، لە دەوری کۆ دەبوونەوە، چەندین سـەعـات باسی سـیاسـەت و هەبوون و نـەبوونی خـوایان تاوتوێ دەکرد. ئەمەش تاکە سەرچاوەی کەیف و سەفای تورگوت بەگ بوو.

کـارەبا هاتـەوە و لەپڕ ژوور ڕوونـاک بووەوە. خـەڵکەکـە هێندە بـە بڕان و هاتنەوەی کـارەبا ڕاهاتـبوون، بەجـۆرێک بە پێـچەوانـەی هاتنەوەی کـارەبا لە سەردەمی منداڵی (کا)دا لە ئەستەنبوڵ، کەس هاواری خۆشی ناکات و کەس ناڵێت ئەیەڕۆ با ئـامێری جلشـۆرین نەسـووتێت، یان کەسێک پڕ بدات و بڵێت من مۆمـەکان دەکوژێنمـەوە. لێرە مـرۆگـەل وا ڕەفـتـار دەکەن وەک ئەوەی هیچ نەقـەومـابێت. تورگوت بـەگ تەلەڤزیۆنی داگیرسـاند و بە کۆنترۆڵی دەستی کەوتە گۆڕینی کەناڵەکان. (کا) بەچرپە بە کچەکانی گوت قارس بـەشێوەیەکی نائاسایی بێدەنگە.

خەندە گوتی: "چونکە ئێمە لێرە تەنانەت لە دەنگی خۆشمان دەترسین."

ئیپەک گوتی: "ئەوە بێدەنگیی بەفرە."

هـەمـــوویـان بەدەم هـەســـتکردن بـە دۆڕانـەوە، مـــاوەیـەکی درێژ ســـەیری تەلەڤزیۆنیـان کرد، بەڵام لە کەناڵێکەوە دەچووە سەر کـەناڵێکی تر. (کا) لە ژێر مێـزەکەوە دەسـتی خسـتبووە ناو دەستی ئیـپەک، بیـری کردەوە دەتوانێت لێرە بە ڕۆژ کـارێکی هاکـەزایـی بکات، ئێـوارانـیش دەست لە ناو دەست لەگـەڵ ئەم ژنەدا بەرامـبەر بە تەلەڤـزیۆنێکی گـرێدراو بە سـاتەلیتـەوە دابنیـشێت و هـەمـوو ژیانی بە کامەرانی بەسەر ببات.

## ١٥

# لە ژیانی هەمووماندا شتێکی بنەڕەتی هەیە و دەمانەوێت

## لـە هۆڵـی شـانۆی گەل

ڕێک دوای تێپەڕبوونی حەوت خوولەک بەسەر بیرۆکەی بەسەربردنی هەموو ژیانی لەگەڵ ئیپەکدا بە کامەرانی لە قارس، (کا) بە تاقی تەنیا و بەژێر بەفردا، وەک ئەوەی بۆ مەیدانی شەڕ بڕوات، بە پڕتاو کەوتە ڕێ بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگی هۆڵی شانۆی گەل و بەدەم ڕێگەوە ترپەی دڵی دەهات. لە ماوەی ئەو حەوت خوولەکەدا، ڕووداوەکان بەخێراییەکی مایەی تێگەیشتن پەرەیان سەندبوو.

سەرەتا تورگوت بەگ وەشانی زیندووی ئاهەنگی هۆڵی شانۆی گەلی هێنابووە سەر پەردەی تەلەڤزیۆن، ئامادەبووان، بە بیستنی ژاوەژاوی ئەوێ، درکیان کرد شتێکی نائاسایی لەوێ ڕوو دەدات. لەلایەک، ئارەزووی دوورکەوتنەوە لە ژیانی لادێیی، ئەگەر بۆ ماوەی شەوێکیش بووە، لە هەناویاندا پەنگی خواردبوو، لەلایەکی تریش، شیمانەی ڕوودانی شتێکی خراپ دەیترساندن. هەموویان لە میانەی چەپڵە لێدان و فیکە و هاواری ئاپۆڕەی بێ ئۆقرەی بینەرانەوە حاڵی بوون ئاریشەیەک لە نێوان کەسانی ناوداری شار لە ڕیزەکانی پێشەوە و لاوان لە ڕیزەکانی دواوە سەری هەڵدابوو. کامێرا ناو هۆڵی بەتەواوی پێشان نەدەدا، بۆیە هەموو بە پەرۆش بوون بزانن لەوێ چ دەقەومێت.

گۆلچییەکی نیشتمانی لەسەر شانۆ بوو سەردەمانێک سەرانسەری تورکیا دەیانناسی. هەر ئەوەندە فریا کەوت باسی گۆڵی یەکەم بگێڕێتەوە لە کۆی

یازده گۆڵ لەوانەی پازدە ساڵ لەوەوبەر لە یارییەکی تراژیدیی نیشتمانیدا بەرامبەر بە هەڵبژاردەی ئینگلیز لێی کرابوو، پاشان حاڵی بوو کابرای قوچی گۆچان ئاسای بێژەری بەرنامە کتومت وەک تەلەڤزیۆنی نەتەوەیی ناوبەرێک دەدات بۆ ڕیکلام، ئەم لای خۆیەوە بێدەنگ بوو. بێژەر مایکرۆفۆنی بەدەستەوە گرت و ماوەی چەند چرکەیەک لە کاغەزێکی دەستیدا دوو ڕیکلامی خوێندەوە: (دووکانی وشکەفرۆشی تاداڵ لە شەقامی فەوزی پاشا لە قەیسەرییەوە باسترمەی بۆ هاتووە و قوتابخانەی زانستی دەستی کردووە بە ناونووسین بۆ کۆرسی خۆسازدان بۆ وەرگرتن لە زانکۆ). دواتر بەرنامەی دەوڵەمەندی ئاهەنگی دووبارە کردەوە، بەڕێزەوە سەیرێکی کامێرای کرد و لە درێژەی قسەکانیدا گوتی (کا) لە ئەڵمانیاوە بۆ شاری سەرحەد هاتووە و لە بەرنامەی ئەمشەودا شیعر دەخوێنێتەوە، "بەڵام ئامادەنەبوونی شاعیری گەورەمان لە نێوانماندا، بەڕاستی قارسییەکان خەمگین دەکات."

تورگوت بەگ لەو کاتەدا دەستبەجێ گوتبووی: "ئیدی زۆر شورەییە ئەگەر ئێستا نەچن."

(کا) گوتبووی: "بەڵام لێیان نەپرسیمەوە داخۆ بەشداری دەکەم، یاخۆ نا؟."

تورگوت بەگ گوتبووی: "ئیدی لێرە وا باوە، ئەگەر بانگهێشت بکرابان، نەدەچوون. وەلێ ئێستا پیویستە برۆن بۆ ئەوەی ئەوان بە درۆزن دەرنەخەن."

خەندە بە خۆشحاڵییەکی چاوەڕوان نەکراوەوە گوتبووی: "لێرە سەیرتان دەکەین."

لەو دەمەدا دەرگا کرابووە و ئەو کوڕە لاوەی بە شەوان لە پرسگەی هۆتێل کاری دەکرد، گوتبووی: "بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردە لە نەخۆشخانە گیانی لە دەست داوە."

تورگوت بەگ گوتبووی: "بەلەنگازی بودەڵە..." پاشان نیگای بڕیبوە (کا). "ئیسلامییەکان دەستیان کردووە بە پاککردنەوەی یەک بەیەکمان. ئەگەر دەتانەوێت بە پێستی خۆتانەوە بۆی دەربچن، ئەوا باشتر وایە هەرچی زووە

باوەڕ بە خوا بهێنن، چونکە ترسی ئەوەم هەیە دوای ماوەیەکی تر لە قارسدا ئیسلامبوونێکی میانڕەوانە بەشی ڕزگارکردنی گەردنی کەونە ئەتایستێک نەکات."

(کا) گوتبووی: "ڕاست دەفەرموون، منیش لای خۆمەوە بڕیارم داوە خۆشەویستی خوا بەتەواوی ئاشکرا بکەم و بەدرێژاییی ژیانیشم لە قولایی هەناومدا هەستم پێی کردووە،."

هەموویان زۆر باش تێ گەیشتبوون ئەمەی بە گاڵتەجاڕییەوە گوتووە، بەلام ئەوانەی دەوروبەری مێزەکە لەبەر ئەوەی دڵنیا بوون لەوەی (کا) بەتەواوی سەرخۆشە، ئەم وەلامە دەستوبردەی ئەو گومانی ئەوەی لایان دروست کرد پێشتریش ئەو جۆرە بیرکردنەوانەی هەبوویێت.

لەو دەمەدا زاهیدە هاتبووە ژوورەوە، بەدەستێک مەنجەڵێکی گەورەی بەشێوەیەکی هونەری هەڵگرتبوو، ماڵەیەکی فافۆنیش لە دەستەکەی تریدا بووە لەبەر تیشکی گلۆپی سەر مێزەکە بریسکەی هاتبوو. بە سۆزێکی دایکانە و بەدەم زەردەخەنەوە لە مێزەکە نێزیک کەوتبوەوە و گوتبووی: "بەشی کەسێک شۆربا لە مەنجەڵەکەدا ماوە، حەیفە فڕێی بدەم؛ کام کچ دەیەوێت؟"

ئیپەک بە (کا)ی گوتبوو نەچێت بۆ هۆڵی شانۆی گەل چونکە دەترسێت. لەپڕیش ڕووی وەرگێڕابوو، لەگەڵ خەندە و قەدیفەدا خۆی تێکەڵ بە قریوە و پێکەنینی ژنە کوردی خزمەتکار کردبوو.

(کا) لەو ساتەدا لە خەیاڵی خۆیدا گوتبووی: "ئەگەر ئیپەک بڵێت -من!-، ئەوا لەگەڵمدا دێت بۆ فرانکفورت و شووم پێ دەکات. ئەو کاتە دەچمە هۆڵی شانۆی گەل و ئەو شیعرەی بە ناوونیشانی (بەفر) نووسیومە، دەخوێنمەوە."

ئیپەک دەستبەجێ گوتبووی -من- و نابدەدلانە قاپەکەی درێژ کردبوو.

(کا) لە دەرەوە و لە ژێر کلووە بەفرە گەورەکاندا ماوەیەک بیری کردەوە ئەو کەسێکی نامۆیە بە شاری قارس و هەر ئەوەندەی لێی دوور کەوتەوە، لە بیری دەکات، بەلام ئەم هەستە زۆر درێژەی نەخایەند و کەوتە بەر هەستی

باوەڕهێنان بە چارەنووس؛ بەشێوەیەکی زۆر بەهێز پەی برد بە هەبوونی ئەندازەیەکی نهێنیی نەشیاو بۆ شیکردنەوەی لۆجیکی ژیان. ئارەزوویەکی قوڵی هەبوو بۆ شیکردنەوەی ئەو لۆجیکە و بەختەوەربوون، بەڵام لەو کاتەدا خۆی هێندە بەهێز نەدەزانی بۆ ئەو ئارەزووی کامەرانییە.

شەقامی بەرفراوان و بە بەفر داپۆشراوی بەردەمی تا بەردەم هۆڵی شانۆی گەل درێژ دەبووەوە، ئاڵاکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن بە سەرییەوە دەشەکانەوە و چۆڵ و هۆڵ بوو. بە فراوانیی گوێسەوانەکان، بە دەرگاکان، بە دڵگیریی نەخش و نیگاری سەر دیوارەکان و بە پێش هەیوانی بە ویقاری باڵەخانە کۆنە بەفر لێنیشتووەکاندا هەستێکی وای لا دروست بوو کەسێک (ئەو ئەرمەنییانەی لە تفلیس کاری بازرگانیان دەکرد؟ سەرکردە سەربازییەکانی عوسمانیی باج وەرگر لە خاوەن کارگەکانی شیرەمەنی؟) سەردەمانێک لێرە ژیانێکی بەختەوەر و ئارام و تەنانەت ڕەنگینی بەسەر بردووە. وەک ئەوەی هەموو ئەرمەنی، ڕووس، عوسمانی و تورکەکانی سەرەتای دامەزراندنی کۆمار خۆیان کێشابێتەوە و کەسی تر نەهاتبێتە جێیان، شەقام و کۆڵانەکان چۆڵ و هۆڵ بوون، بەڵام بە پێچەوانەی شارە چۆڵکراوەکانەوە، شەقام و کۆڵانە بێکەسەکانی قارس ترسیان نەدەخستە دڵی مرۆڤەوە. (کا) سەوداسەرانە سەیری شکانەوەی تیشکی نارنجی و لاوازی گڵۆپەکان و تیشکی کزی نیۆنەکانی پشت جامخانە شەختەبەستووەکانی لەسەر تۆپەڵە بەفری سەر لقی دار زەیتوونی ڕووسی و دار چنارەکان و سەر ستوونەکانی کارەبای دەکرد و دەیدی لەملا و لەولاوە چلوورەی نووک تیژ و گەورەیان پێدا شۆڕ بووەتەوە. بەفر بە کپییەکی ئەفسووناویی نێزیک لە پیرۆزی دەباری. (کا)، جگە لە دەنگی نزمی هەنگاوەکانی و هەناسەدانی خێرای خۆی، هیچی تری نەدەبیست. هیچ سەگێک نەدەوەڕی. هەر دەتگوت کۆتاییی دنیا هاتووە، هەموو شتێک لەوانەی ئەو ساتە دەکەوتنە بەرچاوی و سەرانسەری گەردوون نوقمی بەفر بارین بوون. چاوی لە کلووە بەفرەکانی دەوروبەری گڵۆپێکی کزی شەقام بڕی، تەماشای کرد چۆن هەندێکیان لەسەرخۆ بەردەبوونەوە و چەند

دانەیەکیشیان بەتاو بەرەو ژوور بۆ ناو تاریکایی هەڵدەکشان.

چووە ژێر کەپری دووکانی وێنەگری ئایدنەوە، لە بەردەم تیشکێکی سووری هەڵقــولاو لـە تابلۆیـەکی ئاگــاداریـی چوار لا بـەفــر گــرتووەوە بـە چێــژ لێ وەرگرتنەوە سەیری کلووە بەفرێکی کرد دەچووە قۆڵی پاڵتۆکەیەوە.

لەپڕ بایەک هەڵی کرد، جووڵەیەک کەوتە ئەو ناوە، ڕووناکیی سووری تابلۆی ئاگـاداریی وێنـەگـری ئایدن لەپڕ کـوژایەوە و دار زەیتـوونە ڕووسـیـیـەکـەی بەرامــبــەریشـی، وەک ئەوەی ڕەش داگــەڕابێت، وا بوو. لـە بەردەم دەروازەی هۆڵی شـانۆی گەلدا ئاپۆڕەیـەک و کەمـێک لـەولاترەوە مـینیـبـووسـێکی پۆلیـسی بینی. کۆمـەڵێک کـەسی تری دی لە نێـوان دەرگای نیـوەکراوەی چایخـانەیەکی ئەوبەرەوە تەماشای ئاپۆڕەی پێش هۆڵی شانۆی گەلیان دەکرد.

هەر ئەوەندەی چووە هۆڵی شـانۆوە، پاڵ پێـوەنان و جـووڵەی ژوورەوە سـەری هێنایە سـوورِ. بۆنێکی چڕی ئەلکـهـۆل، هەنـاسـە و جگـەرە هەوای هۆڵەکــەی قـورس کـردبوو. خــەڵکێکی زۆر لەمـلا و لاوە بە پێـوە ڕاوەسـتــابوون؛ لەســەر مــێــزێکی چای لـە گــۆشــەیەکـدا گــازۆز و ســیــمــیت دەفــرۆشــرا. لای دەســتــشــۆرەکـانـەوە بۆنی کـەلاک دەهات و چـەند لاوێکی دی لەوێدا بەچرپە دەدوان. بەلای پۆلیـسگەلێکی شـینپـۆش و چەند سـڤـیلێکی بێـتـەل بەدەسـتی لەولاترەوە ڕاوەسـتـادا تێ پەڕی. بێ ئەوەی گوێ بە جـەنجاڵی و ژاوەژاوی ناو هۆڵەکە بدات، بەوردی سـەرنجـی دا لـە جـووڵەی چەند دەنکە نۆکێک منداڵێکی بچووک دەست لە دەستی باوکیدا کردبوویە ناو شووشـەیەکی گازۆزەوە.

(کا) سـەیری کرد یەکێک لەوانەی لە قەراغەوە ڕاوەسـتـاون، بە شـڵـەژانەوە دەستی بۆ ڕادەوەشێنێت، بەڵام دڵنیا نەبوو لەوەی داخۆ بۆ ئەمە.

"هەر لە دوورەوە بە پاڵتۆکەتاندا ئێوەم ناسییەوە".

(کا)، بە بینینی ڕووخساری نەجیب لە نێزیکەوە، شەپۆلێکی خۆشەویستیی قوڵ بە هەناویدا تێ پەڕی. باوەشێکی بەهێزیان بەیەکدا کرد.

نەجـیب گــوتـی: "دەمـزانـی دێن، زۆر خــۆشــحــاڵ بـووم. دەتوانم یەکــســەر

شتێکتان لێ بپرسم؟ دوو شتی زۆر گرینگم لە خەیاڵە."

"شتێکە یان دوو شت؟"

نەجیب گوتی: "ئێوە زۆر ژیرن، تەنانەت هێندە ژیرن تا ڕادەی تێگەیشتن لەوەی ئەقڵ هەموو شتێک نییە." (کا)ی بەکێش کرد بۆ گۆشەیەکی ئارام تا بتوانن باشتر قسە بکەن: "بە هیجران، یان قەدیفەتان گوت ئەڤینی ئەو لە کەللەمی داوە و ئەو تاکە واتای ژیانی منە؟"

"نەخێر."

"ئەو کاتەی پێکەوە لە چایخانەکە چوونە دەرێ و ڕۆیشتن، هیچ باسی منتان نەکرد؟"

"پێم گوت قوتابیی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنانیت."

"وەک تر؟ ئەدی ئەو هیچی نەگوت؟"

"نەیگوت."

بێدەنگییەک کەوتە نێوانیانەوە.

نەجیب شێلگیرانە گوتی: "تێ دەگەم بەڕاستی هیچی تر لە بارەی منەوە قسەتان نەکردووە." تفێکی قووت دا: "چونکە قەدیفە چوار ساڵ بە تەمەن لە من گەورەترە، پێ دەچێت هەر هەستیشی پێم نەکردبێت. لەوانەیشە باسی شتی زۆر تایبەتیتان کردبێت لەگەڵیدا. بگرە لەوانەیە خۆتان لە قەرەی بابەتگەلی سیاسیی نهێنیش دابێت. من پرسیاری ئەمانە ناکەم. تەنیا پەرۆشی زانینی شتێکم کە ئێستا بۆ من زۆر گرینگە و پاشماوەی ژیانمی پێوە بەندە. قەدیفە ئەگەر هەر هیچ هەستیشی پێم نەکردبێت –بە ئەگەری زۆر ساڵانێکی زۆری پێ دەچێت تا هەست بە من دەکات و تا ئەو کاتەش شوو دەکات–، ئەوا ئێستا من لە وەڵامەکەی ئێوەوە تێ دەگەم داخۆ بەدرێژاییی ژیانم عاشقی دەبم، یان دەستبەجێ لە بیری خۆمی دەبەمەوە. تکایە هەر ئێستا و بێ خۆخەڵەفاندن، ڕاستیم پێ بڵێن."

(کا) بەشێوەیەکی فەرمی گوتی: "چاوەڕێی پرسیارەکەتان دەکەم."

"هیچ باسی شتگەلی ڕووکەشتان کرد؟ باسی شتی تەوش و تووڕەهاتی ناو تەلەڤزیۆن، قسە و قسەلۆکی بێ بایەخ، شتگەلی بچووک لەوانەی مرۆڤ دەتوانێت بە پارە بیانکڕێت. لێم تێ دەگەن؟ ئایا قەدیفە وەک لێی بەدیار دەکەوێت، مرۆڤێکی گرانی ئەوتۆیە بایەخ بە شتی بچووکی ڕووکەش نادات، یاخۆ من بە خۆڕایی عاشقی بووم؟"

(کا) گوتی: "نەخێر، لە بارەی هیچ شتێکی ڕووکەشەوە نەدواین."

هەستی کرد وەڵامەکانی کاریگەرییەکی ڕووخێنەرانە لەسەر نەجیب دادەنێت، لە ڕووخساریشیدا بەدی کرد لاوە خوێنگەرمەکە وا خەریکە بە هەوڵێکی بەدەر لە توانای مرۆڤەوە هێزی خۆی کۆ دەکاتەوە.

"بەڵام بینیتان ئەو مرۆڤێکی نائاساییە."

"بەڵێ."

"ئایا دەکرێت تۆیش عاشقی ببیت؟ چونکە زۆر جوانە. هەم فرە شۆخە و هەم هێندەش سەربەخۆیە، بەجۆرێک لە هیچ ژنێکی تری تورکدا بەدیم نەکردووە."

(کا) گوتی: ئەگەر مەسەلەکە جوانی بێت، دادەی زۆر جوانترە."

نەجیب گوتی: "ئەدی باشە مەسەلەکە چییە؟ حیکمەت لەمەدا چییە خوای پەروەردگار بەردەوام دەمخاتە سەر کەڵکەڵەی بیرکردنەوە لە قەدیفە؟"

هەردوو چاوە گەورە و سەوزەکانی کە مایەی سەرسامیی (کا) بوون و یەکێکیان دوای پەنجا و یەک خوولەکی تر دەتەقێندرا، منداڵ ئاسا داچەقاندبوو.

(کا) گوتی: "نازانم."

"نەخێر دەزانیت، بەڵام نایڵێیت."

"نازانم."

نەجیب وەک ئەوەی بیەوێت هاوکاری بکات، گوتی: "گرینگ گوتنی هەموو شتێکە، ئەگەر نووسەر بام، ئەو شتەی بۆ گوتن نەدەشیا، من دەمگوت.

دەتوانیت ئەگەر بۆ جارێکیش بووە هەموو شتێکم پێ بڵێیت؟"

"بپرسە."

" لە ژیانی هەمووماندا شتێکی بنەڕەتی هەیە و دەمانەوێت، وا نییە؟"

"ڕاستە."

"ئەوەی تۆ چییە؟"

(کا) خۆی کپ کرد و زەردەخەنەیەکی بۆی کرد.

نەجیب بە شانازییەوە گوتی: "ئەوەی من زۆر سادەیە، دەمەوێت لەگەڵ قەدیفەدا ژیانی هاوسەری پێکەوە بنێم، لە ئەستەنبوڵ بژیم و ببم بە یەکەم نووسەری خەیاڵی زانستیی ئیسلامی. دەزانم ئەمانە کاری نەشیاون، بەڵام سەرباری ئەوەش هەر دەمەوێت. حاڵی دەبم تۆ ئەوەی خۆت نادرکێنیت، چونکە تێ دەگەم تۆ داهاتووی منیت. ئێستا ئەمە لەو نیگایەوە تێ دەگەم کە لە چاوانی منت بڕیوە: تۆیش لە مندا لاوێتیی خۆت دەبینیت و هەر لەبەر ئەوەشە منت خۆش دەوێت."

زەردەخەنەیەکی شاد و فێڵبازانە کەوتە سەر کەناری لێوی (کا) و لێی ترسا.

"کەواتە تۆ وەک بیست ساڵ لەمەوبەری منت لێ دێت؟"

"بەڵێ. ئەو ڕۆمانی خەیاڵی زانستییەی ڕۆژێک لە ڕۆژان دەینووسمەوە، دیمەنێکی کتومتی لەمەی ئێستای تێدا دەبێت. بمبوورن، دەتوانم دەست بخەمە سەر تەوێڵتان؟"

(کا) لەسەرخۆ سەری هێنایە پێشەوە. نەجیب وەک کەسێک لەمەوبەر ئەم جووڵەیەی کردبێت، بە ئاسانی لەپی دەستی خستە سەر ناوچەوانی (کا):

"ئێستا پێت دەڵێم بیست ساڵ لەمەوبەر بیرت لە چی کردووەتەوە."

"وەک ئەوەی لەگەڵ فازیلدا دەیکەیت؟"

"لەگەڵ ئەودا هەمان کات بیر لە یەک شت دەکەینەوە. لەگەڵ تۆدا زەمانێک

له نێوانماندا هەیە. تکایە ئێستا گوێ بگرە! ڕۆژێکی زستان، لە قوتابخانە بوویت، بەفر دەباری و ونوقمی بیرکرنەوە بوویت. لە ناخەوە گوێت لە دەنگی خوا بوو، بەڵام هەوڵت دەدا لە بیری بکەیت. هەستت دەکرد هەموو شتەکان لە یەک شتدا کۆ دەبنەوە، بەڵام وا بیرت دەکردەوە ئەگەر چاوی خۆت لە ئاستی ئەو سەرچاوەی هەستەدا دابخەیت، ئەوا ناشادتر و زیرەکتر دەبیت. مافی خۆت بوو، چونکە دەتزانی تەنیا ناشاد و ژیرەکان دەتوانن شیعر بنووسن. بۆ ئەوەی شیعری باش بنووسیت، زۆر قارەمانانە خۆت دایە بەر ئازارەکانی بێ باوەڕی. هێشتا بەتەواوی ئەقڵت بەوەدا نەشکابوو ئەگەر ئەو دەنگانەی ناوەوەت لە بیر بکەیت، ئەوا لە سەرانسەری گەردووندا تەنیا دەمێنیتەوە."

(کا) گوتی: "باشە، ڕاست دەکەیت، بەو شێوەیە بیرم دەکردەوە. ئەدی ئێستا تۆیش وا بیر دەکەیتەوە؟"

نەجیب بە شڵەژانەوە گوتی: "دەمزانی دەستبەجێ ئەم پرسیارەم لێ دەکەیت، ئایا تۆیش دەتەوێت باوەڕ بە خوا بهێنیت؟ دەتەوێت، وا نییە؟" لەپڕ دەستە ساردەکەی لەسەر ناوچەوانی هەڵگرت. "دەتوانم لەم بارەیەوە زۆر شتت پێ بڵێم. لە ناخیشمدا گوێم لە دەنگێکە پێم دەڵێت -باوەڕ بە خوا مەهێنە-، چونکە باوەڕهێنان بە شتێک بەو هەموو ئەڤینەوە، بێ هەستێکی گومان، یان بێ هەبوونی پەرۆشی لە بارەی نەبوونییەوە سەرناگرێت. لەمە دەگەیت؟ کاتێک تێ دەگەم بە هێزی باوەڕهێنان بە خوایە جوانەکەم لە ژیاندا ماوم -کتومت وەک ئەوەی لە سەردەمی منداڵیمدا بیرم دەکردەوە ئەگەر دایک و باوکم بمرن، چیم بکردایە-، هەندێک جار بیر دەکەمەوە ئەگەر خوا نەبوایە، چی دەبوو. لەو ساتەدا شتێک لە پێش چاوم بەرجەستە دەبێت: دیمەنێک، لەبەر ئەوەی دەزانم ئەو دیمەنە هێزی خۆی لە خۆشەویستیی خوا وەرگرتووە، لێی ناترسم، بگرە بە پەرۆشەوە تەماشای دەکەم."

"ئادەی باسێکی ئەو دیمەنەم بۆ بکە!"

"دەیخەیتە شیعرەکەتەوە؟ پێویستیش ناکات لە شیعرەکەتدا ناوی من بهێنیت. لە بەرامبەر ئەوەدا تەنیا یەک داخوازیم هەیە."

"بەڵێ!"

"لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا سێ نامەم بۆ قەدیفە نووسیوە. نەمتوانی هیچیان بە پۆستدا بنێرم. لەبەر شەرمکردنم نەبووە؛ بگرە لەبەر ئەوەی کارمەندانی پۆست دەیانکردەوە و دەیانخوێندەوە، چونکە نیوەی قارس پۆلیسی سڤڵین. نیوەی ئەم ئاپۆڕەیەی ئێرەش هەر هەون. هەموویان چاودێریمان دەکەن. لەوەش زیاتر، برادەرانی خۆیشمان هەر چاودێریمان دەکەن."

"برادەرانی خۆتان کێن؟"

"هەموو ئیسلامیە لاوەکانی قارس. زۆر پەرۆشی زانینی ئەوەن داخۆ لەگەڵ تۆدا باسی چ دەکەم. ئەوان هاتوون بۆ ئەوەی لێرە هەرا بنێنەوە، چونکە دەزانن ئەم ئاهەنگە وەردەگەڕێتە سەر خۆپێشاندانی لایست و ئەفسەرەکانی سوپا. لایستەکان دەیانەوێت کۆنە شانۆنامەی ناسراو بە (چارشێو) پێشکێش بکەن و لەو ڕێیەوە لە نرخی کچانی سەرداپۆشراو کەم بکەنەوە. من لە ڕاستیدا نەفرەت لە سیاسەت دەکەم، بەڵام هاوڕێکانم مافی خۆیانە یاخی بن، ئەوەندە هەیە لەبەر ئەوەی من هێندەی ئەوان گەرم و ئاگری نیم، لێم کەوتوونەتە گومانەوە. واتا ئێستا لەم کاتەدا و بە پێش چاوی هەموانەوە ناتوانم نامەکانت بدەمێ. دەمەوێت ئەو نامانەم بۆ بگەیەنیت بە قەدیفە."

"ئێستا کەس سەیر ناکات. هەر ئێستا بمدەرێ، دواییش باسی ئەو دیمەنەم بۆ بگێڕەوە."

"نامەکان لێرەن، بەڵام ئێستا لای خۆم نین. لە پشکنینی بەر دەرگا ترسام. لەوانەیە هاوڕێکانیشم بمپشکنن. با ڕێک دوای بیست خوولەکی تر لە بەردەم دەستشۆری ئەوسەری داڵانی پشت دەرگای لای شانۆوە یەکتر بگرینەوە."

"باشە ئەو کاتە دیمەنەکەم بۆ دەگێڕیتەوە؟"

نەجیب گوتی: "ئەوا یەکێکیان بەرەو ئێرە دێت." سەیرێکی دووری کرد. "دەیناسم. سەیری ئەو لایە مەکە، خۆت زیاد بەهەند مەگرە و وا پێشان بدە

بەشێوەیەکی ئاسایی قسە دەکەیت."

"باشە."

"سەرجەم خەڵکی قارس پەرۆشی ئەوەن بزانن تۆ بۆچی بۆ ئێرە هاتوویت، هەموو پێیان وایە دەوڵەتی خۆمان، تەنانەت هێزەکانی ڕۆژئاوا تۆیان بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی نهێنی بۆ ئێرە ناردووە. هاوڕێکانم منیان ناردووە بۆ ئێرە بۆ ئەوەی ئەمانەت لێ بپرسم. ئەم واتەواتە ڕاستە؟"

"نەخێر."

"چییان پێ بڵێم؟ بۆچی هاتوویت بۆ ئێرە؟"

"نازانم."

"دەزانیت، بەڵام لە شەرماندا نایڵێیت." بێدەنگییەک هاتە ئاراوە. نەجیب گوتی: "لەبەر ئەوەی خەمگین بوویت هاتی بۆ ئێرە."

"بە چیدا ئەمەت زانی؟"

"بە چاوەکانتدا دەزانم: هەرگیز کەسم نەبینیوە وەک تۆ خەمبارانە بڕوانێت... ئێستا منیش کامەران نیم؛ بەڵام من لاوم. ناکامەرانی هێزم پێ دەبەخشێت. لەم تەمەنەدا ناکامەرانی دەخەمە پێش کامەرانییەوە. لە قارسدا تەنیا دەبەنگ و خراپەکاران دەتوانن شادمان بن. بەڵام کاتێک دەگەمە ئەم تەمەنەی تۆ، خوازیارم شادمانییەکم هەبێت بتوانم پاڵی پێوە بدەم."

(کا) گوتی: "ناکامەرانیم، من لە بەرامبەر ژیاندا دەپارێزێت. خەمی منت نەبێت."

"چەند جوانە. تووڕە نەبوویت، وا نییە؟ شتێکی هێندە باش بە ڕووخسارتەوە دیارە، بەجۆرێک هەستم وایە دەتوانم هەموو شتێک بە هزرمدا ڕابووڕێت، تەنانەت تەوشترین شتیش، لەکن تۆ بدرکێنم. ئەگەر ئەو شتانە لای هاوڕێکانم بڵێم، دەستبەجێ دەمکەنە مەسخەرەی خۆیان."

"تەنانەت فازیلیش؟"

"فازیل شتێکی ترە. هەرکەسێک خراپەم دەرهەق بکات، ئەو تۆڵەم بۆ

دەکاتەوە و دەشزانێت بیر لە چی دەکەمەوە. دە ئێستا کەمێکیش تۆ قسە بکە. کابرا سەیرمان دەکات."

(کا) گوتی: "کامە کابرا؟" سەیری ئاپۆڕەکەی پشتەوەی دانیشتووانی کرد: پیاوێکی سەر هەرمێیی، دوو لاوی دەموچاو بە قنچکە، چەند لاوێکی برۆ گرژ و جلی هەژارانە لەبەر، هەمووویان ڕوویان بەرەو شانۆکە وەرگێڕا و هەندێکیشیان وەک سەرخۆش خۆیان بادەدا.

(کا) لە بن لێوەوە گوتی: "ئەم ئێوارەیە من تەنیا کەس نیم دەخۆمەوە."

نەجیب گوتی: "ئەوانە لە ناکامەرانیی خۆیاندا دەخۆنەوە، ئێوەش بۆ ئەوەی کامەرانیی شارداوەی ناوەوەتان خۆی ڕابگرێت، خواردووتانەوە."

لەگەڵ تەواوکردنی قسەکانیدا، لەپڕ خۆی کرد بەناو ئاپۆڕەکەدا. (کا) دڵنیا نەبوو لەوەی داخۆ باش گوێی لە قسەکانی نەجیب بووە یان نا، بەڵام هۆشی لە ناوەوە ئەوەندە ئاسوودە بوو، بەجۆرێک سەربارى هەموو غەڵبەغەڵب و هەرای ناو هۆڵەکە، وای دەزانی گوێی بۆ ئاهەنگێکی موزیکی ئارام ڕاگرتووە. یەکێک دەستی بۆی ڕاوەشاند، لە ناو بینەراندا چەند کورسییەکی خاڵی هەبوون بۆ "هونەرمەندان" جیا کرابوونەوە، کارمەندێکی نیوە بەڕێز و نیوە چەقاوەسووی سەر بە دەستەی شانۆکاران، (کا)ی دانیشاند.

من دوای چەندین ساڵ لەو کاسێتە ڤیدیۆییانەی لە ئەرشیڤی (تەلەڤزیۆنی سەرحەد قارس)دا دەریانم هێنا، (کا)م ئەو شەوە لەسەر شانۆ بینی. سکێچێکی کورت لەسەر شانۆ پێشکێش دەکرا و گاڵتەی بە ڕێکلامی بانکێک دەکرد، (کا) لەبەر ئەوەی ساڵانێکی درێژ بوو لە تورکیا سەیری تەلەڤزیۆنی نەکردبوو، نەیدەتوانی تێ بگات کامیان هەجووە و کامیان لاسایی کردنەوەیە. بەڵام لەوە گەیشت ئەو پیاوە لووتبەرزەی بۆ پارە خەواندن چووە بانکەوە، یەکێک بوو لەوانەی دەیویست بە هەر نرخێک بووە خۆی وەک ڕۆژئاوایی پێشان بدات. تیپی شانۆی برێختچی- باختینچیی سونای زایم لە چایخانەکانی شارۆچکە دوورەدەستەکانی بچووکتر لە قارس، لەو شوێنانەی

نە ژنیان دەگەیشتێ و نە پیاوەکانی دەوڵەوت، ئەم شانۆیەیان بەشێوەیەکی زۆر بێ ئەدەبانەتر پێشکێش دەکرد، فیز و لە خۆباییبوونی کابرای مۆدێرن لە کاتی وەرگرتنی کارتی بانکدا، وەردەگەڕایە سەر قوون بادان و بینەرانی نوقمی پێکەنین دەکرد. (کا) لە دوایین ساتدا بۆی ڕوون بووەوە ئەو پیاوە سمێڵ بابڕەی لە سکێچەکەی تردا جلی ژنی لەبەر کردووە و شامپۆی ڕەشی بریقەدار و کرێمی قژی لە سەری داوە، سوونای زایم خۆیەتی. سوونای بە جلوبەرگی ژنانەوە وەک ئەو سەردەمانەی کە دەویسترا بە (پروپاگەندەی دژی سەرمایەداری) ئاپۆڕەی تووڕە و هەژاری چایخانە پیاوانەکانی قەراغ شارەکان هێور بکرێتەوە، لە سەرێکەوە جنێوی پیسی دەدا و لە سەرێکی ترەوە وای پێشان دەدا لە دواوە شووشە درێژەکەی شامپۆ بە قوونی خۆیدا دەکات. پاشان فوندا ئەسەری ژنی سونای دەستی کرد بە لاساییکردنەوەی ڕێکلامی جۆرێک لە باسترمەی زۆر خۆشەویست لای دانیشتووان. سجوقێکی بەدەستەوە گرت و گوتی "ئەسپە یان کەر؟" بە خۆشییەکی زۆر بێ ئەدەبانەوە هەندێک بەدەستییەوە کێشانەی کرد و بێ ئەوەی زیاتر درێژەی پێ بدات، سەر شانۆی بەجێ هێشت.

دواتر ڤورالی گۆڵچیی ناسراوی سالانی شەست هاتە سەر شانۆ، دەستی کرد بە گێڕانەوەی ئەوەی چۆن لە یارییەکی نیشتمانیدا لە ئەستەنبوڵ هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئینگلیز یازدە گۆڵیان لێ کردبوو. باسی بێ ئابڕوویی و تەڵەکەبازیی خۆی لەگەڵ ژنە ئەکتەرەکانی ئەو سەردەمەدا گێڕایەوە. بەدەم چێژێکی نامۆی ئازارچەشتن و هەوای داماویی پڕ لە بەزمی تورکەوە، گوێ بۆ قسەکانی ڕاگیرا.

## ١٦

# ئەو شوێنەی کە خوای لێ نییە

## ئەو دیمەنەی نەجیب دیبووی و شیعرەکەی (کا)

کاتێک (کا) دوای بیست خوولەک گەیشتە ئاودەستخانەکانی ئەوسەری ڕێڕەوە ساردەکە، سەرنجی دا نەجیبیش هاتووە و لە پشتی چەند مێزکەرێکەوە ڕاوەستاوە. ماوەیەک وەک دوو کەسی نائاشنا بەیەکدی، لە بەردەم دەرگا قفڵدراوەکانی ڕیزە ئاودەستدا چاوەڕێیان کرد. (کا) سەیرێکی گوڵ و گەڵا نەخشێندراوەکانی بنمیچی بەرزی ئاودەستخانەکەی کرد.

ئاودەستێک چۆڵ کرا و ئەمان خۆیان پێدا کرد. (کا) هەستی کرد پیرە پیاوێکی ددان لە دەمدا نەماو ئەمانی دی. دوای ئەوەی چوونە ژوورەوە و سولگییان ڕاکێشا، نەجیب گوتی: "نەبیندراین." دواتر بە خۆشییەوە باوەشی بە (کا)دا کرد. بە جووڵەیەکی جەربەزانە، بە پێڵاوە وەرزشییەکانی پێی نا بە پنتێکی دیواری ئاودەستەکەدا، خۆی بەرز کردەوە، دەستی درێژ کرد و زەرفەکانی سەر دەسکی ئاوڕێژەکەی دۆزییەوە. دابەزیە خوارێ، بە تاسەوە فووی لە تۆزی سەر زەرفەکان کرد و پاکیانی کردەوە، گوتی: "لە کاتێکدا ئەم نامانە دەدەیتە قەدیفە، دەمەوێت شتێکی پێ بڵێیت. زۆر بیرم لەمە کردەوە. لە دوای ئەوەی ئەم نامانەی من دەخوێنێتەوە، ئیدی من لە ژیاندا هیچ ئومێدێکم بە قەدیفە نامێنێت و چاوەڕێی هیچی لێ ناکەم. دەمەوێت ئەمەی زۆر بە ڕاشکاوی پێ بڵێیت."

"دوای ئەوەی لە عەشقی تۆ ئاگادار دەبێتەوە و دەزانێت هیچ ئومێدێکیش نییە، ئیدی بۆچی ئەڤینی خۆتی بۆ بەیان دەکەیت؟"

نەجیب گوتی: "من وەک تۆ لە ژیان و خۆزگە و هەوەسەکانم ناترسم." ترسا (کـا)ی نیگەران کـردبێت: "ئەم نـامـانە تەنیـا چارەسـەرن بۆ من: مـن بێ عاشقبوونی کەسێک و خۆشویستنی جوانییەکەی، ناتوانم بژیم. پێویستە کەسێکی ترم بە کامەرانی خۆش بوێت، بەڵام دەبێت سەرەتا قەدیفە لە سەری خۆم دەربهێنم. دەزانیت دوای قەدیفە هەمـوو حەزلێکردنم بۆ کێ دەکـەم بە دیاری؟"

نامەکانی دایە دەستی (کا).

(کا) بەدەم هەڵگرتنی نامەکانەوە لە گیرفانی پاڵتۆکەیدا پرسی: "بۆ کێ؟"

"بۆ خوا."

"ئەو دیمەنەی دیوتە، بۆم بگێڕەوە."

"جارێ ئەو پەنجەرەیە بکەرەوە! ئێرە بۆگەنی لێ هەڵدەسێت."

(کـا) دەسـتی نا بە دەسکی ئاسنیندا و پەنجەرەی بچووکی ئاودەستی کـردەوە. بە سـەرسامی و وەک ئەوەی سـەیری پەرجوویەک بکەن، نیگایان لە کلووە بەفـرەکـان بڕی و سـەیریان کـرد بـە هێـمنی لە تاریکاییی دەرەوەدا دەبارین.

نەجیب بەچرپە گوتی: "ئای خوای گەورە، چەند جوانە!"

(کا) گوتی: "بە بۆچوونی تۆ جوانترین ڕەهەندی ژیان کامەیە؟"

کەمێک بێدەنگی هاتە ئاراوە. نەجیب وەک ئەوەی ڕازێک بدرکێنێت، گوتی: "هەمووی!."

"باشە مەگەر ژیان ناشادمان ناکات؟"

"دەیکات، بەڵام ئەوە تاوانی خۆمانە، نەک تاوانی گەردوون و ئافرێنەری."

"دیمەنەکەم بۆ بگێڕەوە."

نەجـیب گوتـی: "جـارێ دەست بخـەرە سـەر ناوچەوانم و داهاتووی خـۆم بۆ بخوێنەوە." چاوەکانی کە یەکێکیان دوای بیست و شەش خوولەکی تر لەگەڵ مـێشکیدا دەپرژێندرا، بەباشی کـردەوە. "دەمـەوێت ژیـانێکی بـەختـەوەر و

تێروتەسەل بەسەر ببەم و زۆر شتی جوانیش بە هزرمدا ڕادەبوورێت، وەلێ زۆر بەپەرۆشم بزانم دوای بیست ساڵی تر چۆن بیر دەکەمەوە."

(کا) لەپی دەستی خستە سەر پێستی تەنکی تەوێڵی نەجیب. وەک ئەوەی دەستی خستبێتە سەر شتێکی زۆر گەرم و داخبوو، بەگاڵتەوە دەستی کێشایەوە و گوتی: "ئاهـ، ئەی هاوار خوای گەورە! لێرەدا بزاوتێکی زۆر هەیە."

"بیلێ."

(کا) گوتی: "دوای بیست ساڵی تر، واتا ئەو کاتەی تەمەنی تۆ دەبێت بە سی و حەوت ساڵ، لە ئاکامدا تێ دەگەیت گشت خراپەکارییەکانی جیهان، واتا نەداری و بێ ئەقڵیی لە ڕادەبەدەری هەژاران و دەوڵەمەندی و ژیریی بێ سنووری دەستڕۆیشتووان، زۆرداری، توندوتیژی و دڵڕەقی، بە واتایەکی تر، هەموو ئەو شتانەی ویستی مردن و هەستی گوناهباری لە تۆدا دەورووژێنن، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وەک یەک بیرکردنەوەی هەمووان. بۆیە درک بەوە دەکەیت لەم سەرزەمینەدا هەمووان بەڕەوشت دێنە پێش چاو، بەڵام دواتر دەبەنگ دەبن و دەمرن، تۆ تەنیا دەتوانیت وەک مرۆڤێکی بەدڕەوشت و خراپ دەربکەویت. بەڵام حاڵیش دەبیت ئەمە ئاکامێکی زۆر خراپی دەبێت، چونکە لە ژێر دەستی لەرزۆکمدا هەست بەم دەرئەنجامەش دەکەم..."

"ئەوە چییە؟"

"تۆ زۆر ژیریت و هەر ئەمڕۆیش دەزانیت ئەوە چییە. بۆیە دەمەوێت لە پێشدا تۆ بیدرکێنیت."

"چییە؟"

"لە ڕاستیشدا دەزانم لەم سۆنگەیەوەیە لە بەرامبەر بەدبەختی و بێ نەواییی هەژاراندا هەست بە تاوانباریی خۆت دەکەیت."

نەجیب گوتی: "واتا، تۆبە خوایە، من باوەڕ بە خوا ناکەم؟ ئەگەر وا بێت، ئەوا دەمرم."

"وەک بەسەرهاتی ئەو بەڕێوەبەرە دامـاوەی لە ژوورکێـشەکەدا بوو بە ئەتایست، ئەمە بە شەوێک ڕوو نادات! هێندە بە خـاوی ڕوو دەدات بگرە هەستیشی پێ ناکەیت. وەک ئەو کەسەت لێ دێت کە بەیانیانێک زیاد لە پێویست ئارەقی خواردبووە و هێندە بە خاوی مردبوو، بەجۆرێک وای زانیبوو سالانێکی درێژە لە دنیای ئەودیوە."

"ئەو کەسە تۆیت؟"

(کا) دەستی لەسەر ناوچەوانی نەجیب هەڵگرت: "تەواو بە پێچەوانەوە. چەندین ساڵە من هێدی هێدی باوەڕم بە خوا هێناوە. ئەمە هێندە لەسەرخۆ ڕووی دا، بەجۆرێک تەنیا لە هاتنمدا بۆ قارس توانیم پەی پێ ببەم. لەبەر ئەوە لێرە کامەرانم و دەتوانم شیعر بنووسم."

نەجیب گوتی: "ئێستا فرە بەختەوەر و ژیر دێیتە پێش چاوم، بۆیە گەرەکمە لێت بپرسم: ئایا بەڕاستی مرۆڤ دەتوانێت پێشبینیی داهاتوو بکات؟ ئەگەر بۆیشی نەکرێت، گەلۆ دەتوانێت باوەڕ بکات لە دەستی دێت و هەست بە ئاشتی و ئارامی دەکات؟ ئەمە دەخەمە یەکەم ڕۆمانی خەیاڵی زانستیمەوە."

(کا) گوتی: "هەندێک مرۆڤ هەن دەزانن... فەرموو بڕوانە، سەردار بەگی خاوەنی ڕۆژنامەی شاری سەرحەد لە زووەوە پێشبینیی ڕووداوەکانی ئەم ئێوارەیەی کردووە، هەمووی نووسیووە و لە ڕۆژنامەکەیدا بڵاوی کردووەتەوە."

(کا) ڕۆژنامەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و هەردووکیان تەماشایان کرد: "... شانۆنامەکە جاروبار بە چەپڵەڕێزان و دەربڕینی ڕەزامەندی، ڕادەگیرا."

نەجیب گوتی: "ئەمە دەبێت ئەوە بێت کە مرۆڤ پێی دەڵێت بەختەوەری. ئەگەر ئەوەی بە سەرمان دێت پێشتر لە ڕۆژنامەکاندا بماننووسیبان و پاشان شتە جوانە نووسراوەکانمان بقەومابان، ئەوسا دەبووین بە شاعیری ژیانی خۆمان. ڕۆژنامەکە نووسیویەتی تۆ دوایین شیعری خۆت خوێندووەتەوە. کامە شیعرە؟"

لە دەرگای ئاودەسەکە درا. (کا) داوای لە نەجیب کرد دەستبەجێ –ئەو دیمەنە–ی بۆ بگێڕێتەوە.

نەجیب گوتی: "ئێستا دەیگێڕمەوە، بەڵام لای کەس ناڵێیت لە منت بیستوە. زۆریان پێ خۆش نییە پێوەندیم لەگەڵ تۆدا هێندە توند و تۆڵ بێت."

(کا) گوتی: "بە کەس ناڵێم، هەر ئێستا بۆم بگێڕەوە."

نەجیب بەخرۆشەوە گوتی: "خوام زۆر خۆش دەوێت. جاروبار -دوور بێت- بێ خواستی خۆم لە خۆم دەپرسم ئەگەر نەبوایە، چ دەقەوما، لەگەڵیدا دیمەنێکی تۆقێنەر دێتە پێش چاوم."

"بەڵێ."

"لە تاریکاییی شەودا لە پەنجەرەوە سەیری ئەو دیمەنە دەکەم. لە دەرەوە دوو دیواری سپیی بەرز و بێ پەنجەرەی وەک دیواری قەڵا دەبینم. وەک ئەوەی دوو قەڵا لە بەرامبەر یەکتردا ڕاوەستابن! من بە ترسەوە سەیری لێژاییی نێوانیان دەکەم و وەک دالانێکی تەنگ دێتە پێش چاوم. ئەو کۆڵانەی خوای لێ نییە، وەک ئەوانەی قارس بەفراوی و قوڕاوییە، بەڵام ڕەنگی مۆرە! شتێک لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەدایە پێم دەڵێت -ڕاوەستە-، بەڵام من سەیری ئەوپەڕی کۆڵان، تەماشای کۆتاییی دنیا دەکەم. لەوێدا دارێک هەیە، دوایین داری ڕووتەڵە و بێ گەڵا. لەپڕ لەبەر ئەوەی من سەیری دەکەم، سوور دادەگرێت و گڕ دەگرێت. لەو ساتەدا لە پای پەرۆشیم بۆ زانینی ئەو جێیەی خوای لێ نییە، هەست بە تاوانباری دەکەم. پاشان دارە سوورەکە، ڕەنگی تاریکی پێشووتری خۆی وەردەگرێتەوە. بە خۆم دەڵێم هیچی تر سەیر ناکەم، بەڵام خۆم پێ ڕاناگیرێت، سەیر دەکەمەوە و دارەکەی ئەوپەڕی دنیا دیسان سوور دادەگەڕێت، گڕ دەگرێت و دەست بە سووتان دەکات. ئەمە تا بەرەبەیان درێژە دەخایەنێت."

(کا) پرسی: "بۆچی ئەم دیمەنە هێندە دەتترسێنێت؟"

"چونکە جاروبار ئیبلیس دنەم دەدات و وا دێت بەخەیاڵمدا ئەم دیمەنە بۆی هەیە سەر بەم دنیایەش بێت. بەڵام ئەو شتەی دێتە پێش چاوم، شتێکە من خەیاڵم بۆی چووە. ئەگەر جێیەکی وەک ئەوەی باسم کرد لەم جیهانەدا

هەبوایە، ئەوا ئەو کاتە -تۆبە خوایە- واتای نەبوونی خوای دەگەیاند. بەو پێیەی ئەمە لە ڕاستیی بەدووره، تەنیا شیمانەیەک دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە من باوەڕم بە خوا نییە. ئەمەش لە مردن خراپترە."

(کا) گوتی: "تێ دەگەم."

"سەیری ئەنسکۆپیدیایەکم کرد، سەرچاوەی وشەی ئەتایست -ئاتۆس-ی یۆنانییە. ئەو وشەیەش بۆ کەسێک بەکار نابرێت خوا نەناسێت، بگرە بۆ کەسانێک بەکار دەهێندرێت لە لایەن خواوەندەکانەوە تڕۆ کرابن. ئەمەش پێشانی دەدات مرۆڤ لە قارس هیچ کاتێک خوانەناس نابێت، چونکە ئەگەر تەنانەت خۆیشمان داوای لێ بکەین، خوا لێرە جیمان ناهێڵێت. هەرکەسێک مەیلی خوانەناسیی هەبێت، پێویستە سەرەتا ببێت بە ڕۆژئاوایی."

(کا) گوتی: "من دەمویست لە یەک کاتدا ڕۆژئاواییش بم و باوەڕیش بهێنم."

"مرۆی تڕۆکراو لەلایەن خواوە، ئەگەر تەنانەت هەموو ئێوارەیەک بچێتە چایخانە، لەگەڵ هاوڕێکانیدا بتریقێتەوە و یاریی کاغەز بکات، گشت ڕۆژێک لەگەڵ هاوپۆلەکانیدا قاقا لێ بدات، بەزم بگێڕێت، تەواوی ڕۆژەکانی بە گفتوگۆ و دەمەتەقێ لەتەک دۆست و هاوڕێکانیدا بەسەر ببات، ئەوا هێشتا هەر تەنیایە."

(کا) گوتی: "سەرباری ئەوەش دەکرێت خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە و دڵدانەوە هەبێت."

"پێویستە ئەویش تۆی خۆش بوێت، هەروەک چۆن تۆ ئەوت خۆش دەوێت."

دیسانەوە لە دەرگا درا، نەجیب باوەشی بە (کا)دا کرد، وەک منداڵ ڕوومەتەکانی ماچ کرد و چووە دەرەوە. (کا) سەیری کرد کەسێک چاوەڕێیە بچێتە ئاودەستەکەوە، بەڵام ڕێک لەو ساتەدا تاوی دا بۆ ئاودەستێکی تر. ئەم دیسان سولگی دەرگای قایم کرد و بەدەم سەیرکردنی بەفر بارینی ئەفسانە ئاساوە جگەرەیەکی داگیرساند. وەک ئەوەی شیعرێکی بیر بکەوێتەوە، وشە بەوشەی دیمەنەکەی نەجیب هاتنەوە بیری. ئەگەر کەس لە پۆرلۆک-ەکەوە

نەهاتبایە، ئەوا دەیتوانی ئەو دیمەنەی نەجیب وەک شیعر لە دەفتەرەکەیدا تۆمار بکات.

ئەو پیاوەی لە پۆرلۆک-ەکەوە دێت! لە ساڵانی کۆتاییی قۆناغی ئامادەییی و ئەو ڕۆژگارەی تا نیوەی شەو سەبارەت بە ئەدەبیات قسەمان دەکرد، ئەمە خۆشەویستترین بابەتی من و (کا) بوو. هەرکەسێک کەمێک ئاشنای شیعری ئینگلیزی بێت، ئاگادارە Coleridge لە سەرەتای شیعری (قوبیلای خان)دا بە ناوونیشانی (خەیاڵێکی لە خەوندا بیندراو، بەشێک لە شیعرێک)، باس لەوە دەکات چۆن لە ژێرکاریگەریی دەرمانێکدا کە بەهۆی نەخۆشکەوتنییەوە بەکاری هێناوە (لە ڕاستیدا بۆ چێژ وەرگرتن ئەفیۆنی کێشاوە)، خەوی لێ کەوتووە، پێش لەوەی خەو بیباتەوە، کتێبێکی بەدەستەوە بووە و خوێندوویەتیەوە، لە خەونێکی ناوازەدا دەبینێت ڕستەکانی ناو کتێبەکە هەریەکەیان بوون بە شتێک و بە شیعر، شیعرێکی هێندە بەرز، وەک ئەوەی هیچ هێزی هزری بۆ نەخرابێتە کار و هەر لە خۆیەوە پێک هاتبێت! لەوەش گرینگتر، Coleridge پاش هۆشیاربوونەوەی لە خەو، وشە بەوشەی ئەم شیعرە بەرزەی لەبەر دەبێت، کاغەز، پەڕەموورچ و مەرەکەب دەردەهێنێت و بەپەلە دەست دەکات بە نووسینەوەی بەیت بەبەیتی شیعرەکەی. نووسینەوەی ئەو بەیتانەی شیعرەکەی کە بەلای ئێمەوە ئاشکرایە، تەواو دەکات، ڕێک لەو کاتەدا لە دەرگا دەدرێت، هەڵدەسێت و دەرگا دەکاتەوە: کابرای بەر دەرگا کەسێک بوو لە شاری پۆرلۆکی نێزیکەوە بۆ قەرزی پارە هاتبوو. Coleridge دوای لە کۆڵکردنەوەی کابرا، بەپڕتاو دەگەڕێتەوە بۆ سەر مێزەکەی، بەڵام دوای چی! تێ دەگات پاشماوەی شیعرەکەی لە بیر چووە و تەنیا ڕیتمەکەی و تاک و تەرا وشە لە هزریدا ماوە.

لەبەر ئەوەی کەس لە پۆرلۆک-ەوە نەهاتبوو تا سەرنجی (کا) پەرش بکات، کاتێک بانگ کرا بۆ سەر شانۆ، هێشتا شیعرەکەی لە بیر مابوو. لە سەر شانۆ باڵای لە هەموان بەرزتر بوو، پاڵتۆی ڕەنگ خۆڵەمێشیی ئەڵمانیش، ئەوی لە هەموو ئەوانی تر جیا کردبووەوە.

غەڵبەغەڵب و هەرای ناو هۆڵەکە لەپڕ بڕایەوە. هەندێکیان، قوتابیانی زیرەک، بێکار و ئیسلامییە سیاسییە ڕەخنەگرەکان، لەبەر ئەوەی نەیاندەزانی بە چی پێ بکەنن و نارەزایی لە دژی چی دەربڕن، بێدەنگ بووبوون. فەرمانبەران، پۆلیسەکان، ئەوانەی بە درێژایی ڕۆژ بەدوای (کا)ەوە بوون، جێگری پارێزگار، جێگری بەڕێوەبەری ئاسایش و مامۆستاکانی ڕیزی پێشەوە، دەیانزانی (کا) شاعیرە. بێژەرە قوچەکە بێدەنگیی ناو هۆڵی شڵەقاند. پرسیارێکی لە (کا) کرد لە جۆری ئەو پرسیارانەی لە –بەرنامەی چاند–ی تەلەڤزیۆنیدا لە مێوان دەکرێت. "شاعیرن، شیعر دەنووسن. ئایا شیعر نووسین سەختە؟" لە کۆتاییی ئەم گفتوگۆ کورت و لەبەر دڵ گرانەدا کە من هەموو جارێک لە کاتی تەماشاکردنی کاسێتی ڤیدیۆکەدا دەمەوێت لە بیری بکەم، ئەوانەی لە هۆڵ دانیشتبوون، نەیاندەزانی شیعرنووسین سەختە، یاخۆ نا، هەموویان تەنیا ئەوەندە تێ گەیشتن (کا) لە ئەڵمانیاوە هاتووە.

یارۆی بێژەر دواتر پرسی: "شاری قارسی جوانی ئێمەت چۆن هاتە پێش چاو؟"

(کا) دوای ساتێک لە دوودڵیی گوتی: "زۆر جوان، گەلێک هەژار و فرە خەمبارە."

دوو قوتابیی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان لە دواوە پێکەنینیان بەم قسەیە هات. یەکێکی تر نەڕاندی: "ڕۆحی تۆ هەژارە." شەش حەوت کەسێکی تر غیرەت گرتنی، هەڵسانە سەرپێ و دەستیان بە ژاوەژاو کرد. نیوەیان شۆخییان دەکرد، نیوەکەی تریش، کەس لێیان تێ نەدەگەیشت چ دەڵێن. سالانێک دواتر، ئەو دەمەی لە قارس بووم، تورگوت بەگ بۆمی گێڕایەوە و گوتی کاتێک خەندە لە تەلەڤزیۆندا گوێی لەم قسەیە بوو، دەستی کرد بەگریان. بێژەر گوتی: "لە ئەڵمانیا نوێنەرایەتیی ئەدەبی تورکیتان دەکرد."

یەکێک نەڕاندی و گوتی: "با پێمان بڵێت بۆچی هاتووە بۆ ئێرە."

(کا) گوتی: "بۆیە هاتووم، چونکە زۆر ناشاد بووم، لێرە کامەرانترم. تکایە گوێ بگرن، ئێستا شیعرەکەم دەخوێنمەوە."

دوای تاوێک شـپـرزەیی و ژاوەژاو، (کـا) دەسـتـی کـرد بە خـوێندنەوەی شیعرەکەی. پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ کاسێتی ڤیدیۆی ئەو شەوەم دەست کەوت و بە سەرسامی و خۆشەویستییەوە سەیری هاوڕێکەم کرد. ئەوە یەکەم جارم بوو ببینم لە بەردەم ئاپۆڕەیەکی گەورەدا شیعر دەخوێنێتەوە. وەک کەسێک بەوردی و هێدی هێدی هەنگاو بنێت، بە سەری جەنجاڵەوە دەچووە پێشەوە. ئای چەندە لە فیز و خۆبادان بە دوور بوو! جگە لە ڕاوەستانی دوو جار، وەک ئەوەی بیەوێت شتێکی بیر بکەوێتەوە، ئەگەر نا، شیعرەکەی بێ ناوبەر و بەئاسانی خوێندەوە.

نەجیب هەستی کرد وشە بەوشەی ئەو دیمەنەی سەبارەت بەو شوێنەی خوای لێ نییە و پێش کەمێک بۆ (کا)ی گێرابووەوە، خراوەتە شیعرەکەوە. وەک ئەوەی جادووی لێ کرابێت، لە جێی خۆی ڕاست بووەوە، بەڵام (کا) بیری لە بارینی بەفرەکە کردەوە و لە خێراییی خۆی کەم نەکردەوە. دەنگی یەک دوو چەپڵە بیسترا. یەکێک لە ڕیزەکانی دواوە هەڵسا و دەستی کرد بە هاوار، هەندێکی تریش بەدوایدا هەمان شتیان کرد. نەدەزانرا داخۆ وەڵامی بەیتەکانی شیعرەکەیان دەدایەوە، یان بێزار بووبوون. ئەگەر ئەو تارماییییە حسێب نەکەین دوای کەمێک کەوتە سەر تەختە دیکۆرێکی سەوز، ئەوە دواین دیمەنی ئەو مرۆڤەی هاوڕێی بیست و حەوت ساڵم بوو من دەمبینی.

١٧

# "نیشتمان، یان سەرپۆش"

## پیەسێک سەبارەت بەو کچەی سەرپۆشەکەی خۆی دەسووتێنێت

دوای ئەوەی (کـا) لە خـوێندنەوەی شـیـعـرەکـەی بووەوە، کـابرای بێـژەر بە جـووڵەی نـاجـۆر و بەدەم دەربڕینـی وشـەی قـەبەوە پێـشکێـشکردنی پیـەسی داهاتوو (نیشتـمـان، یان سـەرپۆش)ی ڕاگەیاند و بە گەورەترین شـانۆنامـەی ئاهەنگی دانا.

لە ڕیزەکـانـی ناوەڕاست و پشـتـەوە، لە شـوێنی دانیـشـتنی قـوتابیـانی ئامـادەییی پێگەیاندنی پێـشنوێژان و وتارخـوێنانەوە دەنگی چەند نارازیبـوونێک، یەک دوو فـیکە، هۆیهـاکێـشـان و لە ناو فـەرمـانبـەرانی ڕیزی پێشـەوەش، دەنگی چەپڵـەی پشـتیـوانی و هـاندان بیسـترا. ئاپۆڕەی ناو هۆڵ، نیوەیان بە پەرۆشـەوە و نیوەکەی تر بە ڕێزەوە چاویان بڕیبووە تەختـەی شـانۆ و چاوەڕێی برگـەی داهـاتوو بوون. شـانۆنامـە -پڕوپووچەکـان-ی پێشـووتری تیپی شـانۆ، لاساییکردنەوەی بێ تامی ڕێکلامـەکان لە لایەن فوندا ئەسەرەوە، قـوونبـادانی لە هـەمـوو بارێکی گونجـاو و نەگونجـاودا، نواندنی ڕۆڵی پیـاوی گەندەڵی ژنە سەرۆک وەزیرێکی پێشووتر لەگەڵ سونای زایمدا، بە پێچەوانەی برێک لە فـەرمـانبـەرانی ڕیزەکـانی پێـشـەوە، دڵی ئاپۆڕەی بینەرانی لە ئاهەنگەکە سارد نەکردبووەوە، بگرە گەرمتریانی کردبوو.

(نیشـتـمـان، یـان سـەرپۆش)یش ئامـادەبووانی هێنایە جـۆش، بەڵام هەرا و فـیکەی قـوتابیـانی ئامـادەییی پێگەیاندنی پێـشنوێژ و وتارخـوێنان و دەنگ هەڵبـرینی بەردەوامیـان، مرۆڤی بێزار دەکرد، بۆیە کەس لـە دیالۆگەکانی سەر

شـانۆ حـاڵی نەدەبوو، بەڵام ئەم پـیەسـە بیـست خـوولەکـیـە سـوواو و –مـۆدە بەسـەرچووە بناغـەیـەکی دراماتیکی هێندە پتـەوی هـەبوو، بەجـۆرێک کـەسـانی کەڕ و بێ زمانیش لێی تێ دەگەیشتن.

١– ژنێـک سـەرپـۆشـێکی ڕەشـی قـەترانی بـە سـەرەوەیـە و بە شـەقـام و کـۆڵانەکاندا بەڕێوە دەڕوات، لەگەڵ خـۆیدا دەدوێت و بیـر دەکاتەوە. لەبەر هۆیەکی نەزانراو خەمبارە.

٢– ژنە، سـەرپۆش لە سـەر دەکاتەوە و ئازادبوونی خـۆی ڕادەگەیەنێت. ئێستا بێ سـەرپۆش و دڵشادە.

٣– خێزانی، دەزگیرانی، خـزم و ناسیاوانی، ڕیشداران و پیاوانی موسـڵمان، لەبەر هـۆکـاری جـۆراوجـۆر بـەرەنگاری ئەم ئازادییـە دەبنەوە و دەخـوازن ژنەکە سـەرلەنوێ سـەرپۆش لە سـەر بکاتەوە. ئەمـەش وا لە ژنە دەکات لە ساتێکی هەڵچووندا سەرپۆشەکەی بسووتێنێت.

٤– پیـاوانـی پـەرگـیـر و وشکەسـۆفـی ڕیش تۆپن و تـەزبیح بەدەست، بـەتوندی بەرەنگاری ئەم یاخـیبـوونە دەبنەوە، لـەو کـاتـەدا ژنـە بە قژ ڕادەکـێـشن و خـەریکن بیکوژن...

٥– سەربازە لاوەکانی کۆمار بە هانایەوە دێن و ڕزگاری دەکەن.

ئەم پـیــەســە کــورتە بەمــەبەســتی دوور ڕاگــرتنی ژنان لـە ســەرپۆش و پاڵەپەستۆی ئاینی و بە پشتیوانیی دەوڵەتی بە ڕۆژئـاواییبوو لە ناوەڕاستی سـالانـی ١٩٣٠ و لە مـیـانـەی شــەڕی دووەمی جـیـهـانـدا چـەندین جـار لە قوتابخـانەکان و مـەڵبـەندە مـیللییـەکانی ئەنـادۆڵدا پێشکێش کرابوو. دوای سـالانی ١٩٥٠ لەگەڵ پاشـەکشـەی تەوژمی شۆڕشـی کەمالیستی لە بەرامبەر بەهێزبوونی دیموکراسیدا، پیەسـەکە لە بیر چووبووەوە. فـوندا ئەسـەر کـە لەو پیــەســەدا ڕۆڵـی ژنەکــەی دەگــێــڕا، دوای چـەندین ســاڵ لە ســتــۆدیۆیـەکی تۆمارکردنی دەنگ لە ئەستـەنبوڵ بینیـمـەوە، بۆمی گێڕایەوە و گوتی دایکی شانازی دەکات لە پای ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٨دا لە ئامادەییی کوتاهیا هەمان

ڕۆڵی بینیوە، گوتیشی زۆر بەداخەوە بەهۆی ڕووداوەکانی قارسەوە نەیتوانیوە چێژ لە هەمان شادمانیی ڕەوا وەربگرێت. سەرەڕای باری داڕزان و ماندوویی و ئەو چاو بەرەوژێرییەی لە ئەنجامی تلیاک کێشاندا تووشی شانۆکاران دەبێت و هەمـوو شـتـێک لـە بیـر دەکـەن، من زۆرم لە فـوندا ئەسـەر کـرد بەسەرهاتەکانی ئەو شەوەم بۆ بگێڕێتەوە. لەبەر ئەوەی خەڵکانێکی زۆریشم لە بینەرانی ڕووداوەکـەی ئەو شـەوە دواندووە، لێـرەدا دەست بـە گـێـڕانەوەی وردەکارییەکان دەکەم:

بینەرانی قارس هۆڵی شانۆیان پڕ کردووە و لە پەردەی یەکەمدا پەشۆکاون. ناوی (نیشتمان، یان سەرپۆش) ئەوانی بۆ گەمەیەکی هەنووکەیی و سیاسی سازداوە، بەڵام یەک دوو پیاوی بەساڵاچووی لێ دەربچێت لەوانەی ئەم پیەسە کورتەیان لە بیر مابوو، کەسی تر چاوەڕێی ژنی سەرپۆش بەسەری نەکردووە. لە خـەیاڵی ئەواندا سـەرپـۆش هێـمـای ئیـسـلامی سـیـاسی بوو. زۆرێک لە ئامادەبووان دەکەونە بەر کاریگەریی شێوازی ڕەوت و شانازی بەخۆکردنی ژنێکی پڕ لە ڕازی سـەرپۆش بەسـەر کـە بەوپەڕی بڕوا بەخـۆبـوونەوە لەسـەر شـانۆ هـەنگاو دەنێت. بگرە فـەرمـانبـەرە -ڕادیکاڵەکـان-یش، ئەوانەی سـووکـایەتیـان بە پۆشـاکی ئاینی دەکـرد، ڕێزیان بۆ ئەو ژنە هـەبووە. قوتابییەکی وریای ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان پەی بە ژنی سـەرپۆش بەسـەر دەبات و بە لێدانی قـاقـایەکی زۆر بەرز تووڕەییی ئەوانەی ڕیزی پێشەوە بۆ خۆی مسۆگەر دەکات.

ئەگەر ژنی سەرپۆش بەسەر لە تابلۆی دووەمدا لە هەڵمەتێکی ڕووناکبیری و ئازادیدا دەست دەکات بە کردنەوەی سەرپۆشی سەری، هەمووان هەست بە ترس دەکـەن! دەتوانـین ئەمـە وا ڕوون بکەینەوەوە تەنانەت لایسـتـە بە ڕۆژئاواییـبووەکـانیش لە دەرئەنجامی بیرکردنەوەکانی خۆیان ترساون. لە راستیشدا ئەوان، لەبەر ئەوەی لە ئیسلامییە سیاسییەکان دەترسان، لە مـێژبوو بەوە ڕازی بووبوون هەمـوو شـتـێک وەک ڕابردوو پاڵ پێـوە بنرێت و بڕوا . ئەوان ئیدی وەک ساڵانی سـەرەتای کۆمـار بیریان لەوە نەدەکردەوە

دەوڵەت بە زۆر سەری ژنان ڕووت بکات، بگرە تەنیا دەیانویست (لای ئێمە وەک ئێرانی لێ نەیەت و ژنان لە ئەنجامی پاڵەپەستۆ و لە ترسی ئیسلامییەکان سەرپۆش لە سەر نەکەن.) دواتر تورگوت بەگ بە (کا)ی گوتبوو: "ڕاستییەکەی، سەرجەم ئەتاتورکچییانی ڕیزی پێشەوە، ئەتاتورکچی نین، بگرە بودەڵە و ترسنۆکن." هەمووان ترسی ئەوەیان لێ هاتبوو پێشاندانی سەر ڕووتکردنی ژنێکی سەرپۆش بەسەر لەسەر شانۆ، نەک تەنیا تیلەتەنگ و وشکباوەڕان، بگرە بێکار و بارهەڵگرەکانیش بهێنێتە هەڵچوون و بیانورووژێنێت. لەو ساتەدا مامۆستایەک لە ڕیزی پێشەوە هەڵدەستێتە سەرپێ و کاتێک فوندا ئەسەر بەدەم جووڵەی شیرین و بە بڕوا بەخۆبوونەوە سەرپۆش دادەکەنێت، ئەم چەپڵەی بۆ لێ دەدات، بەڵام بە بۆچوونی بڕێک لە ئامادەبووان، ئەم چەپڵە لێدانە چالاکییەکی سیاسیی نوێخوازانە نەبووە، بگرە کابرا لەبەر خاتری قۆڵی ڕووت و خڕین و گەردنی جوانی ژنەکە و لە ژێر کاریگەریی مەی خواردنەوەدا ئەو ڕەفتارەی لێ وەشاوەتەوە. لە ڕیزەکانی دواوە لاوێکی چنگڕ بە تووڕەبوون و هەڵچوون وەڵامی ئەو مامۆستا بێکەس و هەژارە دەداتەوە.

کۆماریخوازەکانی ڕیزی پێشەوەش ئەم ڕەوشەیان بە دڵ نابێت. ئەوان چاوەڕێ دەکەن دوای لابردنی سەرپۆشەکە، کچێکی لادێیی سادە، چاویلکە لەچاو و ڕووخسار ڕووناکی شەیدای خوێندن ببینن، بەڵام بە دیتنی فوندا ئەسەری سەماکەر سەریان تەقلیهەڤ دەبێت. گەلۆ ئەمە واتای ئەوەی دەگەیاند داخۆ تەنیا ژنانی سۆزانی و بەدڕەوشت سەر ڕووت دەکەن؟ ئەوە لەو سەردەمەدا پەیامی ئیسلامییە سیاسییەکان بوو. لە ڕیزەکانی پێشەوە دەنگی جێگری پارێزگار دێتە بەرگوێ و دەڵێت: "ئەم کارە هەڵەیە، هەڵە." هەندێکی تریش، لەوانەیە لە ڕووی سالوسییەوە بووبێت، دەنگی خۆیان دەخەنە پاڵ دەنگی ئەو، بەڵام هیچ کار لە فوندا ئەسەر ناکات. کاتێک ئەوانەی ڕیزی پێشەوە بە ڕێز و ئەندێشەوە سەیری کچە کۆماریخوازەکەیان دەکەن و بۆچوونیان وایە بەرچاوی ڕوون بووەتەوە و بەرگری لە ئازادیی خۆی دەکات،

لە ناو قوتابیانی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنانەوە دەنگی یەک دوو هەڕەشــە دەکـەوێتـە بەر گـوێ. جـێگری پارێزگـار، قـاسم بەگـی جـێگری بەڕێوەبـەری ئاسـایشی بەسـام و نـاسـراو بەوەی لـە سـەردەمی خـۆیدا ڕەگی یەکــەکــەی لەو ناوچـەیە لە بـن دەرهـێناوە، کــاربەدەســتــانی تری پایەبەرز، بەڕێوەبـەری لقی تاپۆ لە پارێزگـا، بـەڕێوەبەری ڕۆشنبـیـری کـە ئەرکی تـەنیـا برێتـی بوو لە کـۆکردنەوەی کـاسـێـتی مـوزیکی کوردی و نـاردنی بۆ ئەنقـەرە (ژنەکەی، دوو کچی، چوار کوڕی کراڤات لە ملی خۆی و سێ برازای نێرینەی هاتبـوون) و چەند ئەفسەرێک بە جلوبەرگی مەدەنییـەوە لەگەڵ ژنەکانیـاندا لە ڕیزەکانی پێشـەوە، هیچ باکیـان نەبووە لە هـەرا و ئاژاوەگـێڕیی چەند لاوێکی خۆنەناسی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان و پێیـان وا بووە لە ڕاسـتـیدا ئەوانە تەنیـا نیـازی ئاژاوەنانـەوەیان هـەیە. دەکرێت بگـوترێت ئەوان مـتـمـانەی تەواویان بە پـۆلیـسی سـڤـیلی دابەشـبـووی ناو هۆڵ، بـە پۆلیـسی فـەرمیی ئەمبـەر و ئەوبەری هۆڵ و بە سـەربازەکانی پشت شـانۆکە هەبووە. لە هەمــووی گـرینگـتـر، وەشـانـی زیندووی ئاهـەنگ لە تەلـەڤـزیۆنەوە، ســەرباری ئەوەی وەشـــانێکی هەرێمی بوو، بەڵام لای ئـەوان هەســتــێکی وای دروست کـردووە وەک ئـەوەی ســەرانســەری تورکـیــا و ئەنقــەرە سـەیری ئـەوان بکەن. پایەدارانـی تری دەوڵەتیش لـە ڕیزەکـانی پێـشــەوە وەک ئاپۆڕەی نـاو هۆڵەکـە، لەگەڵ سەیرکردنی شـانۆنامەکەدا، بەشـێکی هۆشـیان لای ئەوە بووە گەورە و بچووکی ڕووداوەکـانی سـەر شـانۆ لە تەلەڤزیۆنەوە دەوەشێندرێت، بۆیە شـتـە ئاساییەکانی سەر شانۆ، جنێوە سیاسییەکان و تووڕەهاتەکانی تر، زەریف و ئەفسووناویتر لەوەی هەبوون، دەیانواند. هەندێک لەوانەی ڕیزەکانی پشتەوە بۆ ئەوەی بزانن کـامـێرا کـار دەکـات، یاخـۆ نا، جـاروبـار دەسـتـیـان بەرز کـردووەتەوە و ڕایان وەشـانـدووە، وەلێ بڕێکی تریـان لە ترسـی ئەوەی "ئەمـان، لە تـەلەڤـزیۆندا دەبیندرێین"، خـۆیان خـزاندووەتـە پەناوە و لە جـێـی خـۆیان نەجووڵاون. سـەرەڕای ئەوەی بەرنامـەی ئاهـەنگ ڕاسـتـەوخۆ لە تەلەڤـزیۆنەوە وەشـێندراوە، کـەچی قـارسـیـیـەکـان لـەبری ئەوەی لە مـاڵ دابنیـشـن و لە

تەلەڤزیۆندا سەیری شانۆنامەکانی سەر شانۆ بکەن، ئارەزوویان بوو خۆیان بگەیەننە هۆڵی شانۆی گەل و لەوێ ببینن کارمەندانی تەلەڤزیۆن چۆن وێنەی ئاهەنگەکە دەگرن.

فوندا ئەسەر سەرپۆشی پێش کەمێک داکەندراو وەک جلی چڵکن دەهاوێژێتە ناو تەشتێکی مسی سەر شانۆ و جۆری ئەوەی ئاوی بەسەردا بکات، بەنزینی بەسەردا دەڕژێنێت. لەبەر ئەوەی بەنزینەکەی کردووەتە شووشەی شلە سابوونی "ئاکیف"ەوە و ئەمەش سابوونێک بوو لەو سەردەمەدا هەموو ژنانی قارس بەکاریان دەهێنا، نەک تەنیا ئامادەبووانی ناو هۆڵ، بگرە هەموو دانیشتووانی قارس ئاهێکیان بەبەردا هاتووەتەوە و وایان زانیوە کچی یاخیبوو بیری گۆڕیوە، دەیەوێت سەرپۆشەکەی بشوات و لە پەڵە پاکی بکاتەوە.

یەکێک لە دواوە هاوار دەکات: "بیشۆ کچم، باش پاکی بکەرەوە." دەنگی قاقا بەرز دەبێتەوە. تەنیا فەرمانبەرانی ڕیزی پێشەوە پێ ناکەنن، ئەگەر نا سەرجەم بینەرانی ناو هۆڵ ڕایان لە پێکەنین دەبێت. یەکێکی دی هاوار دەکات: "ئەدی کوا ئۆمۆکەی؟" ئەمانە، دەستەیەک قوتابیی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان بوون و فوندا ئەسەر لێیان زویر نابێت، چونکە هاوکات لەگەڵ تێکدانی ئارامی هۆڵەکەدا، ئامادەبووانیشیان دەهێنایە پێکەنین. فەرمانبەرانی دەوڵەت لە ڕیزەکانی پێشەوە و زۆربەی ئامادەبووانی ناو هۆڵ خۆزگە دەخوازن ئەم پیەسە سیاسییە ناهاوچەرخ و ژاکۆبەنە (ژاکۆبەن: ڕادیکاڵترین ئەندامانی یانە سیاسییەکانی سەردەمی شۆڕشی فرەنسا)، بێ ڕوودانی هیچ ئابڕووچوونێک و بەزووترین کات بەکۆتا بێت. کەسانێکی زۆر لەوانەی من سالآنێک دواتر لەگەڵیاندا دوام، گوتیان ئەوانیش هەمان هەستیان هەبووە: هەر لە فەرمانبەرانەوە تا بە قوتابیانی هەژاری کورد دەگات، زۆربەی قارسییەکانی ناو هۆڵی شانۆی گەل تامەزرۆ بوون ئەو شەوە شتێکی نوێ تاقی بکەنەوە و کەمێک بای باڵیان بدەن. پێ دەچێت برێک لە قوتابیانی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان نیازی تێکدانی

ئاهەنگەکەیان هەبوبێت، بەڵام تا ئەو ساتەش کەس مەترسیی شتێکی وەهای لێیان بەدی نەکردبوو.

فوندا ئەسەریش وەک ژنانی ناو ڕێکلامەکان کاتێک جلشۆرین دەگۆڕن بۆ کەیف و سەفا، دیمەنەکە زۆر درێژ دەکاتەوە. سەرپۆشە ڕەشە تەڕەکەی لە تەشت دەردەهێنێت و وەک ئەوەی بە پەتی تەنافدا هەڵیبواسێت، پێشانی بینەرانی دەدات و وەک ئاڵا لەبەر یەکی دەکاتەوە. بە پێش چاوی بینەرانەوە بەپەرۆشەوە چەرخێک لە گیرفانی دەردەهێنێت و لە لای خوارەوە ئاگری تێ بەردەدات. ماوەیەک بێدەنگی دێتە ئاراوە. دەنگی کڵپەی ئاگرەکە، سەرپۆش دەداتە بەر و لە ناو هۆڵەکەدا دەبیسترێت. سەرانسەری هۆڵ بە تیشکێکی سەیر و سەرسووڕهێنەر ڕووناک دەبێتەوە. زۆر کەس بە واق وڕمانەوە هەڵدەسنە سەرپێ.

هیچ کەسێک چاوەڕوانی ئەمەی نەکردووە. تەنانەت لایستەکانی ئامادەی بچووکترین سازشیش ترسیان لێ نیشتووە. کاتێک ژنە سەرپۆشی گڕ تێبەربووی دەهاوێژێتە سەر زەوی، ئامادەبووان ترساون ڕایەخی تەمەن سەد و دە ساڵەی سەر شانۆ و پەردەی قەدیفە پیناوی و چڵکگرتووی پاشماوەی دەوڵەمەندترین سەردەمەکانی قارس گڕ بگرن. زۆربەی بینەران پەیان بە دەرپەڕینی تیر لە کەوان بردووە و ئەبڵەق بوون. ئیدی پێشبینیی قەومانی هەموو شتێک دەکرێت.

لە ناو قوتابیانی ئامادەیی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنانەوە دەنگی غەڵبەغەڵب و تەق و تۆق دێتە بەر گوێ. دەنگی هۆیها و هاوار و قیڕەی تووڕەبوون دەبیسترێت. یەکێک هاواری لێ هەڵدەسێت و دەڵێت: "خوانەناسانی دوژمن بە ئاین، ئەتایستانی بێ باوەڕ!" ئەوانەی ڕیزی پێشەوە هێشتا سەرسووڕمان بەریانی نەداوە. دیسانەوە مامۆستا بێکەس و بوێرەکە هەڵدەسێتە سەرپێ و دەڵێت: "بێدەنگ بن، تەماشا بکەن!"، بەڵام کێ گوێی دەگرت! لەبەر ئەوەی ڕوون دەبێتەوە هۆیهاکێشان و نەڕە و هاوار و دروشم گوتنەوە ڕاناوەستێت، بایەکی شڵەژان لە ترسی گەورەبوونەوەی ڕووداوەکان

هەڵ دەکات. دکتۆر نەوزادی بەڕێوەبەری تەندروستیی پارێزگا، کوڕە چاکەت لەبەر و کراڤات لە ملەکانی، کچی قژ هۆندراوە و ژنەکەی کە ڕۆبێکی کریمی ڕەنگ تاووسی لەبەر کردووە و ڕێکپۆشترین ژنی ناو هۆڵ بووە، هەڵدەسنە سەرپێ و ڕوو لە دەرگای دەرەوە دەکەن. سادق بەگ یەکێک بوو لە دەوڵەمەندەکانی پێشووی قارس و لە ئەنقەرەوە بۆ بەسەرکردنەوەی کاروبارەکانی هاتبوو، خۆی و پارێزەر سابیت بەگی ئەندامی پارتی گەل کە هەر لە سەردەمی قۆناغی خوێندنی سەرەتاییەوە هاوڕێی یەکتربوون، پێکەوە ڕادەبنە سەر لنگان. (کا) دەبینێت ترسێک باڵی بەسەر ڕیزەکانی پێشەوەدا کێشاوە، لەو جێیەی لێی دانیشتوە، ماوەتەوە و جووڵەی لە خۆی بڕیوە: لەبەر ئەوەی ترسی ئەوەی هەبووە نەبادا لە ئەنجامی هەرا و هوریا و ئاژاوەی چاوەڕوانکراوەوە شیعرەکەی لە بیر بچێت، چونکە تا ئەو کاتە لە دەفتەرە سەوزەکەیدا تۆماری نەکردبوو، بیر لە ڕۆیشتن دەکاتەوە، دەیەوێت هۆڵ بەجێ بهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ لای ئیپەک. هەر لەو کاتەدا ڕەجایی بەگی بەڕێوەبەری دەزگای تەلەفۆن کە بەهۆی زانابوون و ویقارییەوە هەموو قارسییەکان ڕێزیان لێی دەگرت، بەناو دووکەڵەکەدا خۆی لە شانۆ نێزیک دەخاتەوە و دەڵێت: "کچم، پیەسە ئەتاتورکچییەکەتانمان پەسەند کرد، دەسا فریا بکەوە. بنوارن، هەمووان ئارامیان لەبەر بڕاوە، خەڵکەکە وا هەڵدەچن." ئاگری سەرپۆشی فرێدراوی سەر زەوییەکە کوژاوەتەوە و فوندا ئەسەر لە ناو تەپ و دووکەڵدا دەست دەکات بە خوێندنەوەی مەنەلۆجی پیەس. نووسەری "نیشتمان، یان سەرپۆش" لە هەموو مەنەلۆجەکانی تر زیاتر شانازیی بەمیانەوە پێوە دەکرد. خۆیشم دەقی تەواوی پیەسەکەم لە ناو بڵاوکراوەکانی وەشانخانەی -خانەی گەل-دا دۆزییەوە و لە ساڵی ١٩٣٦دا چاپ کراوە. دوای چوار ساڵ لە ڕووداوەکان، نووسەری تەمەن نەوەد و دوو ساڵی -نیشتمان، یان سەرپۆش-م لە ئەستەنبوڵ دی، هێشتا لەسەرخۆ بوو، لەلایەک بەدەست بەڵا و بێ کەڵکی نەوەکانییەوە (لە ڕاستیدا کوڕانی نەوەکانی بوون) دەینالاند، لەلایەکی دی، بەداخەوە بۆمی گێڕایەوە ئەم پیەسەی بە پێچەوانەی بەرهەمەکانی ترییەوە

(ئەتاتورک دێت، پیەسەکانی ئەتاتورک بۆ ئامادەییەکان، بیرەوەرییەکانی ئەتاتورک و هتد)، لەم سەردەمەدا لە بیر کراوە. ئەمە لە کاتێکدا کچانی ئامادەییەکان و فەرمانبەران لە سالآنی ١٩٣٠دا هەڵدەسانە سەرپێ و بە چەپڵەڕێزان و بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە پێشوازییان لێ دەکرد. (هیچی لە بارەی شانۆ و ڕووداوەکانی قارسەوە نەبیستبوو.)

ئیدی جگە لە هۆیهاکێشان و هەڕەشە و هاواری تووڕەی قوتابیانی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان دەنگی هیچی تر نابیسترێت. سەرەڕای بێدەنگیی پڕ لە ترس و تاوانی ڕیزەکانی پێشەوە، کەسانێکی کەم دەتوانن گوێیان لە وشەکانی فوندا ئەسەر بێت: "بۆچی کچە تووڕەکە سەرپۆشەکەی فڕێ دا و بۆچی دەیگوت نەک تەنیا جەوهەری مرۆڤ، بگرە جەوهەری میللەتانیش لە جلوبەرگیاندا نا، لە ڕۆحیاندایە، دە با ئێستا، خۆمان لە هۆکاری تاریککردنی ڕۆحمان و هێمای دواکەوتوویی، لە چارشێو، سەرپۆش، فێس، و شاڵ و پەچە ڕزگار بکەین و خۆمان بگەینە ئاستی میللەتانی خاوەن شارستانی و هاوچەرخ لە ئەوروپا." ڕەنگە ئەم ڕستانە نەگەیشتبنە گوێی زۆربەی بینەرانی ناو هۆڵەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕیزەکانی دواوە دەنگی وەڵامێکی تووڕەی گونجاو لەگەڵ ڕەوشەکەدا دەکەوێتە بەر گوێ.

"تۆیش بە ڕووتی بڕۆ بۆ ئەوروپاکەت، بە ڕووت و قوتی بڕۆ!"

تەنانەت لە ڕیزەکانی پێشەوەی هۆڵەکەش دەنگی قاقا و چەپڵەی پشتگیری دەبیسترێت. ئەمەش، خەیاڵی دانیشتووانی تری ڕیزەکانی پێشەوە دەشکێنێت و ترسیان لێ دەنیشێت. لە هەر سەرێکەوە دەنگێکی جیاواز دەردەچێت، ڕیزەکانی پشتەوە بە هەڵچوونەوە دەنەڕێنن؛ هەندێکیان لە ڕۆیشتنیاندا بەرەو دەرگاکان، ئاوڕ بۆ دواوە دەدەنەوە؛ فوندا ئەسەریش لەسەر خوێندنەوەی شیعرەکەی بەردەوام دەبێت، بەڵام چەند کەسێکی کەم گوێیان لە دەنگی دەبێت.

## ١٨

# تەقە مەکەن، تفەنگەکان لەسەر پێن!

## شۆڕشی سەر شانۆ

لەوە بەدواوە ڕەوتی ڕووداوەکان زۆر بەخێرایی چوونە پێش. لەپڕ لەسەر شانۆ دوو ڕیش پانی کڵاو لەسەر پەیدابوون، هەریەکەیان پەتێک و خەنجەرێکی بەدەستەوە بوو. بە سەرتاپای هەڵسوکەوتیاندا دیار بوو دەیانویست فوندا ئەسەر سزا بدەن، چونکە بە داکەندنی سەرپۆشەکەی و ڕووتکردنی سەری، بەڕووی فەرموودەکانی خوادا وەستابووەوە.

کاتێک فوندا ئەسەر کەوتە بەردەستیان، بۆ ئەوەی خۆی ڕزگار بکات، بە ئەنجامدانی جووڵەی هەوەس بزوێن کەوتە پەلەپڕووزێ. لە ڕاستیدا وەک قارەمانێکی ڕێ ڕۆشنکەرەوە نا، بگرە هەڵسوکەوتی زیاتر لە "ژنێک دەچوو دەستدرێژیی کرابێتە سەر". ئەو دیمەنەش بە زۆری لە شانۆی گەڕۆکی ناوچە پەڕ و دوورە دەستەکان پێشکێش دەکرا. فوندا ئەسەر وەک قۆچی قوربانی ملی لارکردبووە و بە چاوی پاڕانەوەوە ڕووی بانگەوازی لە لایەنی هەوەس بزوێنی بینەرانی پیاو دەکرد، بەڵام ئەو خرۆشانەی چاوەڕێی دەکرد، لە پیاواندا بەدی نەکرد. یەکێک لە توندڕەوە ڕیش پانەکان (هەر باوکەکەی کەمێک لەمەوبەر بوو ماکیاجێکی نەزانانەی کردبوو)، بە قژ ڕاکێشانەوە لەسەر زەوی تەختی کرد. ئەوی تریشیان، بە پۆزێکی لە جۆری ئەوەی لە تابلۆکانی سەردەمی ڕێنیسانسدا دەبیندرێت و چۆنیەتیی بە قوربانیکردنی کوڕی حەزرەتی ئیبراهیم پێشان دەدات، خەنجەری خستە سەر گەردنی فوندا ئەسەر. لە سەرجەم ئەم تابلۆیەدا بڕێکی زۆر لە پێشبینیی پڕ لە مەترسی

"یاخـیـبـوونی پاشـڤـەڕۆیان و توندڕەوان" هەبوو لە جۆری ئەوەی لە سـاڵانی سـەرەتای دامـەزراندنـی کـۆمـاردا لە ناو فـەرمـانبـەران و ڕۆشنبـیـرانـی بە ڕۆژئاواییبوودا باو بوو. سەرەتا، فەرمانبـەرانی بەتەمەنی ڕیزەکانی پێشەوە و کۆنەپارێزانی ڕیزەکانی دواوە ترسیان لێ نیشت.

ئەو پۆزەی فوندا ئەسـەر و "دوو شـەریعەتخوازەکە" دەقیان پێوە گرتبوو، بێ ئەوەی لە شـوێنی خۆیان بجـووڵێن، هـەژدە چرکەی تەواوی خـایەند. زۆرێک لەو قـارسییانەی دواتر دواندمن، پێمیـان گوت لـەبەر ئەوەی ئاپۆڕەی بینەرانی ناو هۆڵەکـە لەوەدا دەبن لەو سـاتەدا لە پێـسـتی خـۆیان بێنە دەرێ، ئەو سـییـانە مـاوەیەکی زۆر درێژخـایەنتـر لە جـێی خـۆیان وشـک بوون. ئەوەی قـوتابیـانی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخـوێنانی تووڕە و هار کردبوو، ناحەزی و بەدی و شێـوەی کاریکاتۆرییانەی "دوو شـەریعەتخوازە توندڕەوەکـان"ی سەر شـانۆ، یان دەرکـەوتنی ئەو ژنە نـەبوو کـە لەبری کـچـانی سـەرپۆش بەسـەر، سـەری خـۆی ڕووت کـردبوو، بگرە هەمـوویان هەسـتـیـان کـردبوو مـەبەسـتی گێچەڵگێڕان لە پشت پێشاندانی بێباکانە و بوێرانەی ئەو پیەسەوە هەیە. بۆیە هاواریان دەکـرد، دەیانقیـڕاند و هەندێک شـتـیـان دەگـرتە سـەر شـانـۆ -نیـوە پرتەقـاڵێک، سـەرینێـک- بە دەربڕینی تووڕەییی خـۆیاندا زیاتر بۆیان ئاشکرا بوو کـەوتوونەتـە داوەوە و هـەر لەبـەر ئەوەش تـا دەهات لە بێــچــارەییــدا ڕق ئەسـتـوورتر دەبوون. عـەبدول ڕەحـمـان ئوێزی بـاڵاکـورت و خـاوەن بـەرزترین ئاسـتـی ئەزمـوونی سـیـاسـی لە نێـو هەمـوویاندا و قـوتابیی قـۆناغی کـۆتایی (باوکی، سێ ڕۆژ دوای ڕووداوەکان لـە سیواسـەوە بۆ وەرگرتنەوەی تەرمـەکەی هاتبـوو، بەڵام نـاوێکی تری لەبری ناوی ڕاسـتـەقـینـەی خـۆی دابوو)، هـەوڵی دا خـۆی بگەیەنێـتـە هـاوڕێکانی و ئارامـیـان بکاتەوە و دایانـنیـشـێنێت، بەڵام لە هـەوڵەکەیدا سـەرکەوتوو نەبوو. لە گۆشـەکانی تری هۆڵەوە دەنگی هۆیهاکێشـان و چەپڵــەکـوتان دەهات و ئەوەش قـوتابیـانـی هێندەی دی هـەراسـان کـرد. لە هـەمـووی گـرینگتـر: لاوانـی ئیـسلامـیی قـارس، ئەگـەرچی بە بەراورد لەگـەڵ هـاوبیـرانی خـۆیاندا لە پارێزگاکانی دەوروبەر، هێـشـتـا "بێکـاریگـەری" بوون،

توانیـــیـــان لەو شـــەوەدا پێکرا و بوێرانە دەنگی خـــۆیان بگەیەنن و بە سـەرسـوورمـان و بەخـتـەوەرییـەوە ببـینن چۆن ترسـیـان خـسـتـووەتە دڵی پایەدارانی دەوڵەت و پیاوانی سوپای دانیشتووی ڕیزەکانی پێشەوەی هۆڵی شـــانۆ. لە کـــاتێکدا تـەلەڤـــزیۆن ورد و درشـــتی ڕووداوەکـــانی بۆ هـەمـــوو شوێنەکانی شار دەگوێزایەوە، بینەرانی تووڕە و ڕق هەڵساو نەیانویست ئەم هەلە لە دەست خـــۆیان بدەن و ئامـــادە نەبوون دەست هەڵگرن تا ئەم خۆپێشاندانەی دەوڵەت تێک نەدەن. ئیدی بەو جۆرە ئەوەیش لە بیر کرا ئەم هەرا خێرا پەرەسەندووە، ویستی بەزم گێڕانیشی لە پشتەوە بووە. لەبەر ئەوەی چەندین جار سەیری کاسێتی ڤیدیۆکەم کردبوو، دەمبینی هەندێک لە قوتابیان بەدەم گوتنەوەی دروشم و جنێودانەوە، پێ دەکەنین. ئەو چەپڵە و هەرا و هوریایەشی دەبووە هۆی هاندانی زیاتری قـوتابیـان، لە هەندێک هاوڵاتیی ئاسـاییـیەوە دەهات، چونکە دەیانویست لە کۆتاییی شەوێکی "شانۆ"ی تێکەڵ و پێکەڵدا، بۆخۆیان کەمێک بەزم بگێڕن و بێزاریی خۆیان پێشان بدەن. گوێم لە هەندێک خەڵک بوو دەیانگوت: "ئەگەر ئەوانەی ڕیزی پێشـەوە ئەم هەرا وشکەیان هێندە بەهەند نەگرتبا و ددانیان بە خۆیاندا گرتبا، ئەوا ڕووداوەکانی تر هەرگیز نەدەقەومان." هەندێکی دی دەیانگوت: "شڵەژانی فەرمانبەرانی پایەبەرزی دانیشتوو لە ڕیزەکانی پێشەوە لە ماوەی ئەو هەژدە چرکـەیەدا، هەڵسـانیـان لە جـێی خـۆیان، ڕابوونی هەندێک لە دەوڵەمـەندەکـان و کـۆکـردنەوەی ئەندامی خـێـزانەکـانیـان، دەیسـەلمێنێت ڕووداوەکان پێشتر لە ئەنقەرە نەخشەیان بۆ کێشراوە."

(کا)، چونکە ترسی ئەوەی هەبوو لەو هەرا و هۆسەیەدا شیعرەکە لە بیر بکات، لەو ساتەدا لە هۆڵەکە چووە دەرەوە. هەمان کات فریادڕەسێک هاتە سەر شانۆ بۆ ڕزگارکردنی فوندا ئەسەر لە دەستی هێرشکارانی ڕیش پان و "پاشڤەڕۆ": ئەویش سوونای زایم بوو؛ سدارەیەکی نابووە سەر لەوانەی کە ئەتاتورک و قارەمانەکانی شەڕی ڕزگاری لە سەریان دەکرد و جلێکی سـەربازی پاشـمـاوەی سـاڵانی ١٩٣٠ ی پۆشـیـبـوو. هەر ئەوەندەی بەدەم

هاویشـتنی هـەنگاوی پتـەوەوە گـەیشـتـە سـەر شـانۆ (بێ ئەوەی بـهـێـڵـێت کەمـێکیش شەلینی پێوە دیار بێت)، دوو توندڕەوە ڕیش پان و پاشڤەڕۆکان لە ترساندا خـۆیان دا بە زەویدا. هەمان مامۆستای تەنیا و بەسـالاچوو هەڵسایە سەرپێ و کەوتە چەپڵـەلێدان بۆ سـونای زایم. چەند کەسێکی تریش هاواریان لێ بەرز بووەوە: "بژی، هەر بژی!" ئەگـەر ڕووناکییـەکی بەهێز خـرایە سـەری، بەلای هەمـوو قـارسـیـیـەکـانەوە وێ دەچـوو سـونای زایم بلیـمـەت بێت و لە جیهانێکی ترەوە هاتبێت.

هەمووان پەیان بە شـۆخی و ڕۆشنبیرییەکەی بردبوو. هـاتوچۆی سـەختی ئەنادۆڵ، ئـەگـەرچی بەردەوام ئازاری بە لاقی چەپـی گـەیاندبوو، نەیتـوانیـبـوو زەفـەر بە ڕەفتارە سەخت و بوێر و تراژیدییـەکانی و تەنانەت جوانییە نیمچە ژنانییـەکەشی ببات. لە سـالانی ١٩٧٠شدا لە میـانەی بینینی ڕۆڵی هەریەک لە گیڤـارا و ڕۆبێسـپیر و ئەنوەر پاشای شـۆڕشگێڕەوە، لە ڕێی جوانیی خـۆیەوە سـەرنجی خوێندکارانی چەپی بۆ سەر خـۆی ڕاکێشـابوو. دەسـتـەوانەیەکی لە دەست کـردبوو، بە جـووڵەیەکی نازک پەنجـەی دۆشـاومـژەی دەسـتی ڕاسـتی لەبری لێوی، بۆ ژێر چەناگەی بەرز کردەوە و گوتی: "بێدەنگ بن."

ڕاسـتـیـیـەکـەی، پێـویسـتـی بەمـەش نەدەکـرد، چونکە ئەو ڕسـتـەیە لە تێکسـتـەکـەدا نەبوو، دانیشـتـووانی ناو هـۆڵەکەش خـۆبەخـۆی خـۆیـان قـوڕ و قـوپـیـان لێ کـردبوو. ئەوانەی لە ڕیزەکـانی پێـشـەوە هەڵسـابوونە سـەرپێ، دەستبەجێ دانیشتنەوە و گوێیان لە دیالۆگێکی تر بوو:

"لە ناو ئازاردا!"

پێ دەچوو ئەم دیالـۆگە بە نیـوەناچڵی گوترابێت، چونکە کـەس حـاڵی نەبوو کێ لە ئازاردایە. لە سـەردەمـانی کـۆندا ئەم دەسـتـەواژەیە گـەل و میللەتی دەهێنایەوە بیری مرۆڤ؛ کەچی ئێستا قارسییەکان تێ نەگەیشتن داخۆ گشت ئەو شتـانـەی بەدرێژاییی شـەو سـەیریان کردبوو، خـۆیان، فـوندا ئەسـەر، یان کـۆمـار لە ئازاردایە؟ سـەرەڕای ئەوەش، ئەو هـەسـتـەی ئەم دەسـتـەواژەیە ئامـاژەی پێ دابوو، ڕاست دەرچوو. سـونای زایم گوتی: "ئەی میللەتی تورکی

سـەربەرز و خـۆشـەویست، کـەس ناتوانێت ئەو کـاروانە گـەورە و ڕەسـەنەت بگێڕێتە دواوە کە خستووتەتە سەر ڕێی ڕۆشنگەری. خەمت نەبێت. کەسانی پاشڤەڕۆ، مێشک پۆخڵ و جاڵجاڵۆکەیی هەرگیز ناتوانن لەمپەر بخەنە بەردەم ڕەوڕەوەی مـێـژووت. ئەو دەسـتـانەی بۆ کـۆمـار، ئازادی و ڕۆشنگەری درێژ دەکرێن، لە بندا دەبڕدرێنەوە."

تەنیا وەڵامێکی گاڵتەجاڕییانەی هاوڕێیەکی بوێر و پڕ لە جۆشی نەجیب بیسترا دوو کورسی دوورتر لەو لای ئەوەوە دانیشتبوو. وەک تر، بێدەنگییەکی قـوڵی تێکەڵ بە سـەرسـووڕمـان و ترس باڵی بەسـەر هـۆڵەکـەدا کـێـشـابوو. هەمووان بێ جووڵە، وەک پەیکەری لە مێو دروستکراو دانیشتبوون، چاوەڕێ بوون فـریادڕەسـەکـە واتایەک بە ئاهەنگ ببەخـشـێت، یـەک دوو وشـەی ڕەق و شیرین بڵێت و یەک دوو بەسەرهاتی داستان ئاسایان بۆ بگێڕێتەوە تا ئەمان بتوانن ئێواران لـە مـاڵ قسـەی لەسـەر بکەن، کەچی ئەو لەپڕ بێدەنگ بوو. لە هەمان کاتدا لەمبەر و ئەوبەری پەردەکەوە دوو سەرباز پەیدا بوون. سیانی تر لە دەرگای پشـتـەوە هاتنە ژوورەوە و بە نێـوان ڕیزی کورسـیـیـەکـاندا خـۆیان گەیاندە دووانەکەی دی لەسەر شانۆ. ڕۆیشتنی ئەکتەرەکان، وەک لە شـانۆی هاوچەرخـدا باوە، لە سەرەتاوە قارسـیـیەکانی ترساند، بەڵام کەمێک دواتر خۆشحاڵی کردن. هەر لەو ساتەدا، بینەران ئەو منداڵە پەیامنێرە چاویلکە لە چاوەیان ناسییەوە کە ڕای کردە سەر شانۆ و ئەمان پێی پێکەنین. ئەمە برازا چاوکراوە و خۆشەویستەکەی خاوەنی دووکانی ڕۆژنامەفرۆشیی بەرامبەر هۆڵی شـانۆی گـەل بوو. بەهۆی ڕاوەسـتـانی ڕۆژانـەیەوە لە بەردەم دووکـاندا، لای سەرجەم هەموو قارسییەکان ئاشنا بوو. لە سونای زایم نێزیک کەوتەوە، ئەو خۆی چەماندەوە و ئەمیش شتێکی بە گوێیدا چرپاند. هەموو قارسییەکان بینییان سونای زایم چۆن بە بیستنی قسەکان خەم دای گرت.

سـونای زایم گـوتی: "ئاگادار کـراینەوە بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردە لە نەخۆشـخـانە گیانی لە دەست داوە. ئەم تاوانە، دوایین هـێرش دەبێت لە دژی کۆمار و لایسیزم و داهاتووی تورکیا!"

هێـــشـــتـــا بـیـنـەرانـی نـاو هـۆڵ ئـەم هـەواڵـە خــــراپـەیـان هـەرس نـەکــــردبـوو، ئەوەندەیان زانی سـەربازەکانی سـەر شـانۆ چەکەکانیان لە شـانیان داگرت، میلیـان ڕاکێشـا و نیـشـانیـان لە بینەران گرتەوە. هەریەکـەیان فیـشـەکێکی تەقاند و بە هەموویانەوە ناڵەیەکی گەورەیان خوڵقاند. دەکرا بگوترێت ئەمە ترسـاندنێکی شـیـرین بـوو، ناردنی هێـمـایەکـیش بوو لە جـیـهـانی خـەیـاڵیی شانۆکەوە بۆ هەواڵە تاڵەکەی ناو ژیان. قارسییەکانی خاوەن ئەزموونی هەزار لە بواری شـانـۆدا، پێیـان وا بوو ئەمە نـوێخـوازییـەکی شـانـۆیە و لە ڕۆژئاواوە وەرگیراوە.

دیسـانەوە لە ناو ڕیزەکانەوە هەسـت بە جووڵـەیەکی بەهێـز و هەژانێک کرا. ئەوانەی لە دەنگی تەقەکان ترسـابوون، ئەم ترسانەیان وا لێک دایەوە ئەوانیش هەروەک ئەوانی تر ترسـابن. وا هاتە پێش چاو وەک ئەوەی یەک دوو کـەس لە شوێنی خۆیان هەڵسابنە سەرپێ، "پاشڤەڕۆ ڕیش پانەکان"ی سەر شانۆ زیاتر خۆیان بە زەوییەکەوە نووساند.

سونای زایم گوتی: "کەس جووڵە نەکات!"

سەربازەکان جارێکی تر میلی چەکیان ڕاکێشا و نیشانیان لە ئاپۆڕەی ناو هۆڵەکـە گـرتەوە. قـوتـابییـە باڵاکـورت و چاو نەترسـەکـەی لەولای نەجـیـبـەوە دانیـشـتـوو، ڕێک لەو سـاتەدا هـەڵسـایە سـەرپێ و دەسـتی کرد بە گـوتنەوەی دروشم: "بمرن خـوانەناس و لایسـتـان، بمرن فـاشـیـسـتـانی بێ باوەڕ!" سـەربازەکـان جـارێکی تر دەسـتیـان بە پەلەپیتکەی تفەنگدا نا و زرمـەیان لێ هەڵساند. لەگەڵ ناڵەی تەقینەوەکاندا، لە هۆڵەکەدا هەست بە شـەپۆلێکی تری ترس و شڵەژان کرا.

دانیشـتـووان لە ڕیزەکـانی دواوە بە چاوی خـۆیـان بینییـان ئەو لاوەی پێش کەمێک دروشمی دەگوتەوە، بەسەر کورسییـەکەیدا کەوت، بەهەمـان خێـرایی هەڵسایەوە سـەرپێ و بەشێوەیەکی لاسەنگ دەست و قۆڵی ڕادەوەشاند. چەند کەسێک لەوانەی بەدرێژاییی ئەو شـەوە بە مـوزیـرێ و سـەیر و سـەمـەرەکـانی قوتابیـانی ئامـادەییی پێگەیـاندنی پێشنوێژ و وتارخـوێنان پێ کـەنیبـوون، بەم

دیمەنە و دواتریش بە لاربوونەوەی مردوو ئاسای قوتابییەکە پێ کەنین. قوتابییەکە پێش لاربوونەوەی، بەدەم جوولەی سەیرەوە بەناو ڕیزی کورسییەکاندا ڕێی دەکرد.

لە چەند شوێنێکی هۆڵەکەدا ئامادەبووان دوای دەستڕێژی سێیەم ئەوسا پەیان پێ برد بەڕاستی تەقەیان لێ دەکرێت، چونکە بە پێچەوانەی تەقەی وشکەوە، مرۆڤ نەک هەر بە گوێ، بگرە وەک لە شەوانی ڕاونانی تیرۆریستان بە شەقام و کۆڵانەکاندا، بە گەدەش گوێی لێ دەبوو. سۆپا قەبە و پەرپووتەکەی دەستکردی ئەڵمان کە ماوەی چل و چوار ساڵ بوو هۆڵەکەی گەرم دەکردەوە، دەنگێکی سەیری لێوە دەهات. بەهۆی ئەوەی لوولە تەنەکەییەکانی کونیان تێ کەوتبوو، بە وێنەی هەڵمی لوولەی کترییەکی هەڵچووی سەر ئاگر، دووکەڵیان لێ دەهاتە دەرێ. بینەران کەسێکیان بەدی کرد بە سەری خەڵتانی خوێنەوە لە ڕیزەکانی ناوەڕاستەوە بەرەو شانۆ ملی نا، هەر لەو کاتەشدا بۆنی بارووت چوو بە کەپوویاندا. هەست بە سەرەتای شڵەژانێک کرا، بەڵام زۆربەی بینەرانی ناو هۆڵەکە هێشتا وەک بت لە جێی خۆیان دانیشتبوون. هەستێک لەجۆری ئەوەی مرۆڤ لە کاتی بینینی خەونی خراپدا پەی پێ دەبات، باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشابوو. هەر لەو ساتەدا نوورییە خاتوونی مامۆستای ئەدەبیات کە خووی بەوەوە گرتبوو لە هەموو چوونێکیدا بۆ ئەنقەرە سەیری هەموو شانۆنامەکانی شانۆی دەوڵەت بکات، لەبەر ئەوەی شەیدای ڕاستیی ئەفێکتەکانی شانۆنامەکە بوو، لە جێی خۆی لە ڕیزەکانی پێشەوە هەڵسایە سەرپێ و کەوتە چەپڵەلێدان بۆ ئەوانەی سەر شانۆ. نەجیبیش ڕێک لەو کاتەدا وەک قوتابییەکی شڵەژاو بێت و داوای مافی ئاخاوتن بکات، هەڵسابووە سەرپێ.

یەکسەر بەدوای ئەوەدا سەربازەکان دەستڕێژی چوارەمیان کرد. بەپێی ڕاپۆرتی تێروتەسەل و فرە بە نهێنی ئامادەکراو لەلایەن ئەفسەرێکی پشکێنەری دواتر لە ئەنقەرەوە نێردراو، لە دەستڕێژی چوارەمدا دوو کەس کوژرابوون. یەکێکیان نەجیب بوو، فیشەک بەرچاو و تەوێڵی کەوتبوو. لەبەر

ئەوەی زۆر قسەڵۆکی ترم لەو بارەیەوە بیستووە، ناتوانم بڵێم نەجیب دەستبەجێ لەو کاتەدا گیانی سپاردووە. ئەگەر خاڵێک هەبێت دانیشتووانی ڕیزەکانی ناوەڕاست و پێشەوە لەسەری کۆک بن، ئەوەیە نەجیب دوای دەستڕێژی سێیەم هەستی بە هەبوونی فیشەک لە هەوادا کردووە و ئەمەش بەشێوەی جیاواز لێک دەدرایەوە. نەجیب دوو چرکە پێش ئەوەی بەر بکەوێت، هەڵساوەتە سەرپێ و بە دەنگێک کە زۆربەیان گوێیان لێ بووە (بەڵام لە کاسێتی ڤیدیۆکەدا تۆمار نەکراوە)، هاواری کردووە:

"ڕاوەستن، تەقە مەکەن، تفەنگەکان لەسەر پێن!"

بەو جۆرە نەجیب شتێکی درکاند بینەرانی ناو هۆڵ بە دڵ هەستیان پێ کردبوو، بەڵام بە ئەقڵ نەیاندەویست پەسەندی بکەن. لەبەر ئەوەی سەربازە کوردەکەی خەڵکی شاری سیرت نەیویستبوو کەس بکوژێت، یەکێک لەو پێنج فیشەکەی لە دەستڕێژی یەکەمدا تەقێندرابوو، بەر گەڵاکانی نیگاری سەر لۆجێک کەوتبوو دوایین کونسوڵی سۆڤیەت بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر خۆی و سەگەکەی لێی دادەنیشتن و سەیری فیلمیان دەکرد. فیشەکێکی تر، بەهەمان مەبەست بەڵام نەزانانەتر نرابوو بە بنمیچی هۆڵەکەوە و گەچ و بۆیاخی سەد و بیست ساڵ لەمەوبەری وەک بەفر بەسەر بینەرانی شڵەژاودا باراندبوو. فیشەکێکی تر تەختەی خۆپێوەگرتنی ژێر بەرزاییی دیاریکراو بۆ کامێرای وەشانی زیندووی کون کردبوو. سەردەمانێک کچانی نەدار و سەوداسەری ئەرمەنی بلێتی هەرزانیان دەکڕی و بە پێوە لەسەر ئەو تەختەیە سەیری شانۆنامە و گرووپی شانۆ و ئاکرۆباتگەلی لە مۆسکۆوە هاتوویان دەکرد. فیشەکی چوارەم پشتی کورسییەکی ئەولاتری کامێراکەی کون کردبوو، پاشان کەوتبووە کۆشکی محێدین بەگی فرۆشیاری پارچەی تراکتۆر و کەرەسەی کشتوکاڵی کە لەگەڵ ژنەکەی و ژن خوشکە بێوەژنەکەیدا لە ڕیزەکانی پشتەوە دانیشتبوون. سەرەتا وای زانیبوو لەگەڵ کەوتنە خوارەوەی پارچە گەچ و بۆیاخی بنمیچەکەدا شتێک کەوتووەتە کۆشییەوە، بۆیە هەڵسابووە سەرپێ. فیشەکی پێنجەم، جامی چەپی چاویلکەی باپیرێکی

کەمێک دواوەی قوتابیانی بڕیبوو، چووبووە سەرییەوە و کوناودیوی کردبوو. باپیرەکە لە ترابزۆنەوە هاتبوو بۆ دیدەنی کوڕەزای سەربازی لە قارس. کابرای بەساڵاچوو، بەهۆی ئەوەی خەوی لێ کەوتبوو، هەستی بە مردنی خۆی نەکردبوو، بگرە بە بێدەنگی گیانی سپاردبوو. فیشەکەکە لە پشت ملیەوە سەری کردبوو، لە هێلکەیەکی کولاوی ناو توورەکەی منداڵێکی کوردی دوازە ساڵاندا چەقیبوو. کوڕەکە لەواش و هێلکەی دەفرۆشت و لەو کاتەدا لە ڕیزی پشت کابرای بەساڵاچووەوە پاشماوەی پارەی وردەی کڕیارێکی دەگەڕاندەوە.

ئەم وردەکارییانە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە دەنووسم بۆچی ئاپۆڕەی ناو هۆڵی شانۆی گەل سەرەڕای تەقەکردن بەسەریاندا، جووڵەیان لە خۆیان بڕیوە. ئەو قوتابییەی لە دەستڕێژی دووەمی سەربازەکاندا قەبرغە و مل و کەمێک سەرووی دڵی بەر فیشەک کەوتبوو، بەهۆی ئەوەی پێشتر بوێریی زیادی پێشان دابوو، وەک بەشێکی سەفابەخشی شانۆگەرییە ترسناکەکە هاتبووە پێش چاو. یەکێک لە دوو فیشەکەکەی تر، سنگی قوتابییەکی ئامادەیی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنانی پێکابوو (کچەکەی پووری، یەکەم کچی خۆکوژی شار بوو.). فیشەکێکی دی، میلی سەعاتی سەر دیوارەکەی پێکابوو. سەعاتەکە دوو مەتر لە سەرووی پرۆژەکتۆرەکەوە هەڵواسرابوو، شەست ساڵی ڕەبەقیش بوو لە کار کەوتبوو، بە تۆز و ڕایەڵی جاڵجاڵۆکە داپۆشرابوو. لە دەستڕێژی سێیەمیشدا فیشەکێک بەر هەمان شوێن کەوتبوو، ئەمەش بەلای ئەفسەری پشکێنەرەوە بەڵگە بوو بۆ ئەوەی یەکێک لە سەربازانی نیشانشکێن، لەوانەی سەر لە ئێوارەی ئەو ڕۆژە بۆ ئەو ئەرکە دەستنیشان کرابوون، پابەندی سوێند خواردن بە قورئان نەبووە و خۆی لە کوشتنی خەڵک پاراستووە. ئەفسەری پشکێنەر لە چوارچێوەی پرسێکی هاوشێوەدا، دۆسیەی کوژرانی قوتابییەکی ئاگرینی تری ئامادەیی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنانی گرتبووە دەست کە لە هەمان کاتدا سیخوڕێکی چالاک و ئەرکپەروەری لقی دەزگای هەواڵگری میللی -میت- بووە لە قارس و لە دەستڕێژی سێیەمدا پێکرابوو. لە نێوان دوو کەوانەشدا ڕوونی کردبووەوە

هیچ بناغەیەکی یاسایی لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی دەوڵەت بنەماڵەی قوتابییە کوژراوەکە قەرەبوو بکاتەوە. دوایین فیشەکیش، ڕەزا بەگی خۆشەویستی لای هەموو کۆنەپارێزان و ئاینپەروەرانی قارس و دروستکەری سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی گەڕەکی قەلایچی و خزمەتکارەکەی کە ڕۆڵی گۆچانی بۆ ئەم دەگێڕا، پێکابوو. سەرباری گیان کێشان و ناڵەی ئەم دوو هاوڕێ گیانی بەگیانییە لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا، بەشێکی زۆری بینەران لە جێی خۆیانەوە و بێ ئەوەی جووڵەیان لێوە بێت، سەیری سەربازەکانیان دەکرد و بینییان چۆن دیسانەوە چەکەکانیان هێنایە سەرپێ. لە ڕاستیشدا لێکدانەوەی ئەم ڕەفتارەی بینەران کارێکی دژوارە. خاوەنی کارگەیەکی شیرەمەنی کە هێشتا ناخوازێت ناوی ئاشکرا بکرێت، دوای چەندین ساڵ پێمی گوت: "ئێمە، ئەوانەی لە ڕیزەکانی دواوە دانیشتبووین، زۆر باش حاڵی بووبووین شتێکی خراپ قەوماوە. ترسی ئەوەمان بوو ئەگەر لە شوێنی خۆمان بجووڵێین و سەرنج بۆ سەر خۆمان ڕابکێشین، ئەوا بەلاکە بەرۆکی ئێمەش دەگرێتەوە، بۆیە بەبێدەنگی سەیری ڕووداوەکانمان دەکرد."

ئەفسەری پشکێنەر بۆی نەسەلمێندرابوو یەکێک لە فیشەکەکانی دەستڕێژی چوارەم بەر کوێ کەوتووە. فیشەکێکی تریان، فرۆشیارێکی لاوی بریندار کردبوو کە لە ئەنقەرەوە بۆ فرۆشتنی ئەنسکلۆپیدیا و گەمەی ناو هۆڵەکان بە قیستی مانگانە بۆ قارس هاتبوو. (بەهۆی خوێن بەربوونەوە دوای دوو سەعات گیانی سپاردبوو.) فیشەکێکی دی، کونێکی گەورەی لە دیواری لای خوارەوەی لۆجێکی تایبەتدا دروست کردبوو. گریگۆر چزمەجیانی گەورە دەوڵەمەندی ئەرمەن و بازرگانی پێستە لە سەرەتای سالانی ۱۹۰۰ دا لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیدا هەموویان جلوبەرگی لە پێشت دروستکراویان دەپۆشی و لەو لۆژەدا دادەنیشتن. دوو فیشەکەکەی تر، دانەیەک لە چاوە سەوزەکانی نەجیب و ناوەڕاستی ناوچەوانە پانەکەی پێکابوو. بەگوێرەی چەند دەنگۆیەک، نەجیب دەستبەجێ گیانی لە دەست نەدابوو، بگرە بەپێی گێڕانەوەکان، دواتر ڕووی هاواری لە شانۆ کردووە و گوتوویەتی: "چاوم دەبینێت!"

ئەوانەی بەرەو دەرگاکان هەڵهاتن و دەستیان بە هاوار و قیرە کردبوو، لەگەڵ ئەم دەستڕێژەدا بەیەکجاری زەندووقیان چووبوو. کامێرامانی سەر کامێراکەی وەشانی زیندوو خۆی دابووە پاڵ دیوارێک؛ کامێراکەی بەردەوام ڕاست و چەپی دەکرد و خۆیشی جووڵەی لێ بڕابوو. بینەرانی شار لە پەردەی تەلەڤزیۆندا تەنیا ئاپۆرەی سەر شانۆکە و بینەرانی بێدەنگ و بەڕێزی ڕیزەکانی پێشەوەیان دەبینی، وەلێ سەرباری ئەوەش، زۆربەی خەڵکی شار لە میانەی بیستنی دەنگی میل هێنانەوە و تەقە و قیرە و هەراوە لە پەردەی تەلەڤزیۆنەوە، تێ گەیشتبوون شتێکی سامناک لە هۆڵی شانۆی گەل دەقەومێت. تەنانەت ئەوانەی لە نیوەی شەودا لە شانۆنامەکە بێزار بووبوون و خەریک بوون چاویان گەرم دەکرد و دەنووستن، دوای ئەوەی گوێیان لە دەنگی تەقەی هەژدە چرکەی ڕابردوو بوو، هۆشیار بوونەوە و چاویان بڕییە پەردەی تەلەڤزیۆنەکانیان.

سونای زایم بەشی ئەوە بەئەزموون بوو کە پەی بەم ساتی بایەخ پێدانە ببات: "سەربازە قارەمانەکان، ئێوە ئەرکی خۆتان ڕاپەڕاند." پاشان بە جووڵەیەکی ناسک ڕووی لە فوندا ئەسەر کرد، بە زیاد پێوەنانەوە خۆی نووشتاندەوە و دەستی بۆی درێژ کرد. ژنەکەش دەستی فریادڕەسەکەی گرت و هەڵسایە سەرپێ.

فەرمانبەرێکی خانەنشینی ڕیزی پێشەوە هەڵسایە سەرپێ و چەپڵەیەکی بۆی لێدا. چەند کەسێکی تری پێشەوە وەک ئەویان کرد. لە ڕیزەکانی پشتیشەوە دەنگی چەند چەپڵەیەک هات، جا یان لە ترساندا بوو، یاخۆ خووگرتن بوو بە لاساییکردنەوەی چەپڵەلێدەران. پاشماوەکەی تری ئەوانەی ناو هۆڵەکە وەک شەختە بێدەنگ بوون. هەمووان لەوە دەچوون تازە سەرخۆشی بەریانی دابێت؛ هەندێکیان سەرباری بینینی چەند کەسێک بەدەم گیانکێشانەوە، وەک ئەوەی هەموو شتەکان بەشێک بن لە جیهانی سەر شانۆکە، بێباکانە لە بنەوە ڕا بزەیان دەهاتێ، برێکی تریان لەوانەی خۆیان خزاندبووە گۆشەکانەوە، سەریان دەرهێنا، بەڵام دەنگی سونای زایم

دەیترساندن. سونای بە دەنگێکی پڕ لە ئێشەوە گوتی: "ئەمە شانۆگەری نییە، بگرە سەرەتای شۆڕشێکە. چیمان لە دەست بێت لە پێناوی نیشتماندا دەکەین. متمانەتان بە سوپای سەربەرزی تورک هەبێت! سەربازەکان، ئەمانە دوور بخەنەوە."

دوو سەرباز، دوو "پاشقەڕۆ" ڕیش پانەکەیان دایە پێش خۆیان و بردیانن. سەربازەکانی تر چەکەکانیان کردەوە شان و دابەزینەوە ناو بینەران. هەر لەو کاتەدا کەسێکی سەمەرە خۆی گەیاندە سەر شانۆ. سەمەرە بوو، چونکە هەروەک ئەوەی سەرباز نەبوو، بە جووڵە ناشیرین و سستەکانیشیدا دیار بوو ئەکتەر نییە و سەر شانۆی لێ ناوەشێتەوە. زۆرێک لە قارسییەکان بە هیوای ئەوەی ڕووداوەکان بەجۆرێکی تر بن، بە ئومێدەوە چاویان تێ بڕی.

ئەو کەسە هاواری کرد: "بژی کۆمار! بژی سوپا! بژی میللەتی تورک! بژی ئەتاتورک!" لەو ساتەدا پەردەی شانۆ لەسەرخۆ دادەخرا. ئەویش دوو شەقاو لەگەڵ سونای زایمدا هاتە پێشەوە و لە دیوی لای هۆڵی پەردەکە مایەوە. دەمانچەیەکی دەستکردی -کرککالە-ی بەدەستەوە بوو، دەستێک جلی مەدەنی پۆشیبوو، جووتێک پۆستاڵی سەربازی لە پێ کردبوو. هاواری کرد: "بمرن توندڕەوان!" بە پلیکانەکاندا بۆ ناو بینەران دابەزی. دوو کەسی تری چەک بەدەستیش لە پشتییەوە پەیدا بوون. سەربازەکان لەو دەمەدا کەوتبوونە دەستگیرکردنی قوتابیانی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان و بینەرانیش بە چاوی پڕ لە ترسەوە سەیری سێ کەسە چەک بەدەستەکەیان دەکرد. ئەوانیش بێ ئەوەی ئاوڕ لە بینەران بدەنەوە، بەدەم گوتنەوەی دروشمەوە ڕوویان لە دەرگای دەرەوە کرد و بە بڕوا بەخۆبوونەوە بۆی دەرباز بوون.

زۆر شاد و فرە بەجۆش و خرۆش بوون، چونکە دوای مامەڵە و گفتوگۆیەکی درێژ و لە دوایین ساتدا بڕیار درابوو لە شۆڕشە بچووکەکەی قارس و لە شانۆنامەکەدا بەشداری بکەن. سونای زایم لە یەکەم شەوی گەیشتنیدا بۆ قارس ئەمانەی پێ ناسێندرابوو، بەڵام پێی وا بووە کەسانی سەرچڵ و چەک

بەدەست و لە کاری ڕەشەوە گلاوی وەک ئەمانە، (کارێکی هونەری) کە ئەم دەیەوێت پێشکێشی بکات، خەوشدار دەکەن، بۆیە بەدرێژاییی ڕۆژێکی تەواو خۆی نەدابوو بەدەستەوە و ڕەزامەندی لەسەر بەشداربوونیان دەرنەبڕیبوو، بەڵام لە دوایین ساتدا بیانوویەکی زەق دراوە بە بەر گوێیدا و خۆی پێ ڕانەگیراوە لە بەرامبەری: "ئەوانە لە هونەر تێ ناگەن و هیچ دوور نییە چەک لە دژی تیپی گەڕۆکی شانۆش بەکار بهێنن." دەگوترا گوایە سونای زایم دوای چەند سەعاتێک لەم بڕیارەی خۆی زۆر پەشیمان بووەتەوە و لەبەر ئەوەی ئەو سەرسەری و لات و چەقۆکێشانە خوێنیان ڕشتووە، ئەم ئازاری ویژدانی چەشتووە. بەڵام ئەمانەش وەک زۆر شتی تر تەنیا قسە و قسەڵۆک بوون.

کاتێک دوای چەندین ساڵ چوومە قارس، موختار بەگی خاوەن کۆگای ئارچەلیک منی بەناو هۆلی شانۆی گەلدا گەڕاند. لایەکی ڕووخابوو، لایەکەی تریشی کرابوو بە کۆگای دووکانی ئارچەلیک. موختار بەگ بۆ ئەوەی خۆی لە پرسیارە پڕ لە سەرسووڕمانەکان سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەو شەوە و ڕۆژانی دواتر بدزێتەوە، پێمی گوت هەر لە سەردەمی ئەرمەنەکانەوە تا ئێستا لە قارسدا چەندین تاوان و خراپەکاری و شەڕ و شۆڕ ڕوویان داوە. بەڵام من ئەگەر بمویستایە مرۆڤەکانی ئەو شارە کەمێک دڵخۆش بکەم، دەبوو لە گەڕانەوەمدا بۆ ئەستەنبوڵ، باسێک لە تاوانەکانی مێژووی ڕابردووی قارس نەکەم، بگرە پێویست بوو سەبارەت بە پاک و خاوێنیی هەواکەی، جوانی و دڵگیریی شار و دڵسافیی مرۆڤەکانی بنووسم. هۆڵی شانۆکە گۆڕاوە بۆ کۆگایەکی تاریک و کەڕووگرتوو، لە نێوان تارماییی بەفرگر و جلشۆر و سۆپاکانەوە تەنیا یەک پاشماوەی ئەو شەوەی پێشانم دا: کونی گەورەی جێی فیشەکێک بە دیواری لۆژی جێی دانیشتنی گریگۆر چزمەجیانەوە بۆ تەماشاکردنی شانۆ.

## ١٩

# ئای بەفر چەند بە جوانی دەباری!

## شـەوی شـۆڕش

سـەردەسـتـەی ئەو سێ کـەسـە دڵخـۆشـەی دوای داخـسـتنی پەردەی شـانۆ بە دەمـانچـە و تفـەنگ و بەدەم هـاوارکـردنەوە، بەناو نیگای پڕ لـە ترسـی ئاپۆڕەی بینەراندا تـاویان دا بـۆ دەرەوە، کـۆنـە ڕۆژنامــەنووسـێکی کـۆمـۆنیـست و کـابرایەکی کـەتـە بوو ناوی خـوازراوی ز. دەمـیـرکـۆڵ-ی لە خـۆی نـابوو. لە سـاڵانی ١٩٧٠ دا لە ڕێکخـراوە کۆمـۆنیـستـییـەکـانی لایەنگری سـۆڤـیـەتدا وەک شـاعـیـر و نووسـەر و هەرە زیـاتریش وەک "پـارێزڤـان" بـیـندرابـوو. لە دوای کـودەتای سـەربازیی سـاڵی ١٩٨٠ بۆ ئەڵمـانیـا هەڵهـاتبـوو، پاش ڕووخـانی دیواری بەرلـین، بە لێبـووردنێکی تـایبـەت و بەمـەبەسـتی پاراسـتـنی دەوڵەتی هـاوچەرخ و کـۆمـار لە بەرامـبـەر گـەریلا کـوردەکـان و "شـەریعـەتخـوازەکـان" گـەڕابووەوە بۆ تورکیـا. دوو کـەسەکـەی تر، سـەر بە دەسـتـە و تاقـمە تـورکییـە ڕەگەزپەرستەکان بوون و ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٠ لەگەڵ ز. دەمیرکۆڵدا لە شەڕە تەقـەی شـەوانـی شـەقـام و کـۆڵانـەکـانی ئەسـتـەنبـوڵدا بەشـداریـیـان کـردبوو، ئێـسـتـاش ڕۆحـی سـەرکێـشـیـیـان ئەوانی لـە ژێر پەردەی پاراسـتـنی دەوڵەتدا بەیەکـتـر گـەیـاندبوو. بەگـوێرەی بۆچوونی هەنـدێک کـەسـی تر، ئەوانـە هـەر لە سـەرەتـاوە سـیـخـوڕی دەوڵەت بوون. ئەوانەشـی لە هەوڵدا بوون هـۆڵی شـانۆی گـەل چرکەیەک زووتر بـەجێ بهێڵن و بەپەلە بە پلیکانـەکاندا دەچوونە خـوارێ، لەبەر ئـەوەی نەیاندەزانـی سێ کـەسـەکـە کـێن، بەجـۆرێک هەڵسـوکـەوتـیـان لەتەکیاندا کـرد وەک ئەوەی بەشێک بن لـە شانۆگـەریی سەر شـانۆ کە هێشتـا درێژەی هـەبوو.

ز. دەمیرکۆڵ کاتێک گەیشتە سەر شەقام و کەڵەکەبوونی بەفری بینی، وەک منداڵ بە خۆشحاڵییەوە جووتکەیەکی وەشاند، دوو فیشەکی بە ئاسماندا تەقاند و هاواری کرد: "بژی میللەتی تورک، بژی کۆمار!" ئاپۆڕەی بەر دەرگا بڵاوەیان لێ کرد و خۆیان دایە لاوە. هەندێکیان بزە گرتبوونی و بە ترسەوە سەیریان دەکرد. بڕێکی تریان وەک داوای لێبووردن بکەن لە پای ئەوەی وا زوو بۆ ماڵ دەڕۆنەوە، لە جێی خۆیان ڕاوەستان. ز. دەمیرکۆڵ و هاوڕێکانی بەرەو سەرەوەی شەقامی ئەتاتورک تێیان تەقاند. دروشمیان دەگوتەوە و وەک سەرخۆش بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد. چەند کەسێکی بەساڵاچوو، ئەوانەی بۆ حۆپاراستن لە خلیسکان بەدەم ڕێ کردنەوە قۆڵیان بە قۆڵی یەکدا کردبوو، باوکانی خێزانی منداڵداری باش خۆ پێکەوە گرمۆڵە کردوو، هەر ئەوەندەیان لە دەست هات چەپڵە بۆ ز. دەمیرکۆڵ و هاوڕێکانی لێ بدەن.

سێ کەسە دڵخۆشەکە لە گۆشەی شەقامی کوچووک کازم بەگ (کا)یان گرتەوە. ئەگەر ئەم هەستی بە نێزیکبوونەوەیان کرد، وەک ڕێگە بۆ ئۆتۆمبیل چۆڵ بکات، لای دایە سەر شۆستەی ژێر دار زەیتوونێکی ڕووسی. ز. دەمیرکۆڵ گوتی: "شاعیر بەگ، پێش ئەوەی ئەوان بتکوژن، دەبێت تۆ بیانکوژیت. تێ گەیشتیت؟"

(کا) ڕێک لەو ساتەدا شیعری هێشتا نەنووسراوەی لە بیر چوو. بەنیازیش بوو ناوی بنێت (ئەو شوێنەی خوای لێ نییە.)

ز. دەمیرکۆڵ و هاوڕێکانی بە شەقامی ئەتاتورکدا بەرەو سەرەوە هەڵدەکشان. (کا) لەبەر ئەوەی نەیویست دوایان بکەوێت، بەلای ڕاستدا پێچی کردەوە بۆ شەقامی قەرەداغ، هەستی کرد ئیدی هیچ شتێک لە شیعرەکەی لە خەیاڵدا نەماوە.

لە هەناویدا پەی برد بە شەرم و تاوانێکی هاوشێوەی ئەوەی پاش تەواوبوونی کۆبوونەوە سیاسییەکانی تافی لاوی هەستی پێ دەکرد. هۆی ئەو شەرمەی ئەوە نەبوو کە ئەم بەچکە بۆرژوایەکی سەر بە خێزانێکی دەوڵەمەندی بەشەشاری نیشانتاشی بوو، دەگەڕایەوە بۆ تژەبوونی گفتوگۆی

کۆبوونەوەکان لە قسەی توند و منداڵکارانەی زۆر پێوەنراو. بە ئومێدی ئەوەی شیعری لە بیرچووی بیر بکەوێتەوە، بڕیاری دا ڕێی خۆی درێژ بکاتەوە و ڕاستەڕێ بۆ هۆتێل نەگەڕێتەوە.

چەند کەسێکی بەرچاو کەوت بە بینینی ڕووداوەکان لە تەلەڤزیۆندا شڵەژابوون و لە پەنجەرەی ماڵەکانیانەوە سەریان هێنابووە دەرەوە. لێرەدا زۆر دژوارە بگوترێت گەلۆ (کا) تا چەندە ئاگای لە ڕووداو و هەراکەی ناو هۆڵی شانۆی گەل بووە. هێشتا ئەم لە هۆڵ نەچووبووە دەرێ، تەقە دەستی پێ کردبوو، بەڵام لەوانەیشە هەم دەستڕێژەکان و هەم ز. دەمیرکۆڵیشی بە بەشێک لە شانۆنامەکە زانیبێت.

تەواوی سەرنجی خۆی خستبووە سەر شیعرە لە بیرکردووەکەی. کاتێکیش هەستی کرد وا شیعرێکی تر لە جێی ئەو چەکەرە دەکات، لە لایەکی هۆشیدا هێلایەوە تا گەشە بکات و پێ بگات.

لە دوورەوە قرمەی دوو دەستڕێژ هات، دەنگی تەقەکان لە بەفرەکەدا دەنگی نەدایەوە و ون بوو. ئای بەفر چەند بە جوانی دەباری! بە کلووی گەورە و بە باوەڕ بەخۆبوونەوە، بە بێدەنگی و وەک ئەوەی هەرگیز ڕاوەستانی بۆ نەبێت! شەقامی فراوانی قەرەداغی تا ئەژنۆ بەفر گرتوو، هەورازێک بوو بە ئاڕاستەی تاریکاییی شەودا دەڕۆیشت و مرۆڤی تێدا ون دەبوو، سپی و لێوانلێو بوو لە نهێنی! باڵەخانەی سێ نهۆمیی شارەوانیی پاشماوەی سەردەمی ئەرمەنییەکان کەسی تێدا نەبوو. چلوورەی شۆڕەوەبوو بە لقەکانی دار زەیتوونێکی ڕووسیدا، لەگەڵ بەفری کەڵەکەبووی سەر ئۆتۆمبیلێکی بە چاو نەبیندراوی ژێری، یەکیان گرتبوو، بەو دیمەنەیان پەردەیەکی تەنکی نیوە چلوورە و نیوە بەفریان پێک هێنابوو. (کا) بە پێش ماڵێکی یەک نهۆمیی چۆڵی ئەرمەنیدا تێ پەڕی و سەیری کرد پەنجەرەکانی بە تەختە قایم کرابوون. بەدەم بیستنی دەنگی هەناسە و زرمەی پێی خۆیەوە، لە هەناوی خۆیدا هەستی بە هێزێک کرد بۆ پشتکردنە بانگی ژیان و خۆشبەختی پێ دەچوو جاری یەکەمی بێت بەر گوێی دەکەوت.

له پارکـه خنجـیـلانەکـەی بەردەم بارەگـای پارێزگـا، جگە لـە پەیکەرێکی بچـووکی ئەتاتورک، کـەس بەدی نەدەکـرا. لە بەردەم باڵەخـانەی دەفتـەرداری ورشـەدارترین باڵەخانەی پاشمـاوەی سـەردەمی ڕووسـەکانیشـدا (کا) کـەسی نەبینی. حـەفتا سـاڵ لەمـەوبەر، کاتێک قـەیسـەر و پاشا سـوپای خـۆیان لەو هەرێمـە کێشـایەوە، ئـەم شـوێنە ناوەند و بارەگـای دەوڵەتێکی سـەربـەخـۆ بوو تورکەکان دایانمەزراندبوو. لە بەرامبەریشـیدا باڵەخـانەیەکی ئەرمـەنی هەبوو لـەبەر ئـەوەی ئـەوەی بارەگـــای ســـەرۆکـــایـەتیی ئـەو دەوڵەتـە بـوو، لەلایـەن ســەربازەکــانی ئینگلیــزەوە پەلامــار درابوو. (کـا) لەو باڵـەخــانەیە کـە لەم ڕۆژگـارەدا بارەگای پارێزگـارە و لە ژێر پاراستنی چڕدایە، نێزیک نەکەوتەوە، بگرە بەرەو لای پارکی دەستەڕاستی ملی ڕێی گرت. تازە گەیشتبووە بەردەم باڵەخــانەیەکی تری ئەرمـەنیی جـوان و خـەمگینی هاوشـێـوەی ئـەوانی دی، تانکێکی بینی بێـدەنگ و لەسـەرخـۆ وەک ئەوەی دیمەنێک بێت لـە خـەودا، لە دەشـــتــەکــەی ئەولاتـرەوە دەهاتـە پێــشــەوە. لـە دوورتریش، ئـۆتـۆمــبــیلێکی بارهەڵگری سەربازی لە نێزیک ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان ڕاگـیـرابوو. (کـا) بـە کـەمـیی بەفـری کـەڵەکـەبووی ســەریدا تێ گـەیشت بارهەڵگرەکە کەمێک پێشتر لەو شـوێنە ڕاگیرابوو. دەستڕێژێک کرا. گەڕایە دواوە. پۆلیسـەکانی ناو کولبـەی جام بـەسـتووی بەردەم بارەگای پارێزگا تێ دەکۆشـان خۆیان گـەرم بکەنەوە. بێ ئەوەی ئەوان بیبیـن، بە شـەقامی سوپادا چووە خـوارێ. هاتە سـەر ئەو باوەڕەی تەنیـا بە گـەڕانەوەی بۆ ژوورەکـەی لە هۆتێل و بە دەرنەچوونی لەم کپیی بەفرەدا دەتوانێت شیعرە نوێیەکەی خەیاڵی و بیرەوەریی پێوەست بەهەمان شیعر بپارێزێت.

گـەیشتبووە نیـوەی هـەورازەکە، لە شـۆستـەی بەرامبـەرەوە دەنگی هـەرایەک هـات، هـەنگاوەنی خـاو کردەوە. دوو کەس دەرگـای بەڕێوەبەرایەتیی تەلەفـۆنیان دابووە بەر شـەق.

لە ناو بەفرەکەوە ڕووناکیی گڵـۆپی ئۆتۆمـبیلێک بەدەرکـەوت، پاشـان (کـا) گوێی لە دەنگی خۆشی تایە زنجیردارەکانی ئۆتۆمبیلەکە بوو. ئۆتۆمبیلە ڕەشە

سقیلکە لە نێزیک بەڕێوەبەرایەتیی تەلەفۆنەوە ڕاوەستا، کابرایەکی کەتە و کەسێکی چەکداری لێ دابەزی. (کا) ئەو کەسانەی لە کاتی بەجێ هێشتنی هۆڵی شانۆی گەلدا دیبوو.

هەموویان لە بەردەم دەرگاکەدا گرد بوونەوە، دەمەقاڵەیەک دەستی پێ کرد. (کا) بە دەنگیاندا و لەبەر ڕووناکی گڵۆپەکانی ئۆتۆمبیلەکەدا بۆی ڕوون بووەوە ئەوانەی بەردەرگاکە ز. دەمیرکۆڵ و هاوڕێکانین.

یەکێکیان گوتی: "چۆن کلیلت پێ نییە! مەگەر تۆ بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەلەفۆن نیت؟ ئەی تۆیان نەهێناوە بۆ ئێرە بۆ ئەوەی تەلەفۆنەکان ببڕیت؟ چۆن کلیلەکان لە بیر دەکەیت؟"

بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەلەفۆن گوتی: "تەلەفۆنەکان لێرەوە نابڕدرێن، لە سەنتراڵە نوێیەکی شەقامی وێستگەوە دەبڕدرێن."

ز. دەمیرکۆڵ گوتی: "ئەمە شۆڕشە و ئێمە دەمانەوێت لێرە بچینە ژوورەوە. ئەگەر بخوازین پیاوی خۆمان بۆ شوێنەکەی تریش دەنێرین. حاڵی بوویت؟ کلیلەکان لە کوێن؟"

"کوڕی خۆم، ئەم بەفرە دوو ڕۆژی تر خۆشی دەکاتەوە و ڕێگە و بانەکان دەکرێنەوە. دوایی دەوڵەت لە هەموومان دەپرسێتەوە."

ز. دەمیرکۆڵ دەنگی بەرز کردەوە و گوتی: "ئەو دەوڵەتەی تۆ زەندووقت لێی چووە، ئێمەین. زوو بە دەرگا بکەرەوە؟"

"بێ نووسراوی فەرمی دەرگا ناکەمەوە."

ز. دەمیرکۆڵ گوتی: "ئێستا دەبینین." دەمانچەی هەڵکێشا و دوو فیشەکی بە ئاسماندا تەقاند. "بیبەن و بیدەنە پاڵ ئەو دیوارە، ئەگەر لەسەر کەللەڕەقی بەردەوام بوو، گوللەبارانی دەکەین."

کەس بڕوای بە قسەکانی نەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پیاوە چەک بەدەستەکانی ز. دەمیرکۆڵ ڕەجایی بەگیان دایە پێش خۆیان بۆ بن دیواری باڵەخانەی فەرمانگەی تەلەفۆن. بۆ ئەوەی نەبادا فیشەک زیان بە جامی

پەنجەرەکان بگەیەنێت، کەمێک بۆ لای ڕاست پاڵیان پێوە نا، بەهۆی ئەوەی بەفرەکەی ئەو لایە زۆر نەرم بوو، ڕەجایی بەگ کەوتە سەر زەوی. داوای لێبووردنیان لێ کرد، دەستیان گرت و هەڵیانساندەوە سەرپێ. کراڤاتەکەیان لە ملی داکەند و دەستیان لە پشتەوە گرێ دا. بەدەم ئەو ڕەفتارانەیانەوە، لە نێوان خۆیاندا قسەیان دەکرد و دەیانگوت تا بەیانی قارس لە سەرجەم ناپاکانی نیشتمان پاک دەکەنەوە.

پیاوەکان بە فەرمانی ز. دەمیرکۆڵ چەکیان لە شان داگرت و وەک تیمی تیرباران کردن لە بەردەم ڕەجایی بەگدا ڕیز بوون. ڕێک لەو کاتەدا لە دوورەوە دەنگی تەقە هات. (ئەوە دەنگی تەقەی سەربازەکانی ناو باخچەی بەشی ناوەخۆییی قوتابیانی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان بوو بۆ چاوترساندن.) هەموو بێدەنگ بوون و چاوەڕێیان کرد. بەفر بەدرێژاییی ڕۆژ بێ ناوبەر باریبوو، بەڵام خەریک بوو خۆشی دەکردەوە. هەست بە بێدەنگییەکی لە ڕادەبەدەر جوان و ئەفسووناوی دەکرا. پاش کەمێک، یەکێکیان گوتی ئەم پیرە پیاوە (هیچیش پیر نەبوو) مافی خۆیەتی دوایین جگەرە بکێشێت. جگەرەیەکیان نا بە دەمی ڕەجایی بەگەوە و بە چەرخ بۆیان داگیرساند. لە کاتێکدا بەڕێوەبەر جگەرەی دەکێشا، ئەمان لەبەر ئەوەی بێزار بووبوون، بە قۆنداغە تفەنگ و بە پۆستاڵەکانیان کەوتنە شکاندنی دەرگای فەرمانگەی تەلەفۆن.

بەڕێوەبەر گوتی: "حەیفە بۆماڵی دەوڵەت، دەستم بکەنەوە، خۆم دەرگا دەکەمەوە."

دوای ئەوەی ئەوان چوونە ژوورەوە، (کا) لەسەر ڕۆیشتنی خۆی بەردەوام بوو. لە دوورەوە تاک و تەرا دەنگی تەقە دەهات، بەڵام ئەم هەر ئەوەندەی دەنگی سەگوەڕ بایەخی پێ دا. بەهەموو هێزی خۆیەوە سەرنجی بڕیبووە جوانی ئەو شەوە بێ جووڵەیە. ساتێک لە بەردەم ماڵێکی کۆن و چۆڵی ئەرمەنیدا ڕاوەستا، پاشان بە ڕێزەوە سەیری چلوورەی شۆڕەوەبووی کرد بە کەلاوەی کڵێسایەکی ئەرمەنی و لقی دارەکانی ناو باخچەکەیدا. سەرجەم شتەکان لەبەر ڕووناکیی

گڵۆپە زەرد و لاوازەکانی شەقام و کۆڵانەکانی شاردا لەوە دەچوون لە خەونێکی خەمگینەوە هاتبنە دەرەوە، ئەم دۆخە وای لە (کا) کرد هەست بە تاوانباری بکات. لە لایەکی دی، ناخی تژە بوو لە سوپاس و پێزانین بۆ ئەم وڵاتە بێدەنگ و لە بیرکراوەی کە هەناوی ئەمی پڕ کردبوو لە شیعر.

کەمێک لەولاترەوە، دایکێکی تووڕەی بینی لە پەنجەرەوە بانگی دەکرد و زۆری بۆ کورەکەی دەهێنا بۆ ماڵ بگەڕێتەوە. کوڕەکەش دەیگوت: "دەڕۆم بزانم چی قەوماوە." (کا) بە نێوانیاندا تێ پەڕی. دوو پیاوی هاوتەمەنی خۆی بینی، یەکێکیان زرتە زەلام و ئەوی تریان باریکەڵەیەکی منداڵ ئاسا بوو، هەردووکیان لە دووکانێکی پێڵاوفرۆشی گۆشەی شەقامی فایەق بەگەوە بە شڵەژاوی دەهاتنە دەرێ. ئەم دوو ئەڤیندارە، ماوەی دوازدە ساڵ بوو هەفتەی دوو جار بە ژنەکانی خۆیان دەگوت: "دەڕۆین بۆ چایخانە"، بەڵام دواتر لەو دووکانە بۆن زەمەقاوییەدا بەیەک دەگەیشتن. لە تەلەڤزیۆنی هاوسێکەی سەرووی خۆیانەوە چەند جارێک بانگەوازی قەدەخەکردنی چوونە دەرەوەیان بەر گوێ کەوتبوو، بە ڕاگەیاندنەکە شڵەژابوون. (کا) پاش ئەوەی خۆی گەیاندە شەقامی فایەق بەگ و دوو کۆڵان بەرەو خوارەوە چوو، لە بەردەم دووکانێکدا کە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە مێزێکی ماسی فرۆشی لێ دیبوو، تانکێکی بەدی کرد. تانکەکەش وەک کۆڵانەکە لە بێدەنگییەکی ئەفسووناویدا نوقم بووبوو، هێندە بێ جووڵە و مردوو بوو، بەجۆرێک ئەم وای زانی کەسی تێدا نییە، بەڵام لەپڕ سەری تانکەکە هەڵدرایەوە، سەری سەربازێکی لێوە هاتە دەرەوە و داوای لێ کرد دەستبەجێ بڕواتەوە بۆ ماڵ. (کا) پرسیاری ڕێی هۆتێلی بەفرپالاسی لێ کرد، بەڵام بەرلەوەی سەربازەکە لێو هەڵبهێنێتەوە، ئەم لە تاریکاییی ئەوبەردا نووسینگەی ڕۆژنامەی شاری سەرحەدی بینی و ڕێی گەڕانەوەی هۆتێلی دۆزییەوە.

گەرمیی هۆتێل و ڕووناکی هۆڵی پێشوازیکردن، دڵی ئەمی پڕ کرد لە کامەرانی. مێوانەکان بەدەم جگەرەکە کێشانەوە سەیری تەلەڤزیۆنیان دەکرد و بەڕوویانەوە دیار بوو ڕووداوێکی نائاسایی قەوماوە، بەڵام وەک منداڵێک

بخوازێت باز بەسەر بابەتێکی نابەدڵدا بدات، هۆشی بە ئازادی و لەسەرخۆیی بەسەر شتەکاندا دەخزا. بەو هەستی لەش سووکییەوە خۆی کرد بە ماڵی تورگوت بەگدا، هەموو تاقمەکە هێشتا لە دەوری مێز بوون و سەیری تەلەڤزیۆنیان دەکرد. تورگوت بەگ بە بینینی (کا) هەڵسایە سەرپێ، بە گلەییکردنەوە گوتی بەهۆی دواکەوتنییەوە دڵیان لای بووە. ویستی شتێکی تریش بڵێت، لەو ساتەدا نیگای (کا) و ئیپەک یەکانگیر بوون. ئیپەک گوتی: "زۆر بە جوانی شیعرەکەت خوێندەوە، مایەی شانازیم بوویت." (کا) یەکسەر حاڵی بوو تا لە ژیاندا ماوە، ئەم ساتەی لە بیر ناچێت. ئەوەندە کامەران بوو، بەجۆرێک ئەگەر پرسیاری کچەکانی تر و حاڵی شێواوی تورگوت بەگ نەبوایە، ئەوا فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە.

تورگوت بەگ گوتی: "پێم وا بێت سەربازەکان شتێک دەکەن." بەهۆی ئەوەی نەیدەزانی بڕیار بدات گەشبین بێت، یان خەم بخوات، تەواو تەنگاو بووبوو.

خوانەکە پەرش و بڵاو کرابووەوە، یەکێک، پێ دەچوو ئیپەک بێت، سوتووی جگەرەی کردبووە ناو توێکڵە پرتەقاڵەکانەوە. پوورە منیرەی خزمی لاو و دووری باوکی، لە سەردەمی منداڵی (کا)دا هەمان شتی دەکرد. دایکی (کا) لە قسەکردن لەگەڵیدا، لە وشەی "ئەفەندم" کەمتری بەکار نەدەهێنا، کەچی ئەو گوێی نەدەدایێ و لەسەر بەزمی خۆی بەردەوام دەبوو.

تورگوت بەگ گوتی: "چوونە دەرەوە قەدەخە کراوە، بۆمان بگێڕەوە لە شانۆ چی قەماوە."

(کا) گوتی: "من هیچ پێوەندیم بە سیاسەتەوە نییە!"

سەرەتا ئیپەک و دواتر ئەوانی تر تێ گەیشتن ئەوەی دەری بڕی، سەدای دەنگێکە لە هەناویدا. (کا) شەرمی بە خۆیدا هاتەوە.

ئێستا دەیویست ماوەیەکی درێژ لەوێ هیچ قسە نەکرێت، دابنیشێت و سەیری ئیپەک بکات، بەڵام (کەشی شەوی شۆڕش)ی ناو ماڵەکە، نیگەرانی دەکرد، نەک لەبەر ئەوەی شەوەکانی کودەتای سەربازیی سەردەمی منداڵیی بە خراپی بیر کەوتبووەوە، بگرە بەهۆی ئەوەی هەرکەسە شتێکی لێ دەپرسی.

خەندە لە سووچێکدا خەوتبوو. قەدیفە سەیری تەلەڤزیۆنی دەکرد و (کا) خۆی لە سەیرکردنی دەپاراست. تورگوت بەگیش، لەبەر ئەوەی شتی سەمەرە ڕووی دابوو، لە خۆی ڕازی بوو، بەڵام شڵەژانی پێوە دیار بوو.

(کا)، ماوەیەک لەوێ دانیشت و دەستی ئیپەکی گرت، داوای لێ کرد لەگەڵیدا سەر بکەوێتە سەرەوە بۆ ژوورەکەی. کاتێک تێ گەیشت نەتوانین بۆ خۆ نێزیکخستنەوەی زیاتر لە ئیپەک ئازاری دەدات، سەرکەوتە سەرەوە بۆ ژوورەکەی. بە ماندوویی پاڵتۆکەی بە بزماری پشت دەرگادا هەڵواسی. گڵۆپی بچووکی سەر نوێنەکەی داگیرساند: ماندوویی وەک ناڵەیەکی لە جیهانی ژێرەوە هاتوو، تەنیا جەستە و پێڵووەکانی نا، بگرە هەموو ژوورەکە و سەرتاپای هۆتێلی دابووە بەر. بۆیە بەپەلە لە دەفتەرەکەیدا دەستی کرد بە نووسینەوەی ئەو شیعرە نوێیەی تازە بۆی هاتبوو. بەدەم دانیشتنەوە لە کەناری پێخەوەکەی هەستی دەکرد بەیتەکانی شیعرەکەی، جێگەکەی، باڵەخانەی هۆتێل و شاری بەفراویی قارس، بەردەوامبوونێکی هەموو جیهانە.

شیعرەکەی ناو نا (شەوی شۆڕش). سەرەتاکەی بەوە دەستی پێ دەکرد چۆن لە شەوانی کودەتای سەربازیی سەردەمی منداڵیی ئەودا هەموو ئەندامانی خێزان لە خەو هەڵدەسان و بە بیجامەوە گوێیان بۆ ڕادیۆ و سروود ڕادەگرت، دواتریش دۆخەکە وەردەگەڕایە سەر پێکەوە خواردنی نانی جەژن. لەم سۆنگەیەوە هاتە سەر ئەو باوەڕەی ئیلهامی شیعرەکەی لە شۆڕشێکی ڕاستەقینەوە نا، لە خەیاڵی خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە. دواتریش هەر بەو جۆرە لەسەر نیگاری گەردیلەی بەفر دای نا. پرسێکی گرینگی شیعرەکە ڕادەی پەی پێبردنی هۆشی شاعیر بوو بەو کارەساتانەی باڵیان بەسەر جیهاندا کێشاوە. تەنیا ئەو شاعیرەی ئەمەی پێ بکرایە، دەیتوانی لە دۆخی هەنووکەییدا بەخەیاڵ بژی: ئەمە کارێک بوو سەرکەوتنی شاعیری تێدا دژوار بوو! (کا) دوای ئەوەی لە نووسینەوەی شیعرەکەی بووەوە، جگارەیەکی داگیرساند و لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی کرد.

## ٢٠

# خێری پێوه بێت بۆ نیشتمان و میللەت!

## شـەو، کاتێک (کا) نووسـت و، بەرەبەیان

(کـا) دە سـەعـات و بـیـست خـوولەکـی ڕێک و بێ ئەوەی لە شـەودا هۆشـیـار بێتەوە، لێی خـەوت. جاروبار لە خـەونیدا بـەفر دەباری. کـەمێک پێشـتریش، لە کۆڵانە سپییەکەدا کـە لە میانەی پەردەی نیوەکراوەوە بـەدی دەکرا، بەفر بارین دەستی پێ کردبووەوە. لەبەر ڕووناکیی تیشکی کزیی تابلۆی پەمەیی هۆتێلی بەفرپاڵاسـدا، بەفرەکە لە ڕادەبـەدەر نەرم دەهاتە پێش چاو. لەوانـەیشـە هـۆی نووسـتنی ئارامـی (کـا) بگـەڕێتـەوە بۆ ئـەگـەری ئەوەی نەرمـیـی سـەیر و ئەفسـووناویی بەفـرەکـە دەنگی ئەو تەقـانـەی هـەڵلووشـیـبـێت کـە لە کـۆڵان و شەقامەکانی قارسدا کرابوون.

ئەمـە بەمـەرجـێک بەشی ناوەخـۆییی قـوتابـیـانی ئامـادەییی پێگەیاندنی پێـشنوێژ و وتارخـوێنان کـە بە تانکێک و دوو بارهەڵگری سـەربازی هێـرشی کـرابووە سـەر، تەنیـا دوو شـەقـام لـە سـەرووی هۆتێلەکـەوە بوو. دەرگـای سـەرەکیی قـوتابخـانە هێشـتا نیشـانەی هونـەری ئاسنگەریی ئەرمـەنیی پێوە دیار بـوو. لە پێش ئـەو دەرگـایە هیـچ نەقـەومـابوو، بەڵام لـە بەردەم دەروازەی تەخـتـەییی بەشی ناوەخـۆیی کـە بەسـەر دوایین هـۆڵی نووستن و هـۆڵی کـۆبوونەوەکـاندا دەیڕوانی، هەڵپـڕژانێک قـەومـابوو. سـەربـازەکـان، سـەرەتا بەمـەبەسـتی ترسـاندنی قـوتابیـان، لە باخـچـە بەفـراوییـەکـەوە تـەقـەیان بە تاریکایی ئاسـمـاندا کردبوو. لەبەر ئەوەی توندڕەوترین قـوتابـیـانی ئامـادەییی پێگەیاندنی پێـشنوێژ و وتارخـوێنان ئـامـادەی ئاهـەنگی هۆڵی شـانۆی گـەل

بووبوون و لەوێ دەستگیر کرابوون، ئەوانەی لە بەشی ناوەخۆیی مابوونەوە، یان نەزان بوون، یاخــۆ بێ ئاگـا، بەڵام بەو ڕووداوانەی لە تەلەڤــزیۆندا بینیبوویان، هاتبوونە جۆش و لە پشت دەرگـاوە بە مێز و ڕیزبوونی خۆیان بەربەستێکیـان دروست کـردبوو. بەدەم چاوەڕوانیکردنەوە (اللە اکبر) و دروشمی تریان گوتبـووەوە. یەک دوو قوتابیی شێتـەڵۆکە بڕێک چنگاڵ و چەقۆیەکیـان لە ئاشـپەزخانەی بەشی ناوەخۆیی دزیبـوو، و لە پەنجەرەی دەستشـۆرەکەوە گرتبوویانە سەربازەکان. هاوکات بە تاقە دەمانچەیەکی بەردەستیان کەوتبوونە گەمەکردن، بۆیە لە ئاکامدا جارێکی تر دەنگی چەک بیسترابوو، قوتابییەکی باڵا نەونەمام و ڕووخسار شیرین، گوللەیەک بەر تەوێڵی کەوتبوو، و مردبوو. قوتابیانی قۆناغی ناوەندی بە بیجامەوە، ئەو قوتابییە دوودڵانەی تەنیا بۆ ئەوەی شتێک بکەن، بەشداریان لەم بەرگرییەدا کردبوو، و دواتر پەشیمان بووبوونەوە، سەرجەم ئەو شەڕڤانانەی هەر لە سەرەتاوە ڕووخساریان خەڵتانی خوێن کرابوو، زۆربەیان دەگریان، هەموویان پێکەوە سـواری ئۆتۆمـبـیل کـرابوون، بەدەم شــەق و تێــهــەڵدانەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش ڕاپێچ کرابوون. بەهۆی بارینی بەفرەوە خەڵکانێکی کەم لە شاردا بەم ڕووداوەیان زانیبوو.

زۆرینەی خەڵکی شار هێشتا لەسەر پێ بوون، بەڵام نیگاکان لە سەر پەنجەرە و کۆڵانەکان نەبوون، بگرە هێشتا لەسەر پەردەی تەلەڤزیۆن بوون. دوای ئەوەی سونای زایم لە وەشانی زیندووی سەر شانۆی گەلدا گوتبووی ئەمە شانۆگەری نییە، بگرە شۆڕشە، سەربازەکان دەستیان کردبوو بە کۆکـردنەوەی دەم بە هاوارەکـان و گـواستنەوەی تەرم و بریندارەکـان بە دارەباز. لەو کاتەدا نوعمـان بەگی جێگری پارێزگـار چووبووە سەر شـانۆ و وەک پیشەی هەموو جاری، بە دەنگێکی فەرمی و تووڕە، بەڵام متمانە بەخش و کەمێکیش قەڵس ڕای گەیاندبوو تا سەعات دوازەی ڕۆژی دواتر هاتنە دەرەوە لە قارس قەدەخە کراوە. نوعمان بەگ یەکەمجاری بوو لە (وەشانی زیندوو)دا دەردەچوو، سەرجەم دانیشـتـووانی قـارسـیش لە نێزیکەوە

دەیانناسی. دوای دابەزینی ئەو، کەسی تر نەچووبووە سەر شانۆ، بۆیە بینەرانی قارس بەدرێژاییی بیست خوولەک لە تەلەڤزیۆندا تەنیا سەیری پەردەی شانۆی گەلیان کردبوو. دواتر پچڕانێک کەوتبووە وەشانەکەوە و ئەو پەردە کۆنەی پێشتر باسم کرد، هاتبووەوە سەر پەردەی تەلەڤزیۆن. پاشان پەردەکە لەسەرخۆ کرابووە و دەست کرابووەوە بە پێشاندانەوەی (ئاهەنگ)ەکە لە نووکەوە.

ئەم بارودۆخە ترسی لە دڵی زۆربەی بینەرانی قارسدا دروست کردبوو، شڵەژابوون و دەکۆشان بزانن لە شارەکەیاندا چ قەوماوە. چاو بە خەو و نیمچە سەرخۆشەکان ترسی ئەوەیان لێ نیشتبوو ئاڵۆزییەکی بێ سەروبن دەست پێ بکاتەوە، هەندێکیشان هەستیان وا بوو ئاهەنگ و کوشتنەکانیش خۆیان دووبارە دەکەنەوە. بەشێک لەو بینەرانەی ڕەهەندی سیاسیی ڕووداوەکەیان بەلاوە مەبەست نەبوو، کتومت وەک ئەوەی من چەندین ساڵ هەر وای بۆچووبووم، ئەم دووبارە پێشاندانەوەیەی ئاهەنگەکەیان بە هەلێک زانیبوو بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکانی ئەو شەوەی قارس.

بەو جۆرە لە کاتێکدا بینەرانی قارس سەیری فوندا ئەسەریان دەکرد بەدەم لاساییکردنەوەی ژنە سەرۆک وەزیرێکی پێشووترەوە پێشوازی لە کڕیارە ئەمریکاییەکانی دەکرد، یان دوای شۆخیکردن بە فیلمێکی ڕێکلام لە ناخەوە و بە کەیفخۆشی خۆی سوور دەدا، ئا لەو کاتەدا تیمێکی شارەزای سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش لە شەقامی خالید پاشا بە بێدەنگی هەڵیان کوتابووە سەر بارەگای لقی پارتی یەکسانیی گەلان. تاکە خزمەتکارێکی کورد لەوێ دەبێت و دەستگیر دەکەن و هەرچی کاغەز و دەفتەر و تۆماری ناو دۆلاب و کشاوەکانیشە، کۆی دەکەنەوە. ئەندامانی لقی ئەو پارتە لە پەلامارەکانی دوێنێ شەودا دەستنیشان کرابوون و هەمان ئۆتۆمبیلی تایە زنجیرداری پۆلیس یەک بەیەکیانی دەستگیر کردبوو. پاشان بە تاوانی جوداخوازی و نەتەوەپەرستیی کوردی دەست بەسەر کرابوون.

ئەوانە کۆی هەموو کوردە نەتەوەپەرستەکانی قارس نەبوون. بەرەبەیانی

زوو، تاكسـييـەكی سـووتاوی مـاركـەی موران لـەسـەر ڕێـی دیگۆر، پێش ئەوەی بەفـر دایپۆشـێت، سێ تـەرمی لێ دەرهێندرابوو. -بەپێـی زانیـاریی هێـزەكـانـی ئاسـایش- كـوژراوەكـان سـەر بە شـانە چەكدارەكانی پەكـەكە بوون. ئەم سێ لاوە چەند مـانگێک لەوەوبـەریش هـەوڵیـان دابوو بێنە شـارەوە، بە ڕووداوەكـانـی دوێنێ ئێواریێ شڵەژابوون، سواری تاكسییـەک بووبوون و بڕیاریان دابوو ڕوو لە چیـا بكەن. كـاتێک بینیـبوویان بەفـر ڕێگە و بانەكـانـی داپۆشیـوە، ورەیان ڕووخـابوو. لێیـان بووبوو بە دەمـەقاڵە، یەكێكیـان نارنجۆكێكی تەقاندبووەوە و هـەموویان مـردبوون. دایكی یەكێک لە كـوژراوەكـان كـە لە نەخـۆشـخـانـە كـاری پاكـژكردنەوەی دەكرد، لـە وتەكـانی لە بەردەم لـێپـرسـراواندا گـوتبـووی چەند كـەسـێكی چەكـداری نەناسـراو لە دەرگـایان داوە، كـوڕەكـەیان داوەتە پێش و لەگـەڵ خۆیان بردووە. برا گـەورەی شۆفـێری تـاكسـییـەكەش گـوتبووی براكـەی نەک هـەر نەتەوەپـەرسـتـی كـورد نـیــیـە، بگـرە كـوردیش نـیــیـە. بـەڵام وتەی هـەردووكیـان پشت گوێ خرابوو.

ڕاستیەكەی، كاتی سـووڕانەوەی دوو تانک وەک تارمایی بە شـاردا سـەرجەم دانیشـتووانی قارس زانیبـوویان شـۆڕشـێک ڕووی داوە و هیچ نەبێت كـۆمـەڵێک ڕووداوی ناجـۆر قـەومـاون. بەڵام لەبەر ئەوەی هـەموو شـتـەكان هـاوزەمـان لەگەڵ پێشـاندانی شـانۆگـەرییـەک لە تەلەڤـزیۆنەوە و لەگـەڵ بەفـردا كـە وەک ئەوەی لە داسـتـانە كـۆنـەكـاندا هـەیە بێ بڕانەوە لە بەردەم پـەنجـەرەكـان دەباری، ڕوویان دابوو، هـەست بە ترس نەدەكرا. تەنیا ئەوانەی سـەر و سـەكوتیان لە سیـاسـەت دەخورا، شپرزە بووبوون.

بۆ نموونە، ڕۆژنامـەنووس و فۆلكلۆریست سـەعدوڵا بەگی جێـی ڕێزی هـەموو كوردەكـانـی قـارس، لەبەر ئەوەی بەدرێژاییی مـاوەی ژیانی چەند كـودەتایەكـی سـەربازی دیبـوو، هـەر ئەوەندەی لە تەلـەڤـزیۆنەوە گـوێبـیـسـتـی بڕیاری قـەدەغـەكردنی هـاتوچۆ بووە، خـۆی بۆ ڕۆژانی زیندان سـازداوە و پێی وا بووە ئەو ڕاسـتـیـیـە نێزیک بووەتەوە. دەسـتـەیەک بیـجـامـەی نەخـشـین و ڕەنگ شـین، دەرمـانی پرۆسـتـات و حـەپی خـەوەكـانی، كـڵاوی خـوری و گـۆرەوی، وێنەیەكـی

کچەکەی ئەستەنبوڵی و کچەزای دەم بە پێکەنینی لە باوەشیدا و کتێبێک کە بە هەزار دەردی سەر سەبارەت بە لاوکی کوردی نووسیبووی، نابووە باوڵ. لەگەڵ ژنەکەیدا چای خواردبووەوە و بەدەم سەیرکردنی قوونبادانی فوندا ئەسەرەوە لە تەلەڤزیۆندا، کەوتبووە چاوەڕوانی. کاتێک درەنگانێکی شەو لە دەرگا درابوو، ئەم ماڵئاواییی لە ژنەکەی کردبوو، باوڵی نابووە بن باڵی و دەرگای حەوشەی کردبووە، بەڵام کەسی نەدیبوو. چووبووە کۆڵانی بەفراوی و لەبەر ڕووناکیی پڕ لە ئەفسوونی گڵۆپە ڕەنگ کبریتییەکاندا بە سەرسامی لە ناو جوانیی کۆڵانی بێدەنگ، بیری کەوتبووەوە چۆن لە دەورانی منداڵیدا لە قوتابخانە پێڵاوەکانی لە بەفردا نوقم دەبوون. لەو ساتەدا کەسانێکی نەناسراو ڕیزێک فیشەکیان نابوو بە سەر و سنگییەوە و کوشتبوویان.

دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک بەفر توایەوە و تەرمی کۆمەڵێک کەسی تر دۆزرایەوە، بەمەدا دەرکەوت ئەو شەوە زنجیرەیەک تاوانی تریش ئەنجام دراوە. بەڵام منیش وەک چاپەمەنیی خۆپارێزی قارس بۆ ئەوەی خوێنەرەکانم لەوە زیاتر خەمگین نەکەم، خۆم لە قەرەی باسکردنی ئەو ڕووداوانە نادەم. قسە و قسەڵۆکی سەبارەت بەوەی ئەم تاوانی "فاعیلی مەجهول"انە لەسەر دەستی ز. دەمیرکۆڵ و هاوڕێکانی ئەنجام دراون، بەلانی کەمەوە بۆ ساتەکانی سەرەتای ئەو شەوە ڕاست نەبوون. ئەوان، ئەگەرچی درەنگیش بووبێت، دەستیان کردبوو بە شکاندنی تەلەفۆنەکان، پەلاماری تەلەڤزیۆنی قارسیان دابوو. لەوەش دڵنیا بووبوون وەشانی زیندووی تەلەڤزیۆن پشتیوانی لە شۆڕشەکەیان دەکات. دەمەوبەیانیش غیرەتیان هێنابووە بەر خۆیان و هەوڵی دۆزینەوەی "دەنگبێژێکی دەنگگڕی سەرحەد"یان دابوو. بۆ ئەوەی شۆڕش لە شۆڕشێکی ڕاستەقینە بچێت، دەبوو لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆندا سروودی قارەمانی و گۆرانییەکانی سەرحەد بڵاو بکرێنەوە.

دوای پرسیارکردن لە سەربازگەکان، نەخۆشخانەکان، ئامادەییی زانستی سرووشتی و چایخانەکانی دەمەوبەیانی، دواجار کابرای دەنگبێژیان لای پیاوانی ئێشکگری تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە دۆزیبووەوە. کابرا سەرەتا وای

زانیبـوو دەسـتگیـری دەکەن و تەنانـەت بەخـەیاڵیـدا هاتبـوو لەوانەیـە لە پەنای دیوارێکدا گـوللەبارانی بکەن، کـەچی بە پێـچـەوانەی بۆچـوونەکـانـی ئەوەوە دەمـودەست بردبوویان بۆ سـتۆدیۆ. کاتێک (کا) سـەرلەبەیانـی لە خەو هەڵسـا، یەکەم شت بیسـتی، دەنگی شـاعیـرانـەی دەنگبێژەکە بوو لە تەلەڤزیۆندا کە دیوار و تەنە گەچینەکان و پەردەکانی دەبڕی. ڕووناکیی بەفرەکە بە هێزێکی نائـاسـایی لـە پەردە نیـوەکـراوەکـەوە دەهاتە ژوورێ و لـە بنمـیـچـی بەرزی ژوورەکەی دەدا. زۆر باش خـەوتبوو، مـاندویەتیی بەتەواوی حەسـابووەوە، بەڵام پێش ئـەوەی لە پێـخـەو بێتـە دەرێ، لە هەناوی خـۆیدا هەسـتی بەجـۆرێک لە تاوانبـاری کـرد و ئەم هەسـتـەش هێـز و ورەی لەبەر بڕیبوو. وەک مـێـوانێکی ئاسـاییی هـۆتێل، چێژی لە بوونی خـۆی لە جێیـەکی تر و لە دەستـشـۆرێکی تر وەرگـرت، دەمـوچاوی شـۆری، تەراشـی کـرد، خـۆی وشک کـردەوە و جلەکـانی پۆشـی. تۆپەڵە کلیلی قورسـی ژوورەکەی هـەڵگرت و دابەزی بۆ هـۆڵی پێشوازیی هـۆتێل.

بە بینینـی دەنگبێژەکە لە تـەلەڤزیـۆندا هـەسـتی کـرد بێدەنگی بە قـوڵی باڵی بەسـەر هـۆتێل و شـاردا کێـشـاوە. (ئەوانەی هـۆڵی پێـشـوازی بەچرپە لەگـەڵ یـەکـدی دەدوان.) گـشـت ئەو شـتـانـەی هـۆشی لێی شـاردبووەوە و وردەکـاریـیـەکـانی ڕووداوەکـانـی دوێنـێ شـەوی باشـتـر بـۆ دەرکـەوت. زەردەخـەنەیەکی ساردی بۆ لاوەکەی کارمـەندی پرسگە کرد، وەک ڕێبوارێکی بەپەلە مەبەسـتی بێت ڕێ نەدات توندوتیژی و گومڕاییی سیاسی ژیانی خراپ بکات و نیـازی نەبێت هیـچی تر لەم شـارەدا کـات بە فـیـڕۆ بدات، دەسـتـبـەجێ ڕووی لە هـۆڵی نان خـواردن کـرد و داوای بەرچایی کـرد. لە گـۆشـەیـەکـدا قـۆرییـەکی خـڕیلە نرابووە سـەر سـەمـاوەرێک، لـە قاپێکیشـدا پەنیری جنراوی قارس و لە جامێکدا هەندێک زەیتوونی ورشە لێ بڕاو و ڕەنگ مردووی بینـی.

(کا) لـە بەردەم مـێـزێکی پێش پەنجـەرەکـە دانیشـت. بە سـەرسـامـی نیگای بڕییـە شـەقـامی بە بەفـر داپۆشـراو و سـەیری کرد لە نێـوان پەردەکـانەوە بە جـوانـتـرین شـێوە دێتـە پێش چاو. ڕووخـسـارێکی هێندە خـەمگین بە شـەقامـە

چۆڵ و ساردەکەوە بوو، بەجۆرێک (کا) یەک بەیەکی قەدەخەکردنەکانی هاتنە دەرەوەی دەورانی منداڵی و تافی لاویی خۆی بیر کەوتەوە. قەدەخەکانی هاتوچۆ تایبەت بوون بە سەرژمێریی گشتی، هەڵبژاردن، پشکنینە گشتییەکان، کودەتا سەربازییەکان و ئەمانی لە دەوری ڕادیۆ کۆ دەکردەوە. (کا) هێندەی ئاهەنگی شەوانی ڕەمەزان حەزی لەو ڕۆژانەی کودەتای سەبازی دەکرد، چونکە هەمووانی لە دەوری یەک بابەت گرد دەکردەوە و پوور، مام و هاوسێکانی بەیەک دەگەیاند. بنەماڵەکانی چینی ناوەند و خانەدانەکانی ئەستەنبوڵ، ئەوانەی (کا) ژیانی دەورانی منداڵیی لە ناویاندا بەسەر بردبوو، دوای هەر کودەتایەکی سەربازی ژیانیان مسۆگەرتر دەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی لە ڕووی خۆپارێزییەوە خۆشحاڵی خۆیان کەمێک بشارنەوە، بە بێدەنگی، بە ڕەفتارە بێ واتاکانی دوای هەر کودەتایەک پێ دەکەنین و دەرزی ئاژنیان دەکرد. (وەک بە گەچ سپیکردنی هەموو شۆستەکانی ئەستەنبوڵ لە سەر شێوازی سەربازگاکان و ڕاگرتنی کەسانی سمێڵ درێژ و ڕیش پان لە لایەن پۆلیس-سەربازەوە لە کۆڵان و شەقامەکان و بە زۆر ڕیش پێ تاشینیان.) بۆرژوا باڵاکانی تورکی ئەستەنبوڵنشین، لە سەرێکەوە تا بڵێیت لە سوپا دەترسان و لە سەرێکی ترەوە، رقیان لەو کارمەندانەی سوپا دەبووەوە کە ژیانیان لە چاوەڕوانیی مووچە و لە نێو دیسپلیندا بەسەر دەبرد.

لە خوارەوەی ئەو شەقامەی شارێکی سەدان ساڵ لەمەوبەر چۆڵکراوی دەهێنایەوە بیری مرۆڤ، ئۆتۆمبیلێکی سەربازی پەیدابوو. (کا)، وەک لە منداڵییەوە کردبووی بە خوو، چاوی تێ بڕی. کابرایەک دەستێک جلی جامبازانەی پۆشیبوو، لەو ساتەدا خۆی بە ژووردا کرد، لەپڕ باوەشی بە (کا)دا کرد و ڕوومەتەکانی ماچ کرد: "چاومان ڕوون ئەفەندی بەگ! خێری پێوە بێت بۆ نیشتمان و میللەت!"

(کا) بیری کەوتەوە دەوڵەمەندەکانی ناو کۆمەڵگە لە دوای هەر کودەتایەکی سەربازی، وەک ئەوەی جەژن لە یەکدی پیرۆز بکەن، ئاوا پیرۆزباییان دەکرد. ئەویش وەک کابرا بە منگەمنگ شتێکی لە شێوەی "خێری پێوە بێت"ی گوت،

بەڵام شەرمیشی بە خۆیدا هاتەوە.

دەرگای ئاشپەزخانە کرایەوە و (کا) هەستی کرد لەپڕ هەموو خوێنی ڕووخساری مژراوە. ئیپەک لە دەرگاوە هاتە ژوورێ. چاویان بە چاوی یەک کەوت و ئەم تاوێک نەیزانی چی بکات. لە ناخەوە دەیویست هەڵسێتە سەرپێ، وەلێ ئیپەک زەردەخەنەیەکی بۆی کرد و ڕووی لە پیاوێک کرد پێش کەمێک دانیشتبوو. سینییەکی بەدەستەوە بوو، فنجانێک و قاپێکی لەسەر بوو. ئیپەک وەک گارسۆنێک فنجان و قاپی لەسەر مێزی کابرا دانا. جۆرێک لە ڕەشبینی و پەشیمانی و هەستکردن بە تاوان (کا)ی هەڵپێچایەوە: لەبەر ئەوەی وەک پێویست سڵاوی لە ئیپەک نەکردبوو، خۆی بە تاوانبار دەزانی، بەڵام ئەمە شتێکی تر بوو، یەکسەر حاڵی بوو ناتوانێت لە خۆیشی بشارێتەوە. هەموو شتەکان هەڵە بوون، هەموو ڕەفتارەکانی دوێنێی؛ ڕاوەستان لە بەردەمی ژنێکی بیانیدا و هێنانە ئاراوەی پێشنیازی زەماوەند، ماچ و مووچ لەگەڵیدا (باشە، ئەمەیان جوان بوو)، ئەو هەموو سەر سوورانەوەیەی، گرتنی دەستی ئیپەک لەو کاتەی سەرجەم پێکەوە نانیان دەخوارد، لە هەمووی خراپتر، وەک لاوانی سادەی تورک سەرخۆش بوو، بە بەرچاوی هەمووانەوە و بێ شەرمانە سەرسوورمانی خۆی بۆی دەربڕیبوو. ئێستا لەبەر ئەوەی نەیدەزانی چی پێ بڵێت، ئاواتەخواز بوو ئیپەک تا هەتایە لە مێزەکەی ئەولا "گارسۆنی" بکات.

ئەو کابرایەی جلی جامبازانی پۆشیبوو، بە دەنگێکی قەبە هاواری کرد: "چای!" ئیپەک بە سینیی بەتاڵی دەستییەوە وەک ئەوەی لەسەری ڕاهاتبوو، ڕووی لە سەماوەر کرد. چای کابرای گەیاند و دواتر ڕووی لە مێزی (کا) کرد. ئەم لە کونەلووتی خۆیدا هەستی بە بەرزبوونەوەی لێدانی دڵی کرد.

ئیپەک بەدەم خەندەوە گوتی: "چی ڕووی دا؟ باش خەوتیت؟"

ئەم سۆزە بەرامبەر دوێنێ شەو و شادمانییەکانی دوێنێی پێشان درا و ئەمی ترساند. بە زۆر لە خۆکردنەوە گوتی: "وا دیارە بەفرەکە نیازی نییە خۆشی بکاتەوە."

بە بێدەنگی نیگایان لە یەکدی بڕی. (کا) حاڵی بوو ناتوانێت هیچ بڵێت و

ئەگەر شتێکیش بڵێت، ئەوا زۆر لە خۆی دەکات. نقەی لە خۆی بڕی و پێشانیشی دا هەر ئەوەندەی لە دەست دێت، چاوی بڕییە ناو چاوە خوومار و هەنگوینییەکانی. ئیپەک هەستی کرد باری دەروونی (کا) بە بەراورد لەگەڵ دوێنێدا شتێکی ترە و تێ گەیشت ئێستا ئەو کەسێکی تەواو جیاوازە. (کا) هەستی کرد ئیپەک پەی بە تاریکاییی دەروونی ئەم بردووە و بگرە تێگەیشتنیشی بۆی هەیە. هەستیشی کرد ئەم تێگەیشتنە، بەدرێژاییی ژیان بەو ژنەوەی دەبەستێتەوە.

ئیپەک وردبینانە گوتی: "ئەم بەفرە هەر ئاوا درێژەی دەبێت."

(کا) گوتی: "نان نییە."

"ئا، داوای لێبووردن دەکەم." ئیپەک ئەمەی گوت و ڕووی لە گۆشەی سەماوەر کرد، سینیی دانا و دەستی کرد بە نان لەتکردن.

(کا) بۆیە داوای نانی کرد، چونکە لە بەرامبەر ڕەوشەکەدا خۆی پێ ڕانەگیرا. ئێستا لە دواوە بە پۆزەوە سەیری ژنەکەی دەکرد، وەک ئەوەی بڵێت "لە ڕاستیدا خۆیشم دەمتوانی بڕۆم و لەتی بکەم."

ئیپەک بلووزێکی لە خوری چندراوی سپی و ئەتەکێکی قاوەییی درێژی لەبەر کردبوو. کەمەربەندێکی ئەستووریشی لە پشت کردبوو. ئەو جۆرە کەمەربەندە تا حەفتاکانیش مۆدی مابوو، بەڵام لەو کاتە بەدواوە کەس نەیدەبەست. بەژنی زراڤ بوو، سمتەکانی چوست و سفت بوون، باڵای لەگەڵ باڵای (کا)دا دەگونجا، مەچەکەکانی دڵگیربوون بۆی. بڕوای وا بوو ئەگەر لە قارسەوە نەیبات بۆ فرانکفورت، ئەوا تا لە ژیاندا ماوە دەبێت بە ئازارچەشتنەوە بیر لەوە بکاتەوە چۆن لێرە دەستی دەگرت، چۆن ماچی نیوە گاڵتە و نیوە ڕاستی دەکرد و چەند کامەران دەبوو کاتێک شۆخی لەگەڵدا دەکرد.

ئەو دەستەی ئیپەک کە نانی پێ لەت دەکرد لە جووڵە کەوت و پێش ئەوەی خۆی وەرچەرخێنێت، (کا) سەری بۆ لای ئەو بادایەوە. ئیپەک گوتی: "پەنیر و زەیتوونیش دەخەمە سەر سینییەکەی ئێوە." ئەم حاڵی بوو ئیپەک بۆیە

"ئێـوە"ی گـوت، بۆ ئـەوەی بیـری بـخـاتەوە ئەوان لـە هۆڵەکـەدا تەنیـا نین. ئەم بەهەمان تۆنی دەنگەوە گوتی: "بەڵێ، تکایە." ئەمەی گوت و ڕووی وەرگێڕایەوە بۆ لای ئـەوانی تر. کـاتێک نیگایان چووەوە سـەریەک، (کـا) لە ڕووخسـاری ئیپەکدا ئەوەی بەدی کرد ژنەکە زۆر باش درکی بەوە کردووە ئەم پێش کەمێک لە دواوە تەماشـای کردووە. بیریشی کەوتەوە ئیپـەک زۆر باش لە پێوەندیی ژن و پیـاو و وردەکـارییـەکانی ئـەو دیپلۆمـاسـییـەتە تێ دەگات، بـەڵام ئەم هرِی لە برِی نەدەکردەوە و ئەمـەش ترسـاندی. پێشـتریش ترسی ئەوەی هـەبوو ئیپـەک تاکە شیمانەی بەختەوەری ئەو بێت لە ژیاندا.

ئیپـەک گوتی: "نانەکە پێش کـەمێک ئۆتۆمـبیلـێکی سـەربازی گـەیاندی." بە نیگا شیـرینی دڵـی (کـا)ی داخورپاند و بزەیەکی خسـتـە سـەر لێوی و گـوتی: "زاهیــدە خــاتوون، لەبـەر قـەدەغـەبوونی هـاتوچۆ نەیتـوانی بێت، بۆیـە من سـەروکـاری ئاشـپەزخانـە دەکەم... بە بینینی سـەربازەکان زۆر ترسـام، چونکە دوور نەبوو بۆ دەستگیرکردنی خەندە، یان قەدیفە هاتبن، تەنانەت باوکیشم..."

ئیپـەک بەچرپـە بە (کـا)ی گـوت: "کرێکارە ئێشکگرەکانـی نەخـۆشـخـانەیان بردووە بۆ سـڕینەوەی پەڵـە خـوێنـەکانی هـۆڵـی شـانۆی گـەل." بەرامـبـەر (کـا) دانیـشت.: "هێـرشـیـان بردووەتـە سـەر هۆبـەی زانکۆکـان، قـوتابخـانەی پێگەیـاندنی پێـشنوێژ و وتارخـوێنان و بارەگـای پارتەکـان..." لەو جـێیـانەش کـوژراو هەبووە. بەسـەدان کـەس دەسـتگیـر کـراون، بەڵام دانی بەیـانی ئازاد کراون. ئەم شێـوە چرپەدوانەی ئیپەک زیاتر تایبەتمەندیی سـەردەمەکانی پرِ لە پاڵەپەستۆی سیاسیی پێوە دیار بوو. بەسەرهـاتی زۆرداری و ئەشکەنجـەکانی بیست سـاڵ لەمەوبەریشـی هێنایەوە بیری ئەم کاتێک قوتابیـانی زانکۆکـان لە یانەکـانـدا بەچرپە، بـەڵام هـەمـان کـات بە رِق و خـەمـبـاری و بە شـانازییـەوە باسیـان دەکرد. ئەو سـەردەمـانە دەیویست بگەڕێتـەوە مـاڵ و دەست بکات بە کـتـێب خـوێندنـەوە تا لە بیـری خـۆی ببـاتەوە وەک کـەسـێک بە هەسـتی خـۆ بەتاوانبـارزانین و بە ڕەشـبینی لە تورکیـا دەژی. ئێستـاش ڕستـەیەکی ئامـادە کـردبوو بەنیـازی یارمـەتیـدان بۆ تەواوکـردنی قـسـەکـانی ئیـپـەک، بەڵام هـەر

جارێک نیازی دەربڕینی هەبوایە، هەستی دەکرد زۆر دەستکرد دەبێت، بۆیە دەیگێڕایە دواوە و بەدەم هەستکردن بە تاوانەوە نان و پەنیرەکەی دەخوارد. بەو جۆرە ئیپەک چرپاندی بە گوێیدا و گوتی ئەو ئۆتۆمبیلانەی بۆ گوندە کوردییەکان بەڕێ کراون بەبەمەستی هێنانی باوکانی قوتابیانی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان تا تەرمی کوڕەکانیان دەستنیشان بکەن، لە ڕێگە پەکیان کەوتووە. ماوەی ڕۆژێکیش دیاری کراوە بۆ ئەوانەی چەکیان هەیە تا ڕادەستی دەوڵەتی بکەن، خوولەکانی فێربوونی قورئان و چالاکی پارتە سیاسییەکان قەدەخە کراوە. (کا) سەیرێکی دەستەکانی، ناو چاوەکانی، پێستی جوانی لاملی درێژی و شۆڕبوونەوەی قژی کاڵی بەسەر ملیدا کرد. ئایا دەکرا ئەمی خۆش بوێت؟ هەوڵی دا بۆ ساتێک ئەو دیمەنە بهێنێتە پێش چاوی خۆی کاتێک بە شەقامی کایزەردا لە فرانکفورت پیاسە دەکەن، لای ئێوارە دەچنە سینەما و شەویش بۆ ماڵ دەگەڕێنەوە، بەڵام ڕەشبینی بەخێرایی بە هەناویدا تەشەنەی دەکرد. سەرنجی چووە سەر ئیپەک و تەماشای کرد چۆن نانەکانی بە گەورەیی لەت دەکرد، کتومت وەک ئەوەی لە ماڵە هەژارەکاندا دەکرێت. لەوەش خراپتر، وەک لە ڕێستۆرانتە میللییەکاندا باوە، بە لەتە نانە گەورەکان پیرامیدی دروست دەکرد. (کا) وردبینانە گوتی: "تکایە ئێستا باسی شتی ترم بۆ بکە." ئیپەک ویستی بۆی بگێڕێتەوە کەسێک لەبەر ئەوەی هەواڵی لێ دراوە، لە کاتی تێپەڕبوونی بە باخچەی پشتەوەی دوو باڵەخانەی ئەولاتردا دەستگیر کراوە، بەڵام لەپڕ بێدەنگ بوو.

(کا) لە چاوەکانیدا ترسێکی بینی: "دوێنێ زۆر کامەران بووم، دەزانیت، دوای چەندین ساڵ ئەوە یەکەمجارم بوو شیعرم دەنووسی، بەڵام ئێستا بەرگەی ئەم حەمکە بەسەرهاتە ناگرم."

ئیپەک گوتی: "شیعرەکەی دوێنێت زۆر جوان بوو."

"بەر لەوەی خەمباری هەموو جەستەم بگرێتەوە، دەتوانیت یارمەتییەکەم بدەیت؟"

"چی بکەم؟"

(کا) گوتی: "ئێستا دەچمە سەرەوە بۆ ژوورەکەم. پاش کەمێک وەرە و سەرم بخەرە نێوان لەپەکانتەوە. تۆزێک، زیاتر نا."

(کا) پێش ئەوەی قسەکەی تەواو بکات بە چاوە ترساوەکانی ئیپەکدا تێ گەیشت ئەمەی بۆ ناکات. هەڵسا و ڕۆیشت. بێگانە بوو بە (کا) و داوای شتێکی لێ کردبوو بێگانەیەک نەیدەتوانی لێی تێ بگات. بۆ ئەوەی کاردانەوەی ناوچاوانی ژنەکە نەبینێت، دەبوو هەر لە سەرەتاوە ئەم داخوازە قۆڕەی نەکردایە. کاتێک بە پلیکانەکاندا سەرکەوتە سەرەوە، ڕەخنەی لە خۆی گرت لە پای ئەوەی باوەڕی بە خۆی هێناوە گوایە ئیپەکی خۆش دەوێت. چووە ژوورەکەی، خۆی هاویشتە سەر چرپایەکەی، سەرەتا بیری کردەوە بەهاتنی لە ئەستەنبوڵەوە بۆ قارس کارێکی چەند گەوجانەی کردووە، پاشان هاتنی خۆی لە فرانکفورتەوە بۆ ئەستەنبوڵ بەهەڵە زانی. دایکی، بەنیازی ئەوەی کوڕەکەی ژیانێکی ئاسایی بەسەر ببات، بیست ساڵ لەمەوبەر لە شیعر و ئەدەب دووری دەخستەوە، گەلۆ دەبوو ئێستا چی بگوتبا ئەگەر بیزانیبا بەختەوەریی کوڕە چل و دوو ساڵانەکەی بە ژنێکەوە بەستراوەتەوە لە قارس "ئاشپەزخانەیەک بەڕێوە دەبات" و نانەکان بە گەورەیی لەت دەکات؟ ئەی دەبوو بابی چی گوتبا ئەگەر بیزانیبا کوڕەکەی لە بەردەم شێخی گوندێکی دەوروبەری قارسدا بە چۆکدا هاتووە و بە چاوی پڕ لەگریانەوە باسی لە باوەڕهێنان بە خوا کردووە؟ لە دەرەوە بەفر بارین دەستی پێ کردبووەوە و کلووە گەورە و خەمگینەکان هێدی هێدی بە بەردەم پەنجەرەکەدا تێ دەپەڕین.

لە دەرگا درا. (کا) لە شوێنی خۆی ڕاپەڕی و بە ئومێدەوە کردییەوە. ئیپەک بوو، بەڵام ئاماژەیەکی تەواو جیاواز بە ڕووخسارییەوە دیار بوو: گوتی ئۆتۆمبیلێکی سەربازی هاتووە، دوو کەسی تێدایە، یەکێکیان سەربازە و پرسیاری (کا)یان کردووە. ئەمیش پێی گوتبوون بە (کا) دەڵێت بە دوایدا هاتوون.

(کا) گوتی: "باشە."

ئیپەک گوتی: "ئەگەر دەتەوێت با دوو خوولەک سەرت بشێلم."

(کا) ڕای کێشایە ژوورەوە، دەرگای داخست، ماچێکی لێ ئەستاند و لە کەناری پێخەوەکە داینیشاند. خۆیشی لەسەر جێگە ڕاکشا و سەری خستە باوەشی ئەوەوە. بەو جۆرە تاوێک بە بێدەنگی مانەوە و لە پەنجەرەوە سەیری پۆلێک قەلەڕەشیان کرد لە بەفری سەر گوێسوانەی باڵەخانەی سەد و دە ساڵانی شارەوانیدا بە دەوری یەکتردا دەخولانەوە.

(کا) گوتی: تەواو، بەسە، زۆر سوپاست دەکەم." لەسەرخۆ پاڵتۆکەی لە بزماری پشت دەرگا کردەوە و چووە دەرەوە. لەسەر پلیکانەکان بەدەم چوونە خوارەوەوە بۆنێکی پاڵتۆکەی کرد، فرانکفورتی بیر کەوتەوە و بۆ ساتێک تاسەی ژیانی خۆی لە ئەڵمانیا بە هەموو ڕەنگەکانییەوە کرد. لە بازاڕی کاوفهۆف، لەو شوێنەی ئەم پاڵتۆکەی لێ کڕیبوو، فرۆشیارێکی قژ زەرد و چاوشین هەبوو لە ڕۆژی کڕینی پاڵتۆکەدا یارمەتیی ئەمی دابوو. دوو ڕۆژ دواتریش چووبوو بۆ کورتکردنەوەی پاڵتۆکە و دیسان کابرای دیبوو. فرۆشیارە ئەڵمانەکە ناوی هانز هانزن بوو. (کا) بیری کەوتەوە دوێنێ شەو لە کاتی هۆشیاربوونەوەیدا بیری لەو فرۆشیارە کردووەتەوە. لەوانەیشە لەبەر ئەوە بووبێت ئەم ناوە، ناوێکی ئەڵمانیی تۆخە و خاوەنەکەشی قژزەرد و چاوشینە.

## ٢١

# بەڵام هیچ کامیان ناناسم

## (کا) لە ژووره نسرم و ترسناکەکاندا

بارهەڵگرێکی لە جۆری -ژەمسێ- لەوانەی تەنانەت لەو دەورانەدا لە تورکیاش بە کەمی بەکار دەهێندرا، بەدوای (کا)دا نێردرابوو. پیاوێکی گەنجی سەرنجڕاکێشی لووت تەورداس بە جلی سڤیلەوە لە پرسگەی هۆتێل بەپیر (کا)وە هات و دواتر بردی لە ناوەڕاستی پێشەوەی ئۆتۆمبیلدا داینیشاند. خۆیشی لە تەنیشتییەوە، لای دەرگاکەوە، وەک ئەوەی بیەوێت ڕێ لە (کا) بگرێت نەبادا دەرگا بکاتەوە و هەڵبێت، دانیشت. بەڵام زۆر بە ڕێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرد و بە "ئەفەندم" دەیدواند. (کا)، بەمەدا بۆی دەرکەوت کابرا پۆلیسی سڤیل نییە، بگرە ئەفسەرێکی سەر بە دەزگای هەواڵگریی میللی -میت-ە. ئەنجامێکی واشی هەڵێنجا ڕەفتاری خراپی لەتەکدا نەنوێنن.

هێدی هێدی بە شەقام و کۆڵانە خاڵی و سادە و سپییەکانی شاردا تێ پەڕین. لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی یارۆی شۆفێر کە ئۆتۆمبیلەکەی بە چەند دانەیەک دەرزیی لە کارکەوتوو خەملاندبوو، تا ڕادەیەک بەرز بوو، (کا) توانی لە میانەی پەنجەرە تاک و تەرا کراوەکانەوە ناوەوەی چەند ماڵێک ببینێت. لە هەموو شوێنێک تەلەڤزیۆن داگیرسابوون، بەڵام سەرجەم قارسییەکان پەردەیان دادابووە و خۆیان خزاندبووە کونی ماڵەوە. (کا) هەستێکی وای لا چێ بوو وەک ئەوەی بە شەقامەکانی شارێکی تەواو جیاوازدا باژۆن، بەهۆی کاریگەریی جوانیی ڕیزە دار زەیتوونی ڕووسیی بە

بەفر داپۆشراوەوە، کەونە مالانی ڕووسیی بنیاتنراو لەسەر شێوازی بیناسازیی باڵتیک و جوانیی ئەو شەقامانەی لە پشت فلّچەی ئۆتۆمبیلەکەوە دەردەکەوتن، ئەگەرچی فلّچەکان بەئاستەم فریای سڕینەوەی بەفری سەر جامی پێشەوەی ئۆتۆمبیلەکەش دەکەوتن، (کا) پێی وا بوو شۆفێر و کابرای لووت تەورداس گەورەتر لە قەوارەی خۆیان دەنوێنن.

لە بەردەم بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشدا ڕاوەستان و لەبەر ئەوەی لە ئۆتۆمبیلەکەدا سەرمایەکی باشیان بووبوو، بەپەلە خۆیان کردبە ژوورەوەدا. بە بەراورد لەگەڵ دوێنێدا، ژوورەوە هێندە پڕ و جەنجاڵ بوو، بەجۆرێک (کا)، سەرباری ئەوەی پێشوەختیش پێشبینیی دۆخەکەی کردبوو، کەچی ترسی لێ نیشت. هاتوچۆ و پەرش و بڵاوییەکی سەیری تایبەت بەو جێیانە بەدی دەکرا کە ژمارەیەکی زۆر تورک پێکەوە کاریان تێدا دەکەن. (کا) بەو دیمەنانەدا، ڕێڕەوی دادگاکان، دەروازەی یاریگاکانی تۆپی پێ و گەراجەکانی ڕاوەستانی پاسی بیر کەوتەوە. لە شوێنەکەدا بۆنێکی توندی مردن دەهات، بۆنێکی لەجۆری بۆنی ئەو بۆیاخی یۆدەی لە نەخۆشخانە بۆندارەکاندا هەستی پێ دەکرێت. بیری ئەوەی کەسێک لە نێزیکەوە ئەشکەنجە درابێت، لە شێوەی هەستی تاوانباری و ترسدا ڕۆحی داپۆشی.

لەگەڵ سەرکەوتنیدا بەو پلیکانانەی دوێنێ ئێوارە لەگەڵ موختاردا پیایاندا سەرکەوتبوون، خۆبەخۆ هەولّی دا ڕەفتار و لە خۆ ڕازیبوونی کەسانی دەستڕۆیشتووی شوێنەکە بپەژرێنێت. لە دەرگا کراوەکانەوە گوێی لە کرتەکرتی داکتیلۆ، قسەی پڕ لە هاواری بێتەلەکان و بانگکردنی چایچی بوو لە پلیکانەکانەوە هاواری بەسەردا دەکرا و داوای چای لێ دەکرا. کۆمەڵێک لاوی بینی بە کەلەپچە پێکەوە بەسترابوونەوە و لەسەر کورسیی بەردەم دەرگاکان لە چاوەڕوانی لێپرسینەوەدا دانرابوون. (کا) تێ کۆشا چاو نەبڕێتە چاویان.

بردیانە ژوورێکی هاوشێوەی ئەوەی دوێنێ لەگەڵ موختار تیایدا دانیشتبوون. سەرباری ئەوەی گوتبووی ڕووخساری بکوژی بەڕێوەبەری

پەیمانگەی پەروەردەی نەدیوە و دوێنێش نەیتوانیبوو لە ناو وێنەکاندا بکوژ دەستنیشان بکات، پێیان گوت لەوانەیە بتوانێت ئەمڕۆ بکوژ لە ناو قوتابییە ئیسلامییەکانی دەستبەسەر لە نهۆمی خوارەوە دەستنیشان بکات. (کا) لەمەوە حاڵی بوو لە دوای "شۆڕش"ەکەوە پۆلیس کەوتووەتە ژێر کۆنترۆڵی میت-ەوە و بۆی ڕوون بووەوە لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا ناکۆکی هەیە.

کارمەندێکی دەموچاو خڕیلەی ئاسایش لە (کا)ی پرسی دوێنێ دەوروبەری سەعات چوار لە کوێ بووە.

ڕووخساری (کا) لەپڕ ڕەنگێکی خۆڵەمێشی لێ نیشت، خەریک بوو بڵێت: "پێمیان گوتبوو خراپ نابێت ئەگەر سەرێک لە شێخ سەعادەدین ئەفەندیش بدەم." کابرای دەموچاو خڕیلە قسەکەی پێ بڕی و گوتی: "نەخێر، پێش ئەوە؟"

کاتێک (کا) بێدەنگ بوو، کابرا بیری خستەوە چاوی بە شینە کەوتووە. کابرا هەر لە سەرەتاوە هەموو شتێکی دەزانی، بەڵام دەیویست بەو ڕەفتارانە (کا) شەرمەزار بکات و سەرکۆنەی بکات. (کا) تێ کۆشا لەم ڕەفتارەشدا جۆرێک لە نیازپاکی بەدی بکات. ئەگەر کابرا کۆمیسەرێکی ئاسایی پۆلیس بوایە، بانگەشەی ئەوەی دەکرد (کا) چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ شینەدا پەردەپۆش کردووە، بەدەم لووت خوراندنەوە دەیگوت پۆلیس بە هەموو شتێک دەزانێت و بە توندی مەسەلەکەی بە ڕوویدا دەدایەوە. کارمەندی دەموچاو خڕیلەی ئاسایش بە ڕیتمێک کە بۆنی (خۆتان سەلامەت بن)ی لێ دەهات، باسی ئەوەی کرد شینە تیرۆریستێکی بێ بەزەیی، ئاژاوەگێڕ و دوژمنێکی گەورەی سوێندخواردووی دژ بە کۆمارە و لە لایەن ئێرانەوە بەکار دەهێندرێت. کوشتنی بێژەرێکی تەلەڤزیۆنی بەسەردا ساغ بووەتەوە و لەبەر ئەوە بڕیاری دەستگیرکردنی دراوە. بە سەرانسەری تورکیادا دەسووڕێتەوە و شەریعەتخوازان ڕێک دەخات. "کێ ئێوەی گەیاندە لای؟"

(کا) گوتی: "قوتابییەکی ئامادەیی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان، ناوەکەشی نازانم."

کارمەندی دەموچاو خڕیلەی ئاسایش گوتی: "ئێستا هەوڵ بدەن ئەو کەسە دەستنیشان بکەن، بەوردی سەرنج بدەن. لە پەنجەرەی چاودێریی سەر دەرگای ژوورەکانەوە تەماشا دەکەن. مەترسن، ئەوان ئێوە ناناسنەوە."

(کا)یان بە پلیکانەیەکی پان و بەریندا بردە خوارێ. بەر لە سەد و ئەوەندە ساڵ، ئەو دەمەی ئەم باڵەخانە باریک و درێژە نەخۆشخانەیەکی سەر بە وەقفێکی ئەرمەنی بوو، ئەم شوێنە وەک کۆگای ئازووقە و جێی حەوانەوەی کارمەندەکان کەڵکی لێ وەردەگیرا. دواتر باڵەخانەکە گۆڕدرابوو بۆ ئامادەییی دەوڵەت، دیوارەکانی ناوەوە ڕووخێندرابوون و ئێرە کرابوو بە هۆڵی خواردن. ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی قارس، لەوانەی لە ساڵانی دواتری تەمەنیاندا بووبوون بە کۆمۆنیستی دوژمن بە ڕۆژئاوا، لە ساڵانی ١٩٦٠دا، کاتێک لە ژیانیاندا یەکەمین حەپی ڕۆنی ماسیان لەگەڵ ماستاوی شیری وشکدا قووت دابوو (هەردووکیان لە لایەن -یونسێف-ەوە نێردرابوون)، بە بۆنی پیسی حەپەکان گەدەیان شێوابوو بەسەریەکدا و لەبەر ئەوە بۆ ئێرە گوێزرابوونەوە. ئەم ژێر زەمینە فراوانە، ئێستا کراوە بە چواردە ژوور و هەموویان بەسەر ڕێڕەوێکدا دەڕوانن.

پۆلیسێک کڵاوی ئەفسەرێکی سەربازی نایە سەری (کا) و بە ڕەفتاریدا بوو پێشتر ئەو کارەی زۆر ئەنجام دابێت. کارمەندی لووت تەورداسی ئاسایش، ئەوەی (کا)ی لە هۆتێلەوە هێنابوو، وەک کەسێکی زۆر شارەزا لە بواری خۆیدا گوتی: "ئەمانە زۆر لە کڵاوی ئەفسەر دەترسن."

لەگەڵ نێزیکبوونەوەیاندا لە یەکەم دەرگای دەستەڕاست، پۆلیسەکە بە جووڵەیەکی زۆر دڵڕەقانە پەنجەرەی سەر دەرگای ئاسنینی ژوورەکەی کردەوە و تا هێزی تێدابوو، نەڕاندی: "وریا بن، کۆمیتان هات!" (کا) لە پەنجەرەی بچووکی هێندەی ناولەپی دەستەوە سەیرێکی ناوەوەی کرد. ژوورەکە شتێک لە پێخەوێک فراوانتر بوو، بەڵام ئەم پێنج کەسی تێدا بینی. لەوانەیە زیاتریش بووبن: چونکە بەسەریەکەوە بوون. هەموویان خۆیان خزاندبووە پاڵ دیواری قرێژی بەرامبەر و پاڵیان پێوە دابوو. لەبەر ئەوەی سەربازییان نەکردبوو،

بەشێوەیەکی نەزانانە لە حاڵەتی سڵاوقوچی سەربازیدا ڕاوەستابوون. وەک پێشتر فێر کرابوون، چاویان نووقاندبوو. ((کا) هەستی کرد هەندێکیان لە ژێر پێلووە نیوە داخراوەکانیانەوە سەیری ئەم دەکەن.) سەرەڕای ئەوەی تەنیا یازدە سەعات بەسەر "شۆڕش"ەکەدا تێ پەڕیبوو، کەچی سەری هەموویان سفر کرابوو، هێندەش دارکاری کرابوون، گشت دەموچاویان شین هەڵگەڕابوو. ناوەوەی ژوورەکە لە ڕێڕەوەکە ڕووناکتر بوو، بەڵام هەموویان بەلای (کا)وە لە یەکتر دەچوون. دامابوو: جۆرێک لە بەزەیی و ترس و شەرم هەناوی داپۆشی. شادمان بوو بە نەبینینی نەجیب لە نێو دەستگیرکراواندا.

کاتێک لە پەنجەرەی دووەم و سێیەمیشەوە کەسی پێ دەستنیشان نەکرا، کارمەندی لووت تەورداسی ئاسایش گوتی: "هیچ هۆیەک نییە بۆ ترسانتان، ئاشکرایە هەر ئەوەندەی ڕێگە و بانەکان کرانەوە، ئێوە ئێرە بەجێ دەهێڵن."

(کا) بە سووکە کەڵلەڕەقییەکەوە گوتی: "بەڵام هیچ کامیان ناناسم." وەلێ پاش کەمێک چەند کەسێکی لێیان ناسییەوە: زۆر بەباشی هاتەوە بیری یەکێکیان ئەو کەسەیە کە جنێوی بە فوندا ئەسەر دەدا لەسەر شانۆ. یەکێکی تریشیان ئەوە بوو پەیتاپەیتا دروشمی دەگوتەوە. ماوەیەک بیری کردەوە ئەگەر هەواڵ لەمانە بدات، ئەوا دەیسەلمێنێت نیازی هەیە هاوکاریی پۆلیس بکات. لە دەستیشی دەهات لە کاتی ڕووبەڕووکردنەوەدا نەجیب فەرامۆش بکات، (چونکە هەر چۆنێک بوو تاوانی لاوەکان هێندە گەورە نەبوو.)

کەچی سەرباری ئەوەش هەواڵی لە کەس نەدا. لاوێکی دەموچاو خوێناوی لە یەکێک لە ژوورەکاندا بە پاڕانەوەوە بە (کا)ی گوت: "کۆمیتانم، تکام وایە دەستوور بدەن کەس هەواڵ بە دایکم نەگەیەنێت."

بە ئەگەری زۆر، لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشەکەدا ئامێر بەکار نەهێندرابوو، بگرە ئەو لاوانە بە مستەکۆڵە و شەق دارکاری کرابوون. (کا) لە دوایین ژووریشدا کەسێکی نەبینی شێوەی بچێتەوە سەر ئەو کەسەی تەقەی لە بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردە کردبوو. زۆریش ئاسوودە بوو بەوەی نەجیب لێرە لە ناو لاوە زراو تۆقیوەکاندا نەبوو.

له نهۆمی سەرەوە تێ گەیشت کابرای دەموچاو خڕیلە و هەموو ئەوانەی فەرمانی پێ دەدەن، سوورن لەسەر ئەوەی بە زووترین کات بکوژی بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردە دەستگیر بکرێت، چالاکییەکە وەک سەرکەوتنێکی شۆڕش بە خەڵکی فارس بفرۆشنەوە و ئەگەر پێویستیش بکات دەستبەجێ لە سێدارە بدرێت. نەقیبێکی خانەنشینیش هاتبووە ژوورەکە. کابرا، سەرباری قەدەخەی هاتوچۆ ڕێگەیەکی دۆزیبووەوە و خۆی گەیاندبووە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش، دەیویست برازا دەستگیرکراوەی ئازاد بکەن. تکای وا بوو خزمە لاوەکەی بە ئەشکەنجەدان (بە کۆمەڵگە نامۆ نەکرێت). گوتیشی دایکی هەژاری ئەم منداڵە لە ئاکامی باوەڕهێنانی بەو درۆیەی گوایە دەوڵەت پاڵتۆ و چاکەتی خوری بە خۆڕایی بەسەر قوتابیاندا دەبەخشێتەوە، کوڕەکەی لە ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان ناونووس کردووە، ئەگەر نا، ئەوانە هەر بە خێزان کۆماریخواز و ئەتاتورکچین. کابرای دەموچاو خڕیلە قسەی بە ئەفسەری خانەنشینکراو بڕی و گوتی: "نەقیبم، لێرە ڕەفتاری خراپ لەگەڵ کەسدا ناکرێت." (کا)ی ڕاکێشایە لاوە: لەوانەیە بکوژ و پیاوەکانی شینە (ئەم درکی بەوە کرد کابرا پێی وایە ئەو دووانە هەمان کەس بن) لە نێوان کۆمەڵێک قوتابیدا بن لەوانەی لەولاتر لە کۆلیژی پزیشکی ڤێتەرنەری ڕاگیراون.

بەو جۆرە لەگەڵ کابرای لووت تەورداسدا، ئەوەی (کا)ی لە هۆتێلەوە هێنابوو، سواری هەمان ئۆتۆمبیلی سەربازی بوونەوە. (کا) بەدرێژاییی ڕێگە هێندە بە بینینی جوانیی شەقامەکان و بە ڕزگابوونی لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش کامەران بوو، بەجۆرێک ئارەزووی چووە سەر کێشانی جگەرەیەک. لایەکی هۆشی پێی دەگوت کودەتای سەربازی ڕووی داوە و لە ژێریشەوە دڵخۆش بوو بەوەی وڵات نەکەوتووەتە دەستی ئیسلامییەکان، بۆیە سوێندی خوارد بۆ ئاسوودەکردنی ویژدانی خۆی، هاوکاریی پۆلیس و سوپا نەکات. دواتر هێندە بەهێز و گەشبینانە ئیلهامی شیعرێکی بۆ هات، بەجۆرێک پاڵی پێوەنا لە کابرای لووت تەورداسی میت بپرسێت: "دەکرێت لە چایخانەیەک ڕابوەستین و چایەک بخۆینەوە؟"

بەشی زۆری چایخانە زۆر و زەوەندەکانی کانی بێکارانی شار داخرابوون. بەڵام لە شـەقـامی کـەناڵ چایخـانـەیەکی کـراوەیان دی بـۆ ئەوە دەسـتـی دەدا ڕاگرتنی ئۆتۆمبیلێکی سەربازی لە تەنیشتییەوە سەرنج ڕانەکێشێت. جگە لە شاگردێکی منداڵکارە، سێ لاویش لـە گۆشـەیەکـەوە دانیشـتبوون و چاوەڕێی بەکـۆتاهاتنی قـەدەخـەی هاتوچۆیـان دەکـرد. بە دیتنی هاتنە ژوورەوەی دوو کەس، سڤیلێک و کەسێکی کڵاوی سەربازی لە سەر، شڵەژان.

کـابرای لووت تـەورداس دەسـتـبـەجێ دەمـانـچـەی لە پـاڵتـۆ دەرهێنا و بەشـێـوەیەکی پـیشـەییی مـایەی ڕێز و سـەرنجـی (کـا) لاوەکـانی دایـە پاڵ دیوارێکی ڕازاوە بـە دیمەنێکی گـەورەی سـویسـرا، لەشـیـانی پشکنی و ناسنامـەکـانی لێیـان وەرگـرت. (کـا) هاتە سـەر ئەو باوەڕەی شـتێکی ئەوتۆ ناقـەومێت، لەسـەر کورسـییـەکی تەنیشت سۆپا کوژاوەکەوە دانیشت و زۆر بە ئاسوودەیی شیعرەکەی نووسی.

خـاڵی دەسپێکی شیعرەکەی شـەقامە بەفراوییـەکانی قـارس بوو، بەڵام لەو سی و شـەش بەیتـەدا، زۆر شت سەبارەت بە شـەقـامە کۆنەکانی ئەستەنبوڵ، شـاری خـەیاڵی -ئانی-ی پاشـماوەی ئەرمـەنییەکـان و شـارە چۆڵ و ترسـاو و دڵگیـرەکـانی ناو خـەونەکـانی (کـا) هـەبوو. دواتر سـەردێڕی (شـەقـامـەکـانی خەون)ی بۆ ئەم شیعرەی دانا

(کـا) لە نووسـینەوەی شـیـعـرەکـەی بووەوە، بینی وا لە تـەلەڤـزیۆنە ڕەش و سـپییـەکـەدا، پێشاندانی شـۆڕشـەکەی هۆڵی شـانۆی گەل جێی دەنگبێژەکەی دانی بەیانیـی گرتووتەوە. بەو پێیـەی ڤـوراڵی گۆڵچی تازە دەسـتـی کردبوو بە گێـڕانەوەی سەرکێـشـیی مێـبـازییـەکـانی و ئەو گۆڵانەی خـواردبوونی، (کـا) دەیتـوانـی دوای بیـست خـوولـەکی تر خـۆی لە تـەلەڤـزیۆندا ببـینێت شـیـعـر دەخوێنێتەوە. هـەمان کات دەیـویست شیعرە لە بیرکراوەکەی بیر بکەوێتەوە و لە دەفتەری سەوزی بەرباخەڵیدا بینووسێتەوە.

چوار کـەسی تریش لـە دەرگـای پشـتـەوە خـۆیان کـرد بە چـایخـانـەکـەدا، کـارمـەندی لووت تـەورداسی مـیت دەمـانچـەی لەوانیش هەڵکێـشـا و پـاڵی

ئەوانیشی بە دیوارەکەوە. یارۆی کوردەی هەڵسووڕێنەری چایخانە بە (کۆمیتانم) ڕووی لە کابرای لووت تەورداس کرد و پێی گوت ئەوانە یاسای قەدەخەکردنی هاتوچۆیان پێشێل نەکردووە، چونکە لە باخچەی حەوشەکەوە هاتوونەتە ژوورەوە.

کارمەندەکەی میت بڕیاری دا لە ڕاستیی ئەو قسەیە بکۆڵێتەوە. یەکێک لە پیاوەکان ناسنامەی پێ نەبوو، لە ترساندا هەڵدەلەرزی. کارمەندەکەی میت داوای لێ کرد ئەم بەهەمان ڕێگەدا بگەیەنێتە ماڵی خۆیان. شۆفێرەکەی بانگ کرد و لاوەکانی پاڵ دیوارەکەی ڕادەستی ئەو کرد. (کا)ش دەفتەری شیعرەکەی نایە باخەڵی و کەوتە دوایان. لە دەرگای پشتەوە چوونە حەوشەیەکی بە بەفر داپۆشراو و شەختەبەندەوە، بەسەر دیوارێکی نزمدا پەڕینەوە و بە سێ پلیکانەی بەفر لەسەر نیشتوودا چوونە خوارێ. بەناو وەڕینی سەگێکی بە زنجیر بەستراوەدا چوونە ژێرزەمینێکی چیمەنتۆییی بێ ڕەنگ و بێ کەڵکی وەک زۆربەی ژێرزەمینەکانی تری قارس. شوێنەکە، بۆنێکی پیسی خەڵووز و خەوی لێ دەهات. کابرا چووە پێشەوە و خۆی کرد بە گۆشەیەکدا لە تەنیشت مەنجەڵێکی گەورەی ویزەویزکەری شۆفاژەوە دروست کرابوو: (کا) لە ناو جێگەیەکی پەڕپووتدا ژنێکی پێست سپی و زۆر شۆخی بینی، خۆبەخۆ سەری سووڕاند. لەو کاتەدا کابرای بێ ناسنامە پاسەپۆرتێکی دایە دەست کارمەندی لووت تەورداسی میتەوە. (کا) لەبەر ویزەویزی مەنجەڵە گەورەکە نەیتوانی گوێی لە گفتوگۆی نێوانیان بێت، بەڵام چاوی پێوە بوو کابرا لە نیمچە تاریکییەکدا پاسەپۆرتێکی تریشی دەرهێنا.

ئەمانە ژن و پیاوێکی گورجی بوون بۆ کارکردن و پارە پەیدا کردن هاتبوونە تورکیا. گەڕانەوە بۆ چایخانەکە، کارمەندەکەی میت ناسنامەی لاوەکانی گەڕاندەوە. لاوەکان دەستبەجێ دەستیان کرد بە گازندە لە دژی ژن و پیاوەکە: "ژنەکە وەرەمی هەیە، بەڵام کاری سێکسفرۆشی دەکات. دەچێتە شار و لەگەڵ خاوەن کارگەکانی شیرەمەنی و بازرگانەکانی پێستەدا دەنوێت. پیاوەکەشی، لەبەر ئەوەی ئامادەیە وەک هەر گورجییەکی تر بە نیوەکرێ کار بکات، ئەگەر

چل ســاڵ جــارێکیش کــارێک لە بازاڕدا پەیدا بێت، ئەوا ئەم لە دەســتی هاوڵاتیـانی تورکی دەردەهێنێت. ئەمـانە هەژار و پیـسکەن و ناتوانن پارەی هۆتێل بدەن، مـانگی پێنج دۆلاری ئەمـەریکی دەخـەنە مـستی کـارمـەندێکی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئاو و ئەویش مۆڵەتی پێیـان داوە لەم ژێرزەمـینی مەنجەڵی ئاوەدا بژین. بە قسەی خۆیان بێت، لە گەڕانەوەیاندا بۆ ولاتەکەیان، خـانوویەک دەکـڕن و تا لـە ژیاندا مـاون، کـار ناکـەن. کـارتۆنەکـانیش پڕن لە شتومەکی لە چەرم دروستکراو، لێرە بە هەرزان کڕیویانە و دوای گەڕانەوەیان لە تفلیس بە نرخێکی گرانتر دەیانفرۆشنەوە. تا ئێستا دووجار سنووربەدەر کـــراون، بـەڵام دیســـان چارەیان دۆزیوەتـەوە و گـــەڕونەتەوە بۆ "مـــاڵ" ژێرزەمــینەکــەیان. پۆلیــســە بەرتیلخــۆرەکــان ئەم مــیکرۆبانەیان پێ پاک ناکرێتەوە، پێویستە دەسەڵاتی سەربازی پاکیان بکاتەوە."

لاوە بێکار و بێ هێزەکان، بەو جۆرە بە نواندنی سوپاسی زۆر لە کابرای خـاوەن چایخـانە لە پای ئەوەی چای پێـشکێـشیـان کـردبوو، کـەوتنە چای خواردنەوە و پشت ئەستوور بە کارمەندی لووت تەورداسی میت، چەندین قسە و قسەڵۆکیـان سەبارەت بە هیـوا و چاوەڕوانییـەکـانی خـۆیان لە کـودەتای سەربازی و دەربارەی گازندەی خۆیان دژ بە سیاسەتمەدارانی ڕزیو لەسەر شـێوەی هەواڵ گـێڕایەوە: باسی قـاچاخـچیـیـانی ئاژەڵیـان کـرد، ئەو فـڕ و فــێـڵانەی لە کــۆگــاکــانی ژێر دەســەڵاتی دەوڵەتدا ڕوو دەدەن، ئەوانـەی بە ئۆتۆمبیلی گۆشت گواستنەوە لە ئەرمەنستانەوە کرێکاری نایاسایی بۆ تورکیا دەهێنن، چونکە بە نیـوەکـرێ کـار دەکەن، لە کولانە و کەپردا دەیانخـەوێنن، تەواوی ڕۆژ کاریان پێ دەکـەن و لە ئاکامیـشدا پارەیان نادەنێ... پێ دەچوو ئەو لاوانە لەوە گــێلتــر بوون درک بکەن "کــودەتای ســـەربازی" لـە دژی "ئیـسـلامـیـیـەکـان" بەهـۆی نێـزیکبـوونەوەیان لە بردنەوەی هەڵبـژاردنەکـانی شارەوانی و لە دژی کوردە نەتەوەپەرستەکان بەرپا کراوە.

ئەوان وا ڕەفتاریان دەکرد وەک ئەوەی گشت ئەو پێشهاتانەی لە دوێنێوە لە قارس دەقەومێن، بۆ نەهێشتنی بێکاری و بێ ڕەوشتییە لە شاردا و لە پێناوی

دابینکردنی کاردایە بۆ ئەمان. (کا) لە ئۆتۆمبیلە سەربازییەکەدا چاوی پێوە بوو کارمەندی لووت تەورداسی میت پاسپۆرتی ژنە گورجییەکەی دەرهێنا و سەیری وێنەکەی کرد. لەوەوە هەستی بەخرۆشان و شەرمێکی سەیر کرد.

کاتێک پێی نایە ناو باڵەخانەی کۆلێجی پزیشکی ڤێتەرنەری، دەستبەجێ حاڵی بوو ڕەوشی ئێرە زۆر خراپترە لەوەی لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش دیبووی. بەدەم تێپەڕبوونەوە بە ڕێڕەوەکانی ئەو باڵەخانە ڕچیوەدا یەکسەر تێ گەیشت کەس لێرە کاتی ئەوەی نییە بەزەیی بەوانی تردا بێتەوە. نەتەوەپەرستەکان، ئەو تیرۆریستە چەپانەی لێرە و لەوێ بۆمبیان تەقاندبووەوە، بەیاننامەیان بڵاو کردبووەوە و زۆربەی ئەوانەی لە تۆمارەکانی میتدا وەک هاوکار تۆمار کرابوون، هێندرابوونە ئەم شوێنە. پۆلیس و سوپا و سەردۆزگەر شێوازی زۆر توند و دڵڕەقانەیان بەکار دەهێنا بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە چالاکیی هاوبەشی ئەو دوو دەستەیە، لەمەڕ ئەوانەی هاوکاری گەریلا کوردەکانیان کردبوو لە هەوڵیاندا بۆ دزەکردنە ناو شارەوە و سەبارەت بەو ئیسلامییە سیاسیانەی گومانی چالاکیی جۆراوجۆریان لێ دەکرا.

پۆلیسێکی کەتەی بالابەرز، وەک ئەوەی یارمەتی کەسێکی پەککەوتەی بەساڵاچوو بدات کە نەتوانێت بڕوات بەڕێوە، قۆڵی کرد بە قۆڵی (کا)دا و بەسەر سێ هۆڵی وانەگوتنەوەدا گەڕاندی. لە هۆڵەکاندا کاری زۆر هۆڤانەی تێدا ئەنجام دەدرا. من هەوڵ دەدەم لێرەدا زۆر باسی ئەو ڕەفتارانە نەکەم کە لە هۆڵەکاندا ئەنجام دراون و هاوڕێکەم لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا تۆماری کردووە.

پاش ئەوەی چوونە هۆڵی یەکەمەوە و چوار پێنج چرکە چاوی بە دۆخی گومان لێکراواندا گێڕا، دەسپێک خەیاڵی چوو بۆ ئەوەی گەشتی مرۆڤ بە ژیاندا چەند کورتە. لەگەڵ بینینی بارودۆخی دوای لێپرسینەوەی گومان لێکراوەکاندا، وەک ئەوەی لە خەوندا بێت، چەند خەون و خەیاڵێکی تایبەت بە سەردەمەکانی تر، شارستانییە دوورەکان و وڵاتانی هەرگیز نەبیندراو هاتنە پێش چاوی.

(کا) و هەموو ئەوانی تری ناو هۆڵەکە وا هەستیان دەکرد ئەو ژیانەی پێیان بەخشراوە، خەریکە وەک مۆمێکی تا کۆتاییی سووتاو، دەکوژێتەوە. (کا) لە دەفتەرەکەیدا ناوی (ژووری زەرد)ی لەم هۆڵە ناوە.

هەستێکی وای هەبوو ماوەیەکی کورتتر لە هۆڵی دووەمدا ماوەتەوە. هاتەوە بیری ئەوانەی لێرە نیگای لەگەڵ نیگایاندا یەکانگیر بوو، دوێنێ لە کاتی پیاسەکردنی بە شاردا، لە چایخانەیەک دیبوونی، بەدەم هەستکردن بە تاوانەوە چاوی لەسەریان هەڵگرت. وا هەستی دەکرد وەک ئەوەی ئەوان ئێستا لە وڵاتێکی دووری ناو خەونەکاندا بن.

لە هۆڵی سێیەم، لە ناو ناڵە، فرمێسک و بێدەنگییەکی قوڵ و پەرەسەندوو لە هەناویدا، (کا) هەستی کرد هێزێکی هەموو شت زان زانیاریمان پێ نابەخشێت و ئەوەش ژیانی لەم جیهانەدا وەرگێڕاوەتە سەر ئازار. لەو هۆڵەدا توانی چاو نەبڕێتە چاوی کەس. تەماشای دەکرد، بەڵام شتەکانی پێش چاوی خۆی نەدەبینی، بگرە ڕەنگی ناو هۆشی خۆی دەبینی. لەبەر ئەوەی ئەم ڕەنگە، زیاتر مەیلەو سوور دەینواند، ناوی (ژووری سوور)ی لەم هۆڵە نا. هەستی کورتیی ژیان و تاوانباریی مرۆڤ، ئەوەی لە دوو هۆڵەکەی پێشتردا پەی پێ بردوو، لێرە یەکیان گرت و سەرباری ترسناکی دیمەنەکان، جۆرێک لە ئاسوودەییان بەم بەخشی.

لەبەر ئەوەی لە کۆلێجی پزیشکی ڤێتەرنەریش نەیتوانیبوو کەس دەستنیشان بکات، هەستی کرد جۆرێک لە گومان و بێ متمانەیی خوڵقاندووە. بە نەبینینی نەجیب باری لەشی هێندە سووک بووبوو، بەجۆرێک ئامادە بوو یەکسەر لە سەر داخوازی کابرای لووت تەورداس وەک دوایین هەوڵ و دیسان بەمەبەستی دەستنیشانکردن، بچن بۆ مەیتخانەی نەخۆشخانەی میللی بۆ چاوگێڕان بە تەرمەکاندا.

لە مەیتخانەی ژێرزەمینی نەخۆشخانەی میللی، دەسپێک تەرمی گومان لێکراوترین کەس پێشانی (کا) درا. ئەوە تەرمی میلیتانێکی ئیسلامی بوو لە

کاتی دووەم دەستدرێژی سەربازەکاندا دروشمی گوتبووەوە و سێ فیشەکی بەرکەوتبوو. بەڵام (کا) بەهیچ جۆرێک نەیدەناسی. بە هۆشیاری لە تەرمەکە نێزیک کەوتەوە و بە ڕێز و شپرزەییەوە، وەک ئەوەی سڵاوی لێ بکات، چاوی تێ بڕی. تەرمی دووەم بە سارد و سڕی لەسەر زەوییەکە ڕاکێشرابوو. ئەمە باپیرە تەن بچووکەکە بوو، دوای ئەوەی فیشەکێک چاوی چەپی تەقاندبوو، شوێنی چاوی گۆڕابوو بۆ کونێکی خوێناوی و ڕەشی قەترانی. پۆلیس بۆیە ئەویان پێشانی (کا) دا، چونکە لە ڕەوشێکدا نەبوون بیسەلمێنن کابرا لە ترابزۆنەوە بەمەبەستی بینینی کوڕەزا سەربازەکەی بۆ قارس هاتووە. لەشە بچکۆلانەکەیشی جێی گومان بوو.

(کا) بەدەم نێزیکبوونەوە لە تەرمی سێیەم، بە گەشبینی ئیپەکی بیر کەوتەوە و چاوەڕێی دەکرد پاش کەمێکی تر بیبینێت. ئەم تەرمەش تەنیا چاوێکی پێ کرابوو، لەپڕ وای بەخەیاڵدا هات هەموو تەرمەکانی مەیتخانە هەمان شتیان بەسەر هێندرابێت. کاتێک زیاتر نێزیک کەوتەوە و ڕووخساری لاوە مردووەکەی لە نێزیکەوە دی، هەناوی داخووڕپا.

نەجیب بوو، هەمان دەموچاوی منداڵانە، وەک منداڵێک بیەوێت پرسیاری شتێک بکات، لێوەکانی پان کردبووەوە. (کا) هەستی بە ساردی و بێدەنگیی نەخۆشخانەکە کرد. هەمان قنچکەی لاوان، هەر هەمان لووتی چەماوە، هەمان چاکەتی چڵکنی قوتابی. (کا) بۆ ساتێک باوەڕی کرد دەبێت بگری و لەپڕ شڵەژا. ئەمەش فریای کەوت و ڕۆندک بە ڕوومەتەکانیدا نەهاتە خوارێ. شوێن فیشەکێک بە تەختی ناوچەوانییەوە بوو.

(کا) دوازدە سەعات لەوەوبەر دەستی خستبووە سەر ناوچەوانی. ئەو شتەی نەجیبی وەک مردوو پێشان دەدا، سپێتیی زەردباو و مەیلەی شینی ڕووخساری نەبوو، بگرە درێژکردنی جەستەی بوو وەک پارچەیەک تەختە. (کا) لە پای ئەوەی لە ژیاندا مابووەوە، هەستێکی سوپاسکردن بە هەناویدا تێ پەڕی. ئەمە ئەوی لە نەجیب دوور خستەوە. بەرەو پێشەوە چەمایەوە، نەجیب دەستەکانی لە پشتەوە لەیەک گرێ دابوون، ئەم لە یەکیانی ترازاند،

هەردوو کڵاوەی شانی نەجیبی گرت و ڕوومەتەکانی ماچ کرد، سارد و سڕ بوون، بەڵام ڕەق نەبوون. تاکە چاوی سەوز و نیوەکراوەی بۆ (کا)ی دەڕوانی. ئەم خۆی ڕێکخستەوە و بە کابرای لووت تەورداسی گوت ئەم "برادەرە" دوێنێ لە ڕێگە ڕای گرتووە و پێی گوتووە نووسەری خەیاڵی زانستییە، دواتریش گەیاندوویەتییە لای شینە. پێشی گوت بۆیە ماچی کرد، چونکە ئەو لاوە جوانخاسە خاوەنی دڵێکی ساف بوو.

## ٢٢

# ئەو کەسەی دەبوو کتومت ڕۆڵی ئەتاتورک بگێڕێت

## پێگەی سوونای زایم لە سەربازی و لە شانۆی هاوچەرخدا

دەستنیشانکردنی یەکێک لە تەرمەکانی مەیتخانەکەی نەخۆشخانەی میللی لە لایەن (کا)وە بە دەستوبرد خرایە سەر کاغەز و واژۆ کرا. (کا) و کابرای لووت تەورداس سواری هەمان ئۆتۆمبیلی سەربازی بوونەوە، بە شەقامە چۆڵەکانی ڕازاوە بە پۆستەری هەڵبژاردن و دژ بە خۆکوشتندا تێ پەڕین. سەگە ترساوەکانی ناوەڕاستی شەقامەکانیش بۆ ئەمبەر و ئەوبەری ڕایان دەکرد و سەیری ئەمانیان دەکرد. (کا) بەدەم ڕێگەوە دەیتوانی نێوان پەردە داخراوەکان و منداڵانی گەمەکەر و باوکانی پەرۆش ببینێت کاتێک ئاوڕیان لە ئۆتۆمبیلەکە دەدایەوە، بەڵام بەهیچ جۆرێک هۆشی لای خۆی نەبوو. دیمەنی ڕووخساری نەجیب و ڕاکشانی وشک و برینگی تەرمەکەی لە بەرچاوی نەدەڕەوییەوە. لە خەیاڵی خۆیدا وای بۆچوو دوای گەڕانەوەی بۆ هۆتێل، ئیپەک دڵنەواییی دەداتەوە، بەڵام ئۆتۆمبیلەکە دوای بڕینی مەیدانی چۆڵی شار، ڕووی لە لای خوارەوەی شەقامی ئەتاتورک کرد، کەمێک لەو لای باڵەخانەیەکی تەمەن نەوەد ساڵەی پاشماوەی سەردەمی ڕووسەکانەوە ڕاوەستا. باڵەخانەکە دوو شەقام دەکەوتە خوار شانۆی گەلەوە.

ئێرە باڵەخانەیەکی یەک نهۆمی بوو، جوانی و فەرامۆشکراویەکەی لە یەکەم ئێوارەی گەیشتنیدا بە قارس، ئەمی خەمگین کردبوو. پاش ئەوەی لە ساڵانی سەرەتای کۆماردا شار کەوتبووە دەست تورکەکان، بازرگانی بەناوبانگ مارف بەگی بازرگانی خەڵووز و پێستە لە نێوان تورکیا و سۆڤیەتدا بە خۆی

و خێزانی، چێشتلێنەرەکانی، منداڵەکانی، شەش مەیتەری ئەسپەکانی و گالیسکەکانییەوە، بیست و سێ ساڵی پرشنگدار لەم باڵەخانەیەدا ژیابوون. لە کۆتاییی شەڕی دووەمی جیهانیدا و لەگەڵ سەرەتای دەسپێکردنی شەڕی سارددا، ئاسایشی میللی بە تاوانی سیخوڕیکردن کەوتبووە ڕاوەدوونان و پاڵەپەستۆ خستنەسەر دەوڵەمەندانی قارس و ئەوانەی لەگەڵ سۆڤیەتدا بازرگانیان کردبوو. لەمەوە مارف بەگ خۆی ون کرد و کەس سۆراغی نەزانی. باڵەخانەکەش لەبەر بێ خزمەتی و داوای میراتگران نێزیکەی بیست ساڵێک بە چۆڵی مابووەوە. لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٧٠دا گرووپێکی مارکسیی توندڕەو ماوەیەک ئەو شوێنەی داگیر کرد، وەک بارەگای سەرکردایەتی کەڵکی لێ وەرگرت و نەخشەی چەندین تاوانی سیاسیی تێدا داڕێژرا (سەرۆکی شارەوانی پارێزەر موزەفەر بەگ بە برینداری ڕزگاری بووبوو). باڵەخانەکە لە دوای کودەتای ساڵی ١٩٨٠ چۆڵ کرابوو، ماوەیەک دواتر فرۆشیارێکی لێزانی یەخچاڵ و سۆپا دووکانی تەنیشتی کڕیبووەوە و کردبووی بە کۆگا. سێ ساڵ دواتریش، بەرگدروویەکی خەیاڵپەرست و خاوەن سەرمایە، پاش گەڕانەوەی بۆ شارەکەی، بەو پارەیەی بە کاری بەرگدروویی لە ئەستەنبوڵ و عەرەبستانی سعوودی پێکەوەی نابوو، لێرە کارگەیەکی دروونی جلوبەرگی بە ئامێری ئۆڤەلۆک دانابوو.

(کا) لەگەڵ چوونە ژوورەوەیدا، لەبەر ڕۆشنایی نەرمی کاغەزە ڕەنگ نارنجییەکانی قەد دیوارەکاندا، کۆمەڵێک ئامێری دووگمە و ئامێری دروونی گەورە و مۆدێل کۆن و چەندین مقەستی زلی بینی بە بزمار بە دیوارەکاندا هەڵواسرابوون و هەریەکەیان لە ئامێرێکی سەیر و سەمەرەی ئەشکەنجەدان دەچوو.

سونای زایم پاڵتۆیەک و بلووزێکی پەرپووتی پۆشیبوو. (کا) دوو ڕۆژ لەمەوبەر لە یەکەم بینینیدا هەمان ئەو جلانەی لە بەریدا دیبوو. جووتێک پۆستاڵی سەربازی لە پێ کردبوو، جگەرەیەکی بێ فیلتەری نابووە نێوان پەنجەکانی و بە ژوورەکەدا ئەمسەر و ئەوسەری دەکرد. کاتێک چاوی بە (کا)

کەوت، جۆری ئەوەی دۆستێکی دێرین و خۆشەویستی دیبێت، ڕووخساری گەشایەوە، پڕی دایێ و ماچی کرد. ئەم ماچکردنە، بە بارێکدا دەچووەوە سەر گوتەی کابرای قیافەت جامبازی هۆتێل، ئەوەی گوتبووی "کودەتاکە خێری پێوە بێت بۆ نیشتمان و میللەت)، بە بارێکی تریشدا، ڕەهەندی دۆستایەتییەکی زۆر بەهێزی تێدا بوو، ئەوەش بەلای (کا)وە نامۆ بوو. دواتر ئەم دۆستایەتییەی وا لێک دایەوە دوو ئەستەنبوڵی لە هەلومەرجێکی دژواردا لە شارێکی هەژار و دوورەپەرێزی وەک قارسدا بەیەک گەیشتوون، بەڵام ئیدی بۆی ڕوون بووبووە سونای خۆی هۆکاری بەشێک لەو هەلومەرجەیە.

سونای بە دەنگێکی لێوانلێو لە ڕاز و بە شانازییەوە گوتی: "هەڵۆی تاریکیی خەم هەموو ڕۆژێک لە هەناومدا لەتر دەدات، بەڵام خۆمی بۆ ناهەژێنم، تۆیش خۆت ڕابگرە. هەموو شتێک بە دڵی خۆمان دەبێت."

ڕۆشنایی بەفر لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورێ و ناوەوەی ڕووناک دەکردەوە، گۆشەی بنمیچە بەرزەکانی بە نەخش و نیگار خەمڵێندرابوون، سۆپایەکی زەبەلاحی تێدابوو، و هاواری دەکرد سەردەمانێکی باشتر لەم ڕۆژگارەی دیوە. (کا) بە ژوورەکە، بە پیاوە بێتەل بە دەستەکان، بە دوو پاسەوانی کەتە لەوانەی بۆ ساتێکیش نیگایان لەسەری لا نەدەبرد، بە نەخشەی سەر مێزێکی تەنیشت دەرگای سەر دالان، بە چەک و داکتیلۆ و دۆسیەکاندا دەستبەجێ بۆی دەرکەوت ئێرە ناوەندی بەڕێوەبردنی "شۆڕش"ە و سونایش هێزێکی زۆری لە بەر دەستدایە.

سونای بەدەم پیاسەکردن بە ناو ژوورەکەدا، گوتی: "لە سەختترین دەورانی خۆماندا، ئەگەر دەمزانی لە شارە هەرە دوور و نابووت و دڵڕەقەکان، نەک شوێن بۆ پێشکێشکردنی بەرهەمەکانمان نادۆزینەوە، بگرە ژووری هۆتێلێکیش شک نابەین بۆ ئەوەی سەری خۆمانی تێدا کز بکەین، کاتێک دەمزانی، هەندێک هاوڕێی دێرین، لەوانەی بیستبووم لەوێن، باریان کردووە و ئەو شار و ناوچانەیان بەجێ هێشتووە، خەم، ڕەشبینی و کۆستباریی هەناوم دەستی دەکرد بە خۆهەژاندن. بۆ ئەوەی نەکەومە چنگی، هەڵدەهاتم و دەچووم

دەرگای پزیشک و پارێزەر و مامۆستایانم دەکوتا، تا بزانم داخۆ کەسێک لە شاردا هەیە خولیای هونەری هاوچەرخ بێت و بایەخ بە ئێمەی پەیامبەری جیهانی هاوچەرخ بدات.

هەر ئەوەندەی بۆم ڕوون دەبووەوە هیچ کەسێک لەو ناوونیشانانەی بەردەستم نادۆزمەوە، یان تێ دەگەیشتم پۆلیس مۆڵەتمان پێ نادات بەرهەمەکانمان پێشکێش بکەین، یان -وەک دوایین ئومێد- بۆ وەرگرتنی مۆڵەت دەمویست بچمە دیدەنی قایمقام و ئەویش بگرە پێشوازیشی لێم نەدەکرد، ئیدی بە ترسەوە حاڵی دەبووم تاریکاییی هەناوم وا خەریکە دێتە کوڵ. هەڵۆی نووستووی ناو سینەشم باسکەکانی دەکردەوە، لە شەقەی باڵی دەدا، دەفڕی و خەریک دەبوو بمخنکێنێت. ئەو کاتە، لە نابووتترین چایخانەی سەر ڕووی ئەم زەمینەدا، ئەگەر ئەویش نەبوایە، ئەوا لەسەر شۆستەی بەردەم گەراجەکانی پاسدا، هەندێک جاران لە وێستگەی شەمەندەفەر، ئەویش دوای ئەوەی بەڕێوەبەری وێستگە تەماحی دەچووە یەکێک لە کچە ئەکتەرەکان، لە گەراجەکانی دەزگای ئاگرکوژێنەوەدا، لە پۆلی قوتابخانە چۆڵەکاندا، لە جامخانەی دووکانێکی سەرتاشیندا، لەسەر پلیکانەی خانەکان، لە ئاخوڕ و لەسەر شۆستەکان، شانۆنامەکانی خۆمان پێشکێش دەکرد و خۆم ڕادەستی خەم نەدەکرد."

کاتێک فوندا ئەسەر لە دالانەکەوە بە دەرگا کراوەکەدا خۆی کرد بە ژووردا، سونای شێوەی گێڕانەوەی قسەکانی لە "من"ەوە گۆڕی بۆ "ئێمە". نێوانخۆشییەکی هێندە بەهێز لە نێوان ئەو جووتەدا هەبوو، بەجۆرێک (کا) هیچ هەستی بەوە نەکرد ئەو گۆڕینە دەستکرد بێت. فوندا ئەسەر جەستەی قەبە و نازکی خۆی بە زەرافەتەوە نێزیک خستەوە و دەستی (کا)ی گووشی. چەند شتێکی بە گوێی پیاوەکەیدا چرپاند و بەهەمان هەوای سەرقاڵییەوە کشایەوە و ڕۆیشت.

سونای گوتی: "ئەو دەورانە، خراپترین سەردەمانی ئێمە بوون. هەموو ڕۆژنامەکان دەیاننووسی ئێمە لە بەرچاوی کۆمەڵ و بودەڵەکانی ئەستەنبوڵ و

ئەنقـەرە كـەوتووين. ئـەو ڕۆژەی گـەورەترين هـەلی ژيانم كـەوتـە دەست –تـەنيـا دەست كـەسـانـی بليـمـەت دەكـەوێت–، بـەڵێ، ڕێک ئـەو ڕۆژەی خـەريک بوو بە هونـەرەكـەمـەوە لەگـەڵ ڕەوتی مـێـژوودا شـەڕ بكەم، لەپڕ بـەرە لە ژێر پێم ڕاكێشرا و كەوتمە ناو نابووتترين قوڕ و چڵپاوەوە. لەوەشدا نەترسام، بەڵام لەگـەڵ خـەمـدا دەسـتـمـان نـايە بينەقـاقـای يـەكـتـر. سـەرباری زيـاتر چەقين و نوقمبوونم بەو چڵپاوەدا، بە قرێژی و دڵڕەقی و نەداری و نـەزانيـدا، هـەرگيـز بڕوام بە ئامانجی سـەرەكی، بە گـەيشتن بەو گەوهـەرە گەورەيە، لەق نەبوو. تۆ بۆ دەترسيت؟"

لە ڕێڕەوەكـەدا پزيشـكێكی كـراس سـپی بە خـۆی و جـانتـای دەسـتـيـيـەوە دەركەوت. پزيشكەكە بە شـڵـەژانێكی دەسـتكردەوە ئامێری پاڵەپەسـتـۆپێوی دەرهێنا و لە قـۆڵی سـونای بەست، ئەويش بەشـێـوەيەكی "تراجـيـدی" سـەيری تيـشكی لە پـەنجـەرەوە دزەكـردووی كـرد و (كـا) بەمـەدا سـەرەتای سـاڵانی هـەشـتـای بيـر كـەوتەوە، ئـەو كـاتەی سـونای لـە بەرچاوی كـۆمـەڵ كـەوتبـوو." ڕۆڵەكانی سـاڵانی ١٩٧٠ بناغەيان بۆ ناوبـانگدەركـردنی سـونای داڕشـتبوو. (كا)يش ئەمەی لە بير نەكردبوو.

ئـەو سـەردەمـە بە سـاڵانی زێرينی شـانۆی سـيـاسـيی چەپ دادەنرێت و ئـەو شتـەی لەو ساڵانەدا سونای لە نێوان ژمارەيەكی زۆر تيپی شـانۆيی بچـووكدا هێنابووە پێشـەوە، تەنيـا كـارامـەيی و توانای نواندن و لێـهـاتوويی ئەو نەبوو، بـگرە بـەشـــێـكـی ناوبـانگـی دەگـــەڕايەوە بـۆ توانـای ڕابـەرايەتيكردن لە ڕۆڵـە سەرەكييەكانی سونايدا.

بينەرانيش ئەو توانايەيان تێدا بەدی دەكرد. بينەری لاوی توركـی، سـونايان لە نواندنی ڕۆڵی كەسـايەتييە مێژووييە دەسەڵاتدارەكانی وەک ناپليۆن، لينين، ڕۆبێـسـپـيـر، يان شـۆڕگێـڕانی ژاكـۆبەنـی وەک ئەنوەر پاشـا، يان قـارەمـانە خۆمـاڵييـەكانی لە جۆری ئەواندا زۆر خۆش دەويست. قـوتابيـانی ئامـادەيی و خـــوێندكـــارانی (پێـــشـــڤـــەڕۆ)ی زانـكـۆكـــان بە چاوی پڕ لـە ڕۆندک و بـە چەپڵـەڕێزانەوە تەمـاشـايان دەكرد سـونای چۆن بە دەنگێكی بـەرز و كـاريگـەر

خـەمی گـەلـی چەوسـاوەی لەبەرە، چۆن ئـەگـەر بـەدەسـتـی زۆرداران زللـەیەکی دەخوارد، بە شـانازییـەوە سـەری بەرز دەکردەوە و دەیگوت: "ڕۆژێک دێت تۆڵەی ئەمـە بکەینـەوە"، چۆن لە خـراپتـرین ڕۆژگـاردا (هـەر دەبوو ڕۆژێک بکەوێتـە گـرتووخـانە) بە ئازارەوە ددانـی جـیـڕ دەکـردەوە و تۆوی ئـومـێدی لـە هەناوی هـاوڕێکـانی دەچاند، بـەڵام ئەگـەر پـێـویسـتـی بکـردایە، ئامـادە بوو لە پێناوی بەختەوەریی گەلەکەیدا هۆڤانە پەنا بۆ توندوتیژی ببات، تەنانەت ئەگەر دڵیشی لەتوپەت بکرایە. بەتایبـەتیش ئەگـەر لە کۆتاییی شـانۆگـەرییـەکەدا دەسـەڵاتی دەگرتە دەست و بە سووربوونەوە خراپەکارانی سزا دەدا، دەنگۆی ئەوە هەبوو کـاریگـەریی پەروەردە سـەربازییـەکـەی بەو سـووربوونـەوەیەوە دیار بێت. لە کۆلێجی سەربازیی قولەلی خوێندبووی. لەبەر ئەوەی بە بـەلەم بۆ ئەستـەنبـوڵ هەڵهـاتبـوو، دەور و خوولـی شـانۆکـانی بەیئـۆغـڵوی دابـوو، بەهـۆی هـەوڵدانی لە کۆلێج بۆ پێشـکێشکردنی شـانۆگـەریی (پێش ئەوی بەفـر بتوێتـەوە)، لە دوایین ساڵی خوێندندا لە کۆلێج دەرکرابوو.

کودەتای سـەربازیی سـاڵی ۱۹۸۰ هـەموو تیپیەکانی شانۆی سیاسیی چەپی قەدەخـە کرد. دەوڵەت بڕیاری دا بە بۆنەی یادی سـەد ساڵەی لە دایکبوونییەوە فـیلمـێکی گـەورە لـەسـەر ئەتاتورک بەرهـەم بـهـێنێت. لە ڕابـردوودا بەخـەیاڵی کەسـدا نەدەهـات تورکـێک ڕۆڵی ئەم مـرۆڤـە قـژزەرد و چاوشـینەی قـارەمـانی گەورەی بە ڕۆژئاواییبوون بگێڕێت. هـەمـوو کەسێک بێ چەند و چوون پێیان وا بوو ڕۆڵێکی لەو جۆرە دەبێت بدرێتە ئەکتەرەکانی وەک لۆرانس ئۆلیڤێر، کورد یورگـەنس و چارلتـۆن هیـسـتـۆن. بەڵام ئەمـجـار ڕۆژنامـەی حـوڕییـەت خـۆی هـاویشـتـبـووە ئەو کـارەوە و توانیـبـووی ڕای گـشـتـی تورک بـەوە قـایل بکات تورکـێک ڕۆڵی ئەتـاتورک بگێـڕێت. ڕۆژنـامـەکـە ڕای گـەیاندبوو کـۆپـۆن بۆ خـوێنەرانی چاپ دەکـات تا لەو ڕێیـەوە ئەکتـەری شـیـاو بۆ گـێـڕانی ڕۆڵی ئەتـاتورک دەسـتنیـشـان بکەن. لە دوای دیاریکردنی مـاوەی پێـویسـت بۆ خۆناساندنی دیموکراتییانەی ئەو ئەکتەرانەی لەلایەن لیژنەیەکی ناوبژیوانەوە دەسـتنیـشـانکرابوون و سـونای یەکـێک بوو لەوان، هـەر لە یەکـەم ڕۆژی

دەنگدانەوە دەرکەوت سونای بە جیاوازییەکی زۆر لە ڕیزی پێشەوەیە. بینەری تورک پەی بەوە بردبوو سونای سالآنێکی درێژ ڕۆڵی ژاکۆبەنانەی گێڕاوە و ئەکتەرێکی شۆخ و بە هەیبەت و متمانەبەخشە، بۆیە دەتوانێت ڕۆڵی ئەتاتورک بگێڕێت.

یەکەم هەڵەی سونای ئەوە بوو هەڵبژاردنی خۆی لەلایەن خەڵکەوە زۆر بە هەند گرتبوو. هەر تاوناتاوێک لە تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەکاندا دەردەکەوت و لێدوانی ڕاگەیاند، لەگەڵ فوندا ئەسەردا چەندین وێنەی تایبەت بە بەختەوەریی ژیانی هاوسەرییان گرت و بڵاو کردەوە. ماڵەکەی و ژیانی ڕۆژانە و بیر و بۆچوونی سیاسییانەی خۆی بۆ خەڵک ڕادەگەیاند و بانگەشەی ئەوەی دەکرد شیاوترین کەسە بۆ گێڕانی ڕۆڵی ئەتاتورک. لێکدالێکدا دەیگوت هەندێک لە چێژ و خووەکانی (ئارەق خواردنەوە، سەماکردن، ڕێکپۆشین، بەهەیبەتی)ی ئەم دەچنەوە سەر ئەتاتورک. کتێبەکانی (نوتق)ی ئەتاتورکی بەدەستەوە دەگرت و پەیتاپەیتا دەیخوێندنەوە. (گۆشەنووسێکی سەر بەگۆبەن و ئاژاوەگێڕ زوو هاتە دەست، کەوتە تانە لێدان و نووسی ئەوەی سونای دەیخوێنێتەوە، دەقی ڕەسەنی نوتقەکان نییە، بگرە کورتکراوەی دەقەکانە بە زمانی تورکیی هاوچەرخ.) لەمەوە سونای لە کتێبخانەکەیدا بە بەرگە ڕەسەنەکانی –نوتق–ەوە وێنەی گرتبوو، (بەڵام مخابن، سەربارى هەوڵێکی زۆر، وێنەکان لە هەمان ڕۆژنامەدا لە چاپ نەدرابوون.) لە کردنەوەی پێشانگاکان، لە کۆنسێرتەکان و لە یارییە گرینگەکانی تۆپی پێدا ئامادە دەبوو، هەموو کاتێک لێدوانی بۆ گشت کەسێک دەدا و سەبارەت بە بابەتەکانی وەک ئەتاتورک و نیگارکێشی، ئەتاتورک و موزیک و ئەتاتورک و وەرزشی تورکی، قسەی بۆ پەیامنێرانی پلە سێ دەکرد. بۆ ئەوەی خۆشەویستیی خەڵک بۆ خۆی مسۆگەر بکات و بەشێوەیەکی ناشایستەی ژاکۆبەنی، لێدوانی دەدا بە ڕۆژنامە (پاشڤەڕۆ)کانی دژ بە ڕۆژئاواش. لە وەڵامی پرسیاری یەکێک لەو ڕۆژنامانەدا کە لە ڕاستیدا نیازی دنەدانیشی لە پشتەوە نەبووە، گوتبووی: "بێگومان ئەگەر میللەت بە شیاوم بزانێت، ئەوا

دەتوانم ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕۆڵی حەزرەتی محەمەدیش بگێڕم." ئەم لێدوانە بەدبەختە سەرەتای شێواندنی مەسەلەکان بوو بەسەریەکدا.

لە گۆڤارە بچووکەکانی ئیسلامیدا دەست کرا بە نووسینی ئەوەی هیچ کەسێک -خوایە تۆبە- ڕۆڵی حەزرەتی پەیامبەر ناگێڕێت. ئەم تووڕەبوونە سەرەتا لە ڕۆژنامەکاندا بە مانشێتی (بێ ڕێزیی بەرامبەر بە پەیامبەرمان نواندووە) ڕەنگی دایەوە، دواتریش دەستەواژەی (سووکایەتی پێکردن) خرایە مانشێتەکانەوە. سوپاش نەیتوانی ئیسلامی سیاسی بێدەنگ بکات، بۆیە ئەرکی کوژاندنەوەی ئاگرەکە کەوتە ئەستۆی سونای خۆی. بەمەبەستی ئارامکردنەوەی بارودۆخ، قورئانی پیرۆزی بە دەستەوە دەگرت و دەیویست لە خوێنەرانی کۆنەپارێزی بگەیەنێت حەزرەتی محەمەد کەسێکی نوێخواز بووە و ئەم زۆر خۆشی دەوێت. گۆشەنووسانی کەمالیست دەمێک بوو بە لاساییکردنەوەی ئەتاتورک لەلایەن سونایەوە تووڕە بوون، بۆیە ئەم هەلەیان قۆستەوە: دەستیان کرد بە نووسینی ئەوەی ئەتاتورک هیچ کاتێک چاپلووسی لەتەک پاشڤەڕۆیان و توندڕەواندا نەنواندووە. ڕۆژنامەکانی لایەنگری کودەتای سەربازی لێکدالێکدا ئەو وێنەیەی سونایان بە قورئانەوە بڵاو دەکردەوە و دەیانپرسی: "ئەمەیە ئەتاتورک؟" چاپەمەنیی ئیسلامی سیاسی کەمتر خۆی بە سونایەوە سەرقاڵ کرد و زیاتر کەوتە خۆپاراستن و دەستی کرد بە هێرشی پێچەوانە. ئەو ڕۆژنامانە کەوتنە بڵاوکردنەوەی وێنەی ئارەق خواردنەوەی سونای و دەستیان کرد بە دانانی مانشێتی لە جۆری: (ئەویش وەک ئەتاتورک ئارەقخۆرە!) یان : (ئایا ئەمەیە دەیەوێت ڕۆڵی حەزرەتی پەیامبەرمان بگێڕێت؟) شەڕی تاوسەندووی نێوان ئیسلامی-لایستەکان خۆی هەر دوو مانگ جارێک لە چاپەمەنیی ئەستەنبوڵدا بەرپا دەبوو. ئەمجارەشیان لەسەر سونای سەری هەڵدا و ماوەیەکی کورتیشی خایەند.

لە ماوەی هەفتەیەکدا ژمارەیەکی زۆر وێنەی سونای بڵاو کرایەوە: لە وێنەیەکی وەرگیراو لە فیلمی ڕێکلامێکی چەندین ساڵ لەوەوبەردا بە تاسووقەوە بیرەی دەخواردەوە، لە وێنەیەکی تری فیلمێکی سەردەمی لاویدا

تێهەڵدان دەخوات، لە یەکێکی دیدا لە بەردەم ئاڵایەکی داس و چەکوشدا مستەکۆڵەی خۆی بە گرمۆڵەکراوی پێشان داوە... چەندین پەڕە بە هەواڵ و قسە و قسەڵۆک سەبارەت بە سونای پڕکرانەوە: (ژنەکەی هاوڕەگەزبازە، خۆیشی، ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەر کۆمۆنیستە، فیلمی پۆرنۆی قاچاخی دۆبلاژ کردووە، لە پێناوی پارەدا، نەک ئەتاتورک، بگرە ئامادەیە هەموو ڕۆلێک بگێڕێت، لە ئەڵمانیای ڕۆژهەلاتەوە پارەی بۆ نێردراوە و شانۆنامەکانی برێشتی پێ پێشکێش کردووە، لە دوای کودەتای سەربازی، گازندەی لە تورکیا کردبوو لە پای ئەوەی گوایە "ژنانی سەر بە کۆمەڵەیەکی سوێدی بۆ لێکۆڵینەوە هاتوون و لە تورکیا ئەشکەنجە دراون.")

هەر لەو ڕۆژگارەدا، (ئەفسەرێکی پایەبڵند) سونای بانگ کرد بۆ سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپا و بڕیاری سوپای سەبارەت بە پێویستبوونی خۆکێشانەوەی لە خۆ پالاوتن بۆ ڕۆڵی ئەتاتورک پێی ڕاگەیاند. ئەم ئەفسەرە لەو پیاوە دڵنەرم و کاریگەرانە نەبوو ڕۆژنامەنووسە خەوخۆشەکانی ئەستەنبوڵ بە گرینگی بزانن و لە پای دەستێوەردانی سوپا لە کاروباری سیاسەت ڕەخنەی لێ بگرن، جا ئەم بانگیان بکات بۆ ئەنقەرە و سەرەتا سەرزەنشتیان بکات و پاشان بۆ دڵدانەوەیان شیرینیان پێشکێش بکات. ئەو ئەفسەرە سەر بە (بیرۆی پێوەندییەکان) بوو، بەلام پیاوێکی جەسوور و قسەخۆش بوو. بە بینینی خەمگینی و ترسی سونای، نەرمی نەنواند، بگرە تەواو بە پێچەوانەوە گاڵتەی بە سونای کرد لەبەر ئەوەی بە (پۆزە هەڵبژێردراوەکانی ئەتاتورک)ەوە بۆچوونی سیاسیی ڕاگەیاندووە. دوو ڕۆژ لەوەوبەر سونای سەردانێکی شارەدێی شوێنی لە دایکبوونی خۆی کردبوو، لەوێ وەک سیاسەتمەدارێکی خۆشەویست، بە کاروانی ئۆتۆمبیل و لەلایەن هەزاران بێکار و بەرهەمهێنەرانی تووتنەوە پێشوازی لێ کرابوو، ڕووی لە پەیکەری ئەتاتورک لە مەیدانی شارەدێیەکەدا کردبوو، لە ناو چەپڵەڕێزانی ئامادەبووواندا دەستی ئەتاتورکی گوشیبوو. لە دوای ئەم بایەخ پێدانە، گۆڤارێکی میللی لە ئەستەنبوڵ لێی پرسیبوو: "نیازتان هەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان

له شانۆوه دەربازی سیاسەت بن؟" سونای له وەڵامدا گوتبووی: "ئەگەر میللەت بخوازێت، بەڵێ!" سەرۆکایەتیی وەزیران ڕای گەیاند "لەم کاتەدا" بەرهەمهێنانی فیلمی ئەتاتورک دوادەخرێت.

سونای لەوە بە ئەزموونتر بوو ئەم تێکشکانە خراپە کاری تێ بکات، بەڵام پێشهاتەکانی دواتر پشتیان شکاند: له ماوەی مانگێکدا هێندە هاتبووه سەر تەلەڤزیۆن بۆ ئەوەی ڕۆڵەکە بۆ خۆی مسۆگەر بکات، ئیدی هەموو کەسێک دەنگی ئەو بە دەنگی ئەتاتورک تێ دەگەیشتن، بۆیە ئیدی کاری دۆبلاژی نەدرایێ. کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ڕێکلامی تەلەڤزیۆنیش، ئەوانەی پێشتر بەدوایدا دەگەڕان و ڕۆڵی باوکێکی هۆشمەندیان دەدایێ لەوانەی بەروبوومی باش هەڵدەبژێرن، پشتیان تێ کرد، چونکە پێشاندانی ئەتاتورکێکی سەرنەکەوتوو له کاتی بۆیاخکردنی دیواردا، یان کاتێک دەیگوت له بانکەکەی ڕازییە، زیانی بە بەربوومەکان دەگەیاند. بەڵام لە هەمووی خراپتر، باوەڕهێنانی خەڵک بوو بەوەی سونای دوژمنی ئەتاتورک و ئاینە، چونکە جەماوەر بە ئەڤینەوە باوەڕیان بە سەرجەم هەواڵ و نووسراوی ڕۆژنامەکان دەکرد: تەنانەت هەندێک باوەڕیان کردبوو سونای چاوپۆشی دەکات له ماچکردنی ژنەکەی لەلایەن کەسانی ترەوه. بەلانی کەمەوه بۆچوونێک هەبوو دەیگوت دووکەڵ بێ ئاگر نابێت. گشت ئەم پێشهاتانە ژمارەی ئەوانەیان کەم کردبووەوه کە بۆ بینینی شانۆگەرییەکانی سونای دەچوون. چەندین کەس له شەقامەکان ڕایان دەگرت و پێیان دەگوت: "حەیف بوو بۆت!" قوتابییەکی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان باوەڕی کردبوو سونای زماندرێژیی دەرهەق بە پەیامبەر کردووه و دەیویست ناوی بکەوێتە سەر پەڕەی ڕۆژنامەکان، له شەوێکی پێشکێشکردنی شانۆنامەدا چووه سەر تەختەی شانۆ، چەقۆی هەڵکێشا و تفی له چەند کەسێک کرد. هەموو ئەمانە له ماوەی پێنج ڕۆژدا ڕوویان دابوو. ژن و پیاوەکە خۆیان له بەرچاوان ون کرد.

دواتریش چەندین قسە و دەنگۆیان بۆ هەڵبەسترا، وەک: چوونەتە بەرلین و لای تیپی بەرلینی برێشتچی له ژێر پەردەی فێربوونی هونەری شانۆدا فێری

کاری تیرۆریستی دەبن، یان بە کۆمەکی وەزارەتی ڕۆشنبیریی فرەنسا، لە نەخۆشخانەی دەروونیی (La Paix) ی فەرەنسی لە شیشلی خەوێندراون. ڕاستییەکەی، پەنایان بردبووە بەر ماڵی دایکی فوندا ئەسەر کە ژنێکی نیگارکێش بوو لە کەناری دەریای ڕەش دەژیا. ئەمە حاڵیان بوو تا ساڵێک دواتر توانیان لە هۆتێلێکی هاکەزایی شاری ئەنتاڵیا کارێکی ئانیماتۆری بدۆزنەوە. بەیانیان لەگەڵ دووکاندارە ئەڵمانەکان و گەشتیارانی هۆڵەندیدا لەسەر لمی کەنار دەریا گەمەی ڤۆلیبۆلیان دەکرد، نیوەڕۆیان پۆشاکی (چاوڕەش و هاجیڤات)یان دەپۆشی و بە ئەڵمانییەکی تێکشکاو منداڵانیان دەهێنایە پێکەنین، ئێوارانیش وەک پاشا و کەنیزەکی سەماکەری دەچوونە سەر شانۆ. بۆ فوندا ئەسەر، ئەمە سەرەتای فێربوونی سەمای ڕۆژهەڵاتی بوو کە دواتر و لە ماوەی دە ساڵدا لە ناوچە بچووک و دوورە دەستەکان پەرەی پێ دا و پێشی خست. سونای، ئەگەرچی توانیبووی سێ مانگ بەرگەی ئەو هەموو مەسخەرەیە بگرێت، کەچی ڕۆژێک لە بەرچاوی گەشتیاران سەرتاشێکی سویسرایی دارکاری کردبوو، چونکە بەوەوە نەوەستابوو هەر لەسەر شانۆ گاڵتە بە کەنیزەک و فێسی تورکی بکات، بگرە بەیانیان لەسەر لمەکەش هەر چەنەی دەدا و لەگەڵ فوندا ئەسەریشدا کەوتبووە چاوبڕکێ. لەوە بەدواوە، زانراوە لە هۆڵەکانی زەماوەندی ئەنتاڵیا و دەوروبەریدا و لە شەوئاهەنگەکاندا، کاری بێژەری و سەماکردن و (شانۆگەری پێشکێشکردن)یان دۆزیوەتەوە. سونای، ڕۆڵی گۆرانیبێژانی هەرزان بەها، ئەوانەی زۆر بەوشکی لاسایی گۆرانیبێژە ڕەسەنەکانی ئەستەنبوڵیان دەکردەوە، هۆقەبازانی ئاگرخۆر و ئەکتەرانی کۆمیدیی پلە سێی پێشکێش دەکرد. فوندا ئەسەریش بەدوای وتارێکی کورتدا سەبارەت بە خانەی هاوسەرگیری، کۆمار و ئەتاتورک، دەکەوتە سەما و سمت بادان. پاشان هەردووکیان لە کەشێکی تژە لە دیسیپلیندا و بۆ ماوەی هەشت نۆ خوولەک، پەردەیەکیان لە ماکبپ پێشکێش دەکرد، مەرگی پادشایان پێشان دەدا و بەدوای ئەوەدا چەپڵەڕێزان دەکران. یەکەم تۆوی ئەو تیپی شانۆییەی کە

ساڵانی دواتر بە ئەنادۆڵدا دەگەڕا، لەو ئاهەنگانەدا چێندرا.

بەدەم پێوانی پاڵەپەستۆی خوێنەکەیەوە، یەکێک لە پاسەوانەکان بێتەلێکی دایە دەست و ئەمیش لە تیایدا فەرمانی بۆ کەسێک دەرکرد. هەر لەو ساتەدا پارچە کاغەزێک خرایە بەردەستی، سونای لەگەڵ خوێندنەوەیدا ڕووی خۆی گرژ کرد و گوتی: "هەر هەموویان زمان لە یەکتری دەدەن. بەدرێژاییی ئەو ساڵانەی لە ناوچە دووره دەستەکانی ئەنادۆڵدا پێشکێشم کردووە، بۆم دەرکەوتووە تەواوی لاوانی ئەم وڵاتە لە خەم و پەژارەدا گۆج و ئفلیج بوون. بەیانی تا ئێوارە لە چایخانەکان دادەنیشن و هیچ ناکەن. لە هەر شارەدێیەکدا سەدان، لە سەرانسەری تورکیادا سەدان هەزار، ملیۆنان پیاوی بێکار، شکستخواردوو، بەدبەخت، سست و هەش بەسەر هەن. ئەم برایانەم تاقەتیان نییە دەستێک بە سەر و ڕووخساری خۆیاندا بهێنن، ئیرادەی ئەوەیان نییە دووگمەی چاکەتە چەور و لەکەدارەکانیان دابخەن، هێزی جووڵاندنی دەست و قۆڵەکانیان نییە، حەوسەڵەیان نییە تا کۆتایی گوێ بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتێک ڕابگرن و ئەوەندە سەلیقەیان نییە بەدەم گێڕانەوەی جۆکێکەوە پێ بکەنن." سونای درێژەی دایێ و گوتی: "زۆربەیان لە تاو بەدبەختی خەویان لێ ناکەوێت، بە چێژەوە جگەرە دەکێشن بەهیوای ئەوەی بیانکوژێت، بەشی زۆریان ناتوانن ڕستەیەک تا کۆتایی بڵێن و لە نیوەدا دەستی لێ هەڵدەگرن، دانیشتنیان لە بەرامبەر تەلەڤزیۆندا لەبەر ئەوە نییە حەز لە بەرنامەکان دەکەن و دەیانهێنێتە جۆش، بگرە بەهۆی خۆڕانەگرتنیانەوەیە لە بەردەم تەنگاوییەکانی دەوروبەردا، لە ڕاستیدا دەیانەوێت سەر بنێنەوە، بەڵام خۆیان بەشایەنی خۆکوشتن نازانن، لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ دەدەن بە دڵڕەقترین پاڵێوراوی نابووتترین پارت بۆ ئەوەی بیانگەیەنن بەو سزایەی شایەنیانە، ئەفسەرانی کودەتاچی، ئەگەرچی بەردەوام بە زمانی سزادان دێنە گۆ، بەلای ئەوانەوە باشترن لەو سیاسەتمەدارانەی بەردەوام بەڵێنی بەختەوەری دەدەن." لەو کاتەدا فوندا ئەسەر هاتە ژوورەوە و سونایش لەسەر قسەکانی خۆی بەردەوام بوو: "لە

ماڵیشەوە ژنە بەدبەختەکانیان بە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان ڕادەگەن و نازانن پیاوەکانیان لە کوێن. لە پێناوی چوار پێنج قورووشدا خزمەتکاری، کاری تووتن، فەرش چنین، یان پەرستیاری دەکەن. ئەگەر ئەم ژنانە نەبوونایە کە بێ وچان بەسەر منداڵەکانیاندا دەقیژێنن و بە پەتی ئەستوور خۆیان بە ژیانەوە بەستووەتەوە، ئەوا بە ملیۆنان پیاوی کراس لەکەدار، ڕیش دەرهاتوو، چارەگرژ، بێکار و تەمەڵ لەوانەی سەرجەم شێوەیان دەچێتەوە سەریەک و بە سەرانسەری ئەنادۆڵدا تەشەنەیان کردووە، وەک سواڵکەر لە شەوانی سارد و بەستەڵەکدا لە گۆشەی شەقام و کۆڵانەکان ڕەق هەڵدێن، یان جۆری سەرخۆشی تازە دەرچوو لە مەیخانەکان دەکەونە کونی زێرابەکانەوە، یان ئەوەتا وەک باپیرە خڵەفاوەکان بە بیجامە و دەمپاوە بۆ نان کڕین بۆ لای بەقاڵ دەنێردرێن و ون دەبن. جا وەک دەبینین لەم (شارە داماوەی قارس)دا ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لەو پیاوانە هەن و تاکە سەرچاوەی بەزم و خۆشییان، ئازاردانی ژنەکانیانە، ئەو ژنانەی کە ئەمان بە ژیانی خۆیان پێیان قەرزارن و بە عەشقێکی شەرمنەوە خۆشیان دەوێن."

سونای بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی تاسەباری پێوە دیار بێت، گوتی: "لە ئەنادۆڵدا دە ساڵی خۆمم کردە قوربانی بۆ ئەوەی ئەم برایانەم لە خەم و پەژارە ڕزگاریان بێت. چەندین جار تاوانی کۆمۆنیستی، سیخوڕی ڕۆژئاوا، هاوڕەگەزبازی، گەواهیدەری یەهۆڤا، گەوادی و سێکسفرۆشی درایە پاڵمان. خراینە بەندیخانەوە، ئەشکەنجە دراین و فەلاقە کراین. هەوڵیان دا دەست بۆ ئابڕوومان درێژ بکەن، بەردەباران کراین، بەڵام جەماوەر فێربوون ئەو بەختەوەری و ئازادییەیان خۆش بوێت کە شانۆنامەکانی خۆم و تیپی شانۆکەم پێیانی دەبەخشی. ئێستاش گەورەترین هەلم بۆ ڕەخساوە لە ژیانمدا و ئامادە نیم خۆم لاواز بنوێنم."

دوو کەس هاتنە ژوورەوە و یەکێکیان دیسان بێتەلێکی بۆ سونای درێژ کرد. (کا) لە قسەی بێتەلەکەوە گوێی لێ بوو دەوری یەکێک لە کوڵیتەکانی گەڕەکی سوقاپی گیراوە، لە ناوییەوە تەقە کراوە و ماڵەکە گەریلایەکی کورد و

خێزانێکی تێدایە. ئەفسەرێک لەسەر هێڵی بێتەلەکە بوو هەم فەرمانی دەدا و هەم دەشیگوت: "کۆمیتانم." هەمان ئەفسەر دوای کەمێک وەک ئەوەی لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆیدا قسە بکات، نەک لەگەڵ سەرکردەی شۆڕشێکدا، سەرەتا، هەندێک زانیاریی لەمەڕ بابەتێک دا بە سونای و پاشان ڕا و بۆچوونی لێی پرسی. سونای، کاتێک بینی وا (کا) بە سەرنجەوە گوێی بۆ قسەکان ڕاگرتووە، گوتی: "قارس ژمارەیەکی کەم سەربازی لێیە. دەوڵەت، لە ساڵانی شەڕی ساردد ا هێزی بنەڕەتیی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی ڕووسی لە ساریقامیش مۆڵی داوە. ئەمانەی ئێرە هەر ئەوەندەیان لە دەست دەهات لە پەلاماری یەکەمدا ڕووسەکان بخافڵێنن. ئێستا زیاتر بۆ پاراستنی سنووری هاوبەش لەگەڵ ئەرمەنستاندا لێرە دانراون."

سونای گێڕایەوە هەمان ئەو شەوەی لەگەڵ (کا)دا لە پاسەکەی ئەرزەڕووم دابەزیوە، لە ڕێستۆرانتی نیشتمانی سەوز چاوی کەوتووە بە عوسمان نووری چۆلاکی دۆست و هاوڕێی سی و ئەوەندە ساڵەی. لە کۆلێجی سەربازیی قولەلی هاوپۆلی یەکدی بوون. ئەو سەردەمە، ئەو تاکە کەس بووە زانیویەتی پیراندیلۆ کێیە و شانۆکانی سارتەر کامانەن. سونای درێژەی دایێ و گوتی: "ئەو نەیتوانی وەک من بێدیسپلینی بنوێنێت و لە کۆلێج دەربکرێت، بەڵام بە هەموو هێزی خۆیشییەوە باوەشی بە سەربازیدا نەکردووە، بۆیە هەرگیز نەگەیشتە پلەی ڕوکن. کەسانێک هەبوون بەچرپە دەیانگوت بەهۆی کورتی بالایەوە هەرگیز ناکرێت بە ئەفسەری پایەبڵند. تووڕە و خەمبارە، بەڵام بە بۆچوونی من، لەبەر پیشەکەی نییە، بگرە لە پای ئەوەیە ژنەکەی، منداڵەکەیانی بردووە و بەتەنیا جێی هێشتووە. لە دەست تەنیایی و بێکاری و قسە و قسەڵۆکی ئەم شارە بچووکە زۆر بێزارە، بەڵام بێگومان هەرە زیاد ئەو خۆی واتەوات دەهێنێت و دەبات. ئەو شەوە لە ڕێستۆرانتەکەدا ئەو یەکەم کەس بوو سەبارەت بە گرفتی قەسابە قاچاخەکان، قەرزەکانی بانکی کشتوکاڵ و کۆرسەکانی قورئان کە من دوای شۆڕش دەستم دانێ، قسەی کرد. بڕێکیش زیادی دەخواردەوە. بە بینینی من زۆر خۆشحاڵ بوو، گلەیی لە

تەنیاییی خۆی دەکرد. وەک بیانوو هێناوەیەک بە شانازییەوە گوتی ئەو شەوە فەرمان و بەڕێوەبردنی شاری قارس لە دەستی ئەودایە، بۆیە پێویستە زوو ڕابێت. فەرماندەی یەکەی سەربازیی شاری قارس نەخۆشیی باداریی هەبوو، لەبەر ئەو هۆیە لەگەڵ ژنەکەیدا چووبووە ئەنقەرە، ئەفسەرەکەی جێگریشی، بۆ کۆبوونەوەیەکی بەپەلە بۆ ساریقامیش بانگ کرابوو. پارێزگاریش لە ئەرزەڕووم بوو. هەموو هێز لە دەستی خۆیدا بوو. بەفریش بەردەوام دەباری و دیاریش بوو وەک هەموو زستانێک، ماوەیەک ڕێگە و بانەکان دادەخرێن. دەستبەجێ زانیم ئەمە هەلی ژیانمە و داوای پێکێکی تر ئارەقم بۆ دۆستی دێرینم کرد."

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەی ئەو ئەفسەرەی دوای ڕووداوەکان لە ئەنقەرەوە ڕەوانە کرابوو، ئالبای عوسمان نووری چۆلاک -یان بە وتەی سونای: چۆلاک-ی هاوڕێی سونای لە کۆلێجی سەربازی، ئەوەی (کا) پێش کەمێک لە بێتەلەکەدا گوێی لە قسەکانی بوو، سەرەتا وەک گاڵتەیەک ڕەزامەندیی خۆی لەسەر ئەم بیرۆکە سەمەرەیەی کودەتای سەربازی دەربڕیوە و تەنیا وەک بەزمێکی خەیاڵ لەسەر مێزی ئارەقخواردنەوە داڕێژرابوو. بابەتەکەی هێندە سانا وەرگرتبوو، بەجۆرێک گوتبووی ئەم کارە بە دوو تانک مەیسەر دەبێت. پاشان بەهۆی پێداگرتنی سونایەوە و بۆ ئەوەی پیاوەتی نەڕووشێت و بەهۆی باوەڕهێنانی بەوەی ئەنقەرەش دواجار بەم کارەیان دڵخۆش دەبێت، خۆی هاویشتبووە ئەم کارەوە، ئەگەر نا، بڕیارەکەی لە سۆنگەی ڕق و قین یان بەرژەوەندی تاکە کەسییەوە نەبووبوو. (بە پێی ڕاپۆرتی ئەفسەرەکەی ئەنقەرە، بەداخەوە چۆلاک بەهۆی مەسەلەی ژنێکەوە ئەم بنەمایەی پێشێل کردبوو، و لە گەڕەکی کۆماری دابووی بەسەر ماڵی پزیشکێکی ددانی ئەتاتورکچیدا.) لە پەلاماری شەوی شۆڕشکەدا بۆ سەر ماڵان و قوتابخانەکان، جگە لە نیو یەکەی سەربازی، چوار ئۆتۆمبیل و دوو تانکی جۆری (تی-١) کە بەهۆی نەبوونی پارچەی یەدەکەوە بەباشی کاریان نەدەکرد، هیچ هێزێکی تری سەربازی بەکار نەهێندرابوو. "تیمی تایبەت"ی ز. دەمیرکۆڵ و هاوڕێکانی

تەنیا ڕووداوەکانی "فاعیلی مەجهول"یان گرتبووە ئەستۆی خۆیان، بۆیە ئەگەر ئەوان حسێب نەکەین، ئەوا تەواوی ئەرکەکان لەسەر دەستی کارمەندە چاپووکەکانی میت و ئاسایش ئەنجام درابوون، چونکە ئەوان پێشبینیی قۆناغێکی ئاوا نائاساییان کردبوو، چەندین ساڵ بوو سەرژمێریی سەرانسەری قارسیان کردبوو، لە هەر دە کەس لە دانیشتووانیش، یەکێکیان هاوکاری دەزگای ئاسایش بوو. ئەم کارمەندانە، دوای ئاگادار کردنەوەیان لە نەخشەی سەرەتاییی کودەتاکە، وایان بە شاردا بڵاو کردەوە کە لایستەکان لە هۆڵی شانۆی گەل خۆیان دەنوێنن. هێندەش کامەران بوون تا ڕادەی ئەوەی تەلەگرافی فەرمی بنێرن بۆ ئەو هاوڕێیانەیان کە بە مۆڵەت چووبوونە دەرەوەی قارس و داوایان لێیان کردبوو بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ئەم بەزمە لە دەست خۆیان نەدەن.

لەو کاتەدا، (کا) لە قسەی بێتەلەکانەوە تێ گەیشت شەڕەکەی گەڕەکی سوقاپی گەیشتووەتە قۆناغێکی تر. سەرەتا لە بێتەلەکەوە دەنگی سێ دەستڕێژ هات، دوای چەند چرکەیەک گوێی لە دەنگی کپی تەقە بوو لە پێدەشتە بەفراوییەکەوە دەهاتە بەر گوێ، بەڵام هەستی کرد ئەو دەنگەی بێتەلەکە گەورەی دەکاتەوە، خۆشترە.

سونای گوتی: "هۆڤ مەبن، بەڵام پێشانی بدەن شۆڕش و دەوڵەت بەهێزن و مۆڵەت نادەن کەس گاڵتەیان پێ بکات." چەناگەی لەسەر شێوەی بیرکردنەوە و بە جووڵەیەکی تایبەت بە پەنجەی سێیەمی دەستی چەپی و بە پەنجەی دۆشاومژەی گرتبوو. (کا) بیری کەوتەوە سونای لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٧٠ دا هەمان ڕستەی لە شانۆگەرییەکی مێژووییدا گوتووە. ئیدی وەک جاران کەشخە نەبوو، ماندوو، پەڕپووت و لاواز دیار بوو. دووربینێکی سەربازیی پاشماوەی ساڵانی ١٩٤٠ی دانراوی سەر مێزەکەی هەڵگرت. ئەو پاڵتۆ لبادیە ئەستوور و پەڕپووتەی ماوەی دە ساڵ لە گەشتەکانی ئەنادۆڵدا پۆشیبووی، کردە بەر و کڵاوە چەرمەکەی کردە سەر، قۆڵی (کا)ی گرت و چوونە دەرەوە. سەرماکە لەپڕ (کا)ی تووشی سەرسووڕمان کرد، هەستی کرد ویست و

خەیاڵەکانی مرۆڤ، سیاسەت و فرِوفیڵی رِۆژانە چەندە بچووک و لاوازن لە بەرامبەر سەرمای قارسدا. هەمان کات بۆی دەرکەوت لنگی چەپی سونای زیاتر دەلەنگێت وەک لەوەی ئەم بۆی چووبوو. کاتێک بەسەر شۆستە بە بەفر داپۆشراوەکاندا دەرِۆیشتن، شەقامە سپی و چۆڵەکان و هەستی ئەوەی تەنیا ئەوان بە شاردا پیاسە دەکەن، هەناوی پرِ کرد لە شادی. ئەمە تەنیا ئەو خۆشەویستی و چێژی ژیانە نەبوو کە شاری شۆخی ناو بەفر و قۆناغە کۆن و چۆڵەکان بە مرۆڤیان دەبەخشی: ئێستا (کا) چێژی لە نێزیکبوونی لە دەسەڵات وەردەگرت.

سونای گوتی: "ئێرە جوانترین شوێنی قارسە، لە ماوەی دە ساڵی رِابردودا، ئەمە جاری سێیەمە خۆم و تیپەکەم دێینە قارس. هەر جارێکیش تاریکایی دادێت، دێمە ژێر دار زەیتوونە رِووسیی و سپیندارەکانی ئێرە، بە خەمگینی گوێ لە دەنگی قەلەرِەش و تیتیرواسک دەگرم و سەیری قەڵا، پرد و گەرماوی چوارسەد ساڵە دەکەم."

گەیشتبوونە سەر پردی سەر رِووبارە بەستووەکەی قارس. سونای ئاماژەی کرد بۆ یەکێک لە کوڵیتە تاک و تەراکانی سەر گردەکەی لای دەستی چەپ. (کا) لەو سەری رِێگەی خوار گردەکەوە تانکێک و لەولاتریشەوە ئۆتۆمبیلێکی سەربازی بینی. سونای لە بێتەلەکەدا گوتی: "دەتانبینین." پاشان بە دووربینەکەی تەماشای کرد. پاش کەمێک، سەرەتا لە بێتەلەکەوە دەنگی دوو دەستریژ هاتە بەر گوێ. پاشان گوێیان لە دەنگێک بوو لە دۆڵی بەردەم رِووبارەکەوە دەهاتە بەر گوێ و دەنگی دایەوە. تۆ بڵێیت ئەمە سلاوێک بێت بۆ ئەمان نێردرابێت؟ کەمێک لەولاترەوە، لە دەروازەی پردەکەدا دوو پاسەوان چاوەرِێی ئەمانیان دەکرد. سەیرێکی گەرِەکی کوڵیتنشینەکانیان کرد. ئەو گەرِەکە دوای سەد ساڵ لە جێیەک بنیات نرابوو پێشتر شوێنی نیشتەجێی سەرکردە سەربازییە دەوڵەمەندەکانی عوسمانی بووە و دواتر بە تۆپی رِووسەکان وێران کراوە. سەیری پارکەکەی کەناری ئەو بەرەوەی رِووبارەکەیان کرد، ئەوێ سەردەمانێک شوێنی بەزم و ئاهەنگی بۆرژواکانی قارس بوو.

تەماشای بەشەی شارەکانی هەڵکەوتووی پشتەوەی پردەکەیان کرد.

سوونای گوتی: "هێگل یەکەم کەس بوو بۆی دەرکەوت دیرۆک و شانۆ لە هەمان کەرەستە خوڵقێنراون. ئەم گوتەیە بیرمان دەخاتەوە لە مێژووشدا، وەک لە شانۆ هەیە، -ڕۆڵ- دابەش دەکرێت. کتوومت وەک لە شانۆدا، لە مێژووشدا هەرکەسانی بەجەرگ دێنە سەر تەختەی شانۆ..."

هەموو دۆڵەکە بە دەنگی تەقینەوەیەک لەرییەوە. (کا) تێ گەیشت تفەنگی سەر تانکەکەش کەوتووەتە کار. تۆپیشی تەقاندبوو، بەڵام سەری کردبوو. دەنگەکانی دواتریش، دەنگی نارنجۆکی دەستیی سەربازەکان بوون. سەگێک دەوەڕی، دەرگای کوڵێتەکە کرایەوە، دوو کەسی لێ هاتنە دەرەوە و دەستیان بۆ ئاسمان بەرز کردەوە. (کا) کڵپەی ئاگری بینی لە پەنجەرە شکاوەکانەوە دەردەچوو. ئەوانەی لە کوڵێتەکە هاتبوونە دەرێ و دەستیان بەرز کردبووەوە، خۆیان هاویشتە سەر بەفرەکە. سەگێکی ڕەش بەدرێژاییی ئەو هات و هاوارە بەچێژەوە دەوەڕی و لەو ناوە هەڵدەبەزی، پاشان بە کلک بادان خۆی گەیاندە سەر ئەوانەی خۆیان دابوو بەسەر بەفرەکەدا. دواتر (کا) کەسێکی بینی لە پشتەوە ڕای دەکرد و چاوی لە تەقەکردنی سەربازەکان بوو. کابرا کەوتە سەر زەوی. دواتر هەموو دەنگەکان کپ بوون. دوای ماوەیەکی درێژ یەکێکیان هاواری کرد، بەڵام سەرنجی سوونای پەرش و بڵاو بوو.

لەگەڵ پاسەوانەکانی پشتەوەیان گەڕانەوە بۆ کارگەی بەرگدروون. بە بینینی کاغەزە جوانەکانی باڵەخانە کۆنەکەدا، (کا) تێ گەیشت خۆی لە بەرامبەر شیعرێکی نوێی هەناویدا پێ ڕاناگیرێت، خۆی خزاندە گۆشەیەکەوە.

چێژی هاوجووتی لەگەڵ دەسەڵات کە پێش کەمێک لەگەڵ سوونایدا هەستی پێ کردبوو، چێژی هاوڕێیەتیکردنی سوونای و هەستی خۆ بەتاوانبارزانین لە بەرامبەر خۆکوشتنی کچانی بێ نواندنی دوودڵی خستە ئەم شیعرەوە و ناوی لێ نا (خۆکوشتن و دەسەڵات.) دواتر هاتە سەر ئەو باوەڕەی سەرجەم ئەو پێشهاتانەی لە قارس بەسەری هاتبوون، لەم شیعرە (تەندروست)ە دا بە هەموو هێزی خۆیان و بێ دەستکاری گوزارەیان لێ کراوە.

## ٢٣

# خوا هێندە دادپەوەرە بزانێت گرفت تەنیا کێشەی ئەقڵ و باوەڕ نییە، بگرە ئاریشەی سەرلەبەری ژیانە

### لە فەرماندەیی لەگەڵ سونایدا

کاتێک سونای بینی (کا) لە نووسینەوەی شیعرەکەی بووەوە، لە بەردەم مێزی پڕ لە کاغەزی کاری خۆی هەڵسایە سەرپێ، پیرۆزبایی لێ کرد، چووە لایەوە و گوتی: "ئەو شیعرەی دوێنێ لەسەر شانۆ خوێندتەوە، زۆر هاوچەرخانە بوو، بەڵام مخابن بینەری وڵاتی ئێمە لە ئاستێکدا نییە لە هونەری هاوچەرخ تێ بگات. لەم سۆنگەیەوەیە لە شاکارەکانمدا ژنانی سەماکەر و سەرچڵییەکانی ڤوراڵی گۆلچی بەکار دەهێنم، چونکە میللەت لەوە دەگەن. دواتر و بێ نواندنی هیچ سازشێک، نوێترین -شانۆگەری ژیان-ی ئاوێتەبووی ژیانی بەسەردا دەکەم. من هونەرێکی هاوکات نابووت و ڕەسەنم لەگەڵ خەڵکدا پێ باشترە وەک لەوەی بە قەرزی بانکەکان لە ئەستەنبوڵ ڕۆڵی هونەرمەندانی کۆمیدیی لاساییکەرەوەی بولڤارەکان بگێڕم. ئێستا وەک برادەرێک پێم بڵێ بۆچی تاوانبارانی ناو ئەو توندڕەوە گومان لێکراوانەت دەستنیشان نەکرد کە لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش و لە کۆلێجی پزیشکی ڤێتەرنەری پێشانت دران؟"

"کەسم پێ نەناسرایەوە."

"لێپرسراوانی سوپا، دوای تێگەیشتنیان لە خۆشەویستیی لە ڕادەبەدەری تۆ بۆ ئەو کوڕە لاوەی تۆی بۆ لای شینە بردبوو، ویستیان دەستگیرت بکەن. هاتنت بەم بەرەبەری شۆڕشە لە ئەڵمانیاوە و ئامادەبوونت لە جێی کوژرانی بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردە، گومانی لای ئەوان خوڵقاندووە. دەیانویست

بتخەنە ژێر لێکۆڵینەوە و چی لە ناختدا هەیە و نییە بە ئەشکەنجە لێتی دەربهێنن، بەڵام من ڕامگرتن و بووم بە کەفیلت."

"زۆر سوپاس."

"هێشتا ڕوون نەبووەتەوە بۆچی تەرمی ئەو لاوەت ماچ کردووە."

(کا) گوتی: "دەزانم، ڕەهەندێکی زۆر ڕەسەن و لە ناخەوەی هەبوو. وام دەزانی سەد ساڵ دەژی."

"ئەو نەجیبەی تۆ خەمی بۆ دەخۆیت، بۆت بخوێنمەوە چی نەجیبێک بووە؟" کاغەزێکی دەرهێنا و دەستی کرد بە خوێندنەوەی: نەجیب لە مانگی ئاداری پاردا جارێک لە قوتابخانە هەڵهاتووە، لە ڕووداوی شکاندنی جامخانەی بیرەخانەی نەشئەدا بەبیانووی ئەوەی لە مانگی ڕەمەزاندا بیرەی فرۆشتووە، بەشدار بووە، لە بارەگای لقی پارتی ڕەفا کاری سەرپێیی کردووە، بەڵام لەبەر بیر و بۆچوونە توندەکانی، یان بەهۆی ئەوەی فێیەکی مەترسیداری هەبووە، لەوێ دەرکراوە (لە بارەگای لقی پارتی ڕەفادا زیاد لە سیخورێک هەبوو)، لە ماوەی هەژدە مانگی ڕابردوودا هەوڵی داوە لە هاتنەکانی شینەدا بۆ شار، خۆی لە ناوبراو نێزیک بخاتەوە، چونکە زۆر شەیدای بووە، بەسەرهاتێکی نووسیوە بەلای کارمەندانی میتەوە مایەی "تێنەگەیشتنە" و لە بەردەم دەرگای ڕۆژنامەیەکی ئیسلامی قارس فرێی داوە. ئەو ڕۆژنامەیە تەنیا حەفتا و پێنج ژمارەی لێ دەفرۆشرێت. پاش ئەوەی دەرمانگرەوەیەکی خانەنەشین و گۆشەنووسی ئەو ڕۆژنامەیە چەند جارێک نەجیبی بەشێوەیەکی نەشیاو ماچ کردووە، نەجیب و فازیلی هاوڕێی نەخشەی کوشتنیان دارشتووە (کۆپیی ڕاستەقینەی ئەو نامەیەی بەنیاز بووبوون لە شوێنی تاوانەکە جێی بهێڵن، لە ئەرشیڤەکانی میت دزرابوو، ئەوەی لە دۆسیەکەدا بوو، کۆپییەکی لەبەرگیراوەی نامەکە بوو.)، لە کاتی جۆراوجۆردا لەگەڵ برادەرەکانیدا بە شەقامی ئەتاتورکدا تێ پەڕیوە و جارێک لەو جارانە و لە مانگی ئۆکتۆبەری ڕابردوودا، لە دواوە پۆزی بەسەر ئۆتۆمبیلێکی پۆلیسی سڤیلدا لێ داوە کاتێک بەلایاندا تێ پەڕیوە."

(کا) گوتی: "دەزگای هەواڵگریی میللی لێرە زۆر چالاکە."

"ئەوان دەزانن تۆ چوویتەتە تەکیەی شێخ سەعادەدین ئەفەندی. لە هەموو سووچ و قوژبنێکی تەکیەکەیدا میکرۆفۆن چێندراوە. خۆت هاویشتووەتە بەردەمی، دەستەکانیت ماچ کردووە و بە چاوی پڕ لە گریانەوە باوەڕهێنانی خۆت بە خوا ڕاگەیاندووە. لە ناو دەست و پێوەندەکانیدا خۆت خستووەتە دۆخێکی نەشیاوەوە. بەڵام ئەوان سەریان لەوە سووڕماوە تۆ بۆچی هەموو ئەمانەت کردووە؟ زۆر شاعیری چەپ لەم وڵاتەدا سەریان لێ شێواوە و لە سۆنگەی ئەوەی –بە قوربانە با بەر لەوەی دەسەڵات بگرنە دەست، ببمە ئیسلامی–، سەنگەریان گواستووەتەوە."

(کا) سوور هەڵگەڕا. هەستیشی کرد سونای ئەم شەرمەی بە خاڵی لاوازی بۆ دەحەسبێنێت، بۆیە هێندەی دی شەرمی بە خۆیدا هاتەوە.

"دەزانم ئەو شتانەی ئەم بەیانییە دیوتن، خەمگینیان کردوویت. هەڵسوکەوتی پۆلیس لەگەڵ لاوەکاندا زۆر خراپە، تەنانەت ئاژەڵی وایان تێدایە تەنیا بۆ چێژ وەرگرتن تێڵا دەوەشێنێت. بەڵام ئێستا با ئەمە بخەینە لاوە..."

جگەرەیەکی بۆ (کا) درێژ کرد. "منیش وەک تۆ لە تافی لاویمدا بە شەقامەکانی نیشانتاشی و بەیئۆغڵودا پیاسەم دەکرد، وەک دێوانە سەیری فیلمە ڕۆژئاواییەکانم دەکرد و هەموو کتێبەکانی سارتەر و زۆلام دەخوێندەوە، باوەڕم وا بوو داهاتووی ئێمە لە ئەوروپادایە. ئێستاش، لە کاتێکدا ئەم جیهانە لەبەریەک هەڵبوەشێت، خوشکەکەکانت ناچار بکرێن سەرپۆش لە سەر بکەن و شیعرەکانت لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئایندا یەک ناگرنەوە، وەک ئەوەی لە ئێران باوە، قەدەخە بکرێن، من باوەڕ ناکەم تۆ بێدەنگ بیت و تەنیا تەماشا بکەیت، چونکە تۆ سەر بە جیهانەکەی منیت. لە قارسدا کەسێکی تر شک نابەم شیعرەکانی ت.س. ئەلیوتی خوێندبێتەوە."

(کا) گوتی: "موختاری پاڵێوراوی پارتی ڕەفا بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی شارەوانی، خوێندوونیەتەوە، ئەو زۆر ئالوودەی شیعرە."

سونای بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: "باوەڕت هەبێت هیچ پێویستی نەکرد

دەستگیری بکەین. نامەی خۆکێشانەوەی پاڵاوتنی بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی شارەوانی لەسەر کاغەزێک نووسیبوو، واژۆی خستبووە سەری و دابوویە دەستی یەکەم سەرباز لەوانەی لە دەرگای ماڵیان دابوو."

تەقینەوەیەک ڕووی دا، جام و چوارچێوەی پەنجەرەکان لەرینەوە. هەردووکیان نیگایان بڕییە ئەو پەنجەرانەی بەسەر ڕووباری قارس و سەرچاوەی تەقینەوەکەدا دەیانڕوانی، بەڵام جگە لە ڕیزە سپیندارێ بە بەفر داپۆشراو و باڵەخانەی هاکەزایی و بەفر لەسەر نیشتووی ئەوبەری ڕێگە، هیچی تریان نەبینی. بۆیە لە پەنجەرەکان نێزیک بوونەوە. جگە لە پاسەوانی بەردەم دەرگا، کەسی تر بە کۆڵانەوە نەبوو. قارس، تەنانەت لە دەمی دوانیوەڕۆشدا زۆر خەمگین بوو.

سونای بە خۆپێشاندانێکی سووکی شانۆکارانەوە گوتی: "ئەکتەرێکی باشە، ئەو هێزانە پێشکێش دەکات کە ساڵانێکی درێژە، سەدان ساڵە لە مێژوودا کەڵەکە بوون و خراونەتە پەراوێزەوە، نەتەقیونەتەوە، نەهاتوونەتە دەرەوە و نەهێندراونەتە سەر زمان. بەدرێژاییی ژیانی، لە دوورەدەستترین شوێنەکان، لە ڕێگە و بانە هیچ خۆ لێ نەدراو و تاقی نەکراوەکان و لەسەر سەختترین شانۆکان، بەدوای دەنگێکدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی ئازادییەکی ڕاستەقینەی پێ ببەخشێت. ئێستاش ئەو دەنگەی دۆزیوەتەوە، بۆیە پێویستە بێ ترس و سڵەمینەوە بڕوات و ڕانەوەستێت."

(کا) گوتی: "دوای سێ ڕۆژی تر بەفر دەتوێتەوە، ڕێگە و بانەکان دەکرێنەوە و ئەنقەرە حسێبی خوێنی لە قارس ڕژێندراو دەپرسێت. نەک لەبەر پەرۆشییان بۆ خوێن نەڕشتن، بگرە لەبەر ئەوەی حەز ناکەن کەسێکی تر لەبری ئەوان ئەم کارە بکات. قارسییەکانیش نەفرەت لە خۆت و لەم شانۆنامەیە سەمەرەیەت دەکەن. ئەوسا چی دەکەیت؟"

سونای گوتی: "پزیشکەکەت بینی؟ نەخۆشیی دڵم هەیە، گەیشتوومەتە کۆتاییی ژیانم، دەربەست نیم. سەرنج بدە، شتێکم بیر کەوتەوە: دەڵێن ئەگەر کەسێک، بۆ نموونە ئەوەی تەقەی لە بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردە کردووە،

دەستگیر بکەین، هەڵی بواسین و ئەمەش لە وەشانی زیندووی تەلەڤزیۆندا پێشان بدەین، ئەوا قارس وەک ماستی مەییوی لێ دێت.

(کا) گوتی: "هەر لە ئێستاوە لە ماستی مەییو دەچێت."

"خۆیان بۆ هێرشی خۆکوژی ئامادە دەکەن."

"ئەگەر یەکێکیان لێ هەڵبواسن، بارودۆخەکە مەترسیدارتر دەبێت."

"ئایا ترسی ئەوەت هەیە ئەوروپاییەکان ڕەفتارەکانی ئێرەمان ببینن و شەرمت بە خۆتدا بێتەوە؟ گەلۆ دەزانیت ئەوان چەند مرۆڤیان هەڵواسی تا ئەو جیهانە هاوچەرخەیان بەدی هێنا کە ئێستا تۆ شەیدای بوویت؟ ئەتاتورک کەسێکی مێشک چۆلەکەی وەک تۆی هەر لە ڕۆژی یەکەمدا هەڵدەواسی. شتێکیش هەیە زۆر باش بیزانە، قوتابییانی ئامادەیی پێشنوێژ و وتارخوێنان، ئەوانەی ئەمڕۆ لە زیندان چاوت پێیان کەوت، شێوەی تۆیان بۆ هەتاهەتایە لە مێشکی خۆیاندا چەسپاندووە و دەتوانن بۆمبەکانیان لە هەموو شوێنێک و بە گشت کەسێکدا بتەقێننەوە، ئەوەندەیان بەسە دەنگیان ببیسترێت. سەرباری ئەوەش، تۆ لەبەر ئەوەی دوێنێ شیعرت خوێندووەتەوە، ئێستا بە ئەندامی گرووپەکەی ئێمە دادەنرێیت... هەرکەسێک تۆزقاڵێک خووی ڕۆژئاواییی گرتبێت، بە تایبەتیش ئەو ڕۆشنبیرە لووتبەرزانەی بە چاوی نزمەوە لە خەڵک دەڕوانن، پێویستیان بە سوپایەکی لایست هەیە، ئەگەر نا، ئەوا ئیسلامییەکان، خۆیان و ژنە دەموچاو بۆیاخراوەکانیان بە چەقۆی کوول لەتوپەت دەکەن. کەچی ئەو زماندرێژانە خۆیان بە ئەوروپایی دەزانن و پۆز بەسەر ئەو سوپایەدا لێ دەدەن کە لە ڕاستیدا ئەوان دەپارێزێت. بۆچی تۆ پێت وایە ئەو ڕۆژەی ئێرەش وەک ئێرانی لێ دێت، کەس ئەوەی بیر دەکەوێتەوە لیبرالێکی دڵنەرمی وەک تۆ فرمێسکی بۆ لاوەکانی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان هەڵڕشتووە؟ ئەو کاتە، لەبەر ئەوەی کەمێک ڕۆژئاواییت، لە ترساندا بیسمیلات نەکردووە، لووتبەرزیت، کراڤاتت گرێ داوە، یان لەبەر ئەوەی ئەم پاڵتۆیەت پۆشیوە، دەتکوژن. ئەم پاڵتۆ جوانەت لە کوێ کڕیوە؟ دەتوانم لە شانۆگەرییەکدا لەبەری بکەم؟"

"بێگومان."

"بۆ ئەوەی کون نەکەوێتە پاڵتۆکەت، پاسەوانێک دەخەمە تەکت. پاش کەمێک لە تەلەڤزیۆندا ڕای دەگەیەنم قەدەخەی سەر هاتوچۆ تەنیا دەکرێت لە نیوەڕۆدا هەڵبگیرێت. مەچۆ دەرەوە."

(کا) گوتی: "تیرۆریستی ئیسلامیی ئەوتۆ لە قارسدا نین مایەی ترس بن بۆ سەر مرۆڤ."

سونای گوتی: "ئەوانەی ئێستا هەن، بەسن. سەربارى ئەوەش، ئەم وڵاتە تەنیا بەشێوەیەک دەبرێت بەڕێوە ترسی ئاین لە دڵی میللەتدا بچێندرێت. ئەگەر میللەت لە ئیسلامییەکان نەترسێت و پەنا بۆ دەوڵەت و سوپا نەبات، ئەوا وەک ئەوەی لە هەندێک هۆزە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیادا باوە، دەکەوێتە باوەشی دواکەوتوویی و توندوتیژییەوە."

ڕەپ ڕاوەستانی و شێوازی دوانی وەک ئەوەی فەرمان بدات، ڕوانینی درێژخایەنی بۆ خاڵێکی خەیاڵیی بە بۆشاییی سەر بینەرانەوە، کۆمەڵێک پۆزی سەر شانۆی بیست ساڵ لەمەوبەری سونای زایمی خستەوە بیری (کا). بەڵام پێکەنینیشی بە سەرجەم ڕەوشەکە دەهات و وا هەستی دەکرد خۆیشی بەشێک بێت لەم شانۆگەرییە مۆدە بەسەرچووە.

(کا) گوتی: "ئیدی پێم بڵێن چیتان لە من دەوێت؟"

ئەگەر من نەبم، مەحاڵە بتوانیت لەمەودوا لەم شارەدا ناتوانیت خۆت لەسەر پێ ڕابگریت. هەرچەندیش ماستاو بۆ ئیسلامییەکان سارد بکەیتەوە، دواجار هەر کون دەکەنە پاڵتۆکەت. تاکە داڵدە و دۆستی تۆ لە قارسدا، هەر منم. لە بیریشت نەچێت، ئەگەر دۆستایەتیی من لە دەست بدەیت، ئەوا دەخزێیتە ژوورەکانی نهۆمی خوارەوەی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش و دەکەویتە بەر ئەشکەنجە. هاوڕێکانیشت لە ڕۆژنامەی جمهورییەت باوەڕ بە تۆ ناکەن، بە سوپای دەکەن. ئەمانە بزانە."

"دەزانم."

"دە کەواتە ئەو شتانەم پێ بڵێ کە ئەم بەیانییە لە پۆلیست شاردەوە و بەهۆی هەستکردن بە تاوانەوە، لە سووچێکی دڵتدا حەشارت داوە."

(کا) بەدەم زەردەخەنەوە گوتی: "پێ دەچێت لێرە باوەڕ بە خوا بهێنم، پێم وا بێت هێشتا ئەمە لە خۆم دەشارمەوە."

"خۆت لە خشتە دەبەیت! ئەگەر باوەڕیش بهێنیت، هیچ کەڵکی نییە، چونکە هەر خۆتی بەتاک و تەنیا. گرفتەکە لەوەدایە وەک هەژارەکان باوەڕ بهێنیت و ببیت بە یەکێک لەوان. تۆ کاتێک دەتوانیت باوەڕ بە خوای ئەوان بهێنیت ئەگەر لەوە بخۆیت کە ئەوان دەیخۆن، لە ناویاندا بژیت، لەگەڵ پێکەنینی ئەواندا پێ بکەنیت و لەگەڵ گریانیاندا بگریت. تۆ ناتوانیت باوەڕ بەهەمان خوا بهێنیت و ژیانێکی تەواو جیاوازیشت لەوەی ئەوان هەبێت. خوا هێندە دادپەروەرە بزانێت گرفت تەنیا کێشەی ئەقڵ و باوەڕ نییە، بگرە ئاریشەی سەرلەبەری ژیانە. بەڵام ئەوەی تۆ وەڵامی پرسیارەکەی من نەبوو. دوای نیو سەعاتی تر دەچمە تەلەڤزیۆن و قسە بۆ قارسییەکان دەکەم. دەمەوێت مزگێنییەکیان بدەمێ. لە قاو دەدەم و دەڵێم بکوژی بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردە دەستگیر کراوە. بە ئەگەری زۆر، بەڕێوەبەری شارەوانیش هەر لەسەر دەستی هەمان کەس کوژراوە. ئایا دەتوانم بە بینەران ڕابگەیەنم تۆ ئەم بەیانییە پەنجەت خستووەتە سەر ئەو تاوانبارە؟ دوایی تۆیش دێیتە سەر تەلەڤزیۆن و هەموو شتێک دەگێڕیتەوە."

"بەڵام من نەمتوانی هیچ کەسێک دەستنیشان بکەم."

سونای بە جووڵەیەکی تووڕەی زۆر دوور لە کەشی شانۆوە قۆڵی (کا)ی گرت و چوونە دەرەوە، بە ڕێڕەوێکی فراواندا تێ پەڕین و بردیە ژوورێکی سپیی سادەی سەر حەوشەی ناوەوە. (کا) هەر ئەوەندەی چاوی بە ژوورەکە کەوت، ویستی ڕووی خۆی وەربگێڕێت، چونکە لە تایبەتمەندییەکەی ترسا، نەک لە پیس و پۆخڵییەکەی. تەنافێک ڕاکێشرابوو، سەرێکی بە دەسکی پەنجەرە و سەرەکەی تری بە بزمارێکی سەر دیوارەوە بەسترابوو، چەند جووتێک گۆرەویی پێدا هەڵواسرابوو. لە باوڵێکی کراوەی گۆشەیەکدا،

ئامێرێکی وشککردنەوەی قژ، دەستکێش، کراس و مەمکدانێکی گەورەی دی هەر هی ئەوە بوو فوندا ئەسەر لە بەری بکات. فوندایش لەسەر کورسییەک لەولاوە دانیشتبوو، خەریکی کەوچک لێدان بوو لە قاپێک -(کا) لە خۆی پرسی داخۆ ئەمە شەربەتە یان شۆربا؟-. قاپەکەی لە تەنیشت کەرەسە و تفاقی ماکیاجەوە لەسەر مێزێکی بە کاغەز داپۆشراو دانابوو. هەمان کات شتێکی دەخوێندەوە. سونای بەدەم زیاتر گوشینی قۆڵی (کا)وە گوتی: "ئێمە لە پێناوی هونەری هاوچەرخدا لێرەین... وەک گۆشت و نینۆک پێکەوە لکاوین."

(کا) نەیتوانی لە مەبەستی سونای تێ بگات و بۆی ڕوون نەبووەوە داخۆ ئەمە شانۆیە، یان ڕاستی.

فوندا ئەسەر گوتی: "ڤورالّی گۆڵچی ونە. سەرلەبەیانی دەرچووەتە دەرەوە و نەگەڕاوەتەوە."

سونای گوتی: "بزانە خۆی خزاندووەتە چ پەسارێکەوە."

ژنەکەی لە وەڵامدا گوتی: "لە کوێ خۆی دەشارێتەوە؟ هەموو جێیەک داخراوە. کەس ناڕواتە دەرەوە. سەربازەکان دەستیان کردووە بە گەڕان بە دوایدا. ترسی ئەوەیان هەیە فڕێندرابێت."

سونای گوتی: "خوا بکات فڕێندرابێت. ئەگەر پێستی بگروون و زمانی لە بندا ببڕن، ئەوا منیش ڕزگارم دەبێت لە دەستی."

سەرباری زبریی دیمەنەکە و ڕەقی وشەکان، (کا) گاڵتە و گەپێکی ڕۆحسووک و هارمۆنییەکی هێندە پتەوی نێوان ڕۆحی ئەو جووتەی بینی، بەجۆرێک لە ناخەوە و بە ئیرەیی پێبردنەوە لە بەرامبەریاندا هەستی بەڕێز کرد. هەر لەو ساتەدا نیگای کەوتە سەر نیگای فوندا ئەسەر، خۆی چەماندەوە و سڵاوی لە ژنەکە کرد.

(کا) بە دەنگێکی دروستکراوەوە، بەڵام لە ناخەوە هەڵقوڵاو گوتی: "خاتوونی خاتوونان، دوێنێ بێ وێنە بوون لەسەر شانۆ."

ژنەکە بە سووکە شەرمێکەوە گوتی: "زیاد لە پێویست ستایش دەکەیت

گیانەکەم. لە شانۆی ئێمەدا ماریفەت بەلای ئەکتەرەوە نییە، بەلای بینەرەوەیە."

ڕووی لە پیاوەکەی کردەوە. ژن و پیاوەکە وەک ئەوەی پادشا و شاژن بن و خەمی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتێکیان لەبەر بێت، بەپەلە قسەیان دەکرد. (کا) نیوە شەیدا و نیوە سەرسام سەیریانی دەکرد، ئەوانیش بە پێش چاوی ئەمەوە گفتوگۆیەکی خێرایان کرد و بڕیاریان لەسەر ئەرکەکان دا: سونای پاش کەمێکی تر دەچێتە سەر تەلەڤزیۆن، چی بپۆشێت (جلوبەرگی سڤیل، سەربازی، یاخۆ کوستووم؟)؛ ئامادەکردنی دەقی وتار (بەشێکی لەلایەن فوندا ئەسەرەوە نووسرابوو)؛ داوایەکی خاوەن هۆتێلی شەنگ قارس سەبارەت بە پارێزگاری لێکردنی هەواڵدانی لە دوو مێوان لەوانەی پێش لە ڕووداوەکان لای ئەو ماوبوونەوە (بەهۆی ئەوەی سەربازەکان لێکدالێکدا خۆیان کردبوو بە هۆتێلەکەیدا و بە پشکنین بێزاریان کردبوو، خۆی زمانی لە دوو مێوانی لاوی گومان لێکراو دابوو)؛ بەرنامەی دوانیوەڕۆی (تەلەڤزیۆنی سەرحەد قارس) لەسەر کاغەزی پاکەتە جگەرەیەک نووسرابووەوە: (وەشاندنی ئاهەنگی شانۆی گەل بۆ جاری چوارەم و پێنجەم، سێ جار بڵاوکردنەوەی وتاری سونای، پێشکێشکردنی فیلمی گەشتیاری بۆ خستنەڕووی قارەمانی و موزیکی سەرحەد و جوانکارییەکانی، فیلمی خۆماڵی: گوڵعوزار.)

سونای پرسی: "ئەدی چی لەم شاعیرەمان بکەین کە هۆشی لە ئەوروپایە، دڵی لای میلیتانەکانی پێشنوێژ و وتارخوێنانە و سەریشی جەنجاڵە؟"

فوندا ئەسەر بەدەم خەندەیەکی شیرینەوە گوتی: "بە ڕوویدا دیارە کوڕێکی باشە، یارمەتیمان دەدات."

"بەڵام ئەو فرمێسک بۆ ئیسلامییەکان دەڕێژێت."

فوندا ئەسەر لە وەڵامدا گوتی: "شاعیرەکەمان، لەبەر ئەوەی ئەڤیندارە، لەم ڕۆژانەدا هەستی زۆر ناسک بووەتەوە."

سونای زایم بە ئاماژەیەکی زیاد پێوەنراوی دەستەوە گوتی: "ئاوها،

شـاعیـرەکەمـان ئەڤـیندارە؟ تەنیـا شـاعیـرە سـادە و سـاویلکەکـان لە کـاتی شۆڕشدا بە ئەڤینەوە سەرقاڵ دەبن."

فوندا ئەسەر گوتی: "بەڵام ئەم شاعیرێکی سادە نییە، عاشقێکی سادەیە."

ژن و پیـاوەکـە کـەمێکی تر بێ هەڵـە درێژەیان بە گـەمـەکـەیان دا و بەوەش (کـا)یان هـەم زویر کـرد و هـەم گـێژ. دواتـر لە دەوری مـێزی گـەورەی کـارگـەی بەرگدروون بەرامبەر بەیەک دانیشتن و چایان خواردەوە.

سـونای گـوتی: "بـۆ ئەوە دەیڵـێم تـا بڕیار بـدەیت، هـاوکـاریکردنت لەگـەڵ ئێمەدا ژیرانەترین کارە. قەدیفە دۆستی شینەیە. کابرا لە پیناوی ئەڤیندا دێت بۆ قارس، نەک بۆ سیاسەت. دەسـتگیرکردنی ئـەم بکوژە دواخرا بۆ ئەوەی ئەو لاوە ئیسـلامییانە دەستنیشان بکرێن کە ئەو پێوەندییان پێوە دەکات. ئێسـتا کـارمـەندانی ئاسـایش پەشـیمـانن، چونکە دوێنی کـەمێک بەر لە هێرشـەکـانی سـەر بـەشـە ناوەخـۆییـیـەکـان، لە چـاوتروکـانـدنێکدا ون بووە. هـەمـوو لاوە ئیسـلامـیـیـەکانی قـارس شـەیدای ئەون و پێوەی پێوەستن. لە شـوێنێکدایە لە قـارس و بێگومـان دیسـانەوە بـە دوای تۆدا دەگـەڕێت. لـەوانەیشـە بۆ تۆ زۆر دژوار بێت بتـوانیت ئاگادارمان بکەیتـەوە: وەک ئەوەی لەگەڵ خوا لێخـۆشبـوو بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردەدا کـرابوو، میکرۆفـۆنێک -تەنانەت دووانیش- لەسـەر جـەسـتـەت دەبەسـتـرێت و شـەپۆلهـاوێژێکی بێتـەلیش دەخـرێتـە پاڵتۆکەتەوە. پێویست ناکات بترسیت. هـەر ئەوەندەی تۆ دوور کەوتیتەوە، ئەو دەستگیر دەکرێت." سونای دەسـتبـەجێ بە ڕووخسـاری (کا)دا بۆی دەرکـەوت بیـرۆکەکەی بە دڵ نییە. دواتر گوتی: "زۆرت لێ ناکـەم، بەڵام بە ڕەفتـارەکـانی ئەمڕۆتدا دیارە خۆت دوورەپەرێز دەگریت. دەزانیت چۆن خۆت بپارێزیت، بەڵام سـەرباری ئەوەش هۆشـیـارت دەکەمـەوە لەگەڵ قـەدیفـەدا وریا بیت و ئاگـات لە خۆت بێت. گومـانی ئەوەی لێ دەکرێت هـەرچییـەکی دەیبیسـتێت، دەیگەیەنێتـە شینە؛ بە گفتوگۆی ئێوارانی نێوان باوکی و مێوانەکانیشیـەوە. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت چێژ لە ناپاکیکردن لە باوکی وەردەگرێت، یان بەهـۆی ئەوەی ئەڤین بە شـینـەوەی گـرێ داوە. تۆ چ شـتـێک لەو کـەسـەدا شک دەبەیت بەو ڕادەیە

شایەنی ئەڤینداربوون بێت؟"

(کا) پرسی: "لە قەدیفەدا؟"

سوناکی بە ڕقەوە گوتی: "بێگومان لە شینەدا، بۆچی هەمووان کەسێک شەیدای ئەو پیاوکوژە دەبن؟ بۆچی لە سەرانسەری ئەنادۆڵدا ناوێکی ئەفسانەییی هەیە؟ بەو پێیەی تۆ لەگەڵیدا دواویت، ئایا دەتوانیت ئەمەم بۆ ڕوون بکەیتەوە؟"

فوندا ئەسەر شانەیەکی باغەی دەرهێنا و بە دلۆڤانی و بایەخەوە کەوتە شانەکردنی پرچی سیسەوەبووی پیاوەکەی. سەرنجی (کا) بەتەواوی پەرش و بڵاو بووەوە و نقەی لێوە نەهات.

سونای گوتی: "لە تەلەڤزیۆندا گوێ لە وتارەکەم بگرە. ئێستاش وا دەکەم بە ئۆتۆمبیل بتگەیەننەوە هۆتێل."

هێشتا چل و پێنج خوولەکی مابوو بۆ هەڵگرتنی قەدەخەی هاتوچۆکردن. (کا) داوای کرد ڕێی پێ بدەن بە پێ بۆ هۆتێل بگەڕێتەوە. ڕێیان پێ دا.

چۆڵیی شەقامی بەرفراوانی ئەتاتورک، بێدەنگیی کوچە بە بەفر داپۆشراوەکانی ئەمبەر و ئەوبەری، جوانیی خانووە ڕووسییە کۆنەکان و ڕیزە دار زەیتوونی ڕووسی ئاهێکیان بەبەردا هێنایەوە. لەو ساتەدا هەستی کرد کەسێک بە دوایەوەیەتی. چووە سەر شەقامی خالید پاشا، لە شەقامی کوچووک کازم پاشا بەلای چەپدا بای دایەوە. هەواڵدزەکەی پشتەوەی بەهەڵەداوان تێ دەکۆشا خۆی پێ بگەیەنێت. ئەو سەگە ڕەشە کەیفسازەی پەڵەیەکی سپی بە ناوچەوانییەوە بوو، و دوێنێ بە وێستگەدا ڕای دەکرد، کەوتبووە دوای. (کا) خۆی کرد بە دووکانی یەکێک لە جاوفرۆشەکانی شەقامی یوسف پاشادا و چاودێریی ئەوانی کرد، هەواڵدزەکەی پشتەوەی، لەپڕ کەوتە پێشی.

"بۆ زانیاری بەدەستهێنان دوام کەوتوون، یاخۆ بۆ پاراستنم؟"

"بەخوا ئەفەندی بەگ چۆنی تێ دەگەن، با وا بێت."

بەڵام کابرا هێندە پەڕپووت و ماندوو دەینواند، نەک (کا)، بگرە خۆیشی پێ نەدەپارێزرا. بەلانی کەمەوە تەمەنی شەست و پێنج ساڵێک دەبوو، دەموچاوێکی چرچ و دەنگێکی زیقی پێوە بوو، ڕووناکی چاوەکانی کوژابوونەوە، وەک پۆلیسێکی سڤیل بۆ (کا)ی نەدەڕوانی، بگرە لە کەسێک دەچوو ترسی لە پۆلیس هەبێت. پێلاوی پێی مارکەی سۆمەر-بانک بوو لەوانەی پۆلیسی سڤیل لە پێیان دەکرد. (کا) سەرنجی پێشەوەیان هەڵتەقیوە. بەزەیی بە کابرادا هاتەوە.

"ئێوە پۆلیسن، ئەگەر ناسنامەتان پێیە، دەچینە مەیخانەی نیشتمانی سەوز و کەمێک دادەنیشین."

بێ ئەوەی پێویست بکات زیاد لە دەرگا بدەن، دەرگای مەیخانە کرایەوە. بۆی دەرکەوت کابرای هەواڵدز ناوی سافەتە، پێکەوە دەستیان کرد بە ئارەق خواردنەوە، سەگە ڕەشەکەشیان لە خواردنی بۆرەک بێ بەش نەکرد، لە تەلەڤزیۆنیشدا گوێیان لە وتارەکەی سونای گرت و (کا)بۆی دەکەوت هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ وتاری ئەو سەرۆکانەی لە دوای هەر کودەتایەکی سەربازی دەیاندا و ئەم پێشتر دیبوونی. سونای کاتێک گەیشتە ئەوەی بڵێت هاندانی کوردە نەوەتەوەپەرستەکان لەلایەن دوژمنانی دەرەکیمان و هەوڵی بێ پەروای سیاسەتمەدارە ڕەمەکییەکان بۆ بەدەستهێنانی دەنگی ئیسلامییەکان و دەنگدەرانی تر، قارسی گەیاندووەتە لێواری تەقاندنەوە، ئیدی (کا) تەواو بێزار بوو. لەو ساتەدا (کا) پێکی دووەمی هەڵدا، کابرای هەواڵدز بە ڕێزەوە ئاماژەی کرد بۆ سونای لە تەلەڤزیۆندا. تەمی هەواڵدزیی لە ڕووخساری ڕەوییەوە، زیاتر وەک هاولاتییەکی پەشێوحاڵ دەهاتە پێش چاو لەوەدا بێت سکالانامە بخاتە بەردەستی فەرمانبەرێک. گوتی: ئێوە ئەو زاتە دەناسن. لەوەش بترازێت، زۆر ڕێزی بۆتان هەیە. تکایەکم لە بەڕێزتان هەیە گەرەکمە پێی بگەیەنن بۆ ئەوەی لەم ژیانی دۆزەخ ئاسایە ڕزگارم بێت. تکایە با لەم لێکۆڵینەوەی ژەهراویکردنە دوورم بخەنەوە و بمگوازنەوە بۆ شوێنێکی تر."

لەسەر داخوازیی (کا) لە جێی خۆی هەڵسا، دەرگای مەیخانەی سولگی دا،

گـەڕایەوە سـەر مـێـزەکـە و دەسـتی کـرد بە گـێـڕانـەوەی (لێکۆڵینەوەی ژەهراویکردن).

کابرای هەواڵدزی بێچارە بە زۆر لە خۆکردنەوە بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی نەیتوانی مەبەستی خۆی بگەیەنێت و ئارەقیش سەری (کا)ی کاس کردبوو، بابەتەکە هێندەی دی ئاڵۆز خۆی دەنواند. بەسەرهات بەوە دەستی پێ دەکرد کاتێک سوپا و ئاسایش گومانیان کردبوو جۆرە شەربەتێکی دارچینی کە لە دووکانێکی بابۆڵە-جگەرە فرۆشدا بەناوی بۆفیەی هاوچەرخ دەفرۆشرا و بە زۆری سەربازەکان ڕوویان تێ دەکرد، ژەهراوی کرابێت. یەکەم ڕووداو لە سەربازێکی پیادەی ئەستەنبوڵی قەومابوو. ئەم سەربازە، دوو ساڵ لەمەوبەر و پێش مانۆڕێکی سەربازیی زۆر سەخت بێت، تووشی لەرز و تا دێت و ناتوانێت خۆی لەسەر پێ ڕابگیرێت. پاش ئەوەی بۆ نەخۆشخانە دەگوازرێتەوە، بۆی دەردەکەوێت ژەهراوی بووە و پێی وادەبێت لە مردن نێزیک بووەتەوە، تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی شەربەتێک لە دووکانێکی سەر گۆشەی شەقامی کوچووک کازم پاشا و شەقامی قەرەبەکر بە لەزەتەوە خواردووبوویەوە و پێی وا بووە شتێکی نوێیە. سەرەتا، ژەهراویبوونەکە بە ڕووداوێکی سادە دادەنرێت و بایەخێکی ئەوتۆی پێ نادرێت، بەڵام دواتر، پاش ئەوەی دوو سەربازی تر لە دوو کاتی جیاوازدا بە زەویدا دەکوتێت و لە نەخۆشخانە دەردەکەوێت ئەوانیش ژەهراوی بوون، جارێکی تر باسی ڕووداوەکە دێتەوە گۆڕێ. هەردوو سەربازەکە دەکەونە لەرزین و لەبەر خراپبوونی ڕەوشی تەندروستییان، ناتوانن خۆیان لەسەر پێ ڕابگرن. ئەوانیش لە داخاندا تۆمەت دەخەنە پاڵ شەربەتی دارچینیی گەرمی هەمان دووکان. ئەم شەربەتە گەرمە داهێندراوی ژنە کوردێکی دانیشتووی گەڕەکی ئەتاتورک بوو، لە دووکان نا، لە ماڵی خۆیدا دەیگرتەوە. پاش ئەوەی هەموو لایەک ڕایان لەسەر بووە، لە دووکانی بەردەستی برازاکانی دەست کرابوو بە فرۆشتنی. ئەم زانیارییانە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکدا بەدەست هاتبوو فەرماندەییی سوپا هاوکات لەگەڵ ڕووداوەکاندا ئەنجامی دابوو. نموونەی

شـــەربەتی ژنـەکـە بەدزییـەوە وەرگـیـرابوو، لە تـاقـیـگەی کـۆلێـجی پزیشـکی ڤێتەرنەری تـاقی کرابووەوە و ژەهری تێدا نەدۆزرابووەوە. لەوەدا دەبێت پەردە بەسـەر ڕووداوەکەدا بدرێت، جـەنەراڵێک بابـەتەکە لەکن چنی خـۆی دەکاتەوە، بەڵام بە زراوی تـۆقـیـوەوە گـوێ بۆ ژنـەکـەی ڕادەگـرێت چۆن پێی دەڵێت وای زانـیـــوە ئەو شـــەربەتە بـۆ باداری بـاشـــە و هـەمـــوو ڕۆژێک لێـــوانێکی لـێ خـواردووەتەوە. ژمـارەیەکی زۆر لە ژنانـی سـەربازەکـان، بەڵێ، لـە ڕاسـتـیـدا زۆربەی سـەربازەکانیش، بەبیانووی ئەوەی ئەم شـەربەتە بۆ تەندروستی باشـە و لەبەر بێ تاقەتی و بۆ کات بەسەربردن، بەردەوام خواردوویانەتەوە.

دوای لێکۆڵینەوەیەکی کورت ئاشکرا دەبێت سەربازەکان و خێزانـەکانیـان، ئەو سـەربازانەی بۆ بـەسـەربـردنی پشـوو ڕوو لە بازاڕ دەکـەن و کەسـوکـاری سـەربازەکـانیش و ئەوانەی بۆ بـەسـەرکـردنەوەی کوڕەکـانیـان دێن، لێکدالێکدا لەم شەربەتە دەخۆنەوە، چونکە بە تاکە داهێندراوی شار دادەنرێت و لە چەقی بازاڕدا دەفـرۆشـرێت. جـەنەراڵەکـە لەگـەڵ بـەدەسـتـهـێنانی زانیـارییـە سـەرەتاییـەکاندا ترس دای دەگرێت و لە ترسی ئەوەی نـەبادا شتێکی خـراپ بقـــەومـــێت، دۆســـیـــەکـــە ڕادەســـتی دەزگـــای هـەواڵگری و پشـکێنەرانـی سـەرکـردایەتـیی ئەرکـانی سـوپا دەکات. سـوپا لەو ڕۆژگـارەدا، لە باشـووری ڕۆژهـەڵات لە بەرامبـەر گەریلاکـانی پەکەکە کەوتبووە شـەڕێکی دەستـەویەخە و هـاوشـان لەگەڵ سـەرکەوتنەکانی سـوپادا، خـەیاڵی تۆڵەسـەندنەوەی ترسـناک و سـەیر و سـەمەرە بەناو لاوە بێکار و بێ هێز و ئومێد لێبڕاوەکانی کورددا بڵاو بووبووەوە و هـەموویان بیریان دەکردەوە پێـوەندی بە ڕیزەکانی گەریلاوە بکەن. بێگومـان هـەواڵدزانی سەر بە دەزگـای هـەواڵگری گۆشـەی چایخـانەکانیـان بەر نەدەدا و لە چـەندین خـــەیاڵی تووڕەی وەک تـەقـاندنەوە، فـڕاندن، ڕووخـــاندنی پەیکـەری ئەتاتـورک، ژەهراویکردنـی ئاوی خـــواردنەوەی شـــار و تەقـانـدنەوەی پردەکـان ئاگادار بوون، بۆیە سـەرلەنوێ گرینگی بە مـەسـەلەکە دەدرێت، بەڵام لەبەر هـەستیاریی بابـەتەکە، بە گونجاو نازانرێت خاوەنی بۆفیـەی هـاوچەرخ و شـارگردەکـانی بگیرێن و ئەشکەنجـە بدرێن. لەبری ئەوە، هـەواڵدزێکی سـەر بە

پارێزگـا دەخـرێندرێتـە ئاشـپـەزخـانـەی ژنە کـوردەکـەوە و ژنەش ئەو دەمـانە بەهۆی فرۆشـی زۆری شـەربەتەکەیەوە لە لوتکەی کامـەرانیدا دەبێت. یەکێکی تریش لـە دووکـانی شـەربـەتەکـەدا دەچێنـدرێت. هەواڵدزی دانـراو لە دووکـان، سەرەتا لە ڕاپۆرتێکدا سەلماندی هیچ تۆزێکی نەناسراو بە شەربەتی دارچینی داهێندراوی ژنەکـەوە، بـە پەرداخـە شـووشـەکـانەوە، بـە پارچە پـەڕۆی ناو مـەنجـەڵە تەنەکـەییـیـەکـانەوە، بە قـوتووی پارە وردەکـانەوە، بە کـەوگـیـرە ژەنگاوییەکان و دەست و پلی کرێکارانەوە بەدی ناکرێت. بەڵام یارۆی هەواڵدز پاش هەفتەیەک بە گومانی هەبوونی هەمان ژەهر لە لەشیدا، دەست بە لەرزین دەکـات و لەبەر ئـەوەی زۆر دەرشـێـتـەوە، ناچار دەبێت دەست لە کـارەکـەی هەڵبگرێت. ئەو هـەواڵدزەی لە مـاڵی ژنەکە لە گەڕەکی ئەتاتورک دانرابوو، زۆر چالاکـانە ئەرکی خـۆی ڕادەپەڕاند. هەمـوو ئێـوارانێک، هاتوچۆی خـەڵک بۆ مـاڵەکە و کڕینی کـەرەسە (گێزەر، سێو، هەڵووژە، تووی وشک، گوڵە هەنار و شـیـلان و گـوڵە هێـرۆ)ی دەکـرد بە ڕاپۆرت و بۆ شـوێنی مـەبەست بەرزی دەکردەوە. ئەم ڕاپۆرتانە لە مـاوەیەکی کورتدا بوون بـە ڕەچەتە بۆ پیاهەڵدانی شەربەتەکە و هـەر لە خۆوە ئیشتیـهای مرۆڤیـان دەکردەوە. هەواڵدزەکە، ڕۆژی پێنج شـەش سـوراحـی لەو شـەربـەتە دەخـواردەوە، لـە ڕاپۆرتەکـانیـدا ڕای دەگەیاند سوودەکانی بۆ دەرکەوتووە، نەک زیانەکانی. دەینووسی شەربەتەکە بە دەردی کەسانی نەخۆش دەخوات، خواردنەوەیەکی ڕاستەقینەی "چیا"یە و لە داستـانی بەناوبانگی کوردیی مـەم و زینـدا ناوی هاتووە. ئەو شـارەزایانەی لە ئەنقەرەوە هـاتبوون، متمانەی خۆیان بەم هەواڵدزە، لـەبەر ئەوەی کورد بوو، لە دەست دابوو. بـەگـوێرەی ئەو زانیـارییـانەی بە شـارەزایان گـوترابوو، شـەربەتەکە، تورکەکانی ژەهراوی دەکرد و کاری لە کوردەکان نەدەکرد، بەڵام ئەم بۆچوونـەیان لای کەس نەدرکـاند، چونکە لەگەڵ سـیاسـەتی دەوڵەتدا کـە جیـاوازی لە نێوان تورک و کورددا ناکات، یەکی نـەدەگرتەوە. بەدوای ئەوەدا دەستـەیەکی پزیشک لـە ئەستـەنبوڵەوە گـەیشتن و لە نەخـۆشـخـانەی مـیللی، خانەیـەکی دابڕاوی تایبەتیـان بە لێکۆڵینەوەکە دامـەزراند، بەڵام بەهۆی ئەوەی

خانەکە پڕ بوو لە هاوڵاتیانی سپ و ساغی قارس، ئەوانەی دەیانویست بە خۆرایی خۆیان بخەنە بەر پشکنین و ئەو کەسانەی نەخۆشیی باوی وەک قژ ڕووتانەوە، دەردە ڕێوی، فدق و ناوک چوونیان هەبوو، ئەنجامی لێکۆڵینەوەی دەستەی پزیشکی نرخ و بەهای خۆی لە دەست دا. بەو جۆرە ئەرکی چارەسەرکردنی ئەم پیلانی شەربەتە کە تا دەهات تەشەنەی دەکرد و ئەگەر ڕاست بوایە، دەبووە هۆی مردنی هەزاران سەرباز، بۆ ئەوەی ورەی جەماوەر نەڕووخێت، سەرلەنوێ خرایە ئەستۆی کارمەندە چالاکەکانی دەزگای هەواڵگری قارس و سافەتیش یەکێک بوو لەوان. ژمارەیەکی زۆر هەواڵدز دەستنیشان کران بۆ چاودێریکردنی ئەو کەسانەی شەربەتی داهێندراوی ژنە کوردە کامەرانەکەیان دەخواردەوە. ئیدی لەوە بەدواوە گرفتەکە ئەوە نەبوو ژەهرەکە چۆن بەناو قارسییەکاندا تەشەنە دەکات، بگرە هەوڵدان بوو بۆ تێگەیشتن لەوەی داخۆ قارسییەکان بە ڕاستی ژەهراوی دەبن، یاخۆ نا؟ بەو شێوەیە هەواڵدزەکان کەوتنە چاودێریکردنی کەسانی سەرباز و سڤیل و گشت ئەوانەی بە لەزەتەوە شەربەتی دارچینی ژنەکەیان دەخواردەوە. تەنانەت جاری وا هەبوو تا ماڵیشەوە دوایان دەکەوتن و چاودێریی شەربەت خواردنەوەیانیان دەکرد. (کا) بەڵێنی دا دەردی ئەم هەواڵدزە بگەیەنێت بە سونای، چونکە لە ئاکامی ئەو ئەرکە پڕ مەسرەف و ماندووکەرەدا پێڵاوەکانی تەقیوە و خۆیشی هێزی لەبەر بڕاوە. سونایش هێشتا لە تەلەڤزیۆندا قسەی دەکرد.

هەواڵدز هێندە بەم بەڵێنە ڕازی بوو، بەجۆرێک لە کاتی ڕۆیشتندا خۆی لارکردەوە و بە منەتبارییەوە (کا)ی ماچ کرد، سولگی دەرگاکەشی بە دەستی خۆی کردەوە.

## ٢٤

## من، (کا)

## گەردیلەی شەشپاڵوویی بەفر

(کا) لەسەر ڕێی گەڕانەوەی بەرەو هۆتێل، چێژی لە سەگە ڕەشەکەی دوای و دڵگیریی شەقامە چۆڵ و بە بەفر داپۆشراوەکان وەردەگرت. لە هۆڵی پێشوازی، تێبینییەکی بۆ ئیپەک نووسی "بەپەلە وەرە" و دای بە جاوید پێی بگەیەنێت. لە ژوورەکەی، خۆی هاویشتە سەر جێگەکەی و بەدەم چاوەڕێکردنەوە بیری لە دایکی کردەوە، بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند، چونکە دوای کەمێک هۆشی چووە سەر ئیپەک کە هێشتا نەگەیشتبووە کنی. ئەو ماوە کورتەی چاوەڕێکردنی ئیپەک هێندە بە ئازار بوو، بەجۆرێک (کا) بە پەشیمانییەوە هەستی کرد حەزکردنی لە ئیپەک و لە بنەڕەتەوە هاتنیشی بۆ قارس کارێکی گەوجانە بووە. ئیدی زۆریشی خایەند و ئیپەکیش هەر نەهات.

دوای تێپەڕبوونی سی و هەشت خوولەک بەسەر گەڕانەوەی (کا)دا بۆ هۆتێل، ئیپەک گەیشتە لای و گوتی: "چووم بۆ لای خەڵووزفرۆش، لە ترسی ئەوەی نەبادا لە دوای هەڵگرتنی قەدەخەی هاتوچۆکردن ڕیزی درێژ ببەسترێت سەعات دوازدە کەم دە خوولەک لە دەرگای حەوشەی پشتەوە دەرچووم. لە دوای دوازدەش کەمێک خۆم بە سەیرکردنی ناو بازاڕەوە خەریک کرد. ئەگەر بمزانیبا لێرەیت، دەستبەجێ دەگەڕامەوە."

(کا) زۆر شادمان بوو بەو ژینداری و گەشانەوەیەی ئیپەک لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، بگرە هێندە کامەران بوو، خەمی ئەوەی بوو ئەم ساتە بەختەوەرەی ژیانی لێ بشێوێت. سەیرێکی قژە درێژ و بریسکەدارەکەی ئیپەک و دەستە

بچووک و لە جووڵە نەکەوتووەکانی کرد. (لە ماوەیەکی کورتدا، دەستی چەپی برد بۆ قژی، لووتی، کەمەری، قەراغ دەرگا، گەردنی درێژ و جوانی، دیسانەوە قـژی و ملوانکەیەکی شین کـە تازە کـردبوویە ملی و یەکـەمـجـار بوو ئەم دەیبینی.)

(کا) گوتی: "خراپ گرفتاری ئەڤینت بووم و ئازار دەچێژم."

"مەترسـە، ئەو ئەڤینەی بەخـێرایی کڵـپە دەسـێنێت، بەهەمـان خێـراییش دادەمرکێتەوە."

(کا) بە شڵەژانەوە باوەشی پێدا کرد و هەوڵی دا ماچی بکات، بەڵام ئیپەک تەواو بە پێچەوانەی شڵەژانی ئەمەوە، زۆر بە ئارامی ماچی کرد. (کا) هەستی کرد ژنەکە بە دەستە بچووکەکانی کڵاوەی شانی ئەمی گرتووە، ماچ و ڕاموسانەکانیش هێندە شیرین بوون، (کا)یان گێژ کرد. ئیپەک جەستەی خۆی لێ نێزیک کردەوە، (کا) لەمەوە حاڵی بوو ژنەکە دەیەوێت ئەم جارە لەگەڵیدا بنوێت. (کا) ئێستا لە سایەی پەڕینەوەی خێرا لە ڕەشبینییەکی قوڵەوە بۆ بەختەوەرییەکی بەجۆش، تا بڵێیت کامەران بوو، چاوەکانی، هۆشی و یادەوەری، بۆ ئەو ساتە و بۆ هەموو جیهان کردبووەوە.

ئیپەک ساتێک نیگای بڕییە پێش خۆی. دەستبەجێ چاوە خوومارەکانی هەڵهێنا، بە بڕیارەوە بڕینیە چاوەکانی (کا) و گوتی: "منیش دەمەوێت لەتەکتدا بنووم، بەڵام وەک پێتم گوت، ناتوانم ئەمە بکەم، لە کاتێکدا باوکم لێرە لەبەر لووتماندا بێت."

"باوکت کەی دەچێتە دەرەوە؟"

ئیپەک گوتی: "هیچ ناچێتە دەرەوە." دەرگای کردەوە، گوتی: "دەبێت بڕۆم." ئەمەی گوت و دوور کەوتەوە.

ئیپەک هەتا لە پلیکانەکانی ئەوسەری ڕێڕەوە نیمچە تاریکەکەوە چووە خوارەوە، (کا) لە دواوە سەیری کرد. دەرگا پێوە دا و لە کەنار جێگەکەی دانیشت. دەفتەرەکەی بەر باخەڵی دەرهێنا، پەڕەیەکی پاکی هەڵدایەوە،

دەستی کرد بە نووسینەوەی شیعرێک و سەردێڕی (بێچارەیی، دژواری)ی بۆی دانا.

پاش ئەوەی لە نووسینەوەی شیعرەکەی بووەوە، لە قەراغی چرپایەکەی مایەوە، لەو ساوەی بۆ قارس هاتووە، بۆ جاری یەکەم بیری لەوە کردەوە لەم شارەدا، لە نەرمکردنی ئیپەک و شیعرنووسین بترازێت، هیچ کارێکی تری نییە: ئەمە، لە سەرێکەوە هەستی بێچارەیی و لە سەرێکی ترەوە هەستی ئازادیی پێ دەبەخشی. ئێستا تێ گەیشتبوو ئەگەر ئیپەکی بۆ لە خشتە ببرێت و لە شاری قارس دوور بکەونەوە، ئەوا تا لە ژیاندا ماوە کامەران دەبێت. سوپاسی بەفرەکەی کرد لە پای ئەوەی بەهۆی بەستنی ڕێگە و بانەکانەوە، کات و شوێنی بۆ ئەم ڕەخساندووە تا بتوانێت ئیپەک قایل بکات.

پاڵتۆکەی لەبەر کرد و بێ ئەوەی کەس چاوی پێوە بێت، لە هۆتێل چووە دەرەوە و ڕووی لە شەقامە بەفراوییەکان کرد. پشتی لە شارەوانی کرد و بەلای چەپدا بەرەو شەقامی ڕزگاری میللی کەوتە ڕێ. چووە دەرمانخانەی زانستی و چەند دانەیەک حەپی ڤیتامین -C- ی کڕی. لە شەقامی فایەق بەگ بەلای چەپدا سووڕایەوە. بەدەم سەیرکردنی جامخانانەی ڕێستۆرانتەکانەوە خۆی کرد بە شەقامی کازم پاشادا. ئاڵاکانی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن کە دوێنێ شەقامەکەیان پڕ کردبوو لە ورشە، داگیرابوون و هەموو دووکانەکان کرابوونەوە. لە دووکانێکی بچووکی پەڕاو-کاسێتفرۆشەوە دەنگی موزیک دەهات. ئاپۆڕەی خەڵک تەنیا بەمەبەستی هاتنە دەرەوە ڕوویان لەو ناوە کردبوو، سەر شۆستەکانیان پڕ کردبوو، بە هەڵلەرزینەوە سەیری یەکدی و جامخانەی دووکانەکانیان دەکرد و ئەمسەر و ئەوسەری شەقامەکانیان دەپێوا. ئەو ئاپۆڕەیەی لە ناوچەکانی دەوروبەرەوە بە سواری مینیبووس بۆ شار دەهاتن و کاتی خۆیان بە دانیشتن لە چایخانەکان و بە سەر و ڕیش تاشینەوە بەسەر دەبرد، ئەمڕۆ نەهاتبوون؛ (کا) بە چۆڵیی چایخانە و سەرتاشخانەکان دڵخۆش بوو. منداڵانی سەر شەقام و ناو کۆڵانەکانیش ترس و دڵەڕاوکەی ئەمیان ڕەواندووە و کۆڵێک دڵخۆشیان کرد. بڕێک منداڵی

چڵمنی بینی لە ڕووبەرە بۆش و بچووکەکان، لە مەیدانە ڕچیوەکان، لە باخچەی فەرمانگاکانی دەوڵەت و لە حەوشەی قوتابخانەکاندا و بەسەر لێواری پردەکانی سەر ڕووباری قارسەوە بەفرە خلیسکێیان دەکرد، شەڕە تۆپەڵیان دەکرد، هەڵدەبەزینەوە، بە یەکدیدا هەڵدەپژان و جنێویان بە یەکتر دەدا. بەدەگمەن تیایاندا هەبوو پاڵتۆی پۆشیبێت، زۆربەیان چاکەتی قوتابخانەیان لەبەردا بوو، ملپێچیان لە مل و کڵاویان لەسەر کردبوو. (کا) بەدەم سەیرکردنی ئەو ئاپۆڕە دڵخۆشەوە کە بەهۆی داخستنی قوتابخانەکانەوە بە دڵخۆشی پێشوازییان لە کودەتا سەربازییەکە کردبوو، بەتەواوی سەرما کاری تێ کرد. خۆی گەیاندە نێزیکترین چایخانە، لەسەر کورسییەک لە بەرامبەر سافەتی هەواڵدز دانیشت. چایەکی خواردەوە و دیسانەوە چووەوە دەرێ.

لەبەر ئەوەی بە سافەتی هەواڵدز ڕاهاتبوو، سڵی لێ نەدەکردەوە. دەیزانی ئەگەر بەنیاز بن چاودێریی بکەن، ئەوا دەتوانن هەواڵدزێک بخەنە دوای و ئەم نەتوانێت بیبینێت. بەڵام ئەوەش هەبوو هەواڵدزی بیندراو بەکەڵکی شاردنەوەی هەواڵدزی نەبیندراو دەهات، بۆیە کاتێک (کا) سافەتی هەواڵدزی لێ ون بوو، شپرزەیی دای گرت و کەوتە گەڕان بە دوایدا. سافەتی لە گۆشەی شەقامی فایەق بەگ، لەو شوێنەی دوێنێ شەو تووشی تانکەکە بووبوو، دیتەوە. سافەت کیسەیەکی نایلۆنی بەدەستەوە بوو، لە گەڕانیش بە دوای (کا)دا هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو. هەواڵدز گوتی: "پرتەقاڵ زۆر هەرزان بوو، خۆم پێ ڕانەگیرا."

سوپاسی (کا)ی کرد لە پای ئەوەی چاوەڕێی کردووە، هەڵنەهاتووە و خۆی لە چاو ون نەکردووە، بەم کارەشی "نیازپاکی"ی خۆی سەلماندووە. "ئەگەر لەمەودوا پێم بڵێن ڕوو لە کوێ دەکەن، ئەوا هیچ کاممان خۆمان بە خۆڕایی ماندوو ناکەین."

(کا) بۆ خۆی نەیدەزانی ڕوو لە کوێ دەکات. تاوێک دواتر، چووە چایخانەیەکی چۆڵ و جام ڕچیو، بەخەیاڵیدا هات دوو پێک ئارەق بخواتەوە و

دوایی سەرێک لە شێخ سەعادەدین ئەفەندی بدات. مەحاڵ بوو بتوانێت لەو ساتەدا جارێکی تر ئیپەک ببینێتەوە، ڕۆحیشی لە نێوان بیرکردنەوە لە ئیپەک و ترسی ئەشکەنجەدا دەهات و دەچوو. دەیویست لای شێخ ئەفەندی خۆشەویستیی هەناوی خۆی بۆ خوا بەیان بکات و بە ڕێزەوە دەربارەی واتای خوا و جیهان قسە بکات، بەڵام بیری کەوتەوە کارمەندانی ئاسایش تەکیەکەیان میکرۆفۆنرێژ کردووە و بە پێکەنینەوە گوێ بۆ قسەکانی ڕادەگرن.

سەربارى ئەوەش، کاتی تێپەڕبوونی بە پێش ماڵی خاکیی شێخدا لە شەقامی بایتارخانە، ئێستێکی کرد و سەیرێکی پەنجەرەکانی کرد.

دواتر دەرگای کتێبخانەی گشتیی قارسی بە کراوەیی بینی، چووە ژوورەوە و بە پلیکانە قوڕاوییەکاندا سەرکەوتە سەرەوە. هەر حەوت ڕۆژنامە ناوەخۆییەکانی قارس، دانە بەدانە بە تابلۆی ئاگادارییەکانی سەر نەردەوانەکەوە هەڵواسرابوون. لەبەر ئەوەی ئەوانیش وەک ڕۆژنامەی شاری سەرحەد دوێنێ دوای نیوەڕۆ بە چاپ گەیەندرابوون، لەبری هەرا و شۆڕشەکە، هەموویان باسیان لە سەرکەوتنی ئاهەنگی دوێنێ ئێوارەی شانۆی گەل کردبوو. سەرباری داخستنی قوتابخانەکانیش، لە هۆڵی خوێندنەوەدا پێنج شەش قوتابی و چەند فەرمانبەرێکی خانەنشینی لە تاو سەرما لە ماڵ هەڵهاتووی بینی. لە گۆشەیەک لە ناو چەند فەرهەنگێکدا لەوانەی بەهۆی زۆر خوێندنەوە و هەڵدانەوەی پەڕەکانیانەوە هەلاهەلا بووبوون، یان ئەنسکلۆپیدیای وێنەداری منداڵاندا، ئەوانیش لە دڕان بێ بەش نەبوون، زنجیرە کتێبی ئەنسکلۆپیدیای (ژیانی کۆن)ی دۆزییەوە. ئەم لە سەردەمی منداڵیی خۆیدا زۆر حەزی لەو کتێبە دەکرد. لە بەرگی دواوەی هەر دانەیەک لەو کتێبانەدا تابلۆیەکی هێڵکاریی ڕەنگاوڕەنگ هەبوو لەگەڵ هەڵدانەوەی پەڕەکانی بە دیوی ناوەوەدا، بەشەکانی ئۆتۆمبیلێک، پیاوێک، یان کەشتییەکی پێشان دەدا. (کا) بە غەریزە لە بەرگی دواوەی کتێبی چوارەمدا بەدوای ساوایەکدا گەڕا وەک هێلکە لە سکی خڕی دایکیدا خۆی گرمۆڵە کردووە، بەڵام وێنەکان لە کتێبەکە کرابوونەوە، تەنیا شوێنەواری پەڕە

درێندراوەکـانی بەسـەر کتـێبـەکەوە بینـی. لە هـەمـان بەرگـدا (IS-MA) و لە پەڕەی ٣٢٤ دا ئەم مادەیەی بەوردی خوێندەوە:

بەفر: شـێـوەی بەسـتـووی ئاوە کـاتێک لە هەوادا دەکەوێتـە خـوارەوە، دەگـەڕێت، یان بەرز دەبێـتـەوە. بەگـشـتـی لە شـێـوەی کـریسـتـاڵێکی ئەسـتـێـرەییی جـواندایە و لـە شـەش گـۆشـە پێک دێت. هـەر دانە کریسـتاڵێک پێکهاتەیەکی شەشگۆشـەییی تایبەت بە خـۆی هەیە. هەر لە چاخـە کۆنەکانەوە نهێنییەکانی بەفر مـایەی بایەخ پێدانی مـرۆڤ بووە و خـەیاڵی ئـادەمـیزادی بەلای خـۆیدا ڕاکێشـاوە. قـەشـە ئۆلاوس ماگنوسی سـوێدی، بۆ یەکەمـجار لە ساڵی ١٥٥٥دا لە شـاری ئوپسالا سەلماندی هـەر کریستاڵێکی بەفر پێکهاتەیەکی شەشپاڵوویی تایبەت بە خۆی هـەیە، وەک لە وێنەکەدا دیارە...

من لێرەدا ناتوانم بڵێم (کا) لە قـارس چەند جار ئەو مـادەیەی خوێندووەتەوە و لەو ماوەیەدا تا چ ڕادەیەک وێنەی ئەو کریستاڵە بەفرەی لە بیرەوەری خۆیدا هەڵگرتووە. دوای تێپەڕبوونـی چەندین ساڵ چوومە ماڵەکەیان لە نیشانتاشی. ڕۆژێک لەگەڵ باوکی چاو بە فرمێسـک و بەردەوام بێ ئۆقرە و بەگومانیدا، بە دوور و درێژی باسـی (کـا)مـان کـرد. پاشـان داوای مـۆڵەتم لێ کـرد چاوێک بە کـتـێـبـخـانـەی مـاڵەوەیاندا بـگێـڕم. هۆشـم لای کـتـێـبـخـانەی باوکی بوو لە گـۆشـەیـەکی تاریکی ژووری دانیـشـتندا، نەک لەکن کتـێـبـخـانەی سـەردەمی منداڵی و تافی لاویی (کـا) لە ژووری خۆیدا. لەوێدا، لە نێوان کۆمەڵێک کتێبی یاسـایی بەرگ تێگیـراوی شـیکدا، چەندین کـتـێـبی ڕۆمـانـی خـۆمـاڵی و وەرگێـڕدراوی ساڵانی ١٩٤٠ و بڕێک دەفتـەری ناوونیشان و تەلەفۆندا، هەمان زنجیـرە کتـێبی (ئەنسکلۆپیـدیای ژیان)م بینی. لە بەرگـی کتـێبی چوارەمدا چاوێکم گێڕا بە هێڵکاریی ژنە دووگیانەکەدا. خـوا و ڕاسان کتێبی چوارەمم کـردەوە و لە خـۆوە پـەڕەی ٣٢٤ لە بەردەممدا کـرایەوە. لەوێدا، لە تەنیـشت هەمـان مـادەی بەفـرەکەوە، کـاغـەزێکی وشک هەڵهـاتووی سی سـاڵ لەوەوبەرم بینی.

(کا) بەدەم سەیرکردنی ئەنسکلۆپیدیاکەوە، وەک قوتابییەک خوازیار بێت ئەرکی ماڵەوە جێبەجێ بکات، دەفتەری لە باخەڵی دەرهێنا، دەستی کرد بە نووسینەوەی دەیەمین شیعر لە زنجیرەی ئەو شیعرانەی لە قارس بۆی هاتبوو. لە دانە بەدانەی کلووە بەفرەکانەوە و لە شێوەی کۆرپەی ناو سکی دایکەکەوە، ئەگەرچی وێنەکەشی لە (ئەنسکلۆپیدیای ژیان)دا دەرهێندرابوو، ڕێچکەی بەست و شوێنی خۆی و ژیانی لەم جیهانەدا، ترس و نیگەرانیی، تایبەتمەندی و بێ هاوتاییی خۆی لەم شیعرەدا داڕشت و سەردێڕی "من، (کا)ی بۆی دانا."

هێشتا لە نووسینەوەی شیعرەکەی نەبووبووەوە هەستی کرد کەسێک لەو بەری مێزەکەوە لە بەرامبەری دانیشتووە. سەری لەسەر دەفتەرەکەی هەڵبڕی و سەری سووڕما: خۆ ئەوە نەجیبە. لە ناخی خۆیدا هەستی بە سەرسووڕمان نەکرد، بگرە هەستی بە تاوان کرد لە پای ئەوەی ئەم بڕوای بە مردنی کەسێک کردووە و ئەویش وا بە ئاسانی نامرێت.

گوتی: "نەجیب." خۆی لار کردەوە و ویستی ماچی بکات.

لاوەکە گوتی: "من فازیلم، ئێوەم لە ڕێگە بینی و کەوتمە دواتان." سەیرێکی ئەو مێزەی کرد کە سافەتی هەواڵدز لەسەری دانیشتبوو، گوتی: "خێرا پێم بڵێن: ڕاستە نەجیب کوژراوە؟"

"ڕاستە، بە چاوی خۆم بینیم."

"ئەی کەوایە بۆچی بە نەجیب ناوی منتان هێنا؟ کەواتە دڵنیا نین لە مردنی."

"دڵنیا نیم."

ڕووخساری فازیل لەپڕ ڕەش داگەڕا، پاشان بە زۆر خۆی پێ ڕاگیرا.

"داوام لێ دەکات تۆڵەی بسێنمەوە. لەمەوە تێ دەگەم کوژراوە. بەڵام دەمەوێت کاتێک قوتابخانە کرایەوە، وەک جاران دەست بکەمەوە بە خوێندنی خۆم، نامەوێت خۆم لە سیاسەت و تۆڵەسەندنەوە بئاڵێنم."

"تۆڵەسەندنەوە شتێکی ترسناکە."

فازیل گوتی: "بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بەڕاستی داوام لێ بکات، تۆڵەی بۆ دەکەمەوە. باسی ئێوەی بۆم کردبوو. ئەو نامانەی ئەو بۆ هیجران، یان بۆ قەدیفەی نووسیبوو، داتانە دەستی؟"

(کا) گوتی: "گەیاندم." بە نیگاکانی فازیل ئارامی لەبەر هەڵگیرا. لە خەیاڵی خۆیدا گوتی: "گەلۆ ڕستەکە ڕاست بکەمەوە و بڵێم بەتەما بووم بیدەمە دەستی؟" وەلێ ئیدی وەدرەنگ کەوتبوو. بەسەر ئەوەشدا، هەستی درۆکردن هەناوی داپۆشیبوو. بەو ئازارەی بەسەر ڕووی فازیلەوە بەدەرکەوت، ئارامی لێ بڕا.

فازیل دەموچاوی خستە نێوان هەردوو لەپی دەستییەوە و کەمێک گریا، بەڵام ئەوەندە تووڕە بوو، فرمێسک بە چاویدا نەهاتە خوارەوە. سەیری کرد (کا) چرپەی لە خۆی بڕیوە، چاوی بڕییە چاوەکانی و گوتی: "ئەگەر نەجیب کوژرابێت، من لە کێ تۆڵەی بۆ بسێنمەوە؟ ئێوە دەیزانن."

(کا) گوتی: "هەندێک جار ئێوە لە هەمان کاتدا بیرتان لە هەمان شت کردووەتەوە، ئێستا کاتێک تۆ بیر دەکەیتەوە، واتای وایە ئەو لە ژیاندایە."

فازیل گوتی: "ئەو شتەی ئەو دەیەوێت بیری لێ بکەمەوە، هەناومی پڕ کردووە لە ئازار." (کا) بۆ یەکەمجار تیشکی چاوەکانی نەجیبی لە چاوی ئەمدا بینی. هەستی کرد لە بەردەم تارماییی نەجیبدا دانیشتووە.

"ئەو شتە چییە ناچارتان دەکات بیر بکەنەوە؟"

فازیل گوتی: "تۆڵەکردنەوە." دوای کەمێک دەستی کرد بەگریان.

(کا) دەستبەجێ درکی بەوە کرد فازیل لە ڕاستیدا بیر لە تۆڵەکردنەوە ناکاتەوە. دوای ئەوەی سافەتی هەواڵدز بە سەرنجەوە سەیری مێزەکەی ئەمانی کرد و خۆی گەیاندە لایان، فازیل ئەو نیازەی خۆی بە (کا) گوت.

سافەت بە نیگایەکی تیژەوە لە فازیلی ڕوانی و گوتی: "ناسنامەکەتانم بدەنێ."

"ناسنامەی قوتابخانەم لەسەر مێزی کتێب وەرگرتنە."

(کا) بینی فازیل دەستبەجێ پەی پێ بەوە بردووە لە بەرامبەر پۆلیسێکی سڤیلدا ڕاوەستاوە و هەوڵ دەدات ترسی خۆی بشارێتەوە. پێکڕا ڕوویان لە مێزی کتێب وەرگرتن کرد. یارۆی هەواڵدز ناسنامەکەی لە دەستی ژنە تۆقیوەکەی فەرمانبەری کتێبخانە دەرهێنا، کاتێک سەیری کرد و بۆی دەرکەوت فازیل قوتابیی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنانە، بە نیگای تاوانبارکردنەوە سەیرێکی (کا)ی کرد و گوتی: "ئێمە خۆمان بەمەمان دەزانی." پاشان وەک چۆن منداڵێک دەست بە تۆپەکەی خۆیەوە دەگرێت، ئاوا ناسنامەکەی نایە گیرفانی و گوتی: "دێیتە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش و ناسنامەی قوتابخانەی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنانت وەردەگریتەوە."

(کا) گوتی: "کارمەند بەگ، ئەو منداڵە هەڕی لە برِی ناکاتەوە. هەر ئێستاش زانی خۆشەویستترین هاوڕێی کوژراوە، ناسنامەکەی بدەنەوە."

بەڵام سافەت، سەرباری ئەوەی دانی نیوەڕۆ تکای شتێکیشی لە (کا) کردبوو، هیچ نەرمی نەنواند.

(کا) لەبەر ئەوەی باوەڕی وا بوو لە چەپە گۆشەیەکدا ناسنامەکەی نەجیب لە سافەت وەردەگرێتەوە، لەگەڵ فازیلدا بڕیاریان دا سەعات شەش لای پردە ئاسنینەکە یەک ببینن. فازیل دەستبەجێ لە کتێبخانە چووە دەرێ. نائارامی باڵی بەسەر هەموو هۆڵی خوێندنەوەکەدا کێشابوو، هەموو وایان دەزانی داوای ناسنامەیان لێ دەکرێت. بەڵام سافەت خەڵکی ئەوێ نەبوو، کەسەکانی نەدەناسی، گەڕابووەوە سەر مێزی خۆی، بەرگەکانی گۆڤاری (ژیان)ی سەرەتای ساڵانی ١٩٦٠ی هەڵ دەدایەوە، چاوی بە وێنەکانی سوورەیای شازادەی تەڵاقدراو و خەمگینی ئێراندا دەگێڕا و تەماشای دوایین وێنەکانی پێش لە سێدارەدانی سەرۆک وەزیران عەدنان مەندەرەسی دەکرد.

کاتێک (کا) تێ گەیشت ناتوانێت ناسنامەکە لە هەواڵدز وەربگرێتەوە، ئەویش لە کتێبخانە چووە دەرێ. بە بینینی دڵگیریی شەقامە بەفراوییەکان و

برێک منداڵی شاگەشکە کە بەخرۆشەوە شەڕە تۆپەڵیان دەکرد، هەموو ترس و نیگەرانیی خۆی لە بیر کرد. لە ناخەوە حەزی دەکرد ڕابکات. لە مەیدانی حکوومەت، ئاپۆڕەیەکی پیاوی بینی تیوورەکەی قوماش و پاکەتی لە ڕۆژنامەوە پێچراو و بە بەن گرێدراویان بە دەستەوە بوو، لە ڕیزێکدا ڕاوەستابوون و هەڵدەلەرزین. ئەمانە پیاوانی بەپارێزی قارس بوون و ڕاگەیاندنی باری نائاسایییان بەهەند وەرگرتبوو، هاتبوون وەک مەڕ چەکەکانی ماڵەوەیان ڕادەستی دەوڵەت بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی دەوڵەت هیچ متمانەی پێیان نەبوو، مۆڵەتی بە کەسانی ئەوسەری ڕیزەکە نەدەدا بچنە بارەگای پارێزگاوە، بۆیە ئەمانیش هەموویان لەبەر سەرما هەڵدەلەرزین. زۆربەی دانیشتووانی شار، دوای بیستنی ئەو ئاگادارییە، لە نیوەی شەودا بەفریان هەڵدابووەوە و چەکەکانیان لە شوێنی وەهادا خستبووە ژێر خاکەوە هیچ کەسێک ئەقڵی بۆ نەدەچوو.

(کا)، لە کاتی تێپەڕبوونی بە شەقامی فایەق بەگدا تووشی بوو بە تووشی قەدیفەوە و ڕەنگ و ڕووخساری سوور هەڵگەڕا. پێش کەمێک بیری لە ئیپەک دەکردەوە، قەدیفەی وەک شتێکی لە ڕادەبەدەر جوان و نێزیک لە ئیپەک هاتە پێش چاو. ئەگەر خۆی پێ ڕانەگیرابایە، پەلاماری کچەی لەچکداری دەدا و ماچبارانی دەکرد.

قەدیفە گوتی: "پێویستە زۆر بەپەلە قسەتان لەگەڵدا بکەم، بەڵام کەسێک لە دواتانەوەیە، بە پێش چاوی ئەوەوە نابێت. ئایا دەتوانن سەعات دوو لە هۆتێل بێن بۆ ژووری ژمارە ٢١٧؟ دوایین ژووری ڕێڕەوی نهۆمی دووەمە و ژووری ئێوەش لەسەرە."

"باشە دەتوانین لەوێ بە ئاسوودەیی بدوێین؟"

"هیچ کەسێک –قەدیفە چاوەکانی داچەقاند– بە ئیپەکیش ناڵێیت باسی چیمان کردووە. با کەس پێ نەزانێت."

لەبەر ئەوەی ئاپۆڕەکە چاودێرییان دەکرد، بە جووڵەیەکی زۆر فەرمی دەستی (کا)ی گووشی.

"ئێستا به تیلەی چاو بڕوانن و بزانن هەواڵدزێکم بە دواوەیە یان دووان، دوایی پێم بڵێن."

(کا) بە لالێوی نەرمە خەندەیەکی بۆی کرد و بە سەر "بەڵێ"یەکی ئەوتۆی بۆی کرد، بەجۆرێک خۆیشی سەری لەم خوێندساردییەی خۆی سووڕما. ئەمە لە کاتێکدا بیرۆکەی دیمانە لەگەڵ قەدیفە بەتەنیا لە ژوورێکدا، هۆشی لە سەری فڕاندبوو.

دەستبەجێ بەخەیاڵیدا هات پێش چاوپێکەوتنی قەدیفە، نابێت لە هۆتێل ئیپەک ببینێت، تەنانەت ئەگەر بە ڕێککەوتیش بووە. بۆ ئەوەی تا وادەی ژوانەکەی کات بەسەر ببات، کەوتە سووڕانەوە بە شەقام و کۆڵانەکاندا. پێ نەدەچوو هیچ کەسێک گلەیی لە کودەتا سەربازییەکە هەبێت؛ کتومت وەک سەردەمی منداڵیی ئەو، دەسپێکێکی نوێ و گۆڕانێک لە ژیانی دەقبەستوودا بەدی دەکرا. ژنانی جانتا لە شان و منداڵ لە کۆڵ کەوتبوونە هەڵدانەوەی میوە و سەوزەی دووکانی بەقاڵەکان و سەودا و مامەڵەکردن. پیاوە سمێڵ بابڕەکان خڕابوونە گۆشەی شەقامەکانەوە، بەدەم کێشانی جگەرەی بێ فیلتەرەوە سەیری هاتوچۆی ڕێبوارانیان دەکرد و قسە و قسەڵۆکیان دەکرد. سواڵکەری ژێر گوێسووانەی باڵەخانە کۆنەکەی بۆشایی نێوان گەراجە کۆنەکان و بازاڕ، ئەوەی لاسایی کوێرانی دەکردەوە و ئەم دوێنێ دوو جاری دیبوو، لە شوێنی خۆی نەبوو. چەند پیکابێکیشی دی لە چەقی کۆڵانەکاندا ڕاوەستابوون و پرتەقاڵ و سێویان دەفرۆشت. ڕاستییەکەی، هاتوچۆی ئۆتۆمبیل زۆر لە کەمیی دابوو، بەڵام دژوار بوو بزانرێت داخۆ بەهۆی کودەتا سەربازییەکەوەیە، یان لەبەر بەفرەکەیە. ژمارەی پۆلیسی سڤیل لە شاردا زیاد کرابوو (بڕێک منداڵ لە خوارەوەی شەقامی خالید پاشا تۆپانێیان دەکرد و یەکێک لە پۆلیسە سڤیلەکانیان کردبوو بە گۆلچی)، هەردوو هۆتێلی (پان هۆتێل و هۆتێلی حورییەت)ی لای گەراجەکان کە کاری سێکسفرۆشیشیان تێدا دەکرا، ئارەزوومەندانی شەڕە کەڵەشێر و قەسابە نایاسارییەکان، چالاکییەکانی خۆیان بۆ کاتێکی نەزانراو دواخستبوو. قارسییەکان بە بیستنی دەنگی تەق

و تۆقی ناوبەناوی گەڕەکە کوڵیتنشینەکان ڕاهاتبوون و بە زۆریش لە شەودا دەهاتە بەر گوێ، بەڵام کەس باکی پێ نەبوو. (کا)، لەبەر ئەوەی لە ناخەوە زۆر بەباشی پەی بە هەستی ئازادیی دەرئەنجامی موزیکی ئەو بێباکییە بردبوو، لە دووکانی بۆفیەی هاوچەرخی هەڵکەوتوو لە گۆشەی شەقامی کوچووک کازم پاشا و شەقامی کازم قەرەبەکر، شەربەتێکی دارچینی گەرمی کڕی، بە چێژەوە هەڵی دا و نۆشی کرد.

٢٥

## تاکە چرکەساتی ئازادی لە قارسدا

## (کا) و قەدیفە لە ژووری هۆتێلدا

(کا) شازدە خوولەک دواتر گەیشتە ژووری ژمارە ٢١٧ی هۆتێل و لە ترسی ئەوەی نەبادا ببیندرێت، زۆر شڵەژابوو. بەمەبەستی کردنەوەی بابەتێکی خۆش و جیاواز، باسی شەربەتە دارچینییەکەی بۆ قەدیفە کرد و هێشتا تامەکەی لە دەمیدا مابوو.

قەدیفە گوتی: "ماوەیەک باو بوو دەگوترا ئەو کوردانەی لە سوپا توورەن، ژەهر دەکەنە شەربەتەکەوە. تەنانەت دەوڵەت بۆ لێکۆڵینەوە لەم کێشەیە پشکێنەری نهێنیی ناردبوو."

(کا) پرسی: "ئێوە بڕوا بەم چیرۆکانە دەکەن؟"

قەدیفە گوتی: "هەموو ئەو خوێندەوار و بە ڕۆژئاواییبووانەی دێنە قارس، هەر ئەوەندەی گوێیان لەم چیرۆکانە دەبێت، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن باوەڕیان بەم قسە و قسەڵۆکانە نییە، دەچن لە شەربەتەکە دەخۆنەوە و زۆر گەوجانە خۆیان ژەهرخواردوو دەکەن، چونکە قسە و باسەکان ڕاستن. هەندێک لە کوردەکان هێندە ناشاد و بەدبەختن ئیدی خوایان نەماوە."

"باشە دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو کاتە دەوڵەت چۆن مۆڵەت بە شتی وا دەدات؟"

"بێ ئەوەی بە خۆتان بزانن، وەک هەموو ڕۆشنبیرانی بە ڕۆژئاواییبوو متمانەی تەواوتان بە دەوڵەت هەیە. میت، هەروەک ئاگای لە هەموو شتێکە، بەم کارەش دەزانێت، بەڵام ڕای ناگرێت."

"باشە میت دەزانێت ئێمە لێرەین؟"

قەدیفە بەدەم زەردەخەنەوە گوتی: "مەترسن، هێشتا پێیان نەزانیوە. بەڵام ڕۆژێک دێت پێی بزانن، "وەلێ تا ئەو کاتە ئێمە لێرە ئازادین. ئەم کاتە کورتخانەیە ئازادترین چرکەساتی قارسە. نرخەکەی بزانن، تکایە پاڵتۆکەتان داکەنن."

(کا) گوتی: "ئەم پاڵتۆیە منی لە خراپەکاری پاراستووە." هێمای ترسێکی بە ڕووخساری قەدیفەوە بەدی کرد و "ئێرەش ساردە"ی بۆ قسەکانی زیاد کرد.

ئێرە نیوەی ژوورێکی بچووک بوو سەردەمانێک وەک ژووری ئەمبارکردنی سندووق کەڵکی لێ وەردەگیرا. پەنجەرەیەکی بچووکی هەبوو بەسەر حەوشەی ناوەوەدا دەکرایەوە، تەختێکی بچووکی خەوی تێدابوو ڕادەکێشرا و ئەمان لەمسەر و ئەوسەری دانیشتبوون. ژوورەکە بۆنی شێداری تایبەت بەو ژووری هۆتێلانەی هەبوو کە هەواگۆڕکێ نایانگرێتەوە. قەدیفە خۆی لار کردەوە و هەوڵی دا کلیلی شۆفاژەکە با بدات، بەڵام لەبەر ئەوەی خراپ گیر بووبوو، وازی لێ هێنا. کاتێک دیتی (کا) بە تووڕەیی هەڵساوەتە سەرپێ، تێ کۆشا زەردەخەنەیەک بخاتە سەر لێوی خۆی.

دەستبەجێ (کا) حاڵی بوو قەدیفە لە پای بەتەنیا ئامادەبوونی لە ژوورێک لەگەڵ ئەمدا، حەزێک سەرتاپای جەستەی داگرتووە. خۆیشی دوای ئەو هەموو ساڵە درێژانەی تەنیایی، خۆشحاڵ بوو بەوەی لەگەڵ کچێکی شۆخدا لە هەمان ژووردایە، بەڵام ئەوەی لە ڕووخساری قەدیفەدا بەدی دەکرا، چێژێکی "نەرم" نا، بگرە شتێکی قوڵتر و تێکدەرانەتر بوو.

"مەترسن، چونکە جگە لەو بەلەنگازەی کیسەیەک پرتەقاڵی بە دەستەوە بوو، پۆلیسی تری سڤیل بە دواتانەوە نەبوو. ئەمەش لە ڕاستیدا واتای ئەوە نییە دەوڵەت لێتان دەترسێت، بگرە تەنیا دەیانەوێت کەمێک بتترسێنن. ئەدی کێ لە پشتی منەوە بوو؟"

(کا) به شەرمەوە گوتی: "لە بیرم چوو سەیری دواتانەوە بکەم."

"چۆن؟" قەدیفە لەپڕ بە دوو چاوی پڕ لە ژەهرەوە بۆی ڕوانی. "عاشقن، زۆر خراپ گرفتاری ئەڤین بوون." دەستبەجێ خۆی کۆ کردەوە و گوتی: "بمبوورن، هەموومان زۆر دەترسین." دیسان هێمایەکی تەواو جیاواز ڕووخساری داپۆشی. "دادەم بەختەوەر بکەن، مرۆڤێکی زۆر باشە."

(کا) وەک ئەوەی بەچرپە بدوێت، گوتی: "بە بۆچوونی ئێوە، ئەو منی خۆش دەوێت؟"

قەدیفە گوتی: "خۆشی دەوێن، پێویستە خۆشی بوێن؛ مرۆڤێکی زۆر باشن."

کاتێک بینی (کا)ی بەم وشانە هەژاند، گوتی: "چونکە ئێوە لە بورجی دووانەن." هەولێ دا بە تیۆری بیسەلمێنێت بۆچی پیاوانی بورجی دووانە و کچانی بورجی گوڵەگەنم پێکەوە دەگونجێن. پیاوانی دووانە، شان بەشانی ئەوەی خاوەن کەسایەتییەکی هاوجووتن، هەمان کات جۆرێک لە ڕۆحسووکی و ڕووکەشیشیان پێوەیە. ئەمەش، ژنی لاو هەم پێی بەختەوەر دەبێت و هەم بێزیشی لێ دەکاتەوە. درێژەی بە قسەکانی دا و وەک دڵدانەوەیەکیش گوتی: "هەردووکیشتان شایەنی ئەڤینێکی بەختەوەرن."

"لە قسەکردن لەگەڵ دادەتاندا هیچ بۆنی دەمیتان کردووە نیازی هەبێت لەتەکمدا دێت بۆ ئەڵمانیا؟"

قەدیفە گوتی: "ئێوە زۆر قۆزن بەلای دادەمەوە، بەڵام بڕواتان پێ ناکات. باوەڕکردنیشی کاتی دەوێت، چونکە کەسانی نائارامی وەک ئێوە، بیر لەوە ناکەنەوە ژنێکیان خۆش بوێت، بگرە دەیانەوێت بەدەستی بهێنن."

"ئەمەی بە ئێوە گوتووە؟" (کا) ئەمەی گوت و برۆکانی بەرز کردەوە: "ئێمە لەم شارەدا کاتمان نییە."

قەدیفە سەیرێکی سەعاتەکەی کرد: "سەرەتا سوپاستان دەکەم لە پای هاتنتان بۆ ئێرە. ئێوەم بۆ بابەتێکی زۆر گرینگ بانگ کردووە. شینە دەیەوێت پەیامێکتان پێ ڕابگەیەنێت."

(کـا) گـوتی: "ئەم جـارە دوام دەکـەون و یەکـسـەر دەسـتگیـری دەکـەن. هەمووشمان دەخەنە ژێر ئەشکەنجەوە. دراوە بەسەر ئەو ماڵەدا. پۆلیس گوێی لە هەموو گفتوگۆکان بووە."

قـەدیفە گوتی: "شینە دەزانێت گوێی لێ گیراوە. ئەوە پەیامێکی فەلسەفی بوو پێش کودەتاکە ئاراستەی ئێوە و لە ڕێی ئێوەشەوە ئاراستەی ڕۆژئاوای کرد. پێی دەگوتن ئێوە دەست مەخەنە خۆکوژییەکانی لای ئێمەوە. ئێستا هەموو شتێک گۆڕاوە، بۆیە دەیەوێت پەیامە کۆنەکەی هەڵبوەشێنێتەوە. لە هەمووی گرینگتر: پەیامێکی تەواو نوێی پێیە."

قـەدیفە زۆر پێی داگرت، (کا) خۆی پێ یەکلایی نەکرایەوە، دوای ساتێکی درێژ گوتی: " لـەم شـارەدا مـەحاڵە لە شوێنێکەوە بچیت بۆ شوێنێک و کەس نەتبینێت."

"گـالیـسکەیەک هەیە هەر یەک دوو ڕۆژ جـارێک دێتـە بەردەم دەرگـای پشتەوەی ئاشپەزخانە لە حەوشەی پشتەوە و بۆتڵی ئای گاز، خەڵووز و شووشەی ئاومان بۆ دەهێنێت. کابرا شتومەک بەسەر شوێنی تریشدا دابەش دەکات و بۆ ئەوەی بارەکەشی لە بەفر و باران بپارێزێت، خێوەتێکی بەسەردا دەدات. یارۆی خاوەن گالیسکەش جێی متمانەیە."

"باشە پێویستە وەک دز خۆم لە ژێر خێوەتدا بشارمەوە؟"

قەدیفە گوتی: "من زۆر خۆم شاردووەتەوە. زۆر خۆشە مرۆ بە هەموو شاردا بگەڕێت و کەس هەستی پێ نەکات. ئەگەر ئەم دیمانەیە ئەنجام بدەن، ئەوا لە ناخەوە لە مەسەلەی ئیپەکدا هاوکاریتان دەکەم، چونکە دەمەوێت پێکەوە زەماوەند بکەن."

"بۆچی؟"

"هەموو خوشکێک حەز دەکات دادەی بەختەوەر بێت."

(کا) هیچ بڕوای بەم قسەیە نەکرد، نەک لەبەر ئەوەی ئەمە جۆرێک بوو لەو نەفرەت و پشتیوانییە ناچارییەی بەدرێژاییی ژیانی لە خوشک و برایانی

تورکی بینیبوو، بگره لەبەر ئەوەی هەڵسوکەوتی قەدیفەی بە دروستکراو هاتە پێش چاو (بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت، بڕۆی بەرەو ژوور هەڵکشابوو، وەک دیمەنێکی بێ تاوانیی وەرگیراو لە فیلمێکی تورکی، لێوەکانی بەشێوەی منداڵێکی خوازیاری گریان کردبووەوە). قەدیفە سەیرێکی سەعاتەکەی کرد، گوتی دوای حەڤدە خوولەکی تر گالیسکەکە دێت و ئەگەر بەڵێنی پێ بدات لەگەڵیدا بچێت بۆ لای شینە، ئەوا هەموو شتێکی بۆ دەگێڕێتەوە، (کا) لەپڕ گوتی: "بەڵێن دەدەم بێم، بەڵام بەر لە هەموو شتێک پێم بڵێن بۆچی هێندە متمانەی بە منە."

"ئێوە دەروێشن، ئەمە قسەی شینەیە. باوەڕی وایە خوا ئێوە لە ساتی لە دایکبوونەوە تا مردن بە پاکی دەهێڵێتەوە."

(کا) بەپەلە گوتی: "باشە. ئیپەکیش بەم تایبەتمەندییەم دەزانێت؟"

"بۆچی ئەو بیزانێت؟ ئەمە قسەی شینەیە."

"تکایە هەمووشتێکم سەبارەت بە تێڕوانینی ئیپەک بۆ من پێ بڵێن."

قەدیفە گوتی: "ڕاستییەکەی، سەرجەم ئەو شتانەم گوت کە لە نێوان خۆماندا قسەیان لەسەر دەکەین."

کاتێک بینی (کا) تووشی خەیاڵشکان بووە، کەمێک بیری کردەوە، یان خۆی وا نواند وەک ئەوەی بیر بکاتەوە -(کا) لە تاو شڵەژانی خۆی، هیچیانی لێک نەکردەوە- "زۆر بە قسەخۆشتان دەزانێت، دەڵێت لە ئەڵمانیاوە هاتوون و دەتوان زۆر شت بگێڕنەوە!"

"پێویستە چی بکەم بۆ قایلکردنی؟"

"ئەگەر لە یەکەم نیگاشدا نەبێت، ئەوا ژن دەتوانێت لە دە خوولەکی سەرەتادا لە ناخەوە پەی ببات پیاوەکەی بەرامبەری کێیە، بۆ ئەم چ واتایەک دەگەیەنێت و خۆشی دەوێت، یان نا؟ پێویستی بە کەمێک کات هەیە بۆ بەتەواوی تێگەیشتن لەم پەی پێبردنە. بە بۆچوونی من لە میانەی تێپەڕبوونی ئەو کاتەدا، هیچ ئەرکێک نییە پیاو ئەنجامی بدات. بۆی باس بکەن هەست بە

چی دەکەن لە بەرامبەریدا، بۆچی خۆشتان دەوێت و لەبەر چی دەتانەوێت زەماوەندی لەگەڵدا بکەن؟"

(کا) بێدەنگ بوو. ئەگەر قەدیفە سەرنجی دا ئەم وەک منداڵێکی خەمگین چاوی لە پەنجەرەکە بڕیوە، گوتی ئەوە دەهێنێتە پێش چاوی خۆی (کا) و ئیپەک لە فرانکفورت بەختەوەر دەبن، ئیپەک هەر لەگەڵ دوورکەوتنەوەیدا لە قارس خۆشحاڵ دەبێت و بە شەقامەکانی فرانکفورتدا دەسووڕێنەوە و ئێواران دەچنە سینەما. پاشان گوتی: "ناوی سینەمایەکی فرانکفورتم پێ بڵێن لەوانەی بۆی دەچن، هەر سینەمایەک بێت."

(کا) گوتی: "فیلم فۆرم هوێخست."

"ئەی ناوی سینەمای وەک ئەلحەمرا، ڕوویا و ماژیستیک لە ئەڵمانیا نییە؟"

(کا) گوتی: "هەیە. ئەلدۆرادۆ."

لەو دەمەدا سەیری حەوشەیان دەکرد و کلووە بەفرەکان تیایدا سەرشێتانە سەمایان دەکرد. قەدیفە گێڕایەوە و گوتی لە ساڵانی زانکۆدا، کاتێک لە شانۆکاندا ڕۆڵی گێڕاوە، جارێک ئامۆزای هاوپۆلێکی خۆی ناڕاستەوخۆ پێشنیازی ڕۆڵێکی لە بەرهەمێکی هاوبەشی ئەڵمانی-تورکیدا خستووەتە بەردەست، بەڵام ئەم ڕۆڵەکەی ڕەت کردووەتەوە. گوتی ئیپەک و (کا) لەو وڵاتە بەختەوەر دەبن، لە ڕاستیدا دادەی بۆ ئەوە خولقاوە بەختەوەر بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی پەی پێ نەبردووە، تا ئێستا شادی ڕووی تێ نەکردووە، منداڵ نەبوونیش هێندەی دی ناخی خواردووە. خەمگینیی ڕاستەقینەش لەوەدایە، دادەی، سەرەڕای ئەوەی هێندە شۆخ، میهرەبان، هۆشیار و دروستە و لەوانەیە هۆی ناشادیشی بۆ ئەم خاڵە بگەڕێتەوە، (لێرەدا دەنگی شکا)، ئەگەرچی لە سەردەمی منداڵی و لە تافی لاویدا باشی و جوانییەکەی بۆ ئەم نموونە بووە (جارێکی تریش دەنگی شکا)، بەڵام ئەم لەپاڵ ئەم باشی و جوانییەدا بەردەوام خۆی پێ خراپ و ناشیرین بووە، بۆ ئەوەی ئەم بەمجۆرە هەست نەکات، دادەی بەردەوام جوانیی خۆی شاردووەتەوە. (لە پاش قسەکانی دەستی کرد بەگریان.) بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە درێژەی دایێ و

گوتی ئەو سەردەمەی لە قۆناغی ناوەندی دەیخوێند ("ئەو کاتە لە ئەستەنبوڵ بووین و هێندە هەژار نەبووین،" (کا)ش لە وەڵامدا گوتی "ئێ ئێستاش" هەژار نین. قەدیفە بەدەم گوتنی "بەڵام لە قارس دادەنیشن"ەوە بەپەلە ئەم کەوانەیەی داخست)، ڕۆژێک درەنگ گەیشتووەتە قوتابخانە، مەسروورە خاتوونی مامۆستای گیانەوەرزانی لێی پرسیوە "خوشکە ژیرەکەشت دواکەوتووە؟" پاشان پێی گوتووە "لەبەر ئەوەی دادەتم زۆر خۆش دەوێت، ڕێت پێ دەدەم بێیتە پۆلەوە." بێگومان قەدیفە دوا نەکەوتبوو.

گالیسکەکە هاتە حەوشەوە.

گالیسکەیەکی کۆن و سادە بوو، دیمەنی گوڵی سوور، گوڵە بەیبوون و پەلکی سەوز لەسەر قەراغەکانی نەخشێندرابوو. قەراغی کونە لووتەکانی ئەسپی شەکەت و بەساڵاچوو ڕچیبوون و هەڵاویان لێ هەڵدەسا. بەفر، پاڵتۆ و کڵاوی خاوەنە ناوشان پان و کەمێک کووڕی گالیسکەکەی داپۆشیبوو. (کا) بە دڵەکوتەوە سەرنجی دا بەفر خێوەتەکەشی داپۆشیوە.

قەدیفە گوتی: "هیچ ترست نەبێت، ناتکوژم."

(کا) دەمانچەیەکی بەدەست قەدیفەوە بینی، بەڵام تێ نەگەیشت بۆچی ئاڕاستەی ئەو کراوە.

قەدیفە گوتی: "تووشی هەڵچوون و شتی لەو جۆرە نەهاتووم، بەڵام ئەگەر ئێستا هەر چەوت و چێڵییەک بەرامبەرم بنوێنێت، باوەڕ بکە تەقەت لێ دەکەم... ئێمە لە هەموو ئەو ڕۆژنامەنووس و کەسانەی بۆ لێدوان وەرگرتن دەچنە لای شینە، بەگومانین."

(کا) گوتی: "ئێوە بە دوای مندا گەڕاون."

"ڕاستە، بەڵام کارمەندانی میت پێشبینییان کردووە تۆ بە دوامان‌دا دەگەڕێیت، لەوانەیە بێ ئەوەی بە خۆت بزانیت، ئامێری گوێگرتنیان لە سەر لەشت و لە جلەکانت دانابێت. گومانم هەیە لەبەر ئەو هۆیە پاڵتۆ خۆشەویستەکەت دانەکەند. ئێستا خێرا بە پاڵتۆکەت داکەنە و لە کەناری

پێخەوەکە دایبنێ."

(کا) فەرمانەکەی بەجێ هێنا. قەدیفە بە دەستە بچووکەکانی هاوشێوەی هەدەستەکانی دادەی گشت کون و کەلەبەری پاڵتۆکەی پشکنی. کاتێک هیچی نەدۆزییەوە، گوتی: "لێم ببوورە. چاکەت و کراس و فانیلەکەشت دابکەنە، چونکە ئامێری تۆمارکردنی دەنگ لە پشت و لەسەر سنگ دەبەستن. لەوانەیە لە قارسدا سەد کەس هەبن لە بەیانییەوە تا ئێوارە بە میکرۆفۆنەوە بسوورێنەوە."

(کا) چاکەتەکەی داکەند و وەک منداڵێکیش بیەوێت سکی پێشانی پزیشک بدات، کراس و فانیلەکەی بۆ سەرەوە هەڵکێشا.

قەدیفە سەیرێکی کرد و گوتی: "بسوورێرەوە." بێدەنگییەک هاتە ئاراوە.

"باشە. بۆ دەمانچەکەش لێم بمبوورە... کەسانێک ئامێری تۆمارکردنی دەنگیان لێ بەسترابێت، دژی پشکنین دەوەستنەوە و ئارام نابن..." بەڵام دەمانچەکەشی دانەگرت. بە دەنگێکی هەڕەشە ئامێزەوە گوتی: "ئێستا گوێم لێ بگرە، بەهیچ جۆرێک لای شینە باسی گفتوگۆکانمان و ئەم برادەرایەتیەمان ناکەیت." وەک پزیشکێک قسەی دەکرد کە دوای پشکنین هەڕەشە لە نەخۆش بکات: "بەهیچ جۆرێک باسی ئیپەک و عاشقبوونت نایەتە سەر زمانت. شینە حەزی لەم پۆخەڵەواتانە نییە... باسی بکەیت و ئەو نەتسووتێنێت، باوەڕ بکە من خۆم گرت تێ بەردەدەم. لەبەر ئەوەی لە جنۆکە دەچێت، لەوانەیە پەی بە هەندێک شت ببات و قسەت لێ دەربهێنێت. خۆت وا پێشان بدە، وەک ئەوەی ئیپەکت یەک دوو جار دیبێت و بەس. تێ گەیشتیت؟"

"باشە."

"لە بەردەم شینەدا ڕێز بنوێنە. وریا بە، بە ڕابردووی خۆت وەک دەرچووی قوتابخانەیەکی باڵا و وەک کەسێکی ئەوروپادیو، لە خۆبایی نەبیت و بە کەم بۆی نەڕوانیت. ئەگەر لە ناخیشەوە هەستت بە گەوجییەکی لەو جۆرە کرد، ئەوا هەوڵ بدە بەهیچ جۆرێک پێ نەکەنیت... لە بیرت نەچێت، هیچ باکی لەو

ئەوروپییانە نییە کە تۆ بە شەیدابوونەوە لاساییان دەکەیتەوە و ئەوانیش تا سنووری مردن لە شینە و هاوشێوەکانی دەترسن."

"دەزانم."

قەدیفە بەدەم پێکەنینێکەوە لە شێوەی ئەوانەی لە فیلمە خراپەکاندا دەبیسترێن، گوتی: "من هاوڕێتم، دروست بە لەگەڵمدا."

(کا) گوتی: "کابرای خاوەن گالیسکە خێوەتەکەی هەڵدایەوە."

لە پێشدا قەدیفە چووە خوارەوە. لەو دەمەدا ئەو چووە ئاشپەزخانە، (کا) چاوی پێوە بوو گالیسکەکە بەژێر تاقی نێوان حەوشەی ناوەوە و شەقامەکەدا هاتە ژوورەوە. وەک لەسەری ڕێک کەوتبوون، لە ژوورەکە چووە دەرێ و دابەزیە خوارەوە. بە نەبینینی هیچ کەسێک لە ئاشپەزخانەکەدا، شڵەژا، بەڵام یارۆی خاوەن گالیسکە لە نێوان دەرگای حەوشەدا چاوەڕێی دەکرد. بە بێدەنگی لە بۆشاییی نێوان بوتڵە غازەکاندا لە تەنیشت قەدیفەوە ڕاکشا.

لەو ساتەدا هەستی کرد تا لەژیاندا مابێت ئەم گەشتەی لە بیر ناچێتەوە. گەشتەکەیان تەنیا هەشت خولەکی خایەند، بەڵام (کا) پێی وا بوو زۆر لەوە درێژتری خایەندبێت. بە پەرۆش بوو بزانێت لە کوێی شاردان، لە ناو دەنگی تەقەتەقی گالیسکەکەدا، گوێی لە دەنگی ئەو قارسییانە بوو کە بەلای ئەماندا تێ دەپەڕین و لە نێوان خۆیاندا دەدوان. گوێی لە دەنگی هەناسەی قەدیفە بوو بە ڕاکشاوی لە تەنیشت خۆیەوە. بڕێک منداڵ خۆیان بەدوای گالیسکەکەدا هەڵواسیبوو، بەخۆشی و شادییەوە بەدرێژاییی شەقامەکە خۆیان خلیسکاند. ئەمە تاوێک شڵەژاندی، بەڵام خەندەی شیرینی قەدیفەی هێندە پێ خۆش بوو، بەجۆرێک وەک منداڵەکان هەستی بە شادی کرد.

٢٦

# له سۆنگەی هەژاریمانەوە نییە هێندە بە خوای خۆمانەوە پێوەستین

## لێدوانی شینە بۆ سەرانسەری ڕۆژئاوا

تایە لاستیکەکانی گالیسکەکە شیرین شیرین بەسەر بەفرەکەدا دەخولانەوە. کاتێک (کا) خەریک بوو بە ڕاکشانەوە ئیلهامی چەند دێڕێکی شیعرێکی نوێی بۆ دەهات، گالیسکەکە تەکانێکی دا، چووە سەر شۆستەیەک و ڕاوەستا. دوای تاوێک کە ئەم لە میانەیدا چەند بەیتێکی تریشی بۆ هات، کابرای خاوەن گالیسکە خێوەتەکەی هەڵدایەوە. (کا) حەوشەیەکی چۆڵ و بە بەفر داپۆشراوی بینی بە دووکانی فیتەری و لحێمچی و تراکتۆرێکی شکاو دەورە درابوو. سەگێکی ڕەشیش لە گۆشەیەکدا بە زنجیر بەسترابووەوە، لەگەڵ بینینی کەسانی دابەزیو لە گالیسکەکە، دەستی کرد بە حەپەحەپ.

بە دەرگایەکی دارگوێزدا چوونە ژوورەوە، (کا) دوای ئەوەی لە دەرگای دووەم چووە ژوورەوە، شینەی بینی لە پەنجەرەیەکەوە سەیری ناو حەوشە بەفراوییەکەی دەکرد. قژە قاوەییەکەی، وردە خاڵی دەموچاوی و چاوە شینەکانی، وەک جاری پێشوو (کا)ی سەرسام کرد. سادەیی ژوورەکە، هەندێک شتومەک (هەمان شانە، جانتای دەستی نیوەکراوە و تەپڵەکی جگەرەی قەراغ بە نیگاری عوسمانی نەخشێندراو و -ئەرسین ئەلەکتریک- لەسەر نووسراو)، بۆچوونی ئەوەی لەکن (کا) دروست کرد شینە دوێنێ شەو ماڵەکەی نەگۆڕیبێت، بەڵام زەردەخەنەیەکی خوێنساردانەی بە ڕووخسارییەوە بینی، وەک ئەوەی ئێستا ڕووداوەکانی دوێنێ شەوی قەبوڵ کردبێت. (کا) دەستبەجێ حاڵی بوو کابرا بەهۆی قورتاربوونی لە کودەتاچییەکان،

پیرۆزبایی لە خۆی دەکات.

شینە گوتی: "ئیتر لە بارەی کچانی خۆکوژەوە نانووسیت."

"بۆچی؟"

"سوپاش ناخوازێت لەسەریان بنووسرێت."

(کا) بە هۆشیاری گوتی: "من وتەبێژی سوپا نیم."

"دەزانم."

ساتێک بێدەنگ لە یەکتریان ڕوانی.

شینە گوتی: "دوێنێ پێمت گوت دەتوانیت لە ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوادا وتار سەبارەت بە کچانی خۆکوشتوو بڵاو بکەیتەوە."

(کا) لە پای ئەم درۆ گەورەیەی شەرمی بە خۆیدا هاتەوە.

شینە پرسی: "لەم کام ڕۆژنامەی ڕۆژئاواییدا؟ لە کیژان ڕۆژنامەی ئەڵمانیدا دۆست و ئاشنات هەن؟"

(کا) گوتی: "لە ڕۆژنامەی فرانکفورتەر ڕوندشاو."

"کێ؟"

"ڕۆژنامەنووسێکی دیموکراتی ئەڵمانی."

"ناوی چییە؟"

(کا) زیاتر خۆی خزاندە پاڵتۆکەیەوە و گوتی: "هانز هانزن."

شینە گوتی: "لێدوانێکم هەیە بۆ هانز هانزن سەبارەت بە کودەتا سەربازییەکە. هێندە کاتمان بە دەستەوە نییە، دەمەوێت یەکسەر دەست بە نووسینەوە بکەیت."

(کا) لە پشتی دەفتەری شیعرەکەی دەستی کرد بە تۆمارکردنی تێبینی. شینە گوتی لە کودەتای شانۆکەوە تا ئەو ساتە، بەلانی کەمەوە هەشتا کەس کوژراون (ژمارەی ڕاستی، بەوانەشەوە کە لە هۆڵەکە پێکرابوون، حەڤدە بوو)، لە پەلامـاردا بە بەکارهێنانی تانک نۆ ماڵ و قوتابخانە ڕووخێندراون (لە

ڕاستیدا چوار کوڵیت بوو). ئامادەی کرد بۆ کوژرانی قوتابیان لە ژێر ئەشکەنجەدا و بۆ شەڕ و پێکدادانەکانی کۆڵانەکانی پشتەوە. (کا) لەوانە بێ ئاگا بووە. زۆر لەسەر دەرد و ئازاری کوردەکان ڕانەوەستا و بازی دا بەسەریدا، بەڵام بە زیاد پێوەنانەوە گازندەی ئیسلامییەکانی گێڕایەوە. شینە گوتی دەوڵەت خۆی سەرۆکی شارەوانی و بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردەی کوشتووە بۆ ئەوەی زەمینە بۆ کودەتا خۆش بکات. بەبۆچوونی ئەو، هەموو ئەو ڕەفتارانەی دەوڵەت "بۆ ڕێگرتن بووە لە سەرکەوتنی ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنە دیموکراتییەکاندا." لە کاتێکدا شینە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە وردەکاریی قەدەخەکردنی چالاکیی پارتە سیاسیەکان و کۆمەڵەکان و هتد... دەگێڕایەوە، (کا) چاوی بڕییە ناو چاوی قەدیفە و بینی سەرمەستانە گوێی بۆ شینە ڕاگرتووە. لە دامێنی ئەو پەڕانەدا کە (کا) دواتر دڕاندبوونی و لە دەفتەری شیعرەکەی کردبوونەوە، بە یادی ئێپەکەوە چەند نیگار و هێڵکارییەکی کێشا: گەردن و قژی ژنێک، لە پشتەوە، دووکەڵێکی زراف لە دووکەڵکێشی بچووکی ماڵێکی خنجیلانەوە دەهاتە دەرێ... (کا) ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر بە منی گوتبوو ئەو ڕاستییە بەهێزانەی شاعیر بە ڕاستیان دەزانێت، بەڵام ترسی ئەوەی هەیە شیعری لێ بشێوێنێت، پێویستە شاعیر تەنیا بە دەوریاندا بخولێتەوە و هونەریشی لە موزیکی شاردراوەی ئەم خولخواردنەدا خۆی دەنوێنێت. (کا) هەندێک لە وشەکانی شینەی هێندە بەلاوە جوان بوو کە دانە بەدانە لە دەفتەرەکەیدا نووسینییەوە. "ئێمە لێرە، هۆی پێوەستبوونمان تا ئەو ڕادەیە بە خوای خۆمانەوە، بە پێچەوانەی بۆچوونی ڕۆژئاواییەکانەوە، لەبەر ئەوە نییە زۆر هەژارین، بگرە لە سۆنگەی ئەوەوەیە لە هەموو کەسێک بە پەرۆشترین بۆ ئەوەی بزانین لەم جیهانە چ کارێکمان هەیە و لە دنیای ئەودیو چ دەقەومێت."

شینە، لەبری ئەوەی لە ڕستەکانی کۆتاییدا بە ڕەگ و ڕیشەی ئەم پەرۆشییەدا بڕواتە خوارێ و ڕووناکی بکاتەوە کارمان چییە لەم جیهانەدا، ڕووی بانگەوازی لە ئەوروپا کرد و بە خۆبادانەوە پرسی: "ئاشکرایە ڕۆژئاوا

له فەرمایشتی خوا زیاتر باوەڕی بە دیموکراتیی دەستکردی خۆی هەیە، ئایا ئێستا لە دژی ئەم کودەتا دژبەرەی دیموکراتی لە قارس ڕادەوەستێت؟ یاخۆ گرینگ دیموکراتی، ئازادی و مافی مرۆڤ نییە، بگرە گرینگ ئەوەیە پاشماوەی جیهان وەک مەیموون لاساییی ڕۆژئاوا بکاتەوە؟ ئایا ڕۆژئاوا دیموکراتییەک پەسەند دەکات دوژمنانی تەواو جیاواز لەوان بەدەستی بخەن؟ جگە لە ڕۆژئاوا، دەمەوێت ڕووی بانگەوازم لە پاشماوەکەی تری جیهان بکەم: برایان، ئێوە تەنیا نین... –ساتێک کپ بوو.– هاوڕێکەت لە ڕۆژنامەی فرانکفورتەر ڕوندشاو سەرجەمی ئەم هەواڵە بڵاو دەکاتەوە؟"

(کا) بە هۆشیارییەوە گوتی: "شتێکی جوان نابێت ئەگەر بەردەوام باسی ڕۆژئاوا بکرێت، وەک ئەوەی ڕووی قسە لەیەک کەس و یەک بۆچوون بکرێت."

شینە لە دواییدا گوتی: "باوەڕم بەمە هەیە، بەڵام یەک ڕۆژئاوا هەیە بە یەک بیر و بۆچوونەوە. ئێمەش نوێنەرایەتیی بۆچوونەکەی تر دەکەین."

(کا) گوتی: "لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژئاواییەکان بەو شێوەیە ناژین. خەڵکی ئەوێ بە پێچەوانەی خەڵکی ئێرەوە، شانازی بەوەوە ناکەن وەک کەسانی تر بیر دەکەنەوە. هەرکەسە، تەنانەت بەقاڵێکی هەرە بچووک و سادەش شانازی بەوەوە دەکات کە خاوەنی بیر و بۆچوونی تایبەت بە خۆیەتی. بۆیە ئەگەر لەبری ڕۆژئاوا بڵێین دیموکراتەکانی ڕۆژئاوا، ئەوا دەتوانین باشتر دەنگی خۆمان بگەیەنین بە ویژدانی مرۆڤەکانی وێندەرێ."

"باشە، چۆنتان پێ باشە، وا بکەن. ئایا پێویست بە ڕاستکردنەوەی دی دەکات بۆ بڵاوکردنەوە؟"

"بە زیادکردنی دوایین بانگەوازتان، لێدوانەکەتان سنووری هەواڵی تێ پەڕاند و قاڵبی ڕاگەیەندراوێکی هەواڵ ئامێزی لە خۆ گرتووە. لە خواریشەوە واژۆی ئێوەی دەخەینە سەر... لەوانەیە چەند ڕستەیەکیش بۆ ناساندنتان..."

شینە گوتی: "ئەوەشم ئامادە کردووە، ئەوەندە بەسە بڵێین ئیسلامیی هەرە لە پێشی تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست."

"ئەگەر وا بێت، هانز هانزن ڕاگەیەندراوەکە بڵاو ناکاتەوە."

"چۆن؟"

(کا) گوتی: "چونکە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک بەناوی تەنیا یەک ئیسلامیی تورکەوە لە ڕۆژنامەی فرانکفورتەر ڕوندشاوی سۆسیال دیموکراتدا، بەلای ئەوانەوە واتای ئەوە دەگەیەنێت لایەنگرییان کردووە."

شینە گوتی: "کەواتە ئەگەر بەڕێز هانز هانزن شتێکی بەدڵ نەبێت، هەڵدەتیزێنێت. باشە، چی بکەین بۆ ئەوەی قایلی بکەین؟"

"دیموکراتەکانی ئەڵمانیا ئەگەر تەنانەت هەڵوێستیش لە دژی کودەتایەکی سەربازی لە تورکیا ڕابگەیەنن -کودەتایەکی ڕاستەقینە، نەوەک لەسەر شانۆ-، دواجار نیگەران دەبن ئەگەر بزانن پشتیوانییان لە ئیسلامییەکان کردووە."

شینە گوتی: "بەڵێ، ئەوانە هەموویان لێمان دەترسن."

(کا) بۆی ڕوون نەبووەوە داخۆ ئەمەی بە شانازیکردنەوە گوت، یاخۆ وەک سکاڵا دەربڕین لە بەرامبەر جۆرێک لە خراپ لە یەکتر گەیشتن. گوتی: "لەبەر ئەوە، ئەگەر کۆنە کۆمۆنیستێک و نەتەوەپەرستێکی کوردیش واژۆی خۆیان بخەنە سەر ئەم ڕاگەیاندنە، ئەوا ڕۆژنامەی فرانکفورتەر ڕوندشاو زۆر بە ئاسانی بڵاوی دەکاتەوە."

"واتا چۆن؟"

(کا) گوتی: "دەتوانین دوو کەسی تر لە قارس بدۆزینەوە و دەستبەجێ پێکەوە ڕاگەیەندراوێک ئامادە بکەین."

شینە گوتی: "ئامادە نیم لە پێناوی خۆ شیرینکردندا لای ڕۆژئاواییەکان شەراب بخۆمەوە. ناشتوانم هەوڵ بدەم وەک ئەوان ڕەفتار بکەم تا لێم نەترسن و کارەکانم بۆ ڕاپەڕێنن. ئامادەش نیم ڕوو لە دەرگای ئەم هانز هانزنە بکەم بۆ ئەوەی ئەتایستە خوانەناسەکان هاوبەشی ئازارەکانمان بن. ئەم ڕێزدار هانز هانزنە کێیە؟ بۆچی ئەو هەموو مەرجە دەسەپێنێت؟ ئایا جووە؟"

بێدەنگییەک ئەو ناوەی داگرت. شینە بە نەفرەتەوە بۆ (کا)ی ڕوانی، چونکە پەی بەوە برد (کا) پێی وایە ئەم شتێکی هەڵەی گوتووە. "جووەکان گەورەترین چەوساوەی ئەم سەدەیەن. پێش ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەک لە لێدوانەکەمدا بکەم، دەمەوێت ئەو هانز هانزنە بناسم. تۆ ئەمەت چۆن ناسیت؟"

"برادەرێکی تورک پێمی گوت شرۆڤە هەواڵێک لە ڕۆژنامەی فرانکفورتەر ڕوندشاودا سەبارەت بە تورکیا دەردەچێت و نووسەرەکەی دەیەوێت ڕای کەسێکی شارەزا لەو بارەیەوە وەربگرێت."

"باشە بۆچی هانز هانزن پرسیارەکانی خۆی لەو برادەرە تورکە نەکرد و لە تۆی کرد؟"

"ئەو برادەرە کەمتر لە من بایەخی بەو کارانە دەدا..."

شینە گوتی: "با من پێت بڵێم ئەو کارانە چین، شتگەلێکی لە جۆری ئەشکەنجە، زۆرداری و بارودۆخی زیندانەکانە و لە بەهای ئێمە کەم دەکاتەوە."

(کا) گوتی: "پێم وایە دەربارەی کوشتنی ئەتایستێک بوو لە مەلاتیا لەسەر دەستی قوتابیانی ئامادەیی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان."

شینە بە هۆشیارییەوە گوتی: "ڕووداوێکی وام نایاتەوە بیر. چەندە مایەی نامەردییە بۆ ئیسلامییەکان کاتێک لە پێناوی ناوبانگ دەرکردن و دەرچوون لە تەلەڤزیۆندا ئەتایستێکی داماو دەکوژن، هێندەش مایەی شەرمە بۆ ڕۆژهەڵاتناسەکان کاتێک دێن بەمەبەستی بچووک پێشاندانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە جیهاندا هەواڵەکە بەجۆرێک زیاد پێوەنانەوە بڵاو دەکەنەوە وەک ئەوەی دە پازدە کەس کوژرابن. ئەگەر ڕێزدار هانز هانزن کەسێکی لەو بابەتەیە، با لە بیرخۆمانی ببەینەوە."

"هانز هانزن چەند شتێکی سەبارەت بە یەکیەتیی ئەورووپا و تورکیا لە من پرسی. دوای هەفتەیەکیش تەلەفۆنی بۆم کرد و بانگهێشتمی کرد بۆ خواردنی ئێوارە لە ماڵەوە."

"هەر وا بە ئاسانی؟"

"بەڵێ."

"زۆر جێی گومانە. چیت بینی لە ماڵەکەیدا؟ ژنی خۆی پێت ناساند؟"

(کــا) ســەرنجی دا قــەدیفــەش لـە نێــزیک پەردە بەتەواوی کــراوەکــانی پەنجەرەکەوە دانیشتووە و بەوردی گوێی بۆ قسەکان ڕاگرتووە.

(کا) گوتی: "خێزانی ڕێزدار هانز هانزن، خێزانێکی جوان و بەختەوەر بوو. ئێــوارەیەک لە ڕێی گــەڕانەوەیدا لـە ڕۆژنامــەوە بـۆ مــاڵ، منی لـە وێســتگەی شـەمـەندەفـەر هەڵگرت. دوای نیـو سـەعـات، گـەیشـتـینە مـاڵێکی ڕووناکی ناو باخـچـەیەک. هـەڵسـوکـەوتێکی زۆر بـاشـیـان لە بەرامـبـەرم نواند. مـریشکی برژاوی فـڕن و پەتاتەمـان خـوارد. ژنەکەی لە پێشـدا پەتاتەکـەی کـوڵاندبوو، دواتریش لە فڕندا سووری کردبووەوە."

"ژنەکەی کەسێکی چۆن بوو؟"

(کا) هانز هانزنی فرۆشیارەکەی بازاڕی کاوفهۆفی هێنایەوە پێش چاوی خۆی: "هانز هانزن چەندە قژزەرد و چاوشین و ناوشان پان بوو، ئینگەبۆرگ و منداڵەکانیشی هێندە قژزەرد و چاوشین و جوان بوون."

"خاچ بە دیوارەکانیانەوە هەبوو؟"

"بیرم ناکەوێتەوە، نەبوو."

شــینە گــوتی: "هەبووە، وەلێ تۆ باش ســەرنجت نەداوە. بە پێــچــەوانەی خەیاڵی ئەتایستەکانی ئێمەی شەیدای ڕۆژئاوا، سەرجەم ڕۆشنبیرانی ئەورووپا بەتوندی بە ئاین و بە خاچەکانیانەوە پێوەستن. بەڵام ئەوانەی ئێمە کاتێک دێنەوە بۆ تورکیا باسی ئەمە ناکەن، چونکە مەراقی ئەوان ئەوەیە بیسەلمێنن سەردەستیی تەکنەلۆجیای ڕۆژئاوا سەرکەوتنێکی ئەتایستییە... بۆم بگێڕەوە چیت دی و باسی چیتان کرد؟"

"ڕێزدار هانز هانزن، ســەربـاری کــارکــردنی لە بەشی هەواڵی دەرەوەی ڕۆژنامـەی فرانکفورتەر ڕوندشاو، ئەدەبدۆستیشە. قسە هاتە سەر شیعر.

باسی شاعیران و وڵاتەکانیان و بەسەرهاتەکانیانمان کرد. نازانم چۆن کاتەکە وا بەخێرایی تێ پەڕی."

"میهرەبان بوون بۆت؟ ئایا هەڵسوکەوتیان دۆستانە بوو لەبەر ئەوەی تورکیت، دەستەوستانیت، دوورخراوەیەکی سیاسی ڕەبەن و تەنیایت، یاخۆ بەسۆز بوون بەرامبەرت لە سۆنگەی ئەوەی لاوانی ئەڵمانی کاتی خواردنەوە و سەرخۆشبوون تورکە بێکەسەکانی وەک تۆ دەسووتێنن؟"

"نازانم، ئەوان زۆریان لێم نەدەکرد."

"با زۆریشیان لێت نەکردبێت و وایان پێشان نەدابێت بەزەییان پێتدا دێتەوە، لە ناخی مرۆدا ویستێک بۆ بەزەیی پێدا هاتنەوە هەیە. دەیان هەزار ڕۆشنبیری تورک و کورد لە ئەڵمانیا هەن ئەم ویستی بەزەییەیان کردووە بە سەرچاوەی پارووی ژیان."

"خێزانەکەی هانز هانزن و منداڵەکانی، هەموویان مرۆگەلی باش و نەرم و نیان بوون. لەوانەیشە لە میهرەبانیی خۆیانەوە نەیانهێشتبێت هەست بکەم بەزەییان پێمدا دێتەوە. تەنانەت ئەگەر بەزەییشیان پێمدا بهاتباوە، ئیدی بەلامەوە گرینگ نەدەبوو."

"واتا ئەو ڕەوشە بەهیچ جۆرێک هەستی شانازیی تۆی نەڕووشاند؟"

"لەوانەیشە، بەڵام سەرباری ئەوەش، ئەو ئێوارەیە من لای ئەوان زۆر کامەران بووم. گڵۆپەکانی قەراغ مێزەکە تیشکێکی پرتەقاڵی زۆر جوانیان هەبوو... چنگاڵ و چەقۆکانیان بابەتێک بوون من پێشتر هەرگیز نەمدیبوون، بەڵام هێندەش نامۆ نەبوون مرۆڤ بێزار بکەن... تەلەڤزیۆنەکەیان بەردەوام داگیرسابوو، ناوبەناو سەیرێکیان دەکرد، ئەمەش وای لێم دەکرد هەست بکەم لە ماڵەوەم. جاروبار کاتێک دەیانزانی ئەڵمانییەکەم بڕ ناکات، بە ئینگلیزی لەگەڵم دەدوان. دوای نان خواردن، منداڵەکان پرسیاری وانەکانیان لە باوکیان کرد، دایک و باوکەکە، منداڵەکانیان پێش خەوتنیان ماچ کرد. زۆر هەستم بە ئاسوودەیی دەکرد، لە دوای خواردن، بۆ دووەم جار پارچەیەک کێکم هەڵگرت.

کـەس هـەسـتـی پـێ نەکـرد، دواتریش زۆر بیـرم کـردەوە ئەگـەر تەنانەت هەستیشیان پێ بکردبایە، زۆر بەلایانەوە ئاسایی دەبوو."

قەدیفە پرسی: "کێکی چی بوو؟"

"کێکی ڤیەنایی بە هەنجیر و شۆکۆلاتە."

بێدەنگییەک هاتە ئاراوە.

قەدیفە پرسی: "پەردەکان لە چ ڕەنگێک بوون و نیگاری چۆنیان پێوە بوو؟"

(کا) خۆی وا پێشان دا وەک ئەوەی بیەوێت شتێکی بیر بکەوێتەوە: "سپیی سادە، یان زەردی کایی بوون. نیگاری ماسیی بچووک، گوڵ، ورچ و میوەی ڕەنگاوڕەنگیان بەسەرەوە بوو."

"واتا وەک قوماشی مندالان؟"

"نەخێر، چونکە کەشێکی بەدەربەستی هەبوو. پێویستە بڵێم: بەختەوەر بوون، بەلام وەک ئێمە لە وەخت و ناوەختدا پێ نەدەکەنین. زۆر بەدەربەست بوون. لەوانەیشە لەم سۆنگەیەوە بێت هێندە کامەران بوون. ژیان بەلای ئەوانەوە شتێک بوو پێویستی بە لێپرسراوی هەبوو. نەک وەک لای ئێمە کە ماندووبوونێکی کوێرانە، یان تاقیکردنەوەیەکی تاڵە. بەلام بەدەربەستیی ئەوان شتێکی ئەرێنی و زیندوو بوو. کامەرانییەکی پێوراو و ڕەنگینی وەک نەخش و نیگاری ورچ و ماسییەکانی سەر پەردەکانیان هەبوو."

قەدیفە هەڵیدایێ و پرسی: "ڕایەخی سەر مێزەکە چ ڕەنگێکی هەبوو؟"

(کا) گوتی: "لە بیرم چووە." وا خۆی پێشان دا وەک ئەوەی نوقمی بیرکردنەوە بێت تا بیری بکەوێتەوە.

شینە بە سووکە ڕقێکەوە گوتی: "چەند جار چوویت بۆ ئەوێ؟"

"ئەو شەوە لەوێندەرێ هێندە کامەران بووم ئارەزووم دەکرد جارێکی تریش بانگهێشتم بکەنەوە، بەلام هانز هانزن جارێکی دی بانگمی نەکردەوە."

سەگە ڕەشە بە زنجیر بەستراوەکە دەستی کرد بە وەڕینێکی درێژ. (کا) پەڵەی خەمێکی بە ڕووی قەدیفەوە دی، لە ڕووخساری شینەشدا گومانێکی

تووڕەی بەدی کرد.

(کا) سەختگیرانە گوتی: "چەندین جار تەلەفۆنم بۆیان کرد. جاروبار وای بۆ دەچووم هانز هانزن تەلەفۆنی بۆم کردبێت و بۆ نانی ئێوارە بانگمی کردبێت، بەڵام من لە ماڵ نەبووبم. بۆیە کاتێک لە کتێبخانە دەهاتمە دەرێ، بە زۆر خۆم پێ ڕادەگیرا بۆ ئەوەی بە ڕاکردن نەچمەوە ماڵ. لە ناخەوە ئارەزووم دەکرد جارێکی دی ئاوێنەی قاتقات و جوان، ئەو قەنەفانەی ڕەنگیانم لە بیر چووە -پێم وا بێت زەردی لیمۆیی بوو-، تەختەی نانبڕینی سەر خوان کە نانیان لەسەر دەبڕی و لە منیان دەپرسی -ئاوا باشە؟-، (ئێوە دەزانن ئەوروپاییگەل زۆر کەمتر لە ئێمەمانان نان دەخۆن)؛ ئەو دیمەنە جوانانەی چیاگەلی ئالپ بەسەر دیوارە بێ خاچەکانەوە و ئەو شتانە ببینمەوە."

(کا) چاوی لێ بوو شینە ئێستا بە ئاشکرا بە نەفرەتەوە سەیری ئەم دەکات. "دوای سێ مانگ برادەرێک هەواڵی نوێی لە تورکیاوە هێنابوو. بەبیانووی گەیاندنی هەواڵی ئەم ئەشکەنجە و پەلامار و زۆرداریيە، تەلەفۆنێکم کرد بۆ هانز هانزن. بە سەرنجەوە گوێی لێم گرت، وەک هەردەم بە نەزاکەت و بەڕێز بوو. هەواڵێکی بچووکیش لە ڕۆژنامەکەدا بڵاو کرایەوە. ئەو هەواڵی ئەشکەنجە و مردنە هیچ بە دەردی منی نەخوارد. من دەمویست ئەو لێم بپرسێتەوە، بەڵام هەرگیز تەلەفۆنی بۆم نەکردەوە. جاروبار بەخەیاڵمدا دەهات نامەیەکی بۆ بنووسم و بپرسم گەلۆ چ هەڵەیەکم کردووە، بۆچی پێوەندیم پێوە ناکەن؟"

ئەم هەوڵەی (کا) بۆ خۆپێشاندانی وەک گاڵتەجاڕ، شینەی هێور نەکردەوە. شینە بە شۆخی پێکردنەوە گوتی: "ئیدی لەومەودا بیانوویەکتان بە دەستەوە دەبێت بۆ گەڕان بە دوایدا."

(کا) گوتی: "بەڵام پێویستە گەلاڵەی ڕاگەیەندراوێکی هاوبەش دابڕێژین لەگەڵ پێوانەکانی ئەڵمانیادا یەک بگرێتەوە بۆ ئەوەی لە ڕۆژنامەکەدا بڵاو بکرێتەوە."

"ئەو کوردە نەتەوەپەرست و کۆمۆنیستە نەرمە کێن کە پێویستە من ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان لەگەڵدا بنووسم؟"

(کا) گوتی: "ئەگەر مەترسیتان هەیە ئەو کەسانە سەر بە پۆلیس بن، ئەوا ئێوە خۆتان ناوەکان پێشنیاز بکەن."

"لە ئامادەیی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان چەندین لاوی کورد هەن دڵیان پڕە لە ڕق لە پای ئەوەی بەسەر هاوپۆلەکانیان هێندراوە. بێ هیچ گومانێک ئەتایستێکی نەتەوەپەرستی کورد، لای ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژئاوایی لە ئیسلامییەکی کورد بەنرخترە. لاوێکی کورد دەتوانێت لەم ڕاگەیەندراوەدا نوێنەرایەتیی کورد بکات."

(کا) گوتی: "باشە، ئێوە ئەو قوتابییە لاوە ئامادە بکەن. دەتوانم بڵێم ڕۆژنامەی فرانکفورتەر ڕوندشاو بەمە قایل دەبێت."

شینە بە شۆخی پێکردنەوە گوتی: "بێگومان، تۆ هەر چۆنێک بێت لای ئێمە نوێنەرایەتیی ڕۆژئاوا دەکەیت."

(کا) هیچ خۆی تێک نەدا. "گونجاوترین کەسیش بۆ کۆنە کۆمۆنیست–تازە دیموکرات، تورگوت بەگە."

قەدیفە بە نیگەرانییەوە گوتی: "باوکم؟" کاتێک (کا) بە بەڵێ وەڵامی دایەوە، قەدیفە ڕوونی کردەوە باوکی هەرگیز لە هۆتێل ناچێتە دەرەوە. هەموو تێکڕا دەستیان کرد بە قسە. شینە هەوڵی دا ڕوونی بکاتەوە تورگوت بەگیش وەک هەموو کۆنە کۆمۆنیستەکانی تر لە ڕاستیدا کەسێکی دیموکرات نییە و لەبەر ئەوەی لە ئیسلامییەکان دەترسێت، پێشوازیی لە کودەتا سەربازییەکە کردووە، بەڵام بۆ ئەوەی چەپیەتیی خۆی لەکەدار نەکات، سەختەکاری دەکات.

قەدیفە گوتی: "باوکی من سەختەکار نییە."

(کا) دەستبەجێ بە لەرەی دەنگی قەدیفە و بە گڕی لەپڕی چاوە تووڕەکانی شینەدا بۆی دەرکەوت ئەو جووتە لە سەرەتای یەکێک لەو شەڕانەدان کە پێشتر چەندین جار دووبارە بووەتەوە. حاڵیش بوو جووتەکە وەک دوو کەسی

ماندووی دەستی شەڕی درێژخایەن، ئیدی بەلایانەوە گرینگ نییە ناکۆکییەکانیان لە کەسانی دی بشارنەوە. لە قەدیفەدا سووربوونێکی تایبەت بە ژنانی ئەڤینداری بینی کە بەهەموو نرخێک پێوەستی دوایین وتەی خۆیانن، لە شینەشدا میهرەبانییەکی نائاسایی تێکەڵ بە هەستی لە خۆباییبوونی بەدی کرد، بەڵام لەپڕ هەموو شتەکان گۆڕان و جۆرێک لە سووربوون لە چاوەکانی شینەدا دەرکەوت.

شینە گوتی: "ڕاستییەکەی، باوکی تۆیش یەکێکە لە سەختەکارانی هاوشێوەی ئەتایستەکان و چەپە ڕۆشنبیرەکانی شەیدای ئەورووپا لەوانەی نەفرەت لە گەل دەکەن!"

قەدیفە دەستی دایە تەپڵەکی باغەی -ئەرسین ئەلەکتریک- لەسەر نووسراو و تا هێزی تێدابوو گرتیە شینە، بەڵام وێ دەچوو بەئەنقەست نیشانی نەپێکابێت. تەپڵەکەکە بەر دیمەنی ڤینیسیای سەر دیوارەکە کەوت و بە کپی کەوتە خوارەوە.

شینە گوتی: "باوکت چاو لەوەش دەپۆشێت کە کچەکەی ژێراوژێر ئەڤینداری ئیسلامییەکی ڕادیکاڵە."

قەدیفە بەنەرمی بە هەردوو دەستی کێشای بە ناوشانی شینەدا و دەستی کرد بەگریان. شینە لەسەر کورسییەکی گۆشەی ژوورەکە داینیشاند، هەردووکیان بە ڕیتمێکی ئەوتۆ دەدوان، بەجۆرێک (کا) خەریک بوو بێتە سەر ئەو باوەڕەی سەرلەبەری ئەم بەزمە شانۆگەرییەکی سازکراوە بۆ کاریگەری دانان لەسەر ئەم.

قەدیفە گوتی: "قسەکەت بگێڕە دواوە."

شینە، وەک ئەوەی بە سۆزەوە منداڵێکی بچووکی چاو بەگریان ژێر بکاتەوە، گوتی: قسەی خۆم دەکێشمە دواوە. بۆ سەلماندنی ئەمەش، ئامادەم لەگەڵ باوکتدا واژۆ بخەمە سەر ڕاگەیاندنەکە بێ ئەوەی گوێ بەوە بدەم باوکت ڕۆژ تا ئێوارە خەریکی گێڕانەوەی جۆکی زەندیقانەیە. بەڵام بەهۆی

ئەوەی نەبادا ئەمە کەمینێک بێت نوێنەرەکەی هانز هانزن –بزەیەکی بۆ (کا) کرد– بۆمانی نابێتەوە، من ئامادە نیم بێم بۆ هۆتێلی ئێوە. حاڵی بوویت گیانەکەم؟"

قەدیفە بە وڕکێکی کچانەوە کە (کا)ی سەرسام کرد، گوتی: "باوکم هەرگیز لە هۆتێل نایاتە دەرەوە، چونکە هەژاریی قارس میزاجی تێک دەدات."

(کا)، پێشتر هیچ ڕەنگێکی فەرمیی بە قسەکانی لەگەڵ قەدیفەدا نەدابوو، بەڵام ئەمجار بە ڕیتمێکی فەرمی پێی گوت: "قەدیفە، قایلی بکەن با بێتە دەرەوە." نیگای لەگەڵ نیگای قەدیفەدا یەکانگیر بوونەوە: "بەفر هەموو شتێکی داپۆشیوە."

ئەمجار قەدیفە تێ گەیشت و گوتی: "باشە، بەڵام باوکم پێش ئەوەی لە هۆتێل بێتە دەرێ، پێویستە قایل بکرێت لەتەک ئیسلامییەک و نەتەوەپەرستێکی کورددا واژۆ بخاتە سەر هەمان ڕاگەیەندراو. کێ ئەم ئەرکە لە ئەستۆ دەگرێت؟"

(کا) گوتی: "من ڕایدەپەڕێنم و ئێوەش هاوکاریم دەکەن."

قەدیفە گوتی: "لە کوێ یەکدی دەبینن؟ باشە ئەگەر باوکە بەستەزمانەکەم لەسەر ئەم تووڕەهاتانە دەستگیر کرا و بەم کۆتاییی تەمەنە خرایە زیندانەوە؟"

شینە گوتی: "ئەمە تووڕەهات نییە، ئەگەر یەک دوو هەواڵ لە ڕۆژنامەکانی ئەورووپادا بڵاو بکرێنەوە، ئەوا ئەنقەرە کەمێک گوێی پیاوەکانی خۆی لێرە ڕادەکێشێت و ئەمانیش چەند هەنگاوێک پاشەکشە دەکەن."

قەدیفە گوتی: "مەسەلەکە زیاتر دەرکەوتنی ناوی تۆیە، نەک بڵاوبوونەوەی هەواڵ لە ڕۆژنامەکانی ئەورووپادا."

کاتێک شینە ئەمەشی بە تێگەیشتنەوە پەسەند کرد و زەردەخەنەیەکی شیرینی بەسەردا کرد، (کا) لە بەرامبەریدا هەستی بە ڕێز کرد. بۆ یەکەمجار ئەوەی بەخەیاڵدا هات ئەگەر هەر هەواڵێک لە ڕۆژنامەی فرانکفورتەر ڕوندشاودا بڵاو بکرێتەوە، ئەوا ڕۆژنامە ئیسلامییە بچووکەکانی ئەستەنبوڵ

شانازیی پێوە دەکەن و بە پێوەنانەوە وەری دەگێڕن. ئەمەش، بەواتای ناسینی شینەیە لە هەموو تورکیادا.

بێدەنگییەکی درێژ باڵی بەسەریاندا کێشا. قەدیفە دەسرێکی دەرهێنابوو چاوی خۆی دەسڕییەوە. (کا) هەستی کرد دەستبەجێ لەگەڵ چوونە دەرەوەی ئەمدا، ئەم جووتە ئەڤیندارە سەرەتا دەبێتە شەڕیان و دواتر لەگەڵ یەکدیدا دەنوون. (کا) بیری کردەوە تۆ بڵێیت بخوازن ئەم بە زووترین کات بڕواتە دەرەوە؟ فڕۆکەیەک بە قوڵایی ئاسمانەوە دەفڕی. هەموویان لە بەشی سەرەوەی پەنجەرەکەوە چویان بڕییە ئاسمان و گوێیان ڕاگرت.

قەدیفە گوتی: "ڕاستییەکەی، هەرگیز فڕۆکە بە ئاسمانی ئێرەدا نافڕێت."

شینە گوتی: "ڕووداوگەلی نائاسایی قەوماون." دوایی پێکەنینی بەم بێ متمانەیییەی خۆیدا هات. سەرنجی دا (کا) بەدوای ئەودا پێ کەنی، ئەویش کێچ کەوتە کەوڵی: "دەگوترێت پلەی گەرما زۆر دابەزیوە، کەچی دەوڵەت ڕادەگەیەنێت تەنیا بیست پلە لە ژێر سفرەوەیە." ئەمەی بەجۆرێک دەربڕی وەک ئەوەی مەیدانبازی لەتەک (کا)دا بکات.

قەدیفە گوتی: "ئارەزووم دەکرد ژیانێکی ئاساییم هەبوایە."

شینە گوتی: "تۆ ژیانی ئاسایی سەرمایەداریت ڕەت کردووەتەوە. هەر ئەمەشە تۆی کردووە بە مرۆڤێکی جیاواز لەوانی تر."

"من ناخوازم لەوانی تر جیاواز بم، دەمەوێت وەک هەموو کەسێک مرۆیەکی ئاسایی بم. ئەگەر ئەم کودەتایە نەبوایە، لەوانەبوو پەچە فڕێ بدەم و وەک ئەوانی تر بم."

شینە گوتی: "لێرە هەموو ژنان سەرپۆش لە سەر دەکەن."

"وا نییە. زۆرینەی ژنانی خوێندەواری وەک من سەریان داناپۆشن. ئەگەر مەسەلەکە ئەوە بێت وەک هەموو ژنێک و کەسانی سادە بم، ئەوا بە داپۆشینی سەرم، خۆم لە هاوشێوەکانی خۆم دوور خستووەتەوە. لەمەشدا جۆرێک لە بەخۆدانازین هەیە و حەزی پێ ناکەم."

شینه گوتی: "کەواتە سبەینێ سەرپۆشەکەت فڕێ بدە. ئەودەم هەموو کەسێک ئەم ڕەفتارەت بە سەرکەوتن بۆ کودەتا سەربازییەکە لە قەڵەم دەدات."

قەدیفە گوتی: "هەموو کەس دەزانێت من وەک تۆ نیم بەردەوام بە بیری ئەوەوە بژیم داخۆ ئەوانی تر چۆن بیر دەکەنەوە." کچەکە لە حەژمەت چێژی سێکس ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو.

شینە زەردەخەنەیەکی شیرینی بۆ ئەمەش کرد، بەڵام (کا) بە ڕووخساریدا بۆی دەرکەوت شینە ئەمجار تەواوی توانای خۆی بەکار هێناوە. شینەش حاڵی بوو (کا) هەموو ئەمانەی بینی. ئەمە هەردوو پیاوەکەی گەیاندبووە بەر دەروازەی قۆناغی زۆر تایبەتی نێوان شینە و قەدیفە، واتا گەیشتبوونە سەرزەمینێک کە هەرگیز نەیاندەویست پێکەوە لێی بن. قەدیفە بە دەنگێکی نیوە هارەوە بەرپەرچی شینەی دایەوە، (کا) هەستی کرد قەدیفە پێوەندیی تایبەتی خۆی لەگەڵ شینەدا هاویشتە سەر زەوی و لە جێی لاوازەوە بریندداری کرد. (کا)شی خستە هەڵوێستی خۆ بەتاوانبارزانینەوە، چونکە هەموو ئەمانە لە بەرچاوی ئەوەوە قەومابوون. نەیزانی بۆچی لەم کاتەدا ئەو نامەی ئەڤینانەی بیر کەوتەوە کە نەجیب بۆ قەدیفەی نووسیبوون و ئەم لە دوێنێ شەوەوە لە گیرفانی نابوون؟

قەدیفە بەهەمان ڕیتمی ڕەشبینانەوە گوتی: "ناوی هیچ یەکێک لەو ژنانەی بەهۆی سەرداپۆشینەوە مامەڵەی خراپیان لەگەڵدا دەکرێت و لە قوتابخانە قاو دەدرێن، لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو نەکراوەتەوە، بگرە لەبری ئەو ژنانەی بەهۆی سەرداپۆشینەوە ژیانیان لێ شێواوە، وێنەی ئەو گوندی و خۆپارێز و ئیسلامییە نەرمانە دەردەچێت کە بەناوی ئەوانەوە دەدوێن. ژنی موسڵمان کاتێک دەکەوێتە سەر پەڕەی ڕۆژنامەکان ئەگەر مێردی سەرۆکی شارەوانی، یان شتێکی لەو بابەتە بێت و لە بۆنە و جەژنەکاندا لە تەنیشتییەوە ڕاوەستابێت. بۆیە دەرنەچوون نا، بگرە دەرچوون لەم ڕۆژنامانەدا باری خەمی من گران دەکات. ڕاستییەکەی، بەزەییم بەو پیاوە بێ دەسەڵاتانەدا دێتەوە لە کاتێکدا ئێمەی ژنان لە پێناوی پاراستنی تایبەتمەندییەکانی خۆماندا ئەو

هەموو ئازارە دەچێژین، ئەوان هەڵپەی خۆ دەرخستنیانە. لەبەر ئەم هۆیەیە دەمەوێت وتار لەسەر کچانی خۆکوشتوو بنووسرێت. پێم وایە منیش مافی خۆمە ڕاگەیەندراوێک بگەیەنم بە هانز هانزن."

(کا) بێ لێکدانەوە گوتی: "فرە باش دەبێت، تۆیش بە نوێنەرایەتیی ژنانی فێمینیستی موسڵمان واژۆ بخەرە سەر ڕاگەیەندراوەکە."

قەدیفە گوتی: "ناخوازم نوێنەرایەتیی کەس بکەم. گەرەکمە تەنیا خۆم، بە چیرۆکی خۆم و بە هەموو گوناه و کەموکورتییەکانمەوە لەوێ بەرامبەر ئەوروپاییەکان ڕابوەستم. مرۆڤ ئامادەیە بەسەرهاتی خۆی و شتی تریش بۆ کەسێک بگێڕێتەوە کە دڵنیایە جارێکی تر نایبینێتەوە... لە ڕابردوودا، ئەو دەمانەی ڕۆمانە ئەوروپاییەکانم دەخوێندەوە، وام دەزانی پاڵەوانەکان بەسەرهاتەکانی خۆیان بەو جۆرە بۆ نووسەران گێڕاوەتەوە. ئارەزوو دەکەم چوار پێنج کەس لە ئەوروپا بەو شێوەیە چیرۆکی من بخوێننەوە."

لە جێیەکی نێزیک لەو دەووروبەرە تەقینەوەیەک ڕووی دا، سەرانسەری ماڵەکە هەژا و جامەکان زرنگانەوە. شینە و (کا) دوای یەک دوو چرکە بە ترسەوە هەڵسانە سەرپێ.

قەدیفە گوتی: "من دەڕۆم و سەیرێک دەکەم." ئەو خوێندساردترین کەسی نێوانیان بوو.

(کا) پەردەی پەنجەرەکەی کەمێک لادایە لاوە و گوتی: "یارۆی خاوەن گالیسکە لەوێ نییە، ڕۆیشتووە."

شینە گوتی: "مانەوە لێرە جێی مەترسییە. تۆیش کاتێک دەڕۆیت، لە دەرگای ئەولای حەوشەوە بڕۆ دەرێ."

(کا) هەستی کرد شینە ئەمەی بەواتای "دە ئیدی بڕۆ" گوت، بەڵام چاوەڕێی کرد و خۆی نەجووڵاند. بە نەفرەتەوە سەیرێکی یەکتریان کرد. (کا) لە سالآنی زانکۆدا، ئەو دەمانەی لە ڕێڕەوە چۆڵ و تاریکەکاندا نەتەوەپەرستانی توندڕەو و قوتابیانی چەک بەدەستی دەبینی، ترسی لێ دەنیشت. ئێستا ئەو ترسەی

بیر کەوتبووەوە، بەڵام لەو سەردەمەدا لە نێوان پیاواندا ناکۆکی لەسەر ژن نەدەهاتە ئاراوە.

شـینە گـوتی: "لەوانەیە هەندێک بەگـومـان بم، بەڵام ئەمـە واتای ئەوە ناگەیەنێت تۆ سیخوڕی ڕۆژئاوا نیت. ئەگەر بە خۆشت نەزانیت سیخوڕیت و نیازێکی ئەوتۆشت نەبێت، ئەوا هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. بێگانەی ناومان تۆیت. ئەو گومان و سەمەرانەی تۆ لەم کچە باوەڕ پتەوەدا خوڵقاندت، بێ ئەوەی خۆی هەستی پێ بکات، بەڵگەی ئەمەن. بە نیگای ڕۆژئاواییی بۆ خۆت پەسەندکردووت، ئێمەت دادگایی کرد، لەوانەیشە لە ناخەوە پێکەنینت پێماندا هاتبێت... وەلێ من بەخەیاڵمدا نەهات، قەدیفەش بەهەمان شێوە، بەڵام تۆ بە ساویلکەییی خۆت بەڵێنی بەختەوەری و خەیاڵی ڕاستگۆیی ئەوروپات خستە نێوانمانەوە و سەرت لێمان شێواند. لێت زویر نابم، چونکە وەک هەموو مرۆڤێکی باش خراپە دەکەیت و هەستی پێ ناکەیت، بەڵام بەپێی ئەم قسانەم ئیدی لەمەودوا حسێبی مرۆیەکی پاک و بێگوناهت بۆ ناکرێت."

## ٢٧

# ددان بە خۆتدا بگرە کچم، لە قارسەوە کۆمەکت پێ دەگات

## (کا) تێ دەکۆشێت تورگوت بەگ لە ڕاگەیەندراوەکەدا بەشدار بکات

(کا) لە ماڵەکە چووە دەرێ و بێ ئەوەی کەس لە دووکانی فیتەرەکانی سەر حەوشەوە چاوی پێوە بێت، خۆی کرد بە بازاڕدا. چووە ئەو دووکانە بچووکەی گۆرەوی و پەڕاو و کاسێتفرۆشی کە دوێنی (ڕۆبێرتا)ی (پەپینۆ دی کاپری)ی تێدا بیستبوو. پەڕە بەپەڕەی نامەکانی نەجیبی بۆ قەدیفە دایە دەستی فرۆشیاری لاوی خوێن تاڵ و ڕەنگ زەردەکی پشت مێزەکەوە و دوای کرد کۆپییان لەبەر بگرێتەوە. بۆ ئەمە پێویست بوو پێشتر زەرفەکان هەڵتەکێنێت. دواتر نامە ڕاستەقینەکانی خستە زەرفی کاڵ و هەرزانبەهای لە هەمان بابەت و بە لاساییکردنەوەی دەستنووسی نەجیب، قەدیفە یلدزی لەسەر زەرفەکان نووسی.

شێوەی ئیپەک هاتە پێش چاوی و ئەمی بۆ درۆ و شەڕ لە پێناوی بەختەوەریدا بانگ دەکرد. بە هەنگاوی خێرا بۆ هۆتێل گەڕایەوە. بەفر سەرلەنوێ دەستی پێ کردبووە و بە کلووی گەورە گەورە دەباری. لە شەقامەکاندا هاتوچۆی ئێوارەیەکی ئاسایی بەدی کرد. گۆشەی لێکدانی شەقامی ڕێگەی سەرا و شەقامی خالید پاشا بەهۆی کەڵەکەبوونی بەفرەوە بەرتەسک بووبووەوە و عەرەبانە خەڵوزێکی دوای ئەسپێکی شەکەت، ڕێگەی بەستبوو. فلچەکانی ئۆتۆمبیلی ڕاوەستاوی دوای عەرەبانەکە هەر فریای ئەوە دەکەوت جامەکان بە پاکی ڕابگرێت. کاتێک بینی وا هەرکەسە بە توورەکەی نایلۆنەوە بەرەو ماڵ، ڕووەو بەختەوەریی سنوورداری خۆیان دەگەڕێنەوە،

خەمێکی لەجۆری ئەوەی لە ئێوارانی خۆڵەمێشیی سەردەمی منداڵیدا هەستی پێ دەکرد، بەری ئاسمانی گرتبوو، بەڵام سەرباری ئەوەش، وەک ئەوەی لە سەرەتای ڕۆژێکی نوێدا بێت، لە خۆیدا هەستی بە گوڕ و بە تین دەکرد.

لە ڕێوە چووە ژوورەکەی خۆی، کۆپیی نامەکانی نەجیبی لە بنی جانتاکەیدا شاردەوە. پاڵتۆکەی داکەند و هەڵیواسی. بە وردەکارییەکی فرە سەیرەوە دەستەکانی شۆری. لە خۆیەوە ددانەکانی شۆری (ئێواران ئەم کارەی ڕادەپەڕاند)، پێی وا بوو شیعرێکی نوێی بۆ دێت، بۆیە ساتێکی درێژ لە پەنجەرەکەوە بۆ دەرەوەی ڕوانی. لەلایەکی دی، بە کەڵوەرگرتن لە گەرمیی شۆفاژی بەردەم پەنجەرەکە، لەبری شیعر، هەندێک لە بیرەوەرییە لە بیرکراوەکانی سەردەمی منداڵی و تافی لاوی بیر کەوتەوە: سەرلەبەیانیی ڕۆژێکی بەهاری لەگەڵ دایکیدا بۆ قۆپچە کڕین چووبوون بۆ بازاڕی بەیئۆغڵو و (پیاوێکی قرێژ) دوایان کەوتبوو... ئەو تاکسییەی دایک و باوکی ئەمی دەگەیاندنە فڕۆکەخانە بەمەبەستی گەشتوگوزرار لە ئەوروپا، چۆن لە گۆشەی نیشانتاشی لە چاو ون دەبوو... لە ئاهەنگێکدا لە دوورگەی گەورە، کچێکی بالابەرز، قژدرێژ و چاوسەوزی ناسیبوو، چەندین سەعات سەمای لەتەکدا کردبوو، دواتر نەیزانیبوو چۆن جارێکی تر بیبینێتەوە و چەندین ڕۆژ لە تاو ئەڤین تووشی ژانەسک هاتبوو... هیچ ڕایەڵەیەک لە نێوان ئەم بیرەوەرییانەدا نەبوو، (کا) ئێستا زۆر باش حاڵی بووبوو ژیانی ئەو لەبری ئەڤینداربوون و بەختەوەربوون، لە زنجیرەیەک ڕووداوی ئاسایی، بێ واتا و پێکەوە ناپەیوەست پێک دەهات.

دابەزیە خوارەوە، بەبڕوا بەخۆبوونی کەسێکەوە کە ساڵانێک بێت نەخشەی سەردانێکی دارشتبێت، بە خوێنساردییەکی مایەی سەرسامبوونی خۆیشییەوە دەرگای سپیی جیاکەرەوەی شوێنی حەوانەوەی خاوەن هۆتێل و هۆڵی پێشوازیی کوتا. وا هەستی کرد ژنە خزمەتکارە کوردەکە کتومت وەک ڕۆمانەکەی تورگەنیەڤ بە ڕیتمێکی (نیمچە ڕازدار و نیمچە ڕێزداری)یەوە پێشوازی لێ کرد. چووە ئەو ژوورەوەی دوێنێ ئێوارە نانیان تێدا خواردبوو،

بینی وا تورگوت بەگ و ئیپەک لەسەر قەنەفەیەکی درێژ و پشت لە دەرگا، لە بەردەم تەلەڤزیۆندا دانیشتوون.

تورگوت بەگ گوتی: "قەدیفە لە کوێیت؟ دەست پێ دەکات."

تیشکی لاوازی بەفر لە دەرەوە خۆی دەکرد بەو ژوورە بەرفراوان و بنمیچ بەرزەی کەونە ماڵی ڕووسیدا و بەجۆرێک کەوتە بەرچاوی (کا) وەک ئەوەی ژوورەکەی نان خواردنی دوێنێ شەو نەبێت.

کاتێک باوک و کچ هەستیان کرد ئەوەی هاتە ژوورەوە، (کا)یە، وەک جووتێک مرۆڤی تایبەتمەندی پێشێلکراو ساتێک نیگەران بوون، (کا) درەوشانەوەیەکی لە چاوی ئیپەکدا بەدی کرد و ئەمەش دڵخۆشی کرد. لەسەر کورسییەک، بەجۆرێک باوک و کچە و تەلەڤزیۆنی داگیرساوی لێوە دەبینی، دانیشت، بە سەرسامییەوە تەماشای کرد ئیپەک زۆر شۆختره لەوەی بەخەیاڵی ئەمدا هاتبوو. ئەمە مەترسیی هەناوی گەورەتر دەکردەوە، بەڵام ئێستا باوەڕی وا بوو دواجار بەیەک دەگەن و پێکەوە بەختەوەر دەبن.

"من سەعات چواری هەموو ڕۆژێک لێرە لە گەڵ کچەکانمدا دادەنیشم و سەیری ماریانا دەکەم." تورگوت بەگ ئەمەی بەکەمێک شەرمەوە گوت، تۆزیکێش بە دەربڕینێکەوە کە واتای "ئامادەش نیم کەس حسێبم لێ بپرسێت "ی دەگەیاند.

ماریانا، زنجیرەیەکی میلۆدرامایی مەکسیکی بوو کەناڵێکی گەورەی تەلەڤزیۆن لە ئەستەنبوڵ پێنج جار لە هەفتەدا بڵاوی دەکردەوە و لە سەرانسەری تورکیادا زۆر حەزی لێ دەکرا. ماریانا کچێکی بەژن کورت، چاو گەورە و سەوز، دڵگیر و هەڵقوون بوو، زنجیرەکەش بەناوی ئەوەوە ناو نرابوو. سەرباری سپێتیی پێستی، کەسێکی سەر بە توێژی خوارەوە بوو. هەر کاتێک بینەر ڕووبەڕووی هەڵوێستی دژوار، تاوانبارکردنی ناڕەوا، ئەڤینی یەکلایەنە و بەدحاڵیبوون دەبووەوە، قژی درێژ، ڕووخساری بێگەرد، ڕابردووی هەژارانە، بێکەسی و تەنیاییی ماریانای بیر دەکەوتەوە. لەو ساتەدا، تورگوت بەگ و

کچەکانی، وەک پشیلە خۆیان لەسەر قەنەفەکە گرمۆڵە دەکرد و زیاتر یەکتریان دەگوشی. کچەکان لەملا و لاوە سەریان دەخستە سەر سنگی باوکیان، پاڵیان بە شانییەوە دەدا و هەریەکەیان یەک دوو دڵۆپ فرمێسک لە چاوی دەهاتە خوارەوە. تورگوت بەگ بەهۆی ئەوەی شەرمی بە خۆیدا دەهاتەوە لە پای ئەوەی هێندە ئالوودەی زنجیرەیەکی میلۆدرامییە، ناوبەناو جەختی لەسەر هەژاریی ماریانا و مەکسیک دەکرد و دەیگوت ئەم کچەش بەشێوازی خۆی لە دژی سەرمایەداران تێ دەکۆشێت. جاروباریش ڕووی لە پەردەی تەلەڤزیۆنەکە دەکرد و دەیگوت: "ددان بە خۆتدا بگرە کچم، لە قارسەوە کۆمەکت پێ دەگات." بەدوایدا، کچە چاو بە فرمێسکەکانی، سووکە بزەیەکیان بۆی دەکرد.

لەگەڵ دەست پێکردنی زنجیرەکەدا، بزەیەک کەوتە سەر لێوی (کا)، بەڵام کاتێک چاوی بە چاوی ئیپەک کەوت، حاڵی بوو ئەمەی بە دڵ نەبووە، برۆکانی گرژ کردەوە.

لە ماوەی یەکەمی ڕێکلامەکاندا، (کا) بەخێرایی و بە متمانە بەخۆبوونەوە بابەتی ڕاگەیەندراوەکەی لای تورگوت بەگ کردەوە و توانی لە ماوەیەکی کورتدا سەرنجی بۆ سەر بابەتەکە ڕابکێشێت. تورگوت بەگ زیاتر بەوە دڵخۆش بوو حسێبی بۆ کراوە و بەهەند گیراوە. پرسیاری کرد کێ خاوەنی بیرۆکەی ئەم ڕاگەیەندراوەیە و کێ ناوی ئەمی پێشنیاز کردووە.

(کا) لە وەڵامدا پێی گوت لەبەر ڕۆشناییی گفتوگۆکانی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی دیموکراتی ئەڵماندا، خۆی لێرە ئەم بڕیارەی داوە. تورگوت بەگ پرسیاری ئەوەی کرد داخۆ ڕۆژنامەی فرانکفورتەر ڕوندشاو چەند دانەی لێ دەفرۆشرێت؟ ئایا هانز هانزن کەسێکی (مرۆدۆستە)، یاخۆ نا. (کا) بۆ ئەوەی تورگوت بەگ بۆ شینە ساز بکات، وای تێ گەیاند شینە ئیسلامییەکی ترسناکە و لە بەهای دیموکراسی حاڵی بووە، بەڵام تورگوت بەگ خۆی لەم باسە پاراست و گوتی پەنابردن بۆ ئاین یەکێکە لە ئاکامەکانی هەژاری، بە بیریشی هێنایەوە ئەگەرچی باوەڕی بە دۆزی کچەکەی و هاوڕێکانی نییە،

بەڵام ڕێزی بۆیان هەیە. گوتیشی بەهەمان هەستەوە ڕێز لە لاوێکی کوردی نەتەوەپەرستیش -سا هەر کێ بێت- دەگرێت، ڕوونیشی کردەوە ئەگەر خۆی لاوێکی کورد بایە و لەم شارە بژیابایە، ئەوا دەبوو بە کوردێکی نەتەوەپەرست. وا ڕەفتاری دەکرد وەک ئەوەی لە یەکێک لەو ساتە پڕ لە جۆشانەیدا بێت کە تیایدا پشتیوانی لە ماریانا دەکات. بەخرۆشەوە گوتی: "شتێکی هەڵەیە ئەگەر ئەمە بە ئاشکرا بڵێم، بەڵام من دژی کودەتای سەربازیم." (کا) پێی گوت ئەم ڕاگەیەندراوە لە تورکیا بڵاو ناکرێتەوە، بەمە کەمێک ئارامی کردەوە. دواتر گوتی: "ئەم کۆبوونەوەیەش تەنیا دەکرێت لە ژوورێکی ئازووقەی نهۆمی هەرە سەرەوەی هۆتێلی ئاسیا بێ ترس ببەسترێت. مرۆڤ دەتوانێت، بێ ئەوەی ببیندرێت، لە دەرگای پشتەوەی دووکانێکی ناو بازاڕە داخراوەکەوە بە حەوشەدا بچێتە هۆتێلەکەوە."

تورگوت بەگ لە وەڵامدا پێی گوت: "پێویستە پێشانی جیهان بدرێت مرۆڤی دیموکرات لە تورکیاش هەن." لەبەر ئەوەی زنجیرەکە دەستی پێ کردەوە، بەپەلە ئەو بۆچوونەی خۆی ڕاگەیاند. پێش ئەوەی ماریانا لەسەر پەردەی تەلەڤزیۆن دەرکەوێت، سەیرێکی سەعاتەکەی کرد و پرسی: "قەدیفە چی بەسەر هات؟"

(کا)ش وەک باوک و کچەکە بە بێدەنگی سەیری ماریانای کرد.

ماریانا، ساتێک بە دەردی ئەڤینەوە شان بەشانی خۆشەویستەکەی بە پلیکانەیەکدا سەرکەوتنە سەرێ. ئەگەر دڵنیا بوون کەس نایانبینێت، یەکدییان لە ئامێز گرت. یەکیان ڕانەمووسی، بەڵام شتێکی تریان کرد کە زۆر کاری لە (کا) کرد: بەتەواوی هێزی خۆیانەوە باوەشیان بە یەکدیدا کرد. لە بێدەنگییەکی درێژخایەندا، (کا) حاڵی بوو سەرجەم دانیشتووانی قارس؛ ئەو پیاوانەی لە بازاڕەوە بۆ ماڵ ڕۆیشتوونەتەوە، خاتوونانی ماڵ و کچانی قۆناغی خوێندنی ناوەندی و بەساڵاچووەکانیش سەیری ئەم زنجیرەیە دەکەن. پێشبینیی ئەوەشی کرد نەک تەنیا شەقامە خەمگینەکانی قارس، بگرە کۆڵان و شەقامەکانی سەرانسەری تورکیا بەهۆی سەیرکردنی ئەم زنجیرەیەوە چۆڵن

و کـەسـیـان پێـوە نیـیـە. ئەوەشی بۆ ڕوون بـووەوە ئەو ژیانە وشک و برینگەی بەهۆی لـە خـۆبایـیـبـوونی ڕۆشـنبـیـریـی، دەرد و گـرفـتـی سـیـاسـی و خــۆ بە تێگـەیشـتـووزانیـنەوە و دوور لە هـەسـتـە ورووژێنراوەکـانی ناو ئەم زنجـیـرەیە بەســـەری دەبـات، هـەمــووی لە بودەڵەییی خــۆیەتی. دڵنیــاش بوو لـە پێکەوە خەوتنی شـینە و قەدیفـە، دەیزانی ئێستا خۆیان خـزاندووەتە گۆشـەیەکەوە، بە ڕاکشانەوە باوەشیان بە یەکدا کردووە و بە خـۆشـەویستییـەوە سـەیری ماریانا دەکەن.

کـاتێک ماریانا بە خۆشـەویسـتەکەی گوت: "بـەدرێژاییی ژیانم چاوەڕێی ئەم ڕۆژەم دەکرد"، (کا) هەسـتی کرد هـەروا بەڕێککەوت نییـە ئەم ڕسـتـەیە لەگەڵ بۆچوونی ئەمــدا یەک دەگـرێتــەوە. هـەوڵی دا چاو ببــڕێتــە چاوی ئیــپــەک. خۆشـەویسـتەکەی، سـەری خسـتبووە سـەر سنگی باوکی، چاوە گەورەکانی لە تاو خەم و ئەڤـین هـەڵاوسابوون و لە پەردەی تەلەڤزیۆنەکەی بڕیبوون، بە کامی دڵ خۆی هـاویشتبووە ناو ئەو (سۆزان)ەوە کە زنجیرەکە پێشانی دەدان.

خـۆشـەویسـتـە ڕێکپۆش و ڕووخسـار خاوێنەکەی ماریانا گوتی: "سـەرباری ئەوەش زۆر نیگەرانم. بنەماڵەکەم دەستوور نادات ئێمە بەیەک بگەین."

مـاریانای گـەشـبـین گـوتی: "ئەگـەر یەکتـرمـان خـۆش بـوێت، نابێت ڕووداوی ترسناک بقەومێت."

تورگـوت بەگ خـۆی لە گفـتـوگۆکـەیان هەڵقـورتانـد و گـوتی: "کـچی خـۆم، دوژمنی ڕاستەقینەی تۆ، ئەو پیاوەیە."

ماریانا گوتی: "خوازیارم بێ ترس منت خۆش بوێت."

(کا) دوای هـەولێکی شـێلگیـرانـە بۆ بینینی ناو چاوانی ئیـپـەک، لە بینینی چاوانیـدا سـەرکـەوتنی بە دەست هێنـا، بەڵام ژنەکە دەسـتـبـەجێ چاوی خـۆی وەرگێڕا. لەگەڵ دەست پێکردنی ماوەی ڕێکلام لە تەلەڤزیۆندا، ڕووی لە باوکی کرد و گوتی: "بابە گیان، بە ڕای من، چوونتـان بۆ هۆتێلی ئاسـیا لە مـەترسی بەدەر نییە."

تورگوت بەگ گوتی: "نیگەران مەبە."

"سالانێکی درێژە دووپاتی دەکەنەوە و دەڵێن هەر دەرچوونێکتان بۆ شەقامەکانی قارس، نەگبەتییەکی بەدواوە بووە."

تورگوت بەگ گوتی: "بەڵێ، بەڵام پێویستە نەچوونم بۆ ئەوێ لەبەر بنەمایەک بێت، نەک لە ترساندا." ڕووی کردەوە (کا): "پرسیار ئەوەیە: ئێستا من وەک کەسێکی کۆمۆنیست، نوێخواز، لایست، دیموکرات و نیشتمانپەروەر، ئایا پێویستە سەرەتا باوەڕ بە ڕۆشنگەری بکەم، یاخۆ بە ویستی میللەت؟ ئەگەر بێ سنوور باوەڕم بە ڕۆشنگەری و ڕۆژئاواییبوون هەبێت، پێویستە پشتیوانی لەم کودەتا سەربازییەی بەرپاکراو لە دژی ئیسلامییەکان بکەم. خۆ ئەگەر ویستی میللەت لە پێش هەموو شتێکی ترەوە بێت و منیش دیموکراتێکی سادە و بێ چەند و چۆن بم، ئەوا دەبێت بڕۆم واژۆی خۆم بخەمە سەر ئەو ڕاگەیەندراوە. ئێوە بڕواتان بە کامیان هەیە؟"

(کا) گوتی: "لایەنی زۆر لێکراوان بگرن و بڕۆن واژۆی خۆتان بخەنە سەر ئەو ڕاگەیەندراوە."

"هەر ئەوەندە بەس نییە مرۆڤ زۆر لێکراو بێت، پێویستە لەسەر مافیش بێت. زۆربەی زۆر لێکراوان تا ڕادەی تووڕەهاتی لەسەر ماف نین. بڕوا بە چی بێنین؟"

ئیپەک گوتی: "ئەو بڕوای بەهیچ نییە."

تورگوت بەگ گوتی: "هەرکەسە بڕوای بە شتێک هەیە. تکایە پێمان بڵێن بیر لە چی دەکەنەوە؟"

(کا) هەوڵی دا ڕوونی بکاتەوە ئەگەر تورگوت بەگ واژۆ بخاتە سەر ڕاگەیەندراوەکە، ئەوا دیموکراسی لە قارسدا کەمێکی تر گەشە دەکات. ئێستا بە شڵەژانەوە هەستی دەکرد نەهاتنی ئیپەک لەگەڵیدا بۆ فرانکفورت، ئەگەرێکی بەهێزە، ترسی ئەوەی هەبوو بە خوێن ساردیی خۆی تورگوت بەگی پێ قایل نەکرێت و لە هۆتێل پێی نەکرێتە دەرەوە. لە پای ئەوەی هەندێک شتی

دەگوت بێ ئەوەی خۆی باوەڕی پێ هەبێت، لە ناخەوە هەستی بە ئازادییەکی سەرسووڕهێنەر کرد. لە بن لێوەوە باسی ڕاگەیەندراوەکە و هەندێک شتی تری زاندراوی لەکن لایەنگرانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ کرد، لە چاوی ئیپەکدا تیشکێکی بینی و ئەوەی تێدا خوێندەوە ژنەکە بڕوا بەهیچ کامێک لە قسەکانی ئەم ناکات، بەڵام ئەوە تیشکێکی شورەیی ئامێز و ڕەوشتپارێزانە نەبوو؛ بگرە تەواو بە پێچەوانەوە، بارگراویکراو بوو بە ئارەزووی سێکس و گێچەڵ و دەیگوت: "دەزانم، بۆیە ئەم هەموو درۆیە دەکەیت، چونکە منت دەوێت." بەمجۆرە (کا) دەستبەجێ لە میانەی بایەخی هەستیاریی میلۆدراماکەوە، گەیشتە ئەو بڕیارەی پەنجەی خستووەتە سەر ڕاستییەکی تر و بەدرێژاییی ژیانیش لێی تێ ناگات: ئەو پیاوانەی جگە لە ئەڤین بڕوا بەهیچ شتێکی تر ناکەن، زیاتر جێی سەرنجی ژنانن... بەخرۆشی ئەم زانیارییە نوێیەوە، وتەیەکی درێژی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، ئازادیی بیر و ڕا دەربڕین، دیموکراسی و شتی لەو جۆرە پێشکێش کرد. چەند ڕستەیەکی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ گوتەوە لەوانەی ڕۆشنبیرە گێژەکانی ئەوروپا و لاسایکەرەوەکانیان لە تورکیا بێ وچان دووبارەی دەکەنەوە، چاوی بڕییە ئیپەک خەیاڵی چوو بۆ ئەوەی دەتوانێت بیباتە جێگەوە.

تورگوت بەگ گوتی: "ڕاست دەکەن." بەدوای تەواوبوونی ڕێکلامەکاندا پرسیاری کرد: "قەدیفە چی بەسەرهات؟"

تورگوت بەگ لەگەڵ دەست پێکردنەوەی فیلمەکەدا ئۆقرەی لێ بڕابوو، دڵی پێوە بوو بڕوا بۆ هۆتێلی ئاسیا، بەڵام دەشترسا. بە خەم و مەینەتیی پیاوێکی بەساڵاچوو، و نوقمبووی ناو خەیاڵ و بیرەوەری، بەدەم سەیرکردنی ماریاناوە، هێدی هێدی سەبارەت بە بیرەوەرییەکانی تافی لاوی، ترسی زیندانیکردن و لێپرسراویی مرۆڤ قسەی کرد. (کا) هەستی کرد، ئیپەک لەلایەک نەفرەتی لێ دەکات لەبەر ئەوەی تورگوت بەگی خستووەتە ترسەوە، لەلایەکی دیش ستایشی دەکات، چونکە توانیویەتی قایلی بکات. گوێی بەوە نەدا ئیپەک هیچ سەیری ئەم ناکات. لەگەڵ تەواوبوونی زنجیرەکەدا، ئیپەک باوەشی بە باوکیدا

کرد و گوتی: "ئەگەر دڵتان پێوەی نییە، مەڕۆن. ئێوە لە پێناوی کەسانی تردا بەشی خۆتان ئازارتان چەشتووە."

(کا) لە ڕووخساری ئیپەکدا تارماییەکی بەدی کرد، بەڵام ئیلهامی شیعرێکی نوێ و کامەرانی بۆ هاتبوو. بە بێدەنگی لەسەر کورسیی لای دەرگای ئاشپەزخانە دانیشت و بە گەشبینییەوە شیعری تازە بۆهاتووی نووسی. پێش کەمێک زاهیدە خاتوون لەسەر ئەو کورسییە تەماشای زنجیرەکەی دەکرد و فرمێسکی هەڵدەڕشت.

کاتێک شیعرەکەی بێ کێماسی نووسی، زۆر دواتر ناوی (بەختەوەر دەبم)ی بۆی دانا و لەوانەیە مەبەستی واتایەکی تۆێکڵدار بووبێت. پاش ئەوەی ئەم شیعرەکەی تەواو کرد، قەدیفە، بێ ئەوەی ئەم ببینێت، بەپەلە خۆی کرد بە ژوورەوەدا. تورگوت بەگ بەرزە پێ لە شوێنی خۆی ڕاپەڕی، لە ئامێزی گرت و ماچی کرد، لێی پرسی لە کوێ بووە و بۆچی دەستەکانی هێندە ساردن. دڵۆپێک فرمێسک لە چاوەکانی هاتبوونە خوارەوە. قەدیفە گوتی سەرێکی لە خەندە داوە، لەوێ کەمێک دواکەوتووە، نەیویستووە ماریانا لە دەست بدات و تا کۆتایی لەوێ تەماشای کردووە. تورگوت بەگ گوتی: "کچەکەمان چۆنە؟" (مەبەستی ماریانا بوو)، بەڵام بێ ئەوەی گوێ بۆ وەڵامی قەدیفە ڕابگرێت، چووەوە سەر بابەتەکەی تر. ئەو مەسەلەیە ئۆقرەی لێ بڕیبوو، هەموو جەستەی هێنابووە لەرزین و بەپەلە ئەو شتانەی گێڕایەوە کە لە (کا)ی بیستبوو.

قەدیفە وا خۆی پێشان نەدا وەک ئەوەی یەکەمجاری بێت گوێی لەم مژارە بێت، کاتێکیش (کا)ی لەو سەری ژوورەکەدا بینی، وای نواند وەک ئەوەی زۆری بەلاوە سەیر بێت (کا) لەوێیە. بەدەم هەوڵدانەوە بۆ داپۆشینی سەری، گوتی: "خۆشحاڵ بووم بە بینینتان لێرە"، بەڵام پێش ئەوەی سەری داپۆشێت، لە بەردەم تەلەڤزیۆنەکە دانیشت و کەوتە ئامۆژگاریکردنی باوکی. ئەم سەرسووڕمانەی قەدیفە هێندە لە ڕاستییەوە نێزیک بوو، کاتێک هەوڵی دا باوکی بە ڕۆیشتن بۆ کۆبوونەوەکە و واژۆ خستنە سەر ڕاگەیەندراوەکە قایل

بکات، (کا) بیری بۆ ئەوە چوو ئەم کچە لە بەردەم باوکیدا ڕۆڵ دەگێڕێت. بەو پێیەی شینەش دەیویست ڕاگەیەندراوەکە بەشێوەیەک بێت لە دەرەوەی وڵات بڵاو بکرێتەوە، پێ دەچوو ئەو گومانە لەجێی خۆیدا بێت، بەڵام (کا) ترسێکی لە ڕووخساری ئیپەکدا بەدی کرد و هەستی کرد هۆیەکی تریش لە ئارادایە.

قەدیفە گوتی: "باوکە گیان، با منیش لەگەڵتاندا بێم بۆ هۆتێل ئاسیا."

تورگوت بە ڕیتمێکی وەرگیراو لەو زنجیرانەی سەردەمانێک پێکەوە سەیریان کردووە و لەو ڕۆمانانەی پێکڕا خوێندوویانەتەوە، گوتی: "بەهیچ جۆرێک نامەوێت بەهۆی منەوە بەڵا بەسەر خۆتدا بهێنیت."

ئیپەک گوتی: "باوکە گیان، لەوانەیە دەستتێوەردانتان لەم کارە ببێتە هۆی خزانە ناو مەترسییەکی ناپێویست."

(کا) هەستی کرد ئیپەک لە میانەی قسەکردن لەگەڵ باوکیدا چەند ئاماژەیەکی ئاڕاستەی ئەمیش کردووە، لە ڕاستیدا قسەکانی ئەویش وەک قسەی هەموو ئەوانی تری ناو ژوورەکە، دوو واتایان هەبوو، لابردنی ناوبەناوی نیگاکانی و جاربەجاریش چڕکردنەوەیان لەسەر ئەم، هەبوونی جووت واتایی قسەکانی تۆختر دەکردەوە. پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ، بۆی دەرکەوتبوو -جگە لە نەجیب- هەموو کەسێک لە قارس لە خۆوە قسەی جووت واتایی دەکەن، لە خۆی دەپرسی داخۆ ئەم دیاردەیە پێوەندیی بە هەژاری، ترس و تەنیایی، یاخۆ بە تێکشکانی ژیانەوە هەیە؟ ئەگەر ئیپەک دەیگوت "باوکە گیان مەڕۆن"، (کا) هەستی دەکرد ئەمە گێچەڵە و بەمی دەکات، کاتێکیش قەدیفە باسی لە پێوەستبوونی خۆی بە ڕاگەیەندراوەکە و بە باوکییەوە دەکرد، (کا) دەیزانی ئەم پێداگرتنەی لە ڕووی پابەندبوونێتی بە شینەوە.

بەو جۆرە لە شتێکدا چەقی ساڵانی دواتر بە "قوڵترین گفتوگۆی جووت واتایی لە ژیانمدا" ناوی دەبرد. بەهێزەوە هەستی بەوە کردبوو ئەگەر ئێستا تورگوت بەگی بۆ نەرم نەکرێت و لە هۆتێل نەیکاتە دەرێ، ئەوا هەرگیز

ناتوانێت لەگەڵ ئیپەکدا بنوێت، ئەمەی لە چاوە شەڕفرۆشەکانی ئیپەکیشدا دەخوێندەوە، گەیشتە ئەو بڕیارەی ئەمە دوایین هەلەی ژیانێتی بۆ گەیشتن بە بەختەوەری. دەستبەجێ حاڵی بوو ئەو قسە و بیر و ڕایانەی بۆ قایلکردنی تورگوت بەگ بە خەرجی دەدان، هەمان ئەو بیر و بۆچوونانە بوون کە ڕێیان بۆ بە خۆڕاییی بەسەرچوونی ژیانی ئەم خۆش کردبوو. ئەمەش، لە ناخیدا ئارەزووی تۆڵەسەندنەوەی لە ئیدیالە چەپڕەوەکانی تافی لاوی ورووژاند، بەڵام ئێستا بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، خەریک بوو ئەو بابەتەی لە بیر دەکرد. کاتێک بەمەبەستی قایلکردنی تورگوت بەگ و دەرپەڕاندنی لە هۆتێل قسەی بردەوە سەر کردنی کارێک لە پێناوی ئەوانی تردا، بۆ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر هەژاریی وڵات و مەینەتییەکانی، ویستی شارستانیبوون و هەستی پشتیوانی لێکردن، لە ناخی خۆیدا هەستی بە ڕاستگۆییەکی چاوەڕوان نەکراو کرد. جۆش و خرۆشی چەپڕەویی تافی لاوی، سووربوونی لەسەر ئەوەی نەبێت بە سەرمایەدارێکی ئاسایی و بەربادی تورک و ئارەزووی ژیانی ناو کتێب و ئیدیاکان کەوتبووەوە بیری. بەو جۆرە، بەجۆشی لاوێکی بیست ساڵەوە بیر و باوەڕەکانی خۆی بۆ تورگوت بەگ دووپات کردەوە، ئەو بیر و باوەڕانەی کە دایکی لە دژی دەوەستایەوە بۆ ئەوەی ڕێ لە بە شاعیربوونی کوڕەکەی بگرێت و لەمەشدا لەسەر ماف بوو، ئەو بیر و باوەڕانەی کە هەموو ژیانی ئەمیان بە با دا و دواجار دووریان خستەوە بۆ کونە مشکێک لە تاراوگەی فرانکفورت. لەلایەکی تریش، هەستی دەکرد زبری و قەبەییی وشەکانی بۆ ئیپەک واتای "دەمەوێت بەهەمان زبری لەگەڵتدا بنووم" دەنوێنێت. بیری بۆ ئەوە چوو ئەو زاراوە چەپانەی سەرتاپای ژیانی خۆی لە پێناویاندا بەخت کردبوو، دواجار بە کەڵکی شتێک دێن و دەتوانێت لە سایەیاندا ئیپەک بۆ ناو جێگە پەلکێش بکات؛ ئەوەش لە ڕۆژگارێکدا کە هیچی تر بڕوا بەو دەستەواژانە ناکات، بگرە وای هاتە پێش چاو گەورەترین بەختەوەری لە ژیاندا ئەوەیە بتوانێت کچێکی جوان و ژیر لە ئامێز بگرێت و لە گۆشەیەکدا شیعر بنووسێت.

تورگوت بەگ گوتی "هەر ئێستا" بۆ کۆبوونەوەی هۆتێل ئاسیا دەڕوات. بۆ خۆئامادەکردن و خۆگۆڕین لەگەڵ قەدیفەدا چووە ژووری خۆی.

(کا) خۆی لە ئیپەک نێزیک خستەوە، هەر لەو گۆشەیە دانیشتبوو کە پێش کەمێک لەگەڵ باوکیدا سەیری تەلەڤزیۆنی لێوە دەکرد. هێشتا وا دانیشتبوو وەک ئەوەی پاڵی بە باوکییەوە دابێت. (کا) بەچرپە پێی گوت: (لە ژوورەکەم چاوەڕێت دەکەم."

ئیپەک گوتی: "منت خۆش دەوێت؟"

"زۆر."

"ئایا ئەمە ڕاستییە؟"

"زۆر ڕاستە."

ماوەیەک بێدەنگ بوون. (کا) سەرنجی لە نیگای ئیپەک دا و لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەی کرد. بەفر دەستی پێ کردبووەوە. گڵۆپی شەقامی بەرامبەر هۆتێلەکە داگیرسابوو، ئەگەرچی کلووە بەفرە گەورەکانیشی ڕووناک دەکردەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەرەوە بەتەواوی تاریک دانەهاتبوو، وەک ئەوە وا بوو لە خۆڕایی داگیرسێندرابێت.

ئیپەک گوتی: "تۆ برۆ ژوورەکەت. دوای ڕۆیشتنی ئەوان، من دێم بۆ لات."

٢٨

# ئەو شتەی ئازاری چاوەڕوانی لە ئەڤین جیا دەکاتەوە

## (کا) و ئیپەک لە ژووری هۆتێلدا

بەڵام ئیپەک دەستبەجێ نەهات. ئەمەش بوو بە یەکێک لە ئەشکەنجە هەرە گەورەکانی ژیانی (کا). بیری کەوتەوە لە ترسی ئەم ئازارە ماڵوێرانکەرەی چاوەڕوانی، بەردەوام لە عاشقبوون ترساوە. لەگەڵ گەیشتنیدا بۆ ژوورەکەی، سەرەتا خۆی فڕێدایە سەر چرپایەکە، لەپڕ هەڵسایەوە، دەستێکی بە جلوبەرگەکانیدا هێنایەوە، دەستەکانی شۆری، هەستی کرد خوێنی قۆڵەکانی و کەناری لێوەکانی دەکێشرێت، بە دەستە لەرزۆکەکانی، قژی داهێنا، سەیری شێوەی خۆی لە جامی پەنجەرەکەدا کرد و بە دەست شێواندی، دواتر هەستی کرد هەموو ئەمانە چەند ساتێکی زۆر کورتی خایەندووە. بە سەرسووڕمانەوە لە پەنجەرەکەوە چاوی بڕییە دەرەوە.

پێش هەموو شتێک، دەبوو لە پەنجەرەکەوە ڕۆیشتنی تورگوت بەگ و قەدیفەی بدیبا، لەوانەیشە ئەو ساتە ڕۆیشتبن کاتێکئەم لە ژووری سەرشۆردا بووە. بەڵام خۆ ئەگەر لەو کاتەشدا دەرچووبن، دەبوو تا ئێستا ئیپەک هەر بهاتایە. ئەگەری ئەوەش هەیە ئێستا ئیپەک لە ژووری خۆی کە ئەم دوێنێ شەو دیبووی، بۆن و بەرامە لە خۆی بدات و هێدی هێدی خۆی بخەمڵێنێت. بڕیارێکی چەند هەڵەیە ئەو کاتانەی پێویستە پێکەوە بەسەری ببەن، لەم شتانەدا بە فیڕۆ بدرێن! مەگەر ئیپەک نەیدەزانی (کا) ئەوی چەند خۆش دەوێت؟ هیچ شتێک پاساوی ئازاری خۆ لەبەر ڕانەگیراوی وەک ئازاری چاوەڕوانیی ئەم ساتەی نەدەدایەوە؛ ئیپەک بهاتبا، ئەمەی پێ دەگوت، بەڵام

جا دێت؟ لە هەموو ساتێک زیاتر بڕوای وا بوو ئیپەک لە دوایین چرکەدا بیری گۆڕیوە و نایەت.

گالیسکەیەک لە هۆتێلەکە نێزیک کەوتەوە، تورگوت بەگ شانی دابوو بەسەر قەدیفەدا و بە هاوکاری زاهیدە خاتوون و جاویدی کارمەندی پرسگەی هۆتێل، سواری گالیسکە کرا. چاوی پێوە بوو خێوەتی قەراغ گالیسکەکە دادرایەوە، بەڵام گالیسکە لە جێی خۆی نەبزووت. کلووە بەفرەکانیش لەبەر ڕۆشنایی گڵۆپی شەقامەکەدا زۆر لە قەوارەی خۆیان گەورەتر دەهاتنە پێش چاو و لەبەرەوە لەسەر گالیسکەکە کەڵەکە دەبوون. (کا) پێی وا بوو کاتیش لە جێی خۆیدا ڕاوەستاوە، وای زانی شێت دەبێت. دواتر زاهیدە خێرا ڕای کرد و شتێکی بۆ ناو گالیسکەکە درێژ کرد. (کا) شتەکەی نەدی. لەگەڵ بەڕێکەوتنی گالیسکەکەدا، دڵی (کا) دەستی کرد بە ترپەترپ.

بەڵام هەمدیسان ئیپەک نەهات.

گەلۆ ئەو شتە چییە ئازاری چاوەڕوانی لە ئەڤین جیا دەکاتەوە؟ کتومت وەک ئازاری عەشق، ئازاری چاوەڕوانیش لە شوێنێکی نێوان ماسولکەکانی بەشی سەرەوەی گەدەیەوە دەست پێ دەکات، لەوێوە سنگ و بەشی سەرەوەی ڕانەکانی و ناوچەوانی دەتەنێتەوە و سەرتاپای جەستەی گۆج دەکات. هەوڵی دا لە میانەی گوێگرتن لە تەق و هوڕی ناو هۆتێلەکەوە تێ بگات ئیپەک لەم ساتەدا چ دەکات. ژنێک بە شەقامەکەدا تێ پەڕی، وای زانی ئیپەکە، بەڵام هیچ بەو نەدەچوو. ئای بەفر چەند بە جوانی دەباری! ئای ساتێک لە بیرچوونەوە چەند جوان دەبوو! لە سەردەمی منداڵیشیدا ئەگەر بۆ دەرزی لێدان دەیانبردە هۆڵی نان خواردنی قوتابخانە و قۆڵی هەڵدەماڵی و لە ناو بۆنی بۆیاخی یۆد و داخکردندا ڕیزی دەبەست، بەهەمان شێوە سکی دەیدا لە ژان و مەرگی بە ئارەزوو دەخواست. دەیویست لە ژوورەکەی خۆیدا بێت لە ماڵەوە، خۆزگەی دەخواست لە ژوورە بەربادەکەی خۆی بێت لە فرانکفورت. هەڵەیەکی چەند گەورەی کردبوو بە هاتنی بۆ ئێرە! ئێستا تەنانەت شیعریشی بۆ نەدەهات، بگرە لە تاو ئازار نەیدەتوانی سەیری بەفر بارینی شەقامە

چۆڵەکەش بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕاوەستان لە بەردەم پەنجەرە گەرمەکە، لە کاتێکدا لە دەرەوە بەفر دەباری، تام و چێژی تایبەتیی خۆی هەبوو؛ ئەم دۆخە لە مردن باشتر بوو، چونکە ئەگەر ئیپەک نەیەت، ئەوا لەوانەبوو ئەم بمرێت.

کارەبا بڕا.

ئەمەی بە ئاماژەیەک دانا ئاڕاستەی خۆی کرابێت. لەوانەیە ئیپەک بە بڕانی کارەبای زانیبێت، بۆیە نەهاتووە. چاوەکانی لە شەقامە تاریک و بە بەفر داپۆشراوەکەدا بەدوای شتێکدا دەگەڕا تا خۆی پێوە خەریک بکات، شتێک بێت هۆی تا ئێستا نەهاتنی ئیپەکی بۆ ڕوون بکاتەوە. ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگری بینی لەوێدا، ئایا بارهەڵگرێکی سەربازییە؟ نەخێر، خۆ لە خشتەبردن بوو، ئەو دەنگە ئێستا لەسەر پلیکانەکانیش دەیبیست، بەهەمان شێوە بوون، چونکە کەس نەدەهات. لە بەردەم پەنجەرە دوور کەوتەوە و بە پشتدا خۆی هاویشتە سەر جێگەکەی، ژانە سکەکەی وەرگەڕایە سەر ئازارێکی توند و قوڵ و سەر بێچارەییەکی بارگاویکراو بە پەشیمانی. وای بەخەیاڵدا هات سەرتاپای ژیانی بە با چووە و لێرە بەدەست بەدبەختی و تەنیاییەوە سەر دەنێتەوە. هێزی ئەوەشی لە خۆیدا شک نەدەبرد جارێکی تر خۆی بکاتەوە بە کونە مشکەکەیدا لە فرانکفورت. ئازاری دەروون و ماڵوێرانییەکەی لە تاو بەدبەختی نەبوو، بگرە لەبەر تێگەیشتنی بوو لەوەی ئەگەر کەمێک هۆشمەندانەتر هەڵسوکەوتی بکردایە، ئەوا دەیتوانی ژیانێکی بەختەوەرانەتر بەسەر ببات. لە هەمووی سامناکتر ئەوە بوو هیچ کەس پەی بە بەدبەختی و تەنیاییی ئەم نەدەبرد. ئەگەر ئیپەک پەی بردبێت، ئەوا دەستبەجێ و بێ چاوەڕێکردن دەهاتە سەرێ بۆ لای! ئەگەر دایکی بەم حاڵەوە بیدیبا، ئەوا تەنیا ئەو بە داخ دەبوو بۆی و بەدەم دەستهێنان بە قژیدا، دڵنەوایی دەدایەوە. لە پەنجەرە زوقمگرتووەکانەوە تیشکە کزەکانی قارس و ڕەنگی پرتەقاڵیی ناو ماڵەکان دەهاتنە پێش چاو. ئەگەر بەدەست ئەو بوایە، ئارەزووی دەکرد بەفر، بە ڕۆژان و بە مانگان بەم خێراییە هەر بباریبا، شاری قارسی بەجۆرێک داپۆشیبا هیچ کەسێک جارێکی تر بۆی نەدۆزرابایەوە،

خۆیشی لەسەر ئەم جێگەیە ڕاکشابا، خەوی لێ کەوتبا و دەمەوبەیانییەکی خۆرەتاو، لە منداڵی خۆیدا لەگەڵ دایکی لە خەو هەڵسابا.

لە دەرگا درا. (کا) وای بۆچوو یەکێک بێت لە کارمەندانی ئاشپەزخانە. گوڕی دایە خۆی، هەڵسایە سەرپێ و دەرگای کردەوە. لە تاریکییەکەدا هەستی بە هەبوونی ئیپەک کرد.

"چیت لێ هات؟"

"دواکەوتم؟"

بەڵام پێ دەچوو (کا) گوێی لەو نەبووبێت. دەستبەجێ و بەهەموو هێزی خۆیەوە باوەشی پێدا کرد؛ سەری خستە نێوان مل و قژییەوە؛ لەوێدا بێ جووڵە ڕاوەستا. هێندە خۆی بە بەختەوەر دەزانی، بەجۆرێک پێکەنینی بە ئازاری چاوەڕوانیدا دەهات، بەڵام چاوەڕوانیکردن شەکەتی کردبوو، هەر لەو سۆنگەیەشەوە وەک پێویست جۆش و خرۆشی نەبوو. بۆیە، سەرباری ئەوەی سووریش دەیزانی هەڵەیە، لۆمەی درەنگ هاتنەکەی ئیپەکی کرد و گازندەی دەربڕی. ئیپەک گوتی یەکسەر دوای ڕۆیشتنی باوکی، ئەم هاتووەتە سەرەوە: ها، بەڵێ، چووبووە ئاشپەزخانە و یەک دوو شتی بە زاهیدە گوتبوو بۆ ئێوارە، بەڵام ئەمە لە خوولەکێک زیاتری نەخایەندبوو؛ بۆیە هیچ بیری بۆ ئەوە نەچووبوو (کا) لە چاوەڕوانی ئەمدایە. بەمجۆرە، (کا) وای پێشان دا هێشتا هەر لە سەرەتای پێوەندییاندا ئەم لە ئیپەک هەوەساویتر و هەستیارترە و هەستی کرد لە هاوکێشەی هێزدا کەوتووەتە ژێرەوە. لە ترسی ئەم بێ هێزییەی، ئازاری چاوەڕوانیی شاردەوە. ئەمەش وای کرد (کا) کەمێک هەست بە نادەربەستی بکات. ئەدی باشە نەیدەویست عاشق بێت بۆ ئەوەی هەموو شتێک لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا دابەش بکات؟ مەگەر ئەڤین ویستی گوتنی هەموو شتێک نییە؟ لەپڕ و بەخرۆشی ددان پێدانانەوە زنجیرەی هەموو ئەم هزرانەی بۆ ئیپەک گێڕایەوە.

ئیپەک گوتی: "ئێستا گشت ئەمانە لە بیر خۆت ببەوە. هاتووم بۆ ئێرە بۆ ئەوەی لەگەڵتدا بنووم."

یەکیان ڕامووسی و بە خاوبوونەوەیەکی مایەی خۆشحاڵیی (کا)وە خۆیان هاویشتە سەر جێگە. ئەمە ساتێکی ناوازە بوو بۆ (کا)، چونکە چوار ساڵ بوو لەگەڵ هیچ ژنێکدا نەچووبووە جێگەوە. لەو سۆنگەیەوە، زۆر بایەخی بە چێژی جەستەییی ئەو بەیەکگەیشتنە نەدا، بگرە سەری پڕ بوو لە بیرۆکەی تایبەت بە جوانی و خۆشیی ئەو ساتە.. وەک ئەزموونەکانی ناو جێگەی لە سالانی تافی لاویدا، لە خەیاڵی خۆیدا، لە سێکس زیاتر، بیری لە سێکسکردنی خۆی دەکردەوە. ئەم بیرکردنەوەیە، لە دەسپێکدا (کا)ی لە هەڵچوون و خرۆشی بێ سنوور پاراست. هەمان کات، دیمەنی چەند فیلمێکی ڕووت، ئەم لە فرانکفورت یەکێک بوو لە ئالوودەبووانی، بە لۆجکێکی شاعیرانە کە ئەم هێشتا ڕازەکانی پێ ئاشکرا نەکرابوو، بەخێرایی بە پێش چاویدا تێ پەڕین. ئەمەی لەبەر ئەوە نەبوو بەدەم سێکسکردنەوە بیر لە دیمەنی فیلمە ڕووتەکان بکاتەوە بۆ ئەوەی ئارەزووی سێکسی باشتر گڕ بگرێت؛ بگرە تەواو بە پێچەوانەوە، وەک بیەوێت خۆشی دەربڕێت لە پای ئەوەی دواجار بووە بە بەشێک لە دیمەنی ئەو فیلمە ڕووتانەی کە بەردەوام بە پاراوی لە خەیاڵیدا بوو، هەستی دەکرد ئەو جۆش و خرۆشەی سەرتاپای جەستەی داگرتووە، ئاڕاستەی ژنێکی ناو فیلمە ڕووتەکان و پەرجووی هاتنە سەر جێی ئەو ژنەی کردووە، نەک ئیپەک. تا بەشێوەیەکی هۆڤانە و گەوجانە نەکەوتە داکەندنی جلوبەرگەکانی و ڕووتکردنەوەی، ئیپەک هەستی پێ نەکرد. مەمکەکانی گەورە بوون، پێستی لامل و ناوشانی زۆر نەرم بوو، بۆنی شتێکی نایاب و نامۆی لێ دەهات. لەبەر ڕۆشناییی بەفرەکەدا کە لە دەرەوە دەهاتە ژوورێ، (کا) سەیرێکی کرد و لە چاوە گەشاوەکانی ترسا، چونکە لەپڕ درەوشانەوە. چاوەکانی زۆر لە خۆیان دڵنیا بوون؛ (کا) ترسی ئەوەی هەبوو بزانێت ئیپەک وەک پێویست هەستیار نییە، بۆیە قژی ڕاکێشا و ئازاری پێ گەیاند، بەمە ئارەزووی زیاتر وروژا و ئیپەکی کەللەڕەقانەتر بەرەو لای خۆی ڕاکێشا، زۆری لێ کرد لاسایی دیمەنی فیلمە ڕووتەکانی ناو خەیاڵی ئەم بکاتەوە و بە موزیکی غەریزەیەکی چاوەڕوان نەکراوەوە، بەتوندی ڕەفتاری لەتەکدا کرد.

کاتێک هەستی کرد ئەویش ئەمەی پێ خۆشە، ختووکەی سەرکەوتنی هەناوی وەرگەڕایە سەرجۆرێک لە هەستی خوشک و برایانە. وەک ئەوەی نەوەک تەنیا خۆی، بگرە بیەوێت ئیپەکیش لە پەشێوحاڵیی شاری قارس بپارێزێت، بەهەموو گوڕ و تینی خۆی باوەشی پێدا کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی وەک پێویست هەستی بە کاردانەوە نەکرد، خۆی کێشایە دواوە و لێی دوور کەوتەوە. لەو کاتەدا بە بەشێکی هۆشی، هارمۆنی و ڕەوتی ئاکرۆباتیکی سێکسی بە پێوانەیەکی هیچ نەگونجاو لەگەڵ خۆیدا تاقی دەکردەوە. بەو جۆرە، دوای خۆ دوورخستنەوە لە ئیپەک لە ساتێکی هۆشمەندیدا، جارێکی تر بە گوڕەوە لە ژنەکە نێزیک کەوتەوە و ویستی ئازاری پێ بگەیەنێت. بەپێی چەند تێبینییەک سەبارەت بەم پێکەوەنووستنە کە (کا) تۆماریانی کردووە و منیش پێم وایە دەبێت بە خوێنەرانمی بگەیەنم، لەوە بەدواوە بە گوڕ و تینێکی زۆرەوە لە یەک نێزیک کەوتوونەتەوە و ئاگایان لە پاشماوەی جیهان نەماوە. هەمدیسان بە گوێرەی تێبینییەکانی (کا)، ماوەیەکی کورت بەر لە تەواوبوونیان، ئیپەک بە دەنگێکی نزم ناڵاندوویەتی، (کا)ش بەو بەشەی هۆشی کە زۆر بەباشی دەرگای بە ڕووی گومان و ترسدا خستووەتە سەر پشت، وای بۆچووە لەبەر ئەمە بووە هەر لە سەرەتاوە ئەم ژوورەی گۆشەیەکی ئەوپەڕی هۆتێلیان بەم داوە. بە سۆزێکی تێکەڵ لەگەڵ هەستی تەنیاییشدا پەی بەوە برد هەردووکیان چێژیان لە ئازاردانی یەکتر بینیوە. ئەم ڕێڕەوە دوورەی هۆتێل و ژوورەکەی، لە خەیاڵی (کا)دا لە هۆتێل دابڕێندرابوون و لە شەقامێکی قەراغ شاری قارس بەجێ کرابوون. ئەو شارە چۆڵەش کشوماتیی دوای قیامەتی دەهێنایەوە بیری مرۆڤ و بەفری لێ دەباری.

ماوەیەکی درێژ پێکەوە لە جێگەدا ڕاکشان و بێ ئەوەی یەک وشە بدرکێنن، سەیری بەفر بارینی دەرەوەیان کرد. (کا) جاروبار بەفری باریوی لە چاوانی ئیپەکیشدا دەبینی.

## ٢٩

# کێماسیی لای من

## لە فرانکفورت

دوای چوار ساڵ گەڕانەوەی (کا) لە قارس و پاش چل و دوو ڕۆژ لە مردنی، لە فرانکفورت سەرم دا لە خانووی بچووکی شوێنی هەشت ساڵی دواییی ژیانی. ڕۆژێکی بەفراوی، باراناوی و تۆفی مانگی شوبات بوو. سەرلەبەیانی بە فڕۆکە لە ئەستەنبوڵەوە گەیشتمە فرانکفورت، شارەکە بێ تامتر بوو لە دیمەنی سەر ئەو پۆستکارتانەی کە ئەو پێش شازدە ساڵ بۆ منی ناردبوون. جگە لە ئۆتۆمبیلە ڕەنگ تاریک و تیژ تێپەڕەکان، ئەو ترامڤایانەی وەک تارمایی دەردەکەتن و ون دەبوون، ژنانی ماڵەوەی چەتر بەدەست و بەپەلە بە ڕێدا ڕۆیشتوو، شەقامەکان چۆڵ و هۆڵ بوون. کەش هێندە داخراو و تاریک بوو، بەجۆرێک تیشکی زەرد و مردووی گڵۆپی سەر شەقامەکان لە کاتی نیوەڕۆشدا داگیرسێندرابوون.

چەندین دووکانی دۆنەر، نووسینگەی گەشتوگوزار، بەستەنی و دووکانی سێکس بەسەر شۆستەکانی دەوروبەری وێستگەی سەرەکیی شەمەندەفەرەوە بوون. لەسەر ئەو شۆستانە هەستم کرد بە هەبوونی شوێنەواری وزەی نەمری ڕاگری شارە گەورەکان لەسەر پێ و ئەمەش، سەرباری هەموو شتێک، زۆر دڵی منی خۆش کرد. لە هۆتێل خۆم دامەزراند، بە تەلەفۆن لەگەڵ لاوێکی تورک-ئەڵمانی ئەدەبدۆستدا کە لەسەر داوای خۆم منی بۆ پێشکێشکردنی وتارێک لە یانەی ماڵی گەل بانگهێشت کردبوو، قسەم کرد. دواتر لە قاوەخانەیەکی ئیتاڵی لە ناو وێستگەی سەرەکیدا چاوم بە تارکوت ئۆیلچوین

کەوت. ژمارەی تەلەفۆنەکەیم لە خوشکی (کا) لە ئەستەنبوڵ وەرگرتبوو. ئەم پیاوە نیازپاک و ماندووە تەمەنی شەست ساڵێک دەبوو، نێزیکترین کەس بوو لە (کا)وە لە ساڵانی فرانکفورتیدا. لە لێکۆڵینەوەی دوای مردنی ئەودا زانیاریی دابووە پۆلیس، تەلەفۆنی بۆ ئەستەنبوڵ کردبوو، پێوەندیی کردبوو بە کەسوکارییەوە و لە ناردنەوەی تەرمەکەیدا بۆ ئەستەنبوڵ هاوکاری کردبوو. (کا) خۆی پێمی گوتبوو دوای چوار ساڵ گەڕانەوەی لە قارس، ئەوسا ڕەشنووسی دیوانی شێعرەکانی پێ تەواو کراوە. من لەو ڕۆژانەدا پێم وا بوو لە ناو شتومەکەکانیدا بێت لە ئەڵمانیا. لە باوکی و خوشکیم دەپرسی گەلۆ (کا) چی لە پاش بەجێ ماوە. ئەوان لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا هێزی گەشتیان بۆ ئەڵمانیا نەبوو، تکایان لە من کرد کەلوپەلەکانی کۆ بکەمەوە و خانووەکەی چۆڵ بکەم.

تارکوت ئۆڵچوین یەکێک بوو لەو کۆچبەرانەی لە سەرەتای ساڵانی شەستدا لە فرانکفورت گیرسابووەوە. چەندین ساڵ لە کۆمەڵە تورکییەکان و لە ڕێکخراوە خێرخوازەکاندا مامۆستایی و ڕاوێژکاریی کردبوو. دوو منداڵی هەبوو، کچێک و کوڕێک و هەردووکیان لە ئەڵمانیا لە دایک بووبوون، دەستبەجێ وێنەکانی دەرهێنان و پێشانی منی دا، شانازیشی کرد لە پای ئەوەی توانیویەتی هەردووکیان بگەیەنێتە زانکۆ. بۆ خۆیشی پایەیەکی جێی ڕێزی لە ناو تورکەکانی فرانکفورتدا هەبوو، بەڵام لە ڕووخساری ئەویشدا هەستی تەنیایی و تێکشانی بێ وێنەی ژیانم بەدی کرد وەک ئەوەی لە سیمای تورکەکانی نەوەی یەکەمی کۆچبەران و دوورخراوە سیاسییەکاندا دەبیندرێت.

تارکوت ئۆڵچوین سەرەتا جانتایەکی بچووکی گەشتوگوزاری (کا)ی پێشانم دا لە کاتی هێرشدا بۆ سەری پێی بووە. جانتاکەی لە بەرامبەر واژۆکردندا لە پۆلیس وەرگرتبووەوە. دەستبەجێ کردمەوە و کەوتمە پشکنینی. دەستێک چاکەت و بیجامەی خەو کە (کا) هەژدە ساڵ لەمەوبەر لە ئەستەنبوڵەوە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، کراسێکی سەوز، تاقمی تەراش و فڵچەی ددان، جووتێک گۆرەوی و جلوبەرگی پاکی ژێرەوە و کۆمەڵێک گۆڤاری

ئەدەبیم تێـدا دیتـەوە من لە ئەسـتـەنبـوڵەوە بۆم ناردبوو، بەڵام دەفـتـەرە سەوزەکەی شیعری تێدا نەبوو.

دواتر، کاتێک بەدەم سەیرکردنی دوو تورکی بەساڵاچووەوە کە لە پێشەوە لە ناو ئاپۆڕەی وێستگەدا بەدەم قسـەکـردن و پێکەنینەوە زەوییـان دەسـڕیەوە، پێمی گوت: "ئۆرهان بەگ، (کا) بەگی هاوڕێتان پیاوێکی تەنیا بوو. کەس لە فرانکفورتدا، بە منیشـەوە، نەیدەزانـی چی دەکات." سەربـاری ئەوەش بەڵێنی پێم دا هەرچی لە بارەیەوە دەیزانێت، بۆم بگێڕێتەوە.

سـەرەتا بەناو باڵەخانە سـەد ساڵ کۆنـەکانی کارگە و کەونە قشـڵـەکانی سەربازیی پشت وێستگەدا تێ پەڕین و چووین بۆ خانووەکەی (کا) لە نێزیک شـەقامی گوتلۆیت. (کـا) هەشت سـاڵی دوایی ژیانی لـەوێدا بەسـەر بردبوو. باڵەخـانەکـە بەسـەر مـەیدانێکی بچـووک و باخـچـەیەکی منداڵانـدا دەیڕوانی، خـاوەنەکـەیمان نەدۆزییـەوە تا دەروازەی باڵەخـانەکـە و دەرگـای خـانووەکـەی (کـا)مـان بۆ بکاتـەوە. ئەو دەمـەی لە ژێر بەفـر و بارانـدا چاوەڕێی کـردنەوەی دەرگـای کۆن و بۆیاخ سـواوی باڵەخانـەکەمـان دەکرد، وەک ئەوەی بەشـێک بن لە بیـرەوەرییـەکـانی خۆم، چاوم بڕییە ئـەو شوێنانـەی (کا) لە نامـەکـانیـدا و لە پێوەندییە تەلەفۆنییە دەگمـەنەکانیدا (لەبەر ئەوەی بـەترس و گومـانەوە بیری لەوە دەکردەوە گوێ لـە قسەکانی دەگیرێت، حەزی نەدەکرد تەلەفۆن بـۆ تورکیا بکات) بۆ مـنی باس دەکرد؛ باخـچـەیەکی بچـووک و فـەرامـۆشکراوی شـوێنی گـەمـەی منداڵان، دووکـانی بەقـاڵیی گـۆشـەی شـەقـام و جـامـخـانـەی تاریکی دووکـانێکی پێشـەوەتری جگەرە و ئەلکهول فـرۆش. تەختـە کورسـییـەکـانی تەنیشت جۆلانـە و تەختـەخلیسکێی ناو ئەو باخـچەیەی (کـا) ئێـوارانی هـاوین لەگەڵ کرێکارانی ئیـتـاڵی و یۆگسـلافیـایی بیرەی لەسـەریان دەخواردەوە، بە ئەستووراییی پەنجەیەک بەفریان لەسەر باریبوو.

(کـا) گشت بـەیانیـیـەکی ئـەم سـاڵانەی دوایـی یەک ڕێگەی گـرتبـووە بەر بۆ ڕۆیشـتن بـەرەو کـتـێـبـخـانەی شـارەوانی. ئێـمـەش بەهەمـان ڕێگەدا چووینە مـەیدانی وێسـتگە. وەک چۆن (کـا) حـەزی دەکرد بەنـاو ئاپۆڕەی خـەڵکدا ڕێ

بکات لە کاتی بەپەلە چوونیاندا بۆ سەرکارەکانیان، ئێمەش لە دەرگایەکی وێستگەوە چووینە ژوورەوە و خۆمان کرد بە بازاڕی نهۆمی خوارەوەدا. لە شەقامی کایزەر بە بەردەم دووکانەکانی سێکس، فرۆشیارانی شتومەکی گەشتوگوزاری، شیرینیخانە و دەرمانخانەکاندا تێ پەڕین و تا مەیدانی هاوپتڤاخە نەوەستاینەوە. تارکوت ئۆیلچوین سڵاوی لە چەند تورک و کوردێک کرد کە لێرە و لەوێ لە دووکانی دۆنەر، کەبابخانە و بەقاڵیدا کاریان دەکرد و گوتی هەر کاتێک (کا) بەیانیان لە هەمان سەعاتی دیاریکراودا لێرەوە بۆ کتێبخانەی شارەوانی دەچوو، ئەم کەسانە سڵاویان لێ دەکرد و دەیانگوت: "ڕۆژباش پرۆفیسۆر." لەبەر ئەوەی پێشتر پرسیاری شوێنەکەیم کردبوو، بە ئاماژەی دەست لە قەراغی مەیدانەکە مەغازەیەکی گەورەی پێشانم دا: کاوفهۆف. پێم گوت ئەو پاڵتۆیەی (کا) لە قارس لەبەری دەکرد، لێرە کڕیبووی، بەڵام پێشنیازەکەیم بۆ چوونە ژوورەوەی بازاڕی کاوفهۆف ڕەت کردەوە.

کتێبخانەی شارەوانیی فرانکفورت کە (کا) هەموو بەیانییەک ڕووی تێ دەکرد، باڵەخانەیەکی هاوچەرخی بێ ناسنامەی هەبوو. لە ژوورەوە ژمارەیەک مێوانی تایبەت بەمجۆرە کتێبخانانە بەدی دەکران؛ ژنانی ماڵەوە، پیاوانی بەساڵاچووی کاتکوژ، بێکاران، یەک دوو عەرەب و تورک، کۆمەڵێک قوتابی بەدەم پێکەنین و ژاوەژاوەوە ئەرکی ماڵەوەیان دەنووسییەوە. چەند کەسێک لە دەوامکارانی ئاسایی ئەم شوێنانەشم بینی؛ کەسانی زۆر قەڵەو، کەمئەندامان، شێت و کەسانی بە دەروون نەخۆش. لاوێک لەوانە لیک لە دەمی دەڕژا، سەری لەسەر کتێبە وێنەداری بەردەمی بەرزکردەوە و زمانی لێم دەرهێنا. چاوساغەکەم لە ناو کتێبەکاندا هەستی بە بێزاری دەکرد، بۆیە لە قاوەخانەیەکی خوارەوە دام نیشاند. ڕووم لە ڕەفەی کتێبی ئینگلیزی کرد و لە پسوولەی کتێب وەرگرتنی بەرگی دواوەی کتێبەکاندا بەدوای ناوی هاوڕێکەمدا گەڕام: ئاودن، برۆڤنینگ، کۆلەردیگ... هەر کاتێکیش نیگام دەکەوتە سەر واژۆی (کا)، چاوم پڕ دەبوو لە فرمێسک بۆ ئەو هاوڕێیەم و بیرم دەکردەوە بەشێکی ژیانی خۆی لەم کتێبخانەیەدا بەسەر بردووە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە منی زۆر خەمگین کرد، بۆیە لە کورتی بڕاندمەوە. لەگەڵ دۆستی چاوساغمدا بە بێدەنگی بەهەمان ئەو شەقامانەی پیایاندا هاتبووین، گەڕاینەوە. لە ناوەڕاستی شەقامی کایزەردا و بە پێش دووکانێکدا بەناوی (مەڵبەندی سێکسی جیهانی)، ناوێکی بێ واتا بوو، بەلای چەپدا سووڕاینەوە و شەقامێک خوارتر چووینە سەر شەقامی موینشنەر. لەوێدا دووکانی بەقاڵی و کەبابخانە و سەرتاشخانەیەکی چۆڵی تورکم بینی. زۆر لەمێژ بوو حاڵی بووبووم لێرە چیم پێشان دەدرێت. لێدانی دڵم زیادی کرد، چاوم بڕییە پرتەقاڵ و بەستە پیازەکانی دووکانی بەقاڵێک، سواڵکەرێکی یەک قاچ، شکانەوەی تیشکی لایتی ئۆتۆمبیلەکان لە جامخانە تاریکەکەی پێشەوەی هۆتێل "ئەدەن"دا و پیتی (K)ی دروستکراو لە گڵۆپی نیۆنی پەمەیی لارەوە بوو. گڵۆپەکە لە ڕەنگی خۆڵەمێشیی دەمەو ئێوارەدا دەدرەوشایەوە.

تارکوت ئۆیلچوین گوتی: "لێرەدا، بەڵێ، ڕێک لێرەدا تەرمی (کا) دۆزرایەوە."

بە چاوی ڕووت سەیری شۆستە شێدارەکەم کرد. دوو منداڵ بەخێرایی لە دووکانی بەقاڵێکەوە دەرپەڕین، یەکێکیان پێی نا بە سەر بەردەکانی ئەو شۆستە شێدارەی کە تەرمی(کا) دوای پێکرانی بە سێ گولله کەوتبووە سەری. تیشکی سووری ئۆتۆمبیلێکی کەمێک لەولاترەوە ڕاوەستاو، لە قیری سەر جادەکەدا ڕەنگی دەدایەوە. (کا) دوای ئەوەی چەند خوولەکێک لەسەر ئەم بەردانە بە ئازارەوە گینگڵ دەدات، بەر لە گەیشتنی ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن، گیان دەسپێرێت. لەپڕ سەرم هەڵبڕی و سەیری ئەو گۆشەیەی ئاسمانم کرد کە بەئەگەری زۆر لە کاتی گیان سپاردندا تێی ڕوانیوە: کۆمەڵێک باڵەخانەی کۆنم بینی لە نهۆمەکانی خوارەوەیاندا دووکانی دۆنەری تورک، نووسینگەی گەشتوگوزاری، سەرتاشخانە و بیرەخانە دەبیندران و لە نێوان تەلی گڵۆپەکانی سەر شەقامیشەوە ئاسمانم لێوە دیاربوو. دەوروبەری سەعات دوازدەی شەو پێکرابوو. تارکوت ئۆیلچوین پێمی گوت لەو ساتانەدا تاک و تەرای سێکسفرۆشان بەو ناوەدا دێن و دەڕۆن. ڕاستییەکەی،

(سێکسفرۆشی) شەقامێک سەرووتر، لە شەقامی کایزەر دەکرێت، بەڵام لە شەوانی بەجووڵە و کۆتاییی هەفتە و ڕۆژانی پێشانگادا، سێکسفرۆشان خۆیان دەگەیەننە ئێرەش. وەک ئەوەی بەدوای شتێکدا بگەڕێم، سەیری ڕاست و چەپی خۆم کرد، ئەو گوتی: "لێرە هیچیان نەدۆزییەوە. پۆلیسی ئەڵمان وەک پۆلیسی تورک نین، زۆر باش کاردەکەن."

من خۆم دەکرد بە دووکانەکانی دەوروبەردا و لێیان دەهاتمە دەرێ، ئەویش بە بەزەییەکی هەڵقوڵاو لە ناخەوە یارمەتی منی دەدا. کچانی سەرتاشی ناو سەرتاشخانەکان تارکوت ئۆێلچوینیان دەناسی و هەواڵیان دەپرسی، بێگومان ئەمان لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا لە دووکانەکانیان نەبوون و هیچیان سەبارەت بە ڕووداوەکە نەبیستبوو. لە دەرەوە پێمی گوت: "خێزانە تورکەکان کچانیان تەنیا فێری سەرتاشی دەکەن. لە فرانکفورتدا بەسەدان ژنە سەرتاشی تورک هەن."

کوردەکانی ناو دووکانی میوە و سەوزەفرۆشانیش، بە زیادەوە ئاگاداری وردەکارییەکانی تاوانەکە و لێکۆڵینەوەکانی دواتری پۆلیس بوون. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێت زۆر خۆشییان بە چارەی ئێمەدا نەهات. ئەو گارسۆنە دڵفراوانەی ئێستا بە پارچە پەڕۆیەکی چڵکن مێزە فۆرمیکاکانی کەبابخانەی بایرامی دەسڕیەوە، لە سەعات دوازدەی شەوی ڕووداوەکەدا هەمان پارچە پەڕۆی بە دەستەوە بووە، گوێی لە دەنگی تەقەکان بووە، دوای تاوێک چاوەڕوانی هاتووەتە دەرێ و دواکەس بوو (کا)ی لە ژیاندا دیبێت.

دوای دەرچوونم لە کەبابخانەکە، بەپەلە خۆمان کرد بە یەکەم دەروازەی بەردەممماندا و گەیشتینە حەوشەی تاریکی پشت باڵەخانەیەکەوە. بە چاوساغیی تارکوت ئۆێلچوین دوو پلیکانە چووینە خوارێ، لە دەرگایەکەوە چووینە ژوورێ و خۆمان لە شوێنێکی سامناکدا بینییەوە هێندەی فڕۆکەیەکی هانگار گەورە بوو، و وا دیار بوو ماوەیەک وەک کۆگا کەڵکی لێ وەرگیرابوو. ئێرە ژێرزەمینێک بوو لە ژێر باڵەخانەکەوە تا شۆستەکەی ئەوبەری شەقام درێژ دەبووەوە. بە فەرشەکانی ناوەڕاستیدا پێ دەچوو شوێنێکە وەک مزگەوت

بۆ نوێژی بە کۆمەڵی ئێواران بۆ پەنجا و شەش کەس کەڵکی لێ وەربگیرێت. دەوروبەریشی، وەک ژێرزەمینەکانی ئەستەنبوڵ، بە دووکانی پۆخڵ و تاریک دەوردرابوو: زیوفرۆشێکم دی ڕووناکی لە جامخانەی دووکانەکەیدا بەدی نەدەکرا. بەقاڵێکی نیمچە گرگن و کەمێکیش لەولاترەوە قەسابێکی سەرقاڵ و بەقاڵێکم بینی لەپشت مێزەکەیەوە سەیری تەلەڤزیۆنی قاوەخانەکەی دەکرد و لە هەمان کاتدا قەفە باسترمەی دەفرۆشت. لەولاتریشەوە مێزێکم بینی ئاوی میوەی لە تورکیاوە هاتوو، ماکەرۆنی تورکی، خواردنی ناو قوتوو، و کتێبی ئاینی لەسەر دەفرۆشرا. هەر لە تەنیشتییەوە، قاوەخانەیەکی زۆر جەنجاڵتر لە مزگەوتەکەم بینی. ئاپۆڕەی پیاوانی ماندوو، لە ناو چرە دووکەڵی ناو قاوەخانەکەدا سەیری فیلمێکی تورکییان لە تەلەڤزیۆندا دەکرد، جاروبار یەک دوویەکیان هەڵدەسان و بەمەبەستی دەست بە ئاو گەیاندن، ڕوویان لە دەستشۆرێک دەکرد بەرمیلە ئاوێکی لە پلاستیک دروستکراوی بەسەرەوە بوو. تارکوت بەگ گوتی: "لە نوێژەکانی جەژن و هەینیدا دووسەد کەسێک دێنە ئێرە و لە پلیکانەکانەوە تا حەوشەی پشتەوە جێ دەگرن." هەر بۆ ئەوەی وا پێشان بدەم شتێکم کردووە، لەسەر مێزی کتێب و ڕۆژنامەکان گۆڤارێکی -تەبلیغ-م بە دەستەوە گرت.

دواتر لە بیرەخانەیەکی بنیاتنراو لەسەر شێوازی کۆنی میونیخ دانیشتین و ئێرە ڕێک دەکەوتە سەر مزگەوتەکە. تارکوت ئوێلچوین بەدەست ئاماژەی بۆ زەوییەکەی ژێر پێمان کرد و گوتی: "ئەمە مزگەوتی سلێمانچییەکانە، بەڵام ئایندارانی ئەوێ پێوەندییان بە تیرۆرەوە نییە. ئەوان وەک گرووپەکانی هەڵگری دیدی نەتەوەیی، یان وەک پیاوانی جەمالەدین کاپلان لە دژی دەوڵەتی کۆماری تورکیا ناکەونە شەڕەوە." سەربارى ئەوەش، بە گومانی ناو نیگاکانم و بە هەڵدانەوەی پەڕەکانی گۆڤاری -تەبلیغ-یش کە وەک ئەوەی بەدوای بەڵگەدا بگەڕێم ئەمدیو و ئەودیوم دەکرد، ئۆقرەی لەبەر بڕا و گوتی هەموو ئەو شتانەی لە بارەی کوژرانی (کا)وە دەیزانێت، لە پۆلیس و لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە بەدەستی هێناوە.

چل و دوو ڕۆژ لەمەوبەر و سەعات ٢٣,٣٠ی یەکەم شەمەی ساڵی نوێ، (کا) دوای بەشداریکردنی لە ئێوارە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەدا، لە هامبورگ گەڕابووەوە. دوای شەش سەعات گەشت بە شەمەندەفەر، دەستبەجێ لە دەروازەی باشووری وێستگەوە چووبووە دەرێ، لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆ بۆ ماڵەکەی خۆی لە نێزیک شەقامی گوتلۆیت بگەڕێتەوە، تەواو بە پێچەوانەوە چووبووە شەقامی کایزەر. لە ناو پیاوانی زگورتی، گەشتیاران، ئاپۆڕەی مەست و سەرخۆشان، دووکانەکانی سێکسی تا ئەو ساتە کراوە و لە ناو سێکسفرۆشانی چاوەڕێی سێکسکراندا، بیست و پێنج خوولەکی بەسەر بردبوو. دوای نیو سەعات لای مەڵبەندی سێکسی جیهانییەوە بەلای ڕاستدا بای دابووەوە، بە گەیشتنی بۆ سەر شۆستەکەی شەقامی موینشنەر، تەقەی لێ کرابوو. بە ئەگەری زۆر، ویستوویەتی پێش ئەوەی بۆ ماڵ بگەڕێتەوە، لە دووکانی بەقاڵی ئانتالیای دڵگیری دوو دووکان ئەولاترەوە پرتەقاڵ بکڕێت. ئەو دووکانی بەقاڵییە تاکە جێ بوو لەو دەوروبەرە تا نیوەشەو بە کراوەیی دەمایەوە، فرۆشیارەکانیش بیریان کەوتبووەوە (کا) شەوانە هاتووە و لای ئەوان پرتەقاڵی کڕیوە.

پۆلیس هیچ کەسێکی نەدۆزیبووەوە بکوژەکەی (کا)ی دیبێت. گارسۆنەکەی کەبخانەی بایرام گوێی لە دەنگی تەقەکان بووبوو، بەڵام لەبەر دەنگی تەلەڤزیۆن و هەرای مێوانەکان تێ نەگەیشتبوو چەند دەستڕێژ کراوە. لە جامە تەڵخکراوەکانی بیرەخانەی سەر مزگەوتەکەوە بە ئاستەم دەرەوە دەبیندرا. سووربوونی فرۆشیاری ئەو دووکانی بەقاڵییەی گومان دەکرا (کا) بۆ پرتەقاڵ کڕین ڕووی تێ کردبێت، لەسەر ئەوەی ئاگای لە هیچ شتێک نییە، پۆلیسی خستبووە گومانەوە. فرۆشیارەکە ماوەی شەوێک دەستگیر کرابوو، بەڵام پۆلیس بە ئەنجام نەگەیشتبوو. سێکسفرۆشێک لەو ساتەدا لە شەقامێکی خوارتر بەدەم جگەرەکێشانەوە چاوەڕێی سێکسکران بووە، بە پۆلیسی گوتبوو کەسێکی بالاکورت و ئەسمەری وەک تورکی بینیوە پالتۆیەکی ڕەشی لەبەردا بووە و لەو کاتەدا بەرەو شەقامی کایزەر ڕای کردووە، بەڵام

نەیتوانیبوو نیشانەکانی ئەو کەسە بەوردی باس بکات. ئەو ئەڵمانەی بەرێککەوت دوای کەوتنی (کا) لەسەر شۆستەکە هاتبووە باڵکۆنی خۆی و تەلەفۆنی بۆ ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن کردبوو، کەسی لەو ناوە نەدیبوو. فیشەکی یەکەم لە پشتی سەری (کا) درابوو، و لە چاوی چەپییەوە هاتبووە دەرەوە. دوو فیشەکەکەی تر، دەمارەکانی دەوروبەری دڵ و جگەریان پچڕاندبوو، پاڵتۆ ڕەنگ خۆڵەمێشییەکەشی، لە پشت و پێشەوە کونی تێکەوتبوو، و خەڵتانی خوێن بووبوو.

پشکێنەرێکی پیری لەوچە و چەنەباز گوتبووی: "بەپێی ئەوەی لە دواوە لێی دراوە، کەسی بکوژ بە بەرنامەوە دوای کەوتووە و ڕژد بووە لەسەر کوشتنی و دوور نییە هەر لە هامبورگەوە بەدوایەوە بووبێت." پۆلیس بیری لە ئەگەری تریش کردبووەوە: شتی وەک دڵپیسیی زایەندی و داوێنپیسی و ناکۆکیی سیاسیی نێوان تورکەکان. (کا) بایەخی بە جیهانی ژێرزەویی دەوروبەری وێستگە نەدەدا. یەکێک لەو فرۆشیارانەی سەیری وێنەکەیان کردبوو، بە پۆلیسی گوتبوو ئەم کەسەی دیوە بەمەبەستی سەیرکردنی فیلمی ڕووت چووەتە یەکێک لە کابینە بچووکەکانەوە. بەهۆی ئەوەی هیچ هەواڵێکی ڕاست یان درۆ نەگەیشتبوو، لەبەر ئەوەش هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن، یان هیچ دەوروبەرێکی بەهێز پاڵەپەستۆیان بۆ دۆزینەوەی بکوژ بەکار نەهێنابوو، دوای ماوەیەک پۆلیس لێکۆڵینەوە و لێگەڕانی ڕاگرتبوو.

کابرای پیرە پشکێنەری قوڕگ بە کۆکە بەشێوەیەکی وا ڕەفتاری دەکرد وەک ئەوەی ئامانجی لە بیربردنەوەی تاوانەکە بێت، نەک لێکۆڵینەوە. ژوانی دیمانەی لەگەڵ ناسیاوەکانی (کا)دا دادەنا و چاوی پێیان دەکەوت، بەڵام لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا زیاتر باسی خۆی دەکرد. تارکوت ئۆیلچوین لە سایەی ئەم پشکێنەرە قەلەندەر و تورکدۆستەدا بۆی دەرکەوتبوو (کا) لەو هەشت ساڵەی بەر لە چوونیدا بۆ قارس، دوو ژن لە ژیانیدا هەبووە. یەکێک لە ژنەکان تورک و ئەوی تریان ئەڵمان بوو. ژمارەی تەلەفۆنی هەردووکیانم بەوردی لە دەفتەرەکەمدا نووسییەوە. (کا) لەو چوار ساڵەی دوای گەڕانەوەیدا لە قارس،

پێوەندیی لەگەڵ هیچ ئافرەتێکدا نەبووە.

بێ ئەوەی نقەمان لێوە بێت، بەژێر بەفردا گەڕاینەوە بۆ ماڵەکەی (کا). لەوێ چاومان بە خاتوونی ڕووخۆش و دەم بە گازندەی خاوەن خانوو کەوت. بەدەم کردنەوەی دەرگای نهۆمی سەرەوەی باڵەخانەکەوە کە بۆنی فێنکی و شێی لێ دەهات، بە دەنگێکی تووڕەوە گوتی خەریکە خانووەکە بەکرێ دەدات، پێمانی گوت ئەگەر ئێمە شتەکانی ناو ژوورەکە و ئەو گشت پیسی و پۆخڵەواتە نەبەین، ئەوا ئەو هەمووی فڕێ دەدات. خاتوونی خاوەن خانوو ئەمەی گوت و ڕۆیشت. هەر ئەوەندەی سەرم کرد بە ژووری تاریک و نزم و بچووکی جێی هەشت ساڵی کۆتایی ژیانی (کا)دا، ئەو بۆن و بەرامە بێ وێنەیەیم هەڵمژی کە هەر لە منداڵییەوە پێی ئاشنابووم و چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسک. ئەم بۆنە، لەو بلووزە دەستچنەکانی دایکی، لە جانتای قوتابخانە و کاتێکیش دەچووم بۆ ماڵیان، لە ژوورەکەی دەهات. مارکەی بۆنەکەم نەدەزانی و بە هۆشیشمدا نەهاتبوو پرسیاری بکەم، بەڵام بەردەوام پێم وا بوو بۆنی جۆرێک لە سابوونی تورکییە.

(کا) لە ساڵانی سەرەتای ژیانیدا لە ئەڵمانیا، کاری وەک کۆڵبەری لە بازاڕە گەورەکاندا، ماڵ گواستنەوە، وتنەوەی وانەی زمانی ئینگلیزی بە منداڵانی تورک و بۆیاخچێتیی کردبوو. دوای ئەوەی خۆی وەک (پەنابەری سیاسی) دەداتە پەسەندکردن و (مووچەی پەنابەری) وەردەگرێت، خۆی لە کۆمۆنیستەکانی دەوروبەری کۆمەڵە تورکییەکان کە ئەو کارانەی لایان دۆزیبووەوە، دابڕیبوو. کۆمۆنیستە دوورخراوەکانی تورک (کا)یان بە کەسێکی مەند و (سەرمایەدار) دادەنا. سەرچاوەکانی تری داهاتی (کا) لە ماوەی دوازدە ساڵی ڕابردوودا بریتی بوو لە داهاتی ئەو کۆڕە شیعرییانەی لە کتێبخانەی شارەوانی، خانەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵە تورکییەکاندا بۆی سازدەکرا. تەنیا تورک ڕوویان لەو کۆڕانە دەکرد (زۆر بە دەگمەن ژمارەیان بیست کەسی تێ دەپەڕاند)، ئەگەر مانگی سێ جار بۆی ڕێک بخرایە، پێنجسەد مارکێکی دەست دەکەوت، ئەمەش لەگەڵ چوارسەد مارکی مووچەی

پەنابەریی سیاسیدا بەشی تا کۆتاییی مانگی دەکرد، بەڵام ئەمە زۆر بە کەمی مەیسەر دەبوو. کورسی و تەپڵەکەکانی ژوورەکەی شکاو و پەرش و بڵاو بوون، سۆپا کارەباییەکەی ژەنگی گرتبوو. لەبەر ئەوەی خاتوونی خاوەن خانوو لە سەرەتادا منی توورە کرد، بیرم کردەوە هەموو شتومەکانی هاوڕێکەم: سەرینەکەی بە بۆنی قژییەوە؛ قایش و کراڤاتەکانی، بیرم کردەوە لە قۆناغی خوێندنی ئامادەییشدا لە پشت و ملی دەکرد؛ پێڵاوەکانی مارکەی بالی، پەنجەی پێی پێشەکەی کون کردبوو، و ئەم وەک (دەمپای ماڵەوە بەکاری دەهێنا) و لە یەکێک لە نامەکانیدا بۆمی باس کردبوو؛ فڵچەی ددان و لێوانێکی چڵکنی فڵچەکەی؛ نێزیکەی سێسەد و پەنجا کتێبێک، تەلەڤزیۆنێکی کۆن و ڤیدیۆیەک، هیچ بۆ من باسی نەکردبوو؛ چاکەتە پەڕپووتەکەی و کراسەکانی و ئەو بیجامانەی هەژدە ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ خۆیدا لە تورکیاوە هێنابوونی، بنێمە باوڵە کۆنەکەی خۆی و توورەکە و لەگەڵ خۆمدا بیانبەم، بەڵام کاتێک لە دەرگای ژوورەکە چووم بەودیودا و کرۆکی مەبەستم، ئەوەی لە پێناویدا بۆ فرانکفورت هاتبووم، لەسەر مێزی کاری نەدی، خوێنساردیی خۆم لە دەست دا.

(کا) لە دوایین نامەکانی خۆیدا کە لە فرانکفورتەوە بۆ منی ناردبوو، بە خۆشییەوە نووسیبووی دوای چوار ساڵ لە هەوڵ و تێکۆشان، دیوانی شیعرەکەی بە ئەنجام گەیاندووە. ناوی کتێبەکەی "بەفر" بوو. زۆربەی شیعرەکانی لەوانە بوون کە (لەپڕ) لە قارس بۆی هاتبوون و لە دەفتەرێکی سەوزدا نووسیبوونی. دوای گەڕانەوەی لە قارس، هەستی بەوە کردبوو دیوانەکەی نەزمێکی (قوڵ و پڕ لە ڕاز) لە خۆ دەگرێت و خۆیشی سەری لێ دەرناکات. چوار ساڵی ڕابردووی لە فرانکفورت بە تەواوکردنی (کێماسی)یەکانی دیوانەکەیەوە بەسەربردبوو. ئەمە هەوڵێکی هێز پڕوکێن و ماندووکەر بوو، چونکە ئەو ئیلهامەی لە قارس بۆی دەهات و وای لێ دەکرد بەجۆرێک شیعر بنووسێت وەک ئەوەی کەسێک بە گوێیدا بچرپێنێت، لە فرانکفورت بۆی نەدەهات.

لەم سـۆنگەیەوە دەسـتی کردبوو بە گـەڕان بەدوای لۆجـیکی دیوانەکـەیدا و زۆرینـەی شـــیـــعـــرەکـــانـیــشـی لە قـــارس نووســـیـــبـــوو، لە تـەواوکـــردنی کەموکورتییـەکانی کـتێبـەکەشـدا شـوێنپێی هەمـان لۆجیکی هـەڵگرتبـوو. لە دوایین نامـەدا بۆمی نووسیبوو هەوڵەکانی بە ئەنجام گەیاندووە، شیعرەکانی لە هەندێک لە شارەکانی ئەڵمـانیا دەخوێنێتەوە و تاقیـان دەکاتەوە، دواجاریش هەمـــوویان لەیـەک جـێــدا کـۆ دەکـاتـەوە، کـارێکی وا دەکـات بـە داکـتـیلۆ بنووسرێنەوە، کۆپییـەک بۆ من و کۆپییەکیش بۆ وەشانخـانەیەکی ئەستـەنبوڵ دەنێرێت. داوای لە مـن کردبوو داخۆ دەتوانم چەند وشـەیەک بۆ بەرگی دواوەی کتێبەکەی بنووسم و بینێرم بـۆ فاخـیری دۆسـتی هـەردووکمـان، چونکە دەبوو ئەو ئەرکی چاپکردنی کتێبەکەی لە ئەستۆ بگرتایە.

مێزی کاری (کا)، بە پێچەوانەی ئەوەی لە شاعیرێک چاوەڕوان دەکرێت، تا بڵـێـیت ڕێکوپێک بـوو، پەڕۆیەکی سـەوزی بەسـەرەوە بوو، و دەیڕوانی بەسـەر سەربانەکانی فرانکفورتی نوقم بوو لە بەفر و تاریکاییی ئێوارانـدا. لە سووچی لای ڕاسـتی مێزەکە ئەو دەفتـەرانەیم بینی کـە لە مـاوەی مـانەوەیدا لە قـارس تێبینییـەکانی خۆی و لێکدانەوەی شیـعرەکانی تیایاندا تۆمـار کردبوو. لای چەپیـشـەوە چەند کـتـێب و گـۆڤـارێک دانرابوون بۆ خـوێندنەوەیان بە نۆرە. گڵۆپێکی ڕەنگ برۆنزی و تەلەفۆنێکیشی لە هەمـان دووریی هێڵێکی خـەیاڵیی ناوەڕاسـتی مێزەکـەدا دانابوو. بەپەرۆشـەوە، کشـاوەکان، نێوان کـتـێبـەکـان و دەفـتـەرەکـان، نێـوان ئەو پارچە ڕۆژنامـانەی کـە زۆربەی تـورکانـی هـەندەران کۆیان دەکردنەوە، دۆلابی جلوبەرگەکانی، ناو جێگەکەی، دۆلابە بچووکـەکانی سـەرشـۆر و ئاشـپـەزخـانەکـەی، ناو بەفـرگـرە و توورەکـەی بـچـووکی جلە چڵکنەکانی، هەر گۆشـەیەکی ماڵەوە کە بکرێت دەفتەرێکی تێدا بشـاردرێتەوە، گـەڕام. نەمـتـوانی بڕوا بـکەم ئەو دەفـتـــەرە ون بووبێت، لـە کـاتێکدا تارکـوت ئۆیلچوین جگـەرەی دەکێشا و بە بێدەنگی سەیری فرانکفورتی نوقمبووی ناو بەفری دەکرد، من جارێکی تر هـەموو شوێنەکانی پێشوو بەدوای دەفتـەرەکەدا گەڕام. لەبەر ئەوەی لەو جانتا دەستیـەدا نەبوو کە لـەگەڵ خـۆیدا بۆ هامبورگ

بردبووی، دەبوو لەوێ، لە ماڵەوە بێت. (کا) تا دیوانی شیعرەکەی تەواو نەکردایە، کۆپیی هیچ شیعرێکی دەرنەدەهێنا، هەموو جارێک دەیگوت ئەمە دەبێتە مایەی نەگبەتی، بەڵام وەک بە نامە منی ئاگادار کردبووەوە، دیوانەکەی تەواو کردبوو.

دوای دوو سەعات، لەبری ئەوەی باوەڕ بە ونبوونی ئەو دەفتەرە سەوزە بهێنم کە (کا) لە قارس شیعرەکانی خۆی تێدا نووسیبوو، بڕوام بە خۆم هێنا دەفتەرەکە، یان بەلانی کەمەوە شیعرەکان، لە ژێر دەستی خۆمدان، بەڵام لەبەر شڵەژان و پەشۆکان پێم نادۆزرێتەوە. لەو ساتەدا خاتوونی خاوەن خانوو لە دەرگای دا، من گشت ئەو دەفتەرانەی لەسەر مێزەکە و لە کشاوەکاندا دۆزیبوومنەوە و هەموو ئەو کاغەزانەی دەستنووسی (کا)یان بەسەرەوە بوو، کردە چەند توورەکەیەکەوە. کاسێتی فیلمە ڕووتەکانیش بێ بایەخانە لە تەنیشت ڤیدیۆکەوە فڕێ درابوون (ئەمە نیشانە بوو بۆ ئەوەی هەرگیز مێوان ڕووی لە ماڵی نەکردووە). ئەوانیشم کۆ کردەوە و کردمنە توورەکەیەکی شتومەک کڕینی "کاوفهۆف" لەسەر نووسراوەوە. وەک ئەو ڕێبوارانەی دانەیەک لە شتە ئاساییەکانی ژیانیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ گەشتێکی دوور و درێژ دەبەن، منەی دوایین بیرەوەریی (کا)م کرد بۆ خۆم، بەڵام وەک هەموو جارسک تووشی ساتێک لە ساتەکانی دوودڵی بووم و نەک تەنیا شتومەکی سەر مێزەکەی لە تەپڵەک، پاکەتی جگەرە و چەقۆیەکی هەڵپچڕینی نامە، بگرە سەعاتی سەر مێزی لای جێگەکەی، ڕۆبی کۆن و تەمەن بیست و پێنج ساڵانی کە شەوانی زستان بەسەر بیجامەدا لەبەری دەکرد و بۆن و بەرامەی ئەوی گرتبوو، وێنەیەکی خۆی لەگەڵ خوشکیدا لەسەر شۆستەی دۆڵمەباخچە، هەر لە گۆرەوییە چڵکنەکانییەوە بگرە تا بە دەسڕی ناو دۆلابەکەی دەگات و هەرگیز بەکاری نەهێنابوو، لە چنگاڵی ئاشپەزخانەکەوە تا بەو پاکەتە جگەرانە دەگات کە لە تەنەکەی زبڵەکە دەرم هێنانەوە و چەندین شتی تریشم بە ئەڤینی کەسێکی شەیدای شتومەکی ئانتیکەوە ئاخنیە توورەکەی بەتاڵەوە. لە دوایین دیمانەماندا لە ئەستەنبوڵ،

(کـا) پرسـیـاری نوێتـرین ڕۆمـانی منی کرد. مـنیش چیـرۆکی (مـۆزەخـانەی پاکـیـزەیی)م بۆی گێـڕایەوە، ئەگـەرچی ئەو چیـرۆکـەم زۆر بەوردی لە هـەمـوو کەسێکی تر شاردبووەوە.

لە چاوسـاغـەکـەم جـیـا بـوومـەوە و گـەڕامــەوە بۆ هـۆتێل. هەر ئـەوەندەی گەیشتمە ژوورەکەم، دەستم کرد بە گەڕان بەناو شتومەکەکانی (کا)دا، ئەمە بەمەرجێک بڕیارم دابوو بۆ ڕزگاربوون لەو خـەمە سووتێنەرەی تێی کـەوتبووم، ئەو شـەوە هاوڕێکەم لە بیـر بکەم. پێش هەمـوو شـتێک سـەیرێکی کـاسـێـتی فیلمە ڕووتەکانم کرد. لە ژووری هۆتێلەکەدا ڤیدیۆ نەبوو، بەڵام بەو تێبینیانەدا کە بە دەستی خـۆی لەسەر کاسێتەکان نووسیبوونی، بۆم دەرکەوت هاوڕێکەم بایەخـێکی تایبـەتی داوە بـە ئەستـێـرەیەکی فـیلمی ڕووتی ئـەمـەریکی بەناوی مەلیندا.

دەسـتم کـرد بـە خـوێندنەوەی ئەو دەفـتــەرانەی لێکدانـەوەی شـیـعـرەکـانی قـارسـی تیـایاندا تۆمـار کـردبوو. ئایا بۆچی ئـەم هـەمـوو سـەرسـووڕمـان و ئەڤینـەی ڕۆژانی مانەوەی لە قارس لـە من شـاردبووەوە؟ وەڵامی ئەم پرسـیارەم لە نێـزیکەی چل نامـەی خـۆشـەویسـتیـدا دۆزییـەوە کـە لە کـشـاوەکـان دەرم هێنابوون و لـە توورەکـەم نابوون. سـەرجـەمـیانی بۆ ئیپـەک نووسـیبوو، بەڵام هیچیانی نەناردبوو،

هـەمووشـیـان بەهەمـان ڕسـتـە دەسـتـیـان پێ دەکرد: "گیانـەکەم، زۆر بیـرم کـردەوە ئەمـانـەت بۆ بنووسم، یاخـۆ نا." لـە هـەر نامـەیەکدا یادگارییـەکی نوێ سـەبارەت بە قـارس، ئازارچەشـتنی تایبـەت بە نووسـتنەکـانی لەگەڵ ئیپـەکدا، وردەکارییـەکی تری فرمێسکی لە چاو هێنەر و یەک دوو تێبینیی سەبارەت بە ژیانـی ڕۆژانەی ئەو لە فـرانکفـورت هەبوو. (سـەبارەت بـە سـەگـێکی شـەلی باخـچـەی فـۆن-بێـتـمـان، یان مـێـزە چینکۆ خـەمـبـەخـشـەکـانی مۆزەخـانەی جووەکان نامەی بۆ منیش نووسیبوو.) نەنووشتاندنەوەی نامەکان نیشانە بوو بۆ ئەوەی (کا) هێندە بەدەربەست نەبووە بیانخاتە زەرفەوە.

(کا) لە نامـەیەکدا نووسـیبـووی: "بەیەک وشـەی تۆ دەگەڕێمـەوە بۆ ئەوێ." لە

نامەیەکی تردا نووسیبووی: "جارێکی تر بەهیچ جۆرێک ناگەڕێتەوە بۆ قارس، چونکە مۆڵەت بە ئیپەک نادات لەوە زیاتر بەهەڵە لێی تێ بگات." لە نامەیەکی دیدا ئاماژەی کردووە بۆ شیعرێکی ونبوو، دانەیەکی تریان هەستێکی وا لەکن خوێنەر دەخوڵقێنێت وەک ئەوەی لە وەڵامی نامەیەکی ئیپەکدا نووسیبێتی. (کا) نووسیبووی: "چەند جێی داخە لە نامەکەشم بەهەڵە تێ گەیشتوویت." ئەو شەوە هەموو شتەکانی ناو توورەکەکانم دەرهێنا، بە ناو ژووری هۆتێلەکە و بەسەر جێگەکەمدا بڵاوم کردنەوە و پشکنیمن. دڵنیا بووم (کا) تەنانەت یەک نامەشی لە ئیپەکەوە پێ نەگەیشتووە. دوای چەندین هەفتەش، کاتێک چوومە قارس و چاوم بە ئیپەک کەوت، پێمی گوت هەرگیز نامەی بۆ (کا) نەناردووە. لەو نامانەدا، ئەگەرچی پێش نووسینیان دەیزانی نایاننێرێت، ئایا (کا) بۆچی وای دەنووسی وەک ئەوەی وەڵامی نامەی ئیپەک بداتەوە؟

پێ دەچێت گەیشتبینە دڵی بەسەرهاتەکەمان. داخۆ تا چ ڕادەیەک دەکرێت لە ئازار و ئەڤینی کەسێکی تر تێ بگەین؟ گەلۆ تا چەند دەتوانین لە کەسانێک بگەین بە بەراورد لەگەڵ خۆمان لە ئازار و تەنگانە و چەوسانەوەی قوڵتردا ژیاون؟ ئەگەر تێگەیشتن بریتی بێت لەوەی خۆمان بخەینە جێی کەسێکی جیاواز لە خۆمان، ئایا دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارانی جیهان هیچ لە ملیاران هەژاری گۆشەگیرکراو تێ گەیشتوون؟ ئەدی ئۆرهانی ڕۆماننووس چەند لە تاریکاییی ژیانی دژوار و پڕ لە ئازاری هاوڕێ شاعیرەکەی دەبینێت؟

(کا) لە جێیەکدا نووسیبووی: "هەموو ژیانم لە هەستی ونبوون و کەموکورتیدا وەک ئاژەڵێکی بریندار بەدەم ئازارکێشانەوە بەسەرچوو. ئەگەر هێندە بە دەور و خولتدا نەهاتبام، دواجار هێندە تۆم تووڕە نەدەکرد و ئەو هاوسەنگییەی لە ماوەی دوازدە ساڵدا پێی گەیشتبووم، ونم نەدەکرد و نەدەگەڕامەوە بۆ خاڵی سەرەتایی. ئێستا هەمدیسان لە ناخمدا هەست بە ونبون و فەرامۆشکردن دەکەم و ئەمەش سەرتاپام لە خوێن هەڵدەکێشێت. هەندێک جار بیر دەکەمەوە کێماسیی ژیانم هەر تۆ نیت، بگرە هەموو جیهانە." ئەمانەم دەخوێندەوە، بەڵام ئایا تێ دەگەیشتم؟


ئەو وێسکییەی لە مینی بارِی ژووری هۆتێل دەرم هێنا و خواردمەوە، کەللەمی گەرم کرد و درەنگانی شەو بۆ سۆراخکردنی مەلیندا ڕووم لە شەقامی کایزەر کرد.

مەلیندا دوو چاوی گەورە، زۆر گەورەی خەمگین و ڕەنگ زەیتوونیی هەبوو. پێستی سپی و ڕانەکانی درێژ بوون، لێوەکانی لەو گێلاسانە بچووکتر بوون کە شاعیرانی کلاسیک بۆ وەسفی لێو بەکاریان هێناوە، بەڵام کەمێک گۆشتن بوو. زۆر بەناوبانگ بوو: لە بەشی کاسێتی ڤیدیۆی مەڵبەندی سێکسی جیهانیی بیست و چوار سەعات کراوە، لە لێکۆڵینەوەیەکی بیست خوولەکیدا، شەش کاسێتم بەراورد کرد لەوانەی ناوی ئەویان بەسەرەوە بوو. دواتر، پاش بردنەوەی فیلمەکان بۆ ئەستەنبوڵ و سەیرکردنیان، هەستم بەو ڕەهەندانەی مەلیندا کرد کە پێ دەچێت کاریان لە ناخی (کا) کردبێت. ئەو پیاوەی نێوان ڕانەکانی مەلیندای دەلێسایەوە، ئەگەرچی قێزەون و زرتەبۆزیش بوو، بەڵام کاتێک کابرا لە تاو چێژ دەینالاند و لە هۆش خۆی دەچوو، نیشانەیەکی بەزەییی تایبەت بە دایکان لەسەر ڕووخساری زەردهەڵگەڕاوی مەلیندا دیاری دەدا. بە جلوبەرگەوە (ژنە سەرمایەدارێکی چاوبرسی، ژنێکی ماڵەوەی ناڕازی لە بێ دەسەڵاتیی پیاوەکەی، ستێواردێکی ئارەزوو بزوێن) چەند هەوەسبزوێن بوو، بە ڕووتیش بەهەمان ڕادە هەستیار بوو. دواتر لە چوونمدا بۆ قارس دەستبەجێ تێ گەیشتم چاوە گەورەکانی، جەستە گەورە و تەندروستەکەی و هەندێک لە ڕەفتارەکانی مەلیندا دەچوونەوە سەر ئیپەک.

زۆر باش دەزانم ئەگەر بڵێم هاوڕێکەم لە ماوەی دوایین چوار ساڵی ڕابردوودا زۆربەی کاتی خۆی بە سەیرکردنی کاسێتی لەم جۆرەوە بەسەر بردووە، ئەوا ئەو کەسانەی دەیانەوێت لە سۆنگەی خەیاڵپەرستی و لاوازیی تایبەت بە هەژارانەوە شاعیرێکی بێ هەڵە و خۆشەویست لە (کا)دا ببینن، لێم زویر دەبن. کاتێک لە مەڵبەندی سێکسی جیهانی بەناو پیاوانی تەنیای وەک خێودا بەدوای فیلمی تری مەلیندادا دەگەڕام، بیرم کردەوە تاکە شتێکی یەکخەری پیاوانی هەژاری جیهان خۆ خزاندنە گۆشەیەکە بۆ سەیرکردنی

فیلمی ڕووت بەدەم هەستکردن بە تاوانەوە. لە سینەماکانی شەقامی چل و دووەمی نیویۆرک، لە شەقامی کایزەری فرانکفورت، یان لە سینەماگەلی کۆلانەکانی پشتەوەی بەیئۆغلوی ئەستەنبوڵ ئەم پیاوە هەزارانەم دیبوو بە شەرم و هەستێکی نابووتی خۆ ونکردنەوە سەیری فیلمی ڕووتیان دەکرد و هەوڵیشیان دەدا لە کابینەکاندا نیگایان نەچێتە سەریەکتر. بەڕادەیەکیش لە یەکتر دەچوون، سەریان لە هەموو ڕێساکانی بڕیاری پێشوەختی نەتەوەپەرستان و ئەنترۆپۆلۆجی شێواندبوو. کاسێتەکانی مەلیندام کردە توورەکەیەکی نایلۆنی ڕەشەوە و لە مەڵبەندی سێکسی جیهانی هاتمە دەرەوە. بە شەقامە چۆڵەکاندا و بەژێر کلووە گەورەکانی بەفردا گەڕامەوە بۆ هۆتێل.

لە باڕی هۆڵی پێشوازی، دوو پێکی تر وێسکیم خواردەوە و بۆ ئەوەی کارم تێ بکات، بەدەم چاوەڕێکردنەوە لە پەنجەرەکەوە سەیری بەفر بارینەکەی دەرەوەم دەکرد. پێم وا بوو ئەگەر پێش گەڕانەوەم بۆ ژوورەکەم کەمێک مەست بم، ئەوا ئەمشەو ئیدی خەیاڵم بۆ مەلیندا، یان دەفتەرەکانی (کا) ناچێت، بەڵام هەر ئەوەندەی چوومە ژوورەکەم، لە خۆمەوە دەستم بۆ یەکێک لە دەفتەرەکان برد، بێ ئەوەی جلەکانم بگۆڕم، خۆم هاویشتە سەر جێگەکەم و دەستم بە خوێندنەوە کرد. دوای سێ چوار پەڕە ئەم نیگاری گەردیلە بەفرەم کەوتە پێش چاو:



لۆژیك
هاوڕێیەتیی ئەستێرەکان
خۆکوشتن و دەسەڵات
خەیاڵ
هەموو مرۆڤایەتی و ئەستێرەکان
بەفر
بەختەوەر دەبم
بەهەشت
ئەو شوێنەی خوای لێ نییە
سەگ
مردن بە تیرباران
من، (کا)
بیرەوەری
بیرەوەری
شەڤەمەکانی خەون
ئەڤین
شەوی شۆڕش
سەرزەمینی کۆتاییی جیهان
شەترەنج
قوتووی شۆکۆلاتە
هاوشێوەی شاراوە
خەیاڵ
نێردیی پێبردن
بێچارەیی، دژواری
لۆژیك

## ٣٠

# جارێکی دی کەی بەیەک دەگەینەوە؟

## شادییەکی کورتخایەن

(کا) و ئیپەک، دوای پێکەوەنووستنیان، یەکیان لە ئامێز گرت و ماوەیەک بێ جووڵە ڕاکشان. سەرتاپای جیهان هێندە کپ و (کا)ش ئەوەندە کامەران بوو، بەجۆرێک پێی وا بوو ئەوە ماوەیەکی زۆر درێژ بووبێت. هەر لەبەر ئەوەش ئۆقرەی لێ بڕا، بەرزە پێ ڕاپەڕی و لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی کرد. دواتر بیری لەوە کردەوە ئەو ساتە درێژەی بێدەنگی، کامەرانترین ساتی ژیانی بووە و لە خۆی دەپرسی بۆچی خۆی لە ئامێزی ئیپەک دەرهێناوە و کۆتایی بەو ساتە بێ وێنەیەی خۆشبەختی هێناوە. بە شپرزەبوونێک لە ڕووخساریدا وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە، وەک ئەوەی لەودیو پەنجەرەکەوە، لە ناو بەفرەکەدا شتێک قەومابێت و ئەم ناچار بێت فریا بکەوێت.

لە ڕاستیشدا لەودیوی پەنجەرەکەوە، جگە لە بارینی بەفر، هیچ شتێکی تر نەقەومابوو. بەڵام کارەبا هێشتا نەهاتبووەوە، تیشکی مۆمێکی داگیرساو لە ئاشپەزخانەی نهۆمی خوارەوەدا لە پەنجەرە ڕچیوەکەوە بۆ دەرەوە دزەی دەکرد، کلووە بەفرەکانیش زۆر بەخاوی دەبارین و بە تیشکێکی نارنجی ڕووناک دەبوونەوە. زۆر دواتریش (کا) وای بۆچووبوو بەهۆی ئەوەی زۆر بەرگەی شادی ناگرێت، بۆیە زوو کۆتاییی بە کامەرانترین ساتی ژیانی هێناوە. ئەوەش هەبوو کاتێک لە سەرەتادا لە ئامێزی ئیپەکدا نووستبوو، نەیزانیبوو هێندە کامەران دەبێت؛ لە ناخەوە هەستی بە ئارامی و ئۆقرە دەکرد، ئەمەشی بە شتێکی سرووشتی دەزانی و پێی وا بوو لە بیری چووە

بۆچی لە ڕابردوودا ژیانی بە هەستێکی تێکەڵ لە دەرد و خەم و دڵەڕاوکێوە بەسەر بردووە. ئەم ئارامییە دەچووەوە سەر بێدەنگیی پێش هاتنی شیعرێکیش، بەڵام پێش ئەوەی شیعرەکەی بۆ بێت، جیهان بە هەموو واتایەک بە ڕووت و قوتی خۆی دەینواند و جۆشێک سەرتاپای جەستەی تەنی. لەم ساتی کامەرانییەدا ڕووناکییەکی شایەنی باس لە ناخیدا نەبوو؛ بگرە پاکییەکی سادە و منداڵانە هەبوو: وەک ئەو منداڵەی تازە فێری وشەکانی گەیەنەری واتای جیهان دەبێت.

وشە بەوشەی ئەو بابەتەی هاتەوە یاد کە دوای نیوەڕۆ لە کتێبخانەی شار سەبارەت بە پێکهاتەی گەردیلەی بەفر خوێندبوویەوە. لەو سۆنگەیەوە چووبوو بۆ کتێبخانەکە تا خۆی بۆ هاتنی شیعرێکی تر دەربارەی بەفر ئامادە بکات، بەڵام ئێستا شیعرەکەی لە خەیاڵ نەمابوو. پێکهاتەی شەشپاڵوویی گەردیلەی بەفر، ئەوەی لە ئەنسکلۆپیدیای منداڵاندا بەرچاوی کەوتبوو، لەگەڵ ڕیتمی شیعرگەلێکدا بەراورد کرد دانە دانە وەک بەفر بۆی دەهات. لەو ساتەدا بەخەیاڵیدا هات پێویستە شیعرەکانی ئاماژەیەک بن بۆ واتایەکی قوڵتر.

ئیپەک ڕێک لەو دەمەدا لێی پرسی: "چی دەکەیت لەوێ؟"

"سەیری بەفر دەکەم گیانەکەم."

هەستی وا بوو ئیپەک پەی بەوە بردبێت ئەم لەودیو جوانیی پێکهاتەی ئەندازەییی گەردیلەی بەفرەوە واتایەکی دۆزیوەتەوە، بەڵام بەلایەکی تری هۆشی دەیزانی شتی وا نابێت. لەلایەکی دی، ئیپەک پێی ناخۆش بوو (کا)، جگە لەم، بە شتێکی ترەوە سەرقاڵ بێت. ئەمیش، بەهۆی ئەوەی خۆی لە بەرامبەر ئیپەک زۆر بە ئاڵۆش و لەبەر ئەوەش زۆر بێ چەک دەزانی، ئەم دۆخەی پێ خۆش بوو، حاڵی بوو لە پێکەوە نووستندا، ئەگەرچی کەمیش بێت، شتێک هێزی بۆ خۆی بەدەست هێناوە.

ئیپەک لێی پرسی: "بیر لە چی دەکەیتەوە؟"

(کا) گوتی: "دایکم." دواییش تێ نەگەیشت بۆچی لەپڕ ئەمەی گوت، چونکە

دایکی، ئەگەرچی ماوەیەکی درێژیش بەسەر مردنیدا تێ نەپەڕیبوو، لە خەیاڵی ئەمدا نەبوو. بەڵام ساڵانی دواتر هەر جارێک ئەو ساتەی بیر دەکەوتەوە، ئەم ڕستەیەی بۆ قسەکەی زیاد دەکرد: "لە ڕێی گەشتمدا بۆ قارس، بەردەوام بیرم لە دایکم دەکردەوە."

"چی شتێکی دایکت؟"

"شەوێک لە پەنجەرەکەوە سەیری بەفرم دەکرد و ئەویش دەستی دەهێنا بە قژمدا. ئەوە."

"ئایا بە منداڵی کامەران بوویت؟"

"مرۆڤ، کاتێک کامەرانە، ئیدی نازانێت کامەرانە. دوای ساڵانێکی درێژ گەیشتمە ئەو باوەڕەی لە منداڵیمدا بەختەوەر بووم: ڕاستییەکی، بەختەوەر نەبووم، بەڵام وەک ساڵانی دواتری تەمەنیشم بەدبەخت نەبووم. لە منداڵیمدا بایەخم بە کامەرانبوونم نەدەدا."

"کەی دەستت کرد بە بایەخ پێدانی؟"

(کا) ویستی بڵێت: "هیچ کاتێک"، بەڵام هەم ڕاست نەبوو، هەم زۆریش بە خۆ باوەڕبوون بوو. سەربارى ئەوەش لەپڕ بەخەیاڵیدا هات وا بڵێت و بەو جۆرە کاریگەری لەسەر ئیپەک دابنێت، بەڵام ئەوەی ئێستا لە ئیپەک چاوەڕێی دەکرد، شتێک بوو زۆر قووڵتر لە کاریگەربوون. (کا) گوتی: "پاش ئەوەی بەدبەختی هیچی لێ سەوز نەبوو، دەستم کرد بە بیرکردنەوە لە بەختەوەری."

لە خۆی پرسی داخۆ باشی کرد ئەمەی گوت؟ بێدەنگبوونی ئیپەک هەراسانی کردبوو. ئایا چۆن دەیتوانی باسی تەنیایی و نەداریی خۆی لە فرانکفورت بکات و ئیپەک قایل بکات لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ ئەوێ؟ لە دەرەوە بایەکی تووڕە هەڵی کرد و کلووە بەفرەکانی تەخشان و پەخشان دەکرد. (کا) هەستی بە بێ ئۆقرەیییەک کرد لە کاتی هەڵسانیدا لە ناو جێگەدا تووشی هاتبوو، ئێستا زیاتر هەستی بەو ئازاری ئەڤین و چاوەڕوانبوونە دەکرد کە سکی دەهێنایە ئێش. پێش تاوێک فرە بەختەوەر بوو، ئێستا بیرکرنەوە لە لە

دەستدانی ئەم بەختەوەرییە، هۆشی لە سەردا نەهێشتبوو. ئەمەش لە کامەرانییەوە دەیخستە گومانەوە. دەیویست لە ئیپەک بپرسێت: "لەگەڵمدا دێیت بۆ فرانکفورت؟"، بەڵام ترسی ئەوەی هەبوو ئەو وەڵامەی نەداتەوە کە ئەم ئارەزووی دەکات.

گەڕایەوە ناو جێگە، بەهەموو هێزی خۆی لە پشتەوە باوەشی بە ئیپەکدا کرد، گوتی: "دووکانێک هەیە لە دەرەوە پارچە موزیکێکی زۆر کۆنی (پەپینۆ دی کاپری)ی بەناوی (ڕۆبێرتا) لێ دەدا. ئەوەیان لە کوێ پەیدا کردووە؟"

ئیپەک گوتی: "چەندین بنەماڵەی کۆن لە قارسدا هەن هێشتا شاریان بەجێ نەهێشتووە. دواجار دایکان و باوکان دەمرن، منداڵان شتومەکەکان دەفرۆشن و شار بەجێ دەهێڵن. ئەوسا شتومەکی سەمەرەی نەگونجاو لەگەڵ هەژاریی ئێستای شاردا دەکەونە بازاڕەوە. لە ڕابردوودا کۆنەفرۆشێک گشت پایزانێک لە ئەستەنبوڵەوە دەهات، شتومەکە کۆنەکانی دەکڕی و لەگەڵ خۆیدا دەیبردەوە، بەڵام ئێستا تەنانەت ئەویش نایەت."

(کا) وای زانی ساتی بێ وێنەی کامەرانییەکەی کەمێک لەمەوبەری دۆزییەوە، بەڵام ئیدی ئەمە هەمان هەست نەبوو. هەستی جارێکی تر ترسی نەدۆزینەوەی ئەو ساتە لە ناخیدا گەورە بووەوە و وەرگەڕایە سەر شپرزەیی و هەموو شتێکی بەردەمی خۆی ڕادەماڵی: بە ترسەوە بۆی دەرکەوت هەرگیز ناتوانێت ئیپەک قایل بکات لەگەڵیدا بڕوات بۆ فرانکفورت.

ئیپەک گوتی: "دەی گیانەکەم، من ئیدی پێویستە هەستم."

سەرباری ئەوەی ئیپەک پێی گوت "گیانەکەم" و لە هەڵسانیشدا ڕووی تێ کرد و ماچێکی شیرینی کرد، کەچی (کا) دانەساکا.

"جارێکی دی کەی بەیەک دەگەینەوە؟"

"خەمی باوکمە. بەدووری نازانم پۆلیس چاودێریانی کردبێت."

(کا) گوتی: "منیش خەمی ئەوانمە... بەڵام ئێستا دەمەوێت بزانم جارێکی تر کەی بەیەک دەگەینەوە."

"ئەگەر باوکم لە هۆتێل بێت، من پێ نانێمە ئەم ژوورە."

(کا) گوتی: "بەڵام ئێستا هیچ شتێک وەک جاران نییە." ئیپەک لە تاریکیدا بە هونەرەوە جلەکانی لەبەر دەکردەوە. (کا) لەپڕ بە ترسەوە بیری کردەوە هیچ شتێک لەکن ئەو نەگۆڕاوە. گوتی: "من دەچمە هۆتێلێکی تر و تۆیش یەکسەر وەرە بۆ لام."

بێدەنگییەکی تۆقێنەر هاتە ئاراوە. شڵەژانێکی بارگاویکراو بە ئیرەیی پێبردن و بێچارەیی (کا)ی دایە پێش. بیری چوو بۆ ئەوەی ئیپەک خۆشەویستێکی تری هەبێت. بەشێکی هۆشی ئەوەی دەهێنایەوە بیری لەوانەیە ئەم هەستە ئیرەیی پێبردنێکی ئاساییی ئەڤینێکی بێ ئەزموون بێت، بەڵام هەستێکی زۆر بەهێز لە ناوەوە پێی دەگوت پێویستە بە هەموو گوڕ و تینی خۆی باوەش بە ئیپەکدا بکات و هەر لە ئێستاوە پەلاماری ئاستەنگە چاوەڕوانکراوەکانی نێوانیان بدات. پەی بەوە برد بەپەلەکردن بۆ زیاتر خۆ نێزیکخستنەوە لە ئیپەک، خۆی دەخاتە دۆخێکی دژوارەوە، بۆیە بێ ئەوەی هیچ بڕیارێک بدات، بە بێدەنگی چاوەڕێی کرد.

## ٣١

# ئێمە دەبەنگ نین، تەنیا هەژارین

## کۆبوونەوەی نهێنیی هۆتێل ئاسیا

ئەو شتەی زاهیدە لە دوایین چرکەدا گەیاندبوویە ئەو گالیسکەیەی دەبوو تورگوت بەگ و قەدیفە بگەیەنێتە شوێنی کۆبوونەوەی نهێنیی هۆتێل ئاسیا، جووتێک دەسکێشی خوریی کۆن بوو. (کا)، کاتێک لە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەی خۆیدا بەدەم چاوەڕێکردنی ئیپەکەوە سەیری ئەم دیمەنەی کردبوو، لە تاریکیدا بۆی دەرنەکەوتبوو زاهیدە چیی گەیاندبوو بە گالیسکەکە. تورگوت بەگ، بۆ ئەوەی بڕیار بدات بۆ کۆبوونەوە چ بپۆشێت، دوو چاکەتی ڕەش و خۆڵەمێشیی پاشماوەی سەردەمی مامۆستایی، کڵاوێکی چەرم کە لە جەژنەکانی کۆمار و پشکنینەکانی سەردەمی کاری قوتابخانەدا لەگەڵ خۆیدا دەیگەڕاند و کراڤاتێکی نەخشێندراو بە چوارگۆشەی بچووک، ئەگەرچی ساڵانێک بوو کوڕەکەی زاهیدە تەنیا بۆ گەمەکردن لە ملی دەکرد، بەسەر جێگەدا بڵاو کردبووەوە و ماوەیەکی درێژ سەیری جل و بەرگی ناو دۆڵابەکانی کردبوو. قەدیفە بینیبووی باوکی سەری لێ شێواوە و وەک ژنێکی تازە عاشقبوو نازانێت چی لەبەر بکات، بۆیە خۆی دانە بەدانەی پۆشاکەکانی باوکی هەڵبژاردبوو، بە دەستی خۆی دووگمەی کراسەکەی قایم کردبوو، و چاکەت و پاڵتۆی لەبەر کردبوو. لە دوایین ساتیشدا توانیبووی جووتێک دەسەوانەی سپیی لە چەرمی سەگ دروستکراو بکاتە دەستە بچووکەکانی باوکی. لەو ساتەدا تورگوت بەگ دەسکێشە خورییە کۆنەکانی بیر کەوتبووەوە و پێی لەسەر دۆزینەوەیان داگرتبوو. ئیپەک و قەدیفە سەیری ناو دۆڵاب و

سندووقـەکـانیـان کـردبوو، بە شـڵـەژانەوە هەمـوو ناومـاڵەکـەیان دابوو بەسەریەکدا، دوای دۆزینەوەی، دیبوویان ئەسپێ تێ داوە، بۆیە فڕێیان دابووە لاوە. تورگوت بەگ لە ناو گالیسکەکەدا وڕکی گرتبوو، گوتبووی: "بێ ئەوانە ناڕۆم." وەک خـۆی گـێـرابوویەوە، چەندین سـاڵ لـەمـەوبەر لـە پای چەپایـەتی دەکـەوێتـە زیندانەوە، هاوسـەری خـوا لێـخـۆشـبـووی ئەم جـووتـە دەسـەوانە خـوریـیـەی بۆ دەچنێت و بـۆی دەهێنێت بـۆ زیندان. قـەدیفـە لە باوکی باشـتـر ئاگـاری باوکی خـۆی دەناسـی، بۆیە دەسـتـبـەجێ تـێ گـەیشـتـبـوو زیاتر ترس لەپشت ئـەم داخــوازەوەیە، نـەک پابـەندبوون بە بیـرەوەرییـەکـانەوە. دوای گەیشتنی دەسـەوانەکان، گالیسکەکە بەژێر بەفرەکەدا کەوتبـووە ڕێ، قەدیفە وەک ئەوەی یـەکـەمـجـاری بێت گـوێ بۆ بیـرەوەرییـەکـانی باوکی لە زیندان ڕابگرێت (هەڵڕشتنی فرمێسک لەگەڵ گەیشتنی نامەکانی ژنەکەیدا، خۆبەخۆ فـێربوونی زمـانی فـەڕەنسی، لە دەسـتکردنی ئەم دەسـتکێشـانە لە شـەوانی زستاندا و خەوتن پێیانەوە)، بە چاوی داچەقاوەوە گوێی گرتبوو، و گوتبووی: "باوکـە گـیـان، ئێـوە مـرۆڤـێکی زۆر چاونەترسن." تورگـوت بەگ وەک هـەمـوو جارێک ئەگەر لە کچەکانییەوە گوێی لەم قسانە دەبوو (لەم سالانەی دوایدا کەمتر دەیبیست)، چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک، باوەشی بە کچەکەیدا کرد و بەدەم لەرزینەوە مـاچی کرد. لەو شـەقـامـانەی گـالیسکەکـە پێیـان گـەیشت، کارەبا نەبڕابوو.

دوای ئەوەی لـە گـالیـسـکەکـە دابەزین، تـورگـوت بەگ گـوتی: "لێـرە کـام دووکانانە کراونەتەوە، ڕاوەستـە با سـەیرێکی ئەم جامـخـانانە بکەم." قـەدیفـە لەبـەر ئەوەی دەیزانـی باوکی بـۆ دواوە هەنگاو دەنێت، هـیچ پـەلەی لێ نـەکـرد. تورگوت بـەگ داوای کردبوو لە چایخـانەیەک چایەکی ئیـخـلامـوور بـخـواتەوە، گـوتیـشـی ئـەگـەر هەواڵدزیان بەدواوە بێت، ئەوا ئـەمـان دەتوانن بەم کـارەیان سـەری لێ بشـێـوێنن. چـوونە چایخـانەیـەکـەوە و چاویان بـڕییـە دیمـەنی ڕاوەدوونان لە تەلەڤزیۆندا و بەکپی دانیشتن. لە هـاتنە دەرەوەیاندا تورگـوت بەگ کەونە سـەرتاشـەکەی خۆی بینی و هـەمدیسان دانیشـتنەوە. تورگوت بەگ

وا خۆی پێشان دا وەک ئەوەی گوێی بۆ سەرتاشە قەڵەوەکە ڕاگرتبێت، هەمان کات چرپاندی بە گوێی کچەکەیدا و گوتی: "ئایا دوا نەکەوتووین، شوورەیی نابێت ئەگەر هەر نەچین؟" کاتێک قەدیفە چووە بن باڵی، ئەم بۆ حەوشەی پشتەوە نەچوو، بگرە چووە دووکانێکی پەڕاوفرۆشی و لەسەرخۆ پێنووسێکی شینی تۆخی هەڵبژارد. لە دەرگای دووکانی ئەرسین ئەلەکتریکەوە چوونە حەوشەی پشتەوە و ڕوویان لە دەرگای دواوەی هۆتێل ئاسیا کرد، قەدیفە سەیری کرد ڕەنگی باوکی زەرد هەڵگەڕاوە.

دەروازەی پشتەوەی هۆتێل بێدەنگ بوو، باوک و کچ زیاتر خۆیان بەیەکەوە نووساند و کەوتنە چاوەڕێکردن. کەس بەدوایانەوە نەبوو. دوای چەند شەقاوێک هێندە تاریک داهات، بەجۆرێک قەدیفە بە دەست پێداخشاندن پلیکانەکانی هۆڵی پێشوازی دۆزییەوە. تورگوت بەگ گوتی: "قۆڵم بەرمەدە." پەنجەرە بەرزەکانی هۆڵی پێشوازیی هۆتێل بە پەردەی ئەستوور داپۆشراون و ناو هۆڵەکە نیمچە تاریک بوو. تیشکێکی مردووی لە گڵۆپێکی کز و چڵکنی هۆڵی پێشوازییەوە دەرچوو، زۆر بە دژواری دەموچاوی کارمەندە پەرپووت و ڕیش دەرهاتووەکەی هۆتێلی ڕووناک دەکردەوە. لە تاریکییەکەدا گوێیان لە دەنگی پێی یەک دوو کەسێک بوو بە هۆڵەکەدا هاتوچۆیان دەکرد، یان بە پلیکانەکاندا دادەبەزین. زۆربەی ئەو کەسانە پۆلیسی سڤیل، قاچاخچیی ئاژەڵ و خەڵووز، یان کەسانێک بوون لەودیو سنوورەوە کرێکاری نایاساییان دەهێنا. هەشتا ساڵ لەمەوبەر بازرگانە ڕووسەکان و دواتر ئەو تورکانەی بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ ڕووسیادا لە ئەستەنبوڵەوە دەهاتن، ئەو نەجیبزادانەی لە سنووری ئەرمەنستانەوە سیخوڕیان دەخزاندە ناو یەکێتی سۆڤیەتەوە و سیخوڕە دووسەرەکانی ئینگلیز لایان دەدایە ئەم هۆتێلە. ئێستاش بووە بە جێی حەوانەوەی ئەو ژنانەی لە گورجستان و ئۆکراینەوە بۆ بازرگانیی جانتا و سێکسفرۆشی دێنە تورکیا. پیاوانی گوندنشینی دەوروبەری قارس سەرەتا لەم هۆتێلەدا ژوور بۆ ئەم ژنانە بەکرێ دەگرن و دواتریش ژیانێکی نیمچە هاوسەرییان لەگەڵدا بەسەر دەبەن. کاتێکیش ئێواران دادێت، پیاوەکان

بەدوایین مینیبووس بۆ گوندەکانیان دەگەڕێنەوە، ژنەکانیش لە ژوورەکانیان دێنە دەرێ و لە بارە تاریکەکەی هۆتێلدا چای و کۆنیاک دەخۆنەوە. تورگوت بەگ و قەدیفە بەسەر پلیکانەکاندا کە سەردەمانی زوو بە فەرشی سوور داپۆشرابوون، سەرکەوتن، ڕوویان بە ڕووی یەکێک لەو ژنە قژزەرد و ماندووانەدا تەقیەوە و تورگوت بەگ بەچرپە بە کچەکەی گوت: "هۆتێلی گراندی شوێنی حەوانەوەی پاشا عیسمەت ئۆینونویش لە لۆزان بەمجۆرە کۆزمۆپۆلیتیک بوو." پێنووسەکەی دەرهێنا و گوتی: "منیش وەک ئەوەی عیسمەت پاشا لە لۆزان کردی، بە پێنووسێکی تەواو نوێ واژۆ دەخەمە سەر ڕاگەیەندراوەکە." قەدیفە نەیزانی داخۆ باوکی بۆ پشوودان، یان بۆ خۆ دواخستن ئاوا زوو زوو لەسەر پلیکانەکان ڕادەوەستێت. تورگوت بەگ لە بەردەم ژووری ٣٠٧دا گوتی: "واژۆ دەکەین و دەستبەجێ دەڕۆین."

ژوورەوە هێندە جەنجاڵ بوو، بەجۆرێک قەدیفە لە سەرەتادا وای بۆچوو چووبنە ژوورێکی ترەوە. سەیری کرد شینە لەگەڵ دوو کەسی چالاکی ئیسلامیدا بە ڕووی ترشەوە لە بەردەم پەنجەرەکە دانیشتووە، ئەمیش دەستی باوکی گرت و لەوێ داینیشاند. سەرەڕای گڵۆپی ڕووتەڵەی بنمیچ و گڵۆپێکی ماسی ئاسای سەر مێزی نان خواردن، ژوورەکە بەتەواوی ڕووناک نەبوو. لە چاوی ئەم ماسییە لەسەر کلک ڕاوەستاوە و هەڵگری گڵۆپێک لە دەمی کراوەیدا، مایکرۆفۆنێکی دەوڵەت دانرابوو.

فازیلیش لە ژوورەوە بوو؛ هەر ئەوەندەی چاوی بە قەدیفە کەوتبوو، هەڵسابووە سەرپێ، بەڵام لەگەڵ ئەوانی تردا کە بۆ ڕێزگرتن لە تورگوت بەگ هەڵسابوونە سەرپێ، دانەنیشتەوە. ساتێکی درێژ وەک ئەوەی جادووی لێ کرابێت، بە شەیدابوونەوە سەیری کردبوو. هەندێک لەوانەی ناو ژوورەکە وایان زانیبوو قەدیفە شتێکی پێ دەڵێت، بەڵام قەدیفە هەر هەستیشی پێ نەکردبوو. سەرنجی چووە سەر ئەو گرژییەی لەپڕ لە نێوان شینە و باوکیدا هاتە ئاراوە.

شینە قایل بووبوو بەوەی ئەگەر ئەو کەسەی بەناوی نەتەوەپەرستانی

کوردەوە واژۆ دەخاتە سەر ڕاگەیەندراوەکە بۆ بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فرانکفورتەر ڕوندشاودا، کەسێکی ئەتایست بێت، ئەوا کاریگەریی زیاتری بۆ سەر ڕۆژئاوا دەبێت، بەڵام لاوێکی ڕەنگ زەرد و باریکەڵە کە بە هەزار دەردی سەر قایلیان کردبوو، لەگەڵ هاوڕێکانی کۆمەڵەکەیاندا بیر و بۆچوونی جیاوازیان لەسەر ناوەڕۆکی ڕاگەیەندراوە هەبوو. ئێستا هەرسێکیان پێکەوە بە گرژ و مۆنی دانیشتبوون و چاوەڕێی نۆرە قسەی خۆیان دەکرد. لاوانی بێکار و تووڕەی کورد هەموویان شەیدای گەریلا کوردەکانی سەر چیاکان بوون، ماڵی ئەندامێکی ناوەندییان دەکردە بارەگای خۆیان و تیایدا کۆ دەبوونەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم کۆمەڵانە ناوبەناو دادەخران و بەڕێوەبەرانی بەردەوام دەستگیر و دارکاری دەکران و دەخرانە ژێر ئەشکەنجەوە، کارێکی زۆر دژوار بوو بتوانرێت لە دوای کودەتاکە بدۆزرێنەوە. گرفتێکی تر ئەوە بوو شەڕڤانانی سەر چیاکان ئەم لاوانەیان بەوە تاوانبار دەکرد گوایە لە ژوورە گەرمەکانی شاردا ژیانێکی خۆش بەسەر دەبەن و خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی کۆماری تورکیادا گونجاندووە. تاوانبارکردنی کۆمەڵەکان بەوەی وەک پێویست بەرئەندامی گەریلا بۆ شاخ نانێرن، ورەی ئەندامانی هێشتا دەستگیر نەکراوی بەتەواوی ڕووخاندبوو. دوو (سۆسیالیست)ی سەر بە نەوەی پێشووتر کە تەمەنیان لە سییەکاندا بوو، ئامادەی کۆبوونەوە بوون. لاوانی کۆمەڵە کوردییەکان بۆ شانازی بەخۆکردن و بەدەستهێنانی ڕاوێژ و ڕێنمایی بابەتەکەیان لایان باس کردبوو. بەمجۆرە ئەوانیش بیستبوویان بڕیار وایە ڕاگەیەندراوێک بدرێت بە چاپەمەنیی ئەڵمانیا. ئەم میلیتانە زوو پیربووانە جۆرێک لە شکست بە ڕووخساریانەوە دیاربوو، هۆیەکەشی ئەوە بوو سۆسیالیستە چەک بەدەستەکان وەک جاران لە قارسدا بەهێز نەبوون، بێ مۆڵەت و هاوکاریی گەریلا کوردەکان، چالاکیی وەک گرتنی ڕێگە و بانەکان، پۆلیس کوشتن و دانانەوەی پاکەتی بۆمبڕێژکراویان بۆ ئەنجام نەدەدرا. گوتبوویان هێشتا ژمارەیەکی زۆر مارکسی لە ئەورووپا هەن و بێ بانگهێشتکردنیش بۆ کۆبوونەوە هاتبوون. یەکێک لە کۆنە سۆسیالیستەکان

به بێزارییەوە پاڵی بە دیوارەکەوە دابوو، بەڵام هاوڕێ ڕووخسار خاوێن و ئارامەکەی تەنیشتی، چونکە پێویست بوو سەرجەم وردەکارییەکانی کۆبوونەوە بە دامودەزگاکانی دەوڵەت بگەیەنێت، هەستی بە پەشۆکان دەکرد. ئەمەی لە نیازخراپی نەبوو، بگرە بۆ ڕێگرتنی بوو لە ئازاردانی زیاد لە پێویستی ڕێکخراوەکەیان لەلایەن پۆلیسەوە. دەوڵەتی لە تەواوی ئەو و چالاکیانە ئاگادار کردبووەوە کە خۆی بە ناپێویستی زانیبوون و بێ بایەخ لە قەڵەمی دابوون. لەلایەکی دی، لە ناخی دڵە یاخیبووەکەیەوە شانازیی بە بەشداربوونی لەو چالاکییانەدا دەکرد و بە شانازییەوە باسی گوللەبارانکردن، مرۆڤ فڕاندن و لێدان، بۆمب دانان و ڕووداوەکانی کوشتنی دەگێڕایەوە.

سەرجەم ئامادەبووان تەواو دڵنیا بوون لەوەی پۆلیس گوێ لە گفتوگۆکانی ناو ژوورەکە دەگرێت و بەلایەنی کەمەوە چەند هەواڵدزێکی لە ناو ئاپۆڕەکەدا چاندووە، بۆیە کەس ئامادە نەبوو بدوێت. ئەوانەشی قسەیان دەکرد، لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەیان دەکرد و دەیانگوت بەفر هێشتا هەر دەبارێت، یان یەکدییان هۆشیار دەکردەوە و دەیانگوت: "جگەرەکانتان فڕێ مەدەنە سەر زەوی." ئەم بێدەنگییە درێژەی کێشا تا ئەو کاتەی پووری یەکێک لە لاوە کوردەکان کە سەرنجی هیچ کەسێکی لە ژوورەکەدا ڕانەکێشابوو، هەڵسایە سەرپێ و کەوتە گێڕانەوەی چۆنیەتیی ونبوونی کوڕەکەی (ئێوارەیەک لە دەرگا دەدرێت، کوڕەکەی دەگرن و دەیبەن.) تورگوت بەگ بە نیو گوێ بەسەرهاتی ونبوونی ئەم لاوەی بیست و بۆی بەپەرۆش بوو. فڕاندنی لاوانی کوردی لە نیوەی شەودا و کوشتنیانی بە کارێکی نامۆ دەزانی، بەڵام هەر لە خۆیەوە لەوە تووڕە بوو کاتێک گوترا لاوەکە "بێ تاوانە." قەدیفە دەستی باوکی گرت و هەوڵی دا ڕووخساری بێزار و گاڵتەجاڕی شینە بخوێنێتەوە. شینە بیری لەوە دەکردەوە تەڵەی بۆ نرابێتەوە، بەڵام لەوە نیگەران بوو ئەگەر هەڵسێت و بڕوا، ئەوا هەمووان لە دژی قسە دەکەن، بۆیە بە نابەدڵی دانیشتبوو. دواتر: ١- لاوێکی "ئیسلامی"ی تەنیشت فازیل هەوڵی دا بیسەلمێنێت سیخوڕێکی دەوڵەت ئەو تاوانەی ئەنجام داوە. دوای چەند مانگێکیش سەلمێندرا ئەم پێوەندیی بە

تاوانی کوشتنی بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردەوە هەیە ٢- شۆڕشگێڕان، زانیاریی تێروتەسەلیان سەبارەت بە مانگرتنی هاوڕێکانیان لە زیندان ڕاگەیاند. ٣- سێ لاوی سەر بە کۆمەڵە کوردییەکان، هەڕەشەی ئەوەیان کرد ئەگەر ڕاگەیەندراوەکە لە ڕۆژنامەی فرانکفورتەر ڕوندشاودا بلاو نەبێتەوە، ئەوا ئەمان واژۆکانی خۆیان دەکێشنەوە و بەوردی و بە کەللەیەکی داگیرساوەوە دەقێکی دوور و درێژیان سەبارەت بە پایەی کولتوور و ئەدەبیاتی کوردی لە مێژووی جیهاندا خوێندەوە. دایکی لاوە ونبووەکە پرسیاری ئەو "ڕۆژنامەنووسە ئەڵمانە"ی کرد و ویستی سکالانامە خۆی بداتێ، قەدیفە هەڵسایە سەرپێ و بە دەنگێکی هێورکەرەوە گوتی (کا) لە قارسە و بۆیە بەشدار نەبووە تا (بێلایەنی)ی کۆبوونەوە نەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. ئەوانەی لەوێ بوون، لەسەر ئەوە ڕانەهاتبوون ژنێک لە کۆبوونەوەیەکی سیاسیدا هەڵسێتە سەرپێ و بە بڕوا بەخۆبوونەوە قسە بکات؛ هەموویان بۆ ساتێک ڕێزیان بۆ دەربڕی. دایکی لاوە ونبووەکە باوەشی بە قەدیفەدا کرد و دەستی کرد بەگریان. قەدیفە بەڵێنی دایێ ئەوپەڕی هەوڵ بدات کێشەکەی لە ڕۆژنامە ئەڵمانیەکەدا بلاو بکرێتەوە و کاغەزێکی لێ وەرگرت ناوی کوڕەکەی لەسەر نووسرابوو.

ئەو میلیتانە چەپەی بەنیازی پاکەوە هەواڵی کۆبوونەوەکەی بە دەوڵەت دەگەیاند، لەو ساتەدا ڕەشنووسی یەکەمی بە دەست نووسراوی ڕاگەیەندراوەکەی دەرهێنا و بە پۆزێکی سەیرەوە دەستی کرد بە خوێندنەوەی.

سەردێڕی ڕەشنووسەکە بەمجۆرە بوو: "ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە ڕووداوەکانی قارس بۆ ڕای گشتی ئەوروپا." لە دەسپێکدا هەمووان ئەمەیان پێ جوان بوو. فازیل دواتر هەستی ئەو کاتەی خۆی بە پێکەنینەوە بۆ (کا) گێڕابووەوە و گوتبووی: "بۆ یەکەمجار توانیم پێشبینی بکەم شارە خنجیلانەکەم دەچێتە مێژووی جیهانەوە!"، ئەم دەربڕینەش چووبووە ناو شیعرێکی (کا)وە بە ناوونیشانی (هەموو مرۆڤایەتی و ئەستێرەکان). شینە دژایەتیی خۆی بۆ سەردێڕی ڕەشنووسی ڕاگەیاندنەکە دەربڕی و گوتی: "ئێمە

ڕووی بانگەواز لە ئەوروپا ناکەین، بگرە لە سەرجەم مرۆڤایەتیی دەکەین. با هاوڕێیانمان نەکەونە هەڵەوە، ئێمە دەتوانین ڕاگەیەندراوەکەمان لە ڤارس، یان لە ئەستەنبوڵ نا، بگرە لە فرانکفورت بڵاو بکەینەوە. ڕای گشتیی ئەوروپا دۆستی ئێمە نییە، دوژمنمانە. نەک لەبەر ئەوەی ئێمە دوژمنی ئەوانین، بگرە ئەوان هەر لە خۆیانەوە بە چاوی نزمەوە بۆ ئێمە دەڕوانن."

ئەو چەپەی ڕەشنووسی ڕاگەیەندراوەکەی نووسیبوو، گوتی تەنیا سەرمایەدارانی ئەوروپا بە چاوی نزم بۆمان دەڕوانن، نەک هەموو مرۆڤایەتی، هەژاران و کرێکاران برای ئێمەن، بەڵام هیچ کەسێک، تەنانەت هاوڕێ خاوەن ئەزموونەکەشی، بڕوای بە قسەکانی نەکرد. یەکێک لە لاوە کوردەکان گوتی: "لە ئەوروپا هیچ کەسێک وەک ئێمە هەژار نییە."

تورگوت بەگ پرسی: "کوڕم، ئایا ئێوە هیچ سەرتان لە ئەوروپا داوە؟"

"خۆم هێشتا هەلم بۆ نەڕەخساوە، بەڵام زاواکەم لە ئەڵمانیا کرێکاری دەکات."

هەندێک لە ئامادەبووان سووکە خەندەیەکیان بۆی کرد. تورگوت بەگ خۆی لەسەر کورسییەکەی ڕاست کردەوە و گوتی: "ئەگەرچی واتای زۆر شت دەگەیەنێت بەلای منەوە، بەڵام هەرگیز نەچووم بۆ ئەوروپا. ئەمە بۆ پێکەنین نییە. تکایە ئەوانەی ئەوروپایان دیوە، با دەست بەرز بکەنەوە." هیچ کەسێک، بگرە شینەش، ئەگەرچی ساڵانێکی زۆریشی لە ئەڵمانیا بەسەر بردبوو، دەستی بەرز نەکردەوە.

تورگوت بەگ درێژەی دایێ و گوتی: "بەڵام هەموومان دەزانین ئەوروپا چ واتایەک دەگەیەنێت. ئەوروپا لە داهاتوودا جێی ئێمەیە لە ناو مرۆڤایەتیدا، بۆیە ئەگەر ئەم ڕێزدارە -ئاماژەی بۆ شینە کرد-، لەبری ئەوروپا مرۆڤایەتی دەڵێت، ئەوا دەتوانین سەردێڕی ڕاگەیەندراوەکەمان بەو شێوەیە بگۆڕین."

شینە بە زەردەخەنەوە گوتی: "ئەوروپا داهاتووی من نییە. من بیر لەوە ناکەمەوە بەدرێژاییی ژیانم لاسایی ئەوروپاییگەل بکەمەوە و خۆم بە کەم بزانم

لەبەر ئەوەی لەوان ناچم."

تورگـوت بـەگ گـوتی: "لەم وڵاتەدا، نـەک تەنیـا ئیـسـلامـیـیـەکـان، بگرە کۆماریخوازەکانیش هەستی شانازیی نەتەوەییان هەیە... چی دەبێت ئەگەر لەجێی ئەوروپا بنووسرێت مرۆڤایەتی؟"

نووسەری ڕەشنووسەکە، سەردێڕی ڕاگەیەندراوەکەی بەمجۆرە خوێندەوە: "ڕوونکردنەوە سەبارەت بە ڕووداوەکانی قارس بۆ مرۆڤایەتی." دواتر گوتی: "زۆر قەبە دیارە."

لەبری وشـەی "مـرۆڤـایەتی" کـە پێـشنیـازی تورگـوت بـەگ بوو، بیـر لەوە کـرایەوە وشـەی "ڕۆژئاوا" بنوسـرێت، بەڵام لاوە دەمـوچاو قنچکاوییـەکـەی تەنیشت شینە دژی ئەم پێشنیازە ڕاوەستا. یەکێک لە لاوە کوردەکان، دەنگ زیقنەکەیان، پێشنیازی کرد تەنیا "ڕوونکردنەوە" بەکار بهێنن و هەمووانیش ئەم پێشنیازەیان پەسەند کرد.

ڕەشنووسی ڕاگەیەندراوەکە، بە بەراورد لەگەڵ قەوارەی ڕووداوەکاندا، زۆر کورت بوو. ڕستەکانی سەرەتا باسی ئەوەیان دەکرد لە کاتێکدا باوەڕی تەواو هەبووە کـە پاڵێوراوانی ئیسلامی و کورد هەڵبـژاردنەکانی قـارس دەبەنەوە، کودەتایەکی سەربازی (پێشکێش کراوە). هیچ کەسێک لاریی لەم ڕستانە نەبوو، تورگوت بەگ نەبێت کـە دژیان وەستـایەوە و گـوتی: "ئەو شتـەی لە ئەوروپا پێی دەڵێن ڕاپرسی، بەهیچ جـۆرێک نابێت بە پێـوانە بۆ هەڵبژاردنەکانی قارس، چونکە دەنگدەری ئێرە شەوێک بەر لە هەڵبژاردنەکان، بگرە سـەرلەبەیانیی ئەو ڕۆژەی ڕوو لە مـەڵبـەندی هەڵبـژاردن دەکـات، بە سـاناهی ڕای خـۆی دەگـۆڕێت و دەنگ بە پارتەکـەی بەرامبـەر دەدات، بۆیە ناکرێت بگوترێت فلان کەس هەڵبژاردنەکان دەباتەوە."

ئەو مـیلیـتـانە چەپە هەواڵدەرەی ڕەشنووسی ڕاگـەیەندراوەکـەی ئامـادە کـردبوو، لە وەڵامـدا گـوتی: "هەمـوو کـەسـێک دەزانێت کـودەتاکـە بەر لە هەڵبژاردنەکان و دژ بە ئەنجامەکانی بەرپاکراوە."

تورگـوت بەگ گـوتی: "ئەمـانە هـەبن و نەبن، گـرووپێکی شـانۆیـین و بەهۆی ئەوەی بەفر ڕێگە و بانەکانی گرتووە، بەو ڕادەیە سـەرکەوتوو بوون. لە مـاوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا هەموو شتێک دەگەڕێتەوە دۆخی جاران."

لاوێکی تر گـوتی: "ئەگـەر لە دژی کـودەتاکـە نین، ئەدی بۆچی هاتـوون بۆ ئێرە؟"

ئەم بێ ڕێزییە لە کەسـەکەی لە تەنیشت شینەوە هات و وەک چەوەندەریش سوور هەڵگەڕابوو، بەڵام نەزانرا داخۆ بەر گوێی تورگوت بەگ کەوت، یاخۆ نا. لە هەمان کاتدا قەدیفە هەڵسایە سەرپێ (هەر ئەو بوو لە کاتی قسـەکردندا هەڵدەسـایە سـەرپێ و هیچ کـەسێک، بگرە خـۆیشی، سـەرنجی لەم ڕەفتـارە سەیرەی خۆی نەدابوو)، چاوەکانی لە تووڕەییدا دەدرەوشانەوە و گوتی باوکی لە پای بیر و بۆچوونی سیاسی، گرتن و زیندانی چەشتووە و هەموو کاتێکیش بەرەنگاری زۆردەستیی دەوڵەت بووەتەوە.

باوکی دەستبەجێ پاڵتۆکەی ڕاکێشا و داینیشاند. دواتر گوتی: "لە وەڵامی پرسـیارەکـەتاندا، من بۆیە هـاتم بۆ ئەم کـۆبوونەوەیە، بۆ ئەوەی بۆ ئەوروپاییەکانی بسەلمێنم لە تورکیاش مرۆڤی دیموکرات و هۆشیار هەن."

کەسە ڕووخسار سوورهەڵگەڕاوەکە بە ڕیتمێکی گاڵتـە ئامێزەوە گوتی: "ئەگـەر ڕۆژنامـەیەکی گـەورەی ئەڵمـانی دوو دێڕی بۆم بـڵاو بکردبایـەوە، من یەکـەم شت هەوڵـی سـەلماندنی ئەوەم نـەدەدا." ویسـتی هەندێک شـتی تریش بڵێت، بەڵام شینە قۆڵی گرت و هۆشیاری کردەوە.

ئەوەندە بەس بوو بۆ ئەوەی تورگـوت بـەگ لە هـاتنی بۆ ئەم کـۆبوونـەوەیە پەشیمـان بێتـەوە. تاوێکی کورت دوای گـەیشتنی، باوەڕی بە خـۆی هێنابوو بچێتە دەرەوە. وەک کەسێک کە سەری پڕ بێت لە شتی جیاوازتر، هەڵسایە سـەرپێ و دوو سێ هـەنگاوی نا بـەرەو دەرگـا، لەو سـاتەدا نیگای چووە سـەر بەفرەکەی شەقامی قەرەداغ و ڕووی لە پەنجەرەکە کرد. قەدیفەش، وەک ئەوەی باوکی بێ هـاوکاری ئەو نەتوانێت بڕوات بە ڕێوە، هەڵسـا و خـۆی خسـتـە بن

باڵی. باوک و کچ، وەک دوو منداڵ بۆ لە بیرکردنی خەمەکانی خۆیان لە بیر بکەن، ساتێکی درێژ لە پەنجەرەکەوە سەیری گالیسکەیەکیان کرد کە لەو ساتەدا بە شەقامەکەدا تێ دەپەڕی.

لاوی دەنگ زیقنی ناو سێ لاوەکەی کۆمەڵە کوردییەکان، پەرۆشیی خۆی بۆ ڕام نەکرا و ئەویش بەرەو ڕووی پەنجەرەکە ڕۆیشت، لەگەڵ باوک و کچەدا سەیری شەقامەکەی خوارەوەی کرد. ئاپۆڕەی ناو ژوورەکەش بە نەزمێکی نیوە ڕێزلێنان و نیوە سەرسامی سەیری ئەوانیان دەکرد. هەست بە بێ ئۆقرەیی و ترسی پەلاماردان دەکرا. لایەنەکان لە شپرزەییدا بە ماوەیەکی کورت لەسەر پاشماوەی ڕاگەیەندراوەکە ڕێک کەوتن.

دەربڕینێک لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتبوو دەیگوت کودەتاکە لەلایەن سەرکێشێکی پشت ئەستوورەوە ئەنجام دراوە. شینە نارەزاییی لە دژی ئەمە دەربڕی. بەگومانەوە دژی چەند دەستەواژەیەکی گشتگیرتری دیکەش ڕاوەستا کە لەبری ئەوەی پێشوو پێشنیاز کرا، بیانووشی ئەوە بوو ئەو دەستەواژانە بۆچوونێکی وا لای ڕۆژئاواییەکان دەخوڵقێنن وەک ئەوەی لە سەرانسەری تورکیادا کودەتا کرابێت. بەو جۆرە لایەنەکان لەسەر دەستەواژەی (کودەتایەکی هەرێمی بە پشتیوانیی ئەنقەرە) ڕێک کەوتن. بەشێکی کورتیش لە ڕاگەیەندراوەکە تەرخان کرا بۆ گێڕانەوەی هەواڵی ئەو لاوە کوردانەی شەوی کودەتاکە لە ماڵان براونەتە دەرێ و تیرۆر کراون، یان ئەو زۆرداری و ئەشکەنجەیەی دژ بە قوتابیانی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێن ئەنجام درابوو. دەستەواژەی (پەلامارێک بۆ سەر تەواوی جەماوەر)یشیان گۆڕی بۆ (پەلامارێک بۆ سەر جەماوەر و ورە و ئاینەکەی.) بەو گۆڕانەی لە دوایین ڕستەدا کرابوو، ئیدی نەک تەنیا ڕای گشتیی ئەوروپا، بگرە داوا لە سەرانسەری جیهان دەکرا دەوڵەتی کۆماری تورکیا سەرکۆنە بکات. تورگوت بەگ لە کاتی خوێندنەوەی ئەم بەشەدا سەیرێکی ناو چاوی شینەی کرد و بۆی دەرکەوت کابرا زۆر دڵخۆشە. ئەم لای خۆیەوە لەبەر ئامادەبوونی لەو شوێنە، لە ناخەوە هەستی بە پەشیمانی کرد.

شینە گوتی: "ئەگەر کەس گلەیی نەماوە، با هەر ئێستا واژۆی بخەینە سەر، چونکە ڕێی تێ دەچێت لە هەر کاتێکدا بدرێت بەسەر ئەم کۆبوونەوەیەدا."

هەموو تاویان دا بۆ ناوەڕاستی ژوورەکە بۆ ئەوەی تا زووە واژۆی خۆیان بخەنە سەر ڕاگەیەندراوەکە. دەقەکە، بەهۆی کەوانەدانان و لێ کەمکردن و لێ زیاکردنەوە بەسەریەکدا ئاڵسکابوو. کاتێک چەند کەسێک کاری خۆیان تەواو کردبوو، و لەوەدا برۆن، قەدیفە هاواری کرد: "ڕاوەستن، باوکم دەیەوێت چەند شتێک بڵێت!"

ئەمە دۆخەکەی زیاتر شێواند. شینە، لاوە ڕەنگ سوورەکەی نارده ناو دەرگا، ڕێی چوونە دەرەوەی لە ئامادەبووان گرت و گوتی: "کەس نەچێتە دەرەوە. با ئێستا گوێ لە ڕەخنەکانی تورگوت بەگ بگرین."

تورگوت بەگ گوتی: "ڕەخنەم نییە، بەڵام بەر لەوەی واژۆی خۆمی بخەمە سەر، شتێکم لەم لاوە گەرەکە." کەمێک بیری کردەوە. "ئەمەم هەر لەو ناوێت، بگرە لە هەموو ئامادەبووانی ئێرەم دەوێت. " ئامـاژەی بۆ ئەو لاوە سوورهەڵگەڕاوە کرد کە پێش کەمێک یەکدییان بە گیر و گاز هێنابوو، و ئێستاش پێش دەرگای گرتبوو بۆ ئەوەی کەس لە ژوورەکە هەڵنەیات. "پرسیارێک لەم لاوە و دواتر لە هەمووتان دەکەم، ئەگەر وەڵامم نەدەنەوە، واژۆی خۆم ناخەمە سەر ڕاگەیەندراوەکە. "ڕووی وەرگێڕا بۆ لای شینە بۆ ئەوەی بزانێت تێ گەیشتووە ئەم چەند لەسەر داوای خۆی سوورە.

شینە گوتی: "فەرموون، تکایە پرسیارەکەتان بکەن. ئەگەر وەڵامدانەوە لە دەستی ئێمەدا بێت، ئەوا بە خۆشحاڵییەوە وەڵام دەدەینەوە."

"گشتتان پێم پێ کەنین. ئێستا هەمووتان پێم بڵێن: ئەگەر ڕۆژنامەیەکی گەورەی ئەڵمانیا جێی دوو ڕستەی پێتان بدایە، چیتان بە ڕۆژئاواییگەل دەگوت؟ لە پێشدا ئەو بیڵێت."

لاوە سوور هەڵگەڕاوەکە بەهێز و بەتین بوو، خۆی لە قەرەی هەموو بابەتێک دەدا، بەڵام بۆ پرسیارێکی لەو جۆرە ئامادە نەبوو. بەدەم گوشینی دەسکی دەرگاکەوە سەیری شینەی کرد و بە نیگای چاوەکانی تکای هاوکاری لێ کرد.

شـینە بە زۆر لێکردنـەوە زەردەیەکی خـسـتـە سـەر لێـوی و گـوتـی: "تەنانەت ئەگـەر دوو ڕسـتــەش بـووە شـتـێک بڵێ و بـا بڕۆین، ئـەگـەر نا، ئەوا پۆلیس پەلاماری ئێرە دەدات."

لاوە سـوور هـەڵگەڕاوەکـە وەک ئەوەی بیـەوێت لە تاقـیکردنەوەیەکی زۆر گرینگدا وەڵامی پرسیارێکی بیر بکەوێتەوە و زۆر دڵنیا بێت لە زانینی، نیگای دەهێنا و دەبرد.

شـینە گـوتی: "با یەکـەمین کـەس من وەڵام بدەمـەوە. ئـەوروپاییگەل بەلای منەوە پۆخڵن... بۆ نموونە دەمتوانی پێیان بڵێم: بەسـە، سێبەر بەسـەر منەوە مەکەن... وەلێ ڕاستی ئەوەیە ئێمە لە سێبەری ئەواندا دەژین."

تورگوت بەگ گوتی: "کۆمـەکی پێ مـەکەن، با شـتێک بڵێت لە دڵی خۆیەوە هەڵقوڵابێت. ئێوە لە دوای هەمووان قسە دەکەن." بزەیەکی کرد بۆ لاوە سوور هەڵگەڕاوەکە و هەمووان بینییان چۆن لە بێچارەییدا ماخۆلانی پێ کەوتبوو. "بڕیاردان هەروا ئاسان نییە، چونکە ئەمە مەسەلەیەکی دژوارە. پیاو ناتوانێت ئاوا لە پەنای دەرگادا چارەسەری بکات."

یەکێک لە دواوە گـوتی: "ئەمـە بیـانووە، بیـانوو! نایەوێت واژۆ بخـاتە سـەر ڕاگەیەندراوەکە."

هەرکەسە خۆی کێشـایەوە بۆ ناو بیرکردنەوەکانی خـۆی. چەند کەسێک ڕوویان لە پەنجـەرەکە کرد و بـە ڕامانەوە سـەیری گالیسکەیەکیـان کرد لەو ساتەدا بە شەقامی قەرەداخی بە بەفر داپۆشراودا تێ دەپەڕی. فازیل، دواتر لە گـێـڕانـەوەی باسی ئەم سـاتـەی "بێـدەنگیی ئەفـسـووناوی"یـەدا بۆ (کـا) گـوتبـووی: "وام دەزانی گشـتـمـان لـەو سـاتەدا لـە هەمـوو کـاتێک زیاتر برای یەکین." سـەرەتا، دەنگی فڕۆکەیەکی فڕیو بەقولایی ئاسمـانـی تاریکدا گۆمی بێدەنگییـەکەی شڵـەقاندبوو. لە کاتێکدا هەمـووان بەوردی گوێیان بۆ دەنگی فڕۆکـەکـە ڕاگرتبوو، شـینە بەچرپە گـوتـی: "ئەمـە فڕۆکەی دووەمـە لە مـاوەی ئەمڕۆدا."

یەکێک هاواری کرد و گوتی: "من دەڕۆمە دەرێ."

ئەمە پیاوێکی ڕەنگ سیس و چاکەت زەرد بوو، تەمەنی لە نێوان سی بۆ چل ساڵاندا بوو، پێشتریش سەرنجی کەسی بۆ سەر خۆی ڕانەکێشابوو. یەکێک بوو لەو سێ کەسەی خاوەن کار کە لە ژوورەکەدا بوون، چێشتلێنەری نەخۆشخانەی میللی بوو، و هەر جارنەجارێک سەیری سەعاتەکەی دەکرد. لەگەڵ خێزانی ونبووەکاندا هاتبووە ژوورێ. بەگوێرەی گێڕانەوەکانی دواتر، برا گەورەکەی مەیلی سیاسەتی هەبووە، شەوێک بەمەبەستی وەرگرتنی قسەکانی، براوە بۆ پۆلیسخانە و ئیدی لەو ساتەوە بێ سەروشوێنە. هەر بەپێی گێڕانەوەکان، ئەم پیاوە بۆ ئەوەی بتوانێت براژنە شۆخەکەی بخوازێت، داوای گەواهینامەی مردنی کاکی لە دەوڵەت کردبوو. دوای ساڵێک لە دیارنەمانی برا گەورەکەی، چەندین جار بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش، دەزگای هەواڵگریی میللی، داواکاری گشتی و یانە سەربازییەکانی بەسەر کردبووە، بەڵام لە گشت ئەو شوێنانە دەست بە ڕوویەوە نرابوو، بۆیە پێش دوو مانگ پێوەندیی بە خێزانی ونکراوانەوە کردبوو. ئەمەشی لەبەر تۆڵەسەندنەوە نەبوو، بگرە لەبەر ئەوەی بوو تەنیا لەگەڵ ئەواندا دەیتوانی باسی کێشەکەی بکات.

کابرا گوتی: "لە پاشملە پێم دەڵێن ترسنۆک. ترسنۆک خۆتانن. ترسنۆک ئەوروپاییەکانی ئێوەن. بنووسن وام پێیان گوتووە." دوای ئەم قسەیە، مستێکی بە دەرگاکەدا کێشا و ڕۆیشت.

لەو کاتەدا پرسیاری ئەوە کرا گەلۆ ڕێزدار هانز هانزن کێیە؟ بە پێچەوانەی ئەوەی قەدیفە لێی دەترسا، شینە ئەمجارە بە زمانێکی زۆر ناسک گوتی ئەو ڕێزدارە ڕۆژنامەنووسێکی نیازپاکی ئەڵمانە و لە ناخەوە گرینگی بە (کێشەکان)ی تورکیا دەدات."

یەکێک لە دواوە گوتی: "ڕاستییەکەی، پێویستە مرۆڤ لە نیازپاکانی ئەڵمانی بترسێت."

کابرایەکی چاکەت ڕەش پاڵی دابوو بە پەنجەرەوە و پرسیاری ئەوەی کرد

گەلۆ جگە لە ڕاگەیەندراو، لێدوانی تایبەتیش بڵاو دەکرێتەوە؟

قەدیفە گوتی: "دەکرێت."

یەکێکی تریان گوتی: "هاوڕێیان، با بۆ قسەکردن وەک منداڵانی ترسنۆکی قوتابخانەی سەرەتایی چاوەڕێی یەکتری نەکەین."

لاوێکی تری سەر بە کۆمەڵە کوردییەکان دەستی کرد بە ئاخاوتن و گوتی: "من لە قۆناغی ئامادەیی دەخوێنم. ئەو شتانەی دەیانڵێم، پێشتریش بیرم لێ کردوونەتەوە."

"ئایا بیرتان لەوە کردبووەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان لێدوانێک دەدەن بە ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی؟"

لاوە خوێنگەرمەکە بە دەنگێکی تا بڵێیت ماقوڵەوە گوتی: "بەڵێ، چۆنی دەڵێم ئاوایە." بەڵام ڕەهەندێکی زۆر مەندیشی هەبوو. "منیش وەک ئێوە لە ناخی خۆمدا بیرم لەوە کردبووەوە ڕۆژێک هەلێکم بۆ دەڕەخسێت بۆ ڕاگەیاندنی بۆچوونی خۆم بە سەرانسەری جیهان."

"من هەرگیز بیر لە شتی وا ناکەمەوە..."

لاوە مەندەکە گوتی: "ئەوەی من دەیڵێم، شتێکی زۆر سادەیە. با ڕۆژنامەکەی فرانکفورت ئەمە بنووسێت: ئێمە دەبەنگ نین! ئێمە تەنیا هەژارین! مافی خۆمانە داوای ئەم جیاکردنەوەیە بکەین."

"ئەستەغفیروڵا."

یەکێک لە دواوە پرسی: "ئەفەندی گیان، مەبەستت لە –ئیمە– کێیە؟ مەبەستت تورکە، کوردە، خۆجێییەکانە، تەرەکەمەیە، ئازەرییە، چەرکەزە، تورکمانە، قارسییەکانە، مەبەستت کێیە؟"

لاوە مەندەکەی سەر بە کۆمەڵە کوردییەکان درێژەی دایێ و گوتی: "چونکە ئەمە گەورەترین هەڵەی مرۆڤە. ئەمە گەورەترین ڕەنجەڕۆیی هەزاران ساڵەمانە: بەردەوام هەژاری و دەبەنگی پێکەوە گرێ دراون."

"دەبەنگی چییە؟ با ئەمەش ڕوون بکاتەوە."

"له مێژووی پڕ سەروەریی مرۆڤایەتیدا بەردەوام پیاوانی ئاین و کەسانی بەڕەوشت هەبوون هەستیان بەم ئەقڵ تێکدانە شەرمەبەشخە کردووە و گوتویانە هەژارانیش زانیاری، مرۆڤایەتی، زیرەکی و دڵیان هەیە. ڕێزدار هانز هانزن ئەگەر کەسێکی هەژار ببینێت، بەزەیی پێدا دێتەوە. لەوانەیە یەکسەر بیری بۆ ئەوە نەچێت ئەو هەژارە دەبەنگێکە هەموو هەلەکانی ژیانی خۆی لە دەست داوە، یان سەرخۆشێکی بێ دەسەڵاتە."

"بۆ ڕێزدار هانزن نازانم، بەڵام ئیدی هەرکەسێک هەژارێک ببینێت، هەر وا بیر دەکاتەوە."

لاوە کوردە مەندەکە گوتی: "تکایە گوێ بگرن. زۆر قسە ناکەم. لەوانەیە بەزەییی بە تاک و تەرای هەژاراندا بێتەوە، بەڵام میللەتێک هەر هەمووی هەژار بێت، ئەوا هەموو جیهان بەر لە هەموو شتێک بیری بۆ ئەوە دەچێت ئەو میللەتە دەبەنگ، بێ مێشک، تەمەڵ، پیس و بێ توانایە. لەبری بەزەیی پێداهاتنەوە، پێی پێ دەکەنێت. کولتوور و داب و نەریتەکانی بە مایەی پێکەنین دەزانێت. دواتر لەوانەیە شەرم لە بۆچوونەکانی خۆیان بکەن و دەست لە پێکەنین هەڵبگرن، ئەوسا ئەگەر کۆچبەرانی سەر بەو میللەتە زەویان بۆ بسڕن و لە بەربادترین شوێندا کاریان بۆ بکەن، ئەوا لەوانەیە ئەو کولتوورە بە سەرنجڕاکێش دابنێت و بگرە وا هەڵسوکەوتیش بکات وەک ئەوەی یەکسان بێت بە کلتوورەکانی تر."

"ئەرێ با بڵێت باسی چ میللەتێک دەکات؟"

لاوە کوردەکەی تر خۆی تێ هەڵقورتاند و گوتی: "با منیش ئەمەی بۆ زیاد بکەم. مایەی داخە مرۆڤایەتی هیچی تر بە کەسانێک پێ ناکەنێت یەکدی بکوژن و بچەوسێننەوە. زاوایەکم هەیە لە ئەڵمانیا، هاوینی ڕابردوو بۆ قارس گەڕایەوە و من ئەم زانیارییانەم لەو وەرگرت. جیهان وەک جاران لێبووردە نییە بەرامبەر بە میللەتانی زۆردار."

"مەبەستتان وایە بە ناوی ڕۆژئاواییەکانەوە هەڕەشەمان لێ بکەن؟"

لاوە کوردە مەندەکە لە وەڵامدا گوتی: "بەو جۆرە، ئەگەر ڕۆژئاواییـیـەک تووشی ببێت بە تووشی تاکی میللەتێکی هەژارەوە، ئەوا بە غەریزە و بەر لە هەموو شتێک بە چاوی سووک تەماشای دەکات، دەستبەجێ بیری بۆ ئەوە دەچێت ئەم تاکە بۆیە وا هەژارە، چونکە سەر بە میللەتێکی دەبەنگە. بە ئەگەری زۆر، ڕۆژئاواییـیەکە بیر لەوە دەکاتەوە سەری ئەم کابرایە پڕە لەو تووڕەهات و دەبەنگییانەی کە بوون بە هۆی هەژاربوون و بەلەنگازبوونی میللەتەکەی."

"زۆریش ناهەقی نییە..."

"ئەگەر تۆیش وەک ئەو نووسەرە لە خۆباییە بە دەبەنگمان دەزانیت، بیلێ با بیزانین. هەر هیچ نەبێت ئەو ئەتایستە خوانەناسە پێش ئەوەی بمرێت و بە دۆزەخ شاد بێت، لە وەشانی ڕاستەوخۆی تەلەڤزیۆندا سەیری ناو چاومانی کردبوو، و چاونەترسانە گوتبووی هەموو میللەتی تورک بە دەبەنگ دەزانێت."

"بمبوورن توخوا، ئەو کەسەی لە وەشانی زیندووی تەلەڤزیۆندا قسە دەکات، ناو چاوی ئەو بینەرانە نابینێت کە لەو کاتەدا تەماشای دەکەن."

قەدیفە گوتی: "ئەو ڕێزدارە نەیگوت بینیویەتی، بگرە گوتی سەیری دەکرد."

بەشدارە چەپەکەی تۆمارکەری ڕەوتی کۆبوونەوە گوتی: "تکایە هاوڕێیان با بەجۆرێک بەرامبەر بەیەک قسە نەکەین وەک ئەوەی لە دانیشتنێکی کراوەدا بین، جگە لەوەش، با کەمێک لەسەرخۆ بدوێین."

"ئەگەر پیاوانە پێمان نەڵێت مەبەستی کام میللەت بوو، من بێدەنگ نابم. دەبێت بزانین دانی لێدوانێک بە ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانی ئەگەر ببێتە هۆی بە کەم سەیرکردنمان، ناپاکیکردنە لە نیشتمان."

لاوە کوردە مەندەکە هەڵسایە سەرپێ و گوتی: "من ناپاکی لە نیشتمان ناکەم، منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوبیرم. بۆیە دەمەوێت بنووسن تەنانەت ئەگەر ڕۆژێک هەلیشم بۆ ڕێک بکەوێت و ڤیزاش وەربگرم، ناچم بۆ ئەڵمانیا."

"کەس ڤیزای ئەورووپا بە کەسێکی بێکار و بێ توانای وەک تۆ نادات."

"جارێ ڤیزا هەر بخەرە لاوە، چونکە دەوڵەت پاسەپۆرتی ناداتێ."

لاوە کوردە مەندەکە بەشێوەیەکی بێ فیزانە گوتی: "بەڵێ نایدەن، بەڵام ئەگەر بیدەن و بڕۆم، یەکەم ڕۆژئاوایی کە لەسەر شەقام دەیبینم، تەنانەت ئەگەر کەسێکی باش بێت و بە چاوی سووکیش بۆم نەڕوانێت، ئەوا من وای بۆ دەچم ئەو کابرایە تەنیا لەبەر ئەوەی ڕۆژئاواییە، بە چاوی سووک سەیرم دەکات و ئەمەش گینگڵم پێ دەدات. لە ئەڵمانیا، ئەو کەسانەی لە تورکیاوە دێن، یەکسەر پێیانەوە دیارە لە کوێوە هاتوون... ئەو کاتە تاکە شتێک بیکەیت بۆ ئەوەی بە بچووک نەزانرێیت، ئەوەیە بۆیان بسەلمێنیت تۆیش وەک ئەوان بیر دەکەیتەوە. ئەمەش کارێکی لە کردن نەهاتووە و هەستی شانازیی مرۆڤ بریندار دەکات."

ڕۆژنامەنووسە ئازەرییە بەتەمەنەکە گوتی: "کوڕم، سەرەتای قسەکانت خراپ بوون، بەڵام باش کۆتاییت پێیان هێنا. سەرباری ئەوەش با بۆ ڕۆژنامە ئەڵمانییەکەی نەنووسین، چونکە گاڵتەمان پێ دەکەن..." کەمێک بێدەنگ بوو، دواتر پرسیارێکی فێڵبازانەی کرد: "ئەو میللەتە کامەیە کە باستان کرد؟"

کاتێک لاوی خوێنگەرمی سەر بە کۆمەڵە کوردییەکان وەڵامی نەدایەوە و لە شوێنی خۆی دانیشتەوە، ڕۆژنامەنووسی بەتەمەن بەچرپە بە کوڕی خۆی کە لە تەنیشت خۆیەوە دانیشتبوو، گوت: "دەترسێت!"

هەندێک لە وەڵامدا گوتیان: "مافی خۆیەتی بترسێت، چونکە ئەو وەک ئێوە بۆ حسێبی دەوڵەت کار ناکات." بەڵام نە ڕۆژنامەنووسە بەتەمەنەکە و نە کوڕەکەی، لە قسەکان تێ نەگەیشتن. هەمووان بە جارێک قسەیان دەکرد، جاروبار شۆخییان دەکرد و لاقرتەیان لە یەکدی دەگرت، ئەمەش وای کردبوو کەشێکی گەمە و سەفا ئامێز ئەوانەی ناو ژوورەکە پێکەوە ببەستێتەوە. (کا)، دواتر باسی ڕووداوەکانی لە فازیلەوە بیستبوو، لە دەفتەرەکەیدا نووسیبووی ئەم جۆرە کۆبوونەوە سیاسییانە بۆیان هەیە چەندین سەعات درێژە بکێشن، تاقە مەرجیش سەفا و خۆشیی پیاوانی جەگەرەکێشی برۆ برژ و سمێڵ بابڕە بێ ئەوەی خۆیان هەستی پێ بکەن.

لاوێکی ئیسلامی بە لە خۆبایی‌بوونەوە گوتی: "ئێمە ناتوانین ببین بە ئەوروپایی! ئەوانەی دەیانەوێت بمانخەنە دڵی ئەوروپاییگەلەوە، مەگەر هەر بە تانک و تفەنگ و بە ئازاردانمان ئەمەیان بۆ مەیسەر بێت، بەڵام هەرگیز ڕۆحی خۆمان ناگۆڕین."

یەکێک لە لاوە کوردەکان بە دەنگێکەوە کە لاساییکردنەوەی فیلمە تورکییەکانی پێوە دیار بوو، گوتی: "لەوانەیە بتوانن دەست بەسەر جەستەمدا بگرن، بەڵام هەرگیز ناتوانن ڕۆحم ڕام بکەن."

هەموو بەمە پێ کەنین. لاوەکە خۆیشی گەشبینانە پێ کەنی.

یەکێک لە لاوەکانی تەنیشت شینە گوتی: "منیش شتێک دەڵێم. هەرچەندە برایانمان بەشێوەی ئەو بێ ئابڕووانە قسە ناکەن کە لاسایی ڕۆژئاوا دەکەنەوە، کەچی هەست دەکرێت لە پای ئەوروپایی نەبوونمان کەشی داوای لێبووردن باڵی بەسەر ئەم شوێنەدا کێشاوە."ڕووی لە کابرای چاکەتی چەرم لەبەری نووسەرەوەی ڕەوتی کۆبوونەوە کرد. بەڕێزەوە گوتی: "گیانەکەم، تکایە ئەوانەی پێشووترم مەنووسە. ئێستا بنووسە: من شانازی بە لایەنی ئەوروپایی نەبوونی خۆمەوە دەکەم. شانازی بە هەموو ئەو شتانەی خۆمەوە دەکەم کە ئەوروپاییگەل بە منداڵانە و زۆردار و پاشکەوتووی دەزانن. ئەگەر ئەوان جوان بن، من ناشیرین دەبم، خۆ ئەگەر ژیر بن، من دەبەنگ دەبم، ئەگەر ئەوان هاوچەرخ بن، من بە سادەیی خۆمەوە دەمێنمەوە."

کەس بایەخی بەم قسانە نەدا. لەبەر ئەوەی هەر قسەیەک لە ژووردەکەدا بە لاقرتەیەک وەڵام دەدرایەوە، کەمێک پێکەنین بیسترا. یەکێکیش قسەیەکی هاویشت و گوتی: "جا تۆ خۆت هەر دەبەنگیت!"، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێک لەو کاتەدا چەپە بەتەمەنەکە و کابرای چاکەت ڕەش تووشی کۆکینێکی سەخت بوون، نەزانرا کێ ئەو قسەیەی کرد.

لاوی خوێنگەرم و دەموچاو سوور هەڵگەڕاوی ناو دەرگاکە، لەو کاتەدا هەڵیدایێ و دەستی کرد بە شیعر خوێندنەوە. سەرەتای شیعرەکە ئەمە بوو:

"ئەوروپا، ئاخ ئەوروپا / ڕاوەستە لەوێ با بتبینم / لە خەونەکانی خۆماندا / با ئیبلیس فریومان نەدا." فازیل، بەهۆی کۆکین و لاقرتە تێگرتن و قاقا لێدانەوە، بە هەزار حاڵ توانیبووی گوێ لە پاشماوەی شیعرەکە بگرێت. دواتر نەیتوانیبوو گشت شیعرەکە بە (کا) بگەیەنێت، بەڵام هەموو کاردانەوەکانی دژ بە شیعرەکەی بۆ باس کردبوو. سێ لەو کاردانەوانە هەم وەک وەڵام بۆ ئەوروپا بە دوو دێڕ لەسەر کاغەزێک نووسرانەوە و هەم چووبوونە شیعرێکی (کا)وە کە دواتر نووسیبووی و ناوی لێ نابوو (هەموو مرۆڤایەتی و ئەستێرەکان.)

١- کۆنە چەپە تەمەن ناوەندییەکە قیڕاندبووی و گوتبووی: "با لەوێ نەترسین، هیچ شتێک لەوێ نییە مایەی ترس بێت."

٢- ڕۆژنامەنووسی پیر و بە ڕەچەڵەک ئازەریی، ئەوەی هەر جارناجارێک دەیپرسی "مەبەستتان کام میللەتەیە"، دوای گوتنی: "با دەسبەرداری تورکایەتی و ئاینەکەمان نەبین"، وتەیەکی درێژی سەبارەت بە هەڵمەتی خاچپەرستان، کۆمەڵکوژیی جووەکان، کوشتنی سوورپێستەکان لە ئەمریکا و کوژرانی موسڵمانانی جەزایەر لەسەر دەستی فەرەنسییەکان پێشکێش کرد. لەو کاتەدا گێرەشێوێنێک لە ناو ئاپۆڕەی ئامادەبووانەوە لە ژێرەوە پرسیبووی "کوان ئەو چەند ملیۆن ئەرمەنییەی قارس و سەرانسەری ئەنادۆڵ؟" کابرای هەواڵدزی نووسەرەوەی ڕەوتی کۆبوونەوە، لەبەر ئەوەی بەزەییی بە کابرادا هاتەوە، ناوی تۆمار نەکرد.

٣- یەکێکیان گوتی: "هیچ کەسێک ئەم شیعرە درێژ و بێ ناوەڕۆکەی وەک خۆی بۆ وەرناگێڕدرێت. ڕێزدار هانز هانزنیش لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا بڵاوی ناکاتەوە." ئەمەش ڕێی بۆ شاعیرانی ناو ژوورەکە (ژمارەیان سیان بوو) خۆش کرد بۆ ئەوەی گازندەی خۆیان لە دژی تەنیایی و بێچارەییی شاعیری تورک لە جیهاندا دەرببڕن.

پاش ئەوەی لاوە سوور هەڵگەڕاوەکە بەدەم ئارەقە ڕشتنەوە خوێندنەوەی شیعرەکەی تەواو کرد، چەند کەسێک وەک ئەوەی گاڵتەی پێ بکەن، چەپڵەیان

بۆی لێ دا، بەڵام هەمووان سەبارەت بە تووڕەهاتی و سادەیی شیعرەکەی هاوبیر بوون،. هەندێک لە ئامادەبووان دەیانگوت ئەگەر بێت و ئەم شیعرە لە ڕۆژنامە ئەڵمانییەکەدا چاپ بکرێت، ئەوا زیاتر (پێمان) ڕادەبوێرن. ئەو لاوە کوردەی زاوای لە ئەڵمانیایە، دەنگی ناڕەزایی بەرز کردەوە و گوتی: "ئەوان کاتێک شیعر دەنووسن و گۆرانی دەڵێن، بەناوی هەموو مرۆڤایەتییەوە دێنە گۆ. ئەوان مرۆڤن، ئێمەش تەنیا موسڵمانین. ئەگەر ئێمە شیعر بنووسین، شیعری ئەتنیکی دەردەچێت."

کابرای چاکەت ڕەش گوتی: "پەیامی من ئەمەیە، بنووسن: ئەگەر ئەوروپاییگەل لەسەر مافن و ئێمە جگە لە لاساییکردنەوەی ئەوان داهاتوویەکی تر و ڕزگاربوونێکی ترمان نییە، ئەوا سەرقاڵبوونمان بە کاری تووڕەهاتەوە بۆ ئەوەی زیاتر لە خۆمان بچین، بەفیڕۆدانێکی نەفامانەی کات نەبێت، هیچ شتێکی تر نییە."

"ئەمە قسەیەکە ئێمە بە دەبەنگترین شێوە دەخاتە پێش چاوی ئەوروپاییەکان."

"ئێستا ئیدی مەردی خوا بن و تکایە بڵێن ئەوە کام میللەتەیە ئەوەندە دەبەنگە."

"بەڕێزان، وا ڕەفتار دەکەین وەک ئەوەی زۆر لە ئەوروپاییگەل ژیرتر بین، بەڵام ئەگەر ئەڵمانیا ئەمڕۆ لە قارس کونسوڵخانەیەک بکاتەوە و بە خۆڕایی ڤیزا بدات، سوێندتان بۆ دەخۆم قارس لە هەفتەیەکدا چۆڵ دەبێت."

"ئەمە درۆیە. ئا ئەوەتا ئەو برادەرە پێش کەمێک گوتی ئەگەر ڤیزاشی بدەنێ، ناڕوات. منیش ناڕۆم، بە ئابڕووی خۆمەوە لێرە دەمێنمەوە."

"بەڕێزان، خەڵکی تریش هەن بمێننەوە، با ئەمە ڕوون بێت لاتان. ئەوانەی نایانەوێت بڕۆن، تکایە با دەست بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ببیندرێن."

چەند کەسێک بە دەربەستەوە دەستیان هەڵبڕی. یەک دوو لاویش ئەمەیان دی و تیا مان. کابرای چاکەت ڕەش پرسیاری کرد: "پێش هەموو شتێک

پێویستە ڕوون بکرێتەوە بۆچی ئەوانەی دەڕۆن، ئابڕووی خۆیان دەدۆڕێنن؟"

یەکێکیان بەشێوازێکی پڕ لە ڕازەوە گوتی: "گێڕانەوەی ئەمە بۆ کەسانێک توانای تێنەگەیشتنیان نەبێت، کارێکی زۆر دژوارە."

لەو ساتەدا فازیل چاوی پێوە بوو چۆن قەدیفە نیگا خەمگینەکانی لە پەنجەرەوە ئاراستەی دەرەوە کردووە. لێدانی دڵی زیادی کرد و لە خەیاڵی خۆیدا گوتی: "خوای خۆم، سادەییم بپارێزە، لە ئەقڵ تێکچوون بەدوورم بگرە." وای بەخەیاڵدا هات قەدیفە ئەم وشانەی زۆر بە دڵ دەبێت. ویستی بۆ ڕۆژنامە ئەڵمانییەکە بنووسرێنەوە، بەڵام لە هەر سەرێکەوە دەنگێک دەرهات، کەس بایەخی بەم نەدەدا.

تەنیا لاوە کوردە دەنگ زیقنەکە توانی سنوورێک بۆ ئەو هەمووو ژاوەژاوە دابنێت. بڕیاری دابوو خەونێکی خۆی بۆ ڕۆژنامە ئەڵمانییەکە بدات بە نووسینەوەدا. بە لەرزینەوە دەستی کرد بە گێڕانەوە. لە خەونیدا بەتەنیا لە هۆڵی شانۆی گەل سەیری فیلمی کردووە. فیلمەکە بەرهەم هێندراوی ڕۆژئاوا بوو، ئەکتەرەکان بە زمانێکی بیانی دەدوان، بەڵام ئەمە ئەوی هیچ سەغڵەت نەدەکرد، چونکە وا هەستی دەکرد هەرچی دەگوترێت، ئەم لێی تێ دەگات. دواتر دەبینێت چووەتە ناو ئەو فیلمەکەوە: کورسییەکەی هۆڵی شانۆی گەل لە ڕاستیدا لە هۆڵی ماڵە دیانەکەی ناو فیلمەکەدا بوو. لەوێ خوانێکی گەورە دەبینێت، دەیەوێت خۆی تێر بکات، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەبادا هەڵەیەکی لێ بوەشێتەوە، لە دوورەوە ڕادەوەستێت. پاشان لێدانی دڵی زیاد دەکات و تووشی دەبێت بە تووشی ژنێکی قژزەرد و چاوشینی زۆر شۆخ و شەنگەوە، لەپڕ بیری دەکەوێتەوە ساڵانێکی درێژە ئەڤینداری ئەو ژنەیە. ژنەکەش، بە پێچەوانەی پێشبینیکردنی ئەمەوە، تا بڵێیت نەرم و میهرەبانانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات. پەسنی پۆشاک و ڕواڵەتی دەدات، ڕوومەتەکانی ماچ دەکات و دەست بە سەر و قژیدا دەهێنێت. زۆر کامەران دەبێت. دواتر، ژنەکە لەپڕ ئەم لە باوەش دەکات و خواردنەکانی سەر مێزەکەی پێشان دەدات. بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە تێ دەگات تەنیا بە منداڵی هێندە خۆشەویست بووە.

ئامـادەبووان بە قـاقـا لێدان، گـاڵتـە پێکردن و بە خـەمـێکی درێژەوەبوو تا ئەوسەری سنووری ترس پێشوازییان لەم خەونە کرد.

ڕۆژنامـەنووسـە بەتـەمـەنەکـە پەردەی بێدەنگیی دڕی و گـوتی: "خـەونی وا هـەرگـیـز نـابینـدرێت. ئـەو لاوە کـوردە ئەمـەی داهـێناوە بۆ ئەوەی لە چاوی ئەڵمانەکاندا بەتەواوی بچووکمان بکاتەوە. نەخەڵەتابن تۆماری بکەن."

لاوەکەی سەر بـە کۆمەڵە کوردییـەکان بۆ ئەوەی بیسەلمێنت خـەونەکەی دیوە، تازە ددانی بە وردەکـارییـەکدا نـا، چونکە لە سـەرەتادا بازی بەسـەردا دابوو: گـوتـی هـەر جـارێک لە خـەو هـەڵدەسـێت، ژنە قـژزەرد و چاوشـینـەکـەی بیـر دەکـەوێتـەوە. یەکـەمـجـار، پێنـج سـاڵ لەمـەوبەر، ئەو کـاتەی لەگـەڵ کۆمـەڵێک گەشـتـیـاری زۆردا بە پاس بۆ بینینی کـڵێسـا ئەرمـەنیـیـەکان هاتـبـوون و لە پاسـەکـە دابەزیبـوو، ئەم بینـیبـووی. دەسـتێک جلی شـینی لەبەردابوو. ژنەکە دواتر ئەو جلەی لە خەونەکانی و لە فیلمەکەشدا دەیپۆشی.

ئامــادەبووان بەمــە هـەر زۆر پێ کـەنین. یەکـێکیـان گـوتی: "ئێـمــەش ژنی ئەوروپاییمان زۆر دیوە، ئیبلیس ئێمەشی لە خەیاڵ بلاوی بێ بەش نەکردووە." لەپڕ کـەشـێکی گـفـتـوگـۆی تژە لە تووڕەیی و تـاسـە و بـێ ڕێزی سـەبارەت بە ژنانی ڕۆژئاوا باڵی بەسـەر ئامادەبوواندا کێشا. لاوێکی بالابەرز و تا بڵێیت ڕێکپـۆش کــە تـا ئەو ســاتە کــەس ســەرنجـی نەدابوویـێ، دەســتـی کــرد بە گــێــڕانەوەی بەســەرهـاتێک: "ڕۆژێک، ڕۆژئاواییــەک و مــوســڵــمــانێک لە وێســتگەیـەکی شــەمــەندەفــەر بەیەک دەگــەن. مـاوەیـەکی درێژ تـێ دەپـەڕێت و شـەمـەندەفـەر نایـەت. ژنە فـەرەنسـییـەکی زۆر شـۆخـیش لە پـێشـتـرەوە لەسـەر شۆستەکە چاوەڕێی شەمەندەفەر دەکات..."

ئەم بەسـەرهـاتە، وەک هـەموو گشت ئەو پیاوانەی لە قوتابخانەی ئامادەییی کوڕان خوێندوویانە، یان سـەربازییان کردووە، پێشبینییـان کرد پێوەندیی لە نێوان هـێزی سـێکس لەلایەک و نەتەوایەتی و کـولتـوور لەلایەکی تر دادەنێت. وشەی سووک لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەدا بەکار نەهێندرابوو، بگرە بە هێما ئامـاژە بۆ وشـە زبرەکـان کـرابوو، بەڵام لە مـاوەیـەکی کـورتدا کـەشـێک باڵی

بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو فازیل لە وەسفیدا گوتبووی "ناخم پڕە لە شەرم."

تورگوت بەگ هەڵسایە سەرپێ.

گوتی: "تەواو کوڕم، وەرە، من واژۆی خۆم دەخەمە سەر ڕاگەیەندراوەکە."

تورگوت بەگ پێنووسە تازەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و واژۆیەکی خستە سەر ڕاگەیەندراوەکە. لە تاو غەڵبەغەڵب و دووکەڵی جگەرە ماندوو بووبوو، خەریک بوو هەڵسێتە سەرپێ، قەدیفە گرتی و داینیشاندەوە. ئەمجار خۆی هەڵسایە سەرپێ و گوتی: "ئێستا خوولەکێک گوێم لێ بگرن. ئێوە شەرم ناکەن، بەڵام سوور هەڵگەڕاوم لە تاو ئەو شتانەی گوێم لێیان بووە. من بۆیە ئەمە لە سەر دەکەم، بۆ ئەوەی ئێوە قژم نەبینن، ئەمەش ئازارکێشانێکی زۆرە لە پێناو ئێوەدا، بەڵام..."

دەنگێکی بێ فیز بەچرپەوە گوتی: "بۆ ئێمە نییە، بۆ خوا و بۆ ڕەوانی خۆتە."

"منیش دەمەوێت دەنگی خۆم بگەیەنمە ڕۆژنامە ئەڵمانییەکە. تکایە بنووسن."

بە پەی پێبردنی شانۆکارێکەوە هەستی کرد ئامادەبووان بە هەستێکی تێکەڵ لە سەرسووڕمان و پەستییەوە سەیری دەکەن. "کچە لاوێکی قارسی، نەخێر بنووسن: کچە موسڵمانێکی قارسی لە سۆنگەی باوەڕەکەیەوە سەرپۆشی وەک ئالاّ بۆ خۆی پەسەند کردبووە، بەڵام لەبەر نەفرەتێکی لەپڕ پەی پێ بردوو، لە پێش چاوی هەمووان سەری ڕووت کردووە. ئەمە دەبێتە هەواڵێکی جێی ڕەزامەندیی ئەوروپاییگەل. ئیدی هانز هانزنیش قسەکانمان بلاّو دەکاتەوە." کاتێکیش ویستی سەری ڕووت بکات، گوتی: "خوای گەورە لێم مەگرە، چونکە ئیدی دەبێت تەنیا بم. ئەم جیهانە ئەوەندە سەمەرەیە و منیش هێندە تووڕە و لاوازم کە تۆ..."

فازیل بەرزەپێ ڕاپەڕی و هاواری کرد: "قەدیفە، نەکەیت، سەرت ڕووت نەکەیت. ئێستا ئێمە هەموومان، هەر هەمووومان لێرەین. بە من و بە

نەجیبیشەوە. دوایی هەمووما‌ن، هەر هەموومان دەمرین."

لەپڕ هەموویان سەریان لەم قسانە سووڕما. هەندێک گوتیان: "بێ ئەقڵی مەکە"، "بێگومان پێویستە سەری ڕووت نەکات." بەڵام زۆرینەی ئامادەبووان لە سەرێکەوە، بە ئومێدەوە سەیریان دەکرد، چاوەڕێ بوون کەتنێک بقەومێت و هەرایەک ڕوو بدات. لە سەرێکی ترەوە، هەوڵیان دەدا تێ بگەن ئەم ڕووداوە بە گێچەڵانە گەمەی چ کەسێکن.

فازیل گوتی: "من ئەم دوو ڕستەیەم هەیە خوازیارم لە ڕۆژنامە ئەڵمانییەکەدا بڵاو بکرێنەوە." لە ژوورەکەدا ژاوەژاوێک پەیدابوو. "تەنیا بەناوی خۆمەوە نا، بگرە بەناوی هاوڕێی خوا لێخۆشبووم نەجیبیشەوە کە لە شەوی شۆڕشەکەدا بە نامەردی شەهید کرا، قسە دەکەم: قەدیفە ئێمە تۆمان زۆر خۆش دەوێت. ئەگەر سەرت ڕووت بکەیت، من خۆم دەکوژم، نەکەیت سەرپۆش دابگریت."

هەندێک پێیان وا بوو فازیل بە قەدیفەی گوتووە "خۆشم دەوێیت"، نەک "خۆشمان دەوێیت." لەوانەش بوو ئەمە بۆ ڕوونکردنەوەی کاردانەوەی شینە سازێندرابێت.

شینە تا هێزی تێدابووە هاواری کردووە: "کەس لەم شارەدا باسی خۆکوشتن نەکات." دواتر، بێ ئەوەی تەنانەت ئاوڕی لە قەدیفەش دابێتەوە، لە ژووری هۆتێل دەرچووە و ڕۆیشتووە. بەمەش کۆتایی بە کۆبوونەوە هێندرابوو. ئاپۆڕەی ناو ژوورەکەش، ئەگەر بە کپیش نەبووبێت، بەپەلە بڵاوەیان لێ کردبوو.

## ٣٢

# به دوو ڕۆحەوە لە جەستەمدا ئەمەم پێ ناکرێت

## سەبارەت بە ئەڤین، بێ بایەخبوون و ونبوونی شینە

پێش ئەوەی تورگوت بەگ و قەدیفە لە کۆبوونەوەی هۆتێل ئاسیا بگەڕێنەوە، (کا) سەعات پێنج و چل و پێنج خوولەک لە هۆتێلی بەفرپالاس چووە دەرەوە. هێشتا پازدە خوولەکی مابوو بۆ کاتی چاوپێکەوتنی فازیل؛ بەڵام دەیویست بە کامەرانی بە شەقامەکاندا پیاسە بکات. لە شەقامی ئەتاتورک بەلای چەپدا بای داوە و شەقامەکەی بەجێ هێشت، بەدەم ڕۆژیشتنەوە سەیری ئاپۆڕەی ناو چایخانەکان، تەلەڤزیۆنە داگیرساوەکان، بەقاڵەکان و جامخانەی دووکانی وێنەگرانی دەکرد، بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن تا گەیشتە ڕووباری قارس. چووە سەر پردە ئاسنەکە، بێ ئەوەی گوێ بە سەرما بدات، دوو مارلبۆرۆی بەدوای یەکدا کێشا و بیری لەو کامەرانییە کردەوە کە لەگەڵ ئیپەکدا لە فرانکفورت بەسەری دەبات. سەیرێکی پارکی ئەوبەری ڕووبارەکەی کرد. ئەوێ سەردەمانێک جێی بەفرەخلیسکێی خواپێداوەکانی قارس بووە، ئێستا تاریکییەکی سامناک باڵی بەسەردا کێشابوو.

فازیل بەسەر پردەکەدا بەرەو ڕووی ئەم دەهات، (کا) بۆ تاوێک بە نەجیبی چوواند. پێکەوە چوونە چایخانەی برایانی بەختەوەر، فازیل ڕووداوەکانی کۆبوونەوەی هۆتێل ئاسیای لە نووکەوە بۆ (کا) گێڕایەوە. کاتێک گەیشتە ئەو شوێنەی کە هەستی کردبوو مێژووی شارە بچووکەکەی تێکەڵ بە مێژووی جیهان دەبێت، (کا) وەک ئەوەی ڕادیۆیەک بۆ تاوێک بکوژێنێتەوە، فازیلی بێدەنگ کرد و شیعری (هەموو مرۆڤایەتی و ئەستێرەکان)ی نووسییەوە.

(کا) له تێبینییه تۆمارکراوەکانی دواتریدا، لەبری باسکردنی شارێکی له بیرکراو و خەمی ژیان بەسەربردن له دەرەوەی مێژوو، ڕێچکەی شیعرەکەی بردبووەوه سەر دەسپێکی ئەو فیلمانەی هۆلیود که له سەردەمی منداڵیدا زۆر حەزی لێیان دەکرد. لەگەڵ تەواوبوونی ژەنەریکدا، کامێرا هێدی هێدی له دوورەوه دەگەڕێتەوه و جیهان پێشان دەدات، لەسەرخۆ لەم نێزیک دەبێتەوه، نیشتمانێک دەردەکەوێت، (کا) له منداڵییەوه ئەو فیلمەی له خەیاڵی خۆیدا دەری هێناوه و نیشتمانەکەی ناویشی بێگومان تورکیایه؛ شینایی دەریای مەرمەرە و دەریای ڕەش و بۆسفۆر دەکەونه بەرچاوان، لەگەڵ زیاتر نێزیکبوونەوەی کامێرادا، ئەستەنبوڵ، نیشانتاشیی جێی ژیانی منداڵیی (کا)، پۆلیسی هاتوچۆی شەقامی تەشویقییە، شەقامی شاعیر نیگار، سەربانەکان و دارەکان (بینینی ئەو شتانه له بەرزاییییەوە چەند جوان بوو!)، پاشان جلوبەرگی هەڵواسراو، ڕێکلامی خواردەمەنیی ناو قوتوو (تامەک)، لووله ژەنگاوییەکانی ئاوی باران، لەته دیواری به قیر سواخدراو و دواتریش هێدی هێدی پەنجەری ژووری (کا) دەردەکەوێت. کامێرا له پەنجەرەوه دەچێتەوه ژوورێ و دوای سووڕانەوه بەسەر کتێب، شتومەک، ژووره پڕ له تۆز و قالیچەکاندا، (کا) پێشان دەدات له بەردەم پەنجەرەی ئەوبەرەوه بەدیار مێزێکەوه دانیشتووه و سەرقاڵی نووسینه. زوومی کامێرا دەچێته سەر نووکی پاندانەکەی که دوایین پیتەکان دەنووسێتەوه و ئەم وشانه دەخوێنینەوه: (ناوونیشانی تێکەڵبوونم به مێژووی جیهانی شیعر: شاعیر (کا)، شەقامی شاعیر نیگار، ٨/١٦، نیشانتاشی، ئەستەنبوڵ، تورکیا.) پێم وا بێت ئەم ناوونیشانه له شیعرەکەشدا جێ بووبێتەوه، خوێنەری وردبینیش دەتوانێت سەرنج بدات لەسەر تەوەرەی لۆجیکی سەر نیگارەکەی گەردیلەی بەفر، له شوێنێکی نێزیک له هێزی کێشکردنی خەیاڵ جێی کراوەتەوه.

فازیل له کۆتاییی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی کۆبوونەوەی هۆتێل ئاسیادا، هاته سەر کرۆکی دەردی خۆی: ئێستا لەبەر ئەوەی به قەدیفەی گوتەوه ئەگەر سەری ڕووت بکات، ئەوا ئەم خۆی دەکوژێت، زۆر بێ ئۆقرەیه. "بێ

ئۆقرەیییەکەم تەنیا لەبەر ئەوە نییە خۆکوشتن بەواتای لە دەستدانی باوەڕی مـرۆڤ بێت بە خـوا، بگرە بەهۆی دووریـی ئەم بیـرۆکـەیەوەیە لـە باوەڕی من. بۆچی شـتێکم گوت کـە باوەڕم پێی نیـیـە؟" فـازیل، پاش ئـەوەی بە قـەدیفـەی گوتبوو ئەگەر سەری ڕووت بکات، ئەم خۆی دەکوژێت، "تۆبە"ی کردبوو، بەڵام کاتێک لەبەر دەرگا چاوی بە چاوی کەوتبوو، وەک بیی ناو ئاو لەرزیبوو.

لە (کا)ی پرسـی: "تۆ بڵێیت قـەدیفـە وای بـۆ چووبێت من گـرفـتـاری ئەڤـینی ئەو بووم؟"

"بۆچی تۆ حەزت لە قەدیفە کردووە؟"

"تۆ بۆ خـۆیشت دەیزانیت من ئەڤینداری تەسلیـمـەی خوا لێخـۆشبـوو بووم، جوانەمەرگەی هاوڕێشم حەزی لە قەدیفە کردبوو. شەرم لە خۆم دەکەم هێشتا ڕۆژێک بەسـەر مـردنـی هـاوڕێکەمـدا تێ نەپەڕیوە، خـۆم بخـەمـە داوی ئەڤـینی هەمـان کـچـەوە. دەشـزانم ئـەمـە تـەنیـا یەک ڕوونکـردنەوەی هـەیە، ئەوەش دەمترسێنێت. پێم بڵێ، چۆن دڵنیایت لە کوژرانی نەجیب؟"

"کڵاوەی شانەکانیم گرت و ڕوومەتەکانیم ماچ کرد."

فـازیل گـوتـی: "ئەگەری ئەوە هەیە ڕۆحی نەجیب لە هەناوی مندا بژی. گوێ بگرە: دوێنێ ئێـوارە من نە گوێم بە شانۆ دا و نە سـەیری تەلەڤزیۆنیشم کـرد. هەر زۆر زوو چوومـە جـێگەوە و نـووسـتم. لە خـەونمدا تێ گـەیشـتم نەجـیب خـراپـی لێ قـەومـاوە و بـەڵای سـامناکی بەسـەر هـاتووە. کـاتی پـەلامـاری سەربازەکانیش بۆ سەر بەشی ناوەخۆییمـان، هیچ گومانم لەم پێشبینیکردنەم نەما. ئەو کاتەی تۆم لە کتێبخانە بینی، دەمزانی ئیدی نەجیب مردووە، چونکە ڕۆحی هـاتبـووە نـاو جـەسـتـەی منەوە. ئەمـە بـەرەبەیانـی زوو ڕووی دا. ئەو سـەربازانەی بەشـی نـاوەخـۆییـان چۆڵ کـرد، دەسـتیـان بۆ من نەهێنا. منیش شەوم لە گەڕەکی ڕێگەی بازاڕ لە ماڵی کەسێکی ڤارتۆیی بەسەر برد. کابرای خـانـەخـوێم هـاوڕێی سـەردەمی سـەربازیـی باوکمـە. دوای تێپـەڕبوونـی شـەش سـەعـات بەسـەر کوژرانی نـەجیبـدا، سـەرلەبەیانی زوو لە جـەسـتـەی خـۆمـدا

هەستم بە بوونی کرد. لە ناو جێگەی ماڵی خانەخوێکەمدا لەپڕ سەرم گێژ بوو، دواتر هەستم بە دەوڵەمەندبوون و قوڵییەکی شیرین کرد؛ هاوڕێکەم لە تەنیشتمەوە، لە جەستەمدا بوو. وەک لە کتێبە کۆنەکانیشدا هاتووە، ڕۆح دوای شەش سەعات لە مردنی خاوەنی، لە جەستە دێتە دەرێ. بەپێی بۆچوونی (سیوتی)، ڕۆح لەو ساتەدا شتێکی بزۆکە لە شێوەی جیوەدا، پێویستە تا قیامەت لە بەرزەخدا، لەسەر سنووری نێوان ئەم دنیا و ئەو دنیا چاوەڕێ بکات، بەڵام ڕۆحی نەجیب هاتووەتە جەستەی منەوە. گومانم لەمە نییە. دەشترسم، چونکە شتی وا لە قورئاندا باس نەکراوە. هەروا زوویش گرفتاری ئەڤینی قەدیفە نابم. تەنانەت خۆکوشتن لە پێناویشیدا بیرۆکەی خۆم نەبوو. بە ڕای تۆ، ئایا دەشێت ڕۆحی نەجیب لە جەستەی مندا درێژە بە ژیان بدات؟"

(کا) بە هۆشیاری گوتی: "ئەگەر تۆ باوەڕت بەمە هەبێت."

"ئەمە تەنیا بە تۆ دەڵێم. نەجیب ڕازەکانی خۆی تەنیا لەکن تۆ دەدرکاند. لێت دەپاڕێمەوە ڕاستیم پێ بڵێ: نەجیب هەرگیز پێمی نەگوتووە گومانی ئەتایستی لە ناخیدا هەبووبێت، بەڵام لەوانەیە ئەم بابەتەی لای تۆ کردبێتەوە. ئایا نەجیب هیچ لای تۆ باسی ئەوەی کردووە –دوور بێت– لە هەبوونی خوا کەوتبێتە گومانەوە؟"

"ئەو گومانە نا کە تۆ باست کرد، ئەو شتێکی تری بۆ من گێڕایەوە. باسی ئەوەی بۆم کرد مرۆڤ هەروەک چۆن پێشبینیی مردنی دایکی، یان باوکی دەکات و چاوی پڕ دەبێت لە فرمێسک و چێژ لەو خەمە وەردەگرێت، بخوازێت و نەخوازێت بیر لە نەبوونی خوای زێدە خۆشەویستی خۆیشی دەکاتەوە."

فازیل لە وەڵامدا گوتی: "ئێستا هەمان شت بەسەر منیشدا دێت و هیچ گومانم لەوە نییە ڕۆحی نەجیب ئەم گومانەی هێناوەتە هەناوی منەوە."

"ئێ خۆ ئەم گومانە بەواتای ئەتایزم نایەت."

فازیل بە لێوی بەبارەوە گوتی: "بەڵام ئێستا خۆکوشتنی کچانیش بە ڕەوا

دەزانم. پێش کەمێک گوتم خۆیشم خۆم دەکوژم. نامەوێت بڵێم نەجیبی جوانەمەرگ ئەتایست بوو، بەڵام ئێستا لە ناخی خۆمدا گوێم لە دەنگی ئەتایستێکە و ئەوەش دەمترسێنێت. نازانم داخۆ ئێوەش ئاوان؟ بەڵام ئێوە لەبەر ئەوەی لە ئەوروپا ژیاون، کەسانی ڕۆشنبیر، ئارەقخۆر و دەرمانکێشتان ناسیوە. تکایە جارێکی تریش بۆم ڕوون بکەنەوە ئەتایست هەست بە چی دەکات؟"

"شتێک نییە ناوی ئەوە بێت مرۆڤ بەردەوام خولیای خۆکوشتنی هەبێت."

"بە بەردەوامی نا، بەڵام جاروبار دەمەوێت خۆم بکوژم."

"بۆچی؟"

"چونکە بەردەوام بیر لە قەدیفە دەکەمەوە و هیچ شتێکی تر لە هۆشمدا نییە! لێکدالێکدا دێتە پێش چاوم. لە کاتی خوێندنی وانەکانمدا، بەدیار سەیرکردنی تەلەڤزیۆنەوە، یان چاوەڕێکردنی سوورایی خۆرنشینەوە، لە نەشیاوترین جێدا هەموو شتەکان قەدیفە دەهێننەوە بیرم و زۆر ئازار دەچێژم. بەر لە مردنی نەجیبیش هەستم بەمانە دەکرد. چیت لێ بشارمەوە، من لە ڕاستیدا قەدیفەم خۆش دەویست نەک تەسلیمە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەڤینداری هاوڕێکەم بوو، من هەستەکانی خۆم لە ناخی خۆمدا ناشت. نەجیب ئەوەندە باسی قەدیفەی بۆم کرد تا دواجار ئەو ئەڤینەی لە ناخمدا چاند. کاتێک سەربازەکان هێرشیان بردە سەر بەشی ناوەخۆیی، تێ گەیشتم پێ دەچێت نەجیبیان کوشتبێت. بەڵێ، خۆشحاڵیش بووم. نەک لەبەر ئەوەی ئەڤینی خۆم بۆ قەدیفە بەیان بکەم، بگرە ڕقم لە نەجیب هەڵسابوو لە پای ئەوەی ئەم ئەڤینەی لە ناخی مندا چاندبوو. ئێستا نەجیب مرد و بڕایەوە، ئیدی ئازادم، بەڵام ئەمە هیچ ئەنجامێکی نەبوو جگە لە زیاتر چەقین لە ئەڤینی قەدیفەدا. لە بەیانیی زووەوە بیری لێ دەکەمەوە و بە تێپەڕبوونی کاتیش ناتوانم بیر لە هیچ شتێکی تر بکەمەوە. خوای گەورە، من چی بکەم؟"

فازیل دەموچاوی نایە ناولەپی دەستەکانی و دای لە پڕمەی گریان. (کا)

مارلبۆرۆیەکی داگیرساند، گوێ پێنەدانێکی خۆپەرستانە بە ناخیدا ڕابوورد. ماوەیەکی درێژ سەری فازیلی شێلا.

سافەتی هەواڵدزیش چاوێکی لەسەر تەلەڤزیۆنەکە و چاوێکی لەسەر ئەوان بوو، لەو ساتەدا لێیان نێزیک کەوتەوە و گوتی: "با ئەو لاوە نەگری، ناسنامەکەیم نەبرد بۆ بەرێوەبەرایەتیی ئاسایش، لای خۆمە." ئەگەر تەماشای کرد فازیل هێشتا دەگری و باکی پێ نییە، ناسنامەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و بۆی درێژ کرد، خۆی دەستی دایێ و لێی وەرگرت. هەواڵدزەکە بە پەرۆشێکی نیوە پیشەیی و نیوە مرۆییەوە گوتی: "بۆچی دەگری؟" (کا) گوتی: "لە حەژمەت ئەڤین." ئەم قسەیە سووکناییی بە هەواڵدزەکە بەخشی. تا لە چایخانەکە چووە دەرێ و ڕۆیشت، (کا) لە دواوە سەیری کرد.

دواتر فازیل پرسیاری ئەوەی کرد داخۆ چۆن دەتوانێت سەرنجی قەدیفە بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. هەمان کات گوتیشی سەرجەم خەڵکی قارس ئاگادارن لەوەی (کا) کەوتووەتە داوی ئەڤینی ئیپەکی خوشکی قەدیفەوە. ئەڤینەکەی فازیل هێندە بێ ئومێد و مەحاڵ هاتە پێش چاوی (کا)، بەجۆرێک ترسی ئەوەی لێ نیشت عەشقی ئەمیش بۆ ئیپەک بەهەمان شێوە لە ڕەنجەڕۆیی زیاتر هیچی بەدواوە نەبێت. فازیل ژیر بووبووەوە، (کا) بێ بیرکردنەوە، ئەو پێشنیازەی بۆ دووبارە کردەوە کە ئیپەک بۆ ئەمی کردبوو:

" ببە بە خۆت."

فازیل گوتی: "بەڵام بە دوو ڕۆحەوە لە جەستەمدا ئەمەم پێ ناکرێت. سەرباری ئەوەش، وا ڕۆحی ئەتایستی نەجیب من دەستەمۆ دەکات. دوای چەندین ساڵ بیرکردنەوەم لەوەی کە هاوڕێیانی لاوم بە خۆ خەریککردنیان بە سیاسەتەوە هەڵە دەکەن، ئێستا منیش دەمەوێت شان بەشانی ئیسلامییەکان شتێک لە دژی ئەم کودەتا سەربازییە بکەم، بەڵام وا هەست دەکەم ئەمە بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی قەدیفە بۆ سەر خۆم دەکەم. زۆر دەترسم لەوەی جگە لە قەدیفە، کەسی ترم لە خەیاڵدا نییە. نەک لەبەر ئەوەی هیچ نایناسم، بگرە لەبەر ئەوەی وەک ئەتایستێک هەست دەکەم جگە لە ئەڤین و

بەختەوەری، باوەڕم بەهیچ شتێکی تر نییە."

فازیل دەگریا، (کا) دامابوو، و نەیدەزانی پێی بڵێت، یان نەڵێت لە هەموو شوێنێک باسی عەشقی قەدیفە نەکات و پێویستە ترسی لە شینە هەبێت. بیری بۆ ئەوەش چوو فازیل هەروەک چۆن ئاگاداری پێوەندیی نێوان ئەم و ئیپەکە، بەهەمان شێوە بە پێوەندییشینە-قەدیفەش دەزانێت. ئەگەر بشیزانیبا، ئەوا دەبوو لەبەر پلە و پایەی سیاسی، خۆی نەخستبایە ئاگری ئەڤینی قەدیفەوە.

فازیل بە تووڕەبوونێکی سەیرەوە گوتی: "هەژار و بێ بایەخین، هەموو مەسەلەکە ئەمەیە. ژیانی داماوانەی ئێمە هیچ جێیەکی نییە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. ئێمەی خەڵکی ئەم شارە نابووتەی قارس دواجار هەموومان دەڕۆین و دەبڕێینەوە. کەس یادمان ناکاتەوە و کەس بایەخمان پێ نادات. دەبین بە کەسانی بێ بایەخی هاوشێوەی ئەوانەی لەسەر ئەوەی ژنەکانیان چی لەسەر بکەن، دەست دەنێنە بینی یەکدی، یان لە ناکۆکییە تووڕەهاتەکانی خۆیاندا نوقم بوون. هەمووان لە بیرمان دەکەن. کاتێک دەبینم ژیانێکی دەبەنگ لەم جیهانەدا بەسەر دەبەین و هیچ شوێنپێیەک لە دوای خۆمانەوە جێ ناهێڵین، بە ڕق هەڵسانەوە تێ دەگەم جگە لە ئەڤین، هیچ شتێکی تر لە ژیاندا نییە. ئەو هەستەی بەرامبەر بە قەدیفەش هەمە و ڕاستیی ئەوەی تەنیا لە ئامێزی ئەودا سەبووریم دێت، زیاتر ئازارم دەدات، وێنەشی هەرگیز لە بەرچاوم ون نابێت."

(کا) بەشێوەیەکی زۆر دڵڕەقانە گوتی: "بەڵێ، ئەم جۆرە بیرکردنەوانە هەر لە کەسانی ئەتایست دەوەشێنەوە."

فازیل هەمدیسان دایە پرمەی گریان. (کا)ش، قسەکانی دواتری نە بیر کەوتەوە و نە لە هیچ کام لە دەفتەرەکانیشدا نووسینییەوە. لە بەرنامەی گاڵتەی کامێرادا لە تەلەڤزیۆنی چایخانەکەدا، منداڵانی ساوای ئەمریکایی لە کورسییەکانیان بەردەبوونەوە، حەوزی ماسییان لار دەکردەوە، خۆیان لە ناو دەنا، پێیان بە ئەتەکەکانی خۆیاندا دەنا و لەپەوڕوو دەکەوتن، هەموو ئەمانەش

بە قاقایەکی دەستکردەوە بڵاو دەکرایەوە. فازیل و (کا)ش هەموو شتێکیان لە بیر کرد و وەک ئاپۆڕەی ناو چایخانەکە بەدەم زەردەخەنەوە ساتێکی درێژ سەیری منداڵانی ئەمریکایان کرد.

ئەو دەمەی زاهیدە خۆی کرد بە چایخانەکەدا، (کا) و فازیل لە تەلەڤزیۆندا سەیری ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگریان دەکرد بەشێوازێکی پڕ لە ڕاز بە دارستانێکدا تێ دەپەڕی. زاهیدە زەرفێکی زەردی دەرهێنا و ڕادەستی (کا)ی کرد. ئەمە هیچ سەرنجی فازیلی ڕانەکێشا. ئەم زەرفەکەی کردەوە و ناوەڕۆکەکەی خوێندەوە: لە ئیپەکەوە هاتبوو. قەدیفە و ئیپەک، دەیانویست دوای بیست خوولەکی تر، سەعات حەوت لە شیرینیخانەی ژیانی نوێ ببینن. زاهیدە لە ڕێی سافەتەوە زانیبووی ئەم لە چایخانەی برایانی بەختەوەرە.

لە دوای ڕۆیشتنی زاهیدە، فازیل گوتی: "برازاکەی لە پۆلی ئێمەیە. شێت و شەیدای قومارە. شەڕە کەڵەشێر و گرەوی سەگبازی نییە ئەوی تێدا نەبێت."

(کا) پێشتر ناسنامەکەی فازیلی لە کابرای پۆلیس وەرگرتبووەوە و لەو ساتەدا دایەوە دەستی، هەڵسایە سەرپێ و گوتی: "لە هۆتێل بۆ نان خواردن چاوەڕێم دەکەن." فازیل هیوا لێبڕاوانە لێی پرسی: "قەدیفە دەبینیت؟" شەرمی لە ئاماژەی بێزاری و بەزەییی سەر ڕووخساری (کا) کرد. "دەمەوێت خۆم بکوژم." بەدوای دەرچوونی (کا)دا لە چایخانەکە، ئەم هاواری کرد: "ئەگەر دەیبینیت، پێی بڵێ ئەگەر سەرپۆش فڕێ بدات، من خۆم دەکوژم. لەبەر ئەوەشم نییە سەری ڕووت دەکات، بگرە هەر لەبەر ئەوەی مردن لە پێناوی ئەودا لەزەتم پێ دەبەخشێت."

(کا) لەبەر ئەوەی هێشتا کاتی مابوو بۆ ژوانی شیرینیخانە، چووە کۆڵان و شەقامەکان. کاتێک بە شەقامی کەناڵدا تێ پەڕی، ئەو چایخانەیەی بینی کە پێشنیوەڕۆ شیعری (شەقامەکانی خەون)ی تێدا نووسیبوو. خۆی کرد بە ژووردا، بەڵام بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆیەوە شیعری تازەی بۆ نەهات. لەبری ئەوە، بیری کردەوە لە دەرگای پشتی چایخانەی نیمچە چۆڵ و بە دووکەڵ قاندراوەوە بچێت بەودیودا. چووە حەوشە بە بەفر داپۆشراوەکەوە، لە

تاریکیدا بەسەر دیواری نزمی بەردەمیدا پەڕیەوە، سێ پلە چووە خوارەوە و لە ناو وەڕەوەڕی هەمان سەگی ڕەشی بە زنجیر بەستراوەدا، چووە ژێر زەمینەکەوە.

لەوێ گڵۆپێکی کز دەسووتا. (کا) لە ژوورەوە جگە لە بۆنی خەڵووز و بۆنی خەو، بۆنی ئارەقیشی کرد. سێبەری چەند کەسێک لە تەنیشت مەنجەڵی گیزەگیزکەری شۆفاژەوە بەدی دەکرا. هیچ سەری سووڕنەما کاتێک سەیری کرد کارمەندی لووت تەورداسی میت، ژنەی نەخۆشی گورجی و کابرای مێردی لە نێوان قوتووی کارتۆندا دانیشتوون و ئارەق دەخۆنەوە. وا دیار بوو ئەوانیش سەریان لە (کا) سووڕ نەمابوو. (کا) شەپقەیەکی سوور و شیکی لەسەری ژنە نەخۆشەکەدا بینی. ژنەکە فەرمووی هێلکەی کوڵاو و نانی لەواشی لێ کرد، پیاوەکەشی دەستی کرد بە ئامادەکردنی پێکێک ئارەق بۆی. لەو دەمەیدا (کا) بە نینۆک خەریکی لێکردنەوەی توێکڵی هێلکە کوڵاوەکە بوو، کارمەندی لووت تەورداسی میت گوتی ئەم خانووی مەنجەڵە گەرمترین گۆشەی قارسە و وەک بەهەشت وایە.

لە ساتێکی بێدەنگیی دوای ئەو قسەیەدا، (کا) بێ ڕاوەستان و بێ ئەوەی وشەیەکی کەم بێت، شیعرێکی نووسی و ناوی (بەهەشت)ی لێ نا.

ئەم شیعرە ڕێک لەسەر تەوەرەی خەیاڵ، لە شوێنێکی دوور لە چەقی نیگارەکەی گەردیلەی بەفر دانراوە. شیعرەکە لەکن (کا) واتای داهاتوویەکی پێشبینیکراوی نەدەگەیاند؛ بگرە واتای ئەوەی بەدەستەوە دەدا کە بیرەوەرییە بەهەشتییەکان تەنیا لە خەیاڵدا بە زیندوویی دەمێننەوە. (کا) لە ساڵانی دواتردا هەر جارێک ئەم شیعرەی بیر دەکەوتەوە، چەند بیرەوەرییەکی ڕیز دەکرد: پشووەکانی هاوین لە سەردەمی منداڵیدا، ئەو ڕۆژانەی لە قوتابخانە هەڵدەهات، ئەو کاتانەی لەگەڵ خوشکەکەیدا دەچوونە ناو جێگەی نووستنی دایک و باوکیانەوە، هەندێک لەو نیگارانەی لە سەردەمی منداڵیدا دەیکێشان، ناسینی کچێک لە ئاهەنگی قوتابخانە و دواتر بینینەوەی و ماچکردنی.

لە ڕۆیشتنیدا بەرەو شیرینیخانەی ژیانی نوێ، ئیپەک و ئەو بیرەوەرییانەی

لە خەیاڵدا بوو. لە شیرینیخانە ئیپەک و قەدیفەی بینی چاوەڕێی ئەمیان دەکرد. ئیپەک هێندە شۆخ بوو، بەجۆرێک (کا) بۆ ساتێک هەستی کرد (بەهۆی کاریگەریی ئارەقیشەوە، چونکە بە سکی ناشتا خواردبوویەوە) ئاوی چاوەکانی دادێت. دانیشتن و قسەکردن لەگەڵ جووتە خوشکێکی جوان و شۆخدا لە دەوری هەمان مێز، جگە لە کامەرانی، هەستی لە خۆباییبوونیشی لەکن دروست کرد: ئارەزووی دەکرد ئەو فرۆشیارە تورکانەی هەموو ڕۆژێک لە فرانکفورت بەدەم زەردەخەوە سڵاویان لێ دەکرد، لەگەڵ ئەم دوو ژنەدا بیاندیبایە. شیرینیخانەی شوێنی کوژرانی بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردە، جگە لە گیارۆی پیرە گارسۆن، کەسی تری تێدا نەبوو. ئەگەر لە دەرەوە سەیرت بکردایە، دانیشتنی لەگەڵ قەدیفە و ئیپەکدا لە شیرینیخانەی ژیانی نوێدا –با یەکێکیشیان سەرداپۆشراو بێت– لە وێنەیەک دەچوو لەگەڵ دوو ژنی جواندا بە دەوری مێزێکەوە گیرابێت. ئەم دیمەنە، وەک ئاوێنەی پشتەوەی بەردەوام پێشاندەری ئۆتۆمبیلی دواوە، لە گۆشەیەکی سەری (کا)دا چەسپی و دەرنەدەچوو.

دوو ژنەکەی دەوری مێزەکە بە پێچەوانەی ئەمەوە زۆر ئارام و لەسەرخۆ بوون. (کا) گوتی لە ڕێی فازیلەوە بە هەموو ڕووداوەکانی هۆتێل ئاسیای زانیوە، ئیپەک قسەکەی پێ بڕی: "شینە بە تووڕەیی کۆبوونەوەکەی بەجێ هێشتووە. قەدیفەش ئێستا زۆر پەشیمانە لەو قسانەی لەوێ کردوونی. زاهیدمان نارد بۆ شوێنی خۆشاردنەوەکەی، لەوێ نەماوە. بۆمان نادۆزرێتەوە." ئیپەک وەک خوشکێکی گەورەی خوازیاری دۆزینەوەی چارەیەک بۆ دەردی خوشکی بچووکی دەستی کردبوو بە قسە، بەڵام ئێستا خۆیشی بە زیادەوە خەمیگن دەینواند.

"ئەگەر بیدۆزنەوە چیتان لێی دەوێت؟"

ئیپەک گوتی: "دەمانەوێت بەر لەهەموو شتێک لە ژیانی و لە دەستگیرنەکردنی دڵنیا بین. سەیرێکی قەدیفەی کرد و پێ دەچوو بە پەنجە پێوەدانێک بداتە پرمەی گریان. "هەواڵێکمان لە شینەوە بۆ بهێنە. پێی بڵێ

چۆنی دەوێت، قەدیفە وا دەکات."

"ئێوە خۆتان لە من باشتر شارەزای قارسن."

ئیپەک گوتی: "ئێمە دوو کچین لەم تاریکاییی ئێوارەیەدا. تۆ شارەزای شار بوویت. برۆ بۆ هەردوو چایخانەی ئایدەدە و نورۆل لە شەقامی خالید پاشا. ئەو دوو چایخانەیە شوێنی کۆبوونەوەی قوتابیانی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنانە. ئێستا ئەوێ جمەی دێت لە پۆلیسی سڤیل، ئەوانیش وەستای قسە و قسەلۆکن، ئەگەر بەڵایەکی خراپ بەسەر شینەدا هاتبێت، لە ڕێی ئەوانەوە ئاگادار دەبیت."

قەدیفە دەسرەکەی دەرهێنابوو، هەنسکی دەدا و لووتی دەسڕی. (کا) بۆ ساتێک وای زانی کچەکە دەیەوێت دەست بەگریان بکات.

ئیپەک گوتی: "هەواڵێکمان لە شینەوە بۆ بهێنە. ئێمە دەبێت بڕۆین، ئەگەر دوا بکەوین، باوکمان نیگەران دەبێت. لەسەر خوانی ئێوارەش چاوەڕێت دەکات."

قەدیفەش بەدەم هەڵسانەوە گوتی: "سەرێک لە چایخانەکانی شەقامی بایرام پاشاش بدەن."

لە نیگەرانی و خەمی کچەکاندا شتێکی هێندە شکستە و سەرنجڕاکێش هەبوو، بەجۆرێک (کا) بۆ ئەوەی لێیان جیا نەبێتەوە، تا نیوەی ڕێگەی بەرەو هۆتێلی بەفرپالاس لەگەڵیاندا ڕۆیشت. بارتەقای ترسی لە دەستدانی ئیپەک، هەستێکی پڕ لە ڕازی بەشداربوون لە تاواندا -پێکەوە شتێکیان بە دزی باوکیانەوە دەکرد- (کا)ی بە کچەکانەوە گرێ دەدا. وای بەخەیاڵدا هات ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ ئیپەکدا دەچێتە فرانکفورت، قەدیفەش دێت بۆ لایان، هەرسێکیان بە سێ قۆڵی خۆیان دەکەن بە قاوەخانەکانی شەقامی بەرلینەردا و دێنە دەرێ و بەدەم سەیرکردنی جامخانەی کۆگاکانەوە پیاسە دەکەن.

هیچ باوەڕی نەبوو بتوانێت ئەرکی پێ ڕاسپێردراوی ڕاپەڕێنێت. بێ ماندووبوونێکی زۆر چایخانەی ئایدەدەی دۆزییەوە. چایخانەکە هێندە سادە و

بێ تام بوو، بەجۆرێک خەریک بوو لە بیری بچێت بۆچی بۆ ئێرە هاتووە. دانیشت و ماوەیەک تەنیا سەیری تەلەڤزیۆنی کرد. چەند لاوێک کە لە تەمەنی قوتابیدا بوون، لەو دەوروبەرە دانیشتبوون، بەڵام سەرەڕای پێشاندانی ئارەزووی بۆ قسەکردن –سەبارەت بە یاریی تۆپی پێ لە تەلەڤزیۆندا قسەی کرد–، کەس ئاوڕی لێ نەدایەوە. ئەمە بەمەرجێک پاکەتی جگەرەکەی بۆ بەخشینەوە ئامادە کردبوو، چەرخەکەشی بۆ ئەوەی نەبادا کەسێک پێویستی پێ بێت، لەسەر مێز دانابوو. کاتێک زانی هیچی لە شاگردە خێڵەکە دەستگیر نابێت، چووە دەرێ و خۆی کرد بە چایخانەی نورۆڵدا لەو نێزیکانە. لەوێش کۆمەڵێک لاوی بینی لە تەلەڤزیۆنێکی ڕەش و سپیدا سەیری هەمان گەمەی تۆپی پێیان دەکرد. ئەگەر لەتە ڕۆژنامەی بڕدراوی سەر دیوارەکان و خشتەی یارییەکانی ئەمساڵی یانەی وەرزشی قارسی نەدیبایە، نەدەهاتەوە یادی دوێنێ لێرە لەگەڵ نەجیبدا سەبارەت بە هەبوونی خوا و واتای جیهان قسەیان کردووە. تەماشای کرد شاعیرێک شیعرێکی پێچەوانەی لە تەنیشت ئەو شیعرەوە نووسیوە کە ئەم دوێنی ئێوارە خوێندبوویەوە. ئەم شیعرەشی لە دەفتەرەکەیدا نووسییەوە:

**ئاشکرایە ئیدی، دایکمان لە بەهەشت دەرناچێت، ناگەڕێتەوە**
**و لە ئامێزمان ناگرێت**

**باوکمان هەرگیز بێ کوتان وازی لێ ناهێنێت**

**بەڵام سەرباری ئەوەش، هەناومان گەرم دەکاتەوە و ڕۆحمان**
**زیندوو دەکاتەوە**

**چونکە چارەنووس وەهایە؛ تەنانەت لەم گواوەشدا کە تێی**
**کەوتووین، وەک بەهەشت بیر لە شاری قارس دەکەینەوە**

شاگردە منداڵەکەی ئەوبەرەوە گوتی: "ئەوە شیعر دەنووسن؟"

(کا) گوتی: "هەی ئافەرین. تۆ دەزانیت بە پێچەوانەوە بخوێنیتەوە؟"

"نا کاکی گەورە، من نازانم ڕاستەڕاتیش بخوێنمەوە. پێش ئەوەی فێری

خوێندەواری بم، لە قوتابخانە هەڵهاتم، تەمەنم بەسەرچوو. ئیدی ڕۆیشت و بڕایەوە."

"کێ ئەو شیعرە نوێیەی سەر دیوارەکەی نووسی؟"

"نیوەی ئەو لاوانەی دێنە ئێرە، شاعیرن."

"بۆچی ئەمڕۆ دیار نین؟"

"دوێنێ سوپا هەموویانی خڕکردەوە. هەندێکیان لە زیندانن و بڕێکیشیان خۆیان شاردووەتەوە. ئەگەر دەخوازیت لەوانەی ئەوێ بپرسە، ئەوانە هەموویان پۆلیسی سڤیلن و دەزانن."

کوڕەی شاگرد گۆشەیەکی پێشانی ئەم دا، لەوێدا دوو لاو دانیشتبوون و وەک هار باسی گەمەی تۆپانێکەیان دەکرد، بەڵام (کا) بێ ئەوەی لێیان نێزیک بکەوێتەوە و شتێکیان لێ بپرسێت، لە چایخانەکە چووە دەرێ.

پێی خۆش بوو کاتێک بینی بەفر بارین هەمدیسان دەستی پێ کردووەتەوە. باوەڕی نەدەکرد لە چایخانەکانی گەڕەکی بایرام پاشادا شوێنپێی شینە هەڵبگرێتەوە. لە ناخیدا هەستی بە خەمێک کرد. لە ئێوارەی گەیشتنیدا بۆ قارس، پەی بەهەمان خەم بردبوو، بەڵام ئێستا بڕێک کامەرانیش بوو. بەدەم چاوەڕێکردنی هاتنی شیعرێکی نوێوە، بە پێش باڵەخانەی چیمەنتۆیی و ناشیرینی هەژارەکاندا، ئەوتۆپارکەکانی بە بەفر داپۆشراو، جامخانەی ڕچیوی چایخانە و سەرتاشخانە و بەقاڵەکاندا، ئەو حەوشانەی لە سەردەمی ڕووسەکانەوە وەڕەی سەگیان لێ نەبڕاوە، دووکانی فرۆشیاری پارچەی یەدەکی تراکتۆر و کەرەسەی گالیسکە و پەنیرفرۆشاندا، وەک ئەوەی خەون ببینێت، تێ پەڕی. کۆمەڵێک شتی بینی: پۆستەرەکانی هەڵبژاردنی پارتی نیشتمانی دایک، پەردەی باش داخراوی پەنجەرەیەکی بچووک، ئاگادارییەک پێش چەندین مانگ بە جامخانەی دەرمانخانەی زانستییەوە هەڵواسراوە و لەسەری نووسرابووو (دەرمانی دژ بە هەلامەتی ژاپۆنیمان بۆ هاتووە) و پۆستەرە زەردەکانی دژبەری خۆکوشتن. وای زانی تا لە ژیاندا ماوە ئەو

دیمەنانە لە بیر ناکات. هەستیاریی لە ڕادەبەدەری بەرامبەر بە وردەکارییەکانی ئەو ساتەی بەسەری دەبرد، لە ناخیدا هەستی ئەوەی (ئێستا هەموو شتەکان پێکەوە گرێ دراون و خۆیشی پارچەیەکی لێک دانەبڕاوی ئەم جیهانە دێرین و جوانەیە) فرە بەهێز تاوی سەند و پێی وا بوو شیعرێکی نوێی بۆ دێت. خۆی کرد بە چایخانەیەکدا لە شەقامی ئەتاتورک، بەڵام شیعرەکەی بۆ نەهات.

٣٣

## خوانەناسێک لە قارسدا

### ترسی پەلاماردان

لەگەڵ هاتنە دەرەوەیدا لە چایخانەکە، لەسەر شۆستەی بە بەفر داپۆشراو، لووتی تەقی بە لووتی موختاردا. موختار بەدەم بیرکردنەوەوە پەلەی بوو بگاتە شوێنێک، ئەمی دی، بەڵام لەبەر چڕیی کلووە بەفرە گەورەکان، سەرەتا نەیناسییەوە. (کا)ش لە پێشدا هەوڵی دا خۆی لێ بدزێتەوە. هەردووکیان بەجارێک پڕیان کرد بە یەکدا و وەک دوو دۆستی دێرین، یەکتریان لە ئامێز گرت.

موختار گوتی: "ڕاسپاردەکانمت گەیاندە ئیپەک؟"

"بەڵێ."

"گوتی چی؟ وەرە با لەو چایخانەیە دانیشین، بۆم بگێڕەوە."

موختار، سەرباری کودەتا سەربازییەکە، ئەو تێهەڵدانەی لە پۆلیسخانە خواردبووی و لە دەستدانی پۆستی سەرۆکایەتیی شارەوانی، هیچ ڕەشبینیی پێوە دیار نەبوو. دوای ئەوەی لە چایخانەکە دانیشتن، گوتی: "بۆچی منیان دەستگیر نەکرد؟ لەبەر ئەوەی دوای بڕانەوەی بەفر، کردنەوەی ڕێگە و بانەکان و کشانەوەی سەربازەکان، هەڵبژاردنەکانی شارەوانی بەڕێوە دەبرێن. ئەمەش بە ئیپەک بڵێ." (کا) گوتی پێی دەڵێت. پرسیاری لێ کرد داخۆ شتێک لە بارەی شینەوە دەزانێت.

موختار بە شانازییەوە گوتی: "من یەکەم کەس بووم بۆ قارس بانگهێشتم کرد. لە ڕابردوودا هەر جارێک بۆ ئێرە بهاتبا، لای من دەمایەوە. بەڵام لەو

کاتەوەی چاپەمەنیی ئەستەنبوڵ ناوی ئەوی وەک تیرۆریست ڕاگەیاندووە، بۆ ئەوەی زیان بە پارتیمان نەگەیەنێت، ئیدی لێمان ناپرسێتەوە. ئێستا من دوایین کەسم ئاگاداری هەواڵی ئەو دەبم. ئیپەک چی گوت سەبارەت بە ڕاسپاردەکانم؟"

(کا) گوتی ئیپەک وەڵامێکی تایبەتی نەبووە لە بەرامبەر ویستی موختاردا سەبارەت بە دووبارە پێکگەیشتنەوەیان.

موختار ڕوویەکی وای پێشان دا وەک ئەوەی ئەمە وەڵامێکی زۆر تایبەت بێت و گوتی خوازیارە (کا) بزانێت هاوسەری پێشووی چەند هەستیار، دڵناسک و تێگەیشتووە. ئێستا زۆر پەشیمانە لەوەی لە ساتێکی پڕ لە تەنگژەی ژیانیدا خراپ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردووە. دوایی گوتی: "لە گەڕانەوەتدا بۆ ئەستەنبوڵ، ئەو شیعرانەی پێم دابوویت، بە دەستی خۆت ڕادەستی فاخیریان دەکەیت، وا نییە؟" پاش وەرگرتنی وەڵامی ئەرێ لە (کا)، ئاماژەی مامێکی دڵنەرم و خەمناک سیمای موختاری داپۆشی. (کا) لەبری شەرم بەخۆدا هاتنەوە لە بەرامبەر موختاردا، پەی بە هەستێکی تێکەڵ لە بەزەیی و نەفرەت برد و بینی وا کابرا لەو ساتەدا ڕۆژنامەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا. موختار بە چێژەوە گوتی: "من بوومایە لەبری تۆ، ئاوا بێ خەم بە کۆڵان و شەقامەکاندا نەدەخولامەوە."

(کا)، ژمارەی سبەینێی ڕۆژنامەی شاری سەرحەدی لە دەستی فڕاند و بەپەرۆشەوە دەستی کرد بە خوێندنەوەی. هێشتا مەرەکەبەکەی وشک نەبووبووەوە: "سەرکەوتنی شۆڕشی شانۆکاران... ڕۆژانی ئارامی لە قارس، هەڵبژاردنەکان دواخران، هاوڵاتیان لە شۆڕشەکە ڕازین..." دواتر موختار بە پەنجە ئاماژەی بۆ هەواڵێکی پەڕەی یەکەم کرد و ئەمیش خوێندیەوە:

## خوانەناسێک لە قارسدا
## لەم ڕۆژگارە ئاڵۆزەدا گەڕانی (کا)ی بەناو شاعیر
## بە شارەکەماندا مایەی گومانە

وتاری دوێنێمان بۆ ناساندنی ئەم بەناو شاعیرە، لەلایەن قارسییەکانەوە بە ڕەخنەوە پێشوازی لێ کرا

"دوێنێ شەو هونەرمەندی گەورە سونای زایم و هاوڕێکانی، لە ناو جۆش و خرۆشی جەماوەردا شانۆنامەیەکی ئەتاتورکییان بە سەرکەوتوویی پێشکێش کرد و ئەم شانۆنامەیە ئاشتی و سەقامگیری لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ شاری قارس. قسە و باسی زۆرمان پێ گەیشتووە سەبارەت بەوەی (کا)ی بەناو شاعیر لە ناوەڕاستی شانۆنامەکەدا چووەتە سەر شانۆ، شیعرێکی بێ تامی خوێندووەتەوە و میزاجی ئامادەبووانی تێک داوە. ئێمەی خەڵکی قارس ساڵانێکی درێژە بە گیانی برایەتییەوە پێکەوە دەژین، لەم ڕۆژگارەدا هێزە دەرەکییەکان هانمان دەدەن بۆ شەڕی ناوەخۆیی و هەوڵ دەدەن کۆمەڵگەکەمان بەسەر لایست و دیندار، کورد و تورک و ئازەریدا دابەش بکەن و کۆمەڵکوژیی لە بیرکراوی ئەرمەنی زیندوو بکەنەوە. لە ڕۆژگارێکی وادا، پەیدابوونی کەسێکی لەکەدار وەک سیخوڕ لە ناوماندا کە لە تورکیا هەڵهاتووە و ساڵانێکی درێژە لە ئەڵمانیا دەژی، زەمینەی خۆش کردووە بۆ پرسیارکردن لە ناو خەڵکدا. ئایا ئەوە ڕاستە دوو ڕۆژ لەمەوبەر لە وێستگەی شەمەندەفەر لەگەڵ چەند لاوێکی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێناندا، لەوانەی بەداخەوە بۆ هەموو جۆرە ئاژاوەگێڕانێک لەسەر پێن، کۆ بووەتەوە و گوتوویەتی: "من ئەتایستم، باوەڕم بە خوا نییە، بەڵام خۆیشم ناکوژم، هەرچۆنێک بووە -خوایە تۆبە- خوا نییە؟" باشە ئازادیی بیر و ڕادەربڕین لە ئەوروپا بەواتای نکۆڵیکردن لە هەبوونی خوا و ئەوە دێت بڵێیت: "ئەرکی ڕۆشنبیر زماندرێژیکردنە بۆسەر پیرۆزییەکانی

مـیللـەت؟" بەڕێوەچوونـی ژیانت بـە پارەی ئەڵمـانی، مـافی ئـەوەت پێ نادات بیر و باوەڕی ئەم میللەتە بخەیتە ژێر پێوە! ئەرێ ئەوە بەهۆی شەرمکردنتە لە تورکبوونت ناوی ڕاستەقینەی خۆت شاردووەتەوە و ناوی بیانیی (کا)ت بۆ خۆت داناوە؟ بەداخەوە، وەک خوێنەرانیشمان لە ڕێی تەلەفۆنەوە پێمانیان ڕاگەیاند، ئەم بێ باوەڕە لاساییکەرەوەیەی ڕۆژئاوا لەم ڕۆژگارە دژوارانەماندا بەمەبەستی ئاژاوەگێڕان هاتووەتە ناومانەوە. چووەتە هەژارترین کۆڵانی کوڵیتنشینەکان و ماڵ بەماڵ لە دەرگای داوە و خەڵکی هانداوە بۆ ڕاپەرین، بگرە لە دژی ئەتاتورکیش دەمدرێژیی کردووە، ئەو ئەتاتورکەی کە ئەم نیشتمان و ئەم کۆمارەی بە ئێمە بەخشیوە. ئەم بەناو شاعیرە لە هۆتێلی بەفرپالاس لای داوە و هەموو دانیشتووانی قارس بەپەرۆشن بۆ زانینی هۆی هاتنی بۆ شارەکەمان. لاوانی قارس دەزانن چۆن سنووری ئەو کفربازانە دیاری بکەن کە نکۆڵی لە هەبوونی خوا و پەیامبەر (د.خ) دەکەن."

موختار گوتی: "بیست خوولەک لەمەوبەر کاتێک بەوێدا تێ پەڕیم، دوو کوڕەکەی سەردار تازە ڕۆژنامەکەیان چاپ دەکرد." مەبەستی لەم قسەیە هاوسۆزی پیشاندان نەبوو بۆ ترس و دەردەکانی (کا)، بگرە بەشێوازی کەسێک دەری بڕی کە خۆشحاڵ بێت بە کردنەوەی بابەتێکی سەفابەخش.

(کا) هەستی بە تاک و تەنیاییی خۆی کرد و جارێکی تریش بەوردی هەواڵەکەی خوێندەوە.

سەردەمانێک خەونی بە پایەیەکی ئەدەبی درەوشاوەوە لە داهاتوودا دەبینی و پێشبینیی کردبوو لە پای ئەو نوێکارییە هاوچەرخانەی دەیویست بیهێنێتە ناو شیعری تورکییەوە (ئەم چەمکە نەتەوەپەرستییە ئێستا بەلای (کا)وە مایەی پێکەنین و بەزەیی پێداهاتنەوە بوو)، تووشی ڕەخنە و پەلاماری زۆر دەبێت، پێشی وا بوو ئەو دوژمنایەتی و لێ تێنەگەیشتنە جۆرێک لە ناوبانگی بۆ پەیدا دەکات. لە سالانی دواتردا، سەرباری کەمێک ناوبانگ دەرکردنیش،

بەهیچ جۆرێک ڕەخنەی هێرشکارانەی لە دژ نەنووسرابوو، بۆیە ئێستا ئەم "بەناو شاعیر"ە لە کەللەی دابوو.

پاش ئەوەی موختار هۆشیاری کردەوە وەک ئامانجێک بەو ناوەدا نەسووڕێتەوە، بەتەنیا لە چایخانەکە جێی هێشت و ڕۆیشت. ترسی مردن چووە هەناوی (کا)وە. لە چایخانەکە هاتە دەرەوە، بەدەم بیرکردنەوەوە بەژێر کلووە گەورەکانی بەفردا کە بەخێراییەکی ئەفسووناوی دەبارین و فیلمێکی خاویان دەهێنایەوە بیری مرۆڤ، کەوتە ڕێ.

لە سالانی سەرەتای لاویدا، مردن لە پێناوی ئامانجێکی ڕۆشنبیری، یان سیاسیدا، یان لە پێناوی نووسینەکانی خۆیدا لە چاوی ئەمدا یەکێک بوو لەو پلە مانەوییە بەرزانەی کە دەکرا مرۆڤ بیگاتێ. پاش ئەوەی تەمەنی لە سی سالان تێ پەڕی، تووڕەهاتیی ژیانی ژمارەیەکی زۆر برادەر و ناسراوی لەوانەی: لە پای پێوەستبوون بە بنەمای پوچ و بگرە خراپیشەوە لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لە دەست دابوو، لەسەر دەستی چەتەکانی سیاسەت لە چەقی شەقامەکاندا کوژرابوون، لە هەوڵەکانی تالانکردنی بانکدا تیا چووبوون، لە هەمووشی خراپتر ئەوانەی لە کاتی ئامادەکردنی بۆمبدا بە خۆیاندا تەقیبووەوە و مردبوون، (کا)ی لە بیرۆکەی خۆ بەکوشتدان دوور خستبووەوە. (کا)، لە پای کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی، سالانێکی درێژی لە تاراوگەی ئەڵمانیا بەسەر بردبوو، ئیدی باوەڕی بەو هۆکارانەش نەمابوو، بۆیە پێوەندیی نێوان سیاسەت و خۆفیداکردنی مرۆڤی بەتەواوی لە مێشکی خۆی تووڕ هەڵدابوو. کاتێکیش لە ڕۆژنامە تورکییەکاندا لە ئەڵمانیا دەیخوێندەوە نووسەری فلان گۆشە لەبەر هۆکاری سیاسی -بە ئەگەری زۆر- لەلایەن ئیسلامییە سیاسییەکانەوە کوژراوە، نەفرەتی لە ڕووداوەکە دەکرد و لەبەرامبەر کەسی کوژاویشدا هەستی بەڕێز دەکرد، بەڵام هیچ جۆرە هەستێکی شەیدابوون بە ڕۆژنامەنووسی کوژراو بە ناخیدا ڕانەدەبوورد.

سەرباری ئەوەش، خەیاڵی چوو بۆ ئەوەی تفەنگچییەکی خەیاڵی لە کونێکی بەفربەستووی دیوارێکی گۆشەی شەقامی خالید پاشا و شەقامی کازم

قـەرەبەکـرەوە نـیـشـانـی لەم گـرتووە، لەپڕ تـەقـەی لێ دەکـات و بە مـردوویی دەکەوێت بەسـەر شۆستـە ڕچیوەکەدا. هـەوڵی دا پێشبینی بکات ڕۆژنامـەکانی ئەسـتـەنبـوڵ لە دوای ئەم ڕووداوە چی دەنووسن. بە ئەگـەری زۆر، پارێزگـا و مـــیت بۆ ڕێگرتن لـە گـــەورەبوونەوەی ڕووداوەکــــە و بۆ خـــۆدزینەوە لـە بەرپرسـیـارێتـیی خـۆیان، ڕەهەنـدی سـیاسـیی ڕووداوەکە پەردەپۆش دەکەن. ڕۆژنامـەکانی ئەسـتـەنبـوڵیش نەیانـدەزانی کـەسی کوژراو و هـەواڵەکەیان بڵاو دەکردەوە، یان نەدەکردەوە. تـەنانـەت ئەگەر شـاعـیرانی هـاوڕێـی و کارمـەندانی ڕۆژنامـەی جـمـهـوریـیـەتیش دواتر هـەوڵـیان بدایە بۆ ئاشکراکـردنی ڕەهەندی سیاسیی ڕووداوەکە، ئەوا ئـەمە لە بـایەخـی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کـەم دەکردەوە کە دەکرا لـەسەر شـیـعرەکانی بنووسرێت (کێ ئەم لێکۆڵینەوەیەی دەنووسی؟ فـاخـیـر؟ ئۆرهـان؟)، یاخـۆ هـەواڵی مـردنەکـەی دەخـرایە سـەر ئەو پەڕە ڕۆشنبـیـرییـانەی کـەس نـایانبـینێت و نایـانخـوێنێـتـەوە. ئەگـەر بەڕاسـتی ڕۆژنامـەنووسێکی ئەڵمـانی بەناوی هانز هانزن هـەبوایە و ئەمیش بیناسیبا، ئەوا لەوانەبوو هـەواڵی کوشـتنەکەی لە ڕۆژنامەی فرانکفورتەر ڕوندشاودا بڵاو بکردایەتەوە، ئەگـەر نا هیچ ڕۆژنـامـەیەکی تری ڕۆژئاوایی ئەمـەی نەدەکـرد. (کـــا) وەک دڵی خـــۆی بداتـەوە، لە خـــەیاڵی خـــۆیدا وای بۆچوو لـەوانەیە شـیـعرەکانی بکرێن بە ئـەڵمانی و لـە گۆڤـاری –ئاکتسێنت–دا بڵاو بکرێنەوە. سـەربـاری ئەم دڵدانەوەیەش، (کا) لێی ئاشـکرا بوو ئەگەر لەسـەر هـەواڵەکەی ڕۆژنامەی شـاری سەرحەد بکوژرێت، ئەوا بەڕاسـتی (فەوتان دەبێت لە پێناوی گوودا.) لـە مردن زیاتر، لەوە دەترسـا لە کاتێکدا بکوژرێت کە ئومێدی پێکەوە بەختەوەر بوون لەگەڵ ئیپەکدا لە فرانکفورت، تازە لە دڵیدا چەکەرەی کردووە.

برێک لـەو نووسـەرانـەی لە مـاوەی چەند سـاڵی ڕابردوودا لەسـەر دەسـتی ئیسـلامییەکـان کوژرابوون، هـاتنەوە پێش چاوی: وتارخـوێنێکی بەجۆش دواتر بووبوو بە ئەتـایست و هـەوڵی دەدا (خـاڵە دژ بـەیەکەکـان)ی ناو قـورئـان بخـاتە ڕوو (لە پشـتی سـەرییـەوە گـوللەیەکـیـان پێوە نابوو)؛ سـەرۆکـێکی دەسـتـەی نووسـیـاران لە گـۆشـەی خـۆیدا بە پـێ ڕابواردنەوە کـچـانی لەچکدار و ژنانی

چارشێو بەسەری بە (سیسرک) دەچوواند (دەمەوبەیانییەک لەگەڵ شۆفێرەکەیدا پێکەوە گوللەباران کردبوو)؛ یان گۆشەنووسێک کە تێ دەکۆشا ڕایەڵەیەک لە نێوان بزووتنەوەی ئیسلامی لە تورکیا و ئێراندا دابنێت (کاتێک ویستبووی ئۆتۆمبیلەکەی دابگیرسێنێت، تەقیبووەوە). (کا) ئەگەرچی هەستێکی بەزەیی پێداهاتنەوە لە ناخەوە چاوەکانی تەڕ کرد- بەڵام هەموو ڕووداوەکانی بە تووڕەهات زانی. زۆر دڵگران نەبوو بە بایەخ پێنەدانی ڕۆژنامەکانی ئەستەنبوڵ و ڕۆژئاوا بەم نووسەرانە، یان بە سارکردنەوەی ئەو ڕۆژنامەنووسانە بەو هۆکارانەوە لە سەر شەقامی شارە دوورەکان بە گوللە، بگرە لەوە تووڕە بوو ئەو بۆ خۆی زادەی کولتوورێکە دوای ماوەیەکی کورت بۆ هەتاهەتایە هەموو نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی تیرۆرکراو لە بیر دەکات. بە سەرسووڕمانەوە بۆی دەرکەوت خۆخزاندنە گۆشەیەک و بەختەوەر بوون چ کارێکی هۆشمەندانەیە.

گەیشتە بەردەم نووسینگەی ڕۆژنامەی شاری سەرحەد لە شەقامی فایەق بەگ و ژمارەی سبەینێی ڕۆژنامەکەی بینی لە گۆشەی جامخانەی لە بەفر پاککراوەدا هەڵواسرابوو. هەمدیسان هەواڵی سەبارەت بە خۆی خوێندەوە، چووە ژوورەوە. کوڕە گەورەکەی سەردار بەگ بەشێک لە ڕۆژنامە چاپکراوەکانی دەپێچایەوە و بە لاستیک گرێی دەدا. بۆ ئەوەی کوڕەکە بیناسێتەوە، کڵاوەکەی داکەند و کێشای بە شانە بەفر لێ نیشتووەکانیدا.

کوڕە بچووکەکەیان لە پشتەوە هات و پەڕۆیەکی بەدەستەوە بوو دەزگای چاپەکەی پێ سڕیبووەوە، گوتی: "باوکم لێرە نییە! چای دەخۆنەوە؟"

"کێ ئەو هەواڵەی لەسەر من نووسیوە بۆ ژمارەی سبەینێی ڕۆژنامە؟"

کوڕە بچووکەکە بەدەم بەرزکردنەوەی برۆکانییەوە پرسی: "هەواڵ لە بارەی ئێوەوە چاپ کراوە؟"

برا گەورە لچ ئەستوورەکەی بە خەندەیەکی دۆستانە و بە لە خۆ ڕازیبوونەوە گوتی: "چاپ کراوە، باوکم خۆی ئەمڕۆ هەموو هەواڵەکانی نووسیوە."

(کا) گوتی: "ئەگەر سبەینێ ئەو ڕۆژنامەیە دابەش بکەن،" کەمێک بیری کردەوە: "لەوانەیە بۆ من خراپ بێت."

کوڕە گەورەکە گوتی: "بۆچی؟" پێستێکی نەرم و دوو چاوی تا بڵێیت پاک و بێگەردی پێوە بوو. چاوەکانی زۆر بە سادەیی لە ناخەوە دەیانڕوانی.

(کا) حاڵی بوو تەنیا کاتێک دەتوانێت زانیاریان لێ وەربگرێت ئەگەر لە کەشێکی دۆستانەدا وەک منداڵ پرسیاریان لێ بکات. بەو جۆرە بۆی ئاشکرا بوو: تا ئێستا تەنیا موختار بەگ، منداڵێک لە بارەگای پارتی نیشتمانی دایک و مامۆستای خانەنشینی ئەدەب نوورییە خان کە هەموو ئێوارانێک دێت، پارەیان داوە و هەریەکەیان دانە ڕۆژنامەی خۆی بردووە. ئەگەر ڕێگە و بانەکان بکرێنەوە، ئەوا ژمارەکانی چاپی دوێنێ و ئەمڕۆیان دەیاگەننە ئەو پاسانەی بۆ ئەنقەرە و ئەستەنبوڵ بەڕێ دەکەون. هەردوو کوڕەکە سبەینێ پاشماوەی ڕۆژنامەکە لە قارسدا دابەش دەکەن. ئەگەر باوکیان داوایان لێ بکات، ئەوا ئەمان دەتوانن تا دەمەوبەیانی جارێکی تر چاپی بکەنەوە. کوڕەکان گوتیان باوکیان کەمێک لەمەوبەر لە بارەگای ڕۆژنامە دەرچووە و بۆ نانی ئێوارەش نایەتەوە بۆ ماڵ. (کا) گوتی چاوەڕێی چای خواردنەوە ناکات، ڕۆژنامەیەکی کڕی و خۆی کرد بەناو جەرگەی شەوی سارد و بکوژی قارسدا.

هەڵسوکەوتی بێ خەم و بێگەردی منداڵەکان، (کا)ی کەمێک ئارام کردەوە. بەدەم ڕێکردنەوە بە نێوان کلووە بەفرەکاندا کە لەسەرخۆ دەکەوتنە خوارەوە، بە هەستکردن بە تاوانەوە لە خۆی پرسی داخۆ ترسەکەی زیاد لە پێویست نییە؟ بەڵام بە گۆشەیەکی هۆشی دەیزانی ژمارەیەکی زۆری نووسەری بەدبەخت یان سنگ و سەریان پڕکراوە لە فیشەک، یاخۆ بە پۆستدا پاکەتیان بۆ هاتووە، وایان زانیوە لوقمە و خوێنەران بۆیان ناردوون، بە شەوقەوە پاکەتەکانیان کردووەتەوە، لەگەڵ هەڵدانەوەیاندا پیاندا تەقیوەتەوە و ناچار بوون ماڵئاوایی لەم جیهانە بکەن. بۆ نموونە شاعیر نوورەدینی شەیدای ئەوروپا، سەرباری ئەوەی فڕی بەسەر بابەتی لەو جۆرەوە نەبوو، چەند ساڵێک لەمەوبەر وتارێکی نیمچە (زانستی)ی زۆر تووڕەهاتی سەبارەت بە پێوەندیی

نێـوان ئاین و هونـەر نووسـیـبـوو. ڕۆژنـامـەیەکـی سـەر بە ڕەوتـی ئیسـلامی سـیـاسی وتارەکـەی بە دەسـتکاریکردنـەوە چاپ کـردبوو، و نووسـیـبـووی (سووکایەتیی بە ئاینەکەمان کردووە!). شاعیر نوورەدینیش تەنیا لەبەر ئەوەی پێی نەڵێن ترسنۆکە، بە گەرمی پشـتیوانیی لە بۆچوونەکـانی خۆی کردبوو. دواتر هزری ئاگرینی کەمالیستییانەی ئەو لەلایەن چاپەمەنیی لایستی نێزیک لە سوپاوە بە زیاد پێوەنـانەوە گەیەندرابووە پلەی قـارەمـانی و خۆیشـی ئەمـەی پێ خۆش بوو. پاشان لە ئاکامی تەقینەوەی بۆمبێکی ناو توورەکەیەکی نایلۆن لە بەردەم پێـچکەی پێـشـەوەی ئۆتۆمـبیلەکـەی، جەسـتـەی شـاعیـر نوورەدین بووبوو بە چەندین هەزار پارچەوە، بۆیە لـە کاتی بەرێکردنـیدا بۆ گۆڕسـتـان، ئاپۆرەیەکـی گەورە دوای تابووتێکی خاڵـی کـەوتبـوون. (کا) لە کـتێـبخـانـەی فرانکفـورت هەواڵی بچـووک و سـەرنجڕانـەکێشـی سـەر پەڕەکـانـی پشـتـەوەی ڕۆژنامە تورکییەکانی دەخوێندەوە. لەو ڕێیەوە دەیزانی ڕۆژنامـەنووسانی کۆنە چەپی ناوچـە دوورە دەسـتـەکـان، پزیشکە مـاتەریالیسـتـەکان و ڕەخنەگـرانی ئاین، ئەگـەر سـەریان لێ دەشـێوا و دەیانـگوت "چۆن دەبێت ناوم بـە ترسنۆک دەربچـێت"، یان کـەڵکەڵەی ئەوەیان دەکـرد بڵـێن "ئێ، لەوانەیە وەک سـەلمان ڕوشدی سەرنجی هەموو جیـهان بۆ سەر خۆم ڕابکێشم"، وەک نووسـەران و ڕۆژنامـەنووسنی شارە گەورەکان بە نانەوەی بۆمب نەدەکوژران، بگرە لەلایەن هەندێک ئایندارانی تووڕە و گـەنجـەوە، ئەوانەی تەنانەت دەمـانـچـەشـیـان بەدەسـتـەوە نەبوو، بە دەسـتـی ڕووت لە گـۆشـەی کـۆڵانە تـاریکەکـاندا دەخنکێندران، یان بەر چەقۆ دەدران. لەبەر ئەوە (کا) بیری لەوە کردەوە ئەگەر هەلێکیـان دایێ بۆ وەڵامدانەوە لە ڕۆژنامـەی شـاری سـەرحـەددا بەمـەبەستی ئەوەی پێستی کون نەکرێت و ئابڕووی خۆی ڕزگار بکات، پێویستە چی بڵێت (ئەتایستم، بەڵام هەڵبەتە سووکایەتیم بە پەیامبەر نـەکردووە؟ – باوەڕم نییە، بەڵام لە بەرامبەر ئایندا بێ ڕێزی نانوێنم؟) لەپڕ گوێی لە دەنگی پێی کەسێک بوو بەفرەکەی دەشێلا و لە دواوە لێی نێزیک دەکەوتەوە. بە سـەرسووڕمـانەوە ئاوڕی بۆ دواوە دایەوە؛ ئەو بـەڕێوەبەری کۆمـپـانیـای پاسـە بـوو کـە دوێنـێ ئەم

کاتانه له سەردانیدا بۆ تەکیەی شێخ سەعادەدین ئەفەندی دیبووی. (کا) بیری چوو ئەوەی ئەم کابرایە دەتوانێت گەواهی بدات ئەم ئەتایست نییە، دوایی لەبەر ئەم بیرکردنەوەیە شەرمی بە خۆیدا هات.

بەدەم شەیدابوونی جوانیی بەفر بارینەوە کە هەستێکی سادە و ئەفسووناویی دووبارەبوونەوەی دەبەخشی، بەسەر گۆشەی ڕچیوی شۆستەکاندا هێدی هێدی بە شەقامی ئەتاتورکدا چووە خوارێ. ساڵانێک دواتر لە خۆی دەپرسی بۆچی دیمەنی جوانیی بەفر لە قارس، ئەو دیمەنانەی لە هاتوچۆی سەر شۆستە ڕچیوەکاندا دەکەوتنە پێش چاوی (سێ منداڵ لای خوارەوە پاڵیان بە عەرەبانەیەکی سەر بەفرەوە دەنا، تیشکی سەوزی تاقە ترافیک لایتی قارس لە جامخانەی وێنەگری ئایدندا ڕەنگی دەدایەوە) بەردەوام وەک کۆمەڵێک پۆستکارتی خەمگین و لە بیرنەکراو لەگەڵ خۆیدا دەگێڕێت.

لە بەردەم درووماخانە کۆنەکەی بارەگای سونایدا ئۆتۆمبیلێکی سەربازی و دوو سەربازی ئێشکگری بینی. سەربازەکان بۆ خۆپاراستن لە سەرما خۆیان بە چوارچێوەی دەرگاکەوە نووساندبوو. (کا) چەند جارێک بۆیانی دووپات کردەوە خوازیارە سونای ببینێت، بەڵام سەربازەکان وەک ئەوەی ئەم کابرایەکی لادێی بێت و بیەوێت سکاڵانامە بە سەرۆکی ئەرکانی سوپا بگەیەنێت، بەپاڵ لەو ناوە دووریان خستەوە. لە خەیاڵیدا بوو چاوی بە سونای بکەوێت و دابەشکردنی ڕۆژنامەکەی پێ ڕابگرێت. هۆی شپرزەیی و تووڕەبوونەکەی دواتری دەگەڕایەوە بۆ ئەم خەیاڵشکاندنەی. لە ناخەوە ئارەزووی دەکرد بە ڕاکردن بەسەر بەفرەکەدا بۆ هۆتێل بگەڕێتەوە، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە سەر سووچی یەکەم کۆڵان، لای چەپەوە خۆی کرد بە چایخانەی یەککگرتندا. لە نێوان سۆپا و ئاوێنەی سەر دیوارەکەدا دانیشت و شیعری (مردن بە تیرباران)ی نووسی.

(کا) لە تێبینییەکانیدا، (ترس)ی بە هاندەری بنەڕەتیی ئەم شیعرەی دانابوو. دواتر لە نێوان هەردوو تەوەرەی بیرەوەری و خەیاڵدا لەسەر

نیگارەکـەی گـەردیلـەی بەفـر جـێـی کـردبووەوە. شـیـعـرەکـە، گـوێزەرەوەی پێشبینییەکی ساکاری ناخی خۆی بوو. (کا) دوای لێبوونەوە لە نووسینەوەی شـیعـرەکـە، لە چاپخـانەی یەکگرتن هاتە دەرێ، کـاتێک گـەیشـتـەوە هۆتێلی بەفـرپالاس، سـەعـات هـەشت و بیـست خـوولەک بـوو. خـۆی هاویشـتـە سـەر چرپایەکەی، بەدەم سـەیرکردنی کلووە گەورەکانی بەفرەوە کە لەبەر ڕۆشناییی گـڵـۆپی سـەر جـادە و تیـشکی پەمـەیـیی پیـتی (K)دا لەسـەرخـۆ بـەردەبوونە خـوارەوە، هـەوڵی دا بۆ زاڵبـوون بەسـەر شـپـرزەیی هـەناویدا پێـشـبـینی بکات لەگەڵ ئیپـەک لە ئەڵمـانیـا چەند بەختـەوەر دەبن. دوای دە خـوولەک کـەڵکەڵەی هـەرچی زووتر بینینی ئیپەکی کەوتە سەر، خـۆی لە بەرامبەر ئەم ویستـەدا پێ ڕانەگیرا و چووە خـوارەوە. هـەمـوو ئەندامانی خێـزانی بینی لەگـەڵ مێوانێکدا دەوری خوانەکـەیان دابوو، زاهیدە تازە مەنجـەڵە شۆربای لەسـەر مێز دانابوو، (کا) بە بینینی درەوشانەوەی قژە کاڵەکەی ئیپەک شادییەک بە هـەناویدا گەڕا. لەو جێیەی پێشانی درا، لە تەنیشت ئیپکەوە دانیشت، بە شـانازییەوە هـەستی کرد هـەمـوو ئەوانەی دەوری خـوانـەکە بە ئەڤـینی نێـوان ئەمـان دەزانن. دواتر سـەرنجی دا مێـوانەکەی بەرامبـەری، سـەردار بەگی خـاوەن ڕۆژنامـەی شـاری سەرحەدە.

سـەردار بەگ بە زەردەخـەنەیەکی دۆستـانەوە دەستی بۆ درێژ کرد و دەستی گـوشی، (کـا) بۆ سـاتێک لەو نـووسـراوە کـەوتە گـومـانەوە کـە لە ڕۆژنامـەکـەی گیرفـانیـدا چاپ کرابوو. قاپەکەی درێژکرد و شـۆربـای خـۆی وەرگـرت، لە ژێر مێزەکـەوە دەستی خستـە باوەشی ئیپەکەوە، سـەری لە سـەری نێزیک خستـەوە و هـەستی بە بۆن و هـەبوونی کرد، بە گوێیدا چرپانـد بەداخـەوە هیچ هـەواڵێکی سـەبارەت بە شـینە دەسگیـر نەبووە. دواتر دەسـتـبـەجێ نیگای کـەوتە سـەر ڕووخسـاری قـەدیفە لە تەنیشت سـەردار بەگەوە. قـەدیفـە تێ گەیشت (کـا) لەو ماوە کورتەدا هـەواڵی بە ئیپەک گەیاندووە. (کا) لە ناخـەوە هـەستی بە تووڕەیی و سـەرسـووڕمـان دەکرد، بەڵام سـەربـاری ئـەوەش توانی گـوێ بۆ گـازنـدەکـانی تورگوت بەگ سـەبارەت بە کـۆبوونـەوەی هـۆتـێل ئاسـیـا ڕابگرێت: تورگوت بەگ

گوتی سەرلەبەری کۆبوونەوەکە گێچەڵگێڕان بووە، دڵنیاش بوو لەوەی پۆلیس لە هەموو شتێک ئاگادارە. دواتر گوتی: "بەڵام هیچ پەشیمان نیم لە بەشداربوونم لەو کۆبوونەوە مێژووییەدا. مەمنوونم لەوەی بە چاوی خۆم بینیم لاو و پیرانی قاررس، ئەوانەی خولیای سیاسەتیان هەیە، کەرەسەیەکی چەند هەرزان بەهایان بەدەستەوەیە. تێ گەیشتم لەگەڵ ئەم توێژە هەرە گێژ و بێ ئەقڵ و ڕەبەنەی شاردا سیاسەت و میاسەت ناکرێت. ڕاستییەکەی، من بۆ بەرەنگاربوونەوەی کودەتاکە چووم بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، بەڵام لەوێ هەستم کرد سوپا شتێکی باشی کردووە بەوەی قارسی ڕادەستی ئەم تاڵانکەرانە نەکردووە. داوا لە هەمووتان دەکەم، لە سەرووی هەمووانیشەوە قەدیفە، بەر لەوەی لەم وڵاتەدا دەست بە سیاسەتەوە بدەن، زۆر بەباشی بیر بکەنەوە. ئەو ژنە گۆرانیبێژەشمان کە خۆی بۆیاخ کردووە، لەبەر دەروازەی پیری ڕاوەستاوە و ئێستا دەیبینن لە تەلەڤزیۆندا دۆلابی بەخت دەسووڕێنێتەوە، سی و پێنج ساڵ لەمەوبەر هەموو کەسێک لە ئەنقەرە دەیزانی دۆستی نهێنیی وەزیری پێشووتری دەرەوە فاتن ڕوشدی زۆرلووە. ئەو وەزیرە دواتر لە سێدارە درا."

ئەو کاتەی (کا) ڕۆژنامەی شاری سەرحەدی لە گیرفانی دەرهێنا و پێشانی ئەوانەی دەوری خوانەکەی دا و گوتی وتارێکی لە دژی ئەو تێدا نووسراوە، بیست خوولەک بەسەر دانیشتنیاندا لە دەوری خوانەکە تێ پەڕیبوو. سەرباری تەلەڤزیۆنە داگیرساوەکە، کەچی بێدەنگی باڵی بەسەریاندا کێشابوو.

سەردار بەگ گوتی: "منیش دەمویست باسی ئەوە بکەم، بەڵام نەمزانی چۆن، چونکە ترسام بەهەڵە لێم تێ بگەن."

تورگوت بەگ گوتی: "سەردار، سەردار، هەمدیسان لە کێوە دەستووری چیت پێ دراوە؟ حەیفە وا لە میوانەکەمان دەکەیت. ڕۆژنامەکەی بدەنێ با بیخوێنێتەوە و بزانین چی گوویەکی خواردووە."

سەردار بەگ بەدەم وەرگرتنی ڕۆژنامەکەوە لە (کا) گوتی: "دەمەوێت بزانن باوەڕم بە یەک وشە نییە لەوەی نووسیومە. ئەگەر بیرتان بۆ ئەوە بچێت

باوەڕم پێی هەبێت، ئەوا زیزم دەکەن. تورگوت بەگ، تکایە پێی بڵێ ئەمە شتێکی تایبەتی دژ بەو نییە، ڕۆژنامەنووسانی قارس، ئەگەر داوایان لێ بکرێت، ناچارن شتی وا بنووسن."

تورگوت بەگ گوتی: "سەردار بەردەوام لە پارێزگاوە فەرمانی بۆ دێت و هەرجارەی قولی کەسێک دەبات بە دەمدا. کوا بیخوێنەوە بزانم چیت نووسیوە."

سەردار بەگ بە شانازییەوە گوتی: "بەڵام بڕوام بە یەک وشەشی نییە. تەنانەت خوێنەرانیشمان بڕوای پێ ناکەن. هیچ ترسێک لە ئارادا نییە بۆی."

سەردار بەگ دەستی کرد بە خوێندەوەی هەواڵەکە، لە هەندێک جێدا بەشێوەیەکی دراماتیک، یان بە گاڵتەجاڕییەوە دەنگی گڕ دەکرد. دواتر گوتی: "وەک دەبینن، هیچ ترسێک لە گۆڕێدا نییە."

تورگوت بەگ لە (کا)ی پرسی: "ئێوە ئەتایستن؟"

ئیپەک بە تووڕەبوونەوە گوتی: "بابە، مەسەلەکە ئەوە نییە، ئەگەر ئەم ڕۆژنامەیە دابەش بکرێت، ئەوا سبەینێ لەسەر جادە دەیکوژن."

سەردار بەگ گوتی: "بەڕێزم، هیچ شتێک ڕوو نادات. سوپا هەموو ئیسلامی و پاشڤەڕۆکانی قارسی دەستگیر کردووە." ئەمجار ڕووی لە (کا) کرد و گوتی: "لە چاوەکانتاندا دەخوێنمەوە زویر نەبوون و دەزانن من ڕێز لە هونەرمەندان و مرۆڤدۆستییان دەگرم. بە پشتبەستن بە هەندێک ڕێسای ئەوروپیی بۆ ئێمە دەست نەدراو، ناڕەواییم لە دژ مەکەن! ئەو دەبەنگانەی قارس، ئەوانەی پێیان وایە لە ئەوروپان، تورگوت بەگیش بەمە دەزانێت، بە ماوەی سێ ڕۆژ لە گۆشەیەکدا سارد دەکرێنەوە و لە بیر دەکرێن. چاپەمەنیی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لە تەنگاسییەکی گەورەدایە. خەڵکی قارس ڕۆژنامەکەی من ناکڕن و ناخوێننەوە. دامودەزگاکانی دەوڵەت ئابوونەمانی ڕۆژنامەکەمن، بۆیە لەو جۆرە هەواڵانە چاپ دەکەین کە ئابوونەمانەکانمان حەزیان لێ دەکەن. لە هەموو شوێنێکی جیهان، تەنانەت لە ئەمریکاش، ڕۆژنامەکان بەپێی

ئارەزووی خوێنەران هەواڵ بڵاو دەکەنەوە. لە هەموو گۆشەیەکی جیهاندا، ئەگەر خوێنەر داوای هەواڵی درۆت لێ بکات، تۆ ناچیت ڕاستییەکان بنووسیت و فرۆشی خۆت کەم بکەیتەوە. ئەگەر بە بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکان فرۆشتنی ڕۆژنامەکەم زیاد بکات، بۆچی نایکەم! جگە لەوەش، پۆلیس مۆڵەتمان پێ نادات ڕاستییەکان بنووسین. لە ئەنقەرە و ئەستەنبوڵ سەد و پەنجا خوێنەری قارسیمان هەن. بە زیاد پێوەنانەوە لەسەریان دەنووسین، باسی سەرکەوتن و دەوڵەمەندبوونیان لەوێ دەکەین و ماستاویان بۆ سارد دەکەینەوە تا ئابوونەکانیان نوێ بکەنەوە. جا ئایا خۆیشیان بڕوا بەم درۆیانە دەکەن، ئەوەیان شتێکی ترە." قاقایەکی لێ دا.

تورگوت بەگ گوتی: "تۆ ئەوەمان پێ بڵێ کێ ڕایسپاردیت ئەم هەواڵە بنووسیت؟"

"بەڕێزم، ئاشکرایە گرینگترین ڕێسای ڕۆژنامەوانی ڕۆژئاوا بریتییە لە شاردنەوەی سەرچاوەی هەواڵ."

تورتورگوت بەگ گوتی: "کچەکانی من ئەم مێوانەیان خۆشویستووە، ئەگەر سبەینێ ئەم ڕۆژنامەیە دابەش بکەیت، ئەوا هەرگیز لێت نابوورن. ئایا هەست بە لێپرسراوی دەکەیت ئەگەر ئیسلامییە هاربووەکان پەلاماری بدەن؟"

سەردار بەگ بە زەردەخەنەوە ڕووی لە (کا) کرد و گوتی: "تا ئەو ڕادەیە دەترسن؟ ئەگەر هێندە دەترسن، سبەینێ هیچ مەچنە دەرێ."

تورگوت بەگ گوتی: "لەبری ئەوەی ئەو لەو ناوە نەبیندرێت، با ڕۆژنامەکە نەبیندرێت. ڕۆژنامەکەت دابەش مەکە."

"ئەمە ئابوونەمانەکانم تووڕە دەکات."

تورگوت بەگ، وەک ئەوەی ئیلهامێکی بۆ هاتبێت، گوتی: "باشە، ئەم ژمارەیە بدە بەوانەی داوایان کردووە. دواتر ئەم هەواڵە هەڵبەستراو و هاندەرەی دەرهەق بە مێوانەکەمانی لێ دەربهێنە و جارێکی تر چاپی بکەرەوە."

ئیپەک و قەدیفەش پشتیوانییان لەم بیرۆکەیە کرد. سەردار بەگ گوتی: "مایەی شانازییە بۆ من کاتێک دەبینم ڕۆژنامەکەم هێندە بەهەند وەردەگیرێت. بەڵام کێ ئەرکی تێچوونی ئەم چاپە تازەیە لە ئەستۆ دەگرێت؟ تکایە ئەوەشم پێ بڵێن."

ئیپەک گوتی: "باوکم، ئێوارەیەک ئێوە و کوڕەکانتان لە ڕێستۆرانتی نیشتمانی سەوز بانگهێشت دەکات."

سەردار بەگ گوتی: "ئەگەر ئێوەش بێن، ئەوا دەبێت. با ڕێگە و بانەکان بکرێنەوە و ئەو ئاپۆڕەی شانۆکارانەمان لە کۆڵ بێتەوە، ئەوسا! قەدیفە خاتوونیش دێت. قەدیفە خاتوون، لێدوانێکم دەدەیێ سەبارەت بە پشتیوانیکردنت لە کودەتای سەربازی بۆ ئەوەی لەو جێیەی دابنێم کە دوای دەرهێنانی هەواڵەکەی لەمەڕ (کا) بەگ خاڵی دەمێنێتەوە؟ خوێنەران ئەمەیان زۆر بە دڵ دەبێت."

تورگوت بەگ گوتی: "نایدات، نا. مەگەر تۆ کچی من ناناسیت؟"

"قەدیفە خاتوون، دەتوانن ڕابگەیەنن لەو باوەڕەدان لە دوای کودەتاکەوە ڕێژەی خۆکوشتن لە قارس کەم دەبێتەوە؟ خوێنەرانمان ئەمەیان زۆر پێ خۆش دەبێت. بە تایبەتیش ئێوە دژی خۆکوشتنی کچانی موسڵمانن."

قەدیفە قسەکەی پێ بڕی و گوتی: "ئیدی لە دژی خۆکوشتن نیم."

سەردار بەگ لە وەڵامدا گوتی: "باشە ئەم شتانە ناتخاتە خانەی ئەتایستییەوە؟" ویستی بابەتێکی تر بهێنێتە ئاراوە، بەڵام بەشی ئەوە هۆشیار بوو تێ بگات ئەوانەی دەوروبەری خوانەکە لێی بێزار بوون. ئەمجار گوتی: "باشە بەڵێن دەدەم ڕۆژنامەکە دابەش نەکەم."

"چاپێکی نوێ دەکەنەوە؟"

"دوای دەرچوونم لێرە و پێش ڕۆیشتنەوەم بۆ ماڵ."

ئیپەک گوتی: "زۆر سوپاستان دەکەین."

کپییەکی درێژ و سەرسووڕهێنەر باڵی بەسەریاندا کێشا. (کا) ڕەوشەکەی

پێ خۆش بوو: دوای چەندین ساڵ، جاری یەکەمی بوو هەستی دەکرد بەشێکە لە خێزانێک؛ پێی وا بوو ئەو شتەی پێی دەگوترێت خێزان، شتێکە، سەرباری بەدبەختی و گرفتەکان، لەسەر بنەمای چێژی کەلەڕەقیی ناچاری بنیات نراوە. زۆریش داخدار بوو لە پای ئەوەی ئەم شتەی لە ژیانی خۆیدا لە دەست دابوو. ئایا لەگەڵ ئیپەکدا تا کۆتاییی ژیان بەختەوەر دەبوو؟ ئەوەی ئەم عەودالّی بوو، بەختەوەری نەبوو، لە دوای پێکی سێیەم زۆر بە جوانی پەی بەم ڕاستییە برد، بگرە دەکرێت بگوترێت بەدبەختی دەخستە پێش بەختەوەرییەوە. گرینگ ئەو پێکەوەبوونە بێ ئومێدە بوو، دامەزراندنی چەقێکی دوو کەسی بوو لە دەرەوەی هەموو جیهان. هەستی دەکرد کاتێک ئەم چەقەی بۆ دادەمەزرێندرێت ئەگەر چەندین مانگ بێ پسانەوە لەگەڵ ئیپەکدا سێکس بکات. دانیشتن لەگەڵ دوو خوشکدا کە ئەم پاشنیوەڕۆیە لەگەڵ یەکێکیاندا نووستبوو، لە دەوری هەمان مێز، هەستکردن بە هەبوونی ئەوان و نەرمیی پێستیان، زانینی ئەوەی ئێوارە لە هاتنەوەیدا بۆ ماڵ تەنیا نابێت، هەموو ئەم شادییە سێکسییە و باوەڕهێنانی بە دابەش نەکردنی ڕۆژنامەکە، (کا)ی گەیاندبووە ئەوپەڕی سنووری کامەرانی.

لەبەر ئەوەی لە ترۆپکی کامەرانیدا بوو، بەشێوەیەک گوێی بۆ بەسەرهات و قسەکانی ئەوانەی دەوروبەری خوانەکە ڕاگرت، وەک ئەوەی گوێی بۆ بەیتی ئەفسانەیەکی سامناک ڕاگرتبێت، نەک بۆ زنجیرەیەک هەواڵی کارەسات: یەکێک لەو جحێڵانەی لە ئاشپەزخانە کاری دەکرد، بۆ زاهیدەی گێڕابووەوە ژمارەیەکی زۆر لە دەستگیرکراوەکان براونەتە گۆڕەپانی تۆپانێ، ئەگەرچی تا نیوەی ستوونی گۆڵەکان لە بەفردا دیار نەماوە، بەدرێژاییی ڕۆژ لە دەرێ ڕاگیراون تا نەخۆش بکەون، یان تەنانەت لەبەر سەرما ڕەق ببنەوە و بمرن. هەندێکیشیان بۆ ئەوەی ببن بە پەند بۆ ئەوانی تر، لە بن دیواری ژوورەکانی خۆگۆڕیندا تیرباران کراون. بینەرانی ڕەفتارەکانی ز. دەمیرکۆڵ و پیاوەکانی کە بەدرێژاییی ڕۆژ لە شاردا خەڵکیان تیرۆر کردبوو، هەندێک بەسەرهاتیان دەگێڕایەوە و لەوانەیە بەشێکیشیان زۆریان پێوە نرابێت: هێرش کرابووە سەر

بارەگای ناوەندی چاندی میزۆپۆتانیا کە لاوانی نەتەوەپەرستی کورد کاری (فۆلکلۆر و ئەدەبی)یان تێدا دەکرد، لەو کاتەدا کەس لەوێ نەبووە، پیرێکی بەساڵاچوو خراپ دارکاری کراوە. یارۆ لەوێ چایچێتی دەکات، شەوانیش هەر لەوێ دەمێنێتەوە و فری بەسەر سیاسەتەوە نییە. دوو سەرتاش و کەسێکی بێکار شەش مانگ لەوەوبەر بە تاوانی ڕژاندنی بۆیاخ و سیاناو بەسەر پەیکەری ئەتاتورکدا لە بەردەم بازاڕی ئەتاتورکدا دۆسیەی لێکۆڵینەوەیان بۆ کرابووەوە و ئەوسا دەستگیر نەکرابوون، بەڵام ئەمجار لەبەر ئەوەی تا دەمەوبەیانی ئەمڕۆ دارکاری کرابوون، ددانیان نابوو بە تاوانی خۆیان و چالاکییەکانی تری دژ بە ئەتاتورک لە شاردا: (شکاندنی لووتی پەیکەری ئەتاتورک لە ناو باخچەی ئامادەییی پیشەسازی بە چەکوش، نووسینی دەستەواژەی ناشیرین لەسەر پۆستەرێکی ئەتاتورک بە دیواری چایخانەی ئۆنبێشلەرەوە، دارشتنی نەخشە بۆ شکاندنی پەیکەری ئەتاتورک لە بەردەم بارەگای پارێزگادا بە تەورداس.) دوو لاوی کورد بە تاوانی نووسینەوەی دروشم لەسەر دیوارەکانی شەقامی خالید پاشا لە دوای کودەتای شانۆکە، یەکێکیان دراوەتە بەر دەستڕێژی گوللە و لە جێدا کوژراوە، ئەویتریشیان دەستگیر کراوە و تا هۆشی تێدا بووە دارکاری کراوە، لاوێکی بێکاری ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنانیش هێندراوە بۆ سڕینەوەی دروشمی سەر دیوارەکان، لە کاتی هەڵهاتنیدا تەقەی لێ کراوە و ڕانی بریندار کراوە. گشت ئەوانەی شتی ناشیرینیان سەبارەت بە سوپا و شانۆکاران لێ وەشابووەوە، یان قسە و قسەڵۆکی بێ بناغەیان بڵاو کردبووەوە، لە سایەی هەواڵدزانی ناو چایخانەکاندا کۆ کرابوونەوە، بەڵام وەک لە ساتەکانی کارەسات و تاوانکاری لەم جۆرانەدا باوە، دەنگۆی زیاد پێوەنراویش بەناو خەڵکدا دەهات و دەچوو، دەگوترا؛ بڕێک لاوی کورد نارنجۆک لە دەستیاندا تەقیوەتەوە و کوژراون، چەند کچێکی سەرپۆش بەسەر بۆ نارەزایی دەربڕین لە دژی کودەتاکە خۆیان کوشتووە، یان دەگوترا ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو لە کاتی نێزیکبوونەوەی لە پۆلیسخانەی ئینونو

دەستی بەسەردا گیراوە.

(کا)، لەبەر ئەوەی پێشتریش هەواڵی هێرشی خۆکوژیی بە ئۆتۆمبیلی بۆمبرێژکراوی بیستبوو، سەرنجی خۆی لەم بابەتە دوور خستەوە، بەڵام چێژی لەوە وەرگرت بەدرێژاییی ئەو ئێوارەیە لە ئارامیدا لە تەنیشت ئیپەکەوە دانیشتبوو.

درەنگانی شەو، کاتێک تورگوت بەگ و کچەکانی لە دوای ڕۆیشتنی سەردار بەگ هەڵسان و ویستیان بچنە ژوورەکانی خۆیان، بە ئەقڵی (کا)دا هات ئیپەک بۆ ژووری خۆی بانگ بکات، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەبادا داواکەی ڕەت بکاتەوە و کامەرانییەکەی گەرد بگرێت، بگرە بێ ئەوەی ئاماژەشی بۆ بکات، هەڵسا و ڕووی لە ژووری خۆی کرد.

## ٣٤

# قەدیفەیش ئەمە پەسەند ناکات

## ناوبژیوانی

(کا) بەدەم جگەرەکێشانەوە، لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە سەیری دەرەوەی کرد. بەفر خۆشی کردبووەوە؛ خامۆشیی شەقامە بە بەفر داپۆشراوەکان لەبەر ڕۆشناییی کزی گڵۆپی دارتەلەکاندا ئارامیی بە مرۆڤ دەبەخشی. زۆر باشی دەزانی ئەو کامەرانییەی هەستی پێ دەکات، زیاتر پێوەندیی بە ئەڤین و بەختەوەرییەوە هەیە، نەک بە جوانیی بەفرەکەوە. لەوەش بترازێت، لێرە، لە تورکیا، بوونی ئەو لە ناو کەسانی هاوشێوە و هاوپلەی خۆیدا، ئاسوودەییی پێ دەبەخشی. کەسانی دەوروبەری، بەهۆی ئەوەی ئەم لە ئەڵمانیاوە، یان لە ئەستەنبوڵەوە هاتووە، هەستێکی خۆ بەزلزانیان تێدا بەدی دەکرد. ئێستا هێندە بەختەوەر بوو، بەجۆرێک ئامادە بوو خۆی ددانی پێدا بنێت کە ئەو هەستە ئاسوودەیی ئەمی بەهێزتر کردووە.

لە دەرگا درا، (کا) بە بینینی ئیپەک لەبەر دەرگا، سەری سووڕما.

ئیپەک بەدەم هاتنە ژوورەوەوە گوتی: "بەردەوام بیرت لێ دەکەمەوە، خەوم لێ ناکەوێت."

(کا) دەستبەجێ حاڵی بوو، بێ گوێدانە تورگوت بەگ، تا بەیانی یەکتر دەگەوزێنن. شتێکی جێی باوەڕ نەبوو بۆ ئەم بێ ئەوەی پێشتر ئازاری چاوەڕوانیی چەشتبێت، ئێستا بتوانێت ئیپەک لە ئامێز بگرێت. بەدرێژاییی شەو بەدەم جووتبوونەوە لەگەڵ ئیپەکدا تێ گەیشت لەودیو بەختەوەرییەوە سەرزەمینێکی تریش هەیە، تا ئێستا ئەزموونی ژیان و ئەڤین بەشی نەکردووە

بۆ هەستکردن بەو هەرێمەی دەرەوەی زەمان و ئەڤینداری. یەکەم جاری بوو لە ژیانیدا خۆی هێندە ئاسوودە دەبینی. جاران، کاتێک لەگەڵ ژناندا دەنووست، کۆمەڵێک خەیاڵی سێکسی و ویست و ئارەزووی ئامادەی لە گۆشەیەکی مێشکیدا هەبوو، ئەمانەی لە فیلمە سێکسی و بەرنامەکانی پۆرنۆگرافەوە وەر گرتبوو، بەڵام ئێستا گشت ئەوانەی لە بیر کردبوو. بەدەم جووتبوونەوە لەگەڵ ئیپەکدا، موزیکێکی نەزانراوی دۆزییەوە کە لە جەستەی خۆیدا هەڵی گرتبوو، بەڵام پێشتر پەی پێ نەبردبوو، بەپێی هارمۆنیی ئەو موزیکە دەچووە پێشێ. جاروبار خەو دەیبردەوە، لە خەونیدا بۆنی شنەی شەماڵی بەهەشتی پشوویەکی هاوینی دەهات، دەیبینی وا ڕادەکات، نەمرە، لە فڕۆکەیەکی بەرەوەبوودا سێوێک دەخوات و هەر تەواو نابێت. لەپڕ هەستی بە گەرمیی پێستی نەرمی ئیپەک دەکرد و بۆنی سێوی لێ دەهات، هۆشیار دەبووەوە. زۆر لە نێزیکەوە سەیری ناو چاوەکانی ئیپەکی دەکرد و دەیبینی ڕەنگی بەفر و تیشکی نیمچە زەردی لە دەرەوە هاتوو ڕووناکیان دەکاتەوە. دەیبینی ژنەکە بێدارە و بە کپی بۆ ئەم دەڕوانێت، هەستی دەکرد هەردووکیان لە دوو نەهەنگ دەچن لە ئاوێکی تەنکدا لە تەنیشت یەکەوە ڕاکشابن و ئەو کاتە دەیزانی دەستەکانی لە دەستی ئەمدان.

لە کاتی هۆشیاربوونەوە و بینینی ڕووی یەکتردا، ئیپەک گوتی: "قسە لەگەڵ باوکم دەکەم، لەتەکتدا دێم بۆ ئەڵمانیا."

(کا) خەوی لێ نەدەکەوت. وەک ئەوەی سەیری فیلمێکی شاد بکات، بە سەرتاپای ژیانی خۆیدا چووەوە.

لە ناو شاردا تەقینەوەیەک ڕووی دا. جێگە، ژوور و هۆتێل چرکەساتێک لەرینەوە. لە دوورەوە دەنگی دەستڕێژی چەک دەبیسترا. ئەو بەفرەی شاری داپۆشیبوو، لە تینی دەنگەکانی کەم دەکردەوە. خۆیان لەیەک ئاڵاند و بە بێدەنگی چاوەڕێیان کرد.

دواتر، کاتێک (کا) لە خەو هەڵسا، دەنگی تەقە و دەستڕێژ بڕابوویەوە. دوو جار لە جێگە چووە دەرێ و لە بەردەم پەنجەرەکەدا، هەستی دەکرد هەوای

ساردی بەفر گەیشتووەتە سەر پێستی. جگەرەیەکی داگیرساند. ئیلهامی شیعری بۆ نەدەهات. لە ژیانیدا هەرگیز تا ئەو ڕادەیە کامەران نەبووبوو.

دەمەوبەیانی لەگەڵ لێدانی دەرگادا لە خەو هەڵسا. ئیپەک لە تەنیشتییەوە نەمابوو. بیری نەکەوتەوە دواجار کەی خەوی لێ کەوتەوە، دوایین قسەکانی لەگەڵ ئیپەکدا چی بوون و کەنگێ دەنگی تەقە بڕاوەتەوە.

ئەوەی بەردەرگا، جاویدی کارمەندی پرسگەی هۆتێل بوو، گوتی ئەفسەرێک هاتووە بۆ هۆتێل، سونای زایم (کا)ی بانگهێشت کردووە بۆ بارەگا و ئێستا ئەفسەرەکە لە خوارەوە چاوەڕێ دەکات. (کا) پەلەی نەکرد، ڕدێنی تاشی.

شەقامە چۆڵەکانی قارس بەلای ئەمەوە لە دوێنێ بەیانی ئەفسووناویتر و جوانتر بوون. لە جێیەکی بەشی سەرەوەی شەقامی ئەتاتورک ماڵێکی بینی دەرگاکەی شکێندرابوو، جامەکانی وردوخاش کرابوون و کونێک کەوتبووە ڕووبەری پێشەوەی.

لە درووماندخانە، سونای گوتی هێرشێکی خۆکوژی لەو ماڵەدا ئەنجام دراوە: "ئەو داماوە لەبری ئێرە، بەهەڵە خۆی بە ماڵێکی سەرووتردا کردووە و پارچە پارچە بووە. تا ئێستاش نەزانراوە ئیسلامییە، یاخۆ پەکەکەیە؟"

(کا)، لە سونایدا جۆشی ئەو ئەکتەرە گەورانەی بینی کە ڕۆڵەکانی خۆیان زۆر بەهەند دەگرن. ڕیش و سمێڵی تاشیبوو، پاک و خاوێن و زۆر لەسەرخۆ دیار بوو. چاوی بڕییە ناو چاوی (کا) و گوتی: "شینەیان دەستگیر کرد."

(کا) خۆبەخۆ ویستی خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر بەم هەواڵە بشارێتەوە، بەڵام ئەمە بەسەر سونایدا تێ نەپەڕی. سونای گوتی: "مرۆڤێکی زۆر خراپە. هیچ گومانی تێدا نییە ئەو بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردەی کوشتووە. لەلایەک بڵاوی دەکاتەوە دژی خۆکوژییە، لەلایەکی دی، لاوانی بەستەزمان و بێ هۆش بۆ ئەنجامدانی هێرشی خۆکوژی سازدەدات. ئاسایشی میللی دڵنیایە لەوەی بە بڕێکی زۆر تەقینەوەوە بۆ ئێرە هاتووە و ئەوەی هێناویەتی، بەشی تەقاندنەوەی هەموو قارس دەکات! لە شەوی شۆڕشدا شوێنپێی ون

کرا. لە شوێنێکی کەس پێ نەزانراو خۆی مەڵاس دابوو. بێگومان ئاگاداریت لە کۆبوونەوە پێکەنیناوییەکەی دوێنێ ئێوارەی هۆتێل ئاسیا."

(کا)، وەک ئەوەی لە شانۆنامەیەکدا بن، بە جووڵەیەکی دەستکرد سەرێکی بۆ لەقاند. سونای گوتی: "ئامانجی ژیانم بە سزاگەیاندنی ئەم تاوانبار و پاشڤەڕۆ و تیرۆریستانە نییە. شانۆیەک لە ئارادایە چەندین ساڵە من پێشکێشی دەکەم و ئێستاش هەر بۆ ئەوەیە لێرەم. نووسەرێکی ئینگلیز هەبوو بەناوی تۆماس کید. شکسپیر، -هاملێت-ی لەو دزیوە. شانۆنامەیەکی مافخوراو و لە بیرکراوی کیدم بەناوی -تراژیدیای ئیسپانیا- دۆزیوەتەوە. ناوەڕۆکەکەی، دۆزی خوێن و تراژیدیای تۆڵەسەندنەوەیە، لەم شانۆنامەیەدا دیمەنێک هەیە من و فوندا ماوەی پازدە ساڵە چاوەڕێین بەرجەستەی بکەین."

فوندا ئەسەر خۆی کرد بە ژووردا و دارجگەرەیەکی درێژی بەدەمەوە بوو. (کا) دوو قات خۆی چەماندەوە و سڵاوێکی دەستکردی لێ کرد، بینی ژنەکە ئەمەی پێ خۆشبوو. بێ ئەوەی ئەم داوای لێ کردبن، ژن و پیاوەکە پوختەیەکی شانۆنامەکەیان بۆی باس کرد.

دواتر سونای گوتی: "شانۆنامەکەم گۆڕی و ئاسانم کرد بەجۆرێک میللەتەکەمان چێژی لێ وەربگرن و وانەی لێوە فێر بن. سبەینێ لە هۆڵی شانۆی گەل پێشکێشی دەکەین و بینەران و هەموو دانیشتووانی قارس لە وەشانی زیندووی تەلەڤزیۆندا دەیبینن."

(کا) گوتی: "منیش ئارەزووی بینینیم هەیە."

"دەمانەوێت قەدیفەش لە شانۆگەرییەکەدا ڕۆڵ بگێڕێت... فوندا ڕۆڵی دژبەرێکی خراپەکاری ئەو دەبینێت... قەدیفە بەسەری داپۆشراوەوە دێتە سەر شانۆ. پاشان لە دژی هەموو ئەو دابونەریتە پڕوپوچانەی دەبنە هۆی تۆڵەسەندنەوە، ڕادەوەستێتەوە و لەپڕ و بە پێش چاوی هەموانەوە سەر ڕووت دەکات." سونای بەدەم ئەم قسانەوە جووڵەیەکی دروستکراوی وای کرد وەک ئەوەی سەرپۆشێکی خەیاڵی لەسەری خۆی بکاتەوە و فڕێی بدات.

(کا) گوتی: "هەمدیسان ڕووداو دەقەومێت!"

"خەمی ئەوەت نەبێت! ئێستا سەرکردایەتیی سەربازیمان هەیە."

(کا) گوتی: "قەدیفەش هەرچۆنێک بووە ئەمە پەسەند ناکات."

سونای گوتی: "ئێمە دەزانین قەدیفە ئەڤینداری شینەیە. ئەگەر قەدیفە ئامادە بێت سەری ڕووت بکات، ئەوا من شینەی بۆ ئازاد دەکەم. دەتوانن بۆ شوێنێکی دوور هەڵبێن و پێکەوە بەختەوەر بن."

لە سیمای فوندا ئەسەردا هێمایەکی بەزەیی پێداهاتنەوەی تایبەت بەو خاتوونە نیازپاکانە بیندرا کە لە فیلمی میلۆدرامای خۆماڵیدا بە کامەرانیی ئەڤیندارانی جحێڵی هەڵهاتوو خۆشحاڵن و دەیانپارێزن. (کا) بۆ ساتێکی کورت لە خەیاڵی خۆیدا وای بۆچوو ئەم ژنە بەهەمان شێوە لە ئەڤینی ئەم و ئیپەکیش دەڕوانێت.

دواتر گوتی: "من هێشتا بەگومانم لەوەی قەدیفە لە وەشانی زیندوودا سەری خۆی ڕووت بکات."

سونای گوتی: "بە چاوگێڕانەوە بە دۆخەکەدا، بیرمان لەوە کردەوە تەنیا تۆ دەتوانیت قایلی بکەیت. سەوداو و مامەڵەکردنی لەگەڵ ئێمەدا، بەواتای مامەڵەکردنێتی لەگەڵ گەورەترین ئیبلیسدا. خۆ دەشزانێت تۆ ماف دەدەیت بە کچانی سەرداپۆشراو. ئەڤینداری خوشکە گەورەکەی ئەویشی."

(کا) گوتی: "تەنیا قەدیفە نییە، پێویستە شینەش قایل بکرێت، بەڵام پێویستە لە پێشدا قسە لەگەڵ قەدیفە بکرێت." هێشتا هۆشی خۆی بە سادەیی و زبریی دەستەواژەی: "ئەڤینداری خوشکە گەورەکەی ئەویت" دەجەڕاند.

سونای گوتی: "هەموو ئەمانە بەجۆرێک بکە خۆت پێت خۆش بێت. هەموو دەسەڵاتێکت دەدەمێ و ئۆتۆمبیلێکی سەربازیش دەخەمە بەردەستت. دەتوانیت بە ئارەزووی خۆیشت بەناوی منەوە سەودا و مامەڵە بکەیت."

بێدەنگییەک هاتە ئاراوە. سونای هەستی بە پەرتەوازەییی هۆشی (کا) کردبوو.

(کا) گوتی: "نامەوێت خۆم لەم کارەوە بگلێنم."

"بۆچی؟"

"لەوانەیە لەبەر ترسنۆکیم بێت. ئێستا زۆر بەختەوەرم. ناخوازم ببمە نیشانەیەکی دیار بۆ تیری ئیسلامییەکان. ئەگەر قوتابیان ببین قەدیفە سەری ڕووت دەکات، دەڵێن ئەو ئەتایستە ناپیاوە ئەم بەزمەی گێڕاوە. ئەوسا، تەنانەت ئەگەر بۆ ئەڵمانیاش هەڵبێم، ڕۆژێک لە ڕۆژان لە نیوەی شەودا و لە سەر شەقامێک دەمکوژن."

سونای بە لە خۆباییبوونەوە گوتی: "سەرەتا دەست لە من دەوەشێنن. بەڵام پێشم خۆش بوو گوتت ترسنۆکیت. بڕوام پێ بکە منیش زۆر ترسنۆکم. لەم وڵاتەدا تەنیا ترسنۆکەکان بە پێوە دەمێننەوە. بەڵام هەمان کات مرۆڤ بەردەوام بیر لەوە دەکاتەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک هەر ترسنۆکێک قارەمانێتیی لێ دەوەشێتەوە، وا نییە؟"

"من ئێستا زۆر کامەرانم. بەهیچ جۆرێک نامەوێت ببم بە پاڵەوان. تەنیا بەدبەختان بە خەوبینین بە پاڵەوانییەوە دڵی خۆیان دەدەنەوە. کەسانی وەک ئێمە بۆ ئەوەی ببین بە قارەمان، یان ئەوەتا دەبێت کەسێکی تر بکوژین، یان خۆمان."

سونای بە کەللەڕەقییەوە پرسی: "باشە، بە گۆشەیەکی هۆشت پەی بەوە نابەیت ئەم کامەرانییەت زۆر درێژە ناخەیەنێت؟"

فوندا ئەسەر گوتی: "بۆچی مێوانەکەمان دەترسێنیت؟"

(کا) بە خۆپارێزییەوە گوتی: "هیچ کامەرانییەک تا سەر درێژە ناخایەنێت. ئەمە دەزانم. بەڵام نیازم نییە قارەمانی بنوێنم و خۆم بە کوشت بدەم بۆ ئەوەی ڕێ لە ئەگەری بەدبەختیی داهاتووم بگرم."

"ئەگەر نەچیتە ئەم کارەوە، لە ئەڵمانیا نا، لێرە دەتکوژن! ڕۆژنامەی ئەمڕۆت بینی؟"

(کا) بەدەم زەردەخەنەوە گوتی: "نووسیویانە ئەمڕۆ دەکوژرێم."

سونای دوایین ژمارەی ڕۆژنامەی شاری سەرحەدی پێشانی (کا) دا. خۆی دوێنێ ئێوارە دیبووی.

فوندا ئەسەر بە زیاد پێوەنانەوە دەستی کرد بە خوێندنەوەی: "خوانەناسێک لە قارسدا."

(کا) بە بڕوا بەخۆبوونەوە گوتی: "ئەوە یەکەمین چاپی دوێنێ بوو. دواتر سەردار بەگ بڕیاری دا چاپێکی نوێ بکات و هەڵەکە ڕاست بکاتەوە."

سونای گوتی: "ئەم بڕیارەی خۆی نەبردووەتە سەر و ئەم بەیانییە چاپی یەکەمی ڕۆژنامەکەی دابەش کردووە. نابێت هەرگیز بڕوا بە قسەی ڕۆژنامەنووسان بکەیت. بەڵام ئێمە دەتپارێزین. ئیسلامییەکان، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتیان بەسەر سوپادا ناشکێت، بەنیازن سەرەتا دەست لە ئەتایستێکی غولامی ڕۆژئاوا بوەشێنن."

(کا) پرسی: "تۆ داوات لە سەردار بەگ کردووە ئەو هەواڵە بنووسێت؟"

سونای، وەک ئەوەی کەسێکی ئابڕوودار بێت و سووکایەتی پێ کرابێت، گۆشەی لچی خوار کردەوە، برۆکانی بەرز کردەوە و بە ڕوویەکی گرژەوە سەیری کرد، بەڵام (کا) دەیبینی زۆر شادمانە بە گێڕانی ڕۆڵی سیاسەتمەدارێکی هۆشیار و دڵشادە بە گێڕانی فێڵ و تەڵەکەی خۆی.

(کا) گوتی: "ئەگەر بەڵێنم پێ دەدەیت تا سەر دەمپارێزیت، من ناوبژیوانی دەکەم."

سونای بەڵێنی دایێ، لە پای پێوەندیکردنی بە ڕیزەکانی ژاکوبەنەکانەوە، باوەشی بە (کا)دا کرد و پیرۆزبایی لێ کرد. پێی گوت دوو پیاوی خۆی دەخاتە تەکی و هەرگیز لێی جیا نابنەوە.

بەخرۆشەوە ئەمەشی بۆ قسەکانی زیاد کرد: "ئەگەر پێویست بێت، دەتوانن لەبەرامبەر خۆتیشدا پارێزگاریت لێ بکەن."

بەمەبەستی گفتوگۆ سەبارەت بە وردەکارییەکانی ناوبژیوانیکردن، دانیشتن و چای بەیانیان بە بۆنی مسکەوە خواردەوە. فوندا ئەسەر هێندە لە خۆی

ڕازی بوو، هەر دەتگوت ئەکتەرێکی نوێی بەناوبانگ و درەوشاوە پێوەندی بە گرووپی شانۆکەیانەوە کردووە. کەمێک باسی هێزی -تراژیدیای ئیسپانیا-ی کرد، بەڵام (کا) هۆشی لەوێ نەبوو، سەیری سپێتیەکی بێ هاوتای دەکرد لە پەنجەرەی بەرزی دروومانخانەکەوە لە ژوورەوەی دەدا.

کاتێک لە دوورمانخانە هاتەوە دەرەوە، بە بینینی ئەو دوو سەربازە کەتە و چەکدارەی درابوونە پاڵی، واقی وڕما. ئارەزووی دەکرد لانی کەم یەکێکیان ئەفسەر، یان سڤیلێکی ڕێکپۆش بوایە. جارێک نووسەرێکی ناوداری لە نێوان دوو پاسەوانی ڕێکپۆش و مەشقدراودا دیبوو. دەوڵەت پاسەوانەکانی بۆی تەرخان کردبوو. نووسەر، لەو سەردەمەدا دەچووە سەر پەردەی تەلەڤزیۆن، میللەتی تورکی بە دەبەنگ ناوزەد دەکرد و دەیگوت هیچ باوەڕی بە ئیسلام نییە. پاسەوانەکان هەر بە هەڵگرتنی جانتاکەیەوە ڕانەدەوەستان، بگرە بە خۆپێشاندانێکەوە کە (کا)ش پێی وا بوو شایەن بە نووسەرێکی ناودار و دژبەرە، بەر دەرگایان بۆی دەگرت، لە سەر پلیکانەکان دەچوونە بن باڵی و لە هەوادارانی بەپەرۆش و لە دوژمنانی بە دووریان دەگرت.

ئەو دوو سەربازەی لە ئۆتۆمبیلە سەربازییەکەدا لە تەنیشت (کا)وە دانیشتبوون، وەک دەستبەسەرکراوێک ڕەفتاریان لەتەکدا دەکرد، نەک وەک ئەوەی بیپارێزن.

(کا) لەگەڵ گەیشتنیدا بۆ هۆتێل، دیسان هەستی بەو شادییە کرد کە سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە سەرتاپای جەستەی هەژاندبوو. سەرباری ئەوەی لە ناخەوە ئارەزووی دەکرد دەستبەجێ ئیپەک ببینێت، بەڵام جارێ پێی باش بوو ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی دووبەدوو لەگەڵ قەدیفەدا قسە بکات، چونکە پێی وا بوو شاردنەوەی شتێک لە ئیپەک، با بچووکیش بێت، ناپاکیکردنە لە ئەڤینەکەیان. بەڵام بە بینینی ئیپەک لە هۆڵی پێشوازیکردن، نیازی خۆی گۆڕی. بە شەیدابوونەوە سەیری ئیپەکی کرد و گوتی: "لەوە جوانتریت وەک ئەوەی لەیادەوەری مندا هەیت. سوونای ناردبووی بە دوومدا، دەیەوێت ناوبژیوانیی بۆ بکەم."

"له چ بابەتێکدا؟"

(کا) گوتی: "دوێنێ ئێوارە شینەیان دەستگیر کردووە. بۆچی ڕووی خۆت دەکەیت بەولاوە؟ هیچ مەترسییەک بۆ ئێمە لە ئارادا نییە. بەڵێ، قەدیفە خەمگین دەبێت، بەڵام من لە هەناوەوە بەم پێشهاتە ئاسوودە بووم، بڕوام پێ بکە." بەخێرایی قسەکانی سونای گێڕایەوە، هۆی تەقینەوەکانی دوێنێ شەو و دەنگی دەستڕێژ و تەقەکانی ڕوون کردەوە: "بەیانی ڕۆیشتبوویت و منت لە خەو هەڵنەساندبوو. مەترسە، هەموو شتێک چارەسەر دەکەم، خوێن لە لووتی کەس نایەت. دەچینە فرانکفورت و لەوێ بۆ خۆمان بە شادی دەژین. لەتەک باوکتدا قسەت کرد؟" (کا) درێژەی دایێ و گوتی سەودا و مامەڵەیەک بەڕێوە دەبرێت، بۆ ئەو مەبەستە، سونای ئەم بۆ لای شینە دەنێرێت، بەڵام مەرجە سەرەتا لەگەڵ قەدیفەدا قسە بکات. نیگەرانییەکی زیادی لە چاوەکانی ئیپەکدا بەدی کرد، ئەمەش بەواتای ئەوەیە ژنەکە پەرۆشی ئەمە، ئەمەی پێ خۆش بوو.

ئیپەک گوتی: "پێش کەمێک قەدیفەم نارد بۆ ژوورەکەی." ئەمەی گوت و ڕۆیشت.

(کا) چووە ژووری خۆی، بینی پێخەوەکەی ڕێک خراوە. گلۆپی کزی سەر مێزەکە، پەردە زەردباوەکان و ئەو شتانەی دوێنێ شەو شادترین شەوی خۆی لە نێوانیاندا بەسەر بردبوو، ئێستا لە ناو ڕووناکیی بەفر و بێدەنگییەکی تەواو جیاوازدا بوون، بەڵام هێشتا دەیتوانی بۆنی پاشماوەی پێکەوە نووستنەکەیان بکات. لەسەر پشت خۆی دا بەسەر جێگەدا، چاوی لە بنمیچەکە بڕی و هەوڵی دا تێ بگات ئەگەر قەدیفە و شینەی پێ قایل نەکرێت، چ بەڵایەکی بەسەر دێت.

قەدیفە لەگەڵ هاتنە ژوورەوەیدا یەکسەر گوتی: "هەرچی دەزانیت سەبارەت بە گرتنی شینە بۆم بگێڕەوە. ئایا بەدڕەفتارییان لەتەکدا کردووە؟"

(کا) گوتی: "ئەگەر بەدڕەفتارییان لە بەرامبەری نواندبێت، هەڵبەتە نەیاندەویست من ببەن بۆ لای. دوای کەمێکی تر دەمبەن. پاش کۆبوونەوەی

هۆتێل ئاسیا کەوتووەتە داوەوە، لەوە زیاتر نازانم."

قەدیفە لە پەنجەرەوە سەیری شەقامە بەفراوییەکەی کرد. "ئێستا ئیدی تۆ کامەرانیت و من ناشاد. لە دوای یەکتربینینمانەوە لە ژووری سندووقەکان، شتەکان زۆر بەخێرایی گۆڕان."

دیمانەی پاشنیوەڕۆی دوێنێیان لە ژووری ٢١٧، دەرهێنانی چەک لەلایەن قەدیفەوە پێش دەرچوونیان لە ژوورەکە و ڕووتکردنەوەی ئەم، وەک چەند یادگارییەکی زۆر کۆن و شیرینی نێوان هەردووکیان کەوتەوە بیری (کا).

(کا) گوتی: "قەدیفە، ئەمە هەموو شتێک نییە. دەوروبەرەکەی سونای، کابرایان هێناوەتە سەر ئەو باوەڕەی شینە دەستی لە کوشتنی بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردەدا هەیە. دۆسیەیەکیش گەیشتووەتە قارس و دەیسەلمێنێت بێژەرەکەی تەلەڤزیۆن لە ئیزمیر بە دەستی شینە کوژراوە."

"ئەو دەوروبەرانە کێن؟"

"چەند دانەیەک لە پیاوانی هەواڵگریی میللی لە قارس... یەک دوو ئەفسەری پێوەست بەوانەوە... بەڵام سونای بەتەواوی لە ژێر کاریگەریی ئەواندا نییە. ئامانجی هونەریی هەیە. ئەمانە قسەی ئەون. دەیەوێت ئەم ئێوارە لە شانۆی گەل شانۆیەک پێشکێش بکات و ڕۆڵیش بدات بە تۆ. چارە مەدە بەیەکدا، گوێ بگرە. لە تەلەڤزیۆنەوە وەشانی زیندوو دەکات، هەموو قارس دەیبینێت. ئەگەر تۆ بە گێڕانی ڕۆڵەکە قایل بیت، شینەش بتوانێت قوتابیانی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان ڕازی بکات بێن و بێدەنگ دابنیشن و لە کاتی پێویستدا بەڕێزەوە چەپڵە لێ بدەن، ئەوا سونای بڕیاری ئازادکردنی شینە دەدات. هەموو شتێک لە بیر دەکرێت، خوێن لە لووتی کەس نایەت. سونای منی وەک ناوبژیوان هەڵبژاردووە."

(کا) باسی تۆماس کید و شانۆنامەی -تراژیدیای ئیسپانیا-ی گێڕایەوە و گوتی سونای شانۆنامەکەی گۆڕیوە و گونجاندوویەتی. (بەهەمان شێوەی گونجاندنی کۆرنێل، شکسپیر و برێشت لەگەڵ سەما و گۆرانی بێ تامدا کە

بەدرێژاییی ساڵانی خوولانەوەی بە ئەنادۆڵدا ئەنجامی دابوو.)

"هەڵبەتە منیش لە وەشانی زیندوودا دەبم بەو ژنەی بەمەبەستی دەست پێکردنی تۆڵەسەندنەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر ئابڕووی."

"نەخێر. وەک خاتوونێکی ئیسپانی سەرداپۆشراو لە تۆڵەسەندنەوە بێزاریت و دەبیت بەو کچەی لە ساتێکی هەڵچوون و تووڕە بووندا یاخی دەبیت و سەرپۆشەکەت فڕێ دەدەیت."

"لێرە بۆ یاخیبوون سەرپۆش فڕێ نادرێت، بگرە پێویستە بکرێتە سەر."

"قەدیفە، ئەمە شانۆیە. لەبەر ئەوەی شانۆشە، دەتوانیت سەرت ڕووت بکەیت."

"تێ گەیشتم چیت لێم دەوێت. شانۆ بێت، شانۆ بێت لە ناو شانۆشدا، من سەرپۆش فڕێ نادەم."

"بڕوانە قەدیفە، دوو ڕۆژی تر بەفر خۆشی دەکاتەوە، ڕێگە و بانەکان دەکرێنەوە، گرتووی ناو زیندان دەکەوێتە دەستی کەسانی بێ بەزەیی. ئەو کاتە تا لە ژیاندا ماویت چاوت بە شینە ناکەوێتەوە. باش بیرت لەمە کردووەتەوە؟"

"دەترسم ئەگەر بیری لێ بکەمەوە، پەسەندی بکەم."

"سەرەڕای ئەوەش، دەتوانیت لە ژێر سەرپۆشەکەتەوە بارۆکە لەسەر بکەیت و بەو جۆرە کەس قژت نابینێت."

"ئەگەر بارۆکەم لە سەر بکردبا، وەک هەندێک کەس بۆ چوونە ژوورەوەی زانکۆ ئەو کارەم دەکرد."

"کێشەکە ڕزگارکردنی ئابڕوو نییە لە بەردەم دەرگای زانکۆ. ئێستا ئەمە بۆ ڕزگارکردنی شینە دەکەیت."

"با بزانین داخۆ شینە دەیەوێت بە سەر ڕووتکردنی من ڕزگاری بێت؟"

(کا) گوتی: "دەیەوێت. سەر ڕووتکردنی تۆ شکۆی شینە بریندار ناکات، چونکە کەس بە پێوەندیتان نازانێت."

لە میانەی تووڕەییی ناو چاوانییەوە تێ گەیشت دەتوانێت پەنجە بخاتە سەر خاڵی لاوازی قەدیفە، دواتر سەیری کرد بەشێوەیەکی زۆر سەیر پێ کەنی و ئەمەش (کا)ی ترساند. جۆرێک لە ترس و ئیرەیی پێبردن هەناوی ڕاپێچا. لەوە دەترسا قەدیفە شتێکی ڕووخێنەر لە بارەی ئیپەکەوە بەم بڵێت. بەهەمان ترسی سەیرەوە گوتی: "قەدیفە، کاتی زۆرمان بەدەستەوە نییە. دەزانم هێندە ژیر و هۆشیاریت بتوانیت بە شیرینی لەم کارە بێیتە دەرێ. ئەمە وەک کەسێک دەڵێم ساڵانێکی درێژ وەک پەنابەرێکی سیاسی لە تاراوگە ژیاوە. گوێم لێ بگرە: ژیان لە پێناوی بنەماکاندا نا، لە پێناوی بەختەوەربووندا بەسەر دەبرێت."

قەدیفە گوتی: "بەڵام هەر کەسێکیش بنەما و باوەڕی نەبێت، ناتوانێت بەختەوەر بێت."

"ڕاستە. بەڵام لە وڵاتێکی زۆرداری وەک ئەوەی ئێمەدا هیچ بەهایەک بۆ مرۆڤ دانانرێت، بۆیە بێ ئەقڵییە ئەگەر مرۆڤ خۆی لە پێناوی باوەڕەکانیدا بەخت بکات. بنەمای گەورە و بیر و باوەڕ، شتگەلێکن بۆ مرۆڤی وڵاتە دەوڵەمەندەکان."

"تەواو بە پێچەوانەوە. مرۆڤ لە وڵاتێکی هەژاردا، لە بیر و باوەڕەکانی بترازێت، هیچ شتێکی تری نییە باوەشی پێدا بکات."

(کا)، "بەڵام ئەو شتانەی باوەڕی پێ دەکەن، ڕاست نییە"ی بەخەیاڵدا هات، بەڵام دەری نەبڕی. لەبری ئەوە گوتی: "قەدیفە، بەڵام تۆ سەر بە توێژی نەداران نیت، تۆ لە ئەستەنبوڵەوە هاتوویت."

"لەو سۆنگەیەوە باوەڕم بە چی بێت، ئەوە دەکەم. من تەقیە ناکەم. ئەگەر بمەوێت سەرم ڕووت بکەم، بەڕاستی دەیکەم."

"باشە، ئەمەت پێ چۆنە: کەس نەکرێتە هۆڵی شانۆوە. با قارسییەکان شانۆنامەکە تەنیا لە تەلەڤزیۆندا سەیر بکەن. سەرەتا کامێرا وا پێشان دەدات تۆ لە ساتێکی تووڕەبووندا دەست بۆ سەرت دەبەیت. دواتر میکس

دەکەین و قژی کەسێکی تری هاوشێوەی تۆ لە دواوە پێشان دەدەین."

قەدیفە گوتی: "ئەمە لە بارۆکە لە سەر کردنیش فێڵبازانەترە. دواجار هەموو کەسێک وا بیر دەکاتەوە لە دوای کودەتا سەربازییەکەوە سەرپۆشم فڕێ داوە."

"باشە تۆ فەرموودەکانی ئاینت بەلاوە گرینگە، یاخۆ قسە و تانە و تەشەری ئەوانی دی؟ لەم سیناریۆیەدا تۆ بەهیچ جۆرێک قژت ڕووت ناکەیت. خۆ ئەگەر گرفتەکەشت دەنگۆی ناو خەڵکییە، ئەوا دوای بڕانەوەی ئەم کارەساتە تووڕەهاتانە، دەتوانیت بۆ هەموو کەسێکی بگێڕیتەوە ئەوەی کردووتە بەشێک بووە لە فیلمێک. ئەگەر لاوانی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان پێ بزانن تۆ ئەمەت لە پێناوی ئازادکردنی شینەدا کردووە، ئەوا هێندەی تر ڕێزت لێ دەگرن."

قەدیفە بە ڕیتمێکی تەواو جیاوازەوە گوتی: "ئەرێ هیچ بیرت لەوە کردووەتەوە، هەموو هێزی خۆت خستووەتە کار بۆ قایلکردنی کەسێک و لەو پێناوەشدا هەندێک شت دەڵێیت بێ ئەوەی خۆت باوەڕت پێی هەبێت؟"

"بەڵێ. بەڵام ئێستا وا هەست ناکەم."

"کەواتە لەبری قایلکردنی ئەو کەسە، لە خشتەی دەبەیت و لە پای ئەوەش هەست بە تاوان دەکەیت. وا نییە؟ چونکە هیچ چارەیەکی ترت بۆی نەهێشتووەتەوە."

"قەدیفە، ئەوەی ئێستا دەیبینیت، بێچارەیی نییە. وەک مرۆڤێکی ژیر دەبینی هیچ چارەیەکی ترمان نەماوە. دەروبەرەکەی سوونای، بێ ئەوەی دەستیان بلەرزێت، شینە هەڵدەواسن و تۆیش بەمە ڕازی نابیت."

"با بڵێین ئەوا لە پێش چاوی هەمووان سەرپۆشم فڕێ دا و دۆڕانم پەسەند کرد. بە چیدا دیارە شینە ئازاد دەکەن؟ من بۆچی بڕوا بە بەڵێنی ئەم دەوڵەتە بکەم."

"ڕاست دەکەیت. ئەمەیان لەگەڵدا باس دەکەین."

"کەی و لەگەڵ کێدا قسە دەکەیت؟"

"دوای چاوکەوتنم بە شینە، دووبارە دەچمەوە لای سونای."

هەردووکیان ساتێک بێدەنگ بوون. بەو جۆرە بەباشی ئاشکرا بوو قەدیفە بە نابەدڵی مەرجەکانی پەسەند کردووە. (کا)، بۆ دڵنیاییی زیاتر و بەشێوەیەک قەدیفەش چاوی پێوە بێت، سەیری سەعاتەکەی کرد.

"شینە لای میت دەستبەسەرە، یاخۆ لەکن سوپا؟"

"نازانم، بەڵام پێم وا بێت جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە."

قەدیفە گوتی: "لەوانەیە سەربازەکان ئەشکەنجەی نەدەن." کەمێک بێدەنگ بوو. "دەمەوێت ئەمانەی پێ بگەیەنیت." چەرخێکی مۆدیل کۆن و بە گەوهەر ڕوپۆشکراو و پاکەتێک مارلبۆرۆی سووری بۆ (کا) درێژ کرد. "چەرخەکە هی باوکمە. شینە پێی خۆش دەبێت جگەرەی پێ دابگیرسێنێت."

(کا) پاکەتەکەی لێ وەرگرت، چەرخەکەی گێڕایەوە و گوتی: "ئەگەر چەرخەکەی بدەمێ، شینە تێ دەگات لە پێشدا بۆ لای تۆ هاتووم."

"جا با بزانێت."

"ئەو کاتە تێ دەگات لەگەڵ تۆدا قسەم کردووە و پەرۆشی زانینی بڕیاری تۆ دەبێت. ئەمە لە کاتێکدا من نامەوێت پێی بڵێم سەرەتا تۆم بینیوە و ئامادەیت لە پێناوی ڕزگارکردنیدا سەرپۆش فڕێ بدەیت."

"لەبەر ئەوەتە ئەمە پەسەند ناکات؟"

"نەخێر. شینە بەشی ئەوە هۆشمەند و بەلۆجیکە تا تێ بگات تۆ لە پای ڕگارکردنی ئەو لە مردن سەرپۆش فڕێ دەدەیت، تۆیش ئەمە دەزانیت. ئەوەی شینە پەسەندی ناکات، ئەوەیە ئەم پرسیارە پێش خۆی لە تۆ کرابێت."

"بەڵام ئەمە تەنیا بابەتێکی سیاسی نییە، هەمان کات بابەتێکی تایبەت بە منیشە. شینە لەمە دەگات."

"قەدیفە، تۆیش دەزانیت ئەگەر حاڵیش بێت، ئەو دەیەوێت خۆی خاوەن قسەی یەکەم بێت. ئەو پیاوێکی تورکە. سەرەڕای ئەوەش ئیسلامییەکی

سیاسییه. من ناتوانم پێی بڵێم –تۆ ئازاد به، قەدیفە بڕیاری داوە سەرپۆش فڕێ بدات.– پێویستە بگاتە باوەڕێک کە خۆی بڕیاری داوە. من بیرۆکەی بارۆکە پۆشین و مۆنتاجی تەلەڤزیۆن دەخەمە بەردەستی ئەویش. دەستبەجێ تێ دەگات ئەمە هەوڵێکی تۆیە بۆ ڕزگارکردنی ئابڕووی خۆت. ئەو ڕێ بەخۆی نادات پێشبینیی شتێک بکات کە لەگەڵ هەڵوێستی تژە لە فڕ و فێڵی تۆ و بۆچوونی بەکردەوەی ئەودا بۆ ئابڕوو یەک ناگرنەوە. هەرگیزیش نایەوێت گوێ بیست بێت تۆ بەدەربەستانە و بێ فڕ و فێڵ سەرت ڕووت دەکەیت."

قەدیفە گوتی: "تۆ ئیرەیی بە شینە دەبەیت و نەفرەتی لێ دەکەیت. بگرە ناتەوێت وەک مرۆڤ سەیری بکەیت. تۆ لەو لایستانە دەچیت کە باوەڕیان وایە کەسانی بە ڕۆژئاوایی نەبوو سەر بە توێژێکی پریمیتڤ، بێ ڕەوشت و کەم بەهان و پێویستە بە کوتەک بکرێن بە مرۆڤ. سەردانەواندم بۆ سوپا لە پێناوی ڕزگارکردنی شینەدا، تۆی دڵخۆش کرد. بگرە ناتوانیت ئەم دڵخۆشییە بێ ڕەوشتانەیەت بشاریتەوە." ئەم هەڵچوونە بە نەفرەتەوە لە چاوەکانیدا دیاری دا. "مادام پێویست بوو سەرەتا شینە لەم بارەیەوە بڕیار بدات، تۆ کە پیاوێکی تری تورکیت، بۆچی دوای دەرچوونت بۆ لای سونای، یەکسەر نەچوویتە لای شینە و بۆ لای من هاتیت؟ پێت بڵێم بۆچی؟ چونکە دەسپێک دەتویست بزانیت من ئامادەم بە ویستی خۆم سەر دابنەوێنم. ئەمەش لە بەرامبەر شینەدا باڵادەستیت دەداتێ، چونکە تۆ لێی دەترسیت."

"ڕاستە، لە شینە دەترسم، بەڵام قەدیفە، قسەکانی ترت نارەوان. ئەگەر لە پێشدا بچووبامایە کن شینە و بڕیاری سەرپۆش فڕێدانی تۆم وەک فەرمانێک بۆت بهێنایە، تۆ پەسەندت نەدەکرد."

"تۆ چیدی ناوبژیوان نیت، کەسێکیت لەگەڵ زۆرداراندا هاوکاری دەکەیت."

"قەدیفە، من جگە لە ڕزگاربوونم بە ساغ و سەلامەتی لەم شارە، بڕوام بەهیچ شتێکی تر نییە. ئیدی تۆیش بڕوا بەهیچ شتێک مەهێنە. زیاد لە پێویست بۆ هەموو قارست سەلماند ژیر و سەربەرز و بوێریت. من لەگەڵ ڕزگاربوونمدا لێرە لەتەک دادەتدا دەچینە فرانکفورت بۆ ئەوەی لەوێ

بەختەوەر بین. تۆیش چی کامەرانت دەکات ئەوە بکە. لەگەڵ شینەدا لێرە خۆتان ڕزگار بکەن و بچنە شارێکی ئەوروپا، لەوێ تا بڵێیت کامەران دەژین. دڵنیام باوکیشتان بەدوای ئێوەدا دێت. بۆ ئەمەش، پێویستە دەسپێک متمانەت بە من هەبێت."

کاتێک ئەم باسی کامەرانیی دەکرد، دڵۆپێک لەو فرمێسکانەی چاوانی قەدیفەیان پڕکردبوو، بەسەر ڕوومەتیدا هاتە خوارەوە. بەدەم زەردەخەنەیەکەوە کە (کا)ی ترساند، بەپەلە بەناولەپی دەستی دڵۆپە فرمێسکەکەی سڕییەوە. "ئایا دڵنیایت لەوەی دادەم ئامادەیە قارس بەجێ بهێڵێت؟"

(کا)، ئەگەرچی هیچ دڵنیا نەبوو، گوتی: "دڵنیام."

قەدیفە بە ڕیتمی شازادەیەکی لە خۆبایی و گەشبینەوە گوتی: "پێ داناگرم لەسەر ئەوەی چەرخەکە بدەیت بە شینە و پێی بڵێیت سەرەتا منت بینیوە. بەڵام دەمەوێت بەهەر نرخێک بووە لەوە دڵنیا بم بە سەرپۆش فڕێدانی من شینە ئازاد دەکرێت. بەڵێنی سونای، یان کەسێکی تر بەس نییە. هەموومان دەوڵەتی تورک دەناسین."

(کا) گوتی: "قەدیفە، تۆ زۆر ژیریت. تاکە کەسیت لە پێش هەموو کەسێکی ترەوە لە قارس شایەنی بەختەوەری بیت." لەپڕ وای بەخەیاڵدا هات بڵێت "نەجیبیش"، بەڵام دەستبەجێ ئەوەی لە بیر خۆی بردەوە. "چەرخەکەشم بدەرێ. لەوانەیە هەلێکم بۆ هەڵکەوێت و بیگەیەنم بە شینە، بەڵام متمانەت پێم هەبێت."

لەو دەمەیدا قەدیفە چەرخەکەی بۆ درێژ کرد، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو باوەشیان بە یەکتردا کرد. (کا) بە میهرەبانی دەستی هێنا بە جەستەی قەدیفەدا. پێستی زۆر لە پێستی دادەی تەنکتر و نارینتر بوو. خۆیشی ڕاگرت بۆ ئەوەی ماچی نەکات. کاتێکیش بە توندی لە دەرگا درا، لە دڵی خۆیدا گوتی: "باشتر خۆم ڕاگرت."

ئەوەی لە دەرگای دا، ئیپەک بوو. گوتی ئۆتۆمبیلێکی سەربازی هاتووە بۆ بردنی (کا). بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکانی ناو ژوورەکە، ساتێکی درێژ بە نیگا نەرم و پڕ لە پرسیارەکانی خۆی سەیری ناو چاوانی (کا) و قەدیفەی کرد. (کا) بێ ئەوەی ماچی بکات، چووە دەرەوە. لە کۆتاییی ڕێڕەوەکەدا بە دەم هەستکردن بە تاوان و سەرکەوتنەوە ئاوڕی دایە دواوە. بینی وا جووتە خوشک یەکتریان لە ئامێز گرتووە.

## ٣٥

# من سیخوڕی کەس نیم

## (کا) و شینە لە ژووری زینداندا

دیمەنی باوەش لەیەکدانی قەدیفە و ئیپەک لەوسەری ڕێڕەوەکەدا، تا ساتێکی درێژ لە بەرچاوی (کا) نەڕەوییەوە. لە تەنیشت شۆفێرکەوە دانیشتبوو، کاتێک ئۆتۆمبیلەکە لە گۆشەی شەقامی ئەتاتورک و خالید پاشا لە بەردەم ترافیک لایتی تاقانەی قارسدا ڕاوەستا، ئەم لەسەر کورسییە بەرزەکە و لە میانەی پەنجەرەیەکەوە کە تاکێکی کرابووەوە و با بەهێمنی پەردەکەی دەلەراندەوە، لەپڕ حاڵی بوو لە ژوورەوە کۆبوونەوەیەکی سیاسیی زۆر چڕ و پڕ ساز دەکرێت. دەستی سپی و پەشۆکاوی ژنێک بە تووڕەیی پەردەی ڕاکێشا و پەنجەرەی داخست. (کا) توانی بەتەواوی پێشبینی بکات لەو ژوورە ڕووناکەدا چی دەقەومێت: دوو میلیتانی بە ئەزموون و ناسراوی نەتەوەپەرستی کورد لە قارس هەوڵ دەدەن شاگرد چایچییەک بەوە قایل بکەن زۆر بە ئاسانی دەتوانێت لە دەرگای تەنیشتەوە بچێتە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشەوە لە شەقامی فایەق بەگ و بۆمبی سەر جەستەی بتەقێنێتەوە. برای گەورەی کوڕەی شاگرد چایچی لە پەلامارەکانی دوێنێدا کوژرابوو، خۆیشی بەهۆی بەستنی چەند قەفێک لەزگەی -گازۆ- لە جەستەی، بەدیار سۆپاکەوە چین چین ئارەقەی دەردەدا.

بە پێچەوانەی پێشبینیی (کا)وە، ئۆتۆمبیلی سەربازی لای نەدایە ئەو بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشەی باس کرا و ڕووی لە مەڵبەندی ئاسایشی میللیش نەکرد کە کەمێک لە پێشترەوە دەکەوتە مەڵبەندێکی بە بریق و باقی پاشماوەی

ساڵانی سەرەتای کۆمارەوە، بگرە لەسەر شەقامی ئەتاتورک مایەوە و دواتر چووە سەر شەقامی فایەق بەگ و خۆی کرد بە بارەگای سەربازیی ناوەندی شاردا. لە نەخشەسازیی ساڵانی ١٩٦٠دا ئەم زەوییە فراوانە بۆ پارک تەرخان کرابوو، لە دوای کودەتای ساڵی ١٩٧٠ شورایەکی بەدەوردا کێشرابوو، کرابوو بە ناوچەیەکی داخراو و جێی حەوانەوەی سەرباز، بارەگای سەرکردایەتیی سوپا و گۆڕەپانی مەشقی لە خۆ دەگرت، منداڵانی بێزاریش بەناو سپینداره باریکەکانی دەوروبەریدا پاسکیلیان لێ دەخوڕی. بەم کارەش، -وەک ڕۆژنامەی حوڕییەتی نێزیک لە سوپا نووسیبوی-، ئەو ماڵەی پوشکین لە کاتی سەردانیدا بۆ قارس تێیدا حەوابووەوە و ئەو گەوڕانەی چل ساڵ دواتر بە فەرمانی قەیسەری ڕووس بۆ سوارەی قازاخ دروست کرابوون، لە ڕووخاندن ڕزگار کرابوون.

ئەو ژوورەی شینەی تێدا ڕاگیرابوو، دەکەوتە کۆتاییی گەوڕە مێژووییەکانەوە. ئۆتۆمبیلە سەربازییەکە ڕاوەستا، (کا) لە بەردەم باڵەخانەیەکی کۆن و دڵگیری لە بەرد دروستکراودا، لە ژێر لق و چڵ و پۆپی بە بەفر داپۆشراوی پیره دار زەیتوونێکی ڕووسیدا دابەزی. دوو کەسی بەڕێز، (کا) دەستبەجێ بۆی ئاشکرا بوو کارمەندی میتن، لە ژوورەوە بوون. دوو کەسەکە ئامێرێکی دەنگ تۆمارکردنیان بەدەستەوە بوو بە پێوانەی ساڵانی ١٩٩٠ بە شتێکی سەرەتایی دادەنرا، بە لەزگەی گازۆ لەسەر سنگی (کا) قایمیان کرد و دووگمەی داگیرسانیان پێشانی دا. لە سەرێکەوە وا ڕەفتاریان نواند وەک ئەوەی خەمگین بن بە دەستگیرکردنی گیراوەکەی خوارەوە و بیانەوێت هاوکاریی بکەن، لە سەرێکی ترەوە، بە ڕیتمێکی بەدەربەست و دوور لە هەموو جۆرە گاڵتەیەک، هۆشیاریان کردەوە وا لە کابرا بکات ددان بە تاوانەکانی خۆی و نەخشەکانی تاوان دارشتنیدا بنێت و لە کاسێتەکەدا تۆماریان بکات. (کا) بڕوای نەکرد ئەم پیاوانە هۆی سەرەکیی ناردنی ئەم بۆ ئێرە نەزانن.

مرۆڤ بە پلیکانەیەکی ساردا دەگەیشتە نهۆمی خوارەوەی باڵەخانە

بەردینەکە. ئەو نهۆمە لە سەردەمی قەیسەردا وەک بارەگای سوارەی ڕووس بەکار هێندرابوو. لە ژێر زەمینەکەدا ژوورێکی گەورەی بێ پەنجەرە هەبوو بۆ سزادانی ئەوانەی بێدیسپلینیان دەنواند، بەکار دەهێندرا. ئەم ژووره لە سەردەمی کۆماردا وەک کۆگایەکی بچووک و لە ساڵانی ١٩٥٠شدا وەک حەشارگەیەکی نموونەیی بۆ خۆپاراستن لە هێرشی ئەتۆمی دانرابوو. ژوورەکە، بە پێچەوانەی بۆچوونی (کا)وە، زۆر پاک و خاوێن بوو.

هەرچەندە سۆپایەکی کارەباییی مارکەی ئارچەلیک کە موختاری فرۆشیاری سەرەکی لەو ناوچەیە بەمەبەستی باشتر فرۆشتنی کەلوپەلەکانی پێشکێش بە بنکەی سەربازیی کردبوو، ژوورەکەی بەباشی گەرم دەکردەوە، کەچی شینە بەدەم خوێندنەوەی کتێبەوە لە پێخەوەکەیدا، بەتانییەکی سەربازیشی بە خۆیدا دابوو. بە بینینی (کا)، لە جێگە هاتە دەرەوە، پێڵاوە قەیتان لێ دەرهێندراوەکانی لە پێ کرد و بە ڕیتمێکی فەرمی، بەڵام بەدەم زەردەخەنەوە دەستی (کا)ی گوشی و بە سووربوونی کەسێکی ئامادەوە بۆ دانوستاندن سەبارەت بە کار، ئاماژەی کرد بۆ مێزێکی فۆرمیکای گۆشەیەکی ژوورەکە. لەسەر دوو کورسیی ئەمسەر و ئەوسەری مێزە بچووکەکە دانیشتن. (کا) لەگەڵ بینینی تەپەڵەکێکی چینکۆی لێوانلێو بوو لە قوونە جگەرە لەسەر مێزەکە، پاکەتە مارلبۆرەکەی دەرهێنا، دای بە شینە و پێی گوت وا دیارە ڕەفتاری خراپیان لەگەڵت نەنواندووە. شینە گوتی ئەشکەنجە نەدراوە، بە دەنکە شقارتەیەک لە پێشدا جگەرەکەی (کا) و دواتر ئەوەی خۆی داگیرساند. بەدەم بزەیەکی شیرینەوە لێی پرسی: "بەڕێزم، ئەمجاریان بۆ کێ سیخوڕی دەکەیت؟"

(کا) گوتی: "وازم لە سیخوڕی هێنا. ئیدی ناوبژیوانی دەکەم."

"جا خراپتر. سیخوڕ ئامادەیە لە پێناوی پارەدا بە بار زانیاری بگەیەنێت و لەوانەیشە زۆربەشیان بێ بایەخ بن. ناوبژیوانانیش بەبیانووی بێلایەنییەوە لووت لە هەموو شتێک دەژەنن. بەرژەوەندی تۆ لەمەدا چییە؟"

"ڕزگار بوونم بە ساغ و سەلامەتی لەم شارە بەربادەی قارس."

"مەگەر تەنیا سونای توانیبێتی ئەمڕۆ ئەم متمانەیەی دابێت بە ئەتایستێکی لە ڕۆژئاواوە بۆ سیخوڕیکردن هاتوو."

بەمــجـۆرە (کــا) تێ گــەیشت شـیـنە دوایین ژمــارەی ڕۆژنامـــەی شــاری ســەرحــەدی بینیـوە. نەفـرەتی لە پێکەنینـی ژێر سـمـێـڵـی شـیـنە دەکـرد. ئەم ئیسلامییە شەریعەتخوازەی دەوڵەت داد و بێدادی بوو بە دەست دڵڕەقییەوە – بە دوو دۆسیەی تاوانکارییەوە–، ئێستا دوای دەستگیرکردنی، چۆنە وا هێندە کـەیفسـاز و لەســەرخـۆیە؟ (کـا) باشـتـر تێ دەگـەیشت بۆچی قـەدیفـە تا ئەو ڕادەیە گرفتاری داوی ئەڤینی ئەم کابرایە بووە. ئەمجارە، شینەی ڕێکپۆشتر لە هەموو جارەکانی پێشووتر هاتە پێش چاو.

"بابەتی ناوبژیوانییەکەت چییە؟"

(کا) گـوتی: "ئازادکـردنی تـۆ." پاشـان بە هێـمنی پوختــەی پێشنیـازەکەی ســونای بۆی گـێـڕایەوە، بەڵام نەیگوت باسی ئەوە کـراوە قــەدیفــە لە کــاتی ســەرپۆش فـڕێدانـدا بارۆکـە لە ســەر بکات، یان لە وەشــانی زیندوودا پـەنا بۆ مـۆنتـاج دەبرێت. ئامـاژەی کـرد بۆ دژواریی ڕەوشــەکـە و گـوتی کـەســانی بێ بەزەییی دەوروبەری سـونای لە نێزیکترین هەلدا لە سێدارەی دەدەن. هەسـتی کـرد چێـژی لەم قسـەیەی خـۆی وەرگـرت، بەڵام لە هەمـان کـاتدا هەسـتی بە تاوانبـاریش کـرد. لەدرێژەی قسـەکانیدا گـوتی سـونای کەسێکی شـێتـۆکـەیە، لەگەڵ توانەوەی بەفردا ڕێگە و بانەکان دەکرێنەوە و هەمـوو شتێک دەگەڕێتەوە دۆخی جاران. دواتر لە خۆی پرسی داخۆ ئەمەی بۆ ڕازیکردنی کارمەندەکانی میت گوتووە.

شینە گوتی: "کەواتە شێتۆکەییی سونای تاکە ڕێگەی ڕزگاربوونی منە."

"بەڵێ."

"دە کەواتە پێی بڵێ: پێشنیازەکەی ڕەت دەکەمـەوە. سوپاسی تۆیش دەکەم لە پای زەحمەتکێشان و هاتنت بۆ ئێرە."

(کا) ساتێک وای زانی شینە هەڵدەسێتە سەرپێ، تەوقەی لەگەڵدا دەکات و

له دەرگا دەیکاتە دەرەوە. بێدەنگییەک باڵی بەسەریاندا کێشا. شینە بە ئارامی لاقی خۆی لەسەر پێیەکانی دواوەی کورسییەکە دەجوولاند. "ئەگەر بەهۆی سەرنەکەوتنتەوە لە ناوبژیوانیدا نەتتوانی بە سەلامەتی لەم شارە بەربادەی قارس ڕزگارت بێت، ئەوا بەهۆی منەوە نییە، بگرە بەهۆی چەنەبازی و شانازیکردنت دەبێت بە ئەتایستبوونی خۆتەوە. مرۆڤ لەم وڵاتەدا کاتێک دەتوانێت شانازی بە ئەتایستبوونی خۆیەوە بکات ئەگەر سوپا بخاتە دوای خۆی."

"من لەو کەسانە نیم شانازی بە ئەتایستبوونەوە بکەم."

"ئەگەر وا بێت باشە."

هەمدیسان بێدەنگ بوون و جگەرەیان کێشا. (کا) هەستی کرد جگە لە خۆکێشانەوە و ڕۆیشتن، هیچ شتێکی تری بۆ نەماوەتەوە. پاشان لە شینەی پرسی: "لە مردن دەترسیت؟"

"ئەگەر ئەمە هەڕەشە بێت: دەترسم. خەمێکی دۆستانەش بێت: بەڵێ، دەترسم. بەڵام ئیدی هەرچییەکیش بکەم، ئەم زۆردارانە هەر هەڵمدەواسن. هیچم لە دەست نایەت."

شینە، بە نیگایەکی شیرینەوە کە ڕقی (کا)ی هەڵساند، بزەیەکی بۆی کرد. نیگاکانی دەیانگوت: "بڕوانە، من لە دۆخێکی زۆر خراپتر لەوەی تۆدام، بەڵام سەرباری ئەوەش لە تۆ ئاسوودەترم." (کا) بە شەرمەوە هەستی کرد نائارامی و خەمەکانی پێوەندییان بە ئازارێکی شیرینەوە هەیە کە لە دوای حەزکردنییەوە لە ئیپەک لە ناخیدا هەڵی گرتووە. ئایا تۆ بڵێیت شینە ئومێدێکی لەو جۆرەی نەبێت؟ بە خۆی گوت: "تا نۆ دەژمێرم، دوای ئەوە هەڵدەسم و دەڕۆم. یەک، دوو..." ئەگەر گەیشتە پێنج، هاتە سەر ئەو باوەڕەی ئەگەر شینەی بۆ لە خشتە نەبرێت، ئەوا ناتوانێت ئیپەک بۆ ئەڵمانیا ببات.

ماوەیەک باسی شتی پڕوپووچی کرد: ناوبژیوانێکی بەدبەختی ناو فیلمێکی ڕەش و سپیی ئەمریکایی لە سەردەمی منداڵیدا دبووی، ئەگەری بڵاوکردنەوەی

ڕاگـەیەندراوی کـۆبوونـەوەی هۆتێل ئاسـیـا –ئەگـەر ڕاست بکرێتــەوە– لە ئەڵمـانیـا، پەشـیـمـانبـوونەوەی مـرۆڤ لەو بڕیارانەی لە سـاتـی کەللەڕەقی و لە پێناوی ئەڤیندا دەیاندات، بۆ نموونە خۆیشی لە قۆناغی ناوەندی بە بڕیارێکی هەڵەشە وازی لە تیپی تۆپی سەبەتەی قوتابخانە هێنا و جارێکی تر ڕووی تێ نەکردەوە، ڕۆیشـتـنی لە هەمـان ڕۆژدا بۆ قـەراغ دەریای بۆسـفـۆر و مـاوەیەکی درێژ سەیرکـردنی دەریا، خۆشەویسـتیی بێ سنووری بۆ ئەستەنبـوڵ، دڵگیریی لە ڕادەبەری کـەنداوی زێڕین لە ئێـوارانـی بەهاردا، ئەمـانە و باسـی زۆر شـتـی تریشی کـرد. تێ دەکـۆشـا نەکەوێتـە ژێر کـاریگـەریی نیگاکـانی شـینـە، چونکە زۆر بەخـوێنسـاردی لەمی دەڕوانی. هـەوڵی دەدا لەسـەر قسـەکـردن بەردەوام بێت و ئەم چاوپێکەوتنەشی بە دوایین دیمانەی پێش مردن چوواند.

شـینـە گـوتـی: "ئەمـانـە، کـام داخـوازەی لە کـردن نەهاتـووە و مـرۆڤ بۆیان ئەنجـام بدات، هێشـتـا بە بەڵێنی خـۆیانەوە پێـوەست نابن." لەسـەر مـێـزەکە کۆمەڵێک پێنووس و کاغەزی پێشان دا. "دەیانەوێت چیرۆکی ژیانم، تاوانەکانم و سـەرجـەم قسـەکـانی خـۆمیـان بۆ بنووسـمـەوە. ئەگـەر نـیـازپاکی ببـینن، ئەوا گـوایە لەوانـەیە بمخــەنە بـەر یاسـای لێـبــووردن. من بـەردەوام بەزەییم بەو دەبەنگانەدا دەهـاتەوە کـە بڕوایـان بەم درۆیانـە دەکـرد، لە دوایین ڕۆژەکــانی ژیانیـاندا دەسـبـەرداری دۆزی خـۆیان دەبوون و ناپـاکیـان لە سـەرتاپای ژیانی خـۆیان دەکرد. بەڵام مـادام هـەر دەمـرم، دەمەوێت ئەوانەی دوای خـۆم یەک دوو شـتی ڕاست لـە بارەی منەوە بزانن." یەکێـک لە کـاغـەزە نووسـراوەکـانی سـەر مێـزەکەی ڕاکێشـا. وەک ئەوەی لێدوان بۆ ڕۆژنامـەنووسەکـانی ئەڵمـانیـا بدات، هێمایەکی بەدەربەست کەوتە سەر ڕووخساری:

"لەم ڕۆژی بیسـتی شوباتەدا، کاتێک شـیمانەی بەهێزی لە سـێدارەدانی من لە ئارادایە، دەمەوێت ڕایگەیەنم لە هیچ شتێک پەشـیمان نیم لەوانەی تا ئەمڕۆ لە چوارچێوەی پێداویسـتـیی خـەباتی سـیاسـیـمدا کـردوومـە. کـوڕی دووەمی فەرمانبـەرێکی پیر و خانەنشینی دەزگـای دەفتـەرداریی ئەسـتەنبولم. سـەردەمی منداڵی و تافی لاویم لە جیـهـانی سـادە و بێدەنگی باوکمـدا بەسـەر برد. باوکم

بە دژی لە تەکیەی (جەراح) دەوامی دەکرد. لە تافی لاویمدا لە باوکم یاخی بووم و بوومە چەپێکی بێ ئاین، لە زانکۆ کەوتمە دوای میلیتانە لاوەکان و مارینزم بەردەباران دەکرد کاتێک لە کەشتییە فڕۆکەهەڵگرەکانی ئەمریکا دادەبەزین. لەو سەردەمەدا زەمانەوەندم کرد و جیاش بوومەوە؛ تووشی تەنگژەیەک هاتم. لە سۆنگەی ڕق هەڵسانم لە ڕۆژئاوا، ڕێزم بۆ شۆڕشی ئێران پێشان دا. هەمدیسان بوومەوە بە موسڵمان، بڕوام بەو قسەیەی ئیمام خومەینی هێنا کە دەیگوت "ئەمڕۆ ئیسلام پاراستن" لە نوێژ و ڕۆژوو زۆر گرینگترە. لە نووسینەکانی فرانتز فانۆنەوە سەبارەت بە توندوتیژی، لە بیرۆکەکانی سەید قوتبەوە سەبارەت بە زۆرداری و گۆڕینی شوێن و لە عەلی شەریعەتی ئیلهامم وەرگرت. بۆ خۆدەربازکردن لە کودەتای سەربازی، پەنام بۆ ئەڵمانیا برد. گەڕامەوە. لە گرۆزنی شان بەشانی چەچەنەکان لە دژی ڕووسەکان شەڕم کرد، بەهۆی بریندارببوونمەوە لەوێ، لاقی ڕاستم کەمێک دەشەلێت. لە کاتی گەمارۆی سربەکاندا چووم بۆ بۆسنە، لەوێ لەگەڵ کچێکی بۆسناییدا بەناوی مەرزوقە زەماوەندمان کرد و لەگەڵ خۆمدا هێنامەوە بۆ ئەستەنبوڵ. بەهۆی چالاکیی سیاسی و بەهۆی بڕوابوونم بە بیرۆکەی کۆچەوە لە دوو هەفتە زیاتر لە هیچ شارێکدا نەدەمامەوە، بەهۆی ئەمەوە دەستم لە ژنی دووەمیشم هەڵگرت. دوای ئەوەی پێوەندیم لەگەڵ ئەو گرووپە ئیسلامییانەدا بڕا کە منیان بۆ چەچەنستان و بۆسنە بردبوو، بست بەبستی تورکیا گەڕام. سەرباری ئەوەی باوەڕم وایە دوژمنانی ئیسلام ئەگەر پێویست بێت، دەبێت بکوژرێن، من تا بەم ڕۆژە دەگات، نە کەسم کوشتووە و نە کەسیشم بە کوشت داوە. سەرۆکی پێشووی شارەوانیی قارس لەلایەن عەرەبانچییەکی کوردی دەروون نەخۆشەوە کوژرا، چونکە سەرۆکی شارەوانی دەیویست عەرەبانە لە ناو شاردا قەدەخە بکات. من لەبەر خۆکوشتنی کچانی جحێڵ بۆ قارس هاتووم. خۆکوشتن گەورەترین تاوانە. با شیعرەکانم لە دوای مردنم یادگاری من بن، دەمەوێت بڵاو بکرێنەوە. هەمووی لای مەرزوقەیە. ئەوەندە و بەس."

بێدەنگییەک هاتە نێوانەوە.

(کا) گوتی: "ناچار نیت بمریت. من بۆ ئەوە لێرەم."

شینە گوتی: "دە مادام وایە شتێکی تر دەگێڕمەوە." دڵنیا بوو لەوەی باش گوێی لێ گیراوە، جگەرەیەکی تریشی داگیرساند. تۆ بڵێیت هەستی بەو ئامێری تۆمارکردنە کردبێت کە لەسەر سنگی (کا) دانراوە و وەک ژنێکی چاپووکی ناو ماڵان کار دەکات؟

شینە گوتی: "ئەو سەردەمەی لە مونشن بووم، سینەمایەک هەبوو ڕۆژانی شەمە لە سەعات دوازدەی شەو بەدواوە دوو فیلمی بە نرخی هەرزان پێشان دەدا. دەرهێنەرێکی ئیتاڵی هەیە فیلمێکی بەناوی -شەڕی جەزایەر- دەرهێناوە و تیایدا زۆرداریی فەڕەنسییەکان لە جەزایەر پێشان دەدات. سینەماکە، فیلمی -کوایمادا-ی نوێترین کاری ئەو دەرهێنەرەی پێشان دا. فیلمەکە، پیلانەکانی کۆلۆنیالزمی ئینگلیز لە دوورگەیەکی کاریبیی شوێنی بەرهەمهێنانی قامیشی شەکر و هەوڵی ئینگلیزەکان بۆ ئاژاوەنانەوە پێشان دەدات. سەرەتا پێشەوایەکی ڕەشپێست دەدۆزنەوە و لە ڕێی ئەوەوە شۆڕشێک لە دژی فەرەنسییەکان بەرپا دەکەن، دواتریش دوورگەکە داگیر دەکەن و دەست بەسەر دۆخەکەدا دەگرن. ڕەشپێستەکان دوای شکستی ڕاپەڕینی یەکەمیان، ئەمجار لە دژی ئینگلیزەکان ڕادەپەڕن، بەڵام پاش ئەوەی ئینگلیزگەل سەرانسەری دوورگەکە دەسووتێنن، ڕاپەڕینەکە شکست دەهێنێت. ڕابەری ڕەشپێستی هەردوو ڕاپەڕینەکە دەستگیر دەکرێت و دەمەوبەیانییەک تەدارەک بۆ لە سێدارەدانی ساز دەکرێت. ڕێک لەو کاتەدا، مارلۆ براندۆ، ئەو کەسەی هەر لە سەرەتاوە ئەوی دۆزیبووەوە و هانی دابوو لە دژی فەڕەنسییەکان ڕاپەڕێت و چەندین ساڵ نەخشەی هەموو شتێکی داڕشتبوو، و دواتریش هەر خۆی ڕاپەڕینی دووەمی کابرای ڕەشپێستی دژ بە ئینگلیزەکان سەرکوت کردبوو، دەچێتە ژێر خێوەتی شوێنی دەستبەسەرکردنی سەرکردەی ڕەشپێستەکان، کۆت و زنجیری لێ دەکاتەوە و ئازادی دەکات."

"بۆچی؟"

شـینه کـەمێک تووڕه بوو. "بۆچی... بۆ ئـەوەی لە سـێـداره نەدرێت! چـونکە زۆر باش دەزانن ئەگـەر لە سـێدارەی بـدەن، دەبێتـە قـارەمان و مـیللەتەکـەی سـالانێکی درێژ ناوی ئـەو دەکـەن بە ئـالای ڕاپەڕین. بەڵام کـاتێک کـابرای ڕەشـپـێـست تێ دەگـات مـارلۆن بـەو نیـازە پـەتی دیلـی ئەوی پچـڕاندووە، ئازادکردنی خۆی ڕەت دەکاتەوە و ڕاناکات."

(کا) پرسی: "لە سێداره درا؟"

شـینە گوتی: "بەڵێ. بەڵام لە فـیلـمـەکـەدا لە سـێـدارەدانی پێشـان نادرێت. لەبری ئـەوە، سـیـخـوڕ مـارلۆن براندۆ، ئـەو کـەسـەی پێـشنیـازی ئـازادبوونی خستبووە بەردەستی کابرای ڕەشپێست، وەک ئەوەی ئێستا تۆ لەگەڵ مندا دەیکەیت، پێشـان دەدات چۆن لە کـاتێکدا دەیـەوێت دووڕگـە بـەجێ بـهـێڵـێت، لەلایەن هـاوڵاتییەکەوە دەدرێتە بەر چەقۆ و دەکوژرێت."

(کا) بە هـەستیارییەکی پێ جڵەو نەکراوەوە گوتی: "من سیخوڕ نیم!"

"بە وشەی سیخوڕ پەست مەبە. منیش سیخوڕی ئیسلامم."

ئەمـجاره (کا) بێ ئەوەی تووڕەیی خۆی بشـارێتـەوە، گوتی: "من سیـخـوڕی کەس نیم."

"واتا دەرمـانێکی تایبـەتیـان نەکردوەتە ئـەم مارلـبۆرۆیـەوە بۆ ژەهراویکردنی من و سـسـتکردنی هۆشـم؟ باشـترین شـتی ئەمـریکا بۆ جیـهـان مـارلـبۆرۆی سووره. دەتوانم تا کۆتاییی ژیانم مارلبۆرۆ بکێشم."

"ئەگەر هۆشمـەندانە ڕەفتار بکەیت. دەتوانیت چل و یەک ساڵی تر مارلبۆرۆ بکێشیت!"

شـینه گـوتـی: "ئەگـەر دەڵێم سـیـخـوڕ، مـەبەسـتـم ئا ئەمـەیە. یەکـێک لە ئەرکەکانی سیخوڕ ڕامکردنی ئەقڵی مرۆڤە."

"تەنیا دەمـەوێت ئەوەت پێ بڵێم ئەوپەڕی بێ ئەقڵـییـە لێرە خـۆت بەدەسـتی ئەم فـاشیستە دەست بە خوێن و شـێتـانە بە کوشت بدەیت. ناویشت بۆ کەس

نابێت بە ئاڵا و شتی لەو جۆرە. مرۆڤەکانی ئەم میللەتە لە مێگەل دەچن، بە ئاینەوە پێوەستن، بەڵام دواجار بە قسەی دەوڵەت هەڵدەسووڕێن نەک ئاین. هەموو شێخانی یاخی، ئەوانەی بەناوی پاراستنی ئاینەوە ڕاپەڕیون، ئەو میلیتانانەی لە ئێران مەشق دراون، با وەک سەعیدی نەورەسیش کەمێک ناویان دەرکردبێت، بەڵام لە ئاکامدا تەنانەت گۆڕیشیان نامێنێت. ئەو ڕابەرە ئاینییانەی ڕێی تێ دەچێت ڕۆژێک لە ڕۆژان ناویان ببێت بە ئاڵای ڕاپەڕین، لە فڕۆکە سوار دەکرێن و لە بەرزاییەوە فڕێ دەدرێنە دەریاوە. تۆ گشت ئەمانە دەزانیت. گۆڕستانی حزبوڵاییەکانی باتمان، پاش ئەوەی بوو بە مەزارگا، لەپڕ لە شەوێکدا دیار نەما. ئایا ئێستا ئەو گۆڕانە لە کوێن؟"

"لە دڵی میللەتدان."

"قسەی قۆڕ، تەنیا لە سەدا بیستی ئەم میللەتە دەنگ بە ئیسلامییەکان دەدەن. ئەویش بە پارتێکی میانڕەو."

"ئەگەر میانڕەون، بۆچی لێیان دەترسن و کودەتا دەکەن لە دژیان؟ سا ئەوەشم پێ بڵێ. سنووری ناوبژیوانیی بێلایەنی تۆ تا ئێرەیە."

(کا) خۆبەخۆ دەنگی بەرز کردەوە: "من ناوبژیوانێکی بێلایەنم."

"وا نییە. تۆ سیخوڕی ڕۆژئاوایت. کۆیلەیەکی ئەورووپاییگەلیت حەز بە ئازادیی خۆت ناکەیت و وەک هەموو کۆیلەیەکیش نازانیت کۆیلەیت. لەبەر ئەوەی لە نیشانتاشی کەمێک بوویت بە ڕۆژئاوایی و بە چاوی سووک سەیری ئاین و داب و نەریتی میللەت دەکەیت، خۆت بە گەورەی ئەم میللەتە دادەنێیت. بە بۆچوونی تۆ، ڕێی باشبوون و بە ڕەوشتبوون بەناو ئاین و خوا و ژیان میللەتدا نا، بگرە بە لاساییکردنەوەی ڕۆژئاوادا تێ دەپەڕێت. لەوانەیشە یەک دوو قسە سەبارەت بە زۆرداریی سەر ئیسلامییەکان و کوردەکانیش بکەیت، بەڵام دڵت لە ناخەوە پشتیوانی لە کودەتا سەربازییەکە دەکات."

"دەتوانم ئەمانەشت بۆ ساز بکەم: قەدیفە لە ژێر سەرپۆشەکەیەوە بارۆکە لە سەر دەکات، بەمجۆرە ئەگەر سەریشی ڕووت بکات، کەس قژی نابینێت."

شینە دەنگی بەرز کردەوە و گوتی: "ناتوانیت شەرابم دەرخوارد بدەیت! من نە دەبم بە ئەوروپایی و نە لاساییشیان دەکەمەوە. من لە مێژووی خۆمدا دەژیم و وەک خـــۆم دەبم. باوەڕم وایە مــــرۆڤ دەتوانێت بێ لاســــاییکردنەوەی ئەوروپاییگەل و بێ ئەوەی ببێت بە کۆیلەیشیـان، کامەران بێت. شـەیدایانی ڕۆژئاوا قـســەیەکـیـان هەیە بۆ بچـووککردنەوەی ئەم مـیللەتە و لێکدالێکدا بەکاری دەهێنن: بۆ بە ڕۆژئاواییبوون پێویستـە مرۆڤ سـەرەتا تاک ببێتـەوە، بەڵام دەڵێن لە تورکیا تاک نییە. واتای لە سێدارەدانیشم ئەمەیە. من وەک تاک بەرەنگاری ڕۆژئاواییـیـەکـان دەبمەوە، لـەبەر ئەوەی تاکـیـشـم، لاسـایی ئەوان ناکەمەوە."

"سـونای هێندە باوەڕی بەو شـانۆنامـەیەی خـۆی هەیە، بەجـۆرێک دەتوانم ئەمـەشت بۆ بکەم: هۆڵی شـانۆی گەل چۆڵ دەبێت. کامێرای وەشـانی زیندوو سـەرەتا دەسـتی قەدیفە پێشـان دەدات کاتێک دەست بۆ سـەری دەبات. دواتر بە فێڵێکی مۆنتاج، قژی کەسێکی تر پێشان دەدرێت."

"گومانم هەیە لە پەرۆشیت بۆ ئازادکردنم."

(کـا) وەک کـەسـێک لە پای درۆکـردن هەست بە تـاوان بکات، گـوتی: "زۆر کـامـەرانم. لە ژیانمدا هێندە کـامــەران نەبووم. دەمــەوێت ئەم کـامــەرانیـیـەم بپارێزم."

"ئەو شتە چییە کامەرانت دەکات؟"

(کـا)، وەک دواتریش زۆر جـاران بیـری لێ کـردەوە، نەیگوت: "لـەبەر ئەوەی شیعر دەنووسم." یان نـەیگوت: "لەبەر ئەوەی باوەڕم بە خوا هەیە، بگرە گوتی: "لەبەر ئەوەی ئەڤیندارم. خۆشـەویسـتەکەم لەگەڵمدا دێت بۆ فرانکفورت." بۆ سـاتێک هـەسـتی بە خـۆشی کـرد، چونکە باسـەکـەی بۆ کەسێکی بـێ ئاگا لە ئەڤینەکەی گێڕایەوە.

"خۆشەویستەکەت کێیە؟"

"ئیپەکی دادەی قەدیفە."

(کا) بینی شینه دەموچاوی دا بەیەکدا. یەکسەر پەشیمان بووەوە لەو ساتەی کە جۆش گرتبووی. بێدەنگییەک دەستی پێ کرد.

شینه مارلبۆرۆیەکی تریشی داگیرساند. "ئەوە لوتفی خوایە مرۆڤێکی بەختەوەر دەیەوێت شادی و کامەرانیی خۆی لەگەڵ کەسێکی بەردەم پەتی سێدارەدا بەش بکات. گریمان من پێشنیازەکەتم پەسەند کرد بۆ ئەوەی درز نەکەوێتە ئەم کامەرانییەت و لەم شارە ڕزگارت بێت و بڕۆیت، قەدیفەش بۆ ئەوەی ڕێگر نەبێت لە بەردەم بەختەوەریی دادەیدا، بەشێوەیەک ئابڕووی نەڕووشێت، لە شانۆگەرییەکەدا بەشداری کرد؛ باشە بە چیدا دەزانیت ئەمانە بەڵێنی خۆیان دەبەنە سەر و من ئازاد دەکەن؟"

(کا) بە هەڵچوونەوە گوتی: "دەمزانی شتی وا دەڵێیت!" کەمێک بێدەنگ بوو. پەنجەی بۆ لێوی برد و ئاماژەیەکی بەواتای "بێدەنگ و هۆشیار بە" بۆ شینه کرد. دووگمەی چاکەتەکەی کردەوە و بە بەرچاوییەوە ئامێری دەنگ تۆمارکردنەکەی سەر بلووزەکەی کوژاندەوە. گوتی: "من دەبمە کەفیلت. سەرەتا تۆ ئازاد دەکەن. قەدیفەش کاتێک دەچێتە سەر شانۆ دوای ئەوەی تۆ لە شوێنی خۆحەشاردانتەوە هەواڵی بۆ دەنێریت، بەڵام بۆ ئەوەی قەدیفە قایل بکەین، دەبێت تۆ نامەیەکم بۆ بنووسیت و تیایدا ڕوونی بکەیتەوە بەم ڕێککەوتنە ڕازیت." هەموو ئەو وردەکارییانەی لەو کاتەدا بۆ هات. بەچرپە پێی گوت: "بە دڵی خۆت هەلومەرج و جێی ئازادکردنت بۆ دەرەخسێنم. لە شوێنێکی پێ نەزاندراودا خۆت بشارەوە تا ئەو کاتەی ڕێگە و بانەکان دەکرێنەوە. بۆ ئەمەش متمانەت پێم هەبێت."

شینه یەکێک لە کاغەزەکانی سەر مێزەکەی خستە بەردەمی (کا) و گوتی لێرەدا بنووسە: "من، (کا) ناوبژیوان و کەفیلم. قەدیفە، بێ ئەوەی ئابڕووی لەکەدار بێت، سەری ڕووت دەکات و دەچێتە سەر شانۆ، لە بەرامبەر ئەمەشدا شینه ئازاد دەکرێت و بە سەلامەتی لە شاری قارس دەردەچێت. ئەگەر بەڵێنی خۆت نەبردە سەر و منیش کڵاوم نرایە سەر، سزای کەفیل چی بێت؟"

"چی بەسەر تۆ دێت، با بەسەر منیش بێت."

"ده مادام وایه وا بنووسه."

(کـا)ش کـاغـەزێکی خـسـتـە بەردەمی ئەو. "تۆیش بنووسـە ڕازیت بەو ڕێککەوتنەی باس کـرد، هەواڵی ڕێککەوتنەکـە لەلایەن منەوە بە قـەدیفـە ڕادەگەیەندرێت و بڕیاریش بەدەست قـەدیفـەیە. ئەگەر ئەویش ڕازی بێت، ئەوا ڕەزامـەندیی خۆی لە سـەر کاغـەزێک دەنووسێت، واژۆی دەخـاتە سـەر و پێش سـەر ڕووتـکردنـی، تۆ ئازاد دەکـرێیت. ئـەوانە بـنووسـە. چۆن و لە کـوێش دەتەوێت ئازاد بکرێیت، ئەوە لەگەڵ مندا نا، لەگەڵ کەسێکی جێی مـتـمـانەی خۆتدا چارەسەر بکە. بۆ ئەم مـەسەلەیە فـازیلی برای گیـانی بەگیـانی نەجیبی جوانەمەرگ پێشنیاز دەکەم."

"فازیل ئەو منداڵەیە کە گرفتاری ئەڤینی قەدیفە بووە و نامەی بۆ دەنێرێت؟"

(کـا) گـوتی: "ئـەوە نەجـیب بـوو، مـرد. ئەو مـرۆڤـێکی تایبـەت بوو خـوا ناردبووی. فازیلیش وەک ئەو مرۆڤێکی باشە."

شینە گوتی: "مادام تۆ ڕات لەسەرە، جێی متمانەی منیشە." ئەمەی گوت و دەستی کرد بە نووسینی کاغەزی بەردەمی.

لە پـێـشـدا شـینە نووسـینەکـەی خـۆی تەواو کـرد. (کـا) دوای ئـەوەی لە نووسـینی بریکارینامـە بـووەوە، زەردەخـەنە گـاڵتـە ئـامـێزەکـەی شـینـەی بینی، بەڵام گـوێی پـێ نەدا. زۆر شـادمـان بوو بەوەی کـارەکـانی خـسـتـووەتە ڕێ و دەتوانێت لەگەڵ ئیـپـەکدا شـار بەجێ بهـێڵێت. بە بـێدەنگی کـاغـەزەکانیـان گۆڕییەوە. (کا) بینی شینە بێ ئەوەی کاغـەزەکەی ئەم بخوێنێتـەوە، قەدی کرد و لە گیرفانی نا، ئەمیش هەر وای کرد. بەشێوەیەکیش شینە چاوی پێوە بێت، دەسـتی نایـەوە بە دووگـمـەی ئامـێری دەنگ تۆمـارکـردنەکەی سـەر سـنگیدا و خستییەوە کار.

بێـدەنگیـیـەک هاتە ئاراوە. (کـا) دوایین ڕسـتـەی پێش کـوژاندنەوەی ریکۆردەرەکـەی بیـر کـەوتەوە و گـوتی: "دەمـزانی ئـەمـە دەڵێیت. بەڵام ئەگـەر لایەنەکـان مـتـمـانەیان بەیـەکدی نەبێت، هـەرگـیـز ناتوانن بگەنە ڕێککەوتن.

پێویسته باوەڕت بە پابەندبوونی دەوڵەت بە بەڵێنانەوە هەبێت کە پێت دەدات."

سەیری ناو چاوی یەکدییان کرد و بزەیان هاتێ. ساڵانی دواتر، هەر کاتێک (کا) ئەو ساتەی بیر دەکەوتەوە، لە پای ئەوەی لەبەر کامەرانیی خۆی پەی بە تووڕەیی شینە نەبردبوو، پەشیمانی دەردەبڕی. ئەگەر درکی بە تووڕەییی شینە بکردایە، ئەم پرسیارەی لێ نەدەکرد.

"باشە قەدیفە پابەندی ئەم ڕێککەوتنە دەبێت؟"

شینە بە دوو چاوەوە کە ئاگریان لێ دەباری، گوتی: "دەبێت." کەمێک بێدەنگ بوون.

شینە گوتی: "مادام ڕێککەوتنێک دەکەیت بۆ هێشتنەوەی من لە ژیاندا، کەمێک باسی بەختەوەرییەکەتم بۆ بکە."

(کا) گوتی: "لە ژیانمدا هیچ کەسێکم ئەوەندە خۆش نەویستووە." قسەکانی خۆی بە سادە و بێ واتا دەزانی، بەڵام سەرباری ئەوەش، هەر کردنی. "بۆ من، لە ئیپەک زیاتر هیچ کامەرانییەکی تر لە ژیاندا نییە."

"کامەرانی چییە؟"

(کا) گوتی: "دۆزینەوەی جیهانێکە ئەم نەبوونی و چەوسانەوەیە لە بیری مرۆڤ بباتەوە. پێوەستبوون بە کەسێکەوە وەک ئەوەی بە سەرانسەری جیهانەوە پێوەست بیت..." دەیویست لە قسەکردن بەردەوام بێت، بەڵام شینە لەپڕ هەڵسایە سەرپێ.

لەو ساتەدا (کا) ئیلهامی شیعری (شەترەنج)ی بۆ هات. سەیرێکی ڕاوەستانەکەی شینەی کرد، دەفتەری گیرفانی دەرهێنا و بەپەلە دەستی کرد بە نووسینەوە. (کا) سەرگەرمی نووسینەوەی بەیتەکانی شیعرەکەی بوو. ناوەڕۆکی هۆنراوەکەی باسی لە بەختەوەری و دەسەڵات، زانیاری و تەماح دەکرد. شینەش بۆ تێگەیشتن لە دۆخەکە، لەسەر شانی (کا)وە سەیری کاغەزەکەی بەردەمی دەکرد. ئەم لە ناخەوە هەستی بە سەیرکردنە کرد، دواتر بۆی دەرکەوت واتای ئەو سەیرکردنەی لە شیعرەکەیدا گونجاندووە. وەک

ئەوەی سەیری دەستی کەسێکی تر بکات، تەماشای ئەو دەستەی دەکرد کە شیعرەکەی پێ دەنووسی. حاڵی بوو شینە ناتوانێت لەمە بگات؛ دەیویست هەر هیچ نەبێت پێشانی بدات هێزێکی تر هەیە دەستی ئەم دەجووڵێنێت، بەڵام شینە لە کەناری پێخەوەکەی دانیشتبوو، وەک کەسێک بەڕاستی لە چاوەڕوانی هەڵواسیندا بێت، جگەرەی دەکێشا.

(کا) هەر لە خۆیەوە ویستی جارێکی تریش گرێی دڵی خۆی بۆ بکاتەوە. ساڵانی دواتریش هەرچەند بیری لێ دەکردەوە، نەیدەزانی بۆ لەو کاتەدا ئەو هەستەی لەکن دروست بوو.

(کا) گوتی: "ساڵانێکی درێژ بوو نەمدەتوانی شیعر بنووسم. ئێستا لە قارس گشت دەروازە و ڕێگەکانی بەرەو شیعر بە ڕوومدا ئاوەڵا بوون. ئەمەش دەگەڕێنمەوە بۆ خۆشەویستیی خوا، ئەو خۆشەویستییەی لێرە لە ناخی خۆمدا هەستم پێ کردووە."

شینە گوتی: "نامەوێ بتشکێنمەوە، بەڵام خۆشەویستیی تۆ بۆ خوا جۆرێکە لەوەی لە ڕۆمانەکانی ڕۆژئاوادا هەیە. ئەگەر لێرە وەک ئەوروپییەک باوەڕ بە خوا بهێنیت، خۆت دەکەیت بە گاڵتەجاڕی خەڵکی. ئەو کاتە مرۆڤ بڕوا بە باوەڕهێنانەکەشت ناکات. تۆ سەر بەم وڵاتە نیت، هەر دەڵێیت تورکیش نیت. جارێ هەوڵ بدە لە خەڵکی سادە بچیت، پاشان باوەڕ بە خوا بهێنە."

(کا) درکی کرد بەرامبەرەکەی حەزی پێ ناکات. چەند دانەیەک لە کاغەزەکانی سەر مێزەکەی نووشتاندەوە و هەڵی گرت. گوتی پێویستە بە زووترین کات قەدیفە و سونای ببینێت، کوتای بە دەرگای ژوورەکەدا. لەگەڵ کرانەوەی دەرگادا، (کا) ڕووی لە شینە کرد و لێی پرسی داخۆ پەیامێکی تایبەتی بۆ قەدیفە هەیە، یاخۆ نا. شینە زەردەخەنەیەکی بۆی کرد و گوتی: "ئاگات لە خۆت بێت. نەتکوژن."

## ٣٦

# خۆ بەڕاستی نامرن، وا نییە بەڕێزم؟

## مامەڵەی نێوان ژیان و شانۆگەری، هونەر و سیاسەت

لە کاتێکدا کارمەندەکانی میت لە نهۆمی سەرەوە لەسەرخۆ خەریکی کردنەوەی لەزگەی ڕیکۆردەرەکە بوون بەدەم ڕاکێشانی تووکەکانی سەر سنگییەوە، (کا) لە خۆیەوە خۆی لەگەڵ ڕیتمی مەخسەرە ئامێز و کارزانیی ئەواندا گونجاند و بە چاوی سووک بۆ شینەی ڕوانی. بەهیچ جۆرێک باسی ئەوەی نەکرد هەڵویستی شینە لە بەرامبەر ئەمدا چەند دوژمنکارانە بووە.

بە شۆفێری ئۆتۆمبیلە سەربازییەکەی گوت بیباتەوە بۆ هۆتێل و لەوێ چاوەڕێی بکات. لەگەڵ دوو پاسەوانەکەیدا بەم سەری سەربازگادا تا ئەوسەری تێ پەڕی. کۆمەڵێک مێردمنداڵ لە ژێر سپیندارەکانی مەیدانی بەردەم قاوشە سەربازییەکاندا زرمەیان دەهات و شەڕە بەفریان دەکرد. (کا) لەولاترەوە کچێکی باریکەڵەی بینی پاڵتۆیەکی لەبەردا بوو، لەگەڵ دوو هاوڕێیدا پاڵیان بە تۆپەڵێک بەفرەوە دەنا و لە بەفر پیاوێکیان دروست دەکرد. پاڵتۆی بەری کچەکە، پاڵتۆیەکی خوریی ڕەنگ سوور و ڕەشی هێنایەوە بیری ئەم کە لە پۆلی سێیەمی سەرەتاییدا بۆیان کڕیبوو. بەری ئاسمان ڕوون و ساف بوو، خۆریش، لە دوای تۆفانێکی هێزپڕووکێن، تازە خەریک بوو لەبەرەوە دەوروبەری گەرم دەکردەوە.

لە هۆتێل یەکسەر ئیپەکی دۆزییەوە. لە ئاشپەزخانە بوو، تەنوورە و بلووزێکی لەبەر کردبوو سەردەمانێک سەرجەم کچانی قۆناغی ئامادەییی لە تورکیا دەیانپۆشی. (کا) بە شادمانییەوە سەیرێکی کرد، ویستی لە ئامێزی

بگرێت، بەڵام تەنیا نەبوو: پوختەی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەی بۆی باس کرد و پێی گوت کارەکان هەم بۆ خۆیان و هەم بۆ قەدیفە بەباشی دەچنە پێش. گوتی ڕۆژنامەکە دابەشکراوە، بەڵام من لە مردن ناترسم! ئەم هێشتا لە قسەکردن بەردەوام بوو کاتێک زاهیدە خۆی بە ئاشپەزخانەدا کرد و باسی دوو پاسەوانەکەی بەر دەرگای کرد. ئیپەک ویستی بێنە ژوورەوە و چای بخۆنەوە. بە نیگای چاو لەگەڵ (کا) ڕێک کەوتن لە سەرەوە، لە ژوورەکەدا یەک ببینن.

(کا) هەر ئەوەندەی گەیشتە ژوورەکەی، پاڵتۆکەی داکەند و هەڵیواسی، چاوی بڕییە بنمیچەکە و کەوتە چاوەڕێکردنی ئیپەک. سەرباری ئەوەی زۆر باشی دەزانی لەبەر ئەوەی شتیان زۆر هەیە بۆ گوتن، ئیپەک بێ نازکردن دێتە سەرێ، کەچی دوای ماوەیەکی کورت ڕەشبینی دای گرت. لە پێشدا خەیاڵی بۆ ئەوە چوو ڕەنگە ئیپەک تووشی بووبێت بە تووشی باوکییەوە، بۆیە نەهاتووە؛ دواتر بە ترسەوە بیری لەوە کردەوە لەوانەیە نەخوازێت بێتە سەرێ. هەمدیسان هەستی بەهەمان ئێش کردەوە کە لە گەدەیەوە وەک ژەهر بە سەرتاپای جەستەیدا بڵاو دەبووەوە. ئەگەر ئەمە ئەو شتە بێت کە خەڵکانی تر ناوی ئازاری ئەڤینی لێ دەنێن، ئەوا بەهیچ کلۆجێک کامەرانی بە مرۆڤ نابەخشێت. دەیزانی لەگەڵ زیاتر قوڵبوونەوەی ئەڤینەکەیدا بۆ ئیپەک، زووتر بێ متمانەیی و ڕەشبینی زەفەری پێ دەبەن. بیری کردەوە ئەوەی مرۆڤ بە خۆشەویستیی ناوی دەبات، بریتییە لە هەستی بێ متمانەیی، ترس لە خۆ تەفرەدان و خەیاڵشکاندن، بەڵام بەپێی ئەوەی هەموو کەسێک ئەڤین بە دۆڕان و نابووتی ناونابات، بگرە بەشێوەیەکی ئەرێنی و جاروباریش بە شانازییەوە باسی دەکرێت، دەبێت ڕەوشی ئەم هەندێک جیاوازتر بێت. لە هەمووی خراپتر، هەر ئەوە نەبوو لە ماوەی چاوەڕوانیکردندا بە گومانەوە بیری دەکردەوە (ئیپەک نایەت، ئیپەک نایەوێت بێت، ئیپەک تەنیا بۆ بەزمگێڕان، یان بۆ مەبەستێکی شاردراوە دێت، هەموویان –قەدیفە، تورگوت بەگ و ئیپەک– لە نێوان خۆیاندا ڕاوێژ بەیەک دەکەن و (کا) بە دوژمن دەزانن و پێویستە لێرە دەرپەڕێندرێت)، بگرە دەیزانی ئەم بیرکردنەوانە نادروست و گوماناوین. لە

هەمان کاتدا، هەم بیرکردنەوەیەکی پڕ لە گومان باڵی بەسەردا دەکێشێت، بۆ نموونە، ئێستا بەدەم سک ئێشەوە بیر لەوە دەکاتەوە ئیپەک خۆشەویستێکی تری هەیە و بە ئازارەوە ئەمـــەی دەهاتە پێش چاو، هەم بە بەشـــێکی تری هۆشی دەیزانی ئەوەی ئەم بیری لێ دەکاتەوە، نەخۆشی نەبێت هیچی تر نییە. چاروبار بۆ دامرکاندنەوەی ئازارەکانی و دیمەنە خراپەکانی پێش چاوی (بۆ نموونە ئیپەک ئێستا بینینی (کا) و ڕۆیشتنی بۆ فرانکفورت لە سەری خۆی دەرهێناوە)، بەتەواوی هێزی خۆیەوە، ئەو بەشەی هۆشی کە هێشتا بەهۆی ئەڤینەوە هاوسەنگیی لە دەست نەدابوو، دەخستە کار و خۆی لە بێ متمانەیی و ترس ڕزگار دەکرد (بێگومان خۆشمی دەوێت، ئەگەر خۆشی نەویستبام، بۆچی هێندە عەشقاوی دەبوو)، بەڵام دوای ساتێکی کورت خەمێکی تر دای دەگرت و تاڵاوی دەکرد بە گەروویدا.

کاتێک لە ڕێڕەوەکەدا گوێی لە دەنگی پێ بوو، لە خەیاڵی خۆیدا وای بۆچوو ئیپەک نەبێت، بگرە کەسێکی تر بێت و بخوازێت نەهاتنی ئیپەکی پێی ڕابگەیەنێت. ئەگەر ئیپەکیشی لە بەردەم دەرگادا بینی، لە هەمان کاتدا بە کـــامـــەرانی و دوژمنکارانە بۆی ڕوانی. دوای دوازدە خـــوولەکی ڕەبەق چاوەڕێکردن، شەکەت بووبوو. بە شادمانییەوە بینی ئیپەک سووراو و سپیاوی کردووە و بۆنێکی دڵگیری لە خۆی داوە.

ئیپەک گوتی: "لەگەڵ باوکم قسەم کرد و پێم گوت دەچمە ئەڵمانیا."

دیمەنە ڕەشبینەکانی ناو سەری (کا) هێندە بەهێز چۆکیان بەسەر سنگیدا دابوو، بەجۆرێک سەرەتا هەستی بە دڵتەنگی کرد و بایەخی بە قسەکانی ئیپەک نەدا. ئەمەش گومانی ئەوەی لەکن ئیپەک وروژاند هەواڵەکانی ئەم (کا)یان دڵخۆش نەکردبێت؛ لە هەمووی خراپتر، ئەم خەیاڵشکاندنە ڕێگەی بۆ پاشەکشەکردنی ئیپەک خۆش کرد، بەڵام بەلایەکی تری هۆشی دەیزانی (کا) زۆر عاشقی ئەم بووە و چۆن منداڵێکی پێنج ساڵە ناخوازێت هەرگیز لە دایکی خۆی داببڕێت، ئەمیش بەهەمان شێوە بەمەوە پێوەستە. دەشیزانی هۆیەکی بردنی ئەم لەلایەن (کـا)وە بۆ ئەڵمـانیـا، هەر ئەوە نەبوو کە لە

فرانکفورت ماڵێکی هەیە و دەیویست تیایدا بەختەوەر بێت، بگرە ئومێدی ئەوە بوو ئەمی دوور لە هەموو چاوەکانی تر، تەنیا بۆ خۆی هەبێت.

"گیانەکەم، ئەوە چیتە؟"

(کا)، کاتێک ساڵانی پاشتر بە دەردی ئەڤینەوە دەتلایەوە، هەزاران جار نەرم و نیانی و شیرینی ناو ئەم پرسیارەی ئیپەکی بیر دەکەوتەوە. هەموو خەمەکانی ناو هۆشی، ترسی دەست لێکبەردان و سامناکترین ئەو دیمەنانەی هێنابوونیە پێش چاوی خۆی، سەرلەبەری بۆ ئیپەک گێڕایەوە.

"بەپێی ئەو هەموو ترسەی پێشوەختەت لە ئازاری ئەڤین، پێ دەچێت ژنێک ئازاری زۆری کردبێت بە گەرووتدا."

"کەمێک ئازارم چەشتووە، بەڵام هەر لە ئێستاوە لەو ئازارە دەترسم کە ڕەنگە بەهۆی تۆوە بیچێژم."

ئیپەک گوتی: "من هەرگیز ئازارت پێ ناگەیەنم. من ئەڤینداری تۆم و لەتەکتدا دێم بۆ ئەڵمانیا. هەموو شتێک بە دڵی خۆمان دەبێت."

بەهەموو هێز و تینی خۆیەوە باوەشی بە (کا)دا کرد و بە ئاسانییەکی مایەی بڕوا پێ نەکردن بەلای (کا)وە سێکسیان کرد. هەڵسوکەوتی توندی لەگەڵیدا، لە ئامێزگرتنی بەوپەڕی هێزەوە و پێستی نەرم و سپیی ئیپەک ئارەزووی سێکسی لای (کا) وروژاند، بەڵام هەردووکیشیان هەستیان کرد پێکەوە نووستنەکەیان وەک ئەوەی دوێنێ شەو قووڵ و بەتین نەبوو.

هۆشی (کا) بەلای نەخشەکانی ناوبژیوانیکردنەوە بوو. بڕوای وا بوو تەنیا جارێک لە ژیاندا کامەران دەبێت، ئەگەر کەمێک ژیرانە ڕەفتار بکات، پاشان دەستی خۆشەویستەکەی دەگرێت و بە سەلامەتی لە قارس بۆی دەردەچن و ئەم کامەرانییەی هەتاهەتایە بەردەوام دەبێت. سەری سووڕما لەوەی لە کاتێکدا لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوە دەکات و بەدەم جگەرەکێشانەوە لە خەیاڵی خۆیدا خەریکی نەخشەدانانە، شیعرێکی نوێی بۆ هات. لە ژێر نیگای پڕ لە خۆشەویستی و سەرسامی ئیپەکدا بە دەستوبرد شیعرەکەی نووسییەوە

و سەردێڕی (ئەڤین)ی بۆی دانا. دواتر لە ئێوارە کۆڕەکانی ئەڵمانیادا شەش جار ئەم شیعرەی خوێندبووەوە. ئەوانەی گوێیان لە شیعرەکە گرتبوو، پێمیان گوت کەمتر لە ئەڤین و خۆشەویستییەوە سەرچاوەی دەگرت، بگرە زیاتر لە ناکۆکیی نێوان ئارامی و تەنیایی، یان متمانە و ترس لەو پانتاییيە تاریکانەی ژیانی (کا)وە کە بۆ خۆیشی سەری لێیان دەرنەکرد، ڕێچکەی دەبەست و جۆرێکیش لە سۆزی تێدابوو بۆ ژنێکی تایبەت. (دواتر تەنیا یەک کەس لێمی پرسی ئەو ژنە کێیە؟) ئەمە بە مەرجێک، (کا) لە تێبینییەکانی سەبارەت بەم شیعرەدا بە زۆری باسی بیرەوەرییەکانی لەگەڵ ئیپەک، تاسەکردنی، وردەکاریی جلوبەرگ و جووڵەکانی کردبوو. یەکێک لە هۆیانەی وای لێم کرد لە یەکەم دیمانەم لەگەڵ ئیپەکدا تا ئەو ڕادەیە بکەومە ژێر کاریگەریی شۆخی و جوانیی ئەو، خوێندنەوەی بەردەوامم بوو بۆ ئەو تێبینییانە.

ئیپەک بەپەلە خۆی پۆشتە کردەوە و گوتی خوشکەکەی دەنێرێت. لەگەڵ دەرچوونی ئەودا، قەدیفە خۆی کرد بە ژووردا. قەدیفە چاوەکانی لە ترساندا داچەقاندبوو، بۆیە (کا) بەمەبەستی هێورکردنەوەی شڵەژانی، گوتی هیچ شتێکی مایەی نیگەرانی ڕووی نەداوە و ڕەفتاری خراپ لەتەک شینەدا نەکراوە. گوتیشی هەوڵی زۆری داوە تا توانیویەتی شینە قایل بکات و زۆریش بە کەسێکی چاونەترس و بوێری دەزانێت. دواتر دەستی کرد بە فراوانکردنەوەی وردەکارییەکانی درۆیەکی پێشتر بۆ هاتبووی: سەرەتا گوتی چەتوونترین شت قایلکردنی شینە بووە بەوەی قەدیفە بەم ڕێککەوتنە ڕازی بووە. گێڕایەوە و گوتی شینە گوتوویەتی ڕێککەوتن لەگەڵ ئەودا بەواتای بێ ڕێزی نواندنە لە بەرامبەر قەدیفە و پێویست بوو سەرەتا لەمبارەیەوە لەگەڵ قەدیفەدا قسە بکرایە. کاتێک قەدیفەی بچکۆلانە بڕۆی هەڵبڕی، (کا) بۆ ئەوەی ڕەهەندێکی ڕاستیی بدات بە درۆکەی، گوتی باوەڕ ناکات شینە زۆر لەسەر ئەم قسەیەی خۆی سوور بێت. لێرەدا ئەوەشی بۆ قسەکانی زیاد کرد، ئەگەرچی مەبەستیشی تەنیا خۆنواندن بوو، لەسەر ئابڕووی قەدیفە لەگەڵ شینەدا زۆر یەکیان هێناوە و بردووە. دواتر گوتی ئەمە (واتا ڕێزگرتن لە

بڕیاری ژنێک) شتێکی ئەرێنییە بۆ شینە. (کا)، ئەگەرچی بە درەنگیش بووبێت، بۆی دەرکەوتبوو تاکە ڕاستی لە ژیاندا لەم شاری قارسە بەختەوەربوونە. ئێستا ڕازی بوو لەوەی دەتوانێت ئەم درۆیانە بە چێژەوە بەو مرۆڤە بەدبەختانە بفرۆشێت کە خوویان داوەتە شەڕ و ناکۆکیی تووڕەهاتی سیاسەت. لەلایەکی دی، قەدیفەی بە ئازاتر و فیداکارتر لە خۆی دەزانی و لەم سۆنگەیەوە خەمگین بوو بەوەی ئەو درۆیانەی پێ فرۆشتووە، چونکە دەیزانی لەوانەیە کچەکە دواجار ڕەنجەڕۆ بێت، بۆیە بە درۆیەکی بێزیان کۆتاییی بە قسەکانی هێنا و گوتی شینە بە گوێیدا چرپاندووە سڵاوی بە قەدیفە بگەیەنێت. جارێکی تر وردەکارییەکانی ڕێککەوتنەکەی دووبارە کردەوە و ڕای قەدیفەی لەسەر پرسی.

"بەشێوەیەک سەرم ڕووت دەکەم کە خۆم بەباشی دەزانم."

(کا) هەستی کرد هەڵە دەکات ئەگەر خۆی لە قەرەی ئەم بابەتە نەدات، بۆیە گوتی شینە بە پەسەندی دەزانێت قەدیفە بارۆکە لەسەر بکات، یان شتێکی تری لەو بابەتە بکات، بەڵام کاتێک بینی وا قەدیفە هەڵدەچێت، بێدەنگ بوو. بەپێی ڕێککەوتنەکە، سەرەتا شینە ئازاد دەکرا، لە شوێنێکی نهێنی خۆی دەشاردەوە و دواتریش قەدیفە بەشێوازێک کە خۆی هەڵی دەبژارد، سەرپۆشی فڕێ دەدا. (کا) لێی پرسی دەکرێت ئەویش لەسەر کاغەزێک بینووسێت گشت ئەو شتانە دەزانێت و پاشان واژۆی بخاتە سەر؟ (کا) ئەو کاغەزەی لە شینەی وەرگرتبوو، بۆ قەدیفەی درێژ کرد بەمەبەستی ئەوەی بەوردی بیخوێنێتەوە و بیکات بە نموونە. ئەگەر بۆی دەرکەوت دەستنووسەکەی شینە هەستی قەدیفەی جوڵاند، (کا) لە ناخەوە هەستی بە خۆشەویستییەک کرد بەرامبەری. قەدیفە بەدەم خوێندنەوەی نامەکەوە، لەپڕ بەدزی (کا)وە بۆنی کرد. لەبەر ئەوەی قەدیفە دۆش دامابوو، (کا) گوتی ئەو نامەیە بۆ قایلکردنی سوپای و دەوروبەرەکەی بۆ ئازادکردنی شینە بەکار دەهێنێت. لەوانەیە سوپا و دەوڵەت لە سۆنگەی سەرداپۆشینەوە لە قەدیفە بەداخ بووبن، بەڵام ئەوانیش وەک سەرجەم دانیشتووانی قارس باوەڕیان بە جوامێری و بەڵێنەکانی هەبوو. (کا)

کاغەزێکی سپیی دایە دەستی قەدیفە و ئەویش بە خۆشییەوە دەستی کرد بە نووسین. (کا) ساتێک تێی ڕوانی. قەدیفە بە بەراورد لەگەڵ پێرێ ئێوارەدا، واتە ئەو کاتەی لە شەقامی قەسابەکان باسی فاڵی ئەستێرەکانیان کردبوو، بەتەمەنتر دەینواند.

(کا) دوای ئەوەی نووسراوەکەی لە قەدیفە وەرگرت و خستییە گیرفانییەوە، گوتی ئەگەر سونای پێ قایل بکرێت، ئەوا گرفتی داهاتوو برێتی دەبێت لە دۆزینەوەی پەنایەکی جێی متمانە بۆ شاردنەوەی شینە لە پاش ئازادکردنی. ئایا قەدیفە ئامادە بوو لە شاردنەوەی شینەدا هاوکاری بکات؟

قەدیفە بە جووڵەی سەر ئاماژەی "بەڵێ"ی بۆی کرد.

(کا) گوتی: "خەمت نەبێت، دواجار هەموومان شادمان دەبین."

قەدیفە گوتی: "کردنی کاری ڕاست هەموو کاتێک مرۆڤ بەختەوەر ناکات."

(کا) گوتی: "ڕاستی ئەوەیە کە بەختەوەرمان دەکات." بیری لەوە دەکردەوە قەدیفە دوای ماوەیەکی تر دەچێتە فرانکفورت و بە چاوی خۆی شادمانیی ئەم و دادەی دەبینێت. ئیپەک لە بازاڕی کاوفهۆف چاکەتێکی هاوینەی کەشخە بۆ قەدیفە دەکرێت، هەموویان پێکەوە دەچن بۆ سینەما، دواتر لە ڕێستۆرانتێکی شەقامی کایزەر سۆسیس دەخۆن و بیرەی بەسەردا دەکەن.

(کا) لە پشت قەدیفەوە پاڵتۆکەی لەبەر کرد، چووە خوارەوە و سواری ئۆتۆمبیلە سەربازییەکە بوو. دوو پاسەوانە کەتەکە لە پشتییەوە دانیشتن. (کا) لە خۆی پرسی گەلۆ ترسی لە بەتەنیایی ڕێکردن زیاد لە پێویست نییە؟ لە شوێنی شۆفێری ئۆتۆمبیلەکەوە سەیری شەقامەکانی قارسی کرد و هیچ شتێکی ترسناکی بەرچاو نەکەوت. بڕێک ژنی بینی بۆ شتومەک کڕین بە سەبەتەوە هاتبوونە بازاڕ. بەدەم سەیرکردنی شەڕە بەفری منداڵان و ڕێ و ڕۆیشتنی پیاوانی بەساڵاچووەوە کە بۆ ئەوەی نەکەوتن قۆڵیان بە قۆڵی یەکدا کردبوو، بیری لەوە کردەوە لەگەڵ ئیپەکدا دەست لە ناو دەست لە فرانکفورت سەیری فیلم دەکەن.

سوناى، له شانى ئالباى عوسمان نوورى چۆلاك هاوبەشى كودەتاكەيەوە دانیشتبوو. (كا) بە گەشبینییەكى سەرچاوەگرتوو لە كامەرانیى خۆیەوە قسەى لەگەڵیان كرد: گوتى هەموو شتێكى ئەنجام داوە، قەدیفە ئامادەیە لە شانۆنامەكەدا بەشدارى بكات و سەرى ڕووت بكات، شینەش ئاگر كەوتووەتە كەوڵى و ئامادەیە لە بەرامبەردا ئازاد بكرێت. هەستى كرد جۆرە لێكگەیشتنێكى ماقوڵى تایبەت بەو كەسانەى لە كاتى لاوییاندا هەمان كتێبیان خوێندووەتەوە، لە نێوان سوناى و ئالبایدا هەیە. بە هۆشیارى، بەڵام بێ شەرمكردن گوتى ئەو مەسەلەیەى بە دەستیانەوەیە، زۆر ئاڵۆزە. دواتر گوتى: "سەرەتا ماستاوم بۆ ئابڕووى قەدیفە سارد كردووەتەوە، دواتریش بۆ شینە." ئەو كاغەزانەى لەوانى وەرگرتبوو، دانى بە سوناى. لە كاتێكدا سوناى كاغەزەكانى دەخوێندەوە، (كا) هەستى كرد كابرا پێش داهاتنى دانى نیوەڕۆ، خواردوویەتیەوە. كەمێك سەرى لە دەمى سوناى نێزیك كردەوە و گومانى نەما لەوەى كابرا ئارەقى خواردووەتەوە.

سوناى گوتى: "ئەم زەلامە دەیەوێت پێش ئەوەى قەدیفە بچێتە سەر شانۆ و سەرى ڕووت بكات، ئازاد بكرێت. زۆر هۆشیارە."

(كا) گوتى: "قەدیفەش هەمان شت دەڵێت. هەوڵى زۆرم دا، بەڵام هەر ئەوەندەم لە دەست هات."

ئالباى عوسمان نوورى چەلیك گوتى: "ئێمە وەك دەوڵەت بۆچى باوەڕ بەوانە بكەین؟"

(كا) گوتى: "ئەوانیش بڕواى خۆیان بە دەوڵەت لە دەست داوە. ئەگەر ئەم بێ متمانەییە بەردەوام بێت، بەهیچ ئەنجامێك ناگەین."

ئالباى گوتى: "ئایا شینە پەى بەوە نابات هەر بۆ پەند هەڵبواسرێت و دواتریش لێپرسراوییەكە بخرێتە ئەستۆى شانۆكارێكى سەرخۆش و ئالبایەكى خەمبار؟"

"زۆر باش دەزانێت، بەجۆرێك ڕەفتار دەكات وەك ئەوەى لە مردن نەترسێت، بۆیە ناتوانم تێ بگەم داخۆ بەڕاستى بیر لە چى دەكاتەوە. ئاماژەى

بۆ ئەوەش کرد کە خوازیارە لە دار بدرێت بۆ ئەوەی ببێت بە کەسێکی پیرۆز و بکرێت بە سیمبول."

سونای گوتی: "گریمان سەرەتا شینەمان ئازاد کرد، ئەدی چۆن بڕوا بکەین قەدیفە پەیمان ناشکێنێت و لە شانۆگەرییەکەدا بەشداری دەکات؟"

"دەتوانین لە بەڵێنی شینە زیاتر بڕوا بە بەڵێنەکەی قەدیفە بکەین، چونکە کچی تورگوت بەگە، ئەو پیاوەی کە سەردەمانێک ژیانی خۆی لەسەر بنەمای پابەندبوون بە سەربەرزی و دۆزێکەوە بنیات ناوە و ژیانی خۆی لەو ڕێیەدا بە فیڕۆ داوە. سەرباری ئەوەش، ئەگەر ئێستا پێی بگوترێت شینە ئازاد کراوە، ئەوا خۆیشی نازانێت داخۆ ئێوارە دێتە سەر شانۆ، یاخۆ نا، چونکە ڕەهەندێکی تووڕەیی و بڕیاردانی کاتیی تێدا هەیە."

"پێشنیازی تۆ چییە؟"

(کا) گوتی: "دەزانم ئێوە ئەم کودەتا سەربازییەتان تەنیا لە پێناوی سیاسەتدا نەکردووە، بگرە لە پێناوی هونەر و جوانیشدا. تێش دەگەم سونای بەگ بەدرێژاییی ژیانی لە پێناوی هونەردا سیاسەتی کردووە. ئێستاش ئەگەر دەتانەوێت تەنیا سیاسەت بکەن، پێویستە شینە ئازاد بکەن و خۆتان نەخەنە مەترسییەوە. دەشزانن سەر ڕووتکردنی قەدیفە بە پێش چاوی هەموو قارسەوە، لە سەرێکەوە هونەرە و لە سەرێکی تریشەوە سیاسەتێکی قوڵە."

عوسمان نووری چۆلاک گوتی: "ئەگەر سەری ڕووت بکات، شینە ئازاد دەکەین. سەرجەم خەڵکی شاریش بۆ شانۆنامەکەی ئێوارە کۆ دەکەینەوە."

سونای باوەشی بە هاوڕێ دێرینەکەی سەردەمی سەربازیدا کرد و ماچی کرد. دوای چوونە دەرەوەی ئالبای، گوتی: "دەمەوێت هەمووو ئەمانە بۆ ژنەکەشم بگێڕیتەوە!" ئەمەی گوت و دەستی (کا)ی گرت و بردی بۆ ژوورێکی پشتەوە. فوندا ئەسەر، لە ژوورێکی سارد و بێ کەلوپەلدا کە سۆپایەکی کارەبایی گەرمی دەکردەوە، دەقێکی بەدەستەوە بوو بە خۆنواندنەوە دەیخوێندەوە. هەستی کرد (کا) و سونای لە دەرگای کراوەوە تەماشای دەکەن، بەڵام بێ خۆتێکدان لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بوو. (کا) بۆی نەکرا

بەوردی سەرنج لە قسەکانی خۆی بدات، چونکە بۆیاخی دەوروبەری چاوی، ڕەنگی ئەستووری سەر لێوەکانی و جلوبەرگەکانی بەری و دەرپەڕینی مەمکەکانی، سەری لێ شێواند. سونای بە لە خۆباییبوونەوە گوتی: "مۆنۆلۆجی ئەو ژنە تۆڵەسێنەیە کە لە شانۆنامەی -تراژیدیای ئیسپانیا-ی کیددا دەستدرێژی دەکرێتە سەر ئابڕووی. لەسەر بنەمای شانۆنامەی -مرۆڤە باشەکانی سەزونا-ی برێخت و بەر لە هەموو شتێکیش بە سوودوەرگرتن لە خەیاڵی من داڕێژراوەتەوە. ئێوارە لە کاتێکدا فوندا ئەمە دەخوێنێتەوە، قەدیفە خاتوون، بە چمکی ئەو سەرپۆشەی کە هێشتا زاتی نەکردووە فڕێی بدات، فرمێسکی چاوەکانی دەسڕێتەوە."

فوندا ئەسەر گوتی: "ئەگەر قەدیفە خاتوون ئامادەیە، با یەکسەر دەست بە پرۆڤە بکەین."

تۆنی ئارەزوو لە دەنگی ژنەکەدا، نەک تەنیا عەشقی شانۆ، بگرە بانگەشەی هاوڕەگەزبازبوونی فونداشی هێنایەوە بیری (کا)، ئەوە بانگەشەیەک بوو لەلایەن ئەوانەوە درابووە پاڵی کە دەیانویست گێڕانی ڕۆڵی ئەتاتورک لە دەست سونای دەربهێنن. سونای وەک ئەفسەرێکی شۆڕشگێڕ نا، بگرە زیاتر بە ڕیتمی بەرهەمهێنەرێکی لە خۆباییبووی شانۆوە ڕای گەیاند هێشتا بەشداربوونی قەدیفە لە شانۆنامەکەدا یەکلایی نەبووەتەوە. لەو ساتەدا یاوەرێک هاتە ژوورەوە و گوتی سەرداربەگی خاوەنی ڕۆژنامەی شاری سەرحەدی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. (کا)، بە بینینی کابرا لە بەردەم خۆیدا، لە ناخەوە هەستی بە تەنگاوبوونێک کرد لە جۆری ئەوەی لە ساڵانی پێش دەرچوونیدا لە تورکیا هەستی پێ دەکرد. فەرموویان لێ کرد بۆ سەر خوانێکی خواردنەوە و پەنیری سپی کە دیاربوو زۆر پێشتر بەتایبەتی ئامادەکرابوو. وەک کەسانێکی نێزیک لە دەسەڵاتی سەرکەوتووی لە جۆری ئەوانەی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خەڵکانی تر شتێکی زۆر ئاسایی بێت بەلایانەوە، بە بڕوا بەخۆبوونەوە، بە ئاسوودەیی و بێ بەزەییانە ئارەقیان خواردەوە، نانیان خوارد و سەبارەت بە شتەکانی جیهان قسەیان کرد.

لەسـەر داوای سـونای، (کا) ئەو قسـانەی بۆ فوندا ئەسـەر دووبارە کردەوە کە کەمێک پێشتر سەبارەت بە هونەر و سیاسەت کردبوونی. فوندا بەجۆشەوە پێشـوازیی لە وتەکان کرد و یارۆی ڕۆژنامـەنووسـیش ویسـتی تۆمـاریان بکات بۆ بڵاوکردنەوەیان لە ڕۆژنامەکەیدا، بەڵام سـونای بە زبری سەرزەنشـتی کرد. داوای لێ کـرد سـەرەتا ئەو درۆیانە ڕاسـت بکاتەوە کـە لـە ڕۆژنامـەکـەیدا سـەبارەت بـە (کا) بە چاپی گـەیاندووە. سـەردار بەگیش بەڵێنی دا هـەواڵێکی زۆر ئـەرێنـی دابڕێژێت و لە پـەڕەی یەکـــەمـــدا بڵاوی بکـاتەوە بـۆ ئەوەی ئـەو بۆچوونە خـراپە لە بیر بچێتەوە کە لەکن خـوێنەرانی بیرەوەری کورتی قـارس سەبارەت بە (کا) دروست بووە.

فـوندا ئەسـەر گـوتی: "بەڵام مـانشـێـتی ڕۆژنـامـەکـەت دەبێت سـەبارەت بە شـانۆگەریی ئەم ئێوارەیەمان بێت."

سـەردار بـەگ گـوتی بێگومـان ئەو هەواڵـە بەو جـۆرەی داوای لێ دەکـرێت، دەنووسـێت و لە ڕۆژنامـەکەیدا بـڵاوی دەکاتەوە. کـابرا زانیـارییـەکی ئەوتۆی دەربارەی شـانۆی کلاسیک و شـانۆی هاوچەرخ نەبوو، گـوتی: " ئەگەر سـونای بەگ پێم بڵێت شـانۆنـامـەی ئەم ئێـوارەیە باسی چی دەکـات، واتا ئەگـەر ئەو هەواڵەکە بڵێت و من بینووسـمـەوە، ئەوا سـبـەینێ بێ هەڵە لە پەڕەی یەکەمدا بڵاو دەکرێتەوە." بەڕێزەوە بەبیری هێنایەوە بەدرێژاییی ژیانی ڕۆژنامەگەریی خـۆی، چەندین هەواڵی بە دروسـتی پێش لە ڕووداوەکان بـە ڕاسـتـترین شـێوە نووسیوە. بە گوێرەی ئەوەی بەهـۆی هەلومەرجی شـۆڕشەکەوە کاتی چاپکردنی ڕۆژنامـەکە خـرابووە سـەعـات چوار، هێشـتـا چوار سـەعـات کـات بۆ ئەو کـارە بەدەستەوە مابوو.

سونای گـوتی: "زۆر ڕات ناگرم بۆ زانینی ڕووداوەکانی ئەم ئێوارەیە." (کا) دیبـووی لەگـەڵ دانیـشـتنیـاندا لە دەوری مـێـزەکـە، یەکـسـەر پێکێک ئارەقی هەڵدابوو. لەگـــەڵ ئامـــادەکـــردنی پێکێکی تردا (کـــا) ئازار و جـــۆشـی لە چاوەکانیدا بینی.

دواتر سونای وەک ئەوەی هەڕەشەی لێ بکات، سـەیری سـەردار بەگی کرد و

نەڕاندی: "ئەی ڕۆژنامەنووس، بنووسە! مانشێت: مردن لەسەر شانۆ. (کەمێک بیری کردەوە.) ژێرمانشێت: (کەمێک بیری کردەوە): ئەکتەری ناسراو سونای زایم دوێنێ لەسەر شانۆ کەوتە بەر هێرش و کوژرا. ژێرمانشێتێکی تریش."

بە سەنگینییەکی ئەوتۆ قسەی دەکرد (کا)ی تووشی واقوڕمان کردبوو. بێ ئەوەی بزەی بێتێ، بەرێزەوە گوێی بۆ سونای ڕاگرتبوو. یارۆی ڕۆژنامەنووس لە هەر جێیەک تێ نەگەیشتبا، ئەم بەهانایەوە دەچوو.

بە پشوودانەکانیشەوە کە سونای لە میانەیاندا بیری دەکردەوە و ئارەقی دەخواردەوە، نووسینەوەی هەواڵەکە بەتەواوی سەعاتێکی خایاند. کاتێک دوای چەند ساڵێک چوومە قارس، دەقی تەواوی هەواڵەکەم لە سەردار بەگی خاوەنی ڕۆژنامەی شاری سەرحەد وەرگرت:

## مردن لەسەر شانۆ

### ئەکتەری ناسراو سونای زایم دوێنێ لەسەر شانۆ کەوتە بەر هێرش و کوژرا

لە کاتی شانۆنامەی دوێنێ ئێوارەدا لە هۆڵی شانۆی گەل، قەدیفەی لەچکدار، سەرەتا لە ژێر کاریگەریی ئاگری ڕۆشنگەریدا سەری خۆی ڕووت کرد، پاشان ڕووی چەکی دەستی لە سونای زایمی بگێڕی ڕۆڵی پیاوە خراپەکارەکە کرد و زرمەی لێ هەڵساند. دانیشتووانی قارس بە بینینی ڕووداوەکە لە وەشانی زیندوودا، واقیان وڕما.

"سونای زایم سێ ڕۆژ لەمەوبەر هاتووەتە شارەکەمان و بە شانۆگەرییە شۆڕشگێڕانە و داهێنەرەکانی کە لە سەر شانۆوە تێکەڵ بە ژیان دەبن، تیشکی ڕۆشنگەری و ئارامیی بۆ قارس هێناوە. خۆی و گرووپی شانۆکەی، دوێنێ ئێوارە بە شانۆنامەکانیان بۆ جاری دووەم سەرنجی دانیشتووانی شاری قارسیان بۆ سەر خۆیان ڕاکێشا. ئەم شانۆگەرییە بە دەستکارییەوە لە نووسەر -کید- وەرگیراوە، ئەو نووسەرەی تەنانەت کاریگەریی بەسەر شکسپیریشەوە

هەبووە و مافی خۆی نەدراوەتێ. سونای زایم ڕەوتی ڕۆشنگەرییی شانۆی خۆی کە ماوەی بیست ساڵی ڕەبەقە هەوڵ دەدات لە ناوچە دابڕاو و لە بیرکراوەکانی ئەنادۆڵدا، لە سەر شانۆ چۆڵەکان و چایخانەکان پێشکێشی بکات، لەو شانۆگەرییەدا گەیاندە کۆتاییی ڕەها. قەدیفەی سەرکردەی کەللەڕەقی کچانی سەرپۆش بەسەر بەهۆی جۆشی ئەم دراما هاوچەرخ و بزوێنەرەوە کە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە سەر ژاکۆبەنەکانی فرەنسا و شانۆی ژاکوبەنی ئینگلیزی، بە بڕیارێکی لەپڕ دراو لەسەر شانۆ سەرپۆشی فڕێ دا و بە پێش چاوی نیگا واقوڕماوەکانی سەرانسەری قارسەوە ڕووی لوولەی چەکی دەستی کردە سونای زایم و دایە بەر دەستڕێژی گوللە. سونای زایم ڕۆڵی پیاوە خراپەکارەکەی دەگێڕا، مرۆڤێکی گەورەی شانۆ بوو، و وەک کید مافی خورابوو. قارسییەکان بیریان کەوتەوە دەستڕێژەکانی کاتی شانۆنامەکەی دوو ڕۆژ لەمەوبەر ڕاستی بووە و بە سەرسووڕمانەوە هەستیان کرد سونای زایم بەڕاستی پێکراوە. بینەرانی قارس زۆر باش تێ گەیشتبوون لە شانۆگەرییەکەدا ڕزگاربوونی مرۆڤ لە داب و نەریت و پاڵەپەستۆی ئاین پێشان دراوە، بەڵام چەندی هەوڵیان دا بۆیان ڕوون نەبووەوە داخۆ سونای زایم مردووە، یاخۆ زیندووە، چونکە ئەو تا ئەوپەڕی سنوور باوەڕی بە شانۆنامەکەی خۆی هەبوو، سەرباری هەبوونی فیشەک لە جەستەیدا، لە ناو خوێنیشدا لەسەر ڕۆڵگێڕان بەردەوام بوو. بەڵام بینەران دەیانزانی دیالۆگەکانی پێش مردنی و بەخشینی ژیانی بە هونەر، هەرگیز لە بیر ناکەن."

سەردار بەگ دوایین شێوەی هەواڵەکەی دوای ڕاستکردنەوەی لەگەڵ سونایدا بۆ ئەوانەی دەوروبەری مێزەکە خوێندەوە و گوتی: "هەڵبەتە من لەسەر فەرمانی ئێوە ئەمە لە چاپی سبەینێی ڕۆژنامەکەمدا بڵاو دەکەمەوە، بەڵام بە پێچەوانەی دەیان هەواڵی ترەوە لەوانەی پێش ڕووداوەکان نووسیومن

و دواتر هاتوونەتە دی، بۆ جاری یەکەم لە خوا دەپاڕێمەوە ناوەڕۆکی ئەم هەواڵە ڕاست دەرنەچێت! خۆ بەڕاستی نامرن، وا نییە بەڕێزم؟"

سونای گوتی: "هەوڵ دەدەم بگەمە ئەو سەرزەمینەی دواجار هونەری ڕاستەقینە پێی دەگات، تێ دەکۆشم ببم بە ئەفسانە. ئەگەر سبەینێش بەفر خۆشی بکاتەوە و ڕێگە و بانەکان بکرێنەوە، مردنی من هیچ بایەخێکی نامێنێ بۆ قارسییەکان."

لەپڕ نیگای لەگەڵ نیگای ژنەکەیدا یەکانگیر بوو. ژن و پیاوەکە بە تێگەیشتنێکی هێندە قوڵەوە سەیری یەکتریان دەکرد، بەجۆرێک (کا) ئیرەیی پێیان برد. لە خۆی پرسی داخۆ ئەویش لەگەڵ ئیپەکدا هەمان لە یەکتر تێگەیشتنیان دەبێت و ژیانێکی کامەران بەسەر دەبەن؟

سونای گوتی: "ڕۆژنامەنووسی بەڕێز، ئێوە بڕۆن و ڕۆژنامەکەتان بۆ چاپکردن ئامادە بکەن. با یاوەرەکەم کلێشەی وێنەیەکی منتان بداتێ بۆ ئەم ژمارە مێژووییەی ڕۆژنامەکەتان." هەر ئەوەندەی یارۆی ڕۆژنامەنووس چووە دەرەوە، سونای دەستی لە ڕیتمی گاڵتە ئامێزانەی دەنگی خۆی هەڵگرت، چونکە پێشتر بەهۆی زیاد خواردنەوەی ئارەقەوە دەنگی بەسەر (کا)دا بەرز کردبووەوە. گوتی: "مەرجەکانی شینە و قەدیفە پەسەند دەکەم." پاشان ڕووی لە فوندا ئەسەر کە برۆیەکی هەڵبڕیبوو، کرد و بۆی ڕوون کردەوە بەپێی بەڵێنەکەی قەدیفە سەبارەت بە سەر ڕووتکردنی لە شانۆگەرییەکەدا، سەرەتا شینە ئازاد دەکرێت.

فوندا ئەسەر گوتی: "قەدیفە خاتوون کەسێکی زۆر ئازایە. هەر لە ئێستاوە دەزانم لە پرۆڤەکاندا لە یەکدی دەگەین."

سونای گوتی: "پێکەوە دەچن بۆ لای، بەڵام سەرەتا پێویستە شینە ئازاد بکرێت، لە جێیەک خۆی بشارێتەوە، شوێنپێی خۆن ون بکات و هەواڵ بە قەدیفە خاتوون بگەیەنێت. ئەمەش کاتی دەوێت."

سونای، داخوازی فوندا ئەسەری بۆ دەستبەجێ دەست پێکردنی پرۆڤە لەگەڵ قەدیفەدا بەهەند نەگرت، بگرە لەگەڵ (کا)دا کەوتە باسکردنی شێوازی

چۆنیەتیی ئازادکردنی شینە. لە میانەی تێبینییەکانی (کا)وە تێ دەگەم ئەم تا ڕادەیەک بڕوای بە بەدەربەستبوونی سونای لەم بابەتەدا هەبووە. واتا بە بۆچوونی (کا)، سونای هیچ نەخشەیەکی نەبووە سەبارەت بەوەی شینە دوای ئازاد کردنی چاودێری بکرێت، شوێنی خۆحەشاردانی دەستنیشان بکرێت و دوای سەر ڕووتکردنی قەدیفە لەسەر شانۆ، هەمدیسان دەستگیر بکرێتەوە. ئەمە بیرۆکەی کارمەندانی هەواڵگریی میللی بوو لەوانەی ڕاست و چەپی هەموو شوێنێکیان مایکرۆفۆنڕێژ کردبوو، لە ڕێی سیخوڕە دووسەرەکانەوە لە هەموو شتێک تێ گەیشتبوون و هەوڵیان دابوو ئالبای عوسمان نووری چۆلاک بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. کارمەندانی هەواڵگریی میللی لە سۆنگەی باش ئاگاداربوونیان لە پێشهاتەکان، ئەم بیرۆکەیەیان داڕشتبوو. ئەوان هێزی سەربازییان نەبوو بۆ ئەوەی شۆڕشەکە لە دەستی سونای و ئالبایەکی تۆراو و چەند ئەفسەرێکی دەوروبەریان دەربهێنن؛ بەڵام لە ڕێگەی ئەو پیاوانەی بە هەموو لایەکدا بڵاوەیان پێیان کردبوو، هەوڵیان دەدا سنوورێک بۆ شێتبوونە (هونەری)یەکانی سونای دابنێن. سەردار بەگ، ئەو هەواڵەی لەسەر مێزی خواردنەوە لە سونای وەرگرتبوو، پێش ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ئامادەی بکات، بە بێتەل بۆ ناسیاوەکانی خۆی لە میت خوێندبوویەوە. کارمەندانی میت لە توانای ئەقڵی و لە متمانەکردن بە سونای کەوتبوونە گومانەوە. تا دوایین ساتیش کەس نەیدەزانی تا چ ڕادەیەک لە نیازی سونای بۆ ئازادکردنی شینە ئاگادارن.

من باوەڕ ناکەم ئێستا ئەو وردەکارییانە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان بەسەر ئەنجامی چیرۆکەکەمانەوە هەبێت، بۆیە بەدرێژی ناچمە ناو وردەکارییەکانی جێبەجێکردنی نەخشەی ئازادکردنی شینەوە. سونای و (کا) لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن ئەم ئەرکە بە یاوەرە سیواسییەکەی سونای و فازیل بسپێرن. سونای، ناوونیشانی فازیلی لە کارمەندانی میت وەرگرت، ئۆتۆمبیلێکی نارد بە شوێنیدا و دوای دە خوولەک گەیشت. فازیل کەمێک ترسی پێوە دیار بوو، و ئەمجارە نەجیبی نەخستەوە بیری (کا). بۆ خۆدزینەوە لە هەواڵدزەکان، لەگەڵ

یاوەرەکەی سونایدا لە دەرگای پشتەوەی درووما‌نخانەکەوە دەرچوون و ڕوویان لە سەربازگاکە کرد. سەرباری گومانی کارمەندانی میت سەبارەت بەوەی لەوانەیە کارێکی تووڕەهات لە سونای بوەشێتەوە، ئامادەکارییان نەگەیشتبوونە ئاستێک بتوانن لە هەموو جێیەک پیاوی خۆیان بچێنن. دواتر (کا) زانیبووی شینە لە ژووری سەربازگاکە ئازاد کراوە، هاوڕێ لەگەڵ هۆشیاریدانەکەی سونای "فێڵ نەبێت"، سواری ئۆتۆمبیلێکی سەربازی دەکرێت، یاوەری سیواسی، ئۆتۆمبیلەکە لە قەراغ پردی ئاسنینی قارس کە پێشتر فازیل دەستنیشانی کردبوو، ڕادەگرێت، شینە لە ئۆتۆمبیل دێتە خوارەوە، وەک پێی گوتراوە خۆی دەکات بە دووکانی بەقاڵێکدا، یارۆی بەقاڵ لە جامخانەی پێشەوەدا تۆپی باغە، قوتووی تایت و ڕێکلامی سجوقی داناوە، لەوێ خۆی لە ژێر خێوەتی گالیسکەیەکدا کە لەو کاتەدا بوتڵی ئای گازی بۆ کابرای بەقاڵ هێناوە، حەشار دەدات و بە سەرکەوتوویی شوێنپێی خۆی ون دەکات. لە فازیلیش بەولاوە کەسی تر نەیدەزانی گالیسکەکە شینەی بەرەوە کوێ بردووە.

جۆرکردن و ئەنجامدانی هەموو ئەو کارانە سەعات و نیوێکی خایاندبوو. لە دەوروبەری سەعات سێ و نیودا، ئەو کاتەی سێبەری دار زەیتوونی ڕووسی و کەستانە لە چاوان ون دەبێت و سەرەتای تاریکیی ئێوارە وەک تارمایی باڵ بەسەر شەقام و کۆڵانەکانی قارسدا دەکێشێت، فازیل هەواڵی بە قەدیفە گەیاند و گوتی شینە لە شوێنێکی جێی متمانەدا خۆی حەشار داوە. فازیل، لە بەردەم دەرگای پشتەوەی ئاشپەزخانەی هۆتێلەکەدا، بەجۆرێک سەیری قەدیفەی دەکرد وەک ئەوەی لە ئاسمانەوە هاتبێتە خوارێ، بەڵام کچەکە بە دەردی نەجیب، ئەویشی وێڵ کرد. قەدیفە لە خۆشیاندا هەڵبەزییەوە و ڕای کردە ژوورەکەی خۆی. لەو ساتەدا ئیپەک دوای بەسەربردنی سەعاتێک لە ژووری (کا) هاتە دەرەوە. لە سەرەتای بەشێکی نوێی ئەم ڕۆمانەدا دێمە سەر باسی ئەو یەک سەعاتە کە هاوڕێی خۆشەویستەم دواتر بڕوای وا بوو لە میانەیدا بە بەڵێنی بەختەوەری شادمان کراوە.

## ٣٧

# تاكە دەقی ئەم ئێوارەیە ڤژی قەدیفەیە

## سازدانی تەدارەک بۆ دواپیین شانۆگەری

پێشتر باسم کردبوو (کا) یەکێکە لەو کەسانەی لە کامەرانی دەترسن، چونکە پێیان وایە دواجار بەشیان تەنیا ئازارچەشتن دەبێت. دەزانین لەم سۆنگەیەوە بوو لە کاتی کامەرانیدا نا، بگرە لە کاتێکدا باوەڕی بکردایە کامەرانی لە دەست دەدات، زیاتر چێژی لێ وەردەگرت. لەسەر مێزی خواردنەوەکەی سونای هەڵسا، دوو پاسەوانە کەتەکە کەوتنە دوای و گەڕایەوە بۆ هۆتێل. هێشتا باوەڕی وا بوو هەموو شتێک بەباشی دەچێتە پێش و هەمدیسان ئیپەک دەبینێت، زۆریش دڵخۆش بوو، بەڵام ترسی لە دەستدانی کامەرانی، بەهێزتر لە هەناویدا شەپۆلی دەدا. من کاتێک دێمە سەر باسی ئەو شیعرەی کە هاوڕێکەم دەوروبەری سەعات سێی ڕۆژی پێنجشەمە لە ژووری هۆتێل نووسیویەتی، ناچارم هەردوو دۆخی جیاوازی دەروونی بهێنمە پێش چاوان. ناوی (سەگ)ی لە شیعرەکەی نابوو، ناوەڕۆکی هۆنراوەکەی پێوەندیی بەهەمان سەگی ڕەنگ خەڵوزییەوە هەبوو کە لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا لە درووومانخانەوە، جارێکی تر دیبووی. دوای چوار خوولەک لە بینینی سەگەکە، گەیشتووەتە ژووری خۆی، بەدەم بڵاوبوونەوەی ئازاری ئەڤین وەک ژەهر بە هەناویدا و کاتێک لە نێوان چاوەڕوانییەکی گەورەی بەختەوەری و ترسی لە دەستدانیدا گینگڵی داوە، شیعرەکەی نووسیوە. لەم شیعرەدا شوێنپێی ترسی سەردەمی منداڵی لە سەگ بەدی دەکرا: هێشتا شەشساڵان بووە، سەگێکی بۆز لە پارکی ماچکا بەهەموو کەسێک وەڕیوە و هاوڕێیەکی خراپی

گەڕەکی خۆیان سەگەکەی بەرداوەتە گیانی گشت کەسێک. (کا) دواتر باوەڕی هێنابوو ترسانی لە سەگ، سزای ساتەکانی کامەرانی بووە لە سەردەمی منداڵیدا. بەڵام لێرەدا دووفاقییەکیش سەرنجی ڕاکێشابوو: پاش ئەوەی سەگەل دەهاتن و شوێنی گەمەی منداڵانیان دەکرد بە دۆزەخ، ئەوسا یاری دووگۆڵی لە کۆڵان، توو کۆکردنەوە، یان کۆکردنەوەی وێنەی یاریزانانی تۆپی پێ کە لە کاغەزی چکلێت دەردەهێندران و منداڵان بۆ خۆشی گەمەیان پێیان دەکرد، بەلای منداڵانەوە شیرینتر دەبوو.

ئیپەک پاش حەوت هەشت خوولەک لە دوای ئاگاداربوونی لە گەڕانەوەی (کا) بۆ هۆتێل، چووبووە ژوورەکەی. بۆی ڕوون نەبووەوە داخۆ ئیپەک بە گەڕانەوەی ئەوی زانیوە، بەخەیاڵیدا هاتبوو هەواڵی بۆ بنێرێت. ماوەی چاوەڕوانیکردنەکە بەلای (کا)وە زۆر ماقوڵ بوو، جاری یەکەمی بوو فریا نەکەوێت بیر لەوە بکاتەوە گەلۆ ئیپەک دوادەکەوێت، یان لەوانەیە بڕیاری دابێت دەست لەم هەڵبگرێت؟ زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی یەکتریان بینی. هێمایەکی کامەرانیش بە ڕووخساری ئیپەکەوە دیار بوو هی ئەوە نەبوو بە ئاسانی تێک بشکێت. (کا) پێی گوت هەموو شتێک زۆر باش دەچێتە پێش، ئەویش هەمان شتی بەم گوت. (کا) لە وەڵامی پرسیاری ئیپەکدا گوتی دوای کەمێکی تر شینە ئازاد دەکرێت، ئەمە ئیپەکی دڵخۆشتر کرد. وەک دووانەیەکی زۆر کامەران کە خۆپەرستانە ترسی ئەوەیان هەبوو خەمگینی و بەدبەختیی کەسانی تر و خراپەکارییەکانیان زیان بە شادمانیی ئەمان بگەیەنێت، هەر بەوەندەوە نەوەستان باوەڕ بە خۆیان بهێنن کارەکان باش دەڕۆنە پێشەوە، بگرە بە شەرمەوە هەستیان کرد ئامادەن لە پێناوی لەکەدار نەبوونی کامەرانیی خۆیاندا تەواوی ئێش و ئازار و خوێنی ڕژاو لە بیر خۆیان ببەنەوە. چەندین جار یەکیان لە ئامێز گرت و بە تاو یەکدییان ماچ کرد، بەڵام نەچوونە جێگەوە و لەگەڵ یەکدا نەنووستن. (کا) گوتی دەتوانێت لە ڕۆژێکدا لە ئەستەنبوڵ ڤیزای ئەڵمانیا بۆ ئیپەک وەربگرێت، ناسیاوێکی هەیە لە کونسوڵخانە، پێویست ناکات بۆ ڤیزا وەرگرتن یەکسەر زەماوەند بکەن و لە

فرانکفورت چۆن بخوازن دەتوانن ئەو کارە جێیەجێ بکەن. قسەیان هێنایە سەر ئەوەی قەدیفە و ئیپەک کارەکانی خۆیان لێرە جۆر بکەن، بێنە فرانکفورت و بگرە باسی ئەوەشیان کرد دەکرێت لە چ هۆتێلێک لابدەن. لەبەر ئەوەی سەریان گێژ و خۆشیان تینووی کامەرانی بوون، باسی وردەکاریی وایان دەکرد کە لەبەر ئەوەی هەر زۆر خەیاڵی بوون، ئەم تەنانەت شەرمی دەکرد بیریشی لێ بکاتەوە. ئیپەک کەوتە قسەکردن سەبارەت بە خەمە سیاسییەکانی باوکی، ئەگەری تەقاندنەوەی بۆمب لەلایەن کەسانێکەوە بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوە، پێویستیی مانەوەی (کا) لە هۆتێل و نەچوونە دەرەوەی. بەڵێنیان بە یەکتر دا بەیەکەم پاس، کەس شار بەجێ دەهێڵێت، بڕۆن. دەستیان خستە ناو دەستی یەکدی و لە پەنجەرەکەوە چاویان بڕییە ڕێگە بەفراوییەکانی چیا.

ئیپەک پێی گوت دەستی کردووە بە ئامادەکردنی باوڵی کەلوپەلەکانی. (کا) لە پێشدا پێی گوت هیچ لەگەڵ خۆیدا نەهێنێت، بەڵام ئیپەک کۆمەڵێک شتی سەردەمی منداڵیی هەبوو ئەگەر لێیان دوور بوایە، هەستی بە کەموکورتی لە خۆیدا دەکرد. ئەو کاتەی لە بەردەم پەنجەرە ڕاوەستابوون و سەیری شەقامی بە بەفرداپۆشراویان دەکرد (ئەو سەگەی ئیلهامی شیعرەکەی پێ بەخشیبوو، لەو کاتەدا چرکەساتێک دەرکەوت و دواتر یەکسەر دیار نەما)، ئیپەک کەوتە ژماردنی ئەو شتانەی کە سەرباری پێداگرتنی (کا) ئامادە نەبوو دەستبەرداریان بێت: سەعاتێکی منداڵانە: ئەو سەردەمەی لە ئەستەنبوڵ بوو، دایکی بۆ هەریەکەیان دانەیەک لەو سەعاتەی کڕیبوو، لەبەر ئەوەی قەدیفە سەعاتەکەی خۆی ون کردبوو، ئیپەک ئەوەی خۆی بەلاوە شیرینتر بووبوو؛ بلووزێکی شینی ئاسمانیی نایابی لە خوریی ئانگۆرا چندراو: خاڵی کۆچکردووی کە ماوەیەک لە ئەڵمانیا ژیابوو، بەدیاری بۆی هێنابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کەمێک تەسک بوو، لە قارس نەیتوانیبوو لەبەری بکات؛ پەردەیەکی بە دەزووی زیوین چندرابووی سەر مێز، لەبەر ئەوەی لە یەکەم بەکارهێنانیدا موختار مورەبای بەسەردا ڕژاندبوو، ئیدی بە کاری نەهێنابوو؛

حـەقـدە شـووشـەی ئارەق و بۆنی پڕ لـە میـرووری چاوەزار، لە سـەرەتادا بێ ئامـانج کۆی کـردبوونەوە و دواتریش بەبیـانووی ئەوەی گـوایە دەیپارێزن، بۆی نەدەکرا دەستبەرداریان بێت؛ وێنەیەکی خـۆی، لە سەردەمی منداڵیدا گیراوە و تیـایدا ئەم لـە باوەشی دایک و باوکـیـدایە -(کـا) لەو کـاتەدا حـەزی کـرد ئەو وێنەیە ببینێت-؛ دەستێک جلی زۆر جوانی مەخمەڵی بۆ کاتی ئێواران: لەگەڵ موختاردا پێکەوە لە ئەستەنبوڵ کڕیبوویان و مێردەکەی مۆڵەتی دابوویێ تەنیا لە مـاڵەوە لەبەری بکات، چونکە لە دواوە زۆر کراوە بـوو؛ شـاڵێکی ئاوریشـم بۆ ئەوەی موختار قایل بکات تا بەسەر دەستە جلی ئێواراندا بیپۆشێت؛ جووتێک پێـڵاوی چەرم، لە ترسی قوڕ و چڵپاوی قـارس لە پێی نەکردبوو؛ گـەردانەیەکی گەورەی بەردی گرانبـەها، لەبەر ئەوەی لـەو سـاتەدا پێی بوو، پێشـانی (کـا)ی دا.

وا مـەزانن لە بابەت لام داوە ئەگـەر بـڵێم دوای چوار سـاڵ لەو ڕۆژە، ئیـپـەک لە ئێـوارە خـوانێکدا کـە سـەرۆکی شـارەوانیی قـارس تەدارەکی بۆ سـاز دابوو، ڕێک لە بەرامـبەر من دانیشـتبوو، هـەمـان بەردی گرانبـەهای کـردبووە مل و بە پارچەیەک ئاوریشمی ڕەشی دەوری ملیدا هەڵواسرابوو. تەواو بە پێچەوانەوە، ئێستـا دەچینە ناو جـەرگـەی بابەتـەوە و دێینە سـەر کـرۆکی مـەبەست: ئیـپـەک هێندە شـۆخ بـوو، بەجۆرێک نە بەخـەیاڵی مندا دەهـات و نە بەخـەیاڵی ئێوەشدا کــە لـە ڕێی منـەوە بەدوای ئـەم بەســـەرهـاتەوەن. ئەوم یـەکــەمــجــار لـەو نان خـواردنەی ئێـوارەدا هـەستم کـرد ئیـرەیی پێبـردن و سـەرسـووڕمـان هـەناومی هـەژاند و هۆشـمی تێک دا. چیـرۆکی پـەرش و بڵاوی دیوانی شـیـعـری هـاوڕێ خـۆشـەویستـەکەم لەپڕ وەرگـەڕایە سـەر چیـرۆکێکی زۆر جیـاوازی گـەشـاوە بە عـەشـقـێکی قـوڵ. پێ دەچێت لەو سـاتە هـەژێنـەرەدا بووبێت من بـڕیارم دابێت ئەم کتێبـەی بەردەسـتتـان بنووسـم، بەڵام ڕۆحـم لەو کـاتەدا ئاگـای لەم بڕیارەم نەبوو، بگرە پاڵی پێوەم دەنا بۆ سـەرزەمینێکی لە گشت لاوە بە جوانیی ئیپەک تەنراو. هـەستی بێچـارەییی هـەژێنـەری هـەناوی کەسێکی دانیشـتووی بەرامبەر ژنێکی لە ڕادەبەدەر جـوان، تواندنەوە و سـوریـالیـزم سـەرتاپای جـەسـتـەمی

پێچابوو. زۆر بەباشی حاڵی بووم سەرجەم ئامادەبووانی دەوروبەری خوانەکە، گشت ئەو فارسییانەی هاتبوون بۆ ئەوەی یەک دوو وشە لەگەڵ نووسەرێکی مێوانی شارەکەیاندا بگۆڕنەوە، یان بەو بیانووەوە قسە و قسەڵۆکیان دەکرد و تانە و تەشەریان لە خەڵکی تر دەگرت، هەموویان فێڵبازییان دەکرد، سەرلەبەری ئەو قسە پووچانەیان بۆ ئەوە بوو بابەتی ڕاستەقینە: جوانیی ئیپەک، لە من و لە خۆیشیان بشارنەوە. لەلایەکی تریش ئیرەیی پێبردن و دڵڕەشیی هەناومی دەقرتاند و ترسی ئەوەم هەبوو وەگەڕێتە سەر ئەڤین: منیش وەک هاوڕێی کۆچککردووم دەمویست، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بووە، ئەڤینداری ژنێکی تا ئەو ڕادەیە جوان ببم! بڕوای نەهێنیم سەبارەت بەوەی سالانی کۆتاییی ژیانی (کا) بەفیڕۆ چووە، لەپڕ گۆڕدرا بۆ بیرۆکەی (مرۆڤ تەنیا کاتێک دەتوانێت عەشقی ژنێکی لەو بابەتە بەدەست بهێنێت ئەگەر وەک (کا) خاوەن ڕۆحێکی قوڵ بێت!) بیرم کردەوە تۆ بڵێیت ئیپەکم پێ لە خشتە ببرێت و لەگەڵ خۆمدا بیبەم بۆ ئەستەنبوڵ؟ بەڵێنم پێی دەدا بیخوازم، یان تا پیر و خەڕۆ دەبووم هەر یاری نەهێنم بێت، بەڵام ئارەزووم دەکرد لەگەڵ ئەودا بمرم! ناوچەوانێکی پان و بەبڕیاری هەبوو، چاوەکانی گەورە و نمگرتوو بوون، دەمێکی زەریفی کتومت لەوەی مەلیندای پێوە بوو، و من لە سەیرکردنی تێر نەدەبووم... گەلۆ تۆ بڵێیت چۆن بیر لە من بکاتەوە، یان دەکرێت لەگەڵ (کا)دا باسی منیان هێنابێتە ئاراوە؟ هێشتا پێکی یەکەمم تەواو نەکردبوو، دڵم دابووی لە شەقەی باڵ و فڕیبوو. قەدیفە کەمێک لەولاترەوە دانیشتبوو، سەرنجم دا و هەستم نیگایەکی توندی تێم گرت. ئێستا پێویستە بگەڕێمەوە سەر چیرۆکەکەم.

ئەو دەمەی لە بەردەم پەنجەرە ڕاوەستابوون، (کا) گەردانەکەی لە ئیپەک وەرگرت و کردیە ملی، بە جوانی ماچی کرد و بێ بیرکردنەوە دووپاتی کردەوە لە ئەڵمانیا زۆر بەختەوەر دەبن. لەو ساتەدا ئیپەک چاوی پێوە بوو فازیل بەپەلە لە دەرگای حەوشەوە خۆی کرد بە ژووردا، دوای تاوێک چاوەڕوانی، دابەزیە خوارەوە و لەبەر دەرگای ئاشپەزخانە لووتی تەقی بە لووتی

خـوشکەکـەیدا: پێ دەچێت قـەدیفـە لەوێدا مـزگـێنیی ئازادبـوونی شـینـەی پێ گەیاندبێت. جـووتە خـوشک چوونـەوە ژووری خـۆیان. نازانم لە نێـوان خـۆیاندا چییـان کـردووە و سـەبارەت بە چـی قسـەیان کـردووە. (کـا) لە ژووری خـۆی لە سـەرەوە، کـەیل و مـەسـتـی شـیـعـرە تازەکـانی بەخـتـەوەریـی خـۆی بوو، و ئیـدی بەتەواوی باوەڕی پێ هێنابوو. هێندە مەست بوو، بۆ جاری یەکەم دەستی لەوە هەڵگرت بە گۆشـەیەکی هۆشـی چاودێریی هـاتوچۆی جووتە خـوشـک بە هۆتێلی بەفرپاڵاسدا بکات.

دواتر لە ڕێـی تۆمـارەکـانی فـەرمـانگای کـەشـنـاسـیـیـەوە بۆم ڕوون بووەوە ڕەوشـی ئاو و هـەوا لەو مـــاوەیـەدا زۆر خـــۆش بووە. هـەتـاو بەدرێـژاییـی ڕۆژ بەفـری سـەر گـوێسـوانـە و درەخـتـەکـانی تـواندووەتەوە، مـاوەیـەک پێش ئەوەی تاریکیی ئێوارە دابێت، دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەتەوە گوایە ئەمشـەو شـەقـامـەکان لە بەفر پاک دەکرێنەوە و ئیدی کـۆتـاییی بە شـۆڕشـی شـانـۆکـە دێت. ئەوانەی دوای ئەو هـەموو ساڵە وردەکاریی ڕووداوەکانیان لە بیر ماوە، هێنایانەوە بیرم لە هـەمـان کـاتـدا خـەڵـکـی قـارس لـە ڕێـی تەلـەڤـزیـۆنی سـەرحـەد قـارسـەوە بانگهـێـشـت کـراون ئەو ئێـوارەیە بچـنـە هـۆڵـی شـانـۆی گـەل بـۆ بینینی شانۆنامەیەکی نوێی گرووپی سونای زایم. کاربەدەستان لەبەر ئەوەی پێیان وا بوو بیـرەوەرییـە خـوێناوییـەکـانی دوو ڕۆژ لەمـەوبەر دەبنە هـۆی ڕەواندنەوەی خەڵکی قـارس لە شانۆگـەریی ئەمڕۆ، لە ڕێی هـاکـان ئوێزگەی خـۆشـەویسـترین بێـژەری تەلەڤـزیۆنەوە ڕایان گـەیاند مـۆڵەت بەهیچ دەسـتـدرێژییـەک بۆ سـەر بینـەران نادرێت، هـێـزەکـانـی ئاسـایش لە دەوروبەری شـانۆکـە ڕێوشـوێنی پێـویست لە بەرچاو دەگـرن، هـاتنە ژوورەوە بە خـۆڕاییـیـە و قـارسـیـیـەکـان دەتوانن بە خـێـزانەوە بێن بۆ سـەیرکـردنـی شـانۆنـامـەکە، بەڵام ئەمـە جگە لە زیادکـردنی مـەترسـییـەکان و لە زووتر چۆڵکردنی کـۆڵان و شـەقـامـەکان، هیچ ئەنجامێکی تری بە دەستەوە نەدا. هەمووان پێیان وا بوو هەمدیسان لە هۆڵی شـانۆی گـەل توندوتیـژی و پێکادانێکی نوێ دەقـەومـێت، تەنیـا ئەو شـێت و هارانە نەبێت کە دەیانویست ڕووداوەکان بە چاوی خـۆیان لە نێزیکەوە ببینن

(بە پێویستی دەزانم لێردەدا بڵێم من ئەم ئاپۆڕەیە بە کەم نازانم. ئەمانە لە لاوانی بێکار، چەپڕەوانی مایل بە توندوتیژی، پیاوانی بەساڵاچووی عاشق و تاقم لە دەم کە دەیانویست بەهەر نرخێک بووە بەرکەوتن و مردنی مرۆڤ ببین و ئەتاتورکچییانی شەیدای سونای زایم کە زۆر جاران ئەویان لە تەلەڤزیۆندا دیبوو، پێک دەهات.) دانیشتووانی قارس دەیانویست لە وەشانی زیندوودا تەماشای شانۆگەریی ئێوارە بکەن. لەو ساتانەدا سونای و ئالبای عوسمان نووری چۆلاک سەرلەنوێ چاویان بەیەک کەوتبوو. لەبەر ئەوەی هەستیان کردبوو شەو هۆڵی شانۆی گەل پڕ نابێتەوە، بڕیاریان دابوو قوتابیانی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان کۆ بکرێنەوە و بە ئۆتۆمبیلی سەربازی بهێنرێن، ژمارەیەکی دیاریکراو لە خوێندکاران و فەرمانبەرانی قوتابخانەکان، خانەی مامۆستایان و فەرمانگاکانی دەوڵەت بهێنرێن و بە کراڤات و چاکەتەوە بکرێن بە هۆڵی شانۆی گەلدا.

دواتر کەسانێک دیبوویان سونای چۆن لە ژوورێکی بچووک و تۆزاوی درووماندخانەدا لەسەر پارچە قوماش و کاغەزی پاکەت و کارتۆنی بەتاڵ ڕاکشاوە و خەوتووە. بەڵام ئەمەی بەهۆی ئارەق خواردنەوەکەوە نەبوو، بگرە لەبەر ئەوەی پێی وا بوو جێی نەرم جەستەی مرۆڤ خاو دەکاتەوە، کردبووی بە خوو لە پێش هەموو نمایشێکی گرینگدا خۆی فڕێ دەدایە سەر دۆشەکێکی ڕەق و زبر. پێش ئەوەی بخەوێت، بە دەنگی بەرز لەگەڵ ژنەکەیدا سەبارەت بە تێکستی شانۆی ئێوارە کە هێشتا فۆرمی کۆتاییی نەدابوویێ، قسەی کردبوو. دواتر بەمەبەستی دەست پێکردنی پرۆڤە، فوندا ئەسەری بە ئۆتۆمبیلی سەربازی نارد بۆ لای قەدیفە لە هۆتێلی بەفرپالاس.

فوندا ئەسەر لەگەڵ گەیشتنیدا بۆ هۆتێل، وەک خاتوونێک بێت و سەرانسەری جیهان بە ماڵی خۆی بزانێت، بێ سێ و دووکردن خۆی کرد بە ژووری جووتە خوشکدا. لەوێ، بە دەنگی چینەچینکەری خۆی بناغەی دەمەتەقێی لە نێوان ژنەکاندا دامەزراند. لەمەوە دەتوانم ڕای بگەیەنم فوندا توانای نواندنی خۆی لە دەرەوەی شانۆش پێش خستبوو. بێگومان دڵ و

چاوی لە جوانیی بێگەردی ئیپەک غافڵ نەدەکرد، بەڵام هۆشی بە ڕۆڵەکەی ئەم ئێوارەیەی قەدیفەوە سەرقاڵ بوو. دەتوانم بڵێم درکی بەواتای ڕۆڵەکە کردبوو، چونکە مێردەکەی زۆر بایەخی پێ دەدا. فوندا ئەسەر ماوەی بیست ساڵ بوو لە ئەنادۆڵ ڕۆڵی ئەو ژنە زۆرلێکراوانەی دەبینی کە دەستدرێژی دەکرایە سەر ئابڕوویان، تەنیا یەک ئامانجیشی لەم ڕۆڵگێڕانە هەبوو: هەوڵ بدات لە ڕۆڵی قوربانیدا هەوەسی پیاوان بوروژێنێت! ژن بە شوودان، تەڵاقدان، سەر ڕووتکردن، یان داپۆشین بەلای ئەوەوە کۆمەڵێک ئامرازی زۆر ئاسایی بوون بۆ ئەوەی ئەم بخەنە دۆخی چەوساوەیی و بیکەن بە جێی سەرنجی بینەران. ناشتوانین بڵێین لە تەواوی ڕۆڵەکانی لە شانۆنامە ئەتاتورکچی و ڕۆشنگەرییەکاندا تێ گەیشتووە، بەڵام لە ڕاستیدا پیاوانی نووسەری کلێشەی ئەو ڕۆڵانەش خاوەن تێزێکی قوڵتر و ناسکتر لەوەی فوندا ئەسەر نەبوون سەبارەت بە ئیرۆتیزمی ئەکتەری ژن و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی. فوندا ئەسەر لای خۆیەوە سۆزی دەکرد بە بەر ژیانی دەرەوەی سەر شانۆدا و نووسەرانی پیاو زۆر بە کەمی بۆ ئەو جۆرە ڕۆڵانە بیریان لێ دەکردەوە. هەر ئەوەندەی چووە ژوورەوە هێندەی پێ نەچوو پێشنیازی بۆ قەدیفە کرد پرچە جوانەکەی ڕووت بکات و دەست بکات بە پرۆڤە بۆ ئێوارە. کاتێک قەدیفە بێ نازکردن سەری خۆی ڕووت کرد، فوندا ئەسەر لە پێشدا قیرەیەکی کرد، پاشان گوتی قژی قەدیفە هێندە بریقەدار و جوانە، بەجۆرێک ئەم ناتوانێت چاوی لەسەر لاببات. قەدیفەی لە بەردەم ئاوێنەکەدا دانا، بەدەم داهێنانی قژییەوە بە شانەیەکی لە عاج دروستکراو، بۆی ڕوون کردنەوە لە شانۆگەریی ئێوارەدا وشە نا، بگرە دیمەن گرینگە. گوتی: "بهێڵە با قژت بە ئارەزووی خۆی بدوێت و پیاوان هار بکات!" قەدیفە سەری گێژی دەخوارد، بەڵام فوندا ئەسەر ماچێکی قژی کرد و ئارامی کردەوە. بەشی ئەوە ژیر بوو سەرنج بدات ئەو ماچە ماکە نهێنییەکانی خراپەکاریی لە ناخی قەدیفەدا جووڵاند و بەشی ئەوەش ئەزموونی هەبوو بتوانێت قەدیفە بۆ شانۆنامەکە بەکێش بکات: شووشەیەک کۆنیاکی لە جانتاکەی دەرهێنا و کردیە ئەو پیاڵانەوە کە زاهیدە

هێنابوویانی. قەدیفە نارەزایی بەرامبەر بەو ڕەفتارە پێشان دا، بەڵام فوندا بە گێچەڵ پێگێرانەوە گوتی: "بەڵام ئەم ئێوارەیە سەریشت ڕووت دەکەیت!" کاتێکیش قەدیفە دەستی کرد بەگریان، ئەو وردە ماچی ڕوومەت و لامل و دەستەکانی کرد. دواتر بەمەبەستی دڵخۆشکردنی جووتە خوشک، دەستی کرد بە خوێندنەوەی شانۆنامەیەکی نەناسراوی سونای بە ناوونیشانی (تیرادی هۆستێسی بێ تاوان)، بەڵام جووتە خوشک بەمە خەمبارتر بوون. قەدیفە گوتی: "دەمەوێت لەسەر تێکستەکە بڕۆم"، بەڵام فوندا گوتی تاقە تێکستی ئەم ئێوارەیە بریسکەی قژی درێژ و جوانی قەدیفەیە و سەرجەم پیاوانی قارس بە سەرسامی و واقوڕمانەوە سەیری دەکەن، لەوەش گرینگتر، لە تاو ئیرەیی پێبردن و لە عەشقدا ئاواتەخواز دەبن دەست بە قژیدا بهێنن. بەدەم قسەوە کەمکەم کۆنیاکی دەکردە پیاڵەکانی قەدیفە و خۆیەوە. گوتیشی هێمای شادییەک بە ڕووخساری ئیپەکەوەیە و لە نیگاکانی قەدیفەشدا بوێری و تەماح دەبینێت. نەشیتوانی یەکلایی بکاتەوە کام لەم جووتە خوشکە لەوی تریان شۆخترە. ئەم جۆشەی فوندا ئەسەر تا هاتنە ژوورەوەی تورگوت بەگ کە لە تووڕەییدا شین و مۆر بووبووە، درێژەی کێشا.

تورگوت بەگ گوتی: "پێش کەمێک تەلەڤزیۆن ڕای گەیاند قەدیفەی سەردەستەی کچانی سەرپۆش بەسەر ئەم ئێوارەیە سەری ڕووت دەکات. ئایا ئەمە ڕاستە؟"

ئیپەک گوتی: "با ئەمە لە تەلەڤزیۆندا ببینین."

فوندا ئەسەر گوتی: "بەڕێزم با خۆمتان پێ بناسێنم، من فوندا ئەسەرم، هاوڕێی ژیانی شانۆکاری ناسراو و پیاوی نوێی دەوڵەت سونای زایم. بەر لە هەموو شتێک بەبۆنەی پەروەردەکردنی ئەم دوو کچە دانسقە و بێ هاوتایەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەم. دەمەوێت دڵنیاشتان بکەمەوە هیچ پێویست ناکات لە بڕیاری بوێرانەی قەدیفە بترسن."

تورگوت بەگ گوتی: "توندڕەوانی ئیسلامیی ئەم شارە هەرگیز لە کچەکەم خۆش نابن."

هەموو پێکەوە چوونە ژووری نان خواردن بۆ سەیرکردنی تەلەڤزیۆن. لەوێ، فوندا ئەسەر دەستی تورگوت بەگی گرت و بەناوی پیاوەکەیەوە کە فەرمانڕەوای سەرانسەری شارە، بەڵێنی پێ دا هەموو شتێک باش دەبێت. هەراکەی ژووری نان خواردن گەیشتە گوێی (کا) و لەو ساتەدا هاتە خوارەوە، لە قەدیفەی دڵخۆشەوە بیستی شینە ئازاد کراوە. بێ ئەوەی (کا) هیچی لێ بپرسێت، قەدیفە گوتی پابەندی بەڵێنەکەی دەمەوبەیانیی خۆی دەبێت و ئێستا لەگەڵ فوندا خاتووندا پرۆڤە دەکەن بۆ شانۆنامەی ئێوارە. فوندا ئەسەر خەریکی خاوکردنەوەی تورگوت بەگ بوو لە ترسی ئەوەی نەبادا ببێتە تەگەرە لە بەردەم بەشداریکردنی کچەکەی لە شانۆنامەی ئێوارەدا. ئەوانەی ژوورەکە هەموویان سەیری تەلەڤزیۆنە داگیرساوەکەیان دەکرد و سەرجەم لە هەمان کاتدا قسەیان دەکرد. (کا) هەشت نۆ خوولەکی کۆتاییی ئەو ساتەی خستبووە خانەی بەختەوەرترین خوولەکانی ژیانی و تا چەندین ساڵ دوای ئەوەش بە خۆشییەوە یادی دەکردەوە. لەو ساتەدا بێ هیچ گومانێک، بە گەشبینییەوە باوەڕی بە بەختەوەربوونی خۆی هەبوو، لە خەیاڵی خۆیدا ئەندامی خێزانێکی جەنجاڵ و کەیفساز بوو. سەعات هێشتا نەگەیشتبووە چوار، بەڵام کاتێک تاریکیی ئێوارە وەک بیرەوەرییەکی ئارامبەخشی سەردەمی منداڵی خۆی بە ژووری بنمیچ بە کاغەزی کۆن و ڕەنگ تاریک داپۆشراوی خواردنەکەدا کرد، (کا) چاوی بڕییە چاوی ئیپەک و بزەیەکی بۆی کرد.

ئا لەو کاتەدا (کا) لە دەرگای ڕووەو ئاشپەزخانەکەوە فازیلی دی، بۆ ئەوەی شادیی هیچ کەسێک نەشێوێنێت، (کا) ویستی بیخزێنێتە ئاشپەزخانەکەوە و پرسیاری هۆی هاتنی لێ بکات، بەڵام لاوەکە مۆڵەتی بەم نەدا بیگرێت و پاڵی پێوە بنێت: لە نێوان دەرگای ئاشپەزخانە ڕاوەستا و شێوەی دیمەنێکی بەسەرچووی تەلەڤزیۆنە داگیرساوەکەی وەرگرت، چەند نیگایەکی نیمچە سەرسووڕمان و نیمچە هەڕەشەی گرتە ئاپۆڕەی دڵخۆشی ناو ژوورەکە. دواتر (کا) توانی بیداتە پێش خۆی بۆ ئاشپەزخانە، ئیپەکیش ئەمەی بینی و دوایان کەوت.

فازیل بە ڕیتمێکی تێکدەرانەوە گوتی: "شینە دەیەوێت هەمدیسان قسەتان لەگەڵدا بکات. ڕای خۆی لەسەر بابەتێک گۆڕیوە."

"کام بابەت؟"

"خۆی پێتان دەڵێت. ئەو گالیسکەیەی بۆ لای ئەو دەتانبات، دوای دە خوولەکی تر دەگاتە حەوشەی هۆتێل." فازیل ئەمەی گوت و چووە حەوشە.

لێدانی دڵی (کا) زیادی کرد: نەک تەنیا لەبەر ئەوەی نەیدەویست ئەو ڕۆژە هەنگاو بۆ دەرەوەی هۆتێل بنێت، بگرە لەبەر ئەوەی ترسنۆک بوو، دەترسا.

ئیپەک گوتی: "ئەیەڕۆ، نەکەیت بڕۆیت!" پاشان ڕووی قسەی لە بۆچوونەکانی ناو مێشکی (کا) کرد و گوتی: "گالیسکەکەیان دەستنیشان کردووە. ئاکامی زۆر خراپ دەبێت."

(کا) گوتی: "نەخێر، دەڕۆم."

باشە ئەو لە کاتێکدا دڵی پێوە نەبوو بڕوات، بۆچی گوتی دەڕوات؟

زۆر جاران لە ژیانیدا ڕووی داوە و دەستی هەڵبڕیوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی مامۆستا بێ ئەوەی وەڵامەکەی بزانێت، یان ئەو بلووزەی نەکڕیوە کە خۆی دڵی پێوە بووە، بگرە بەهەمان پارە و بە زانینەوە دانەیەکی زۆر لەوە خراپتری کڕیوە. لەوانەیە لە خەفەتدا، یان لە ترسی بەختەوەری ئەمەی کردبێت. بێ ئەوەی ڕێ بدەن قەدیفە بە دۆخەکە بزانێت، هەردووکیان چوونە ژووری (کا). ئەم ئارەزووی خواست ئیپەک شتێکی ئەوتۆ بڵێت، یان شتێکی داهێنەرانەی ئەوتۆ بکات ببێتە هۆی ئەوەی ئەم بۆچوونی خۆی بگۆڕێت و بە ئاسوودەیی لە هۆتێل بمێنێتەوە. بەڵام لە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەدا ئیپەک چەندی هێنا و برد هەر هەمان بۆچوون و هەمان دەستەواژەی دووبارە کردەوە: "مەڕۆ، ئەمڕۆ لە هۆتێل دەرمەچۆ، بەختەوەریمان مەخەرە مەترسییەوە..." هتد.

(کا) وەک قوربانییەکی نوقمی خەون گوێی بۆ ئیپەک ڕاگرتبوو، سەیری دەرەوەی کرد. لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی گالیسکەکە لە دەرگای حەوشە، لە تاو ڕەنجەڕۆییی خۆی دڵی گوشرا. بێ ئەوەی ماچی بکات، باوەشی بە ئیپەکدا

کرد، ماڵئاواییی لێ کرد و دەرچوو. دوو پاسەوانەکە لە هۆڵی پێشوازی چایان دەخــواردەوە، (کــا) بێ ئەوەی بـهــێـڵــێت ئەوان بیــبـــینن، لە دەرگـــای ئاشپـەزخانەکەوە چووە حەوشـە، خێوەتی گالیسکە نەفرەت لێکردووەکەی هەڵدایەوە و لە ژێریدا ڕاکشا.

با خوێنەران پێیان وا نەبێت گوایە من ویستوومە بەم سەرەتایە زەمینە خۆش بکەم بۆ ئەوەی کە سواربوونی (کا) لە گالیسکەکە سەرلەبەری ژیانی دەگــۆڕێت و بەدەنگەوەچوونی بانگهـێشـتی شـینە بۆ ئەو دەبێت بە خــاڵی وەرچەرخان. بەهیچ جۆرێک بڕوام بەمە نییە: (کا) هەلی زۆری لە بەردەستدا بوو ئەو بەڵایانەی لە قارس بەسەری دێن لە بەرژەوەندیی خۆی بیـانگۆڕێت و دەیتوانی دواجار ئەو شتە بدۆزێتەوە کە خۆی پێی دەگووت (بەختەوەری)، بەڵام دوای ئەوەی پێشهاتەکان شێوازی کۆتاییی خۆیان وەرگرت و هەر دەبوو ڕوو بدەن، (کا) چەندین ساڵ بە پەشیمانییەوە ڕووداوەکانی هەڵسەنگاندبوو، لە ئاکـامـدا گـەیشـتـبـووە ئەو باوەڕەی ئەگــەر ئیـپـەک لە بەردەم پەنجـەرەی ژوورەکـەی (کــا)دا قـسـەی ڕاسـتی بکردایە، ئەوا بیـرۆکـەی ڕۆیشتن بۆ لای شینەی دەنایە لاوە.

ئەمەش پێشانی دەدات لە جێی خۆیدایە ئەگەر بڵێین (کا)ی خۆحەشارداو لە ناو گالیسکەکەدا سەری بۆ چارەنووسی خۆی دانەواندووە. پەشیمان بوو لە پای بوونی لەوێ، لە خــۆی و جـیــهــان تووڕە بوو. دەلەرزی، ترسی هەبوو نەخــۆش بکەوێت و پێـشـبـینیی هیچ شـتـێکی باشی لە شـینـە نەدەکـرد. ئەمجارەش، وەک گەشتی جاری یەکەمی بە گالیسکەکە، تەواوی هـزری خۆی خستبووە سەر دەنگی شەقام و مرۆگەل، بەڵام گوێی بەوە نەدەدا گالیسکەکە بۆ کوێی قارسی دەبات.

گالیسکە ڕاوەستا، لەگەڵ بیستنی دەنگی یارۆی خاوەن گالیسکەدا، لە ژێر خـێـوەتەکـە هاتە دەرێ و دابەزی. نەیزانی لە کـوێـیـە. چووە باڵەخــانەیەکی وێرانەوە کـە بەهۆی کۆنـی و داڕووخـاوی ڕەنگی پێـوە نەمـابوو. لە قـارس زۆر نموونـەی تری لەو جــۆرە باڵـەخــانـانەی دیبــوو. دوای ئەوەی بـە پلیکانەیـەکی

تەسک و خـوار و خـێچـدا بۆ نـهـۆمی دووەم سـەرکـەوت (دواتـر و لە سـاتێکی کامـەرانیدا بیری کەوتبووەوە لە نێوان دەرگایەکی پێلاو لە بەردەم ڕیزکراودا، منداڵێکی چاوکراوەی دیبوو)، بە دەرگایەکی کراوەدا چووە ژوورەوە و خەندەی لە بەردەم خۆیدا بینی.

خـەندە بەدەم زەردەخـەنەوە پێی گـوت: "بڕیـارم دا هەرگـیـز خـۆم لەو کـچـە دانەبڕم کە خۆمم."

"گرینگ بەختەوەر بوونە."

خەندە گوتی: "لێرە هەر شتێک بکەم دڵخۆشم دەکات. ئیدی لەوە ناترسم لە خەونەکانمدا کەسێکی تر بم."

(کا) گوتی: "ئایا بوونت لێرە کەمێک جێی مەترسی نییە؟"

خەندە گوتی: "بەڵێ، بەڵام مرۆڤ کاتێک دەتوانێت لە ژیان وردبێتەوە ئەگەر مـەترسی لە ئارادا بێت. تێ گەیشتـم ناتوانم لە شـتێک وردبمەوە ئەگـەر بڕوام پێی نەبێت، بۆ نموونە سـەرپۆش فڕێدان. ئێسـتـا زۆر کـامـەرانم بەوەی لێـرە هـاوبـەشی دۆزێکم لـەگـەڵ ئـەم سـەروەرەدا. ئایا ئێـوە دەتوانن لێـرە شـیـعـر بنووسن؟"

دوو ڕۆژ لەوەوبەر لەسەر خوانی ئێوارە ناسیبووی و قسەی لەگەڵدا کردبوو، بەڵام ئێـسـتـا ڕووداوەکـانی ئەو ڕۆژە لە یادەوەریدا هێندە دوور کـەوتبـووەوە، بەجـۆرێک (کا) وەک ئەوەی هـەمـوو شـتێکی لـە بیر چووبێت، لەپڕ سـەیرێکی کرد. خـەیاڵی چوو بۆ ئەوەی داخـۆ خـەندە تا چ ڕادەیەک پێ لەسـەر نێـزیکیی خۆی لە شینەوە دادەگرێت؟ کچەکە دەرگـای ژوورێکی ئەولاتری کردەوە، (کا) چووە ژوورەوە و شینەی بینی سەیری تەلەڤزیۆنێکی ڕەش و سپیی دەکرد.

شینە بە سوپاسەوە گوتی: "هیچ گومانم نەبوو لە هاتنت."

(کا) گوتی: "نازانم بۆچی هاتووم."

شینە بە ڕیتمی کەسێکی زۆرزانەوە گوتـی: "لەبەر بێ ئۆقرەیی ناو هەناوی خۆت."

بە نەفرەتەوە سەیری یەکتریان کرد. شینە تا ڕادەیەکی باش لە خۆی ڕازی بوو، (کا)ش پەشیمان، هەردووکیشیان ئەم دۆخەیان لە چاوی یەکدیدا خوێندەوە. خەندە لە ژوورەکە چووە دەرێ و دەرگای بەدوای خۆیدا داخست.

شینە گوتی: "دەمەوێت بە قەدیفە بڵێیت لە مەسخەرەکەی ئەم ئێوارەیەدا بەشداری نەکات."

(کا) گوتی: "دەتتوانی ئەم هەواڵە بە فازیلدا بنێریت." بە سەرنجدان لە سیمای شینە، تێ گەیشت کابرا بیری ناکەوێتەوە فازیل کێیە.

"ئەو کوڕەی ئامادەیی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان کە منی بۆ ئێرە هێنا."

شینە گوتی: "ها، قەدیفە ئەو کوڕە بەهەند ناگرێت. لە تۆ بترازێت، کەسی تر بەهەند ناگرێت. قەدیفە تەنیا بە گوێگرتن لە تۆ تێ دەگات من چەند لەسەر ئەم بابەتە سوورم. لەوانەیە خۆیشی بڕیاری دابێت پێویست بە سەر ڕووتکردن نەکات. بەتایبەتیش دوای ئەوەی بینیویەتی ئەمە بەشێوەیەکی خراپ کەڵکی لێ وەرگیرا و لە تەلەڤزیۆندا بانگەشەی بۆ کرا."

(کا) بە چێژێکی پێ نەشاردراوەوە گوتی: "بگرە کاتێک من لە هۆتێل هاتمە دەرێ، قەدیفە دەستی کردبوو بە پرۆڤە."

"پێی ڕادەگەیەنیت من زۆر لە دژی ئەو ڕەفتارەم! قەدیفە بە ویستی ئازادی خۆی بڕیاری سەر ڕووتکردنی نەداوە، بگرە بۆ ئازادکردنی ژیانی منی بووە. لەگەڵ دەوڵەتێکدا کە پیاوێکی سیاسی بە بارمتە گرتبوو، مامەڵەی کرد، بەڵام هیچی تر ناچار نییە پابەندی بەڵێنی خۆی بێت."

(کا) گوتی: "ئەمانەی پێ دەڵێم، بەڵام نازانم ئەو چی دەکات."

"دەتەوێت پێ بڵێیت ئەگەر قەدیفە وا بکات وەک خۆی دەیەوێت، ئەوا تۆ بەرپرسیار نابیت، وا نییە؟" (کا) بێدەنگ بوو. "ئەگەر ئەم ئێوارەیە قەدیفە بچێتە سەر شانۆ و سەری ڕووت بکات، ئەوا تۆ بەرپرسیار دەبیت. هەر تۆیش بووی ئەم مامەڵەیەت کرد."

(کـا) لەو کـاتەوەی بـۆ قـارس هاتبـوو، بۆ جـاری یەکـەم لە ویژدانی خـۆیدا هەستی بە ڕەوایی و ئـارامی کرد: پیاوی بەدڕەفتار دواجار وەک بەدڕەفتاران قـسـەی خـراپـی دەکـرد و ئـیـدی هیچ سـەری لەمـە سـوور نەدەمـا. (کـا) بۆ هێورکردنەوەی شینە گوتی: "ڕاستە، تۆیان بە بارمتە گرتبوو!" هەوڵی دەدا بەجۆرێک ڕەفتار بکات شینە نەورووژێت و ئەم بتوانێت لەوێ بڕوات.

شـینە زەرفـێکی بۆ (کـا) درێژ کـرد و گـوتی: "ئەم نـامـەیەشی پێ بگەیەنە، چونکە لەوانەیە قـەدیفـە بڕوا بە پەیامـەکـەم نەکـات." (کـا) زەرفـەکـەی لێ وەرگرت. "ڕێگەی خـۆت دەدۆزیتەوە و ڕۆژێک دەگەڕێیتەوە بۆ فرانکفورتەکەت. ئەو ڕاگـەیەنـدراوەش کـە دەیان کـەس ژیانی خـۆیان لە پێناویدا خـسـتـە مەترسییەوە، بێ هیچ دوودڵییەک لە ڕێی هانز هانزنەوە بڵاو دەکەیتەوە."

"بێگومان."

جۆرێک لە تێرنەبوون و گومانی لە نیگای شینەدا بینی. ئەو دەمە ئارامتر بوو کاتێک لە ژووری گرتووخانە لە دۆخی کەسێکی سزادراودا چاوەڕێ بوو دەمـەوبەیانی لە سـێداره بدرێت. ئێسـتا ژیانی ڕزگار کرابوو، بەڵام سـوور دەیزانی لە پاشماوەی ژیانیدا، جگە لە تووڕەبوون، هیچی تری پێ ناکرێت و ئەمەش پێشوەخت هەستی ڕەنجەڕۆیی تێدا وروژاندبوو. (کا) درەنگتر بۆی دەرکەوت شینە هەستی کردووە ئەم پەی بە ڕەنجەڕۆییی ئەو بردووە.

شـینە گـوتی: "ئەگـەر دەتەوێت لێرە، ئەگـەر نا، ئەوا دەتوانیت لە ئەورووپا خۆشەویستەکەت لاسایی ئەوان بکەیتەوە و وەک مشەخۆرێک بژیت."

"من ئەوەندەم بەسە کامەران بم."

شـینە قـیـڕاندی بەسـەریدا: "بڕۆ، دەی بڕۆ. بەڵام لێت ڕوون بێت کـەسێک بەتەنیا هەر وێڵی بەختەوەری بێت، هەرگیز بەختەوەر نابێت."

## ٣٨

# بەڕاستی نیازمان نییە خەمگینت بکەین

## مێوانداریییەکی زۆرەملێ

(کا) بە دوورکەوتنەوە لە شینە خۆشحاڵ بوو، بەڵام دەستبەجێ هەستی کرد ڕایەڵێکی نەگبەتی شینە بەمەوە دەبەستێتەوە: ئەم ڕایەڵە زۆر قوڵتر بوو لە مەراق و نەفرەتێکی سادە، هەر ئەوەندەی لەوێ هاتە دەرەوە، حاڵی بوو بە نارەزای دڵ تاسەی شینە دەکات. خەندە بەنیازێکی پاک و بە بیری باشەوە لێی نێزیک کەوتەوە، ئەم سەرەتا کچەکەی زۆر سادە و بێ ئەقڵ هاتە پێش چاو، بەڵام بەخۆنازینەکەی هێندە درێژەی نەکێشا. خەندە چاوانی کردووەتەوە و سڵاو بۆ قەدیفە دەنێرێت، دەیەوێت قەدیفە بزانێت ئەگەر ئەم ئێوارەیە لە تەلەڤزیۆندا (بەڵێ، شانۆی نەگوت، بگرە ڕاستەوخۆ تەلەڤزیۆنی گوت) سەری ڕووت بکات، یان نەیکات، ئەوا هەموو کاتێک دڵی ئەمی لەگەڵدایە. هەمان کات بۆ (کا)ی ڕوون دەکردەوە دوای چوونە دەرەوە کام ڕێگە بگرێتە بەر تا بتوانێت سەرلە پۆلیسی سڤیل و هەواڵدزان بشێوێنێت.

(کا) بەپەلە و بە شپرزەیی لە خانووەکە چووە دەرێ، نەهۆمێک لە خوارتر ئیلهامی شیعرێکی بۆ هات و لەسەر یەکەم پلیکانەی پێش ئەو دەرگایەی کۆمەڵێک پێڵاوی لە بەردەمدا ڕیزکرابوو، دانیشت. دەفتەری لە گیرفانی دەرهێنا و دەستی کرد بە نووسینەوەی شیعرەکەی.

ئەمە هەژدەیەمین شیعر بوو لە کۆی ئەوانەی لە قارس بۆی هاتبوون، بێ تێبینییە تۆمارکراوەکانی خۆی، هیچ کەسێک نەیدەتوانی بزانێت لەم شیعرەدا ئاماژەی کردووە بۆ هەبوونی لەو جۆرە پێوەندیی خۆشەویستی و نەفرەتەی کە

لەگـەڵ کـۆمـەڵێک مـرۆڤ لە ژیانیـدا هەیبـووە: ئەو سـەردەمـەی لە ئامـادەییی تەرەقـی لە شـیـشلـی قـوتابیـی قـۆناغـی ناوەندی بوو، کـوڕی بنەمـایەڵەیـەکی بەڵێندەری زۆر دەوڵەمـەند پاڵەوانێـتـیـی ئەسپ سـواریی باڵکانی بـردبووە، کـوڕێکی شـووم بوو، بەڵام بەشی ئەوەی پێـوە بوو (کـا) بەلای خـۆیدا ڕابکێـشێت؛ کوڕێکی ڕەن گزەرد و ڕووخـسـار سـپی و پڕ لە ڕازی دایکێکی خەڵکی ڕووسـیـای سـپی بێ باوک و خـوشک و برا پێ گەیشـتبـوو، لە قۆناغی ئامادەیی فێری بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر بووبوو، ڕێزی لە هیچ نەدەگرت و بەشـێـوەیەکـی سـەرسـووڕهێنەر بەهەمـوو شـتـێکی دەزانی؛ کـاتێک لە توزلا سـەربازیی دەکرد، کوڕێکی ڕێکپۆش و بێـدەنگ هەبوو جـاروبار لـە ڕیزەکـەی تەنیـشت ئەوانەوە (کـا)ی تووڕە دەکـرد (بێـرییـەکـەی دەشـاردەوە.) لە شیعرەکەیدا ڕوونی کردبووەوە خۆشـەویستییەکی نهێنی و نەفرەتێکی ئاشکرا بەم مرۆڤانەوەی گرێ دەدات. هەوڵی دا بە وشـەی (ئیرەیی پێبردن) کە ئەو دوو هەستە لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە و ناوی شیعرە نوێیەکەشی بوو، جەنجاڵیی ناو مـێشکی خۆی هـێور بکاتەوە، بەڵام کـێشـەکـە زۆر لەوە قـوڵـتر بوو، بۆیە لە شـیعرەکەدا چارەسـەر نەدەکرا: (کا) هەستی دەکرد دوای سەردەمێک ڕۆح و دەنگی ئەو مرۆڤانە هاتوونەتە هەناوی ئەمەوە.

پاش ئەوەی لە باڵەخانەکە هاتە دەرەوە، نەیزانی لە کوێندەرێی قارسە، بەڵام دوای ئەوەی ماوەیەک لە سەرەولێژییەک چووە خوارەوە، بینی وا گەیشـتووەتە شەقامی خالید پاشا، لە خۆیەوە ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوە و سەیرێکی شوێنی خۆحەشـاردانەکەی شینەی کـرد. لەبەر ئەوەی لە گـەڕانەوەیدا بـەرەو هۆتێل پاسـەوانەکـانی لەگـەڵ نەبوو، هـەسـتی بە نائارامی کـرد. لە پێش باڵەخـانەی شارەوانیدا ئۆتۆمبیلێک ڕووی تێ کرد، لەگەڵ ترازانی دەرگای ئۆتۆمبیلەکەدا، ئەم لە جێی خۆی ڕاوەستا.

"(کـا) بەگ مـەترسن، ئێـمـە سـەر بە ئاسـایشـین. فـەرمـوون سـوار بن با بتانگەیەنینە هۆتێل."

(کا) ئەوەی لێک دەدایەوە داخۆ کامیـان جێی متمانەیە؛ لە ژێر چاودێریی

پۆلیسدا بڕواتەوە بۆ هۆتێل، یان سواربوونی ئۆتۆمبیلی پۆلیس لە ناوەڕاستی شاردا. کاتێک ئەو لەم بیرکرنانەوەدا بوو، دەرگای ئۆتۆمبیلەکە کرایەوە. پیاوێکی خڕیلە کە کەسێکی هێنایەوە بیری ئەم (مامێکی دوور لە ئەستەنبوڵ، بەڵێ مامە مەحمود)، بە هەڵمەتێکی قەبە و زبرییەکی نەگونجاو لەگەڵ نەزاکەتی کەمێک لەمەوبەریدا، (کا)ی ڕاکێشایە نێو ئۆتۆمبیلەکەوە. لەگەڵ وەگەڕکەوتنی ئۆتۆمبیلدا، دوو مستەکۆڵە کێشرا بە سەریدا. بیری بۆ ئەوەش چوو لە کاتی سواربووندا سەری بەر بنمیچی ئۆتۆمبیلەکە کەوتبێت. زۆر دەترسا؛ تاریکییەکی نائاسایی ناو ئۆتۆمبیلەکەی داپۆشیبوو. مامە مەحمود نا، بەڵام ئەوەی لە پێشەوە دانیشتبوو جنێوی زۆر پیسی دەدا. لە سەردەمی منداڵیی ئەمدا، پیاوێک هەبوو لە گەڕەکی شاعیر نیگار، ئەگەر تۆپ بکەوتبایەتە باخچەکەیەوە، بەو شێوەیە جنێوی بە منداڵان دەدا.

(کا) نقەی لە خۆی بڕی و وای هێنایە پێش چاوی خۆی وەک ئەوەی منداڵێک بێت. ئۆتۆمبیلەکە (ئێستا بیری کەوتەوە: ئۆتۆمبیلێکی ڕینۆ نییە لەوانەی پۆلیسی سڤیلی قارس بەکاری دەهێنن، شەڤرۆلێتێکی ٥٦ی پان و لوکسە)، وەک ئەوەی منداڵێکی زیزبوو سزا بدرێت، خۆی کرد بە شەقام و کۆڵانە تاریکەکانی قارسدا، هاتە دەرەوە، پێچێکی کردەوە و چووە حەوشەیەکەوە. گوتیان: "سەیری پێشی خۆت بکە." چوونە بن باڵی و دوو پلیکانە بردیانە سەرێ. هەر ئەوەندەی گەیشتنە سەرەوە، (کا) بۆی ڕوون بووەوە شۆفێرەکە و ئەو دوو کەسە ئیسلامیی سیاسیی نین (ئەوان ئۆتۆمبیلی وایان لە کوێ بوو!) سەر بە میتیش نەبوون، چونکە پیاوانی میت -بەلانی کەمەوە هەندێکیان- بە هەماهەنگی لەگەڵ سونایدا هەڵدەسووڕان. دەرگایەک کرایەوە، دەرگایەک داخرا، (کا) خۆی لە بەردەم پەنجەرەی ژوورێکی بنمیچ بەرزی کەونە ماڵێکی ئەرمەنیدا دیتەوە. پەنجەرەی ژوورەکە دەیڕوانی بەسەر شەقامی ئەتاتورکدا. لەوێ تەلەڤزیۆنێکی داگیرساوی بینی، مێزێکی پڕ لە قاپی چەور، پرتەقاڵ و ڕۆژنامەی بینی؛ ئامێرێکی کارەبایی کە دواتر تێ گەیشت بۆ ئەشکەنجەدان بەکار دەهێنرێت، یەک دوو دانە بێتەل، دەمانچە،

گـوڵدان، ئاوێنه... دەسـتبـەجێ حـاڵی بوو کـەوتووەتە دەست تیـمی تایبـەت و ترسی لێ نیشت، بەڵام دوای ئەوەی لـەوسـەری ژوورەکە چاوی بە ز. دەمیـرکۆڵ کەوت، سووکناییی بە دڵدا هات.

ز. دەمیـرکۆڵ ڕۆڵـی پۆلیسـێکی باشی دەگێڕا، زۆر خەمگین بوو بـەوەی (کا) بەو جۆرە هێندرابووە ئەو شوێنە. لەبەر ئەوەی پێشبینیی کرد مامە مەحمودی ڕۆڵی پـۆلیــسـێکی خــراپ دەگـێــڕێت، بەهـەمـوو هـزری خـۆیـەوە گـوێـی بۆ پرسیارەکانی ز. دەمیرکۆڵ ڕاگرت.

"سونای دەیەوێت چی بکات؟"

(کا) هـەر هـەمـوو وردەکارییەکانی، بە (تراژیدیای ئیسپانیا)ی کید-یشـەوە، بە ترش و خوێوە گێڕایەوە.

"بۆچی ئەو شینە جاڵجاڵۆکەیەی ئازاد کرد؟"

(کا) لە وەڵامـدا گوتی: "بۆ ئەوەی قـەدیفە لە وەشـانی زیندوو، و شانـۆگەریی ئەم ئێـوارەیەدا سـەرپۆش فـڕێ بدات." ئیلهـامـێکی بۆ هـات و چەنەبـازانە دەسـتـەواژەیەکی شـەترەنجی بەکار هێنا: "لەوانەیە ئەمـە "قـوربانی"یەکی زۆر بوێرانـەی شـایەن بە سـەرسـووڕمـان بێت. هـەمـان کـات هەڵمـەتێکیـشـە بۆ تێکدانی ورەی ئیسلامییە سیاسییەکانی قارس!"

"بە چیدا دیارە کچەکە پابەندی بەڵێنی خۆی دەبێت؟"

(کـا) گـوتـی قـەدیفـە ڕەزامـەندیی خـۆی بۆ چوونە سـەر شـانۆ پێـشـان داوە، بەڵام گوتیشی کەس لەم گفتەی دڵنیا نییە.

ز. دەمیرکۆڵ پرسی: "حەشارگەی نوێی شینە لە کوێیە؟"

(کا) گوتی هیچ شتێک لەو بارەیەوە نازانێت.

لێـیـان پرسـی بۆچی ئەو کـاتەی سـواری ئۆتـۆمـبـیـلەکـەیان کـردووە، پاسەوانەکانی لەگەڵدا نەبووە و لە کوێوە گەڕاوەتەوە؟

(کـا) گوتی: "لە پیاسـەی ئێواران دەگەڕامـەوە." بە سـووربوونی لەسـەر ئەم وەڵامـە، ز. دەمـیـرکـۆڵ بـە کـپی ژوورەکـەی بەجێ هێـشت و ڕۆیشت. مـامـە

مەحمودی بە نیگا بەدەکانییەوە لە بەردەمیدا چەقی. ئەویش وەک کابرای پێشەوەی ناو ئۆتۆمبیلەکە چەندین جنێوی هیچ کەس نەبیستووی دەزانی. وەک چۆن منداڵان بێ ئەوەی بیر بکەنەوە شیرینە، یان سوێر کەچەپ بەسەر هەموو پارووییەکدا دەکەن، مامە مەحمودی بەدەم شیکردنەوەی سیاسی و باسکردنی بەرژوەندییە باڵاکانی دەوڵەت و هەڕەشەکانەوە، جنێوبارانی کرد.

مامە مەحمود گوتی: "پێت وایە بە شاردنەوەی حەشارگەی تیرۆریستێکی دەست بەخوێن و بەکرێگیراوی ئێران چیت بۆ دەکرێت؟ ئەگەر دەسەڵات بگرنە دەست، دەزانیت چی بەسەر کەسانی دڵنەرمی ئەوروپادیدەی وەک تۆدا دەهێنن، وا نییە؟" (کا) بە بەڵێ وەڵامی دایەوە، کەچی مامە مەحمود بە تێروتەسەلی باسی ئەوەی بۆی کرد چۆن مەلاکانی ئێران لە سەرەتادا هاوپەیمانی دیموکرات و کۆمۆنیستەکان بوون، بەڵام دوای ئەوەی دەسەڵاتیان گرتە دەست، سووتاندیانن و کردیانن بە کەباب؛ چۆن دینامیتیان لە قوونیان نا و تەقاندنیانەوە؛ چۆن سێکسفرۆش و قووندەرنیان گوللەباران کرد؛ چۆن جگە لە کتێبە ئاینییەکان، هەموو جۆرە کتێبێکی تریان قەدەخە کرد؛ چۆن سەرەتا سەری ڕۆشنبیرانی لووتبەرزی وەک (کا)یان سفر کرد و دواتر کتێبە پڕوپووچەکانی شیعریان لێیان سەند... لێرەدا هەمدیسان کۆمەڵێک قسەی بێ پەردەی بە دەمدا هات، بە ڕوویەکی بێزارەوە جارێکی تر پرسیاری شوێنی خۆحەشاردانی شینەی لێ و لێی پرسی کاتی ئێوارە لە کوێوە گەڕاوەتەوە. (کا) هەمان وەڵامی پێشووی دایەوە، مامە مەحمود بەهەمان ڕووخساری بێزارەوە کەلەپچەیەکی لە دەست کرد و پێی گوت: "بڕوانە ئێستا چیت بەسەر دەهێنم." خوێنساردانە بە مستەکۆڵە و زللە کەوتە وێزەی و چینێکی باش کوتای.

لەو تێبینییەکانی دواتر تۆمارکراویدا پێنج هۆ هەبوون بۆ ئەوەی (کا) ئەو دارکاریکردنەی بەلاوە گرینگ نەبووە. لێرەدا هۆیەکان بە دروستی دەنووسمەوە و هیوادارم خوێنەران تووڕە نەکات.

١- بەپێی چەمکی خۆشبەختیی ناو سەری (کا)، بڕی ئەو خراپەکاری و

باشییانەی بەسەری دێن، یەکسانە و ئەو تێهەڵدانەی ئێستا دەیخوات، بەواتای ئەوەیە دەتوانێت لەگەڵ ئیپەکدا بچێتە فرانکفورت.

٢- بە درک پێکردنێک کە مەگەر هەر لە چینی دەسەلاتداران بوەشێتەوە، پێشبینی کرد ئەندامانی تیمی تایبەت ئەم لە پێخاوس و تاوانبار و لاتەکانی قارس جیا دەکەنەوە و نایخەنە ژێر ئەشکەنجە و تێهەڵدانێکەوە شوێنەواری هەتاهەتایی لەسەر جەستەی جێ بهێڵێت.

٣- پێی وا بوو ئەم دارکاریکردنە ڕێژەی میهرەبانیی ئیپەک لە بەرامبەری دەباتە سەرێ.

٤- دوو ڕۆژ لەمەوبەر کاتێک لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش ڕووخساری خوێناویی موختاری دیبوو، بەشێوەیەکی بودەلانە بەخەیاڵیدا هاتبوو شەق و تێهەڵدانی پۆلیس، مرۆڤ لەو هەستی خۆ بەتاوانبارزانینە پاک دەکاتەوە کە لە پێناو نابووتی ولاتەکەیدا پێوەی دەناڵێت.

٥- لە ناخەوە هەستی بە شانازی دەکرد سەرەڕای تێهەڵدانیش لە دۆخی گرتوویەکی سیاسیدا بێت و لە لێپرسینەوەدا شوێنی کەسی خۆحەشارداو دەستنیشان نەکات.

ئەم هۆیەی دواییان بیست ساڵ لەوەوبەر (کا)ی زیاتر مەمنوون دەکرد، بەلام ئێستا کەمێک بە شەرم بەخۆداهاتنەوە هەستی دەکرد باوی ئەو شتانە نەماوە. خوێنی ڕژاوی لووتی و تامی سوێری کەناری لێویشی، سەردەمی منداڵیی بیر دەخستەوە. ئایا دواجار کەی خوێن لە لووتی هاتبوو؟ لەو دەمەیدا مامە مەحمود و ئەوانی تریش ئەمیان لە گۆشەیەکی نیمچە تاریکی ژوورەکەدا لە بیر کردبوو، و بەدیار تەلەڤزیۆنەوە دانیشتبوون، (کا) بیری کەوتەوە چۆن لە منداڵیدا لووتی دەیکێشا بە پەنجەرە داخراوەکاندا، یان تۆپی بەردەکەوت، یان چۆن جارێک لە ماوەی خزمەتی سەربازیدا لە کاتی سکە خشکێدا مستەکۆڵەیەک بەر لووتی کەوتبوو. لەگەڵ سوورایی خۆرنشیندا، ز. دەمیرکۆڵ و هاوڕێکانی لە بەردەم تەلەڤزیۆن گرد بوونەوە و سەیری زنجیرەی

ماریانایان کرد، (کا)ش ڕازی بوو بەوەی خوێن لە لووتی هاتبوو، دارکاری کرابوو، سووکایەتیی پێ کرابوو، و وەک منداڵێک لەوێدا لە بیر کرابوو. لەپڕ پەشۆکا و ترسی ئەوەی لێ نیشت ئەگەر بیپشکنن، نامەکەی شینە لە گیرفانیدا دەدۆزنەوە. ماوەیەکی درێژ بە بێدەنگی و بە هەستی خۆ بەتاوانبارزانینەوە لەگەڵ ئەوانی تردا سەیری ماریانای کرد، هاوکات پێشبینی کرد ئێستا تورگوت بەگ و کچەکانیشی سەیری هەمان زنجیرە دەکەن.

لە تەلەڤزیۆندا ماوەی ڕێکلام دەستی پێ کرد، ز. دەمیرکۆڵ لەسەر کورسییەکەی هەڵسا، ئامێرە کارەباییەکەی سەر مێزەکەی بەدەستەوە گرت، پێشانی (کا)ی دا و لێی پرسی داخۆ دەزانێت بۆ چ مەبەستێک بەکار دەهێندرێت؟ (کا) وەڵامی نەدایەوە، ئەم خۆی بۆی باس کرد و وەک باوکێکیش مەبەستی بێت بە پێشاندانی تێلا منداڵی خۆی بترسێنێت، کەمێک بێدەنگ بوو.

لەگەڵ دەست پێکردنەوەی زنجیرەکەدا، ز. دەمیرکۆڵ لە (کا)ی پرسی: "دەزانیت بۆچی ماریانام خۆش دەوێت؟ چونکە دەزانێت چی دەوێت، بەڵام ئێوەی ڕۆشنبیر خۆشتان نازانن چیتان دەوێت و ئەمەش من دەهری دەکات. دەڵێن دیموکراسی، کەچی دوایی لەگەڵ شەریعەتخوازاندا هاوکاری دەکەن. دەم لە مافەکانی مرۆڤ دەدەن، کەچی لەگەڵ تیرۆریست و مرۆڤکوژاندا دانوستاندن دەکەن... دەڵێن ئەوروپا، کەچی مامەحەمەیی بۆ ئیسلامییەکانی دوژمنی ڕۆژئاوا دەکەن... باس لە فەمینیزم دەکەن، کەچی پشتیوانی لەو پیاوانە دەکەن کە بەزۆر سەرپۆش دەکەنە سەری ژنان. بە پەیڕەوکردنی بیر و ویژدانی خۆت ڕەفتار ناکەیت، بگرە بە خۆت دەڵێیت با وا بکەم وەک ئەوەی ئەوروپاییەک لێرە دەیکات! بەڵام بگرە ناشتوانیت ببیت بە ئەوروپایی! دەزانیت ئەوروپایی چی دەکات؟ ئەگەر هانز هانزن ڕاگەیەندراوە پڕوپووچەکەتان بڵاو بکاتەوە و ئەوروپاییگەل بەهەندی بگرن و شاندێک بنێرن بۆ قارس، ئەوا شاندەکە پێش هەموو شتێک سوپاسی سوپا دەکات لە پای

ئەوەی وڵاتی ڕادەستی ئیسلامییە سیاسییەکان نەکردووە. بەڵام بێگومان کاتێک ئەو قووندەرانە دەگەڕێنەوە ئەوروپا، هاواریان لێ بەرز دەبێتەوە و دەڵێن دیموکراسی لە قارسدا بوونی نییە. ئێوەش هەم گازندەتان لە دەست سوپا هەیە و هەم بۆ ئەوەی ئیسلامییەکان نەتانکەن بە گۆشتی هەنجراو، تەنیا متمانەتان بە سوپا هەیە. لەبەر ئەوەی تۆ هەموو ئەمانە دەزانیت، من ئەشکەنجەت نادەم."

(کا) بیری لەوە دەکردەوە ئیدی نۆرەی (باشە) هاتووە، کەمێکی تر ئازاد دەکرێت و لەگەڵ تورگوت بەگ و کچەکانیدا تا کۆتایی سەیری زنجیرەی ماریانا دەکات.

ز. دەمیرکۆڵ گوتی: "بەڵام بەر لەوەی بتنێرمەوە بۆ لای خۆشەویستەکەت لە هۆتێل، دەمەوێت یەک دوو شتت دەربارەی ئەو تیرۆریستە مرۆکوژە پێ بڵێم کە پێش کەمێک ناوبژیوانیت بۆی دەکرد و ئێستا بەرگری لێ دەکەیت. ئەوانەی لەو بارەیەوە پێت دەڵێم بیانکە بە گوارە و بیانکەرە گوێت. پێش هەموو شتێکیش ئەمە بخەرە مێشکی خۆتەوە: تۆ بەهیچ جۆرێک نەهاتوویت بۆ ئەم نووسینگەیە. ئێمە تا سەعاتێکی تر لێرە دەگوازینەوە. بارەگای نوێمان نهۆمی سەرەوەی بەشی ناوەخۆیی قوتابخانەی ئامادەیی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنانە. لەوێ چاوەڕێت دەکەین. لەوانەیە شوێنی خۆحەشاردانی شینە و جێی -پیاسە ئێوارە-ی کەمێک لەمەوبەرت بیر بکەوێتەوە و بتەوێت پێمان ڕابگەیەنیت. سونای تا هۆشی لە دەست نەدابوو، پێتی گوتبوو ئەو پاڵەوانە چاوشین و قۆزەی تۆ زۆر بێ بەزەییانە بێژەرێکی مێشک چۆلەکەیی بەبیانووی سووکایەتیکردن بە پەیامبەرمان کوشتووە، کوشتنی بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردەش کە تۆ بە چاوی خۆت فریای بینینی کەوتیت و چێژت لێ وەرگرت، لەلایەن شینەوە نەخشەی بۆ داڕێژراوە. شتێکی تریش هەیە لەلایەن پیاوانی گوێبیستی میتەوە تۆمار کراوە و لەوانەیە بۆ ئەوەی دڵت گەرد نەگرێت تا ئێستا پێت نەگوتراوە. بیرمان لێ کردەوە باش دەبێت ئەگەر ئەمەش بزانیت."

ئێستا ئێمە گەیشتینە خاڵێک (کا) بەدرێژاییی چوار ساڵی داهاتوو لە بارەیەوە دەیگوت: "خۆزگە وەک کارمەندی سەر ئامێری فیلم پێشاندان بمتوانیبایە فیلمی ژیان بۆ دواوە هەڵبکەم و هەموو شتێک لەوێدا ڕابوەستایە."

ز. دەمیرکۆڵ بە دەنگێکی نەرم گوتی: "ئەو ئیپەک خاتوونەی مرخت لێ خۆش کردووە بیفڕێنیت بۆ فرانکفورت و لەگەڵیدا بەختەور بیت، سەردەمانێک یاری شینە بووە. بەپێی ئەم تۆمارەی بەردەستم پێوەندییەکەیان چوار ساڵ لەمەوبەر دەستی پێ کردووە. ئەو سەردەمە ئیپەک خاتوون هاوسەری موختار بەگ بوو، ئەو موختار بەگەی کە پێڕێ بە ویستی خۆی، خۆی لە پالاوتن بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی شارەوانی کێشایەوە. ئەو بێ ئەقڵە، کۆنە چەپ و شاعیرە -بمبوورە- بەهیوای ئەوەی لاوانی قارس ڕێک دەخات، بە شەیدابوونەوە شینەی لە ماڵەکەی خۆیدا حەشار دەدا. لە کاتێکدا ئەو لە دووکانی خۆی سۆپای کارەباییی دەفرۆشت، زۆر بەداخەوە نەیدەزانی شینە پێوەندییەکی ئەڤینی زۆر توند و تۆڵی لەگەڵ ژنەکەیدا داناوە."

(کا) وای بۆچوو "ئەم قسانە پێشوەخت ئامادەکراون و ڕاست نین."

"هەڵبەت دوای کارمەندانی گوێبیستی میت، قەدیفە خاتوون یەکەم کەس بووە بەم ئەڤینە شاردراوەیەی زانیوە. ئیپەک خاتوونیش پێوەندیی لەگەڵ پیاوەکەیدا باش نەبوو، هاتنی قەدیفەی خوشکی بەنیازی خوێندن لە زانکۆ کردە بیانوو، و لە ماڵێکی تر لەگەڵ ئەودا نیشتەجێ بوو. شینەش بەردەوام دەهاتە قارس بۆ -ڕێکخستنی لاوانی ئیسلامی- و هەر لای موختاریش دەمایەوە، پاش ئەوەی قەدیفە دەچوو بۆ دەوام، ئەڤیندارە سەرشێتەکان لە ماڵی نوێدا بەیەک دەگەیشتن. ئەمە تا هاتنی تورگوت بەگ بۆ قارس و نیشتەجێبوونی لەگەڵ کچەکانیدا لە هۆتێلی بەفرپالاس، درێژەی کێشا. لەوە بەدواوە قەدیفە پێوەندیی بە کچانی سەرپۆش بەسەرەوە کرد و لە پێوەندی لەگەڵ شینەدا جێی دادەی گرتەوە. بەڵگەشمان بە دەستەوەیە کازانۆڤای چاوشینمان لەو سەردەمەدا بە قۆناغێکی کاتیدا تێ پەڕیوە و تیایدا هاوکات

ئیدارەی هەردوو خوشکی داوە."

(کا) بەهەموو توانای خۆیەوە چاوی تەڕی خۆی لە سەر چاوی ز. دەمیرکۆڵ هەڵگرت و لە جێی دانیشتنی خۆیەوە نیگای بڕییە دارتەلە خەمگین و لەرزیوەکانی کۆڵان لەسەر شەقامی بە بەفر داپۆشراوی ئەتاتورک و تازە هەستی کردبوو دەیتوانی بەدرێژاییی شەقامەکە بیانبینێت.

ز. دەمیرکۆڵ وەک هەموو ئەندامێکی تیمی تایبەت کاتێک زمانیان دەکرێتەوە و دەکەونە قسە، گوتی: "من ئەمانە بۆیە دەڵێم بۆ ئەوەی قایلت بکەم کارێکی چەند هەڵە دەکەیت ئەگەر -تەنیا لە سۆنگەی دڵنەرمیتەوە- جێی ئەو مرۆکوژە هۆڤەمان لێ بشاریتەوە. بەهیچ جۆرێک نیازم نییە خەمگینت بکەم، بەڵام لەوانەیە لە دوای چوونە دەرەوەت لێرە، خەیاڵت بچێت بۆ ئەوەی هەموو ئەو شتانەی من گوتم، بەری ڕەنجی هۆبەی گوێگرتنی میت نەبێت کە ماوەی چل ساڵی ڕەبەقە میکرۆفۆن لە قارسدا دەچێنن، لەوانەیە بڵێیت ئەمانە برێک قسەی قۆڕن و ز.دەمیرکۆڵ هەڵیانی بەستووە، یان ئیپەک خاتوون بۆ ئەوەی گەرد لە خۆشبەختیی فرانکفورتتان نەنیشێت، بتهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی هەموو ئەم شتانە درۆی پەتین. زۆر دڵنەرمیت، لەوانەیشە دڵت خۆی پێ ڕانەگیرێت، بەڵام بۆ ئەوەی هیچ گومانێکت لەم قسانەم نەبێت، بە یارمەتی خۆت برێک لەو گفتوگۆی ئەڤینە دەخوێنمەوە کە دەوڵەتمان مەسەرەفێکی زۆری لە تۆمارکردن و دواتر نووسینەوەی لەسەر کاغەزدا کردووە."

"بۆ نموونە، ئیپەک خاتوون چوار ساڵ لەمەوبەر، لە شازدەی ئاب و لە ڕۆژێکی گەرمی هاویندا گوتوویەتی -گیانەکەم، گیانەکەم، ئەو ڕۆژانەی بێ تۆ تێ دەپەڕن، بۆ من ژیان نییە-، لەوانەیشە لە کاتی یەکەم جیابوونەوەیاندا بووبێت... شینە دوای دوو مانگ لەو کاتە جارێکی تر بۆ گوتنەوەی وانەیەک بەناوی -ئیسلام و خۆداپۆشین- هاتووەتە قارس، لە دووکانی بەقاڵ و لە چایخانەکانەوە هەشت جار تەلەفۆنی بۆ ئیپەک خاتوون کردووە و باسی ئەوەیان کردووە یەکتریان چەند خۆش دەوێت. دوای دوو مانگ، ئەو کاتەی ئیپەک خاتوون بیری کردووەتەوە هەڵبێت و لەگەڵیدا بڕوات، بەڵام نەیتوانیوە

بڕیاری یەکجاری بدات، پێی گوتووە -ڕاستییەکەی، هەموو کەسێک لە ژیاندا تەنیا خۆشەویستێکی هەیە و خۆشەویستی ئەویش شینەیە.- جارێکی تر لەبەر ئیرەیی بردن بە مەرزوقەی ژنی شینەی نیشتەجێ لە ئەستەنبوڵ، پێی دەڵێت لە کاتێکدا باوکی لە ماڵە، ناتوانێت لەگەڵیدا بنوێت. بۆ دواجاریش لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەدا سێ جاری تر تەلەفۆنی کردووە! لەوانەیە ئەمڕۆش بۆی کردبێت. ئێستا تۆماری ئەو گفتوگۆیانەم لا نییە، بەلاّم گرینگ نییە، خۆت دەتوانیت لە ئیپەک خاتوون بپرسیت و بزانیت باسی چییان کردووە. زۆر داوای لێبووردن دەکەم، پێم وا بێت تا ئێرە بەسە، با برادەران کەلەپچەکەی دەستت بکەنەوە، دەموچاوت بشۆ و ئەگەر دەشتەوێت، با بتگەیەننە هۆتێل."

## ٣٩

# چێژی پێکەوە گریان

## (کا) و ئیپەک لە هۆتێلن

(کا) ویستی بە پێ بگەڕێتەوە. بە ئاوێکی زۆر سەرتاپای دەموچاوی و خوێنی لووتی کە بەسەر لێو و چەناگەیدا هاتبووە خواری، شۆری. وەک ئەوەی مێوانێک بێت و بە ڕەزامەندیی خۆی هاتبێت، خواحافیزی لە چەتە و مرۆکوژەکانی ناو خانووەکە کرد و چووە دەرەوە. لە ژێر ڕووناکیی لاوازی شەقامی ئەتاتورکدا دەڕۆیشت و وەک سەرخۆش لەتری دەدا. بێ بیرکردنەوە چووە سەر شەقامی خالید پاشا، کاتێک گوێی لێ بوو وا دووکانی عەنتیکە فرۆشەکە هەمدیسان (ڕۆبێرتا)ی (پەپینۆ دی کاپری) ناوەتە سەر، دەستی کرد بە گریانێکی بێ بڕانەوە. ئا لەو ساتەدا ئەو لادێییە باریکەڵە و ڕێکپۆشەی بینییەوە کە سێ ڕۆژ لەمەوبەر لە پاسەکەی نێوان ئەرزەروم و قارسدا لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو، و بەدەم خەوەنووچکەوە سەری کەوتبووە باوەشییەوە. لە کاتێکدا سەرانسەری قارس هێشتا سەیری ماریانایان دەکرد، (کا) لە پێشدا لە شەقامی خالید پاشا لووتی تەقی بە لووتی پارێزەر موزەفەر بەگدا. پاشان لە شەقامی کازم قەرەبەکر، ئەو بەڕێوەبەرەی کۆمپانیای پاسەی لە یەکەم چوونیدا بۆ تەکیەی شێخ سەعادەدین چاوی پێ کەوتبوو، لەگەڵ هاوڕێیەکی بەسالاچوویدا بینی. لە نیگای ئەو مرۆڤانەوە تێ گەیشت هێشتا فرمێسک بە چاوەکانیدا دێتە خوارێ. لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا هێندە ئەمسەر و ئەوسەری ئەو شەقامانەی بە پێ تەی کردبوو، ئیدی بێ ئەوەی سەری هەڵبڕێت، ئەو جامخانە ڕچیوانەی بە بەردەمیاندا تێ

دەپەڕی، چایخانە لێوانلێواوەکان، دووکانی ئەو وێنەگرانەی کە بیری مرۆڤیان دەخستەوە شارەکە سەردەمانێک ڕۆژگارێکی باشتری بەخۆیەوە بینیووە، دارتەلە لەرزۆکەکانی شەقام، جامخانەی ئەو بەقالانەی پێچکەی پەنیری قاشاریان پێشکێش دەکرد و پۆلیسە سڤیلەکانی گۆشەی شەقامی کازم قەرەبەکر و شەقامی قەرەداغی دەبینی.

پێش ئەوەی بچێتە هۆتێلەوە، بە دوو پاسەوانەکەی گوت هەموو شتێک بەباشی دەچێتە پێش و هێوری کردنەوە. بەدەم هەوڵدانەوە بۆ ئەوەی کەس نەیبینێت، چووە ژوورەکەی خۆی. هەر ئەوەندەی خۆی هەڵدایە سەر جێگەکەی، دایە پرمەی گریان. دوای گریانێکی درێژ، لە خۆیەوە ژیر بووەوە. دوای یەک دوو خوولەک گوێگرتن لە دەنگەکانی شار کە هێندەی چاوەڕوانییە نەبڕاوەکانی سەردەمی منداڵی درێژ بوون، لە دەرگا درا؛ ئیپەک بوو. لە کورەکەی هۆڵی پێشوازی بیستبوو (کا) لە دۆخێکی سەیردایە و دەستبەجێ هاتبووە سەرەوە. لەگەڵ گوتنی ئەو چەند وشەیەدا، لە بەردەم ڕووناکی گڵۆپەکەدا سیمای (کا)ی بینی و بێدەنگ بوو. بێدەنگییەکی درێژ باڵی بەسەریاندا کێشا.

(کا) بەچرپە پێی گوت: "زانیم پێوەندیت لەگەڵ شینەدا هەبووە."

"خۆی پێتی گوت؟"

(کا) گڵۆپەکەی کوژاندەوە و هەمدیسان بەچرپە گوتی: "ز. دەمیرکۆڵ و هاوڕێکانی منیان فڕاند. ماوەی چوار ساڵ گوێیان لە تەلەفۆنەکانتان ڕاگرتووە." دیسان خۆی فڕێدایەوە سەر جێگەکەی و گوتی: "دەمەوێت بمرم." دەستی کردەوە بەگریان.

دەستهێنانی ئیپەک بە قژیدا، تاوی گریانەکەی بەهێزتر کرد. لە ناخیشەوە هێندە ئارام بوو وەک کەسێک شتێکی ون کردبێت و بڕیاری دابێت هەرگیز بەختەوەر نابێت. ئیپەکیش لە جێگەکەدا ڕاکشا و (کا)ی لە باوەش گرت. ماوەیەک گریان و ئەمەش زیاتر پێکەوەیانی گرێ دا.

ئیپەک لە تاریکاییی ژوورەکەدا بەدەم وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی (کا)وە چیرۆکی خۆی گێڕایەوە و گوتی هەمووی تاوانی موختار بووە: هەر بەوەندەوە نەوەستاوە شینە بۆ قارس بانگ بکات و لە ماڵەکەی خۆیدا بیشارێتەوە، بگرە دەیویست کابرای ئیسلامیی سیاسی بۆی بسەلمێنێت ئەم ژنێکی چەند ژیر و زانای هەیە. سەرباری ئەوەش، لەو دەمەدا ڕەفتاری موختار لەگەڵ ئیپەکدا زۆر خراپ بووە و تاوانی منداڵ نەبوونی دەخستە ئەستۆی. وەک (کا)ش دەیزانی، شینە بە ئاسانی دەیتوانی دڵی ژنێکی ڕەنجەڕۆ بداتەوە و سەری لێ بشێوێنێت. دوای دەست پێکردنی پێوەندییان، ئیپەک زۆر هەوڵی دابوو نەکەوێتە دۆخێکی خراپەوە بۆ ئەوەی موختار بە ڕەوشەکە نەزانێت و خەمگین نەبێت. دواتریش هەوڵی دابوو بۆ ڕزگاربوون لەو ئەڤینەی کە تا دەهات گڕ و تینی زیاتر دەبوو. ئەوەی لە سەرەتادا شینەی سەرنجڕاکێش کردبوو، باڵادەستییەکەی بوو بەسەر موختاردا؛ کاتێک موختار نەزانانە سەبارەت بە سیاسەت دەهاتە گۆ، ئیپەک شەرمی لە خۆی دەکرد. کاتێکیش شینە دەڕۆیشت و بێ سەروشوێن دەبوو، موختار زۆر بە شان و باڵیدا هەڵدەدا، دەیگوت دەبێت زیاتر بێتە قارس و زۆری لە ئیپەک دەکرد باشتر و لە دڵەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات. پاش گواستنەوەی ئیپیەک و قەدیفە بۆ ماڵێکی تر، موختار بەو بەسەرهاتەی نەزانیبوو. ئەگەر ز. دەمیرکۆڵ و ئەوانیش پێیان نەگوتبێت، ئەوا هەرگیز پێی نازانێت. بەڵام قەدیفەی چاوکراوە هەر لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنیدا بۆ قارس، هەموو شتێک تێ گەیشتبوو، پێوەندیکردنیشی بە کچانی سەرپۆش بەسەرەوە تەنیا بۆ خۆ نێزیکخستنەوە بوو لە شینە. ئیپەک درکی کردبوو قەدیفەی خوشکی کە بەدرێژاییی ژیان لەگەڵ ئەمدا لە ڕکابەریدا بوو، دڵی بە شینەوەیە. کاتێک دیبووی شینەش بەو پێوەندییە دڵخۆشە، ئیدی ئەم لە شینە سارد بووبووەوە. بیری لەوە کردبووە ئەگەر شینە خۆی بە قەدیفەوە خەریک بکات، ئەوا ئەم لە بیر دەکات، دوای گەیشتنی باوکیشی، توانیبووی بەتەواوی لە شینە دوور بکەوێتەوە.

پێ دەچوو (کا) باوەڕ بکات پێوەندیی نێوان شینە و ئیپەک هەڵەیەکی

بەسەرچووی ژیانە، بەڵام ئیپەک لەپڕ جۆشی گرت و گوتی: "ڕاستییەکەی، شینە منی خۆش دەوێت نەک قەدیفە!" لە دوای ئەم وشانە کە هەرگیز ئارەزووی بیستنیانی نەبوو، لێی پرسی ئەدی ئێستا بۆچوونی لە بارەی ئەو "نانەجیبە بەربادە"وە چییە؟ ئیپەک لە وەڵامدا گوتی نایەوێت لەو بارەیەوە قسە بکات، هەموو شتێک ڕۆیشتووە و بڕاوەتەوە و دەیەوێت لەگەڵ (کا)دا بڕوات بۆ فرانکفورت. لەو ساتەدا (کا) بیری کەوتەوە شینە لە دواهاتنیدا بۆ قارس تەلەفۆنی بۆ ئیپەک کردووە، ئیپەک لە وەڵامدا گوتی شتی وا ڕووی نەداوە و شینەش بەشی ئەوە ئەزموونی سیاسیی هەیە بزانێت لە ڕێی تەلەفۆنکردنەوە جێی ئاشکرا دەبێت. (کا) لەو کاتەدا گوتی: "هەرگیز بەختەوەر نابین!" ئیپەک بەدەم باوەش پێداکردنییەوە گوتی: "نەخێر، دەچینە فرانکفورت و لەوێ بەختەوەر دەبین!" بەبۆچوونی ئیپەک، (کا) بڕوای بە قسەکانی ئەم کردبوو، بەڵام لەو کاتەدا هەمدیسان دایەوە پڕمەی گریان.

ئیپەک بەهێزتر باوەشی پێدا کرد و هەردووکیان پێکەوە گریان. دواتر (کا) لە تێبینییەکانیدا نووسیبووی ڕەنگە ئیپەکیش بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا لەو ساتەدا پەی بەوە بردبێت کە باوەشکردن بە (کا)دا و گریان و پێکەوە گەڕان لە سەرزەمینی تیامانی نێوان تێکشکان و ژیانێکی نوێدا، بارتەقای ئازار، چێژیش بە مرۆڤ دەبەخشێت. بەهۆی ئەوەی یەکیان لە ئامێز گرتبوو، و بۆیان لوابوو پێکەوە بگرین، زیاتر گرفتی داوی عەشقی بووبوو. (کا) لەلایەک بەهەموو هێزی خۆی باوەشی بە ئیپەکدا کردبوو، و دەگریا، لەلایەکی دی، بە گۆشەیەکی هۆشی بیری دەکردەوە لەمەودوا چی بکات و بە غەریزەش گوێی بۆ ئەو دەنگانە ڕاگرتبوو کە لە ناو هۆتێل و لە شەقامەکەوە دەهاتن. سەعات لە شەش نێزیک دەکەوتەوە: چاپی ژمارەی سبەینێی ڕۆژنامەی شاری سەرحەد بە ئەنجام گەیەندرابوو، ئامێرە بەفرڕنەکان خرابوونە کار بۆ پاککردنەوەی ڕێگەی ساریقامیش، فوندا ئەسەر بە شیرینی سواری ئۆتۆمبیلە سەربازییەکە بووبوو، قەدیفەی لەگەڵ خۆیدا بردبووە شانۆی گەل و لەوێ لەگەڵ سونایدا دەستیان بە پرۆڤە کردبوو.

دوای نیو سەعات ئەوسا (کا) بە ئیپەکی گوت پەیامێکی لە شینەوە بۆ قەدیفە پێیە. بەدرێژاییی ئەو ماوەیە یەکتریان کردبووە باوەش و گریابوون. (کا) دەیویست لەگەڵ ئیپەکدا بنوێت، بەڵام ئەم ئارەزووەی لە نێوان ترس، گومان و ئیرەییدا بە نیوەناچڵی مایەوە. (کا) لەو ساتەدا لێکدالێکدا لە ئیپەکی دەپرسی دواجار کەی شینەی دیوە؟ هەموو ڕۆژێک بە نهێنی قسەی لەگەڵدا کردووە و لە گشت یەکتر دیتنێکدا سێکسیان کردووە؟ (کا) سەردەمانێک دوای ئەو ڕۆژە بیری کەوتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم باوەڕی پێی نەبووە، ئیپەک بەتووڕەیی وەڵامی ئەو پرسیار و واتەواتانەی داوەتەوە. دواتر، لەبری ناوەڕۆکی لۆجیکیانەی قسەکانی (کا)، کاریگەریی سۆزی قسەکانی لە بەرچاو گرتووە و بەبەزەییتر ڕەفتاری لەگەڵدا کردووە. (کا)ش لە سەرێکەوە چێژی لەو بەزەییە وەردەگرت و لە سەرێکی ترەوە، پێی خۆش بوو بە پرسیار و گێڕانەوەی دەنگۆ ئیپەک سەرزەنشت نەکات. (کا) ددانی پێدا دەنا بەدرێژاییی ژیانی، خووی سەرزەنشتکردنی وەک شێوازێک بۆ پێوانەی خۆشەویستیی ئەو کەسەی مەیلی بەلای ئەمدا هەبووە، بەکار هێناوە. هەر لەو سۆنگەشەیەوە لە چوار ساڵی دواییی تەمەنیدا کاتێکی زۆری لە پەشیمانی و خۆ تاوانبارکردندا بەسەر بردبوو. کاتێک لێکدالێکدا بە ئیپەکی دەگوت و لێی دەپرسی شینەی لەم زیاتر خۆش دەوێت و لە ڕاستیشدا هەر ئەوی دەوێت، چاوەڕێی وەڵامی ئیپەک نەبوو، بگرە دەیویست سنووری ددان بەخۆداگرتنی ئیپەک تاقی بکاتەوە.

ئیپەک گوتی: "دەتەوێت بەم پرسیارانەت سزام بدەیت لەبەر ئەوەی پێوەندیم لەگەڵ ئەودا هەبووە!"

(کا) گوتی: "منت بۆیە دەوێت بۆ ئەوەی ئەوت لە بیر بچێت." لە ڕووخساری ئیپەکدا ڕاستیی ئەم قسەیەی بەدی کرد، بەڵام نەگریا. لەوانەیشە لەبەر ئەوە بووبێت هەستی دەکرد بەگریانی زیاد لە پێویستی، هێزێکی گەورەی لە خۆیدا کۆکردووەتەوە. (کا) گوتی: "شینە لە جێی خۆحەشاردانییەوە پەیامێکی هەیە بۆ قەدیفە. دەیەوێت قەدیفە لە قسەی خۆی پەشیمان بێتەوە، نەچێتە سەر

شانۆ و سەری ڕووت نەکات. زۆر سووره لەسەر ئەم داوایە."

ئیپەک گوتی: "با ئێمە ئەمە بە ئیپەک نەڵێین."

"بۆچی؟"

"بەمجۆره هەم سونای تا کۆتایی دەمانپارێزێت و هەم بۆ قەدیفەش باش دەبێت، چونکە دەمەوێت خوشکەکەم لە شینە دوور بکەوێتەوە."

(کا) گوتی: "نەخێر. بگره دەتەوێت نێوانیان تێک بدەیت."

بۆی ئاشکرا بوو ئیرەیی پێبردنەکەی، ئەوی لە چاوی ئیپەکدا بچووک کردووەتەوە، بەڵام سەرباری ئەوەش خۆی پێ ڕانەگیرا.

"لە زووەوە پێوەندیی من بە شینەوە نەماوە."

(کا) بیری لەوە کردەوە ڕیتمی زبری زمانی ئیپەک لە ناخیەوە هەڵناقوڵێت. خۆی پێ ڕاگیرا و بڕیاری دا ئەمە بە ئیپەک نەڵێت. بەڵام دوای کەمێک ئەوەی بە ئیپەک گوت و خۆی بینی وا لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکات. (کا) ئەگەر هەستی دەکرد دەسەڵاتی بەسەر ئیرەیی و تووڕەبوونی خۆیدا لە دەست داوە، هێندەی دی خەمگین دەبوو. دەیتوانی بگری، بەڵام هۆشی لەسەر وەڵامدانەوەکەی ئیپەک بوو.

ئیپەک گوتی: "بەلێ، سەردەمانێک زۆر گرفتاری ئەڤینی بووم. بەڵام ئێستا هەمووی بەسەر چووه، ئیدی باشم. دەمەوێت لەگەڵ تۆدا بێم بۆ فرانکفورت."

"چۆن وا بەقوڵی گرفتاری ئەڤینی بوویت؟"

ئیپەک گوتی: "زۆر عاشق بووم." دواتر بەشێوەیەکی بڕیاردەرانە بێدەنگ بوو.

"بۆم باس بکە چۆن -زۆر عاشق بوویت-؟" (کا) سەرباری ئەوەی خوێنساردیی خۆیشی لە دەست دابوو، بەڵام هەستی کرد ئیپەک ناتوانێت خۆی یەکلایی بکاتەوە و بزانێت ئایا وەڵامی ڕاست بداتەوە، ئەم ئاسوودە بکات و ئازارەکانی ژیانی لەگەڵدا دابەش بکات، یان داخێک بە دڵییەوە بنێت کە شایەنی بێت.

ئیپەک دواتر گوتی: "هێندە بەهێز خۆشم دەویست، بەجۆرێک هیچ کەسێکی ترم وا خۆش نەویستووە." ئەمەی گوت و ڕووی خۆی وەرگێڕا بەولاوە.

(کا) گوتی: "ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت لە موختاری پیاوت بەولاوە کەسی ترت نەناسیوە."

هێشتا قسەکەی لە دەم دەرنەچووبوو، پەشیمان بووەوە. نەک تەنیا لەبەر ئەوەی بەو قسەیە ژنەکەی شکاندەوە، بگرە لەبەر ئەوەی هەستی کرد ئیپەک وەڵامێکی توندی دەداتەوە.

"لەنەوایە لەبەر ئەوەی کچێکی تورکم لە ژیاندا هەلی زۆرم بۆ نەڕەخساوە لە پیاوان نێزیک ببمەوە. بەڵام بێگومان تۆ لە ئەورووپا ژمارەیەکی زۆر کچی ئازادت ناسیوە. پرسیاری هیچ کامیانت لێ ناکەم، بەڵام پێم وا بێت فێریان کردوویت خۆشەویستێکی نوێ جێی خۆشەویستە کۆنەکان دەگرێتەوە."

(کا) گوتی: "من تورکم."

"تورکبوون، زۆربەی کات داوای لێبووردنە لە پای خراپەکردن، یان بیانووە."

(کا) بێ ئەوەی خۆیشی باوەڕی بە قسەکەی بێت، گوتی: "بۆیە بۆ فرانکفورت دەگەڕێمەوە."

"منیش لەگەڵتدا دێم و لەوێ بەختەوەر دەبین."

"لە پێناوی لە بیرکردنی ئەودا دێیت بۆ فرانکفورت."

"هەست دەکەم ئەگەر پێکەوە بگەڕێینەوە بۆ فرانکفورت، دەتوانم دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک عاشقت بم. من وەک تۆ نیم؛ لە دوو ڕۆژدا عاشقی کەس نابم. ئەگەر سەبرم لێ بگریت و بە ئیرەیی پێبردنی تورکی زویرم نەکەیت، ڕۆژێک دێت زۆر خۆشم بوێیت."

(کا) گوتی: "بەڵام ئێستا منت خۆش ناوێت. هێشتا هەر عاشقی شینەیت. چ شتێک ئەو هەموو تایبەتمەندییەی بەو کابرایە پێ بەخشیوە؟"

"زۆرم پێ خۆشە دەتەوێت بزانیت، بەڵام لە کاردانەوەت لە بەرامبەر وەڵامەکەم دەترسم."

(کا) بێ ئەوەی بڕوای بە قسەکانی خۆی بێت، گوتی: "مەترسە، زۆر خۆشم دەوێیت."

ئیپەک گوتی: "منیش تەنیا دەتوانم لەگەڵ پیاوێکدا بژیم دوای ئەم قسانەشم هەر خۆشمی بوێت." کەمێک بێدەنگ بوو، نیگای لەسەر (کا) هەڵگرت و بڕییە شەقامە بە بەفر داپۆشراوەکە و بە دەنگێکی گەرم گوتی: "شینە زۆر بە بەزەییــیە، زۆر بیرمەند و جوامێرە. خراپەی کەسی ناوێت. جارێکیان بەدرێژاییی شەو فرمێسکی بۆ دوو تووتکە سەگی دایک تۆپیو هەڵڕشت. بڕوام پێ بکە زۆر بێ هاوتایە."

(کا) بە ناهومێدی گوتی: "ئەو کابرایە مرۆکوژە، وا نییە؟"

"ئەگەر کەسێک تەنانەت یەک لەسەر دەی ناسینی منیش ئەوی ناسیبێت، تێ دەگات ئەو قسەیە چ شتێکی تووڕەهاتە و پێکەنینی پێ دێت. ئازاری کەس نادات. ئەو منداڵێکە. وەک منداڵ حەزی لە گەمە و خەیاڵپەرستییە، لاسایی دەکاتەوە، چیرۆکەکانی شانامە و مەسنەوی دەگێڕێتەوە، مرۆڤی جۆراوجۆریان بەدوای یەکدا لێ دێتە دەرێ. خاوەن عەزمێکی پتەوە، ژیرە، خاوەن قسەی خۆیەتی و زۆر بەهێزە؛ زۆریش بە کەیف و سەفایە... ئاخ، داوای لێبووردن دەکەم، مەگری گیانەکەم، بەسە ئیدی مەگری."

(کا) ماوەیەک دەستی لە گریان هەڵگرت و گوتی ئیدی باوەڕ ناکات پێکەوە بچنە فرانکفورت و لەوێ بەختەوەر بن. بێدەنگییەکی درێژ باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا کە جاروبار هەنسکی (کا) دەیشڵەقاند. لە پێخەوەکەدا ڕاکشا، پشتی لە پەنجەرەکە کرد و دوو لۆ خۆی چەماندەوە. پاش کەمێک ئیپەکیش لە تەنیشتییەوە ڕاکشا و لە پشتەوە باوەشی پێ داکرد.

(کا) لە پێشدا ویستی بە ئیپەک بڵێت: "واز بهێنە." دواتر بەچرپە گوتی: "قایمتر بمنووسێنە بە خۆتەوە!"

بەلای (کا)وە خۆشبوو ڕوومەتی بخاتە سەر سەرینی بە فرمێسکی خۆی تەڕبوو. لە باوەش گرتنیشی لەلایەن ئیپەکەوە هەستێکی جوانی پێ بەخشیبوو. خەو بردییەوە.

کاتێک لە خەو هەڵسا، سەعات گەیشتبووە حەوت و هەردووکیشیان ساتێک هەستیان کرد بەختەوەر دەبن. سەیری سیمای یەکتریان نەدەکرد، بەڵام هەردووکیان بەدوای بیانوودا دەگەڕان بۆ دووبارە ئاشتبوونەوە.

ئیپەک گوتی: "وێڵی بکە گیانەکەم، دەی وێڵی بکە."

(کا) نەیتوانی تێ بگات داخۆ ئەمە ئاماژەیە بۆ بێ ئومێدی، یاخۆ بۆ باوەڕبوون بە لە بیرکردنی ڕابردوو. وای زانی ئیپەک دەیەوێت بڕوات. زۆر باشیش دەیزانی ئەگەر بێ ئیپەک لە قارسەوە بۆ فرانکفورت بگەڕێتەوە، ئەوا ناتوانێت تەنانەت ژیانی کۆن و بێ ئومێدی ساڵانی ڕابردووشی دەست پێ بکاتەوە.

بە شپرزەیی گوتی: "مەڕۆ، کەمێکی تر دانیشە."

دوای بێدەنگییەکی سەیر و وەڕسکەر، یەکیان لە ئامێز گرت.

(کا) گوتی: "خوای من، خوای من، چی دەقەومێت!"

ئیپەک گوتی: "هەموو شتێک بە دڵی خۆمان دەبێت. باوەڕم پێ بکە و متمانەت پێم هەبێت."

(کا) هەستی دەکرد تەنیا بە گوێگرتن لە قسەکانی ئیپەک دەتوانێت لەو مێردەزمەیە ڕزگاری بێت.

ئیپەک گوتی: "وەرە با ئەو شتانەت پێشان بدەم کە لە جانتاکەم کردوون و لەگەڵ تۆدا بۆ فرانکفورتیان دەبەم."

(کا) پێی باش بوو لە ژوورەکە بچێتە دەرێ. لەسەر پلیکانەکان دەستی ئیپەکی گرتبوو، بەڵام کاتێک گەیشتنە بەردەم ژوورەکەی تورگوت بەگ و ئەوان، دەستی بەردا. سەربەرزیش بوو بەوەی لە هۆڵی هۆتێل وەک جووت دەیانئنواند. ڕاستەوخۆ چوونە ژووری ئیپەک. ژنەکە، ئەو بلووزە شینە تەسکەی نەیتوانیبوو لە قارس لەبەری بکات، لە کشاو دەرهێنا، ڕای وەشاند، چووە بەردەم ئاوێنە و بە باڵای خۆی گرت.

(کا) گوتی: "لەبەری بکە."

ئیپەک بلووزە خورییە فراوانەکەی بەری داکەند، بلووزە شینەکەی لەبەر کرد و (کا) هەمدیسان شەیدای جوانییەکەی بووەوە.

(کا) گوتی: "ئایا تا کۆتاییی ژیانت منت خۆش دەوێت؟"

"بەڵێ."

"ئێستا ئەو قاتی ئێوارانە لەبەر بکە کە موختار مۆڵەتی پێت دابوو تەنیا لە ماڵ بیپۆشیت."

ئیپەک دۆڵابەکەی کردەوە، جلە ڕەشە لە مەخمەڵ بڕدراوەکەی دەرهێنا، چرچ و لۆچەکانی ڕاست کردەوە، بە بایەخەوە کردییەوە و لەبەری کرد.

لە ئاوێنەدا نیگای کەوتە سەر چاوی (کا) و گوتی: "زۆرم پێ خۆشە ئاوا سەیرم دەکەیت."

(کا) بەجۆش و ئیرەیی پێبردنەوە ڕوانی بۆ پشتی درێژی ژنەکە، ئەو جێیە هەستیارەی سەر پەراسووی کە ڕاستەوخۆ دەکەوتە ژێر پرچییەوە، کەمێک خوارتر سێبەری بڕبڕەی پشتی، جووڵەی شانەکانی کاتێک بۆ پۆزلێدان دەستەکانی دەخستە سەر قژی. (کا) هەستی دەکرد لە هەمان کاتدا بەختەوەرە و زۆر خراپیش لێی قەوماوە.

تورگوت بەگ خۆی بە ژوورەکەدا کرد و گوتی: "ئۆی، ئەم جلانە چین! خۆمان بۆ چ ئاهەنگێکی سەما ئامادە دەکەین؟" خۆشی بە چارەیەوە نەبوو. (کا) ئەمەی وەک ئیرەیی پێبردنی باوک لێک دایەوە و پێ خۆش بوو.

تورگوت بەگ گوتی: "لە دوای ڕۆیشتنی قەدیفەوە، ئاگادارییەکانی تەلەڤزیۆن توندتر بوون. بەشداربوونی قەدیفە لەو شانۆگەرییەدا کارێکی زۆر هەڵەیە."

"بابە گیان، تکایە بۆ منیشی ڕوون بکەنەوە بۆچی ناتانەوێت قەدیفە سەری ڕووت بکات."

هەموویان پێکەوە چوونە هۆڵەکە و لە بەردەم تەلەڤزیۆندا دانیشتن. پاش کەمێک بێژەرێک هاتە سەر پەردەی تەلەڤزیۆن و ڕای گەیاند لە وەشانی

زیندووی ئەمشەودا کۆتاییی بە تراژیدیایەک دەهێندرێت کە ژیانی کۆمەڵایەتی و مانەوی هەموومانی تێک داوە، فارسییەکان ئەم ئێوارەیە بە هەڵمەتێکی دراماتیک لەو ڕێسا ئاینییانە ڕزگاریان دەبێت کە ئێمەیان لە هاوچەرخبوون و بنەمانی یەکسانیی ژن و پیاو دوور خستووەتەوە. گوتیشی ساتێکی مێژوویی بێ وێنە و ئەفسووناوی ئەوتۆش، لەوانەی لەسەر شانۆ نواندن و ژیان ئاوێتەی یەکتر دەکەن، بەسەر دەبەین. گوتی هیچ پێویست ناکات فارسییەکان ئەمجارە خۆیان نیگەران بکەن، چونکە چوونە ژوورەوەی هۆڵی شانۆ بە خۆڕاییە و بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش و فەرماندەیی ڕەوشی نائاسایی لە هۆڵەکەدا ڕێوشوێنی پێویستیان لە بەرچاو گرتووە. چاوپێکەوتنێک لەگەڵ قاسم بەگی جێگری بەڕێوەبەری ئاسایش کە دیاربوو پێشتر تۆمار کرابوو، هاتە سەر پەردەی تەلەڤزیۆن. قژی کە لە شەوی شۆڕشدا بەسەریەکدا شێوابوو، ئێستا داهێندرابوو، کراسەکەی ئوتو کرابوو، و کراڤاتەکەی لە شوێنی خۆیدا بوو. گوتی فارسییەکان دەتوانن بێ سڵەمینەوە بێن بۆ بینینی شاکارە هونەرییەکانی ئەم ئێوارەیە. قاسم بەگ گوتی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان لە ئێستاوە سەریان لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش داوە و بەڵێنیان داوە وەک وڵاتانی هاوچەرخ و ئەورووپا، لە شوێنی پێویستدا بە دیسپلینەوە چەپڵە بۆ شانۆنامەکە لێ بدەن. گوتیشی ئەمجارە بەهیچ جۆرێک مۆڵەت بە توندوتیژی، زبری نواندن، هەرا و هۆیها کێشان نادرێت. پاشان گوتی دانیشتووانی قارسی خاوەن پاشخانێکی کولتووریی هەزار ساڵە، هەڵبەتە خۆیان دەزانن چۆن سەیری شاکارێکی شانۆیی دەکەن. ئەمەی گوت و لەسەر پەردەی تەلەڤزیۆن نەما.

هەمان بێژەری پێشوو هاتەوە سەر پەردە، باسی لەو تراژیدیایە کرد کە لەو ئێوارەیەدا پێشکێش دەکرێت و گوتی چەندین ساڵە ئامادەکاری بۆ ئەم شانۆنامەیە دەکرێت و سونای زایم ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێت. لەسەر پەردەی تەلەڤزیۆن دەست کرا بە پێشاندانی پۆستەری شانۆنامەکانی ناپلیۆن، ڕۆبەسپیر و لینین. سونای زایم چەندین ساڵ لەمەوبەر ئەو

شانۆنامانەی پێشکێش کردبوو؛ وێنەی ڕەش و سپیی سونای زایم (فوندا ئەسەر سەردەمێک هێندە لاواز بووە نەبێتەوە!)؛ هەندێک بیرەوەری تری شانۆیی کە (کا) پێی وا بوو ژن و پیاوە شانۆکارەکە لە دۆلابێکدا لەگەڵ خۆیاندا دەیانگواستەوە (بلێتی کۆن، پرۆگرامی شانۆنامەکانی ڕابردوو، پارچە ڕۆژنامەی ئەو سەردەمەی کە سونای زایم دەیویست ڕۆڵی ئەتاتورک بگێڕێت و بڕێک وێنەی جەرگبڕی چایخانەکانی ئەنادۆڵ.) ئەم فیلمی ناساندنە تا ڕادەیەک وەڕسکەربوو، بەڵگەنامە کولتوورییەکانی تەلەڤزیۆنی دەوڵەتی دەهێنایەوە بیری مرۆڤ. وێنەیەکی سونای زایم، دیاربوو تازە لێی هەڵگیرابوو، جارنەجارێک دەهاتە سەر پەردە، شێوەی تێکشکاو، بەڵام خۆدەرخەرانەی سەرانی بلۆکی سۆسیالیست، یان دیکتاتۆرەکانی ئەفریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێوە دیاربوو. دانیشتووانی قارس لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە تەلەڤزیۆندا سەیری دیمەنەکانی سونای زایمیان کردبوو، باوەڕیان کردبوو لە ئێستاوە سەقامگیری و ئارامیی بۆ شارەکەیان هێناوە، هەستیان دەکرد هاولاتی ئەون و خەریک بوون شێلگیرانە متمانەیان بە داهاتووی خۆیان پەیدا دەکرد.

هەشتا ساڵ لەمەوبەر، دوای کشانەوەی سوپای عوسمانی و ڕووس لە شار، ئەو سەردەمەی ئەرمەنی و تورک یەکتریان دەکوشت، تورکەکان لە شاردا دەوڵەتێکی تورکیان ڕاگەیاندبوو. ئێستا ئالای ئەو دەڵەتە کە کەس نەیدەزانی لە چ قوژبنێکدا دۆزراوەتەوە، پەیتاپەیتا لە پەردەی تەلەڤزیۆندا پێشان دەدرا. پێشاندانی ئەم ئالا لەکەدار و مێش و مەگەز لێ دراوە، لە هەموو شتێک زیاتر ئارامی لەبەر تورگوت بەگ هەڵگرتبوو.

"ئەم کابرایە شێتە. سەری هەموومان لە قوڕ دەگرێت، هەر چۆنێک بووە نابێت قەدیفە بچێتە سەر شانۆ!"

ئیپەک گوتی: "بەڵێ، با نەچێت، بەڵام بابە گیان ئەگەر بڵێین ئەمە ئارەزووی ئێوەیە، ئەوا خۆتان دەزانن قەدیفە کەللەڕەقە، دەچێتە سەر شانۆ و سەری ڕووت دەکات."

"باشە، چی ڕوو دەدات؟"

ئیپەک ڕووی لە (کا) کرد، برۆی بەرز کردەوە و گوتی: "با (کا) هەر ئێستا بچێت بۆ شانۆی گەل و قەدیفە بە نەچوونە سەر شانۆ قایل بکات!"

(کا) ماوەیەکی درێژ بوو سەیری ئیپەکی دەکرد، نەک تەلەڤزیۆن و لەبەر ئەوەی بۆی ڕوون نەبووەوە ئەم ڕاگۆڕینە لە ئەنجامی چییەوەیە، هەستی بە شپرزەیی کرد.

تورگوت بەگ بە (کا)ی گوت: "ئەگەر دەیەوێت سەری ڕووت بکات، با دوای هێوربوونەوەی ڕووداوەکان، لە ماڵ بیکات. بێ هیچ گومانێک سونای ئەم ئێوارەیە لەسەر شانۆ بەزمێکی تر دەنێتەوە. زۆر پەشیمانم لەوەی فوندا ئەسەر منی لە خشتەی برد و قەدیفەم ڕادەستی ئەو شێتانە کرد."

"بابە گیان، (کا) دەڕوا بۆ هۆڵی شانۆی گەل و قەدیفە قایل دەکات."

"ئیدی تەنیا ئێوە دەتوانن بگەنە قەدیفە، چونکە سونای متمانەی پێتانە. ئەوە چی بەسەر لووتتاندا هاتووە بەرخم؟"

(کا) بە خۆ بەتاوانبارزانینەوە گوتی: "لەپەوڕوو بەسەر بەفرەکەدا کەوتم."

"ناوچەوانیشتان بەرکەوتووە. بەتەواوی شین هەڵگەڕاوە."

ئیپەک گوتی: "(کا) تەواوی کۆڵان و شەقامەکانی داوەتە ژێر پێوە."

تورگوت بەگ گوتی: "بێ ئاگاداری سونای، قەدیفە ڕابکێشنە گۆشەیەکەوە... پێی مەڵێن ئەم بیرۆکەیەتان لە ئێمەوە بیستووە و نابێت بڵێت لە ئێوەی وەرگرتووە. با هیچ لەگەڵ سونایدا نەڵێت و بیانوویەک بدۆزێتەوە. هەرە باش ئەوەیە بڵێت نەخۆشم، با بڵێت سبەینێ لە ماڵ سەرم ڕووت دەکەم، با بەڵێن بدات. بە قەدیفە بڵێن هەموومان زۆر خۆشمان دەوێت. کچۆڵەی نازدارم!"

لەپڕ چاوەکانی تورگوت بەگ پڕ بوون لە فرمێسک.

"بابە گیان، ئایا دەتوانم دوو بەدوو لەگەڵ (کا)دا قسە بکەم؟" ئیپەک ئەمەی گوت و (کا)ی بەرەو لای مێزی نان خواردنەکە ڕاکێشا. لە سووچێکی دەوری

مێزەکە دانیشتن. زاهیدەش لە ئێستاوە بۆ خواردنی ئێوارە خوانی لەسەر ڕاخستبوو.

"بڵێ بۆیە ئەم داوایەی لێ دەکەیت، چونکە شینە لە دۆخێکی دژواردایە و هێزی لێ بڕاوە."

(کا) گوتی: "جارێ بەر لە هەموو شتێک پێم بڵێ بۆچی ڕای خۆت گۆڕی؟"

"ئاخ گیانەکەم، هیچ شتێک لە ئارادا نییە مایەی گومان بێت. باوەڕم پێ بکە تەنیا ئەوەندە هەیە قسەکانی باوکم بە ڕەوا دەزانم و هیچی تر. "

دوورخستنەوەی قەدیفە لە بەڵای ئەم ئێوارەیە، ئێستا بۆ من لە هەموو شتێک گرینگترە."

(کا) بە هۆشیارییەوە گوتی: "نەخێر، شتێک قەوماوە و تۆیش ڕای خۆت گۆڕی."

"شتێک لە گۆڕێدا نییە مایەی ترس بێت. ئەگەر قەدیفە دەیەوێت سەری ڕووت بکات، با دوایی لە ماڵ بیکات."

(کا) زۆر بەوردی گوتی: "قەدیفە ئەگەر ئەم ئێوارەیە سەری ڕووت نەکات، ئەوا هەرگیز لە ماڵ لە پێش چاوی باوکت نایکات. تۆیش ئەمە باش دەزانیت."

"لە هەموو شتێک گرینگتر، گەڕانەوەی خوشکمە بە سەلامەتی بۆ ماڵ."

(کا) گوتی: "من ترسم لە شتێک هەیە، دەترسم شتێکتان لە من شاردبێتەوە."

"گیانەکەم، شتی وا نییە. زۆر خۆشم دەوێیت. ئەگەر منت دەوێت، با هەر ئێستا پێکەوە بچینە فرانکفورت. کاتێک لەوێ بینیت بە تێپەڕبوونی کات تا چ ڕادەیەک بە منەوە پێوەست دەبیت و عاشق دەبیت، ئەو کاتە ئەم ڕۆژگارە لە بیر دەکەیت و بە متمانەوە خۆشمت دەوێت."

ئیپەک دەستی خستە سەر دەستی ئارەقاوی و گەرمی (کا). ئەم خەریک بوو بڕوا نەکات چەند لە ئیپەک، لە جوانییەکەی لە ئاوێنەدا، لە پشتی جوانی بە جلە مەخمەڵییەکانییەوە و لە چاوە گەورەکانییەوە نێزیکە.

دواتر گوتی: "هەست دەکەم دڵنیام لە ڕوودانی شتێکی خراپ."

"بۆچی؟"

"چونکە زۆر کامەرانم. بە پێچەوانەی پێشبینیی خۆمەوە لە قارس هەژدە شیعرم نووسیوە. ئەگەر شیعرێکی تریش بنووسم، ئەوا دەتوانم بیانکەم بە دیوانێک. باوەڕیشم هەیە دەتەوێت لەگەڵمدا بێیت بۆ ئەڵمانیا و هەستیش دەکەم خۆشبەختییەکی گەورە چاوەڕێم دەکات. ئەم ڕێژە بەرزەی بەختەوەریم لێ نایەت، هەست دەکەم شتێکی خراپم لێ دەقەومێت."

"خراپێکی چۆن؟"

"وەک ئەوەی دوای دەرچوونم لێرە بۆ قایلکردنی قەدیفە، تۆ دەستبەجێ چاوت بە شینە بکەوێت."

ئیپەک گوتی: "ئاخ، قسەی تووڕەهاتە. بگرە شوێنیشی پێ نازانم."

"لەبەر ئەوەی شوێنی خۆحەشاردانیم ئاشکرا نەکرد، دارکاری کرام."

ئیپەک بەدەم گرژکردنی برۆکانییەوە گوتی: "بە قوربانە بە کەسیش نەڵێیت، دواتریش دەبینی ترسەکەت لە جێی خۆیدا نییە."

تورگوت بەگ لەولاوە گوتی: "ئێ چی بوو؟ ناڕۆن بۆ لای قەدیفە؟ دوای سەعاتێک و دە خوولەکی تر شانۆنامەکە دەست پێ دەکات. تەلەڤزیۆن ڕای گەیاند وا خەریکە ڕێگە و بانەکانیش دەکرێنەوە."

(کا) بەچرپە گوتی: "نامەوێت بڕۆم بۆ هۆڵی شانۆی گەل، نامەوێت لێرە بڕۆمە دەرێ."

ئیپەک گوتی: "باوەڕم پێ بکە، ناتوانین لێرە بڕۆین ئەگەر قەدیفە بە دڵشکاوی لە دوای خۆمان بەجێ بهێڵین. ئەو کاتە ئێمەش ناتوانین کامەران بین. هەر هیچ نەبێت بڕۆ و هەوڵ بدە قایلی بکەیت بۆ ئەوەی سووکنایی بە دڵماندا بێت."

(کا) گوتی: "سەعات و نیوێک لەمەوبەر کە شینە فازیلی ناردبوو بەدوامدا، تۆ بە منت دەگوت لێرە مەڕۆ دەرێ."

ئیپەک گوتی: "بەپەلە پێم بڵێ من چۆن بتوانم بۆت بسەلمێنم کاتێک تۆ بۆ هۆڵی شانۆی گەل دەچیت، من لێرە ناچمە دەرەوە؟"

(کا) پێ کەنی و گوتی: "وەرە ژوورەکەی من لە سەرەوە. دەرگاکە کلیل دەدەم و ماوەی نیو سەعاتێک کلیلەکە لای خۆم دەهێڵمەوە."

ئیپەک بە خۆشییەوە گوتی: "باشە." هەڵسایە سەرپێ. "بابە گیان، من بۆ ماوەی نیو سەعاتێک دەچمە ژوورەکەی خۆم لە سەرەوە. خەمی (کا)شتان نەبێت، ئێستا بۆ قسەکردن لەگەڵ قەدیفەدا دەچێتە هۆڵی شانۆی گەل... لە جێی خۆتان مەجووڵێن، لە سەرەوە کارێکمان هەیە و ئێستا پەلەمانە."

تورگوت بەگ گوتی: "خوا ئاگای لێتان بێت." وەلێ شپرزەیی پێوە دیاربوو.

ئیپەک دەستی (کا)ی گرت، بەو جۆرە بە هۆڵی پێشوازیکردندا تێ پەڕین و بە پلیکانەکاندا چوونە سەرێ.

(کا) گوتی: "جاوید بینیمانی، تۆ بڵێیت چۆن بۆ مەسەلەکە بچێت؟"

ئیپەک بە خۆشییەوە گوتی: "وێڵی بکە." لە سەرەوە کلیلەکەی لە (کا) وەرگرت، دەرگای کردەوە و چووە ژوورێ. ژوورەوە هێشتا بۆنی پێکەوە نووستنەکەی دوێنێ شەویانی لێ دەهات. "لێرە چاوەڕێت دەکەم. ئاگات لە خۆت بێت، سەر مەخە سەر سونای."

"بە قەدیفە بڵێم باوکت و ئێمە نامانەوێت بچیتە سەر شانۆ، یاخۆ بڵێم شینە ڕازی نییە؟"

"بڵێ داخوازی شینەیە."

"بۆچی؟"

"لەبەر ئەوەی قەدیفە شینەی زۆر خۆش دەوێت، بۆیە. تۆ بۆ پاراستنی خوشکم لە مەترسی، بۆ ئەوێ دەڕۆیت. ئیرەیی بردن بە شینە لە بیر بکە."

"ئەگەر بۆم لە بیر بکرێت!"

ئیپەک گوتی: "لە ئەڵمانیا زۆر کامەران دەبین." دەستی لە ملی (کا) کرد. "پێم بڵێ دەچینە کام سینەما؟"

(کا) گوتی: "لە مۆزەخانەی فیلم سینەمایەک هەیە شەوانی درەنگی شەمە فیلمی هونەریی ئەمریکاییی دۆبلاج نەکراو پێشان دەدات. دەڕۆین بۆ ئەوێ. پێش ڕۆیشتنیشمان لە ڕێستۆرانتەکانی نێزیک وێستگەی شەمەندەفەر، دۆنەر و خەیاری شوێر دەخۆین. دوای گەڕانەوەشمان لە سینەما، لە ماڵ بەدەم گۆڕینی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنەوە کەیف دەکەین. دواتریش سێکس دەکەین. ئەو مووچەیەی لە فەرمانگەی کۆمەڵایەتی وەری دەگرم لەگەڵ داهاتی خوێندنەوەی ئەم شیعرانەمدا لە ئێوارە کۆڕەکاندا، سەروزیادمانە و جگە لە پێکەوە نووستن، هیچ کارێکی ترمان نابێت."

ئیپەک ناوی کتێبەکەی لێی پرسی و (کا)ش وەڵامی دایەوە.

ئیپەک گوتی: "جوانە. دەی گیانەکەم دەسا بڕۆ. ئەگەر نا، باوکم خەفەت دەخوات و دەکەوێتە سەر شەقام و ناو کۆلانان."

(کا) پاش لەبەرکردنی پاڵتۆکەی، باوەشی بە ئیپەکدا کرد. "ئیدی ناترسم." درۆی کرد. "بەڵام ئەگەر شتێکی چاوەڕوان نەکراو ڕووی دا، لە یەکەم شەمەندەفەردا کە شار بەجێ دەهێڵێت، چاوەڕێت دەکەم."

ئیپەک بە پێکەنینەوە گوتی: "ئەگەر بتوانم لەم ژوورە بێمە دەرێ."

"تا لە گۆشەی شەقام دەچم بەو دیودا و ون دەبم، سەیرم بکە. دەبێت؟"

"دەبێت."

(کا) بەدەم داخستنی دەرگاوە گوتی: "زۆر دەترسم جارێکی تر نەتبینمەوە."

دەرگای کلیل دا و کلیلەکەی خستە گیرفانی پاڵتۆکەیەوە.

لە سەر شەقام چەند شەقاوێک کەوتە پێش پاسەوانەکانی بۆ ئەوەی بتوانێت ئاوڕ بداتەوە و ئیپەک لە پەنجەرەکەدا ببینێت. بینی ئەوا ئیپەک لە پەنجەرەی ژووری ٢٠٣ی نهۆمی یەکەمی هۆتێلی بەفرپالاسەوە جووڵەی لە خۆی بڕیوە و سەیری ئەم دەکات. تیشکێکی پرتەقاڵیی گڵۆپی بچووکی سەر مێزەکە قۆڵ و مەچەکی ڕەنگ هەنگوینی کە لە جلە مەخمەڵییەکەدا لە تاو سەرما دەستیان بە هەڵلەرزین کردبوو، ڕووناک دەکردەوە. (کا) هەرگیز ئەو

تیشکەی لە بیر نەکرد و بە درێژاییی چوار ساڵی دواییی پاشماوەی ژیانی، لە خەیاڵی خۆیدا گرێی دەدا بە بەختەوەرییەوە.

(کا) لەو ساتە بەدواوە هەرگیز ئیپەکی نەبینییەوە.

٤٠

# پێ دەچێت سیخوڕیی دووسەرە کارێکی ئاسان نەبێت

## بەشێکی نیوەناچڵ

لە کاتی ڕۆیشتنی (کا)دا بۆ هۆڵی شانۆی گەل، کۆڵان و شەقامەکان چۆڵ و هۆڵ بوون، یەک دوو ڕێستۆرانتی لێ دەربچێت، هەموو دووکانەکانی تر دەرابەیان دادرابووەوە. مێوانی چایخانەکان لە کۆتایی ڕۆژێکی درێژدا کە بە جگەرەکێشان و چای خواردنەوە بەسەریان بردبوو، هەڵدەسان بۆ ئەوەی بەرەو ماڵ بگەڕێنەوە، بەڵام هێشتا چاویان لەسەر پەردەی تەلەڤزیۆن لا نەدەبرد. (کا) لە بەردەم هۆڵی شانۆی گەلدا سێ ئۆتۆمبیلی پۆلیسی بینی لایتەکانی سەریان هەڵدەبوون و دەکوژانەوە. لە ژێر دار زەیتوونە ڕووسییەکانی هەورازەکەی خوارەوەشدا تارمایی تانکێکی بەدی کرد. ئێوارە پشتی سەرماکەی شکاندبوو، نووکی چلوورەی بن گوێسوانەکان ئاویان لێ دەچۆڕا و دەکەوتە سەر شۆستەکان. بەژێر کابڵی وەشانی زیندووی تەلەڤزیۆندا کە لەمبەری شەقامی ئەتاتورکەوە بۆ ئەوبەری ڕاکێشرابوو، پەڕییەوە و چووە هۆڵی شانۆی گەلەوە، کلیلەکەی گیرفانی دەرهێنا و خستییە لەپی دەستییەوە.

پۆلیس و سەربازەکان بەڕیز لە بن دیوارەکاندا ڕاوەستابوون و دەنگدانەوەی پرۆڤەکانی سەر شانۆیان لە هۆڵە چۆڵەکەدا دەبیست. (کا) لەسەر کورسییەک دانیشت و گوێی لە دانە بەدانەی قسەکانی سونای ڕاگرت کە بە دەنگێکی گڕ دەیکردن، سەرنجی لە وەڵامە یەکلایی نەکەرەوە و لاوازەکانی قەدیفەی سەرداپۆشراو دا، گوێی لە دەنگی فوندا ئەسەر بوو چۆن

خـۆی لـه پرۆڤــەکــان هـەڵدەقــورتاند و بەدەم دانانـی دیکۆری ســەر شـــانۆوە (دارێک، مێـزێکی مـاکیـاجی ئاوێنەدار) دەیگوت: "گیـانەکەم قـەدیفـە، زیاتر لە ناخەوە بدوێ."

لەو دەمەیدا فوندا ئەسەر و قەدیفە پێکەوە پرۆڤەیان دەکرد، سونای تیشکی جگەرەکـەی (کـا)ی بینی، هـات بەلایەوە دانیــشت و گــوتی: "ئەم ســاتـانە، بەختەوەرترین ساتەکانی ژیانی مـنن." بۆنی ئارەق لە دەمی دەهات، بەڵام هیچ سەرخۆش نەبوو. "هەرچەندە پرۆڤەی زیادیش بکەین، تەنیا لەسەر شانۆ ڕوون دەبێتەوە لەو ساتەدا هەست بە چی دەکەین. قەدیفەش بە توانا و لێهاتووە."

(کا) گوتی: "لـە باوکییـەوە پەیامێک و میـروویەکی چاوەزارم بۆی هێناوە. دەتوانم لە گۆشەیەکدا قسەی لەگەڵ بکەم؟"

سـونای گـوتی: "ئاگـادارین مـاوەیەک خـۆت لە پاســەوانەکـان دابڕیوە و ون بوویت. بەفر لە توانەوەدایە، وا خـەریکە هێڵی شـەمـەندەفەر دەکرێتـەوە. بەڵام ئێمە پێش ئەمـانە شـانۆی خۆمـان پێشـکێش دەکەین. ئایا شـینە لە شـوێنێکی باش خۆی حەشار داوە؟"

"نازانم."

سـونـای ڕۆیشت، گـوتی قــەدیفـە دەنێـرێت و خـۆی گـەیاندەوە پرۆڤـەی سـەر شـانۆ. هەر لەو کاتەدا ڕووناکیی سـەر شـانۆ داگیرسێندرا. ئەم هەسـتی کرد هێـزێکی گـەورەی بەکێشکـردن لە نێوان سێ کەسـەکەی سـەر شـانۆدا هەیە. ترسـیـشی لێ نیشت کاتێک دەیبینی قەدیفـە بە سـەرپۆرشی سـەرییـەوە چەند خـێــرا ڕووی لە ناوەوەی ئـەم جـیــهــانـە ڕوو لە دەرە کـردووە. هەســتی کـرد دەیتـوانی زیاتر قـەدیفـەی بچێت بە دڵدا ئەگـەر سەری دانـەپۆشیـبا، ئەو پاڵتـۆ ناشیرینەی کچانی لەچکداری نەپۆشیبا و ڕۆکێکی لەبەر بکردایە و کەمێک لە ڕانە درێژەکـانـی هاوشـێـوەی ڕانی پێـشـان بدایە. کـاتێک قـەدیفـە لە شـانۆ دابەزی و هـات لە تەنیشتییەوە دانیشت، بۆی دەرکەوت بۆچی شینە دەستی لە ئیپەک هەڵگرتووە و گرفتاری ئەڤینی ئەمیان بووە.

"قەدیفە، شینەم بینی. ئازاد کراوە و لە شوێنێک خۆی حەشار داوە. نایەوێت ئەمشەو بچیتە سەر شانۆ و سەرت ڕووت بکەیت. نامەیەکیشی بۆت ناردووە."

(کا) بۆ ئەوەی سەرنجی سونای ڕانەکێشێت، وەک ئەوەی قوتابی بێت و لە کاتی تاقیکردنەوەدا پارچە کاغەزێکی کۆپیا بداتە هاوڕێیەکی، بەو جۆرە نامەکەی دایە دەستی قەدیفە، بەڵام ئەم لە پێش چاوی ئەوان کردییەوە و خوێندیەوە. جارێکی تریش خوێندییەوە و پێ کەنی.

"قەدیفە، ئەمە ڕای باوکیشتە. بڕیاری سەر ڕووتکردنت هەنگاوێکی ڕاستە، بەڵام جێبەجێکردنی لەم ئێوارەیەدا و بە پێش چاوی قوتابیانی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنانەوە تا بڵێیت کارێکی چەوتە. سونای ئەمڕۆ ئاژاوەیەک دەنێتەوە. هیچ پێویست ناکات ئەم ئێوارەیە لێرە بمێنیتەوە. پێیان بڵێ نەخۆشیت."

"پێویست بە بیانوو ناکات. سونای پێمی گوت ئەگەر بمەوێت دەتوانم بڕۆمەوە بۆ ماڵ."

(کا) تێ گەیشت توورەیی و خەیاڵشکاندنی سەر ڕووخساری قەدیفە زۆر قوڵترە لە خەمی ئەو کچە لاوەی کە لە دوایین ساتدا مۆڵەتی پێ نادرێت لە شانۆی قوتابخانەدا بەشداری بکات. "قەدیفە، لێرە دەمێنیتەوە؟"

"لێرە دەمێنمەوە و لە شانۆگەرییەکەدا بەشدار دەبم."

"ئەم بڕیارە باوکت زۆر خەمگین دەکات، دەزانیت؟"

"ئەو میرووی چاوەزارەم بدەرێ کە بۆمی ناردووە."

"ئەو بیرۆکەیە داهێنانی خۆم بوو بۆ ئەوەی بتوانم بە دووقۆڵی قسەت لەگەڵ بکەم."

"پێ دەچێت سیخوڕیی دووسەرە کارێکی ئاسان نەبێت."

(کا) جۆرێک لە ڕەنجەڕۆییشی لە سیمای قەدیفەدا بەدی کرد، بەڵام بە ئازارەوە هەستی کرد کچەکە هۆشی لە لایەکی تەواو جیاوازە.

ویستی دەفەی شانەکانی قەدیفە بگرێت و بەخۆیەوە بنووسێنێت، بەڵام هیچی نەکرد.

(کا) گوتی: "ئیپەک ڕابردووی خۆی لەگەڵ شینەدا بۆ من گێڕایەوە."

قەدیفە جگەرەیەکی لە پاکەتەکەی دەرهێنا، بە جووڵەیەکی سستەوە نای بە لێوییەوە و ئاگری دا.

(کا) بە بێ تاقەتی پێی گوت: "جگەرە و چەرخەکەم دایێ." کەمێک بێدەنگ بوون. "ئایا ئەمە لە پێناوی زۆر خۆشویستنی شینەدا دەکەیت؟ قەدیفە، پێم بڵێ چی شتێکی ئەوت زیاتر خۆش دەوێت؟"

(کا) لەبەر ئەوەی دەیزانی قسەی خۆی بە با دەدا و لەگەڵ هەر وشەیەکیشدا زیاتر دەیشێوێنێت، نقەی لە خۆی بڕی و کپ بوو.

فوندا ئەسەر لەسەر شانۆوە بانگی قەدیفەی کرد و گوتی نۆرەی هاتووە.

قەدیفە بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە سەیرێکی (کا)ی کرد و هەڵسایە سەرپێ. لە دوایین چرکەدا یەکدییان لە ئامێز گرت. (کا) بەدەم هەستکردن بە هەبوون و بۆنی قەدیفەوە، ساتێک سەیری سەر شانۆی کرد، بەڵام بەهیچ جۆرێک هۆشی لەوێ نەبوو؛ لە شتەکان نەدەگەیشت. لە هەناوی خۆیدا هەستی بە ناتەواوی، ئیرەیی و پەشیمانییەک دەکرد کە بڕوا بەخۆبوون و لۆجیکی خۆی تەفروتونا دەکرد. تا ڕادەیەک دەیزانی بۆچی ئازار دەچێژێت، بەڵام ئەوەی سەری لێ دەرنەدەکرد ئەوە بوو بۆچی ئازارەکان هێندە سووتێنەر و بەتاون؟

بەدەم کێشانی جگەرەیەکەوە بیری کردەوە ئەم ئازارە گورچکبڕ و ماڵوێرانکەرە مۆری خۆی لەو ساڵانە دەخات کە لە فرانکفورت لەگەڵ ئیپەکدا بەسەری دەبات -بێگومان ئەگەر لە بردنی ئیپەکدا بۆ فرانکفورت سەرکەوتوو بێت- هۆشی تێکەڵ و شێوابوو. چوو بۆ ئەو سەرئاوەی کە دوو ڕۆژ لەمەوبەر لەگەڵ نەجیبدا لەوێ بەیەک گەیشتبوون، چووە هەمان ئاودەستەوە. پەنجەرە بچووکەکەی سەرەوەی کردەوە و بەدەم جگەرەکێشانەوە سەیری ئاسمانی تاریکیی کرد.

سەرەتا بڕوای نەکرد شیعرێکی تازەی بۆ دێت. شیعرەکەی بەجۆرێک لە دڵدانەوە و ئومێد دانا و بەجۆشەوە لە دەفتەرە سەوزەکەیدا نووسییەوە. کاتێک تێ گەیشت هەمان هەستی گورچکبڕ هێشتا بەوپەڕی هێزەوە بە هەناویدا تەشەنە دەکات، بەپەلەپڕووزێ لە هۆڵی شانۆی گەل چووە دەرێ.

ساتێک بیری کردەوە ڕەنگە باشتر بێت بەسەر شۆستە بەفراوییەکاندا بڕوات و بایەکی سارد لێی بدات. دوو پاسەوانەکەی بەدوایەوە بوون، بەڵام هێشتا هۆشی ئاڵۆز بوو. بەمەبەستی باشتر تێگەیشتن لە چیرۆکەکەمان، لێرەدا کۆتایی بەم بەشە دەهێنم و دەچمە سەر بەشێکی تر، بەڵام ئەمە بەواتای ئەوە نییە (کا) لەم بەشەدا شتگەلێکی شایەن بە گێڕانەوەی نەکردبێت. ئێستا پێویستە پێش هەموو شتێک لە دیوانی (بەفر)دا سەرنجێک لە شوێنی دوایین شیعری (کا) بدەم کە بێ ڕاوەستان لە دەفتەرە سەوزەکەیدا نووسییەوە و ناوی لێ نا (سەرزەمینی کۆتاییی جیهان).

## ٤١

# هەرکەسێک گەردیلەیەکی بەفری هەیە

## دەفتەرە سەوزە ونبووەکە

(سەرزەمینی کۆتاییی جیهان) نۆزدەیەمین و دوایین شیعر بوو لە قارس بۆ (کا) هاتبوو. دەزانین هەژدە دانە لە شیعرەکانی لەگەڵ بۆ هاتنیاندا دەستبەجێ لە دەفتەری سەوزی بەر باخەڵیدا، ئەگەرچی بە هەندێک کەموکورتیشەوە بووبێت، تۆمار کردبوو، تەنیا ئەو شیعرە نەبێت کە لە شەوی شۆڕشەکەدا خوێندبوویەوە و دواتر سەردێڕی (ئەو شوێنەی خوای لێ نییە)ی بۆی دانابوو. لە دوو نامەدا لەو نامانەی دواتر لە فرانکفورت بۆ ئیپەکی نووسیبوو، بەڵام بۆی نەناردبوو، نووسیبووی هەرچی دەکات ئەو شیعرەی بیر ناکەوێتەوە و ڕوونی کردبووەوە هەرچۆنێک بووە پێویستە بۆ تەواوکردنی دیوانەکەی بیدۆزێتەوە. نووسیبووی زۆر دڵخۆش دەبێت ئەگەر ئیپەک بیتوانیبا چاوێک بە کاسێتەکانی (تەلەڤزیۆنی سەرحەد قارس)دا بگێڕێت. نامەکانم لە ژووری هۆتێل لە فرانکفورت خوێندنەوە و بەشێوازی نووسینیاندا هەستم کرد (کا) پێشبینی کردووە ڕەنگە ئیپەک وا تێ بگات ئەم بەبیانووی کاسێتی ڤیدیۆ و شیعرەوە نامەی ئەڤینی بۆی نووسیوە و ئەمەش (کا)ی نائارام کردووە.

هەمان ئەو شەوەی بە کاسێتەکانی مەلینداوە بۆ ژوورەکەم گەڕامەوە و دوای ئەوەی کەمێک سەرم گەرم کرد، لە خۆوە دەستم بۆ یەکێک لە دەفتەرەکان برد و ئەو نیگاری گەردیلەی بەفرەم تێدا دۆزییەوە کە لە کۆتاییی بەشی بیست و نۆیەمی ئەم ڕۆمانەدا دام ناوە. ڕۆژانی دواتر بەدەم بەردەوام خوێندنەوەی دەفتەرەکانەوە، پێم وا بێت، ئەگەرچی کەمێکیش بێت، تێ

گەیشتبووم (کا) مەبەستی چی بووە لە دانانی سەردێڕی ئەو شیعرانەی لە قارس بۆی هاتبوو، لەسەر نۆزدە خاڵی سەر نیگارەکەی گەردیلەی بەفر.

(کا) دواتر لە ڕێی خوێندنەوەی کتێبگەلێکەوە تێ گەیشتبوو مەیینی گەردیلەیەکی شەشپاڵوویی بەفر لە ئاسمان و وەرگرتنی شێوەی ئەستێرەیەکی شەشپاڵوویی و گەیشتنی بە زەوی و لە دەستدانی شێوەی، هەشت تا دە خوولەکی پێ دەچێت. بۆ دەرکەوتبوو گەردیلەی بەفر لە ژێر کاریگەریی با، ساردی، بەرزی چینەکانی هەور و چەندین هۆکاری تری نەزانراو و پڕ لە ڕازدا شێوەی خۆی وەردەگرێت. لە هەموو ئەمانەشەوە پەی بەوە بردبوو جۆرێک لە پێوەندی لە نێوان گەردیلەکانی بەفر و مرۆڤدا هەیە. شیعری "من، (کا)"ی لە کتێبخانەی قارس بەخەیاڵی گەردیلەی بەفرەوە نووسیبوو. دواتریش بیری لەوە کردبووەوە هەمان نیگاری گەردیلەی بەفر لە چەقی دیوانە شیعری (بەفر)دا ڕاکشاوە.

دواتر بەهەمان لۆجیکەوە پێشانی دابوو شیعرەکانی (بەهەشت، شەترەنج و قوتووی شۆکۆلاتە) لەسەر نیگاری خەیاڵیی گەردیلەکەی بەفر جێیان هەیە. بۆ ئەم مەبەستە، بە سوودوەرگرتن لەو کتێبانەی شێوەی گەردیلەی بەفریان تێدایە، نیگارەکەی گەردیلەی بەفری خۆی کێشابوو، پاشان سەردێڕی ئەو شیعرانەی لە قارس بۆی هاتبوون، لەسەر ئەو گەردیلەیە جێگیر کردبوو. بەو جۆرە، هەر لە پێکهاتەی دیوانە نوێکەی شیعرەوە بگرە تا بەو شتانە دەگات کە ئەوی بە (کا) دەکرد، هەموو شتێک لەسەر گەردیلەیەکی بەفر نەخشێندرابوو. پێی وا بووە هەموو مرۆڤێک، هەروەک چۆن نەخشەیەکی ناوەکی هەیە بۆ سەرلەبەری ژیانی، بەهەمان شێوە گەردیلەیەکی بەفریشی هەیە. (کا) تەوەرەکانی بیرەوەری، خەیاڵ و لۆجیکی سەر نیگارەکەی گەردیلەی بەفری لە هێڵکارییەکی (باکۆن)ەوە بۆ پۆلاندنی زانیاریی مرۆڤ وەرگرتبوو. لە شیکردنەوەی ئەو شیعرانەشدا کە لە قارس نووسیبوونی، بە دوور و درێژی باسی واتای خاڵەکانی سەر تەوەرەکانی ئەستێرە شەشپاڵووییەکەی نیگاری گەردیلەی بەفری کردبوو.

لەو سۆنگەیەوە، ئەو تێبینییانەی لە فرانکفورت سەبارەت بە شیعرەکانی قارس نووسیبوونی و سێ دەفتەریان پڕ کردبووە، هێندەی بۆ شیکردنەوەی گەردیلەی بەفرە، پێویستە بەهەمان بارتەقا وەک گەنگەشەیەک لەسەر واتای ژیانی خۆیشی چاوی لێ بکرێت. بۆ نموونە، کاتێک قسەی لەسەر شوێنی شیعری (مردن بە تیرباران)ی سەر نیگاری گەردیلە بەفرەکە کردووە، سەرەتا ئەو ترسە ڕوون دەکاتەوە کە لە شیعرەکەدا ئاماژەی پێ دراوە، لە پێویستیی جێگیرکردنی ئەم شیعرە، بە خۆی و ترسەکەیەوە، لە نێزیک تەوەری خەیاڵەوە دەکۆڵێتەوە، دانانی لە نێزیک و لە مەودای کێشکردنی شیعری (سەرزەمینی کۆتاییی جیهان)ەوە کە بەسەر لووتکەی تەوەرەی بیرەوەرییەوەیە، شی دەکاتەوە و باوەڕیشی وا بووە کەرەسەی پێویستی بۆ چەندین شتی پڕ لە ڕاز و نهێنی خستووەتە بەردەست. بەپێی بۆچوونی (کا)، لە پشت ژیانی هەرکەسێکەوە نەخشەیەک و گەردیلەیەکی بەفری لەو جۆرە هەیە، گەیشتبووە ئەو باوەڕەی مرۆڤ بە شیکردنەوەی گەردیلەی بەفری تایبەت بە خۆی، دەتوانێت بیسەلمێنێت مرۆڤگەلی لە دوورەوە لەیەکچوو لە ڕاستیدا چەند جیاواز، سەیر و لەیەک نەگەیشتوون.

هەر بەشی ئەوەندەی بۆ ڕۆمانەکەمان پێویست بێت، سەبارەت بە چەندین پەڕە تێبینیی تایبەت بە پێکهاتەی دیوانی شیعر و گەردیلە بەفرەکەی (کا) – ئایا دانانی شیعری (قوتووی شۆکۆلاتە) لە سەر تەوەرەی خەیاڵ چ واتایەکی دەگەیاند؟ یان شیعری (هەموو مرۆڤایەتی و ئەستێرەکان) شێوازێکی چۆنی دابوو بە ئەستێرەکەی (کا)؟ هتد– قسە دەکەم. (کا) لە تافی لاویدا گاڵتەی بەو شاعیرانە دەهات کە زیاد لە پێویست بایەخیان بە خۆیان دەدا، بەهۆی ئەوەی پێیان وا بوو هەر تووڕەهاتێکی دەینووسن، لە داهاتوودا دەبێت بە بابەتی لێکۆڵینەوە، هێشتا هەر لە ژیاندا بوون لە خۆیان دەگۆڕان و خۆیان لێ دەبوو بە پەیکەرێک خۆیان نەبێت، کەسی تر سەیری نەدەکرد.

چەند سووکەڵە بیانوویەکیشی هەبوو بۆ شیکردنەوەی شیعرەکانی خۆی لە ماوەی چوار ساڵی پێش کۆتاییی ژیانیدا بە تایبەتیش ئەگەر بزانین ساڵانێکی

درێژ بە چاوی نزم بۆ ئەو شاعیرانەی دەڕوانی کە شەیدای ئەفسانەی هاوچەرخ بوون و شیعرگەلێکیان دەنووسی کەس لێیان تێ نەدەگەیشت. بە خوێندنەوەی وردی تێبینییەکانی، ڕوون دەبێتەوە (کا) هەستی نەکردووە ئەو شیعرانەی لە قارس بۆی هاتووە هەمووی خۆی نووسیبێتنی. ئەو باوەڕی وا بووە لە شوێنێکەوە لە دەرەوەی خۆی بۆی هاتووە و خۆیشی -وەک لە نموونەیەکدا گوتوویەتی- تەنیا ئامرازێک بووە بۆ نووسینەوەیان. لە چەند جێیەک نووسیبووی ئەم تێبینییانەی بە مەبەستی گۆڕینی ڕەوشی (پاسیڤ)ی خۆی و بۆ شیکردنەوەی واتا و هاوشێوەی شاردراوەی شیعرەکانی تۆمارکردووە. دووەمین بیانووی (کا)ش بۆ شیکردنەوەی ئەو شیعرانەی خۆی نووسیبوونی، لێرەدا بوو: تەنیا بە تێگەیشتن لە واتای ئەو شیعرانەی لە قارس نووسیبوونی، دەیتوانی کەموکورتییەکانی دیوانەکەی، نیوە بەیتە ناتەواوەکان و شیعری (ئەو شوێنەی خوای لێ نییە)ی لە بیرکردوو تەواو بکات، چونکە دوای گەڕانەوەی بۆ فرانکفورت بەهیچ جۆرێک شیعری بۆ نەهاتبوو.

لە تێبینی و نامەکانەوە ڕوون دەبێتەوە (کا) لە کۆتاییی ئەو چوار ساڵەدا لۆجیکی شیعرەکانی شی کردووەتەوە و دیوانەکەی تەواو کردووە. بۆیە ئەو کاغەز و دەفتەرانەی لە خانووەکەی لەگەڵ خۆمدا هێنابوومن، بەدەم خواردنەوەی وێسکییەوە لە هۆتێلەکەی فرانکفورت تا دەمەوبەیانی ئەمدیو ئەودیوم کردن. تاو ناتاوێک جۆشم دەسەند و بە خۆم دەگوت پێویستە شیعرەکانی لە شوێنێکدا بن لەم ناوە، سەرلەنوێ دەستم دەکردەوە بە گەڕان بەناو شتومەکەکانی بەردەممدا. تا دەمەدەمی بەیانی پەڕەی دەفتەرەکانی هاوڕێکەم هەڵدایەوە، دواتر لە نێوان بیجامە کۆنەکانیدا، کاسێتەکانی مەلیندا، کراڤاتەکانی، کتێبەکانی، چەرخەکانیدا (بەمجۆرە زانیم ئەو چەرخەی قەدیفە دابووی بە (کا) بۆ ئەوەی بیگەیەنێت بە شینە و ئەو نەیدابوویێ، من لە خانووەکەی لەگەڵ خۆمدا هێناومە)، خەو بردمیەوە و دەستم کرد بە بینینی خەون و خەیاڵی پڕ لە مێردەزمە و حەسرەت. لە خەونمدا (کا) پێمی دەگوت "چوویتەتە ساڵەوە،" منیش دەترسام.

دەوروبەری نیوەڕۆ بێدار بوومەوە و پاشماوەی ڕۆژم بێ هاوکاریی تارکوت ئوێلچوین لە کۆڵان و شەقامە بەفراوی و شێدارەکانی فرانکفورت بەدوای کۆکردنەوەی زانیاریدا سەبارەت بە (کا) بەسەربرد. ئەو دوو ژنەی لە هەشت ساڵی پێش هاتنیدا بۆ فارس پێوەندییان لەگەڵدا هەبووە، ئامادە بوون بێ چەند و چوون بمبینن. پێانم گوت نیازم وایە ژیاننامەی هاوڕێکەم بنووسمەوە. نالانی خۆشەویستی یەکەمی (کا)، نەک هەر ئاگای لە دوایین دیوانی شیعری ئەو نەبوو، بگرە پێی نەزانیبوو (کا) شاعیر بووە. شووی کردبوو، خۆی و هاوسەرەکەی دوو ڕێستۆرانتی دۆنەر و نووسینگەیەکی گەشتوگوزاریان بەڕێوە دەبرد. دووبەدوو قسەمان کرد، پێمی گوت (کا) کەسێکی دژوار، شەڕانی، سەرکێش و زۆر هەستیار بووە. دواتر کەمێک گریا. ژنەکە زیاتر بۆ بەفیڕۆدانی تەمەنی جوانیی خۆی لە پێناوی خەون و خەیاڵی چەپڕەویدا خەمگین بوو، نەک بۆ مەرگی (کا).

خۆشەویستی دووەمی (کا) ناوی هیلدەگراد بوو، هێشتا شووی نەکردبوو، وەک پێشبینیم کرد نە ئاگاداری دوایین شیعرەکانی (کا) بوو، نە هیچیشی لە بارەی دیوانی شیعری (بەفر)ەوە دەزانی. بەجۆرێک (کا)م پێ ناساند وەک ئەوەی لە تورکیا زۆر ناسراوتر بێت لە ناوبانگی ڕاستەقینەی خۆی و لە پای ئەمەشدا هەستم بە تاوان کرد، بەڵام هیلدەگراد بە جیلوە و نازەوە برێک لە هەستی تاوانباریمی ڕەواندەوە، گێڕایەوە و گوتی لە دوای (کا)وە پاشگەز بووەتەوە لە بەسەربردنی پشووی هاوین لە تورکیا، (کا) لاوێکی سەر بە گۆبەن، زۆر زیرەک و تاقانە بووە، هەڵوەدای دۆزینەوەی دایک-خۆشەویست بووە، بەڵام بەهۆی سەرکێشیی خۆیەوە هەرگیز نەیتوانی بیدۆزێتەوە، ئەگەر بیشدۆزیباوە لە دەستی دەدا. گوتیشی عاشقبوونی (کا) کارێکی چەندە ئاسان بوو، پێکەوە ژیانیش لەگەڵیدا هێندە دژوار بوو. ئایا (کا) بەهیچ جۆرێک باسی منی بۆ نەکردبوو؟ (خۆیشم نازانم بۆچی ئەو پرسیارەم لێ کرد و بۆچیش لێرەدا باسی لێوە دەکەم.) باسکی ناسک و دەستی جوان و پەنجەکانی شمشاڵی بوون، بەڵام لە ماوەی گفتوگۆی سەعات و چارەکیماندا

ئەوەی هەستم پێ نەکردبوو، نەبوونی گرێی یەکەمی پەنجەی دۆشاومژەی دەستی ڕاستی بوو. لە دوایین ساتدا کاتێک دەستی نایە ناو دەستم، پەنجەی خۆی پێشانم دا و بە بزەوە پێمی گوت جارێک (کا) لە کاتی تووڕەبوون و هەڵچووندا گاڵتەی بەو پەنجە ناتەواوەی کردووە.

(کا) دوای تەواوکردنی دیوانەکەی، پێش ئەوەی شیعرەکانی بە داکتیلۆ بنووسێتەوە و چەند کۆپییەکیان لەبەر بگرێتەوە، وەک لەگەڵ کتێبەکانی پێشووتریشیدا کردبووی، دەستی کردبوو بە گەشتێک بۆ خوێندنەوەی شیعرەکانی لە: کاسل، براونشڤایگ، هانۆڤەر، ئۆسنابروک، برێمن، هامبورگ. منیش لە سەر بانگهێشتی کۆمەڵە میللییەکان و بە هاوکاریی تارکوت ئویلچوین بەپەلە لەو شارانە زنجیرەیەک ئێوارە کۆڕی خوێندنەوەم بۆ ساز کرا. کتومت وەک ئەوەی (کا) لە شیعرێکدا ئاماژەی بۆی کردووە، منیش شەیدای لە کاتی خۆیدا گەیشتن و پاکوخاوێنی و خۆشگوزەرانی شەمەندەفەرەکانی ئەڵمانیا بووم و وەک ئەو لە سەر کورسیی لای پەنجەرەوە دادەنیشتم، بە دڵی پڕ لە خەمەوە دەمڕوانیە دەشتەکان، گوندی شیرین و ڕاکشاوی ناو دۆڵەکان بە کڵێسا بچووکەکانیانەوە و منداڵانی جانتا لە شان و چاکەتی بارانیی ڕەنگاوڕەنگ لەبەر کە لە وێستگە بچووکەکان چاوەڕێیان دەکرد. دوو تورکی جگەرە بەدەمی سەر بە کۆمەڵە میللییەکان چاوەڕوانم بوون. پێیانم گوت هەمان ئەو شتانەم بۆ بکەن کە حەوت هەفتە لەمەوبەر بۆ (کا)تان کردبوو لە کاتی هاتنیدا بۆ شیعر خوێندنەوە لە شارەکەتان. هەروەک (کا) لە هۆتێلێکی هەرزان و بچووک جێیان بۆ منیش گرت. پاشان لەگەڵ خانەخوێکانمدا چووینە ڕێستۆرانتێکی تورکی، بەدەم خواردنی بۆرەکی سپیناخ و دۆنەرەوە قسە هاتە سەر سیاسەت و سەر ئەوەی بەداخەوە تورکەکان گرینگی بە کولتوور نادەن. دواتر بە شەقامە سارد و چۆڵەکانی شاردا گەڕاین و لە خەیاڵی خۆمدا بووبووم بە (کا) و بەمەبەستی لە بیرکردنی ئازارەکانی ئێپەک بە شەقامەکاندا دەسووڕامەوە. لە ئێوارە کۆڕێکی (ئەدەبی)دا پازدە بیست کەسێکی ئارەزوومەندی سیاسەت، ئەدەبیات، یان

کاروباری تورک ئامادەی بوون و منیش بەبێ حەوسەڵەیی یەک دوو پەڕەم لە نوێترین ڕۆمانی خۆم خوێندەوە، دواتر یەکسەر نۆرە دەهاتە سەر شیعر، گوتم شاعیری گەورە (کا) کە ماوەیەکی کورت لەمەوبەر لە فرانکفورت کوژراوە، هاوڕێمە. پرسیم "ئایا کەسانێک هەن شتێک لە بارەی ئەو شیعرانەیەوە بزانن کە پێش ماوەیەک لێرە خوێندبوونییەوە؟"

ئەوانەی بۆ ئێوارە کۆڕەکەی من هاتبوون، زۆربەیان نەچووبوونە کۆڕەکەی (کا)، ئەوانەشی چووبوون، مەبەستیان ئەوە بووە پرسیاری سیاسی بکەن، یان بە ڕێککەوت ڕێیان کەوتبووە ئەوێ. ئەوەی بۆم دەرکەوت ئەوان شیعرەکانی (کا)یان بیر نەدەکەوتەوە، تەنیا ئەم شتانەی (کا)یان بیر دەکەوتەوە: پاڵتۆ خۆڵەمێشییەکەی بەری، ڕەنگی زەردی، قژی ئاڵۆزی و جووڵە تووڕەکانی. لە ماوەیەکی کورتدا مردنی هاوڕێکەم بووبوو بە مایەی سەرنج و بایەخ پێدان، نەک ژیان و شیعرەکانی. گوێم لە چەندین بیردۆزە بوو سەبارەت بە کوشتنی (کا) لەسەر دەستی ئیسلامییەکان، دەزگای هەواڵگری نهێنیی تورک، ئەرمەنییەکان، ئەڵمانە سەرتاشراوەکان، کوردەکان، یان نەتەوەپەرستانی تورک. هەندێک جار کەسی ژیر، هۆشمەند و بەئاگا لە ناو ئاپۆڕەکەدا پەیدا دەبوون و بۆم دەردەکەوت ئەمانە بەڕاستی سەرنجیان لە (کا) داوە. کەسێکی ئەدەبدۆست و وریا پێمی گوت (کا) دیوانێکی نوێی شیعری نووسیوە، شیعرگەلی (شەقامی خەونەکان، سەگ، قوتووی شۆکۆلاتە و ئەڤین)ی خوێندووەتەوە، کەسە ئەدەبدۆستەکە ئەم شیعرانەی (کا)ی زۆر بەلاوە نامۆ بووە. لەمانە بترازێت، هیچ زانیارییەکم لەو کەسە هەڵنەکڕاند. (کا) لە چەند جێیەک ڕای گەیاندبوو شیعرەکانی خۆی لە قارس نووسیوە، ئەمەش وا لێک درابووەوە ئەو ویستوویەتی بەم شێوەیە دنەی هەستی ئەو گوێگرانە بدات کە تاسەی نیشتمانیان کردووە. بێوەژنێکی گەنمڕەنگ کە تەمەنی لە سییەکاندا بوو، و منداڵێکی پێ بوو، دوای کۆڕەکە گفتوگۆیەکی درێژی لەگەڵ (کا)دا کردبوو (دواتریش لەگەڵ مندا)، لە بیری مابوو (کا) باسی شیعرێکی کردووە بەناوی (ئەو شوێنەی خوای لێ نییە): بەبۆچوونی

ئەو، (کا) بۆ ئەوەی ڕەخنەی لێ نەگیرێت، تەنیا چوارینەیەکی لەو شیعرەی خوێندبووەوە. سەرباری پێداگرتنی زۆریشم، ئەو شیعردۆستە وریایە جگە لە (دیمەنێکی زۆر ترسناک بوو)، هیچی لە بیر نەبوو. ئەم ژنە لە کۆڕەکەی (کا)دا لە هامبورگ لە ڕیزی پێشەوە دانیشتبووو، دڵنیا بوو لەوەی (کا) شیعرەکانی لە دەفتەرێکی سەوزدا خوێندبووەوە.

شەو بەو شەمەندەفەرەی (کا) گەشتی پێ کردبوو، لە هامبورگەوە گەڕامەوە بۆ فرانکفورت. لە وێستگەی سەرەکی دابەزیم، وەک ئەو ڕووم لە شەقامی کایزەر کرد و خۆم بە بازاڕەکانی سێکسەوە خەریک کرد. (لە ماوەی هەفتەیەکدا کاسێتێکی نوێی مەلیندا هاتبوو.) کاتێک گەیشتمە ئەو شوێنەی هاوڕێکەمی لێ کوژرابوو، ڕاوەستام و بە ئاشکرا ئەو شتەم بەخۆم گوت کە پێشتر بێ ئەوەی بەخۆم زانیبێت، درکم پێ کردبوو: هەبێت و نەبێت، دوای ئەوەی (کا) کەوتووەتە سەر زەوی، بکوژ دەفتەرە سەوزەکەی لە گیرفانی دەرهێناوە و بردوویەتی. ماوەی هەفتەیەک لە ئەڵمانیا، هەموو شەوێک تێبینییەکانی (کا)م سەبارەت بە شیعر و بیرەوەرییەکانی قارسی دەخوێندەوە. ئێستا تاکە دڵدانەوەی من ئەوە بوو پێشبینیم دەکرد یەکێک لە شیعرە درێژەکانی ناو کتێبەکەی لە ئەرشیڤی کاسێتەکانی ستۆدیۆی تەلەڤزیۆندا لە قارس چاوەڕێم دەکات.

دوای گەڕانەوەم بۆ ئەستەنبوڵ، ماوەیەک بوو ئێواران لە کۆتاییی هەواڵەکانی تەلەڤزیۆنی دەوڵەتدا چاودێریی ڕەوشی ئاو و هەوای قارسم دەکرد و بیرم لە چۆنیەتیی پێشوازی لێکردنم لەو شارە دەکردەوە. بۆ ئەوەی خوێنەرانی ئەم کتێبە بیریان بۆ ئەوە نەچێت منیش هێدی هێدی بەرەو ئەوە دەڕۆم ببم بە سێبەری (کا)، ناڵێم منیش بەهەمان شێوەی ئەو دوای ڕۆژ و نیوێک گەشت بە پاس لای ئێوارە گەیشتمە قارس، بە جانتای دەستمەوە و بەترسەوە چوومە هۆتێلی بەفرپالاس و ژوورێکم بەکرێ گرت (نە جووتە خوشکی پڕ لە ڕاز و نهێنی لەو ناوە بوون و نە باوکیان)، وەک (کا) بەسەر ئەو شۆستە ڕچیوانەدا گەڕام کە ئەو پێش چوار ساڵ بەسەریاندا هاتوچۆی

کردبوو (لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا ڕێستۆرانتی نیشتمانی سەوز بووبوو بە بیرەخانەیەکی نابووت). کێماسیی من لە شیعر و خەمدا، نەک هەر من و ئەوی لە یەکدی دابڕیبوو، بگرە شاری قارسی خەمگینی ئەوی لە قارسی هەژاری بەرچاوی منیش جیا دەکردەوە (کا)ش جارووبار ئاماژەی بۆ ئەو کێماسییەم دەکرد. بەڵام ئێستا دەبێت باسی کەسێک بکەم کە ئێمەی دەخستە هەمان دۆخەوە و پێکەوە گرێمانی دەدا.

ئیپەکم یەکەمجار لەو خوانی ئێوارەیە بینی کە سەرۆکی شارەوانیی قارس بۆ من سازی کردبوو. چەند ئارەزووم دەکرد ئەو گێژبوونەی لە یەکەم بینینی ئەودا تووشم بوو، لە ئەنجامی ئارەق خواردنەوەوە بوایە، بۆچوونم سەبارەت بە پەتپچڕاندن و عاشقبوونی، تەنیا جۆرێک لە زیاد پێوەنان بوایە و پێویستیش نەبوایە ئەو ئێوارەیە ئیرەیی بە (کا) ببەم! لە نیوەی شەودا، کاتێک بەفرێکی شلۆک، کەمتر ڕۆمانسی لەوەی (کا) باسی کردبوو، بەسەر شۆستە قوڕاوییەکانی بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەمدا لە هۆتێلی بەفرپالاس دەباری، چەند جارێک لە خۆم پرسی بۆچی شۆخی و جوانی ئیپەکم لە تێبینییەکانی (کا)وە هەڵنەهێنجاوە؟

لە خۆمەوە و بەدەم گوتنی دەستەواژەی "کتومت وەک (کا)" کە لەو ڕۆژانەدا زۆر بەکارم دەهێنا، دەفتەرێکم دەرهێنا و دەستم کرد بە نووسینەوە. دەتوانم بڵێم ئەو نووسینانەم سەرەتایەک بوون بۆ ئەم کتێبەی کە ئێستا ئێوە دەیخوێننەوە: دێتەوە بیرم هەوڵم دا بەجۆرێک باسی (کا) و ئەڤینەکەی بۆ ئیپەک بکەم وەک ئەوەی بەسەرهاتی خۆم بێت. لە گۆشەیەکی تەماوی مێشکیشمدا بیرم کردەوە خۆ تەرخانکردن بۆ گرفتەکانی ناو کتێبێک، یان وتارێک، ڕێگەیەکی تاقیکراوەیە بۆ خۆ دوورگرتنم لە ئەڤین.

بەڵام مرۆڤ بۆ بە خۆ دوورگرتن لە عاشقبوون، پێویستە خۆی لەو ژنەی هۆشی بە غارەت دەبات و لە تارماییی ئەو کەسی سێیەمەی بۆ ئەو ئەڤینە هانی دەدات، ڕزگار بکات.

لەو نێوانەدا، من لەمێژبوو لەگەڵ ئیپەکدا کاتی ژوانم دیاری کردبوو بۆ

دوانیوەڕۆی ڕۆژی دواتر لە شیرینیخانەی ژیانی نویَ بۆ قسەکردن سەبارەت بە (کا).

یان پێم وا بوو پێم گوتووە دەمەویّت لە بارەی (کا)وە بدوێین. لە ئێمە بترازێت، کەسی تر لە شیرینیخانەکەدا نەبوو. ئەو دەمەی هەمان تەلەڤزیۆنی ڕەش و سپی دوو ئەڤینداری پێشان دەدا لە بەرامبەر پردی بوسفۆر یەکیان لە ئامێز گرتبوو، ئیپەک پێمی گوت قسەکردن لە بارەی (کا)وە کارێکی هێندە ئاسان نییە. ئەو تەنیا دەیتوانی باسی ئازار و خەیاڵشکاویی خۆی بۆ کەسێک بەیان بکات کە بە ددان بەخۆداگرتنەوە گوێی بۆ ڕابگرێت، لە ناخیشەوە ئاسوودە بوو بەوەی ئەو کەسە دۆستێکی نێزیکی (کا)یە و لە ئەستەنبوڵەوە بەدوای شیعرەکانیدا هاتووە بۆ قارس، چونکە ئەگەر بیتوانیبا قایلم بکات بەوەی نارەواییی لە (کا) نەکردووە، ئەوا لە ناخەوە ئاسوودە دەبوو. بە پارێزیشەوە پێمی گوت تێنەگیشتنم لێی، خەمگینی دەکات. هەمان ئەو ئەتەکەی لەبەردابوو کە سەرلەبەیانیی ڕۆژی دوای (شۆڕشەکە) بەرچاییی پێوە دابوو بە (کا)، هەر هەمان کەمەربەندی ئەستووری مۆدێل کۆنیشی بەسەر بلووزەکەیدا بەستبوو (لەبەر ئەوەی پێشتر لە تێبینییەکانی (کا)دا خوێندبوومنەوە، دەستبەجێ ئەو شتانەم ناسییەوە)، لە ڕووخساریشیدا هێمایەکی تێکەڵ لە بەرەنگاربوونەوە و خەمگینی بەدی دەکرا. زۆر بەوردی و دوور و درێژ گوێم بۆی ڕاگرت.

٤٢

# باوڵەکەم ئامادە دەکەم

## لە چاوی ئیپەکەوە

ئەو کاتەی (کا) لە دوای دوو پاسەوانەکەیەوە لە ڕێگەی ڕۆیشتنیدا بۆ هۆڵی شانۆی گەل بەری کردبووە دواوە و بۆ دواجار سەیرێکی ئیپەکی کردبوو، ئیپەک گەشبین بوو بەوەی ڕۆژێک دێت (کا)ی زۆر خۆش بوێت. لەبەر ئەوەی باوەڕهێنان بە خۆشویستنی پیاو بەلای ئیپەکەوە هەستێکی ئەرێنیتر بوو لە خۆشویستن و تەنانەت عاشقبوونیش، هەستی دەکرد لە بەردەم دەروازەی ژیانێکی نوێ و خۆشبەختییەکی درێژخایەندایە.

بۆیە بیست خوولەکی سەرەتای دوای ڕۆیشتنی (کا) هیچ خەمێکی نەبوو: نەک هەر نیگەران نەبوو بە کلیلدانی دەرگـــای ژوورەکـــەی لەلایەن خۆشەویستێکی دڵپیسەوە، بگرە ڕازیش بوو. هۆشی لای باوڵەکەی بوو؛ پێی وا بوو ئەگەر ساتێک زووتر باوڵەکەی ئامادە بکات و خۆی بەو شتومەکانەوە خەریک بکات کە نایەوێت تا کۆتاییی ژیان خۆی داببڕێت لێیان، ئەوا هەم دەتوانێت ئاسانتر باوک و خوشکی بەجێ بهێڵێت و هەم دەتوانێت ساتێک زووتر لەگەڵ (کا)دا بێ دەرد و بەڵا لە شاری قارس دوور بکەونەوە.

دوای تێپەڕبوونی نیو سەعات بەسەر ڕۆیشتنی (کا) و نەگەڕانەوەیدا، ئیپەک جگەرەیەکی داگیرساند. لە پای باوەڕهێنانی بەوەی هەموو شتێک بە ئارەزووی دڵی ئەوان دەبێت، هەستی بە بودەڵەیی خۆی دەکرد: بەجێهێشتنی لە ژوورێکی کلۆمکراودا ئەم هەستەی ئەوی زیاتر دەکرد و لە خۆی و لە (کا) زویر بوو. کاتێک بینی وا جاویدی کارمەندی هۆڵی پێشوازی لە هۆتێلەکە

هاته دەرێ و بەرەو شوێنێک تێی تەقاند، ویستی پەنجەرەکە بکاتەوە و بانگی بکات، بەڵام تا ئەم فریا کەوت بڕیاری خۆی بدات، لاوەکە بە ڕاکردن دوور کەوتەوە. ئیپەک بەخەیاڵی هاکا گەڕانەوەی (کا)وە خۆی خافڵاند.

دوای تێپەڕبوونی چل و پێنج خوولەک بەسەر ڕۆیشتنی (کا)دا ئیپەک بەزۆر پەنجەرەی ڕچیوی ژوورەکەی کردەوە، لەو کاتەدا لاوێک بەسەر شۆستەکەدا تێ دەپەڕی –قوتابییەکی سەرلێشێواوی ئامادەیی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان بوو لەوانەی بۆ هۆڵی شانۆی گەل نەبرابوو–، ئیپەک پێی گوت لە ژووری ٢٠٣ دا دەرگای لەسەر داخراوە و تکای لێ کرد لە خوارەوە هەواڵ بە کارمەندانی هۆتێل بگەیەنێت. دوای کەمێکیش زەنگی تەلەفۆنی ژوورەکە زرنگایەوە.

تورگوت بەگ گوتی: "چ کارێکت هەیە لەو ژوورە؟ ئەگەر دەرگای ژوورەکەت لێ داخراوە، بۆچی تەلەفۆن ناکەیت؟"

باوکی دوای خوولەکێک بە کلیلی یەدەک دەرگای ژوورەکەی کردەوە. ئیپەک بە تورگوت بەگی گوت ویستوویەتی لەگەڵ (کا)دا بچێت بۆ هۆڵی شانۆی گەل، بەڵام (کا) بۆ ئەوەی ئەم لە دەرد و گرفت بپارێزێت، دەرگاکەی لەسەر داخستووە. بە باوکیشی گوت لەبەر ئەوەی هێڵی تەلەفۆنی شار بڕدراوە، وای زانیوە تەلەفۆنی هۆتێلیش کار ناکات.

تورگوت بەگ گوتی: "تەلەفۆنەکانی شار کەوتوونەتەوە کار."

ئیپەک گوتی: "کاتێکی زۆر بەسەر ڕۆیشتنی (کا)دا تێ پەڕی، زۆر بە پەرۆشم بۆی. با بڕۆین بۆ هۆڵی شانۆی گەل و بزانین چی بەسەر قەدیفە و (کا) هاتووە."

سەربارى هەموو نیگەرانییەکانی ئەم، دەرچوونی تورگوت بەگ لە هۆتێل کاتێکی زۆری خایەند. سەرەتا دەسەوانەکانی بۆ نەدۆزرایەوە، دواتریش گوتی ئەگەر کراڤات لە مل نەکات، ئەوا لەوانەیە ئەمە بەلای سونایەوە بەهەڵە لێک بدرێتەوە. بە ڕێگەشەوە داوای لە ئیپەک دەکرد لەسەرخۆ هەنگاو بنێت، چونکە

هەم هێـزی ڕۆیشـتنی تێدا نـەبوو، هـەم دەیویست ئامـۆژگـارییـەکـانی ئیپـەک باشتر ببیستێت.

ئیـپـەک گوتی: "بـەهیچ جـۆرێک نەیکەیت بە هەرا لەگـەڵ سـونایدا. لە بیـرت نەچێت ئەو ئێستا ژاکوبەنێکی ڕادیکاڵە و هێزێکی زۆری لەبەر دەستدایە!"

تورگوت بـەگ کـاتێک لەبەر دەروازەی هـۆڵی شـانۆ ئاپۆڕەی ئـارەزوومـەندان، قـوتابیـیـانـی بە پاس هێندراو، ئـەو فرۆشـیـارانەی سـەردەمـێکی درێژ بوو بە حـەسرەتی حـەشامـاتێکی واوە بوون، پۆلیس و ڕەوە سـەربازی بینی، جـۆش و خرۆشی کۆبـوونەوە سیاسییـەکانی تافی لاویی خۆی بیر کـەوتەوە. خۆی زیاتر بە قـۆڵی کـچـەکـەیدا هـەڵواسی و بە هـەسـتێکی تێکـەڵ لە کـامـەرانی و ترسـەوە چاوی بۆ کـەسـانێک گێـڕا لە دەوروبەری خـۆی بۆ ئەوەی بـتـوانێت لەگـەڵـیـاندا بدوێت و خۆی بکات بە بەشێک لەو جموجووڵەی دەوروبەر. ئەگەر هەستی کرد زۆربەی ئاپۆڕەکە کەسـانی بەم نامـۆن، بە تـوندی پاڵی بە لاوێکی ڕاوەسـتـاوی ناو دەرگـاکـەوە نا و یـەکـسـەریش لە پای ئەم ڕەفـتـارەی، شـەرمـی بە خـۆیدا هـاتەوە.

هـۆڵەکـە هێـشـتـا بـەتەواوی پڕ نەبووبوو، بەڵام ئیـپـەک هەسـتی دەکـرد پاش کـەمـێکی تر کـەش و هـەوای ڕۆژی قـیـامـەت باڵ بـەسـەر هـۆڵـەکەدا دەکـێـشـێت و پێی وا بوو هـەمـوو ئەوانەی ئەو دەیانناسێت، وەک لە خـەونێکدا بن، لەوێ گـرد بووبوونەوە. بە نەبینینی قـەدیفـە و (کـا) ئۆقـرەی لەبەر بڕا. سـەربازێک بردنیـە کەنارەوە.

تورگــوت بەگ بە ڕیـتــمـێکی پڕ لـە گلەیی و گـازندەوە گــوتی: "من بـاوکی ئەکتەری سـەرەکی قەدیفە یڵدزم. پێویستە بە زووترین کات بیبینم."

تورگوت بەگ وەک باوکێک کە لە دواین ساتدا تەگەرە دەخاتە ڕێی کچەکەی تا لـە شـانـۆی قـوتابخـانەدا ڕۆڵـی سـەرەکی نەگـێـڕێت، ڕەفـتـاری دەکـرد. ســەربـازەکــەش جـۆری ئەوەی مــامـۆســتــا بێت و پێـی وا بێت مــاف بەلای باوکـەوەیە، شـپـرزە بووبوو. دوای کـەمێک چاوەڕێکردن لە ژوورێکی ڕازاوە بە وێنەی ئەتاتورک و سونای، ئیپەک خوشکی خۆی بینی بەتەنیا هاتە ژوورەوە و

دەستبەجێ تێ گەیشت هەرچی بکات و نەکات، خوشکەکەی دەچێتە سەر شانۆ و لە شانۆنامەی ئێوارەدا بەشدار دەبێت. ئیپەک هەواڵی (کا)ی پرسی. قەدیفە گوتی دوای یەکتربینینیان گەڕاوەتەوە بۆ هۆتێل. ئیپەک گوتی لە ڕێگە نەیاندیوە، بەڵام زۆر پێی لەسەر ئەو بابەتە دانەگرت، چونکە تورگوت بەگ بە چاوی پڕ لە ڕۆندکەوە دەستی کردبوو بە پاڕانەوە لە قەدیفە و داوای لێ دەکرد نەچێتە سەر شانۆ.

قەدیفە گوتی: "بابە گیان، لەم ساتە بەدواوە و پاش ئەو هەموو ڕێکلامکردنە، نەچوونە سەر شانۆ ترسناکترە لە چوونە سەری."

"قەدیفە، تۆ دەزانیت ئەگەر سەرت ڕووت بکەیت، قوتابیانی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان چەند تووڕە دەبن و چۆن هەموو کەسێک ڕکیان لێت دەبێتەوە. وا نییە؟"

"بابە گیان، ئەگەر ڕاستیت دەوێت ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە ئەگەر پێم دەڵێیت سەرت ڕووت مەکە، وا دەزانم گاڵتەم لەگەڵدا دەکەیت."

تورگوت بەگ گوتی: "قەدیفەکەم، ئەمە گاڵتەی تێدا نییە. پێیان بڵێ نەخۆشیت."

"بەڵام من نەخۆش نیم..."

تورگوت بەگ کەمێک گریا. ئیپەک هەستی کرد باوکی وەک هەموو جارێک ڕەهەندێکی سۆزداریی لە بابەتێکدا دەدۆزێتەوە و هۆشی خۆی تێدا چڕ دەکاتەوە، بەڵام تەنانەت خۆیشی بە گۆشەیەکی هۆشی بڕوا بە فرمێسکەکانی خۆی ناکات. تورگوت بەگ ڕەهەندێکی هاوکات ڕووکەش و ڕاستگۆی ئەوتۆشی هەبوو لە دەربڕینی ئازارەکانیدا، بەجۆرێک ئیپەک پێی وا بوو باوکی لەبەر هۆیەکی تەواو پێچەوانەی ئەم هۆیەش لە ناخەوە فرمێسک دەڕێژێت. ئەم ئاکارە کە باوکیانی باش و خۆشەویست دەکرد، ئێستا بە بەراورد لەگەڵ ئەو کرۆکی ئەو بابەتەی جووتە خوشک دەیانویست قسەی لەسەر بکەن، تا ڕادەی شەرم پێداهاتنەوە (سووک) دەهاتە پێش چاو.

ئیپەک وەک ئەوەی بەچرپە بدوێت، لە قەدیفەی پرسی: "(کا) کەی دەرچوو؟"

قەدیفە بەهەمان وردبینییەوە گوتی: "دەبێت لەمێژ بێت گەیشتبێتەوە هۆتێل."

بە ترسەوە سەیری ناو چاوی یەکتریان کرد.

ئیپەک دوای چوار ساڵ لە شیرینیخانەی ژیانی نوێ بۆمی گێڕایەوە هەردووکیان لەو کاتەدا بیریان لای شینە بووە، نەک (کا)، ئەمەیان لە نیگای یەکدیدا بەدی کردووە و ترس باڵی بەسەریاندا کێشاوە، بەهیچ جۆرێکیش باکی باوکیان نەبووە. من ئەم ددان پێدانانەی ئیپەکم وەک ئاماژەی خۆ نێزیکخستنەوە لێک دایەوە، هەستم کرد ئیدی بێ خۆدزینەوە لە دیدی ئەوەوە بۆ کۆتاییی چیرۆکەکەم دەڕوانم.

بێدەنگییەک باڵی بەسەر جووتە خوشکدا کێشابوو.

ئیپەک گوتی: "پێتی گوت شینەش ڕازی نییە، وا نییە؟"

قەدیفە بەجۆرێک وەک ئەوەی بڵێت "باوکم گوێی لێ بوو"، سەیری دادەی کرد. هەردووکیان سەیرێکی باوکیان کرد و تێ گەیشتن باوکیان بەدەم فرمێسک ڕشتنەوە گوێی لێیان ڕاگرتووە و گوێی لە وشەی شینەش بووە.

"بابە گیان، دەتوانین دوو خوولەک پێکەوە قسەی خوشکانە بکەین؟"

تورگوت بەگ گوتی: "ئەقڵ و هۆشی ئێوە هەموو کات لە سەرووی ئەوەی منەوەیە." لە ژوورەکە چووە دەرەوە، بەڵام دەرگای پێوە نەدا.

ئیپەک گوتی: "قەدیفە، باش بیرت لێ کردووەتەوە؟"

قەدیفە لە وەڵامدا گوتی: "باش بیرم لێ کردووەتەوە."

ئیپەک گوتی: "دەزانم باشت لێک داتەوە، بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە هەرگیز نەیبینیتەوە."

قەدیفە بە هۆشیارییەوە گوتی: "باوەڕ ناکەم. سەرباری ئەوە، زۆریش لێی تووڕەم."

ئیپەک بەدەم ئازارەوە ئەوەی هێنایە پێش چاوی خۆی مێژووییەکی تایبەت و درێژی لێوانلێو لە دەمەقاڵە، ئاشتبوونەوە، تووڕەبوون و هەڵبەز و دابەز لە نێوان قەدیفە و شینەدا هەیە. چەند ساڵە؟ بەتەواوی نەیدەزانی، بەهیچ جۆرێکیش نەیدەویست جارێکی تر لە خۆی بپرسێت ئەو ماوەیەی شینە ئیدارەی ئەم و قەدیفەشی داوە، چەندی خایەندووە؟ لەپڕ بە خۆشەویستییەوە بیری لە (کا) کردەوە، چونکە ئەم دەباتە ئەڵمانیا و شینەی لە بیر دەباتەوە.

قەدیفەش لە ساتێکی درککردنی تایبەتی دروستبووی نێوان دوو خوشکدا، لە بیرکردنەوەی دادەی حاڵی بوو. گوتی: "(کا) زۆر ئیرەیی بە شینە دەبات. بە سەختی عاشقی تۆ بووە."

ئیپەک گوتی: "باوەڕم نەدەکرد لە ماوەیەکی هێندە کورتدا بەو ڕادەیە خۆشمی بوێت، بەڵام ئێستا باوەڕ دەکەم."

"لەگەڵیدا بڕۆ بۆ ئەڵمانیا."

ئیپەک گوتی: "بەڵێ، هەر ئەوەندەی گەڕامەوە باوڵەکەم ئامادە دەکەم. ئایا بەڕاستی باوەڕ دەکەیت لەگەڵ (کا)دا لە ئەڵمانیا بەختەوەر دەبم؟"

قەدیفە گوتی: "باوەڕ دەکەم. بەڵام ئیدی شتەکانی ڕابردوو بە (کا) مەڵێ. هەر لە ئێستاوە زۆر شت دەزانێت، پەی بە شتی زیاتریش دەبات."

ئیپەک نەفرەتی لەم بەخۆنازینەی قەدیفە دەکرد، چونکە وا خۆی پێشان دەدات باشتر لە دادەی لە ژیان دەگات. "وا دەدوێیت وەک ئەوەی نیازت نەبێت دوای شانۆنامەکە بگەڕێیتەوە بۆ ماڵ."

قەدیفە گوتی: "بێگومان دەگەڕێمەوە، بەڵام پێم وا بێت ئێستا تۆ دەستبەجێ دەڕۆیت."

"هیچ بۆچوونێکت هەیە سەبارەت بەو شوێنەی (کا) ڕووی تێ کردووە؟"

سەیرێکی ناو چاوی یەکتریان کرد، ئیپەک هەستی کرد هەردووکیان لە شتێک دەترسن کە لەو کاتەدا بەخەیاڵیاندا ڕادەبوورد.

قەدیفە گوتی: "ئیدی پێویستە بڕۆم، چونکە دەبێت ماکیاج بکەم."

ئیپەک گوتی: "لە سەر ڕووتکردنەکەت زیاتر، بەوە خۆشحاڵم لەم چاکەتە مۆرە بارانییە ڕزگارت دەبێت."

قەدیفە بە دوو جووڵەی سەما ئامێز هەردوو دامێنی چاکەتەکەی کە وەک سەرچەف تا سەر لاقەکانی درێژ بووبوونەوە، ڕاوەشاند. باوکیان لە ناو دەرگاکەوە ئەمەی بینی و بزەیەکی بۆیان کرد، ئەمانیش باوەشیان بە یەکدا کرد و یەکتریان ماچ کرد.

پێ دەچوو تورگوت بەگ لەمێژ بێت خۆی بە چوونە سەر شانۆی قەدیفە قایل کردبێت. ئەمجار نە فرمێسکی ڕشت و نە ئامۆژگاری کرد. باوەشی بە کچەکەیدا کرد و ماچی کرد. ویستیشی هەرچی زووترە بەناو ئاپۆڕەی بینەراندا بچنە دەرەوە.

ئیپەک لە بەردەم دەروازەی جەنجاڵی هۆڵەکە و لە ڕێی گەڕانەوەشدا هەر چاوێکی کردبوو بە چوار بۆ بینینی (کا)، یان بۆ بینینی کەسێک سۆراخی ئەوی لێ بپرسێت، هیچ شتێک لەسەر شۆستەکان سەرنجی ڕانەکێشا. دواتر بە منی گوت: "هەروەک چۆن (کا) لەبەر هۆی ناقۆڵا ڕەشبین دەبوو، پێم وا بێت منیش لەبەر هۆی بەهەمان شێوە ناقۆڵا، چل و پێنج خوولەکی دوای ڕۆیشتنی ئەو زۆر گەشبین بووم."

تورگوت بەگ یەکسەر چووە بەردەم تەلەڤزیۆن و ئیدی چاوەڕێی شانۆگەریی ئێوارەی دەکرد کە بێ بڕانەوە ڕێکلامی بۆ دەکرا. ئیپەکیش ئەو باوڵەی ئامادە کرد کە دەیویست لەتەک خۆیدا بیباتە ئەڵمانیا. لەبری ئەوەی بیر لە شوێنی (کا) بکاتەوە، بەدەم خەیاڵی ئەوەی لە ئەڵمانیا چۆن بەختەوەر دەبن، لە دۆلابەکەیدا شتومەک و جلوبەرگی هەڵدەبژارد. سەرباری ئەوەی پێشبینیشی دەکرد (لە ئەڵمانیا شتگەلی زۆر باشتر لەوانە هەبن)، کەچی هەندێک گۆرەوی و جلوبەرگی ژێرەوەی خزاندە ناو باوڵی ئەو شتومەکانەی کە پێشتر ئامادەی کردبوو، چونکە بیری لەوە دەکردەوە لەوانەیە لەگەڵ شتومەکی ئەڵمانیادا ڕانەیات. لەو کاتەدا هەر لە خۆیەوە لە پەنجەرەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد، بینی ئەو ئۆتۆمبیلە سەربازییەی چەند جارێک بەدوای (کا)دا هاتبوو، وا لە

هۆتێل نێزیک دەبێتەوە.

دابەزیە خوارەوە، باوکیشی لە بەردەم دەرگا بوو. کارمەندێکی سڤیلی باش تەراشکردووی لووت تەورداس کە ئیپەک یەکەم جاری بوو دەیبینی، گوتی: "تورگوت یڵدز" و زەرفێکی داخراوی دایە دەستی تورگوت بەگ.

کاتێک تورگوت بەگ بە ڕووخسارێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی و بە دەستی لەرزیو زەرفەکەی کردەوە، کلیلێکی تێدا بوو. لەگەڵ خوێندنەوەی نامەکەدا تێ گەیشت بۆ کچەکەی نووسراوە، بەڵام تا کۆتایی خوێندیەوە و پاشان دای بە ئیپەک.

ئیپەک، دوای چوار ساڵ، لەبەر ئەوەی دەیویست داکۆکی لە خۆی بکات و خوازیار بوو ئەوەی سەبارەت بە (کا) دەینووسم، ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکان بێت، نامەکەی دا بە من.

> پێنجشەمە، سەعات هەشت
>
> تورگوت بەگ، زۆر باش دەبێت بۆ هەموومان ئەگەر ئیپەک بەم کلیلە لە ژوورەکەم دەربهێنن و ئەم نامەیەی پێ بگەیەنن. داوای لێبووردن دەکەم. لەگەڵ ڕێزمدا.
>
> گیانەکەم. قەدیفەم بۆ قایل نەکرا. سەربازەکان بەمەبەستی پاراستنم منیان هێناوە بۆ وێستگەی شەمەندەفەر. ڕێگەی ئەرزەڕووم کراوەتەوە، بە شەمەندەفەری سەعات نۆ و نیو بەزۆر لێرە دوورم دەخەنەوە. تۆیش پێویستە جانتاکەی من بپێچیتەوە و باوڵی خۆیشت هەڵبگریت و بێیت. ئۆتۆمبیلە سەربازییەکە سەعات نۆ و چارەک دێت بەدواتدا. بەهیچ جۆرێک مەچۆ شەقام و کۆڵانەکان. وەرە. زۆر خۆشتم دەوێت. خۆشبەخت دەبین.

کابرای لووت تەورداس گوتی دوای سەعات نۆ جارێکی تر دێتەوە. ئەوەی گوت و ڕۆیشت.

تورگوت بەگ پرسی: "جا دەڕۆیت؟"

ئیپەک گوتی: "زۆر پەرۆشی ئەوەم بزانم چی بەسەرهاتووە."

"سەربازەکان دەیپارێزن، هیچی لێ نایەت. تۆ جێمان دێڵیت و دەڕۆیت؟"

ئیپەک گوتی: "باوەڕم وایە لەگەڵ ئەودا بەختەوەر دەبم. قەدیفەش هەر وای گوت."

وەک ئەوەی بەڵگەی بەختەوربوونەکەی لە خۆ گرتبێت، هەمدیسان نامەکەی خوێندەوە و بەدوایدا دەستی کرد بەگریان. بەڵام بەتەواوی نەیدەزانی بۆچی فرمێسک دەڕێژێت. ساڵانێک دواتر بە منی گوت: "ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت بەجێهێشتنی باوکم و خوشکم بەلاوە گران بووبێت."

دەمبینی ئیپەک وردەکارییی هەموو ئەو شتانەی لەو ساتەدا هەستی پێیان کردبوو، بە بەسەرهاتی خۆیەوە گرێ دەدا و منیش بە بایەخەوە گوێم بۆ ڕاگرتبوو. دواتر گوتی: "ڕەنگە لەبەر ترسیشم بووبێت لە شتەکەی تری ناو ئەقڵم."

دوای بڕانەوەی دڵۆپە فرمێسکی چاوەکانی ئیپەک، لەگەڵ باوکیدا چوونە ژوورەکەی، بۆ دواجار چاوێکیان بەو شتومەکانەدا گێڕایەوە کە دەبوو بخرێنە باوڵەکەوە. پاشان چوونە ژووری (کا) و سەرجەمی شتومەکەکانی ئەویشیان کردە جانتا دەستییە ڕەنگ گێلاسییەکەیەوە. ئەمجار هەردووکیان بە ئومێدەوە قسەیان لەسەر داهاتوو دەکرد، باسی ئەوەیان دەکرد ئەگەر خوا یار بێت قەدیفە بە زوویی زانکۆ تەواو دەکات، تورگوت بەگیش لەگەڵ کچەکەیدا لە فرانکفورت سەر لە ئیپەک دەدات.

دوای پێچانەوەی باوڵەکە، هەردووکیان دابەزینە خوارەوە و چوونە بەردەم تەلەڤزیۆن بۆ سەیرکردنی قەدیفە.

تورگوت بەگ گوتی: "بەهیوای خوا شانۆنامەکە کورت دەبێت بۆ ئەوەی بەر لەوەی سواری شەمەندەفەر بیت، ببینی شتەکان بێ بەڵا و دەردی سەر تەواو بوون."

بێ ئەوەی هیچ شتێکی تر بڵێین لە بەرامبەر تەلەڤزیۆن دانیشتن و وەک ئەوەی لە کاتی سەیرکردنی ماریانادا دەیانکرد، بەباشی خۆیان بە یەکەوە نووساند، بەڵام ئیپەک هۆشی لەسەر دیمەنەکانی سەر پەردەی تەلەڤزیۆن نەبوو. لە بیست و پێنج خوولەکی سەرەتای شانۆگەریی ڕاستەوخۆی سەر پەردەی تەلەڤزیۆن، ئیپەک ساڵانی دواتر هەر ئەوەندەی لە بیر مابوو قەدیفە لە جلێکی سووری ئاودامـاندا هاتبووە سەر شانۆ و گوتبووی: "بابە گیان، هەروەک ئەوەی بۆخۆتان پێتان خۆشە!" لەبەر ئەوەی تێ گەیشت من بە پەرۆشم بۆ زانینی ئەوەی داخۆ ئەو لەو ساتەدا بیری لە چی کردووەتەوە، گوتی: "بێگومان هۆشم لە جێیەکی تر بوو." دوای چەندین جار پرسیارکردنم لەو جێیانەی هۆشی ئەوی لێ بووە، ئاماژەی کرد بۆ گەشتی بە شەمەندەفەر کە دەبوو لەگەڵ (کا)دا بیکات. دواتریش باسی ترسانی خۆی بۆم کرد. بەڵام لەبەر ئەوەی خۆشی نەیزانیبوو لە چی ترساوە، دوای ئەو هەموو ساڵەش نەیدەتوانی هۆی ترسانەکەی بەتەواوی بۆ من ڕوون بکاتەوە. پەنجەرەکانی هۆشی تا کۆتایی خستبووە سەر پشت، پەردەی تەلەڤزیۆنەکەی بەردەمی خۆی نەبێت، لە ناخەوە پەی بە هەموو شتێکی تر دەبرد، وەک گەڕیدەیەکی گەڕاوەی دوای گەشتێکی درێژ چۆن ماڵەکەی، شتومەکەکانی و ژوورەکانی زۆر نامۆ، بچووک، گۆڕاو و کۆن دێنە پێش چاو، ئاوا بە سەرسووڕمانەوە سەیری کەلوپەلەکانی دەروروبەری، مێزەکە و لۆی پەردەکانی دەکرد. پێمی گوت لەبەر ئەوەی هەستی کردووە لە ماڵی خۆیاندا بێگانەیە، لەو ئێوارەیەوە مۆڵەتی بە ژیانی خۆی داوە ڕوو لە شوێنێکی تەواو جیاواز بکات. ئەمەش، وەک ئیپەک لە شیرینیخانەی ژیانی نوێ زۆر بە سەرنجەوە بۆ منی گێڕایەوە، بەڵگەیەکی بێگەرد بوو بۆ بڕیاردانی لەسەر ئەوەی ئەو ئێوارەیە لەگەڵ (کا)دا گەشت بکات بۆ فرانکفورت.

لە دەرگـای هۆتێل درا، ئیپەک ڕاپەڕی و کردییەوە. ئەو ئۆتۆمبیلە سەربازییەی دەبوو بیبات بۆ وێستگەی شەمەندەفەر، زووتر گەیشتبوو. بە ترسەوە بە کارمەندە سڤیلەکەی بەر دەرگای گوت دوای تۆزێکی تر دێت. بە

ڕاکردن چووەوە پاڵ باوکی و بەتەواوی گوڕ و تینەوە باوەشی پێدا کرد.

تورگوت بەگ پرسی: "ئۆتۆمبیلەکە هات؟ ئەگەر باوڵەکەت پێچابێتەوە، هێشتا کاتت هەیە."

ئیپەک ماوەیەک لەسەر پەردەی تەلەڤزیۆن نائاگا سەیری سونای کرد. نەیتوانی لە شوێنی خۆی بسرەوێت، تاوی دایە خۆی بۆ ژوورەکەی، دەمپاکانی و جانتایەکی بچووکی دەستچنی زنجیردار سەر لێواری پەنجەرەکەی خستە باوڵەکەیەوە. دواتر بۆ ماوەی چەند خوولەکێک لە قەراغ جێگەکەی دانیشت و گریا.

بەپێی ئەوەی دواتر بۆ منی گێڕایەوە، پاش گەڕانەوەی لە هۆڵی شانۆوە بۆ هۆتێل، بۆ بەجێهێشتنی قارس لەگەڵ (کا)دا بڕیاری خۆی یەکلایی کردبووەوە. لەبەر ئەوەی ژەهری گومان و دوودڵیی لە هەناوی خۆی دەرهاویشتبوو، لە ناخەوە هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد و دەیویست دوایین خوولەکەکانی خۆی لە بەردەم تەلەڤزیۆن لەگەڵ باوکە خۆشەویستەکەیدا بەسەر ببات.

جاویدی کارمەندی هۆڵی پێشوازی هاتە بەرەوە و گوتی کەسێک لەبەر دەرگا چاوەڕێ دەکات، بەڵام ئیپەک هیچ خۆی تێک نەدا. تورگوت بەگیش پێی گوت کۆکاکۆلایەک لە بەفرگرەکە بۆ کچەکەی و دوو لێوانیش بۆ دابەشکردنی بهێنێت.

ئیپەک پێمی گوت هەرگیز ئەو ڕووخسارەی فازیل لە بیر ناکات کاتێک لە بەردەم دەرگای ئاشپەزخانە دیبووی. گێڕایەوە و گوتی نیگاکانی لەلایەک ئاماژەیان بۆ ڕوودانی کارەساتێک دەکرد، لەلایەکی تر شتێکیان بە ئیپەک گوتووە ئەم پێشتر هیچ پەی پێ نەبردووە: فازیل خۆی بە ئەندامێکی خێزان و کەسێکی زۆر نێزیک لەوان دەزانی.

فازیل گوتی: "شینە و خەندەیان کوشت!" لێوانێک ئاوی لە زاهیدە وەرگرت و نیوەی خواردەوە. "تەنیا شینە دەیتوانی قەدیفە پاشگەز بکاتەوە."

ئیپەک لە جێی خۆی نەجووڵا و هەندێک سەیری کرد، فازیل دەستی کرد بەگریان. گوتی دوای دەنگێکی ناوەوەی خۆی کەوتووە و بۆ ئەوێ چووە، لە میانەی بەشداربوونی برێک سەربازیشەوە حاڵی بووە لەبەر ڕۆشناییی زمان لێداندا هێرش کراوەتە سەر شوێنی خۆحەشاردانی شینە و خەندە. ئەگەر زمان لێدان نەبێت، ئەو هەموو سەربازە نەدەچوونە سەریان. نەخێر، دوای ئەم نەکەوتبوون، چونکە کاتێک فازیل گەیشتبووە ئەوێ، لەمێژبوو هەموو شتێک بەکۆتا هاتبوو. فازیل گوتی لەگەڵ منداڵانی ماڵەکانی دەوروبەردا و لەبەر ڕۆشناییی بلاجیکتۆری سەربازەکانیشدا تەرمی شینەی دیوە.

دوایی گوتی: "ئایا دەتوانم لێرە بمێنمەوە؟ نامەوێت بڕۆم بۆ هیچ شوێنێکی تر."

ئیپەک لێوانێکی بۆ ئەویش دەرهێنا. لە کشاو و دۆڵابی شووشەدا و لە شوێنی هەڵە بەدوای کلیلی شووشە هەڵپچڕیندا گەڕا. بیری کەوتەوە ئەو بلووزە گوڵدارەی لە یەکەم ڕۆژی بینینی شینەدا لەبەری کردبوو، لە باوڵەکەی ناوە. فازیلی بردە ژوورەوە، لەسەر کورسیی لای دەرگای ئاشپەزخانە داینیشاند. (کا) شەوی سێشەمە بە سەرخۆشی و بە پێش چاوی هەمووانەوە لەسەر ئەو کورسییە شیعری نووسیبوو. دواتر کەمێک هەستی ڕاگرت و وەک نەخۆشێک گوێی لەو تاڵاوە بوو کە وەک ژەهر بە هەناویدا تەشەنەی دەکرد: فازیل لە دوورەوە سەیری قەدیفەی دەکرد لە تەلەڤزیۆندا. ئیپەک لە پێشدا لێوانێک کۆکاکۆلای دایێ و پاشان لێوانێکی دایە باوکی. لایەکی مێشکی وەک کامێرایەک لە دەرەوە هەموو ئەم ڕەفتارانەی ئەمی دەبینی.

چووە ژوورەکەی خۆی. ساتێک لە تاریکیدا ڕاوەستا.

جانتاکەی (کا)ی لە سەرەوە هەڵگرت. چووە سەر شەقام. دەرەوە سارد بوو. بە کارمەندی سڤیلی ناو ئۆتۆمبیلە سەربازییەکەی گوت شار بەجێ ناهێڵێت.

کارمەندەکە گوتی: "دەمانتوانی سوارتان بکەین و بتانگەیەنینە

شەمەندەفەرەکە."

"پەشیمان بوومەوە، نایەم، زۆر سوپاستان دەکەم. تکایە ئەم جانتایە بدەن بە (کا) بەگ."

هاتەوە ژوورێ و لە تەنیشت باوکییەوە دانیشت، هێندەی نەبرد گوێیان لە دەنگی ئۆتۆمبیلەکە بوو دوور دەکەوتەوە.

ئیپەک بە باوکی گوت: "بەڕێم کردن. ناڕۆم."

تورگوت بەگ لە ئامێزی گرت. ماوەیەکی تریش بێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆی لێ تێ بگەن، لە تەلەڤزیۆندا سەیری شانۆگەرییەکەیان کرد. لەگەڵ نێزیکبوونەوەی تەواوبوونی پەردەی یەکەمدا ئیپەک گوتی: "با بڕۆین بۆ لای قەدیفە! پێویستە شتێکی بۆ بگێڕمەوە."

٤٣

# ژنان لە پێناوی ئابڕوودا خۆیان دەکوژن

## پەردەی کۆتایی

سونای، ئەو شتەی بە ئیلهام وەرگرتن لە شانۆنامەی (تراژیدیای ئیسپانیا)ی تۆماس کید و لە ژێر چەندین کاریگەریی تردا نووسیبووی و ئێستا لەسەر شانۆ پێشکێشی دەکرد، لە دوایین ساتدا ناوەکەی گۆڕیبوو بۆ (تراژیدیا لە قارسدا.) ئەم ناوە تازەیەی شانۆگەرییەکە لە نیو سەعاتی کۆتاییدا فریای ئەو ڕێکلامەی تەلەڤزیۆن خرابوو کە لێکدالێکدا لێ دەدرایەوە. ئاپۆرەی بینەران لە هۆڵی شانۆ: ئەوانەی لە ژێر چاودێریی سوپادا بە پاس هێندرابوون، ئەوانەی لە ڕێی بیستنی ئاگادارییەکانەوە متمانەیان بە بەڕێوەبەرایەتیی سەربازی کردبوو، ئەوانەی دەیانویست بە هەر نرخێک بووە ڕووداوەکان بە چاوی خۆیان ببینن (چونکە لە شاردا دەنگۆی ئەوە هەبوو -وەشانی زیندوو- کاسێتی تۆمار کراوە و ئەو کاسێتەش لە ئەمریکاوە هێندراوە)، فەرمانبەرانی دەوڵەت کە زۆربەیان بە ناچاری هاتبوون (ئەمجارە خێزانەکانیان لەگەڵ خۆیاندا نەهێنابوو)، سەرجەم ئەمانە ئاگایان لەم ناوە تازەیە نەبوو. بگرە ئەگەر هەستیشیان پێ بکردایە، زۆر دژوار بوو بتوانن پێوەندییەک لە نێوان ناو و (شانۆنامە)کەدا دابنێن، چونکە ئەوانیش وەک سەرجەم خەڵکی شار سەیریان دەکرد و زۆر شتی لێ تێ نەدەگەیشتن.

دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر یەکەمین و دوایین پێشاندانیدا، کاسێتی (تراژیدیا لە قارسدا)م لە ئەرشیڤی (تەلەڤزیۆنی سەرحەد قارس) دەرهێنا و سەیرم کرد، بەڵام کورتکردنەوەی نیوەی یەکەمی شانۆگەرییەکە

کارێکی زۆر دژوارە. لە شارەدێیەکی (دواکەوتوو، هەژار و لانەی گەوجان)دا کێشەیەکی تۆڵەسەندنەوە لە گۆڕێدایە، بەڵام هیچ باسی ئەوە ناکرێت بۆچی مرۆڤەکان یەکتر دەکوژن و دیار نییە ناکۆکی نێوانیان چییە. نە بکوژان و نە قوربانییەکانیش کە وەک مێش دەکوژرێن، هیچ پرسیارێک لەو بارەیەوە ناکەن. تەنیا سونای، لە پای ئەوەی خوویان داوەتە شتێکی پاشڤەڕۆیانەی وەک تۆڵەسەندنەوە، لە خەڵک تووڕەیە، لەو بارەیەوە گفتوگۆ لەگەڵ ژنەکەیدا دەکات و بەدوای ژنە لاوێکی تێگەیشتوو (قەدیفە)دا دەگەڕێت. سونای لە شانۆنامەکەدا وەک کەسێکی دەوڵەمەند و خاوەن دەسەڵات دەردەکەوێت، بەڵام لەگەڵ خەڵکە هەژارەکەشدا سەما دەکات، گاڵتە دەکات، ژیرانە سەبارەت بەواتای ژیان دەدوێت و بەشێوەی شانۆگەری لە شانۆگەریدا چەند پەردەیەک لە شانۆنامەکانی شکسپیر، ڤیکتۆر هۆگۆ و برێشت پێشکێش دەکات. چەند دیمەنێکی فێرکاریی سەبارەت بە هاتوچۆی شار، جۆشی داگیرکاریی فرەنسا، سوودەکانی کوتان و کۆندۆم و ئارەق، سەمای سۆزانیی دەوڵەمەند، شامپۆ و کۆزمەتیک و بەجۆرێکیش پێشان دەدران وەک ئەوەی جگە لە ئاوی ڕەنگکراو، هیچی تر نەبن، بەشێوەیەکی نارێک لێرە و لەوێدا دەهاتنە ناو شانۆنامەکەوە.

جاروبار دیمەنی کۆمیدی و سەرپێی دەهاتنە ناوەوە و شانۆگەرییەکەیان بەتەواوی شێواندبوو. توانای نواندنی سونای تاکە شتێک بوو ڕایەڵەی شانۆنامەکەی پێکەوە گرێ دەدا و بینەرانی قارسی بە شانۆوە دەبەستەوە. لەو جێیانەی شانۆگەرییەکە قورس دەبێت، تووڕە دەبێت و شێوەکانی هەڵچوونیشی باشترین سەردەمەکانی نواندنی خۆی بیر دەخاتەوە، حسێب لەو کەسانە دەخوازێت کە وڵات و میللەتیان بەو ڕۆژە گەیاندووە، بە جووڵەیەکی تراژیدی، لەمپەڕی شانۆوە دەڕوات بۆ ئەوپەڕ و لەو نێوانەشدا باسی بیرەوەرییەکانی تافی لاوی، نووسینەکانی مۆنتاین سەبارەت بە هاوڕێیەتی دەکات، یان باسی ئەوە دەگێڕێتەوە ئەتاتورک چەند تەنیاباڵ بووە. دەموچاوی نوقمی ئارەقە بووە. مامۆستا نوورییە خاتوونی شەیدای شانۆ و

مێژوو، ئەو خاتوونەی بە ئەڤینەوە سەیری شانۆنامەکەی دوو شەو لەوەوبەری کردبوو، دوای چەندین ساڵ پێمی گوت دانیشتووانی ڕیزی پێشەوە زۆر بەباشی دەیانتوانی هەست بە بۆنی ئارەقی دەمی سونای بکەن. بەبۆچوونی ئەو، ئەو هونەرمەندە مەزنە سەرخۆش نەبووە، بگرە لە دۆخی جۆشداندا بووە. سەرجەم ئەوانەی لە ماوەی دوو ڕۆژدا هەموو مەترسییەکیان لە بەرچاو گرتبوو بۆ لە نێزیکەوە بینینی، فەرمانبەرانی تەمەن مامناوەندیی سەر بە دەوڵەت و شەیدای سونای، توێژی بێوەژنان، لاوانی ئەتاتورکچی کە سەدان جار لە تەلەڤزیۆندا سەیری دیمەنەکانیان کردبوو، پیاوانی ئارەزوومەندی سەرکێشی و دەسەڵات و هەموو ئەوانەی لە ڕیزەکانی پێشەوە دانیشتبوون، دەیانگوت لەو کاتەدا تیشک و تیرێژێک لە چاوی سونایەوە دەرچووە، بەجۆرێک تەماشاکردنی چاوەکانی، کاری لە کردن نەهاتوو بووە.

مەسعوودیش یەکێک بوو لەو قوتابییانەی ئامادەیی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنان کە بەزۆر بە ئۆتۆمبێلی سەربازی بۆ هۆڵی شانۆی گەل هێندرابوون (ئەو کەسە بوو کە لە دژی بەخاکسپاردنی ئەتایست و باوەڕداران بوو لە هەمان گۆڕستاندا)، چەندین ساڵ دواتر پێمی گوت لە سونایدا هەستی بەو هێزی کێشکردنە کردووە. پێ دەچوو ئەم ددان پێدانانەی لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە دوای چوار ساڵ کارکردن لە ناو گرووپێکی ئیسلامیی چەکداری بچووکدا لە ئەرزەروم تووشی خەیاڵشکاندن بووبوو، گەڕابووەوە قارس و لە چایخانەیەکدا دەستی کردبوو بەکار. بەبۆچوونی ئەو، دۆخێکی دژواری لە شیکردنەوە نەهاتوو لاوانی ئامادەیی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنانی بە سونایەوە گرێ دەدا. ڕەنگە لەبەر دەسەڵاتی ڕەهای سونای بووبێت، چونکە ئەمان خۆیان عەوداڵی ئەو دەسەڵاتە بوون، یان لەبەر ئەوەی بە ڕاگەیاندنی قەدەخەکارییەکان ئەمانی لە گرفتێکی مەترسیداری وەک یاخیبوون ڕزگار کردبوو. پێمی گوت: "ڕاستییەکەی، هەموو کەسێک لە دوای کودەتا سەربازییەکان لە ناخی خۆیدا دڵخۆش دەبێت." بەبۆچوونی ئەو، سونای سەرباری ئەو هەموو دەسەڵاتەی هەیبووە، دەچووە سەر شانۆ، ناخی

خـۆی لـە بەردەم بینەراندا ڕادەخـــست و ئەمـــەش کـاریگەریی لـەســـەر لاوان دادەنا.

کـاتێـک منیش دوای سـاڵانێکی درێژ سـەیری کـاسـێـتـەکـانی ئـەرشـیـڤی (تەلەڤزیـۆنی سەرحەد قـارس)م کرد، هەسـتم کرد چۆن لە هۆڵەکەدا ناکۆکی و ناتەباییی نێوان باوک و کوڕ، دەسەڵات و تاوانباران وەلا نراوە و هەرکەسە لە بێدەنگیـیـەکی قـوڵدا نوقـمی بیـرەوەرییە ترسناکەکان و ئـومێدی خـۆی بووە. هەستم بە بوونی (ئێمە)یەکی ئەفسووناوی کرد مەگەر هەر دانیشتووانی ئەو وڵاتانەی لە ژێر پاڵەپەستـۆ و شـەپۆلی میللەتگەراییی توندڕەوانەدا، لێی تێ بگەن. وەک ئەوە وا بوو لە سـایەی سـونایدا هیچ کـەسـێـک لە هـۆڵەکـەدا (بێگانە) نەبێت، بەسەرهاتێکی هاوبەش، نائومێدانە هەمووانی پێکەوە بەستبووەوە.

ئەو هەسـتـە، بەهۆی قـەدیفـەوە کە قارسییـەکان بە هاتنە سـەر شـانۆی ئەو ڕانەهـاتبـــوون، تێک چـوو. وا دیار بـوو کـامـــێـــرامـــانی وەشــانی زیندووی تەلەڤـزیۆنیش پەی بەم ڕاسـتـیـیـە بردبێت، بۆیە بـەردەوام سـونـای دەخـسـتـە زوومـەوە و خـۆی لە قـەرەی قـەدیفـە نەدەدا. بینـەرانی قـارس، قـەدیفـەیان تەنیا وەک خـزمەتکـارێکی دەسەڵاتدارانی ڕووداو خـوڵقێنەری ناو شـانۆی کۆمیـدیی بلـوارەکـان دەبینی. هـاوکـات، لەبەر ئەوەی هـەر لە نیـوەڕۆوە ڕاگـەیەندرابوو قەدیفـە لە شـانۆنامـەی ئەم ئێوارەیەدا سـەری ڕووت دەکات، بینەران پەرۆشـی زانینی کـاردانەوەکـانی بوون. چەندین دەنگۆی لە جـۆری ئەوەی قـەدیفـە لە ژێر پاڵەپەسـتـۆی سـوپادا ئـەم کـارە دەکات و نایـەتە سـەر شـانۆ، بڵاو کـرابووەوە. ئەوانەشـی شـتـێـکیـان سـەبارەت بە تێکۆشـانـی کـچـانـی سـەرپۆش بـەسـەر بیسـتـبـوو، و بەهیچ جـۆرێک گـوێیـان لە نـاوی نەبووبوو، لە مـاوەی نیـو ڕۆژدا قەدیفەیان ناسیبوو، بۆیە ئەگەر لە سـەرەتادا بە جلوبەرگێکی سـوور و درێژی ئاودامـانـەوە بە پۆشـتـەیی و سـەرداپۆشـراوی هاتە سـەر شـانۆ، زۆر کـەس تووشی خەیاڵشکاندن بوون.

سـەرەتا لـە دیالۆگێکی نێـوان سـونای و قـەدیفـەدا لە خـوولەکی بیسـتـەمی شانۆگـەرییەکەدا زانرا داخوازێک ڕووبەڕووی قـەدیفە دەکرێتەوە: کـاتێک تەنیا

هەر خۆیان لەسەر شانۆ بوون، سونای پرسیاری "پێداگرتن یان دانەگرتن"ی لێ دەکات، پێی دەڵێت: "تووڕەبوونت لە کەسانی تر و خۆکوشتنت بە پەسەند نەکراو دەزانم."

قەدیفەش لە وەڵامدا دەڵێت: "لە کاتێکدا پیاوانی ئەم شارە وەک ئاژەڵ یەکتر دەکوژن و دەڵێن گوایە ئەمەیان لە پێناوی کامەرانیی شاردایە، کێ گوێ بە خۆکوشتنی من دەدات." ئەمە دەڵێت و ڕادەکات، وەک ئەوەی بخوازێت لە دەست فوندا ئەسەر هەڵبێت کە لەو ساتەدا دێتە سەر شانۆ.

دوای چوار ساڵ لە قارس گوێم لە هەرکەسێک گرت لەوانەی توانیێتم سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەو ئێوارەیە بیاندوێنم، سەعاتم بە دەستەوە دەگرت و هەوڵم دەدا ڕووداوەکان خوولەک بەخوولەک ڕیز بکەم، گەیشتمە ئەو ئاکامەی کاتێک قەدیفە ئەو دیالۆگەی لەسەر شانۆ گوتووە، شینە بۆ دواجار ئەوی لەسەر پەردەی تەلەڤزیۆن دیوە، چونکە بەپێی قسەی ئەو دراوسێیانەی باسی هێرشەکەیان بۆم گێڕایەوە و بەگوێرەی قسەی ئەو کارمەندانەی ئاسایش کە هێشتا لە قارس دەوامیان دەکرد، ئەو کاتەی لە دەرگا دراوە، شینە و خەندە سەیری تەلەڤزیۆنیان کردووە. بەپێی ڕاگەیاندنی فەرمی، کاتیک شینە هێزەکانی ئاسایش و سەربازەکان دەبینێت، ڕادەکاتە ژوورێ، چەکەکەی دەردەهێنێت و دەست دەکات بە تەقە. بەڵام بەپێی گێڕانەوەی هاوسێکان و هەندێک لە لاوانی ئیسلامی، ئەوانەی لە ماوەیەکی کورتدا ئەفسانەیەکیان لە شینە خوڵقاندبوو، شینە هاواری کردووە: "تەقە مەکەن!" ویستوویەتی خەندە ڕزگار بکات، بەڵام ئەندامەکانی تیمی تایبەت بە فەرماندەیی ز. دەمیرکۆڵ بە خانووەکەدا بڵاوەیان لێ کردبوو، لە ماوەی خوولەکێکدا نەک هەر شینە و خەندە، بگرە هەموو خانووەکەیان کردبوو بە بێژەنگ. سەرباری ئەو غەڵبەغەڵب و ئاژاوەیە، جگە لە چەند منداڵێکی بەپەرۆش، هیچ کەسێک لە ماڵە دراوسێکان بایەخی بە ڕووداوەکە نەدابوو. ئەمە تەنیا لەبەر ئەوە نەبوو قارسییەکان لەسەر ئەم جۆرە شەو بەسەردادانە ڕاهاتبوون، بگرە بەشێکی لەبەر ئەوە بوو ئیدی کەس تاقەتی نەبوو جگە لە

وەشـانی زیندووی شـانۆنامـەکـەی هۆڵی شـانۆی گـەل، خـۆی بە شـتی ترەوە خـــەریک بکات. هەمــوو شــۆســتــەکــان چۆڵ بوون، ســـەرجــەم دەرابەکـــان دادرابوونەوە، چەند دانەیەک نەبێت، سەرلەبەری چاپخانەکان داخرابوون.

سـونای دەیزانـی هەمـوو نیگاکانی شـار لە سـەر ئەون و ئەمـەش مـتمـانە و هێزێکی بێ سنووری پێی دەبەخشی. قەدیفە لـەبەر ئەوەی دەیزانـی بێ مۆڵەتی سـونای لەســەر شـانۆ جـێی نـابێتـەوە، زیاتر خـۆی لێ نێـزیک دەخـسـتـەوە. هـەسـتـی دەکـــرد تـەنیـــا بـە ســـوودوەرگــــرتن لەو هـەلانەی ســـونای بۆی دەرەخـسـێنێت، دەتوانێت ئەرکی خـۆی ڕابپــەڕێنێت. دواتر، لەبەر ئـەوەی بە پێـچـەوانەی دادەیەوە خـۆی لـە قـســەکـردن سـەبارەت بـەو ڕۆژانە دەدزییـەوە، کـارێکی دژوار بوو بزانم لـەو ساتانـەدا چی بەخـەیاڵیـدا تێ پەڕیوە. بینەرانی قـارس لە دوایین چل خـوولەکی شـانۆگـەرییـەکەدا حـاڵی دەبن قـەدیفـە سـوورە لەسـەر خـۆکوشتن و سـەر ڕووتکردن، هـێدی هێـدی شـەیدای دەبن. سـەرەتا بەهۆی هـاتنەوەی قـەدیفـە بۆ سـەر شـانۆ و دواتر بەهـۆی تووڕەییی تێکەڵ لە فێرکاری و هاتوهاواری سـونای و فوندا ئەسـەرەوە، شـانۆنامەکە زیاتر بەرەو درامایەکی قورس دەچوو. بینەران تێ گەیشتبوون قەدیفە ڕۆڵی ژنێک دەبینێت لەحـەژمـەت پاڵەپەستۆی پیـاوان بڕستی لێ بڕاوە و ئامادەیە هەمـوو شـتێک بکات. سـەرباری ئەوەی ناسنامەی "قـەدیفـەی کچی سـەرپۆش بەسـەر" هێشـتـا بەتەواوی لە بیـر نـەکرابوو، کەسـانێک کـە ئەو هـەمـوو ساڵە هـێشـتـا بۆ قەدیفـە بەداخ بوون، دواتـر بە منیـان گـوت ڕۆڵی قـەدیفـە لەو شـانـۆگـەرییـەدا لە دڵی قـارسییـەکاندا جێی خـۆی کردبووەوە. ئیدی هـەر جارێک قـەدیفە دەهـاتە سـەر شـانۆ، بێـدەنگییـەکی قـوڵ دەسـتـی پێ دەکـرد، لە مـاڵانیش خـێـزانەکـان بەدەم سـەیرکردنی تەلەڤـزیۆنەوە بەدوای قـسـەکـانیدا لە یـەکتریـان دەپرسـی: "چی گوت، چی گوت؟"

لە یەکـێک لەو سـاتانەی بێـدەنگیـدا، دەنگی فـیکـەی یەکـەم شـەمـەندەفـەر بیــســتــرا کــە مــاوەی چـوار ڕۆژ بوو یەکــەم جــار قــارسـی بـەجێ دەهـێـشـت. ســــەربـازەکــــان (کـــا)یان بەزۆر لـە واگـــۆنێک ســـوار کـــردبوو. هـاوڕێ

خۆشەویستەکەم پاش ئەوەی دیبووی وا ئۆتۆمبیلە سەربازییەکە گەڕایەوە و ئیپەکی لێ دانەبەزی و تەنیا جانتاکەی هاتووە، لای سەربازەکان پێ لەسەر خواستی بینینی ئیپەک دادەگرێت، ئەوان مۆڵەتی پێ نادەن، پاشان قایلیان دەکات سەرلەنوێ ئۆتۆمبیلەکە بۆ هۆتێل بنێرنەوە، دوای گەڕانەوەی ئۆتۆمبیل بێ ئیپەک، لە ئەفسەرەکان دەپاڕێتەوە شەمەندەفەرەکە بۆ ماوەی پێنج خوولەک ڕابگرن، کاتێک ئیپەک پەیدا نابێت و شەمەندەفەر فیکەی کەوتنەڕێ لێ دەدات، (کا) دەست دەکات بەگریان. لەگەڵ جووڵەی شەمەندەفەرەکەدا چاوە پڕ لە فرمێسکەکانی دەبڕێتە ئاپۆڕەی سەر شۆستەی وێستگە، سەیری ئەو دەرگایەی وێستگە دەکات کە بەسەر پەیکەرەکەی کازم قەرەبەکردا دەڕوانێت، بە چاو بەدوای ژنێکی بالآبەرزی جانتا بەدەستدا دەگەڕێت و پێشبینی دەکات بەرەو ڕووی ئەم بێت.

لەگەڵ خێراتربوونی شەمەندەفەرەکەدا، جارێکی تر دەنگی فیکە بیسترا. لەو ساتەدا ئیپەک و تورگوت بەگ لە هۆتێلی بەفرپالآسەوە بەرەو هۆڵی شانۆی گەل دەڕۆیشتن. تورگ بەگ گوتی: "شەمەندەفەر بەڕێوەیە." ئیپەک گوتی: "بەڵێ، ڕێگەکان بە زوویی دەکرێنەوە. پارێزگار و فەرماندەی یەکینەی سوپا دەگەڕێنەوە بۆ شار." هەندێک شتی تریشی سەبارەت بە کۆتاییهاتنی ئەم کودەتا سەربازییە قۆڕە ء ئاساییبوونەوەی باردۆخ گوت، بەڵام لەبەر ئەوەی نەبوو ئەو قسانەی بەلاوە گرینگ بێت، بگرە هەستی دەکرد ئەگەر بێدەنگ بێت، باوکی وا دەزانێت ئەم بیر لە (کا) دەکاتەوە. خۆیشی بەتەواوی نەیدەزانی چەندی هۆشی لەسەر (کا) و چەندی تری لەسەر کوژرانی شینەیە. ئازارێکی زۆر بەهێزی لە دەستدانی هەلێکی بەختەوەری و ڕقێکی توند لە بەرامبەر(کا) لە ناخیدا بوو. زۆر بە کەمی گومانی لە هۆیەکانی تووڕەبوونەکەی دەکرد. دوای چوار ساڵ لە قارس بە ناڕەزای دڵ ئەو هۆیانەی لەگەڵ مندا تاوتوێ کرد و پرسیار و گومانەکانم بێزاریان دەکرد. پێمی گوت یەکسەر تێ گەیشتووە لەو شەوە بەدواوە مەحاڵە بتوانێت هیچی تر (کا)ی خۆش بوێت. کاتێک فیکەی ئەو شەمەندەفەرە لێ درا کە (کا)ی لە قارس دوور

دەخستەوە، ئیپەک لە بەرامبەر (کا)دا تەنیا هەستی بە دڵشکاوی دەکرد؛ لەوانەیە کەمێکیش سەرسوورمان. گرفتی سەرەکیی ئەو لەم کاتەدا، دابەشکردنی خەمەکانی بوو لەگەڵ قەدیفەدا.

تورگوت بەگ هەستی کرد کچەکەی لە بێدەنگی بێزار بووە، گوتی: "شار وەک چۆڵ کرابێت وایە."

ئیپەک هەر بۆ ئەوەی شتێک بڵێت، گوتی: "شاری تارمایی و خێوە."

کاروانێکی سەربازیی لە سێ ئۆتۆمبیل پێکهاتوو لە گۆشەکە پێچیان کردەوە و بە بەردەمی ئەماندا تێ پەڕین. تورگوت بەگ گوتی ئەم ئۆتۆمبیلانە بەهۆی کرانەوەی ڕێگە و بانەکانەوە توانیویانە بگەنە ئێرە. باوک و کچ بۆ خۆ خەریککردن سەیری تیشکی گڵۆپی ئۆتۆمبیلەکانیان کرد و بینیان چۆن لە تاریکیی شەودا ون بوون. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی دواترم، تەرمی شینە و خەندە لە ئۆتۆمبیلە جێمسییەکەی ناوەڕاستدا بووە.

تورگوت بەگ لەبەر ڕۆشنایی تیشکی لایتە خوار و خێچەکانی جێبەکەی دواوەی کاروانەکەدا لە جامخانەی نووسینگەی ڕۆژنامەی شاری سەرحەددا چاپی سبەینێی ڕۆژنامەکەی بە هەڵواسراوی بینی؛ ڕاوەستا و خوێندیەوە: "مردن لەسەر شانۆ. ئەکتەری ناسراو سونای زایم دوێنێ لەسەر شانۆ کەوتە بەر هێرش و کوژرا."

دوای دوو جار خوێندنەوەی هەواڵەکە، بە شەقاوی خێرا بەرەو هۆڵی شانۆی گەل بەڕێ کەوتن. لە بەردەم دەرگای هۆڵەکەدا هەمان ئۆتۆمبیلەکانی پۆلیس و لە خوارتریشەوە سێبەری هەمان تانک بەدی دەکرا. لە چوونە ژوورەوەیاندا پشکێندران. تورگوت بەگ گوتی "باوکی ژنە ئەکتەری سەرەکییە." پەردەی دووەم دەستی پێ کردبوو، لە ڕیزی دواوە دوو کورسی چۆڵیان دۆزییەوە و دانیشتن.

لەم پەردەیەدا هێشتا چەند دیمەنێکی گاڵتەجاڕی و کەیف و سەفا دەبیندران کە سونای بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو بەرهەمیانی هێنابوو: بگرە

فوندا ئەسەر کورتە سەمایەکی گاڵتەجارانەشی کرد. بەڵام هەوای شانۆنامەکە زۆر قورس بووبوو، بێدەنگی باڵی بەسەر شانۆکەدا کێشابوو، قەدیفە و سونای ئیدی زیاتر پێکەوە لەسەر شانۆ دەمانەوە.

سونای گوتی: "هەمدیسان پێویستە بۆم ڕوون بکەنەوە بۆچی خۆتان دەکوژن."

قەدیفە گوتی: "مرۆڤ ئەمە بەتەواوی نازانێت."

"چۆن؟"

قەدیفە گوتی: "ئەگەر مرۆڤ هۆی تەواوی خۆکوشتنی بزانیبا و ئەو هۆیەی بە ڕوونی بخستایە بەردەست، هەرگیز خۆی نەدەکوشت."

سونای زایم گوتی: "یاهو، هیچ وا نییە. هەندێک ژن لە تاو عەشق خۆیان دەکوژن، برێکیشان لەبەر ئەوەی بەرگەی تێهەڵدانی مێردەکانیان ناگرن، یان بەهۆی ئەوەی هەژاری وەک چەقۆ ئێسکیان دەبڕێتەوە."

قەدیفە گوتی: "ئێوە زۆر بەسادەیی بۆ ژیان دەڕوانن. مرۆڤ لەبری ئەوەی لە حەژمەت ئەڤین خۆی بکوژێت، چاوەڕێ دەکات تا کاریگەریی عەشق کەمتر دەبێتەوە. هەژاریش هۆیەک نییە بەشی خۆکوشتن بکات."

"باشە هۆی ڕاستەقینە چییە؟"

"بێگومان هۆی سەرەکیی هەموو خۆکوشتنەکان ئابڕووە. بەلانی کەمەوە ژنان لەو پێناوەدا کۆتایی بە ژیانی خۆیان دەهێنن!"

"لەبەر ئەوەی لە عەشقدا ئابڕوویان ڕووشێندراوە؟"

قەدیفە گوتی: "هەر هیچ تێ ناگەن! ژنان لەبەر شکاندنی شکۆ و ئابڕوویان خۆیان ناکوژن، بگرە دەیانەوێت بە خۆکوشتنیان پێشانی بدەن چەندە ئابڕوودارن."

"ئایا لە سۆنگەی ئەم هۆیەوەیە هاوڕێکانتان خۆیان دەکوژن؟"

"من بەناوی ئەوانەوە نادوێم. هەرکەسە هۆی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام هەر جارێک بیر لە خۆکوشتنی خۆم دەکەمەوە، هەست دەکەم ئەوانیش وەک

من بیر دەکەنەوە. ساتەکانی خۆکوشتن باشترین کاتن بۆ تەنیاییی ژنان و بۆ ئەوەی هەست بە ژنێتیی خۆیان بکەن."

"باشە بەم قسانەتان هانی هاوڕێکانتان دەدا بۆ خۆکوشتن؟"

"ئەوان بە بڕیاری ئازادانەی خۆیان کۆتاییيان بە ژیانی خۆیان هێنا."

"هەموو کەسێک دەزانێت لە قارس هیچ کەسێک خاوەن بڕیاری ئازادی خۆی نییە، هەموو کەسێک لە ناو تێهەڵدان هەڵدێت و بۆ خۆپاراستن خۆی دەخزێنێتە ناو گرووپێکی دیاریکراوەوە. قەدیفە، ددانی پێدا بنێن ئێوە بەدزییەوە لەگەڵیاندا ڕێک کەوتوون و ژنانتان بۆ خۆکوشتن هانداوە."

قەدیفە گوتی: "بەڵام چۆن شتی وا دەبێت؟ ئەوانەی خۆیان دەکوژن، زیاتر تاق دەکەونەوە. هەندێک لە باوکان حاشایان لە کچە خۆکوشتووەکانیان کرد، بگرە نوێژی مردوو بۆ هەندێکیان هەر نەکرا."

"ئایا ئێستا ئێوە بۆیە خۆتان دەکوژن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن خۆکوژان تەنیا نین و دەستە و تاقمی پێکەوە گرێدراون؟ قەدیفە، بێدەنگن... بەڵام پێتان وا نییە پەیامەکەتان بەهەڵە لێک بدرێتەوە ئەگەر ڕوونی نەکەنەوە بۆچی وا دەکەن؟"

قەدیفە گوتی: "من نامەوێت بە خۆکوشتنی خۆم پەیامێک ڕابگەیەنم."

"ئەو هەموو بینەرە تەماشا دەکەن، بە پەرۆشن. هەر هیچ نەبێت شتێک بڵێن ئێستا بەخەیاڵتاندا بێت."

قەدیفە گوتی: "ژنان بەهیوای دەستکەوت خۆیان دەکوژن. پیاوانیش کاتێک خۆیان دەکوژن ئەگەر ببینن ئومێدی دەستکەوتیان نەماوە."

سونای گوتی: "ئەمە ڕاستە." دەمانچەیەکی (کرککالە)ی لە گیرفانی دەرهێنا. هەموو بینەرانی ناو هۆڵەکە نیگایان خستە سەر بریسکانەوەی چەکەکە. "ئایا پاش ئەوەی دڵنیا بوون بەتەواوی دۆڕاوم، بەمە گوللەبارانم دەکەن؟"

"ناخوازم بکەومە زیندان."

سـونای گـوتی: "ئەدی هـەرچۆنێک بێت ئێـوەش دواتـر خـۆتان ناکـوژن؟ بەو پێیەی بە خـۆکوشـتنتـان دەچنە دۆزەخەوە، ئیـدی پێـویست ناکات نە لە سـزای ئەم دنیا و نە لە ئاگری ئەو دنیا بترسن."

قـەدیفـە گـوتـی: "ژن تەواو لەو پێنـاوەدا خـۆی دەکـوژێت، بۆ خـۆدزینـەوە لە هەموو جۆرە سزایەک."

سـونای بە کـەش و فـشـێکەوە ڕووی لە بینەران کـرد و گـوتی: "کـاتێک لە دۆڕانی خـۆم دڵنیـا دەبم، دەمـەوێت کـۆتاییی ژیانم لەسـەر دەسـتی ژنـێکی لەم بابەتە بێت." کـەمێک بێـدەنگ بوو. دەسـتی کـرد بـە گێڕانەوەی بەسـەرهـاتێک دەربارەی لێهاتووییـی ئەتاتورک. ڕێک لە کاتی پێویستدا هـەستی کرد بینەران خەریکن بێزار دەبن.

لەگـەڵ تەواوبوونی پـەردەی دووەمـدا تورگـوت بەگ و قـەدیـفـە چوونـە پشت پەرەدەکـانـەوە و قـەدیفـەیان دۆزییـەوە. ژوورە پـان و بەرینەکـە سـەردەمـانێک ئامـادەبوونی ئاکرۆباتەکانی لە مۆسکۆ و پەترسـبۆرگەوە هـاتوو، شـانۆکـارانی ئەرمـەنیی پێـشکێـشکاری (مـۆلێـر) و سـەمـاکـارانی گـەڕیدەی ڕووسـیـا و موزیسیەنەکانی بە خۆیەوە دیبوو، ئێستا سارد و سڕ بوو.

قەدیفە بە ئیپەکی گوت: "وام دەزانی دەڕۆیت."

تورگـوت بـەگ قـەدیفـەی لە ئامـێـز گـرت و گـوتی: "شـانازیت پێـوە دەکـەم گیانەکەم. زۆر باش بوویت! ئەگەر چەکەکەی بدایەتە دەستت و بیگوتبا –تەقەم لێ بکە–، هـەڵدەسـامە سـەرپێ و هـاوارم دەکرد –شـانۆنامەکە ڕابگرن، قەدیفە نەکەیت تەقەی لێ بکەیت–."

"بۆچی؟"

تورگـوت بەگ گـوتی: "لەبەر ئـەوەی لەوانەیە چەکـەکە فـیـشـەکی تێـدا بێت." باسـی ئەو هـەواڵەی بـۆی گێڕایەوە کـە لە ژمـارەی سـبـەینێی ڕۆژنامـەی شـاری سـەرحـەددا خوێندبوویەوە. پاشـان گـوتی: "لەوە ناترسـم ئەو هـەواڵانەی سـەردار پێـشـتـر بە ئـومـێـدی ڕاست دەرچـوونیـانەوە دەیـانووسـێت، ڕاسـت دەربچن،

چونکە زۆربەی ئەو هەواڵانە ڕاست دەرناچن، بەڵام لەبەر ئەوەی دەزانم سەردار بێ ڕەزامەندیی سونای ناتوانێت هەواڵێکی لەو جۆرە بنووسێت، نیگەرانم. دیارە سونای هەواڵەکەی پێ بە نووسین داوە. دەکرێت ئەمە ڕێکلامێک بێت، لەوانەیشە بیەوێت لەسەر شانۆ خۆی بە دەستی تۆ بە کوشت بدات. کچی شیرینم، تا دڵنیا نەبیت لە خاڵیبوونی، نەکەیت ڕووی چەکی تێ بکەیت! لەبەر ئەو کابرایەش سەرت ڕووت مەکە. ئیپەک ناڕوات. ماوەیەکی درێژتر لەم شارە دەژین، بە ختوخۆڕایی ئیسلامییەکانمان لێ مەورووژێنە."

"بۆچی ئیپەک لە ڕۆیشتن پاشگەز بووەوە؟"

تورگوت بەگ دەستی قەدیفەی گرت و گوتی: "چونکە باوکی و تۆ و خێزانەکەمانی زیاتر خۆش دەوێت."

ئیپەک گوتی: "بابە گیان، دەتوانین هەمدیسان تەنیا قسە بکەین؟" لەگەڵ گوتنی ئەم قسەیەدا بینی تارماییی ترسێک بە ڕووی قەدیفەوە نیشتەوە. تورگوت خۆی گەیاندە سونای و فوندا ئەسەر کە لەوبەری ژوورە بنمیچ بەرز و بە تۆز داپۆشراوەکەوە هاتنە ژوورەوە. ئیپەک بەتەواوی هێزەوە قەدیفەی لە ئامێز گرت و بە خۆیەوە نووساند. بینی ئەم ڕەفتارەی ترسی لە دڵی خوشکەکەیدا چاند، دەستی گرت و پەلکێشی کرد بۆ بەشێکی تایبەتی بە پەردە جیاکراوە. فوندا ئەسەر شووشەیەک کۆنیاک و چەند لێوانێکی بەدەستەوە بوو، و لەوێوە دەرچوو.

فوندا ئەسەر گوتی: "قەدیفە، زۆر باش بوویت. فەرموون پشوویەک بدەن."

قەدیفە تا دەهات بێ ئومێدتر دەبوو، ئیپەک داینیشاند. چاوی بڕییە ناو چاوەکانی و بە نیگایەوە، وەک بڵێت هەواڵێکی خراپم پێیە، سەیرێکی کرد. دواتر گوتی: "لە پەلامارێکدا شینە و خەندەیان کوشتووە."

قەدیفە بۆ ساتێک نیگاکانی خۆی ئاڕاستەی ناوەوە کرد و گوتی: "لە هەمان ماڵدا بوون؟ کێ گوتی؟" بەڵام بە بینینی نیشانەی سووربوونی سەر ڕووخساری ئیپەک، بێدەنگ بوو.

"فـازیلی قـوتابیی ئـامـادەیـی پێگەیانـدنی پێـشنوێژ و وتـارخـوێنـان هـەواڵی هێنا. دەسـتبـەجێ بڕوام پێ کـرد، چونکە بە چاوی خـۆی دیبـووی... سـاتێک بێدەنگ بوو تا هـەواڵەکە وەربگرێت. قـەدیفـە ڕەنگی سـپی هـەڵگەڕابوو. پاشـان بەپەلە درێژەی بە قسەکانی دا: "(کـا) بە شوێنی شینەی دەزانی، دوای بینینی تۆ بۆ هۆتـێل نەگـەڕابووەوە. پێم وا بێت ئەو شـوێنی خـۆحـەشـاردانی شـینە و خەندەی بۆ تیمی تایبەت ئاشکرا کردبێت، بۆیە لەگەڵیدا نەچووم بۆ ئەڵمانیا."

قـەدیفـە گـوتی: "بە چیـدا دەزانیت؟ لەوانەیە ئەویش نەبووبێت، کەسێکی تر هـەواڵی لێیان دابێت."

"لەوانەیشـە، بیـرم لەوەش کـردەوە، بەڵام دڵم هێنـدە بەهێـز پێم دەڵێت (کـا) زمـانی لێیـان داوە، بەجۆرێک بە ئەقڵ ناتـوانم باوەڕ بە خۆم بهێنم ئەو هـەواڵی لێیان نەدابێت. لەبەر ئەوەی حاڵی بووم نـاتوانم خۆشم بوێت، لەگەڵیدا نەچووم بۆ ئەڵمانیا."

قەدیفە ئیدی هێزی ئەوەی نەبوو گوێ لە ئیپەک بگرێت. ئیپـەک هـەستی کرد خوشکەکەی لەو کاتەدا بەتەواوی لە هـەواڵی مردنی شینە حاڵی بووە.

قـەدیفـە دەمـوچاوی خـسـتـە نێـوان لەپی دەسـتـەکـانی و بـەدەم هـەنسکدانەوە دەستی کرد بەگـریان. ئیپـەکیش باوەشـی پێدا کرد و گریا. ئیـپـەک بێدەنگ دەگریا و بە گـۆشـەیەکی هۆشی هـەسـتـی دەکرد لەگـەڵ خـوشکیـدا بۆ هـەمـان مـەبەست دەگـرین. سـەردەمـانێکیش بەهۆی ئـەوەی هیـچـیـان ئامـادە نەبوون دەستبەرداری شینە بن و لە سـۆنگەی پێشـبڕکێ لەگەڵ یەکتـردا شـەرمیـان لە یەکدی دەکرد، چەند جـارێک گریابوون. ئیپـەک هـەسـتی دەکرد ئێسـتا هـەمـوو شـەڕ و کێشـەکان کۆتاییان پێ هـاتووە: قارس بەجێ ناهێڵێت، ساتێک هـەستی کرد پیـر بووە. ڕازیبوون و پیـربوون، ژیربوون تا ڕادەی هیچ نەویستن لە ژیان: هـەستیک کرد ئەمانەی پێ دەکرێت.

ئێسـتا زیاتر بۆ قـەدیفە نیگەران بوو. دەیبینـی خوشکەکەی بە کوڵ دەگری، ئازارێکـی قـوڵتـر و مـاڵوێرانکەرتر لـە ئازاری ئەم دەچێـژێت. لە پـای ئەوەی لە

دۆخی ئەودا نەبوو، هەستێکی سوپاس -یان تامی تۆڵەکردنەوە- بە هەناویدا تێ پەڕی و یەکسەریش شەرمی بە خۆیدا هاتەوە. کارمەندانی هۆڵی شانۆی گەل لە پشووەکاندا هەمان موزیکیان دەخستە سەر کە پێیان وا بوو بینەران حەزی لێ دەکەن و ئەمەش فرۆشی گازۆز و نۆکی کوڵاو دەباتە سەرێ. لە ناو هۆڵەکەدا گۆرانیی Baby, come closer, closer to me دەبیسترا. ئەمان لە ساڵانی تافی لاویدا لە ئەستەنبوڵ گوێیان لەم موزیکە دەگرت. ئەو سەردەمانە هەردووکیان دەیانویست بەباشی فێری ئینگلیزی ببن؛ بەڵام بۆیان نەچووبووە سەر. ئیپەک هەستی کرد گریانی خوشکی لەگەڵ بیستنی گۆرانییەکەدا زیاتر تاوی سەند. لە نێوان پەردەکانیشەوە باوکی بینی لەوسەری ژوورە نیمچە تاریکەکەدا لەگەڵ سونایدا سەرگەرمی قسە بوون و فوندا ئەسەریش بە شووشەیەک کۆنیاک و چەند پەرداخێکەوە لێیان نێزیک دەکەوتەوە.

ئەفسەرێکی تەمەن مامناوەندی بەهێزەوە پەردەکەی لادا و گوتی: "قەدیفە خاتوون، من ئالبای عوسمان نووری چۆلاکم." لەسەر شێوازی ناو فیلمەکان تا سەر زەوی خۆی چەماندەوە و سڵاوی لێ کرد. "خاتوونە سەنگینەکەم، چۆن دەتوانم لە خەمتان کەم بکەمەوە؟ ئەگەر ناتانەوێت بچنە سەر شانۆ، ئەوا دەتوانم ئەم مزگێنییەتان بدەمێ: ڕێگە و بانەکان کراونەتەوە، هێزە سەربازییەکان کەمێکی تر دێنە شارەوە."

دواتر عوسمان نووری چۆلاک لە دادگای سەربازیدا ئەم قسانەی خۆی وەک بەڵگە بۆ پاراستنی شار لە ئەفسەرە کودەتاچییەکان بەکار هێنابوو.

قەدیفە گوتی: "لە هەموو ڕوویەکەوە باشم. سوپاستان دەکەم بەڕێزم."

ئیپەک هەستی کرد ڕەفتارەکانی قەدیفە هەر لە ئێستاوە کەمێک لە هەڵسوکەوتی دەستکردانەی فوندا ئەسەری پێوە دیارە. لەلایەکیش، بەو هەوڵەی خۆی سەرسام بوو کە بۆ هەڵساندنەوەی قەدیفە بە خەرجی دا. قەدیفە بەزۆر لە خۆکردنەوە هەڵسایە سەرپێ؛ لێوانێک ئاوی خواردەوە، وەک تارماییەک سەیری ئەمسەر و ئەوسەرێکی ژوورە پان و بەرینەکەی پشت پەردەکەی کرد.

لەگـەڵ دەست پێکردنی پـەردەی سـێیـەمدا، ئـیپـەک هـەوڵی دا قـەدیفـە دوور بخـاتەوە و پـێـشـانـی باوکی نەدا، بـەڵام تورگـوت بەگ هـاتـە بەرەوە و گـوتـی: "مەترسە." مەبەستی سونای و هاوڕێکانی بوو: "ئەوانە مرۆڤی هاوچەرخن."

فـوندا ئەسـەر لە سـەرەتای پەردەی سـێـیـەمـدا گـۆرانیی ژنی دەست بۆ ئابڕووبراوی گوت. ئەمـەش بینەرانـی زیاتر بە شـانۆکەوە بەسـتـەوە، چونکە تا ئەو کاتە زۆر بە "ڕۆشنـگەری"یان دەزانی و لێی تێ نەدەگەیشتن. فوندا ئەسەر وەک پیشەی بەردەوامی، لە سەرێکەوە فرمێسکی هەڵدەڕشت و جنێوی بەسەر پیاوگەلدا دەباراند، لە سەرێکی ترەوە بەسەرهاتی خۆی بە ترش و خوێکراوی دەگێڕایەوە. دوای دوو گۆرانی و جۆکی ڕێکلامێک کە زیاتر منداڵانی دەهێنایە پێکەنین (وای پێـشـان دەدا ئای گـاز لە ترِ بەرهەم دەهـێندرێت)، سـەر شـانۆ ڕەش کـرا، دوو سـەرباز هـاتنـە سـەر شـانۆ و سـەربازە چەک بەدەسـتـەکـانی کۆتاییی شـانۆنامـەی دوو ڕۆژ لەوەوبەریان بەبیـر دەهێنایەوە. سێدارەیـەکیـان هێنا و لە نـاوەڕاستی شـانۆدا دایان نـا. بێدەنگییـەکی سامناک باڵی بەسەر هۆڵی شانۆدا کێشا. سونای بەشێوەیەکی بە ئاشکرا دەلەنگی و لەگەڵ قەدیفە بەژێر سێدارەکەدا ڕۆیشتن.

سونای گوتی: "پێم وا نەبوو پێشهاتەکان ئاوا بەخێرایی بچنە پێش."

قـەدیفـە گـوتی: "ئایا ئـەمـە ددان پێدانانە بە سـەرنەکەوتنتـان لەو شـتـەدا کـە دەتانویست بیکەن، یان ئیـدی پیـر بوون و بـەدوای بیـانوویەکـدا دەگـەڕێن بۆ ئەوەی مەردانە بمرن؟"

ئیپەک هەستی کرد قەدیفە زۆر لە خۆی دەکات بۆ بینینی ڕۆڵەکەی.

سونای گوتی: "ئێوە زۆر زیرەکن قەدیفە."

قـەدیفـە بە ڕیتـمـێکی پڕ لە شـڵـەژاوی و ڕقـەوە پرسـی: "ئایا ئـەمـە دەتانترسێنێت؟"

سونای وەک ئەوەی چاوبڕکێی لەگەڵدا بکات، گوتی: "بەڵێ!"

قـەدیفە گـوتی: "ئێوە لە زیرەکییـەکەم نا، لە کـەسایـەتیم دەترسن، چونکە لە

شـارەکـەمـاندا پیـاوان لە زیرەکـیی ژنان نـا، بگرە لەوە دەترسن بکەونـە ژێر فەرمانیانەوە."

سـونای گوتی: "تەواو بە پێچـەوانەوە. مـن بۆیە ئەم شـۆڕشـەم بەرپاکرد، بۆ ئەوەی ئێوەی ژنان وەک ئـەوروپاییگەل خـاوەن فـەرمـانـی خـۆتـان بن. هـەر لەبەر ئەوەشە دەمەوێت ئێستا سەرتان ڕووت بکەن."

قـەدیفـە گوتی: "سـەرم ڕووت دەکـەم. بۆ ئەوەش بیسـەلمێنم ئەمـەم نە لە ژێر پاڵەپەسـتـۆی ئێـوەدا کـردووە و نە لاسـایی ئەوروپاییگەلم کـردووەتەوە، خـۆم هەڵدەواسم."

"بەڵام زۆر بـاش دەزانیت ئەگـەر وەک تـاک خـۆت بکوژیت، ئـەوروپاییگـەل چەپڵـەت بۆ لێ دەدەن، وا نییە قەدیفە؟ شاردراوەش نییـە ئێوە لە کۆبوونەوەی نهـێنیی هـۆتێل ئاسـیـا ئارەزوویـەکی گـەورەتان هـەبووە لێـدوانێک بدەنە ڕۆژنامـەیەکی ئـەڵمـانی. دەنگۆی ئەوە هـەیە ئێوە ڕێکخـەری ئەو کچـانە بن کـە خۆیان کوشتووە، تەواو وەک ڕێکخستنی کچانی سەرپۆش بەسەر."

"تەنیا کـچێک هـەیە لە پێناو سـەرپۆشـدا تێکۆشـابێت و خـۆی کوشـتـبێت، ئەویش تەسلیمەیە."

"ئێستا ئێوەش دەبن بە دووەم..."

"نەخێر، من بەر لەوەی خۆم بکوژم، سەرم ڕووت دەکەم."

"ئایا باش بیرتان لێ کردووەتەوە؟"

قەدیفە گوتی: "بەڵێ، زۆر باش بیرم لێ کردووەتەوە."

"دە کەواتە دەبێت بیـرتان لەوەش کردبێتـەوە کە خۆکوژ دەچێتە دۆزەخ، بۆیە وا بە ویژدانـی ئاسـوودەوە من دەکـوژیت، چونکە دەزانـی هـەر چۆنێک بووە لە کۆتاییدا دەچیتە دۆزەخ."

قەدیفە گوتی: "نەخێر، باوەڕم بەوە نییـە بە خۆکوشتنم بچمە دۆزەخ. تۆیش بۆیە دەکوژم بۆ ئەوەی میللەت لە دوژمنێکی ئاین و ژن و لە میکرۆبێک خـاوێن بکەمەوە!"

"بوێر و چاوکراوەن قەدیفە. بەڵام لە ئاینی ئێمەدا خۆکوشتن قەدەخەیە."

قەدیفە گوتی: "بەڵێ، قورئانی پیرۆز لە سوورەی ژناندا دەفەرموێت -خۆتان مەکوژن-، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە خوای دەسەڵاتشکاو بەسەر هەموو شتێکدا لە کچانی خۆکوشتوو نابوورێت و بۆ دۆزەخیان دەنێرێت."

"کەواتە بە ڕێگەیەکی وا درێژدا دەڕۆن."

قەدیفە گوتی: "پێچەوانەی ئەمە ڕاستە. هەندێک لە کچانی جحێڵی قارس بۆیە خۆیان کوشت، چونکە نەیانتوانی بە ئارەزووی دڵی خۆیان سەریان داپۆشن. یەزدانی پەروەردگار دادپەروەرە و ئازارەکانیان لە بەرچاو دەگرێت. لەگەڵ هەبوونی خۆشەویستیی ئەو خوایە لە هەناومدا، لەبەر ئەوەی لەم شاری قارسەدا شوێنێکم نییە، منیش وەک ئەوان خۆم لە ناو دەبەم."

"ئێوە دەزانن بەم کارەتان گەورە پیاوانی ئاینیشیمان تووڕە دەکەن، ئەو پیاوانەی بەمەبەستی دوورخستنەوەی ژنان لە خۆکوشتن زستان بەناو بەفردا دێنە شاری قارسی هەژار. وا نییە قەدیفە؟ ئەمە لە کاتێکدا قورئان..."

"من ئاینەکەم لەگەڵ ئەتایست و لەگەڵ ئەو کەسانەی لە ترسدا وا خۆیان دەنوێنن وەک ئەوەی باوەڕمەند نەبن، تاوتوێ ناکەم. ئیدی پێویستە کۆتاییی بەم شانۆگەرییە بهێندرێت."

"ڕاست دەکەن. من مەبەستم لە کردنەوەی ئەم بابەتە دەستتێوەردان لە ڕۆحی ئێوە نەبوو، بگرە بۆ ئەوەم بوو نەوەک لە ترسی دۆزەخ بەخەیاڵێکی ئاسوودەوە من نەکوژن."

"هیچ خەمتان نەبێت، بەوپەڕی خەیاڵ ئاسوودەییەوە دەتانکوژم."

سونای بە ڕیتمێکی هەستیارەوە گوتی: "جوانە، با منیش ئەو ئەنجامەتان پێ بڵێم کە لە ماوەی بیست و پێنج ساڵ کاری شانۆییدا پێی گەیشتووم. بینەرانمان لە هیچ شانۆنامەیەکی تردا حەوسەڵەی گوێگرتن لە دیالۆگێکی لەمە درێژتریان نییە. ئەگەر دەتانەوێت با درێژەی پێ نەدەین و دەست بەکار بین."

"باشە."

سونای هەمان دەمانچەی کرککالەی دەرهێنا و پێشانی قەدیفە و پێشانی بینەرانی دا. "ئێستا ئێوە سەرپۆش فڕێ دەدەن. دواتر ئەم چەکەتان دەدەمێ و تەقەم لێ دەکەن... لەبەر ئەوەی جاری یەکەمە لە وەشانی زیندوودا شتی وا دەقەومێت، جارێکی تریش واتای ئەمە بۆ بینەران..."

قەدیفە گوتی: "با درێژەی نەدەینێ. لەوە زیاتر وزەم تێدا نەماوە گوێ لەو پیاوانە بگرم کە باسی هۆیەکانی خۆکوشتنی کچانی جحێڵ دەکەن."

سونای بەدەم یاریکردن بە چەکەکەی دەستییەوە گوتی: "ڕاست دەکەن. بەڵام دیسانیش، بۆ ئەوەی خوێنەرانی واتەواتی ناو ڕۆژنامەکان و ئەو بینەرانەی لە وەشانی زیندوودا سەیرمان دەکەن، نەترسن، دەمەوێت دوو شت بڵێم. بڕوانن قەدیفە، ئەمە شارژۆری دەمانچەکەمە. وەک دەبینن خاڵییە." شارژۆرەکەی دەرهێنا، پێشانی قەدیفەی دا و دیسان خستییەوە سەر دەمانچەکە. پاشان وەک جادووگەرێکی شارەزا گوتی:"ئایا بینیتان خاڵییە؟"

"بەڵێ."

سونای گوتی: "دیسان با زیاتریش دڵنیا بین!" شارژۆرەکەی سەرلەنوێ دەرهێنا و وەک جادووگەرێک کەروێشک لە کڵاودا دەربهێنێت، پێشانی بینەرانی دا و پاشان خستییەوە سەر دەمانچەکە. "بۆ دواجار لە بەرژەوەندی خۆم قسە دەکەم: وەک گوتتان بەخەیاڵی ئاسوودەوە تەقەم لێ دەکەن. لەبەر ئەوەی کەسێکم کودەتای سەربازیم کردووە و تەقەم لە خەڵک کردووە بە تاوانی ئەوەی لە ڕۆژئاواییەکان ناچن، ڕەنگە نەفرەتم لێ بکەن، بەڵام دەمەوێت بزانن ئەمەم لە پێناوی میللەتدا کردووە."

قەدیفە گوتی: "باشە، منیش ئێستا سەرم ڕووت دەکەم. تکایە هەمووتان تەماشا بکەن."

لەپڕ ئازارێک لە ڕووخساریدا بەدی کرا و بە جووڵەیەکی سادە سەرپۆشی لە سەری کردەوە.

لە هۆڵەکەدا دەرزیت هەڵبدایە گوێت لە دەنگی دەبوو. سوونای، وەک ئەوەی شتێکی چاوەڕوان نەکراو ڕووی دابێت، بۆ ساتێک گێژ و ئەبڵەقانە سەیری قەدیفەی کرد. لێرە بەدواوە هەردووکیان وەک دوو ئەکتەری نەزان و دیالۆگ لە بیرچوو ڕوویان لە بینەران کرد.

سەرجەم خەڵکی شار ماوەیەکی درێژ بە سەرسامی سەیری قژە درێژ و کاڵ و جوانەکەی قەدیفەیان کرد. کامێرامان هەموو هێز و تینی خۆی خستە گەڕ و بۆ یەکەمجار قەدیفەی خستە زووومەوە. لە ڕووی قەدیفەدا شەرمی ژنێک بەدی دەکرا کە لە ناو ئاپۆڕەیەکی جەنجاڵدا جلەکانی بەری دادەماڵدرێن. بە ڕووخساریدا دیاربوو ئازارێکی زۆر دەکێشێت.

قەدیفە بە ئارام لێبڕانەوە گوتی: "تکایە چەکەکەم بدەنێ!"

سونای گوتی: "فەرموون." لوولەی دەمانچەکەی گرت و بۆ قەدیفە درێژی کرد. "ئەم میلە ڕادەکێشن."

قەدیفە دەمانچەکەی گرتە دەستەوە و سونای زەردەخەنەیەکی بۆی کرد. سەرتاپای قارس پێیان وا بوو گفتوگۆکەیان زیاتر درێژە دەخایەنێت. ڕەنگە سونایش هەروا بیری کردبێتەوە، بۆیە گوتی: "قەدیفە، قژتان زۆر جوانە. منیش بوومایە نەمدەهێشت پیاوانی تر بیبینن." لەو کاتەدا قەدیفە میلی دەمانچەکەی ڕاکێشا.

دەنگی تەقەیەک بیسترا. سەرجەم قارس لە دەنگەکە نا، بگرە لە لاربوونەوەی سونای سەریان سووڕما، چونکە وەک ئەوەی بەڕاستی پێکرابێت، کەوتە سەر زەوی. سونای گوتی: "ئای چەند گەمژەن! تێگەیشتنیان نییە بۆ هونەری هاوچەرخ، نابن بە هاوچەرخ!"

بینەران چاوەڕێی مۆنۆلۆگێکی درێژی مردنیان لە سونای دەکرد، بەڵام قەدیفە دەمانچەکەی لێ نێزیک خستەوە و چوار فیشەکی تری پێوە نا. لەگەڵ هەر تەقەیەکدا جەستەی سونای بەلەرزینەوەوە بەرز دەبووەوە و قورستر دەکەوتە سەر زەوی. قەدیفە ئەو چوار فیشەکەی زۆر بەخێرایی تەقاندبوو.

بینەران، لە لاسـاییکردنەوەی مـردن زیاتر چاوەڕێـی مـۆنۆلـۆگی مـردنێکی بەواتایان لە سونای دەکرد، کاتێک دوای تەقەی چوارەم دەمـوچاوی سـونایان لە خوێندا بینی، هیوایان نەما. نوورییە خـان ڕووداو و ئەفێکتەکانی شانۆکەی لە دەقـەکە زیاتر بەلاوە گرینگ بوو، بەنیـازی چەپڵەلێدان بۆ سونای هەڵسایە سەرپێ، بەڵام بە بینینـی دەموچاوی لە خوێندا خـەڵتانبووی سـونای ترسا و لە شوێنی خۆی دانیشتەوە.

قەدیفە بە بینەرانی گوت: "پێم وا بێت کوشتم!"

قـوتـابییـەکی ئامـادەییی پێگەیاندنی پێـشنوێژ و وتارخـوێنان لە ڕیزەکـانی پشتەوە هاواری کرد: "باشت کرد."

هێـزەکانی ئاسـایش بە ڕادەیەک سەرقـاڵی تاوانەکەی سـەر شـانۆ بوون، نە توانیان جێی ئەو قوتابییە دەستنیشـان بکەن کە پەردەی بێدەنگیی دڕاندبوو، نە دواشـی کـەوتن. مـامـۆسـتـا نوورییـە خـاتوون مـاوەی دوو ڕۆژ بـوو بە سـەرسووڕمـانەوە لە تەلەڤزیۆندا سەیری سـونای دەکرد و هـەوڵی دابوو بەهـەر نرخێک بـووە بۆ لە نێزیکەوە بینینی لە ڕیزەکـانی پێشـەوە دانیشـێت، ئەگـەر هـەنسکی دا و دەسـتی کـرد بەگـریان، نەک تـەنیـا ئەوانەی ناو هۆڵەکـە، بگرە سـەرانسـەری قـارس حـاڵی بوون ڕووداوەکـانی سـەر شـانۆ زیاد لە پێـویست ڕاستەقینەن.

دوو سـەرباز بە هـەنگاوی سـەیر و پێکەنیناوی ڕووبەڕووی یەکدی ڕایان کرد و پەردەی شانۆیان دادایەوە.

## ٤٤

# ئەمڕۆ لێرە کەس (کا)ی خۆش ناوێت

## دوای چوار ساڵ لە قارس

دوای داخستنی پەردەی شانۆ، ز. دەمیرکۆڵ و هاوڕێکانی یەکسەر قەدیفەیان دەستگیرکرد، (لە پێناوی پاراستنیدا)، لەو دەرگای پشتەوەی هۆڵەوە بردیانە شەقامی کوچووک کازم بەگ، سواری ئۆتۆمبیلێکی سەربازییان کرد و بردیان بۆ ئەو حەشارگە کۆنەی ناو سەربازگای شار کە لە دوایین ڕۆژدا مێوانداریی شینەی تێدا کرابوو. دوای چەند سەعاتیک هەموو ڕێگە و بانەکانی قارس کرانەوە و سوپا، بێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ بەرەنگارییەک ببێتەوە، چووە شارەوە. جێگری پارێزگار، فەرماندەی یەکینەی سوپا و چەندین لێپرسراوی تر بە تاوانی فەرامۆشکردنی ئەرکەکانیان لە کاتی ڕووداوەکاندا، یەکسەر لە کار دوورخرانەوە. چەند سەربازێکی دەستوەشێن و هەندێک لە کارمەندانی میت، ئەوانەی هاوکاریی (کودەتاچییەکان)یان کردبوو، -سەرباری ئەوەی بانگەشەیان دەکرد ئەو کارەیان لە پێناوی (دەوڵەت و میللەت)دا کردووە-، دەستگیرکران. تورگوت بەگ و ئیپەک دوای تێپەڕبوونی سێ ڕۆژ ئەوسا توانیان سەر لە قەدیفە بدەن. تورگوت بەگ هەر لە کاتی ڕووداوەکەدا زانیبووی سونای لەسەر شانۆ گیانی دەرچووە، زۆر تووڕە بووبوو، سەرباری ئەوەش بەهیوای ئەوەی بەڵایەک بەسەر قەدیفەدا نەیەت، هەر ئەو ئێوارەیە دەستی کردبوو بە هەوڵدان بۆ هێنانەوەی کچەکەی بۆ ماڵ، کاتێکیش لە هەوڵەکانیدا سەرکەوتوو نەبووبوو، درەنگانێکی دوای نیوەشەو قۆڵی کردبوو بە قۆڵی کچە گەورەکەیدا و بە شەقامە چۆڵەکاندا گەڕابوونەوە ماڵ، ئەو

دەستی کردبوو بەگریان، ئیپەکیش شتەکانی ناو باوڵەکەی دەرهێنابوو، و خستبوونییەوە دۆڵابەکانەوە.

زۆربەی ئەو قارسییانەی ڕووداوەکانی سەر شانۆیان دیبوو، ڕۆژی دواتر، بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەی شاری قارسدا حاڵی بوون سونای دوای گیانکێشانێکی کورت، بەڕاستی مردووە. ئاپۆڕەی ناو هۆڵی شانۆی گەل، دوای داخستنی پەردەکان، بەگومانەوە، بەڵام بە بێدەنگی بڵاوەیان لێ کردبوو. تەلەڤزیۆنیش هیچ خۆی لە قەرەی باسکردنی ڕووداوەکانی سێ ڕۆژی ڕابردوو نەدابوو. دانیشتووانی قارس لەبەر ئەوەی لە ڕابردوودا لە سایەی ڕاگەیاندنی ڕەوشی نائاساییدا لەگەڵ ڕاوەدوونانی (تیرۆریستان) لەلایەن دەوڵەت، یان تیمەکانی تایبەتەوە، پەلاماردان و بەیاننامە بڵاوکردنەوەدا ڕاهاتبوون، دوای ماوەیەکی کورت ئیدی بیریان لەوە نەکردەوە ئەو سێ ڕۆژە سەردەمێکی زۆر تایبەت بووە. لە بەرەبەیانی ڕۆژی دواترەوە فەرماندەیی گشتیی سوپا دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکان، کۆمسیۆنی پشکنینی سەر بە ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی وەزیران کەوتە کار و سەرجەم دانیشتووانی قارسیش دەستیان کردبوو بە تاوتوێکردنی ڕەهەندی ڕووداوە شانۆیی و هونەرییەکانی (کودەتای شانۆکە)، نەک ڕەهەندە سیاسییەکانی. پرسیاری سەرەکی ئەوە بوو: سونای زایم بە پێش چاوی هەمووانەوە شارژۆرێکی بەتاڵی خستبووە سەر دەمانچەکەی، ئەدی چۆن قەدیفە بەهەمان دەمانچە کوشتبووی؟

ڕاپۆرتی تێروتەسەلی ئەو ئەفسەرەی دوای گەڕانەوەی ژیان بۆ دۆخی ئاسایی بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە (کودەتای شانۆ)ی قارس لە ئەنقەرەوە هاتبوو، وەک لە زۆر جێی کتێبەکەمدا بەدی دەکرێت، لەم بابەتەشدا کە زیاتر لە جادوو دەچێت، نەک دەستسووکی لە بەکارهێنانی چەکدا، بە هانامەوە هات. لەبەر ئەوەی قەدیفە لەو شەوە بەدواوە ئامادە نابێت ڕووداوەکە لەگەڵ باوکی و دادەی، لەگەڵ داواکارانی گشتیی دەوڵەت، یان پارێزەرێکدا -هەر هیچ نەبێت بۆ ئەوەی لە دادگا بەرگری لێ بکات- تاوتوێ بکات، ئەفسەری لێکۆڵەر بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕاستییەکان -کتومت وەک ئەوەی من دوای

چوار ساڵ کردم-، لەگەڵ زۆر کەسدا قسەی کردووە (ڕاستتر بڵێم وتەکانی تۆمار کردوون)، بەو جۆرە چاوی بە هەموو شیمانە و دەنگۆکاندا گێڕاوە.

ئەفسەری لێکۆڵەر، سەرەتا بەمەبەستی پووچەڵکردنەوەی ئەو بۆچوونانەی گوایە قەدیفە بە زانایی و بە پێچەوانەی ویستی سونای زایمەوە ناوبراوی کوشتووە، سەلماندبووی بانگەشەی ئەوەی ژنە لاوەکە لە چاوترووکاندنێکدا دەمانچەیەکی تری لە گیرفانی دەرهێنابێت، یان شارژۆرێکی پڕی خستبێتە سەر دەمانچەکە، لە ڕاستییەوە دوورن. هەرچەندە لە کاتی کوشتنیدا نیشانەی سەرسوورمانێک بە ڕووخساری سونایەوە دەقی گرتبوو، پشکنینەکانی دواتری هێزەکانی ئاسایش، شتومەکەکانی لای قەدیفە و کاسێتی شانۆگەرییەکەی ئەو شەوەش ئەوەیان پشتڕاست دەکردەوە کە قەدیفە تەنیا چەکێک و شارژۆرێکی پێ بووە. بەپێی بۆچوونێکی تری مایەی زۆر حەز پێکردنی دانیشتووانی قارس، کەسێکی تر لە هەمان کاتدا لە لایەکی ترەوە تەقەی لە سونای زایم کردووە، بەڵام ڕاپۆرتی ئەفسەری لە ئەنقەرەوە هاتوو ئەم بۆچوونەی بەدرۆ خستبووەوە، چونکە ئەنجامی توێکاریی دەری خستبوو سەرچاوەی فیشەکەکانی ناو جەستەی سونای، دەمانچە کرککالەکەی دەستی قەدیفە بووە. دوایین دەستەواژەی قەدیفە (پێم وا بێت کوشتم!) زەمینەی خۆش کردبوو بۆ ئەوەی لەلایەن زۆربەی دانیشتووانی قارسەوە هەمان کات وەک قارەمان و وەک قوربانی بکرێت بە ئەفسانە، بەڵام ئەفسەری لێکۆڵەر بە بەڵگەی ئەوەی دانابوو قەدیفە تاوانەکەی بە ئەنقەست ئەنجام نەداوە. بەشێوازێکی ئەوتۆ وەک ئەوەی بیەوێت ڕێ پێشانی ئەو سەردۆزگەرە بدات کە دواتر دۆزی یاسایی دەکاتەوە، وردەکارییە یاسایی و فەلسەفییەکانی هەردوو چەمکی کوشتنی بە ئەنقەست و نیازی خراپی تۆمار کردبوو. باسی ئەوەی کردبوو هەموو دیالۆگ و جووڵەکانی قەدیفە لەسەر شانۆ، لە خۆیەوە نەبووە، بگرە لەلایەن کۆچکردوو سونای زایمەوە پێی لەبەر کراوە و هەر ئەویش نەخشەدارێژەری سەرجەمی ڕووداوەکان بووە. سونای دوای ئەوەی دوو جار گوتبووی شارژۆرەکە خاڵییە، خستبوویە سەر

دەمانچەکە، بەڵام بەمجۆرە قەدیفە و سەرجەم دانیشتووانی قارسی لە خشتە بردبوو. ئەفسەری لێکۆڵەر سێ ساڵ بەر لە وادەی خۆی خانەنشین کرابوو، من لە ئەنقەرە چوومە ماڵەکەی و کاتێک ئاماژەم بۆ ئاگاتا کریستی کرد لەسەر ڕەفەکان، پێمی گوت ئەو زیاتر ناوونیشانی کتێبەکانی بە دڵە، نەک ناوەڕۆکەکانیان. گێڕایەوە و گوتی: "شارژۆرەکە پڕ بووە!" پێشاندانی شارژۆرێکی پڕ بە بەتاڵی، بێگومان گەمەیەکی ورد و جادووگەرانەی ئەکتەرێکی شانۆ بوو: توندوتیژیی بێ بەزەییانەی سونای زایم و هاوڕێکانی کە ماوەی سێ ڕۆژ بەبیانووی بە ڕۆژئاواییبوون و ئەتاتورکچێتییەوە پەیڕەویان کردبوو (ژمارەی کوژراوەکان بە سونایەوە بیست و نۆ کەس بوون)، دانیشتووانی قارسی بە ڕادەیەکی ئەوتۆ تۆقاندبوو، بەجۆرێک هەموویان ئامادە بوون لێوانێکی بەتاڵ بە پڕ بزانن. لەم ڕوانگەیەوە نەک تەنیا قەدیفە، بگرە دانیشتووانی قارسیش بەشێک بوون لە ڕووداوەکان، چونکە ئەوان بەبیانووی سەیرکردنی شانۆگەرییەوە چێژیان لە خۆبەکوشتدانی سونای لەسەر شانۆ وەرگرتبوو، ئەمە سەرباری ئەوەی سونای پێشوەخت مەرگی خۆی ڕاگەیاندبوو. ئەفسەری لێکۆڵەر لە وەڵامی دەنگۆیەکدا سەبارەت بەوەی قەدیفە، سونای لە تۆڵەی شینەدا کوشتووە، لە ڕاپۆرتەکەیدا نووسیبووی کەسێک چەکێکی درابێتە دەست و پێی گوترابێت بەتاڵە، ئەم ناتوانێت بەبیانوویەکی تر تاوانباری بکات. نووسبووشی قەدیفە فێڵبازانە ڕەفتاری کردووە و سونای کوشتووە. ئیسلامییەکان بە شان و باڵی قەدیفەیاندا هەڵدەدا لە پای خۆنەکوشتنی و لایستە کۆماریخوازەکانیش تاوانباریان دەکرد. ئەفسەری لێکۆڵەریش لە وەڵامی ئەو دوو لایەنەدا نووسیبووی پێویستە هونەر و ڕاستی تێکەڵ بەیەکتر نەکرێن. بۆچوونی سەبارەت بەوەی قەدیفە بەبیانووی خۆکوشتن سونای کوشتووە و دواتر لە خۆکوشتن پاشگەز بووەتەوە، بەوە پووچەڵ کرایەوە کە سونای و قەدیفەش هەردووکیان زانیویانە سێدارەکەی سەر شانۆ لە کارتۆن دروست کراوە.

سەردۆزگەر و دادوەرەکانی قارسیش بەڕێزێکی زۆرەوە ڕاپۆرتی ئەو

ئەفسەرە لێکۆڵەرە چالاکەی نێردراوی فەرماندەییی گشتیی سوپایان هەڵسەنگاند. بەو جۆرە قەدیفە بە تاوانی مرۆڤ کوشتن لەبەر هۆکاری سیاسی نا، بگرە بە تاوانی ئەوەی بەهۆی بێتەگبیری و ناوردبینی ئەوەوە کەسێک کوژراوە، سزای سێ ساڵ و مانگێک زیندانی بۆ بڕدرایەوە. دوای بەسەربردنی بیست مانگ لە زیندان، ئازاد کرا. ئالبای عوسمان نووری چۆلاکیش بەپێی ماددەکانی ٣١٣ و ٤٦٣ لە یاسای سزادانی تورک، تاوانی پێکەوەنانی دەستە و تاقمی چەکداری مرۆڤکوژ و ئەو تاوانی کوشتارانەی درایە پاڵ کە بکەرەکانیان نادیار بوون. سزایەکی توندی بۆ بڕدرایەوە و لە کونجی زیندان قایم کرا، بەڵام دوای شەش مانگ بەر لێبووردنی گشتی کەوت و ئازاد کرا. هەرچەندە چاوترسێن کرابوو ڕووداوەکان بۆ کەس نەگێڕێتەوە، کەچی ساڵانی دواتر لە یانە سەربازییەکان لەگەڵ هاوڕێ دێرینەکانیدا دادەنیشیت، هەر شەوێکیش زۆری بخواردباوە، دەیگوت هەوڵی داوە ئەو ئەرکە بەجێ بهێنێت، یان "بەلانی کەمەوە" هانی جێبەجێکردنی بدات کە هەر ئەفسەرێکی ئەتاتورکچی لە ناخی خۆیدا ئاواتی ڕاپەڕاندنی دەخوازێت. بێ ئەوەی زۆری لەسەر بڕوات، هاوڕێکانی بە ترسنۆک و نەرم و نەوێر لە بەرامبەر ئیسلامییەکاندا تاوانبار دەکرد.

ئەفسەر و سەربازانی تر و هەندێک لە فەرمانبەران لەوانەی لە ڕووداوەکانەوە گلابوون –سەرباری پێداگرتنیان لەسەر ئەوەی گوایە نیشتمانپەروەرن و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی سەرووی خۆیان بوون–، لە دادگای سەربازیدا بەهەمان شێوە تاوانی لە جۆری پێکەوەنانی دەستە و تاقمی چەتە، مرۆڤ کوشتن و بەکارهێنانی بێ مۆڵەتی سامانی دەوڵەتیان درایە پاڵ و سزای زیندانیان بۆ بڕدرایەوە، بەڵام ئەوانیش بەر هەمان لێبووردنی گشتی کەوتن و ئازاد کران. ئەفسەرێکی لاوی یەک ئەستێرەی کەمێک شێتۆکە یەکێک بوو لەوانە و دواتر بوو بە ئیسلامی، پاش ئازادبوونی لە زیندان، بیرەوەرییەکانی خۆی لە زنجیرەیەک وتاردا بە سەردێڕی (منیش ژاکۆبەنێک بووم) لە ڕۆژنامەی (عەهد)ی ئیسلامیدا بلاو کردەوە، بەڵام

بەبیـانووی سـووکـایەتیکردن بە سـوپا، بڵاوکـردنەوەی زنجـیـرە وتارەکـانی ڕاگیرا. ڕاسـتـەوخۆ دوای شـۆڕشـەکە دەرکـەوتبـوو ڤورالی گۆڵچی بۆ دەزگـای میت کاری کـردووە. دادگا، شانۆکارانی تری بە (هونەرمـەندی سادە) دانابوو، و سـزای بۆ نەبڕیبـوونەوە. فـوندا ئـەسـەریش، لەبەر ئەوەی لە شـەوی کوشـتنی پیـاوەکـەیدا فـێـی لێ هاتبـوو، بە ڕقـەوە پەلامـاری هـەمـوو کـەسـێکی دەدا و لای هـەمـوو کـەسـێک گـازندەی لەوانـی دی دەکـرد، مـاوەی چوار مـانگ لـە بەشـی چارەسـەری دەروونیی سـەر بـە نەخۆشـخانەی سـەربازی لە ئـەنقـەرە، خـرایە ژێر چاودێریی چـڕەوە. چەند سـاڵێک دوای دەرچوونی لە نـەخـۆشـخـانـە و لە ڕۆژگـارێکدا کـە بەهـۆی دۆبلاجکـردنی دەنگی جادووگـەرێکەوە لە زنجیـرەیەکی بەناوبانگی منداڵاندا ناوبانگی بە سـەرانسـەری وڵاتدا تەشـەنەی کردبوو، پێـمی گـوت هێشـتا خـەمگینە بەوەی مێـردەکـەی لە ڕووداوێکی سـەر شانۆدا گیانی لە دەست داوە و بەهـۆی ئیرەیی پێبـردن و واتەواتەوە گێڕانی ڕۆڵی ئەتاتورکی پێ ڕەوا نـەبینـدراوە. گـوتیـشـی تاکـە شـتێـکی مـایەی سـەبووریی ئـەو لەوەدایە لەم سـاڵانەی دواییدا کـەڵک لە شـێـوازی ڕاوەسـتـان و پۆزلێدانەکـانی مـێـردی بۆ داڕشـتنی پەیکـەرەکـانی ئەتـاتورک وەردەگـیـرێت. لەبەر ئەوەی ئـەفـسـەری پشـکێنـەر لە ڕاپۆرتی خـۆیدا تیـشـکی خـسـتـبـووە سـەر ڕۆڵی (کـا)ش لە ڕووداوەکاندا، دادوەری سـەربازی بۆ گەواهیدان بانگهێشتی دادگـای کردبوو، بەڵام بەهـۆی ئەوەی لە دوو دانیـشـتنی سـەرەتای دادگـادا نەهـاتبـوو، دادوەر بەمەبەستی وەرگرتنی قسەکانی، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆی دەرکردبوو.

قـەدیفـە مـاوەی زینـدانیکردنـەکـەی لە قـارس بـەسـەر برد. تورگـوت بەگ و ئیپەکیش هەموو ڕۆژێکی شـەمـە سەریان لێ دەدا. لە ڕۆژانی خۆشی بەهار و هاویندا و پاش وەرگرتنی مۆڵەت لە بەڕێوەبەری لێبووردە و دڵفراوانی زیندان، ڕایەخـێکی سـپـیـیـان لە ژێر دارتـووی ناو حـەوشـەی فـراوانی زینداندا ڕادەخست، دەسـتیان دەکرد بە خـواردنی دۆڵمـەی بیبـەر کە زاهیدە بە ڕۆنی زەیتـوون لێی دەنا، فـەرمـووی کفتـەی گۆشـتیان لە زیندانییـەکانی تر دەکـرد، هێلکەی کـوڵاویان بەر لـە پاککردن بەیـەکـدا دەکـێـشـا، هاوکـات لـە ڕێی

ڕیکۆردەرێکی مارکەی فیلیپسەوە کە تورگوت بەگ لای وەستایەک چاکی کردبووەوە، گوێیان لە (پرێلود)ەکانی (شۆپین) دەگرت. تورگوت بەگ، بۆ ئەوەی کچەکەی زیندان بە شوورەیی نەزانێت، بە چاوی قوتابخانەیەکەوە بۆ گرتووخانەی دەڕوانی کە دەبێت هەموو هاوڵاتییەکی سەربەرز ڕووی تێ بکات. جاروباریش ناسیاوێکی وەک سەردار بەگی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. لە یەکێک لە سەردانەکاندا فازیلیشیان لەگەڵدا بوو، دواتر چەند جارێک قەدیفە داوای کردبوو چاوی پێ بکەوێتەوە، دوای بەسەربردنی ماوەی زیندانی، لەگەڵ ئەو لاوە چوار ساڵ لە خۆی بچووکترەدا زەماوەندی کرد.

شەش مانگی یەکەم لە ژوورێکی هۆتێلی بەفرپاڵاس نیشتەجێ بوون و فازیلیش لە پرسگەی هۆتێل کاری دەکرد. کاتێکیش من گەیشتمە قارس، بە خۆیان و کۆرپە ساواکەیانەوە گواستبوویانەوە خانوویەکی تر. قەدیفە هەموو بەیانیانێک لەگەڵ عومەرجانی کۆرپەی شەش مانگاندا دەهاتە هۆتێلی بەفرپاڵاس، ئیپەک و زاهیدە چاویان لە منداڵەکەی دەبوو، تورگوت بەگیش گەمەی لەگەڵ کچەزاکەیدا دەکرد، قەدیفەش خۆی بە کاروباری هۆتێلەوە سەرقاڵ دەکرد. فازیلیش بۆ ئەوەی بە غەزووریەوە پێوەست نەبێت، لەلایەک لە کۆشکی وێنەگری ئایدن کاری دەکرد، لەلایەکی دیش، لە (تەلەڤزیۆنی سەرحەد قارس)، وەک خۆی بە زەردەخەنەوە پێی دەگوتم، "بەناو یاریدەدەری پرۆگرامڤانە، بەڵام لە ڕاستیدا کاری بەردەستیی دەکرد."

ڕۆژێک دوای گەیشتنم بۆ شار و بانگهێشتکردنم بۆ ئەو خوانەی شانازییەی کە سەرۆکی شارەوانی لەبەر هاتنی من ئامادەی کردبوو، لە کاتی نیوەڕۆدا و لە ماڵە نوێکەیان لە شەقامی خلوسی ئایتەکین چاوم بە فازیل کەوت. ئەو دەمەی من سەیری بەفری بە چڕی بەسەر قەڵا و ڕووباری قارسدا باریوم دەکرد، فازیل بەنیازپاکیی خۆی هۆی هاتنمی بۆ قارس پرسی. منیش زۆر شڵەژابووم، چونکە ترسام بابەتی ئیپەک بهێنێتە ئاراوە لەبەر ئەوەی دوێنێ ئێوارە لە کاتی بانگهێشتەکەی سەرۆکی شارەوانیدا هۆشی لەبەرم بڕیبوو. بە زیاد پێوەنانەوە پێم گوت ئەو شیعرانەی (کا)م دەوێت کە لە قارس

نووسیوونی و دووریش نییە کتێبێکیان لەسەر بنووسم.

دۆستانە گوتی: "لە کاتێکدا شیعرەکان لە ئارادا نەبن، چۆن دەکرێت کتێبیان لەسەر بنووسرێت؟"

گوتم: "منیش نازانم. لەوانەیە شیعرێک لە ئەرشیڤی تەلەڤزیۆندا هەبێت."

"ئێوارە دەیدۆزینەوە و دەری دەهێنین. بەڵام تۆ تەواوی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ شەقام و کۆڵانەکانی قارست دایە ژێر پێوە. لەوانەیشە بیر لەوە بکەیتەوە ڕۆمانێکمان لەسەر بنووسیت."

نابەدڵ گوتم: هەموو ئەو شوێنانەم بەسەر کردەوە کە (کا) لە شیعرەکانیدا ئاماژەی بۆیان کردووە."

"لە ڕووخسارتدا تێ دەگەم خوازیاریت هەژاریی ئێمە و جیاوازیمان لە خوێنەرانی ڕۆمانەکانت بکەیت بە چیرۆک. من نامەوێت بمخەیتە ڕۆمانێکی لەو جۆرەوە."

"بۆچی؟"

"چونکە نامناسیت! تەنانەت ئەگەر بشمناسیت و وەک ئەوەی هەم لەسەرم بنووسیت، ئەوا خوێنەرانی ڕۆژئاواییت لە تاو بەزەیی هاتنەوە بە هەژاریمدا، ناتوانن ژیانم ببینن. بۆ نموونە، بەلای ئەوانەوە مایەی پێکەنینە من نووسەری ڕۆمانی خەیاڵی زانستیی ئیسلامیم. نامەوێت وەک کەسێکی دڵفراوان باس بکرێم و لە هەمان کاتیشدا بە چاوی سووک سەیر بکرێم و ببمە مایەی پێکەنینی کەسانی تر."

"باشە."

فازیل گوتی: "دەزانم پێت ناخۆشە. تکایە گوێ بە قسەکانم مەدە، تۆ مرۆڤێکی باشیت. هاوڕێکەشت مرۆیەکی باش بوو، لەوانەیشە هەوڵی دابێت ئێمەی خۆش بوێت، بەڵام لە ئاکامدا گەورەترین خراپەکاریی ئەنجام دا."

فازیل بەهۆی کوژرانی شینەوە توانیبووی لەگەڵ قەدیفەدا زەماوەند بکات، بۆیە بەڕاستم نەزانی ئێستا بەشێوەیەک باس لە بانگەشەی هەواڵ لێدانی

(کـا) لە شـینە بکات وەک ئەوەی خـراپەکـارییـەک دژ بە خـۆی کرابێت، بەڵام بێدەنگ بووم.

دواتر گوتم: "چۆن دەتوانیت لە ڕاستی ئەم بانگەشەیە دڵنیا بیت؟"

فـــازیل بە دەنگێکی نەرم و پڕ لە بەزەیـی و بێ ئـەوەی نـە من و نـە (کـــا) تاوانبار بکات، گوتی: "سەرانسەری قارس بەم ڕاستییە دەزانن."

لە چاوانیـدا نەجـیـبم بینی. پێم گوت ئامـادەم بۆ بیـنینی ڕۆمـانی خـەیاڵی زانسـتـییـەکـەی، چونکە خـۆی دەیویست پێـشـانم بدات: لێـمی پرسـی داخـۆ دەمەوێت سـەیری نووسینەکانی بکەم، بەڵام پێشمی گوت نووسینەکانی خۆیم ناداتێ و دەشخوازێت لە کاتی خوێندنەوەیاندا لە تەنیشتمەوە بێت. لە بەردەم مـێـزێک کە ئێـواران لەگەڵ قـەدیفـەدا بەدەم سـەیرکردنی تـەلەڤزیۆنەوە نانیـان لەســەر دەخــوارد، دانیـشـتین و بە بـێدەنگی و پێکەوە پـەنجـا پـەڕەی یەکـەمی ڕۆمـانێکی خـەیاڵی زانستـیمـان خـوێندەوە کە چوار سـاڵ لەمـەوبەر بەخـەیاڵی نەجیبدا هـاتبوو، بەڵام ئەم نووسیبوویەوە.

فـازیل تەنیـا جـارێک و وەک ئەوەی داوای لێـبـووردن بکات، پرسـی: "چۆنە، باشە؟ ئەگەر بێ تاقەتی کردوویت، با دەستی لێ هەڵبگرین."

گوتم: "نـەخـێـر، باشـە." بە ئـارەزووەوە لە خـوێنـدنەوەی ڕۆمـانەکـە بەردەوام بووم.

دواتر، کـاتێک لە شـەقامی بە بەفر داپۆشـراوی کـازم قـەرەبەکر پیاسـەمـان دەکرد، جارێکی تر لە ناخەوە پێم گوت ڕۆمانەکەم زۆر پێ جوانە.

فـازیل بە خـۆشـحـاڵیـیـەوە گوتی: "وا دیارە بتـەوێت بەم قسـانـەت دڵخـۆشـم بکەیت، بـەڵام ئەمـە چاکـەیەک بوو لەگـەڵ مندا کـردت. مـنیش دەمـەوێت لـەگـەڵ تۆدا بیکەم. ئـەگـەر بەنیــازی ڕۆمــانێک بنووســیت، دەتوانیت بـاسـی منیش بکەیت، بەڵام بەمــەرجی ئەوەی منیش ڕاســتـەوخـۆ شـتـێک بە خـوێنەرەکـانت بڵێم."

"مەرجەکەت چییە؟"

"نازانم. ئەگەر لە ماوەی مانەوەی تۆدا لە قارس بتوانم ئەو قسەیە بدۆزمەوە، ئەوا پێت دەڵێم."

دوای ئەوەی بڕیارمان دا لای ئێوارە لە (تەلەڤزیۆنی سەرحەد قارس) یەکتر ببینین، لە یەکدی جیا بووینەوە. فازیل بە ڕاکردن ڕووەو دووکانی کۆشکی وێنەگری ئایدن چوو، منیش لە دواوە چاوم تێ بڕی. تۆ بڵێیت تا چ ڕادەیەک نەجیبی ناو ناخیم دیبێت؟ ئایا وەک لای (کا)ش باسی کردبوو، هێشتا لە هەناویدا هەستی بە نەجیب دەکرد؟ گەلۆ مرۆڤ تا چ ڕادەیەک دەتوانێت گوێی لە دەنگی کەسێکی تر بێت لە ناخی خۆیدا؟

لە چێشتەنگاودا بە کۆڵان و شەقامەکانی قارسدا سووڕامەوە، لەگەڵ ئەو مرۆگەلەی (کا) دواندبوونی، قسەم کرد. لە هەمان ئەو چایخانانەی ئەو سەری پیایاندا کردبوو، دانیشتم. گەیشتبوومە ئاستێک هەستم دەکرد بووم بە (کا). لە چایخانەی برایانی بەختەوەر، ئەو شوێنەی (کا) شیعری (هەموو مرۆڤایەتی و ئەستێرەکان)ی لێ نووسیبوو، دانیشتم و منیش وەک هاوڕێ خۆشەویستەکەم بیرم لە شوێنی خۆم لە جیهاندا دەکردەوە. جاویدی کارمەندی پرسگەی هۆتێلی بەفرپالاسیش پێمی گوت منیش "کتومت وەک (کا) بەگ" بەتاو پڕ دەدەمە کلیلەکەم. لە کاتێکدا بە شەقامێکدا ڕێم دەکرد، بەقاڵێک لێمی پرسی: "ئایا ئێوە نووسەری لە ئەستەنبوڵەوە هاتوون؟" ئەمەی گوت و فەرمووی لێم کرد بۆ ژوورەوە. دەقاودەق وەک ئەوەی بۆ (کا) دوابوو لەگەڵ منیشدا قسەی کرد و کۆکاکۆلایەکی پێشکێشم کرد. دەیویست بنووسم هەموو ئەو هەواڵانەی چوار ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژنامەکاندا سەبارەت بە خۆکوشتنی تەسلیمەی کچی نووسراون، هەر هەموویان دۆرن. ئایا ئەمانە چەندیان ڕێککەوت بوون و چەندیشیان دەستکردی خۆم بوون؟ جارێک بینیم ئەوا بە شەقامی بایتارخانەدا تێ دەپەڕم و سەیرێکی پەنجەرەکانی تەکیەی شێخ سەعادەدینم کرد، بۆ ئەوەی بۆم ڕوون بێتەوە (کا) لە کاتی ڕۆیشتنیدا بۆ تەکیە هەستی بە چی کردووە، بەو پلیکانە قیتانەدا کە موختار لە شیعرەکەیدا باسی کردبوو، سەرکەوتم.

ئەو شیعرەی موختار دابووی بە (کا)، لە ناو کاغەزەکانیدا لە فرانکفورت دۆزیبوومەوە، ئەمەش واتای نەناردنی شیعرەکەی بۆ فاخیر دەگەیاند. ئەمە بەمەرجێک، پێنج خوولەک دوای ئەوەی موختارم ناسی، پێمی گوت: "ئای (کا) مرۆڤێکی چەند بەڕێز بوو!" پاشان گوتی کاتێک لە قارس بووە، شیعرەکانی ئەمی زۆر بە دڵ بووە و بە شانازییەوە ناردوویەتی بۆ وەشانخانەیەکی زۆر گەورە لە ئەستەنبوڵ. لە کاروباری خۆی ڕازی بوو، بە ئومێد بوو لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا لەسەر لیستی پارتێکی تازە دەمەزرێندراو (پارتی ڕەفای کۆن هەڵوەشێندرابووەوە) بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی شارەوانی هەڵبژێردرێت. لە سایەی کەسایەتیی دۆستانە، نەرم و ئاشتیخوازانەی موختاردا لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش (مۆڵەتی دابەزینە خوارەوەیان بۆ نهۆمی ژێرەوە پێمان نەدا) و لە نەخۆشخانەی کۆمەڵایەتی، ئەو شوێنەی (کا) تەرمی نەجیبی لێ ماچ کردبوو، پێشوازیمان لێ کرا. موختار منی بە پاشماوەی هۆڵی شانۆی گەل و ئەو ژوورانەیدا گەڕاند کە کردبوونی بە کۆگای کەرەسەی ناوماڵ. ددانیشی پێدا نا (کەمێک) لە بەرامبەر ڕووخاندنی باڵەخانە سەدساڵییەکەدا بەرپرسیارە، بەڵام بە گوتنی ئەوەی "ئەم باڵەخانەیە دەستکردی ئەرمەنییەکانە، نەک تورکەکان"، هەوڵی دا دڵم بداتەوە. دووکانی سەوزەفرۆشانی بە بەفرداپۆشراو، ڕیزە دووکانی ناڵبەندەکانی شەقامی کازم قەرەبەکر و یەک بەیەکی ئەو شوێنانەی پێشانم دا و ئەمەش ئارەزووی قوڵی (کا)ی بۆ سەرلەنوێ بینینەوەی ئیپەک و قارس هێنایەوە بیرم. پاش ئەوەی لە خانی خالید پاشا منی بە پارێزەر موزەفەر بەگی ڕکابەری سیاسیی خۆی ناساند، ڕۆیشت. دوای ئەوەی سەرۆکی پێشتووتری شارەوانی، بەهەمان شێوەی ڕەفتاری لەگەڵ (کا)دا باسێکی مێژووی کۆماریخوازانەی قارسی بۆم گێڕایەوە، ملی ڕێگەی ڕێڕەوە سەخت و تاریکەکانی خانەکەم گرت و لە پێش دەروازەی یانەی ئاژەڵدۆستان کەسێکی دەوڵەمەندی خاوەنی کارگەی شیرەمەنیم بینی وەک (ئۆرهان بەگ) خۆی پێم ناساند. کابرا منی بردە ژوورێ، بیرەوەریی تیژی خۆی خستە کار و بۆمی گێڕایەوە چۆن چوار ساڵ

لەمـەوبەر لـە سـەروبەندی کـوشـتنی بـەڕێوەبەری پەیمانـگەی پەروەردەدا (کـا) هـاتووەتە ئێرە، چۆن لە گـۆشـەیەکی هـۆڵی شـەڕە کـەڵەشێردا دانیـشـتووە و نوقمی بیرکردنەوە بووە.

پێم باش نەبـوو پێش بینینی ئیـپـەک گوێم لـە وردەکاریی ئەو سـاتە بێت کـە تیـایدا (کـا) حـەزی لێ کردووە. بەر لەوەی ڕوو لە شـیرینیـخـانەی ژیانی نوێ بکەم، چوومـە بیرەخـانەی نیشـتمانی سـەوز و بە ئومێدی خاوکردنەوەی باری دەروونیم و بۆ ئەوەی خـۆم لە گرفتـاربوون بە عـەشقـی ئیپـەک بپـارێزم، پێکێک ئارەقم خـواردەوە، بەڵام ئەگەر لە شـیرینیـخـانە لە بەرامـبەر ئیـپـەک دانیشـتم، دەسـتـبـەجێ بۆم دەرکـەوت تەگبیـرەکانم هۆیەکانی خـۆپـاراسـتنیـان لە دەسـتم دەرهێناوە. ئارەقـەکـەم بە سکی ناشـتـا خـواردەوە، بۆیە لەبری ئـەوەی خـەیاڵم ئاسـوودە بـکات، هۆشـمـی شـێـواند. دوو چاوی گەورە و ڕوویەکی درێژی پێوە بوو لەوانەی مـن حـەزم لێ دەکـرد. جـوانیـیـەکـەی زۆر قـوڵتـر بـوو لـەوەی من لە دوێنێـوە لە خـەیاڵی خـۆمـدا دەمـهـێنا و دەمـبـرد. کـاتێـک هـەوڵم دەدا لە ڕازی جوانییەکەی بگەم، ئومێد لێبڕاوانە ویستم جـارێکی تر بڕوا بە خـۆم بهێنم ئەو شـــتـــەی لـە نێـــوان ئـەو و (کـــا)دا ڕابردووە و هـۆشی لێم بـڕیوە و هـەمـــوو وردەکـارییـەکانی دەزانم، ئـەڤین بووە. بەڵام ئەمـە تەنیـا بە ئازارەوە لایەنێکی تری لاوازی خۆمی هێنایەوە بیرم: (کا) وەک شـاعیرێکی ڕاستەقینە توانیبووی بەشـێـوەیەکی گـونجـاو لەگـەڵ ئەو ڕاسـتـییـەدا بژی، بـەڵام من بە پێچـەوانەی ئەوەوە ڕۆمـانـنووسـێکی خـاوەن ڕۆحێکی سـادەتر بووم و بەیانیـان و ئێـواران چەند سـەعـاتێک وەک سکرتێرێک کـارم دەکرد. ڕەنگە هـەر لـەبەر ئەوەش بێت من بەجـۆرێکی هـەمەڕەنگ گێڕاومـەتەوە (کـا) لە فرانکفـورت ژیانێکی ڕۆژانەی ڕێکوپێکی هـەبووە، هـەمـوو بەیانیـانێک لە هـەمـان سـەعـاتدا لە خـەو هەڵسـاوە، بەهـەمان کۆڵان و شـەقامـدا ڕۆیشـتووە و لەسـەر هـەمان مێزی هـەمان کـتێبخـانە دانیشتووە و کاری کردووە.

ئیـپـەک گـوتی: "من خـۆم بڕیارم دابوو لـەگەڵ (کـا)دا بچم بۆ فرانکفـورت." بۆ سـەلماندنی ئەم بڕیارەشی چەندین وردەکاری، تا بە ئامـادەکردنی باوڵەکـەشی

دەگات، بۆم گێڕایەوە. پاشان گوتی: "بەڵام ئێستا کارێکی دژوارە بۆ من بیر بکەمەوە (کا) مرۆڤێکی تا چ ڕادەیەک باش بووە. ئەمە لە کاتێکدا ڕێزم بۆ دۆستایەتیتان هەیە و گەرەکیشمە لە نووسینی کتێبەکەتاندا هاوکاری بکەم."

بەمەبەستی دەرهێنانی زانیاریی زیاتر لێی، گوتم: "(کا) لە سایەی ئێوەدا لە قارس دیوانێکی نایابی نووسی. ئەو چەند سەعاتەی پێش دەرچوونی نەبێت لە قارس، ئیدی خوولەک بەخوولەکی ئەو سێ ڕۆژەی بیر کەوتووەتەوە و لە دەفتەرەکانیدا تۆماری کردووە."

بە ڕاشکاوییەکی سەرسووڕهێنەر و بێ ئەوەی هیچ شتێکم لێ بشارێتەوە، بە ڕاستگۆییەکی ئەوتۆ کە منی سەرسام کرد و بارێکیش بوو بۆ خۆی، چونکە مەسەلەکە پێوەندیی بە ژیانی تایبەتی خۆیەوە هەبوو، کەوتە گێڕانەوەی خوولەک بەخوولەکی سەعاتەکانی پێش دەرچوونی (کا) لە قارس، وەک ئەوەی خۆی بەسەری بردبوو، و پێشبینیی دەکرد.

بێ ئەوەی هەوڵی تاوانبارکردنی بدەم، پێم گوت: "هیچ بەڵگەیەکی جێی بڕواتان لەبەر دەستدا نەبوو بۆ پاشگەزبوونەوە لە بڕیاری ڕۆیشتن بۆ فرانکفورت."

"هەندێک شت هەن مرۆڤ دەستبەجێ بە دڵ هەستیان پێ دەکات."

گوتم: "ئێوە لە پێشدا باسی دڵتان هێنایە ئاراوە." وەک ئەوەی داوای لێبووردنی لێ بکەم، بۆم گێڕایەوە لە نامەکانی (کا)دا کە بۆ ئەمی نووسیوە و بۆی نەناردووە و من ناچاربووم لەبەر کتێبەکەم بیانخوێنمەوە، (کا) نووسیویەتی ساڵی یەکەمی دوای گەڕانەوەی بۆ ئەڵمانیا بەهۆی بیرکردنەوە لە ئیپەک نەیتوانیوە بنوێت و هەموو شەوێک دوو حەپی خەوی قووت داوە، تا سەرخۆشبوونی لە ڕادەبەر خواردوویەتیەوە، لە کاتی پیاسەکردن بە شەقامەکانی فرانکفورتدا هەر پێنج شەش خوولەک جارێک ژنێکی لە دوورەوە دیبێت، وای زانیوە ئیپەکە، ئەو کامەرانییەی لەگەڵ ئەودا بەسەری بردبوو، هەموو ڕۆژێک چەندین سەعات وەک فیلمێکی خاو دەهاتەوە پێش چاوی،

تەنانەت ئەگەر بیتوانیبا بۆ پێنج خوولەکیش لە بیری کردبا، هەستی دەکرد زۆر کامەرانە، تا مردنی خۆی پێوەندیی لەگەڵ هیچ ژنێکی تردا نەبەستووە، دوای لە دەستدانی ئەو، "لای وا بووە مرۆڤێکی ڕاستەقینە نییە، بگرە تارماییە." لە رووخساری ئیپەکدا هێمایەکی بەزەیی پێداهاتنەوەم بینی واتای "تکایە بەسە!"ی دەگەیاند و هەستم کرد برۆکانی وەک ئەوەی لە بەردەم پرسیارێکی بەدەربەستدا بێت، بەرز کردووەتەوە، بەترسەوە حاڵی بووم من بۆیە هەموو ئەو شتانەم بۆ باس کردووە، بۆ ئەوەی من، بەڵێ من پەسەند بکات، نەک هاوڕێکەم.

ئیپەک گوتی: "لەوانەیە هاوڕێکەتان منی زۆر خۆش ویستبێت، بەڵام نەک تا ڕادەی ئەوەی جارێکی تر ڕێگەی گەڕانەوە بۆ قارس تاقی بکاتەوە."

"بڕیاری دەستگیرکردنی درابوو."

"ئەوە هێندە گرینگ نەبوو. دەهاتە دادگا و قسەی دەکرد، هیچ بەڵایەکی بەسەر نەدەهات. بەهەڵە لێم تێ مەگەن، باشتر نەهات، بەڵام شینە سەرباری ئەوەی سالانێکی درێژ بڕیاری کوشتنی درابوو، کەچی چەندین جار بە مەبەستی بینینی من بەدزییەوە هاتە قارس."

هەر هێندەی "شینە"ی بە زماندا هات، چاوە خوومارەکانی گەشانەوە. خەمێکی ڕاستەقینەشم بە ڕووخسارییەوە بینی و لە ناخەوە هەژاندمی.

وەک ئەوەی بیەوێت دڵم بداتەوە، گوتی: "بەڵام هاوڕێکەتان ترسی دادگای نەبوو. زۆر باش تێ گەیشتبوو پەیم بە تاوانەکەی بردووە و هەر لەبەر ئەوەش بوو نەچووم بۆ وێستگەی شەمەندەفەر."

گوتم: "هەرگیز نەتانتوانی ئەم تاوانە بسەلمێنن."

بەشێوەیەکی ژیرانە گوتی: "زۆر باش تێ دەگەم ئێوە لەو سۆنگەیەوە هەست بە تاوان دەکەن." بۆ ئەوەشی پێشانی بدات کۆتایی بە چاوپێکەوتنمان، بەشێوەیەکی ژیرانە پاکەتی جگەرە و چەرخەکەی خستە جانتاکەیەوە. ژیرانە: چونکە لەگەڵ دەرپەڕینی ئەو وشانەدا لە زاری، من دەممودەست بەدەم

هەستکردن بە دۆڕانەوە تێ گەیشتم ئەو دەزانێت من ئیرەیی بە شینە دەبەم، نەک بە (کا). دواتر گەیشتمە ئەو باوەڕەی ئیپەک ئاماژەی بۆ شتێکی ئەوتۆ نەکردووە، بگرە ئەوە خۆم بووم زیاد لە پێویست لە هەستکردن بە تاواندا نغرۆ بووبووم. هەڵسایە سەرپێ، بەژنێکی بڵندی پێوە بوو، هەموو شتێکی جوان بوو، پاڵتۆکەی لەبەر کرد.

هۆشم تێکەڵ و پێکەڵ بوو. بە شڵەژانەوە پێم گوت: "ئەم ئێوارەیە هەمدیسان یەک دەبینینەوە، وا نییە؟" هیچ پێویستیشی بەم قسەیە نەدەکرد.

"بەڵێ، باوکم چاوەڕێتان دەکات." ئەمەی گوت و بە لەنجە و لاری شیرینی تایبەت بە خۆی کەوتە ڕێ. بە خۆم گوت خەمبارم بەوەی لە دڵەوە باوەڕی وایە (کا)ی هاوڕێم (تاوانبار)ە، بەڵام لە ڕاستیدا خۆم لە خشتە دەبرد. مەبەستی من لە بنەڕەتدا بریتی بوو لەوەی بە شیرینی (وەک دۆستێکی خۆشەویستی کوژراوم) باسی (کا) بکەم، هێدی هێدی خاڵە لاوازەکانی، کەللەڕەقی و (تاوان)ەکەی بخەمە ڕوو، و بەو جۆرە بەیادی بیرەوەرییە شیرینەکەی ئەوەوە سواری هەمان کەشتی بین و دەست بە یەکەم گەشتی هاوبەشمان بکەین. بیرکردنەوەی شەوی یەکەمم سەبارەت بە بردنی ئیپەک بۆ ئەستەنبوڵ ئێستا زۆر دوور دەهاتە پێش چاو. لە هەناویشمدا پاڵنەرێک بۆ سەلماندی (بێ تاوانی)ی هاوڕێکەم گینگڵی دەدا. تۆ بڵێیت ئەمە تا چ ڕادەیەک بەواتای ئیرەیی بردنم بووبێت بە شینە نەک بە (کا)؟

لەکاتی خۆرنشینی ئێوارەدا پیاسەکردن بە شەقامە ڕچیوەکانی قارسدا منی خەمگینتر کرد. بارەگای (تەلەڤزیۆنی سەرحەد قارس) گوازرابووەوە بۆ خانێکی نوێ لە بەرامبەر بەنزینخانەی شەقامی قەرەداغ. لە ڕێڕەوەکانی ئەم خانە سێ نهۆمییە لە چیمەنتۆ بنیاتنراوەدا کە قارسییەکان بە نیشانەی گەشەسەندنی ئابووریان دادەنا، کەش و هەوای پۆخڵ، قوڕاوی، تاریک و کەونارەی شار کەڵەکە بووبوو.

فازیل لە نهۆمی دووەم بە ڕووی گەشەوە پێشوازیی لێم کرد و بە خۆشبینییەوە منی بە هەشت کارمەندی تەلەڤزیۆن ناساند. پاشان گوتی:

"هاوکاران لێدوانێکی کورتیان دەوێت بۆ دەنگوباسەکانی ئەمشەو." منیش پێم وا بوو ئەمە هەڵسووڕانی کارەکانم لە قارس ئاسانتر دەکات. هاکان ئوێزگەی بێـژەری بەرنامـەی لاوان لە دیمانەیەکی پێنج خـوولەکـیدا، ڕەنگە فـازیل پێی گـوتبـێت، گـوتی: "کـەواتە سـەرقـاڵی نووسـینی ڕۆمـانێکن قـارس شـانۆی ڕووداوەکانیەتی!" کاتێک ئەمەی گوت، من بڵمەبڵـمێکم بۆی کرد. تەنانەت یەک وشەش لە بارەی (کا)وە نەدواین.

چووینـە ژووری بەڕێوەبەر، کـاسـێـتـەکـان لەوێ بـەپێی یاسـا پـارێزرابوون. مـێژووی کاسێتەکانی سـەر ڕەفەکانی قەد دیوارەکەمـان پشکنی و تۆمـاری یەکەم و دووەم وەشـانی زیندووی هۆڵی شانۆی گەلمان دەرهێنا. چووینە بەردەم تەلەڤـزیۆنێکی کۆن لە ژوورێکی بچـووک و بێ هەوادا. لە پێـشـدا بەدەم چای خـواردنـەوەوە سـەیری "تراژیدیا لە قـارسـدا"م کـرد کـە قـەدیفـە ڕۆڵی تێـدا گێڕابوو. شەیدای (دیمەنە ڕەخنە ئامێز)ەکانی سونای زایم و فوندا ئەسەر و گاڵتـەکردنیان بووم بەو کلیپی ڕێکلامـانەی کە چوار ساڵ لەمـەوبەر بەرهەم هێندرابوون. چەند جـارێک دیمەنی سـەر ڕووتکردنی قـەدیفـە و پاشـان تەقـەکردنی ئەوم لـە سـونای هەڵکردەوە و بەوردی تەمـاشـام کـرد. بەڕاسـتـیش مردنەکەی سونای وەک بەشێکی شانۆنامـەکە دەهاتە پێش چاو. دانیشتووانی ڕیزەکـانی پێـشـەوە نەبێت، مـەحـاڵ بوو بینـەرانی تر بزان داخـۆ شـارژۆری دەمانچەکە پڕە، یاخۆ خاڵییە.

بەدەم تەمـاشـاکـردنی کـاسـێتـەکـەی ترەوە سـەرەتا وام زانی تـەنیـا چەند دیمەنێکی درامای "نیشتمان، یان سەرپۆش"، لاساییکردنەوە، سەرچڵییەکانی ڤوراڵی گۆڵچی، سمت بادانە دڵگیرەکانی فوندا ئەسەر و ئەو بڕگانەی کەیف و سـەفـای تێـدایە کـە شـانۆکـاران لـە هـەمـوو ئاهـەنگێکدا دووبارەیان دەکردەوە. ژاوەژاو و گـوتنـەوەی دروشـم و غـەڵبـەغـەڵبی ناو هۆڵەکـە دەنگەکـانی سـەر ئەو کاسێتە کۆنبووەی بەتەواوی تێک دابوو. سـەرباری ئەوەش دوای چەندین جار گێڕانەوە و گوێگرتن بەشێکی ئەو شیعرەی (کا)م هێنایە سەر کاغەز کە دواتر ناوی نابوو (ئەو شوێنەی خوای لێ نییە.) فازیل لێمی پرسی بۆچی ئەو کاتەی

(کا) شیعری خوێندووەتەوە، نەجیب چەند جارێک هەڵساوەتە سەرپێ و چەند شتێکی گوتووە؟ توانیبووم بەشێک لە شیعرەکەی (کا) لەسەر کاغەزێک بنووسمەوە. لەو ساتەدا دامە دەستی فازیل بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە.

دوو جار سەیری تەقەکردنی سەربازەکانمان لە بینەران کرد.

فازیل گوتی: "زۆر بە قارسدا گەڕایت. منیش ئێستا دەمەوێت شوێنێکت پێشان بدەم." کەمێک بە شەرمەوە، بەڵام تۆزێکیش بە پێداگرتنەوە گوتی: "لەوانەیە تۆ بخوازیت لە کتێبەکەتدا جێی نەجیبیش بکەیتەوە، بۆیە دەمەوێت بەشی ناوەخۆییی قوتابیانی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنانت پێشان بدەم." ئەم چەند ساڵێکی ژیانی لەوێ بەسەر بردبوو، بەڵام ماوەیەک بوو شوێنەکە داخرابوو.

ئەو دەمەی بەژێر بەفردا بە شەقامی غازی ئەحمەد موختار پاشادا ڕێمان دەکرد، سەگێکی ڕەنگ خەڵووزیم بینی پەڵەیەکی سپیی خڕ بە ناوچەوانییەوە بوو. کاتێک تێ گەیشتم ئەمە ئەو سەگەیە کە (کا) شیعرێکی لە بارەیەوە نووسیووە، لە دووکانی بەقاڵێک نان و هێلکەی کوڵاوم کڕی، بەپەلە پاکم کرد و نامە بەردەم ئەو ئاژەڵە. ئەویش بە شادمانی بۆم کەوتە کلکەلەقێ.

فازیل ئەگەر سەیری کرد سەگەکە بەدوامانەوەیە و لێمان جیا نابێتەوە، گوتی: "ئەمە سەگی وێستگەیە. بەشی ناوەخۆییی کۆن ئێستا چۆڵە، بۆیە لە سەرەتاوە پێتم نەگوت، چونکە لەوانە بوو لەگەڵمدا نەیەیت. لە دوای شەوی شۆڕشەکەوە بەبیانووی ئەوەی لانەی تیرۆر و پاشڤەڕۆیی بووە، داخرا. لەو کاتەوە کەسی تێدا نییە، هەر لەبەر ئەوەش لە تەلەڤزیۆنەوە ئەم لایتەم لەگەڵ خۆمدا هێنا. لایتەکەی داگیرساند و ڕووی لە چاوە خەمگینەکانی سەگە ڕەشەکەی دوامانەوە کرد، سەگەکە هەمدیسان کەوتە کلکەلەقێ بۆمان. دەرگای باخچەی بەشی ناوەخۆییی کۆن کلیل درابوو. باڵەخانەکە سەردەمانێک خانێکی ئەرمەنی و دواتریش بارەگای کۆنسوڵخانەی ڕووسیا و شوێنی ژیانی کونسوڵی ڕووسیا و سەگەکەی بوو. فازیل دەستمی گرت و بەسەر دیوارێکی نزمدا بازمان دا. پەنجەرەیەکی بەرزی جام شکاوی پێشانم

دا و گوتی: "شەوان لێرەوە هەڵدەهاتین." شارەزایانە لە پەنجەرەکە چوو بەو دیودا، بە لایتەکەی دەستی دەوروبەری ڕووناک کردەوە و منیشی ڕاکێشایە ژوورەوە. گوتی: "مەترسن، لە باڵندە زیاتر هیچ شتێکی تری تێدا نییە." جامی هەندێک لە پەنجەرەکان بەهۆی ئەوەی تۆز و خۆڵ و زوقمیان گرتبوو، ڕووناکییان لێ نەدەهاتە ژوورەوە. بەشێکی تریش لە پەنجەرەکان تەختەڕێژ کرابوون، بۆیە ناو باڵەخانەکە تاریک و ئەنگوستەچاو بوو، بەڵام فازیل جۆری سەرکەوتنی فازیل بە پلیکانەکاندا نیشانەی ئەوە بوو پێشووتریش بۆ ئێرە هاتبێت. وەک ئەو کەسەی لایتێکی بە دەستەوەیە و لە سینەما جێ پێشانی میوانەکان دەدات، بەر پێی منی ڕووناک دەکردەوە. لە هەموو لایەکەوە بۆنی تۆز و کەڕوو دەهات. بە دەرگا شکاوەکانی پاشماوەی شۆڕشەکەی چوار ساڵ لەمەوبەردا تێ پەڕین، بە سەرنجدان لە شوێنەواری فیشەکی سەر دیوارەکان و باڵەفڕکەی شپرزەی کۆترەکاندا کە لە سووچی بنمچە بەرزەکان و لەسەر بۆڕی سۆپاکە هێلانەیان کردبوو، بەنێوان چرپایە ژەنگرتووەکاندا تێ پەڕین. فازیل ئاماژەی کرد بۆ بەشی سەرەوەی دوو چرپایەی تەنیشت یەکدی و گوتی: "ئەمە ئەوەی منە و ئەویشیان ئەوەی نەجیبە. زۆربەی شەوان، بۆ ئەوەی ئەوانی دی هۆشیار نەکەینەوە، هەردووکمان لەسەر یەکێک لە چرپایەکان ڕادەکشاین و بەدەم سەیرکردنی ئاسمانەوە بەچرپە قسەمان دەکرد." لە جامی شکاوی پەنجەرەیەکی سەرەوەوە لەبەر ڕووناکی گڵۆپێکی شەقامدا کلووی گەورەی بەفر دەبیندرا بەگرانی دەهاتنە خوارێ. بەڕێز و بە سەرنج لێدانەوە تەماشام کرد.

زۆر دواتر فازیل ئاماژەی بۆ دالانێکی تەسکی لای خوارەوە کرد و گوتی: "ئەمەش ئەو دیمەنەیە کە لە چرپایەکەی نەجیبەوە دەبیندرا." ڕێڕەوێکی تەسکم دی بە پانیی دوو مەتر لەودیوی باخچەکەوە کەوتبووە نێوان دیوارێکی دارزیوی بانکی کشتوکاڵ و دیوارێکی بێ پەنجەرەی باڵەخانەیەکی بەرزەوە و تەنانەت ناکرێت ناوی کۆڵانیشی لێ بنرێت. تیشکی گڵۆپێکی مۆر لە نهۆمی یەکەمی بانکەکەوە لە زەمینی قوڕاویی ڕێڕەوەکەی دەدا. بۆ ئەوەی کەس پێی

وا نەبێت ئەو ڕێڕەوە تەسکە کۆڵانە، تابلۆیەکی سووری "داخراوە" لەسەر نووسراو لە ناوەڕاستیدا چەقێندرابوو. لەوپەڕی ڕێڕەوەکەدا کە فازیل بە ئیلهام وەرگرتن لە نەجیب (کۆتاییی ئەم جیهانە)ی پێ دەگوت، دارێکی بێ گەڵا و تاریکی لێ بوو. ڕێک ئەو کاتەی ئێمە سەیرمان کرد، وەک ئەوەی گڕی گرتبێت، سوور هەڵگەڕا. فازیل بەچرپەوە گوتی: "گڵۆپی سووری ڕێکلامی کۆشکی وێنەگری ئایدن ماوەی حەوت ساڵە تێک چووە. تیشکە سوورەکە جاروبار دادەگیرسێت و دەکوژێتەوە و هەر جارێکیش لە دار زەیتوونە ڕووسییەکە دەدات، لە چرپایەکەی نەجیبەوە وا دیارە وەک ئەوەی گڕی گرتبێت. نەجیب تا دەمەوبەیانی سەیری ئەم دیمەنەی دەکرد و ئەسپی خەیاڵی تاو دەدا. ناوی (ئەو جیهانە)ی بەو شتە بەخشیبوو. سەرلەبەیانی ئەو شەوانەی خەو نەدەچووە چاوی، پێمی دەگوت: "بەدرێژاییی شەو سەیری ئەو جیهانەم کرد!" کەواتە نەجیب ئەمەی بۆ (کا) بەگی هاوڕێی شاعیرتان گێڕاوەتەوە و ئەویش خستوویەتیە شیعرێکی خۆیەوە. ئەو کاتەی سەیری کاسێتەکەت دەکرد، پەیم بەم شتە برد و هەر لەبەر ئەوەش تۆم بۆ ئێرە هێنا. کەچی هاوڕێکەت ناوی (ئەو شوێنەی خوای لێ نییە)ی بە شیعرەکەی بەخشیوە. ئەمەش بێ ڕێزی نواندنە بەرامبەر بە نەجیب."

گوتم: "نەجیبی خوا لێخۆشبوو ئەو دیمەنەی بینویەتی، وەک (ئەو شوێنەی خوای لێ نییە) بۆ (کا)ی گێڕاوەتەوە. من لەمە دڵنیام."

فازیل بە هۆشیاری گوتی: "باوەڕ ناکەم نەجیب وەک ئەتایستێک مردبێت، بەڵام گومانی لەو جۆرەشی هەبوو."

لێم پرسی: "ئایا هیچی تر دەنگی نەجیب لە هەناوی خۆتدا نابیستیت؟ ئەمانە وەک کابرای ناو بەسەرهاتەکە هێدی هێدی ترسی بە ئەتایستبوونت تێدا ناورووژێنێت؟"

فازیل پێی خۆش نەبوو من ئاگاداری ئەو گومانانەی ئەوم کە چوار ساڵ لەمەوبەر بۆ (کا)ی گێڕابووەوە: "من ئیدی خاوەن خێزانم و منداڵم هەیە. ئێستا بە پێچەوانەی ڕابردوومەوە زۆر بایەخ بەو بابەتانە نادەم." یەکسەر

بەدوای ئەم قسەیەیدا هەستی بە خەمگینی کرد لە پای ئەوەی بەجۆرێک ڕەفتاری لەگەڵمدا نواند وەک ئەوەی کەسێک بم لە ڕۆژئاواوە هاتبم و بمەوێت بۆ ناو ئەتایزم بەکێشی بکەم. بە دەنگێکی شیرین گوتی: "دوایی قسە دەکەین. غەزوورم بۆ نانی ئێوارە چاوەڕێمان دەکات. پێویستە دوا نەکەوین."

بەڵام سەرباری ئەوەش، بەر لەوەی بێینە خوارەوە، مێزی گۆشەی ژوورێکی گەورە کە سەردەمانێک نووسینگەی کونسوڵی ڕووس بووە، پارچە شووشەی بوتڵی ئارەق و چەند کورسییەکی پێشانم دا. "ز. دەمیرکۆڵ و تیمەکانی تایبەت، چەند ڕۆژێک لە دوای کردنەوەی ڕێگە و بانەکانیش لێرە مانەوە و درێژەیان بە کوشتنی نەتەوەپەرستانی کورد و ئیسلامییەکان دا."

ئەم باسەیان کە توانیبووم تا ئەو کاتە لە بیر خۆمی ببەمەوە، منی تۆقاند. بەهیچ جۆرێک نەمدەویست بیر لە دوایین ساتەکانی (کا) لە قارس بکەمەوە.

سەگە ڕەنگ خەڵوزییەکە لە بەردەم دەروازەی باخچەکەدا چاوەڕێمانی دەکرد و لە گەڕانەوەماندا بۆ هۆتێل، کەوتە دوامان.

فازیل گوتی: "بێ تاقەت بوویت. بۆچی؟"

"ئایا پێش نان خواردن سەرێک لە ژوورەکەم دەدەیت؟ دەمەوێ شتێکت بدەمێ."

کاتێک کلیلی ژوورەکەم لە جاوید وەرگرت، لە دەروازەی کراوەی ماڵەکەی تورگوت بەگەوە ڕووناکی ژوورەکە و خوانی ئامادەکراوم بینی. گوێم لە دەنگی قسەی مێوانەکان بوو، هەستم کرد ئیپەکیش لەوێیە. وێنەی ئەو نامانە لە باوڵەکەمدا بوو کە نەجیب چوار ساڵ لەمەوبەر بۆ قەدیفەی نووسیبوون و (کا) لە قارس وێنەی لەبەر گرتبوونەوە. لە ژوورەکەم نامەکانم دایە فازیل. زۆر دواتر بیرم کردەوە ئەم کارەم بۆ ئەوە بوو تا تارماییی هاوڕێکەی ئۆقرەی لێ هەڵبگرێت، هەروەک چۆن تارماییی هاوڕێکەی من ئارامی لە من بڕیبووە.

فازیل لە کەنار جێگەکەم دانیشت و دەستی کرد بە خوێندنەوەی نامەکان. منیش یەکێک لە دەفتەرەکانی (کا)م لە باوڵەکەم دەرهێنا و چاوێکم بەو

ئەستێرەی بەفرەدا گێڕا کە یەکەم جار لە فرانکفورت دیبووم. بەو جۆرە ئەو شتەی ماوەیەکی درێژ بوو بە گۆشەیەکی هۆشم پەیم پێ بردبوو، بە چاویش بینیم. (کا)، شیعری (ئەو شوێنەی خوای لێ نییە)ی ڕێک لەسەر لوتکەی تەوەرەی بیرەوەری دانابوو. ئەمە واتای ئەوەی دەگەیاند (کا) چووەتە بارەگای ز. دەمیرکۆڵ لە بەشی ناوەخۆیی چۆڵکراو، لە پەنجەرەکەی نەجیبەوە سەیری کردووە و بەر لەوەی قارس بەجێ بهێڵێت، پەردەی لەسەر سەرچاوەی ڕاستەقینەی (دیمەن)ەکەی نەجیب هەڵداوەتەوە. ئەو شیعرانەی لەملا وئەولای تەوەرەی بیرەوەری دای نابوون، تەنیا بیرەوەرییەکانی قارس، یان سەردەمی منداڵیی (کا)یان دەگێڕایەوە. بەمجۆرە منیش لەو شتە دڵنیا بووم کە سەرجەم دانیشتووانی قارس پێیان دەزانی: هاوڕێکەم پاش ئەوەی لە هۆڵی شانۆی گەل قەدیفەی پێ قایل ناکرێت و لە کاتێکدا ئیپەک لە هۆتێل دەرگای لەسەر داخراوە، بەمەبەستی درکاندنی شوێنی خۆحەشاردنی شینە، دەچێت بۆ لای ز. دەمیرکۆڵ کە لە بەشی ناوەخۆیی چاوەڕێی ئەم بووە.

دڵنیام لەو کاتەدا، بە ڕووخساری منەوە، هێمایەکی باشتر لە هێما سەرلێشواوەکەی فازیل نەدەبیندرا. لە خوارەوە دەنگی تێکەڵ و پێکەڵی مێوانەکان و لە کۆڵانیشەوە دەنگی نرکەی شاری خەمباری قارس دەهات. فازیل و منیش بە بێدەنگی خۆمان لە ناو بیرەوەرییەکانمان و کرۆکی خۆماندا کە لە خۆمان عاشقانەتر، ئاڵۆزتر و ڕاستتر بوو، ون کرد.

لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی خوارەوە و بارینی بەفرم کرد و بە فازیلم گوت ئیدی پێویستە بڕۆین بۆ نان خواردن. سەرەتا فازیل وەک کەسێک تاوانێکی ئەنجام دابێت، شانی شۆڕ کرد و ڕۆیشت. منیش لەسەر جێگەکەم ڕاکشام و بەدەم ئازارچەشتنەوە پێشبینیم کرد (کا) ئەو کاتەی لە دەروازەی هۆڵی شانۆی گەلەوە بۆ بەشی ناوەخۆیی چووە، بیری لە چی کردووەتەوە، چۆن هەوڵی داوە لە کاتی قسەکردن لەگەڵ ز. دەمیرکۆڵدا چاوی بە چاوی نەکەوێت، چۆن بۆ پێشاندانی ناوونیشانێک کە نەیزانیوە دەکەوێتە کوێوە، لەگەڵ پەلامارەدەراندا سواری هەمان ئۆتۆمبیل بووە و بە گوتنی "ئا ئەوێندەرە" لە

دوورەوە شوێنی خۆشاردنەوەی شینە و خەندەی بۆیان دەستنیشان کردووە. بەدەم ئازارچەشتنەوە؟ لە خۆم تووڕە بووم، چونکە منی "سکرتێری نووسەر" هەستم دەکرد بەدزییەوە لە کەوتنە داوی هاوڕێ شاعیرەکەم چێژێکی زۆر نهێنی وەردەگرم و هەوڵم دەدا لەوە زیاتر بیر لەو مەسەلەیە نەکەمەوە.

لە بانگهێشتەکەی تورگوت بەگدا لە خوارەوە، جوانی و بەدەویی ئیپەک منی هێندەی تر پەرێشان کرد. ڕەجایی بەگی بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەلەفۆنی شەیدای خوێندنەوەی کتێب و بیرەوەری، سەردار بەگ، تورگوت بەگ و هەموو ئەوانی تر مامەڵەیان لەتەکمدا زۆر خۆش بوو. لەو شەوە درێژەدا کە زۆرم تێدا خواردەوە و دەمویست لە کورتی ببڕێتەوە، ئیپەک لە بەرامبەرم دانیشتبوو، هەر جارێک سەیرم دەکرد، کۆمەڵێک شت لە ناخمدا هەرەسی دەهێنا و هەناوم دادەخووریا. لە هەواڵەکاندا ئەو ڕیپۆرتاژە بڵاو کرایەوە کە لەگەڵمدا ئەنجام درابوو، بە شەرمەوە سەیری جووڵەی تووڕەی دەستەکانی خۆم دەکرد. وەک ڕۆژنامەنووسێکی ماندوو کە بڕوای بە کارەکەی خۆی نەبێت، ئامێرێکی بچووکی تۆمارکردنم پێ بوو لە قارس لەگەڵ خۆمدا دەمگێڕا. کۆمەڵێک گفتوگۆم لەگەڵ خاوەن ماڵ و مێوانەکاندا سەبارەت بە چەند بابەتێکی وەک مێژووی قارس، ڕۆژنامەگەریی لە قارس، بیرەوەرییەکانی شۆڕشەکەی چوار ساڵ لەمەوبەر ئەنجام دا و لەسەر ئامێرەکەم تۆمارم کرد. بەدەم خواردنی شۆربا نیسکێنەکەی زاهیدەوە هەستم دەکرد بەشێک بم لە ڕۆمانێکی ساڵانی چل و ڕووداوەکانی لە ناوچەیەکی دوورە دەست ڕوویان بدات. کەس خۆی لە قەرەی باسی (کا) -تەنانەت مردنەکەشی- نەدەدا؛ ئەمە هەناوی منی زیاتر ئەنجن ئەنجن دەکرد. ئیپەک و قەدیفە ڕۆیشتن بۆ بەسەرکردنەوەی عومەرجانی بچکۆلانەی نووستوو لە ژوورێکی تەنیشتەوە و ماوەیەکیان پێ چوو. منیش ویستم دوایان بکەوم، بەڵام نووسەری خۆتان "وەک هونەرمەندان زۆری خواردبووەوە" و هێندە سەرخۆش بوو نەیدەتوانی خۆی لەسەر پێ ڕابگرێت.

سەرەڕای ئەوەش شتێکی ئەو شەوەم زۆر باش لە بیرە. درەنگانێکی شەو

بە ئیپەکم ڕاگەیاند دەمەوێت ژووری ژمارە ٢٠٣ ی شوێنی حەوانەوەی (کا) ببینم. هەموو ئامادەبووان بێدەنگ بوون و ڕوویان لە ئێمە کرد.

ئیپەک گوتی: "باشە، فەرموون."

لە هۆڵی پێشوازی کلیلەکەی هەڵگرت. بەدوایدا سەرکەوتمە سەرەوە. ژوورە کراوەکە. پەردە، پەنجەرە، بەفر. بۆنی خەو، سابون و کەمێک تۆز. سارد. لە کاتێکدا ئیپەک بە گومان و هەمان کات بەشێوەیەکی دۆستانە منی دابووە بەر نیگا، لە کەناری ئەو پێخەوەی کە هاوڕێکەم بەختەوەرترین ساتەکانی ژیانی خۆی لەگەڵ ئەم تێدا بەسەر بردبوو، دانیشتم. ئایا لێرەدا بمرم، یاخۆ ئەڤینی خۆم بۆ ئیپەک بەیان بکەم، یان لە پەنجەرەکەوە بۆ دەرێ بڕوانم؟ بەڵێ، هەمووان لە دەوری مێزەکە چاوەڕێمان بوون. بەمەبەستی دڵخۆشکردنی ئیپەک یەک دوو قسەی قۆڕم کرد و توانیم بیهێنمە پێکەنین. کاتێک ئەو شیرین شیرین بەدەممەوە پێ دەکەنی، ئەم چەند وشە شەرمبەخشەی پێشتر ئامادەکراوم پێی گوت:

لەئەڤینبەولاوەهیچشتێکیترمرۆڤلەژیاندابەختەوەرناکاتنەئەوڕۆمانانەی کەدەیانووسێونەئەوشارانەیکەدەیانبینێزۆرتەنیاملەژیانداتەگەربڵێم دەمەوێتاکۆتاییژیانلەمشارەلەنێزیکئێوەوەژیانبەسەرببەمئایاوەڵامتانچ یدەبێ؟

ئیپەک گوتی: "ئۆرهان بەگ، زۆر هەوڵم دا موختارم خۆش بوێت، بەڵام نەچووە سەر؛ شینەم فرە خۆش ویست، سەری نەگرت؛ بڕوام وا بوو دەتوانم (کا)م خۆش بوێت، وا دەرنەچوو؛ ئارەزووم دەکرد منداڵێکم ببێت، نەبوو؛ پێشم وانییە لەمەودوا هیچ کەسێکی ترم بە ئەڤینەوە خۆش بوێت. ئیدی دەمەوێت تەنیا چاوم لە عومەرجانی خوشکەزام بێت. زۆر سوپاس، ئێوەش هێندە بەدەربەست نین."

لە پای ئەوەی بۆ جاری یەکەم لەبری "هاوڕێکەتان" گوتی (کا)، سوپاسم کرد. لێم پرسی گەلۆ دەتوانین سبەی نیوەڕۆ دیسان لە شیرینیخانەی ژیانی

نویٚ یەک ببینین و تەنیا سەبارەت بە (کا) قسە بکەین؟

زۆر بەداخەوە سەرقاڵ بوو، بەڵام وەک خانەخوێیەکی باش بەڵێنی دا بۆ ئەوەی من خەمگین نەبم، سبەی ئێوارە لەگەڵ ئەوانی تردا بێت بۆ وێستگە و بەڕێم بکات.

زۆر سوپاسم کرد، ددانم پێ دانا هێزم تێدا نەماوە بگەڕێمەوە بۆ سەر مێزی نان خواردن (ترسی گریانیشم هەبوو)، خۆم هاویشتە سەر جێگەکە و یەکسەر خەوم لێ کەوت.

سەرلەبەیانی ڕۆژی دوایی، بێ ئەوەی کەس بمبینێت، کەوتمە سەر شەقام و ناو کۆڵانەکان. سەرەتا لەگەڵ موختار و دواتر لەگەڵ سەردار بەگی ڕۆژنامەنووس و فازیلدا تەواوی ڕۆژ بە قارسدا خولامەوە. پێشاندانم لە هەواڵەکانی دوێنێ ئێوارەدا دانیشتووانی قارسی کەمێک هێور کردبووە، منیش بە کەڵکوەرگرتن لەو دۆخە دەمتوانی بە ئاسانی وردەکاریی زۆر و پێویست بۆ کۆتاییی چیرۆکەکەم کۆ بکەمەوە. موختار منی بە دەرمانفرۆشێکی خانەنشینکراوی سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ڕم)ی ئیسلامیی قارس ناساند. ڕۆژنامەکە تەنیا ٧٥ دانەی لێ دەفرۆشرا. کابرا کەمێک دواتر گەیشتە شوێنی کۆبوونەوە و گوتی بەهۆی تەگبیرگەلی دژە دیموکراسیی ئیسلامییەکانی قارسەوە ئەم نێوانی لەگەڵیاندا تێک چووە. گوتیشی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنانیش ئەو برەوەی جارانی نەماوە. من یەکسەر بیرم کەوتەوە لەبەر ئەوەی ئەم دەرمانفرۆشە بەساڵاچووە دوو جار بەشێوەیەکی نەشیاو نەجیبی ماچ کردووە، نەجیب و فازیل نەخشەی کوشتنیان داڕشتووە. خاوەنی هۆتێلی شەن قارسیش، ئەوەی لای سونای زایم هەواڵی لە میوانەکانی خۆی دابوو، ئێستا لە هەمان ڕۆژنامەدا دەنووسێت. لە کاتی شەن و کەوکردنی ڕووداوەکانی ڕابردوودا بابەتێکی بیرم خستەوە کە من خەریک بووم لە بیرم دەکرد: ئەو کەسەی چوار ساڵ لەمەوبەر بەڕێوەبەری پەیمانگەی پەروەردەی کوشت، سوپاس بۆ خوا خەڵکی قارس نەبوو. تۆمارکردنی دەنگی کابرای چایچیی خەڵکی تۆکات لە کاتی

ئەنجامدانی تاوانەکەدا، ڕێی خۆش کردبوو بۆ دەستنیشانکردنی ناسنامەکەی. لەبەر ئەوەی لە ئاکامی پشکنیندا لە ئەنقەرە دەرکەوتبوو بەهەمان چەک تاوانێکی تریش ئەنجام دراوە، خاوەنی ڕاستەقینەی چەکەکە دەستگیر کرابوو. کابرا ددانی پێدا نابوو شینە ئەوی بۆ قارس بانگ کردووە. بەپێی ڕاپۆرتی دادگا تەرازووی ئەقڵی لار بوو. دوای بەسەربردنی سێ ساڵ لە نەخۆشخانەی ئەقڵ لە باقرکۆی، هاتووەتە دەرەوە، لە ئەستەنبوڵ نیشتەجێ بووە و هەر لەوێش چایخانەیەکی بەناوی (شەن تۆکات)ەوە کردووەتەوە. لە ڕۆژنامەی (عەهد)یشدا بووە بە خاوەنی ستوونێک و تیایدا بەرگری لە مافەکانی کچانی لەچکدار کردووە. بەرخودانی کچانی سەرداپۆشراو چوار ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ سەر ڕووتکردنی قەدیفەدا شکستی هێنابوو، ئێستا هەرچەندە خەریک بوو سەری هەڵدەدایەوە، بەڵام بزووتنەوەکە لە قارسدا هێندەی ئەستەنبوڵ بەهێز نەبوو، چونکە ئەوانەی پابەندی سەرداپۆشین بوون، بەشێکیان لە خوێندنگاکان دووردەخرانەوە و ئەوانی تریشیان ڕوویان لە زانکۆی شارەکانی تر دەکرد. کەسوکاری خەندە ئامادە نەبوون بمبینن. بەهۆی ئەوەی جەماوەر حەزیان لەو سروود و گۆرانییانە کردبوو کە کابرای ئاگرکوژێنەوەی دەنگگڕ لە دوای شەوی شۆڕشەکە گوتبوونی، یارۆ لە (تەلەڤزیۆنی سەرحەد قارس)بووبووە بێژەری بەرنامەیەک بەناوی (گۆرانییەکانی سەرحەد). بەرنامەکە شەوانی شەمە تۆمار دەکرا و ئێوارەی ڕۆژانی هەینی بڵاو دەکرایەوە. دەرگاوانە موزیکدۆستەکەی نەخۆشخانەی قارس کە یەکێک بوو لە مێوانە بەردەوامەکانی تەکیەی شێخ سەعادەدین، بە ئامێری ساز لە بەرنامەکەی کابرای دەنگگڕدا بەشدار دەبوو. سەردار بەگی ڕۆژنامەنووس منی بەو منداڵە بچووکەش ناساند کە لە شەوی شۆڕشدا چووبووە سەر شانۆ. (چاویلکە) بووبوو بە پیاوێکی پێگەیشتوو، لەسەر دابەشکردنی ڕۆژنامەش بەردەوام بوو، بەڵام باوکی لەو شەوە بەدواوە تەنانەت مۆڵەتی بەشداریکردنی لە شانۆنامەکانی قوتابخانەشدا پێ نەدابوو. لە سایەی ئەودا کار و ڕەفتاری سۆسیالیستەکانی قارسم بۆ ئاشکرا بوو. حاڵی

بووم ڕۆژنامەکانی ئەستەنبوڵ دەخوێننەوە و تا ئێستاش لە دڵەوە ڕێزیان هەیە بۆ شەڕی مان و نەمانی ئیسلامییەکان و نەتەوەپەرستانی کورد لە دژی دەوڵەت. نووسینەوەی ئەو بەیاننامانەی کەس نایخوێنێتەوە و ستایشکردنی قارەمانێتی و فیداکارییەکانی ڕابردوویان نەبێت، هیچ شتێکی تریان لە دەست نایەت. هەرکەسێکم دواند، چاوەڕێی هاتنی مرۆڤێکی قارەمان و لە خۆبوردووی دەکرد پەیدا بێت و هەموویان لە بێکاری، هەژاری، دزی و تاوان ڕزگار بکات. لەبەر ئەوەی من ڕۆماننووسێکی کەمێک ناسراو بووم، سەرانسەری شار پێوەری خەیاڵیی ئەو مرۆڤە مەزنەیان بۆ هەڵسەنگاندنی من بەکار دەهێنا و پێیان وا بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان لێیان هەڵدەکەوێت، بۆیە خۆیان وا پێشان دەدا خۆشحاڵ نین بە چەندین هەڵە و کەموکورتی لەوانەی لە ئەستەنبوڵ لەسەریان ڕاهاتبووم. داماوی، پەشێوی، بەخشینی هۆشم بە کار و چیرۆکەکەم و پەلەپەلی منیان بە دڵ نەبوو. لە چایخانەی یەکبوون دانیشتم و گوێم بۆ سەرلەبەری بەسەرهاتی مارفی بەرگدروو ڕاگرت. پاشان بانگهێشتمی کرد بۆ ماڵ و برازاکانی پێم ناساند. پێویست بوو ئارەقیان لەگەڵدا بخۆمەوە، دوو ڕۆژی تر لە شار بمێنمەوە بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی لاوانی ئەتاتورکچی کە بڕیار بوو ئێوارەی چوارشەمە ساز بکرێت، دەبوو هەموو ئەو جگەرانە بکێشم کە بە ڕووی گەش و دۆستانەوە پێشکێشمیان دەکرد و هەر جارێکیش چایان دەخستە بەردەمم، پێویست بوو بیخۆمەوە (زۆربەشیم کرد.) کابرای ڤارتۆییی برادەری باوکی فازیل لە سەردەمی سەربازیدا، بۆمی گێڕایەوە لە چوار ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر نەتەوەپەرستی کورد کوژراون، یان خراونەتە زیندانەوە: ئیدی کەسیش پێوەندییبە ڕیزەکانی گەریلاوە ناکات، ئەو سێ لاوە کوردەی لە کۆبوونەوەی هۆتێل ئاسیادا بەشدار بووبوون، لە شار نەمابوون. برازا قومارچی و خوێنشیرینەکەی زاهیدە پاڵی بە منیشەوە نا بۆ ناو ئاپۆڕەی شەڕە کەڵەشێری ئێوارەی ڕۆژانی یەکشەمە. بەچێژەوە دوو پێک ئارەقم خواردەوە. لەوێ ئارەق لە پیاڵەی چایدا پێشکێش دەکرا.

خـەریک بوو دەمی ئێـوارە نێـزیک دەبووەوە، مـاوەیەکی درێـژ بەر لە وادەی بەڕێکەوتنی شـەمـەندەفـەرەکـەم و بۆ ئەوەی کـاتێک لە هۆتێل دەربـچم کـەس نەمبینێت، وەک ڕێبـوارێکی تەنیا و ناشـاد هێدی هێدی گـەڕامەوە بۆ ژوورەکەم و باوڵەکـەم پێـچـایەوە. لـە دەرگـای ئـاشـپـەزخـانە چووم بەودیودا و سـافـەتی هـەواڵدزم ناسـی. زاهیـدە وەک پیشـەی ڕابردووی، هـەمـوو ئێـوارەیەک شـۆربـای دەدایێ. خـانەنشـین بووبوو، لەبـەر ئەوەی دوێنێ ئێـوارە لە تەلەڤزیۆندا پێشـان درابووم، منی دەناسـی و دەیویست چەند شتێکم بۆ بگێڕێتەوە. دوای ئەوەی لە چایخانەی یەکبوون دانیشتین، پێمی گوت سـەربـاری خانەنشـین بوونی، هێشتا بە قـۆنتەرات کـار بۆ دەوڵەت دەکـات. هیچ هـەواڵدزێک لە قـارسدا بۆی نەدەکرا حـانەنـشـین بێت؛ دەزگـای هـەواڵگریی نهـێنیی شـار زۆر پەرۆشـی زانینی هۆی هـاتنم بوون بـۆ ئێرە (ڕووداوە کۆنەکـانی "ئـەرمـەنی"، یاخـیبـوونی کـوردەکـان، گرووپە ئیسـلامییەکان، پارتە سیاسییەکان؟) بە پێکەنینەوە پێمی گوت ئەگەر کەمێک زانیاری بدەمێ، ئەوا چەند قروشێکی دەست دەکەوێت.

بە پـارێزەوە بـاسـی (کـا)م کـرد، بـە بیـرم هێنـایەوە چـوار سـاڵ لەمـەوبەر هـەنگاو بەهـەنگاو بەدوای هـاوڕێکەمەوە بووە و لەو بارەیەوە پرسیارم لێ کرد.

لە وەڵامدا گوتی: "کـەسێکی زۆر باشی مرۆڤدۆست و سـەگدۆست بوو، بەڵام هۆشی لە ئـەڵمـانیـا بوو، زۆر مـەند و داخـراو بوو. ئـەمڕۆ لێـرە کـەس خـۆشـی نـاوێت."

سـاتێکی درێژ بێدەنگ بووین. بەنیازی ئەوەی زانیارییەکی لا بێت بە دوودڵی پرسـیـاری شـینەم لـێ کـرد. پێـمی گـوت هـەروەک چۆن من بـۆ سـۆراخـی (کـا) هـاتووم، سـاڵێک لەمەوبەر کەسێک لە ئەستەنبوڵەوە هـاتووە و پرسیاری شینەی لێ کـردووە! سـافـەت گێـڕایەوە و گـوتـی لاوانی ئیسـلامـیـی دوژمن بە دەوڵەت هـەوڵـی زۆریان داوە بـۆ دۆزینەوەی گـۆڕی شـینە: بـەڵام هـەمـوو جـارێک بە دەستی بەتاڵ گـەڕاونەتەوە، چونکە بە ئەگەری زۆر، بۆ ئەوەی گۆڕەکەی نەبێتە مـەزارگا، تەرمـەکەی لە فـڕۆکەوە فـڕێدراوەتە دەریاوە. فـازیل لە تەنیشـتمـانەوە دانیـشـتـبـوو، گـێـڕایەوە و گـوتی ئەویش گـوێی لـەو دەنگۆیانـە بووە، لاوانی

ئیسلامی بیریان کەوتووەتەوە شینە سەردەمانێک (هیجرەت)ی کردووە بۆ ئەڵمانیا و ئەوانیش پەنایان بۆ هەمان وڵات بردووە، لە بەرلین گرووپێکی ڕادیکاڵی ئیسلامییان دامەزراندووە و تا دێت گەورە دەبێتەوە. لە هاوڕێکانی پێشووی ئامادەییی پێگەیاندنی پێشنوێژ و وتارخوێنانی بیستبوو لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری (هیجرەت)دا کە لە ئەڵمانیا دەری دەهێنن، ئەو کەسانەی بوون بە هۆکاری لە ناوبردنی شینە، لەسەر دەستی ئەمان تۆڵەیان لێ دەکرێتەوە. نیگام خستە سەر بەفرەکەی دەرەوە و خەیاڵم چوو بۆ ئەوەی بێ هیچ گومانێک تاکە دەستنووسی دیوانی شیعری هاوڕێکەم بەناوی (بەفر) لە دەستی یەکێک لە هیجرەتچیانی بەرلیندایە.

پۆلیسێکی تر لەو ساتەدا لە دەوری مێزەکەمان دانیشتبوو، گوتی هەموو ئەو شتانەی سەبارەت بەو گوتراون، درۆن: "من چاو کانزایی نیم." نەشیدەزانی چاو کانزایی واتای چی دەگەیەنێت. دەیگوت بە عەشقەوە تەسلیمەی خوا لێخۆشبووی خۆش ویستووە و ئەگەر خۆی نەکوشتبا، ئەوا بێ هیچ گومانێک دەیخواست. من لەو میانەدا بیرم کەوتەوە سافەت چوار ساڵ لەمەوبەر لە کتێبخانەی شارەوانی دەستی بەسەر ناسنامەی قوتابیەتیی فازیلدا گرتووە. (کا) ئەم ڕووداوەی لە دەفتەرەکانیدا تۆمار کردبوو، بەڵام وا دیار بوو لەمێژ بوو ئەوان ئەو ڕووداوەیان لە بیر کردووە.

کاتێک من و فازیل چووینە دەرەوە بۆ شەقامە بەفراوییەکان، ئەو دوو پۆلیسەش، جا نازانم لەبەر برادەرایەتی بوو، یان لە ڕووی پەرۆشییان بۆ پیشەکەیان، کەوتنە پاڵمان و تا بۆیان کرا گازندەیان لە دەست ژیان، بێ واتاییی ژیان، ئازاری ئەڤین، پیری و پەککەوتەییی خۆیان کرد. کەسیان تەنانەت کڵاویشیان لەسەردا نەبوو. کلووە بەفرەکان دەکەوتنە سەر قژی سپی و شێواویان و نەدەتوانەوە. لە وەڵامی پرسیارێکمدا سەبارەت بەوەی داخۆ لە ماوەی چوار ساڵدا شار هەژارتر و چۆڵتر بووە، فازیل گوتی ئێستا دانیشتووان زیاتر سەیری تەلەڤزیۆن دەکەن و بێکاران لەبری ئەوەی بچنە چایخانەکان، لە ماڵ بە خۆڕایی و لە ڕێی سەتەلایتەوە سەیری هەموو

فـیلمـەکـانـی جـیـهـان دەکـەن. هـەرکـەسـێک پارەی پاشـەکـەوت کـردبێت، سـەتەلایتێکی سپیی بە قـەد مـەنجـەڵێکی پێ کـڕیـوە و لە قـەراغ پەنجـەرەک بە دیوارەوە قـایمی کـردووە. ئەمە تاکە نوێکاریـی شـار بوو لە مـاوەی چوار سـاڵی ڕابردوودا.

لە شـیـرینیـخـانـەی ژیانی نوێ، مـەیلمـان چـووە سـەر چۆرەکی گـوێزداری بخـۆری سـەری بەرێوەبەری پەیمـانگەی پەروەردە. هـەریـەکـەمـان دانەیەکـمـان کـڕی و بەنیازی نانی ئێـوارە خـواردمـان. کاتێک پۆلیسـەکان حـاڵی بوون ئێمـە بەرەو وێسـتگەی شـار دەڕۆین، لێـمـان جـیـا بوونەوە. دواتر، ئێـمـە بە بەردەم دەرابە داخـراوەکان، چایخـانـە چۆڵەکـان، کـەونە مـالانی ئەرمـەنیـی چۆڵکراو، ڕووناکـیی جـامـخـانـە ڕچیـوەکـان و بەژێر لـق و پۆپی بە بـەفـر داپۆشـراوی سـپـیندار و داربەڕووەکـاندا تێ پەڕین و بەدەم بیسـتنی دەنگی پێی خـۆمـانەوە بەو شەقـامـە مـاتەمینانەدا ڕۆیشـتین کە تاک و تەرای گڵـۆپی نیۆن ڕووناکیانی دەکـردەوە. لەبـەر ئەوەی پۆلیـسـەکـان بەدوامـانـەوە نەبوون، خـۆمـان کـرد بە کۆلانەکـانی نـاوەوەدا. بەفـرەکە بۆ سـاتێک وای پێشـان وەک ئەوەی بخـوازێت خۆشـی بکاتەوە، بەلام لەپڕ بەخێرایی دەستی پێ کـردەوە. لەبەر ئەوەی قارسم بەجێ دەهێشت و کـەسـیش لە شـەقـام و کۆلانەکـان نەبوو، ئـازارێک هـەناومی دەکـرووژاند، هـەسـتـم بە تاوانێکی ئـەوتۆ دەکـرد وەک ئەوەی بە ڕۆیشـتـنم لەم شـارە چۆڵە، فـازیـل بە تەنیـایی بەجێ بـهێڵم. بەسـتـەڵەک و چلوورە لق و چڵـە وشکەکانی دوو دار زەیتـوونی دووریان گەیاندبوووە یەک و پەردەیەکـی تەنکیان پێک هێنابـوو. چۆلەکـەیـەک لە ناو پەردەکـەوە دەرپـەڕی و بەژێر کلـووە بەفـرە گـەورەکـانـدا بەسـەر ئێـمـەدا فـڕی. شـەقـامـەکـان بـە بەفـرێکـی نوێ و نەرم داپۆشرابوون، تا ڕادەی سـەرسووڕمان کشومات بوون، جگە لە دەنگی پێمان و هـەناسـە وەرگـرتن و دانەوەمان کـە تا دەڕۆیشـتین زیاتر دەبوو، هـیـچی ترمان نەدەبیست. ئەم کپی و بێدەنگییـە لە شـەقـامێکی ئەمـبـەر و ئەوبەر پڕ لە ڕیزە دووکان و مـاڵدا، هـەسـتێکی وای لەکن مرۆڤ دەبزوواند وەک ئەوەی لـە خـەونـدا بێت.

لەپڕ لە چەقی شەقامدا ڕاوەستام، سەرم هەڵبڕی و نیگام خستە سەر کلوویەکی بەفر و تا کەوتە سەر زەوی چاوم لەسەری هەڵنەگرت. لە هەمان کاتدا فازیل بە بەرزایی دەروازەی چایخانەی (نورۆڵ)ەوە پۆستەرێکی زەردهەڵگەڕاوی پێشانم دا ماوەی چوار ساڵ بوو بەو شوێنەوە بوو:

مرۆڤ شاکاری خوایە

و

خۆکوشتن کفرە

فازیل گوتی: "لەبەر ئەوەی پۆلیس بە زۆری ڕوو لەم چایخانەیە دەکەن، کەس نەیتوانیوە دەست بۆ ئەو پۆستەرە ببات."

لێم پرسی: "ئایا هەست دەکەیت خۆت شاکارێک بیت؟"

"نەخێر. تەنیا نەجیب شاکاری خوا بوو. دوای ئەوەی خوا ئەوی بردەوە، لە ترسی ئەتایزم لە هەناومدا و لە عەشقی زیاتر خۆشویستنی پەروەردگارم دوور کەوتمەوە. مەگەر خوا بە گەورەیی خۆی لێم خۆش بێت."

بێ ئەوەی قسە بکەین، بەناو کلووە بەفرەکاندا کە لەوە دەچوون لە هەوادا ڕاوەستابن، تا وێستگە ڕۆیشتین. باڵەخانەی بەردین و جوانی بنیاتنراوی سەرەتای کۆمار، ئەوەی لە (کتێبی ڕەش)دا ئاماژەم پێ داوە، ڕووخێندراوە و لە شوێنەکەیدا شتێکی ناشیرین لە چەمەنتۆ دروست کراوە. موختار و سەگە ڕەنگ خەڵووزییەکەمان بینی لە چاوەڕوانی ئێمەدا بوون. سەردار بەگی ڕۆژنامەنووسیش دە خوولەک بەر لە وادەی بەڕێکەوتنی شەمەندەفەرەکە گەیشت، هەموو ئەو ژمارە کۆنانەی ڕۆژنامەی شاری سەرحەدی بۆم هێنابوو کە هەواڵیان سەبارەت بە (کا) تێدا بڵاو کرابووەوە. تکای لێم کرد لە کتێبەکەمدا بەباشی باسی شار و نەهامەتی و مرۆڤەکانی بکەم. موختاریش دوای ئەوەی دیارییەکانی سەردار بەگی بینی، شووشەیەک کۆڵۆنیا، پارچەیەکی بچووک پەنیری قاشاری قارس و دانەیەکی واژۆکراو لە یەکەم دیوانی شیعری خۆی کە بە پارەی خۆی لە ئەرزەڕووم چاپی کردبوو، لە

توورەکـەیەکی نـایلۆن دەرهێنا و وەک ئەوەی تـاوانێک بکات، دایە دەسـتم. بۆ ئەو سـەگـە ڕەنگ خـەڵووزییـەی کـە هاوڕێی خۆشـەویسـتم شـیـعرێکی لەسـەر نووسیبوو، بابۆڵەیەک و بۆ خۆیشم بلیتێکم کڕی. کاتێک من خـواردنم دەکردە دەمی سـەگـەکـەوە و ئەویش بەشـێـوەیەکی دۆسـتـانە کلکە چەمـاوەکـەی بۆم دەلەقاند، تورگوت بەگ و قەدیفە بەهەڵەداوان خۆیان گەیاندە لام. لە دواساتدا لە ڕێی زاهیـدەوە بە هەواڵی ڕۆیشتنی منیـان زانیـبوو. بە چەند ڕسـتـەیەکی کـورت دەربارەی بلیت، ڕێگە و بـان و بەفـر قـسـەمـان کـرد. تورگـوت بەگ بە شـەرمـەوە دانەیەک لە چاپی نوێی ڕۆمـانی (ئەڤینی یەکەم)ی تورگـەنیـەفی بۆم درێژ کرد. ئەو ڕۆمـانەی لە سـاڵانی زیندانیـدا لە فەڕەنسییـەوە وەرگێڕابوو. دەسـتم هێنا بە ڕوومـەتی عـومـەرجـاندا لە باوەشی قـەدیفـەدا. دایکی سـەرپۆشـێکی گرانبـەهای ئەسـتـەنبولّیی کردبووە سـەر و بەفراو بەم لا و ئەو لای قـژیدا دەهاتە خـوارێ. بێ ئەوەی لەوە زیاتر سـەیری چاوە جـوانەکـانی ژنەکـەی بکەم، ڕووم لە فـازیل کـرد و لێم پرسی ئەگـەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕۆمانێک لەسەر قارس بنووسم، دەیەوێت چی بە خوێنەران بڵێت.

بە بڕوا بە خۆبوونەوە گوتی: "هیچ."

ئەگـەر هەسـتی کـرد بەم وەڵامـەی خـەمم لێ نیـشت، خـاو بووەوە و گـوتی: "شـتـێکم لە خـەیاڵدایە بەڵام ئێـوە بە دڵتـان نابێت... ئەگـەر بڕیارە بمخـەنە ڕۆمـانێکەوە قـارس مـەیدانی ڕووداوەکـانـی بێت، دەمـەوێت بـە خـوێنەران بلـێم هیچ بڕوا بەو شتـانە نەکەن کە بەڕێزتان سـەبارەت بە من و ئێمـە دەینووسن. هیچ کەسێک ناتوانێت لە دوورەوە لە ئێمە تێ بگات."

"هەرچۆنێکیش بێت کەس بڕوا بە ڕۆمانێکی لەو جۆرە ناکات."

بە هەڵچوونەوە گوتی: "نەخێر، بڕوای پێ دەکەن. بۆ ئەوەی خـۆیان بە ژیر و لووتبـەرز و مـرۆدۆسـت بزانن، هەوڵ دەدەن بـڕوا بکەن ئێـمـە گـاڵتـەجـاڕ و مـرۆڤگەلی باشین و بەم حـاڵەمـانەوە لێمـان تێ دەگەن و خۆشـەویسـتیـمـان بۆ دەردەبڕن، بەڵام ئەگەر ئێوە ئەم وشانەی من بخەنە ڕۆمانەکەوە، ئەوا لانی کەم گومانێک لە ئەقڵیاندا دەمێنێتەوە."

بەڵێنم دایێ قسەکانی بخەمە ڕۆمانەکەمەوە.

کاتێک قەدیفە بینی من تاوێک سەیری دەروازەی وێستگەکەم کرد، لێم نێزیک کەوتەوە و گوتی: "کچێکی بچکۆلانەی جوانتان بەناوی ڕووئیا هەیە. دادەم بۆی نەکرا بێت، بەڵام ویستی سڵاوی بگەیەنن بە کچەکەتان. منیش لە کاروانی شانۆی نیوەناچڵم ئەم بیرەوەرییەم بۆتان هێناوە." وێنەیەکی بچووکی دا پێم خۆی و سونای زایمی لەسەر شانۆی هۆڵی گەل پێشان دەدا.

کارمەندی وێستگە فووی بە فیکەکەیدا کرد. پێ دەچوو من تەنیا کەس بم سواری شەمەندەفەرەکە دەبووم. یەک بە یەکیانم لە ئامێز گرت. فازیل لە دوایین چرکەدا توورەکەیەکی دایە دەستمەوە کۆپیی کاسێتەکان و پێنووسە نەمرەکەی نەجیبی تێدا بوو.

شەمەندەفەرەکە دەستی کردبوو بە جووڵە. بە دەستی پڕ لە دیارییەوە، بەدژواری سواری واگۆنی خۆم بووم. هەر هەموویان لەسەر شۆستەکە ڕاوەستابوون و دەستیان بۆم ڕادەوەشاند، منیش لە پەنجەرەکەوە سەرم دەرهێنا و دەستم بۆیان ڕاوەشاند. تەنیا لە دوایین ساتیشدا سەگە ڕەنگ خەڵوزییەکەم بینی زمانی گوڵڕەنگ و گەورەی دەرهێنابوو، لە نێزیک خۆمەوە بە درێژاییی شۆستەکە بە نەشئەوە ڕای دەکرد. دواتر هەموویان لە ناو کلووی گەورەی بەفردا کە تا دەهات بەتاوتر دەباری، ون بوون.

دانیشتم، لە نێوان کلووە بەفرەکانەوە چاوم بڕییە تیشکی پرتەقاڵیی دوایین ماڵانی گەڕەکەکانی قەراغ شار، ئەو ژوورە داڕووخاوانەی سەیری تەلەڤزیۆنیان تێدا دەکرا و نەرمە دووکەڵی باریک و لەرزۆکی دووکەڵکێشی سەربانە نزم و بە بەفر داپۆشراوەکان و دەستم کرد بەگریان.

نیسان ١٩٩٩–کانوونی یەکەم ٢٠٠١

من ناوم سووره:

ڕۆمانی من ناوم سووره کە ئۆرهان پاموک بە "ڕەنگینترین و گەشبینترین ڕۆمانم" ناوی دەبات، ڕووداوەکانی لە نۆ ڕۆژی بەفراوی و تۆفی زستانی ساڵی ١٥٩١دا دەقەومێن. شەکوورەی شۆخ بە دوو کوڕی بچووکی بەردەوام پێکدا هەڵپڕژاوەوە دەکەوێتە گەڕان بۆ دۆزینەوەی مێردێکی نوێ و خۆشەویستێک لە جێی مێردی پێشووی، چونکە چوار ساڵ بەسەر نەگەڕاوەیدا لە شەڕ تێ پەڕیوە. بۆ ئەم مەبەستە، لە شوێنی خۆ شاردنەوەیەوە سەیری ئەو وەستا نیگارکێشانەی کۆشکی سوڵتان دەکات کە باوکی یەک بەیەک بۆ ماڵی خۆی بانگیان دەکات. وەستایانی نیگارکێش، ئەوانەی ڕوو لە ماڵی ئەمان دەکەن، لە ژێر کاریگەریی شێوازی فەرەنگدا نیگاری ترسناک بۆ کتێبێک دەکێشن سوڵتانی عوسمانی بەنهێنی و بە چاودێریی باوکی شەکووره بە ئامادەکردنی دەدات. پاش کوژرانی یەکێک لە نیگارکێشەکان، قەرەی پوورزا و ئەڤیندراری شەکووره پەیدا دەبێت. لە ئەستەنبوڵیش، دەستەیەک لە دەوری مەلایەک گرد بوونەتەوە، لە کاتێکدا گرانی و ترس و پەلاماری ئەم دەستەیە بۆ سەر تەکیەکان باڵی بەسەر شاردا کێشاوە، وەستایانی و خۆشنووسان شەوانە لە قاوەخانەیەک کۆ دەبنەوە و بەدەم گوێگرتن لە بەسەرهاتەکانی چیرۆکبێژێکی زماندرێژەوە کات بەسەر دەبەن و ڕادەبوێرن. ئەم کتێبە باس لە مردووان، زمانگرتی شتومەک، مەرگ، هونەر، ئەڤین، ژیانی هاوسەری و بەختەوەری دەکات و هەریەکەشیان بە دەنگی خۆیان دەدوێن. هەمان کات شینێکی خەمگینیشە بۆ جوانییە لە بیرکراوەکانی هونەری نیگارکێشانی کۆن.

***

– شاکارێکی شاهانە و دەوڵەمەندی ئەدەبی جیهانییە.

(ڕۆژنامەی فرانکفورتەر ئەلگەماینەی ئەڵمانی)

– پێویستە هەموو کەسێک بەرهەمەکانی ئۆرهان پاموک بخوێنێتەوە.

(ڕۆژنامەی نیوستەیتمانی بەریتانی)

## قەلای سپی:

لە سەدەی حەڤدەیەمدا ڤینیسیاییەک لەلایەن چەتە دەریاوانەکانی تورکەوە دەستگیر دەکرێت و دەهێندرێتە ئەستەنبوڵ. ئەم کۆیلەیە پێی وایە سەری لە گەردووناسی، فیزیا و نیگارکێشی دەردەچێت. تورکێکی خاوەن هەمان ئەو خولیایانە دەیکرێت. لێکچوونێکی سەیر لەو دوو مرۆڤەدا هەیە. کۆیلەدار دەیەوێت لە کۆیلەکەیەوە ئاشنای ڤینیسیا و زانستی ڕۆژئاوا ببێت. ئەم دوو کەسە، سەردار و کۆیلە، بەمەبەستی یەکترناسین، تێگەیشتن و گێڕانەوەی باسی یەکدی، لە ماڵێکی تاریک و چۆڵی سەر کەناری کەنداوی زێڕیندا، لەمسەر و ئەوسەری هەمان مێز دادەنیشن و قسە دەکەن. چیرۆک و بەسەرهات و بیرەوەرییەکانیان، ئەوان بەرەو شەقام و کۆلانەکانی ئەستەنبوڵی تووشبووی پەتا، باخچە خەیاڵییەکان و ئاژەڵەکانی سوڵتانی منداڵ، دروستکردنی چەکێکی لە ئەقڵ بەدەر و پرسیاری "من بۆچی منم" بەکێش دەکات. بەدەم بەردەوامبوونی چیرۆکەکانیانەوە لە گزنگی بەیانەوە تا تاریکایی شەو، سێبەرەکانیان هێدی هێدی جێگۆڕکێ دەکەن.

***

– کامڵترین بەرهەمی خەیاڵە تا ئێستا گەیشتبێتە کتێبخانەکان و فرۆشرابێت.

(ئەی بی سی کولتوورا، ئیسپانیا)

– چیرۆکێکی پۆست مۆدێرنی بەچێژ و خەیاڵ بزوێنە، وەستایانە بنیات نراوە و بە داوی پارادۆکس هۆنراوەتەوە.

(پوبلیشەرز ویکلی، نیویۆرک)